ENDESE

بابان له مێژوودا و گەورە پیاوانی بابان

جەمال بابان

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

بابان لە مێژوودا و گەورە پیاوانی بابان

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە

بەڕێوەبەری گشتیی ناوەند: هەژار مەجید

بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: سیروان مەحمود

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە - ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە
سلێمانی - شەقامی مەولەوی - تەلاری بازرگانیی سیروانی نوێ - نهۆمی چوارەم
http://www.endeshe.net
andesha.library@yahoo.com ● andesha@outlook.com
http://www.facebook.com/Andeshalib
07501026400



بابان لە مێژوودا و گەورە پیاوانی بابان

جەمال بابان

ناوی کتێب: بابان لە مێژوودا و گەورە پیاوانی بابان
ناوی نووسەر: جەمال بابان
بابەت: مێژوویی
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٨
چاپخانە: ئەندێشە
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
نرخ: (١٠٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١٨٣٦)ی ساڵی (٢٠١٨)ی پێ دراوە.

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە©
بەبێ ڕەزامەندیی ئەندێشە، هیچ لایەنێک ڕێگەپێدراو نییە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە، جا گەر بە شێوەی ئەلکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، یان هەر شێوازێکی تری لەبەرگرتنەوە بێت.

بەشی یەکەم

پێشەکی وتار

ئەز لە تەمەنی مێردمندالّی و گەنجیمەوە خولیای بەدواداچوون و گەڕان بە دوای مێژووی بنەماڵەی بابان و میرایەتیی بابان لە چوارچێوەی مێژووی میللەتی کورد و خاکی کوردستاندا، مێشکی تەواو خەریک کردبووم. هەر بۆیە ئەو سەرچاوانە و ئەو زانیارییانەی بەردەستم ئەکەوتن، لە هەر چەمک و ڕووبەکی پەیوەندیدارەوە بووبن هەڵم گرتوون، وەک لە شوێنی خۆیدا ئاماژەم بۆ کردوون.

لەم دواییەدا، کە بە هۆی ئەرکی میرییەوە نیشتەجێی شاری بەغداد بووم، خۆم پێ ڕانەگیرا، ئەوەندە لە دڕی کورد بە نا حەق و دژی ڕاستی و لەسەر بابان دوور لە زانیاری ئەنووسرا، بە کوردی و عەرەبی بۆیە وەک وەڵام لە ١٩٩٢- ١٩٩٣ بابان فی التأریخ ومشاهیر البابانییننم دەر کرد.

ئیتر وردەوردە هاوکات هەر لە ساڵی ١٩٩٢دا دەستم کرد بە بڵاوکردنەوەی یەکەم بەرگی سلێمانی شارە گەشاوەکەم دووەم بەرگ لەساڵی ١٩٩٨دا. بەرگی سێیەم ساڵی ٢٠٠٠ و چوارەم ساڵی ٢٠٠٢، وەک وەڵام بۆ ئەو نووسینانە و ڕاستکردنەوەیان و ڕاگەیاندنی حەقیقەت. جگە لەوانە چەند نووسینێکم هەر بە کتێب دەر کرد، کە زۆریان پەیوەندییان بە مێژووی کورد و کوردستانەوە هەیە. وەک "اعلام الکورد" بەرگی یەکەم ٢٠٠٢ و بەرگی دووەم ٢٠٠٩ جارێکی تریش چاپ کرانەوە، تاکو لەم دواییەدا و بۆ بەرگری لە کەرکوک. ساڵی ٢٠١٢ "واقع کرکوک"م دەر کرد.

ساڵی ١٩٧٦ کە خۆم خانەنشین کرد لە بەغدادا و هەر لەوێ بە ئەرکی پیرۆزی پارێزەرایەتی (محامات)ەوە خۆم خەریک کرد و لە هەمان کاتدا لە نووسین دانەبڕام و چەندەها کتێبم دەر کرد وەک لە کۆتاییی ئەم بەرگەدا پیشان دراوە ئەو بەینە، زەمانی بەعس بوو، ڕێگای گەڕانەوەم بە مال و منداڵەوە و بە هێجگاری بۆ زێدی خۆم بۆ شاری باووباپیرم نەئەدرا، ناچار لە بەغداد مامەوە تا ساڵی ٢٠٠٣، ڕووخانی بەعس، ئیتر هەر لەو ساڵەدا ٢٠٠٣ هاتمەوە سلێمانی.

لە سلێمانی بیرم لە نووسینەوەیەکی تێروتەسەلی ئەم بەرگە لە مێژووی بابان- ئەم جارە بەکوردی کردەوە. بە جۆرێک ئەوەندەی بتوانم نووسینەکە ڕاستەوخۆ و لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی پشتبەست بێت بە سەرچاوە سوودبەخشە مێژووییەکانەوە. چەندیشم پێ بکرێت ڕێگایەکی ئاسانکار بگرمە بەر کە بەزووترین کات مەبەست بەدەستەوە بدات، بەبێ پێچ و پەنا و یەکسەر ڕاستی و

حەقیقەت بێنکێت و بیدات بەدەستەوە. هەر بەو مەبەستەی خزمەتی مێژووی کورد و بنەماڵەی بابان بکەم سەرەڕای خزمەتی خوێندەواری گەلەکەم، زیاتر لەوەش بتوانم ئەو تەمومژەی لەسەر مێژووی بابان هەیە، ئەوەی ناحەقە بتوانم ڕاستیەکەی ڕوون بکەمەوە، باسەکەشم هەر ڕووە و مێژووی دوور و نزیکی بابانەکان و پەیوەندی بە پەیدابوون و کۆتایی یاخود گەشە و ئاوابوونیانەوە زیاتر هەبێت و ئامانج زووتر بەدەستەوە بدات.

لەلایەن خۆشمەوە، لەبەر ئەوەی لەو بڕوایەدام کە ئەمە دوای چەندەها کتێب دوابەرهەممە و چەپکەگوڵی کۆتاییی تەمەنی زیاتر لە هەشتاونۆ ساڵەمە و بەرەو نەوەد ساڵ مل ئەنێم. بۆیە تکای گەرم و چاوی خوێندەواری ئازیز ماچ ئەکەم و ئەپارێمەوە هەر هەڵە و کەموکوڕی و زیادەڕۆییەکی بەرچاو کەوتوو وەک دووپاتکردنەوەی هەندێک بابەت کە بەسەرما تێپەڕیوە و هەستم پێ نەکردوە و وردەشتی تر لەم بابەتە بە سنگی فراوان و لێبوردنەوە چاوی گەورەیی لێ بپۆشێت، چونکە ئەمە بەرهەمی پیری و بەرهەمی چاوی کز و دەستی لەرزۆک و ئازاری بڕبڕاگە و گازەرای پشتە. هەرچەند لەگەڵ ئەمانەشدا هەمووی، ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا کە خەریکی بووم، هەرگیز بیرم لە وازلێهێنانی نەکردۆتەوە، تا لە سایەی کردگارەوە، کە ئەو هێز و توانایەی پێبەخشیوم کۆتاییم پێ هێنا.

ئەز قەرزاری ئەو نووسەرە شکۆدارانەم، کە مێژووی کورد و بابانیان بە قەڵەمی زێڕ و پرشنگداری خۆیان نووسیوەتەوە. سڵاوی ڕێزونەوازش بۆ ئەو گەورەپیاوانە:

لە شەرەفخانی بەدلیسی و ئەمین زەکی بەگ و حسێن حوزنی موکریانی و حسێن نازم بەگ و ڕەفیق حیلمی و باقی بەڕێزان و دڵسۆزانی تر تا ئەگاتە قەفتانە بەڕێزەکان، مامۆستا ساڵح و تۆفیق ئەفەنی و دکتۆر کاوس و ئینجا ئەنوەرمایی و سەجادی و ڕۆژبەیانی و محەمەد عەلی عەونی و علی سیدۆ گەورانی و بۆرەکەیی و شەمزینی و قاسملو، کەمال مەزهەر و پیرەمێرد و مەئمون بەگ و عەباس عەزاوی و سلێمان فائق بەگ و عەبد ڕەبو ئیبراهیم و کەمال ڕەئوف محەمەد و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و کاکە حەمەی کوڕی و کاکە حەمەی حەمە باقی و مستر کلودیوس ڕیچ و هاوسەرەکەی و مامۆستا نەوشیروان مستەفا ئەمین(*).

دەیەها چەپکەگوڵی بۆنخۆش و ڕازاوە بۆ سەر گلکۆی بەهەشتییەکانیان و تەمەنی پڕ خێر و خۆشی بۆ ئەوانەی لە ژیاندان و بۆ ئەو بەڕێزانەش لەبەر پیری و نەشارەزایی ناویانم لەیاد نەماوە. داوای لێبوردن ئەکەم. خوای گەورە هەموو قەڵەمڕەنگینێکی بەخزمەت و هەموو کوردێکی ڕاست و پاک و دڵسۆزی گەل و دوور لە گەندەڵی خۆش بکات، بۆ خزمەتی کورد و سەرتاپای کوردستان.

ئینجا بفەرموون بۆ گەشتێک بەم بەرگەی بابان لە مێژوودا و گەورە پیاوانی بابان بەرهەمی پیریی جەمال بابان.

خوای گەورە - تاغور [1]

"پەنام بۆ هێناوی، ئەگەر تۆم لەبیر کرد، تۆ بەندە لەبیر نەکەیت. خوای گەورە، یارمەتیم بدە، ئەودیوی وێنە ببینم، لەخۆباییم نەکەیت، ئەگەر سەرکەوتم، پەشیمانم نەکەیت، ئەگەر نوشوستم هێنا بۆ ئەوەی بزانم کە نوشوستیی، تاقیکردنەوەیە بۆ سەرکەوتن، ئەگەر مالّت لێ سەندمەوە، مەهێلّە بێهیوا ببم، ئەگەر تەندروستیت لێ سەندمەوە، بێئیمانم مەکە، ئەگەر خەلّکی خراپەیان لەگەل کردم، توانام بەیتێ کە لێیان ببورم. ئەگەر خراپەم لەگەل خەلّکی کرد، فێرم بکە داوای لێبوردنیان لێ بکەم. تۆلّەسەندن یەکەم هەنگاوی بێهێزییە، ئەگەر لە سەرکەوتن بێبەشت کردم، فێرم بکە واز نەهێنم تا سەر دەکەوم، خوای گەورە، فێرم بکە، کە خەلّکیم خۆش بوێت، ئەوەندەی خۆم خۆش ئەوێت. فێرم بکە چۆن خەلّکی محاسبە ئەکەم، ئاوەهاش محاسەبەی خۆم بکەم. ئامۆژگاریم بکە، قسەی حەق بکەم بەرامبەر بەهێزەکان، نەک وتەی ناپەوا بکەم تاکو بێهێزەکان چەپڵەم بۆ لێ بدەن. ئەگەر بەهێزت کردم، عەقڵ و هۆشم لێ مەستێنە، ئەگەر سەرت خستم، فیزم نەبێ، ئەگەر بێفیزت کردم رێگام مەدە شانازی پێوە بکەم، خوای گەورە مەمکە بە قەساب بەرخ سەر ببڕم و مەمکە بە بەرخ قەساب سەرم ببڕێت."

اللَّهُمَّ
أنى أسألك صِحَّه فى أيمان
وأيماناً فى حُسْنَ خُلْقٍ ونجاحاً
يتبعُه فَلاَح ورَحْمه مِنْكَ وعافيهً
ومَغفَره مِنكَ ورضوانا.
هەڵەبڕی و تێبینی و هەڵسەنگاندن

---

١ وەرگێڕانی مامۆستا جەمال ڕەشید مارف. تاغور فەیلەسووفی گەورەی هیند و دۆست و خۆشویستی مهاتماغاندی.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

کورد واتەنی، عەیامێکە دووراودوور ناو و نووسین و بەرهەمی بەڕێز مامۆستا جەمال عەبدولقادر بابانم دەبیست و دەبینی، تا ئەم دواییە بە جوانکاریی قەدەری خودای جوانکار، لە نزیکەوە ئاشنابووین و وردەوردە خەڵفی خزمایەتی و شەڵی شوناس و دۆستایەتیمان چەکەرە و چڕۆی کرد، لەم چەندانانەدا داوای پێداچوونەی دوابەرهەمی بەڕێزیان بابان لەمێژوودا و گەورە پیاوانی بابانی لێ کردم.

جا هەرچەند بواری نالەباری قورسی و نادروستی تەندروستی و تان و پۆی سواو و پساوی ڕایەڵە و تێوەدانی کری تەن و تەمەن و شەقەودەڤە و بڕۆ و وەرە و سەرقاڵی خوێندنەوەی قەوالەکانی ژیان.

لەگەڵ کەمەودایی توانای بابایەکی وەکو من بۆ کارێکی ئاوا، تەواو بڕستیان لێ بڕیبووم، بەڵام نەمتوانی بڵێم نا.

بۆیە بە سازوئامادەییەوە ئامادەباشیم نیشاندا و دەستم پێ کرد، دوای پێداچوونەوەیەک کە ناکرێ ناوی تەواو وردی لێ بنرێ دەکرێ بەرزی ئەم بەرهەمە لەگەڵ چەند تێبینییەک بەم تابلۆیەی خوارەوە پەسەند و وێنا بکەم و بڵێم.

ئەو دەمەی نووسین و بەرهەمی هەوڵ و ماندووبوون و شەکەتی و شەونخوونی خاوەنبەهرەیەک دەخرێتە سەر خوانی ئامادەی خوێندنەوە و تێڕامان و دەبرێتە ناو خانە و مەحەکی هاوسەنگی و هەڵسەنگاندن و دەخرێتە بۆتەی قاڵبی قەپانی وەزن و کێشان و دەدرێتە بەر تیشکی تیژی بینایی بینەر و خوێنەر، دەکرێتە ناو کووڕەی گڕداری گەرمی ئاگری تواندنەوەی ڕەگەز و توخمە سادە و ئاساییەکان و سپێکردنەوە و مشت ومالکردنی کانزا گرانبەهاکان، ئەو دەمە ڕەگەز و توخمە سادە و ئاساییەکان دەتوێنەوە و بە چارشێوی دووکەڵی ڕەش ڕەشپۆش دەبن. کەچی کانزا گرانبەهاکان هەرچەند لەناو بڵێسەی گەرمی ئاگری کووڕەی تێبینیی بەتین

و تێڕامانی ورد و ڕەخنەی بوونیادنەر، هێرشی هەڵاواردن و هەڵسەنگاندنا بمێننەوە، زیاتر و زۆرتر و ڕۆشنتر دەدرەوشێنەوە.

ئەحمەد محەمەد دەرویش بابان
٢٠١٦ /٣ /٧

نووسینەکەی مامۆستا ئەحمەد هەژدە لاپەڕەی فوولسکابە، بەقەڵەمی ڕەصاص، بریتییە لە ڕەخنەی بوونیادنەر و هەڵسەنگاندنی بەجێ و هەڵەبڕیی گشت لاپەڕەکانی تایپەکە کە بەوردی، جگە لە سەرنجڕاکێشانم بۆ چەند خاڵێکی بەسوود.

منیش گەلێک گوڵی جوان و ڕازاوە و پێزانین و سوپاسی پێشکەش ئەکەم و ئەڵێم داواکارم وێنەی زۆربێت،

هەروەها سوپاسی دادە بەیان ئەکەم کە تایپی سەرانسەر کتێبەکەی بۆ کردم و ئەرکێکی زۆری لەم چەند ساڵەی کتێبەکەمدا لەگەڵ کێشام دەستەکانی خۆش و ڕووی سوور و سەرکەوتووبێت لە ژیاندا.

جەمال بابان
٢٠١٦/٣/١٥

میژووی میرایەتیی بابان

دڵم خۆشە بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی میژووی میرایەتیی بابان:

زیاتریش دڵم خۆشە بە دەفتەرەکەی حسێن نازم بەگ کە دۆزرایەوە و بە پێشەکی و ڕوونکردنەوەیەکی تێروتەسەلەوە لەلایەن مامۆستا سدیق سالحەوە و هەر لەلایەن بنکەی ژینی ئەو و مامۆستا ڕەفیقی برایەوە چاپ کرا، پێشکەش بە خوێنەر کرا، کە بەڕاستی خەزێنەیەکی پڕ دوڕوگەوهەری میژووی سێ سەدە زیاتری میرایەتی و بنەماڵەی بابان و کوردە.

من ملم زیاتر کەچە بەرامبەر بە نوسەرێکی گەورەی بەدەسەڵاتی وەک حسێن نازم بەگ، کە توانیویەتی ئەو هەموو زانیارییە بەنرخانە لە بابەت بابانەکانەوە، بەو هەموو ماندوو بوون و ڕەنجە پڕ ستەمە لە قوڕگی شێر، لە ڕۆژگارێکی وا جەنجاڵ و شێواو و ئاڵۆزی تورکی عوسمانی و ئێرانی سەفەوی بەدەست بێنێ. لەناو ئەو سەرچاوە ڕاست و ناڕاستە، بڕواپێکراو و بڕواپێنەکراوانەدا پێشکەشی گەلە خۆشەویستەکەی خۆی بکات.

منیش، دوای پێشکەشکردنی هەموو ڕێزێکم بۆ ئەو برائازیزانەم، کە دەفتەرەکەیان پاراست و هێنایانەوە ناو ناوان و ئەوانەی لە تورکییەوە وەریانگێڕاوە، تا کراوە بە کوردی و هەرکەسێکی تر کەموزۆر لە پێگەیاندن و گەیاندنە دەست خوێنەردا ئەرکی کێشاوە تا ئەم میرگە قەشەنگە ڕازاوەیەی ئەو پیاوە مەزنەی لێ هاتە بەرهەم، لێرەدا ئەڵێم:

منیش، هەر ئەوە پاڵی پێوەنام کە بە کوردی و کورتی و بەچڕی و بەبێ لادان و کەمکردنەوە لە مەبەست، ئەم کتێبە پرنرخ و پڕ زانیارییەم کرد بە ئاڵا و ڕێڕەوی خۆم. چەندم لە بارا بووبێت، بەڵگەنامە و ڕاپۆرت و نووسین و باس و ڕاوبۆچوونی بەسوودی میژوونووسان و نووسەرانی بەڕێزی تر هەیە لە دانوساندن و شرۆڤە و پاکتاو و ئەدگار و لۆژیک، ئەو کارە هەرە بەرز و بەنرخەی حسێن نازم بەگ، ئەوەندەی تری پێ برازێنمەوە، کە ئەوە ئەوپەڕی شادی و سەربەرزییە بۆ من ئەو شێوە داڕشتنە بەرزە جوانەی ئەو کتێبە، یاخود دەفتەرە بەناوبانگەکەی حسێن نازم بەگ، دوای ئەوەی چەندەها دەستی کردووە تا دۆزراوەتەوە و چەند جار دوای دۆزرانەوەی، چەند وەرگێڕانی بەخۆوە دیوە، تا گەیشتۆتە ئەم پایە بەرزە، هەر ئەم

دەفتەرە بوو، کە چەندەها نووسەر و مێژوونووس لە ژوور هەموویانەوە باوکی مێژووی کورد، ئەمین زەکی بەگ، چەند بەدوایا وێڵ بوو، لە چەندین لاپەڕەکانی کتێبە مێژووییەکانیدا ئاماژەی بۆ کردووە و زانیاری لێ وەر گرتووە. دەی ئەمە ئەوپەڕی شانازییە بۆ حسێن نازم بەگ، ڕۆژنامەنووس و مێژوونووس. گڵکۆی پڕ لە ڕووناکی و نوور بێت.

ئنجا بفەرمون بۆ سەرەتاکەی حسێن نازم بەگ خۆی و وردەوردەش بۆ کردنەوەی قاپیی مێژووی میرایەتی بابان لەگەڵ پێشکەشکردنی ڕێز و سوپاسی جەماڵ بابان جارێکی تر.

سەرەتا(۱)

ئەستێرەی میرنشینی لە مێژینەی بابان لە سەرەتای سەدەی یازدەیەمی کۆچی حەفدەیەمی زایینەوە، بەرەو ئاوابوون دەچوو، ئەمەش کەوتە سەردەمی کاکە شێخی کاڵۆل، کە بوو بە قوربانی سووکایەتیپێکردنی کاکە میری ئامۆزای(۲).

ئەو ناوچانەی کەوتبوونە ژێر دەسەلاتی بنەماڵەی بابان تووشی دابەشبوون هاتن، ناوچەی پشدەر بۆ کاکە میر و ناوچەی مەرگەش بۆ کاکە شێخی ئامۆزای، بەڵام کاکەمیر قەناعەتی بەو بەشەی خۆی نەبوو، چاوی برِیبووە بەشی ئامۆزاکەی، بۆیە شەوێک لە ناکاودا هێرشی بردە سەر ئامۆزاکەی خۆی و دەستوپێوەندی هەمووانی لەناو برد تەنها فەقێ ئەحمەدی کوڕی کاکە شێخ و دایکی ڕزگاریان بوو. فەقێ ئەحمەد منداڵێکی بەرمەمکانە بوو، دایکە هەر بیری لە منداڵەکەی ئەکردەوە، مەردانە توانیی جگەرگۆشەکەی ڕزگار بکا، سوودی لە تاریکەشەو وەر گرت، ناوچەی مەرگەی جێ هێشت، پەنای بۆ یەکێک لە ناسیاوەکانی خۆیان برد، لە گوندی خدرانی دەشتی بیتوین.

ئەم پیاوە لەوانە بوو، کە کاکە شێخ چاکەی لەگەڵ کردبوو، لەبەر ئەوە پێشوازییەکی گەرموگوڕی لەو دایک و کۆرپەیە کرد و گەلێک ڕێزی لێ گرتن، بە هەموو وەفاداریەک و خۆشییەوە پەیمانی پێدان بیانپارێزێت.

بەکورتی خزمەتی ئەم پیاوە بۆ ئەو دایک و کوڕە، نەک هەر زۆری خایاند، بەڵکو تا توانی خزمەتی فەقێ ئەحمەدی منداڵیشی کرد، نەک هەر پێی گەیاند، تا پێی نایە هەڕەتیی هەرزەکاری، تەنانەت لایەنی پەروەردە و پێخوێندنیشی فەرامۆش نەکرد، فەقێ ئەحمەد منداڵێکی زۆر زیرەک بوو، توانایەکی زەینی باشی هەبوو، لە ماوەیەکی کەمدا، لە خوێندندا پێش کەوت، زۆر چاک هەوڵی دەدا و خۆی ماندوو دەکرد بە جۆرێک ناوی کەوتە سەر زاری خەڵک و بە فەقێ ئەحمەد ناسرا.

حەکایەتێکی تر لە شارۆچکەی مەرگە بەربڵاوە، بە پێچەوانەی کوشتنی کاکە شێخ لەلایەن کاکە میری ئامۆزایەوە بەڕێز و بەهەشتیی مەحمەد فیدا لە نامیلکەکەی فەقێ ئەحمەدی

دارەشمانەدا بە وردی ئەگیرێتەوە. ئەمە پوختەکەیەتی،

ساڵی ١٥٨٣ز کاکە میر و کاکە شێخ کە برابوون لە شارۆچکەی مەرگە دەژیان و لەلایەن دانیشتووانەوە، بە براگەورە دانرابوون. "هیچ گوڵێک بەبێ دڕک نابێت و چەمیش بێ چەقەڵ نابێت." کۆمەڵێک لە گوندەکەدا لەڕووی بەرچاوتەنگی و ناحەزییەوە لەژێرەوە دژایەتیی ئەو دوو برایەیان دەکرد و بەڕواڵەتیش خزمەتکاربوون. ڕێشسپی و پیاوماقوڵی ئەوانە، مام هەیدەر- کە بە هەیدەرەشەیتان بەناوبانگ بوو، هەردوو میرەکە لە فڕوفێڵی مام هەیدەر بێئاگابوون، تاکو شەوێک خزمەکانی خۆی کۆ کردەوە و گوتی، "تا کەنگێ ئەم دوو میرە بەسەرمانەوە کەڵەگا بن، ئەگەر ئێوە لەگەڵما بن لەنێوبردنیان ئاسانە. وتیان، بیروڕات لەسەر چییە تاکو بیکەین، وتی لە سبحەینێ زووتر نییە بانگهێشتیان دەکەم بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ، ئێوەش ١٠ کەس لە کوڕە جەحێلانی خەنجەروەشێن لە ژوورەوە ئامادە بن. هەر کە دوو میرەکە هاتن و نان دانرا کە گوتم فەرمون،

ئەو ١٠ کەسە لێیان بێنە دەست وەبەر خەنجەریان بدەن و بیانکوژن، دوایی هەرونە سەروماڵ و خێزانیان، بەکوشتن و تاڵانکردن کۆتاییپێبان پێ بێنن." هەر ئەو شەوە کار ئامادە کرا، هەموو شتێک ڕێک خرا، بەیانی هەیدەرەشەیتان چووە لای میرەکان تکای لێ کردن بۆ نیوەڕۆ میوانی ئەو بن، بۆ نیوەڕۆ میرەکان و دەست وپێوەند چوونە ماڵی حەیدەرەشەیتان. لەگەڵ فەرموو، خەنجەربەدەست هەڵیان کوتایە سەر میرەکان و پیاوەکانیان، ئیدی دوژمن ڕوونەکاتە ماڵتان بە جۆرێکی وا لێیان دان، فریا نەکەوتن دەست بکەنەوە. تەنها حەمەی ئاجەرێ کە خزمەتکاری ماڵی کاکە میر بوو، ئەو فریای دەستوەشاندن کەوت و گورج ڕای کردە ماڵی کاکە میر. دەستی خێزانەکەی گرت، کە زگی پڕ بوو، فڕاندی بەرەو گوندی خدران.

هەیدەری نەکبەحەرام پیاو ماقوڵی زرت و زەلام- کوڕەی هێنایە دەر هەموو دەستیان لەسەر خەنجەر میری گەورەیان دانە بەر لە دەست و لاق و سینگ و سەر خۆشی بوو بە شین و چەمەر. ئافەرین حەمەی ئاجەرێ خۆی هاویشتە پاش چەپەرێ دەست لەسەر مشتووی خەنجەرێ سێ چوارێکی دانە بەرێ. هەی ڕۆ لەو زوڵمەی کرا بەجووت کوژران هەردوو برا ماڵیشیان بەتاڵان برا خێزانیش هەموو سەربڕڕا.

دەک ڕووت ڕەشبێت هەیدەرە شەیتان ئەو دوو میرەت بۆچی فەوتان بێگوناح بوون ماڵوخێزان هەی ڕۆ، بۆ میری گەورە ڕۆ قوڕی کوێ بکەیتە سەرخۆ، ئەم بەیتە زۆرە. لێرەدا کۆتاییمان پێ هێنا و بێ دەسکاری گواستمانەوە.

فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە و سەرهەڵدانی

فەقێ ئەحمەد چەند بە لەشوولار نەشونمای کرد، ئەوەندەش بە ڕەوشتی بەرز و غیرەتە ئاینییەکەشی زیاتر ڕێزی لای خەڵک زیادی ئەکرد.

ئینجا گەیشتە تەمەنێک کە پەیبە ئازاری ئەو مەرگەساتە خوێناوییە کرد، کە بەسەر باوکیدا هات و بەسەر ئەندامانی خێزانەکەیدا، ئەم بیرکردنەوەیەش گەیانییە بڕیارێک کە یەکەمین هەڵی بۆ هەڵکەوێت تۆڵەی باوکی بسەنێتەوە(٣).

هەرچەند کاکەمیر مردبوو بەڵام کوڕەکانی کەوتبوونە دوژمنایەتی یەکتر، بۆ جێگاگرتنەوەی باوکیان، فەقێ ئەحمەدیش بە هەڵی زانی بڵاوەی پێ کردن خەڵکەکەش ئەوەیان پێ خۆش بوو. کوڕانی بابا میر بەرەو ئێران هەڵاهاتن ئێستاش نەوەکانی ماون، لە سەقز بە عەشیرەتی فەیزوڵڵا بەگی و لە سابڵاخ بە عەشیرەتی ئیلیخانی ناسراون.(٤)

ئیتر فەقێ ئەحمەد دوای ئەو سەرکەوتنە حوکمی ناوچەکەشی گرتە دەست و بنکەی میرنشینەکەشی گواستەوە بۆ گوندی دارەشمانە (٥) ی ناوچەی پشدەر کە بنکەی کاکە میریش بوو.

بەم جۆرە فەقێ ئەحمەد ناوچەکانی مەرگە و (پشدەری یەک خستەوە و دەسەڵاتی خۆی سەپاند بەو ڕێبازە دادپەروەرەییە کە لە حوکمدا گرتیە بەر.

هەر ئەو کاتە حکومەتی عوسمانی جارێ جیهادیدا، دژ بە دەوڵەتێک(٦). فەقێ ئەحمەدیش لە ڕوانگەی ئایینییەکەیەوە، دەمودەست خۆی و هێزەکەی بەرەو مەیدانی جیهاد کەوتنە ڕێ، هەر کە گەیشتنە ئەوێ فەقێ ئەحمەد توانیی بە کاری پاڵەوانانەی خۆی لای کاربەدەستانی دەوروبەری خۆی خۆشەویست بکات و ڕێزی زۆری لێ بگرن.

ئەسپسوارێکی هەرزەکار، کە هێشتا خەتی نەدابوو، ڕۆژێک لەو جەنگەدا ڕووبەڕووی فەقێ ئەحمەد وەستایەوە. فەقێ ئەحمەدیش کە ئەیڕوانییە ئەو لاوە بەزەیی پیا ئەهاتەوە و نەیدەویست

شمشێری بەزەبری لێ بوەشێنی.

بەکورتی وا دیارە هیچ لایەکیان نەیاندەویست زیان بە جەستەی ئەوی تر بگەیەنێ. لە کۆتاییدا، فەقێ ئەحمەد هەلی بۆ ڕەخسا، توانی ئەو لاوە تەخت بکات، لەسەر زەوی و خێرا لە سواری ئەسپەکەی دابەزی و خۆی بگەیەنێتە سەر سنگی لاوەکە بەڵام، دوای تاوێک هەستایەوە سەر پێ، دوای ئەوەی لاوە ئافرەت بوو بەڵام ئافرەتێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو بێچووەشێرێک بوو لە بەرگی مرۆڤدا، گیانی نیشتمانپەروەری بەسەر سیفەتی مێیینەییەکەیدا زاڵ بوو بوو، دوای ئەوەش کە بازوو و هەڵمەتی ئازایانەی فەقێ ئەحمەدی بۆ دەر کەوت، یەکسەر دەڵبەستی فەقێ ئەحمەد بوو، لە دڵی خۆیدا وای دانابوو، فەقێ ئەحمەد ببەزێنێت و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و لەگەڵ خۆیدا ببیات، بۆ وڵاتەکەی خۆی و ڕازیی بکات بیکات بە هاوسەری خۆی، کەچی کارەکە بە باریکی تردا شکایەوە و ئەم کەوتە ناو داوی فەقێ ئەحمەدەوە. فەقێ ئەحمەد لە ئەنجامی ئەم جیهادەدا دوو خەڵاتی وەر گرت.

یەکێکیان ماددی و ئەوی کەیان مەعنەوی بەڵێ، کەیغان، قەیغانی کچۆڵەی ئازا و جوان بوو بە هاوڕێی گیانی، خۆشی بوو بە نموونەیەکی دیاری گەورەیی و چاکی جیهاد و بەدەم سوپاسی خوای گەورەوە گەڕایەوە بۆ دارەشمانە و لەوێ بەکاریگەریی ئەو ڕێبازە دادپەروەرانییەی کە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ خەڵکدا پێڕەوی ئەکرد، توانیی لە لایەکەوە، بنەماڵەکانی گەورک و سوێسن و مامەش بهێنێنە ناو قەڵەمڕەوی حوکمی خۆی و ملکەچییان مسۆگەر بکات. لەلایەکی تریشەوە، پەل و دەستەلاتی خۆی بهاوێژێتە ناوچەی بیتوێن و دەوروبەری کۆیسنجق.

ئەوی ڕاستی بێت، ئەو سیاسەتە دادپەروەرانەیەی کە فەقێ ئەحمەد کردی لە دەستووری کاری خۆی، ئەوەندە کاریگەر بوو، پێویستی بە بەکارهێنانی، توندوتیژی و خوێنڕشتن نەدەکرد. هۆزەکان یەک لە دوای یەک بە حەز و ئارەزووی خۆیان دەهاتن و داوایان لێ دەکرد بیانخاتە ژێر باڵی خۆی، ژیان و مافیان بپارێزێت.

فەقێ ئەحمەد، جگە لە خوێندنی چەند کتێبێکی دینی و سەبارەت بە شەریعەتی ئیسلام، لە قوتابخانە بەرزەکاندا نەیخوێندبوو، لە ڕێی خوێندنەوەیشەوە، فێری سیاسەت نەبوو، بەڵام بەهرەسروشتییەکەی خۆی وای لێ کردبوو کە ببێتە سیاسەتمەدارێکی دیار و ناسراو، بەڵام کورتەی ماوەی ژیانی بوو بە بەربەستێکی قایم لە ڕووی سەرکەوتنەکانیدا، بەرەو دنیای مەعنەوی بردەوە.

باسی بابا میر و کاکە شێخ.
باسی فەقێ ئەحمەد و کەیخان(٧)

ئەم حەکایەتە یاخود ئەم سەرگوزشتەیەی لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکاندا هەریەکە بە چەشنێک هاتووە، جیاوازی زۆرە لە یەکێکیانەوە بۆ ئەوی دی. ئێمەش ئەو سەرچاوەیەی بەر دەستمان کەوتووە لێرەدا تۆماری ئەکەین.

من پێشەکی گێڕانەوەکەی مستەر ڕیچ باس ئەکەم کە لە ساڵی ١٨٢٠دا کە لە سلێمانی بووە، لە دەمی یەکێکی بیستووە، کە پەیوەندی بە بنەماڵەی بابانەوە هەبووە، واتا خۆی پیرە بابانیەک بووە. لە یادەوەریی ڕۆژی چواری تشرینی یەکەمی ١٨٢٠ی ڕیچدا هاتووە ئەڵێت،

"عومەر ئاغا هاوەڵی ڕیچ، پیاوێک کە لە دارەشمانەوە هاتبووە سلێمانی هێنابووی بۆ لای ڕیچ چونکە ئەیزانی ڕیچ حەز ئەکات لەو سەرگوزشتە ڕۆمانتیکییە سەیرە بگات کە پەیوەندی بە بنەماڵەی بابانەوە هەیە."

پێشەکی ڕیچ ئەڵێت، "دارەشمانە گوندێکی بچوکە لە پشدەر و کاتی خۆی مەڵبەندی بابانەکان بووە و دانیشتووی ئێستای گوندەکە هەموویان لەو بنەماڵەیەن ٨یان خانەوادەی بابان لەوانن و شانازیشی پێوە دەکەن، هەندێکیان ناوبەناو سەردانی سلێمانی ئەکەن، ئەوڕەحمان پاشاش پێشوازیی ئەم ئامۆزایانەی ئەکرد، لە گەڕانەوەشیاندا خەڵاتی ئەکردن، ئەوانیش بێپەردە ئەچوونە لای. بۆیە زۆر جار ئەبینیت. لادێیەک لە گوندەکەی خۆیەوە شۆڕ ئەبێتەوە و گوێدرێژێکی پێش خۆی داوە و بەرەو سلێمانی و ڕوو ئەکاتە لای میر.

پێش ئەوەی میر فەرمووی لێ بکات. ئەم خۆی یەکسەر ئەچێتە تەنیشتییەوە. قەننە بچوکەکەی خۆی دەر ئەهێنێ و دای ئەگرێتەوە چاخی ئەکات، ئینجا هەر خۆی دای ئەگیرسێنێت و پاش ئەوەی مژێکی لێ ئەدا و ئەڵێت، ئێی ئامۆزا پێم بڵێ، حاڵت چۆنە؟"

ئینجا بگەڕێنەوە بۆ سەرگوزشتەکە،

لە دارەشمانە دوو برا هەبوون، فەقێ ئەحمەد و خدر کە بەدەسەڵاتترین خێڵی پشدەر

بوون، لە پشدەردا فەقێ ئەحمەدیان ئازا و کارامە بووە، بەتوڕەییەوە گوندەکە جێ دەهێڵێ، سوێند ئەخوا، تا دەسەڵاتی ئەوەی نەبێ تۆڵەی خۆی بکاتەوە نەگەڕێتەوە، چۆتە ئەستەمبوڵ و لە داموودەزگای حکومەتدا خۆی دامەزراندووە، ڕێکەوتە سەیرەکانیش وا بووە سوڵتان لەگەڵ فەرەنگەکەندا لەجەنگدا بووە کابرای سەرگوزشتگێڕەرەوە وتی، ئەم فەرەنگانە ئینگلیزن لەو کاتەشدا جەنگ لە شێوەی زۆرانبازی و دەستەویەخەدا بووە، بۆیە جارێکیان پاڵەوانێکی فەرەنگ هاتۆتە مەیدانەوە و ماوەی پێنج ڕۆژ زۆرانی لەگەڵ ئازاترین سوارەی تورکدا گرتووە، یەکەیەکە هەموویانی بەزاندووە و کوشتوونی ئیتر فەقێ ئەحمەد داوا ئەکات، زۆران لەگەڵ ئەم پاڵەوانە ئازایەدا بگرێ، سوڵتانیش ئەنێرێ بەشوێنیا و لێی ئەپرسێ، خەڵکی کوێی؟ دوای ئەوەی بە سەروسیمای قایيل دەبێ کە زۆران بگرێ، ئەسپێک و هەموو پێویستییەکی تری ئەداتێ، ئەویش ئەچێتە مەیدانەوە و کابرای فەرەنگ ئەبەزێنێ و کاتێ دائەبەزێ، کە سوارەبەزیوەکە سەر ببڕێ ئەبینێ دوژمنەکەی کچە و دەست ئەکات بە تکا و پاڕانەوە لێی، پەیمانی ئەداتێ ئەگەر نەیکوژێ شووی پێ بکات، ئیتر وەک بەڵگەیەکی سەرکەوتن لەگەڵ خۆی ئەیبات بۆ ناو ئوردوی تورک و لەوێ سوڵتان پێی ئەڵێت، حەز لە چ پاداشتێک ئەکەیت بت دەمێ بەرامبەر بەم کارە؟ ئەویش لە وەڵامدا تکای لێ دەکات. کە نازناوی بەگی پێ ببەخشێ و لە گوندەکەی خۆی دای بنێ، مولکایەتی و بەخاوەنبوونی دارەشمانەی پێ ببەخشێت و بداتێ. کە ئەمە داوایەکی کەم و چاوتێرانە بوو. یاخود کورتبین بوو. چونکە هەر بە ڕاستی ئەگەر داوای هەموو کوردستانیشی بکردایە، سوڵتان بەبێ سێودوو ئەیدایە، ئیتر دوای ئەوەی ئەگەڕێتەوە بۆ نیشتمانەکەی خۆی و تەواو قایيل ئەبێ بەو دەستکەوتانەی بە دەوڵەمەندی و شانازییەوە لەگەڵ هاوسەرەکەی. خواش دوو کوڕی پێ بەخشیون بابا سلێمان و بوداغ کەیغان، کەیغان ناوی ئافرەتەکە بوو، کە دایکی هەردوو کوڕەکەی بوو."

دوای ئەمە فەقێ ئەحمەد ئەکەوێتە بەربەرەکانیی بەردەوام لەگەڵ بەڵباسەکانا، دەسەڵاتیان کەم ئەکاتەوە پلەوپایەشیان زۆر ئەهێنێتە خوارەوە. ڕۆژێک فەقێ ئەحمەد لەماڵ نابێ ٤٠٠ تا ٥٠٠ سواری بەڵباس بەسەریانا ئەدەن. کەیغانیش سواری ئەسپەکەی ئەبێ، هەموویان پەرشوبڵاو ئەکاتەوە و ژمارەیەکی زۆریان لێ ئەکوژێ، ئەوسا بانگی خەڵکی دێی دارەشمانە ئەکات و پێیان ئەڵێت، "هۆ پیاوگەلی دارەشمانە، کاتی خۆی فەقێ ئەحمەد ژیانی پێ بەخشیمەوە. هەر چاوەڕێی ئەو ڕۆژە بووم چاکەی بدەمەوە، ئێستا ئێوە هەرچییەکتان بە چاوی خۆتان دی بۆی بگێڕنەوە چونکە من بەرەو شوێنێک ئەڕۆم کە جارێکی تر چاوم پێی ناکەوێتەوە پێشی بڵێن تکا ئەکەم دوام نەکەوێ چونکە دادی نادات، ئەگەر واش نەکات، ئازاری پێ ئەگەیەنم کە خوا ئاگادارە حەز بەوە ناکەم ئەمەی گوت و جڵەوی ئەسپەکەی وەرچەرخان و ئاوزەنگی لێدا و دەستبەجێ لەچاو ونبوو(٩)." کە فەقێ ئەحمەد ئەگەڕێتەوە دارەشمانە. سەری لە ڕووداوەکە سوور ئەمێنێ، هەرچەندە ڕووداوەکە چاوەڕوانکراو بوو، بەڵام بۆ ئەو ڕۆیشتنەی (کەیغان) خەم دای ئەگرێ، جگە لەوەی، کە وتوویەتی شوێنم نەکەوێ. نەخێر، ئەم واز ناهێنێ هەر شوێنی ئەکەوێ، ئیتر

بە شوێنیدا ئەڕوات تا لە دۆڵی خدران تووشی ئەبێ و تکای لێ ئەکات بگەڕێتەوە، ئەویش بە قسەی ناکات و پێی ئەڵێت تۆ موسوڵمان و من فەرەنگ، ئەچمەوە بۆ نیشتمانی باووباپیرانم، لەبەر ئەوە تکات لێ ئەکەم نزیکم مەبەرەوە، ئەگینا ئازارت ئەدەم، بەڵام فەقێ ئەحمەدی شەیدا هەر سوور ئەبێ لەسەر شوێنکەوتنی، ئەویش نێزەکەی بەرز ئەکاتەوە، ئەیدا لە شانی فەقێ ئەحمەد و ئەکەوێ، ژنەش بۆی دەر ئەچێت، ئیتر ئەوەندە دوور ناکەوێتەوە، هەست ئەکات بەرامبەر ئەو دل نەرمییەی ئەو کاتێ ژیانی لەناو دەستیدا بوو، ئەم ئەو دڵڕەقییەی لەگەڵ نواند، جگە لەوەی هەرچەندە مێردەکەی موسوڵمانیشە، بەڵام لە هەمان کاتدا باوکی منداڵەکانیشییەتی، بۆیە بەزەیی پێدا دێتەوە، ئەگەڕێتەوە سەری، ئەبینێ هێشتا زیندووە ئەویش هەتوان واتە مەڵحەمێکی کاریگەری لە زامەکەی ئەدا و ترسی مردنی لێ دوور ئەخاتەوە و پێویستیەکانی چارەسەری بۆ جێ ئەهێڵێ و ئەڕوات. بەڵام فەقێ ئەحمەدی ئازا و ئەوێندار، دوای ئەوەی زامەکەی گۆشتەوزوون ئەکات و چاک ئەبێتەوە، ئارامی لەبەر هەڵئەگیرێ بۆ ئەو ڕەفتارەی هاوسەرەکەی لەگەڵیدا کردووە، بۆیە شوێنی ئەکەوێ تا ئەگاتە فەرەنگستان، لەوێ لە ئێوارەیەکدا ڕێی ئەکەوێتە شارێکی گەورە لە مەهتەرخانە گوێی لە دەنگی بەزم و گۆرانی ئەبێت، مۆسیقا و چراش هەڵکراوە، ئەو شتە ئاساییانە کە بۆ شایی بشێت ئامادە کراون ماوەیەک دائەمێنێ، منەی شوێنێک ئەکات شەوی تیادا ڕۆژ بکاتەوە لە ئەنجامدا خۆی ئەداتە دەست قەدەر، ئەسپەکەی لەکوێ ڕاوەستا، لەوێ دائەبەزێ، جڵەوی بۆ شل ئەکات و بە ڕێکەوت لە بەردەرگای ماڵی پیرێژنێکدا ئەوەستێ، ئەو ژنەش میوانداریی ئەکات، دوای هەندێک سێودووی دڵی خۆی ئەکات، هەواڵی ئەو ئاهەنگە لە پیرێژن ئەپرسێت، ئەویش ئەڵێت، کچە شازادە لە جەنگی موسڵمانەکان گەڕاوەتەوە، ئێستا داویانە بە ئامۆزای خۆی. فەقێ ئەحمەدیش تکا لە پیرێژن ئەکات، کارێکی وا بکات کە ڕێگای بۆ خۆش بکات بچێت بۆ سەیری ئاهەنگەکە پیرێژن قایيل ئەبێت. بە مەرجێ جلی ژنانە لەبەر بکات. بەم جۆرە توانیبووی خۆی بگەیەنێتە نزیک کەیغان و ئامۆزاکەی. کەیغان کە ئەگاتە بەردەم ئامۆزاکەی بەبووکی، کابرا کتوپڕ، شەقازلەیەک ئەسرەوێنێتە کەیغان و پێی ئەڵێ، تۆ هەر ئەوە نەبوویت لای موسوڵمانەکان دیل بووی. ئابڕووت نەتکاوە، چۆن زات ئەکەیت خۆتم پیشان بدەیت؟ بوکێیش لەتاو شەقازلە بەهێزەکە و بەوەدا کە کوردیی تەواو فێر بووە، هاوار ئەکات و ئەڵێت، "ئاخ فەقێ ئەحمەد لەکوێت بهێنم؟" لەم کاتەدا فەقێ ئەحمەد دەر ئەپەڕێ زاوای دڵڕەق ئەکوژێ و لەگەڵ بووکەکەیدا ئەگەڕێتەوە بۆ ئەستەمبوڵ.

لەوێ سوڵتان لە جاری پێشوو زیاتر خەڵاتی ئەکات، ئیتر فەقێ ئەحمەد و بووکەکەی پێکەوە ئەگەڕێنەوە بۆ پشدەر، تا مردن ژیان پێکەوە ئەبەنە سەر.

وەزارەتی پێشمەرگە
کتێبخانەی
گشتی پێشمەرگە

وەفاتی فەقێ ئەحمەد و هەڵسەنگاندنی داستانەکەی لەگەڵ کەیغان

فەقێ ئەحمەد پێش مردنی دەست بەسەر ناوچەی پشدەر و مەرگەدا ئەگرێ. دوای خۆشی بابا سلێمانی کوڕی گەورەی کە باپیرەگەورەی میرەکانی ئێستای سلێمانیە، لە جێی دائەنیشێت، ئەمیش پاشماوەی ناوچەکانی تری کوردستان داگیر ئەکات و تا ئێستاش لەژێر دەسەڵاتیاندایە، بەڵام بوداخ کەیغانی کوڕی دووەمی بەوەجاخکوێری سەری ناوەتەوە؟.

حەکایەتی کەیغان و فەقێ ئەحمەد لێرەدا تەواو بوو، ئینجا نۆرەی هەڵسەنگاندنی مستەر ڕیچە، کە ئەڵێت، "پوختەی هەندێ شتی ئەم سەرگوزشتەیەم ئەبیست و پێشتریش میر بە شێوەیەکی ئاڵۆز بۆی گێڕابوومەوە، شانازیشی بەوەوە ئەکرد کە وەچەی کەیغانە. وتیشی دوور نیە لەگەڵ منداخزم بین،" بەڵام ڕووداوەکەی بە بابا سلێمانی باپیرەگەورەیەوە بەستەوە. ژنانی مااڵی میریش لە بنەماڵەکەدا هەمان سەرگوزشتەیان بە جۆرێکی تر بۆ هاوسەرەکەم گێڕابووەوە. ئەم حەکایەتەم چۆن لە حیکایەتخوانەکە بیستووە، هەر بەو جۆرە بەبێ زیادوکەم گێڕاومەتەوە. دیارە ئاماژەی سوارچاکی و جوامێریی زۆری تیادایە، کە ئەمە شتێکە بەاڵی کەمەوە تا ئێستاش خەڵکی خۆرهەاڵت گرنگییان پێ داوە، ڕووداوەکەش خۆی لە خۆیدا، لە جۆری بیرکردنەوەیانەوە زۆر دوورە. من ئەڵێم حەکایەتەکانی ئەو ڕۆژگارە ئەوە هەڵدەگرن و بە زیادیشەوە. (ج.ب).

بەڵام دیارە سەرگوزشتەکە، ڕووداوی ڕاستی تێدایە، ڕەنگە لە ڕۆژگارێکی زۆر لەوە دوورتریشدا ڕووی دابێ کە حیکایەتخوانەکە بۆی دەستنیشان کردم، شتێکی باشیش ئەبوو، یاخود جێی سەرسووڕمان ئەبوو ئەگەر بتوانرایە پەیوەندییەک لەنێوان ئەم ڕووداوە و سەرگوزشتەکانی جوامێریی و سوارچاکی ڕۆژگاری خاچپەرستەکان، یان ڕۆژگاری سەاڵحەددینی ئەیوبییدا بدۆزرایەوە، چونکە سەاڵحەددینیش هەر میرێکی کورد بوو(١٠). ڕێی تێ ناچێت حکایەتخوێنە کوردەکان، ئەوانەی جگە لە سوڵتانی ئەستەمبوڵ. ناتوانن سوڵتانێکی تر بهێننە

بەرچاوی خۆیان، حەز ئەکەن ئەم جۆرە سەرگوزشتە شاییستانە، کە ناوبانگیان هەیە هەر بیلکێنن بە بابا سلێمانی یەکەم باپیرە و پاڵەوانە خۆشەویستەکەیانەوە کە لای ئەوان ژیانی ئاشکرایە و ئەوەندەش ناوبانگی هەیە، کە ئەم جۆرە هەڵبەستانە بگرێتە خۆ. من ئامادەم نموونەیەکی زۆر بخەمە ڕوو، لەسەر ئەو ئاڵۆزییە لەیەکچوونەی لەو ڕۆژگار و مێژووانەدا حیکایتخوانە ڕۆژهەلاتییەکان باسیان کردووە.

لە ئەنجامی تێبینی میر کە من خولیای لێکۆڵینەوەی مێژووی کوردم هەیە، ئەرکی کێشاوە و ناردوویەتی بە شوێن ئەحمەد بەگدا، کە پیاوێکی خانەدانی بنەماڵەکەیانە، وتیان تەمەنی سەد ساڵ ئەبێ، چونکە مێژووی بەسەرهاتی بنەماڵەکەشیانی لەبەر بوو. جێی ڕێز و نەوازشێکی زۆرە لەلایەن کەسوکار و نەتەوەکانی خۆیەوە.

ئەم بەسەرهاتانەش ڕۆژلەدوایڕۆژ خەریکن لەناو ئەچن، هەرچەندە لە ڕاستیدا هەندێکیان شاییستەی ئەوەن بپارێزرێن. ئەم پیرەبابانیە هێژایە ئێستا لە ناوچەی خۆیدا لە شارەزوور ئەژی(١١).

حەکایەتێکی تری فەقێ ئەحمەد

هەر لە بابەت فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەشەوە، لە نامیلکەی مامۆستا محەمەد فیدا بە نازناوی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە ئەم داستانە ئەگێڕێتەوە ئەڵێت(١٢)، "فەقێ ئەحمەدی خدران" وردەوردە. لە هاوڕێیانی خۆی دەستەیەکی پێک هێنا و دەستی کرد بە یارمەتیدانی هەژار و دژی زۆردار وەستا. بۆیە چەند کەسانێ لەوانەی فەقێ ئەحمەدیش دژایەتی دەکردن، بەهەموویانەوە داویان بۆ نایەوە لای کاربەدەستانی میری.

بۆیە گرتیان بە بەهانەی ئەوەی دژی میری وەستاوە، ناردیان بۆ ئەستەمبوڵ. لەوێ ماوەی حەوت ساڵ لە زیندانداا مایەوە، هەر لەوێ فێری زمانی تورکی و کەمێ عەرەبیش بوو، ڕۆژێک مقۆمقۆ لە زیندانداا پەیدا بوو، کە وا پاڵەوانێکی ڕەشی ئەفریقی هاتۆتە ئەستەمبوڵ گوایە تا ئێستا لە هیچ شوێنێک کەس پشتی لە عەرد نەداوە. میری عوسمانی دەترسێ ئەم قولەڕەشە بێدینە بەسەر موسڵماناندا زاڵ بێت و کەس نەتوانێ خۆی لە قەڕەی بدات.

فەقێ ئەحمەد کە ئەمەی گوێ لێ ئەبێت هەناسەیەک هەڵئەکێشێت و ئەڵێت، "ئەگەر من ئازاد ئەبووم و بەکەیفی خۆم وڵاخ و کەرەسەی مەیدان داریم لەبەر دەستا ئەبوو ئەوسا دەردەکەوت من چ کورێکم و ئەو قولەڕەشە خوێرپە کێیە؟

وردە وردە ئەم قسەیە گەیشتە جێی خۆی. جێنشین ناردی بە شوێنیدا و پێی وت "ئەگەر دەرەقەتی ئەو قولەڕەشە بێیت و سەرمان نەوی نەکەیت هەرچی دڵت بیخوازێت بۆت جێبەجێ ئەکەم، فەقێ ئەحمەد لە وەڵامدا وتی، "میرم بفەرمون وڵاخێکی ڕەسەن و چاکم بۆ بهێنن و شوێنێکم بۆ تەرخان بکەن بۆ ماوەی دە - پانزە ڕۆژ لێی بحەسێمەوە و ڕمبازی تیادابکەم بەو وڵاخە ئەوجا ئامادەم بۆ مەیدان، هەر شتێکی داوا کرد هەمووی بۆ ڕەخسا، ئەویش دوای خۆئامادەکردن و ڕمبازی و جلیتبازی خەبەری دا، ئامادەم.

کاربەدەستان بڵاویان کردەوە لەناو شاردا کە وا فڵانەڕۆژ لە مەیداندا پاڵەوانبازییە و لە ڕۆژی دیاریکراودا، هەردوو سوارەکە چەند جارێ بە دەوری شوێنەکەدا بە نەرمەغار هاتن و چوون، فەقێ ئەحمەد ئەسپەکەی تاودا لە قولەڕەشی پرسی، "من دەر بچم یان تۆ دەر ئەچی؟"

پاڵەوان وتی، "بۆم دەر بچۆ." فەقێ ئەحمەد ئەسپی تاودا و بەتیژی کەوتە غار و دەر چوون. قولەڕەش ئاوزەنگی لێدا و دەست بەدارجلیتەوە کەوتە سەری دوو جار بەدەوری مەیداندا سووڕانەوە، جاری سێیەم گرمەیەک لە قولەڕەشەوە هات و جلیتی گرتە سوارەکەی پێشی، بەڵام فەقێ ئەحمەد، ئازایانە گورج خۆی خستە ژێر زگی ئەسپەکەی ئینجا فەقێ ئەحمەد داوای دەرچوونی قولەی کرد، دوو جار هێنای و بردی زانیی فەقێ ئەحمەد جلیتی تێ دەگرێ، بۆیە خۆی خستە ژێر ئەسپەکەی. نەخێر فەقێ ئەحمەد هیچی تێ نەگرت، ئەم جارە قولە هاتەوە سەر زین وای ئەزانی کار تەواو. ئەوسا فەقێ ئەحمەد بە هەموو هێزی جلیتەکەی تێ گرت، لە پشتی قولەی داو لە ولاخەکەی کەوتە خوارەوە بەرەو دۆزەخ کەوتە ڕێ.

بەم جۆرە مامۆستا (فیدا) لە سەری ئەڕوات، پێغەمبەر د.خ فەرموویەتی: "الحرب خدعة" واتە جەنگ فڕوفێڵە

پەنامان هەر پەنای خودایە بەبێ خودا دنیا هەموو کاو و بایە، خودا لە هەمووان هەر بەئاگایە کەس فەقێ ئەحمەدی وا لەبیرنایە

هێزی خوداوەند کە لێی وریایە. خوا دەرگای لێ کردەوە ڕاسا و گرێوی بردەوە.

تورک و عەرەب بەکوردەوە لە گەورە تاکو وردەوە

ئافەرین یان دەکرد هەموو نە سێ و نە چوار، نە یەک نە دوو

ئۆخەی، کە کورد سەرکەوت (وا زوو)

ئاوەها حەکایەتی سەرهەڵدانی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە و بەگوێرەی سەرچاوەی بەڕێز و باوەڕپێکراو و هاوسەرگیریی لەگەڵ کەیغانی فەرەنگ ڕوسی بێت یا ئەوروپی کۆتایی هات و ئێستا گڵکۆی هەردووکیان لە گوندی دارەشمانە قەفەزی ئاسنیان بۆ کراوە.

سەردەمی میرایەتیی خان بوداق (١٣)

هەر لە زمانی حسێن نازم بەگەوە...

"خان بوداق چ لە ڕووی پێکهاتەی جەستەیی و چ لە ڕووی ئازایەتی و بوێریی بەتایبەتی ئاکار و شارەزاییەوە لە سیاسەتدا هیچی لە باوکی کەمتر نەبوو. ل٢٧ میرایەتی بابان.

لە تەمەنی بیست ساڵیدا چووە سەر تەختی میرایەتی بەباشترین شێوە کاروباری میرنشینەکەی پشتئەستور بە بۆچوون و ڕێنوێنییەکانی دایکی، هەڵدەسووڕا. بۆیە پلەوپایەی کۆمەڵایەتی ڕۆژبەڕۆژ بەرز ئەبووەوە، بەبێ ئەوەی خۆی تووشی سەرئێشەیەک بکات،

هەر لەسەر ئەم بنەمایە هۆزەکان لە هەموو لایەکەوە ئەهاتنە لای و پەنایان بۆ ئەهێنا. لەوانەش هۆزەکانی نیشتەجێی ناوچەکانی ئاکۆ و بڵباس و ئالان و ماوەت کە هەموویان جارێ ملکەچییان بۆ دا، چوونە ناو قەڵەمڕەوەکەیەوە." ناوچەی ماوەت ئەو دەمە، بە قەزای شارباژێڕ و گوندەکانییەوە، سەر بە حکومەتی بانە بوون. حوکمدارەکەی ناوی ئەسکەندەر بەگ کوڕی حوکمدارێکی ملهوڕی خان ئیسماعیل سوڵتان ناو بوو، ئەمەشم لە خوێندنەوەی دێڕە نووسراوەکانی سەر کێڵی گۆڕی ئەسکەندەر بەگ و بەڵگەنامەیەکی فارسی کە سەدەی یازدەیەمی کۆچی نوسرابووەوە دەست کەوت(١٤).

خان بوداق وەرزی زستانی لە دارەشمانە و وەرزی بەهاری لەسەر گردێکی نیوسەعات ڕێ لە دێی ئاوەدانی قەڵادزێوە دوور، وەرزی هاوینی لە سەردەشت، وەرزی پاییزیشی لە شارۆچکەی ماوەت بەسەر دەبرد. مەبەستی لەم جێگۆڕکێیە ئەوە بوو، لە نزیکەوە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی و میزاجی خەڵکی هەر ناوچەیەک بوو، بۆ زامنکردنی لایەنگری و خۆشەویستییان.

خان بوداق ساڵانی ١٠٧٥ک/١٦٦٤ز بارەگای حوکمەکەی گواستەوە بۆ شارۆچکەی ماوەت بۆ پەلهاویشتنی دەسەلاتی ئیداریی خۆی. ئەگەرچی سێتەک و سەرا و بەرکێوی خستە سەر میرنشینەکەی. بەڵام مردن لەوە زیاتر مەودای نەدا کە ناوچەی دەسەلاتی زیاتر فراوان بکات.

میرایەتیی میر سلێمان کوڕی خان بوداقی کوڕی فەقێ ئەحمەد(١٥)

حسێن نازم بەگ لە مێژووی میرایەتیی بابان لاپەڕە ٣٤ تا ٤٥دا ئەڵێت،

دوای مردنی خان بوداق میر سلێمانی کوڕی جێگای گرتەوە. ئەمیش لە ئازایەتی و مەردایەتیدا لە باوکی کەمتر نەبوو. هەرچەند بەتەبیعەت تووڕە و کەمچێکڵدانە بوو لەگەڵ ئەوەشدا گیانی بەزەیی و سۆزی بەهێزتربوو. هەر بە دانیشتن لەسەر تەختی حوکمداری کەوتە هەوڵی فراوانکردنی قەڵەمڕەوەکەی. دوای ئەوەی دەستی بەسەر ناوچەکانی قزڵجە و سرۆچکدا گرت. ئینجا ڕووەو قەرەداخ و بازیان و شارەزوور بووەوە، چاوی بڕییە سنە و دەوروبەری کە بە ناوچەی ئەردەڵان ناسرابوو. ساڵی ١٠٨٠ک/ ١٦٦٩ز ناوەندی حکومەتەکەی گواستەوە بۆ قەڵاچوالان." (ل٣٤).

حکومەتی ئێران لەم هەوڵی فراوانخوازییەی میر سلێمان بێزار بوو، بۆیە حوکمداری لوڕستانی بە چل هەزار جەنگاوەرەوە نارده سەری، ئەویش هەر کە بەم هێرشەی زانی، سەرکردایەتی پێنج هەزار قارەمانی بابانی گرتە ئەستۆ، ئەگەرچی هەردوولا لە ناوچەی شەمێران لەمبەرەوبەری ڕووباری سیروان بەرامبەر یەک وەستان، بەڵام لەبەر ئەوەی وەرزی بەهار بوو، ئاوی ڕووبارەکەش هەستابوو، بۆ هەردوو تیپ ئەستەم بوو لێی بپەڕنەوە.

میر سلێمان هەر بەو چاوە سەیری ئێرانییەکانی نەدەکرد، کە دوژمنێکی داخلەدڵ و نیازخراپن، بەڵکو وای سەیر ئەکردن کە خیانەتبارن دەرحەق بە دین و سوکایەتی بە مەزهەب دەکەن. میر سلێمان سەرۆک خێڵێک نەبوو، بەڵکو میرێکی سەربەخۆ بوو. حوکمی بەشێکی گرنگی کوردستانی باشووری دەکرد. جا دوای ئەوەی سەنتەری میرنشینەکەی گواستەوە بۆ قەڵاچوالان بە والیی بەغدادی ڕاگەیاندبوو، پێوەندی بە سەڵتەنەتی سوننی مەزهەبەوە هەیە و مەبەستی لەوەش وەفاداری بۆ ئەرکە دینییەکەی بوو، دەیویست سەر بە مەقامی ئەو خەلافەتە بێت کە نوێنەرایەتی ئالای یەکگرتووی کۆمەڵی ئیسلامی دەکرد، بەڵام لە هەمان کاتدا سەربەخۆیی

حوکم و حکومەتەکەی نەسرییەوە(١٦).

میر سلێمان ئیماندارێکی ڕاستگۆ بوو. پشتئەستوور بە بنەماکانی دین و دەستوور، حوکمەکانی بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلام دەدا و کارەکانی ڕادەپەڕاند چاویشی لە سەرپێچیی هەڵسوکەوت نەدەکرد،

میر سلێمان ئارەزووی فراوانکردنی قەڵەمڕەوەکەی بوو، لەو پێناوەدا هەوڵی زۆری دا، لەم ڕێبازەدا شوێنپێی باووباپیری هەڵگرتبوو، جگە لەوەی نەیدەویست ڕێوشوێنی توندڕەوانە بگرێتە بەر.

میر سلێمان ئاخرییەکەی گوێی نەدایە ئاوی سیروان کە لافاوەکەی درێژەی کێشا خۆی و لەشکرەکەی خۆیان پیادا، لە نیوە شەوێکدا کە ئێرانییەکان سەرقاڵی تلیاککێشان بوون و ئاگایان لە هەموو شتێک بڕابوو ترس و شڵەژان دامێنی گرتن، هێزی بەرگرییان نەما و بەملاولادا بلاوبوونەوە. سەفەوییەکان دوای ئەو ئابڕووچوونە توانای حەقسەندنەوەیان نەمابوو، بۆیە پەنایان بردە بەر شکات لای دەوڵەتی عوسمانی، هێزی بابانیش دوای ئەو سەرکەوتنەمەزنە بە کۆل و باری دەسکەوتی بێژمارە گەڕانەوە وڵاتی خۆیان.

لە بابەت دەوڵەتی عوسمانیشەوە کە ئێرانیەکان پەنایان بۆ بردبوو، ئەو کاتە بەکورتی: سەلامەتی گشتیی و سەروەرییە نیشتمانیەکان بە هەموو مانەیەکیانەوە، لە بیروبۆچوونی ڕای گشتی سڕابووەوە.

عوسمانی پێی وابوو دەوڵەتی سەفەوی(١٧) ئێران هێشتا لە ڕۆژگاری سەروەریی شا عەباسدا دەژی. میر حسێن نازم دیسانەوە ئەڵێت:

مێژوو سەلماندوویەتی، هەر لە هەڵاتنی خۆری دەوڵەتی عوسمانییەوە کە بەرەبەیانی بەختەوەریی ئیسلامی ڕووناک کردۆتەوە، تا دواییەکانی سەردەمی سەفەویش لە ئێران لەوەبەدەر کە دڕکێکی بەئازار بووە بۆ ژیانی ئیسلام، هیچ شتێکی دی نەبووە، دەوڵەتی عوسمانیش وا نەبووە ڕۆژێک لە ڕۆژان پێویستی بە پیاوێکی وەک میر سلێمان نەبێت، هەر بۆ پاراستنی ناوچە سنوورییەکانی خۆی، هەر دوای ماوەیەکی کەم هێرشەکەی نادر شا بۆ سەر بەغداد و عێراق ئەو ڕاستییەی سەلماند (ل٣٩) بەکورتی ئەو کاربەدەستە چاوچنۆکانە لەوە کورتبینتر بوون. کە دەرک بە ئەرکی سیاسیی گرنگ بکەن هەر لەبەر ئەوە یوسف پاشای والیی دیاربەکر و حەسەن پاشای والیی حەلەب بە سەرکردایەتی حەسەن پاشای والیی بەغداد، ڕەوانە کران بۆ تەمێکردنی میر سلێمان. دیارە ئەم کارەش هەڵەیەکی گرنگی سیاسی بوو(ل٣٩).

هەڵەیەکی گرنگی سیاسی بوو، بەرامبەر بەو ڕێگاچەوتە کە ئێران ماوەیەکی درێژ بوو گرتبوویە بەر. چونکە ئێران هەر لەبنچینەدا دۆستی ئێمە نەبووە. لەبەر ئەوەی میر سلێمانیش دۆستی ئێران نەبوو.

لەو دابەشکارییانەدا کە فەرەیدون بەگ سەبارەت بە سەدەی یازدەیەم لە کتێبەکەیدا

هێناوننیەوە بەلای شتێکی وادا نەچووە، کە ئاخۆ میر سلێمان و ناوچەی حکومەتەکەی پێوەندییان بە لایەنێکەوە هەبووبێت یان نا؟

لێرەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەم بنەماڵەیە هیچ پەیوەندیەکی ئیدارییان، بە دەوڵەتی عوسمانییەوە نەبووە، بەڵکو میر سلێمان دوای ئەوەی ناوەندی میرنشینی بابانی بۆ قەڵاچوالان گواستەوە، بە ئارەزووی خۆی پێوەندی بە ولایەتی بەغدادەوە کرد، کەوتە باوەشی سۆز و میهرەبانیی عوسمانییەوە هەموو زەویوزارێکی دەستبەسەرداگیراوی ئێرانیشی خستە ناو قەڵەمڕەوی عوسمانییەوە(١٨).

سوڵتان ئەحمەد خانی چوارەم کە قەدری خەڵکی دەزانی، خۆشبەختانە ڕێی نەدا ئەو سوپا هومایونییە کە بەڕێ کەوتبوو بۆ لێدانی میر سلێمان، فەرمانی دا بەسەلامەتی بگەڕێتەوە ئەستەمبوڵ.

لەم ڕۆژانەدا میر سلێمان سەرقاڵی خۆسازدان بوو بۆ هێرشبردنە سەر ناوچەی ئەردەلان، هەر لەو کاتەدا بیستی چ ڕێوشوێنێک لە دژی گیراوەتە بەر. ئەم هەواڵە سەرسامی کرد. تێگەیشت شتێکە دەستی ئێرانی تیادایە، بۆیە بە دووری نەزانی ئێرانیش پەلاماری بدا، بۆیە ئەو هێزەی کە لەوەوپێش سازی دابوو، بۆ پەلاماردانی ئێران کردی بە دوو بەشەوە، بەشێکیان بە فەرماندەیی تەیمورخانی برای، بەشەکەی تر بە سەرکردایەتی خۆی بەرامبەر بە سوپای هومایونی و ڕێگەوبانی تاسڵوجە- دوگمەی بەتەواوەتی گرت، کاتێک هێزی عوسمانی گەیشتە دەشتی بازیان. میر سلێمان هەر هیچی لەخۆیدا شک نەئەبرد، ئایا بۆچی وەک تاوانبارێک داوا کراوە بچێتە ئەستەمبوڵ، بۆیە بڕیاری بەرگریدا و شەڕ دەستی پێ کرد هەرچەند میر سلێمان نەیویست خوێنی موسوڵمانان بەهەدەر بڕژێنێت لەبەر ئەوە دەستی تەواوی نەوەشاند، هەر لە کاتی شەڕدا نامەیەکی تری بۆ هات کە باشترە واز لە شەڕ بهێنێت و بچێت بۆ ئەستەمبوڵ، ئەویش دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر، بەباشی زانی واز لە شەڕ بهێنێت و بچێت بۆ ئەستەمبوڵ، میر سلێمان ساڵی ١٦٧٨ز تەیمورخانی برای لە شوێنی خۆی دانا و خۆی دایە دەست سوپای هومایۆنی و بەرەو ئەستەمبوڵ ڕۆیشت.

میر سلێمان هەر لەخۆیدا پیاوێکی جوان و بەهەیکەل هەڵکەوتبوو ئەو جوانییە هەیبەتێکی پێ بەخشیبوو، هەر بەو جۆرە و بە جلوبەرگی نەتەوەییەوە چووە مەقامی سوڵتان، سوڵتان بەڕێزەوە پێشوازی لێ کرد و کە بەو جۆرە چاوی پێ کەوت سەرسام بوو، بۆیە وتی، "وای بابام- وای بابام" کە ئەم گوفتە واتای، ئەی بابە، ئەی بابە دێت و ئەم وتەیە بەدەستکارییەوە گەیشتە کوردستان بوو بە بابام، بابان ئیتر وشەکە وەک گێرانەوەی پشتاوپشت لە ناوچەکەدا بوو بە ناوێکی دیکەی بنەماڵەکە.(١٩)

لێرەدا حسێن نازم بەگ دووپاتی ئەکاتەوە، ئەفەرموێت من لەم چەند ڕۆژگارەی ڕابوردووەدا لاپەڕەیەکی نووسراوی کۆنم لە شێوەی بەسەرهاتدا بینی، ئەو ڕووداوە مێژووییانەی کە وەک باسمان کردن بەسەر میر سلێماندا هاتبوون، تێدا نووسرابوون، بۆیە منیش دەقەکەیم وەر

گێرا بەڵام هەمان بابەتم لە لاپەڕە ٤٨٦ی دووەم بەرگی مێژووی ڕاشددا دی. بۆیە دەقاودەق نەیگێڕمەوە(٢٠): "سەرجەمی والییەکانی شارەزوور لە قەڵای کەرکووک دادەنیشتن، بەو هۆیەوە، شارەزوور و دەوروبەری هاتوچۆی کاربەدەستانیان بەسەرەوە نەبوو. سلێمان بەبەیش هەڵەکەی. قۆستەوە، دەستی بەسەر ئەو ناوچەیەدا گرت و سەربازێکی زۆری لە هۆزوتیرەکان کۆ کردەوە و تاقمەکەی زۆر بوون. سلێمان بەبە، زیاد لەوەی ملکەچی والییەکان نەبوو، کەوتبووە بەزاندنی سنووری وڵاتی شای عەجەمیش کە سااڵنێکی دوورودرێژ لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عەلییەی عوسمانیدا بوو خەیاڵی پووچیشی لە مێشکی خۆیدا گەورە دەکرد بۆ داگیرکاری و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی. بۆیە چەند نێردراوێکی ئێران ڕوویان کردە بەغداد و بابی عالی و سکاڵای خۆیان دژ بە میرسلێمان بەرز کردەوە بۆ مەقامی بەرزی سوڵتان.

بەڵام ئەم ڕووداوە لە یەکەم بەرگی کتێبی مێژووی جەودەتدا بەم شێوەیە نووسراوەتەوە گوایە: "سلێمان بەگ بە هاوڕێیەتی سوپای هومایۆن ڕووی کردە ئەستانە، دوای ئەوەی لە نەدرنە گیانی سپارد هەندێک لەو شوێنانە کە لەژێر دەسەڵاتیدابوون بەدەست بەکر بەگی کورییەوە مانەوە لە کاتێکدا پاشماوەی ئەو جێیانە کە پێشتر لەدەستی خێڵی زەنگەنەدا بوون، هەر لەدەستیاندا مانەوە. حسێن نازم بەگ لەسەری ئەڕوات، تأریخی ڕاشد بە جۆرێکی ڕێک و هاوشێوە پشتگیریی هۆیەکان و چۆنایەتی بزووتنەوەکەی کردووە، بەڵام وا ناگەیەنێت پێی وابێت میر سلێمان بەبێ بەرەنگاری ڕوو بە هەکاری و وان هەڵهاتبێت و سەری بڕدراوی حەقدە کەسی ڕیشسپی و هاوکاڵای ڕەوانەی ئەستەمبوڵ کرابێت، خۆ ئەگەر میر سلێمان بەبێ شەڕ جێگەی خۆی چۆڵ کردبێت و هەڵهاتنی هەڵبژارد بێت، دەبێت کوێخا و بەگەکانی لەکوێ کوژرابن و سەر بڕڕابن؟"

لە کاتێکدا تأریخ جودت تەواو بە پێچەوانەی تأریخ ڕاشدەوە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە، بەبێ ئەوەی لە جوغزی ناوەڕۆکی ئەو پەڕەکۆنە فارسییانە بترازێت. کەواتە بۆ تێگەیشتن لە ڕاستی ئەم جیاوازییە مێژوییە، ئەوەیان ڕاستترە کە لە ناوەڕۆکی ئەو پەڕە کۆنە فارسییانەدا وەر دەگێڕێت.

ئەم جارە میر سلێمان بەئیرادەی بەرزی سوڵتان نێردرایە ئەدرنە و فەرمانی پێ درا لەوێدا بمێنێتەوە. بەم جۆرە مایەوە تا ساڵی ١١١٠/ ١٦٩٨-١٦٩٩ز کۆچی دوایی کرد، هەر لەوێشدا نێژرا.

سەردەمی میرایەتیی تەیموور خان بەگ کوڕی خان بوداق کوڕی فەقێ(٢١) ئەحمەد
بۆ میر سلێمان(٢٢)
(١٧٠٤ -١٧٩٩ز)

تەیموورخان(٢٣) ئەوەی لێک دایەوە ئەگەر سەرکێشیی بکات، ڕەنگ هەیە، ئازاری سلێمان بەگی بۆی بدرێت، بۆیە وەک پیاوێکی ئازا هیچ جوولەی نەکرد، بەڵام لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات و وەستان بەرامبەر بە دەستدرێژی، ئازایەتی خۆی ئەنواند. وڵاتی بە ڕێکوپێکی بەڕێوە دەبرد. دڵی میللەتی بە ڕەوشی جوان بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو ڕێزی دراوسێکانیشی بەدەست هێنابوو. دوای حەڤدە ساڵ حوکم بە وەکالەت ساڵی ١٧٠٣-١٧٠٤ ز کۆچی دوایی کرد، سێ کوڕی منداڵی بەجێ هێشت خانەبەگ و خالید بەگ و فەرهاد بەگ بەگوێرەی تأریخ السلیمانیه وانحائها بەکر بەگی بۆی لە شوێنی دانیشت. ل٤٦- ٤٧ میرایەتیی بابان.

سەردەمی میرایەتیی بەکر بەگ بەکرە سوور کوڕی میر سلێمان کوڕی خان بوداق کوڕی فەقێ ئەحمەد

بەکر بەگ لەسەر ڕێوشوێنی تەیموری بۆزای بەڕێوە دەچوو نەیدەویست دەستدرێژی و داگیرکردنی مووڵکومانڵی خەڵک ڕوو بدات، حەزی زۆری لە کشتوکاڵ و کاروباری جووتیاری بوو، دوو شاکاری هەن لە پاشماوەکانی مەیدانی کشتوکاڵ کە تا ئەمڕۆش بەناوبانگەوەن و هەتاهەتایە ناوی بەنەمری دەهێڵنەوە. یەکێکیان جۆگەی بەکرەجۆیە، کە ئاوی ناوچەکانی باشووری ڕۆژئاوای پێ ئاوەدان ئەکاتەوە و داهاتی ساڵانەی بایی نرخێکی زۆر و بە ناوی خۆیەوە ناونراوە، ئەم جۆگەیە ئەمڕۆ مووڵکی دەوڵەتە وزەویوزارێکی زۆری پێ ئاو ئەدرێت(٢٤).

دووەم شاکاری بەکر بەگ دێی بەکرا ئاوا(٢٥) یە کە لە دەشتی شارەزوورە و نزیک هەڵەبجەیە، هەر نزیک ئەو دێیە یە گردۆڵکەیەکی زۆر کۆن گردی بەکراوا واتە گردی ئاوایی

بەکر، کە گردی بەرزەیشی پێ ئەڵێن، کەلاوەی قەلایەک تا ئێستا بەسەر ئەم گردەوە دەبینرێت، ئەو قەلایەش ئاخۆ لەلایەن بەکر بەگەوە دروست کراوە؟ بەڵام نازانین ئاخۆ پێشتریش هەبووە و ئەم دەستێ پیاداهێناوەتەوە؟ یان بەکر بەگ یەکەم جار دروستی کردووە کە ئەمە بە دوور نەزانم.

زەنگەنە لە سەردەمی بەکربەگدا ڕاپەڕین بەڵام بەکر بەگ زەبری تەمێکەرانەی پێ گەیاندن، کشتوکاڵیش لە ڕۆژگاری ئەودا لە گەشانەوەدا بوو. واتە دوانزە ساڵ حوکمی کرد دوور لە سەرئێشە و گیروگرفت. وەک وتمان جۆگەی بەکرەجۆ(٢٦) ئەم دروستی کرد.

لە ڕەوشی کوردان دا هاتووە، کە بەکر بەگ ئالایەکی ڕەشی هەڵ کردبوو، بەگوند و ماڵەبابانیەکاندا ئەگەڕا، بیری لە کۆڕاوەکانی شەڕەکەی خۆی ئەکردەوە. ئەگەر ئەم قسەیەش بدەینە پاڵ ئەو هەواڵەی کە گوایە بەکر بەگ لە دواییدا عەقڵی تێک چووە. چونکە کەڵکەڵەی چوونە بەغدادی کەوتە سەرەوە. بۆ شیکردنەوەی ئەمەش حاڵەکە لە دوو خاڵ بەدەر نییە، یەکەم، تاقیکردنەوەی باری بەغداد لەلایەن خۆیەوە بۆ لەشکرکردنە سەر بەغداد و داگیرکردنی و دروستکردنی قەوارەیەک بۆ کورد، کە شتێکی وا لە مێشکیدا بوو. دووەم، تێکچوونی مێشکی، کە ئەمەش کەمترین سەرچاوەی تر بە لایدا دا ناچێت. (ج.ب)

سەردەمی موتەسەللیم

بەکر بەگ دوای خۆی کوڕێکی وا پێگەیشتووی بەجێ نەهێشت بتوانێت کاروباری ولات ڕایی بکات.

تەیموورخان بەگیش وەک وتمان سێ کوڕی دوای خۆی بەجێ هێشت ئەوانیش مندال بوون گەورەکەیان خانە بەگ بوو، لە تەمەنی سیانزە ساڵیدا. کوڕانی بەکر بەگ، سەلیم بەگ و شێر بەگ لەوان بچووکتر بوون، بۆیە حکومەتی ولایەت واتە والیی بەغداد موتەسەلیمێکی نارده قەڵاچوالان، نەزانرا ناوی چییە بۆ سەرۆکایەتی ئیدارە، بەڵام ناردنی ئەم کابرایە وەک گورزێک بوو لە بنەماڵەی بابان درا، چونکە ئەو کابرایە هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو لە کاروباری ئیدارەش نەشارەزا بوو، واتە بنەماڵەی بابان بەرەو لەناوچوون ئەچوو. هەرچەند لەوەوپێش سەرجەمی خەڵک ڕووی ڕێز و حورمەتیان لەم بنەماڵەیەوە وەر نەگێڕا بوو، بەڵام دوای دامەزراندنی موتەسەلیم ئەو ڕوو و ڕواڵەتەی خەڵک گۆڕدرا.

دەستدرێژییەکانی ئەحمەد خانی زەنگەنە

بۆیە هەڵپەرستان، یەکێکی وەک ئەحمەد خانی زەنگەنە کە لەوەوپێش هەمیشە خۆی بە پیاوی بابانەکان دائەنا لەو کاتەدا بە هەڵی زانی دەستدرێژی یەکەدواییەک بکاتە سەر خاک و مووڵکی بابان، بۆ تۆڵەسەندنەوە و گێڕانەوەی ئەو خاکەی لێی داگیر کرابوو، جگە لەوە زیادیشی بەدەمەوە گرت. کەسیش نەبو وبەرهەڵستی بکات، لە سەرەتادا سەنگاو و قەرەداغی داگیر کرد، ئینجا دەستی بۆ بازیان و دەشتی شارەزووریش درێژ کرد، دوای ئەوە پەلاماری ژاژیلەی دا، کە ئەو شاخەیە قەرەداخ لە شارەزوور جیا ئەکاتەوە، دوای ئەوە شۆڕ بووەوە بەرەو چەمی تانجەرۆ، لەوانەبوو تەماعی داگیرکردنی قەڵاچوالانیشی بوو بێت، بێگومان کابرای موتەسەلیم باکی بەوانە نەبوو، هەر خۆشی لێڵ نەئەکرد، بەم جۆرە کاروبار نزیکەی سێ سال تێپەڕی. ٤٨- ٥٠ میرایەتیی بابان.

تاکو لە ئەنجامی ئەم نەهامەتییەدا خوای گەورە قاپیی ڕەحمەتی بۆ کردەوە.

سەرهەڵدانی خانە بەگی تەیمور خان بەگ

لەم کاتەدا تەمەنی خانەبەگ (٢٧) گەیشتە شانزە ساڵ، ڕەنگ هەیە بەرەوژوورتریش، چونکە هۆش و عەقڵ و بیری جۆرێک بە خۆیداهاتەوە چ قسەکانی و چ شێکردنەوەی بارودۆخی ولاتەکەی، بەتەواوەتی ئازایەتی و بوێری و دڵسۆزی لە ناخیدا پرشنگی ئەدا، لێرەوە دەستی کرد بە خۆئامادەکردن، گەورەپیاوانی ولاتی بابانی هەموو کۆ کردەوە قسەی بۆ کردن، ئارامی لێ بڕابوو، بە شورەیی ئەزانی بێدەنگ بێت، دەبوو بە هەر جۆرێک بێت پێکی بێنێت ئەو قسە نیشتیمانییە هاندەرانەی بۆ ئەو پیاوە بەڕێزانەی ئەکرد کە کۆی کردبوونەوە، هەر لە خوتبەی زەعیمێکی شۆڕشگێڕی ئەکرد.

دوو کەس لەو کۆبونەوەیەدا یەکێکیان خدر ئاغا ناوێک دووەم هاوڕێیەکی ئەو پیاوە لەگەڵ ڕاوبۆچوونی خانەبەگی لاوی بەغیرەتی بابان نەبوون، کە بۆ ڕۆژیدوایی کەللەسەرەکانیان پەڕێنرابوون و فڕێ درابوونە گۆڕەپانی نزیک بە کۆبوونەوەکە.

لە کۆتاییدا قسەکانی خانە بەگ زۆر کاری کردە سەر ئامادەبووان، هەریەکە کە هەستا و بڵاوەی لێ کرد بەرەو شوێنی خۆی بۆ خۆئامادەکردن و چەکهەڵگرتن ئامادە بوون. ڕۆژی دوایی خانە بەگ خۆی سەرکردایەتی هێزی مەڵبەندی(٢٨) کرد و هێرشێکی خافڵگیری بردە سەر هێزەکانی زەنگەنە نزیک شاخی ژاژیلە کە بارگە و بنەیان لەوێدا خستبوو، ئەوی کوژرا ئەوە هیچ، ئەوی مایەوە هەمووان هەڵهاتن.

ئەحمەد خانی زەنگەنە بەرەنگاری خانە بەگ بووەوە بەڵام دوای چەند شەڕ و پێکدادانێک خۆی پێ نەگیرا ڕۆی وبەزیی. دوای ئەوە ئەو هەموو زەویوزارەی زەنگەنە داگیری کردبوون هەموویان گەڕانەوە سەر ناوچەکانی ژێر دەستی بابان، خانە بەگ دەخالەتی ئەحمەد خانی زەنگەنەی قبوڵ کرد و گیانی پاراست. ئینجا خانە بەگ دەستی کرد بە تەعمیرات و ئاوەدانکردنەوەی ولات ئەمەش لە ١٧٢١ز بوو، دوای ئەوە کەوتە بیرلێکردنەوەی دەستدرێژی ئێران و ئەردەڵان و ڕەفتاریان لەگەڵ سلێمان پاشای باپیری، پشتئەستور بە چەند مەبەستێک چاوی بڕییە ئێران و فراوانکردنی قەڵەمڕەوی بابان. دژی دەمارگیری مەزهەبی، مایەوە

ئەناوچوونی خۆراییی میر سلێمانی باپیری؟.

ئینجا نۆبەی حەقسەندنەوەیە لە ئێران ساڵی ١١٣٤ک/١٧٢١-١٧٢٢ز خانە بەگ لەشکری نارده سەر ئەردەلان. شاری سنەی سەنتەری ئەردەلانی بەئاسانی داگیرکرد و وا دیارە خۆی لەوێدا دانیشت چونکە قەلاچوالانی بە خالید بەگی(٢٩) برای سپارد. لەولاوە ئەحمەدپاشای والیی بەغداد، سەرەتا نازناوی پاشایەتی بە خانە بەگ بەخشی(٣٠).

ساڵی ١١٣٦ک/ ١٧٢٣-١٧٢٤ز(٣١) جارێ شەڕی دژی ئێران دا. لەولاوە خانەپاشاش پێش ئەو، ئەویش ئەو بڕیارەی دابوو، کرماشان بەبێ بەرگری خۆی بەدەستەوە دا، بەڵام هەمەدان بەرگری کرد و هێزی والیی بەغداد نەیتوانی داگیری بکات بۆیە ئابڵۆقەی شارەکەیان دا و بیست ڕۆژ زیاتری پێ چوو، بە هۆی بڕانەوەی نان و ئاوەوە سەغڵەت بوو. شەوێک لە تاریکیدا شاری چۆڵ کرد و بۆ سبحەینێ هێزی عێراق چووە ناو شاری هەمەدانەوە. ئەحمەد پاشای والیی هەردوو شاری کرماشان و هەمەدانی خستە بازنەی حوکمی خۆیەوە و دوای ئەوە خۆی بەرەو بەغداد گەڕایەوە، خانەبەگیش ساڵی ١١٣٩ک/ ١٧٢٦-١٧٢٧ز خالید بەگی برای لە میرنشینی قەلاچوالان لا برد فەرهادی برای بچوکی لە شوێنی دانا. دوای مردنی ئەویش ساڵی ١١٤١ک/١٧٢٨-١٧٢٩ز دووبارە خالید بەگی بە حوکمداری بابان دانایەوە.

سەرهەڵدانی نادر شای هەوشار

ساڵی ١٧٣٠- ١٧٣١ز شاتەهماسب دواترین شای بنەماڵەی سەفەوی(٣٢)، نادر(٣٣) ئەفشار أعتماد الدولەی وەک فەرماندەی هێزێکی تەواو، ناردی بۆ سەندنەوەی هەردوو شاری کرماشان و هەمەدان لە کاتێکدا نادر بە کردەوە و بە عەقڵ و بگرە بە فرۆفێڵ و ئازایەتیش ناوی کەوتبووە ناو ناوانەوە و لەوەدا بوو وردەورده دەست بەسەر هەموو کاروبارێکی ئێراندا بگرێت، لە کاتێکدا، کە چاوی بڕیبووە شوێنی شایەکەی خۆی.

دوای ئەوەی خۆشەویستی و ڕای سەرباز و پلەبەرزەکانی سوپای بەلای خۆیدا ڕاکێشا، ئینجا میللەت و لەوەش زیاتر سەندنەوەی کرماشان و هەمەدانی گرتە ئەستۆی خۆی بۆ ئەوەی خۆی زیاتر دەر بخات یەکسەر هەڵی کوتایە سەر هەمەدان، ئەو هێزی عوسمانیەی ئەحمەد پاشای والیی بەغداد دوای گەڕانەوەی خۆی لەوێدا بەجێی هێشتبوو، بەرگری پێ نەکرا یەکسەر چۆڵیان کرد، هەروەها کرماشانیش، بەو جۆرە هەموو کەوتنە ژێر ڕکێفی نادری هەوشارەوە.

ئەحمەد پاشای والیی بەغداد سەرەڕای خزمەت و دڵسۆزیی خانە پاشا بەرامبەری، کەچی هەرچەند وەزیرێکی لێهاتوو بوو، بەڵام خەسڵەتە بنچینەییەکانی کردەوەی چاکی شک نەئەبرد، پێویستی بەو ویژدانە بوو کە هەم هەستی ڕێز بخاتە سەر خزمەتی نیشاندراوی خانە پاشا لە جەنگی ئێرانیدا و هەم بتوانێت بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی زامنکراوی گەورەپیاوانی وەک ئەم کابرایە هەڵبسەنگێنێت، لەبەر ئەوە کەوتە داوی دووزمانان و ئاژاوەگێڕان و فیتنەبازان سوور بوو لەسەر بەناحەقکوشتنی خانە پاشا و کوشتی. لەبەر ئەوەی، خانە پاشا سەر بە شێخ سمایلی عەودالان بوو بۆیە تەرمەکەی لەتەنیشت گۆڕی ئەو زاتەوە بەخاک سپێردرا. من ویستم لەڕێی جەنابی شێخ سەمیع، کە یەکێکە لە نەوەی شێخ سمایلی پیرۆز لە وەڵامی نووسراوەکەمدا، فەرمووی، کە ئەو قەبرەی وتت ئاسەواری نییە منیش مەبەستم گلکۆی خانەپاشا بوو (ج.ب).

حکومەتی خالید(٣٤) پاشا کوڕی تەیمورخان کوڕی خان بوداق

پیاوێکی ئازا و دلێر و ڕەوشتبەرز بوو. کاتێک نادرشا پەلاماری سنووورەکانی دەوڵەتی عوسمانی دا، ئەحمەد پاشا، داوای لە خالید پاشا کرد یارمەتی بدات، بەڵام خالید پاشا پاساوی

ـەوەی هێنایـەوە، کـە ناوچەکـەی ئـەم ڕێـڕەوی تێپەڕینـی سـوپای نـادر شـایە و ناتوانێـت دەسـتی ـی هـەڵبگرێـت کاتێکـیش لوتـف عـەلـی بـەگـی جێگـری حکومـەتـی تـەورێـز ســەرکردایـەتیی هێزەکـانـی ـاڕەربایجانـی کـرد و بــەرەو قەڵاچـوالان چـوو بــەڵام لەســەر داوای خالید پاشـا ڕێـگای گـۆڕی.

سەلیم بەگی بەکربەگ و نادر شا(٣٥)

کاتێک نادر شا بە شارەزووردا ڕووەو بەغداد تێپەڕی، سەلیم بەگی کوڕی بەکر بەگ سەرۆکایەتیی کاروباری ئەو ناوچەیەی دەکرد، کاتێک کە زانیی پێی ناکرێت بەرهەڵستی تێپەڕینی هێزی نادر شا ببێتەوە ئەویش هێزێکی ئەوتۆی نیە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەیویست بوونی خۆیان بسەلمێنێت، بۆیە ڕاست پەلاماری هێزەکانی نادر شای دا و دەستیان بەسەر بارەکانیاندا گرت و پاسەوانەکان ڕایان کرد.

نادر شا کە بەمەی زانی هەرچەندە سووریش بوو لەسەر ئەوەی، کە کورد نەوروژێنێت لەجیاتیی ڕێگای دووبەرەکیەتی خستنەوەی گرتەبەر لەبەینی بابانەکاندا، بۆیە ناردی بە شوێن سەلیم بەگدا، کە حەز ئەکات چاوی پێ بکەوێت.

سەلیم بەگیش بەبێ سڵکردنەوە چووە حوزووری و نادر شا و پێی وت، "چۆن پرکێشیت کرد پەلاماری کەژاوەی من بدەیت و پاسەوانەکانم بکوژیت؟"

"جەنابی شا، تەبیعەتی خەڵک لەم ناوەدا ئەوەیە کە خۆیان بە پیاو ئەزانن، ئێوە کە بەم وڵاتەدا تێپەڕین ئایا ئەوەتان ڕەچاو کردبوو کە حکومەتی بابانی تێدایە؟ پەندەکەی سەعدی شیرازی ئەڵێت، 'وا مەزانە هەموو دارستانێک چۆڵە، لەوانەیە پڵنگی خەوتووی تێدا بێت.' بۆیە منیش ناچار بووم ئەو بۆڕییە بنوێنم."

"مادام وردبینی و بیرتیژی شک نابەن، بە ئەنجامە خراپەکانی ئەم بۆڕییە یاخود ئەم شێتییەوە چۆن دەتوانن ئەم وڵاتە بەم ژمارە کەمەی کورد بپارێزن؟"

"جەنابی شا، خۆپاراستن بە خەڵکی زۆر و بە ڕەگەز نییە، بەڵکو لەو مەردایەتی و خۆڕاگرییەدایە کە پشتئەستورن بە یارمەتی خوای گەورە، باپیرانمان ئێمەیان بۆ ئەوە خستۆتەوە تاکو ئەو حکومەتەی ئەوان بە ئازایەتیی خۆیان بۆ ئێمەیان بەجێ هێشتووە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەیان فراوان بکەین و بپارێزین، ئێمە ئەگەر بەسەربەرزی و کەرامەتەوە پارێزگاری خەسڵەتی نەتەوەیی ئەم قەوارە بچووکە بە زەبری شمشێردروستکراوی باووباپیرانمان نەکەین، پێویستە حوکمی ئەوەمان بەسەردا بدرێت کە ئێمە لە وەچەی ئەو بەرەبابە شکۆدارە نین،

نەوەش زیادەڕۆییە کە قوربانیدانی ناچاریمان بۆ درێژەپێدانی ژیانی نیشتمانەکەمان بە شێتی یەک بدرێتەوە، ئێمە ئەگەر هەست بەم نەریتە نەکەین و لەپێناویدا تێ نەکۆشین مانای وایە نەشکەنجەی گیانی باپیرانمان ئەدەین."

"مادامێکی دەڵێی، کە تۆ ڕاسپێردراوی پارێزگاری شەرەف و سەروەریی بنەماڵە بکەیت و مەملەکەتەکەی بپارێزێت و پەلی پێ بهاوێژێت، ئیدی بۆچی قڕوقەپت لێ کرد و نەهاتییە سەر تۆڵەکردنەوەی مامت کە ئەحمەد پاشای والیی بەغداد لە پاداشتی هەموو خزمەت و هەموو قوربانیدانێکیدا بۆ سەرکەوتنی ئەو و پاش هەموو قارەمانێتینواندنێکی لە پێناویدا و دەستبەسەراگرتنی کرماشان و هەمەدان، بەو شێوە پڕ سوکایەتی و زەلیلیە کوشتی، مەبەستی لە کوشتنی خانە پاشایە، ج.ب لە کاتێکدا گیانی بەناحەقکێشراوی هێشتا چاوەڕوانی تۆڵەی دەست و بازو و تانە."

سەلیم بەگ، یاخیبووون لە دەوڵەتی عوسمانی کە مۆرکی خەلافەتی پێوەیە، پێچەوانەی دینەکەمانە. ئێمە بە حوکمی ئەوەی کە موسوڵمانین، ملکەچی کاربەدەستانی ئیسلاممان بەپێی دەقی ئایەتی قورئانی پیرۆز پێ سپێردراوە(٣٦).

جا لە کۆتایی ئەم مشتومڕەدا خوالێخۆشبوو حسێن نازم ئەفەرموێت، "ئاخۆ نادر شا تا چ ڕادەیەک توانیی درێژە بە هەموو فریودان و خڵافاندنێکی خۆی بدات و چەند هەوڵی دابوو، بەو درۆ و دەلەسە و فێڵانە قەناعەت بە سەلیم بەگ بکات. ئێمە نازانین، بەڵام ئەو سەلیم بەگەی وا هەڵیکوتایە سەر کاروانەکەی نادر شا کە سوپاکەی دەیپاراست، تاڵانی کرد و پاسەوانەکانی کوشت و بەبێ سڵکردنەوە چووە بیبینێت و خۆی ڕادەستی ترس و تۆقاندن نەکرد و وێرای بەو کەللەڕەقیەی خۆیەوە و بەو ئازادییە، دان بەتاوانەکانیدا بنێت و قەناعەتی وا بوو پاڵەوانێکە دەتوانێت خزمەتی ئارەزوو و مەبەستەکانی خۆی بکات.

ئامانجی ئیداری و سیاسیی نادر شا پچڕانی پێوەندیی نێوان سەلیم و بەغداد و ڕووی پێوەندی میرنشینی بابان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، بەڵام نادر شا هەر لەسەری ئەڕوات و بە سەلیم ئەڵێت(٣٧)،"کوڕم، ڕووناکی چرایەک لە ئاستی ڕووناکی خۆردا چ بایەخێکی هەیە و تا چ ڕادەیەک کاریگەرە؟"

"جەنابی شا، مرۆڤ سەرەتای ژیانی مەلۆتکەیەکە ئەم دەست و ئەو دەستی پێ ئەکرێت، لە دواییدا شێوە و هەڵکەوتەی یەکجاریی خۆی دیاری دەکات. لە بابەت ڕووناکی چراشەوە لەچاو ڕووناکی خۆردا ئەڵێم، 'لە کاتێکدا دەشێت درێژە بە ڕووناکی چرا بدرێت بە هۆی بەردەوامبوون لە هەڵگیرسانیدا، بەڵام کە شەو دادێت و خۆرئاوا دەبێت و تاریکایی باڵ بەسەر دنیادا دەکێشێت، پاشان خۆر بەیانیی ڕۆژی دوایی بەپێی حوکمی سروشت ڕووناکی خۆی دەبەخشێتەوە.'"

دوای ئەوە، نادر شا ئەکەوێتە فریودانی سەلیم و خڵافاندنی بەڵام ئاخۆ تا چ ڕادەیەک توانیی ئەو پیاوە لەخشتە بەرێت و قەناعەتی پێ بکات، ئەوە لەمەودوا دەر ئەکەوێ.

بەکورتی، مەبەستی نادر شا لەم قسانە دوو گۆشە بوو.

یەکەم، دوورخستنەوەی سەلیم بەگ لە بەغداد. دووەم، ڕاکێشانی میرنشینی ئەو پیاوە لە لایەکەوە بە قەناعەت پێکردن و فڕوفێڵ و لە لایەکی ترەوە بە هەڕەشە و تۆقاندن و بە هێز لە ڕێی ڕاکێشانی میللەتی ئێرانەوە بەلای خۆیدا درێغی نەکرد.

لەگەڵ سەلیم بەگیشدا، نادر شا، دڵخۆشی ئەوە بوو، کە ئاخیریەکەی سەلیمی دەستەمۆ کرد، ئەم جار کەوتە بیری جیاکردنەوەی کوردستان لە تەوەری سیاسەتی عێراق بەڵام لە ڕێی پەیوەندیی دینییەوە بۆ ئەم مەبەستە ویستی سەرنجی شێخ حەسەنی گڵەزەردە(٣٨) بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، ئەوەبوو نامەیەکی بۆ نارد تیایدا داوای لێ کرد بێتە لای، بەڵام شێخ لەوانە نەبوو بە فڕوفێڵ و قسەی لووسی نادر شا هەڵبخەڵەتێت وەڵامی دایەوە، بە لێبوردن کە ناتوانێت و نەخۆشە و پێشی وت، "ئەوەی تۆ لە دڵی خۆتدا بڕیارت داوە بە وێرانکردنی موسڵ. ئەو کارە مەکە ئەگینا دەبێتە هۆی لەناوچوونی سەربازەکانت. پێویستیشە لە سەرت بەپەلە تۆبە بکەیت. چونکە هێندێک لەو خزمانەی خۆت کە ئێستا لەگەڵتان دەتکوژن." نادر شا وەڵامەکەی شێخی گڵەزەردەی پێ ناخۆشبوو، بەڵام زیاتر لەسەری نەڕۆیشت.

سەردەمی حکومەتی سەلیم بەگ کوڕی بەکر بەگ کوڕی میر سلێمان کوڕی خان بوداق کوڕی فەقێ ئەحمەد

سەلیم بەگ لە ئەنجامی خۆبەستنەوە بە خواستی نادر شاوە، ڕژێمی ناوخۆی بابانی فەرامۆش کرد و هەموو پەیوەندییەکی بە بەغدادەوە پچڕاند و حکومەتی بابان وای لێ هات ببێتە وڵاتێکی داگیرکراوی ئێران، هەر لەبەر ئەوە ئەحمەد پاشای والیی بەغداد ساڵی ١٧٤٧ز پەلاماری سەلیمی دا و شێخان و زانایان کەوتنە لێدانی تەپڵی شەڕی دژ بە لەشکری ئیسلام کفرە(٣٩) و لەبەر ئەوە سەلیم بەگ کەسی وای لە دەوردا نەما کوڕەکەی خۆی نارد لای ئەحمەد پاشا بۆ داوای لێبوردن و عوزرخوایی، ئەویش نەخۆش کەوتبوو لێی خۆشبوو، سوپاکەشی زۆریان بەنەخۆشی مردن. ئەحمەد پاشا خۆشی کە بەلەشکرەوە هاتبوو، لە گەڕانەوەیدا نەخۆشییەکەی لێی توند کرد لە دەللی عەباس نزیک بەغداد مرد.

دوای وەفاتی ئەحمەد پاشای والیی، سلێمان پاشای زاوا و کەدخودا بە پلەی وەزیر لە شوێنی دانرا ئەمەیە سلێمان پاشای ابی لیلە سەلیم پاشا هێز و ڕەوشتی گەندەڵ بووبوون، چونکە لە بەغداد هەڵگەڕایەوە سلێمان پاشای والیی نوێ شارەزای هەڵسوکەوتی سەلیم بوو، چەند جارێک ئاگاداری کردەوە کە واز لەو ڕێگا چەوتە بێنێت، بەڵام قسەکانی هەموو بەفیڕۆ چوون.

سلێمان پاشا ساڵی ١١٦٤ک/ ١٧٥٠- ١٧٥١ز خێڵەکانی نزیک بەغدادی کۆ کردەوە لەگەڵ هێزی تردا یەکی خستن و ڕووی پێ کردنە قەلاچوالان.

سادات و شێخانی ناوچەکە کەوتنە بەینەوە نەیانهێشت شەڕی سوپای ئیسلام بکەن، بۆیە سەلیم پاشا و پیاوەکانی بەرەو ئێران تێیان تەقاند. دوای ئەوە بەرەو لای عوسمان پاشای موتەسەریفی حەریر کەوتە ڕێ، ئەویش دەمودەست خۆی شاردەوە، دوای ئەوە دەر کەوت بە هەزار و پێنج سەد پیاو مایەوە لە چیاکانی ئاوکورتێ، ناوچەی کۆیە خۆی قاییم کردووە والیی

هەموو ڕێگایەکی لێ بڕین و بەتایبەتی جۆگەلەی ئاویش، نەیانتوانی هیچ بکەن دوای حەفتەیەک هەندێکیان هەڵهاتن و عوسمان پاشا و ئیبراهیم و سلێمانی برایان و حەسەن بەگی کوڕی بەدیل گیران و هەموو سەر بڕدران و کەللەسەرەکانیان نێردرایە ئەستەمبوڵ(٤٠).

سلێمان(٤١) پاشای کوڕی خالید پاشا لە شوێنی سەلیم بەگ لەلایەن سلێمان پاشای والیی ئەبولەیلەوە دانرا.

پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

١. مێژووی میرایەتیی بابان- حسێن نازم بەگ ل٢١ بۆ ٢٧ بنکەی ژین ٢٠١٣.
٢. ل٢١ سەرچاوەی پێشوو.
٣. ئەتوانم بڵێم ئەم جۆرە ڕەفتارانە کە تۆڵەسەندنەوەیە، نەک هەر لەناو کۆمەڵی عەشایەردا باوە، بەڵکو لە کۆمەڵگای مدنیشدا پێڕەو ئەکرێت. ئەمەیە نەفسییەتی مرۆڤ، ل٢٣ سەرچاوەی پێشوو.
٤. دیسان عەشیرەتی بابا میرییش لە کوردستانی ئێران زۆرن، جا ئایا ئەوانیش سەر بە بابا میرن یاخود بە بابانەکانی تر؟
٥. دارەشمانە ناوی داڕێکی نیمچەباڵایە لە ناوچەکەدا زۆرە.
٦. بە دەوڵەتی فەرهەنگ ناوی لە سەرچاوەکاندا هاتووە. ئەو دەوڵەتەش کە وا نزیک بە دەوڵەتی عوسمانی بێت هەر ڕوسیایە، هەرچەند لەم دواییەدا هێزی عوسمانی گەیشتە ئەورووپا.
٧. لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکاندا.
٨. مەبەستی دانیشتووانی ساڵی ١٨٢٠ کە ڕێچ لە سلێمانی بووەو قسەکەی ئەگێڕێتەوە.
٩. مستەر ڕێچ بەو جۆرە بیستوویەتی، ئایا ڕاستە یان نا؟ ئەوە نازانرێت.
١٠. نەک هەر ئەوەندە بەڵکو شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە شیعرێکیدا سەلاحەددین لە زومرەی کوردی بابان، دا ئەنێت.
١١. ئێستا مەبەستی لەو ساڵەیە کە ئەوی تیادا هاتۆتە سلێمانی واتە ١٨٢٠، بڕواش ناکەم لە شارەزووردا ئەو بابانیە، ژیا بێت بەڵکو ئەبێت گەڕابێتەوە بۆ ناوچەی پشدەر، ڕەنگ هەیە هەندێک کەس سەرجەم قسەکانی مستەر ڕێچ یاخود هەندێکی بە لێکدانەوەی جاران بە فرۆفێڵی ئیستعماری دابنێت، بەڵام وا دیارە ئەم قسانە لە ناخیەوە چ ئەو و چ کوردەکانیش هەڵقوڵاون، بەبێ درۆ و خۆهەڵکێشان، هەر لە بابەت، فەقێ ئەحمەدو کەیغانیشەوە، لە بەرگی یەکەم کتێبی سێیەم ل٣/٦٠م. نەوشیروان ئەڵێت، "ساڵی ١١٢٨ک/

١٧١٥ز حەسەن پاشای والیی پێنج سەد سواری کوردی لەگەڵ عەبدوڵرەحمان پاشای کەهیەی خۆی نارد بۆ بەشداری لە جەنگی نەمسادا. بۆیە دوورنییە، ئەو کچەپاڵەوانەی فەقێ ئەحمەد زۆرانی لەگەڵ گرت، کچێکی نەمساوی بووبێت، کە ئەوانیش هەر فەرەنگن بەم جۆرە مەرج نییە کەیغانی فەرەنگ ڕوسی و دراوسێی عوسمانی بووبێت، بەڵکو دوور نییە نەمساوی یاخود ئیتاڵی بووبێت. ج.ب.

١٢. سەرچاوە نامیلکەی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە موحەمەد فیدا. قەلادزە پشدەر ١٩٨٣.

ئەمینداریێتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، جلیت، قۆڵەداریک بووە، نیو گەز درێژ، لووس و تەواو لەبار بۆ هاویشتن لە کاتی سواری و غارغارێندا.

١٣. هەرچەند لە لاپەڕەیەکی پێشووتردا میر بوداق بە کوڕی دووەم و بە وەجاغکوێر ناو ئەبات. ئەمەیە تەگەرەی هەرەگەورەی مێژووی کورد و مێژوونووسانی کورد.

١٤. ل٢٨ میرایەتیی بابان، وا دیارە ئەو کاتەی حسێن نازم بەگ ئەو بەڵگەنامانەی دەست کەوتووە. خۆی بەڕێوەبەری ناحیەی ماوەت بووە. چونکە بەڵگەنامەکە وەک لە پەراوێزی ل٣٢ دا نووسراوە، بە فارسییەکی بێداروبارە و لەگەڵێک شوێندا ناتەواویی مانای تیادایە. بۆیە بە پێویستمان نەزانی لێرەدا باسی بکەین.

١٥. جۆرە فەرق یاخود ئاڵۆزییەک لە سەرچاوەکاندا هەیە، لە هەندێکیاندا میر سلێمان یەکسەر بە کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە دائەنێن، کە دایکیشی کەیغانە. هەندێکی تریان وەک لێرەدا بەڕێز حسێن نازم بەگ میر سلێمان بە کوڕی خان بوداق و بە کوڕەزای فەقێ ئەحمەدی دائەنێت. لەبەر ئەوەی ئێمەش بەتەواوەتی ئەم گرێیەمان تاکو ئێستاش هێشتا بۆ ڕوون نەبۆتەوە. تاکو ئەمین زەگی بەگیش لە لاپەڕەی ٣١١-٣١٢ مشاهیر الکردو کردستان فی العهد الاسلامیدا ئەڵێت، "کە خان بوداغی کوڕی فەقێ ئەحمەد ساڵی ١٠٧٥ک/ ١٦٦٤ز لەماوەت وەفاتی کرد، ئەم خان بوداخە باوکی بابا سلێمانی بەناوبانگە، کە دامەزرێنەری بنەماڵەی ناسراوی بابانە. بۆیە هەر بەو جۆرەی حسێن نازم بەگ بۆی چووە ئێمەش هەر ئەو ڕێگەیەمان گرت چونکە کتێبە بەنرخەکەی ئەومان بە دەق داناوە و هەر زیادەیە بەو جۆرە تا دوایی لە گەڵیدا ئەڕۆین."

لە لاپەڕە ٣٤بۆ ٤٥ مێژووی میر سلێمانی کوڕی خان بوداقە. جگە لەوەی حسێن نازم بەگ ڕۆژنامەنووس، جگە لە سەرۆکایەتیی ڕۆژنامەی ژیان و یەک-دوو ڕۆژنامەی تردا سەرنووسەر بووە، بەینێکیش بەڕێوەبەری ناحیەی ماوەت بوو. گەلێک زانیاری بەنرخی لەو ڕێگایەوە بەدەست هێناوە. بەتایبەتی زانیاری لە بابەت ناوچەی ماوەت و ڕەنگبێت شارباژێڕیشەوە.

١٦. هەرچەندە ئەو پیاوە بە نیەتێکی پاکوبێگەردی ئایینییەوە ئەم پەیوەندییەی دروست کرد، بەڵام نەیزانی بۆ بنەماڵەکەی و بۆ کوردستان بەڵایەکی گەورەی خولقاند کە هەتا دێرزەمان بەدەست تورک و والییەکانیانەوە ئەیان نااند وەک لەمەودوا دەر ئەکەوێت.

١٧. لەبارەی دەوڵەتی سەفەوی و سەرهەڵدانی لە ئێراندا هەر لەم کتێبەدا ئاماژەی بۆ کراوە.
١٨. مامۆستا نەوشیروان مستەفا لە کتێبی سێیەم ل٥١-٥٧ میر سلێمان کە لە هەندێ سەرچاوەدا کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەیە و لە هەندێکی تردا کوڕی خان بوداقی کوڕی فەقێ ئەحمەدە، ئەم میر سلێمانەی لەگەڵ سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشا واتە سلێمان پاشای کۆڕراو ل٨٧-١٠٠دا لە هەندێ شوێندا تێکەڵ کردووە. بۆ نموونە ئەڵێت، "چیرۆکی دوانزە سوارەی مەریوان ئەبێت لە سەردەمی میر سلێمان دا ڕووی دا بێت، بەڵام لە ڕاستیدا و بەگوێرەی سەرچاوەکان لە کاتی سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشادا ڕووی داوە. دوای گەڕانەوە بۆ شەجەرەکانی بەرگی یەکەم، دەر کەوت لە شەرەفنامە و دائرەالمعارف و شەجەرەی صلاح حسن سوران و شجرەی ئەدموندز بابان سلێمان کوڕی فەقێ ئەحمەدە. بەڵام میر بوداق بەگوێرەی تەنها دوو شەجەرە کوڕی فەقێ ئەحمەدە لە شجرەکانی تردا کوڕەزایەتی.
١٩. من هیچ بڕوام بەم قسەیە نییە، کە لە هەندێ سەرچاوەدا دووپات ئەبێتەوە، هەر تەنها لەبەر ئەوەی وشەکە و تیپەکان لەیەکەوە نزیکن. من لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا وشەی بابانم ڕوون کردۆتەوە لە چییەوە هاتووە. بەبڕوا و بەڵگەنامە و بەو جۆرەی لە باووباپیریشمم بیستووە.
٢٠. ل٤٤- ٤٦ میرایەتیی بابان.
٢١.ئەمین زەکی بەگ لە ل (لاپەڕە١٣٥) مشاهیر الکرد و کردستان تەیمورخان بەگ بە کوڕی فەقێ ئەحمەدو بە برای بابا سلێمان ناو ئەبات.
بەڵام لە کتێبی ڕەوشی کوردان نووسینی عەبدولقادر ڕوستەم بابانیدا، بەکر بەگ بەکرە سوور بە کوڕی فەرهاد بەگ و کوڕەزای سلێمان بەگ لەقەڵەم دراوە و ساڵی ١٠١٧کۆچی/ ١٦٠٨ز لە جێی باوکی دانیشتووە، وەک ئەمیر ڕەفتاری کردووە. گوایە ئەم بارەگای حکومەی لە دارەشمانەوە گواستۆتەوە بۆ ماوەت هەروەها باسی دروستکردنی قەڵایەکی قاییم ئەکات لە دەشتی شارەزوور کە دروستی کردووە و خەڵکێکی زۆر هاتووەتە لای و جلوبەرگی جوانی لەبەر کردوون و پلەوپایەی بەرزی پێ بەخشیون و هەندێ چەکمە و پێڵاوی ئاڵتونی داونەتێ و زەنگوڵەی زێڕ بە پێڵاوەکانیانەوە بووە، ئەوانە بە چەکمە زێڕ ناویان دەر کردووە.
بەکر بەگ لەو پەڕی سەربەخۆییدا ڕای بوارد، لە ئەنجامدا مێشکی تێک چوو ملی نا بەرەو بەغداد لەوێ ناسرایەوە، دوای ئەوە گیرا و کوژرا. ساڵی ١٢٢٩ک/ ١٦١٩ز سلێمان کوڕە گەورەی لە شوێنی دانیشت و هەشت ساڵ حوکمی کرد.
ئەم مێشکتێکچوونەی بەکر بەگ لەو سەرچاوانەی لەبەردەستدایە ئاماژەی بۆ نەکراوە. لە تأریخ السلیمانیە وانحائها ئەمین زەکی بەگ زۆر ستاییشی بیروبۆچوون و جوانیی

هەڵسووڕانی ئیشوکاری ولاتەکەی ئەکات، تاکو ئەڵێت ولاتی بابان لە سەردەمی ئەمدا سنووری لە چەمی سیروانەوە گەیشتە زێی بچووک، هەروەها خۆشەویستی و سۆزی عەشیرەتی جافی بە لای خۆیدا ڕاکێشا لە کاتێکدا، کە لە ئێرانەوە هاتن بەم دیوا و لە ناوچەی شارەزوور نیشتەجێ بوون لەوێشدا ئەوە دەر ئەخات کە چووە بۆ بەغداد بەبێدەنگ و بە فەرمانی حەسەن پاشای والیی کە ناسراوەتەوە گیراوە و کوژراوە.
٢٢. مامۆستا نەوشیروان مستەفا. کتێبی سێیەم. مێژووی سیاسی لە لاپەرە ٥١-٥٧.
لەژێر ناوی میر سلێمان، یەکەمین تەقەڵای سەربەخۆیی لەبەینی بەرداشدا ئەڵێت، "قۆناغی نوێی بووژانەوەی ئەمارەتی بابان لە نیوەی دووەمی سەدەی یانزەیەمی کۆچییەوە دەست پێ دەکاتەوە،"
لە هەلومەرجێکی ئاڵۆزدا میر سلێمان و میر حەسەن بە لەشکری بابانەوە چوونە سەر کەرکوکی ناوەندی ئەیالەتی شارەزوور. دەستیان بەسەر کەرکوکدا گرت، ساڵی ١١٠١ک/ ١٦٨٩ز ئینجا ئەڵێت، "دەسەڵاتی سەربەخۆی سلێمان بەبە تا ئەهات زیادی ئەکرد لە کەرکووکەوە تا ئەردەڵانی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە" دوای دریژەپێدانێکی شارەزایانە لە کۆتاییدا ئەڵێت، بەم جۆرە یەکەم هەوڵدانی بەبە سلێمان بۆ یەکخستنی کوردستانی بابان و کوردستانی ئەردەڵان و دامەزراندنی دەسەڵاتی سەربەخۆی کورد لەنێوان بەرداشی ڕۆم و هێزی عەجەمدا وردوخاش بوو."
هەر لەم ڕووەوە عەبدولقادر ڕۆستەم بابان لە ڕەوشی کوردانداً ئەڵێت، "بەکورتی بابان و دەشتی شارەزوور و موکری و بەڵباس هەمووی بوو، ناوەندی حکومەتەکەشی هەر دارشمانە بوو. لەگەڵ دانیشتووانی وەک یەک ئەژیا چەند کوڕێکی لێ کەوتەوە، هەژدە ساڵ لەوپەڕی سەربەخۆییدا ڕای بوارد. لە سەرەمەرگدا ساڵی ٩٩٧ک/ ١٥٨٨ز فەرهاد بەگی کوڕی کردە سەرۆک، هەروەها عەبدولقادری ڕۆستەمی بابانی. لێرەدا سلێمان بەگ بە کوڕی فەقێ ئەحمەد دائەنێت نەک کوڕی خان بوداق. جگە لەوەی لە ساڵەکاندا کە باسیان ئەکات فەرق هەیە، واتە لە لای عەبدولقادر ڕۆستەم بابانی لە ڕەوشی کوردانـدا لە پێشترە بە چەند ساڵێک، کەچی لە هەندێ شوێنی تردا ساڵەکان یەک ئەگرنەوە. بۆیە ناتوانرێت بەتەواوەتی بڕوا بەم سەرچاوەیە لە هەموو حاڵەت و کاتێکدا بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەڵێت، "ژنەکە مەبەستی لە کەیفانە. دوای ساڵێک کوڕێکی بوو ناو نرا سولەیمان جارێکی تریش کوڕێکی بوو ناو نرا عبدوڵڵا و پاشان بە نازناوی بابامیر ناسراو، بوو بە میری موکریان، ڕەوشی کوردان.
٢٣. ئەم تەیمورخانە، ناوی لە ڕەوشی کوردانـــی عبدوالقادر ڕۆستەم بابانیدا نەهاتووە. بەڵام تأریخ السلیمانیه وانحائهای ئەمین زەکی بەگ باسی خۆی و هەرسێ کوڕەکەی کە بریتین لە خانە بەگ فەرهاد بەگ و خالید بەگ ئەکات.
٢٤. ئەگێڕنەوە گوایە بەکر بەگ، کە ئەوەندە پابەندی جۆگا و ئاو و کشتوکاڵ بووە،

زۆرکات خۆی لە هەڵکەندنی جۆگای بەکرەجۆ بەپاچ و بە خاکەنازەوە وەک هەموو کرێکار یاخود فەلاحێک ئیشی تیاداکردووە.
- هەر ئەم بەکربەگەیە بە قسەی نووسەری ڕەوشی بابان گوایە بارەگای حکومەتی لە دارەشمانەوە گواستۆتەوە بۆ ماوەت بەڵام لە سەرچاوەی تردا وا نییە.
دیسانەوە زەمانی بەکر بەگ ئەوەندە بەخێر و بەرەکەت بووە. گوایە پێڵاوی پیاوەکانی زەنگۆڵەی ژێر پێڵاوەکانیان زێڕ بووە. بۆیە ئەو پیاوانە بە چەکمە زێڕ ناویان دەر کردووە.
٢٥. ئەم گردە جێماوی زۆر کۆنە و بەکر بەگ دەستی پیاهێناوەتەوە، چونکە لە شارەزووردا گردی تری لەو بابەتە هەیە، وەک گردی موان- موغان- موغ کە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی زەردەشتییەکان، موغ پیاوە ئایینییەکانی زەردەشت بوون، گردەکەی موغان موان نزیک دێی گرێزەیە هەروەها، لە دێی بێستانسوور، گردی یاسین تەپە هەیە. کە دایەرەی جێماوی کۆن تیا گەڕاون، جگە لەوانە قەڵای عەربەت هەیە ئەویش جێماوی گردەکەی ماوە کە ئەکەوێتە باکووری ڕۆژاوای دێی عەربەتی کۆن.
٢٦.بەکرەجۆ کە ئێستا ساڵی ٢٠١٤یە شارێکی گەورەی نزیک سلێمانیە و هەر بەناوی بەکر بەگەوەیە لە شوێنێکی کەی ئەم کتێبەدا هەوڵی سەربەخۆیی و جیابوونەوە و زیاتر زانیاری بەرامبەر بەم بەکر بەگە پیاوە هەیە.
٢٧. ڕەنگ هەیە ساڵ یا دوو ساڵیش زیاتر بووبێت ئەمین زەکی بەگ لە تأریخ السلیمانیە وانحائها ئەڵێت ساڵی ١٧٢١ ز خانە پاشا گیانی کردەوە بەبەر میرایەتیی بابانداا، ئەم پیاوە لە سەرەتادا بە پڕوپاگەندەی ئەشرەف خانی ئەفغانی خەڵەتا بەڵام لە دواییدا لێی هەڵگەڕایەوە و دایە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی، لە کۆتایدا دوور نییە بە دەستی ئەحمەد پاشای کوڕی حەسەن پاشای والیی بەغداد کوژرا بێت بۆچی؟ ئەوەش بەغرور پێ نەزانین وەک عەبدوڵڵای خازن بەرامبەر بە ئەورەحمان پاشا و وەک داود بەرامبەر بە مەحمود پاشای بابان کوڕی ئەورەحمان پاشا. واتە ئەنجامی ئەو هەموو یارمەتییە زۆرەی خانە پاشا بەرامبەر ئەحمەد پاشا. سەیری کۆتایی نادر شا بکەن.
٢٨.نووسەری الاربعە قرون الاخیرە للعراق کە لە تاریخ السلیمانیە وانحائهای وەر گرتووە ئەڵێت، "خانە پاشا خۆی کاروباری ئەردەڵانی بەڕێوە ئەبرد، خالید پاشای براشی کرد بە میری سلێمانی، بەڵام دوای چوار ساڵ لە ئەردەڵان ئیتر خانە پاشا گواستییەوە بۆ بەهەشتی ئەودنیا. هەردوو کوڕەکەی محەمەد بەگ و عەلی بەگ لە شوێنی دانیشتن و ولاتیان، ولاتی ئەردەڵان زۆر بەجوانی و پڕدادی ئەبرد بەڕێوە بەم جۆرە تا ساڵی ١٧٣٠ کە نادر قولی- نادر شا تەختی ئیمپراتۆرییەتی ئێرانی داگیر کرد. ئیتر بەڕێوەبەرێتیی بابان لە ئەردەڵان کۆتایی هات.
٢٩. خالید بەگ کوڕی تەیمورخان کوڕی خان بوداق کوڕی فەقێ ئەحمەدە خان

نازناوێکی ئێرانییە بۆ ڕێزگرتن.
٣٠. بەگوێرەی ڕەوشی کوردان. عبدولقادری ڕۆستەم بابان ساڵی ١١٢٢ک/ بەرامبەر ١٧١٠ز – تاکو ١٧١٩ حوکمڕانی بابان بووە. بە هۆی شەڕزەیی وەزعی سەفەوی و دەسەلاتی ئەفغانییەکان، ئەم پیاوە دەسەلاتی پەیدا کرد دوای ئەو محەمەد پاشای برای ساڵی ١١٤٤ک/ ١٧٣١ز دوانزە ساڵ حوکمی کرد. دوای ئەو مەحمود پاشای برازای ساڵی ١١٥٦ک/ ١٧٤٣ز حوکمی کرد، دوای هەژدە ساڵ برایم پاشای ئامۆزای دڕی ڕاوەستا. دوای دوو ساڵ شەڕ، مەحمود پاشا کتوپڕ مرد. برایم پاشا بوو بە ئەمیر و ڕێبەری قەوم تا ساڵی ١١٧٦ک/ ١٧٦٢ز.
ئەم زانیارییەی عەبدولقادری ڕۆستەم بابان. زیاتر لە مێژووی ڕووداوەکاندا لە هاتنە سەر حوکم پاش و پێشی میرەکانی بابان لەگەڵ سەرچاوەکانی تردا فەرقی هەیە. بۆیە کەمتر گوێی ئەدرێتی.
٣١. خانە پاشا پلەی پاشایەتی درایە و بوو بە میری میران. خالید بەگی براشی لە قەڵاچوالان بوو بە پاشای بابان، سنووری دەسەلاتی بابان لە هەمووکات فراوانتر بووبوو. لە کەرکوکەوە تا نزیک هەمەدانی ئەگرتەوە.
مێژوونوسانی ئەردەڵان بەستاییشەوە لە خانە پاشا ئەدوێن. بە پیاوێکی ژیر و شارەزا و دادپەروەر و بەویژدانی دائەنێن. کە هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ڕازیکردنی دڵی خەڵک و جێگیرکردنی ئارامی و ئاسایش و ئاوەدانیی مزگەوت و مەدرەسەیەکی گەورەی لە سنە بەتەنیشت دارالحکومەوە بنیات نا ساڵی ١٧٢٥ ز دوو مناڕەی بەرز لە مزگەوتەکەدا بوو، تا سەدەیەک ئاوەدان بوو. ئەمانوڵڵاخان. بۆ ئەوەی شوێنەواری بابان لە سنە بسڕێتەوە. تێکی دان و شوێنەکەی کرد بە باخی فیردەوس.
ل ٦١-٥/٦٢ کتێبی سێیەم. بەرگی یەکەم مامۆستا نەوشیروان مستەفا.
٣٢. ئیسماعیلی سەفەوی لە تەمەنی ٣٨ ساڵیدا ساڵی ١٥٢٤ جیهانی بەجێ هێشت تەهماسپی کوڕی جێگای گرتەوە. کە کابرایەکی بێجەوهەر بوو، بەڵام کە شا عەببباسی گەورە ساڵی ١٥٨٨ حوکمی ئێرانی گرتە دەست، بە (٦٤) ساڵ دوای ئیسماعیل، دەوڵەتی سەفەوی گەیشتە ئەوپەڕی شکۆ و بڵندی لە کاتێکدا، کە تەمەنی (١٧) ساڵ بوو. سوننی مەزهەب بە غول و شیعە بە قدیس ی پیرۆزیان ناو ئەبرد دوای شا عەببباس کوڕەزاکەی صفی ساڵی ١٦٢٩ هاتە سەر حوکم بەڵام کابرایەکی سەرخۆش و دوای کەیفکەوتوو بوو، هەروەها کوڕەکەشی کە شاعەببباسی دووەم بوو. هەروەها شاە سلێمانی کوڕەزای هەر لەو بابەتە و ساڵی ١٦٦٦- ١٦٩٤ کە ئەمانە کاروباری وڵاتیان بۆ پیاوە ئاینییەکان جێ هێشتبوو بە سەرهەڵدانی نادر قولی دەوڵەتی سەفەوی بەرەو ڕووخان ئەچووەوە تا بەدەستی خێڵی ئەفغانی کۆتایی پێ هات.
٣٣. دکتۆر علی الوردی لە بابەت نادر قولییەوە، لە لمحات اجتماعیە من تاریخ العراق

الحدیث- بەرگی یەک)ئەڵێت، "نادر قولی بە یەکێک لە شکۆدارەکانی مێژوو دائەنرێت لە بابەتی ئەسکەندەر و جەنگیرخان کە لە ئێراندا سەری هەڵدا. تاکو ئەوروپاییەکان بە ناپلیونی ڕۆژهەڵات ناوی ئەبەن.

ئەم پیاوە بەمندالی لەنزیک خراسان شوان بووە، دوایی بووبە چەتە و ڕێگر، تاکو وردەوردە ئەوەندە چەتە و ڕێگر دایانە پالی لە ساڵی ١٧٢٧دا ژمارەیان گەیشتە پێنج هەزار، ئەمەش لە کاتێکدا بوو، کە تەهماسب کوڕی شا حسێن دواشاهی سەفەوییەکان لە مازندەران ڕاست بووەوە، داوای عەرشی ئێرانی ئەکرد، خێرا نادر چوو بە فریادیەوە، خۆی و کۆمەڵەکەی خستە خزمەتیەوە، تەهماسب بڕوای پێ کرد و کردی بە سەرکردەی سوپا، بەم جۆرە تا ساڵی ١٧٢٩ توانیی ئەفغانەکان لە ئێران دەر بکات و ساڵی دواتر عوسمانییەکان لە ناوچەی ڕۆژئاوای ئێران کردە دەرەوە، سوڵتانی عوسمانی کە بەمەی زانی ئەحمەد پاشای والیی بەغدادی ساڵی ١٧٣١ نارد، سوپای ئێرانی شکاند، لەو کاتەدا نادر قولی لە خۆراسان بوو، کە بەمەی زانی گورج گەڕایەوە بۆ ئەصفەهان، تەهماسپی لەسەر تەخت لادا و کوڕە شەش مانگییەکەی خستە شوێنی و خۆشی وەک وصی دانا بەسەریەوە، ساڵی ١٧٣٣ ڕووەو بەغداد ڕۆشت و گەمارۆی دا، لە ئەنجامدا بەشکاویی گەڕایەوە، بۆ ئێران بەڵام دوای سێ مانگ جارێکی تریش سوپای هێنایەوە و بەغدادی دەورەدا بەڵام ناچار گەڕایەوە بەرەو ئێران بە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕش، دوای کشانەوەی لە بەغداد هێرشی بردە سەر ئازەربایجان و قفقاس و سوپای ڕوسی شکاند و هەروەها سوپای عوسمانی. شارەکانی تفلیس، گونجا، باکۆ، گەیلان، دەربەند، ڕەشت و مغان...ی داگیر کرد. لەم کاتەدا مندالە سەفەوییەکە مرد نادر خۆی بوو بە شای ئێران. دوای ئەوە خەوی بە نەمانی دەوڵەتی عوسمانییەوە ئەبینی و لە جێگای ئەو، شیعە، بخاتە ژێر باڵی ئەو دەوڵەتە ئیسلامیەوە.

ئەمانەش زۆری لە ڕووداوی ساڵی ١١٥٦ک/ ١٧٤٣ز حاوی کەرکوکلی باسی دەکات.

دانیشتووانی بەغداد کەوتنە ئەوپەڕی ناخۆشیەوە. بەڵام اعظمیە بە یارمەتی سوپای عوسمانی خۆیان نەدا بەدەستەوە، بۆیە نادر شا داوای لە ئەحمەد پاشای والیی کرد ڕێک بکەون. ئەویش قاییلبوونی خۆی بە محەمەد پاشا و سلێمان پاشا و وەلی ئەفەنی دا، بۆ نارد و ئەمەش پێویستی بە قاییلبوونی بابی عالی هەبوو، ئینجا نادر شا بەرەو شوێنە پیرۆزەکان- العتبات المقدسە کشا و فەرمانی دا، بە دەستپیاهێنانەوەی مەرقەدی خەلیفەی چوارەم، دوای ئەوە بەرەو کەربەلا، واشی دەر ئەخست کە وا خۆی لەسەر ڕێبازی سوننەیەو نامەی بۆ ئەحمەد پاشا نارد کە وا یەکێکی لە زانا ئاینییەکانی سوننەی پێویستە بۆ گفتوگۆکردن. لەگەڵ زانایانی شیعە بۆ نەهێشتنی ناکۆکی لەبەینیاندا. ئەحمەد پاشاش عەبدوڵلا سویدی بۆ دیاری کرد سویدیش لە کتێبەکەیدا النفحە المسکیە والرحلە الملکیەدا ئەڵێت، "لە کاتێکدا، کە دانیشتبووم، نێردراوی پاشا هاتە لام و داوای لێ کردم

بچمە لای، دوای بانگی ئێوارە چوومە لای ئەحمەد ئاغا و پێی وتم کە والیی داوات ئەکات کە بتنێرێتە لای شا. کەلێم پرسی بۆچی؟ وتی، زانایەکی سوننەی ئەوێت کە گفتوگۆ لەگەڵ زانایانی شیعە بکات. ئەگەر هەموو ڕێککەوتن ئەوسا هەموو ڕێبازی پێنجەم ئەگرن و ئەگەر نا، ئەوسا وەک خۆیان ئەمێننەوە."

١٦٦٦-١٦٩٤ کە ئەمانە کاروباری وڵاتیان بۆ پیاوە ئایینیەکان جێ هێشتبوو بەسەرهەڵدانی نادر قولی دەوڵەتی سەفەوی بەرەو ڕووخان ئەچوەوە.

باقییەکەی دووردرێژە لە دوحە الوزرا و لە لاپەڕە ٥٢تا ٦٣ بەعەرەبی هەیە دار الکتاب العربی- بیروت دوحە الوزرای ڕپەسول کرکوکلی وەرگێڕانی کاظم نورس- مکتبە النهجە بغداد لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی سالّی ١١٥٦ک/ ١٧٤٣زدا باسی هاتنی نادر شا بۆ جاری سێیەم بەرەو بەغداد ئەکات و باسی ئەو گفتوگۆ و قسانەی بەینی عبدالله سویدی زانای گەورەی سوننە لە بەغداد و لەگەڵ زاناکانی شیعە ئەکات و ئەڵێت لە بیابانی- صفان نادر شا زانایانی کۆ کردەوە و هەوڵیدا ڕێکیان بخات، لەوەدا زانایان لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کەشا لەهەموو بڕوا و دڵەوە هەڵبژێرن و پاڵپشتی بکرن. بەلام کۆمەڵی تورکە داغستانییەکان ئەوەیان پێ ناخۆشبوو و شەڕی شایان بۆ ماوەی چوار سال کرد بێسوود بوو، ئینجا پەنایان بردە بەر دەوڵەتی عوسمانی ئەویش هەر ئەیویست کارەکە بەسەلامەتی کۆتایی پێ بێنێت بۆیە پشتی نەگرتن، دوای ئەوە نادر شا بەرەو هندستان ڕۆیشت و جهاد ئابادی داگیر کرد، ئینجا ڕووەو تورکستان دوای ئەوە بەرەو ئەفغانستان و بەڵخ و بوخارا. هەر لەبەر ئەوەی ئەم هەموو وڵاتانەی داگیر کرد نازناوی شاهنشای لێ نرا، ئینجا ئەو گرێبەستانەی لەگەڵ عوسمانیدا کردبووی هەموویانی هەڵوەشانەوە، ئیتر وازی لە غەزا و داگیرکردنی وڵاتان هێنا، لە ڕێی بەغدادەوە گەڕایەوە بەنیازی کشان بەرەو ڕۆم، پیاوی نارده لای ئەحمەد پاشای والیی وەزیری بەغداد و کەتێپەڕی. ئینجا چەند هەزار سەربازێکی نارد بە بیانوی خواردەمەنی کرینەوە بۆ سوپا، دەوری بەغداد و دێهاتەکانی پێ گرتن، دوای ئەوەی نەوەد هەزار سەربازی نارد بۆ گەمارۆی بەسرە و بەشێک لە شارەزوور. دوای گرتنی شارەزوور بەرەو کەرکووک کشا و بۆ ماوەی هەشتا ڕۆژ گەمارۆی دا چونکە دانیشتوانی بەرگری ئەوپەڕی ئازایەتیان کرد ڕەسول حاوی چونکە خۆی کەرکوکییە بۆیە بەم جۆرە باسی کەرکوک ئەکات دوای داگیرکردنی کەرکوک و تالان و دەستدرێژکردنە سەر ئافرەتیان و زانایان و جەزالیسەندنیان و ئەوانەی سەرانەیان نەدا وەک بنەماڵەی موفتی بەبەندی لەگەڵ خۆیدا بردنی، ئینجا بەرەو هەولێر کشا، لەوێش وەک کەرکووکی دووپاتی کردەوە، ئینجا بەرەو موسڵ دوای گەمارۆدانی و چل هەزار مووشەکی بە دیوارەکانییەوە نا ئینجا مەنجەنیق تا حەوت ڕۆژ، نەیتوانی داگیری بکات فەرمودەکەی شێخ حەسەنی گلەزەردەی لێهاتە دی (ج.ب) و ناچار بەرەو بەغداد کشایەوە.

مامۆستا نەوشیروان مستەفا لەم ڕووەوە ئەڵێت، "کاتی هێرشەکەی نادر شا. خالید پاشا میری بابان بوو. کە ئوردوی نادر گەیشتە کوردستان، خالید پاشا لە سەردەشت ڕێی پێ گرت، بەڵام لە توانای هێزێکی بچوکی وەک لەشکری بابانـدا نەبوو، بەری بگرێت، دوای گرتنی ناوچەکە لەلایەن نادرەوە، خالید پاشا بە خاووخێزانەوە ڕووی کردە موسڵ. هەر لەوێدا ئەڵێت، "کوردەکانی ناوچەی بابان بەدەگمەن هاوکارییان لەگەڵ نادر کردووە لە کاتی هێرشەکەی دا، نەخۆشکەوتنی خالید پاشا و موناجاتی شێخ صادق هاوسەفەری بە یەکەمین شیعری زاراوەی بابان دائەنرێت. خالید پاشا بەو نەخۆشییە سالّی ١٧٤٣ز لە ئورفا مرد. چەند کوڕێکی لەدوا بەجێ ما کە ئەمانەن، (١. سلێمان، ٢. ئەحمەد، ٣.محەمەد، ٤. مەحمود، ٥.عومەر، شایانی باسە ئەو سلێمانە سلێمان پاشای مقتولە. ئەحمەدیش ئەحمەد پاشای باوکی ئیبراهیم پاشای بوونیادنەری شاری سلێمانییە سێیەمیان محەمەد پاشایە کە براکەی چاوی هەڵکۆڵی خۆشی لەداخ و پەشیمان بوونەوەدا ئەوەندەی نەبرد مرد، چوارەمیان مەحمود پاشای باوکی ئەوڕەحمان پاشای بەناوبانگە، ئەو مەحمود پاشایەی قشلەیەکی لەسەر گردی دەبۆکە سالّی ١٧٨١ لە سلێمانی دروست کرد.

لێرەدا عەبدولقادر ڕۆستەم بابانی لە ڕەوشی کوردانـدا ئەڵێت، "خالید پاشا سالّی ١٠٤٧ک/١٦٣٧ز هاتە سەر حوکم، بە گشتی بۆ ئاساییشی خەڵک و ئاوەدانی ووڵات تێکۆشا، سالّیانەیەکی تەواوی دیاریکراوی لە سەر خەڵک دانا، بیست سالّ حوکمی کرد، پاشان موڵکی تەواوی بە محەمەد پاشای کوڕی دا و خۆی کۆچی دوایی کرد.

٣٤. ئەمین زەکی بەگ لە تأریخ السلیمانیە وانحائها دەڵێت، "خالید پاشا کە حوکمداری میرایەتیی بابان بوو، ئەو بوو ڕێگای لە سوپای نادر شا گرت، نەیهێشت بەئاسانی بە ناوچەی سەردەشتدا تێبپەڕێت، ئەمەش بە هۆی یەکێک لە سەرکردەکانییەوە بوو.

٣٥. ئەم مشتومڕ و چەن دو چوونە زیاترە، ئەوی حەز لە لەهەمووی بکات، سەیری ل٧١ تاکو ل٧٨ لە مێژووی میرایەتیی بابان- حسێن نازم بەگ بکات.

٣٦. بێگومان ئەو دانوساندنە یاخود ئەو گفتوگۆیەی بەینی نادر شا و سەلیم بابان جەنابی حسێن نازم بەگ، لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە گەیاندوویەتییە ئێرە.

٣٧. دیارە نادر شا کە لە شوانێکەوە، لە چەتە و (حەمە تاڵێکەوە،) گەیشتبێتە پلەی شای ئێران. هەرچۆنێکی لێک بدەیتەوە زۆر کەسایەتییەکی بەتوانا بووە، بۆیە ناویان ناوە ناپلیۆنی ڕۆژهەڵات. بەم گفتوگۆیەی لەگەڵ سەلیم بابانـدا. بۆی دەر کەوتووە کە سەلیم کابرایەکی ئازا و بوێر و زیرەکە. بۆیە زیاتر ڕووی داوەتێ. بابانەکانیش بۆ ئەوەی لە گورزی خەلافەتی امیر المؤمنینی درۆ و والییە کولەمەنەکانی بەغداد ڕزگاریان ببێت، هەمیشە بە دوای پشت و ئەرخەیەکدا گەڕاون. سا لەو زەمانەشدا نادر شا هێز و دەنگۆی بە هەموو جیهاندا بڵاو بووبوەوە. ئیتر بۆچی خۆی نەداتە پاڵی لە کاتێکدا بە قسە و وەڵامەکانی سەلیم دا دەر ئەکەوێت کە مەبەستی پەرەپێدانی قەڵەمڕەوی بابان و

سەرکەوتنی بنەماڵەکەی خۆی بووە نەک نوشوستی و بەدەستەوەدانی.
٣٨. شێخ حەسەن لە دێی گلەزەردەی سەر شاخی گلەزەردەی بەرامبەری سلێمانی دائەنیشت پیاوێکی ئایینی پیرۆز و خەریکی کەشناسی و ئەستێرەناسی بوو، هەر لەو ڕێگایەوە پێشبینی سەرنەکەوتنی نادر شای کردووە لە هێرشدا بۆ سەر موسڵ و کوشتنی نادر خۆیدا بە دەستی خزمێکی خۆی و پێشبینییەکانی ڕاست دەر چوون.
شێخ حەسەن نەوەی شێخ عیسای بەرزنجەیە کە لە ساڵی ٦٥٦ک بەرامبەر بە ١٢٥٨ز لەگەڵ شێخ موسای برایدا لە هەمەدانەوە کۆچیان کردووە و لە دێی بەرزنجە نیشتەجێ بوون. شێخ موسای برا گەورە نەوەی لەپاش بەجێ نەما، بەڵام نەوەکانی شێخ عیسا گوایە دوانزە کوڕ بوون دایکیان خاتو فاتمەی کچی حاجی شێخ خاڵی گێڵدەرە بوو.
ئەو کوڕانە بە ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوک و شوێنەکانی تردا بڵاو بوونەوە حەزرەتی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ و شێخ مەحمودی نەمر، یەکێکن لە نەوەکانی ئەو شێخ عیسای بەرزنجەیە.
شێخ حەسەنی گلەزەردە ١٦٧٧-١٧٦٢ شێخێکی ناسراوی تەریقەتی قادری و ئەستێرەناسێکی شارەزا بووە و تا ئێستاش حسابی گلەزەردە لەناو خەڵکدا ماوە، نادر شا بەهەڕەشە داوای کرد بچێتە لای، ئەویش کەنەفتی و تەن نادروستی خۆی کرد بە بیانوو نەچوو نەوشیروان ل٧٨بەرگ ٣ باسی بابانـدا ئەڵێت.
شێخ حەسەن جگە لەوە، ئامۆژگاری نادری کرد، کە واز لە حصاری موسڵ بێنێت چونکە سەر ناکەوێت و بەدەستی خزمێکی خۆشی ئەکوژرێت. هەردوو پێشبینییەکەی ڕاست دەر چوو.
٣٩. ئەم قسە یاخود ئەم فەتوایە کە هەندێ زانایانی کورد. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی ڕاست و درۆی خەلافەتی عوسمانی کە بوو بە هۆی کوشتن و لەناوبردنی چەندەها لەشکری بەرگریی و چەندەها ڕۆڵەی دڵسۆزی کورد لە بابانەکان و لە میری گەورەی ڕەواندز، ئەوەتا دکتۆر عەلی الوردی لە لمحات اجتماعیە بەرگی یەکەمدا ئەڵێت، "لە سەردەمی سوڵتان عوسمانی محمد الفاتح، شاری قوستەنتەنیەی ئەوسا کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا گەورەترین و جوانترین شاری جیهان بوو، ساڵی ١٤٥١ز داگیری کرد، دوای ئەوەی نزیکەی هەزار ساڵ پایتەختی بیزەنتیەکان- ڕۆمانەکانبوو، دوای شەڕی چاڵدێران لەگەڵ ئێران ساڵی ١٥١٤ز دوای داگیرکردنی میسر ساڵی ١٥١٦ز لە شەڕی مرج دابق نزیک حەڵەب، شام و قاهیرەی لە ١٥١٧زدا هەمووی داگیر کرد و گومان بای سەرۆکی مەمالیکی حاکمی ئەوسای میسر ئیعدام کرا و هێشتا سوڵتان محمدی فاتح هەر لە میسر بوو، بەڵام دوای ئەو هەر لە قاهیرە پیاوێک مابووەوە لە توخمی زنجیرەی بنەماڵەی عەبباسییەکان ناوی محمد المتوکل علی الله وازی لە خەلافەتی ئیسلام هێنا بۆ سوڵتان سەلیمی عوسمانی جگە لەوەی جێماوە پیرۆزەکانی پێغەمبەری تەسلیم

کرد، کەبریتی بوون لە بەیرەق و شیر و بوردە و کلیلەکانی حەرەمەینی شەریفەین، لەوساکەوە هەر سوڵتانێکی عوسمانی بە امیر المؤمنین و خەلیفەی پێغەمبەر ناو ئەبرێن، و عوسمانیەکانیش بوونە شوێنکەوتووی ڕێبازی حەنەفی، ئەبو حەنیفەش لەوەوپێش فەتوای دابوو. بە ڕێدان و بەگواستنەوەی خەلافەت بۆ غەیری قوڕەیش. هەرچەندە ساطع الحصری قسەی گواستنەوەی خەلافەت بۆ عوسمانییەکان لە بنچینەدا بە درۆ ئەخاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا عوسمانییەکان ئەم هەلەیان قۆستەوە و لەسەریشی ڕۆیشتن و سوودێکی زۆریشی پێ گەیاندن.

وەک وتمان دوو میرنشینی گەورە و بەناوبانگی کورد زیاتر بە فەتوای پیاوە زانا و ئاینییەکانی کوردەکەی خۆمان لەسەر دەستی عوسمانییەکاندا پشتبەستوو بەو فەتوایانە لەناو بران،

یەکەم، شەڕی ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشای بابان ساڵی ١٨٤٧-١٨٥٠ لەگەڵ سوپای عوسمانی بە سەرکردایەتی نەجیب پاشای گۆێز لکلی، وەک ئەگێڕنەوە چەند زانایەکی ئایینی فەتوایان داوە هەرکەسێک چەک دژی سوپای سوڵتان و خەلیفەی ئیسلام بەرز ئەکاتەوە تەڵاقی ئەکەوێت. بەم جۆرە ئەم فەتوایە بە ناو سوپای ئەحمەد پاشادا وەک ئاگر و پوشوو بڵاو بووەوە، لە کاتێکدا، کە ئەحمەد پاشا دەخالەت و داوای ڕێککەوتنی نەجیب گویزلکلی قبوڵ نەکرد چونکە لەوپەڕی سەرکەوتندا بوو، سوپای ئەحمەد پاشا هەریەکە بە لایەکدا تێی تەقان. بەو جۆرە سوپای عوسمانی بەرەو سلێمانی بووەوە و میرنشینی بابان لە سلێمانی ساڵی ١٨٥٠ز هێجگاری کوژایەوە، دوای ئەوەی زیاتر لە سێ سەدەی بەسەر برد لە کوردستانی خواروودا.

دووەم، میرنشینی سۆران لە ڕەواندز، کە سوپای عوسمانی نەیتوانی میری گەورەی ڕەواندز حەمە پاشا قوڵبەست بکات تاکو مەلای خەتێ فەتوای لە شێوەی فەتوای مەلاکانی تر دەر کرد دژی بەرگری، بەوە سوپاکەی پاشای ڕەواندز بڵاوەیان لێ کرد لە کاتێکدا کە ئەو سوپایە تۆپەکانی وەستا ڕەجەبیان لە پشت بوو، لە ئەنجامدا پاشای گەورە ناچار خۆیدا بەدەست لەشکری عوسمانییەوە. کە ڕاپێچیان کرد بۆ ئاستانە – ئەستەمبوڵ و لە گەڕانەوەدا لە ڕێگادا بەگوێرەی بڕیاری لەوەو پێشتر هەلیان بۆ هەڵکەوت کوشتیان.

سێیەم، وەک لەم لاپەڕانەدا دەر ئەکەوێت سەلیم پاشا کوڕی بەکر بەگ ئەویش لەسەر فەتوای سادات و شێخان، لەشکری سەلیمیان والێ کرد ئەوانیش چەک دژی سوپای ئیسلام و خەلیفە بەکار نەهێنن. سەلیمیش ناچار وازی هێنا و ڕووی کردە ئێران و دوایی گەڕایەوە عێراق، ئەنجام ئەویش لەناو چوو.

٤٠. جیاکردنەوەی سەر لە لەش و ناردنی بۆ ئەستەمبوڵ فەتوایان دژی ئەم جۆرە دڕندایەتییە داوە یان نا؟

ئەم والییانە ئەم کەللەسەرانەیان ئەنارده ئەستەمبوڵ بۆ خزمەتی سوڵتانی ئیسلام و خەلیفەی پێغەمبەر بە چەند ڕۆژ ئەگەیشتنە ئاستانە خراپ ئەبوون و تێک ئەچوون بۆگەنیان ئەکرد، بەڵام هەر بۆ ڕووسوری خۆیان ئەمەیان ئەکرد، کە بە ڕووڕەشی خۆیان و بەڵگەی وەحشەتی خۆیان پیشان ئەدا، باشە ئەوانە بەبەندی بێڵەرەوە و فرێیان بدەرە بەندیخانەوە، دەخالەتیان قبوڵ بکە و مەیان کوژە و لە هەڵێکی تردا سوودیان لێ وەر بگرە. بەڵام ئەڵێی چی! ئەمە شریعە الغاب شەریعەتی بەناو خەلیفەی پێغەمبەر بوو) ئەو کەسانە خەتایان کرد بەڵام سزای درندەکانی دارستان بەم جۆرە بووە؟

٤١. ئەم سلێمان پاشایە لە میرە لێهاتووەکانی بابان بوو. خۆی تەواو جێگیر کرد. سنووری دەسەڵاتی گەیشتە کۆیە، هەولێر، بەدرە، جەسان، مەندەلی، زەنگاباد، قەرە حەسەن و ئاڵتون کوپری... جگە لەوەی بایەخێکی زۆری دابوو، بە مزگەوت و مەدرەسە و کتێبخانە، مەدرەسەکانی قەڵاچوالان بوون لە مەلای گەورە و قوتابی و فەقێ. لە وەقفنامەکەی سالی ١٧٦٠ نووسیویەتی و ژمارەیەکی زۆر لە زانا دینییە ناسراوەکان ئیمزایان کردووە مولکومالێکی زۆری تیادا وەقف کردووە. وەک تومارەکەی ڕێچ باسی دەکات سلێمان پاشا لە زەنگابادیش مزگەوت و خان و حەمامی دروست کردووە. بایەخێکی زۆری بە پیشە و پیشەسازی داوە مێژوونووسەکانی تورک ئەڵێن، کە لە قەڵاچوالان کشاوەتەوە بۆ سنە. پیشەسازەکانی لەگەڵ خۆی بردووە بۆ ئەوێ. یەکێک لەوانە وەستای دروستکردنی باروت بووە. چونکە کەرەستەیەکی گرنگی هەبووە و ئامادەی کردەوە بۆ کاتی خۆی.

منیش جەمال بابان ئەڵێم، "ئەم سەنەدی وەقفیەیەی سلێمان پاشایە، گەیشت بە باپیرم عەزمی بەگی بابان لە کاتێکدا، چلەکانی سەدەی ڕابردوو بوو، خوالێخۆشبوو شێخ محەمەدی خاڵ هاتە لای باپیرم بۆ بینینی ئەو سەنەدە و وێنەگری لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، وێنەی گرت و ئەو وێنەیە بڵاو کراوەتەوە. من گەڵێک بە دوای ئەو سەنەدەدا وێڵم، ئەگەر دەستم بکەوێت مایەی شانازییە بۆ بنەماڵەکەمان کە بڵاوی بکەمەوە لە سالێکی سییەکانی سەدەی ڕابوردوودا و مامۆستای خاڵ ئەم باسەی دورودرێژ لە کتێبەکەیدا الشیخ معروف النودهی البرزنجی بڵاو کردۆتەوە.

بەشی دووەم

میرایەتیی سلێمان پاشای خالید بابان

ئەمەیە سلێمان پاشای گەورەی قەلاچوالان، کە سەرچاوەمێژوویییەکان بە سلێمان پاشای کۆڕاو بە دەستی فەقێ برایم ناو دەبرێت، کە ساڵی ١١٦٤ک/ ١٧٥٠ز لەسەرتەختی قەلاچوالان دانیشت.

پیاوێکی بەدین و ڕەوشتبەرز و ئاغر و سەنگین، والییی بەغداد ناوچەکانی کۆیە و حەریر و ئالتونکوپری و زەنگابادی خستە ژێر قەڵەمڕەوی ئەوەوە. جگە لەوە، ئەو ساڵانەیەی حکومەتی بابان ئەیدا بە خەزێنەی ولایەت بۆ پۆشتەکردنەوەی سوپا و ئامادەکردنی کەلوپەل و کەرەستەی جەنگی خەرج بکرێت و نەنێردرێتە بەغداد، بەتایبەتی بۆ سوپای بابان بۆ ئاگاداریی سنوری عێراق لە سنووری کوردستاندا خەرج بکرێت. چونکە لەوەوپێش ساڵانە بڕە پارەیەکی دیاریکراو لە داهاتی ناوخۆ ئەدرا بە بەغداد، هەرکاتێکیش پێویست بە هاوکاری سوپاییی بکردایە حکومەتی بابان ئامادە بوو بۆ یارمەتی، وەکوتر وڵاتی بابان سەربەخۆ بوو، کاروباری خۆی کاربەدەستی خۆی بەڕێوەی دەبرد.

بەڕێز خوالێخۆشبوو حسێن نازم بەگ لە بابەت سلێمان(١) پاشای والییی بەغدادەوە ئەڵێت، نانایەکی دینی و نیشتمانپەروەر و سیاسەتمەدارێکی مەزن بوو. هەر لەو ڕوانگەیەوە سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکەکانی خانە پاشا، ئینجا تخریبات و فڕوفێڵی نادر شای هەموو بەعەقڵ و ئێکدانەوە ڕەچاو کرد، هەر لە سەر ئەو بنەمایە ئەیویست بنەماڵەی بابان بەهێز بکات و پشتیان پێ ببەستێ.

بۆیە ڕێی بە سلێمان پاشای بابان دا، کە تەشکیلاتی عەسکەری ساز بدات و پێویستیەیکانی جەنگ ئامادە بکات. دەسکەلای شەڕ لەو ڕۆژانەدا بە ڕم، تیر، کەوان، گورز، تۆپز، قەڵغان و زرێ لە هەندێک جاردا تۆپ بەکار ئەهات.

سەرهەڵدانی کەریم خانی زەند(٢)

ئەم پیاوە یەکێک بوو لە سەرۆکەکانی کوردی ئێران و سەرخێڵی زەند کە توانی لە ناوچەکانی ئەسفەهاندا جێی حوکم بەدەست بهێنێت. ئەوە بوو سەلیم بەگ چووە پاڵی لەپێناوی

بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی لە خواستیدابوو، دوای ئەوەی کەریم خان دەسەلاتەکەی خۆی چەسپاند و مەترسی نەما، لەسەر داوای سەلیم بەگ کەوتە یارمەتی دانی.

شەڕی دوانزە سوارەی مەریوان،

بەگوێرەی کتێبەکەی حسێن نازم بەگ، کەریم خان هێزێکی سوپایی زیاد لە دوانزە هەزار جەنگاوەریی بۆ سەلیم بەگ(٣) ڕێک خست و بەو هێزەوە گەیشتە مەریوان، بەرپرسێکی بابان لەو کاتەدا لە قزڵجە بوو گورج تەتەرێکی نارد قەلاچوالان تاکو لەم هێرشە خافڵگیرە ئاگاداریان بکات.

گوایە سلێمان پاشای بابان فێرە، نوستنی نیوەڕوان بووە، کە بەئاگایان هێناوە و هەواڵەکەیان پێ گەیاندووە. تووڕەبووە وتوویەتی فەرماندە و ئەفسەرانی سوپای بابان، چاوەڕێی چی ئەکەن؟ ئەیانەوێت لەمە بێدەنگ بن و من بچم بۆ شەڕ؟ ئەم سەرزەنشتە کاری کردە سەر سەرکردە قارەمانەکان کە بریتی بوون لە:

١. سەلیم سێ تەنگە واتە سەلیم بەگی بابان.
٢. ئامۆزایەکی پاشا.
٣. مەحمود بەگ.
٤. جوامێر ئاغای ڕەنگینە.
٥. بریندار ئاغا.
٦. زوڵاڵ ئاغا.
٧. محەمەد بەگی مەرگەیی.
٨. ئەحمەدەڕەشی دارۆغا.
٩. ئەکرەمی مەلا هەمزەی ئەفغانی، ١٠و ١١و١٢ واتە سیانی تر ناویان ساغ نەبۆتەوە، تێکڕا دوانزە بوون، ئەم پاڵەوانانە هەموو کاڵای جەنگیان پۆشی و پڕ بەچەکەوە ڕوویان کردە سەربازگەی دوژمن ئەمانە دوانزە سوارەی مەریوان. کە ناوونیشانی شانازین، بەسەرهاتی پڕ جۆشوخرۆشی مەردانەیان هەتا دنیا مابێت بە ڕێز و گەورەییەوە لە میژووی کورددا ئەمێنێتەوە و شەرەفی میژوویییشیان ئەدرەوشێتەوە. بۆیە وەک هەست بە مەسئوولیەت، چاوەڕێی ئەمری پاشایان نەکرد، گیانی مەعنەوییان شەوقی ئەدایەوە، هەڵمەتەکەیان بە جۆرێک بوو کە وا بۆ بەهەشت ئەچن، نارۆنە مەیدانی جەنگ. بەم جۆرە ئێوارە ڕێک کەوتن پاش دوو سەعات گەیشتنە سەربازگەی جەنگ.

بەگوێرەی ئەو بەرنامەیەی دایان نابوو. وەک شێر چوونە مەیدانی شەڕەوە، هەریەکەیان سوارێکی تەپڵێدەر لە دوایانەوە، بەتەپڵێدان و بەدەم ئەڵاهوئەکبەرەوە پەلاماری دوژمنیان دا، کە لەناکاو بەئاگا هاتن لە نوستن. بەڵکو پەشۆکان و تەواو شڵەژان، هەر تارماییەک بهاتایە بەردەمیان تەقەیان لێ ئەکرد، واتە خۆیان لە خۆیان لەترسا ئەکوشت، ژمارەیەکی کەم لەو سوپایە مایەوە، سەرکردەکانی بابان سەرقاڵی هێرشی خۆیان بوون لە چەپەوە بۆ ڕاست و

بـە پێچەوانەشـەوە، زۆربـەی هێزی دوژمـن، یـان هەڵهاتـن یـان کـوژران، یـان بەبریندارى مانـەوە، شـەهیدانی پاڵەوانانـی بابانیـش ئەمانـە بـوون، سـەلیم سـێ تەنگـە و ئەکرەمـی مـەلا هەمـزەی نەغفانـی و جوامێـر ئاغـا ڕەنگینـە و زوڵال ئاغـا و محەمـەد بەگـی مەرگەیـی.

لـە قارەمانانـی بابـان، سـێ کەسیشیان لـێ بریندارببـوو بـوون، ئـەم سـەرکەوتنە مەزنـە مێژوویـیە، پەرەکانـی مێژووی کوردسـتان دەڕازێنێتـەوە نمونـەی مەردایەتـی ئـەو پاڵەوانانـە بـوو(٤)، سـلێمان پاشـا کـە کارەکەیـان بـۆ ڕوون کـردەوە، زۆری لا گـران بـوو، کـە ئـەو سـوارانە بەبـێ سـەرباز و بەبـێ چـەک ڕۆیشـتوون، هـەر گـورج خـۆی سـواربوو ڕووی کـردە مەیدانـی جەنـگ تـا گەیشـتە قزلجـە، لـە قزلجـە چیرۆکـی داسـتانی ئـەو پاڵەوانانـەی بیسـت زۆر دڵگـران بـوو، بـە شـەهیدبوونی ئـەو ڕۆڵـە نەبەزانـە، ئیتـر ئەویـش هەرچییـەک بـکات تـازە بێسـوودە، ئەوانـە سـێ ئاڵای شـانازییان بـۆ گەلەکەیـان جـێ هێشت.

ئاڵای یەکەم، تێشکاندن و قڕتێخستنی دوژمنێکی بەهێز و هێرشبەر.

ئاڵای دووەم، توانایی یەک بەهەزار بەرامبەر بە ئێرانیەکان.

ئاڵای سـێ یـەم، سـەرکەوتنی موعجیزەی مێژوویی بابان.

گەڕانـەوەی سـەلیم پاشـا بـە پاشـماوەی هێـزە شکسـتخواردووەکەی ئێرانـەوە کارێکـی خراپـی کـردە سـەر دەروونـی کەریـم خـان، سـەلیم دوای ئـەو تێکشـکاندنە جەرگبـڕە، هـەر وازی نەهێنـا، بۆیـە سـاڵی ١١٧١ک/ ١٧٥٧ز لـە ناوچـەی سـنە و بێجـار کەوتـە هێزکۆکردنـەوە کـە سـلێمان پاشـای بابـان لـە قەڵاچـوالان بـەوەی زانـی بڕیاریـدا کۆتاییـیەک بـۆ سـەلیم دابنێـت، بێگومـان ئـەم جـارەش ئـەو هێزەی سـەلیم کـۆی کردبوونـەوە خـراپ تێکشـکان و بڵاوەیـان پـێ کرایـەوە.

سـەلیمیش لەنـاو دارسـتانەکانی چیاکانـی ئـەو نـاوەدا خـۆی شـاردەوە و لـە دواییـدا خۆیـدا بەدەسـت سـلێمان پاشـای والیـی بەغدادەوە، ئەویـش ئەیزانـی سـەر بـە ئێرانـە و ناحـەزی بنەماڵەکـەی خۆیەتـی کـە بابانـە و چـاوی لـە حوکمـی قەڵاچوالانـە. بێدەنـگ ئەمـری کـرد بـە ئیعدامـی(٥) و لەنـاو بـرا.

دوای بڕانـەوەی مەترسـی سـەلیم پاشـا، ناوچـەی بابـان چەنـد سـاڵێک ژیانێکـی ئاسـوودەی بـردە سـەر، خانـە پاشـا کوڕێکـی لەپـاش بەجێمـا نـاوی محەمەدبـوو، دوای کوشـتنی باوکـی لەلایـەن ئەحمـەد پاشـای والیـی بەغـدادەوە، ماوەیـەک بنەماڵەکـەی لـە ئەردەڵانـی ئێران مانـەوە، کاتێـک نـادر شـا پەلامـاری وڵاتـی بابانـی دا، محەمـەد بەگیـش ئەردەڵانـی بەجـێ هێشت و دەربـاز بـوو. سـاڵی ١١٧٥ک/ ١٧٦١-١٧٦٢ز محەمـەد بـەگ بـە هێزێکـی قورسـەوە لـە ناوچـەی باجەڵانـەوە کەوتـە ڕێ بـۆ پەلاماردانـی قەڵاچـوالان، سـلێمان پاشـای حاکمـی قەڵاچوالانیـش کاتێـک بەمـەی زانـی هێـزی خـۆی سـاز کـرد، هـەردوو هێزەکـە لـە پێبـاز یـەک دگیـر بـوون، پـاش چەنـد پێکدادانێـک محەمـەد شـکا و سـلێمان پاشـا خـۆی گرتـی و کوشـتی.

دانانی عەلی کەهیە بە والیی بەغداد دوای وەفاتی سلێمان پاشای والیی

سـاڵی ١١٧٥ک/ ١٧٦١ز دوای سـلێمان پاشـا کـە وەفاتـی کـرد، عەلـی کەهیـە کـە یەکێـک بـوو لـە

کەهیەکانی ولایەتی بەغداد بوو بە والیی بەغداد و بەسرە بە پلەی وەزیر دانرا.

هەروەها م. نەوشیروان مستەفا لەم بارەیەوە بەپشت بەستن بە هەندێک سەرچاوە لە لاپەڕە ٩٠ برگەی حەوت بەرگی سێیەمدا ئەڵێت، "هەندێک لە نووسەرانی ئەو سەردەمە ستاییشی زۆری سلێمان پاشایان کردووە، نووسەری دوحە الوزرا نوسیویەتی، 'سلێمان پاشا ئەو پیاوە صاڵحە بوو، کە تەقوای یەزدانیان کردبوو بە شیعاری خۆیان و لەو گوێڕایەڵانە بوو کە ئەم ئایەتە کەریمەیان جێبەجێ کردبوو وأطیعوا اللە والرسول واولی الامر منکم' حاکمی ناوچەکانی بابان و هەولێر و کۆیە و هەریر و کوپری و قەرەحەسەن و زەنگاباد... بۆ ماوەی دوانزە ساڵ کاروباری بە جۆرێک بەڕێوە ئەبرد، خوا و پێغەمبەر و دەوڵەتی بەرزی لێ ڕازی بوو. لەو ماوەیەدا کەسێک نەبوو شکاتی لێ بکات یا لێی یاخی ببێت، لە سنەوە تا کەرکوکی لەبەر دەستدا بوو."

هەروەها مامۆستا نەوشیروان دوو خاڵی تری دەر خستووە لە ڕۆژگاری بابان، "یەکەمیان، ئەمەیە دوای لابردنی محەمەد پاشای بابان لە حوکمی قەڵاچوالان مەحمود پاشای برای لەلایەن عومەر پاشاوە لە شوێنی دانرا، بەڵام مەحمود بە ئارەزووی خۆی دەستی لە میرایەتی هەڵگرت بۆ ئەحمەد پاشای برای."

مامۆستا نەوشیروان ئەڵێت، "ڕەنگە ئەمە یەکەمین جار و دواییش بێت میرێکی بابان بە ئارەزووی خۆی دەست لە پاشایەتی هەڵبگرێت بۆ براکەی، مەحمود پاشا برای هەرەبچوکی چوار براکە و باوکی ئەوڕەحمان پاشای بەناوبانگ بوو.

شەڕی دوانزە سوارەی مەریوان لە ئەفسانەوە بۆ واقع
لە ئەفسانەوە بۆ واقع بەگوێرەی چەند سەرچاوەیەکی تر

پیرەمێردی بە هەشتی زۆر جوانی فەرمووە کە ئەڵێت، منداڵ بووم هەرچەند بەیتی دوانزە سوارەیان بۆ ئەکردم. بەو منداڵییە خۆم بە پاڵەوانێک دەزانی، کە داراغا دەیگووت، کوڕینە فیدای هەڵمەتی شێرانەتان بم،

ڕۆژێکە و ئەمڕۆ، ڕووی خاکەکەتان سپی بکەن، منیش بەخەیاڵ لنگم ئەدا، هێجگار کەئەیانخوێندەوە،

جوامێراغای ڕەنگینە
پلنگی چنگ بەخوێنە

من شەیدای ئەبووم، ئینجا زۆر ئاواتەخوازبووم، بۆم هەڵبکەوێت ئەم دوانزەسوارەیە بنووسمەوە، بەڵام هیچ بەڵگەو بناغەیەکم دەست نەکەوت، ڕاستورەوان باوکم چۆن لە باپیرمی بیستووە و منیش چۆنم لە باوکم بیستووە، نووسیمەوە و ئەمیش ڕاستەکەیەتی ئۆف شاعیرەکانی پێشین!

لـەم بەیتـەدا کـە پیرەمێردی نەمـر دووڕودرێـژ هۆنیویەتـەوە، ڕووداوەکـە ئەگەڕێنێتـەوە بـۆ ئـەو سـەردەمەی، کە شـار قەڵاچوالانـە، ئەحمـەد پاشـای گـەورە مەشـهوورە بـە شـا غـازی ئەحمـەدی(٦) لەشکرشـکێن حوکمڕانـە، دەور دەوری شـیر و قەڵغانـە، سـوارەی بەبـە بەڕاسـتی مـەردی مەیدانـە.

سـوارچاکەکانیش بریتین لـە سـەلیم سێ تەنکە (٧) و ئەکرەمـی مـەلا هەمـزەی ئەفغانی و جوامێر ئاغـای ڕەنگینە و ئاغـاڵ ئاغـای سـیوەیلی و زەینـەڵ بەگی مصـرف و مەحمـود بەگی قەدیمی بـاش چـاوەش و داراغـای میـرەدێ و فەرامـورزی زەنگەنـە و سـواراغای بەڵبـاس و مامەنداغـای میـراو دەڵی و شـاپوراغای بەختیـاری و زوڵاڵ ئاغـای مەرگەیی و میـران بەگی وەڵـەد بەگی و چەڵەبـی قەدیمـی هەمەوەنـد(٨).

لێرەدا مامۆسـتا نەوشـیروان مسـتەفا ئەڵێت(٩)، چیرۆکـی دوانزەسـوارەی مەریـوان کـە لەنـاو کورددا وەکو ئەفسـانەیەکی نەتەوەیی لێ هاتووە و پیرەمێرد بە شـێوەیەکی ئەدەبی دای ڕشـتۆتەوە، ئەبێت لـە سـەردەمی میـر سـلێماندا ڕووی دابێت، گوایـە دوانزەسـواری بابـان لـە شـەبەیخونێکی کتوپـڕدا ئـەدەن بەسـەر چەند هـەزار سـەربازی ئێرانیـدا کـە لـە کەناری گۆمی زرێبـاردا لـە مەریـوان بارگەیـان خسـتبوو، هێزی ئێرانییـەکان ئەشـکێنن و پێش ئـەوەی هێرشـەکەیان بـۆ بکرێت پاشـەکشێ ئەکەن."

لـە بابـەت مێژووی ڕووداوەکـە دیسـانەوە مامۆسـتا نەوشـیروان ئەڵێت(١٠)، "ئـەم شـەڕەیش، مەعرەکـەی دەشـتی مەریـوان ١٢٥٧ک/١٨٤١ز ئەڵقەیـەک بـووە لـە زنجیـرەی ئـەو شـەڕانە لـەم دەشـتەدا بـە درێژایی چەند سـەدە لەنێوان ئـەم دوو میرایەتییـەدا، ئێتر بـە یارمەتی لەشکری ڕۆم و عەجـەم یـان بەبـێ یارمەتـی ئـەوان، قەومـاوە بـەڵام گرنگـی ئـەم شـەڕەیان لەوەدایـە، دواییـن شـەڕ بـوو، چونکـە دوای ئـەم شـەڕە بـە ماوەیەکـی کـەم ئـەم دوو ئەمارەتـە ئێتـر ڕووخـان، لـە ڕووداوەکانـی ناوچەکـەدا دەوریـان نەمـا."

هـەر لـەو لاپـەڕەدا هاتـووە، وەکـو نووسـەرانی حدیقـە و تحفـە ئەڵێـن، شـەڕەکە لـە ڕۆژی چوارشـەممەی چـواردەی ڕەبیعـی یەکەمـی ١٢٥٧ک/ ١٨٤١ز قەومـاوە، ئـەم تێکشـکانە، هەروەکـو

تێکشکانی ڕەزا قولی خان و میرایەتیی ئەردەڵان بوو. بە هەمان ئەندازە بگرە زیاتر، تێکشکانی مەحمود پاشا و پاشایەتیی بابان بوو."

ئەم ڕووداوە زیاتر پاڵی بە هەردوو دەوڵەتەوە نا زووتر هەوڵی بەلاداخستنی کێشەکانی سنوور، دانانی سنووربێک بۆ ئەم جۆرە گیروگرفتانە دابنێن، ئەوەبوو هەردوو دەوڵەت لە ٢٠ی جیمادی یەکەمی ١٢٦٣ یەکی نیسانی ١٨٤٧ز پەیماننامەی دووەمی ئەرزوڕۆمیان بەست و باغەی هەڵوەشاندنەوەی میرایەتییە کوردییەکانیان دانا.

مامۆستا نەوشیروان لە شوێنێکی تری هەر ئەو کتێبەیدا لە باسی بووژانەوەی میرایەتیی بابندا لە سەردەمی سلێمان بەبەدا و هەر لە لاپەڕەی دوانزەدا. باسی ئەنجامەکانی شەڕی مەریوانی ساڵی ١١١١ک/ ١٦٩٩ز.(١١) ئەکات.

لێرەدا دوو خاڵ خۆیان ئەهێننە پێشەوە کە پێویستیان بە شرۆڤە و لێکدانەوە هەیە،

یەکەمیان، تێکەڵاوکردنی دوو شەڕ لە دەشتی مەریواندا، یەکەمیان شەڕی ساڵی ١٦٩٩ کە لە سەردەمی سلێمان بەبەدا کە سلێمان بەبە پەلاماری قەڵەمڕەوی ئەردەڵانی دا، هەورامان و مەریوان و بانە و سەقزی گرت، محەمەد خان چاری هێرشی سلێمان بەبەی پێ نەکرا، شا سوڵتان حسێنی سەفەوی نامەی شکاتکردنی بۆ سوڵتانی عوسمانی نارد و لەشکرێکی گەورەشی لە هەمان کاتدا بە سەرکردایەتی عەباس قولی خانی زیاد ئۆغلی قاجار ناردە سەری، لە دەشتی مەریواندا لێکیان دا. دوای شەڕێکی خوێناوی سەرداری قزڵباش سەر کەوت و سلێمان بەبە شکا. ئەم هێرشەی سلێمان بووە هۆی هەڵتەکاندنی دەسەلاتی محەمەد خان و دوورخستنەوەی میرەکانی ئەردەڵان تا چەندین ساڵ لە کاروباری کوردستان.

هەر لە ل٣٢٦ دا لە ئەنجامەکانی شەڕی مەریوانی ١١١١ک/ ١٦٩٩ز ئەڵێت ئەم شەڕە دوو ئەنجامی بەدوای خۆیدا ڕاکێشا، یەکەمیان، ئێران قەتڵوعامی کوردەکانی ئەردەڵان و عوسمانیش قەتڵوعامی کوردەکانی بابانی کرد.

دووەمیان، لە هەردوو ئەمارەتدا، تا چەند ساڵێک دەسەلات لەدەست بنەماڵەی ئەردەڵان و نەولا لەدەست بنەماڵەی بابان دەر چوو.

منیش نووسەری ئەم کتێبە بۆیە ئەم زانیارییانەم خستە پێش چاو، بۆ ئەوەی بۆ ئەو سەرچاوانەی ڕوون بکەمەوە، کە ئەو شەڕەی دوانزە سوارەی مەریوانەی کە لای خۆمان بەناوبانگە، جیایە لەم شەڕەی ساڵی ١٦٩٩و هەرچەند میری کاربەدەستی هەردوو لا و هەرچەندە سەرکردەکانیان هەر بابان و هەردووکیان سلێمان و پاشا بوون و هەردوو شەڕەکە لە دەشتی مەریوان بووە. بەڵام من ڕای جیاوازم لەگەڵ پیرەمێرد و نەوشیروان و لونگریک یش هەیە کە ڕووداوەکە ئەگەڕێنێتەوە بۆ ساڵی ١١١٠ک/ ١٦٩٨ز.

دوای پیشاندانی قسە بەنرخەکانی حسێن نازم بەگ کە ئەڵێت(١٢) "چیرۆکی ئەم داستانە پڕ خرۆشە، ئەو پاڵەوانانە، سێ ئاڵای سەروەری و شانازییان لە دوای خۆیاندا بەجێ هێشت و کردیانە دیاری بۆ گەلەکەیان، ئاڵای یەکەم، قڕتێخستنی دوژمنێکی بەهێزی هێرشبەر، ئاڵای

دووەم، توانایی یەکبەهەزاری خۆپیشاندان بەرامبەر بە ئێرانییەکان."
ئالای سێیەم، سەرکەوتنی موعجیزەی ئەم ئازایەتییە بێوێنەیە."

ئینجا منیش لەم سەری ئەم کتێبە ئەگەڕێمەوە بۆ دواوەو ئەڵێم، "هەرچەندە پیرەمێردی نەمر ڕووداوی دوانزەسواڕە ئەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی میرایەتیی ئەحمەد پاشای کوڕی خالید پاشا، واتە شا غازی ئەحمەدی لەشکرشکێن ئەڵێت، 'هیچ بەڵگەو بناغەیەکم دەست نەکەوت، ڕاستوڕەوان باوکم چۆن لە باپیرمی بیستووە، منیش چۆن لە باوکم بیستووە نووسیمەوە'، منیش (ج.ب) ئەڵێم بیستنی پشتاوپشت شیاوی هەڵە و گۆڕانە بەرامبەر بەوەی کە ڕووداوەکە بەگوێرەی بەڵگەنامە و سەرچاوە ئەبەنەوە بۆ سەردەمی سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشا کە بڕا گەورەی ئەحمەد پاشا بوو(١٣)، جگە لەوەی سەلیم سێ تەنگە وەک پیرەمێرد ئەفەرموێت مامی ئەحمەد پاشا نەبووە. بەڵکو ئەحمەد پاشا مامی سەلیم بووە. چونکە سەلیم کوڕی مەحمود پاشا و بڕای ئەورەحمان پاشای بەناوبانگ بووە."

شەڕی دوانزەسواڕە، ئاگرەکەی لەلایەن سەلیم پاشای کوڕی بەکر بەگ بەکرە سووڕی بوونیادنەڕی بەکرەجۆوە هەڵگیرسا و لە ڕۆژگاری کەریم خانی زەنددا کە وەکیل الرعایا یاخود ئەو کاتە شای ئێران بووبوو بە پاڵپشتی سەلیم پاشا، کە عەرشی سلێمانی دەست بخاتەوە بەڵام بێسوود بوو. چونکە لەشکڕی ئێران بەرامبەر بە دوانزەسواڕە خۆی نەگرت و شکا.

وەک مامۆستا نەوشیروان مستەفا و پاڵپشت بە سەرچاوەکانی حدیقەو تحفە ڕووداوەکە ئەگێڕێتەوە بۆ ساڵی (١٢٥٧ک/١٨٤١ز) کە لەو ساڵەدا واتە ١٨٤١ز ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشا میری بابان بوو لە سلێمانی و دوای ئەویش عەبدوڵڵا پاشای بڕای کە شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە شیعرەکەدا باسی ئەکات کە ئەڵێت:

"کە عەبدوڵڵا پاشا لەشکری والیی سنەی شڕ کرد
ڕەزا ئەو وەختە عومری پێنج و شەش تیفلی دەبستان بوو".

واتە ئەو ساڵەی مامۆستا نەوشیروان باسی ئەکات نزیکەی چوار پێنج ساڵێک پێش سقوتی میرایەتی بابانە، من وا ئەزانم ئەو بۆچوونەو پیاچوونەوەی ئەوێت، ئەو سەرچاوانەی حدیقە و توحفە نەگەیشتوونەتە حەقیقەتی ڕووداوی کارەساتەکە، ئەمە منی هاندا زیاتر لەم ڕووداوەمێژووییە گرنگە بکۆڵمەوە و لە دواییدا گەیشتمە ئەم ئەنجامە پاڵپشت بە بەڵگەنامە، ئیتر تا چەند سەرکەوتووم ئەوە لە ئایندەدا، دەر ئەکەوێت، ئەمانەش بەڵگەکانمن"

یەکەم، ئەوەی زیاتر بڵاوە و سەرچاوە باسی ئەکات، ڕووداوەکەی دوانزەسواڕەی مەریوان لە کاتێکدا، ڕووی داوە، کە کەریم خانی زەند پاشای ئێران بووە، ئەویش لە ساڵەکانی ١٧٤٦-١٧٧٤ز و بەگوێرەی حوزنی موکریانی ساڵەکانی ١٧٥٨- ١٧٧٩ز.

دووەم، بەگوێرەی ئەمین زەکی بەگ و بەگوێرەی حسێن نازم بەگ، شەڕی دوانزەسواڕە لە کاتی فەرمانڕەوایی سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشا کە لە ساڵی ١١٧٥ک/ ١٧٦٧ز لەلایەن

ەقی برایم ناوەوە کوژراوە.

سێیەم، هەروەک لەم کتێبەی حسین نازم بەگ دا ڕوون کراوەتەوە، سەلیم بەگی بابان کە ئەو لەشکرەی ئێرانی هێنایە سەر ولاتی بابان، ئەوە بوو لە شەڕی دوانزە سوارەدا لەشکری ئێران شکا، بەڵام سەلیم بەگ هەر وازی نەهێنا و تەمێ نەبوو سالی ١١٧١ک/١٧٥٧ز حوی گەیاندە ناوچەی سنەوبیجار بۆ هێز کۆکردنەوە، ئەم جارەش خۆی و هێزەکەی خراپتر شکانەوە و سەلیم لە ئەنجامدا خۆی دا بەدەست والیی بەغدادەوە ئەم والییەش. بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ و شەڕنانەوە و بە پشتگیریی ئێران بێ دەنگ والیی بەغداد و زیاتر لەسەر قسەی عادیلە خانی هاوسەری کە ئەو ڕقەی لە سەلیم بوو، کە ئەو بۆتە هۆی مردنی ئەحمەد پاشای والیی و باوکی عادیلە، لە گەڕانەوەیدا بە نەخۆشی نزیک دلی عباس ئەمرێت، عادیلە خان کە قسەی لای سلێمان پاشای میردی ڕەت نەئەکرایەوە، سەلیمی بە ئیعدامکردن دا."

ئەنجام:

بە بڕوا و بۆچوونی من. سەلیم دوای شکاندنی لە شەڕی دوانزە سوارەی مەریواندا بەلای کەمەوە. هەر هیچ نەبێت یەک تا دوو سالێ پێچووە، تا سالێ (١١٧١ک/١٧٥٧ز(ئەو هێزەی تری بۆ جاری دووەم کۆ کردۆتەوە و هەرچەندە ئەم جارەش هەر ئەنجامی شکان بوو، ملی کرا بە پەتدا لەلایەن والیی بەغدادەوە.

کە وا بوو، بە هەرچۆنێکی لێک بدەینەوە، شەڕی دوانزە سوارە، ئەوپەڕەکەی تەنها دوو سال پاش شەڕی دووەم جاری سەلیم بووە کە لە (١٧٥٧ز) دا ڕووی دا و بە شکانی سەلیم کۆتایی هات. کە وا بوو بەم حسابە شەڕی دوانزە سوارەی مەریوان سالێ (١١٦٨ک/ ١٧٥٥ز) ڕووی داوە. ئەم حسابە و ئەم سالە لەگەڵ بەرحەیاتی هەریەک لە کەریمخانی زەند و سلێمان پاشای خالید پاشا ڕێک ئەکەوێت و یەک دگیر دەبن. ئەگەر فەرق هەبێت لە تەنها سالێک زیاتر نییە. بۆیە ئەبێت بڕوا بە سالێ ١٧٥٥ز بۆ ڕووداوی شەڕی دوانزە سوارەی مەریوان بکەین. تا ڕاستی تەواومان دەست ئەکەوێت.(ج.ب).

وەفاتی سلێمان پاشای والیی و دانانی عەلی کەهیە لە شوێنیدا

حسێن نازم بەگ ئەڵێت، "هەر ساڵی ١١٧٥ک/ ١٧٦١ ز سلێمان پاشای والیی بەغداد مرد، عەلی کەهیە کرا بە والیی لە شوێنی بە پلەی وەزیر، کابرایەکی نەشارەزا و خەیاڵپڵاو و هەرزوو دەستی کرد بە بیانووگرتنی بەرژەوەندیی شەخسی، نەک بەرژەوەندیی گشتی.

بڕووبیانووی والیی نوێ بۆ دەستگەوتی خۆی

عەلی پاشای والیی نوێ سەرباری نەشارەزایی لە کاروباری بەڕێوەبردندا پیاوێکی چاولەدوو، قانزاجپەرست و خۆویست بوو، نەیئەتوانی کاروباری ولایەت بە گشتی هەڵبسەنگێنێت و ڕێی ڕاستی بۆ بدۆزێتەوە و ئینجا بڕیاری لەسەر بدات. هەڵکەوتی سیاسەتیشی بە عەقڵدا نەئەچوو، خۆشی لە ڕیزی پیاوچاکان دائەنا. لە کاتێکدا، سلێمان پاشای والیی پێش خۆی وازی لەو بڕەپارە سالانەیەی کە نەریت وا بوو حکومەتی بابان بیدات بە ولایەتی بەغداد، بۆ ئەوەی حکومەتی بابان خەرجی بکات، بۆ سازکردنی کەلوپەلی جەنگ و تەشکیلاتی سەربازی کە لە شێوەی هێزێکی بنچینەییدا دامەزرابوو تا بتوانێت بەرهەڵستی هەر دەستدرێژییەکی سوپایی چاوەڕوانەکراوی پێ بکات کەچی عەلی پاشا ئەم کردەوەیەی سلێمان پاشای لەم ڕووەوە بە پوڵەکێتی و تەماعی خواردنی پارە لێک ئەدایەوە، بۆیە کەوتە داواکردنی باجی کەڵەکەبووی تەنانەت سالانی پێشووش لە حکومەتی بابانداا(١٤).

هەرچەندە سلێمان پاشا وەڵامی دایەوە بۆی ڕوون کردەوە کە والیی پێشوو، ئەبوللەیلەی خەزووری عەفووی کردون بێسوود بوو. بۆیە عوزرخوایی بۆ هێنایەوە کە ناتوانێت ئەم هەموو باجانە بدات. بەڵام نەیتوانی قەناعەت بە عەلی پاشا بکات و نەیتوانی دای بمرکێنێتەوە، بۆیە عەلی پاشا سالی١١٧٦ک/ ١٧٦٢ز بڕیار و جاڕی هێرشی دا بۆ سەر قەڵاچوالان. بۆیە لە هەموو لایەکەوە کەوتە سەربازکۆکردنەوە، سلێمان پاشا وێستی دڵی ڕابگرێت سوودی نەبوو، سەیری کرد ئەبێت خۆی بۆ شەڕ ساز بدات.

پێویستییەکانی ئامادە کرد، هێشتا عەلی پاشا لە جێی خۆی نەجوولابوو کە سلێمان پاشا سەنگەری پێویستی لە چیاکانی قەشقەی لای بەغدادەوە ئامادە کرد، عەلی پاشا لە بەغدادەوە کەوتە ڕێ تا لای دەللی عباس.

سلێمان پاشا لێی نزیک بووەوە، سەرلەنوێ پێوەندی پێوە کردەوە بۆ ئەوەی خوێنی ئەو

موسوڵمانانە لە هەردوو لا بەخۆڕایی نەڕژێت، عەلی پاشا ئەم قسانەی سلێمان پاشای بە ترسنۆکی لەقەڵەم ئەدات، هەمووی بێسوود بوو، بۆیە هەردوو لا لە کۆشکی زەنگی یەکانگیر بوون، مەیدانی شەڕ لەوپەڕی تووندوتیژییەوە کڵپەی سەند، سلێمان پاشا ئەم خوێنڕشتنەی موسوڵمانانی پێ تەحەمول نەکرا، بڕیاریدا سوپاکەی بەجێ بهێڵێت و خۆی ڕوو بکاتە ئێران چونکە ئەو شەڕ پیاوکوشتنی لێ قەدەغە کراوە، بۆیە بۆ بچوکی کە ئەحمەد پاشا بوو بانگ کرد کە بەرەنگاری عەلی پاشا ببێتەوە و ڕای سپارد ماوە نەدا شەڕ بەردەوام بێت سلێمان پاشا دارودەستە تایبەتەکەی لەگەڵ خۆیدا برد و ڕووی کردە کەریم خانی زەند لە ئێران.

بەیانی ڕۆژی دوای، ئەحمەدی بۆ لەگەڵ چەند پیاوێکی گەورەی بابانـدا چوو بۆ چاوپێکەوتنی عەلی پاشا، سەفەری سلێمان پاشای بۆ گێڕایەوە ئەویش ئەحمەدی بە میری بابان دانا، تەیمور بەگی کۆیەی بە موتەسەریفی کۆیە و حەریر دانا و خۆشی گەڕایەوە بۆ بەغداد. کەریم خانی زەندیش لەولاوە سلێمان پاشای کرد بە حاکمی ولاتی ئەردەڵان لەم لاشەوە ئەحمەد بەگ گەڕایەوە بۆ قەڵاچوالان و جڵەوی حوکمی بەدەستەوە گرت.

ساڵی ١٧١٧ ک/ ١٧٦٣ز دەبوو عەلی پاشا خۆی بچێت بۆ تەمێکردنی هۆزی الکعب، داوای لە ئەحمەد پاشای برای سلێمان پاشا کرد، بەشداری ئەو هەڵمەتە بکات، کاتێک سلێمان پاشا نیازی گەڕانەوەی هەبوو بۆ سەر جێگای خۆی لە قەڵاچوالان بەڵام ئەحمەد پاشای برای پێی باشبوو هەر لە جێی خۆی بمێنێتەوە، بۆیە کاتێک بە سەفەری ئەحمەدی برای زانی بەرەو بەغداد، لە ئێران خالید پاشای کوڕی لە جێی خۆی دانا لە ئەردەڵان و خۆی هاتەوە بۆ قەڵاچوالان و کاروباری گرتە دەست، عەلی پاشا لە یارمەتیدانی ئەحمەد پاشادا بۆ دامرکاندنەوەی الکعب، پێخۆشحال بوو، بۆیە کە ئەحمەد پاشا داوای یارمەتی لێ کرد بۆ گەڕانەوە بۆ سەر تەختی قەڵاچوالان، عەلی پاشاش هێزی لەگەڵ نارد، سلێمان پاشاش کە بەوەی زانی قەڵاچوالانی بەجێ هێشت و بەرەو ئێران گەڕایەوە.

کوشتنی عەلی پاشای والیی لەلایەن خەڵکی بەغدادەوە

ساڵی ١١٧٧ک/ ١٧٦٣ز خەڵکی بەغداد و ناحەزان لە دژی گەندەڵی عەلی پاشا ڕاپەڕین، بە جۆرێک کوشتار تەنیەوە، عومەر کەهیە کە پیاوێکی دەرکەوتووی ڕاپەڕینەکە بوو، کە عەلی پاشا کوژرا، عومەر جێگای گرتەوە، بەم جۆرە دوای ئەوەی ئەوانەی ڕاپەڕیبوون هەموو مەزبەتەیان بۆ عومەر ئیمزا کرد[٢].

٢ ئەم چەند دێڕەی لەم لاپەڕەیەدا هاتووە لەبابەت کوشتنی عەلی پاشاوە هاتووە، دەر کەوتووە کە ئەسڵ و ئەساسی نییە، بەگوێرەی لاپەڕەکانی دوای ئەو چەند دێڕە. تکایە ئەو هەواڵە پشتگوێ بخرێت، لەگەڵ سوپاسی نووسەردا. (ج. بابان)

گوشتنی سلێمان پاشای بابان لەلایەن فەقێ براهیمەوە

دوای گەڕانەوەی سلێمان پاشا بەرەو قەڵاچوالان ساڵی ١١٨٧ک/ ١٧٦٤ز فەقێ برایم ناوێک کە لە یەکێک لە قوتابخانەکانی قەڵاچوالاندا ئەیخوێند سکاڵانامەیەکی لەبارەی ئافرەتێکەوە کە بە حەقخوراوی ئەزانی، نووسی ویستبووی خۆی بیبات بیگەیەنێتە دەستی پاشا، ڕێگای پێ نەدرابوو، ئەویش لەسەر ئەوە بڕیاریدا پاشا بکوژێت و لە نیوەشەوێکدا هەرچۆنێک بوو خۆی گەیاندە شوێنی پاشاو لە کاتی خەودا بە خەنجەر کوشتی، بۆ بەیانی کە تەرمی پاشایان هەڵگرت سەیریان کرد نامەیەک لەژێر سەرینەکەیدایە، کە خوێندیانەوە دەر کەوت ئەڵێت،

کەس ئەشکەنجە مەدەن، بەکورتی من کوشتوومە(١٥) (مەزنایەتی هەر بۆ خوایە، ئەوانەی لافی ئەم خەسڵەتە خوداییە بۆ خۆیان لێ دەدەن، دەبنە قوربانی بەردەستی کابرایەکی داماو و هیوابڕاوی وەک فەقێ برایم. ئەوانەی لە مافەکانیان بێبەش کراون هەمیشە لە حکومەتەکەیان بێزارن، حکومەت کە دەستەی کۆمەڵایەتی ئەنوێنێت دەبێت بێدرێغیکردن هەوڵ و تەقەللای خۆی بدات، تا ژیانی تاکەکانی لەگەڵ بپارێزێت. مانەوەی نیشتمان بەندە بە مانەوەی ڕۆڵەکانییەوە. لەبەر ئەوەی فەقێ برایم لە نیعمەتی دادپەروەری بێبەشبوو، هەر بەوەندە دانەکەوت کە گوێ بە ژیانی خۆی نەدات، بەڵکو سنووردێکیشی بۆ ژیانی شێرێکی بە هەڵمەتی ئەسکەندەرخەسڵەتی وەک سلێمان پاشا، ئەو پیاوە مەزنە کە خەڵک و شاخەکانیش لەبەر سام و ترسی دەلەرزین، ئەگەر خواستەکانی بۆ بەجێ بهێنرایە، تووشی ئەم نائومێدییە نەئەبوو، نە دەستەکانیشی بەو کارە پیس دەبوو نە بەو هۆیەوەشەوە کارێکی بوێرانەی زلی وەهای لێ دەوەشایەوە.)(١٦).

حکومەتی محەمەد پاشای کوڕی خالید پاشا کوڕی تەیموورخان بەگ کوڕی خان بوداق کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە

عومەر پاشای والیی دوای کوشتنی سلێمان پاشا، محەمەد پاشای برای کە بەتەمەنترین میراتگر بوو، دانا لە جێی، ئەم پیاوە لەوانە نەبوو تەماع و هەڵپەی دنیا فریوی بدەن، چونکە ئەو بیری لە میراتی نەکردبووەوە و بەشوێنیدا ڕای نەکردبوو، پیاوێکی ڕاست و مافپەروەر و خاوەنبەزەیی بوو، دامودەزگای پێویستی بۆ دامەزراند، توانیی پاراستنی مافی هەموان و خۆشەویستیی گەل بەدەست بێنێت.

ساڵی ١١٧٩ک/ ١٧٦٥- ١٧٦٦ عومەر پاشا بەناچاری ئەبوایە خێڵی خەزاعل تەمێ بکات لەشکری کرد و محەمەد پاشای بابانیش بەشداری تێدا کرد بەڵام ئەحمەد پاشای برای محەمەد خۆی زیاتر بە خاوەنحەقی حاکمیەتی قەڵاچوالان ئەزانی، چونکە عەلی پاشا لەوەوپێش بۆ ماوەیەک ئەوی دانابوو. شەو و ڕۆژ بیری لەوە ئەکردەوە، محەمەد پاشا ویستی ئەحمەد بخاتە شوێنی خۆی بەڵام عومەر پاشا قبووڵی نەکرد، لە ئەنجامدا داوای گەڕانەوەی کرد بۆ شوێنی خۆی دوای قایلبوونی والیی، ئەحمەد پاشا و مەحمودی برای گەڕانەوە بۆ قەڵاچوالان.

هەر بە گەیشتنی ئەحمەد خێرا محەمەد(١٧) پاشای برای چوو بەپیریەوە، دڵخۆشیی دایەوە و کاروباری کۆیە و قەرەداغی پێ سپارد، ئەم جووتە برایە نزیکەی هەشت ساڵیان پێکەوە ڕابوارد.

بەڵام لە دواییدا ئەحمەد کەوتە پیلان و هەڵوەشانەوەی ئەو ڕێکییە، ڕووی کردە زەنگاباد و داوای لە عومەر پاشا کرد بەڕێوەبردنی ناوچەکانی مەندەلی و بەدرە و جەصانی بداتێ، ئەویش قایيل بوو، بە مەرجێک بەربەرەکانیی محەمەدی برای نەکات.

بەڵام بە هۆی بڵاوبوونەوەی تاعونەوە خەڵکەکەی هەموو قرتێخست، تەنها ئەڵێن لە سنەدا لەسەدا چلیان ڕزگاریان بوو... محەمەد سەنتەری میرنشینی گواستەوە بۆ (کۆیە)، لە ترسی

تاعوون. ئەحمەد ئەم هەلەی قۆستەوە و هێرشی بردە سەری کە هێشتا لە کۆیە بوو، بەڵام باران ڕێی هێرشی تەواوی لێ گرت و لەو ناوەشدا پیاوچاکان کەوتنە بەینەوە، چونکە محەمەد پاشا بۆ بەرگری لە خۆی هێزی لەدەور کۆ بووەوە، بەڵام دوای تەقەللای ئەو چاکەخواستانە هەردوو لا گەڕانەوە شوێنی خۆیان.

محەمەد پاشا لە ئەحمەد دڵنیا نەبوو، ئەیزانی ئەگەر هەلی بۆی هەڵبکەوێت زیانی پێ ئەگەیەنێت، لەبەر ئەوە بە بیانووی، گفتوگۆوە بانگی کردە قزڵجە، هەر کە گەیشتە جێ، گورج گرتی، ناردیە قەڵای سرۆچک لەوێ لە زیندانداِ مایەوە، مەحمود بەگی برابچوک لایەنی ئەحمەد پاشای ئەگرت، چونکە لە یەک دایک بوون.

مەحمود چووە بەغداد لای عومەر پاشا، محەمەد زانی کە مەحمود لە بەغداد شوێنپێی خۆی قاییم کردووە، بۆیە لەفکری خۆیدا ئەوەی پەسەند کرد، ئەم جار بە لای ئێراندا لا بدات، کەریم خانیش لەژێرەوە هانی ئەدا، تا ئەو پیاوە عاقڵە لەسەرخۆیە، بەلای ئێراندا لای دا، عومەر پاشاش کە بەوەی زانی خێرا مەحمودی لە جێگا دانا لەشکری نارد کە محەمەد پاشا بگرن، محەمەد ڕووەو سنە بووەوە. مەحمود خێرا ئەحمەدی برای کە لە قەلای سرۆچک حەبس بوو، ناردی بەری دا، بە خوایشتی خۆشی چونکە ئەحمەد لەو گەورەتربوو، کورسی قەڵاچوالانی بۆ چۆل کرد و تەسلیمی کرد.

محەمەد پاشا کە گەیشتە سنە(١٨) کەریم خانی زەندی کرد بە تکاکار لای عومەر پاشای والیی کە جارێکی تر حکومەتی بابانی بۆ بسەنێتەوە، بەڵام عومەر پاشا تکاکەی قبوڵ نەکرد.

بۆیە ئێرانیش هێزێکی بۆ ئامادە کرد و بەرەو قەڵاچوالان بەڕێی کرد، ئەحمەد پاشا لە شوێنی خۆیەوە کەوتە خۆئامادەکردنی بەرگری، خەڵکەکەش بەشی زۆریان لەگەڵ محەمەد پاشا بوون، لەگەڵ ئەوەشدا هێزی بابان لە چەند لایەکەوە بە سەرکردایەتی هەریەک لە ئەحمەد پاشا و مەحمود پاشا و سلێمان ئاغای سەرکردەی هێزەکانی عێراق و عوسمان بەگی کوڕی مەحمود پاشا و بریندار ئاغا پەلاماری هێزەکانی ئێرانیان دا.

شەڕێکی خوێناوی ڕووی دا، دوای ئەوە لەشکری ئێران ڕووخا و کۆڕاویان لە هەزار تێپەڕی و کەللەسەرەکانیان نارد بۆ والیی عومەر پاشا. بەڵام عەلی مرادخان لەو شەڕەدا بە دیل گیرا و مامەڵەی جوانی لەگەڵ کرا، پاش چەند ڕۆژێک نێردرا بۆ بەغداد بۆ لای عومەر پاشا ئەویش ڕێزی لێ گرت، ئەم هەواڵە گەیشتە کەریم خانی زەند، هێزێکی بیست هەزار کەسی لەژێر دەستی صادق خانی برای ڕەوانەی بەسرە کرد، نەزەر عەلی خانیشی بە دوانزە هەزار کەسەوە نارده بەدرە و جەسسان خان شەفیبشی بە دوانزە هەزار کەسەوە نارده قەڵاچوالان.

عومەر پاشای والیی بەغدادیش بۆ ئەوەی زیاتر پەیوەندی لەگەڵ کەریم خاندا تێک نەچێت، عەلی مراد خانی لە بەندکردن بەرەڵڵا کرد و ناردیەوە لای کەریم خان و ئەحمەد پاشاشی لا برد و محەمەد پاشای خستەوە جێگای، بۆ سەر تەختی بابان، ناوچەی هەولێر و ئالتون کوپرشی بۆ ئەحمەد پاشا دابین کرد، بەڵام بەچی ئەچێت و دوای چی؟ ئەگەر هەوەل جار تکای

کەریم خانی قبوڵ بکردایە، کارەکە نەئەگەیشتە ئەم ئەنجامە خراپە. نەزەر عەلی خان لە بەری کرماشانەوە دەستی کرد بە پەلاماردانی باجەلان و دەرنە تا گەیشتە پیر حەیاتی و جەباری و قەرە حەسەن، هەموو ئەو ناوەی وێران کرد و هەرکەسێکی بهاتایەتەڕێ ئەیکوشت.

ئەحمەد پاشا بەو هێزە کەمەوە ناچار بوو بەرامبەری بوەستێ، ئەویش ناچار بەو هێزە گەورەیەوە کشایەوە. صادق خانیش گەمارۆی بەسرەی دا، عومەر پاشا کە لە سێ لاوە گەمارۆ درا، ناچار باری وڵاتی لە باب العالی گەیاند. ئەوانیش لەبەر ئەوەی ئەو ماوەیە مەترسی ڕووس هەبوو هیچیان پێ نەکرا، ئەوە نەبێت وەهبی ئەفەندی ناو بنێرین کە ناکۆکییەکە بە وتووێژ چارەسەر بکەن، وەهبیش کە هیچی بۆ نەکرا یەکسەر گەڕایەوە بۆ ئاستانە. لەم کاتەدا سلێمان پاشای جەلیلی والیی موسڵ کرا بە والیی کەرکوک، کەرکوکیش کرا بە سەنتەری ولایەت).

لە ئەنجامدا و هۆی ئەم گیروگرفتە لەگەڵ ئێراندا بەخراپی بەسەر عومەر پاشادا شکایەوە، بۆیە باب العالی عومەری لا برد، ئەمین پاشای موتەسەریفی موسڵی لە جێگا دانا بە والیی، لەوای ئەم هەموو نەوازش و گۆڕین و لابردنی والیی و دانانی والیی نوێ، هیچ کەڵکی نەبوو، چونکە کاربەدەستان هەستکردن و پابەندبوونیان بە بەرژەوەندی وڵاتەوە نەبوو، بەڵکو هەرکەس بە دوای قانزانج و دەستکەوتی تایبەتی خۆیدا ئەگەڕا.

ولایەتی کورتخایەنی مستەفای ئەسپێناقچی (19)

کەسانێک ئەکران بە والیی کە کەس نەیئەزانی کێن نەیئەزانی چۆن پیاوێکە، کە دین و ئیمانی بە پەرداخێک شەراب یا لەزەتێکی سەرپێی لەگەڵ سۆزانییەکدا بە هەموو ئەرکێکی نیشتمانی ئەگۆڕییەوە.

کات بووبە سەرەتای ساڵی ١١٩٠ک/ ١٧٧٦ز ئەم مستەفا پاشایە بە پلەی وەزیر گەیشتە سەر تەختی حکومەتی ناوچەی عێراق، ئامانجی ئەو پیاوە خۆی و دەستەودایەرەکەی، تەنها سوودی تایبەتی خۆیان بوو بە بەڵگەی ئەوەی ساڵێک دەبوو بەسەرەی کۆڵ گەمارۆ درابوو، تەنها ڕۆژێک بیری لە ڕزگاربوونی نەکردەوە، مستەفای ئەسپێناقچی هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە بوو، عومەر پاشای لێکەوتوو بگرێ و کەللەسەرەکەی ببڕێ و بە دیاری پێشکەشی ئاستانەی بکات. مەفرەزەیەکی نارده سەری، ئەویش بەرگری تەواوی خۆی کرد، لە ئەنجامدا هەڵهات و لە سواری ئەسپەکەی کەوتە خوارەوە و کەللەی دای بە بەردێکدا، مێشکی پژا، مستەفا پاشا کەللەی لە لەشی جیا کردەوە و ناردی بۆ ئاستانە، دوای ئەوەی بەسرە چوارده مانگ گەمارۆ درابوو، هەر ڕزگاری نەبوو، تا ڕێککەوتنی بەینی ئاستانە و ئێران ئەوسا ڕزگاری بوو، مستەفا پاشای ئەسپێناقچی هەر ئاوڕیشی لێ نەدابوەوە، ئینجا دوای عومەر ئاغا بەدوای دەستەودایەرەیدا ئەگەڕا، کە یەکێک لەوانە عەبدوڵڵا ئاغای کەهیە بوو، کە دوای عومەر پاشا ئەویش هەڵاتبوو خۆی لە دەوروبەری مەندەلی شاردبووەوە.

مستەفا پاشا هەموو ئەرکێکی پیرۆزی نیشتمانی هاتبووە سەر ئەوەی بە دوای کەسانێکدا بگەڕێت کە سەر بە عومەر پاشا بوون، گەلەکۆمەکییەکی وەهای دروست کرد تاوەکو بە خۆشی چار نەکرا لە ئەنجامدا پەنای بردە بەر سێبەری باب العالی، وەڵامی ئەوانیش ئەوەبوو، "والییەک ئیشی وا بچوکی پێ حەل نەکرێت، شایانی لابردنە." هەر واش بوو لا برا و عەبدوڵڵای کەهیەی سەر بە عومەر پاشا ئەو بەدوایدا ئەگەڕا خرایە شوێنی ئەم عەبدوڵڵایە، پەیمانی دا

نەگەر بکرێتە والیی بەغداد، بەسرە دەستێنێتەوە و ئاسایش و دڵنیایی بۆ ناوچەکانی عێراق بگەڕێتەوە و هەموو ئەو مەترسییانە کە سەرچاوەکەیان ئێرانە نایان هێڵێت. هەر واش بوو بە پلەی وەزیر کرا بە والیی بەغداد ئەو سلێمان پاشایەش لێ خرا، کە لە کاتی خۆیدا لە هەموو خیانەتکارییەکی مستەفا پاشادا بێدەنگ بوو، بۆیە باب العالی، حەسەن پاشای کەهیەی سلێمان پاشای والیی پێشووی لە شوێن دانا.

مەبەستی دانانی عەبدوڵڵا پاشا بە والیی بەغداد و حەسەن پاشا بە هی شارەزوور بەرهێنانی بەسرە بوو لە چنگی عەجەم، هەردووکیان داوایان لێ کرا دەستپێشخەری بکەن بۆ سەندنەوەی بەسرە، حەسەن پاشا خۆی ئامادە کرد و لە عەبدوڵڵا پاشای پرسی ئاخۆ ئەو چ پلانێکی بەدەستەوەیە بۆ ڕزگارکردنی بەسرە؟ هیچ وەڵامێکی وەر نەگرتەوە، یەک-دوو جار و زیاتریش لەمەوە پرسیار و ئەولاش بێوەڵام، حەسەن پاشا کە زانی هیچ وەڵامێکی دەستگیر نابێت، ئەو سەربەخۆ کەوتە خۆ بۆ تەنگەڵچنین بە ئێرانییەکان و پەلاماردانیان، ئەحمەد پاشای متصرفی حریر و محەمەد پاشای متصرفی کویسنجقی بانگ کرد محەمەد پاشای ڕاسپارد بەرە و زەهاو بجووڵێت، ئەحمەدیش بەرەو سنە تەیمورخان بەگیش بەهاوکاری ئەحمەد پاشا، بەڵام ئەحمەد گێڕانەوەی تەیموری پێ خۆش نەبوو، بۆیە یەکسەر ملی ڕێگای بەرەو لای کەریم خانی زەند گرتە بەر.

محەمەد پاشای بابان لە قەڵاچوالانەوە بەرەو قزڵجە

لەوێشەوە داوای لە صالح خانی حوکمداری بانە کرد ملکەچ ببێت، کە نەبوو هەڵمەتی بردە سەر بانە. (صالح خان) هەڵهات، ئەمەش ترسی خستە دڵی خەسرەوخانی حوکمداری سنە، ئەویش لەشکری کۆ کردەوە و لە شاری سنە هاتە دەرێ بۆ شەڕ، لەشکری محەمەد پاشا و خەسرەوخان لە کەلیخانی ناوچەی مەریوان بەیەک گەیشتن. لە ئەنجامدا بابانەکان سەر کەوتن و ژمارەی ناوداره‌ئێرانییەکان کە لەو شەڕەدا کوژران ٢٣٣ کەس بوون، کەللەسەرەکانیان نێردران بۆ حەسەن پاشا.

محەمەد پاشاش چوار هەزار لیرە و پێستەی سمۆرەی پێ بەخشرا.

کەریم خانی زەند بە تێشکانی خەسرەوخان تەواو پەست بوو، ئەحمەد پاشای بابانی بانگ کردە لای خۆی، دوانزە هەزار جەنگاوەری دایە بە سەرکردایەتی کەلبعەلی خان و بەڕێی کرد بۆ شەڕی محەمەد پاشا بەڵام محەمەد پاشا جێی خۆی چۆل کرد و چووە لای تەیمورخان پاشا لە کۆیە و حەریر، چونکە حەزی لە شەڕی براکوژی نەبوو.

ئەو سەرکەوتنانەی حەسەن پاشا بەدەستی هێنان، هیچ کارێکیان نەکردە سەر عەبدوڵڵا پاشای والی، بۆیە ئەبوایە ڕووی گلەییان بکردایە سەلیم ئەفەندی چونکە یەکێک بوو لەو کەسانەی عەبدوڵڵا پاشای هەڵبژارد بۆ والیی بەغداد، بەڵام ئەویش کە گەیشتە بەغداد بۆ لێکۆڵینەوە لە کەمتەرخەمیی عەبدوڵڵا پاشا، کەچی ئەویش لەو کۆڕی ڕابواردن و خواردنەوە و کەیف و سەفایەی عەبدوڵڵا پاشا سازی کردبوو کەوتە داوی گوێنەدان و لە دنیای بێعەقڵی دا نوقم بوو.

سەرهەڵدانی محەمەدی عەجەم ئۆغڵو حەمە ئێرانی

محەمەد ئاغای عەجەم ئۆغلۆو، خەزنەداری عەبدوڵڵا پاشا بوو چاوی بڕیبووە پلەی وەزارەت، ئەم کابرایە یەکێک بوو لە شیعە ڕافزییەکانی ئێران ئەم کابرایە خۆی و دایک و دوو

خوشکەکەی، کەس نەیئەزانی کێن؟

خۆی ناوی محەمەدە و ئێرانییە، نازناوی ئاغا خراوەتە پاڵی، ئۆغلو وشەیەکی تورکی عوسمانییە بە واتای کوڕی فلانە کەس، محەمەد خۆی گەنجێکی جوان. دایکی و دوو خوشکی لەگەڵدا لەوپەڕی جوانیدا بوون، حەمە ئێرانی جۆقێکی مۆسیقاژەنی لێ پێکهێنابوون، خوشکەکانی سەمایان ئەکرد و دایکیشی دەفی لێ ئەدا، خۆشی گۆرانی ئەوت، ئەم کردەوەیەیان لە شاری بەغدادا کڕیاری زۆری بۆ پەیدابوو، خەڵکی دواین کەوتن. بەتایبەتی پیاوەکانی حکومەت و کاربەدەستان تاکو حەمە ئێرانی وای لێ هات ئینجا ئەو واسیتەی بۆ خەڵک ئەکرد، ئیتر بە تێپەڕینی ڕۆژگار توانی والی بە لای خۆیدا ڕابکێشێت و وردەوردە خۆی گەیاندە پلەی خەزنەدار ئینجا کەهیە-کەتخدا ئەوانە لە سەرەتاوە وەک گۆرانیبێژ و دەنگخۆش و مۆسیقاژەن هاتنە بەغدادەوە بەڵام لە فڕوفێڵ و پیلاننانەوەدا حەمە ئێرانی کارامەی تەواو بوو، سەرمایەی هەرەگرانی، ئافرەتانی مەحرەمی(٢٠) خۆی بوون. کە لە گۆرانی و سەما و کۆڕی ئاهەنگدا بەکاری ئەهێنان و توانیی لە ماوەیەکی کەمدا ناوبانگی خۆی بڵاو بکاتەوە و لە هەمان کاتدا کاری بۆ بەرژەوەندی ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەی خۆی ئەکرد، بەم جۆرە و بەو هۆیانەوە دەستی زیاتر لای وەزیرەکانیش ئەڕۆیشت، وای لێ هات پێویستی بە چوونە کۆڕ و کۆمەڵی ئاسایی نەبێ

ت، بگرە ئەنجوومەنی وەزیران لە بەردەمیدا والابوو. بەوپەڕی بێبایەخیەوە لەتەک وەزیرەکاندا ئەجوولایەوە.

عەجەم ئۆغلو لە کاتی مستەفا پاشادا بە خەزنەدار دای مەزراند، تاکو لەم دواییەدا ئەو پلەیەی بەکەم ئەزانی، چاوی لە وەزارەتەوە بوو عەبدوڵلا ئاغا بە پاڵپشتی سەلیم ئەفەندی کردی بە کەهیەی خۆی، عەجەم ئۆغلو دوو تووڕەکەی خشڵ و زێڕی دا بە سەلیم ئەفەندی بەڵام ئەم هەل و کارە سووک و دزێوەی عەبدوڵلا پاشا لە دواییدا لەسەر خۆی و حکومەتەکەشی و لەسەر میللەتیش زۆر کەوت.

کەهییەی خۆی کە کابرایەکی شەرەفمەند بوو لە پلەکەی لا برد و ڕێگای بۆ عەجەم ئۆغلوو پاک کردەوە و ئەوی لەو جێگایە دانا.

عەبدوڵلا پاشا دوای دوو هەفتە مرد. بەمە دەرگای ململانێ لەبەینی عەجەم ئۆغلو و ئیسماعیل ئاغای کۆنە کەهیە کەوتە سەر پشت، عەجەم ئۆغلو پشتی لە هەموولایەکەوە بەهێز بوو، جگە لە سەلیم ئەفەندی بۆیە ئەیتوانی بەرامبەر بە ئیسماعیل ئاغا بوەستێت و هەرا قەومانا پێکدادانی ناو شار چەند ڕۆژی کێشا، حاجی سلێمان ئەفەنی شاوی کە پاوێکی بێلایەن بوو کەوتە بەینەوە بۆ ڕێککەوتن دوو مەرجی دانا، کە کەسیان لەو دوو پیاوە پلەی وەزارەت وەر نەگرن و هەردووکیانیش بەغداد بەجێ بێڵن، ئیسماعیل بەغدادی بەجێ هێشت، بەڵام عەجەم ئۆغلو مەرجەکەی نەهێنایە دی.

دیسانەوە پێکدادان دەستی پێ کردەوە، هەریەکە دژی ئەوی تر داوای لە باب العالی دەکرد

ببێتە وەزیر، ئیسماعیل ئاغا دورودرێژ کردەوە ناپەسەندەکانی سەلیم ئەفەندی بە باب العالی ڕاگەیاند، ئەوەندەی نەبرد فەرمانی ملپەڕاندنی سەلیم دەر چوو کەللەی نێردرا بۆ ئەستەمبول. ئینجا باب العالی(٢١) ڕاگرتنی ئەو گیروگرفتەی بە حەسەن پاشای والیی شارەزور سپارد، ئەویش لەو کاتەدا خەریکی ڕێکخستنی بەینی بابانەکان بوو، بۆیە ئیسماعیل ئاغای لە شوێنی خۆی دانا. دەمودەست عەجەم ئوغلوی گرت و خستیە زیندانەوە تا ئەو کاتەی حەسەن پاشا خۆی ئەگاتە جێ.

ساڵی ١١٩٢ک/ ١٧٧٨ز ئەحمەد پاشا لەگەڵ ئەو هێزەدا کە کەلبەعلی خان سەرکردەی بوو گەیشتنە وڵاتی بابان، ئەوەش محەمەد پاشای ناچار کرد پەنا بەرێتە بەر تەیمور پاشا لە کۆیە و حەریر. خۆشی چووە سەر تەختی بابان و محەمەد پاشا هێزەکانی لەگەڵ هێزی تەیمور پاشا بەڕێ کرد. لەملاشەوە ئەحمەد پاشا هێزی خۆی ئامادە کرد و هەردوو لا لە دێی جێشانەی نزیک سلێمانی بە یەکیانداوا و بە سەرکەوتنی ئەحمەد پاشا کۆتایی هات، ئەحمەد دەمودەست تەیموری گرت و ئیعدامی کرد، بەڵام محەمەدی لە قەڵای سرۆچک بەند کرد.

دیسانەوە عەجەم ئۆغلو لەگەڵ خەلیلی ئەحمەد ئاغای وەند

حەسەن پاشا، هەموو ئامانجێکی ڕزگارکردنی بەسرە بوو لە دەست ئێرانییەکان، بۆیە سەرەتا کێشەی بەغدادی خستە لاوە و هەڵی پەسارد، بەڵام هیچ بڕیارێکی دەرحەق بە عەجەم ئوغلو و حەمە ئێرانی نەدا، ئەمیش دوای چەند ڕۆژێک هەلی بۆ هەڵکەوت و پەنای بردە بەر کوڕی خەلیل ئاغا سەرۆکی خێڵی وەند ئەمەش هەموو نەخشەکانی حەسەن پاشای لە بناغەوە پووچەڵ کردەوە.

ئەحمەد ئاغای وەند، ماوەیەک لەوەوپێش لە خزمەتی حەسەن پاشادا بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی بەینیان تێک چوو، گەڕایەوە شوێنی خۆی و دەستی کرد بە چەتەگەری لە دەرەوە و لەگەڵ عەجەم ئۆغلوش پێک هاتن، ئەویش بە جۆرێک لەناو بەغدادا ئاژاوە دروست بکەن.

جا وەک حسێن نازم بەگ ئەفەرموێت، "ئەگەر حەسەن پاشا جەوهەری کێشەکەی تەواو لێک بدایەتەوە، ئەبووایە دەمودەست کە گەڕایەوە بەغداد ملی عەجەم ئۆغلوی بپەڕاندایە، بۆ ئەوەی بتوانێت کاری بەسرە بە هێمنی و لەسەرخۆ بەجێ بێنێت، بەڵام ئەوەی نەکرد ئاژاوەی بۆ خۆی دروست کرد و بوو بە پاشاگەردانی.

پێشتر وترا عەجەم ئۆغلو کە هەڵهات پەنای بردە بەر کوڕی خەلیلی ئەحمەد ئاغای سەرخێڵی وەند کە ئەمیش وەک وتمان لەوەوپێش لە خزمەتی حەسەن پاشادا بوو، بەڵام لێی جیابووەوە، ئەویش ڕێگای چەتەگەری گرتە بەر و لەوساوە واتە هەر لە سەردەمی عەبدوڵڵا پاشاوە جۆرە ڕێککەوتنێکیان لەبەینی هەردوو عەجەم ئوغلو و ئەحمەد ئاغا پێک هێنرابوو بۆ چەتەگەری و ئاژاوەنانەوە کە ئەمانە بوون بە زەبرێکی گورچکبڕ، نەک هەر بۆ حکومەت و نیشتمان بەڵکو بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی.

دواجار بۆ چارەسەری ئەم گرفتە، داوا لە بابانەکان کرا، فریایان بکەون، ئەحمەد پاشاش

بە هاوڕێیەتی قارەمانانی بابان هێرشی کردە سەریان، زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵەکەیانی کوشت، زیاتر عەجەم ئۆغلو و کوڕی خەلیل پەنایان بردە بەر ئەحمەد پاشای بابان خۆی، ئەویش داوای لە حەسەن پاشا کرد لێیان خۆش بێت، حەسەن پاشاش بە قسەی کرد، بە مەرجێک واز لە تێکدانی ئاسایش بێنن، ئیتر ئەحمەد پاشا گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی و چەتەکانیش چوونەوە جێی خۆیان.

بەڵام زۆری پێ نەچوو، ئەو چەتانە کەوتنە خۆئامادەکردن بۆ سەندنەوەی تۆڵەی ئەو زەربەیەی لێیان درا، لە جاران خراپتر دەستیان پێ کردەوە، ناچار شاوی نێردرایەوە بۆ قەلاچوالان بۆ لای ئەحمەد پاشا، ئەحمەد پاشا ترسی لە محەمەد پاشای برای هەبوو، ئەگەر قەلاچوالان بەجێ بهێڵێت بێتە جێگاکەی، ئەهریمەن و نەفسی ناپەسەند پاڵیان پێوە نا چاوی براکەی هەڵکۆڵی. ئیتر هیچ بەربەستێک لە بەردەمیدا نامێنێت پاش ئەوەی ئەحمەد پاشا چاوی براکەی دەر هێنا، هەر زوو لەو کارەی پەشیمان بووەوە. ئیتر لە ڕێی بەغداد لە پەنای چیای سەگرمە گیانی دەر چوو(٢٢).

وەکو لەمەوپێش وتمان پاش ئەوەی ئەحمەد پاشا هەردوو چاوی براکەی دەر هێنا هەر زوو لەو کارەی پەشیمان بووەوە بە جۆرێک هەر سەعاتێک تەلێکی دڵی ئەپچڕا و بەدەم ئازارێکی سەختی دەروونییەوە ئەتلایەوە، ئیتر لە ڕێگایدا بەرەو بەغداد و لەگەرمەی ئەم نائارامیە فکرییەدا، هەر هەمان ڕۆژ کە ئەو کارەی دەرحەق بە براکەی کرد، لەگەڵ تووشی تایەک هات، بەڵام هەر لە ڕۆیشتن نەکەوت و وەرەی بەر نەدا، کاتێک گەیشتە قەرەداخ تایەکەی زیاتر زۆری بۆ هێنا و تاوی سەند، لە بناری چیای سەگرمە گیانی دەر چوو ماوەی حوکمی لە هەر سێ جارەکەدا لە چوار ساڵونیو تێنەپەڕی، هەردوو کچەکەیشی لە جووتبرا کە عوسمان بەگ و عبدالرحمان بەگ کوڕانی مەحمود پاشای برای مارە کردبوو. تەرمەکەی لە قەلاچوالان بە خاک سپێردرا(٢٣).

ئەمەش لەسەر کێلی گۆڕەکەی نووسراوە

"شاه غازی ئەحمەدی لشکر شکەن(٢٤)

انکه تیغش قلب اعدا میبرد"

واتە، ئەحمەدی شای داگیرکەری لەشکرشکێن، ئەوەی کە شمشێرەکەی دڵی دوژمنانی ئەبڕی،

دوای ئەحمەد پاشا، مەحمود پاشای برای جێگای گرتەوە و حەسەن پاشاش داوای لێ کرد بە زووترین کات بکەوێتە ڕێ، لەو کاتەدا چەتەکان گەیشتبوونە ئەودیو شورای بەغداد، بەڵام کە مەحمود پاشا تاکو لای خالص تووشی هێزێکی هەزار کەسی بوو هەر لە چەتەکان ئەوانیش تێیان کەوتن ڕوەو ئەلوەند ڕایان کرد و لەوێش خۆیان نەگرت ڕووەو مەندەلی بوونەوە. لە دێی یەدی دەگرمان- واتە دێی حەوت ئاش خۆیان قایم کرد، دەوریان گیرا، ئەگەر عەجەم ئۆغلوو کوڕی خەلیل بەتەنها توانیبێتیان سەر دەر بکەن باشە، دوو سەد کەسیان زیاتر گیران و هەرچی

مـاڵ و کەلوپەلیـان هەیـە دەستیان بەسـەردا گیرا.

سـاڵی ١١٩٣ک/ ١٧٧٩ز کەریـم خانـی زەند مـرد، ئـاژاوە لـە ئێران سـەری هەڵدا، زەکـی خانـی ئامـۆزای کەریـم خـان دەسـتی بەسـەر کورسـی حوکمدا گرت، بـەڵام صـادق خانی بـرای کەریـم خان کورسـیی براکـەی بـە مافـی خـۆی ئەزانـی، بۆیـە بەسـرەی بەجـێ هێشت و بـەرەو ئێران بـووەوە.

سلێمان پاشای والیی نوێ

سلیمان پاشا والیی نوێ ویستی خۆی بنوێنێت، زەبروزەنگی نواند، خێرا ئیسماعیل ئاغای کەهیەی بەداردا کرد و چەند کەسێکی ناسراوی لە بەسرە بەند کرد، ئینجا ناردی بە شوێن مەحمود پاشای بابانداا، ئەویش لەجیاتی خۆی عوسمان بەگی کوڕی لەگەڵ پێنج سەد سواردا نارد. کابرا ئەمەی گرتە دڵ. کە ئەو مەحمود خۆی داوا کردووە.

ئینجا خۆی ئامادە کرد بۆ لێدانی یاخییەکان، بە چوار هەزار کەسەوە بەڵام دوور بوو لە سەرکەوتن بەرامبەر بە دەهەزار یاخی.

دوایی عوسمان بەگی بابان لەناوبردنی یاخییەکانی بە ٥٠٠ کەسەوە گرتە ئەستۆی خۆی، بۆیە نزیک بەعقوبە شالاوی بۆ بردن. ئێرانییەکان بەرگەی سوارەی بابانیان نەگرت، بەشێکیان کوژران، عوسمان بەگ کەللەسەرەکانیانی بۆ سلێمان پاشای والیی نارد، یەکێک لەو کەللەسەرانە سەری بڕاوی کوڕی خەلیل بوو، ئەنجامی ئەم سەرکەوتنە، عوسمان بەگ پلەی میری میرانی پێ بەخشرا، خۆشی بە سەرکەوتوویی و شانازییەوە چووە ناو بەغدادەوە، بەڵام ئەم سەرکەوتنەی کە لە سایەی بابانەکانەوە بەدەست کەوت و والی ئەو حسابەی بۆ نەکردن ئەو ڕقەی کە لە هەوڵ ڕۆژەوە لە مەحمود پاشای هەڵگرتبوو هەتا ئەهات زیاتر تاوی ئەسەند.

هەرچەندە ملکەچیی مەحمود پاشا زیاتر بۆ والی لە ڕووی ئایینەوە بوو کە ملکەچی خەلیفەی ئیسلام واتە سوڵتان بوو. بەرامبەر بە خۆبەزلزانینی والی خۆی لە بینینی بە دوور ئەگرت، بۆیە تۆڕەیی ئەو کابرایە تا ئەهات زیادی ئەکرد، چونکە ئەو وای ئەزانی و لێک ئەدایەوە کە مەحمود پاشا دەعیەی نایهێنێت بیبینێت.

کە وا بوو خۆی بە زل و مەغرور ئەزانێت. بۆیە هەر چاوەڕێی ئەوە بوو هەلێکی بۆ هەلکەوێت لێی بدات. ئەیزانی لە ڕێی هێزەوە هیچی بۆ نابرێتە سەر. کە وا بوو پێویستە ڕێی سیاسەت و بە گژیەکداکردنی بابانەکان بگرێت، هەر لەسەر ئەو بنەمایە ئیبراهیم بەگی کوڕی ئەحمەد پاشای بانگ کردە بەغداد و ئەو قسەیەی دا بەگوێدا، ئەگەر بتوانێت مەحمود پاشای مامی بۆ دەستگیر بکات، تاکو لەو پلەوپایەیەی لای ببات، ئەو بخاتە جێی.

ئیبراهیم بەگ ولامی دایەوە کە مەحمود پاشا مامیەتی و لە جێی باوکییەتی هەتا ئەو بەسەر زیندوو بێت، ئەم کاری حکومەت وەر ناگرێت.

لەو ڕۆژانەدا خێڵی خەزاعل هەڵگەڕانەوە، والیی برایم بەگی بە هێزێکەوە نارد سەریان بۆ دامرکاندنەوەیان، دوای ئەوە لە بەهاری ١١٩٦ک/ ١٧٨٢ز دا هێزێکی لەخێڵ و هۆزەکانی ئەو ناوە کۆ کردەوە لەگەڵ هێزی سوپای عیراق ناردنی بۆ پەلاماردانی مەحمود پاشا کاتێک گەیشتنە کەرکووک، حەسەن بەگ کوڕی خالید پاشای کوڕی سلێمان پاشای کوژراو، بە ناونیشانی میری میران کرد بە حوکمداری بابان.

مەحمود پاشا دەستەیەکی ناوبژیکەری نارد لای والیی بەڵام بێسوود بوو، مەحمود پاشا ئینجا نامەیەکی بۆ والیی نووسیبوو بەم جۆرە، "بنەماڵەی بابان کە هەمیشە و لە دێرزەمانەوە ملکەچی حکومەتی عوسمانی بوون و باجیان داوە و گوێرایەڵی هەموو فەرمانێکی بوون، بەو هیوایەی دەست لە پیلان و تەفروتوناکردنی لە ڕێی پارچەپارچەکردنی ڕیزەکانی هەڵبگرن و خەریکردنی ئەندامانی بە یەکتری کوشتن و سرینەوەی شوێنەواریانەوە، کۆتایی پێ بهێنرێت.

ئەندامانی دەستەی ناوبژی ئەم داوایەیان بەدرێژی ڕوون کردەوە و زۆر دەستەودامێنی والیی بوون تا دڵنەوایی بکەن، دواجار ئەم بەندانەی خوارەوەی وەک مەرجی ڕێگرتن لە هەڵگیرسانی ئاگری جەنگ دژ بە بابانەکان بە سلێمان بەگی شاویدا لە والییەوە نێردران بۆ مەحمود پاشا،

١. دەبێت سێ سەد تووڕەکە ئاغچە بەبێ دواکەوتن ڕادەست بکرێت.

٢. واز هێنان لە سنجەقی کۆیە و حەریر بهێنرێت.

٣. دەرکردنی عوسمان ئاغای کەهیە لە ناوچەی میرنشینی بابان.

٤. یەکێک لە خێزانەکانی مەحموود پاشا وەک دەستبەسەر لە بەغداد نیشتەجێ ببێت، تا ملکەچی زامن بکرێت(٢٥).

مەحمود پاشا بەناچاری قبووڵی کرد ئینجا حسێن نازم بەگ لە بابەت ئەم مەرجانەوە ئەڵێت،

لێرەدا (حسین نازم بەگ) توانج لەم بەهانەگرتنە ئەدات و ئەڵێت، "ئەم مەرجانە کە والی سەپاندی بەسەر مەحمود پاشای بابانداا هیچ خاڵێکیان تێدا نییە کە پێوەندی بە بەرژەوەندی نیشتمانی و کۆمەڵایەتییەوە هەبێت. بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو مەرجانە تەنها مەرامی تایبەتی والییان تیادا بەدی هێناوە.

ئەبووایە حکومەتی بەغداد، پاراستنی بنەماڵەی بابان بکات بە ئەرکێکی سەرشانی، چونکە ئەو بنەماڵەیە بەرژەوەندی خۆیان ئەخستە لاوە ئەوە بوو ولاتی کۆیە و حەریری لەژێر دەست دەر هێنان و خستنیە دەست مەحمود پاشای کوڕی تەیمور پاشای ئەللەک نەوەی عوسمان پاشا کە سلێمان پاشای والی پێشوو کوشتی، جگە لە ڕزگارکردنی بەغداد چەندەها جار لەلایەن بابانەکانەوە ل ١٤٢- ١٤٤ بەشایەتی زەیل گلشن خلفا جگە لە ڕزگارکردنی والی خۆی و بەغداد

لە مەترسی عەجەم ئوغلو(٢٦).

ئەبێت مەرجی دەرکردنی عوسمان ئاغای کەهیەی پێشوو، کە کابرایەکی بەوەفا بوو، کە دوای حەسەن پاشای والی پێشوو بە رێکەوت بۆ دیار بەکر هەر ئەم سلێمان پاشایەی لەوێوە هێنایەوە و لە مەندلی داینا، بەڵام هەر بەوەی کە تکای گواستنەوەی خۆی لە والیی کرد لە مەندەلییەوە بۆ بەغداد بەوە والیی ئاگری گرت، لە تاودا ئەویش ڕای کرد بۆ وڵاتی بابان.

مەرجی چوارەمیش کە بریتی بوو لە مانەوەی یەکێک لە خێزانی مەحموود پاشا لە بەغداد وەک یەدەگ بۆ متمانە ئایا مەحموود پاشا هیچ دیمەنێکی ملنەدانی پیشان داوە؟ یا هەوڵی دەستدرێژی داوەتە سەر ناوچەی عوسمانی؟ یاخود ئەمانە هەموو بیانوو و غرورن. هەر ئەوە بوو بۆ تێکدانی بەینی بابانەکان.

ساڵی ١١٩٦ک/ ١٧٨١ز کاروباری مەحموود پاشا موتەسەریفی کۆیە و حەریر لە گرێژەنە دەر چووبوون. مەحموود پاشای بابان، هێزێکی بە سەرکردایەتی عوسمان بەگی کوڕی نارده کۆیە و هاوکاتیش ئەو کارەی بۆ سلێمان پاشای والیی ڕوون کردەوە، بەڵام کابرا ئەمەی قبوڵ نەکرد و هەر بۆ ئەوەی دووبەرەکیی لەبەینی بابانەکاندا بڵاوبێتەوە، برایم بەگی کوڕی ئەحمەد پاشای لە کۆیە و حەریر دانا لە کاتێکدا، کە مەحموود پاشا عوسمان بەگی کوڕی نارد کە خۆی ببێت بە موتەسریف لە کۆیە و حەریر.

ساڵی ١١٩٧ک/ ١٧٨٢ز کە والی زانیی برایم بەگ لە حاڵێکدایە ئەتوانێت مەرامەکانی بەجێ بێنێت، هێزەکانی خۆی کۆکردەوە و بەرەو کەرکووک ڕۆیشت و لەوێش برایم بەگ دایە پاڵی.

کەسانێکی پشتیوان و لایەنگر لەگەڵ برایم بەگدا بوون وەک، خالید بەگی برای و حەسەن خانی کوڕی شێر بەگی کوڕی خوالێخۆشبوو سەلیم بەگ و حسێن بەگ و گەورەپیاوانی دی کە پەیوەندی تایبەتییان بە برایم پاشاوە هەبوو، جگە لەوەی هەرکەس هێزی تایبەتی لەگەڵ خۆی هێنابوو (ل١٤٧).

والیی لە ئەنجامدا کەفوکوڵی دامرکایەوە و منەتباریی خۆی بۆ برایم بەگ دەر بڕی.

لێرەدا حسێن نازم بەگ لەسەر قسەکانی ئەروات، زۆر بەدڵسۆزییەوە ئەفەرموێت، "پێمان خۆش ئەبوو، سەرجەمی بابانەکان ئەم ئاستە فریشتە ئاساییەیان بە ڕەوشت بچەسپاندایە و ئەم بەرزییەیان هەبووایە، ئەگەر مەحموود پاشا دووچاری تەماعکاری ببووایە و بچووبایە شەڕەوە کێ دەبوو بە قوربانی ئەو شەڕە؟ بۆیە بەبێ شەڕ ملی نا بەرەو ئێران بەڵام برایم بەگ دیلی ئەم هەستە نەفرەتی و شومەی تەماعکاری بوو، بوو بە ئامرازی جێبەجێکردنی داخ و کینەی سلێمان پاشا، کاتێک مەحموود پاشا گەیشتە سنە فەرمانی لەلایەن عەلی موڕادخانەوە درایە دەست بەسەر ناوچەی ساوچ بۆلاقدا بگرێت. بەڵام بوداق خان بەتوندی وەڵامی دایەوە و بە سوپایەکی دوازده هەزار کەسەوە لە ڕووی مەحموود پاشادا وەستایەوە.

ئەوڕەحمان بەگی کوڕی مەحموود پاشاش زیاتر ورەی باوکی بەرز کردەوە و هێزی خۆیان کرد بە دوو بەشەوە و کەوتنە هێرشبردن و ڕاونان و کوشتار، سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، لەو

کاتەدا گوللەیەکی وێڵ بەر سەری مەحموود پاشا کەوت و مێشکی پژان. ئیتر کاروباری ناو سەربازگەی مەحموود پاشا تێک چوو، دەنگی هاوار و شینوشەپۆر بەرز بووەوە، ئیتر تەرمی مەحموود پاشایان هەڵگرت و گەڕانەوە بۆ سەقز، ئەوڕەحمان بەگ عوسمان بەگی براگەورەی کە لە سنە بوو ئاگادار کرد، عوسمان بەگیش بە هاوکاری خێڵی بەڵباس، هەموو خێزانی بابانەکانی لە سەقز بە سەلامەتی هێنایە دەرێ و بردیانە ڕەواندز، ئینجا خۆی گەیاندە ناوچەی ئامێدی و لەوێوە پێوەندی بە سلێمان پاشاوە کرد، کاتێک سلێمان پاشا زانی مەسەلەی مەحموود پاشا بە کۆێ گەیشتوە و چی بەسەر عوسمان پاشادا هاتووە. مستەفا ئاغای فەرماندەی سوپای نارد لای بۆ سەرەخۆشیی بە بۆنەی کۆچی دوایی باوکییەوە و لەگەڵ خۆیدا بیهێنێتە بەغداد. ئەوە بوو ناوچەکانی قزرابات و عەلیاوە و خانەقینی دایێ و ژیانێکی شەرەفمەندانەی بۆ دابین کرد و ڕێز و حورمەتی لێ نا. (ل١٤٨-١٥٢) میرایەتیی بابان.

سەردەمی حکومەتی ئیبراهیم پاشا

بەگوێرەی قسەی حسێن نازم بەگ لاپەڕە ١٥٢ لە مێژووی میرایەتیی بابانـدا ئیبراهیم پاشـا(٢٧) لـە سـاڵی ١١٩٧ک/ ١٧٨٢- ١٧٨٣ ز چـووە سـەر تەختـی حکومەتـی قەڵاچـوالان، قۆڵـی چالاکیـی هەڵماڵـی، بـۆ بڵاوکردنـەوەی ئـاڵای دادپـەروەری و دەسـتەبەرکردنی پێویسـتییەکانی ئاسـاییش و نیزام.

برایـم پاشـا پیاوێکـی هێمـن و ڕەوشـتجوان و شـارەزای کاروبـاری بەڕێوەبـردن- ادارە بـوو، ڕۆڵەکانـی میللـەت خۆشـیان ئەویسـت، هەروەهـا برایـم پاشـا ڕێوشـوێنی مامەڵـەی سیاسـی لەگـەڵ سلێمان پاشـای والیـدا بەڕێیەکـی شـیاودا بەڕێـوە بردبـوو.

وەختێـک ماوەیەکـی درێـژی ژیانـی لـە شـارێکی جەنجاڵـی وەک بەغـدادا گوزەراندبـوو. فێـری ڕێوڕەسـمی ژیانـی شارسـتانی بـوو بـوو، ئیدی ئـارەزووی نەبـوو لـە شـوێنێکی بەردەڵان و دارسـتان و پـڕ درکودااڵـی وەک قەڵاچوالاندا بمێنێتەوە. بـەو پێیـە سـاڵی ١١٩٩ک/ ١٧٨٤ دێـی مەڵکەندیـی بنـاری چیـای گوێـژەی باکووری ڕۆژئـاوای شـارەزووری کـرد بـە شـار و کەوتـە بیرکردنـەوە تـا ناوەندی حکومەتەکـەی بـۆ بگوازێتـەوە.

کاتـی بناغەلێـدان لـە جێـی تەرخانکـراودا بـۆ دروسـتکردنی بارەگـای حکومـەت، مۆرێـک دۆزرایـەوە، نـاوی سـلێمانی لەسـەر نەخـش کرابـوو، ئـەوەی بـە نوقڵانـەی خێـر زانـی بـۆ هەمـوو بەرەکـەت و سـەرکەوتنێک، جـا هـەر وەک شـارەکەی بـەم بۆنەیـەوە ناونـا سـلێمانی، کـۆڕێکی خۆیشـی کـە ئـەو ڕۆژانـە لەدایـک بـوو ناونـا سـلێمان. سـلێمان پاشـای والیشـی ئاگادار کردەوە کـە شـارەکەی دروسـت کردووە و ڕەفتارێکی جوانی بەرامبـەری نواندووە کـە نـاوی ئـەوی لـێ نـاوە.

کاتێـک مەحمـوود پاشـا هەوااڵـی گەیشـتنە کەرکوکـی سـلێمان پاشـای بیسـت، زانـی خەریکـە دیسـانەوە پەلامـاری بـدات. دەربەنـدی بازیانـی قایـم کـرد و عوسـمان بەگـی کـوڕی نـارد تاکـو لـە ڕووی سلێمان پاشـادا بوەسـتێتەوە و بەرگـری بکـات. بـەاڵم هـەر ئەوەنـدەی زانـی، بەشـێکی زۆری میرانـی بابـان وەک نەریتـی ڕابردووویـان لێـی تەکینـەوە و پاڵیـان دا بـە برایـم بەگـەوە، ئەویـش ناچـار مـا ڕوو بکاتـە سـنە (٢٨).

کاتێک سلێمان پاشای والیی بیستی مەحموود پاشا وازی لە شەڕ هێناوە و ڕووی کردۆتە ئێران. ئەویش ئارام بوەوە و سۆزی بۆ برایم بەگ نیشان دا، جگە لە حکومەتی بابان. کویسنجق و حەریر و پلەی پاشایەتی پێ بەخشی خۆشی بەشانازییەوە گەڕایەوە بۆ بەغداد.

لێرەدا حسێن نازم بەگ: زیاتر خۆشحاڵی خۆی دەر ئەبڕی چونکە ئەگەر مەحموود پاشا دووچاری تەماعکاری ببووایە و شەڕی بکردایە کێ ئەبوو بە قوربانیی ئەو شەڕە؟ بۆیە بەبێ شەڕ ملی نا بەرەو ئێران و نەیهێشت داخ و کینەی سلێمان پاشای والی بێتە دی(٢٩).

ئیبراهیم پاشا وەک لەمەوپێش ئاماژەمان پێدا،- لە ساڵی (١١٩٨ک/ ١٧٨٢-١٧٨٣ز) (٣٠)چووە سەر تەختی حکومەتی قەڵاچوالان، قۆڵی چالاکی هەڵماڵی بۆ بڵاوکردنەوەی ئاڵای دادپەروەری و دەستەبەرکردنی پێویستییەکانی ئاساییش و نیزام.

برایم پاشا، وەک لەمەوپێش وتمان، پیاوێکی هێمن و ڕەوشت جوان و شارەزای کاروباری بەڕێوەبردن- اداره بوو. ڕۆڵەکانی میللەت خۆشیان ئەویست، لەوڵاوە حاجی سلێمان بەگی شاوی ساڵی ١٢٠٠ک/ ١٧٨٥ز ئیتر مامەڵەی تۆند و خۆ بەزلزانینی سلێمان پاشای والیی پێ هەزم نەکرا، خۆی و خێڵی عوبێد و چەندێکی تری لەگەڵ خۆیدا بردە عەرقوف، چونکە ئەیزانی والی چەندە شەیدای خوێنڕشتنە، حاجی سلێمانی شاوی پیاوێکی بەڕێز و ناودار بوو، سلێمان پاشا کە بەمەی زانی، ڕووی لە برایم پاشا نا کە بەهێزەوە بێتە بەغداد.

حاجی سلێمانی شاوی ڕووی کردە خاپور. جا بۆ ئەوەی هەر سەرکەوتنێک ڕوو بدا نەدرێتە پاڵ برایم پاشا، والی ئەحمەد ئاغای مۆرهەڵگری خۆی خەڵات کرد و کردی بە کەهیە، هیچی بە برایم پاشا نەوت و ڕێزیشی لێ نەنا ساڵی ١٢٠٢ / ١٧٨٧ز حاجی سلێمان بەگ دووبارە هێزی کۆ کردەوە و کەوتە پەلاماردانی بەغداد. هێزی بەغداد هیچی پێ نەکرا ناچار بوو بە کشانەوە.

سلێمانی والیی هێزەکانی عێراقی بە فەرماندەیی خالد ئاغا کەتخودا تێک شکاند ناچار بوون بە کشانەوە. بەکر پاشای کۆیە کۆژرا و مەحموود پاشا و خالید پاشا هەردووکیان بەدیل گیران، هێزی شاویش تا نزیک کازمیە هاتن، سلێمان والی توانی بە پارە بەشێک لە هێزەکەی شاوی دابڕێت، بۆیە نەیتوانی دەست بەسەر بەغدادا بگرێت، ناچار کشایەوە بۆ کوبەیسە- کبیسە، دوایی کەوتە گەڕان بە ناو خێڵەکانی خزاعل و مونتەفیکدا و هەموویانی ڕێک خست و دەستی بەسەریاندا گرت.

سلێمانی والی ناچار غیرەتی بابانەکانی بزواند و داوای یارمەتی لێ کردن، برایم پاشا (٣١) و عوسمان پاشای بانگ کردە بەغداد، عوسمان چونکە نزیک بەغداد بوو زووتر گەیشت، برایم پاشا دوورتر بوو، ئەو درەنگ گەشت، لەسەر ئەمە برایمی لابرد و عوسمان بەگی خستە جێی و هەموو جارێکیش کۆمەڵێک سەربازی ترسنۆکی بەغدادی ئەخستە تەکیان بۆ ئەوەی هەر کە سەرکەوتنیان بەدەست هێنا نەڵێن ئەمە بە هێزی بابانەکان دەست کەوت.

والیی لە ١٧٨٨/٢/١٩ بە سەربازی ورەلەبارچووی عێراقەوە لە بەغدادەوە جووڵا، بەڵام ئەوانەی ورەیان کردەوە بە بەریاندا جەنگاوەرەکانی بابان بوون، لەژێر فەرماندەیی برایم پاشا

و عوسمان بەگ و ئەوڕەحمان بەگ.

سەرەتا خێڵەکانی خزاعل و مونتەفیک تەمێ کران، پاشان بەسرە بە هێرشێکی سەرکەوتووانە سەنرایەوە، حاجی سلێمان بەگی شاوی پێشوەخت هەڵهات، مستەفا ئاغای کوردی خەزنەداریش بە موتەسەللیمی بەسرە دانرا، ئیتر خواروویی عێراق زیاتر لە لووتبەرزی والیی و کەهیەکەی تا ئەهات گڕی ئەگرت و شۆڕش زیاتر کڵپەی ئەسەند ئەو تێکچوونەی خواروویی عێراق بەتایبەتی بەسرە بە هۆی لووتبەرزی و ناڕێکی ناو والییەکان بوو، سااڵی ١٧٨٨ بارودۆخی بەسرە دیسانەوە تێکچووە و مستەفا ئاغای کورد کە (متسلمی بەسرە) بوو لەگەڵ عوسمان بەگی بابان و سلێمان شاوی ڕێککەوتن و بجوڵێنەوە خواروی عێراق ڕزگاربکەن لەگەڵ شێخی مونتەفیک بەغدادیش لەلایەن هێزی بابانەکانەوە داگیر بکرێت و تۆوی مەمالیک نەهێڵن، بەاڵم سلێمان شاوی خەبەری دا لە ترسا و بۆ خۆبردنە پێشەوە، بەو جۆرە ئیشە کە تێک چوو. عوسمان بەگ دەرمانخوارد کرا، (عبد ربه ابراهیم تاریخ الاماره البابانیه ل١٥٤- ١٦٢.)

پێویستە ئەوەش دووپات بکەینەوە کە ملکەچی کورد بۆ والی هەر لەبەر ئەوە بوو کە نوێنەری سوڵتان خەلیفەی ئیسلام و ئەمیرلموئمنیین بوو لە عێراقدا و لە ڕووی ئایینیەوە بوو، نەک لە ترسا سەرپێچیان نەئەکرد(٣٢).

ئەحمەد ئاغای کەهیەش کە هەمیشە کەهیە جێگری والی بوو بە سووکایەتیکردن بە خەڵک، کەوتە بوختانکردن و قسەهەڵبەستن دژی بابانەکان لای سلێمان پاشای والیی ڕەزای تاڵ کردن، هەر لەم ئاسۆیەوە کە ئەحمەدی کەهیە فیتنەگێڕ ئەگەری بوون بە والی هەبوو لە پاشەڕۆژدا، بۆیە مەسەلەی ڕێوشوێن دانان بۆ پاشەڕۆژ لەلایەن مستەفائاغای کوردی موتەسەللیمەوە پێویست بوو، بە گوێی عوسمان پاشای بابانداا، درا، ئەویش قاییل بوو. حاجی سلێمانی شاویش لەوە ئاگادار کرایەوە، ئیتر والی گەڕایەوە بۆ بەغداد. عوسمان پاشا و ئەوڕەحمان بەگیش گەڕانەوە بۆ سلێمانی، عوسمان پاشای براگەورەکە دانرا بە حاکمی سلێمانی لە شوێنی برایم پاشا، ئەوڕەحمان بەگی بۆ ای بچوکی خۆی کرد بە میری قەرەداغ، نەریتیش وا بوو میری قەرەداغ لە پلەی بەرزتردا سەیر ئەکرا، بۆ دواڕۆژ کە ببێت بە حاکمی سلێمانی. بەاڵم وەنەبێت هەموو جارێک ئەم کارەیان سەری گرتبێت، بە هۆی چاندنی تۆوی ناحەزی لەناو بابانەکاندا لەلایەن والی و کەهیەکەی و دەستەودایەرەیەوە.

ئەم سیاسەتەی بەرپرسانی زۆری بە بابانەکان و بنەماڵەکەیان و یەکبوون و یەککگرتنیان ئەگەیاند و نەریتە نەتەوەییەکانیشی ئەسڕییەوە.

حاجی سلێمان بەگی شاوی سااڵی ١٧٨٨ داوای لێبوردن و خۆبەدەستەوەدانی کرد و والییش قبووڵی کرد، دوای ئەوە بۆ زیاتر خۆبردنەپێشەوە شاوی دەقی ئەو نامەیەی پێش سااڵێک لەبەینی موتەسەللیمی بەسرە و عوسمان پاشای بابانداا سەبارەت بە ئەحمەد کەهیە کە لە بەینیاندا ئاڵوگۆڕ کرابوو دایە دەست والیی، جگە لەوەش ڕستێک زانیاری ڕاست یا درۆگۆی تێهەڵکێش کرد، ئیتر ڕقوکینەی والیی دژی عوسمان پاشا کڵپەی سەند، بەاڵم نەیویست دەری

بخا بەڵکو بە پیلان و فڕوفێڵ، ئەوەی ئەیەوێت لەگەڵیدا بە ئەنجامی بگەیەنێت. والی نامەیەکی خۆشەویستی و باسی خزمەتی پاڵەوانانەی پێشووی بۆ عوسمان بەگ نووسی کە حەز ئەکات چاوی پێ بکەوێت و بچێتە لای بۆ بەغداد، ئەویش بە دڵێکی پاکوخاوێنەوە و هیچی لە بابەت ئەو نامەیەی لەوەوپێشی لەبیر نەمابوو، بۆیە بە چل سوار لەگەڵ عەبدوڵڵای بۆرای ئەحمەد کەهیە ڕووی کردە بەغداد.

مستەفائاغا لە بەسرە لەم کاتەدا پرۆژەی بیرۆکەکەی گەیاندە قۆناغی جێبەجێکردن، هۆزەکانی بەسرەی ڕاست کردبووەوە. سەرەتای یاخیبوون وردەوردە دەر کەوت(٣٣). لەبەر ئەوە والی پرۆژەکەی بەرامبەر بە عوسمان پاشا دوا خست و وای پیشان دا کە ئەو گیروگرفتە هەر بە عوسمان پاشا خۆی چارەسەر ئەکرێت، هەر بۆ دڵنیابوونی عوسمان پاشا، داوای خوشکەکەی کرد، بۆ عەبدوڵڵای بۆرای ئەحمەد کەهیە، عوسمان پاشاش بەوە ڕازی بوو، ئیتر گورج ماڕەیان بڕی، دوای مانەوە چەند ڕۆژێک ناردیەوە بۆ سلێمانی و(٣٤) پەیمانیشی دایە، سەرەتای بەهاری داهاتوو بە هاوبەشی ئەو پەلاماری بەسرە بدەن، سلێمان پاشای والی لە سەرەتای بەهاردا دەستی بە خۆئامادەکردن بەرەو بەسرە کرد و تەتەری نارده لای عوسمان پاشا ئەویش ئامادە بێت. هەموو خۆئامادەبوونێک لە بەغداد تەواو بوو. عوسمان پاشاش بەخۆی و هێزەکەیەوە گەیشت.

ئیتر هەر ئەوەندەی یاخییەکان زانیان عوسمان پاشای بابان هاتووە. یەکسەر بەسرەیان بەجێ هێشت و کەس نەما. عیسی بەگی ماردینی بە موتەسەللیمی بەسرە دانرا و هێزێکی سوپایی بۆ جێ هێڵرا تاکو کاری خۆی پێ جێبەجێ بکات، ڕاپەڕیو مەحموود الثائریش کرا بە سەرۆکی خێڵایەتی مونتەفیک. ئیتر سلێمان پاشای والیی بەرەو بەغداد گەڕایەوە.

لە بەغداد دوای میوانداریەکی گەرموگوڕی عوسمان پاشا، قاوەیەکی زەهراوی دەر خواردا و ئەویش وەفاتی کرد و لە گۆڕستانی ئیمامی ئەعزەم ئەبو حەنیفە بەخاک سپێردرا.

حسێن نازم بەگ لێرەدا ئەڵێت، "قەڵەم لە ئاستی ئازایەتی و هێز و خۆڕاگریی دینی ئەم پیاوە دەستەپارچە ئەوەستێت، ئەم کارە نەک تەنیا ئاکامی ختووکەدانی تەبیعەتی درێندە زیانبەخشەکانە بەڵکو دەروونی مرۆڤیش، ئەم کارە ئەگەر لە ئاژەڵە درێندەکانیش بوەشێتەوە، خۆی لێ بەدوور ئەگرێت و قێزی لێ ئەکاتەوە(٣٥).

دیسانەوە (حسێن نازم بەگ) ئەفەرموێت(٣٦):

"ڕووداو و بەسەرهاتەکان بۆیان سەلماندین تەوەری نیزام و ئاساییش لە ولاتی عێراقدا، بەسترابوو بە شمشێری ئازایەتی و دلێریی بابانەکانەوە، هەرکاتێک ناوچەی عێراق دووچاری پشێوی و نائارامی بووبێت، ئەگەر بابانەکان بۆی نەچووبنە مەیدان و بنەبڕیان نەکردبێت(٣٧) هەروەک خۆی ماوەتەوە و بەڵکو ڕووەو خراپتر بۆتەوە.

کاربەدەستان هەموو ڕێیەکیان لێ یاخی بووە و بۆیان نەدۆزراوەتەوە، چونکە ئەوان بە

هـۆی قارەمانییەتـی و ئازایەتـی هەمیشـە نیشـاندراوی بابانـەکان خۆیانـەوە، دەیانتوانـی هـەرکاتێک بیانەوێـت دەسـت بەسـەر بەغـدادا بگـرن و بیکەنـە بارمتـەی بەردەسـتی خۆیـان، بـەڵام ئـەوان قەناعەتیـان وا بـوو، پەلاماردانـی وەکیلـی خەلیفـەی موسـڵمانان سـەردەکێشـێتەوە بـۆ کوفـر و مەینەتـی، ئیـدی نەیاندەویسـت ڕووی ملکەچـی بـەرەو لایەکـی پێچەوانـە وەر گێـڕن.

حکومەتی دووەمی ئیبراهیم پاشا

پاش مردنی عوسمان پاشا، دووبارە ئیبراهیم پاشا لەجێی ئەو بە حوکمدار دانرایەوە. هەر ئەوەندەی دەنگوباسی چۆنیەتی مردنی عوسمان پاشا و دانانەوەی ئیبراهیم پاشا بڵاو بووەوە لەشکرەکە گورج پێوەندییان بە هێزەکانیەوە کرد و هێندێکی دیکەیان بە دڵی پڕ لە ئازارەوە گەڕانەوە بۆ سلێمانی.

کاتێک ئەم هێزە خرۆشاوە گەیشتەوە سلێمانی، عەبدولڕەحمان بەگی برای خوالێخۆشبوو عوسمان پاشا بە وەکالەت حوکمی ولاتی بابانی ئەکرد، بەڵام سلێمان پاشای والی، برایم پاشای لە شوێنی داناوە، عەبدولڕەحمان بەگ بە بێدەنگ ڕووی کردە سونقور لە ئێران لەوێ مایەوە و ئەوەندەی کە حاڵی ماددی باش بوو، بەڵام هەرکە دەستکورتی تەنگی پێ هەڵچنی، بۆیە ساڵی ١٢٠٤ک/ ١٧٨٩ز پەیوەندی بە والی سلێمان پاشاوە کرد. ئەویش ئەمەی زۆر پێ خۆش بوو، چونکە چوونە ئێرانی عەبدولڕەحمان بەگ ترسی پێ پەیدا کرد بوو، کە هاتەوە هەندێک زەویوزاری بۆ گوزەران بۆ دابین کرد. بەو جۆرە نزیکەی حەوت مانگ لە بەغداد مایەوە.

لەو کاتەدا مردنی مەحموود پاشای کوڕی تەیمور پاشای موتەسەریفی کۆیە و حەریری بەسەردا هات ئیتر ئەو ناوچانەش خرانەوە ژێر ڕکێفی ئیبراهیم پاشاوە، جا لەبەر ئەوەی بەسەربردنی ژیانی هێمنی و ئاشتییانەی بابانەکان لەگەڵ حەزوخولیای سلێمان پاشای والیدا نەئەگونجا، هەر ساڵی ١٢٠٤ک/ ١٧٨٩ز بەبێ هیچ پاساوێک ئیبراهیم پاشای لە حاکمییەتی سلێمانی لا برد و عەبدولڕەحمانی لە شوێندا دانا، لەم ماوەیەدا کە سەلیم بەگ برای ئەوڕەحمان پاشا لە هاتنی بەراییدا بەرەو سلێمانی لە گڵەزەردەوە عەبدولعەزیزی برای ئیبراهیم پاشاش پێش کاروان کە لە سلێمانی دەر ئەچوو هەر لە گڵەزەردە، ئەو دووانە بەیەک گەیشتن و دەمەقاڵەیەک لەنێوانیاندا ڕووی دا، بوو بە هۆی پێکدادان و تەقە و کوشتار بە هۆی سەرسمی ئەسپەکەی عەبدولعەزیزەوە و گلانیی و برینداربوونی و بەدیلگرتنی، دوای تیمارکردنی لەسەر ئەمری، ئەوڕەحمان پاشا،

کە چاکبووەوە لەسەر داوای والیی نێردرا بۆ بەغداد و برایم پاشاش بەرەو بەغداد بووەوە و لەوێ خۆی و دەستوپێوەندی نیشتەجێ کرد و چەند موڵکی لە خانەقین و بەشیر و تازەخورماتو پێ بەخشین.

بە گەیشتنی ئەوڕەحمان پاشا بۆ سلێمانی، دەستی کرد بە بەڕێوەبردنی کاروبار و سەلیم بەگی برای لە قەرەداغ دامەزراند.

ساڵی ١٢١٢ک/ ١٧٩٧ز ئەوڕەحمان پاشا لەلایەن والییەوە بانگ کرا بۆ بەغداد، ئەویش سەرەڕای نەخۆشییەکەی کە بووبووە ڕێگری بەلام هەر کەوتە ڕێ، ئیبراهیم پاشا لە شوێنی دانرا، حکومەتی کۆیە و حەریرەش وەک جۆرە چاکە دەرهەقکردنێک سپێردرا بە سەلیم بەگی برای ئەوڕەحمان پاشا و فەرمان درا. ئەوڕەحمان پاشا لە بەغداد بمێنێتەوە.

حکومەتی سێیەمی ئیبراهیم پاشا

ساڵی ١٢١٦ک: ١٨٠١ز بێزاریی ئەوڕەحمان پاشا لە دریژەکێشانی مانەوەی لە بەغداد، گەیشتە ئەوپەڕی، داوای مۆڵەتی لە سلێمان پاشای والی کرد بەغدا بەجێ بهێڵێت، بەڵام والی لەسەر ئەم داوایە ڕقی لێ هەڵگرت، سەلیم بەگی بڕای لە ویلایەتی کویسنجق و حەریر لا برد و هێنایە بەغداد، ئەوڕەحمان پاشاشی دوورخستەوە بۆ حلە. حکومەتی کویسنجق و حەریریشی بە پلەی پاشایەتی سپارد بە محەمەد بەگ کوڕی مەحموود پاشای کوڕی تەیمور پاشا.

وەفاتی سلێمان پاشای والیی و دانانی عەلی پاشا لە شوێنی

هەر لەو ساڵەدا (١٨٠١ز) سلێمانی والیی تووشی نەخۆشییەکی قورس بوو، زۆری نەبرد گیانی بە خاک سپارد و لە نزیکی ئیمامی ئەعزەم شاردرایەوە، وەسیەتی کردبوو دوای خۆی لەو چوار زاوایەی کە هەیبوو عەلی پاشا ببێت بە والی، ناسراوان و پیاوماقوڵان لەسەر مەزبەتەیەک کە هەموو ئیمزایان کرد وەسیەتنامەکەیان پەسەند کرد، کۆمەڵێک دژی وەستان و هەڵیان کوتایە سەری بەڵام هیچیان پێ نەکرا.

عەلی پاشاش گەیشتە تەلەعفەر و بۆ ئەوەی خۆی بنوێنێت سەری چەند گەورە پیاوێکی میللەت بپەڕێنێت وەک ئەحمەد و عەبدولعەزیز شاوی، لەبەر ئەوەی ئەمانە لەوەو پێشتر بەشداری یاخیبوونەکەی بەغدادیان کردبوو، هەرچەندە ئەم دوو نەگبەتە، چەند ناڕەحەتی سەفەر و یاوەریی والییان کێشا کەچی والیش بەو جۆرە پاداشتی دانەوە...

دوای شاویەکان، نۆرە هاتە سەر عەلی مورادخانی پاشای حوکمداری ئامێدی، بەڵام لە بەردەستیدا نەبوو کە هەر بە چنگ جەرگ و ڕێخۆڵەی دەر بێنێت، ئیتر هەر ئەوەی پێ کرا کە لە حوکم لای بەرێت و قوباد بەگی ئامۆزای لە شوێنی دابنێت و زیاتریش لەمەدا ئامانجی تێکدانی خزمایەتییان بوو، بەڵام خۆ لابردنی عەلی مورادخان هەر وا ئاسان نەبوو، بۆیە خالید بەگی برای برایم پاشای بە پێنج سەد سوارەوە لەگەڵ قوباد بەگدا نارد سەری و خۆی بەرەو بەغداد گەڕایەوە.

ئەوڕەحمان پاشاش کە گەیشتە سلێمانی، عەبدوڵڵا بەگی برای بە حوکمداری قەرەداغ دانا هەریەک لە ١. سلێمان بەگ،

٢. سەلیم بەگ، ٣. ئەحمەد بەگ، ٤. عومەر بەگ، ئەمانەی کرد بە فەرماندەی سوپا.

بەڵام سلێمان بەگی کوڕی برایم پاشا هەر کە هەواڵی مردنی باوکی بیست و دانانی ئەوڕەحمان پاشا لە جێگای. یەکسەر بە مال و منداڵەوە ڕووی کردە بەغداد.

سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەکەی کەی وەهابیەکان

دوای سەرهەڵدانی وەهابیەکان جارێکی تر ئەو کوردانەی بووبون بە بەردی قوڕچەقانی لە بیابانی نەجددا، وەهابیەکانی هەڵئەپرووکان.

ساڵی ١٢١٩ک/ ١٨٠٤-١٨٠٥ ز وەهابییەکان لە عێراقدا تەواو بڵاو بووبوونەوە. سەرەتا پەلاماری بەسرەو زوبێریان دا، بەڵام خەڵکەکە شێرانە بەرامبەریان وەستان، عەلی پاشاش لەوەوپێش، تا ساڵی ١٢١٣ک/ ١٧٩٨- ١٧٩٩ز کە هێشتا هەر کەهیەبوو لەگەڵیاندا کەوتبووە شەڕەوە، بەڵام خراپ تێک شکابوو، بۆیە نەیوێرا خۆی لەقەرەیان بدات.

ئەوەبوو وەهابییەکان، دوای ئەوەی خۆیان لە وڵاتی نجد سەقامگیر کرد، ئینجا تەماعی وڵاتی عێراق کەوتە کەلەیانەوە.

ئەم جارە عەلی پاشا پەیمانێکی هەڵەشانەی دا و سوێندی خوارد تا ئەو بەسەر زیندوو بێت، نابێت وەهابییەک سەر بە عێراقدا بکات.

بەم جۆرە غیرەتی بزوا، پەلاماری وەهابیەکانی هەڵبژارد هێزێکی زۆر و کەرەستەیەکی زیاتری شەڕی ئامادەکرد و لە شەڕ هەڵچوو، بە دریژایی دە مانگ بەردەوام تێکۆشا، نەیتوانی خۆی ڕابگرێت، وەهابییەکان هەردوو قەڵای ئەلمبیرەز و هوفووف لە ناوچەی الاحساء یان تێک شکاند و بەشپرزەیی و زیانێکی زۆرەوە عەلی پاشا گەڕایەوە، لەو کاتەوەش شەش ساڵی تر تێپەڕیبوو(٣٨).

شەڕی وەهابییەکان ساڵی ١٨٠٦ز و دوای زیاتر لە دوو سەدە شەڕی داعش و پێشمەرگە ٢٠١٤-٢٠١٥

ئێمە ئێستا لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ کە داعش گوایە دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام هاتوون هەندێک بەشی ژووروووی عێراقیان داگیر کردووە هێز نەبوو خۆی لە بەرياندا بگرێت. تەنها هێزی پێشمەرگەی کورد بەرامبەریان وەستان بەتایبەتی ویستیان سەرەتا بەنداوی موسڵ

داگیر بکەن و پەلاماری سنجار و یەزیدییەکان و مەسیحیەکانیان دا.

پێشمەرگە و بەیارمەتی هێزی ئاسمانی ئەمەریکا پێکەوە بەرامبەریان وەستان.

ئا لەم کاتەدا، کە نهایەتی مانگی ئابە، داعش لە کشانەوەی تەکنیکی دایە، ئەمەم بۆیە لێرەدا نووسی، کە ئەوڕەحمان پاشای بابان وەک لە لاپەڕەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا هاتووە کە چوون بە سەرکردایەتی ئەو هێزە کوردە، وەهابییەکانیانی شکان و دەری کردن. کەچی لە ئەنجامدا عەلی پاشای والی مەمالیکی ئەوکاتەی عێراق کە خۆی لەوەوپێش لەدەست وەهابییەکان ڕای کردبوو، ئەم جارە پەنای بردە بەر ئەوڕەحمان پاشای بابان کە ئەو پیاوە بە هێزی کورد، وەهابییەکانی بڵاوە پێ کرد و شکاندنی، لە ئەنجامدا بێشەرمانە عەلی پاشای والی سەرکەوتنەکەی دایە پاڵ سلێمانی خوشکەزای و لە باب العالی ئافەرین و دیاری بۆ ئەو وەر گرت. خوا بکات ئەم پاڵەوانیەتییەی پێشمەرگە قارەمانەکانمان بەرامبەر داعش وەک هیممەتی قارەمانانەی ئەوڕەحمان پاشای بابان و لەشکری کوردی لێ نەیەت و بە قەڵەمی ڕەش بۆیان نەنووسرێت ئەوسا کێ کردی و کێ خواردیمان بۆ ئەمێنێتەوە، ئەبێت سەرۆکەکانمان لەم لایەنەوە تەواو ئاگادار بن، هێرشی کورد بە سەرۆکایەتی ئەوڕەحمان پاشا لە کاتی والی علی پاشادا بوو وەک لە لاپەڕەکانی پێشوودا تۆمار کراوە.

بەڵام بەداخەوە لە ڕۆژی دەی حوزەیرانی ٢٠١٤ دا شاری موسڵ لەلایەن داعیشەوە لە ماوەیەکی کەمدا بەبێ بەرگری داگیر کرا و تومەتباری سەرەکی بە حسابی میللەت و بە هەموو حسابێک هەریەک لە (القائد العام للقوات المسلحەو واتە سەرەک وەزیران کە ئەو کاتە نوری المالکی بوو، کە مەسئوولی یەکەم بوو و پێشەوای سوپاییەکانن و تا ئێستایش کۆتایی سالی ٢٠١٥ یە موسڵ هەر بەدەست داعیشەوەیە.

وەهابییەکان، لەو ماوەیەدا، جێگا و ڕێگایەکی لەشکانناهاتوویان بەدەست هێنابوو، علی پاشاش هەرچەند بیری لە کارەکە ئەکردەوە، زیاتر وردەی دەڕووخا و کاروباریشی لەدەست دەر چوو بوو، بیرکردنەوە و نائومێدی، ئاخری گەیاندبیە لای ئەوڕەحمان پاشای بابان، بەو بڕوایەی لە توانا و هێزی بابان بەدەر هیچ هێزێک نییە بتوانێت، بچێتە مەیدانیانەوە، بۆیە نامەیەکی بۆ ئەوڕەحمان پاشا نووسی کە بە گشت هێزی بابانەوە بکەوێتە ڕێ، کاتێک ئەویش گەیشتە بەغداد و بەگەرمی پێشوازی لە خۆی و سوپاکەی کرا، عەلی پاشا وای پیشاندا کە سەرکەوتن لێرەدا لە پێناوی ئیسلامدایە و سەبارەت بە دابینکردنی خۆراک و بژێویی پێویست بەهێزی گەورە ناکات، ئیتر لە نۆی شەعباندا کەوتنە ڕێ، عەلی پاشا لە حللە مایەوە.

ئەوڕەحمان پاشا و سلێمان بەگ خوشکەزای والیی بە سێ هەزار سوارەوە ڕوویان کردە بەسرە و زوبیر و پاکیان کردنەوە، ئینجا بەرەو (ئەحسا). شیعاری ئەوڕەحمان پاشا ئەوە بوو لێدە و بڕۆ. بە هۆی گەرماوە نۆسەد جەنگاوەر و لەوەش زیاتری ژمارەیەکی زۆر چاو و گوێیان لەدەستدا و هەندێکیشیان تووشی شێتیبوون.

ئەم سەرکەوتنەی عەلی پاشای والیی جێی سەرسوڕمانی هەموو مرۆڤێک بوو، بەڵام کاتێک

هێزی بابان بەسەرکەوتوویی گەڕانەوە، عەلی پاشا بایەخێکی ئەوتۆی بەو سەرکەوتنە گەورەیە نەدا، کە ئەبووایە سوپاس و پێزانینی خۆی بەگەرمی لە بەرامبەردا دەر ببڕێت.

ئەوڕەحمان پاشا لە نیازی عەلی پاشا بێئاگا نەبوو، چونکە ئەو پیاوە کە گەڕایەوە بەغداد هەموو سەرکەوتن و ئازایەتییەکی دایە پاڵ سلێمان بەگی خوشکەزای، کە ئەوپەڕی سووکایەتیکردن بوو بە خاوێنی و شەرەفی نیشتمان و مێژوو(٣٩).

چونکە دەرسی کۆمەڵایەتی سروشت و بنەمای حیکمەت و فەلسەفی لای بابانەکان قەناعەتێکی لەدڵدا چەسپاندبوون، خودا پێی بەخشیبوون، بۆیە هەر خەباتێکیان کردبێت. سەرکەوتنیان تیادا بەدەست هێناوە و ناوی ئازایەتییان بەرز کردۆتەوە، ملی هەمووانیان بە شمشێری مەردایەتی خۆیان کەچ کردوون.

عەلی پاشا خۆی کە شەش ساڵ لەوەو بەر نەیتوانی سەرکەوتن بەسەر وەهابییەکاندا بەدەست بێنێت، کەچی ئەم جارە توانی کە ئەمە جێی دەستخۆشیی باب العالی و هەم بەدیهێنانی مەرامەکانی سەبارەت بە خستنە سەرپشتی دەرگای بەختەوەری بە ڕووی سلێمان بەگی یەگنی خوشکەزای کە ئەوسا پلەی میر لیوای لە هەولێر هەبوو، داواشی کرد پلەی میری میران بۆ پاداشتدانەوەی پێ ببەخشرێت، بەڵێ، ئەو کابرایە بەشداری شەڕی وەهابییەکانی کرد و ئەو ماوەیە هاوسەفەری ئەوڕەحمان(٤٠) پاشا بوو، بەڵام سەرکەوتنەکە هەر لەلایەن بابانەکانەوە بوو.

لێرەدا حسێن نازم بەگ وا دیارە گلەیی لە مێژوونوسانی ئەوسا و ئەو دەمە دەکات و ئەڵێت، "دیارە ئەو مێژووە فەلسەفییەی کە دەبێت ئاوێنەی باڵانوێن بێت بۆ بەسەرهاتەکانی جیهان و تۆماری حاڵوباری نیشتمانی و ڕێنوێنیی جوواڵانەوەی کۆمەڵایەتی بێت، کاتێک ئەفسانە و جادوو زوویی کەسەکان و ڕۆژگار دەڵێتەوە، هەموو سیفەتێکی باش و چاوەڕوانکراوی خۆی لە ڕووی لایەنە بابەتیە بنچینەییەکەیەوە دەدۆڕێنێت و کەڵک لە کاریگەری نابینرێت.

ئەو دەمە ناتوانین بڵێین ئێمە مێژوویەکی نەتەوەیی و نیشتمانیمان هەیە، لە کاتێکدا هەر گەلێک مێژوویەکی خۆی نەبێت، ناتوانێت نە بگاتە ئاستی بەرزی گەلانی پێشکەوتوو و نە بیسەلمێنێت لەباریدایە مافی ژیانی بەدەست خۆیەوە بێت. بەڵێ، هەموو گەلێک و بگرە هەموو یەکێکی هەر گەلێک شارەزای سەروەرییەکانی مێژووی خۆی بێت.

برایم پاشای بابان، بەڵێ، ژیانی خۆی لەپێناوی هەموو کۆسپێکی لە چارەسەر نەهاتووی شنگاردا کردە قوربانی، لە ڕەوشی کوردان لاپەڕە (٩٨)دا هاتووە: ساڵی ١٧٦٢/١١٧٦ز بو بە ئەمیر و ڕێبەری قەوم وەک پاشایان دەژیا. دابوورەسمی لە وڵات دامەزراند، بیست ساڵ ڕۆژگاری بەم جۆرە بردە سەر کاتێک بۆ بەغداد دەچوو. لە ڕێگا کۆچی دوایی کرد. منیش (ج.ب) ئەڵێم، ئەمە پێچەوانەی ئەوەیە کە لە شەڕی شەنگال نەخۆش کەوتووە و وەفاتی کردووە و لە موسڵ شاردراوەتەوە، بەڵام عەلی پاشا ناو و ناوبانگی سەرکەوتنی بۆ خۆی فڕاند، هەروەها ئەوڕەحمان پاشاش خۆی و هێزەکانی بابان سەرکەوتنیان لە بیابان و چۆڵەوانییەکانی

نەجددا کە جۆرەها تاڵاوی ئەشکەنجە و نارەحەتی سەیروسەمەرەیان چەشت تا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، بەڵام ئەوەی ناوی ئەو سەرکەوتن و زەفەرپێبردنە باڵایەی بەبااڵدا برا تەنها سلێمانی خوشکەزای عەلی پاشا بوو (٤١)، کە هیچ کارێکی چاکیشی نەکردبوو کە جێی باس بێت ئایا هەر عەلی پاشا نەبوو لە ساڵی ١٢٣١ک/ ١٧٩٨-١٧٩٩ز بە چل هەزار جەنگاوەرەوە و هەموو بە ئامرازی شەڕو کەلوپەلی جەنگەوە چوو بوون بۆ شەڕی وەهابییەکان کە ئەوسا وەهابییەکان بەتەواوەتیش خۆیان نەگرتبوو، دە مانگی تەواو کردی و کۆشای، لەگەڵ ئەوەی کە سێیەکی هێزەکەشی لەدەست دابوو بە کوشتی دان، هێشتا نەیتوانی خۆڕاگری دوو قەڵاکە بشکێنێت و لە ئەنجامدا بەناچاری پاشەکشێی کرد،

جا لەبەر ئەوەی ئەو دەستدرێژییەی کراوەتە سەرمافی ڕەوای پاڵەوانێتی بابانەکان، هەر لەم چەردە باس و خواسەدا کۆ نەبۆتەوە.

هەروەها حسێن نازم بەگ ئەفەرموێت، "ئەگەر هەر ئەوەندە بووایە ڕەنگ هەیە بە نابەدڵ لێی بێدەنگ بووینایە، بەڵام هەلومەرجی ڕزگارکردن و سەرکەوتنی بابانەکان لە سەدەی یازدەیەمەوە دەستی پێ کردووە، یا بەم شێوەیە تووشیی زەوتکردن بووە و دراوەتە پاڵ خەڵکانی تر، یا بەختی نەبووە بەوێژدانەوە تۆمار بکرێت.

بەڵێ میر سلێمان بەگی یەکەمی میراتگر و دروستکەری ناوبانگی نەمری بابان، کە بە پێنج هەزار جەنگاوەری هێزەکانییەوە، سوپای لە چل هەزار جەنگاوەری پێکهاتووی لوڕستانی لەلای (شەمێران)کە لە بەری باشووری دیالە شکاند و تەفروتوونای کرد و بحر الانسابش لێی دواوە، مێژوونوسانمان بە پێویستیان نەزانیوە لە لاپەڕەکانی مێژووی خۆیاندا تۆماری بکەن لە کاتێکدا مێژووی بێگانە نوسیوویانەتەوە(٤٢).

لە ساڵی ١١٢٦ک/ ١٧٢٣ز محەمەد خانە پاشا کە ڕزگارکەری ڕاستەقینەی کرماشان و هەمەدانە، هەرێمی ئەردەڵانیش لە ئێران ماوەیەکی درێژ لەژێردەستیدامایەوە، کەچی دەبینین مێژووی نیشتمانمان هەرگیز زاتی نەکردووە لە ڕووداوەکانی ئەم مێژووەدا ئاماژە بۆ محەمەد خانە پاشای ناوبراو بکات، بۆ ئەوەی وای نیشان نەدات، هاوبەشێکی بۆ کاروباری چالاکییەکانی ئەحمەد پاشای والیی بەغداد دۆزیوەتەوە.

سەلیم پاشاش کە تەنانەت کاروانی بارقورسی سەروەریی شاهانەی نادر شای خستە چنگی خۆیەوە، یا دوانزەسواری سلێمان پاشای کوژرا و کە دوازدە هەزار عەسکەری ئێرانی یان لە مەریوان پەرشوبڵاو و تار و مار کرد و ناچاریان کردن بەبێ ئاوڕدانەوە لەدەستیان ڕا بکەن، ئەو مێژوونووسانە بە شاییستەی ئەوەیان نەزانیون قسەیان لەسەر بکەن.

کتێبی زەیلی گوڵشەنی خلفایش ئەوەی نووسیویەتی سەبارەت بە پووکانەوەی سوپای خوسرەو خانی یەکێک لە گەورەترین و بەناوبانگترین سەرکردەکانی ئێران لەسەر دەستی ئەحمەد پاشا لە مەریوان و بەدیلگرتنی عەلی موراد خانی مەزنترین ئێرانی کە هێز و لێوەشاوەیی ڕاست لە شەڕگەی سەرسیردا بە چوونە سەرتەختی شاهانەی ئێران دەر کەوت.

جەودەت پاشای میژوونووس ئەمەی بە خواستن بۆ میژووەکەی وەر گرتووە، هەوالەکەی بە پەسەندان و ستاییشێکی زۆرەوە لێوەشاوەیی پالەوانانەی ئەحمەد پاشای رێک نەخستووە، بەڵکو هێندەی توانیوە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە بیانکاتە بەڵگەی خۆی بۆ نیشاندانی لێهاتوویی و بەهرەداریی تەنها وەزیرەکانی خۆیان.

ئاشکرایە هێزەکانی والیی بەغداد نەیانتوانی بەرگەی ئەو هێرشانە بگرن کە محەمەدی کەهییەی ناسراو بە عەجەم ئۆغلو و ئیبنول خەلیل کردیانە سەر بەغداد. بۆیە والیی چەند پیاوێکی ناسراوی نارد لای بابانەکان، پەنایان بردە بەریان و پرووپان لێنان مەردایەتی بنوێنن، چونکە ئەوان لە رۆژانی تەنگانەدا دەستێکی بالایان لە یەکلاییکردنەوەی کاروباردا هەبووە.

جارێک ئەحمەد پاشا و جارێکی دی مەحموود پاشا و جاری سێیەم عوسمان پاشا بە پیر بانگەوازی فریاکەوتنەوە چوون. ئەوان بوون بەغدادیان لە پەلاماری داگیرکەران پاراست و مەترسی یاخییەکانیان لە هێڵەکانی گەمارۆی کازمییە و ئەعزەمییە رەواندەوە و رەوانەی گۆڕی نەمان و لەناوچوونیان کردن(٤٣).

ئەو کێبانەی عەرەبی و تورکی کە میژووی بەغدادیان تێدا تۆمار کراوە هەمووپان لە وردەکاری ئەم رووداوانە دواون. میژوونوسانیش، ئەگەرچی پابەندیی گوێرایەڵی و ملکەچی والییەکان بوون و بە زمانێک ناویان بردوون کە پلە و پایەیان کەمترین گەرد نەگرێت. ناچاربوون ڕاستی لە دوو توێی باسی رووداو و شەڕەکاندا بخەنە ڕوو(٤٤).یەکێک لەو سێی بە ڕەش کردنەی میژوونوسان ئەوەیان دیزەبەدەرخۆنە کردووە کە تاریخ الامارە البابانیە ل١٩١- ١٩٢دا باسی ئەکات ئەو نامەیەیە کە والی ئەرزرۆم چیا و پاشا ناردوویەتی بۆ سەدری ئەعزەم- واتا سەرۆک وەزیرانی عوسمانی ڕەخنەیەکی ئاشکرا، لە نەزانینی بەڕێوەبردنی ئیدارەی ولات، والیی بەغداد عەلی پاشا گرتوویەتیە بەر دڕی ئەوڕەحمان پاشای بابان بوو بە هۆی یاخیبوونی ئەوڕەحمان پاشا و داوای یارمەتی ئێران، بۆیە چیا و پاشا پێشنیازی کردووە ولاتی شارەزوور لە بەغداد جیا بکرێتەوە و حەسەن پاشای لەسەر دابنرێت و عەلی پاشاش لەوالییەتی بەغداد دوور بخرێتەوە و عەبدوڵلا پاشای لە شوێن دابنرێت.

خۆ ئامادەکردنی والیی عەلی پاشا بۆ شەڕ چەرخی ڕۆژگاریش، تا ئەهات پەردەی فەرامۆشیی کوردی ئەستورتر ئەتەنی.

میژوونووسان ئەوەندەی هەڵە و درێغیان بەرامبەر بە سیاسەتی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی کردووە، ئەوەندەیش کەمتەرخەمی و سستییان بەرامبەر بە مافی نەتەوە و میللەتان هەیە، چونکە پێویستە بەڵگەکانی دژ بەیەک و پێچەوانەی سەبارەت بە هەڵوێستی ناکۆکی سیاسەتی گشتی یا لقە جیاجیاکانی لە ئاستی بەرژەوەندی ئێستا و دوارۆژی هەر زەمان و زەمێنێکدا بۆ حکومەتی ناوەندی و میللەتەکەی ڕوون بکرێتەوە، ئەوەیش شی بکرێتەوە کە ئەم ناکۆکییە دەکشێتەوە بۆ

کۆمەڵە ئەنجامێکی زیانبەخش و لەم بوارەدا دەبێتە مایەی چەند گیروگرفتێک، تاکو وەچەکانی دوایی بیانزانن و خۆیانی لێ بپارێزن. لە کاتێکدا مێژوونووسانمان لە تۆمارکردنی چیرۆک و بەسەرهات هیچ ئامانجێکی تریان نەبووە، نەیانویستووە سۆراخی ڕاستی بکەن، بەڵام خۆشبەختانە ئەو هەواڵانەی کە بۆیان لواوە ئاگادریان بن، ئێتر ڕاست بووبن یان درۆ، بەبێ ئەوەی بە پێویستی بزانن لە بێژنگیان بدەن و بکەونە بژاری و یەکسەر تۆماریان کردوون.

(٤٤ب) من بە بیری کۆڵی خۆم، پێم وایە دەستەی حوکمداریش دادگای دادی هەر لە مێژوودا هەیە، دەبێت ئەم دادگایانەیش مامەڵە و کاری ئیداری و سیاسی پێوەندیدار بەپێی پێویستییەکانی بارودۆخ و ڕۆژگار بخەنە بەر نەشتەری وردکردنەوە و جیاکردنەوە، تا چاویان پێدا بخشێنرێتەوە و حوکمی پشتبەستوو بە حەق و بە ئەنجامی باش یا خراپیان بەسەردا بدرێت، ئێتر ڕاستی و دروستی لە ڕێکخستن و نووسینەوەی دەنگوباسدا هەر بەم شێوەیە بەدی دەهێنرێت.

مێژوو چوو بووە ساڵی ١٢٢٠ک/ ١٨٠٥ز کە ئەوڕەحمان پاشا و هاوڕێکانی مۆڵەتی بەجێ هێشتنی حلە و گەڕانەوەیان بۆ زێدی ئەسڵی خۆیان دەست کەوت، لەم کاتەدا هەندێک ڕووداو، وای پیشان ئەدەن کە عەلی پاشا خۆی بۆ ئەوڕەحمان پاشا نابێتەوە.(٤٥)

هەر لەم کاتەدا بەشێکی بابانەکانی شوێنکەوتووی خالید بەگ و سلێمان بەگ لە هێزەکەی ئەوڕەحمان پاشا جیا بوونەوە و خۆیان دایە پاڵ هێزەکانی ژێردەستی عەلی پاشا، ئەمە ئەوڕەحمان پاشای نیگەران کرد، بۆیە ئەویش کێشەکەی خۆی گەیاندە دەسەلاتداری ئێران.

عەلی پاشا دوای ئەوەی دڵنیا بوو کە ناتوانێت ئەوڕەحمان پاشا بخاتە داوی فێڵ و پیلانەکانییەوە، دەستبەجێ شەڕی دژی بابانی ڕاگەیاند، ئەو ڕۆژانە هەریەک لە خالید ئاغای کەهیە و عەبدوڵڵا ئاغای موتەسەللیمی پێشووی بەسرە بە گوێی عەلی پاشایان دا کە دڵڕاگرتنی ئەوڕەحمان پاشا گەلێک بەسوودترە لە تەراندن و لەناوبردنی.

بەڵام خاوەنی ئەم ئامۆژگارییانە خێرا لە بەندیخانە توند کران و نەخێر بۆ ڕێگاپاککردنەوە بۆ دامەزراندنی سلێمان بەگی خوشکەزای، خالید ئاغای کەهیەی لەدار دا(٤٦) عەبدوڵڵا ئاغای دوور خستەوە بۆ بەسرە و ئینجا هەرچی هێزێک کە سەر بە خۆی بوو ڕای سپاردن لە کەرکووک کۆ ببنەوە یەکێک لەوانە، خالد بەگ بوو کە وای دەزانی حوکمداریەتیی بابان برایم پاشا مافی خۆیەتی و گوایە ئەوڕەحمان پاشا دەستی بەسەرداگرتووە.

ئەوڕەحمان پاشا ناوچەی قەرەحەسەنی کردە بنکە و بارەگای خۆی. هەواڵی پێ گەیشت کە خالید بەگ بە هێزێکی گەورەوە ڕووی کردۆتە کەرکووک و عەبدولفەتاح پاشای موتەسەریفی دەرنە و باجەلانیش سەرقاڵی هێز کۆ کردنەوەن، لەبەر ئەوە سەلیم بەگی برای کردە فەرماندەی هێزێکی پێنج سەد سوار و ناردیە سەر عەبدولفەتاح پاشا، خۆشی هەر ئەو شەوە بە سێ سەد سوارەوە بزووت بۆ بەرەنگاربوونی خالید بەگ کە لە ئاڵتون کۆپری پێی گەیشت، پەلاماری دا و بڵاوەی پێکردن و هەڵاتن. خالید بەگیش خۆی دەرباز کرد. کاتێک عەبدولعەزیزی برای بەم

تێکشکاندنە، ئابڕووبەرەی زانی ئەویش لەگەڵ چەند سواریکدا بە لووتشکاوی و نائومێدییەوە بەرەو بەغداد قووچانی بۆ لای عەلی پاشا.

لەو شەڕەدا عەبدولفەتاح پاشا بە هەڵمەتەکەی سەلیم بەگی پێشوەخت زانیبوو، ئەویش هەلاتبوو بنە و بارگە و هەموو شتێکیان بەجێ هێشتبوو، دەست هێزەکەی سەلیم کەوت.

عەلی پاشا هەموو هێزێکی ناوچەکانی لەگەڵ هەموو سەربازانی عێراق و جەنگاوەرانی خێڵە عەرەبەکان بەرەو باکوور دەکشان و لە هەمان کاتدا خاوەخاویشی دەکرد و هەرکەسێکی لە ڕێگادا بدایایە لەگەڵ لەشکرەکەی کێشی ئەکرد. کە دەنگوباسی ئەم هێرشە گەورەیە گەیشتە کەرکووک و دەوروبەری، ئیتر شێخانی عوبید و عەززە و ئەو عەرەبانەی لەگەڵ ئەوڕەحمان پاشادا بوون هەموو تۆقین، بۆ شەو هەموو هەلاتن، ئەم هێزە لە کەناری دیجلەدا تووشی هەلاتووەکان بوون، ئەم ڕووداوە پەندێکی خراپی خۆڕانەگری و بێدەسەلاتی نواند و خیانەتکردن بوو بۆ ئەوەی دەرسی لێ وەر بگرێت.

کاتێک ئەوڕەحمان پاشا بەو خیانەتەی خێڵانی عەرەبی زانی، ناچار مەیدانی شەڕەکەی جێ هێشت و کشایەوە بۆ دەربەندی بازیان بۆ ئەوەی ئەوێ بکات بە هێڵی بەرگری خۆی.

بۆیە کەوتە قاییمکردنی دەربەند و سەنگەر لێدان، دوو برای کە سەلیم بەگ و خالید بەگ (٤٧) بوون لە هەردوو لای ڕاست و چەپی دەربەندەکە دانا، هەریەکەشیان هەزار جەنگاوەری خستە ژێر دەستیان، ڕاڕەوەکانی ڕاست و چەپی دەربەندەکەی پێ قاییم کردن و هێزی لێ دانان، خۆشی فەرماندەیی ئەو هێزە یەدەگەی دەکرد کە لەپشت دەربەندەکەوە مۆڵی دابوون.

ژمارەی ئەو هێزەی عەلی پاشا کێشی کردبوون خۆی لە سەد هەزار ئەدا، کە بە چوار ڕۆژ گەیشتنە شیوە سوور، لەبەر ئەوەی دەربەندەکە عاسی و سەخت بوو، خالید بەگ و سلێمان بەگ نەخشەیان دانا. بڕیار درا خالید لای ڕاستەوە و سلێمان(٤٨) لای چەپەوە، عەلی پاشاش لە ناوەڕاستدا هێرش بەرن، ڕۆژی دووەمی گەیشتنی هێزە هێرشبەرەکان لە شیوە سوور ئەو هێزانە بەری بەیان بەپێی نەخشە کێشراوەکە کەوتنە جوولە بەلام ئەو دوو پیادەڕێیە کە ئەوڕەحمان پاشا نەیگرتبوون و بەکراوەیی مابوونەوە، هەردوو باڵی هێرشبەر لە لای ڕاست و لای چەپەوە بە زنجیرە شاخەکەدا بەرەو لوتکەکانی هەڵگەڕان.

هەر کە هێزەکانی بەرگری لە دەربەند کەوتنە بەر ئاگری گوللەی هێرشبەران لە بەرزاییەکانی بەرامبەریانەوە، ئەوسا زانیان ڕێوشوێنی بەرگرییان چی هەڵەیەکی گەورەی تیادایە، بەلام تازە ڕۆیی جڵەوی دەستپێشخەری یان لەدەست چوو، شەڕ درێژەی کێشا تا پاش ئێوارەی ئەو ڕۆژە دنیا تاریک بوو، کاتێک زانییان ناتوانن لە بەردەم ئەو هێزە زۆروزەبەندەدا خۆ ڕاگرن چونکە دوژمن بەسەر شوێنە گرنگەکانا زاڵ بووبوو، ئەوسا ناچار بوون پاشەکشە بکەن. ڕاستییەکەشی ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت نموونەیەکی شەڕی قەوماوی ئەو ڕۆژە لەنێوان هەردوو لایەنی بەشەڕهاتوودا ببینێتەوە.

ئەو خۆڕاگرییە ڕۆستەم ئاساییەی واتە تاقمەشێرەکەی ئەوڕەحمان پاشا کە بەرامبەر

بـە سـوپای عەلـی پاشـا وەک دڵۆپـە ئاوێکـی دەریایـەک وا بـوو، لەوپـەڕی تیـن و وزەی مرۆڤـی تێپەڕاندبوو. عەقڵی سەرسـام کردبوو، خۆ ئەگـەر نزیکـەی پێنـج سـەد کوژرا و لـەم تاقمـە کەوتبێت، ئـەوا هێزەکانـی عەلـی پاشـا پێنـج هـەزار کوژراویـان زیاتـر هەبـوو.

پـاش ئـەم تێکشـکانە کـە بـە سـەرکەوتنێکی حاشـاهەڵنەگر دادەنـرا، ئەوڕەحمـان پاشـا ڕووە و سلێمانی کشـایەوە، بـەو جۆرە خێـزان و داروەدسـتەی هەمـوو هەڵگرت و ڕووەو ئێران بـووەوە. پێشـتر پێوەندی بـە کاربەدەسـتی ئێرانـەوە کردبـوو، عەلـی پاشـا بۆ تۆقاندنـی خەڵـک و خۆدەرخسـتن و تـرس و بیـم خسـتنە دڵیانـەوە، هەمـوو کەللەسـەرەبڕراوەکانی کـوژراوی هـەردوو لای کۆ کردەوە و منارەیەکـی (٤٩) بـەرزی بەرامبـەر بـە دەربەندەکـە لـێ دروسـت کـردن و چەند ڕۆژێـک هێڵرانـەوە بـۆ تۆقاندنـی خەڵکەکـە، ناوبـراو بـە درێژایـی ئـەو ڕۆژانـە بەوپـەڕی شـانازی و خۆبایبوونـەوە دەیڕوانیـە ئـەم دڕندایەتیـە و دڵڕەقییـە کـە سـەدەکانی سـەرەتا و ناوەڕاسـت و ئـەم دواییـەی جیهانی مرۆڤایەتـی شـەرم دەکـەن نموونەیەکـی وا بخەنـە بەرچـاو.

عەلـی پاشـا، پاشـان ئـەو حکومەتـەی بابانـی سـپارد بـە خالیـد بـەگ و کوێسـنجق و حەریـری بـە پلـەی پاشـاییەوە دا بـە سلێمان بـەگ کـوڕی برایـم پاشـا، خۆیشـی گەڕایـەوە بـۆ وڵاتـی عێراق.

ئەوڕەحمـان پاشـا دوای ئـەم شـکاندنە گەیشـتە سـنە و وردەکاریـی ڕووداوەکـەش کەوتـە بـەر گوێـی فەتـح عەلـی پاشـا لەبـەر ئـەوە شـارۆچکەی سـونقوری بـۆ تەرخـان کـرد کـە لـەوێ نیشـتەجێ ببێت. پـاش ئـەوە شـا نێـررەراوی دووەمـی(٥٠) ڕەوانـەی لای عەلـی پاشـا کـرد، تـکاکاری بـوو بـۆ گێڕانـەوەی حکومەتەکـەی ئەوڕەحمـان پاشـا، بـەڵام عەلـی پاشـا ئـەم جارەش عوزرخوایـی هێنایـەوە.

هێشـتا دوو مانـگ تێنەپـەڕی بـوو فەتـح عەلـی شـا نامەیەکـی نـارد بـۆ عەلـی پاشـا داوای لـێ کردەوە، ئەوڕەحمـان پاشـا بخاتـەوە سـەر پلەوپایـە و حکومەتەکـەی خـۆی پەنجـا هـەزار تمەنیشـی لە قەرەبـووی ئـەو زیانانـەدا بداتـێ کـە لێـی کەوتـوون، شـێوازی ئـەم داوایـە لـە شـێوەی فەرمانپێکردندا بـوو.

عەلـی پاشـا لـەم فەرمانپێکردنـەی شـای قاجـار تـووڕە بـوو و گـڕی گـرت، جـارێ شـەڕی دا لـە دژی ئێـران، هێزەکانـی گەیشـتنە مەنزڵگـەی تـاق لـەوێ چەند کۆسـپێکی ڕێگەوبـان ڕێگایـان لـە تۆپەکانـی گـرت، لـەم کاتـەدا فەرمانـی بابـی عالـی بـە عەلـی پاشـا گەیشـت بـۆی ڕوون کردبـووەوە کـە جارِدانـی شـەڕ دژی دەوڵەتـی بێگانـە لـە دەسـەڵاتی والییـەکاندا نییـە و نابێـت هیـچ کارێکـی لـەو چەشـنە بکـەن، ئەگـەر دەسـتیشـی پـێ کرابێت، ئەبێت بەبـێ وەسـتان دەسـتبەجێ بکشـێتەوە(٥١) پـاش ئـەوەی عەلـی پاشـا لـە خـەوی غەفلـەت بێـدار بـووەوە، واق وڕمـا و لـە جێـی خـۆی وەسـتا، نەیدەزانـی چـی بـکات، ناچـار ڕاسـتەوخۆ فەرمانـی دا، پیـادە و سـوارە دەسـت بەکشـانەوە بکـەن.

ئەوڕەحمـان پاشـا و دەسـتەکەی ڕوویـان کـردە مەریـوان چـاوەڕوان بـوو ئێـران شـتێک بـکات، عەلـی پاشـا هێزێکـی بـە فەرماندەیـی سلێمان بەگـی خوشـکەزای کەهییـەی خـۆی نـاردە سلێمانی، ئـەم کابرایـە لەخۆبایـی بـوو، بەسـەرکێشـی ئاوەژەنگـی سـەفەری ڕووە و مەریـوان لـێ دا و کەوتـە ڕێ، لـە دێیـەک لەبـەر ڕۆژئـاوای زرێبـار لووتـی بـە هێزەکانـی ئەوڕەحمـان پاشـادا تەقییـەوە. پاشـا

دەستبەجێ هاوڕێ کۆنەکەی نەجدی ناسییەوە و فەرمانی دا بەزیندوویی بیگرن، هێزەکانیشی لەو شەڕەی نێوان هەردوو هێزی بەشەڕهاتوودا شکان، زۆریان بەکوشتن و باقییەکەی هەریەکە بە لایەکدا بۆی دەر چوون. سلێمان بەگ خۆشی بەدیل گیرا و برایە لای ئەورەحمان پاشا، زۆر ڕێزی لێ گرت و دوای ئەوە بە دەستبەسەری ڕەوانەی تارانی کرد.

عەلی پاشا لەم ڕووداوانە تەواو شێوا و پەژارە دای گرت، هێجگار بەوەی سلێمان بەگی جگەرگۆشەی و ڕووناکی چاوی گیراوە.

لەم کاتەدا نامەیەکی لە ئەورەحمان پاشاوە پێ گەیشت خاڵە گرنگەکانی ئەمانە بوون:

"بەڵێ، من محەمەد پاشام کوشت، ئەگەر نەمکوشتایە ئەو منی ئەکوشت کە وا بوو ئەمە مافی شەرعی خۆمە." مەنارەیەکت لە کەللەسەری موسوڵمانان لە دەربەندی بازیان دروست کرد و پێی دڵخۆش بوویت، خوای دادوەر ئاگاداری هەموو شتێکە سزای خوایە کارەکانی خۆتت نیشان دەدا و پێت دەنوێنێت،

ئەگەر منیش وەک ئێوە تینووی خوێنڕشتن بوومایە خوێنی سلێمانی خوشکەزاتم تێکەڵ بە خوێنی ئەو زۆرلێکراوانە ئەکرد و کەللەسەرەکەیشیم لە لوتکەی مەنارەی کەللەسەرەکان کە تۆ دروستت کردن ئەو مەنارەیەم پێ ئەڕازاندەوە(٥٢).

ئەو منارەتان پایەی مەزنایەتییان نەبوو. بەڵکو لە ڕووی مادییەوە شەرەف و لە ڕووی مەعنەویشەوە کەرامەتی دینداری تێک شکاندوون. چونکە گەورەیی هەر میللەتێک لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە، سەرچاوەکەی داد و بەزەیی و خۆگونجاندنە.

من نازانم چیم لەدەست قەومـا کە وای لێ کردن، ئەو لایەنەسامناکە بگرن و ئایا چ دەستدرێژییەکمان کردبووە سەرتان؟ جا ئەگەر ئێوە سەرنجی حاڵ و باری خۆتان بدەن تێ دەگەن کە وا، من ئەگەر ئارەزوو بکەم هەر ئیشارەتدانێکم بەسە بۆ ئەوەی دوایی بە حکومتان بێنم.

من ئەم پێشنیارەم لە کۆتاییدا پێشکەش ئەکەم، کە بگەڕێمەوە سەر پلەوپایەی خۆم کە هەوڵیی لە پێناودا ئەدەم، چونکە ئەگەر وا نەبێت دەبێتە هۆی خوێنڕشتنێکی زیاتر. چاوەڕێی وەڵامم.

عەلی پاشا بەنیگەرانی و ئالۆزییەوە، ئەم نامەیەی خوێندەوە. نەیدەزانی چۆن ڕووبەڕووی ئەم هەموو بەرپەرچدانەوەیەی بەردەمی ببێتەوە. نەیدەتوانی ڕێگای سەرکەوتن بدۆزێتەوە.

بەرامبەر بەو هەموو تێکشکاندنانەی وەک تێپەڕاندنی سنوور و گەیشتنە قزلرەبات لەلایەن شازادە عەلی میرزاوەو تێکشکاندنی هێزەکانی سلێمان بەگ و خالید بەگ بەدەستی ئەورەحمان پاشا و بەدیلگرتنی سلێمان بەگی خوشکەزای و فەرمانی باب العالی کە دەستوبرد بگەڕێتەوە، ئەمانە هەموو سەری غرور و لەخۆباییبوونیان پێ دانەواند. ناچار بوو پلەوپایەی حکومەتەکە بۆ ئەورەحمان پاشا بگێڕێتەوە و بەرگی میرایەتی پێ ببەخشێت بە خەڵات و پۆشاکەوە.

ئەورەحمان پاشا بۆ ئارامکردنەوەی شازادە علی میرزا سوپاسگوزاریی بە نامەیەک

پێشکەش کرد. خۆشی لە جومادیل ئوولای ١٢٢١ ک تەممـوزو ئابی ١٨٠٦ز لە مەریوانەوە بەسەرکەوتوویی گەڕایەوە بۆ سلێمانی.

پەراوێزی بەشی دووەم

١. سلێمان پاشای ابی لیلە ئەمەیە و هەر ئەم مێردی عادلە خانی کچی ئەحمەد پاشای والیی کوڕی حەسەن پاشایە، ئەو عادلە خانمەی کە ئەمری لای مێردەکەی ڕەت نەئەکرایەوە.

٢. خوالێخۆشبوو حسێن حوزنی موکریانی لە کتێبی کوردی زەنددا ئەڵێت، "کەریم خان کوڕی ئینـاک ئینـاخ لـە کـوردی زەنـد و لـە خێڵـی لـەک سـاڵی ١١١٣ک/١٧٠١ز لـە خاکـی مەلایر هاتوتە دنیاوە.

سـاڵی ١١٤٠ک/١٧٢٧ز نـادر شـا خاکـی لـوڕ و بەختیاریـی گـرت و لـە خێڵـی لـەک چەنـد کەسێکی بـەزۆر هێنایـە نێو سـوپاکەیەوە کـە یەکێک لەوانـە کەریـم خـان بـوو، لـەو پلـەی سـەربازییەدا وردەورده پێش کـەوت، تاکو لـە دەوری عـادل شـای برازای نـادر شـادا بـوو، بـە سـەرتیپ و لـەوەش بەرەوژوورتر چـوو گەیشـتە ڕیزی سـەرکردەی سـوپاوە، تاکو لـە تەشویشـاتی ئێراندا کەڵێنی دەسـت کـەوت بـوو بـە پادشـا. لـە زمانی ساکیسـەوە مامۆسـتا حوزنـی ئەڵێت، "کەریـم خـان پیاوێکی بەڕەوشـت و دەروونچـاک و دڵـودەروون و خاوەنی ئەندێشـەیەکی خاوێـن بـوو." پایتەختـی پاشـایەتی کەریـم خـان شـیراز بـوو. نووسـەری ئینگلیز سـاکیس ئەڵێت، "ئەو کۆشک و باڵەخانە و خانوبەرە جوان و خۆشانەی لە شـاری شـیراز دا هـەن، هەمـوو شوێندەسـت و سـەر بڵندیی کەریـم خانـن. ئـەم پیـاوە وا دیـارە لـە سـاڵی ١١٩٣ک/ ١٧٧٩ز وەفاتـی کـردووە.

٣.سەلیم بەگ کوڕی بەکر بەگ کوڕی سلێمان پاشای بابانە.

بـە گفتوگـۆ و بـە کردەوەیـدا، وا دیـارە مرۆیەکـی زیـرەک و قسـەلەجێ و ئـازا بـەلام لـە هەمـان کاتـدا پیاوێکـی هەڵەشـەو یەکێک بـووە لەوانـەی ئەگـەر ڕۆژگار لـە گەڵیـدا بکردایـە و بڕۆیشـتایە و دەوروپشـتی بـۆ دەسـتەمۆ بکرایـە یەکێکـی وەک نادرشـا خـۆی لـێ دەر چووایـە، بـەلام هەڵەشـەیی و پەلەکردن و غروری گەیاندییـە ڕۆژێکی ڕەش وەک لەمـەودوا بۆمـان دەر ئەکەوێت. هەروەکو بەڕێز حسێن نـازم بـەگ ئەڵێت، "سـەلیم پاشـا نموونەیەکی

بەرجەستەی ئازایەتی بوو، بەڵام نەیتوانی لە ناوەندی ئەم هەراوهوریایەدا لە ڕاستیی ڕووداوەکان تێ بگات، وەک نەشیتوانی ئەو ئێرانییە تۆقیوانە بێنێتەوە سەر خۆیان. کە گوێیان لە چریکە و هاواری بەسامی میرانیی بابان بوو وایان زانی دووچاری گەلەکۆمەیەک هاتوون. هەزاران لاشەی کوژراو و هەزاران بریندار لە خوێنی خۆیاندا دەگەوزان، مەیدانی شەڕیش بوو بوو بە دۆڵێکی پڕ لە خوێن، بارگە و بنەو چەکی دوژمن لە مەیدانی شەڕدا بەجێ مابوون. ئەوەندە زۆر بوون بەشی سوپایەکی ئەکرد.

٤. دیسانەوە دوانزە سوارەی مەریوان و مێژووی ڕووداوەکە، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کات یاخود مێژووی ڕووداوی شەڕەکە چ سااڵێکە؟

٥. سەلیم پاشا کە باسمان کرد وەک مرۆیەکی هەڵەشە بەڵام ئازا و نەترس. قەڵای سرۆچک وەک ئەڵێن ئەو دروستی کردووە یاخود دەستی پیداهێناوەتەوە. ئەو قسە جوانانەی بەرامبەر بە نادر شا کردی، دڵسۆزی و ڕێزی بۆ بنەماڵەکەی خۆی بنەماڵەی بابان پیشان ئەدات، کەچی بۆ کورسیی قەڵاچوالان شەڕی دوانزەسوارەی مەریوانی نایەوە، ئەو هەموو خزمە و ئەو هەموو پاڵەوانانەی بەکوشت داو لە ئەنجامدا خۆی بدایە بەدەست خزمەکانییەوە گەلێک شەرافەتی زیاتر ئەبوو، لەوەی خۆی بدات بە دەست بێگانەوە و ئیعدام بکرێت، ئەمەیە بێحسابیی کورد.

٦. مەبەستی ئەحمەد پاشای کوڕی خالید پاشایە، کە باوکی برایم پاشایە کە شاری سلێمانی دروست کرد، ماوەی حوکمی ئەحمەد پاشا ئەگەڕێتەوە بۆ تەنها چوار ساڵ و نیو.

٧. سەلیم بەوەدا ئەسپەکەی خۆی سێ تەنگەی بە زینەکەیەوە بەستووە چونکە خۆی قەڵەو و قورس بووە، بۆ قاییمی و لە پەلاماردانداا نەکەوێتە خوارێ و تەنگەی زینی ولاخەکەی شل نەبێتەوە.

هەندێک سەرچاوە سەلیم بەمامی ئەحمەد پاشا دائەنێن، بەڵام بە پێچەوانەوە. ئەحمەد پاشا مامی سەلیمە و سەلیم کوڕی مەحمود پاشا و برای ئەورەحمان پاشایە.

٨. بەم حسابەی پیرەمێرد چواردە سوارچاکن نەک دوانزە.

٩. ل٥٦ بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین- مێژووی سیاسی کتێبی سێیەم بەرگی یەکەم.

١٠. ل٣٧٦ سەرچاوەی پێشوو.

١١. سەرچاوەی پێشوو.

١٢. ل٩١ مێژووی میرایەتیی بابان.

١٣. سلێمان پاشا و محەمەد پاشا و ئەحمەد پاشا و مەحمود پاشا. هەرچواریان کوڕانی خالید پاشای بەناوبانگن، هەر چواربرا کە دەورێکی سەرەکییان لە میرنشینی باباندا خۆیان و کوڕ و کوڕەزایان گێڕا وەک لەم کتێبەدا دەر ئەکەوێت.

١٤. مێژووی میرایەتیی بابان- حسێن نازم بەگ- ل٩٤- ٩٨.

١٥. نامەیەکی دوورودرێژە و هەموو قسەکانی لەو بابەتەی سەرەوەن، هیچ دەری نەخستووە ئیشی ئەو ئافرەتە چی بووە کە جێبەجێ نەکراوە و پەیوەندی فەقێ برایم بەو ئافرەتەوە چی بووە؟ ئەو ئافرەتە کێ بووە، ژن بووە یا بێوەژن بووە؟ پەیوەندیەکی بەزەیی یا خۆشەویستی یا تەبایی لەبەینیاندا هەبووە؟بۆیە گەرامەوە بۆ سەرچاوەی تر ئەویش ڕەوشی کوردان نووسینی عەبدولقادر ڕۆستەم بابانی ئەو ڕۆژی ڕووداوەکە ئەخاتە سالّی ١٠٩٨ک/ بەرامبەر بە ١٦٨٦ی زایینی ئەڵێت، "فەقێ برایم کە لە مەدرەسەی قەڵاچوالان دەیخوێند لەسەر مەزرا مەزرەعە یان ئاشێک لەگەڵ خزمێکی خۆی کێشەی دەبێت. دێنە کن سلێمان پاشا کە دوای بیستنی قسەی هەردوو لا، خزمەکەی بەگوێرەی شەرع و یاسای حکومەت، بە حەقدار دەزانێت مولّکەکە دەدات بەو، خەڵاتیکیش بە فەقێ برایم دەدات، بەمە فەقێ برایم ڕق لە پاشا هەڵدەگرێت، ڕەشپۆشێکیش هانی ئەدات بۆ کوشتنی پاشا، پاشا ئەکوژێت و سەری خۆی هەڵئەگرێت و لە هیچ کوێیەک ناحەوێتەوە، لە هەموو لایەکیشەوە هەوڵی گرتنی ئەدەن، تا لە میسر ئەگیرێت و بە دەستی بەستراو ئەنێرێتەوە قەڵاچوالان خەڵکی بابان هەموو لەشی بە خەنجەر لەتوپەت ئەکەن. لەوەدا پەلەیان لە کوشتنی کردووە ئەبوایە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرایە؟ ئەی ئەو ڕەشپۆشە کێ بووە و دەوری چی بووە؟ ل٩٩-١٠٤ سەرچاوەی پێشوو.

١٦. لە تأريخ السليمانيه وانحائها- محمد امين زكى دا هاتووە و ئەڵێت، "دوای ئەوەی کاروبار بۆ سلێمان پاشا تەخت بوو گیروگرفت نەما، بەڵام ڕۆژگار لێی ڕاپەڕی، دوای ماوەیەکی کەم سلێمان پاشا لە پڕ بەدەستی یەکێک لە شەودا کوژرا کە ناوی فەقێ برایم بوو هەر لە مالّی پاشا خۆیدا کوژرا، لە قەڵاچوالان نێژرا و لەسەر کێڵی گۆڕەکەی ئەم بەیتی شیعرە بەفارسی نووسراوە:

مفسدی نیمەشبی باخنجر - جوهری جسمی کرامش بسمید" واتە پیاوخراپێک لە نیوەشەودا بەخەنجەر جەوهەری جەستەی سمی، ئەم ڕووداوە جۆرە لێڵی و شاراوەییەکی تێدایە و هێشتا ڕوون نەبۆتەوە.

بە بۆچوونی من، ئەم فەقێ برایمە نەخۆشیی دەروونی هەبووە و حەزی بە خۆدەرخستن و ناوی لە میژوودا بکەوێتە ناو ناوانەوە، ئەگینا هیچ بەڵگەیەک لەم کەیسەدا نییە کە خۆی و ولاتەکەش بە کوشتنی ئەو پیاوە ئاوا بخاتە نەهامەتییەوە. ئەبێت وەک فەقێیەکی خوێندەوار هەندێک لە کتێبەزەردە کۆنەکانی خوێندبێتەوە و کاریان لەگەڵ ڕەشپۆشەکەدا تێ کردبێت. ئەگینا سلێمان پاشای بابان وەک سەرچاوەی میژوویییەکان باسی ئەکات، هەرچی مولّک و ئەملاک و ئەرازی و دوکان و مال و خانووی هەبووە هەمووی لە ژیانی خۆیدا بە ئامادەبوونی زانا و مەلاناوداڕەکان هەمووی وەقف کردووە و بەگوێرەی قەوالّەیەک ئەوانە و خۆی هەموویان پەنجە مۆریان پیادا ناوە وەقفەکەش لەسەر مزگەوت و مەلا و فەقێگەلی قەڵاچوالان تاکو دوو مزگەوتی کە خۆی دروستی

کردن لە کەرکوک بە هەموو مەلاو فەقێیانەوە هەمووی لەسەر ئەوانەوە وەقف کردووە کە فەقێ برایمیش ئەگرێتەوە.
ئەو قەوالەیە لای عەزمی بەگی بابان بوو شێخ محەمەدی خاڵ دیبووی و باسیشی کردووە لە کتێبی الشیخ معروف النودهی، ئیتر لە ئەنجامدا نازانم وەقفنامەکە چی لێ هات؟من دیسانەوە دووپاتی ئەکەمەوە ئەڵێم، ئەم کارە زیاتر قوڵە و بەتەنها زەلامێک، بە پەیژەی مالّی پاشادا سەروخوار بکات و بگاتە ژووری نوستنی پاشا و یەکسەر پاشا بەخەنجەر دابپاچێت و کەس بە دەنگییەوە نەچێت. شتەکە زۆر لێڵ و ئاڵۆزە. دوور نییە، یەکێکی بەدەسەلات پشتگیری فەقێ برایم بووبێت (ج.ب).
١٧. لە ڕەوشی کوردان- سیرە الاکرادی عبدالقادر ڕۆستەم بابانیدا هاتووە.
دوای سلێمان پاشای کۆڕاو، یاخود دوای سەلیم بەگ، محەمەد پاشا هاتە شوێنی، پیاوێکی سەخی و بەهیممەت بووە. قاپوقاچاخ و سفرەی لە ئاڵتون بووە، بۆیە حەمە پاشای سفرە زێڕین یاخود بە حەمەی پاشای خانە زێڕینە ناوبانگی دەر کردبوو.
١٨.مێژووی میرایەتیی بابان.
١٩. سەرچاوەی پێشوو ل ١١٦- ١١٨.
٢٠. چاوی بڕییە پلەی وەزیر- والی لەو ڕێگایە و ماڵ و پارەیەکی زۆری بەدەست هێنا، لەوەدا نەوەستا ئینجا شۆڕشی ئەنایەوە و لەگەڵ یەکێکی تری خاوەنعەشرەت دەستیان دایە چەک دژی حکومەت و چەتەگەری.
بڕوا وایە. ئەم کابرا ئێرانییە فارسییە، لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە نێردرابێت، یاخود حکومەتی ئێران پارەی ئەدایە و ڕێگای بۆ ئاسان ئەکرد، بۆ مەبەستی خۆی، لە هەمووی زیاتر لاوازکردنی بەڕێوەبەرایەتی لە عێراقدا دژی والییەکان و بە پلەی یەکەم دژی باب العالی و دژی حکومەتی عوسمانی و سوڵتان، چونکە بە درێژایی مێژووی دوور و نزیک ئەو دوو حکومەتە دراوسێیە هەمیشە دژی یەک بوون بە نانەوەی شەڕ و ئاشوبنانەوە لە دژی یەکتری و گرتنی هەموو ڕێگایەکی ناشیرین و خراپ لە دژی یەک، لەم بەینەشدا کوردستانی خوارووە کە لەبەینی ئەو دوو دەوڵەتە گەورە و بەهێزەدا بوون، قوربانی ئەدا و خاکەکەی داگیر ئەکرا و کشتوکاڵ و سامان و دارایی پێشێڵ ئەکران و تا ئەمڕۆ کە سەدەی بیستویەکە، نەک هەر کوردی عێراق بەڵکو عێراقیش وەک حکومەت و میللەت بەدەست تورک و ئێرانەوە ئەناڵێنن و تاکو بێت خراپتریش ئەبێت.
خاکی کورد ئیستا بەدەستی تورک و ئێران و...
وەک بێچووە تەیرێکە، کەوتوتە داوی منداڵانەوە.
٢١. باب العالی و ئاستانە و قوستەنتەنیە، لەم کتێبەدا زۆرجار دووپات ئەبنەوە، کە هەموویان ئەستەمبوڵ ئەگەیەنن. زیاتر باب العالی – قاپی بەرز بۆ شکۆدانە بەو شارە چونکە جێنشینی حەزرەتی سوڵتان و خەلیفەی ئیسلامە. ئاستانە کورتەی ئەستەمبوڵە لە

قوستەنتەنیەوە هاتووە. قوستەنتەنیەش بە ناوی مەلیک یاخود قوستنتینی ڕۆمانەکانەوەیە.
٢٢. بە قسەی عەبدولقادر ڕۆستەم بابانی لە ڕەوشی کوردانـدا "محەمـەد پاشـای کـوڕی خالید پاشـا سـاڵی ١٠٦٧ک/ ١٦٥٦ز لەسـەر کورسـی حوکمڕانـی دانیشـتووە، پیاوێکـی لـە ڕادەبـەدەر بەدین و بەئەخلاق و باشبووە. ئـەم براگـەورەی ئەحمـەد بـووە، گەلێک چاکـەی کردبـوو بـۆی کـە ئەحمـەد پاشـا وەفاتـی کرد، لـە ژوورسـەریەوە لـە دارەمەیتەکەیـدا پێـی وتـووە، 'ئەحمـەد مـن و تـۆ برابووین، مـن تـۆم لـە حوکمـدا کرد بـە شـەریکی خـۆم. فلانـە ڕۆژ ئەوەندە پارەم دایتـێ، تـۆ لەگـەڵ مـن وەفات بـەکار نەهێنـا، ئێستا کـە سـەفەری ئـەوە دنیـات لەبـەرە، خـوای گـەورە لـە تۆڵـەی مـن ئـازارت نـەدا، لـە هەمـوو مافێکـی خـۆم ئـازادم کردیـت، دوای ئـەم قسـانە چـووە ژوورەوە، هەتـا مـرد، ئـەو دەرگایـەی کـە لەسـەر خـۆی داخسـت لـە کەسـی نەکردەوە.'
٢٣. ئـەم ئەحمـەد پاشـایە، باوکـی برایـم پاشـای بوونیادنـەری شـاری سـلێمانییە و بـرای مەحمـوود پاشـای باوکـی عەبدولڕەحمـان پاشـا و بـرای سـلێمان پاشـای کـۆڕاو، جگـە لـە محەمـەد پاشـای چاوهەڵکوڵـراو، واتـە چـوار بـرای هـەرە بەناوبانگـی بابـان بـوون کـە کـوڕانی خالیـد پاشـا بـوون.
٢٤. پیرەمێـرد لـە تۆمارکـردن و گێڕانـەوەی شـەڕی دوانـزە سـوارەی مەریـوان کات و مێـژووی ڕووداوەکـە ئەگەڕێنێتـەوە بـۆ سـەردەمی پاشـایەتی ئـەم ئەحمـەد پاشـایە، بـەوەدا کـە لـە سـەرەتای گێڕانـەوەی شـەڕەکەدا ئامـاژە بـۆ سـەردەمی شـا غـازی ئەحمـەدی لەشکرشـکێن ئـەکات، کـە ئـەم ئەحمـەد پاشـایە ئەگرێتـەوە، بـەڵام بەگوێـرەی سـەرچاوەی مێژووییـن، کـە ئێمـە ئێستا و لـەم کتێبـەدا لـە لێکۆڵینـەوەی دایـن، ئـەو شـەڕە لـە سـەردەمی سـلێمان پاشـای کـوڕی خالیـد پاشـا، کـە براگـەورەی ئەحمـەد پاشـایە و بـە سـلێمان پاشـای مقتـول- کـۆڕاو بەناوبانگـە. کـە ئەوانـە چـوار بـوون جگـە لـەو دووانـە، محەمـەد پاشـا و مەحمـود پاشـا و کـوڕانی خالـد پاشـا، کـە بـە گشـتی میرەکانـی بابانـی ئـەم دواییـە زۆربەیـان نـەوەی ئـەو چواربرایـە بـوون.
٢٥. لەڕووی زەمانەسـازی و دبلوماسییەوە قبوڵی کرد، بەڵام

"نەسوڵتان سەلیم. نەشای سەفەوی
نەیان توانیوە کوردکەن سەرنەوی.
بەڵام گەلی کورد ژیان ڕاوەستا
ئەم بێنە و بەرە، ماوە تا ئێستا
ئێستاش خەریکن، کورد بتوێننەوە
مێژوو بەرەودوا، بگەڕێننەوە
خەیاڵیان خاوە، کورد ناتوێتەوە"

چەرخیش بۆ دواوە، ناسوڕێتەوە. (عەونیی کۆیە)

٢٦. هەروەها ئەم شیعرەی عەونی شاعیری نیشتمانپەروەری کۆیە لێرەدا تەواو لەجێی خۆیەتی کە ئەڵێت، "کورد دەبێ، بۆخۆی هوشیار بێ- نابێ لەکەس بە هیوا بێ
من بەشێکی، وەتەنی کورد و کوردستانم- خاوەنی مێژوویەکی هەزار داستانم."
٢٧. مامۆستا نەوشیروان مستەفا ئەڵێت، "مەحمود پاشا لەنزیک گوندی مەڵکەندی سەرایەکی دروست کردبوو، بە تەمابوو، بیکاتە مەڵبەندی حوکمڕانی، بەڵام فریا نەکەوت تەواوی بکات لایان برد، ئەو سەرایە، قشڵەیان پێئەوت کە ئەمە وشەیەکی تورکییە بەواتای سەربازگە- معسکر دێت. بگرە بە مخفریش ناو ئەبرا. هەر لە دامێنی ئەو گردی قشڵەیە، حەمامێک هەبوو، حەمامی قشڵەیان پێ ئەوت، مولکی حەماغای ئەورەحمان ئاغا بوو. لەم دواییەدا لە کاتی حکومەتی نیشتمانی کوردستاندا بە گرد و بە سەرا و بە قشڵەوە، هەمووی بە نرخێکی هەرزان و بەلاش فرۆشران.
لە کاتێکدا وەک لەم کتێبەدا باسمان کردوە گردەکە شوێنی شاری سێلۆنای مێژوویییە کە ڕۆژگارەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ حەوت تا هەشت هەزار ساڵ لەمەو بەر. کە بەڕاستی ئەوە تاوانێکی گەورە بوو بەرامبەر بەجێماوی (شوێنەواری) کۆنی کورد کرا(ج.ب).
برایم پاشا دریژەی بەم پرۆژەیە دا، بازاڕ و خان و مزگەوت و چەند خانوویەکی لێ دروست کرد و بنکەی حوکمڕانی لە قەڵاچوالانەوە گواستەوە بۆ شوێنی تازەکە کە ناویان نا سلێمانی ١١٩٩ک/١٧٨٤ز.
هەروەها لە بابەت ناونانی شاری سلێمانییەوە ئەڵێت، (١) بە ناوی سلێمان پاشای والی ئەوسای بەغدادەوە ناو نراوە (٢) بە ناوی بابا سلێمانی دامەزرێنەری بنەماڵەی بابانەوە، تا سەردەمی برایم پاشاش دوو سلێمان پاشای بەناوبانگ لەناو بابانەکاندا هەڵیانداوە، یەکەم سلێمانی باپیرە گەورەی ئیبراهیم و سلێمانی دووەم مامی ئیبراهیم.لاپەڕە (١٠٢) بەرگی سێیەم.
هەروەها بەهۆی دروستکردنی شاری سلێمانی ئەڵێت، زۆر ڕا هەیە،
بەڵام ڕەنگە هۆی سیاسی و ستراتیجی گرنگترین هۆ بێت، سلێمانی بوو بە ناوەندێکی گرنگی جوواڵانەوەی سیاسی و فەرهەنگی و ئەدەبی لە مێژووی نوێی کورددا.
هەروەها مامۆستا نەشیروان مستەفا لە ل١٠٧ / ١٣ کتێبی سیاسیدا لەسەری ئەڕوات، "ئیبراهیم پاشا پیاوێکی تێگەیشتووی هەڵکەوتوو بووە، لە کاروباری بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا شارەزابووە. ڕێزی لە زاناکان گرتووە، وا باوە لە ژیانی ڕۆژانەدا لە هەڵسوکەوتیدا لەگەڵ خەڵک وەکو شازادەیەکی ئەریستۆکراتی ڕەفتاری کردووە."
گرنگترین کاری بوونیادنانی شاری سلێمانی بووە. بەڵام بە هۆی نائارامی سیاسی و ناکۆکی ناوخۆیی میرەکانی بابانەوە، نەیتوانی لەم شارەدا کە خۆی دروستی کردبوو بەئاسودەیی بژی، تەنانەت جێگەگۆڕێکێشی بە نسیب نەبوو. چەند کەسێک لە

زانا ناسراوەکانی ئەو زەمانە ستایشیان کردووە. لەوانە، سەید عەبدولەتیفی بەرزنجی بەعەرەبی و مەولانا خالیدی نەقشبەندی بەفارسی چەند شیعرێکی لە ستایشیدا داناوە.
٢٨. حسێن نازم بەگ ڕاست ئەفەرموێت، بەڵام ڕووکردنە سنە و ئێرانیش هەر وا بەئاسانی تێنەئەپەڕی. بەڵێ، ڕاستە ڕووکردنە ئێران فریادڕەسێک بوو بۆ بابانەکان لە کاتی تەنگانەدا، بەڵام نرخەکەی هەر وا هەرزان نەبوو.
سا ئەگەر بۆ لەشکرکێشیی دژی والییە کۆلەمەندەکانی عوسمانی بووایە، ئەوسا هاتن و چەک و خەرجی و دیارییەکی زۆری تێ ئەچوو، ئەڵێی چی ئەوە بوو بەخت و قەدەری کورد.
٢٩. بەداخەوە لە دواییدا ئەوە زۆر کەوت لەسەری و گوللەیەکی وێڵ کۆتایی بە ژیانی هێنا.
٣٠. زۆربەی سەرچاوەکان لەگەڵ برایم پاشای کۆپری ئەحمەد پاشادان کە شاری سلێمانی ئەو دروستی کردووە لە ساڵی ١١٩٩ک/ ١٧٨٤ز تەنها سەرچاوەیەک نەبێت عەبدولقادر ڕۆستەم بابانی لە کتێبی ڕەوشی کوردانداا ئەڵێت، سێ فرسەخ دوور لە قەڵاچوالانەوە عوسمان پاشای کۆپری مەحمود پاشا لە ساڵی ١٢٠٠ک/ ١٧٨٥ لەسەر کورسی حوکمڕانی دانیشت، شارێکی دروست کرد و ناوی نا سلێمانیە. سلێمان پاشای کۆڕاویش لە ئاخری ژیانیدا کەوتبووە خەیاڵی دروستکردنی ئەو شارە بەڵام مەرگ ئەمانی نەدا و عوسمان پاشا ئاواتەکەی ئەوی هێنایە دی و ناوی سلێمان پاشای ڕەحمەتی لەسەر دانا.
٣١. دیسانەوە مامۆستا نەوشیروان مستەفا ئەڵێت، "سلێمان پاشای گەورەی والیی بەغداد، وەک وەزیرەکانی پێش خۆی، نەیئەهێشت هەرکام لە گەورەپیاوانی کورد یا عەرەب، بۆ ماوەیەکی درێژ لە شوێنی خۆیدا بمێنێتەوە زوو زوو ئەیگۆڕین تا دەسەڵاتیان جێگیر نەبێت.
دوای مردنی ئەحمەد پاشا واتە دوای خۆی. برایم پاشا و عەبدولعەزیز بەگ و خالید بەگی بەجێ هێشت. (ل١٠٧ (١) بەرگی سێیەم.
٣٢. چەندەها سەرچاوە، پیرۆزیی ئەم خەلافەتە بە درۆ ئەخەنەوە.
موعجیزەو کەشف و کەرامات و دوعا بۆچی نەیبوو، فەخری عالەم مستەفا
حاکم و میرەکانی کوردستان هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان
یەک بەیەک حافظی شەریعەت بوون سەییدی قەوم و شێخی میللەت بوون
لە تەدبیری ئوموری مولکی خۆیان شەریکن پێنەدۆز و شاهو گاوان
ببینە یەک لە تەعلیم و لە نووسین جلوبەرگ و زمان و ڕەسم و ئایین
حاجی قادری کۆیی.
قەومێک خەریکی مەزهەب و دینن هەندێک داماوی شک و یەقینن
هاکا، ها، جارچی، دەنگی هەڵبڕی هەموتان کوێرن ڕێی ڕاست نابینن

خەیام
بەدرۆخستنەوەی سوڵتانەکانی عوسمانی، کە خەلیفەی ئیسلام و ئەمیر ئەلمومینین. لەم کتێبەدا زیاتر ئاماژەی بۆ کراوە.
٣٣. ئەتگوت هەورامان، هەی هەورە ئامان! هەورە تریشقەی وا لە ئاسمان
شێرو خەتمان کرد لەگەڵ جیهاندا من خەتم ئەویست، ئەو شێری هێنا
داری کۆن برا، خەڵقی لەجێیە پەلوپۆی تازە، هیوامان پێیە
(پەندەکانی پیرەمێرد)
٣٤. مامۆستا نەوشیروان ئەڵێت، سلێمان پاشای والیی، هەوڵێکی زۆری ئەدا بۆ دامەزراندنی کۆڵەمەنی مەمالیک و دوورخستنەوەی گەورەپیاوانی خۆجێی عەرەب و کورد، لە کاروباری حکومەتدا، بۆیە لە سلێمان شاوی هەڵپێچا، ساڵی ١٢٠٠ک/ ١٧٨٥ز ناردی لەشکری بابان و برایم پاشا بێنن.
شاوی هەڵهات بۆ تکریت و دەوروبەری خاپوور (ل١٠٣- ٥) بەرگی سێیەم.
٣٥. بەم بۆنەیەوە ئەم چەند بەیتەشیعرەی شاعیری گەورەی کۆیە خوالێخۆشبوو عوسمان عەونی بە بەرز پیاڕوانینەوە ئەڵێم لەجێی خۆیەتی کە ئەڵێت،

"پیرەدار وتی ڕۆژێك لە ڕۆژان
لەم دەوروبەرە، سوپای جەنگیز خان
ڕۆژێکیش تەیمور، ڕۆژێك هۆلاکۆ
کەوتنە تاڵان و کوشتار و بڕۆ
ئەم کوردستانە بوو بە گۆمی خوێن
کەژ و دارستان، سووتان، بوون بە خوون
لێرە لەم کێوە دوژمنی بەدکار
هەڵوەری و ڕژا وەکو گەڵای دار
منیش چەند سووتام هەر ژیامەوە
چۆنم دەبینی هەر وا مامەوە."

٣٦. هەرچەند قسەی دەق واتە دەقی ئەصڵی ئەم کتێبە لەو شوێنەوە ئاماژەی بۆ کراوە هەمووی قسەی حسێن نازم بەگە بەڵام ئەو پەراوێز ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردن و لێکدانەوەیە تەنها بۆ چەسپاندنی زیاتر فەرموودەکانی ئەو بەڕێزەیە. لەگەڵ هەموو بەرزپیاڕوانینم بۆ قسەو ڕا و بۆچوونی بەڕێزانی تر کە پشتم پێ بەستوون و فەرموودەکانیانم بەگوێرەی پێگەی زانستی لە پەراوێزدا نووسیومن.
٣٧.نازانم کەی کورد بەو دڵسۆزی و ئازایەتییەی کە هەیەتی، ئەکەوێتە هەوڵدان و ئیشکردن بۆ خۆی و بۆ کەیسەکەی کورد، نەک بۆ بێگانە؟
وەک لەمەوپێش ئاماژەم بۆ کرد ساطع الحصری مێژوونا‌سی عەرەبی سووری کە کاتی

خۆی مەلیک فەیسەڵی یەکەم لەبەر توانا و لێهاتوویی و وریایی لەگەڵ خۆی هێنایە عێراقەوە و زیاتر کاروباری زانستی تعلیمی بەرەو ڕووکردەوە، ئەو پیاوە ئەو بۆچوونە بە دڵنیاییەوە بەدرۆ ئەخاتەوە، کە سوڵتانەکانی عوسمانی خەلیفەی ئیسلام و ئەمیر ئەلمۆمنین بووبن. لە شوێنێکی تردا ئاماژەمان بە سەرچاوەکە کردووە هەر لەم کتێبەدا. ئەوەندەی پەیوەندی بە برایم پاشا و دروستکردنی مزگەوتی گەورەی سلێمانییەوە هەبێت، مامۆستا نەوشیروان ئەڵێت، "لەچاو مزگەوتی وڵاتانی تردا بەراورد ناکرێت، بەڵام کتێبخانەیەکی گەورە و دەوڵەمەندی تیادابوو، مامۆستای زانا و تێگەیشتوو دەرسیان تیاداوتوتەوە. لەپێش هەموویانەوە شێخ مارفی نۆدێ ١١٧٥- ١٢٥٤. ئەم پیاوە سوننی مەزهەب و شافعی و لە تەریقەتدا قادری و لە ناکۆکیی بەینی ئێران و عوسمانیدا، هەمیشە لەگەڵ عوسمانیدابووە و ژمارەیەکی زۆر کتێبی پەخشان و هۆنراوەی لە زانستەکانی دینی ئیسلام و ڕێزمانی عەرەبی و بەلاغەتدا بەعەرەبی نووسیوە. دوای ئەحمەدی خانی شێخ مارف یەکەمین کەسە، فەرهەنگی عەرەبی - کوردی بە ناوی کاک ئەحمەدی کوڕییەوە، بە هۆنراوەی کوردی ٩٤٧٥ وشەی عەرەبی گرتۆتە خۆ ل ١٠٢- (٤) بەرگی سێیەم.

هەر لە ل١٠٥- ٩ مامۆستا نەوشیروان ئەڵێت، "میرەکانی بابان لەناو خۆیاندا لەگەڵ یەکتر زۆر خراپ بوون. کە یەکێکیان لائەبرا، یەکێکی تر لە جێگای دائەنرا. دەستوپێوەندی پاشای پێشوویان ئازار ئەدا و ئەیان ڕووتاننەوە، هەندێک جار خێزانەکانیشیان کە بەزۆری خزمیان بوون لەم تەنگپێهەڵچنینە ڕزگار نەئەبوون.

٣٨. وەهابییەکان بەرەو بەسرە کشابوون، عوسمانییەکانیان خستبووە غایلەوە، سوڵتان فەرمانی بۆ والی دەر کرد. تەمێیان بکات، ئەویش ئەوڕەحمان پاشا و سلێمانی کەهیەی خوشکەزای ناردە سەریان، زۆریان لێ کوشتن، بەڵام بە هۆی گەرمای بیابانەوە سەدەها کەسی بابان مردن، دوای مردن ئەم بەقڕدانی دانەی کورد بە سەرۆکایەتی ئەوڕەحمان پاشا.

والی ئینجا کەوتە هەڵگیڕانەوەی بابانەکان لەیەکتر، بۆیە کەوتنە لەشکرکردن، لەیەکتر، ئەوڕەحمان پاشا ناچار کشایەوە دەربەندی بازیان شێخی عوبید و شێخێکی تری عەرەب کە هاوڕای بوون هەڵهاتن، هێزی وەزیر گەیشتە شیوەسوور هێزی ئەوڕەحمان پاشا دەربەندیان گرتبوو. خالید و سلێمان کە لەگەڵ والیدا، بوون ڕێگەیەکیان دۆزییەوە، کە ئەوڕەحمان پاشا قاییمکاری تیادانەکردبوو بۆیە کەسێکی زۆر لە بابانەکان کوژران، ساڵی ١٨٠٥ ئەوڕەحمان پاشا ڕووی کردە ئێران ئەردەڵان، بنکەی میرایەتیی بابان درا بە خالید و کۆیە بە سلێمان.

وەزیر دەستی بەسەر سلێمانیدا گرت، ڕۆیشتنی ئەوڕەحمان پاشا بۆ ئێران کێشەی دیبلۆماسی بۆ هەردوو لا دروست کرد، شەڕ دەستی پێ کردەوە ئەوڕەحمان پاشا

نەیهێشت پشوو بدەن، لە ماوەیەکی کورتدا زیاتر لە هەزار کەسی لێ کوشتن زۆریشیان گیران، یەکێک لەوانە سلێمان کەهیەی خوشکەزای والیی بوو.
خالید پاشاش بەزەحمەت ڕزگاری بوو، ئەمە سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ ئەوڕەحمان پاشا لە ساڵی ١٢٢١ک/ ١٨٠٦ز، بەڵام لەم شەڕەدا برایەکی ئەوڕەحمان پاشا کوژرا، ئەم شەڕە لە کاتێکدا ڕووی دا فەرەنسا ئەیویست هاوپەیمانییەکی دوو قۆڵی لەبەینی عەجەم و ڕۆمییەکاندا ڕێک بخات. ناپلیۆن بۆ ئەو مەبەستە دەستەیەکی لە ئەفسەرانی گەورە و شارەزا نارد بۆ ئێران. شێخولئیسلام کە وەک سەفیر لە ئێرانەوە نێردرابوو بۆ ئەستەمبوڵ، گەڕایەوە بۆ باسی یەکگرتنی سێقۆڵی، نەگەیشتنە ئەنجامێک ئەمەش ساڵی ١٨٠٧ز بوو.
دوای ئەو شەڕە ئەوڕەحمان پاشا گەڕایەوە سەر تەختی سلێمانی والیی ناچار خالید پاشای لا برد.
جەنەڕال گاردن لە ڕاپۆتێکیدا بۆ وەزیری دەرەوەی ناپلیۆن دەڵێت، ئەم هەواڵەم پێگەیشتووە کە خەلعەتی پاشایەتی شارەزووریان بە ئەوڕەحمان پاشا داوە، لەگەڵ ئەوەشدا وا دەر ئەکەوێت، ئاشتیی نێوان سلێمان پاشا و ئەم سەرکردەیەی کورد دیسان شتێکی ڕواڵەت بێت. نەوشیروان مستەفا ل١١٢-٥ و ١١٥-٦ و ١١٧-٨ بەرگی سێیەم.
٣٩. پیرەمێردی نەمر وتوویەتی:
ئاشە تەنورەی زەمانە وایە - هەرچی کە سواربێ، شەقی لە دوایە
کە ئیشێکت کرد، زانیت خەتایە - بگەڕێیتەوە، بزورگی تیایە
لەگەڵ خۆهەڵکێش، خۆشباوەڕ مەبە - ئاڵتون بەمەحەک پیاو بە تەجروبە
تەلیسمی جامی چل کلیل دەر کەوت- کەر ئیسقان و سەگ، کای کۆنی بەر کەوت
ئینسان لەنەسیان، دروست کراوە- پەردەی غەفڵەتی، پێداکێشراوە
بۆیە کە هاتە سەرکورسی مەسنەد- وا دەزانێ قەت، ناجووڵێ، ئەبەد
٤٠. لە ئەنجامی ئەم پێنەزانیاندا بێگومان ئاگرێکی بەتین لە کانی دەروونیدا هەڵگرساوە، پرشنگێکی زۆر لە سەرچاوەی دڵیدا گینگڵەی خواردووە و سووڕاوەتەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگای سەرهەڵدان، لە ئەنجامی ئەم ناحەقیە و چەندەها ناحەقی تر کە عەلی پاشای والیی و سلێمانی خوشکەزای سلێمان پاشای بچووک. هەردووکیان بە کوشتن کۆتاییان هات.
٤١. ئەمەیە کە ناوی بە سلێمانی بچوک لە لاپەڕەکانی دواتردا دێت بە والییەتی، هەر بۆ ئەوەی لە سلێمانی گەورە ئەبولەیلە جیا بکرێتەوە، کابرایەکی هەڵەشە و لوتبەرز و لە هەمان کاتدا و لەبەر بێعەقڵی خۆی لە ئەنجامدا بەکوشت چوو.
٤٢. با گیانمان بەسەر باڵی باڵندەی جوانەوە بەرز بێتەوە بۆ دیوانی کردگار، ئاخر تا

کەی شکاتەکانمان بێتەنجام بمێنێتەوە و تا کەی چاوەڕێ بین؟ بڕواش ناکەم هەمووی هەر بە هۆی گەندەڵیی خۆمانەوە بێت.
٤٣. برایەتیی کورد هەروەها برایەتیی بابان لەلایەن دۆستەکانییانەوە، لە کاتی تەنگانەدا بانگی بۆ ئەدەن و بە شان و باهوویاندا هەڵئەدەن، بەڵام لە کاتی خۆشبەختییاندا شیری بۆ تێژ ئەکەن کە لە ملیان بدەن.
٤٤. مێژوونووس هەن، وەک ئاسنگەر ملیۆن کوورەی ئاگر هەبێت، ئامادەن فووی پیا بکەن، دۆزەخ سازبدەن، چەکوش توندتر بوەشێنن، وەکو کاوە لە ڕووی ستەم، بەڵام بەدەم، سەیری سەرچاوەی ڕەش بەسپیکەر- دوحە الوزرای –ڕەسوڵ حاوی کرکوکی) لە کۆتایی پەراوێزەکانی ئەم بەشی دووەمە بکە.
مێژوونووس هەن، کامە دەریا، پڕ نەهەنگە وەک مەلەوان، مەلەی خۆیانی تیادابکەن، بۆ لێقەوماو ببنە پاپۆڕ، ببنە بەلەم بەڵام بەدەم، کەمێکیان هەن، لەشی ڕووتی هەتیوەکان و لێقەوماوان، بە ئاوریشم بە ئاڵتون و زیو دادەپۆشن، دوور لە دنیای گریە و ماتەم، بەڵام بەدەم، (شیعری بەڕێزێک بە تۆزێک دەستکارییەوە. لەگەڵ داوای لێبوردن.)
٤٤ب. ئەم منە ئەگەڕێتەوە بۆ نووسەری بنچینەیی مێژووی میرایەتیی بابان خوالێخۆشبوو حسێن نازم بەگ.
٤٥. ئەم مێژووە مەبەستی لەو بەروارەیە کە ئێستا و لەم دە – پانزە - بیست ساڵەی دواییەدا بەهەڵە بەکار ئەهێنرێت و هیچ بنەمایەکیشی نییە و کەچی بەتەواوەتی بڵاویش بۆتەوە شوێنی خۆی لە هەموولایەکدا کردۆتەوە.
بەڵێ بۆ زەمان زمن – زەمەن ڕۆژ و مانگ و ساڵ بەکار دێت بۆ نموونە ١٩٦٠ /٧/٥ بەڵام بەکوردیی ڕەسەن پێویستە (دیرۆک و یاخود ژڤان) بەکار بهێنرێت، بەڵام بۆ عیلم مێژوو لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی مێژووە، ئیتر نازانم ئەم بەروارە لەکوێوە هاتووە و تەشەنەی کردووە؟ زۆرباش چەسپیووە و شوێنی خۆی بەئاسانی کردۆتەوە و هەموو دوای کەوتوون.
٤٦. ئایا سوڵتانی عوسمانی کە بە خەلیفەی ئیسلام ناو ئەبرا دەسەلاتی لەداردان اعدامی خەڵکی هەبووە؟ تا ئەو دەسەلاتە بدات بە والی؟ ئایا خولەفا زۆر نەڕۆین خەلیفەکانی عەبباسی ئەو دەسەلاتەیان هەبووە؟ بۆ نموونە باسی مەنصوری حەلاج ئەکەین کە ناحەزەکانی زەفەریان پێ برد. بەڵام نەتوانرا یەکسەر لە ملی بدرێت، بەڵکو یەکەم جار دوای موحاکەمەکردنی چەند ساڵێک بەند کرا، دوای ئەوە بەندکردنەکەی گۆڕدرا بە نیشتەجێی بەزۆر (اقامەی جبری)، بەڵام دوژمنی خوێنخۆری کە وەزیر حامید کوڕی عەبباس بوو. توانی دوای هەوڵدانێکی زۆر ڕەوانەی دادگای گەورە- محکەمەی کوبرای لە ساڵی ٣٠٩ک/ ٩٢٢ز بکات و دوای کۆکردنەوەی بەڵگەنامە لە دژی، توانی فەتوای کوشتنی بەردەست بخات. دوای ئەوە ماوەیەک دوودڵی و پارایی خەلیفە ئینجا ئەو بڕیارەی واژۆ

کرد. ئەوە بوو هەر بەزیندوویی پارچەپارچەیان کرد، ئاخ و ئۆفێکی نەکرد.
من مەبەستم لایەنی شەرعی و قانونی ملپەراندنی خەڵکە و ئاوا بەئاسانی لەلایەن والییەوە کە سوڵتانەکەشی ئەو دەسەلاتەی نە بەشەرع و نە بەقانون نەبووە. بەڵام ئەڵێی چی بەرامبەری (شریعة الغاب.)
٤٧.بێگومان هەڵگەڕانەوەی خزمە نزیکەکانی ئەوڕەحمان پاشا بەگوێرەی بەرژەوەندیی خۆیان شتێکی ئاساییە وەک لەمەوپێش بۆمان دەر کەوت. ئەوانی تریش دژی ئەوڕەحمان پاشا و ملکەچی والی بوون.
٤٨. میرنشینی بابان تووشی دەردێکی کوشندەی ئەوتۆ بووبوو بەدەست تەنها سێ کەس لە ڕۆڵەکانی خۆیەوە دەردەکە ئەوەندە سەخت و کوشندە بوو. هەر خواستی خوا بوو کە لە وێرانبوون ڕزگاری بوو، هەرچەند لە ئایندەدا، ئەو دەردە کەم و زۆر کاری خۆی کرد.
٤٩. کردەوەی عەلی پاشای مەمالیک سەر بە سوڵتان و ئەمیر ئەلموئمنین بۆ دروستکردنی منارە لە کەللەسەری ئینسان، بەتەواوەتی، تەقاندنەوەی منارەی نەبی یونس و مزگەوت و منارەکانی تری شاری موسڵ لەم چەند ڕۆژانەی بەینی ٢٤ بۆ ٢٨ ی مانگی تەممووزی ساڵی ٢٠١٤ بیری پیاو ئەخاتەوە بەدەستی ئەم دڕندانەوە مەمالیک و داعش دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام، ئەمەیە دڕندەبوونی مرۆڤ، ئەمەیە زوڵموزۆری مرۆڤ لە مرۆڤ ظلم الانسان الخیة الانسان.
٥٠. نامە یاخود داواکاریی یەکەمی شای ئێران لە عەلی پاشا لە کاتی شەڕەکەی دەربەندا بوو کە واز لە شەڕ و ئەوڕەحمان پاشا بێنێت و ڕێک بکەون. وەلامی عەلی پاشا ئەوە بوو کە تازە شتەکە لەدەست دەر چووە و مەجالی تیا نەماوەتەوە.
٥١. ئەمە یەکەم جارە باب العالی پەنا بەرێتە بەر دەبلۆماسییەت و بەتەنگ پەیوەندیی ناو دەوڵەتان و قانونی دەولییەوە بێت و جوولانەوەی والییەکان بەهەند وەر بگرێت و لە زیادەڕۆیی بیان سڵەمێنێتەوە.
خۆزگە کارێکی وایشی ئەکرد، والییە مەمالیکەکانی بەرامبەر بە میللەت اعدام و بەندکردن بەرامبەر بە میللەتی کوردی ئیسلام و سوننی مەزهەب لە لەشکرکێشی بەحەق و بەناحەق ئەسڵەمانەوە، بەڵام ئاش لە خاڵێک و ئاشەوان لە خەیاڵێک!.
٥٢. دیمەنێکی نەبینراو و قەوماوێکی بێوێنە، کە ئەو مرۆڤە بێگوناحانەی بەو جۆرە ڕەوانەی باوەشی مەرگ بکرێن، ئەم عەلی پاشایە لای خۆی سۆفی و بەئایین و نوێژکەر بوو. خۆشی هەر لە کاتی نوێژی بەیانیاندا لەسەری درا و لە مزگەوتەوە ڕاست ڕەوانەی جەهەننەم کرا.

تێکەڵاوبوونی ناو و ساڵ لە هەندێک سەرچاوەدا

بـه نـاوی پیـرۆزی سـلێمان پێغەمبـەرەوە، دەیەهـا، بگـرە سـەدەها و هەزارەهـاش نـاوی ئیسـلامی سلێمان بـه کەسانێکەوە نـراوە، جـا ئایـە ئـەو سلێمانانە شایستەی هەڵگرتنی ئـەو نـاوە بـوون یـان نـا؟ ئـەوە دوای خوێندنـەوە و پیداچوونـەوەی ئـەم چەنـد لاپەڕەیـە بەڵکـو خوێندنـەوەی سەرانسـەر ئـەم کتێبـە ئەوەمـان کـەم تـا بێژێـک بـۆ ڕوون ئەبێتـەوە.

سـیان لـە والییـە کۆڵەمەندەکانی بەغداد، کـە هەرسێکیان بـە ڕەگـەز و ئاییـن، منداڵی جۆرجیـا و داغسـتان و وڵاتـی چەرکـەس و أباظـە و لازن واتـە وڵاتـە (دیانـە)کانی سـنوور بـە دەوڵەتـی عوسـمانی هێنراونەتـە بازاڕەکانـی ئەسـتەمبوڵ فرۆشـراون و بەگوێـرەی ئـەو دابونەریتـەی حەسـەن پاشـای والـی بەدەسـەڵات و بەناوبانـگ لـە سـەرەتادا بـۆ پێکهێنـان وەک لەمەوپێـش ڕوونمـان کردۆتـەوە، ئەوانـە کـە پـێ ئەگەیشـتن بەتایبەتـی ئەگـەر بـە عەقـڵ و کردەوە و ئـاکار بـە دڵـی کاربەدەسـتەکانی عوسـمانی بوونایـە، لـە سـوڵتانەکان و دەوروپشـتیان، کاروبـاری گەورەگەورەیـان بـەرەو ڕووی ئەوانـە ئەکردەوە.

جـا ئەگـەر لـە بەختـی ڕەش یـا بەختـی گەشـی عێراقییەکانـی ئـەو ڕۆژگارە بووایـە کـە کوردسـتانی بابانیـش بەشـێکی سـەنگین و دیـار بـوو لـە خەریتـەی ئەوسـا و ئێسـتای عێراقیشـدا. ئـەوا سـەرچاوە و مێژوونووسـان دووان لـەو سـلێمانانە بـە شایسـتە و بـەکار دائەنێـن، لـە کۆتایشـدا مەبەسـتمان لـەم نووسـینە ڕوون ئەبێتـەوە.

یەکـەم، سـلێمان پاشـای ئەبولەیلـە[3] کـە سـاڵی ١٧٤٩ز کاروبـاری عێراقـی لـە ئەنجامـی ئاژاوەیەکدا کـە ئینکیشـاریەکان نایانـەوە[4] و والیـی پێشـوو ڕای کـرد لەتـاوا. دەوڵەتـی عوسـمانی ناچـار ئەبولەیلەی لـە شـوێنی دانـا، حوکمـی ئـەم پیـاوە سـیانزە سـاڵی کێشـا واتـە تاکـو سـاڵی ١٧٦٢[5]پیاوێکـی تونـدوتیژ بـوو، بەرامبـەر بـە گێرەشـێوێن و پیاوخـراپ و ئەوئێـل و عەشـایەرەی سـەرپێچیبان ئەکـرد، جگـە لـە ئەبولەیلـە، ئەبـو سـەمرە و دەواس ئەللەیـل و سـلێمان ئەلئەسـەد یشـیان پـێ ئـەووت، بەکورتـی لەنـاو خەڵکـدا و لـە دەرەوەی مـاڵ ئـازا و پیاوانـە و بێگـەرد بـوو، بـەڵام لـە ماڵـەوە بەتایبەتـی بەرامبـەر بـە عادیلەخانـی هاوسـەری کـە کچـی ئـەو پیـاوە بـوو کـە ئەمـی کڕیبـووەوە و لـە کۆیلەیەتـی

---

٣ بەرگی یەکەم لمحات. د.علی الوردی

٤ ل١٥٣ بەرگی یەکەم لمحات اجتماعیه من تاریخ العراق الحدیث د. عەلی ئەلوەردی.

٥ ئەمین زەکی بـەگ لـە لاپـەڕەی ٧٧ تاریخ السلیمانیه وانحائها وەفاتی أبـی لەیلەیـە سـاڵی ١١٧٥ک / ١٧٦١ز دائەنێت. بەگوێـرەی د. علـی الـوردی سـاڵی ١٧٦٢ز سـاڵی وەفاتیەتـی.

ڕزگاری کردبوو، پێی گەیاندبوو، بۆیە ئەو ژنە هێجگار لەخۆبایی بووبوو، ئەوحوکمی ئەکرد و نوسینگەیەکی دانابوو، خەڵکی لە ڕێی سەرۆکی خەساوەکانەوە، داواکارییەکانیان و بگرە سکالا و داخوازییەکانیان پێشکەش بە خانم ئەکرد و هەر لەو ڕێگایەشەوە، وەڵامیان وەر ئەگرتەوە. زۆرجاریش بڕیاری پاشای مێردی و کەهیەکەی پووچ ئەکردەوە. دەستەسڕی ئاوریشمی سپی نیشانە و هێمای بوو، پیاوەکانی خۆی پێ جیا ئەکردەوە، جگە لە پیاوەکانی سەر بە باوک و باپیری، کە ئەوانە شوێنێکی تایبەتییان هەبوو لەلای، ئەگەر کەسێکیش حەزی بە یەکێک لەو دەستەسڕە ئاوریشمانە بکردایە، ئەبووایە پارەی وەک دیاری پێشکەشی عادیلەخان خۆی بکردایە و بیکڕیایە.

بەکورتی دەسەڵاتی مەمالیک لە سەردەمی ئەبولەیلەدا گەیشتبووە ئەوپەڕی لوتکە ڕێگا لە بنەماڵەکانی تورک و بەغدادیەکان گیرا بوو، هەمووفەرمان و پلە و مووچە بۆ مەمالیکەکان بوو[٦]

دووەم، سلێمان پاشای گەورە، دەستبەکاربوونی ئەم سلێمان گەورەیە لە بەغداد وەک والی و وەزیر لە ساڵی ١٧٨٠ ز دەست پێ دەکات و بیستودوو ساڵی پێ ئەچێت، تا ساڵی ١٨٠٢ز.

دوای وەفاتی ئەم پیاوە سێ کوڕی بچوک بەجێ دەهێڵێت (١). سەعید، (٢). صاڵح، (٣). صادق.

جگە لە چوار زاوا (١) عەلی پاشای کەهیە،(٢). سەلیم ئاغا، (٣) داود ئاغا، (٤) نصیف ئاغا، وەک لەمەوپێش ئاماژەمان بۆ کردوون.

سلێمان پێش مردنی، هەموویان کۆ ئەکاتەوە بە ئامادەبوونی محەمەد بەگی شاوی و پێیان ڕائەگەیەنێت کە شوێنەکەی دوای خۆی بە عەلی پاشای کەهیەی زاوای سپاردووە و نابێت ئەمە تێک بدەن و لەناو خۆتاندا یەک ڕێزو یەک دڵ و یەک گیان بن، ئەوسا بێگانە زەفەرتان پێ نابات و هەر لەم دەوڵەتەی من بەدەستم خستووە بەکار ئەبن. بە پێچەوانەوە ئەگەر لەیەک دوورکەوتنەوە ئەوسا بێگانە لە وەزیرەکان و خەڵکی تر. دەوڵەت و بنەماڵەشتان لەدەست دەر دەهێنن و هەموی ئەگۆڕن و تێکی ئەدەن[٧]، ئەوە بوو عەلی کەهیەی زاوای بوو بە والی و وەزیر و بوو بە عەلی پاشا، بەڵام کابرایەکی سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو گەندەڵ بوو زۆر نەمایەوە لە دواییدا سەرچاوەیەک ئەڵێت، لە مزگەوت لە کاتی نوێژی بەیانیدا کوژرا"، هەر ئەو سەرچاوەیە لە شوێنێکی تردا ئەڵێت، "لەدار درا"[٨]

بە هەرحاڵ دوای عەلی پاشا، سلێمانی خوشکەزای، سلێمان پاشا کە بە سلێمانی بچوک ناوی دەر کردبوو لە بەرنامەی ئیمەدا سلێمان پاشای یەگەن و هەر مەمالیکە و ئەویش وەک خاڵی عەلی پاشا بەکوشتن ڕۆیشت.

جا وەک لە عنوانی سەرەوەی ئەم نووسینەدا ئاماژەی بۆ کراوە، جۆرە تێکەڵاوییەک لەناو

---

٦ سەرچاوەی پێشوول١٥٤

٧ ل١٩٧ سەرچاوەی پێشوو

٨ میژووی میرایەتیی بابان

و سالّی کارگرتنەدەست و کەسانێک کە دوای ئەم دوو والییە یاخود ئەم وەزیرانە هەیە سلێمانی ئەبولەیلە و سلّێمانی گەورە کە پێویستە بخرێتە بەر چاوی خوێنەری بەڕێز تاکو سەر لە کەس تێک نەچێت،

یەکەم، لە مێژووی میرایەتیی بابانـدا سالّی ۲۰۱۳ لاپەڕەی ۱٦۸[۹] هاتووە سلێمان پاشای ئەبولەیلە کە سالّی ۱۸۰۱ وەفاتی کرد، کە لە سەرەمەرگدا بوو هەر چوار زاواکەی کۆ کردەوە عەلی پاشای کەهیە و سەلیم بەگ و داود ئاغای خەزنەدار و نصیف ئاغای سەرۆکی دەرگاوانەکان زمانی شکابوو، لە قسەکانی نەبوو بووەوە. دەیویست وەسێت بکات کە عەلی پاشا بچێتە سەر تەختی حکومەت و هەرسێ زاواکانی تری گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن تا لە جێبەجێکردنی کارەکانیدا سەری بخەن، زمانی شکا دوای ناشتنی لە نزیکی ئیمامی ئەعزەم لە بەغداد، ئەحمەد ئاغای سەرۆکی یەنیچەری و سەلیم بەگی زاوای، کۆمەڵێکی نهێنیان ڕێک خست بۆ سەندنی جڵەوی حوکم بۆ سەلیم بەگ، بەڵام عەلی پاشا فریا کەوت توانیی نەهێڵێت نەیارەکانی هیچ سەرکەوتن بەدەست بهێنن[۱۰]، ئینجا ئەوەندەی پەیوەندی بە کتێبەکەمانەوە و بە ئەوڕەحمان پاشای بابانیشەوە هەبێت کە پێشتر دوورخراوەی حیللە بوو. وەک چۆن سەلیم بەگی برایشیان لە بەغداد بەر دا، ئەویشیان بەر دا و لەگەڵیاندا ڕێک کەوتن خۆیان و لایەنگرانیان بچنە پاڵیان. هەر واشبوو[۱۱]، بەم جۆرە عەلی پاشا سەر کەوت و ویلایەتەکانی بەغداد و بەسرە و شارەزووری بە پلەی وەزیر، پێ سپێردرا. لەوەودوا هەر لە مێژووی میرایەتیی بابان لاپەڕە ۲۲۷ دا باسی کوشتنی عەلی پاشا ئەکات لەلایەن مەدەد بەگەوە، هەر کە سلێمان پاشای کەهیە خوشکەزای عەلی پاشا زانی چی قەوماوە فریا کەوت پلەی وەزارەتی بەدەستەوە گرت، دوای ئەوەی سلێمان شەش هەزار تووڕەکە پارەی بۆ باب ئەلعالی نارد، ئیتر فەرمانی شەرەفمەندانەی هومایونی بە ناوەوە دەر چوو بە پلەی والی و[۱۲]وەزیر، بەڵام پێش ئەوە هەر لە مێژووی میرایەتیی بابانـدا ئەڵێت[۱۳]، "عەلی پاشا هیچ شاییستەگی و لێوەشاوەییەکی لەچاو هاوشێوە و هاوەڵەکانیدا نەبوو، گەیشتبووە مەقامی وەزارەت بووبوو بە نیشان و جێی بەرچاوتەنگی حەسوودان و ڕقوکینەی دڵڕەشان، سالّی ۱۱۷۷ک/ ۱۷٦۳ز کوورەی ئەو پیلانەی کە لەمێژبوو لە دژی جۆش ئەدرا تەقییەوە و خەڵک بە شێوەیەکی هەمەلایەنە لە ڕوویدا ڕاپەڕی و بەغداد بوو بە مەیدانێکی خرۆشاو، شێوەی بەرپابوونی ڕۆژی قیامەتی دەگێڕایەوە، شەقام و کۆڵانەکانی بەغداد بەهۆی ئەو شەڕ و شۆڕ و کوشتارەوە، پڕ بوون لە لاشەی کوژراوان و خوێنیان پێ دا ئەڕۆیی، ئەم شەڕوشۆڕە چەند ڕۆژێکی تەواوی خایاند،

دواجار ئەستێرەی عەلی پاشا ئاوا بوو. لەسەر کورسیی ولایەت کەوتە خوارەوە، وەک چۆن

۹ سەرچاوەی پێشوو
۱۰ سەرچاوەی پێشوو
۱۱ سەرچاوەی پێشوو
۱۲ سەرچاوەی پێشوو ل۲۳۰
۱۳ لاپەڕە ۹۸ سەرچاوەی پێشوو

گەلێک لایەنگری حکومەت کوژران، عەلی پاشاش بەداردا کرا.

بەم شێوەیە عەلی پاشا، سەرباری هەموو هەوڵ و تەقەللایەکی سلێمان پاشای حاکمی بابان لە قەڵاچوالان بۆ خۆلادان لە شەڕ تا نەقەومێت، سزای پێداگریی لەسەر و دژی یاسا و خوێنڕشتنی موسڵمانان وازی نەهێنا لەو جەنگەدا - کە خۆی هەڵیگیرساند و دژ بە خۆی کۆتایی هات.

عومەر کەهییە کە پیاوێکی دەرکەوتووی ڕاپەڕینەکە بوو، کاروباری ولایەتی خستە ژێر دەستی خۆی.

ئنجا بابزانین دکتۆر عەلی الوردی لە لمحاتدا چی ئەڵێت، "حوکمی سلێمانی گەورە لە بەغداد سالّی ١٧٨٠ دەستی پێ کرد و بیستودوو سالّی بەسەر برد[١٤]

کاتی نزیکبوونەوەی مردنی ئەو پیاوە، هەر سێ کوڕەکەی سەعید و صالّح و صادق لەگەڵ هەر چوار زاواکەی عەلی پاشای کەهییە و سەلیم ئاغا و داود ئاغا و نصیف ئاغا لەگەڵ محەمەد بەگی شاوی کە پلەی باب العربی بەدەست بوو، هەموویانی کۆ کردەوە و ئامۆژگاری کردن کە دوای خۆی عەلی پاشای زاوای لە شوێنی بێت و لەسەر ئەوە تێک نەچن جا وەک د.وەردی بەزمانی بازرگان یوسف دیمەتری ئەیگێڕێتەوە ئەگەر یەک دڵ بن و یەکترتان خۆش بوێت، کەس زەفەرتان پێ نابات، بە پێچەوانەوە ئەگەر لەیەک دوورکەوتنەوە، ئەوە غەریبان لە وەزیرەکان دەوڵەت و بنەماڵە هەموو ئەگۆڕن.

لە کۆتاییی ئەم باسەدا... دەر کەوت کە جۆرە پشێوی و تێکەڵاوبوونێک هەیە،

لایەنێک، عەلی پاشای والی داود ئاغا - لە دواییدا داود پاشا بە زاوای سلێمانی ئەبولەیلە دائەنێت. ئەمین زەکی بەگیش زیاتر لەسەر ئەم ڕایەیە[١٥]،

لایەنێکی کە، عەلی پاشا و داود ئاغا بە زاوای سلێمانی گەورە ناو ئەبات.

بێگومان بەوە سالّەکانیش ئەگۆڕێن، جگە لەو تێکەڵاوییانەی تر کە هەر لێرەدا ئاماژەی بۆ کراوە.

منیش نووسەری ئەم کتێبە نەمتوانی کێشەکە بەلایەکدا بخەم ناچار ئاماژەم بۆ کرد، لە پاشەڕۆژدا ئەگەر دوای گەڕان شتێک ڕوون بووەوە، منیش بە خۆێنەری بەڕێزی هەر ئەگەیەنم، هەرچەندە ڕەوڕەوەی مێژوو، لەسەر ئەم خالّە چەرخەکانی نەسووان.

---

١٤ لمحات ل بەرگی یەک ل١٧ تا ١٩٧.

١٥ ل٧٨-٧٩ تأريخ السلمانيه وانحائها

سەرچاوەی ڕەنگ بەسیگەر نموونە دوحە الوزارای ڕەسوڵ حاوی گەردوکی سەرچاوەی باوەڕپێکراوە. ڕێز لە نووسەرەکەی وەر ناگرێت

یەکێک لەو سەچاوانەی دڵم پێیان خۆشبوو بۆ هەڵێنجانی زانیاری کە لە کتێبخانەکەمدا هەیە دوحە الوزارو - حاوی ڕەسوڵ ئەفەندی کە ڕووداوی زۆری تیادا تۆمار کراوە، بەتایبەتی ئەوانەی زیاتر پەیوەندییان بە کوردستان و بە میرایەتیی بابانەوە هەیە.

بەڵام کە هەنگاوی ڕاستەقینەم دەستی پێ کرد سەیرم کرد، ئەم کتێبە ئەوە نییە کە بڕوای تەواوی پێ بکرێت. چونکە وەک لە پێشەکییەکەی وەرگێڕ بۆ عەرەبی مامۆستا موسی کاظم نورس ئەڵێت، "ئەم پیاوە ئەمری پێ کراوە ئەم کتێبە بنووسێتەوە.

منیش ئەڵێم بێگومان ئەمریشیی پێ کراوە چۆنی بنووسێتەوە و چی بنووسێتەوە و چی نەنووسێتەوە. هەروەکو عەبدولقادری خطیبی شارەبان لە کتێبەکەیدا تزکرە الشعراو وەصفی کردووە. خۆی لا پەسەند بووە. لە وەزارەتی والی علی پاشادا لە کەرکوکەوە گواستییەوە بۆ بەغداد ساڵی ١٢٢٠ک/١٨٠٥ز، بە نووسەر لە مصرفخانە) دانراوە. بەڵام سەرم سووڕ ئەمێنێت کە مامۆستا نەورەس لە پێشەکییەکەیدا ل١١ ئەڵێت، "ئەو پیاوەتییەی هەیە ڕەسوڵ حاوی کە ئەو زانیارییانەی کۆی کردوونەتەوە بەڕاستی و ئەمانەت گێڕاونییەتەوە و تۆماری کردوون. دەسا وانییە و بەڵگەشم هەیە:

یەکەم بەڵگە لە ل ١٩١ دوحە الوزراو دا ئەڵێت، "وەزیر مەبەستی والیی سلێمان پاشایە فەرمانی دابوو بە بەندکردنی عوسمان پاشای بابان لەسەر ئەو ئاڵوگۆڕی نووسراوە لەبەینی ئەو و کۆمەڵە شۆڕشگێڕەکاندا هەبووە پێش ساڵێک، عوسمان پاشایان هێنایە بەردەمی والی و نامەکەی پیشاندا کە نووسیویەتی لە دژی، عوسمان پاشا لەتاوا خۆی پێ ڕانەگیرا کەوت و

نەخۆش کەوت و ئیتر بەو نەخۆشییە بردیان بۆ مالّی حاجی حەمە سەعید بەگ کە لەوێوە نزیک بوو، لەوێ پزیشکی پسپۆڕیان بۆ هێنا بەلام بێسوود بوو، تاکو مرد لە اعظمیە زۆر بەڕێزەوە شاردرایەوە.

ڕاستییەکەی مردنی عوسمان پاشا بە هۆی ژەهرکردنە ناو ئەو قاوەیەوە بوو کە لای سلێمان پاشای والیی دەرخواردی درا. ئەمەش ئەمین زەکی بەگ لە ل١٠١ تاریخ السلیمانیە وانحائها هەروەها حسێن ناظم بەگ لە ل١٦١ مێژووی میرایەتیی بابانـدا، هەردووکیان دەرخواردانی ئەم قاوەژەهراوییە ئەسەلمێنن، کە وا بوو ڕەسوڵ حاوی مێژوونووسێکی ڕاست و بەڕێز نییە و ڕەش بە سپیکەرە.

دووەم، یەکێکی وەکو عەجەم محەمەد واتە حەمە ئێرانی کە خۆی گۆرانیبێژ بوو لە سەرەتاوە و خوشکەکانی جوان و سەمایان ئەکرد دایکی دەفی لێ ئەدا و هەرچی ڕێگای ناشیرین هەیە گرتی لە ڕێگاگری و چەتەیی، زۆر شتی تر. حاوی بە محەمەد بیگ لە لاپەڕە ١٦٩دا ناوی ئەبات و چەتەگەرییەکەی بە شۆڕش ناو ئەبات (مشتێک نموونەی خەروارێکە.)

جەمال بابان

هەندێک لەو بنەماڵانەی سەر بە یەکێکن لە دوانزە سوارەی مەریوان:

١. ئەوەندەی بۆم دەر کەوتووە ساحێبقرانەکانی سلێمانی ئەچنەوە سەر مەحمود بەگی ساحێبقران کە یەکێک بووە لە دوانزە سوارەی مەریوان.

٢. زوڵاڵ ئاغاش گوایە سەرۆکی عەشیرەتی شاقوڵی بووە کە لە دەوروپشتی شاری سنەی ئێران دانیشتبوون. زوڵاڵ ئاغا خزمی مەحمود بەگی ساحێبقران و خانمی وەسمان پاشا عادیلە خان بووە. کە وا بوو زوڵاڵ ئاغا مەرگەیی نییە، وەک ئەڵێن بۆ جوامێر ئاغای ڕەنگینە بووبێت، گوایە هەردووکیان پێکەوە لەودیوەوە هاتوون، لەبەر بەرزی کەسایەتی و ئازایەتییان پاشای بابان زۆر ڕێزی گرتوون و لە خۆی نزیک خستوونەتەوە، تاکو ناوچەی بازیان بە زوڵاڵ ئاغا ئەبەخشێت و ئەویش لە بی بی جەکی وەیس دائەنیشێت، کە دێیەکە لە ناوچەی بازیان.

ئەبێت هەر ئەم زوڵاڵ ئاغایەش بووبێت کە گۆرانی شەڕی ووتوە چونکە گوایە دەنگی زۆر خۆشبووە. وەچەی ئەم قارەمانە ئەمڕۆ لە سلێمانیدا، مەجید ئەفەندی سەلیم ئاغا و مامۆستا عەزیز فەرەج و کوڕ و کوڕەزاکانیانن، تاکو دوو کوڕی مەجید ئەفەندی بە ناوی جوامێر و زوڵاڵەوە ناو نراون و کوڕەکانی عەزیز ئەفەندی ناویان شێرکۆ و سمکۆیە.

٣. نەوەی میران بەگی وەلەد بەگی- بەگزادەکانی جاف وەلەد بەگ وەک حەمە سەعید بەگ، حەسەن بەگ، عەلی بەگ، ئەحمەد بەگ، حەمەد بەگ، حسێن بەگە بۆ عەلی بەگ و حەمە ئەمین بەگ عەباس بەگ و کوڕوکوڕەزایان تأریخی جاف ل٢٠٠کەریم بەگ جاف.

٤.بنەماڵەی مەلا حەمە ئاغا و حسێن ئاغا، ئەم دوو برایە کوڕانی عەبدوڵڵا ئاغای حاجی برایماغای کوڕی مستەفا ئاغای کوڕی حسن ئاغای کوڕی مراد بەگن. حەسەن ئاغا یەکێک بووە لە دوانزە سوارەی مەریوان و بە فەرامورزی زەنگەنە بەناوبانگ بووە.

نەوەی ئەم دوو برایە، کەریم ئەفەندی و عەلی ئاغا و مەحمود باشکاتبی مەحکەمە و ئەنوەر مامۆستای ئامادەیی.

دەرویش ئاغا باوکی شاعیری بەناوبانگ ئەحمەد دەرویش ئەخۆل و عەبدوڵڵا دەرویشە.

غەفور ئاغا باوکی حاجی عەبدول و مستەفایە، حسێن ئاغا باوکی دکتۆر کەمال حسێن و باوکی جەمال ئاغای بانق، ڕەشید ئاغا باوکی سەروەرە.

٥. بنەماڵەی حاجی ڕەسوڵی حمەئاغا.

حاجی ڕەسوڵ ئاغا کوڕی مەحمود ئاغا کوڕی گوروون ئاغا کوڕی ڕۆستەم ئاغا کوڕی زۆراب ئاغا کوڕی زوڵاڵ ئاغایە. کە ئەمیش یەکێک بوو لە دوانزە سوارەی مەریوان.

حاجی ڕەسوڵ پێنج کوڕی هەبووە عەبدوڵڵا و مەحمود و محەمەد و مەلا قادر و ئەحمەد ئەفەندی، مەلا قادر باوکی حاجی فەتاح و ئەمیش ئەبێت بە باوکی میرزا ئەورەحمان باوکی سەردار و دکتۆر ئیبراهیم حیلمی فەتاح باوکی دلاوەرە و کوڕی سێیەم حاجی ئەمینە.

ئەحمەد ئەفەندی حاجی ڕەسوڵ دوو کوڕی هەبووە، مظهر و سدیق.

مظهر ئەفەندی دوو کوڕ و سێ کچی هەبو،ە، دکتۆر کەمال مظهر و جەلال.

٦. لە نەوەی سەلیم بەگی بابان سەلیم سێ تەنگە کە ئەمڕۆ کەسیان لە سلێمانیدا نەماون هەموو بڵاوەیان لێ کردووە و زۆریان لە لادێ و لە بەغداد دائەنیشن.

ئەحمەد موختار بابان و فازلی برای کە ئەوانە کوڕی حەسەن بەگ کوڕی فەتاح بەگ کوڕی عەبدولقادر بەگ کوڕی خانە بەگ کوڕی سەلیم بەگ کوڕی سبحان بەگ کوڕی خانە بەگ کوڕی سەلیم بەگن و لە بەغدا دائەنیشن.

ئەحمەد موختار بابان سەرابی کچی لەپاش جێ ماوە و فازڵ ئەیادی لەدوا جێ ماوە.

هەروەها محامی عادل بابان و محامی سەلیم بابان کوڕانی محەمەد عەلی بەگ کوڕی خورشید بەگ کوڕی سەلیم بەگ کوڕی محەمەد ئەمین بەگ کوڕی خانە بەگ کوڕی سەلیم بەگ کوڕی سبحان بەگ کوڕی خانە بەگ کوڕی سەلیم بەگن.

بەکورتی نەوەی خانە بەگ کە چوار کوڕی بووە محەمەد سالح بەگ و محەمەد ئەمین بەگ و داود بەگ و عەبدولقادر بەگ هەموو ئەچنەوە سەر سەلیم بەگ سەیری کتێبی بابان فی التأریخ ومشاهیر البابانیین شجرەی ڕقم٤ نووسینی جەمال بابان چاپخانەی حوادث سالی ١٩٩٣ بکە.

سەرنج، ئەمانە ئەو بنەماڵانەن کە تا ئێستا ئێمە بۆمان ساغ بوونەتەوە، بێگومان بنەماڵەی تریش هەن کە ئەچنەوە سەر ئەو پاڵەوانانە، یاخود خۆیان بە نەوەی ئەو پیاوە مەزنانە ئەزانن، کە ئێمە ئەوە نازانین، بۆیە داوای بەخشین ئەکەین و لێرەدا ناومان نەهێناون و تا دڵنیا نەبین ناتوانین ئەو شەجەرانەی لامان هەڵگیراون بسەلمێنین.

بەشی سێیەم

دووەم خولی حوکمی ئەورەحمان پاشا

خالید پاشا دوای یازدە مانگ ١٢٢١ک/ ١٨٠٦ز کاروباری حکومەتی لە سلێمانی کۆتاییی پێ هات کاتێکیش زانی فەرمانی حوکم دراوەتەوە بە ئەورەحمان پاشا لەگەڵ لایەنگرانی خۆی ڕووی کردە کەرکوک لەوێ بەهێمنی دابنیشێت.

عەلی پاشای والی کە لە کفری مابووەوە، ئیتر بەرەو بەغداد گەڕایەوە، بەڵام هیچی دەربارەی سلێمانی خوشکەزای نەئەزانی، جگە لەوەی خۆری مەردایەتی و مەزنایەتییەکەی تووشی گیران بوو، بۆیە تەندروستی شێوا ئامۆژگارییان کرد ماوەیەک لە گوند و لادێکاندا بمێنێتەوە ئەویش حللەی هەڵبژارد.

زیائەدین پاشای فەرماندەی هێزەکانی قەوقاز لە تاران بۆ سلێمان بەگی کەهیە تێ کەوت دوای مانەوەی شەش مانگ دەستبەسەر لە تاران ڕێگای درا بگەڕێتەوە بەغداد، لەوێوە چوو بۆ حللە بۆ لای خاڵی کە ئەویش بە دیتنی خوشکەزاکەی ئیفاقەی هات و پێکەوە گەڕانەوە بۆ بەغداد.

یەکێک لە زاواکانی سلێمان پاشای والیی پێشوو ئەبولەیلە کە نەصیف ئاغای ناوبوو، کاتێک عەلی پاشا بووبە والی و ئەویش سلێمانی خوشکەزای کرد بە کەهیە، نەصیف ئاغا لە چوارچێوەی دارودەستەی دەرگاواندا مایەوە، ئەمە ورووژاندی و شێت گیری کرد و لەگەڵ مەدەد بەگ ناوی داغستانی کە بەیێک بوو هاتبوو لە بەغداد دانیشتبوو، لەگەڵ مستەفا ئاغا تەگبیری کوشتنی عەلی پاشایان کرد لە مزگەوت و کاتی نوێژی بەیانی، پێش درێژەدان بە گێڕانەوە و ئەنجامی کوشتنی عەلی پاشای والیی بە هۆی کردەوە هەڵەشەییانە ناڕەواکانییەوە و بۆ بەیەک بەستنەوە بە ڕووداوەکانەوە ئەڵێین، "گەڕانەوە لە ڕۆژی دیاری کراودا."

لە ڕۆژی دیاریکراودا مەدەد بەگ عەلی پاشای کوشت، بەڵام ئەو تاقمە نەیانتوانی زوو دەست بەسەر کاروباردا بگرن، بەڵکو سلێمان بەگی خوشکەزای عەلی زووتر فریا کەوت و بە یارمەتی دەستەودایەرەی خۆی توانی دەست بەسەر حکومەتدا بگرێت و پایەی وەزارەت بەدەست بهێنێت و ئەو کەسانەی هاتبوون سەرخۆشیی بە بۆنەی مردنی خاڵیەوە لێ بکەن،

هەر ئەوان لە شوێنی خاڵی دایاننا و پیرۆزباییان لێ کرد. و هەوڵوتەقەڵلای تاقمە ئاژاوەچییەکە پووچەڵ مایەوە و ئەوی کوژرا ڕۆیی و ئەوی هەڵهات دەرباز بوو. سلێمان بەگ شەش هەزار تووڕەکەی نارد بۆ باب العالی بۆ بەجێهێنانی کارەکەی، بەم جۆرە فەرمانی شەڕەفمەندانەی هومایۆنی بە ناوی سلێمان پاشاوە دەر چوو.

ئەوڕەحمان پاشاش چاوپۆشی لە سلێمان پاشای کوڕی برایم پاشا کرد کە پێشتر لە پێناوی بەدیهێنانی چەند مەبەستێکی خراپی خۆیدا، بەشداری لە هێزە کۆکراوەکەی عەلی پاشادا کردبوو بۆ زەلیلکردن و پەکخستنی هێز و دەسەڵاتی بنەماڵەی بابان(١).

غرور و خۆبەزلزانینی عەلی پاشا گەیشتبووە ئەو ڕادەیەی کە سەری پێ دانەوێنن و لووتی لە بەردی ئەلحەد بدەن.

لەمەوپێش شکستەکانی وردەوردە خرانە پێش چاو.

بەوەی کە لە سنووری ولایەتی بەغدادی تێپەڕاندبوو، هەندێک کاری نابەجێی کردبوو لە دەرەوەی سنووری ولاتی پێسپێردراوی خۆی و تێکشکاندنی هێزەکانی سلێمان بەگ و خالید بەگ بەدەست و بەزەبری کوتەکی پڕ ئێش و ئازاری ئەوڕەحمان پاشا و بەدیلگرتنی سلێمانی خوشکەزای لەلایەن ئەوڕەحمان پاشاوە و ناردنی بۆ لای کاربەدەستانی ئێران. لە هەمووی جەرگبڕتر فەرمانی بابی عالی کە دەستوبرد لە هێرشەکەی بۆ سەر ئێران گەڕاندیانە دواوە.

ئەمانە هەموو فیز و خۆبەزلزانینیان پێ هێنابووە سەر سفر ئینجا وەک حسێن نازم بەگ ئەڵێت، "جگە لە ئیبراهیم پاشا کە ژیانی خۆی لە پێناوی هەموو کۆسپێکی لە چارەسەرنەکراوی شنگاردا کردە قوربانی و ئەوڕەحمان پاشاش بوو، کە بەخۆی و هێزەکانییەوە، لە بیابان و چۆڵەوانیی نەجددا، کە جۆرەها تالاوی ئەشکەنجە و ناڕەحەتی سەیروسەمەرەیان پێ چێشت ئینجا بەدەست هێنا.

بەڵام ئافەرینی ئەو سەرکەوتن و زەفەرپێبردنە مەزنەیەی بەبالادا برا، تەنیا سلێمان بەگی خوشکەزای عەلی پاشابوو، کە هێشتا هەڕەتی هەرزەکاری تێنەپەڕاندبوو هیچ کارێکی چاکیشی نەکردبوو کە جێی باسکردن بێت. ئیتر ئەوەبوو، سالی ١٢١٣ک/ ١٧٩٨- ١٧٩٩ بە چل هەزار جەنگاوەرەوە، هەمان ژمارەی ئامرازی شەڕو کەلوپەلی جەنگەوە عەلی پاشا چوو بۆ شەڕی وەهابییەکان کاتێک کە هێشتا بەتەواوەتی خۆیان نەگرتبوو. دە مانگی ڕەبەق کردی و کۆشای سێیەکی هێزەکانی لەدەست دا و بەکوشتی دان، هێشتا نەیتوانی خۆڕاگری هەردوو قەڵای (هوفووف و میبرز) تێک بشکێنێت و بەدزییەوە ناچاری پاشەکشە کرابوو. ئەمەبوو، عەلی پاشا و ئەمەش بۆ هەڵسوڕانی کاروباری لەگەڵ میللەتی بەغداد بۆیە بەو دەر دەچوو.

خالید پاشا بە بیستنی هەواڵەکانی کۆژرانی عەلی پاشا و دانانی سلێمان بەگ و هەواڵی ئەوڕەحمان پاشا، ئەویش کەوتە خۆی بەڕەو بەغداد، گوایە بۆ پیرۆزبایی سلێمان بەگ. ئەمە ترسی خستە دڵی ئەوڕەحمان پاشاوە چونکە ئەیناسی لە پێناوی تەماعکاری خۆیدا شەڕەف و کەرامەتی بنەماڵەکەی بە پارەیەکی قەڵب ئەفرۆشێ بۆیە بەڕەو بەغداد چوو تاکو ڕێی لێ

بگرێت، فریای نەکەوت.

ئەو پیاوە بەلای کەمەوە بیری لەوە نەئەکردەوە کە ئەو ڕێزەی هەیەتی لە سایەی بابانەوەیە. بیری لە لێهاتوویی و ئەو ڕەوشتە بەرزەی مەحمود پاشای باوکی ئەوڕەحمان پاشا کە بەرامبەر بە ئەحمەد پاشای باوکی خالید پاشا نواندی و یەکەم کار دوای حاکمیەتەکەی ئەوە بوو ئەحمەد پاشای باوکی ئیبراهیم پاشا و خالید پاشای کە لەوەوپێش محەمەد پاشا لە قەڵای سرۆچک زیندانی کردبوو، بەری دا.

هەر کە خالید پاشا گەیشتە بەغداد دەستپێشخەری کرد و بە ئارەزووی خۆی دڵی سلێمان پاشای وەزیری بەرامبەر ئەوڕەحمان پاشا ڕەش کرد.

سلێمان پاشاش خۆی خەیاڵ و گومانی زۆری بەرامبەر بە ئەوڕەحمان پاشا (٢) هەبوو ناخیان پڕ کردبوو، پێی وا بوو دەسەڵاتی ئەیالەتەکەی و سەربەخۆیی وەزارەتەکەی بە لەناوبردنی ئەوڕەحمان پاشاوە بەندن.

ئەوە بوو لە ڕۆژی چوارەمی مانگی موحەڕەمی ساڵی ١٢٢٣ک/ ١٨٠٨ز ڕێوڕەسمی دانانی لەسەر کورسی حوکم لە عێراق و نفوزێکی فراوان و سەربەخۆیی و دەسەڵاتی تەواوی پێ بەخشرا. پیرۆزبایی لە ناوەوە و دەرەوە بەلێشا و بەسەریاندا ئەباری، بەڵام ئەوڕەحمان پاشا بەشداری ئەم ئاهەنگە نەدەبوو بە هۆی ئەوەوە یەکەم ڕێگر چۆنێتی بەدیلگرتنی سلێمان بەگ بوو، لە شەڕی مەریوان و تەسلیمکردنی بە تاران، دووەم خالید پاشا لە پاڵیدا پلەوپایەیەکی بەرزی بۆ خۆی زامن کردبوو. سێیەم: ئەو سەفەرە بوو کە ئەوڕەحمان پاشا بۆ ڕاونانی خالید پاشا کردی، بەڵام بەنیازخراپی و وا لێکدرایەوە کە دژی سلێمان پاشا کراوە.

ڕەوشت و خووی خواکردی ئەوڕەحمان پاشا، شتێکی ناشرینی ئەوتۆی تیادا نەبوو ناوی مەرایی و خۆبردنە پێشەوە بێت(٣). واتە سەری بۆ چارەنووس دانەواند، بەو بڕوایەی وەها بۆ شەرەف و کەرامەتی تایبەتیی خۆی گونجاوترە.

سلێمان پاشاش لەپاڵ کابرایەکی لەخۆبایی وەک عەلی پاشای خاڵیدا دەرسی وەر گرتبوو، ئەوە بوو خاڵیشی بەو هەموو هێزەوە بەو دەر دەچوو، تەنها مەسەلەی دیلییەکەی کە ماوەیەک لە نیعمەتی ژیان دووری خستبووە، وەک سووکایەتییەکی تایبەت تێی ئەڕوانی، بۆیە ئارەزووی تۆڵەسەندنەوەی تا ئەهات، ئارامی لێ ئەبڕێت. لە لایەکی ترەوە، بە هۆی ئەو سامانە زۆرەی کە عەلی پاشای خاڵی بۆی جێ هێشتبوو، هەرچییەکی بویستایە، وەک بەرتیلپێدان، لە بەردەستیدا بوو، چۆن بەرتیلی ئەدا، ئاوەهاش وەری ئەگرت. واتە سلێمان پاشا لە ڕێکخستنی کاروباری بەڕێوەبردنی عێراقدا یەخەگیری نائومێدی نەبووەوە. ئاساییە بووترێت ئەم تەرزە بەڕێوەبردنەی لە دەوڵەتی عوسمانیدا پەیڕەو ئەکرا و هەروەها لە بەغداد و عێراقیشدا ناوازە و تاکڕەوانە نەبوو. عێراقیش هەر لە زووەوە سپێردرابوو بە مەمالێکی ملهوڕ و چاوچنۆک و لە بەرگە عوسمانییەکەی هێنرابووە دەرێ، بەڵام مەمالیکەکانیش خۆیان لەناو خۆیاندا شەڕی خوێناوییان دژی یەک ئەکرد.

ئەوی لێرەدا جێی سەرسامییە، میژووونوسانی هاوچەرخ و بیرمەندان و قەڵەمبەدەستەکان، ئەگەر لاپەڕەکانی هەر کتێبێکی نوسراوی میژوو سەبارەت بە بەسەرهاتەکانی پێشووی بەغداد هەڵبدەینەوە لە ڕووی ئاکامی ئەو ڕووداوانەوە کە لەبەر تەماعکاریی مەماڵێک خۆیان لەنێوانیاندا قەومـاون، دەبینین سێ و دووی لێ نـاکات سـیفەتی ڕەوایـی بـە سـەرکەوتووەکان ببەخشـێت دۆڕاوەکانیـش بـە خۆتێهەڵقورتیـن نـاو بنێـت. ئـەم وڵاتـە بـۆ ئـەوەی ملەکەچیـی کۆمەڵایەتـی بـۆ پێوەندی نیشتمانی هەبێت و بەرەو گوێڕایەڵی دەوڵەتی عوسمانی ببڕێت، دەبوو ئەو بیروبۆچوونە زیندوو بکرێتـەوە کـە ئەڵێت، "خوێنـی ڕێـژراو و هەوڵـی ڕزگارکـەران بـۆ ئـەوە بـوون یەکبوونـی ئیسـلامی بـەدی بهێنرێت و وڵاتـی موسـوڵمانان بپارێزرێت.

سـلێمان پاشـا، دوای ئـەوەی هیـچ کۆسـپێکی لـە بەردەمـدا نەمـا، ئەبووایـە پێش هەمـوو شـتێک دژی ئەوانـە بوەسـتێت کە پێشـتر بەرهەڵسـتییان کردووە و بـەر شـاڵاوی تووڕەیـی و ڕقی کەوتن. بـەڵام لەبـەر ئـەوەی لـە ئەوڕەحمـان پاشـا بـەدەر کەسـێکی دی نەبـوو یەکـەم جـار جامـی غەزەبـی خـۆی بەسـەردا قڵـپ بکاتـەوە، خستیـیە سـەرەوەی لیسـتی ئەوانـەی ڕقـی لـێ هەڵگرتبـوون(٤).

ئیتر یەکێکی وەک خالید پاشاشی لەبن دەستەوە بێت. تاکو بۆ تاقە دەقیقەیەکیش لـە چاندنی تـۆوی ئـاژاوە و فیتنـە دژی ئەوڕەحمـان پاشـا نەوەسـتێ. والیـی بڕیـاری بـە جوواڵاندنـی هێـز دا کـە لەهەموولایەکـەوە ڕووە و کەرکـووک، دوای ئـەوە ڕووە و شیوەسـوور کـە خاڵیشـی عەلـی پاشـا ئـەو پێگەیـەی گرتبـوو. ئەوڕەحمـان پاشـاش هـەر بـە چوونـی خالید پاشـا(٥) بـۆ بەغداد هەسـتی کـرد شـتێک لـە ئارادایـە ئەوێـش دەسـتی کـرد بـە قاییمکردنـی دەربەنـدی بازیـان و دیواردروسـتکردن و چەکدار بڵاوکردنـەوە لـە هەمـوو لایـەک بـۆ چاودێـری و بـۆ بەرگـری. دیسـانەوە هێـزی بابـان دوانـزە هـەزار کـەس بەرامبـەر بـە سـەد هـەزار. شـەڕکەر زیاتـر لـە بیسـت ڕۆژی کێشـا، بەختـی سـەرکەوتن بـە هیـچ لایەکـدا نەشـکایەوە، تەنهـا خیانەتـی خالید پاشـا کـە توانـی لـە ڕێگـای کابرایەکـی لادێـی ئـەو نـاوەوە کـە ڕێگایەکـی کـراوە، کـە پێـش شـەڕ هێـزی بابانـی لەسـەر دانەنـرا بـوو، پیشـانی دوژمـن بـدات و سـەرکەوتنە سـەر لوتکـەی شـاخەکە بـە ئامادەبوونـی محەمـەد بـەگ کـوڕی خالید بـەگ و بـە فەرماندەیـی محەمـەد بەگـی خەزنـەدار سـەر کەوتـن و لەسـەر لوتکـەی شـاخەکەوە سـەنگەری خۆیـان دروسـت کـرد کـە ئەیڕوانـی بەسـەر هێزەکانـی ئەوڕەحمـان پاشـادا.

هـەر لـەم کاتـەدا بـوو کـە والیـی سلێمان پاشـای بابـان کـوڕی برایـم پاشـای لـە موتەسـەریفیەتی کۆیسـنجق و حەریـر لا بـرد و محەمـەد بەگـی خەزنـەداری خـۆی خسـتە جێـی، ئەبوایـە ئـەو پلەیـەی بـە لای کەمـەوە بـە خالیـد پاشـا ببەخشـێت، ئـەوەش ڕاسـتە کـە پیاوەخائینەکانـی دەرحـەق بـە میللەتەکەیـان، هەمیشـە سـووک و بێقـەدرن.

سلێمان پاشـای والیـی گەڕایـەوە بـۆ بەغداد. ئەوڕەحمـان پاشـاش دوای کشـانەوەی لـە گۆڕەپانـی شـەڕی تـۆپ و چەکـی تر و پشـتگرتنی لەشـکرەکەی لـە هەموولایەکـەوە و کوشـتارێکی زۆر، ناچـار ڕووی کـردە ئێـران سـنە لای ئەمانوڵڵا خـان ئەوێـش لای فەتـح عەلـی شـا شـای ئێـران پشـتیوانی بـۆ کـرد کـە یارمەتـی بدرێـت و کۆمـەک بکرێـت.

شـای ئێـران داوای لـه سـلێمان پاشـای والیـی کـرد، هەمـوو مافێکـی ئەورەحمـان پاشـا و حکومەتەکـەی بـۆ بگێڕێتـەوە، بـەڵام والیـی گوێـی نەدایـە، هـەر بۆیـە شـا هێزێکـی تـەواوی دانـا کـە لەگـەڵ ئەورەحمـان پاشـا هێرش بەرنـە سـەر سـلێمانی. لـەم کاتـەدا خالیـد پاشـا لـە دڵسـۆزییەوە یـا ناسـازییەوە بـەوەی زانـی ئەویـش خـۆی گەیانـدە ئەورەحمـان پاشـا و ئەویـش لێـی بـورد، کـە ئـەوەش پەشـیمانبوونەوەیەک بـوو بـۆ دەسـتکەوت نـەک، بەڕاسـت و لەدڵـەوە.

کاتێـک سـلێمان پاشـای والیـی بـە هێـزی ئەورەحمـان پاشـا و دانەپاڵـی خالیـد پاشـا و کشـانی بـەرەو سـلێمان زانـی و بیـری لـە هەمـان کار کـردەوە کـە لەگـەڵ عەلـی پاشـای خالیـدا کرابـوو نەیویسـت ئـەوە دوو پـات ببێتـەوە. بڕیاریـدا بـە ناردنـی فەرمانـی دامەزراندنـەوەی ئەورەحمـان پاشـا، ئەمیـش سـوپاسـنامە (٦) و کۆمەڵێـک دیـاری بـۆ فەتـح عەلـی شـا و بـۆ ئەمانوڵڵاخانـی والیـی سـنە نـارد و لەشـکرەکەی لەگـەڵ خـۆی لـە ئێرانـەوە هێنابـووی، ناردیـەوە بـۆ ئێـران.

یەزیدییەکان و تۆڵەسەندنەوە(٧)

حسێن نازم بەگ ئەڵێت، یەزدییەکان لە هەڵمەتەکانی تەمێکردندا، پێیان وا بوو ئەوان سەرکەوتوو بوون. بۆیە خولیای تۆڵەسەندنەوە لەدل و دەروونیایاندا گەشەی سەندبوو. هەرکاتێک، یەکێکیان بدیایە، تۆڵەی خۆیان لێ دەسەندەوە، ئەم جارەش کاتێک لە شمشێری عەلی پاشا ڕزگار بوون، زۆر لەوە خراپتر کەوتنە تۆڵەسەندنەوە. مال و منداڵ و مووڵکی خەڵکیان بە تاڵان دەبرد، کۆیان لە هیچ شتێک نەدەکردەوە.

مەسەلەی شاڵاوبردنە سەر خێڵی زەفیر (الضفیر)ی نیشتەجێی ناوچەی سەرکانی (راس العین) سەر بە سنجەقی ئورفە سەرقاڵی ئامادەکاریی ئەم هەڵمەتە چاوەڕوانکراوە بوو. فەرمانی بە هەموولایەک، دا هێز بۆ ئەم مەبەستە کۆ بکەنەوە، ئەم خێڵی زەفیرە لە دەرەوەی عێراق بوون و هیچ پەیوەندییان بە ناوچەکانی قەڵەمڕەوی ژێر حوکمی سلێمان پاشاوە نەبوو، بەڵام کۆنەناکۆکی و نیازی ژێربەژێری نێوان هەردوو خێڵی فارس جەربە-الجربە و زەفیر (الضفیر) کارێکیان کردبوو خێڵی جەربە کە پەیوەندی تووندوتۆڵی بە سلێمان پاشاوە نەبوو، هەمیشە بیر لە دەوڵەمەندی لەڕادەبەدەری خێڵی (زەفیر) بکاتەوە، بۆیە هانی سلێمان پاشای دەدا پەلاماری بدات و تەماعی تاڵانکردنی مال و مووڵکەکانی ئەنایە بەر.

سەرەتا سلێمان پاشا هێزی بەرەو ماردین نارد بە خەیاڵی دەستکەوتی گەورە و تاڵانکردنی یەزدییەکان و خێڵی زەفیر ڕۆژی ٢٥ ی موحەڕەمی ١٢٤٤ک/ ٨/٦/ ١٨٢٨ز هێزێکی چل هەزار کەسی و پێنج کۆمەڵە تۆپ و کەلوپەلی تری جەنگ کەوتە ڕێ بەرەو شەنگار و دارمسین، بەکورتی لێرەدا شکستی هێنا. بەڵام وەک بڵێی هیچ شتێک ڕووی نەدابێت، ڕووی هەڵمەتی کردە سەر خێڵی زەفیر. وەختێک گەیشتە سەرکانیا- ڕاس العین سەرۆکی هێزەکانی، داوای کۆمەک و یارمەتییان لێ کرد، ئەویش تەیمور پاشای میللی و سلێمان پاشای موتەسەریفی پێشووی سلێمانی و ئەحمەد بەگی شیر برای نارد بۆ هێرش بردنە سەر خێڵی زەفیر خۆشی ڕووی کردە ناحیەی دیریکی سەر بە دیار بەکر، کاتێک سەرۆک هێزەکانی خۆی بەتوورەییەوە پێشوازییان کرد، ئەوساش نەک هەر ئەم شکستەی دووەم جاریش کاری تێنەکرد بەڵکو سەری

لێ شێوا، ئینجا پەلاماری چەند دێیەکی سەر بە دیاربەکری دا، هەموو مەڕومالات و کەلوپەلی دانیشتوانی ئەو دێیەی بە تالان برد. جگە لەوە باج و سەرانەی بەسەر خەڵکی دێریکدا سەپان، ئینجا بەرەو لەوەڕگەی سوڵتان جووڵا. ئەم هێرشی سێیەمەشی هەر شکستی وەک ئەوانی تر هێنا. لە دواییدا هێزە تێکشکاوەکە لە نووسەیبین یەکە بە یەکە کۆ بوونەوە، دوای ئەمانە سلێمان پاشا بۆی دەر کەوت هەڵپە و تەماع و چاوبرسێتی بەرەو چ هەڵدێرێکی کوشندەی ڕاپێچ کردووە. ئیتر دوای ئەمانە کە هیچی بۆ نەکرا، بە سەرشۆڕی گەڕایەوە بۆ موسڵ.

دانیشتووانی موسڵیش لێی بەداخ بوون. چونکە لەوەوپێش حوکم و حاکمییەتی موسڵ هەر بەدەست بنەماڵەی جەلیلییەوە بوو. سلێمان پاشا ئەوەی لێسەندنەوە و کابرایەکی کاتبی لای خۆی لەو شوێنەدا دانا. چەند تکایان لێ کرد، ئیشەکە ڕاست بکاتەوە بێسوود بوو، لە ئەنجامدا ئەو کابرایە کوژرا، ئەمیش ئەحمەد بەگی شیربرای خۆی لەو شوێنە دانا بە موتەسەریفی موسڵ، کە گەڕاشەوە بەغداد وەک نە بای دیبێت و نە بۆران. بەڵام ویستی لە ڕای دانیشتووانی بەغداد بەرامبەر بە خۆی بگات، ڕاپۆرتی بۆ هات دژی عەبدوڵڵا ئاغای خەزنەدار و تاهیر ئاغای جووقدار، گورج ئەوانە دەسگیر کران کە لەملیان بدرێت بەڵام لەسەر تکای موتەسەللیمی بەسرە. بە دوورخستنەوەیان بۆ بەسرە کۆتایی هات.

ناردنی حالەتەفەندی بۆ بەغداد

لە ئەنجامی ئەو شکاتە زۆرانەی تالان لێکراوان و دیارنەمانی پارەی سەردەمی عەلی پاشای خاڵی کە کەوتبووە لای سلێمان پاشا خۆی و پارەی تر کە لای کۆببوەوە و نەیناردبوو بۆ ئەستەمبوڵ، سوڵتان حالەت ئەفەندی بۆ وردکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەو کارانە نارد بەغداد و هەموو دەسەلاتێکی پێ بەخشی بوو.

سیاسەتی نەرمونیانی حالەت ئەفەندی، بەرامبەر بە پاساوی ئەم کابرایە هانی دا زیاتر ڕێی لەخۆباییبوون بگرێتە بەر، چونکە هاتنی ئەو پیاوە بۆ تەحقیق سلێمان پاشای تەواو نیگەران کرد.

لە هەمان کاتدا قسەوقسەڵۆکی ملکەچانەی حالەت ئەفەندی، لە ئەنجامدا بەرامبەر بە کەللەڕەقی سلێمان پاشا بێسوود بوو.

دواجاریش کاتی گەڕانەوەی حالەت ئەفەندی بۆ لای باب العالی لە چنگەپارەیەکی بەشی پێویستی ڕێگا زیاتر هیچی دیکەی بەدەست نەکەوت، کە ئەبووایە ئەو پارەیەش قبوڵ نەکات و زەلیلانە گەڕایەوە بۆ موسڵ. مەحموود پاشا لە موسڵ پێی وت، ئەگەر ئەوڕەحمان پاشای بابانی لە سلێمانی حەزی لێ بێت کارێک لە دژی سلێمان پاشا بکات، پێویست بە هیچ هێز و کەلوپەلێکی دیکەی شەڕ ناکات، جگە لەو کەسێکی کە شک نابرێ بتوانێت سلێمان پاشا تەمێ بکات. لەبەر ئەوە حالەت ئەفەندی دەستبەجێ فەرمانبەرێکی تایبەتی نارد پەیوەندی بە ئەوڕەحمان پاشاوە بکات.

لە لایەکی ترەوە سلێمان پاشا بیری لەوە کردەوە کە لەم بارودۆخەدا بەبێ سزا دەر ناچێت، دەستی کرد بە دانانی ڕێوشوێنی قایمکارانە و کۆکردنەوەی ئامڕازی شەڕ وەک تۆپ و چەک بۆ بەرەنگاربوونی هەر پەلامارێکی چاوەڕوانکراو، ئەحمەد بەگی شیربراشی وەک موتەسەللیم نارد بەسرە بۆ قایمکاری.

کۆمەڵێک لە وەهابییە شەڕانییەکان توانییان خۆیان بگەیەننە سلێمان پاشا و لە خشتەی بەرن، ئیتر چییان پێ بوتایە ئاوا ئەجوولایەوە، مەبەستیشیان بوو کەڵک لە بەخۆنازین و

نەزانینی وەر بگرن تاکو چییان مەبەستە دژی عێراق بیسازێنن لەگەڵیدا.

وا دیار بوو هێشتا پۆژگار دەرسی عەقڵ و ئەدەبی فێر نەکردبوو، بۆیە پێی وا بوو گەیشتنە مەقامی سەلتەنەت وەک بەدەستهێنانی مەقامی وەزارەت کارێکی ئاسانە، ئیتر کەوتە داوی کەڵکەڵەی جیابوونەوە.

خەیاڵی جیابوونەوەی والیی

سەلیم بەگ موتەسەللیمی بەسرە یەکسەر شوێنی خۆی بۆ ئەحمەد بەگ چۆل کرد و هەردوو عەبدوڵڵا ئاغا و تاهیر ئاغا کە سلێمان پاشا کاتی خۆی ناردبوونییە لای سەلیم بەگ، بەڕێی کردن بۆ لای ئەوڕەحمان میری بابان بە ناوی خۆیەوە و خەرجی ڕێگاشی بۆ دابین کردن.

هەر کە ئەو دوو پیاوە گەیشتنە سلێمانی بەوپەڕی ڕێزەوە پێشوازییان لێ کرا، بەڵام ئەو جووتە پیاوە بەرامبەر بە پیاوەتی سەلیم بەگ وەفادار نەبوون، گوایە ئەوان خۆبەخۆ هاتوونەتە لای ئەوڕەحمان پاشا و وەختێک سلێمان پاشا دووری خستۆتەوە بۆ بەسرە چونکە کاتی خۆی عەبدوڵڵا ئاغا کە دەرگاوان بوو لە بەغداد، بە هۆی ئەم وەزیفەیەوە بوو.

ئا لەم ئانوساتەدا نامەی حالت گەیشتە ئەوڕەحمان پاشا لە نامەکەدا بەکورتی بەناوی سوڵتانەوە داوای یارمەتی ئەکات، دژی والیی سلێمان پاشا کە خولیای جیابوونەوە و سەربەخۆیی کەوتۆتە کەللەیەوە و چاوەڕوانی وەڵامە، باقییەکەی هەمووی مەدحە ئەوڕەحمان پاشا پێشتر ئاگاداری ڕووداوی بەینی حالت ئەفەننی و سلێمان پاشا بوو، بابی عالی حالت ئەفەندی پێشەکی سەرپشک کردبوو کاروباری ویلایەتی بەغداد بداتە دەست ئەوڕەحمان پاشا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە کورتەی وەڵامی ئەوڕەحمان پاشایە بۆ حالت ئەفەندی پشتبەستوو بەو قسەیەی کە ئەڵێت، "دەستبەرداری هێنانەدیی ئاواتەکانی خۆم بووم، تا ئاواتەکانی هاوڕێکەم بێتەدی" واتە دەست لە هیواکانی دواڕۆژی خۆی هەڵبگرێت بۆ عەبدوڵڵا ئاغای (٨)کۆنەهاوڕێی ئەمانەش خاڵە گرنگەکانی ناو نامە دوورودرێژەکەی ئەوڕەحمان پاشایە،

وەلامی ئەورەحمان پاشا بۆ حالەتی ئەفەندی

ئیمە بە بەرەکەتی ڕێز و خێر و بەخششی ئەو مەقامە پیرۆزە(٩) گەشەمان کردووە. لە فەقێ ئەحمەدی باپیرەمانەوە تا ئێستا تۆزقاڵێک بەرهەڵستیمان نەنواندووە، هەتاکو ئەمڕۆش هەر یاخیبوون و زوڵموزۆرێک لە وڵاتی عێراقدا ڕووی دابێت بە زەبری شمشێری بابانەکان و خەڵکانی سلێمانی سەرکوت و تەمێ نەکرابووبن بێسوود بووە ئەمە بەو بڕوایەی گوێڕایەڵی مەقامی خەلافەت بووین لە کاتێکدا، وەزیرانی بەغداد ڕۆژێک لە سوکایەتی و خیانەت لە دەستوپێوەند و برایانی ڕۆڵەی گەلی خۆیان دوانە کەوتوون، هەر بۆیە تا ئێستا ڕەچاوی ئەم بنەماڵەیە نەکراوە لە لووتبەرزی و خۆبەزلزانین زیاتر.

حاڵوباری ئێستای سلێمان پاشا لە ڕوانگەی ڕای گشتییەوە، بە کارێکی ڕەوا دائەنرێت چونکە خەلافەت و سەڵتەنەت بەرامبەر بە وەزیران کە دەکوژن و دەبڕن، مال و دارایی هەر موسوڵمانێکیان بوێت بەتاڵان دەیبەن، هەر سلێمان پاشا بەتایبەت بە ناوچەی قەڵەمڕەوی حکومەتەکەی خۆی داناکەوێت، دەست بۆ ئەیالەتەکانی تر دیار بەکر و ئورفەیش درێژ ئەکات، کەسێکیش نابینی لە ڕووی دا ڕابوەستێت و لە کارە ناشەرعییەکەی بپێچێتەوە. ئینجا ململانێ لە پێناوی خۆگەیاندنە کورسی حوکم، کەچی خاوەنی وڵاتیش ناپرسێت ئەمە چیە و لەبەر چییە؟ سوڵتان خۆی ئەم مەسەلانە هەمووی دەزانێت بەڵام گوێی خۆی لێ کپ ئەکات، ئەویش یا جەنجاڵی مایەی بێزاریی بە کاروباری ناوخۆ و ناوچەییەوە، یا بێزارە. بارودۆخی ڕووداوەکانیش ئەمڕۆ خراونەتە بەر چاودێریی دەستەیەکی تایبەت و هیچ لەدەستدا نەهێڵراوەتەوە تا لێیان بەئاگا بێت، دە ئەمەش لە ئەستۆی ئێوەدایە و ئێوە لێپرسراون.

لە کاتێکدا ئەم هەموو ئابڕووبردنە کە بەسەر نەتەوەی ئیسلامدا هاتووە، هەستی تۆڵەکردنەوەتان تیدا نابزوێنێت، بەڵام نەدانی چەند قروشێکی کەمی پارەی تەرخانکراوی حکومەتی ناوەندی ژێنی دەمارگیریتان دەلەرێنێتەوە. ئەم تاقە خاڵە نەبێ، خاڵێکی دی لەناو ئەم هەموو مەرگەسات و زۆرلێکراوییەدا شک نابرێت پێویست بکات ناوبراوی لەسەر تەمێ بکرێت(١٠).

مـن بیـر لـەوە دەکەمـەوە، گریمـان سـلێمان پاشـا نەگلایەتـە ئـەم سەرسـەختیە لووتبەرزییـە و ڕازی بووایـە چ پارەیەکـی لـێ داوا کـراوە بیدات، چـۆن ئـەم پارەیـەی لـێ قبـوڵ دەکـرا کـە بـە خراپـەکاری و لاسـاری بەدەسـتی هێنـاوە چۆنیـش دەتانتوانـی نـاوی بیـت المالـی بەسـەردا ببـڕن.

بێگومـان ئێـوە ئـەو پارەیەتـان لـێ وەر دەگـرت و لـە بەردەمـی سوڵتانیشـدا دەبوونـە شـایەت لەسـەر ڕاسـتگۆیی و بێگوناحیـی سـلێمان پاشـا.

ئـەو بەشـە موسـوڵمانە کـوردەی کـە تەنیـا بـە نـاوی بابانیـەوە یەکیـان گرتـووە و گرێـی بوونـی نەکراوەتـەوە، چونکـە چووەتـە ژێـر چەتـری قەناعەتکردن بـە پیـرۆزی مەقامـی خەلافـەت و پاکـی و بێگـەردی گیـان و وێـژدان، بەڵـێ، ئـەم بەشـە موسـوڵمانەی بابـان کـە سـەرەڕای هەمـوو فریودانـی گەندەڵکردن و دەسـتێوەردانی ملهوڕانـەی وەزارەت. سـەردەمانێکی لـە سـایەی بیروباوەڕی خاوێندا بەسـەر بـردووە. ئەمـڕۆش هـەر توانـا و هێزێکـی هەیـە بتوانێـت پابەنـدی خزمەتێکـی لـەو جـۆرە ببێـت لـە ڕێیەکـەوە کـە بریتـی بێـت لـە بەجێهێنانـی ڕەزامەندیـی شـاهانە، تاکـو ڕێگـا نەدەیـن سـیفەتی یاخیبوونمـان بەسـەردا ببـڕن و دوارۆژ نەبێتـە هـۆی تاوانبارکـردن، دەبێـت ئـەو کەسـەی لـە جێـی سـلێمان پاشـادا دائەنرێـت شـایانی متمانەپێکـردن و پشتپێبەسـتنی هەمـووان بێـت(١١). و ئیتـر سـەرکەوتنیش لـە خوداوەیـە.

حسـێن نـازم بـەگ لێـرەدا بەڕاشـکاوی ئەفەرمووێـت، ئەگـەر حالـت ئەفەنـدی هەسـتێکی بـەرز و خۆشەویسـتی بـۆ نەتـەوە و نیشـتمان هەبووایـە، نـەک هـەر لەدڵـەوە بێـزار نەئەبـوو، بەڵکـو تـا ڕادەیەکـی زۆر بـەر منەتـی دەبـوو و ڕێـزی تایبەتـی لـە وشـە و لـەو دەسـتەواژانەی دەنـا کـە بۆنـی ناڕەزایـی و هـەم بۆنـی مەردایەتـی و نیشـتمانییان لـێ دەهـات. بـەم پێیـە، دڵسـۆزانە لەگەڵیدا دەجوولایـەوە، بـەڵام هەیهـوو. کاربەدەسـتی وەک سـلێمان پاشـا کـە خەلافەتـی دێرینـی ئیسـلام و سـەڵتەنەتی عوسمانی خستبووە ژێـر ڕکێفی خۆیـەوە، ئـەم چەشـنە هەسـتە بـەرزەی شـک نەدەبـرد و وڵاتـی نەئەنایـە نـاو گێـژاوی ئـەم بارودۆخـە جەرگبـڕەی ئـەو ڕۆژانـەی کـە تیایـدا ئەژیـا. بـەڵام ئـەم نامەیـەی ئەوڕەحمـان پاشـا وای لـە حالـت کـرد هەسـت بەوپـەڕی سـووکایەتی بـکات. بـەڵام لەبـەر ناچاریـی بارودۆخەکـە پەنـای دووڕەپەڕێـزی گـرت، بـەم پێیـە وەڵامـی ئـەم وەڵامنامەیـەی ئەوڕەحمـان پاشـای دایـەوە دوای نیشـاندانی شـوکرانە و منەتبـاری سـاختە بەرامبـەر غیرەتـی دینـی و مەردایەتـی نیشـتمانپەروەری ناوبـراو سـەبارەت بـە داوای سـپاردنی ئەیالەتـی بەغـداد بـە عەبدوڵڵا ئاغـا و بەڕاسـتزانینی ئـەو کـارە و نووسـینی بـۆ بابـی عالـی تـا فەرمانـی سـپاردنی وەزارەت لەلایـەن خەلافەتـەوە، بەعەبدوڵڵا ئاغـا بسـپێردرێت و بـەم جـۆرە وەڵامێکـی پڕ بریقوبـاق و زەنگـەدار گەیشـتە ئەوڕەحمـان پاشـا لەلایـەن حالـت ئەفەنیـەوە بـۆی نێردرابـوو.

جـا سـەیری بێشـەرمی ئـەم پیـاوە گەورەیـەی دیوانـی سـەڵتەنەت، لـە تاریـخ الامـاره البابانیـەدا هاتـووە، "نێردراوی سـوڵتان، لەناوبردنـی هـەردوو لایـەن مەمالیـک و بابانـی لەلایـەن ئەحمـەد بەگـی جەلیلییـەوە پێشـنیار کـرد کـە والـی موسـڵ بـوو، بەرامبـەر بـەوەی کـە بـە والـی بەغـداد دابنرێـت، بـەڵام میـری جەلیلـی ئـەوەی ڕەتکردەوە. چونکـە جـۆرە پەیمانێـک لەبەینـی بابانـەکان و جەلیلییەکانـدا

بەسترابوو، بۆ دانانی سنوورێک بۆ زیادەڕۆییی مەمالیک."

هەر بۆ بەجێهێنانی ڕێوڕەسمی بەیعەتپێکردن و بەخشینی پلەوپایە بە عەبدوڵڵا ئاغا. ئەورەحمان پاشا، ئاهەنگی گێڕا و فەرمانی دەر کرد بۆ سوپاسالاران و میران کە خۆ ساز بدەن بۆ کەوتنەڕێ.

کوشتنی سلێمان، ئینجا دانانی عەبدوڵڵا لە شوێنی لەلایەن عەبدولرەحمان پاشاوە

لە دوانزەی شەعباندا فەرماندەیی هێزێکی بەقەوارە دەهەزار پیادە و هەشت هەزار سوارە کەوتنە جوولە بەرەو کەرکووک و هێزی هەولێر و موسڵیش هاتنە پاڵیان لەگەڵ حالت ئەفەنی.

سلێمان پاشا کە بەمەی زانی بەتایبەتی کە ئەورەحمان پاشایان لەگەڵدایە، بۆی دەر کەوت هیچی بۆ ناکرێت. یەکسەر پەنای بۆ شازادە عەلی میرزا برد، زیاتر مەبەستی ئەوە بوو ڕێگری لە ئەورەحمان پاشا بکات.

ئێرانییەکان دەمێک بوو بۆ هەڵێکی وا ئەگەڕان بەتایبەت لەبەر خاتری شوێنە پیرۆزەکانی عێراق واتە زیارەتگاکانی نەجەف و کەربەلا. کە وا بوو ئەبێت شازادە قەناعەت بە ئەورەحمان پاشا بکات. ئەورەحمان پاشاش دوای بیرکردنەوەیەکی ورد و قوول. مادام ویلایەتی بەغداد بە عەبدوڵڵا ئاغا سپێردراوە، ئەوە وا دەگەیەنێت کاتی ئەوە هاتووە، بە دوای مافی خۆماندا بگەڕێین و بەوردی لێی بکۆڵینەوە، دەوڵەتی پایەبڵندیش بە هۆی سوکایەتییێکردنی ئێرانییەکانەوە چاوپۆشی لە ئەو هەموو هەوڵانەی ئەم بوارەمان دەکات بۆ سەندنەوەی مافەکانمان(١٢).

ئەورەحمان پاشا دەستەیەکی سیخوڕی نارده لای محەمەد عەلی میرزا تا ڕۆژبەڕۆژ ئاگاداری بکەنەوە لە هەموو خەبەرێک جگە لەوە خۆشی یەکسەر ڕێگای بەغدادی گرتە بەر. ئەو ئەیویست پەلە لە گرتنی بەغداد بکات و عاقڵانەش وەرگرتنی نامەکەی محەمەد عەلی میرزای دوا خست کە بە تەتەرەکەدا ناردبووی و بەو جۆرە ئەو تەتەرەی خافڵگیر کرد، هەروەها ئەورەحمان پاشا بەگوێرەی ئەو نەخشەیەی دای نابوو، لەگەڵ عەبدولڕەحمان ئاغادا لەمێژ بوو لە بەغداد دانیشتبوو ناوبانگی پاڵەوانێتی و بەجەرگی لەناو دانیشتووانی بەغداد، بڵاو بووبووە و سیفەتی ئەبوجاسمی لەخۆیدا هێنابووە دیی، لەگەڵیدا ڕێک کەوت، چونکە لە ڕاستیدا ئەم کابرایە پێی ئەکرا ئاژاوەیەک بنێتەوە بۆیە کەوتە نامەناردن بۆ هاوەڵەکان و چەشنەکانی خۆی لە بەغداد و بۆی ڕوونکردنەوە دەستوبرد لە ئاژاوەنانەوەیەک سەرانسەر لە بەغداد بقەومێنن.

بۆ ڕۆژی دوایی، هەموو دەستەودایەرەی ئەو ئاغایە لە شوێنی دیاریکراودا کۆبوونەوە. یەکسەر بنکەی فەرماندەی یەنیچەرییان لە یەکەمین هەڵمەتدا تێک وپێک دا. لەبەر ئەوەش کە بەشی هەرە زۆری ئەو یەنیچەرییانە لایەنگری عەبدولڕەحمان ئاغا خۆی بوون، بارەگاکەیان بەبێ بەرەنگاربوون گیرا و ملی ئیسماعیل ئاغای سەرکردەیان پەڕێنرا. ئیچ قەلعە- قەڵای ناوەوەش داگیر کرا.

کاتێک سلێمان پاشا بە ڕووداوەکەی زانی و هەموو شتێکی بۆ ڕوون بووەوە. پاسەوانە

تایبەتییەکانی خۆی و خزمەتکار و بەردەستی تری لەگەڵ خۆیدا برد بۆ خەندەق لێدان و سەنگەرپێکهێنان و چوونە مەیدانی بەرگرییەوە. بەشێکیش لە بەغدادییەکان چوونە پاڵیان، شەڕ و پێکدادان زۆر بەتوندی دەستی پێ کرد و تا ئێوارەی خایاند. کە شەو داهات عەبدولڕەحمان ئاغا کەللەسەری سەرکردەی یەنیچەریەکانی لەگەڵ خۆیدا برد و چوو بۆ بە هاناوەچوونی ئەوڕەحمان پاشا. کاتێک ئەوڕەحمان پاشا بەتەواوەتی ئاگاداری بارودۆخەکە و وردەکاری ڕووداوەکە بووەوە، فەرمانی بە هێزە هێرشبەرەکانی دا ڕووە و بەغداد بجووڵێن. فەیزوڵڵاش بە هێزەکەیەوە ڕووی کردە بەغداد و بارەگاکەی نزیک بە ئەعزەمیە دانا و کەوتە سەنگەر لێدان.

هەردوو هێزەکە کە لە دەرەوەی شار و بە ڕووی یەکتردا وەستان. ساتێکیش لە مەیدانی شەڕدا بەیەکیانداداا. دوای ئەوە لەبەر ئەوەی تۆپەکانی سلێمان پاشا، ئۆردووی ئەوڕەحمان پاشای سەغڵەت کردبوو، بۆیە پاشا فەرمانی دا تۆپەکان بەهەر نرخێک بێت، لە چنگی دار و دەستەی سلێمان پاشا دەر بهێنرێن، لە پێناوی ئەم مەبەستەدا، دەستی لە شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە هەڵگرت و ڕاستەوخۆ هەڵی کوتایە سەر تۆپەکان. بەم پێیە هێرشی دووەم و سێیەم و چوارەم بوونە مایەی زەرەروزیانێکی زۆر و سەرکەوتن بەدەست نەهێنرا. ئێوارە لاشەی عەبدولعەزیز بەگی بۆ خالید پاشا و شەست - حەفتا کوژراو و دیارترین قارەمانانی بابان لە مەیدانی شەڕدا مانەوە.

بەڵام هێزی بەرەنگاریی سلێمان پاشاش زیانێکی قورسیان لێ کەوتبوو، لەبەر ئەوەی لەشکری عێراق ترسیان لێ نیشت ئیتر دەستیان کرد بە کشانەوە بە جۆرێک سلێمان پاشای والیی خۆی و دە - پانزە کەس لە دەوری مانەوە، بۆیە بڕیاریدا ڕا بکات، بەرەو ئێران، لەم هەوڵەدا کە لە چەمی سیروان پەڕییەوە خێڵی ڕوفاعی گرتیان و کوشتیان و سەریان بڕی کەللەسەرەکەیان نارد بۆ ئەوڕەحمان پاشا. دوای ئەوە بەیعەت بە عەبدوڵڵا ئاغا کرا و کاتێک کە هێشتا توانای ئەم کابرایە دەر نەکەوتبوو، ئەو دەستڕۆییەی کە ئەوڕەحمان پاشا بە ئەرک و قوربانییەکی گران بۆی دابین کرد. بەکاری هێنا بۆ ڕاپێکردنی مەبەست و ئامانجەکانی خۆی، ئیتر کە پاداشتی چاکەی بە خراپە دایەوە و ئەمە لە بەرچاوی هەمووان ئاشکرا بوو و هەوڵی هەڵگەڕانەوەی لە ئەوڕەحمان پاشا دەست پێ کرد(١٣).

حاڵت ئەفەندی کە لە نووسراوەکەی عەبدولڕەحمان پاشا پەست و تووڕە بوو بوو. لەبەر ئەوە کەوتبووە پیشخواردنەوە و بیرکردنەوە لە چۆنیەتی لەناوبردنی ئەوڕەحمان پاشا. بۆیە فەرمانی دامەزراندنی عەبدوڵڵا پاشای دواخست.

عەبدولڕەحمان ئاغای شارەزای هەموو کردەوەی یاخیبوو و ئاژاوە و پشێوی نانەوە، ئەمە بوو پەنایان بۆ برد، کە ئاژاوە دژی ئەوڕەحمان پاشا بگێڕێت، ئامادەکاری پێک هات. سەرلەبەیانییەک دەست کرا بە هێرشبردنە سەر ئەوڕەحمان(١٤) پاشا بە شێوەیەکی کتوپڕ و خافڵگیرانە پەلامار درا. بەکورتی عەبدولڕەحمان پاشا لەوانە نەبوو بە تاقمێکی چەورەی وەک عەبدولڕەحمان ئاغا بەیەدست بکرێت. پەلامارداوەکان وەک شێر بەرەنگاریان بوونەوە و

پەرتوبڵاویان کردنەوە و کەوتنە کوشتن و برینیان، هێرشبەران بەوپەڕی ترسولەرزەوە هەڵهاتن، پێکدادان ئەو ڕۆژە تا ئێوارە درێژەی کێشا بەو بڕوایەی بەغدادییەکان تاریک دابێت و خۆیان سەر دەر بکەن.

بۆ ڕۆژی دوایی ئەوڕەحمان پاشا بەوپەڕی شکۆمەندی و پڕ لە زەبر و زەنگییەوە دانیشتبوو، فەرمانی دا حالت ئەفەنی بۆ بهێنن، چونکە گومانی نەما کە ناوبراو دەستی لەو ڕووداوەدا هەبوو.

حالت ئەفەندی کە دەستپێشخەری کرد و بەپاشای وت، "هەرچەند فەرمانەکان لە کاتی تەنگوچەڵەمەدا بە ناوی عەبدوڵڵا پاشاوە هاتوون، بەڵام سەرقاڵی حەزرەتی پاشا لەو ڕووداوەجەرگبڕانەوە کارێکی کرد نەتوانم ئەو مژدەیەی پێ بدەم، ئەوەتا ئێستا من لەبەر دەستدا نا، تا جێبەجێکردنی فەرمانی هومایونی لەو ڕووەوە ڕابگەیەنم، تکام ئەوەیە ئەگەر پێش ڕاپەراندنی ڕێوڕەسمی ئاهەنگەکە کارێکی گرنگی هەبێت، فەرمان بدەن بیکەم."

بەکورتی شەڕوپێکدادانی دوێنێ و پرشنگی ئاهەنگێڕان و گۆرانی بە بەزم و ڕەزم دایەوە. پیاوماقوڵان و ناسراوانی بەغداد ئامادەی ئەو ئاهەنگە بوون، پاش تەواوبوونی، ئەوڕەحمان پاشا لە وتەیەکدا پێی وتن، "بەغداد بەلای بابانەکانەوە سەربارە ئەوەی کە پایتەختی ئیسلامی و وڵاتێکی نیشتمانی و کۆمەڵایەتییە، هاوکات چەند خەسڵەتێکی ڕێزلێگیراوی هەن وا دەکەن وەک دااڵدە و پەنایەک پێیەوە ببەستریتەوە و پێویستیان پێی هەبێت. لێرەشەوە دانیشتووانەکەی لە ڕوانگەی خەڵکی سلێمانییەوە، لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندی و خەسڵەتە شکۆدارە باسکراوانەدا بەڕێزن."

لەبەر ئەوە پێویستییەکی بەرزی ئەم هەستی ڕێزلێگرتنە بووە کە بابانەکان بە گشتی لە ڕابردوودا، خزمەتێکی زۆری هەموو دانیشتوویەکی سەرتاسەری وڵاتی عێراقیان کردووە، هیچ ڕووداوێکی ئاژاوە نانەوە و پاشاگەردانی لە عێراقدا نەبووە، بابانەکان لە ڕیزی پێشەوەی عێراقییەکاندا خۆیان تێیدا نەکردبێتە قەڵغانی بەردەمی نێزەی دوژمنانیان، پێشهاتێکی گرنگی دژی عێراقییەکانیش نییە، بابانەکان دەستپێشخەرییان تێدا نەکردبێت، دەمەوێت بڵێم، خەڵکی سلێمانی، دەرهەق بە خەڵکی بەغداد هەرگیز بێگانە و نامۆ نەبوون و لە براکانیان دانەبڕاون.

بەرامبەر بە مافەکانی ئەم پێوەندییەش وام لە برایانی بەغدادییم چاوەڕوان نەدەکرد بگلێنە داوی پیالن و لەخشتەبردنی تاقمێکی بێفەرو گەندەڵ، ئەوە بکەن کە کردیان، سەرباری ئەوە، مادامێکی ئەو شەیتانە کە فریوی دان و خستنیە داوی بێئاگایی تا ڕادەیەکی زۆر بەهێزەوە. نامەوێت ئەڵقەی ئەو یەکگرتن و خۆشەویستییە کە پەیوەندییەکی هاوچەرخە، بە هۆی ئەم ڕووداوانەوە بپچڕێنم، لەبەر ئەوە چاوپۆشیم لە مافی تایبەتی خۆم کرد و تکامە و ئاواتەخوازم عەبدوڵڵا پاشاش لێبوردنی گشتیی ڕابگەیەنێت.

پاشان ڕووی دەمی کردە حالت ئەفەنی وتی، "وا مەزانە لەوانەم کە تێناگەن، هەرچی ڕووی داوە لەژێر سەری تۆدا بووە. ئەم ڕەوشت و ڕەفتارەتان بەم شێوەیە و لە ماوەیەکی کورتدا،

هەموو ئەنجامێکی پەیپنەبراوی کۆشش و ئەرکی ڕزگارکەری مەزنە، پاڵەوانانی ڕزگارکەری کەم کردنەوە و خستنیە بەر شالاوی ململانێی دوژمنانی کەسێکی هیچوپووچی وەک سلێمان پاشا. ئەگەرچی ئاکامی بەدەستهاتووی سزادانتان، کەمکردنەوەی یاخییەکە لەو یاخییانەی ئاوا نەتەوەی ئیسلامیان دووچاری نەگبەتی کردووە، بەڵام مادام سوڵتانی گەورەمان هێشتا لەنیازی شاردراوەتان ئاگاردار نییە و نازانێ ئێوە چ مانێکن؟ ئەو سزادانە هیچ کەڵکێکی لێ چاوەڕوان ناکرێت، من ئەگەر یەکێک لە دۆستان و گەورەپیاوانی سەڵتەنەتی پایە بەرز بکوژم، دەبمە جێی تووڕەیی و ڕقی دەرباری شاهانە. بەڵام دەبێت بزانن نیازپاکیم بەرامبەر بە دین و سوڵتانەکەم دەبێتە هاوڕێ و ڕێنیشاندەری سەرکەوتنم، هەرچی ئێوەیش لەبەر ئەوەی سووکایەتیتان بە ئیسلام و خیانەتتان لە سوڵتان کردووە، درەنگ بێت یا زوو بە چارەنووسی مسۆگەری خۆتان ئەگەن(١٥) وا ئەمڕۆ عەبدوڵڵا پاشا کەوتوتە جێبەجێکردنی ئەو کارانەی کە من بۆیان هاتووم، تۆیش دەبێت هەر سبەینێ بەرەو ئەستەمبوڵ بگەڕێیتەوە.

حالت ئەفەندی بۆ ڕۆژی دوایی سەفەری کرد و گەڕایەوە بۆ ئاستانە.

قاسم ئاغای کەرکوکی بە سەرۆکی سوپای یەنیچەری (١٦) دامەزراند سەعدوڵڵا بەگی کوڕی حسێن پاشای جەلیلی بە پلەی وەزیر بۆ ویلایەتی موسڵ دانرا.

هیچ گومانێکیش نەبوو کە وا ڕاپۆرتی حالت ئەفەندی لەم مەسەلەیەدا دژ بە ئەوڕەحمان پاشای بابان نووسراوە.

ئەوڕەحمان پاشا لەبەر هەر هۆیەک بێت عەبدولفەتاح پاشای موتەسەریفی باجەلانی لا برد و خالید پاشای ئامۆزای لە شوێن دانا. عەلی میرزا زۆر لە ئەوڕەحمان پاشا پڕ بوو، بۆیە بوداقخانی حاکمی سابڵاخی نارد هێرش بەرێتە سەر سەردەشت کە جاران پێی دەوترا کلاسی. ئەوڕەحمان پاشا کە بەمەی زانی مۆڵەتی لە عەبدوڵڵا پاشا وەر گرت و گەڕایەوە بۆ سلێمانی. شازادە عەلی میرزا جارێکی تر داوای لە عەبدوڵڵا پاشا کردەوە عەبدولفەتاح پاشا بگەڕێنێتەوە شوێنی خۆی لە زەهاو.

عەبدوڵڵا ئاغا لە بەغداد جێگیر بوو بوو، پێویستی بە یارمەتی ئەوڕەحمان پاشا نەمابوو، ئەیویست دەسەلاتی حوکمی خۆی لە هەموو سەرێکەوە بە ئارەزووی خۆی بێت. هەر لەبەر ئەوە پێویستی بە لەناوبردنی دوو کەس هەبوو، کە پێشتر خۆی لە سایەی سۆز و هاوکاری ئەوانەوە حەسابووەوە و گەیشتە ئەو پلەوپایەیە. یەکێکیان سەلیم بەگ کە لە مردن ڕزگاری کرد، دووەمیان ئەوڕەحمان پاشا کە لە هیچەوە پێی گەیاند و گەیاندییە ئەو پلەیەی ئێستا(١٧).

بەکورتی، عەبدوڵڵا پاشا ڕاستەوخۆ، داوای ڕێککەوتنی لە عەلی میرزا کرد، تاکو پێکەوە پەلاماری ئەوڕەحمان پاشا بدەن(١٨). هەر بۆیە سەرەتا مامۆستا حسێن نازم بەگ لەم بارەیەوە فەرموودەکەی پێغەمبەر د.خ "اتق شر من احسنت الیه"، خۆت لە خراپەی چاکە لەگەڵ کراودا بپارێزە و دێرەشیعرێکی سەعدی شیرازی کە دەڵێت، "کاری چاک دەرحەق بە خەڵکی خراپ، وەک کاری خراپ وایە دەرحەق بە خەڵکی چاک." لە خەڵکی سلێمانیش ئەم وتەیە لە کاتی

دەربڕینی سوپاس و پێزانینیدا بەرامبەر بە یەکێک کە چاکەیەکی گەورەی بەرامبەر بەیەکێکی تر کردبێت ئەڵێت، "ناتوانم پاداشتی کاری مرۆدۆستانەت بدەمەوە، ناشتوانم سوپاس و منەتباری پێویست دەربببڕم مەگەر تەنها هەر بە کوشتن نەبێت.

هەردوو چ عێراق و چ ئێران(١٩) هەردووکیان بڕیاری پەلاماردانی ئەوڕەحمان پاشایان دا، واتە هێرش بۆ سەر سلێمانی.

خالید پاشاش داشی دامەیە و دەسکەلایە چۆنی سەما پێ بکەی لەوەش زیاتر ئەکات لە ڕێی خۆویستیدا هەرکاتێک تەماع لەئارادابووایە، ئەو دەست لەسەر سنگ بوو. بۆیە محەمەدی کوڕی وەک بارمتە نارده لای ئەوانەی فریویان دابوو.

ئەوڕەحمان پاشا بێئاگا لەو سووکایەتییەی خالید پاشا بە شانیدا هێنابوو، بۆیە سلێمان بەگی کوڕی کردە فەرماندەی هێزێک و خۆشی ڕووی کردە زەهاو، بۆ بەرەنگاربوونی ئەو هێزەی عەلی میرزا خری کردبووەوە بەڵام بێسوود بوو، چونکە کاتێک سلێمان بەگ گەیشتە دزیایش هەواڵی خیانەتەکەی خالید پاشای پێ گەیشت، بۆیە دەستوبرد گەڕایەوە جێی خۆی و دەنگوباسی ڕووداوەکەی بۆ باوکی گێڕایەوە.

ئەم خیانەتکارییەی خالید پاشا کارێکی زۆری کردە سەر باری دەروونی ئەوڕەحمان پاشا. بەڵام بەشی زۆری بە هۆی هەڵەکانی خۆیەوە بوو، چۆن بەم شێوە بێئاگاییە مامەڵەی لەگەڵ خالید پاشادا کرد؟ ئایا نەیدەناسی؟ ئەمەوێت لە ناسکترین کاتدا و هەموو سەروەرییەکی میژوویی بابانەوە هەموو مانایەکی نەتەوەیی قەبارەی ئاپۆڕەی مرۆی ژیر ناوی پرشکۆی بابانی سڕی بێتەوە هەر خالید پاشای چاوچنۆک و ڕەوشتنزم بوو. وازهێنانی لەم پیاوە لە ژیندا وەک مراندنی بابان وابووە، بەم شێوەیە هەمیشە ئەوڕەحمان پاشا بێئاگایی و چاوپۆشی خۆی لە خالید پاشا بیر ئەکەوتەوە خۆی بە خەتابار ئەزانی، بەم شێوەیە ڕێوشوێنە عەسکەرییەکانی ئەوڕەحمان پاشا لە ئەنجامی خیانەتکاریی خالد پاشا پووچەڵ بوونەوە.

ئەم ناحەزییەی ئەوڕەحمان پاشاش لەوەوە پەیدا بوو لەگەڵ عەلی میرزادا، کە هێرشی بردە سەر بەغداد و سوور بوو لەسەر بەدەستهێنانی پلەی وەزارەت بۆ عەبدوڵڵا پاشا بەڵام ئەوڕەحمان پاشا بەو هەموو خەم و خەفەتە نەفسییەوە لە جموجوڵی خۆی نەکەوت و تووشی ساردبوونەوە و خاوەخاو نەبوو. پەلامار و ئابڵوقەدانی کۆیسنجق پازده ڕۆژی کێشا، توانی زیانی زۆریش بە ئێرانیەکان بگەیەنێت بەبێ زیان و تاقە کوژراوێک لە ڕیزی جەنگاوەرەکانیدا نەبوو زەیل گلشن خلفایش جەخت لەسەر ئەوە ئەکاتەوە. ئەو ویرانکارییەی کە عەلی میرزا لە بەرەی کوردستانیدا کردی، وەزیری پاش ماوەیەک پەی بەم مەسەلەیە برد. بۆیە فەرمانی دا خێڵان بڵاوەی لێ بکەن و هێزەکانی عێراق بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. لە لایەکی ترەوە هانی ئەوڕەحمان پاشای ئەدا خۆی ڕابگرێت و ئامۆژگاری خێری دەکرد، ئەوڕەحمان پاشا و عەلی میرزاش لە ڕێی (٢٠) نامە گۆڕینەوەوە لەسەر ئەم مامەڵە دوو سەرەیە لەتەک عەبدوڵڵا پاشادا ڕێک کەوتن، بەپێی ئەم ڕێککەوتنە سلێمانی درا بە خالید پاشا. ئەوڕەحمان پاشایش کۆیسنجق

و حەریری پێ درا. بەم شێوەیە سوڵح کرا، بەڵام ڕێککەوتنی ئەوڕەحمان پاشا لەسەر سپاردنی حکومەتی سلێمانی بە خالید پاشا هەر بۆ ئەوە بوو بتوانێت دواڕۆژ نیازەکانی خۆی بەرامبەر بە خالید پاشا بەدی بهێنێت و لەو ماوەیەدا ناوبراو دوور بکەوێتەوە.

عەلی میرزایش بەم ڕێککەوتنە، ڕاست گەڕایەوە و درێژەی بە تاڵان دا. خالیدیش لەسەر تەختی سلێمانی دانیشت پاش ئەوەی ژیانی نەتەوە و ئاوەدانی نیشتمان و شەرەفی بن وبنەچەکەی لەپێناویدا بەخشی.

ئەوڕەحمان پاشا بەوپەڕی وریاییەوە و نەیدەهێشت کەس لە هەست و نیاز و مەبەستی بگات، چەندەها ڕۆژ بە بیانووی ڕاوکردنەوە دەچووە دەوروبەری شار، جارێکیان لە دەوروبەری کۆیسنجق ماوەی چەند ڕۆژێک خۆی بە ڕاوەکەرویشکەوە خەریک کرد، هەتا شەوێک لە شەوان یەکڕاست و کتوپڕ ڕووی کردە سلێمانی، لە کاتێکدا خالید پاشا وەک وتراوە خیانەتکار ترسنۆکە و سەرباری قایمکاری و خۆشاردنەوەی تاکو ئەوڕەحمان پاشاش پێی نەزانێت توانی خۆی ڕزگار بکات و هەڵبێت. زانیبووی ئەوڕەحمان پاشا چووە بۆ ڕاو، ئەیزانی ئەو نێچیرەی ئەیەوێت ڕاوی بکات هەر ئەوە بۆیە قووچانی بەرەو بەغداد، ئیتر ئەوڕەحمان پاشا چووە سلێمانی و لەسەر تەخت لێی دانیشت، هەوڵێریشی داگیر کرد و بەرەو کەرکوویش هات.

عەبدوڵڵا پاشای والی وەک ئەمری واقع فەرمانی بۆ دەر کرد، بەڵام ئەوە هیچ منەتی تێدا نەبوو، عەبدوڵڵا پاشاش خۆی زۆر سڵی لە جموجوڵی ئەوڕەحمان پاشا ئەکردەوە بۆیە جوابی بۆ خالید پاشا ناردەوە. ئەوڕەحمان پاشاش بە ڕەچاوکردنی هەڵسوکەوتی پڕ سووکایەتی جارانی عەبدوڵڵا پاشا. کەمترین بایەخی پێ ئەدا. بەڵکوو لەو ساتە بەدواوە ملکەچکردن و گوێڕایەڵی فەرمانی ئەوی بەوپەڕی نەزانی و ترسنۆکی ئەژمارد، لەبەر ئەوە پێوەندی دۆستایەتی لەگەڵ عەبدوڵڵا پاشادا بڕی. هەر لەم ڕوانگەیەوە لە کۆیسنجاقەوە کە گەڕایەوە وەک وتمان پەلاماری هەولێری دا خستییە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و پەلاماری کەرکوکیشی دا.

ئەم جموجوولە، بەتەواوەتی عەبدوڵڵا پاشای هەژاند وای دەزانی بەرایی زنجیرە هەڵمەتێکیەتی و چاو بڕینە بەغدادە تاکو داگیری بکات. خۆی گورج کردەوە بیری لە چارەسەری هێرشبەرانە کردەوە، وتوویژی لەگەڵ خالید پاشا و سلێمان پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشادا پشتئەستوور بەوان ڕای گەیاند ڕوو دەکاتە سلێمانی و لە هەمووڵایەکیشەوە هێزی کۆ کردەوە.

ڕۆژی بیستویەکی جەمادی ئەوەلی ١٢٢٦ک/ ١٨١١/٦/١٣ز بە هەموو هێزی نیزامی عێراق و هێزی ساز و تەیاری هۆز و خێڵەکان پەلاماری سلێمانی دا، کاتێک ئەوڕەحمان پاشا بەمەی زانی، بیری لەوە کردەوە، مەیدانی شەڕ بگەیەنێتە دەروپشتی بەغداد و لە سلێمانی دوور بخاتەوە. ئەو پیاوە پەرۆشی تۆڵەسەندنەوە بوو بە جۆرێک بە ڕشتنی خوێنی عەبدوڵڵا پاشا نەبووایە، دانەئەمردەوە. هێزەکانی لە نزیکی کفری لەگەڵ هێزی بەغداد بەرەو ڕووی یەکتر بوونەوە، ئاگری شەڕ بەتوندی کڵپەی سەند. خالید پاشا و سلێمان(٢١) پاشاش کە کەوتبوونە ناو لەشکری عەبدوڵڵا پاشاوە، ئەم شەڕەیان بەلاوە مەسەلەی ژیان و مردن بوو. عەبدوڵڵا

پاشاش بڕیاری دابوو، یا خۆی لەناو ببات، یا ئەوڕەحمان پاشا لەناو بەرێت. گرنگ مەسەلەی تۆپەکان بوو بۆیە بە خالید پاشا و سلێمان پاشا سپێردران. ڕۆژانی شەڕ چەند حەفتەیەکی خایاند. ئێوارەیەکیان کە ئاگری شەڕ تاوی سەندبوو، هێشوویەک تڕێی تازەپێگەیشتوویان بۆ ئەوڕەحمان پاشا هێنا، ماوەیەک لێی ورد بووەوە، دای بە ئەحمەد ئاغای زەنگەنە. ئەحمەد ئاغا زۆرباش لە مەبەستی ئەم ڕێزلێنانە حاڵی بوو، نرخەکەی ئەوەیە کە لە مەیدانی شەڕدا تۆڵەی لە دوژمن بۆ بسەنێتەوە، ئەو پیاوە لای ئەوڕەحمان پاشا ڕێزدار و سەنگین بوو، ئەوە وەک فەرمانێکی گرنگ وا بوو بۆ پەلاماردانێکی بێ چەندوچوونی ڕۆژی دوایی.

دیارە ئەم ئاماژەیە تەنها هەر بۆ ئەحمەد ئاغا نەبوو. ئەو خۆشی وای بۆ دەچوو کە کاتی ئەوە هاتووە شەڕەکە کۆتایی پێ بێت. ڕۆژی دوایی ئاگری شەڕ جارێکی تر لە هەموولایەکەوە کلپەی سەندەوە. قارەمانانی بابان و سلێمانی وازیان لە تەکنیکی جارانی شەڕ هێنا و ڕاستەوخۆ چوونە قۆناغی هێرشبردن. ئینجا هەردوو سوپا یەکانگیر بوون. هاتوهاوار نەعرەتە و نرکە و ناڵە و ئاخ و ئۆف، بارودۆخی شەڕەکەیان بێئەندازە ترسناک کرد. سەرەڕای ئەوە کە عێراقییەکان ژمارەیان زۆرتر بوو لەو هاوار و بانگە بوونی خۆیان سەلماند، بابانی و سلێمانییەکان تا ئێوارە کە عێراقییەکانی تێدا بەزین و هەریەکەیان بە لایەکدا تێیان تەقاند، یەکەم ئامانجی ئەوڕەحمان پاشا لە هەموو شەڕێکیدا بێدەنگکردن و دەستبەسەرداگرتنی تۆپەکانی دوژمن بوو، بەڵام تۆپەکان دوای هەموو هەوڵێک بەهێز مانەوە و بەزینی هێزەکانی دی کاری تێنەکردن.

دەبوو هێرشێکی یەکلایی کەرەوە بکرێت بۆ سەر تۆپەکان، خەریک بوو شەو دابێت، قارەمانانی بابانیش لەبەر ئەوەی هەر لە بەیانییەوە شمشێریان وەشاندبوو ماندوویێتی بڕستی لێ بڕیبوون، بۆیە چارەسەری مەسەلەی تۆپەکان دوا خرا بۆ بەیانی ڕۆژی دوایی. کاتی شەوەزەنگ تۆپەکان کەوتنە ئاگربارانی. گوللەکانیان ڕاستەوخۆ دەکەوتنە ناو سەربازگەی بابانەکان زیانی زۆریان لێ دان، لە هێزی مەعنەوی زیاتر هیچ شتێک نەمابووەوە، پاشماوەی هێزەکە هەریەکە بەلایەکدا بڵاوەی لێ کرد. لەم شەڕەدا خالید بەگی بڕای ئەوڕەحمان و ئیسماعیل بەگی سەرۆکی بەیات و دوو کوڕی وەڵەد بەگی سەرۆکی جاف لە تۆپبارانەکەدا کوژران، هەر ئەوڕەحمان پاشا و بیست سوار لە مەیدانی شەڕدا مانەوە.

حکومەتی سلێمانی بە خالید پاشا و هی کوێسنجق و حەریر بە سلێمان پاشا سپارد. عەبدوڵڵا پاشا خۆشی گەڕایەوە بەغداد. ئیتر سەعید بەگ کوڕی سلێمان پاشای وەزیری پێشوو چونکە لە عەبدوڵڵا پاشای والی دڵنیا نەبوو، بۆیە بەغدادی جێ هێشت و چووە لای محمود السامری سەرۆکی خێڵانی، مونتەفیک و خۆی لە تەبیعەتی دڕندانەی عەبدوڵڵا پاشا ڕزگار کرد، چونکە ئەو پیاوە هەرکەسێک چاکەیەکی بووبێت بەسەریەوە زیانی زیاتر بۆی ئەبوو(٢٢). هەر کە زانی سەعید هەڵهاتووە و بەڵام دەستی نایگاتێ، لەگەڵ گەیشتنە بەغداد، بینی نێردراوێکی عەلی میرزا چاوەڕێی ئەکات و داوایەکی بۆ ئەو پێیە. داوای لێ ئەکات ئەوڕەحمان پاشا بگێڕێتەوە سەر پلەوپایەی خۆی، نەک هەر ئەوەی نەکرد، بەڵکو کابراشی بە دەستی بەتاڵ

ناردەوە بۆ شوێنی خۆی.

عەلی میرزاش لە ئەنجامی ئەم بەدەنگەوە نەهاتنەی عەبدوڵلا پاشادا، کەوتە خۆی و هێرشی بەرەو بەغداد هێنا هەموو ناوچەکانی سەر ڕێگا تاکو قزلرەباتی داگیر کرد.

عەبدوڵلا پاشا، سەیری کرد بارودۆخەکە شێواوە، ناچار داوای ئاشتبوونەوەی کرد و بە دوو مەرج کرا،

ئەوڕەحمان پاشا بچێتەوە سەر پلەوپایەی خۆی و یەک باجی سالانەش پێشەکی درا و خالید پاشا و سلێمان(٢٣) پاشایش هێنرانەوە بەغداد، ناوچەکانی مەندەلی و خانەقی و عەلیاوا و دوزینیان بۆ تەرخان کردن. گوزەرانی پێ بکەن.

عەبدوڵلا پاشا شەڕی دژی سەعید بەرپا کرد، خۆی تیا چوو،

عەبدوڵلا پاشا مانی سەعیدی لێ بووبوو بە غەزەب و لەوەدا نەبوو کە چاکەی لەوەوپێشی باوکی سەعیدی لەبەرچاو بێت، بۆیە لەشکری نارد حەسەکە لە ڕۆژی ١٨١٢/١٠/١٢زدا و هەرچەندە حمود تکای لێ کرد بێسوود بوو چونکە سەعید چقڵێک بوو لە لەشیدا.

حمود بیست هەزار چەکداری بۆ ئامادە کرد بوو، لە دواییدا لە غەیلوون دایان بەیەکدا. هێزی تورک لە عەسکەریەکان وەک وەفا بۆ باوکی سەعید، نیوەیان لە والی جیا بوونەوە، نیوەکەی تریشی کە ئەمەیان دیی، ئەوانیش بڵاوەیان لێ کرد.

عەبدوڵلا پاشا هەوڵی دا بگەڕێتەوە بۆ بەغداد بەڵام نەیدەزانی چۆن لەگەڵ تاقمەکەی ئەم مەبەستە بەدی بێنێت. لەم کاتەدا حەمەد ئەسەعدون برای حمود ئەلسامر دەستگیری کردن. عەبدوڵلا پاشا و تاهیر ئاغای کەهییە بەگیراوی هێڵرانەوە، ئەوانی دیکە بەرەڵلا کران.

هەر کە بورغش برای حمود کە لە شەڕەکەدا بریندار کرابوو، مرد، ئیتر ئەسسەعدوون عەبدوڵلا ئاغا و تاهیر ئاغای هەر لەوێدا کوشت و گیانی هەردووکیانی گەیاندە لای بورغش بەم شێوەیە خودای توانای تۆڵەسێن تاڵاوی ئەو سزاقورسەی بەم دوو سپڵەیە نۆشی. سەعید بەگیش بە ڕاسپێریی حمود ئەلسامر و ڕەزامەندیی هێزەکانی عێراق و قاییلبوونی خەڵکی بەغداد بە بریکاری والیی بەغداد، دامەزرێنرا. دواتریش بەپێی ئەو مەزبەتەیە کە لەم بارەیەوە ڕێک خرابوو، نێردرا بۆ بابی عالی شەرەفی فەرمانی هومایونی بۆ دامەزراندنی سەعید بە والی بەغداد بڵاو کرایەوە(٢٤).

وەسیەتنامەی ئەورەحمان پاشا و وەفاتی

سەرەتای ساڵی ١٨١٣ ئەورەحمان پاشا نەخۆش کەوت (لاپەڕە ٣٠٦- ٣٧٦ میرایەتیی بابان) نەخۆشییەکەشی ڕۆژبەڕۆژ تاوی دەسەند، بە جۆرێک گەیاندییە حاڵی نائومێدی و دەستلەدنیا شتن ئەمەش لە سەرەتای ١٢٢٨ک/ ١٨١٢زاینییەوە دەستی پێ کرد.

جا هەروەکو حسێن نازم بەگ ئەڵێت، هەرچەند نەخۆشییەکەی ڕووی زیاتر لە نائومێدی بوو بەڵام ئەگەر بڕوانینە تین و توانای یەزدانی توانا ئەم قەوارەیە کە خۆبەخۆ پارچە گۆشتێک و بەهەڵکەوت بارستە پۆڵایەک بوو، گوللە تۆپ و فیشەک تەقاندن ورەیان پێ بەر نەئەدا و ساردیان نەئەکردەوە. ئەم ڕۆستەمی زەمانە، کە هەموو خەڵکی شارەزای ئازایەتیی خواکرد و هەڵمەتی شێرانەی خۆی کردووە. ئەم ستاییشە ڕاستە بێ غەلوغەشەی ئەورەحمان پاشا لەلایەن حسێن نازم بەگەوە، ئەوپەڕی گەورەیی هەردوو لا لە ڕووی دڵسۆزی و نیشتمانپەروەرییەوە پیشان ئەدات (ج.ب).

نەخۆشی، ئەورەحمان(٢٥) پاشای گەیاندە حاڵی نائومێدی و دەستلەدنیا شتن. بۆیە کاتی وەسیێتکردنی هات. بەو پێیە خوشک و برا و منداڵەکانی بانگ کرد. کاتێک لێی کۆ بوونەوە، ڕاسپاردە و ئامۆژگارییەکانی بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوو،

"براکانم، کوڕەکانم، ئەوەتا خەریکم کۆچ ئەکەم. تکامە هەریەکێکتان بە گوێی دڵ گوێم لێ بگرێت و چۆنی ڕادەسپێرم وا بکات. بەر لە هەموو شتێک دیار و بەڵگەنەویستە لای هەمووان کە نەمری هەر تایبەتە بە خودای پایەبەرز، کە وا بێت دەبێت کاتی کۆچی هەر یەکێک هات، بەبێ چەندوچوون، بەم ڕێی سەفەرەدا مل بنێت، ئەگەر مەسەلەکە وا بێت. پێویستە پێش ئەوەی دەست بە کۆچەکەی بکات، ئەرکی ئامادەکردنی تۆشووی ناچاری ئەم سەفەرەی لەبەرچاو بگرێت، بەتایبەت کە ئەم سەفەرە وەکو هەموو سەفەرکانی دی نییە، چونکە هەموو کەسێک بەرهەمی هەوڵ و کارەکانی ژیانی خۆی دەست دەکەوێتەوە، ئەو هەوڵ و کارانە کە ئارەزوو و مەبەستەکانی دڵی خۆی پێی دەدەن. لەبەر ئەوە دەبێت بەزووترین کاتی گونجاو هۆیەکانی لابردنی نیازخراپی و ئارامیدابینکردنی لەم سەفەرە مسۆگەرەدا ئامادە بکرێن. ئەمەیش

بەستە بە کاری دنیایی بوونیادنان لەسەر زەمینی خێر و چاکەکاری. چاکەیش هەر بریتی نییە لە فەرزبەجێهێنان، بەڵکو وەکو قەرزیش وایە بەسەر مرۆڤەوە. ئەم قەرزدانەوەیە کارێک نییە نەکرێت و هیچ کەسێکیش لەکەدار ناکات.

هاوسەنگڕاگرتنی ماددیی کاری چاکە، لە بەرچاوی ڕەشەخەڵکەکەدا کارێکی جوانە. بەڵێ، بۆچوون و گومانی ڕەشە خەڵکەکە سەبارەت بە دیدی مەعنەوی مرۆڤ پێوانەیەکی ماددییە. کاتێک قەناعەت بەحاڵ و بارباشی کەسێک پەیدا دەبێت، دووڵی لە لایەنی مەعنەوی ئەو کەسەدا نامێنێت. بەو پێیە دۆخی جێگری فەرزەکانی ئیسلام و باوەڕقاییمی و یەکپارچەییبوون و بەختەوەریی ئیمان و کاری چاکە سامانێکی مەعنەویی ژیانی مرۆڤن.

مرۆڤێک بهێننە پێش چاوتان کە لە غەریبایەتیدا دەژی، کاتێک نامەیەکی لە ئەندامێکی خێزانەکەی، یا هاوڕێ و دۆستێکییەوە بەدەست دەگات. ئەو کەسە چەند بەختەوەر و شاگەشکە دەبێت. مەسەلەکە ڕەشەبارەت بە مردووانیش بە هەمان شێوەیە، ئەگەر بە ڕەحمەتبۆناردن یادیان بکەینەوە، لە کاتێکدا ئەوان لەجێی سامناکی هەمیشەیی خۆیاندان، ئەوا دەبێتە مایەی دڵخۆشی و بووژانەوەیەکی زۆر لە شادیی ئەو غەریبە زیاتر. ئەگەر وا هەڵکەوت دیارییەکی خێزانی یا نیشتمانی لەگەڵ نامەکەدا هەبوو، هێندەی شادی و خۆشی دەچێتە سەرنامەناردنەکە، یادکردنەوەی مردووەکە بە هەمان ڕادەی پاداشتی سوودی فاتیحەخوێندنەوە بۆی دەبێتە هۆی شادی و گەشانەوە.

ئەم یادکردنەوەیە بەم ڕەحمەت و دیاریی گرانبەهایە ناردنە، بەوە دەست دەکەوێت کە مرۆڤ خاوەنی ڕەوشتێکی جوان بێت. سەرکەوتن لە هەردوو دنیادا بەندە بە چوونە ناو هەموو جوانییەکی بوونیادنانی ڕاستەقینەی ژیان.

ئیسلام لەوپەڕی بەرزیدایە، بەئەندازەی بەرزییەکەی جوان و ناسکە. هێندەی ڕێبەری سەرکەوتنە سەبارەت بە جموجوولەکانی ناو چوارچێوەی سنوورە بەرزەکانی خۆی، ئەوەندەیش لە ئاستی لادانی پێچەوانەدا مایەی ڕووخاندنی داماوی و نەهامەتییەکانە. بەم شێوەیە پێویستە سنووری دینی تێنەپەڕێنین بەرەو ناوچەی قەدەغەکراوی شەرعی، تا پیرۆزیی مەعنەویی لە دینەرچوون، بتوانێت دەرگای داخراوی گیروگرفتەکانی سەر ڕێی سەرکەوتن بکاتەوە.

بێگومان ئەو ڕەقی و شالاوبردن و ڕێی مەبەستی تایبەت گرتنەبەری سێ وەزیری وەک عەلی پاشا و سلێمان پاشا و عەبدوڵڵا پاشا، سەرباری تەنگپێهەڵچنین و ئابڵووقەی ئێران. کە بەهاودەنگی لەگەڵ هێزەکانی عێراقدا خستنە سەرمان ئەگەرچی خالید پاشا و سلێمان پاشای جووتە ئامۆزاشمان لە ناسکترین و دژوارترین ساتدا چوونە ژێر بەیداخی دوژمن، دواجار دەرکەوتنی مەرامەکانی ئەوان بۆ ئێمە و بەدیهاتنی مەرامەکانمان هی ئەوەن کە ئێمە کاروباری دین و خزمەت و ڕێزگرتنی حوکمەکانی شەریعەتمان پێ خوێندنەوە. دەمەوێت بڵێم هەتا من خزمەتکاری شەریعەت بم و هەتا ئێوەیش پابەندی ڕێنوێنییەکانی دین بن، هەموو ئەو دڕکوداڵ و لەمپەرانەی وا دێتە ڕێی ژیانتان، ڕایان دەماڵن و سەرکەوتووانە بەسەر هەموو چەشنە

گیروگرفت و کێشەیەکدا زاڵ دەبن.

ئاشکرایە دنیا چاوەڕێی وەفاداری لێ ناکرێت، چونکە پردی ئەزموونی مرۆڤە بۆ گەیشتنە پلەی ناسینی باری ڕاستەقینەی هەرکەسێک و ڕاددەی لێوەشاوەیی بۆ ئەوەدنیا. ئەوانەی وا لەم ئەزموونەدا بە لێهاتوویی و بەهرەداری دینیان بەرز دەبنەوە، دواڕۆژ ئازادی دنیا و خۆشگوزەرانیی ناو گۆڕ و سەربەرزیی ڕۆژی لێپێچینەوە دەبن. بە پێچەوانەوە باییبوون بە بەختەوەریی ژیانی دنیا و ساردبوونەوە بە هۆی پاشەکشەی ئەم بەختەوەرییەوە کەمتەرخەمی لە ئەرکەدینیەکاندا و سستینواندن پێمل نەبوونیانن، واتە خۆڕەتاندن بۆ نەگبەتی و ماڵوێرانی بەسەرخۆداهێنان و شۆڕبوونەوە بەرەو نەهامەتیی بڕیارلێدرا و زانراو(٢٦). ناتوانم لەوە زیاتر سەبارەت بە بەرژەوەندی دنیایی و ژیانی مەعنەوی بڵێم. حەز دەکەم چەند وتەیەک سەبارەت بە شەرەف و کەرامەت و نەتەوایەتیشتان بەگوێدا بدەم

یەکەم خۆبەدوورگرتن لە چاوچنۆکی و هەڵپە. بەڵێ، دەبێت خۆمان لە هەڵپە و چاوچنۆکی بپارێزین، چونکە لە تێکڕای تاوان و گوناهەکانی دنیادا سەرچاوەی هەموو خراپەیەکن. مادامێکی خۆمان لەم ڕەوشتنزمییە دەپارێزین، شەرەفمەندی و بەختەوەریی دنیایی بەبێ هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک بەرەو ڕووتان دێن.

کینەو بەخیلیپێبردنیش هاوتای چاوچنۆکی و هەڵپەن لەو ئایەخترین نەخۆشییانەن، کە گیان ئازار دەدەن. چاوگەی تەشەنەکردنی ئەم نەخۆشییە هەر هەڵپەی گڵاوی تەماعکارییە. بەم پێیە، دەبێت ئەوانەی وا دڵپاکی و ویژدانخاوێنییان هەیە خۆ لەم شتە چەپەڵانە بەدوور بگرن.

هەرچۆنێک بێت، ئەوانەی وا سەربەرزیی ئەم دنیا و دڵئارامی و بەختەوەریی ئەو دنیایان دەوێت، دەبێت تا ئەوپەڕی خۆیان لە نەخۆشکەوتنی ڕەوشت بە نەخۆشییەکانی هەڵپە و تەماع بپارێزن. دەبێت ئەو ژیانە پرسووکایەتییە کە خالید پاشا بەسەری برد ببێتە پەند بۆ ئێوە، چونکە گیرۆدەی ئەم نەخۆشییە درێژخایەنە بوو و کردە و کۆششی لە ڕادەبەدەری فریای نەکەوت، هەر زەلیلی و بەقوڕداچوون و سووکایەتی بۆ مایەوە. بڕواتان هەبێت ئەوانەی کە بە دوای ئەم نەخۆشییەی ڕەوشتدا دەگەڕێن، لە سووکایەتی زیاتریان دەست ناکەوێت. ئەگەر ئێوە دینداری و ڕەوشتبەرزی لە خۆتاندا شک دەبەن و باش و خراپ بەپێی خەسڵەتێکی جوان و پەسەند ئەوا سەرکەوتن بەدەست دەهێنن.

لەم حاڵ و بارەی ئێستامدا هیچ یەکێکتان دەستنیشان ناکەم تا جڵەوی حکومەتی سلێمانی بەدەستەوە بگرێت، لەبەر گەلێک هۆش ناچارم ئەوە بکەم. بەڵێ، من ئەگەر یەکێکتان بۆ ئەم پایەیە دابنێم، منێک کە دواهەناسەکانی ژیان دەدەم، مانای وایە دەکەومە تێکدانی ئەو بنەمای یەکسانییە کە تا ئێستا لەناوتاندا ڕەچاوم کردووە(٢٧). ئەمە یەکەم، خۆبەخۆ هاوبەش دەبم و خراپی و باری قورسی هەموو حوکم و مامەڵەیەکی سەردەمی ئەوەی وا حوکم بە دەستەوە دەگرێت، دەکەونە ئەستۆم، لە کاتێکدا خراپی و خۆپەرستیم ئەوەندە زۆرن، هی زیاتریان تێدا جێ نابێتەوە.

بەم پێیە، دەمەوێت وا بگەمەوە لای خودای خۆم تەنیا گوناح و ئاواتەکانی خۆمم بەکۆڵەوە بن. لەبەر ئەم هۆیانە، پێم وایە مەسەلەی ئەوەی وا کێ لەدوای من حوکم دەگرێتەوە دەست، دەبێت بخرێتە بەر باس و گفتوگۆی ناو کۆبوونەوەی میران و پیاوماقوولان خۆیان و خۆتان.

دەبێت لەم کۆبونەوەیەدا پێش هەموو شتێک مەسەلەی پابەندبوون بە دین، بە پلەی دووەمیش مەسەلەی خۆشەویستی نەتەوە لەبەرچاو بگیرێت. سەرباری ئەم دوو خاڵە، تکامە سەرنجی مەسەلەی دڵئاوایی بدەن. بۆیە دەبێت ئەوەی هەڵی دەبژێرن بۆ پایەی حکومەت کەسێکی دڵئاوابێت. هەرچی میرەکانی دیکەیش، دەبێت خۆ لە ململانێی نێوانیان دوور بخەنەوە و لە مەیدانی خزمەتکردن و گیانبەختکردندا پێشبڕکێ لە پێناوی یەکێتی و سەروەری نەتەوایەتیدا بکەن. بڕواتان هەبێت ئەو مەترسی و گیروگرفتانەی وا بەر بە ڕێی سەرکەوتن و بەرژەوەندی نەتەوەیی دەگرن، سەرچاوەیان- بە پلەی یەکەم- باری قورسی خەم و مەراقن بەسەر گیان و بیری ئەو کەسەوە کە حوکم ئەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا، شەرەف و سەربەرزی هەر بە نسیبی حوکمدار نابن، بەڵکو دەبنە هاوبەشی ئەو ڕێزگرتنە کە بۆ دەستی گشتی نەتەوەیی دابین دەکات. بەڵام ئەوانەی کە هەر خەریکی قازانجی خۆیان و ململانێی نامەردانەی نێوان خۆیانن، خەمی هیچی دیکەیان نییە، شەرەف و کەرامەت و بەهای نەتەوایەتیی خۆشیان و هی باووباپیرانیان لە قوڕی خوێڕێتیی و سووکایەتی هەڵدەکێشن.

بڕوانن ئایا هیچ نەتەوەیەکی قڕتێکەوتوو و هیچ گەلێکی دوابڕاو دەبینن نەگلابێتە ئەو خراپەکارییانە کە سەرچاوەیان ململانێ و ئەنجامی هەڵپە و چاوچنۆکییە؟

وریا بن هەم بەرهەڵستی ئەم ڕێبازە مەکەن، بەرهەڵستییەک کە هەر فریودانێکی شوومی شەیتانانەیە، هەم ناکۆکی و دووبەرەکی مایەی بەرهەڵستی مەنێنەوە و پەنا بەرنە بەر خودا تا لە کەشوهەوایەکی پارێزراودا بن. هەستی ڕێزگرتنی بچووک لە گەورە لەناو خۆتاندا لەدەست مەدەن و هەستی خۆشویستن و ڕێزی نێوان خۆتان پشتگوێ مەخەن. نەخەڵەتابن کەمتەرخەم بن و شان بدەنە بەر باری قورسی یەک دڵ و یەک گیانی نێوانتان تا پارێزراوبن.

سستییش لە داد و بەزەیی نیشاندانداا بەرامبەر بە دەستوپێوەند و ڕێزگرتنی زانایان و پیاوچاکان و خۆشویستنی گەورەپیاوان و میراندا، وەک وتم، سستی مەنوێنن(٢٨).

کورت و پەتی دواوتەم ئەوەیە، خۆ بەدوور بگرن لە گرتنەبەری هەر ڕێیەک بکشێتەوە بۆ سووکایەتیکردن بەو بوونیادە کۆمەڵایەتییەی ئێستا کە لە شەرەفی بنچینەیی ئەم بنەماڵە خاراوەی ناو ئەزموونی سەدە و چەرخەکاندایە. خاوەخاویش مەکەن و هەرچییەکیش پێوەندی بەئەڵقەکانی نیزامڕاگرتنەوە هەبێت، هەوڵی بۆ بدەن ئەگەرچی زیانبەخش و قازانجبەخش هەر خودایە. هۆی زیان و قازانجیش جموجووڵی مرۆڤ خۆیەتی. هەتا کار و کردەوەتان لەگەڵ شەریعەتدا جووت بێتەوە، خودا پشتتان دەگرێت و سەرتان دەخا و هەوڵتان بەئەنجام دەگەیەنێت لێرەدا وەسێتەکە تەواو.

شەوی پاش ئەو ڕۆژە کە ناوبراو ئەم دواوەستێتەی خۆی تێیدا کرد، کۆچی دوایی کرد و بەر بەزەیی خودای بەبەزەیی کەوت(٢٩).

حسێن نازم بەگ، لە باسی پابەندبوونی ئەوڕەحمان پاشادا بە کاروباری دین و دڵفراوانی و بەزەییهاتنەوەی بەخەڵکدا ڕووداوێک ئەگێڕێتەوە ئەفەرموونت، جارێک وا هەڵئەکەوێت عەبدولڕەحمان پاشا لە سەفەرێکی بەغداد دەهاتەوە، بە لای دێی دەربەند فەقەرەی سەر بە ناحیەی سەرچناردا ئێستا سەر بە ناحیەی تانجەرۆ و عەربەتە (ج.ب). ڕەت بوو، کچێکی کەوتە بەرچاو و شەیدای بوو. بانگی باوکی کرد و کچەکەی لێ خواست، پارەی پێویستی بۆ خەرجیکێشانی زەماوەندەکەی بە باوکی دا، چەند سواریش پێویست بوو، لەگەڵ هاوڕێیەکەیدا ناردی، تا کاروباری بووکگواستنەوە لە مالّی باوکییەوە بۆ مالّی پاشا بەجێ بهێنێت. چی بۆ سازکردن و گواستنەوەی بووک بۆ سلێمانی پێویست بوو دابین کرا و بووک گوێزرایەوە. پێش ئەوەی بووکێ بگاتە مالّی پاشا، ئەحمەد ناوێکی عاشقێکی دێکەی کچە، هەڵبەستێکی دایە دەستی پاشا، لەو هەڵبەستەدا بە چەند دەربڕینێکی شێتانە لە حاڵوباری خۆی دوابوو، پاشایش ئەو قسانەی بە شێتی سونگەی عەشق و دێوانەیی بۆ لەقەڵەم دابوو. بۆیە دەستبەجێ سوارێکی خۆی بەنامەیەکەوە ناردە لای هاوڕێی تاین کە یاوەری بووک گواستنەوەکەی بوو. ئەمری کرد بووک بگێڕێتەوە بۆ مالّی باوکی. فەرمانیشی دایە هەموو کەلوپەل و جلوبەرگ و شیرینی و شتێکییەوە پێشکەشی ئەحمەد ئاغای عاشقی دێوانەی کچەی بکات(٣٠).

دوای وەفاتی ئەورەحمان پاشا – مەحمود بە هەڵبژاردن

مەسەلەی ئەوەی کێ جێگەوی حوکم دوای ئەورەحمان پاشا بەدەستەوە ئەگرێت، بوو بە ململانێی نێوان برایان و خزمانی ناوبراو، ئەگەرچی عەبدوڵڵا پاشا لەناو براکانیدا لە هەموویان بەتەمەنتر بوو بەڵام لە لایەنی گەوهەرو توانا. لەوان کەمتر لێهاتوو بوو.

وەک لە بەدواچوون و ئەزموونی مێژوویییمانەوە ڕوون دەبێتەوە، تەنیا سەلیم بەگ و سلێمان بەگ و خالید بەگ لەناو براکانیدا بوونی ڕاستەقینەی خۆیان سەلماندبوو. لەبەر ئەوەیش کە تەنیا ناوی ئەوان لە ڕێی بەسەرهاتە مێژوویییەکانەوە دەر کەوتبوو. ئەوە ڕاستیی ئەو هەموو بەڵگە پووچەڵکەرەوەی دژ بە عەبدوڵڵا پاشا و براکانی دەسەلماند. هەرچەند خالید بەگ بوو بە قوربانی پاداشتدانەوەی پێچەوانەی عەبدوڵڵا پاشا. سەلیم بەگ و سلێمان بەگیش پاش مردنی ئەورەحمان پاشا، هەندێک کاری مەردانەیان بەرامبەر بە مەحموود بەگ خستە سەر کارنامەی جۆشوخرۆش و ئازایەتی شێرانەی خۆیان. هاوکاری مەحمود بەگیان کرد بۆ دانانی لە جێی باوکی. زانایانی دینی و پیاوماقوولان و سەرانی سلێمانی، مەزبەتەیەکیان کردەوە و پێشکەش بە مەقامی وەزارەت کرا لە بەغداد تکای پەسەندکردنی تیادا کرا تاکو ئەیالەت بە مەحموود بەگ بسپێردرێ.

عەبدوڵڵا بەگ لە ئاکامی ئەو ململانێیەی نێوان خۆی و برازاکانیدا، جگە لەوەی لە حوکمکەوتنەدەست مەحموود بەگ خۆشی نەئەهات و حەزی نەئەکرد لە سلێمانی بمێنێتەوە. ئەحمەد بەگ و عومەر بەگی برایشی چاویان لەو کرد. هەموویان کۆچیان کرد بۆ کەرکوک پاش ئەوەی خێزانەکانیان لەوێ دامەزراند. خۆیان ڕوویان کردە بەغداد.

سەعید پاشای والیی و حاوی

ئەم سەعیدە (٣١)کە بە والی دانرا، دیار بوو توانای بەڕێوەبردنی کاروباری ئەو شوێنەی نەبوو. نەک هەر ئەمە ئەو پیاوە گرفتاری هەتیوێکی لووسکە بووبوو حاوی ناو، هەموو کاروباری عێراقی خستبووە دەست حاوی بە جۆرێک هەرخۆی حساب بوو، ئەمەش لە ساڵی (١٨١٦) دا بوو. کاروبار و بەڕێوەبردنی عێراق کەوتە دەستی حاوی نەفرەتلێکراو، ئەویش لە سایەی ئەم پلەوپایە و دەسەڵاتە ئەفسوناوییەی خۆیدا بووبە حوکمدارێکی کەس لە عۆدەنەهاتووی ولاتی عێراق. بوو بە دەمڕاستی هەموان و پەنای خراپەکاران و پارێزگاری خەڵکانی سوک و خوێڕی. ئەگەرچی وەزیفەی چاودێری گەنجینەی خستبووە ژێر دەستی خۆیەوە.

حسێن نازم بەگ بە جۆرێکی ئەدیبانەی جوان وەسفی سەعید بەرامبەر بەحاوی ئەکات، "گیر خواردنی سەعید بە جۆرێک بوو پێویستی دەکرد جوانی (حاوی) ببینێت تا ئارەزووی چاوەکانی بەدی بهێنێت. گفت و لفتە جوانەکەی ببیستێت تا ئارەزووی هەردوو گوێی بەدی بێنێت، لەگەڵیدا بدوێت تا ئارەزووی زمانی بەدی بێنێت، تا بەخت و شادمانیش بۆخۆی بەدی بێنێت بۆ حاویش بەدییان بێنێت. بەڵێ، گیرخواردنەکەی سەعید پاشا بەم چەشنە بوو

لە سەردەمی ڕاستەقینەی حاوی ساڵی ١٢٣١ک/ ١٨١٦ز عەبدوڵڵا بەگی برای ئەوڕەحمان پاشا کرا بە پاشای سلێمانی لەگەڵ هێزێکی چەکدار نێردرا بۆ سلێمانی، کاتێک مەحموود پاشا بەمەی زانی، پەیوەندی بە شازادە عەلی میرزاوە کرد و داوای کۆمەک و یارمەتی لێ کرد، مەحموودیش عوسمان بەگی برای نارده بازیان تاکو دەربەندەکە قاییم کات. کە عەبدوڵڵا پاشا گەیشتە کەرکووک و بیستی دەروازەی دەربەند قاییم کراوە. نەیوێرا خۆی بخاتە مەیدانی شەڕەوە. پاش ئەوەی چەند ڕۆژێک لە کەرکووک مایەوە گەڕایەوە شوێنی خۆی.

ئەو ڕۆژانە سلێمان ئەفەندی تەز کەرەچی یەکەم هاتبووە بەغداد لەلایەن سەڵتەنەتەوە نێردرابوو بۆ وتوێژکردن لە بارەی نەهێشتنی هەموو دەستێوەردان و ناکۆکییەکی سەر سنوور.

سلێمان ئەفەندی ڕاسپاردەی تۆندی سەبارەت بە بارودۆخی مەحموود پاشا و پیلانگێڕان

لە دژی دا، بە سەعید بەگ تا ڕێ نەدرێت دڵی مەحموود پاشا گەرد بگرێت. لە کاتێکدا سەعید پاشا بە پێچەوانەی ئەم ڕاسپاردانەوە بوو. مەحمودی لەسەر کار لا بردبوو(٣٢).

سەعید خۆشی لەسەر کار لا برابوو بەڵام بڵاو نەکرابووەوە و ئەحمەد بەگی شیربرای عەبدوڵڵا پاشای کوژراو خرابووە جێی. ئەم هەواڵە گەیشتەوە بە داود ئەفەندی کەهیە کە لە سەردەمی مێردمناڵیدا کۆیلەیەک بوو سلێمان پاشای باوکی سەعید پاشا کڕیبووی و بەسۆزێکی باوکانە و بەزەییەوە خستبوویە بەر خوێندن، داودیش کارامەییەکی وەهای پیشاندا و زانیارییەکی وایشی بەدەست هێنابوو، وایان لێ کردبوو سەرنجی سلێمان پاشای باوکی سەعید ڕایکێشێت، تا ئەو ڕادەیەی کە کردی بە زاوای خۆی و لە ڕۆژگاری عەبدوڵڵا پاشا و سەعید پاشای دەفتەرداریشدا کرا بە کەهیە.

کاتێک هەواڵی تووڕەیی و بێزاریی سەعید پاشا دژی حاوی بڵاو بووەوە، داود کەوتە بیری قۆستنەوەی بارودۆخەکە تا کەڵکی لێ وەر بگرێت. بۆیە لەگەڵ نزیکەی سەدوپەنجا کەس لە پیاوماقوڵ و ناودارانی بەغداد کە حاوی زەبر و سووکایەتی پێ گەیاندبوون، پەنای بردە بەر مەردایەتی بابانەکان. مەحموود پاشاش بەگەرمی پێشوازی لێ کرد ئەوەی پێی کرا بۆی کرد.

داود لە سلێمانی و لەپەنای مەحموود پاشادا (٣٣)

داود ئەفەندی بە مەحمود پاشای ڕاگەیاند، کە مەبەستی لە هاتنە سلێمانی ڕێکخستن و سەقامگیرکردنی پایەی والیێتییە بە هێزی بابانەکان. لەبەر ئەوەش کە بەدیهێنانی ئارەزووی میوان نەریتێکی کۆنی کوردە، مەحمود پاشا ناچاربوو، پابەندی هێنانەدی ئەو مەبەستە بێت.

بەڵام دەبوو مەحمود پاشا ئەوە لە بەرچاوبگرێت، کە عەبدوڵڵا پاشای والیی پێشووتر، چ پاداشتێکی پێچەوانەی بەرامبەر بە ئەوڕەحمان پاشای باوکی دایەوە،لە خزمەتێکی هاوشێوەدا.

هەرچەندە لەگەڵ ئەوەشدا داود ئەفەندی ناشوبهێنرێت بە عەبدوڵڵا پاشای خانزن.

مەحمود پاشا بیری لەم مەسەلانە کردەوە، لە ئەنجامدا بڕیاریدا داواکەی داود بەئەنجام بگەیەنێت، دوای مانەوەی داود چل ڕۆژ لە سلێمانی.

لەم کاتەدا، ئەحمەد بەگی شیر برای سلێمان پاشای کوژرا و کە لەمەوبەر زاتی نەدەکرد، فەرمانی دەرچوونی خۆی بە بریکار واتە کەتخودای والیی بخاتە ڕوو. بە هەڵی زانی ئەو فرمانە ئاشکرا بکات. کاتێک خەڵکەکە بە فرمانەکەیان زانی، پێی ڕازی بوون و دەنگیان بۆ دا.

کاتێک داود ئەفەندی بەمەی زانی، پێی وا بوو سەرکەوتن لە ژیریی و خۆگرتن دایە، بەڵام دوای چەند هەوڵ و تەقەللایەک ئینجا کارەکە چووە قۆناغی تەمێکردن کە شمشێرەکانی مەحموود پاشا حوکمیان تێدا دەکرد. بۆ تێکنەدانی ئارامی کەرکووک هێزەکانی مەحموود پاشا دوور خرانەوە بۆ دێی تۆقماقلوو. ئیتر پیاوماقوولانی کەرکووکیش کە ئاگاداری کێشەی دەستکردی ئەحمەد بەگ نەبوون، بۆیە پاش ئەوە زانیان مەسەلەکە چییە عوزرخواییان هێنایەوە، ئەوانیش چوونە پاڵا هێزەکانی ئەوێ.

داود ئەفەندی چاوەڕوانی هاتنەوەی وەلامی ئەو نووسراوە بوو کە مەحموود پاشا ناردبوویە بەردەمی مەقامی سوڵتان، بۆیە ئارامی گرت، خۆگونجاندنی لە پێڵێهەڵبڕین پەسەندتر بوو لای. ڕێبازی ناوەند گری- اعتدالی کردبووە ڕووناککەرەوەی ڕێی سەرکەوتن.

کاتێک عوسمان بەگ(٣٤) گەیشتنە کویسنجق و حەریر، خالید پاشا(٣٥) ئەو شوێنەی ڕووە و هەولێر جێ هێشت. عوسمان بەگیش خۆی دامەزراند، پاش ئەوەی بریکاری خۆی لەوێ دامەزراند گەڕایەوە دێی تۆقماقلوو. عەبدوڵڵا پاشا چووە بەغداد و سەعید پاشای لە هەموو کاروبارێک ئاگادارکردەوە، سەعیدیش کەوتە ئامادەکردنی چەک و تفاقی بۆ ڕێگاگرتن بە نیازی گێڕانەوەی هێزەکەی مەحموود پاشا کە نزیک بەغداد بووبوەوە، لەولاشەوە هێزێکی بە سەرکردایەتی عەبدوڵڵای بابان ناردبوو بۆ داگیرکردنی سلێمانی.

بەڵام حەسەن بەگی بڕای مەحموود پاشا کە لە سلێمانی مابووەوە. بەرەنگاری بووەوە، پەرتوبڵاوی کردنەوە، لەبەر ئەوە سەعید پاشا حەموودە سامری بەیاد کردەوە، کە بەهێزێکی زۆرەوە هاتبوو لەگەڵ هێزی دەوروبەر کە ئەمانە هەموو خەرجییان ئەویست، سەعیدیش ئەو خەرجییەی نەمابوو، بۆیە خۆڕاگرییان بەرەو نەمان ئەچوو. تەواویش بێزار بووبوون، تاکو بەغدادییەکانیش بێزار بووبوون هەر هەموو ئیتر وردەوردە بەغدادیان بەجێ دەهێشت و دەچوونە پاڵ کۆمەڵی داود ئەفەندییەوە.

سەرهەڵدانی داود وەک پاشا و وەزیر (٣٦)

کاتێک مژدە درا نووسراوی ڕوولێنانەکەی مەحموود پاشا ڕەزامەندی سوڵتانی بەدەست هێناوە. کاتێک ئەو مزگێنییە گەیشت و ئەیالەتەکانی بەغداد و بەسرە و شارەزوور درا بە داود بە پلەی وەزیر، تەواوکردن و بەجێ هێنانی ئەو فەرمانە سپێردرا بە محەمەد ئاغای کەتخودای حالەت ئەفەندی. سێیەم ڕۆژی موحەڕڕەمی ١٢٣٢ک/ ١٨١٦- ١٨١٧ ز فەرمانی هومایۆنی لەناو شار و دێ و هەمووواندا بەگەرمی پێشوازی لێ کرا، دوای ئەوە دەستەی یاوەری داود ئەفەندی کەوتنە ڕێ، ئیبراهیم پاشای کوڕی سلێمان پاشا کرا بە موتەسەریفی دەرنە و باجەلان.

داود ئەفەندی وا بوو بە پاشا هەمیشە دەیویست ئامانجەکانی لە ڕێی سەلامەتی بەبێ شەڕوشۆڕ، مەگەر ناچار بێت جێبەجێی بکات، سەعید لە فەرمانی داود ئەفەندی دانان بە وەزیر پەست بوو.

ئەم داود ئەفەنییە لە سەردەمی مێردمنالێیدا کۆیلەیەک بوو، سلێمان پاشای گەورە باوکی سەعید، کڕیبووی. بە سۆزێکی باوکانە و خۆشەویستی و بەزەیی تایبەتییەوە خستبوویە ناو ڕیزەکانی پەروەردە و پێخوێندن. داودیش کارامەیی نیشان دابوو، وای لێهاتبوو سەرنجی سلێمان پاشا بە لای خۆیدا ڕابکێشێت تا ئەو ڕادەیەی کە دەستی خێری نایە سەری و کردی بە زاوای خۆی لە ڕۆژگاری عەبدوڵڵا پاشا و سەعید پاشای دەفتەرداریشدا کرا بە کەهییە.

سەعید هیچی پێ نەکرا، تووشی وەپسی و دەستلەخۆبەردان بوو.

سەعید پاشا، کاتێک گەیشتە بەغداد، گوللەیەک لە گەرمەی هاوار و هوریادا بەر حاوی خۆشەویستی کەوت، بە بریندارای حاوی دەستگیر کرا و برا بۆ ئیچ قەلعە. کاتێک سەعید پاشا بەم ڕووداوەی زانی، خۆشەویستەکەی بەجێ نەهێشت، ئەویش ڕووی کردە ئیچ قەلعە و بوو بە هاوەڵی حاوی(٣٧).

داود پاشا لە سەعید خۆش نەبوو، لەسەری حاوی و سەعید(٣٨) درا و کەللەسەریان ڕەوانەی ئەستەمبول کرا(٣٩).

کاتێک داود پایەی وەزارەتی وەر گرت، لە هەموو ڕووداو و هەڵکەوتێکدا، پشتئەستوور

بە پیشاندانی زەبر و زەنگ و خوێنڕشتن ئەیویست مەرامەکانی خۆی بەجێ بێنێت. جگە لە داردانی(٤٠) سەعید پاشا حاجی محەمەد سەعید بەگی دەفتەردار و عومەر ئاغای میللی و کەهیەی پێشووی دەرگاوانیشی لەدار دا. ناردی بە شوێن جاسم بەگی شاویشدا بەڵام بەردەست نەکەوت، جا ئایا تاوانی ئەوانە چیبوو؟ هەر هیچ مەگەر ئەوە نەبێت کە شوێن داود نەکەوتن کاتێک لە بەغداد چووە دەرێ.

داود پاشا ئەو ماوەی چل ڕۆژەی لە سلێمانی بەسەری برد(٤١). بەچاوێکی سیخوڕییەوە لە بارودۆخی دەروونی خەڵکی شارەکەی کۆڵییەوە. ئەو ڕۆژانە هەر خزمەتێک کرابێت. ئەتوانرا بۆ هەر کەسێکی تریش بکرێت بە لەخۆبایبوونەوە خستیبە ئەوپەڕی بێمنەتییەوە (ج.ب) وا ئێستا هەرچەندە پلەی ئەیالەتی بە چەند کارێکی گورجوگۆڵ خستە ژێر ڕکێفی خۆی، بە هیوا بوو پایەی سەڵتەنەتیش لە ئایندەدا بە هەوڵ و کۆششێکی هاوشێوە بەدەست بێنێت.

سەرەتا سوور بوو لەسەر ڕاماڵینی یەکبەیەکی هەموو ئەو بەربەستانەی دڕکوداڵیان دەخستە سەر ڕێی. بۆیە چەندەها مەفرەزە و دەستەی هەمەجۆری نارده ناوچە جیاجیاکان، بۆ تۆقاندنی بەرودوای خێڵانی عێراق و چاودێریکردنی لەناوبردنی ئەوانەی پێویست بوو لەناو ببرێن. بەرهەڵستانی پاشای بابانی لە وێنەی خالید پاشا و عەبدوڵڵا پاشا لە کەرکوکەوە بانگی کردنە بەغداد، بەڵای خۆیدا ڕای کێشان و مانگانەی پێویستی بۆ بڕینەوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەو نیازانەی خۆی کە سوور بوو بەرامبەر بابانەکان بەجێیان بێنێت. هەروەها هەستی کرد ناچارە شتێکیش بکات تا گوێڕایەڵی و ملکەچی ئەحمەد پاشای جەلیلی والی موسڵی بۆ دەستەبەر ببێت. سکاڵا و گازندەی لەسەر بنچینەیەکی کاریگەری بوونیادنراو، لەلایەن بابی عالیەوە، ڕەت نەدەکرایەوە، بۆیە ناوبراوی لە ماوەیەکی کورتدا لەسەر کار لا برد و فەرمانێکی بەدەست هێنا کە لە حەلەب بمێنێتەوە و دەستبەسەر بێت، حەسەن پاشای کوڕی حسێن پاشای جەلیلیشی بە پلەی وەزیر لەجێ دانا، لەبەر ئەوەی ئەو سکاڵایەی کە لە دژی ئەحمەد پاشا کرابوو، لە بنەڕەتدا کاری داود پاشا بوو، فەرمانی هومایۆنیش سەبارەت بە لابردنی هەر لە ڕێی ناوبراوەوە هات.

داود پاشا، دەرۆیش محەمەد ئاغای کەهییەی پێشووی ئەیالەتی ڕاسپارد بچێتە موسڵ و فەرمانی ئەیالەت هەڵسووڕاندن بداتە حەسەن پاشا و دەستبەجێش ئەحمەد پاشا بنێرێتە حەلەب، ناوبراو قاییل بوو سەفەر بکا و لە موسڵ چووە دەرێ تا وای نیشان بدا، گوایە بەگوێرەی فەرمان ملی ناوە بەرەو ئەو شوێنە بەڵام ڕووی نەکردە حەلەب بەڵکو ڕاستەوخۆ پەنای بردە بەر داود پاشا خۆی.

حەسەن پاشاش هێشتا خۆشی گرتنەدەستی ویلایەت و وەزارەتی نەدیبوو کە هەر ئەو ڕۆژانە مرد، بۆیە داود پاشا فەرمانی گێڕانەوەی ئەحمەد پاشای دەر کرد، پاشان نۆرە هاتە سەر مەحموود پاشا، عینایەت تولڵا ئاغای موهرداری نارده لای، تا پێوەندییەکانی بە عەلی میرزاوە نەهێڵێت و دەستی لێ بەر بدات، بەڵام نیازی ژێرەوەی خەڵەتاندنی میرانی بابان و

دابڕین و جیاکردنەوەیان بوو لە مەحمود پاشا.

عینایەتوڵڵا هاتە سلێمانی و چاوی بە مەحمود پاشا کەوت و ڕاسپاردەی داود پاشای پێ گەیاند، مەحمود پاشاش بەم جۆرە وەڵامی دایەوە،

وەڵامی مەحمود پاشا بۆ داودی سپلە، "بناغەی ئەو پێوەندییەی دەمبەستێتەوە بەئێرانییەکانەوە، لەسەر یاخیبوون و سەرپێچیکردن هەڵنەچنراوە. بەندایەتیم بۆ سەڵتەنەتی پایەبڵند شتێک نییە ڕۆژێک کەلەبەری تێ کەوتبێت،

ئەگەر دڵسۆزی و ولایەنگریم بۆ داود پاشا وەک خۆیان مابنەوە، ئەوا من قەناعەتم بە تێڕوانینەکانی نییە وەکو خۆیان بە شێوەی مامەڵەکردنی عەبدوڵڵا پاشا لەگەڵ خوالێخۆشبووی باوکمدا و نکۆڵیکردنی لە مافەکانی بەسەریەوە بوون، دەبنە دەرسێک پەندی لێ وەر بگرین و(٤٢) ڕەچاوی بکەین. ئێمە لە چارەڕەشیمانەوەیە، کە هەمیشە پاداشتی وەفاداری و خزمەتەکانمان بە پێچەوانەوە دەگێڕێتەوە. بۆیە ڕزگار نابین لە چاوەڕوانیی ئەو پاداشتەش کە درەنگ یا زوو لە داود پاشاوە بۆمان دێت. بەوپێیە، لە ئاستی هەموو پەلامارێکی سەرشێتانەدا کە لە مێژە لەلایەن وەزیرانەوە تووشمان دەبێت، ئەوەندە بێئاگا نین لانەی ژیان پەناگەی سەلامەتیمان تێک بدەین."

لەگەڵ ئەوەیشدا من هیچ کاتێک جڵەوی ملکەچیم بەرامبەر بە سەڵتەنەتی پایەبڵند شل ناکەم.

ئەی بۆ موهردار، مەبەستی لە نێردراوەکە عنایەتوڵڵایە کە داود ڕاسپاردەکەی پیادا نارد لای مەحمود پاشا. ئایا ناچاری بوو دەرهەق بە خزمەتەکانم بۆ حەزرەتی پاشای وەزیر، بەوە پاداشت بدرێمەوە کە خالید پاشا و عەبدوڵڵا پاشا یەک خزمەتی پاشایان ڕەت کردبێتەوە و هەردووکیشیان خەنیمی خۆینە خۆی من و نەیاری حکومەتەکەم بن، بپاڵێورێن بۆ حکومەتی سلێمانی و کۆیسنجق و حەریر؟ ئیدی چۆن دەتوانم بەرامبەر بەم کارە نابەجێ و خزمەتە پێچەوانەیە، تا ئەو ڕادەیە بێهۆش ببم دەرگای پشتوپەنایەکی وەک ئێران، کە لە کاتی تەنگانە و لێقەوماندا پەناگەمە و هاناى بۆ دەبەم، لەخۆم دابخەم؟ بەڵێ، کارێکی کوێرانەم لێ قەوما. عەبدوڵڵا پاشا دەرسی بنەماڵەکەمانی دادا و منیش پەندم لێ وەر نەگرت، گۆڕی خۆمم بەدەستی خۆم هەڵکەند. بەڵام شێتانە ئەو ڕێیە هەڵنابژێرم تا لەم گۆڕەدا ڕابکشێم. ڕاستییەکەی ئێمە- بەپێی تەبیعەتی خواکردی خۆمان، سافیلکەیی بەسەرماندا زاڵە بەڵام ئەمەش لە تێنەگەیشتنمانەوە نییە، بەڵکو خزمەتێکی پاڵپشت بە نیازپاکییە. ئەگەر تێنەگەیشتنیش لەم نیازپاکییەدا هەبێت، لەوەدایە کە پێمان وایە خەڵکانی دیکەیش وەک ئێمە چاودێر و پارێزگاری مافن.

کورت و پەتی، حەزرەتی پاشا چۆنی دەوێت با وا بێت، بە مەرامی خۆی گەیشت، با هەر خزمەتێکمان کردبێت، مادام خراپەیەکمان دەرحەق نەکردووە و گوناهێکمان لێنەوەشاوەتەوە، پاداشتدانەوەی بەرامبەر بە ئێمە لانی کەم ئەوەبێ کە کردەوەی خراپ دژ بە ئێمە نەنوێنێت، ئێمە مادامێکی کەوتوونەتە بەر تاوی هەڕەشە، تا ڕووی دۆستایەتیمان نیشان نەدرێت، مەحاڵە بتوانین پێوەندی بە ئێرانەوە بپچڕێنین کە ڕووی ئەومان لێ دەنێن، وەک ئەوە وایە، بەهانەمان پێ بگرن تا شتێکمان بۆ هەڵببەستن تێ بکەوین. کەوتنە بەربەرەکانێکردن لەگەڵ ئێراندا لە

هەلومەرجێکدا کە حەزرەتی پاشا، مافەکانی ئیمەی بەسەر خۆیەوە پشتگوێ خستووە. بەلای ئیمەوە مانای وایە، کە ئیمەی خستۆتە دەریای سەرشێتی و لەناوچوونەوە. جگە لەوەی ئەگەر پێوەندی ناچاریم بە ئێرانەوە هەر زیانێکی بۆ حکومەتی عێراق هەبووبێت، پێویستە بخرێتە بەرچاوم تا نەیهێڵم، دەنا من ئەگەر گەردنی خۆم نەخەمە بەر چەقۆی سووکایەتیپێکردنی حەزرەتی پاشا، گلەییم لێ ناکرێت (تەواو).

داود پاشا کە وەلامی مەحموود پاشای وەر گرتەوە. لەپێش هەموو شتێکدا، کۆیسنجق و حەریری لە عوسمان پاشای برای مەحموود پاشا سەندەوە و ئەویش بە بێدەنگ کشایەوە تا مەسەلە نەبێت بە مایەی بەربەرەکانی(٤٣). هەر کە حەسەن (٤٤) بەگی برای مەحموود پاشا بە مەسەلەی کویسنجق و حەریری زانی، دەستبەجێ قەرەداخی بەبێ ئاگاداری پاشای برای بەجێ هێشت و ڕووی کردە بەغداد، لەوێ بۆ بەڕێوەبردنی کویسنجق و حەریر بە پلەی پاشایەتی نێردرا.

پاش ئەوەی داود پاشا کاروباری بەغداد و دەوروبەری ڕێک خست ساڵی ١٢٣٤ک/ ١٨١٩ز ڕای گەیاند کە جموجووڵێکی سوپای بەدەستەوەیە دژی مەحمود پاشا. مەحموود پاشاش بەناچاری پەنای بردە بەر ئەو دەرگایەی پێشتر داوای لێ کرابوو لەسەر خۆی دابخات.

شازادە عەلی میرزا، محەمەد عەلی خانی سەرۆکی شەرەفبەیانی بە هێزێکی دەهەزار کەسییەوە نارد بۆ پاڵپشتگرتنی و حەسەن عەلی خانی فەیلی بە هێزی لوڕستانەوە نارد لای مەندەلی و کەلبەعەلی خانی سەرۆکی گەڕووسیشی لەگەڵ عەلی خانی سەرۆکی کەلهوڕدا بە هێزێکی چوار تا پێنج هەزار کەسییەوە نارد بەرەو بەدرەو جەسسان. کاتێک داود پاشا بەم جموجووڵەی ئێرانی زانی، هێزەکانی عێراقی بە فەرماندەیی عەبدولفەتاحاغای باش ئاغای پێشوو و خەلیل ئاغای کەتخودای دەرگاواندا نارد بەرەو ڕووی ئێرانیەکان بێتەوە. هەروەها عەبدوڵڵا پاشای برای ئەورەحمان پاشا کە لە کەرکوک بوو لەگەڵ محەمەد پاشای کوڕی خالید پاشا و عەبدوڵڵا ئاغای باش بلووک باشی عەلەمدار و سوارەکانی نارد بۆ چاوپێکەوتنی مەحمود پاشا. موهردار ئاغایش لەگەڵ هێزەکانی دزەیی و ئاڵتون کۆپری و حەریر و کۆیە و کەرکوکدا، چووە پاڵ عەبدوڵڵا پاشا.

مەحموود پاشا ویستی چالاکی جەنگ بە سزادانی حەسەن بەگی برای لەسەر ئەو سووکایەتیپێکردنەی دەست پێ بکات، ئەویش بە هێزبردن و هێرشبردنە سەر کۆیسنجق و حەریر، بەڵام میرانی بابان بۆیان ڕوون کردەوە، ئەوە واتای سلێمانی بەدەستەودانە بۆیە مەحموود پاشا بەرەو کەرکوک چوو. لەوێ کۆشک ئەسپانی ناوچەی قەرەحەسەنی کردە بنکەی هێزەکانی خۆی. لەولاشەوە، حەسەن خانی فەیلی و عەلی خانی کەڵوور و کەلبەعەلی خانی گروس، دەستیان بەسەر شارۆچکەکانی مەندەلی و بەدرەو جەسساندا گرت، لەم بەینەدا چەند بەیەکدادانێک لەبەینی هەردوو لادا قەوما، بەڵام هیچ لایەکیان سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، بۆیە فەرمان درا ڕاستەوخۆ پەلاماری کەرکوک بدرێت و هێزەکانی عێراقیش بەرامبەر

بەم هەڵمەتە شێرانەیە گوڕ و وزەی بەرەنگارییان لە خۆیاندا بەدی نەکرد.

مەحمود پاشا نەیهێشت هێزەکانی بچنە ناو شارەکە لە ترسی تاڵانکردنی شارەکە و لەبەر تاڵان، تێشکانی هێزی دوژمنیان لەبیر بچێتەوە.

مەحمود پاشا لە ئەنجامدا نیوەی هێزەکەی خۆی لا مابووەوە. نیوەکەی تری چووە پاڵ دوژمن، چوار هەزار کەسی لەژێر دەستدا مابووەوە، هێزێکی ئێرانیش کە بریتی بوو لە دەهەزار کەس، کۆی هەردوو هێزەکە چواردە هەزار کەس بەرامبەر بەو ژمارەیەی هێزی دوژمن جگە لە باقیی هێزەکانی تر کە ژمارەی هەموویان ئەگەیشتە چل هەزار کەس.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هێزە گەورە زەبەلاحە نەیان ئەوێرا لە سەنگەرەکانی بەرگرییەوە بێنە دەرێ بەرەو پێشەوە.

داود پاشا بەرامبەر بەم هێرشانەی کە خۆی دروستی کردبوون، سەری لە بابی عالی شێواندبوو، کە مەسەلەی هێرشی ئێران بۆ داگیرکردنی عێراق بە چاوساغی مەحمود پاشا بووە، بابی عالیش بەو هۆیەوە جارێ جەنگی دا، ئەمە لە کاتێکدا ڕووی دا کە دەوڵەتی عوسمانی لەو ڕۆژانەدا بە چەندەها کێشەی ترسناکی ئیداری و سیاسییەوە خەریک بوو. ناچار هەوڵی بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری گرنگی سیاسی پەک خست. لە ئەنجامدا داود پاشا ناچار بوو داوای لە ئێران کرد ڕێک بکەون، بە مەرجێک مەحمود پاشا دەستی لێ نەدرێت و عەبدوڵلا پاشاش لە کۆیە و حەریر بێت بەڵام سەر بە مەحمود پاشا بێت. ئەم سەرکەوتنە بۆ مەحمود پاشا بەدەست هات(٤٥) بەڵام داود پاشا لای بابی عالی بە سەرکەوتنی خۆی لە قەڵەمی دا و شەڕفرۆشتنەکەی خستە ئەستۆی مەحمود پاشا لای بابی عالی.

هەرچەندە مەحمود پاشا، عەبدوڵلا پاشای مامی بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە ئەبووایە بینارداید بۆ کۆیسنجق و حەریر بەڵام نەینارد چونکە جێی متمانە نەبوو، بۆیە هەندێک شوێنی نزیک سلێمانی بۆ دابین کرد کە خۆشگوزەرانی بۆ پێک بێنێت.

خالید پاشاش لەبەر ئەوەی لای خۆیەوە نەفسبەرزی ڕانەگرتبوو، بۆیە هیچ پێویستییەکی خۆشگوزەرانی بۆ دابین نەکرا.

بە هۆی دەستکورتییەوە خێزانەکەی لە کەرکوک دانا و خۆی ڕووی کردە بەغداد لەوێ بە موحتاجی و کڵۆڵی مایەوە. محەمەد پاشای کوڕیشی لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی گوزەرانی ئەو چەند سەد کەسەی لایەنگری خۆی دابین بکات، بۆیە کۆی لە دەستدرێژی کردنە سەر مواڵکومااڵی خەڵک نەدەکرد. لەبەر ئەوەی چەندەها سکاڵانامەی لە دژی بەرز کرایەوە بۆیە موساغای موتەسەللیمی کەرکوک گرتی و بە فەرمانی داود پاشا خرایە زیندانەوە، دوای دوو-سێ ڕۆژ سێ سەد کەسی لایەنگری پەلاماری سەرای حکومەتیان دا، ناوبراویان لە زیندان دەر هێنا و کاتێک داود پاشا بەم ڕووداوانەی زانی، ترسی ئەوەی لێ نیشت ئەوانە پەنا بەرنە بەر ئێران، بۆیە خالید پاشا و سلێمان پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشای لە دەرنە گرت و زیندانی کردن. بەڵام محەمەد پاشا لەبەر ئەوە سااڵی ١٢٣٥ک/ ١٨٢١-١٨٢٢ بەناوی لایەنگرانییەوە ڕووی

کردە ئێران لای عەلی میرزا.

یەحیای خەزنەدار پێوەندی و نامەگۆڕکێی لەگەڵ عەلی میرزادا هەبوو، ئەویشی گرت و لە قەنارە درا. سلێمان پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشاش لەخۆی ترسا، لەگەڵ دەستوپێوەندیدا چووە لای شازادە عەلی میرزا. شازادەش کە بۆ سەرەداوێک ئەگەڕا، بە بیانووی ڕاوکردنەوە لە زەهاوەوە بەرەو قەسری شیرین هات تا گەیشتە باوەنوور. داودیش بە هەمان بەهانەوە، لە بەغدادەوە بەڕێ کەوت تا گەیشتە قزیجات لەوێ خێوەتی لێ هەڵدا، عەلی میرزا بۆ دڵنیایی هەندێک دیاری بۆ نارد و بە شوێنی خۆیدا گەڕایەوە. داودیش دوای چەند ڕۆژێک گەڕایەوە بۆ بەغداد، عەبدوڵڵا پاشاش کە قەناعەتی بەو ناوچانە هەبوو کە بۆی دیاری کرابوو بەڵام چاوبرسێتی ئەو پیاوە لەوانە نەبوو دابمرکێتەوە، چونکە ئەو هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوو بچێتە سەر تەختی حوکمداری لە دۆخێکی دەروونی وەهادا بوو کە سەعاتێکی کەشوفشی دەسەڵاتی لە سەد ساڵ ژیانی خۆشگوزەرانی لا خۆشتر و پەسەندتر بوو، بۆیە بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕا تاکو خۆی بگەیەنێتە عەلی میرزا. مەحموود پاشا کە بەمەی زانی گرتی و بەندی کرد، دوای چەند مانگێک کە تاڵاوی بەندیخانەی دیی، پاشگەزبوونەوەیەکی ساختە و درۆی پیشاندا و بەر بوو دوای چەند حەفتەیەک، هەلی بۆ ڕەخسا لەگەڵ لایەنگرانی لە کاتی بێئاگایی مەحموود پاشادا هەڵهاتن بەرەو ئێران بۆ لای عەلی میرزا.

عەلی میرزا سوپایەکی بۆ عەبدوڵڵا پاشا ساز کرد کە سلێمانی بگرێت. کاتێک ئەم هەواڵە گەیشتە داود پاشا و مەحموود پاشا.

هەڵهاتنی عەبدوڵڵا پاشا بەرەو ئێران بە نیازی لەشکرسازی

داود پاشا هێزێکی بە سەرکردایەتی محەمەد پاشای کەهییە نارد زەنگاباد بۆ یارمەتی مەحموود پاشا و مەسەلەی بەرگریکردن بەو سپێردرا، محەمەد ئاغای کەهییە لە سەنگەرەکانی ناوچەی زەنگابادا کە بە کوکس ناسراوە، بە عەبدولفەتاح ئاغا گەیشت. هەردوو بە هێزەکانیانەوە ڕوویان کردە شێروانە و قەڵاکەیان کردە بارەگای خۆیان.

دواڕۆژەکانی ڕەمەزانی ١٢٢٦ - ١٨١١ز ئەم هەواڵە گەیشتە مەحموود پاشا کە عەبدوڵڵا (٤٦) بە هێزێکی گەورەی ئێرانییەوە کەوتە ڕێ تا پەلاماری سلێمانی بدات، مەحموود پاشا هەواڵەکەی بە محەمەد ئاغای کەهییە گەیاند و داوای یارمەتی لێ کرد. ناوبراو بە هەموو هێزەکەیەوە ڕووی کردە ئەوێ.

کاتێک ئەم هێزە گەیشتە شەڕگەی بازیان عەبدوڵڵا پاشا بە هێزە ئێرانییەکەیەوە خۆی گەیاندە شەڕگەی خواجایی کە لە بناری چیاکانی هەورامانە سەر بە ناوچەی گۆڵەنبەر.

کاتی گەیشتنی عەبدوڵڵا پاشا بە دۆڵی خواجایی کەیخسرەو بەگی سەرۆکی جاف(٤٧) لە مەحموود پاشا جیابووەوە چووە پاڵ عەبدوڵڵا پاشا.

خێڵانی فرەژمارەی جاف چوونە پاڵ دوژمن، ئەمەبوو بە هۆی ورەڕووخانی مەحموود پاشا. ئەوکاتە هەواڵی گەیشتنی هێزی عێراق بە دێی تەپەڕەشی سێ سەعات دوور لە سلێمانییەوە بڵاو بووەوە. ئەم هەواڵە دڵی مەحمود پاشای ئارام کردەوە. ئەوسا محەمەد عیسا ئاغا کە چاوساغی هەموو جموجووڵی هێزەکانی مەحموود پاشای ئەکرد. میوانی پاشا بوو، بۆیە هێزەکانی عێراق کە محەمەدی کەهیە سەرکردایەتی دەکردن، بە ڕێنوێنی محەمەد عیسا ئاغا برانە دێی باریکە سەعاتونیوێک دوور لە سلێمانییەوە، لەوێ بنەیان دانا. ڕۆژی دوایی مەحموود پاشا لەگەڵ محەمەد ئاغای کەهییە ڕووی کردە دێی باریکە بۆ بەخێرهاتنی ئەو هێزانە. ئەو دوو پیاوە کەوتنە وتوێژ و قەناعەتیان کرد شەڕگەی خواجایی شوێنێکی لەبار نییە بۆ پەلاماردانی

هێزی دوژمن، باشتر وایە بەرگری بکرێت و ڕێ بدرێت بە دوژمن هێرش بەرێ تا لە شوێنی ئیستایەوە دەجوولێت و لێی دوور ئەکەوێتەوە.

مەحمود پاشایش هێزەکانی بەرەو هاوشانی هێزی محەمەد ئاغای کەهییە بەڕێ کرد و لەبەری ڕۆژهەلاتی ڕووباری تانجەرۆ مۆڵی دان. عەبدوڵڵا پاشا بیری لەوە کردەوە کە هێزێکی عێراقی هاتووە بۆ یارمەتی مەحمود پاشا، لەوە ترسا داوای هێزی تری کرد، عەلی میرزا خۆی بە هێزێکی بیست هەزار کەسییەوە بەڕێ کەوت تا گەیشتە زەنگاباد و هەر دێ و مەزرایەکی هاتە ڕێ وێران و تاڵانی کرد، کاتێک حاڵ و بارەکە بۆ داود پاشا ڕوون بووەوە، ئەحمەدی کوڕی بە هێزێکەوە خستە ڕێ و بەرەنگاری شازادە بووە و فەرمانی بە محەمەد ئاغای کەهییەشدا هەمان هەڵوێست بنوێنێت، هەر لەم کاتەدا نەهامەتییەک ڕووی دا خواردنی بەرسیلە و خواردنەوەی بەفراو هێزی عێراقییەکانی پەک خست و نەخۆش کەوتن و نیوە زیاتریان بەنەخۆشی ئەیانناڵاند و ئیتر لە بیست کەسیان ڕۆژانە لێ ئەمردن. عەبدوڵڵا پاشا ئیتر ترسی نەما. ڕووی کردە گەورە قەڵا و عەلی میرزاش بە هێزەکانییەوە چووە لای، ئەگەرچی مەحمود پاشاش ڕازی نەبوو، محەمەد ئاغای کەهییە بە هێزە شێواوەکەیەوە ملی نا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان و بارەگای هێزەکانی لەسەر چەمی بیستانسوور دامەزراند، پاش ئەوەی چەند ڕۆژێک مایەوە، بارەگاکەی بردە قەرەگۆل. تاکو لە عەلی میرزا و عەبدوڵڵا پاشاوە نزیک ببێتەوە، هەرچەندە دوو ڕۆژی لەپێناوی ئاشتیی دا بە دانوستان لە گەڵیاندا بەسەر برد.

بەڵام ڕێککەوتن بەدەست نەهات، بۆ سێیەم ڕۆژ شەڕ دەستی پێ کرد. بەکورتی لەبەر کەمی ژمارەیان لە چاو ژمارەی دوژمندا و لەبەر نەخۆشی و تێوەگلانی شەڕ لەلایەن محەمەدی کەهییەوە، تێوەگلانێکی شێتانە و سەرکێشی بێعەقڵانە، شەڕ وردەوردە بە لای هێزی ئێراندا شکایەوە. هەرچەند ویستیان کەرکوک بگرن بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، حەمەئاغای کەهییەش لە ترسی موحاسەبەکردنی داود پاشا، خۆی دایە پاڵ شازادە محەمەد عەلی میرزا و ئیتر هێزی ئێران ڕووی کردە بەغداد، شارەکانی داقوق و توزخورماتو و کفری و قەرەتەپە، هەموو تاڵان کران، تا گەیشتنە دەللی عەباس. ئەوسا داود پاشا هەستی بە خۆی کرد. خێرا قاپییەکانی بەغدادی داخست و لەناوەوە کەوتە قاییمکاری، لە لایەکی ترەوە تا ئەم کاتەش هەر زیاتر لە فکری لەناوبردنی مەحمود پاشادا بوو، بەو بڕوایەی خۆی و لێکدانەوەی یارمەتیدانی ئەو پیاوە منەتی تێدا نییە، چونکە هەر کەسێکی تر بووایە مەحمود پاشا ئەو یارمەتییەی ئەدا بۆ کورسیی ولایەت.

لەم کاتەدا هێزی ئێران نزیک بەغداد بووەوە. بەڵام محەمەد عەلی میرزا نەخۆش کەوت، بۆیە لە تاواندا عەلی میرزا شەڕی ڕاگرت و صلح کرا، بە مەرجێک عەبدوڵڵا پاشا بۆ حکومەتی سلێمانی و محەمەد پاشای کوڕی خالید پاشا بۆ حکومەتی کۆیە و حەریر. محەمەد علی میرزاش گەڕایەوە بۆ ئێران. بەڵام لەڕێدا لە ڕەبیعول ئەوەلی سالی ١٢٣٧ک/ ١٨٢١ز دواهەناسەی دا.

ئەم بارو ڕووداوانەش لەگەڵ خواست (طموحی) داود پاشادا یەکی نەئەگرت، چونکە ئەو

مەبەستی دروستکردنی دەوڵەتێکی عێراقی بوو (٤٨) لەبەینی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانیدا. کە ئەگەر بۆی چووە سەر هێزی بەربەرەکانێی هەردوو لای هەبێت ئەو ئێستا، ئەوە لێک ئەداتەوە چۆن مەفرەزەیەکی ئێرانی شکستی پێ هێناوە؟

مردنی محەمەد عەلی میرزای ئێران

بە کۆتایی ئەم شەڕەی دوایی و بە مردنی محەمەد عەلی میرزا، داود پاشا لای بابی عالی وای دابووە قەڵەم کە بەئازایی و توانای لەبننەهاتووی ئەو کۆتایی پێ هێنرا لەوەدا ئافەرین و دیاریی زۆری پێ بەخشرا. ئینجا ویستی کەرامەتی ڕووشاوی خۆی بەو هێزەی کە لەوەوپێش داوای کردبووە بۆی نێردرا لە کوردستاندا پینەوپەڕۆی بکات.

ئاوابوونی ئەستێرەی بەختا

هەر حسێن نازم بەگ لە ل ٣٤٧ میرایەتیی بابانـدا ئەفەرموێت، "هەرچەندە مەحموود پاشا لە یانـزەی شـەعبانی ١٢٣٧ک/ ٥/٣/ ١٨٢٢زدا پایـەی پێشـووی خـۆی گرتـەوە، ئـەوەی ڕاسـتی بێت عەبدوڵڵا پاشـا لـە پێشـبڕکێی مەیدانـی ئازایەتـی و بوێریـدا، هاوشـانی مەحمـود پاشـا نەبـوو، تـای تـەرازووی، لـە ڕووی ئایینقایمـی و دڵێریـی خواکرد و ڕەوشـتکاملییەوە، نـەک هـەر لـە هیـی عەبدوڵڵا پاشـا، بەڵکو لـە هیـی هەمـوو نەیارەکانـی قورسـتر بـوو. بـەڵام سـوودی هەمـوو ئەمانە چـی بـوو ئەگـەر بەخـت و سـەرکەوتن لەگەڵیـدا نەبووبـن و هیـچ یارمەتییەکیـان نەدابێت، ململانێـی خۆپەرسـتانەی نێوان میرانـی بابـان و بەتایبەتـی یەکێکـی وەک عەبدوڵڵا پاشـای مامـی کـە سـەنگەرەکانی لـە چیـای سـەگرمە قاییـم کردبـووە.

مەحمـوود پاشـا بـە هـۆی بێئاگاییـەوە کەوتـە بۆسـەی عەبدوڵڵا پاشـاوە. بەکورتـی وەک وتمـان ململانێـی نێوان میرانـی بابـان بەتایبەتـی عەبدوڵڵا پاشـا کـە لـە سـەردەمی ئـەودا گەیشتبووە چلەپۆپە و شـیرازەی ژیانـی یەکگرتـن لەبـەر یـەک تـرازا بـوو. هەریەکەیـان ڕێـی هەڵقـە و چاوچنۆکـی بـە نـاوی خۆیـەوە دەگرتـە بـەر. ئیتـر ئەستێرەی بەخـت ڕوو لـە ئاوابـوون بـوو، لەوڵاشـەوە نەخۆشـیی تاعـون لـە سلێمانیدا کەوتـەوە و بەتـەواوی وڵاتـی پەرێشـان کـرد و مەحمـوود پاشـای پـەک خسـت. بۆیـە وازی لـە شـوێن و جێگای خـۆی هێنـا و ڕووی کـردە کەرکـووک. لەوێـوە پەیوەنـدی بـە داود پاشـاوە کـرد، بـەڵام هیـچ وەڵامێکـی ئەوتـۆی دەسـت نەکەوتـەوە، ناچـار بـوو ڕوو بکاتـە ئەسـتەمبوڵ. عەبدوڵڵا پاشـا گـورج لـە شـوێنەکەی لـە سلێمانـی دانیشـت و حکومەتـی زەهـاوی بـە سلێمان پاشـا سـپارد.

مەحمـوود پاشـا کـە گەیشـتە دیـار بەکـر لـە مانگـی تشـرینی دووەمـی سـاڵی ١٨٢٢. والـی دیـار بەکـر عەلـی پاشـا بـە حوکمـی دۆسـتایەتی لەگـەڵ مەحمـوود پاشـادا، ئامـۆژگاری کـرد، کـە چوونـە ئەسـتەمبوڵی بێسـوودە چونکـە ئەوانـەی بابـی عالـی کـە ئەسـتەمبوڵە ئەوانـە لـە ئایین و ئۆیننانـەوەدا دەسـتیان بالاتـرە بەسـەر کاروبـاری وڵاتـدا. ئەوانـە دڵیـان لـە بـەرد ڕەقتـرە، چونکـە کاربەدەسـتانی ئـەوێ لـە بەهـای پیاوەتـی و نیشـتمانپەروەری بـە دوورن. کـە ئەمـە بەتـەواوەتـی تێگەیشـت ئیتـر

ئەویش ڕووی خۆی وەر چەرخاند، لەکۆیوە هاتبوو گەڕایەوە بەرەو کۆیسنجەق، لەوێوە عوسمان بەگی برای نارد لای نائب السلطنە لە تەورێز بۆ یارمەتی. ئەویش ئامادەبوو یارمەتی دا لە (١٨٢٢-١٨٢٣)دا لەشکر گەیشت(٤٩)، عەبدوڵڵا پاشا دەر چوو، مەحموود پاشا گەڕایەوە ئینجا داود پاشا حەمە پاشای ڕەواندزی هاندا بۆ سەر سلێمانی. ئەویش بە هێزەکانی هێرشی هێنا تاکو قەمچوغە. ئەم جارەش مەحمود پاشا داوای یارمەتی لە ئێران کرد. ئێران لەشکری نارد، حەمە پاشای ڕەواندز ناچار گەڕایەوە.

گەلێک ڕاپۆرت لەلایەن داود پاشاوە سەبارەت بە دەستدرێژییەکانی ئێران درابووە بابی عالی. گەلێکیش سکالانامە و ناڕەزایینامە، سەبارەت بە زوڵموزۆری داود پاشا دەرهەق بە زیارەتکەران و هاوڵاتانی ئێرانی، لەلایەن عەباس میرزاوە بەرز کرابووەوە. بابی عالی ئەسعەد ئەفەندی میرزای پێشووی نووسین ڕەوانەی بەغداد کرد بۆ لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی ئەم مەسەلانە، ناوبراو گەیشتە جێ و بانگی مەحموود پاشای کرد بێتە لای، تا قسەی خۆی لە بەردەمدا بکات.

مەحموود پاشا لە ترسی نیازی خراپی داود پاشا نەیوێرا هەموو ڕاستییەکان دەر ببڕێت. بەڵام خۆفڕیدانی بابانەکان بۆ باوەشی ئێران لە ئەنجامی ناحەقی یەک لەدوای یەکی والییەکان هەموو لە ڕاپۆرتەکەی ئەسعەدەفەندا خرانە ڕوو هەرچەند سەبارەت بە زۆر و ستەمی داود پاشا و نیازی هەستپێکراوی نەخستە بەرچاو چونکە ویستی خۆی لە پارێزگارانی داود پاشا کە باڵیان بەسەر کاروباری حکومەتی ناوەند ڕاکێشابوو بپارێزێت، هەرچەندە داودیشی لە دیمەنی پیاوێکی بێگوناهیشدا پیشان نەدابوو.

لەبارەی خۆ ئامادەکردن بۆ دروستکردنی حکومەتی عێراق و چاکسازی و جموجووڵی تر ئەسعەدە فەنی ئاگاداربوو، بەڵام نەیوێرا بیخاتە ڕاپۆرتەکەیەوە، لە ئەنجامدا کورت و پەتی، هەموو ماندووبوونێکی ئەسعەدە فەنی داماو بە جۆرەها گلەیی و گازندە پێشوازی لێ کرا و ڕاپۆرتەکەشی فڕێدرایە زبڵخانەوە." هەر بەم جۆرە حسێن نازم بەگ لەسەری ئەروات، "ئەم بێسەروبەرییەی ناوەندی دەسەلات و تێنەگەیشتووی نەتەوە. سەرنجی دەوڵەتانی دراوسێی ڕاکێشا، تا هەموویان چاوی تێ ببڕن، لە گشت لایەکەوە ڕێی سیاسەتێکی لەسەر بیانوو بەهانەهێنانەوە بوونیاد نراویان دەگرتە بەر. ئەم حکومەتە لەوە کەوتبوو بەرامبەر بەم پشێوی و لەبەریەکتر ترازانەی ناو ژیانی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی، بتوانێت حاڵ و باری بەرژەوەندی وڵات دەستەبەر بکات، لە کاتێکدا گیروگرفتە ئیدارییەکانی ناوەوە و شێواوی باری سیاسی دەرەوە هەموو لایەنەکانی گۆڕەپانی نیشتمانییان هەژاندبوو و حکومەت و گەل پێکەوە تووشی ڕاچڵەکینی ئیداری و سیاسی هاتبوون، ئیدی وایان لێ هاتبوو نەتوانن ئامانجی خۆیان دیاری بکەن و ڕاستییەکی دروست بدۆزنەوە و بیگرنە بەر. سێڵاوی ئەم ڕاچڵەکینە کۆمەڵایەتییە ترسناکە، کە هەڵدەسا هەموو شتێکی لەبن دەهێنا و گشت لایەک و دەوروبەری نیشتمانی دەقرتاند و لە تیوەگلانی بێگانەیش بەدوور نەبوو. بناغەی پاراستنی مولکایەتیی وڵاتی عێراقی

دراوسێی ئێران، لە سەروبەندی ئەم پاشاگەردانییە ئیداریە پڕ لە ڕاچڵەکینە ترسناکەدا، بەوە قاییم بوو کە بابانەکان لەوانە نەبوون بە هۆی دەمارگیریی دینییانەوە، کلیلی لایەنگری خۆیان بدەنە دەستە دەوڵەتێکی بیانی و ڕازی ببن بە ناوی حکومەتێکی دەرەکییەوە سووکایەتی بە نیشتمان و خیانەت لە نەتەوە بکرێت.

بەڵێ، سەرباری ئەو زوڵم و دەستدرێژییانەی یەک لەدوای یەک دووچاری بابانەکان ئەبوونەوە، ئەگەر خۆڕاگری دینی و دڵسۆزی و خۆشەویستی نیشتمان نەبووایە، دەمێک بوو والییەکانی عێراق ئەم ولایەتەیان دۆراندبوو و بە هۆی مێشک و شکییانەوە کردبوویانە قوربانی ململانێ و ئەنجامی چاوچنۆکی نێوان خۆیان.

ئەگەرچی مێژوو بابانەکان لەسەر ناکۆکی سنووری نێوان دەوڵەتی پایەبەرز و ئێران گوناهبار دەکات و لێیان دەپێچێتەوە، بەڵام ئەگەر بڕوانینە لایەنی بنچینەیی ئەو لایەنگرییەی مێژوونووسان، دەبینین لەبەر ئەوەی خزمەتکاری تەرخانی خزمەتکردن زەمان و زەمین بوون، ئەوە کارێکی کرد نەتوانن بەسەرهاتەکان وەکوو خۆیان بخەنە شوێنی دروستی نووسینی قەڵەمەکانیان. وێرای ئەوە، تێڕوانینی وردەکارانەی بەدواداچوونی بەسەرهاتەکان، دەتوانێت بەڵگە بۆ ڕاستی ڕووداوەکانی ناو ئەو ڕەشنووسە تۆمارکراوانە بهێنێتەوە.

ئەگەر کەموکورتییەکی گەورە لە بابانەکان وەشابێتەوە، ئەوە ململانێی خۆپەرستانە و دووبەرەکێتی ئەنجامی چاوچنۆکی نێوان خۆیان بووە.

لە ڕاستیدا هەر کاتێک بەڵای لەناوچوون، بکەوێتە وێزەی نەتەوە یا گەلێک، ئەوە ئاکامێکی شوومی هەمان ئەوحاڵ و بارەیە کە یەخەی بابانەکانی گرتبوو. کەسانی خۆتەرخانکردوو بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی باش دەزانن هەموو حکومەتەکانی جاران و نەتەوەکانی ڕابردوو کە ژیانی کۆمەڵایەتییان تووشی لەناوچوون هاتووە، کاتێک لە ئەنجامی تەماعەوە ململانێ کەوتۆتە نێوان ڕۆڵەکانیان(٥٠) هەرچەند لەیەک نەتەوەبوون و چوونەتەوە سەر یەک ڕەچەڵەک، بەڕەو لێواری نەمان و لێژایی و فەوتان چوون.

هەروەها حسێن نازم بەگ ئەفەرموێت ل٣٥٤-٣٥٥ میرایەتی بابان، "ئەو کۆڵانەی، لەم ڕاستییە فەلسەفییانە حاڵی نابن، هەموو بەرژەوەندییەکی بەرز و هەمیشەییان ژەهراوی دەکەن، شەرەفی ڕەچەڵەکی خۆیان کە هاوتای بەرژەوەندی نەتەوەیی و پایە ڕێزلێگیراوەکەیانە، دەکەنە قوربانی ئەوەی کە خەیاڵی پووچ بۆیان دەڕازێنێتەوە و لەپێناویدا تیا دەچن. ئەوسا تێدەگەن چ هەڵەیەکی گەورەیان کردوە."

هیچ بەڵگەی پێ ناوێت کە ڕۆژگار پەروەردەکەری مرۆڤە، وانەکانی پەندوەرگرتن و ئاگاداریی شتە نادیارەکانی ژیان کە ئەم پەروەردەکەرە فێری مرۆڤیان دەکات، لەو ڕوەوە و خزمەتی دەکەن کە نهێنییەکانی بدۆزنەوە. ئەوانەی وا ڕێچکەی دیاریکراوی ڕووداوەکان دەگرنە بەر، مافی ژیان بەباشی و سەرکەووتویی بەکار دەهێنن، بۆیە دەیانگەیەنێتە سەر ڕێی بەرەڵایی هیواکان، هەر بەم جۆرە حسێن نازم بەگ لە سەری ئەڕوات، "ئەوەی مرۆڤ جوێ دەکاتەوە هەر عەقڵە

و پێویستە مرۆڤ بە ڕێنوینیی عەقڵ بگاتە ئاستی دیاریکردنی ڕێی چەوت و ڕاست بزانێت ئەو زیانانەی وا لە هیوای نەزۆکەوە پەیدا دەبن، لە خراپەکاریەکانی مرۆڤەوە سەر هەڵدەدەن، بەتایبەت کە هیوا هیچ سنوورێک نایگرێتەوە.

با بەڕاستی بیر بکەینەوە، ئایا دەبێت ئەم دۆخە درندانەیە لە پێناوی چیدا بێت، ئەگەرچی ژیانی ئەمانەت لە چەند ڕۆژێک زیاتر نییە و دەبڕێتەوە؟

ئەم عەقڵیەتەدروستکراوە بۆچییە، لە کاتێکدا لەگەڵ تێگەیشتنی عەقڵیدا وەک خەسڵەتێکی مەعنەوی شەرەفی سروشتیمان، بەتەواوی ناکۆکە؟ مانای وایە ئەمە دۆخێکی مەعنەوییە، لەبەر ئەوەی حیکمەتێکی مەعنەوییشە، سەرنجی فیکری ناتوانێت چارەسەر و یەکلایی بکاتەوە.

هەموو شتێک ئامانجێکی هەیە، ئامانجی ئەم پێشەکیەش دۆخێکی پێچەوانەیە، ژیانی بەختەوەری بنەماڵەی بابان ئەم ئامانجەی بەدی هێنابوو، ئامانجەکەش گەیشتبووە ڕادەی سەرەتای ئەم ناکۆکییە، بەڵام هۆیەک و ئامرازێک بۆ ئەم کارە پێویست بوو، ئەم ئامرازەیش هیچ یەکێکی دیکە نەبوو، هەر خالید پاشا و شوێنکەوتووەکانی بوون."

پاش ئەوەی مەحموود پاشا جڵەوی حکومی لە سلێمانی بەدەست هێنایەوە، ڕوانی ناوچەکانی سەر بە سلێمانی لە دۆخێکی وا شێواودان، مرۆڤ بۆیان جەرگی ژان دەکا. وڵاتەکە تازە لە چنگی دوو دوژمنی بێبەزەیی – یەکێکیان مەعنەوی ئەوی دیکەش مادی، کە وێرانکاری و تێکدانی زۆریان تێدا کردبوو، وێران بوو، دوژمنە مەعنەویەکە ئەو نەخۆشی چاوەقوڵەیبوو کە لە لایەکەوە بە حوکمی مەعنەوی خۆی وێرانکارییەکی زۆری کرد، هەرچی دوژمنە ماددیەکەیش بوو، ئەو عەبدوڵڵا پاشایە بوو کە لە لایەکی دیکەوە، سلێمانی و ناوچەکانی بە یارمەتی هێزەکانی ئێران لە بەریەک هەڵوەشاند و کاول کرد، بۆیە چاوخشاندن بە حاڵوباری خەڵکەکەدا و دەستەبەرکردنی ژیان و گوزەرانیان کە لەوپەڕی نەداری و نابووتیدا بوو، ئەرکی بنچینەیی، بەڵام قورسی مەحموود پاشا بوو.

کاتێک مەحموود پاشا بۆی ڕەخسا پایەی حکومەتەکەی بەدەست بهێنێتەوە، کەڵکەڵە و خەیاڵی پووچ کەوتنە بن کڵێشەی سلێمان پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشای حاکمی زەهاو، بۆیە ڕوو بە کرماشان هەڵهات. شازادە حسێن میرزا لەوێ بەندی کرد، لە زیندانداندا نەخۆش کەوت و سەرەتای مانگی سەفەری ساڵی ١٢٣٩ک/ ١٨٢٣ز کۆچی دوایی کرد، بەڵام نەزانرا چۆن مرد و تەرمەکەی لەکوێ بەخاک سپێردرا(٥١).

گەڕانەوە و جڵەوی کاروبار بەدەستەوەگرتنی مەحموود پاشا لە سلێمانی داود پاشای پەشۆکاند. بۆیە کەوتە خۆی تا پێویستییەکانی هێرشبردنە سەری ساز بکات. محەمەد پاشای کوڕی خالید پاشای بە هێزێکەوە نارد. مەحموود پاشاش بە هۆی تێکچوونی باری مەلەکەتەوە نەیتوانی بەرگری بکات، لەبەر ئەوە سلێمانی جێ هێشت و ڕووی کردە قزڵجە، لەوێوە عوسمان بەگی بۆ ڕەوانەی سنە کرد بۆ داوای پشتیوانی. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم پاشەکشەیە نەبێتە مایەی نائومێدی و لەدەستدانی لایەنگری دانیشتوان، هاتەوە بۆ کێوی ئەزمر، باکووری ڕۆژهەڵات

نزیک سلێمانی، لەوێ مایەوە، چاوەڕێی گەیشتنی هێزەکەی ئێرانی کرد بەرامبەر بە پەلاماری هێزەکانی عێراق مەحمەمەد پاشا فەرماندەیان بوو. پاش ماوەیەکی کورت هێزی ئێران لەگەڵ عوسمان بەگ گەیشت. بە گەیشتنی ئەو هێزە، محەمەد پاشا کشایەوە بۆ کەرکوک، لە دووی شەوالیی ١٢٤١ک/ ١٨٢٦/٥/٢٩.

مەحموود پاشا کاروباری سلێمانی گرتەوە دەست. ناوچەی دزەیی درا بە محەمەد پاشای هەڵەاتوو.

ساڵی ١٨٢٦- ١٨٢٧ ز فارس ئاغای دزەیی، دادوبێدادی خۆی لە دەست محەمەد پاشا گەیاندە داود پاشا، بۆیە بە فەرمانی داود پاشا ڕێ بە فارس ئاغا درا، محەمەد پاشا لەو ناچەیە دەر بپەڕێنێت. بۆیە فارس ئاغا بە هێزێکی پێنج سەد سوارەوە پەلاماری محەمەد پاشای دا. بوو بە شەڕ و هەردوو لا زیانێکی زۆریان لێ کەوت. هەر لەو شەڕەدا سەعید بەگ کوڕی محەمەد پاشا کوژرا. لە ئەنجامدا محەمەد پاشا ڕووەو ئێران هەڵهات. بەڵام حکومەتی ئێران هیچ گوێی پێ نەدا، بۆیە گەڕایەوە بۆ بەغداد و پەنای بردەوە بەر داود پاشا.

مرۆڤایەتی ناحەسێتەوە تا گیانی خۆویستی، تەماع و خۆپسکی پیس جڵەو نەکرێت.

شەڕی قەڕە گۆل و گردەگرۆی.

مەحموود پاشا لە جموجوولّی محەمەد پاشای ڕەواندز گەلێک دڵگران بوو، هەرچۆنێک بوو هێزی کۆ کردەوە بۆ دەرکردنی. بەڵام یەکەم جار سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، کە ئەمە زۆر سەغڵەتی کرد. بۆیە بۆ دووەم جار ساڵی ١٨٢٨- ١٨٢٩ز تێ هەڵچووەوە، دیسانەوە پەلاماری هێزی ڕەواندزی لە ناوچەی سورداش دایەوە و شکاندی تاکو قەڵای سەکتانیشی دایە بەر تۆپ و وێرانی کرد، بەڵام بەداخەوە سلێمان(٥٢) برابچوکی مەحموود پاشا بە هەڵگیرانەوەی نیوەی هێزەکەی مەحموود پاشا، توانی سلێمانی داگیر بکات. مەحموود ناچار بکات ڕوو بکاتە قزڵجە و لەوێوە هێزی ئێرانی هێنا و سلێمانی ڕاو نا خۆی لە چیای گلەزەردە قاییم کرد، بەڵام مەحموود پاشا دەستی بۆ نەبرد. بۆیە ئەویش، شەوێک کەوتە دڵخۆشیدانەوەی سوپاکەی مەحموود پاشا لە دژی، ئەوە بوو سلێمانییان گرت و مەحوود پاشا چاری نەما، بەرەو ئێران بووەوە. لەوێ سوپایان خستە تەکی و هاتەوە سلێمانی داگیر کردەوە. سلێمان ڕووی کردە زەهاو و لەوێوە پەیوەندی بە داود پاشاوە کرد کە ئەویش لە خوای ئەویست.

داود پاشا لەپێشدا پلەوپایەی پاشایەتی پێ بەخشی و هێزێکی عسکەری لەگەڵدا نارد. کە مەحموود بەمەی زانی بەرەنگاری بووەوە، هەردوو هێزەکە کە لە قەرەگۆل بەیەکیاندا دا.

دوای کوشتار، شێخ و مەلا کەوتنە بەینەوە، بەڵام تێکشکاندن لە نسینی مەحموود پاشا بوو، بۆیە یەکسەر کشایەوە بەرەو گوڵعەنبەر. سلێمان دوای کەوت تاکو لای داود خۆی بە شت بزانێت. مەحموود پاشا بەرەو کرماشان لەوێوە بۆ بانە. تاکو لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٢٤٥- (١٨٢٩-١٨٣٠ز) هێزی ئەو ناوەی کۆ کردەوە بۆ جاری چوارەم هێرشی پێ کردنە سەر سلێمان پاشا لە گردۆلکەکانی گردە گرۆی پشت سلێمانی لە باکووریەوە، سەنگەری بەرامبەر بە

سەربازەکانی سلێمان پاشا گرت. لەبەر ئەوەی ئەم سەربازانە مەشقپێکراو و ڕێکخراو بوون و گەلێک تۆپیان هەبوو، هێزەکەی مەحموود پاشا هەرچەندە خۆڕاگری و نەبەزی و فیدارکاری لە مەیدانی شەڕدا نواند، شەڕەکەی دۆڕاند و سلێمان پاشا سەرکەوتنی بەدەست هێنا. بەڵام ئەم سەرکەوتنەی زۆر لەسەر کەوت چونکە زیانێکی قورسی پێ گەیاند. کوژرانی عەبدوڵڵا بەگی کوڕی کەیخسرەو بەگی سەرۆکی جاف و مستەفا بەگی کوڕی یونس بەگی یەکێک لە میرەکانی جاف. لەو زیانانەدا بوون(٥٣). بەم شێوەیە مەحموود پاشا ئەم جارەیش شەڕەکەی دۆڕاند و دووبارە گەڕایەوە بۆ ئێران.

لە ڕێی والیی سنەوە کەوتەوە داوای یارمەتی لە عەباس میرزایی جێنشینی ئێران، کە ئەویش هێزێکی گەورەی بە سەرکردایەتی قارەمان میرزای کوڕی نارد.

مەحموود پاشا ساڵی ١٢٤٦ک/ ١٨٣٠-١٨٣١ز سەرلەنوێ بەم هێزەی ئێرانەوە، پەلاماری سلێمان پاشای دایەوە. هەر کە سلێمان پاشا بە مەسەلەکەی زانی، شوێنی خۆی بەجێ هێشت و کشایەوە بۆ لای زەنگاباد. بۆیە مەحموود پاشا بەبێ شەڕ چووە ناو سلێمانییەوە و وەک جاران کاروباری گرتەوە دەست و هێزەکەی ئێرانی گێڕایەوە بۆ شوێنی خۆی.

هێشتا بارودۆخی سلێمانی ڕێک نەخرابووەوە کە نەخۆشیی چاوەقوولە بەوپەڕی تووندوتیژییەوە کەوتە ناوشار و دەوروبەری و درشتووردی هەموو ناوچەکەی خستە ژێر ڕەحمەتی خۆیەوە. ژمارەی قوربانیی جەرگبڕ، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیادی ئەکرد، کەس هیوای ژیانی نەمابوو، هەموو دانیشتووان کەوتنە ڕۆیشتن بەرەو چیاکان.

لەگەڵ ئەوەشدا هیچ دەرەتانێک نەما بۆ ڕزگاربوون لە چنگی ئەجەل، بەڵام سلێمان پاشا، سەرباری ئەو وێرانکارییە، لە تەماعی دەستخستنی پایەی حوکمداری لای نەدەدا. بۆیە پێوەندی بە داود پاشای والییەوە کرد، لە ڕێی ئەویشەوە هێزێکی تەواوی عەسکەری هێنا، هێرشی پێ کردە سەر مەحموود پاشا، مەحموودیش کە لە دۆخێکی نائومێدیدا بوو، جگە لەوەی هێزێکی کەمی بەدەستەوە مابوو، نەیتوانی بەرەنگاری بکات. بەو جۆرە لە موحەڕەمی ساڵی ١٢٤٧ک/ حوزەیرانی ١٨٣١ز سلێمانی ڕووەو ئێران بەجێ هێشت. ئەگەرچی سلێمان پاشا دوای کەوت تا گەیشتە میاندواو بەڵام هیچ سەرکەوتنێکی لەم هەوڵەیدا بەدەست نەهێنا.

مەحموود پاشا چووە تەورێز تاکو داوای یارمەتی لە عەباس میرزا بکات، ئەویش هێزێکی تەواوی خستە تەک، لە جومادیل ئاخری ساڵی ١٢٤٧ک/ ١٨٣١ز لە (ناڵپارێز) بە هێزەکانی سلێمان پاشا گەیشت کۆتایی ئەو شەڕەی وا قەوماند، هێزەکانی سلێمان پاشا شکستییەکی وایان هێنا ناچاری پاشەکشە بوون و داروودەستەکەی تووشی ناڕەحەتییەکی تەواو بوون و زۆربەی سەرکردەکانی بەدیل گیران.

بەڵام دڵنەرمی و ویژدانی مەحمود پاشا کارێکیان کرد سزای ئەو دیلانە نەدرا و پاش چەند ڕۆژێک بەر دران. ئیتر مەحموود پاشا چووەوە ناو شاری سلێمانی. سلێمان پاشاش ڕووی کردە کفری، لەوێوە هانای بۆ داود پاشا بردووە. مانگی ڕەجەبی هەر ئەو ساڵە(٥٤) بەو هێزەی

عێراقییەوە کە هاتبوو بۆ یاریدەدانی، پەلاماری مەحموود پاشای دایەوە.

بۆیە مەحموود پاشا سلێمانی بەبێ خۆڕاگری ڕووە و تەورێز بەجێ هێشت، چونکە لە هێزی عەسکەری سلێمانی دڵنیا نەبوو. لە ڕەوشی کوردان لاپەڕە (١١٨)دا باسی وازهێنانی مەحموود پاشا لە حکومەت ئەکات،

ئەڵێت، "بەهەڵکەوت لە ساڵی ١٢٤٩/ ١٨٣٣ز نایب السلطنە مرد. کاری مەحموود پاشا تووشی شێوان بوو، ناچار وازی لە حکومەت هێنا. لە خانەقایەکی جێگای سەید و شێخی نەقشبەندی لێی دانیشت، سلێمان پاشای بڕای هەموو بەیانیان دەچووە کنی و چاکوچۆنی لەگەڵ ئەکرد.

ئا لەم کاتەدا بوو کە سوڵتان مەحموودی دووەم زانی چۆن بارودۆخی وڵات بووە بە بازیچەی دەستی تاقمێک قۆڵبڕی شوێنکەوتووی تەماعی هیچپووچی خۆیان، بەو پێیە بڕیاریدا بابی عالی و مابەینی هومایونی لەو نەفسنزمانە پاک بکاتەوە، پاش ئەوەی لەم ئەرکە بووەوە، هیمەتی نواند بۆ پاککردنەوەی ناوچەکانی دیکەی قەڵەمڕەوەکەی، یەکێک لەوانە بە پێویستی بینی وەدەریان بنێت لەو پلەوپایانەیان داود پاشا بوو. کە ئەستێرەی بەختی گەیشتبووە ئەوپەڕی پلەی بەرزی و کاتی ئاوابوونی هاتبوو.

خولیای دامەزراندنی حکومەتی میزۆپۆتامیا لەلایەن داودەوە

هاتنی سولتانی عوسمانی مەحموودی دووەم و لابردنی داود پاشاو(٥٥) ئاوا بوونی پۆژگاری ئینکیشاریيەکان

سالی ١٢٤٧ک/ ١٨٣١ز داود پاشا لەسەرکار لا برا.

داود پاشاو خولیای پێکهێنانی حکومەتی داودیی میزۆپۆتامیا

حسێن نازم بەگ لە مێژووی میرایەتی باباندا لاپەڕە ٣٦٥ دا ئەڵێت:

"داود پاشا بیری لە پێکهێنانی حکومەتێکی داودی لە وڵاتی میزۆپۆتامیادا دەکردەوە، سوور بوو لە جێبەجێکردنی ئەم بۆچوونە، بە مەشقپێکردنی سوپایەکی عەسکەری بەهێز، سوپایەکی سەد هەزار کەسی ڕێکخراوی پڕ چەکی دەستەبەر کردبوو، سەرەڕای ئەوانە، چەک و کەلوپەلێکی زۆری جەنگی بە سەرپەرشتی کادیرانی پیشەسازی پسپۆڕی ئەوروپایی هێنابوو، لەبەر ئەوە بە چاوێکی سووک دەیڕوانییە دامەزراندن و ناردنی عەلی ڕەزا پاشا و پێکەنینی پێ دەهات، بەڵام عەداڵەتی وەک ڕۆژ ڕوونـاک و دەسەڵاتی سەرشکێنی حەزرەتی تۆڵەستێنی ڕاستەقینە دواڕۆژانی ژیانی بەختەوەری داود پاشایان هێنایە پێش و کاتی بووت شکاندنی ئەویان نزیک کردەوە و هەرەسیان بە بوغرایی و خۆنازینی لووتبەرزانەی داود هێنا.

هەموو خیانەتێکی(٥٦) داود پاشا بەرامبەر بەو کەسەی کە ناز و نیعمەتی پێ بەخشی، تەنانەت غیرەتی خوداوەندانەشی وروژاند، یەکەم خیانەتی، هەڵگەڕانەوە و هەڵکردنی ئاڵای سەربەخۆیی و جیابوونەوە هەم لەو مەقامی خەلافەتەکە ڕووگەی هەموانە، وەک ناوەندی پێوەندی و ڕووتێکردنی کۆمەڵی ئیسلامی، هەم لە مەقامی سەڵتەنەت بوو کە شەرەفی ویلایەتی بەسەردا بڕی و دەستڕۆیی و حکومەتی پێ بەخشی. دووەم، خیانەتی لەبیرکردن و پشتگوێخستنی خێروبێری والیی سلێمان پاشای گەورە باوکی سەعید بەدەست بەسەرداگرتنی

پایەی ویلایەت کە سەعید پاشای کوڕی بە میرات بۆی مابووەوە. بەوەیش دانەکەوت و هات سەعیدی لەسێدارە دا، لە کاتێکدا خۆی تەنیا کۆیلەیەک بوو، سلێمان پاشا باوکی سەعید بە پارەی تایبەتی خۆی کڕیبووی، وەک کوڕەکانی خۆی تەماشای کرد و پێی خوێند و پەروەردەی کرد و پاشتر کردیە زاوای خۆی و خستییە ڕیزی مەحرەمەکانی خۆی و لە باوەشی بەزەیی خۆیدا جێی کردەوە. سێیەم خیانەتیی ئەوەبوو لە گەرمەی ئەو کێشمەکێشە ماڵوێرانکەرەدا کە خەریک بوو سەری بە فەتارەدا بدات، پەنای بردە بەر مەحموود پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشای بابان و لە سایەی سۆزوخۆشەویستی ئەودا حەوایەوە. مەحموود پاشا هەر بەوەوە نەوەستا بیپارێزێت و چاودێری بکات، بەڵکو خستییە سەر کورسی ویلایەت و وەزارەت. هەموو پاداشتدانەوەیەکی مەحموود پاشا، بریتی بوو لە هەوڵدان بۆ لەناوبردن و توانەوە و بنەبڕکردنی هەموو بنەماڵەی بابان، بەوە خۆی تووشی غەزەبی حەزرەتی تۆڵەسێنی دەسەڵاتدار کرد.

عەلی ڕەزا پاشا(٥٧) هێندەی نەمابوو بگاتە دەوروبەری بەغداد، کە بە زەبری گورچکبڕی خودا پەردەی لە ڕووی توڕەیی پەروەردگار هەڵمالّی و نیشانەکانی ئەم غەزەبە تۆڵەسێنەیش لە شێوەی پەتایەکدا دەر کەوت کە تووشی ناوچەی حوکمدارێتی و کانگای فیز و لووتبەرزی بوو، بە سەرتاسەریدا بڵاو بووەوە، وەک چۆن ئاگر بەردەبێتە پووش، ئاوا پاکی کردەوە و قڕی تێ خست.

ئەوەی جێی سەرسامیی مرۆڤە، یا بەواتایەکی دی، ئەوەی شایانی ڕەچاوکردنە، ئەوەیە کە ئەم نەخۆشییە درمە سەرسوڕهێنەی وا ژیانی هەمووانی گرتەوە، لەناو گشت سەربازانی مەشق پێکراو و لایەنگرانی فکری و یاریدەر و خزمەتکارانی ملهوڕی و خێزانەکانیاندا کە دەوری داود پاشایان دابوو، بڵاو بووەوە، لە کاتێکدا دووچاری تاقە یەکێکی هێزەکەی عەلی ڕەزا پاشا نەبووەوە. بەم شێوەیە هەر بیست کەس لە سەربازانی داود پاشا و ئەندامانی بنەماڵە و نەوە و ژنەکانی ڕزگاریان بوو.

پاش ئەم ماڵوێرانییە کە بوغرایی و لووت بەرزی بەسەر داود پاشایاندا هێنا، پەندی لەم ڕووداوە وەر گرت و هاتەوە هۆش خۆی کە چی بەسەردا هاتووە، بۆیە سەرسەختی و خۆبەزلزانینی بەرامبەر بە عەلی ڕەزا پاشا وەلا نا. بەڕەو پیری چوو بەناچاری خۆی بەدەستەوەدا ملکەچی فەرمانەکانی بوو. عەلی ڕەزا پاشاش لێی بورد و لە جموجوڵ و ڕەفتاری پێشووی خۆش بوو و ناردی بۆ ئەستەمبوڵ و ئاگاداری کردنەوە کە کۆتای بە کاروباری هێناوە و ملکەچی فەرمانەکان بووە. دوای ئەوە بە شێخی حەرەمی پێغەمبەر دانرا لە شاری مەدینە.

ڕێککەوتنی ئاشتییانەی یاشای ڕەواندز و(٥٨) میری بابان

هەر ڕۆژە بە دوای ڕۆژا دێت، ڕۆژ ناکۆژێتەوە،

ساڵی ١٢٤٨ک/ ١٨٣٢ز حەمە پاشای ڕەواندز، هەڵی ناکۆکی میرانی بابانی لەناو خۆیاندا قۆستەوە، سەرلەنوێ پەلاماردانی بۆ سەر خاکی بابان دەستی پێ کردەوە. حکومەتی ئێران پێشتر لای بابی عالی شکاتی لێ کردبوو. ئەستەمبوڵیش بڕیاریدا بە هاوکاری ئێران لەشکری هەردوو لا، جگە لە لەشکری سلێمان پاشای سلێمانی بە هەرسێ لا. لەشکری ڕەواندزیان شکاند بەڵام ئەمە زۆر کەوت لە سەریان، لەبەر سەختی ڕەواندز، خۆشبەختانە هەندێک ناوبژیکەر کەوتنە بەینەوە و ڕێکەوتنێکیان لە چوارچێوەی ئەم مەرجانەدا پێ ئەنجام دان،

ماددەی یەکەم، دەشتەکانی ڕانیە و بیتوێن و خەلەکان و چناران کە زێی بچووک لە باکوورەوە بۆ باشوور دەیانبڕێت، لای ڕاستی سەر بە سلێمانی و لایەکەی تری سەربەڕەواندز دەبێت، هەردوو لاش نابێت دەستدرێژی بکەنە سەر مافی مولکدارێتیی یەکتری.

ماددەی دووەم، زەویوزارەکانی لاهیجان هەر سەر بە ڕەواندز دەبن. بەڵام ئەوبەری کە لەناو سنووری ئێراندایە، کەس دەستی بۆ درێژ ناکا و هەنگاوێک نابێت لێی بچێتە پێشەوە.

ماددەی سێیەم، ناوچەکانی باکووری دەربەند، بەری ڕۆژهەلاتیان. سەر بە سلێمانی و هیی ڕۆژاوایان سەر بە ڕەواندزییەکان دەبێت.

ماددەی چوارەم، هەردوو لا دەتوانن قەڵای چاودێری و بەرگری بەگوێرەی پێویست دروست بکەن.

جا ئایا محەمەد پاشا پابەندی ئەو مەرجانە بوو؟ هەر هەڵبکەوتایە دەستی خۆی دەوەشاند. بەو پێیە دەستی کرد بە دەستدرێژی بۆ سەر خاکی ئێران و گەلی ئێران، لەبەر ئەوە حکومەتی ئێران گوشاری خستە سەر بابی عالی ئەوەش زۆری بۆ عەلی ڕەزا پاشا هێنا تاکو ناوبراو تەمێ بکات، بەو شێوەیە ساڵی ١٢٤٩ک/ ١٨٣٣ز عەلی ڕەزا پاشا خۆی ئامادە کرد

بۆ پەلاماردانی ڕەواندز، بەڵام سەرکەوتنێکی ئەوتۆی دەستگیر نەبوو، بە تێکشکاوی گەڕایەوە، بۆیە بابی عالی ڕەشیدی گوێز لگلی خستە شوێنی، ناوبراویش بە هێزێکی شکۆدارترەوە ڕووی کردە ڕەواندز، پێکدادانی هەردوو لا چەند هەفتەیەکی کێشا،

سەرکەوتنی هیچ لایەک دیار نەبوو، لەبەر ئەوە مەلا محەمەدی خەتێ، کە یەکێک بوو لە زانایانی کوردستان وەک حسێن نازم بەگ لە پەڕە ٣٦٨و ٣٦٩ی مێژووی میرایەتی بابان ئەفەرموێت و ئەو مەلایە فەتوای دا، "قەدەغەیە بۆ حەمە پاشا شەڕی عەسکەرەکانی ئیسلام بکات."

ئەم پیاوە زانایەکی ئایینی بەناوبانگ بوو لە ناوچەکەدا. چووە لای محەمەد پاشا و تێی گەیاند هەڵگەڕانەوە لە خەلیفەی ئیسلام و شەڕی دژی عەسکەری عوسمانی، هەردووکیان هەر لە خۆیاندا کفرن و ئەگەر سنوورێک بۆ ئەم شەڕە دانەنرێت ئەوا بە هەموولایەکی ڕادەگەیەنێت پاشا لە ئیسلام هەڵگەڕاوەتەوە و داوای ملکەچی و خۆبەدەستەوەدانی لێ کرد.

پاشای گەورە، محەمەد پاشا ناچار بوو بەدەم ئەم بانگەوازەوە بچێت. جلوبەرگ و ناوی خۆی گۆڕی و چووە لای ڕەشید پاشا، تاکو دڵنیا بێت لەوەی کە خۆبەدەستەوەدانەکەی بەسەلامەتی تێئەپەڕێت؟ خۆی وا پیشاند دا کە نێردراوی حەمە پاشایە. ڕەشید پاشا لە وەڵامدا وتی، شەڕنەکردن بەستراوە بە خۆبەدەستەوەدانی محەمەد پاشاوە.

ئەوسا ژیانی خۆی و مال و منداڵ و سامانی پارێزراو دەبێت و ئەویش بەڕێز و شکۆوە ڕەوانەی ئەستەموبوڵ دەکرێ و کەمترین سوکایەتی پێ ناکرێت. کاتێک محەمەد پاشا ئەم وەڵامانەی لێ بیست، یەکسەر ڕای گەیاند کە خۆی محەمەد پاشایە و هەر لەوێدا خۆی بەدەستەوە دا.

ڕەشید پاشا پەیمانەکەی بەجێ هێنا، هیچی لێ نەکرد. بەوپەڕی ڕێزەوە ناردی بۆ ئەستەمبوڵ. ماوەیەک لەوێ مایەوە، ڕێزی لێ گیرا، بەڵام لە دواییدا، ژەهرخوارد کرا و کوژرا، وترایش کە گوایە لە دەریای ڕەشدا خنکێنرا. ئەگەرچی بەم شێوەیە سنوورێک بۆ کێشەی محەمەد پاشای ڕەواندز دانرا(٥٩). بەڵام سەرپێچی بابانەکان مایەوە. کاتێک مەحمود پاشا گەیشتە تەورێز بۆیە کەوتە ڕێ بەرەو تاران، لەوێش نائومێد بوو هیچی دەستگیر نەبوو، ئیدی هیچ چارەسەرێکی نەما ئەوە نەبێت کە پەنا بەرێتەوە بەر ئاستانە.

ساڵی ١٨٣٤- ١٨٣٥. چوو بۆ ئەستەمبوڵ، سلێمان پاشای برای بەوەی نەدەزانی و ماوەیەکی درێژ چاوەڕوان بوون لە هەر شوێنێکەوە بێت هەواڵێکی لەبارەیەوە بڵاو ببێتەوە. بەڵام هیچ شوێنەوارێکی لە هیچ جێیەکەوە نەبوو.

شەریف هەمەوەند

شەریف هەمەوەند کە خۆی بە خاوەنحەق ئەزانی، گوایە کوڕی ئەوڕەحمان پاشایە. لەناکاو جۆشێکی دا و ئالای یاخیبوونی هەڵکرد بەڕێز حسێن نازم بەگ لە سەرچاوەی پێشوو (ل ٣٧٠- ٣٧١)لەم ڕووەوە ئەڵێت، "ساڵی ١٢٥٢ک/ ١٨٣٦ز حەمە شەریفی سەرخێڵی هەمەوەندی ئێستای قەزای بازیان لافی ئەوەی لێ ئەدا کە کوڕی ئەوڕەحمان پاشایە، بەو پێیە مافی هەیە حوکمداری سلێمانی بێت، ئیتر لە سلێمان پاشا ڕاست بووەوە و کەوتە بەربەرەکانێکردنی ئەم حەمە شەریفە کوڕی ئافرەتێک بوو کە ڕەندانە ناوبوو، گوایە کەنیزەکێکی حەاڵی ئەوڕەحمان پاشا بووە، لافی ئەوەی لێ دەدا کە شووی بە ئەوڕەحمان پاشا کردووە و منداڵێکی لێ بووە. بەو شێوەیە حەمە شەریف خۆی بە شاییستەی مەقامی حکومەتی بابان دەزانی."

حەمە شەریف مرۆڤێکی ئەوپەڕی ئازا بوو، کەسی لە مەیدانی شەڕدا بە هاوشانی خۆی نەئەزانی، هەتا بڵێی مەرد بوو. ئەو خێڵانەی بەڕێوەی ئەبردن، لە ڕووی ئازایەتییەوە وەک هیچ خێڵێکی کە نەبوون، ڕۆڵەکانی ئەم خێڵە تا ئێستاش ئەو دلێرییە لە خۆیاندا شک ئەبەن، دەشێت بە نموونەی ئازایەتییەکی پشتاوپشتی باپیران لەقەڵەم بدرێت. لەگەڵ ئەوەیشدا، دوو جۆرە ڕەوشتی پێچەوانەی یەکتریان هەبوو، کە جێی ستاییش و لە هەمان کاتدا سەرزەنشتیشە. ڕەوشتە خراپەکەی چەتەیی و ڕێگری بوو، بەاڵم پیاوەتیشیان زۆر بوو. ڕەوشتی بەرزیان ئەوەیە کە یەکجار بەخزمەتن و مافی خەڵک ڕەچاو دەکەن. هیچ کارێکی خراپیان دەرهەق بەدۆست و ناسیاوانیان پێ ناکرێت، کاتی چەتەیی بە هیچ شێوەیەک قەرەی ئافرەت ناکەون، یا چەند خشڵ و زێڕ و زیویشیان هەڵگرتبێت، پێیان وایە دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەت کارێکە هەرگیز لەوان ناوەشێتەوە، لە ڕووی میواندارییشەوە و خزمەتی میوانەوە، ئەوەیە لە وەسفکردن نایەت.

حەمە شەریف ساڵی ١٢٥٢ک/ ١٨٣٦ز سەرۆکی خێڵ بوو لەگەڵ هەزار جەنگاوەرە ئازاکەی خێڵەکەیدا چووە مەیدانی بەربەرەکانێ دژی سلێمان پاشای ئەوڕەحمان پاشا. پێکدادان و شەڕ ماوەیەکی پێ چوو، تا حەمە شەریف بڕیاری دا کۆتاییی پێشبێنی بارودۆخی ئەو ڕۆژە کە ئەو

بڕیارەی تێدا دا، سەرتاشێکی بانگ کرد و داوای لێ کرد سەری بە جوانترین شێوە بتاشێت. چونکە سبەینێ یا دەبێتە سەرۆکی حکومەت یا کەللەسەری بە نووکی ڕمەوە بەرز ئەکرێتەوە و پیشانی خەڵک ئەدرێت تاکو پەندی لێ وەر گرن. ئەمە چیرۆکێکی خۆماڵییە لە زاری زۆر کەسەوە دەگێڕڕێتەوە.

بۆ سبحەینێ بەیانی، پێنج کیلۆمەترەیەک دوور لە سلێمانیەوە شەڕێک لەبەینی لایەنگران بە حەمە شەریف خۆیەوە کە سەرکردایەتی دەکردن و هێزەکانی سلێمان پاشادا. قەوما گوللەیەک بەر حەمە شەریف کەوت و کوشتی، کەللە سەری لە لەشی جیا کرایەوە و کرا بە نووکی ڕمێکەوە، لە بەردەمی سەرای حکومەتدا خرایە بەرچاوی خەڵک تا کەسانی هۆشیار پەند وەر بگرن. ئافرەتانی پرسەگێڕ تا ماوەیەکی درێژ ئەو شیوەن و لاوانەوە دڵتەزێنەیان لە پرسەکاندا دەوتەوە کە دایکە جەرگسووتاوەکەی بۆی وتبوو.

بەم شێوەیە سلێمان پاشا ئەو دوادڕکەی لە ژیانی حکومەتەکەی، لەبندا دەر هێنا، هەرچەند کۆسپ و هەڵنووتان زۆر بوو، بەڵام ئەو ماوەیەی دوایی بەئارامی و بەبێ سەرئێشەی بردە سەر.

بەڵام هەیهوو! بەختەوەری لە ژیاندا تاسەر بۆ هیچ کەسێک نامێنێت. زەبری هەرە بنەڕەتی زەبری ئەجەلە. چونکە ئەجەل لە هیچ خۆڕاگرییەکی بەرامبەر ناکرێت. لە خۆبەدەستەوەدان و قایلبوون بە قەزاوقەدەر زیاتر هیچ چارەسەرێکی دیکەی نییە.

بەم پێیە، هەوڵەکانی سلێمان پاشایش لە پێناوی گەڕان بەدوای بەختەوەریدا، بەختەوەرییەکە توانی بەدەستی بێنێت، ئەویش ناتوانێت بەرگەی زەبری ئەجەل بگرێت، ناوبراو سلێمان پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشا سالی ١٢٥٥ک/ ١٨٣٩ز) کۆچی بۆ باخچەکانی ئەوە دنیا کرد. ئەحمەد بەگی کوڕە گەورەی جێی گرتەوە و لەسەر تەختی حکومەت دانیشت.

وەفاتی سلێمان پاشا و هاتنی ئەحمەد پاشای کوڕی

نالی کە شاعیری سەردەمەکەی بوو. بە پارچە شیعرێکی کوردی لاواندوویەتییەوە و مێژووی مردنەکەشی نووسیوە، کە ئەمەیە و لەهەمان کاتدا پێشوازی لە ئەحمەد پاشای کوڕی ئەکات،

تا نەگریا ئاسمان و تەم وڵاتی دانەگرت،
گوڵ چەمەن ئارا نەبوو، هەم لێوی غونچە وانەبوو
تا چەمەن پیرا لەسەر، ئەصڵی درەختی لانەدا،
فەرعی تازە، خوڕڕەم و بەرز و بۆڵەند باڵا نەبوو
تا سولەیمانان نەبوونە صەدری تەختی ئاخیرەت
ئەحمەدی موختاری ئێمە شاهی تەخت ئارا نەبوو
قیصصە بێ پەردە و کینایەت خۆشە: شاهی من کەوا
عادیلێ بوو قەت عەدیلی ئەو لە دنیادا نەبوو
بۆ نیشینگەی مورغی ڕۆحی ئەو کە عالی فیگرە تە

جێگەیی خۆشتر لەڕەوزەی (جنه المأوی) نەبوو
وەك قیاسێکی كە موثبەت بێ، نەتیجەی بێتەجێ
حەمدولیللا شەھ كە عالی جابوو، خاڵی جانەبوو
شاهی جەم جا (نالیا) (تاریخ جم) تەئریخیه
دانەڵێن لەم عەسرەدا ئەسكەندەری جەم جانەبوو

ئەمەو تەرمی سلێمان پاشا، بەپێی ڕاسپاردەی خۆی لە گردی سەیوانی پاڵ سلێمانی شاردرایەوە. گومەزێک لەسەر گۆڕەکەی دروست کرا، گردەکە ڕووبەرووی شارە، دیمەنێکی دڵگیری پێک هێناوە، چونکە هەزاران دارئەرخەوانی تیادا ڕووێنراوە لە زنجیرەباخێکی بەرز دەچێت، نەک گۆڕستان ئەو گومەزە هەتاکو عەزمی بەگی کوڕەزای سلێمان پاشا مابوو ئەو چاودێری ئەکرد.

زەیوانێکی بۆ گرتبوو کەریمی ناوبوو. شەو لە گومەزەکەدا ئەنوست، بەڕۆژ ئەهات لە ماڵی عەزمی بەگ نان و ئاو و چێشتی ئەخوارد و هەندێکیشی لەگەڵ خۆی ئەبرد.

هەرچی پەڕەی قورئانە خەڵک ئەیانبردە گومەزەکەوە، تا لەم دواییەدا گومەزەکە وەک ئاماژەم بۆ کردووە نوێ کرایەوە. ئێستا کلیلی قاپییەکەی لای خۆمانە(ج.ب).

سێ کوڕ لە سلێمان پاشا بەجێ ما ئەوانیش، ئەحمەد بەگ و عەبدوڵلا بەگ و محەمەد بەگ(٦٠).

ڕۆژگاری حکومەتی ئەحمەد پاشا(٦١)

دوای دانیشتنی ئەحمەد پاشا لە شوێنی باوکی ساڵی ١٨٣٩ز پتر لە جاران کەوتە بایەخپێدانیی و ڕێکخستن و چەسپاندنی کاروباری حکومەت، سیاسەتی تەمێکردنی سەرپێچیکەران تاوی سەند.

ئەم پیاوە بە تەبیعەت حەقپەرست بوو، لەوانە نەبوو چاوپۆشی لە هیچ جموجوڵێکی پێچەوانە بکات. لەبەر ئەوە نە دووبەرەکی دەکەوتە نێوان میران نە هیچ ئاژاوە و ناکۆکی لەناو خەڵکدا ڕووی دا. واتە بە پێچەوانەی مەحمود پاشای مامییەوە کە ئەو هەموو نەرمییەی ئەنواند لەگەڵ خزمەکانیدا بۆیە وای بەسەردا هات (ج.ب).

ئەوانەی لە دەرەوەی شار تاوانیان ئەکرد، لە ترسی سزای چاوەڕوانکراو، خۆیان ئەشاردەوە، ئەو سەرخێڵانە کە تاوانباران پەنایان بۆ دەبردن، ملکەچی فەرمانەکانی ئەحمەد پاشا نەدەبوون و ئەوانەیان بەدەستەوە نەئەدا. ئەمەش بە ئەحمەد پاشا قبوول نەئەکرا، چونکە وای دەگەیاند پەناگە بۆ تاوانباران دابینکراوە و ئاساییشی وڵات ناتوانرێت دەستەبەر بکرێت. لەبەر ئەوە هێزێکی تەمێکردنی نارەد ناوچەی هەورامان و هەموو تەوربەدەست بۆ بڕینەوەی داری باخەکانیان و ڕووخاندنی خانووەکانیان پاش هەڵاتنی خاوەنەکانیان. بەم شێوەیە ئەو هێزە گەیشتە هەورامان، سەیری کرد ناوچەکە چۆڵوهۆڵە، بۆیە داری هەندێک لە باخەکانیان بڕیەوە و چەند لە ماڵەکانیان تێک دران. ئەم زەبرە بە لای هەورامیەکانەوە هێجگار قورس بوو، چونکە

باخەکانیان بنەمای گوزەرانیان بوون. کاتێک ئەم هەواڵە بە حکومەتی ئێران گەیشت، والی سنە بە هێزێکی گەورەوە هێرشی بردە سەر شاری سلێمانی. کە ئەحمەد پاشا بەوەی زانی هێزێکی بە سەرکردایەتی عەبدوڵلا پاشای برای نارد بۆ بەرەنگاری، هەردوو هێزەکە لە مەریوان بەیەک گەیشتن و چەند شەڕێک لەنێواندا ڕووی دا، بە تێکشکان و پاشەکشەی والیی سنە کۆتایی پێ هات.

حکومەتی ئێران سکالای خۆی سەبارەت بە بەسەرهاتەکەی والیی سنە گەیاندە بابی عالی و داوای تەمێکردنی ئەحمەد پاشای کرد.

بۆیە بابی عالی محەمەد نەجیب پاشای والیی بەغدادی نارد بۆ تەمێکردنی. هەموو هێزێکی مووسڵ و کەرکووکی لەگەڵ هێزەعێراقییەکانی خۆیدا برد و ڕووی کردە سلێمانی. هەر ئەوەندەی ئەحمەد پاشا بە مەسەلەکەی زانی، بە هێزەکانیەوە چووە پێشەوە تا گەیشتە کۆیسنجەق، تا بەر بە پەلامارەکانی محەمەد نەجیب پاشا بگرێت و سلێمانی لە بەلای شەڕوشۆڕ بپارێزێت. لەوێ ڕووبەڕوو بەرامبەر بە هێزەکانی نەجیب پاشا ڕاوەستا. باپیرم واتە، باپیری حسێن نازم بەگ کە ئەوسا کە لە سەرەتای لاوێتیدابووە. ئەم شەڕەی بەم شێوەیەی خوارەوە دەگێڕایەوە(٦٢)،

ئەحمەد پاشا بەرامبەر بە هێزە زۆر گرنگەکەی نەجیب پاشا، پێنج تابووری مەشقپێکراوی عەسکەری هەبوو، چەند هێزێکی خێڵەکانیش هاوکارییان دەکرد. لەگەڵ ئەوەیشدا، لەچاو هێزەکانی محەمەد نەجیب پاشادا زۆر لەدواوە بوون، سەرباری ئەوەیش، وا چاوەڕوان دەکرا سەرکەوتن بە نسیبی ئەو بێت...

لێرەدا ناوی مەلا عەلی هاتووە کە مەلایەکی خێرخواز بووە لەبەینی نەجیب پاشا و ئەحمەد پاشا و هاتوچۆی کردووە بۆ چاکسازی و کوژاندنەوەی ئاگری شەڕ.

محەمەد نەجیب پاشا لە بەدەستهێنانی سەرکەوتن نائومێد بووبوو، لەبەر ئەوە چەند جارێک وای نیشان دا ئارەزووی ئاشتبوونەوەی هەیە، بەڵام ئەحمەد پاشا ڕێککەوتنی ڕەت دەکردەوە، پێی وا بوو خۆی براوەیە فەرمانی دا مووچەیەکی زیادە بدرێتە سەربازەکان و ڕێنوییەکانی خۆی لەم ڕووەوە دا بە ئەحمەد ئەفەندی خەزنەدار تا ئەو مووچەی سەربازەکان بدات. بەڵام ئەحمەدە فەندی بەرهەڵستی فەرمانەکەی کرد و بە پاشای وت سەرچاوەیەکی تر ناوی بینباشی بریندار ئاغا ئەبات کە ئەو سەرۆکی سوپا بووە ئەو ئەمری تەسلیمبونی سوپا ئەدات. گەورەم سەرباز هەمان تەبیعەتی سەگیان هەیە، تا پتر برسی ببن، سەرسەختانەتر شەڕ دەکەن. پێویستە وای دابنێین پەلامارمان بدەن. ڕەنگە شەڕەکە بە بارێکی پێچەوانەدا بشکێتەوە ئەگەر تووشی نشوستییەک هاتین، هەر پارە فریامان دەکەوێت، بۆیە دەبێت ئاگامان لە خەرجکردنی بێت. بەم جۆرە ئەحمەدە فەنی بوو بە ڕێگری بەردەم بەشینەوەی ئەم مووچە زیادە بڕیار لێدراوە، کە سەربازەکان بەوەیان زانی، لەناو خۆیاندا کەوتنە مقۆمقۆ و باس و خواس و بڕیاریان دا ئەحمەدە فەنی لەناو بەرن و پاشتر بڵاوەی لێ بکەن. نیوەشەوی دوایی بۆ بەجێهێنانی پلانەکە دیاری کراو کە تەقاندنی گوللەیەکیان کرد بە نیشان بۆ دەستپێکردنی بڵاوەلێکردن. ڕەشەباش

ئەو شەوە کاری خۆی کرد. یارمەتی سەربازەکانی دا جموجوڵی خۆیان و ڕێوشوێنی عەسکەری گیراوە بەربان بشارنەوە. هەر کە نیوەشە و داهات تەقەی گوللەیەک سەربازەکانی ڕاست کردەوە. هەر دەنگی گوللەکە هات، هەر سەربازە دەستی بۆ چەکەکەی خۆی برد و هەڵی گرت. هەموو پەلاماری ئەحمەدە فەندیان دا، لە ئانوساتدا کۆتاییان بە ژیانی هێنا. ئیتر کەسیان لە بنەکەکەدا نەمایەوە. کە کار بەوە گەیشت، ئەحمەد پاشا بە ڕووداوەکەی زانی، چار چییە؟ شمشێر پێش دادوەری کەوت- سبق السیف العزل.

گێڕانەوەی لەدەست چوو ڕابورد. ئەحمەد پاشا هەر ئەوەی بۆ مایەوە، بەر لەوەی بکەوێتە دەست نەجیب پاشا، سواری ئەسپەکەی ببێت و هەڵبێت و سەری خۆی دەر بکات. دیارە ئەویش هەر ئەوەی کرد، ئەگەرچی سەرەتا ڕووی کردە ئێران، لە ئێران لە مەریوان و سنە زۆر ڕێزیان لێ گرت. دوای ئەوە بەرەو وڵاتی شەمزین ڕۆیشت لەوێ لە تەکیەی شێخ بەهای مامۆستای تەریقەتی نەقشبەندی پێنج مانگ دانیشت. دوای ئەوەی لە ڕێگای موسڵەوە بەرەو ئەستەمبوڵ جوولا. لە موسڵ باڵیوزی ئینگلیز بەخێرهاتنی گەرمی کرد. لە ئەستەمبوڵ تا ساڵێک لێی لالووت بوون. پاشان اجازەی وەر گرت چۆ بۆ پاریس دوو ساڵ و نیو لەوێ مایەوە. کاربەدەستانی فەرەنسا شتی باشیان دەرحەق ئەوت. عوسمانی ئەوەی بەدڵ بوو. بانگیان کردەوە. کردیان بە والی حیجاز. لەوێوە ناردیانە یەمەن چواردە ساڵ مایەوە. عەبدولقادر ڕۆستەم بابانی لە ڕەوشی کوردان. هەروەها حسێن نازم دەڵێت، "با لێرەدا لەبیرم(٦٣) نەچێت حاڵ و باریک تۆمار بکەم کە لە خۆشی بەدەر نییە و بەجێیە، سەروبەندی ئەم بڵاوەلێکردنە چاوەڕوان نەکراوە، ڕووی داوە. کابرایەک مامە یارە ناو هەبوو تا ساڵی ١٣١٢ک/ ١٨٩٤ز لە ژیاندا مابوو. ئەم پیاوە بەسالاچووە تا ئەو ساتەی مرد، ڕوالەت و هێز و گوڕی جەستەی وەک خۆیان مابوونەوە. چالاکی و دەستوبردی هاوتای تەمەنی بوون.

ڕۆژانی ڕەسمی بەرگە کۆنە زرێدارەکەی دەپۆشی، چەکەکەی هەڵدەگرت و کاری سەیرو سەمەرەی دەکرد. هەموو جومعەیەک لەناو مزگەوتی چەقی بازاڕدا ڕادەوەستا ئامۆژگاریی خەڵک بکات. بەڵام ئامۆژگریەکانی وەک هی پیاوانی دینی نەبوون، شتێکی تایبەت بە خۆی و مایەی پێکەنین بوون.

ئەم پیاوە لە زەمانی ئەحمەد پاشادا تۆپچی بوو. شەوەکەی کۆیە کە سەربازەکان. وەک پێشتر باسمان کرد. بڵاوەیان تێدا کرد و ئەحمەد پاشایش دوور کەوتەوە و کەسێک لە مەیداندا نەمایەوە، ئەم هاوڕێ سۆفییەمان لەو تۆپانەی کە بەرپرسی هەڵسوراندنیان بوو، دوور نەکەوتەوە. بەرەبەیانی ڕۆژی دووەم، دوابەدوای بڵاوەلێکردنی هێزەکانی ئەحمەد پاشا لە دەوری و کاتێک محەمەد نەجیب پاشا بە مەسەلەکەی زانی و هێشتا هێندێک چادر و کەلوپەل و شتی دیکە لە بارەگای ئەحمەد پاشادا مابووەوە، ئەم سۆفییە سەرلەنوێ تۆپەکانی کارپێ کرد و دەستی بەتەقاندنەوەی ئەم تۆپانە کردەوە، بەبێ ئەوەی لە چالاکی بکەوێت. نەیهێشت سەربازەکانی نەجیب پاشا بۆماوەیەکی دیاریکراو لێی نزیک ببنەوە. بەڵام دواجار دەستگیرکرا و

برایە لای محەمەد نەجیب پاشا، کاتێک لێیان پرسی، "پاش ئەوەی کەس لە مەیدانی شەڕدا نەما و چۆل و هۆل بوو. بەرگرییت لە چی دەکرد؟" وەڵامی دایەوە، "هەر کەسێک لە وەزیفەی خۆی بەرپرسە، مادامێکی گوڕوتینم هەیە، بڵاوەلێکردنی سەربازان بیانووی ئەوەم ناداتێ دەست لە کارەکەم هەڵیگرم و درێژەی پێ نەدەم، چیم داوە لە کاری خەڵکانی دی." محەمەد نەجیب پاشا بە وەڵامەکەی تەواو دڵخۆش بوو. سەرپشکی کرد چی بوێت داوای بکات، ئەنجام بەروبوومی گوندی (چۆڵی کانی درکەی سەگانی) بۆ تەرخان کرا.

بە کورتی بەگوێرەی مامۆستا حوزنی موکریانی (٦٤) تەواوکەری، ئەم ڕووداوە ئەڵێت، "ئەحمەد پاشا بە تووندیوتیژی ئەمری شەڕی دا. کە سپاهی ڕیز بوون و شێپوری شەڕی لێدا، بریندار ئاغا و سەرکردەکانی ئەمری تەسلیم بە دوژمن بوونیان دا. (ج.ب)

جگە لە ئەحمەد پاشا و عەبدوڵڵا پاشا و مەحمود پاشا لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی تر نەبێت کە ڕزگاربوون، هەر لەوێوە چوونە ئەستەمبوڵ.

حکومەتی بابانیش(٦٥) دوایی هات و خاکی شارەزوور کەوتە ژێر حوکمی ڕۆمییەکانەوە. ئەحمەد پاشا بە گەلێک وظایفی وەکو والییەتی بەسەر برد و گەلێک لە ئەستەمبوڵ دانیشت.

ئێنجا موکریانی باسی غەزەلە مشهورەکەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی ڕۆژی یەکشەممە کە مەشهوورە بە ڕۆژی بازاڕ. ئەم چەند شیعرەشی بە ئەحمەد پاشادا هەڵگوتووە کە لە ئەستەمبوڵ بوو.

ئەمە دوو ڕۆژە کە سەرگەشتە و حەیران دەگەڕێم- کێم هەیە غەیری وەلی نیعمەتی فرخندە شعار

یەعنی هەم نامی نەبی حەزرەتی ئەحمەد پاشا- فەخری دین، کانی کەرەم، بەحری حەیا، کۆهی ویقار

کەفی زەربەخشی کە وا مەنبەعی دوڕ و گۆهەرە- وەکو بەحرێکە، نە ساحیلی هەبێت و نەکەنار

طبعی جەوادوو کەریمی وەکو قائانی ئەڵێت، زەڕ بە قنطار هەمی بەخشد و وشتر بە قنطار

تاوەکو دەورە بکات و بگەڕێ چەرخی فەلەک- تاوەکو دێت و دەچێ بێتو بچێ لیل و نەهار

بە مرادی بگەڕێ شمس و قمر چەرخی فلک- ظفر و فتحی قرین بەختی معین طالعی یار.

هەروەکو لە پێشدا بێژرا، ئەحمەد پاشا کە گەیشتە ئەستەمبوڵ. چەند پیاوێکی گەورەی لەگەڵ چوون. یەکێک لەوانە سلێمان بێگی قواس بوو. ئەو پیاوە گەورەیە تێکۆشا کە لە سلێمانیدا مکتب بکرێتەوە و ئەحمەد پاشای بابانیش یارمەتی دا. ساڵی هەزار و دوو سەد و هەشتاو پێنجی هیجری (١٨٦٨ز) لە سلێمانی مکتبی ڕشدیەی ملکیە بە چوار صنف کرایەوە. مندااڵی کورد چوار ساڵ لەوێ ئەیانخوێند، لەپاشان ئەچوونە بەغداد دوو ساڵیش لە مکتبی ئەعدادییەی بەغداد تحصیل ئەکرا، اکمالی صنفی تخرج ئەبون ئەوجا دەنێردرانە مکتبی ئەعدادی

عسکری ئەستەمبول دەست بە علوم و فن واصولی عسکری ئەکرا و تێدا دەکۆشرا. لەو مکتبە بە ضابطی سوارە و پیادە و تۆپچی و بەیتەری دەر ئەچوون و ڕوتبەی گەورەیان دەست ئەکەوت.

هەروەها بەهەشتی موکریانی لەسەری ئەڕوات(٦٦)، لە ساڵی هەزار و سێ صەد و پازدەی هجریدا (١٨٩٣)ی میلادی سەعید پاشای ڕەئیسی شورای دەوڵەت کە کوڕی سلێمان بەگی قواس بوو بۆ کۆشش و غیرەتی فەرموو، مەکتەبێکی ڕشدیەی عەسکری بە چوار صنف لە سلێمانی کرایەوە. شاگردی ئەو مکتبە لەپاش چوار ساڵ خوێندن دەڕۆیشتنە بەغداد سێ ساڵ دەیانخوێند لەسەر ئارەزووی بە ضابطی پیادەوە یان سوارەوە یاخود تۆپچی دەر ئەچوو. ئەگەر بیویستایە ئەچوو بۆ ئەستەمبول سێ ساڵی تریش لە مەکتبدا دەیخوێند بە طبیب یاخود بەیتەر دەر ئەچوو، ئەو مەکتەبە شاگردی زۆر چاکی پێگەیاند. کوردەکان لە سایەی ئەو مەکتەبە چاکانەی سلێمانی ضابطی عسکری چاک و قوماندانی ناودار و مدیر و قائمقام و متصرفی غەیور و ناوداریان لێ پێگەێنرا.

وەلحاسل کوردەکان زۆر ئیستفادەیان کرد و ناوی بابانیان بەچاکترین بیر ژیاندەوە و خاکی شارەزووریان کردە لانکی فنون و زانست.

ئەحمەد پاشا، بانگ کرایە بەغداد لەلایەن والییەوە ئەویش توانیی والی دڵنیا بکات، کە خۆی لە سلێمانی بمێنێتەوە. ئەوسا ئەحمەد پاشا هەوڵی سەربەخۆیی میرنشینی بابانی دا، لە ئەنجامدا، والی عەبدوڵڵای برای لە جێگای دانا. ئەحمەد پاشا ڕووی کردە ئێران. ساڵی ١٨٤٥-١٨٤٦ز هەوڵی سەندنەوەی حوکمی سلێمانی دا و ئێرانیش یارمەتی دا، بەڵام سەر نەکەوت، بۆیە ڕووی کردە کونسوڵی بەریتانیا لە بەغداد سیر ڕاولنسون کە یارمەتی بدات گەڕانەوەی، وەک سەرۆکی میرنشینی بابان. ڕاولنسون هەوڵی بۆ دا لە ڕێی حکومەتەکەی خۆیەوە بەڵکو لای سوڵتان هەوڵی گەڕانەوەی بۆ بدرێت، ڕاولنسون حەزی ئەکرد کوردستان لەژێر دەستی عوسمانی و فارس دەربێنێت و سەربەخۆ بێت و بەهێز بێت و لەو دوو دەوڵەتە عوسمانی و فارس دوور بکەوێتەوە. جا بەگوێرەی ڕاولنسون ئەگەر ئەحمەد پاشا لە گێڕانەوەی حوکمی سلێمانی دا سەرکەوتوو بێت. ئەوسا شۆڕشێکی گەورە لە کوردستاندا سەر هەڵبدا دژی عوسمانی. کوردستان سەربەخۆ ئەبێت و ئەمەش خزمەتێکی گەورەی لێ ئەوەشێتەوە بۆ بەرژەوەندی بەریتانیا. هەر بۆ بەدەستهێنانی ئەم مەبەستە. ڕاولنسون داوای لە حکومەتەکەی خۆی کرد، هەر کاتێک دەوڵەتە زلهێزەکان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەناو خۆیاندا دابەش بکەن داوا لە حکومەتی بەریتانیا ئەکات کە یەکسەر عێراق داگیر بکات. ئەوسا میرنشینی بابان و سەرۆکایەتی ئەحمەد پاشا، ئەبێت بە سنووری ژووروی مستعمەرەی تازەی بەریتانیا عەبد ڕەببە ئیبراهیم کە لە تأریخ العراق الحدیث نووسینی د. عەبدولعەزیز نواری وەر گرتووە لاپەڕە -٢٦١تا ٢٦٣ تاریخ الامارە البابانیە بەڵام ڕێککەوتنامەی دووەمی ئەرزڕۆم ساڵی ١٨٤٧ بەینی عوسمانی و ئێران، ئەم خۆزگەیەی ڕاولنسونی لە بناغەوە هەڵتەکاند.

پەراوێزەکانی بەشی سێیەم

١. هەر ئەو یارییە کە ئەمڕۆ لە سەرەتای سەدەی بیستویەکدا لە سەرانسەری عێراقدا دووپات ئەبێتەوە. هەڵسوڕانی سیاسەت لەلایەن حیزبەکانەوە لەپێش هەموو مەبەستێکدا بۆ بەرژەوەندیی حیزب خۆی کە ئەویش بریتیە لە قازانج و دەستکەوتنی مادیی و منصب بۆ ئەندامەکانی ئەو حیزبە، نەک بۆ بەرژەوەندی گەلی عێراق.
ئەوەتا مێژووی سلێمانی و هەموو سەرچاوەکانی تر سەلماندیان کە ئەورەحمان پاشا یەکەم پاشای بابانە لە سیاسەت و بەڕێوەبردن و کارمەندی و دڵسۆزی و پاکی و خزمەتی وڵات و گەل، کەچی چەندەهای وەک خالید پاشا و عەبدوڵڵا پاشای بۆ ئەورەحمان پاشا و سلێمان پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشا، لێی ڕائەپەڕن، هەرچەند بە چاوێکی سووک سەیریان ئەکەن و بە هیچیان نازانن، بەڵام خۆ هیچ نەبێت ژینگەی وڵات پیس ئەکەن و تەگەرە لە پێشکەوتنی ئەدەن. بنەماڵەی بابانیش هەر وا بەئاسانی نەگەیشتبووە ئەو پلەو پایەیەی ئەو ڕۆژگارە.
٢. سلێمان پاشا و عەبدولڕەحمان پاشا، هەر زوو ناکۆکی کەوتە بەینیانەوە. ئێران هەردووکیانی بە دەستێژی خۆی ئەزانی. پێئەچێت ئێران هەوڵی ڕێکخستنیانی دابێت. گاردان لە نووسراوێکیدا بۆ وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لەم بارەیەوە ئەڵێت، "دوای ئەوەی لە ناوچە سنووریەکانی کوردستان، ئەو سەرتیپەی ئێران ناردبووی نەیتوانی لەوێ بمێنێتەوە و ئەو ناکۆکییەی لە کۆنەوە لەبەینی سلێمان پاشا و ئەورەحمان پاشادا بە لایەکدا بخات، لە قەڵاچوالان گەڕایەوە بۆ لای شازادە، هەروەها گاردان لە نامەیەکی تردا نووسیویەتی بۆ ئەوەی پایەبەرز پێوەندی دۆستانەی خۆی لەگەڵ بابی عالی دابمەزرێنێت کە لە ڕێگای ئەستەمبوڵەوە بتوانێت بەئاسانی بەڵام بەهیچ جۆرێک ئەو ڕەفتارەی نەگۆڕیوە کە بەرامبەر ولایەتە تورکییەکانی دراوسێی ئێران هەیبوو، وەکو جاران دەستوەردانە ئەو ناکۆکییانەوە کە لەنێوان پاشای بەغداد و سلێمانیدا هەبوو. لەشکرکێشیی ئێران لە جووڵانەوەدایە بەرەو کوردستان، سەرەڕای ئەو هەموو

دڵنیاییکردنە ئەچنە ناو قەڵەمڕەوی عوسمانییەوە و چاوەڕوانی هەلی لەبارە بۆ ئەوەی بیانگرێت پایەبەرزیش لای وایە ئەو سلێمانی والیی لە دیلی ڕزگار کرد، لە شەڕی بەینی عەلی پاشا و ئەورەحمان پاشا دا. بەڵام والیی نەفرەتی تۆندی هەیە بەرامبەر هەرشتێک کە ناوی ئێرانی پێوە بێت. نوشیروان مستەفا لاپەڕە ١١٨- بەرگی سێیەم.

٣. ئەو پیاوە بەتەواوەتی دژی ئەو پەندە بووە کە ئەڵێت، "ئەگەر ئەتەوێت دایم لەپێش بیت دەست لەسەر سنگ ببیت، بەڵام وا دیارە، ئەم پەندە پڕ بە بالای خالید بووە، بەو پێیەی کە حسێن نازم بەگ هەموو ڕەوشت و کردەوەکانی لەم کتێبەدا خستۆتە ڕوو.

٤. ئەمڕۆ کە ڕۆژی ٢٠١٤/٧/٨ز ڕاست لەو ڕۆژە ئەکات، ئەوەتا سەرۆکوەزیرانی عێراق ماوەی هەشت ساڵەو کاتی دەستووری مانەوەی تەواو بووە و ئینجا پێ دائەگرێت بۆ خۆپاڵاوتنی بۆ چوار ساڵی تر، لە کاتێکدا کە لە ماوەی دەستبەکاربوونیەوە لە گەندەڵی و وێرانبوونی وڵات و هێرشی یەک لەدوای یەکی تۆندڕەوە و ئیرهابییەکان و دوای ئەوانیش داعش دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام کە دەستی بەسەر زۆر لایەنی عێراقدا گرتووە. دوای ئەم هەمووسەرشۆڕی و حەیاچوونەی حکومەتی عێراق، بێگومان سەرەک وەزیران ئەبێت دەستە چەپەڵەکەی ناحەزی خۆی بە یەکێک بسڕێت و خۆی بە پیاو و پاک و دڵسۆز دەر بکات. دەستی پیسی بە کورد و سەرۆکی کورد لە هەولێر بسڕێت. لە کاتێکدا کە هەموو پیاوە بەرپرسەکانی شیعە لەپێش لایەنی سوننە و کوردەوە ئەوان داوای استقالەی ئەکەن، ئەویش سووڕە لەسەر هەڵبژاردنی جارێکی تر بۆ ئەوەی ئەو بەشە سەلامەتەی لە عێراقدا ماوە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، ئەویش وەک ناوچەی موسڵ و سامڕا و ڕمادی و فلوجە... لەناو بەرێت، جا با بزانین ئەو پشتێنی بەختەی ئەو پیاوە کە بەگڤەگڤ بە هەوادا کەوانی کێشاوە و ئەسووڕێتەوە، لە ئەنجامدا کە ئەکەوێتە خوارەوە، خۆی و دەستەوەدایەڕەی نغرۆ ئەکات، یا میللەتی عێراق؟

٥. داری بێسێبەر هەر بۆ ئەوە باشە لە ڕەگوڕیشە دەر بێت و فڕێ بدرێتە جەهەنەمەوە بۆ سووتاندنی لاشەی ئەوانەی لە بابەت خۆیانن.

٦. دوای ئەم هەموو دەستدرێژییەی مەمالیکە کوڵەمەندەکان- والییە مەغرور و مێشکبۆشەکانی یەک لەدوای یەکی عێراق لەژێر پەردەی زوڵموزۆری ئەو سوڵتانانەدا کە لە کورد و لە بابانیان ئەکرد و ئینجا بەدەنگەوەهاتنی کاربەدەستانی ئێران کاتێک کە بابانەکان پەنایان بۆ ئەبردن، بەڵام هەر باشە و ئەو پەندەی پێشینانی بەسەردا ئەسەپێت کە ئەڵێت، "بە ڕیشی مەردانەت قەسەم." واتە ئێران نابێت بڵێین لە هەموو سەرێکەوە زیانی هەیە و سوودی نییە، ئەوەتا لە کاتی وا دا سوودبەخشە، هەرچەندە ئەوەش بە خۆرایی نییە، ئەمەیە شوێنی جوغرافی کورد لە ئەزەلدا، کە لە بەینی دوو قەوم و دوو میللەتی گەورە و بەهێز و جیاواز لەیەکتر تورک و عەجەم یاخود لەوە پێشتر سوننە

و شیعە، ئەو والییە مەمالیکانەش کە ئەو خۆبەزلزانینە و ئەو غرورەیان هەبوو، بۆچی یەکێکیان ئەیانزانی دایک و باوک و ولات و بنەماڵەیان کێیە بۆچی خۆیان، ئەناسی تا خەڵکی تر و بنەماڵە و پیاو بناسنەوە؟.

۷. بەڕێز حسێن نازم بەگ ڕای خۆی هەیە، بەرامبەر بە یەزییدیەکان، ڕای هەرکەسیش ئەبێت ڕێزی لێ بگیرێت چی لە توانادا بوو لەو ڕووەوە بوترێت باشترە لەوەی دیزە بەدەرخۆنە بکرێت.

۸. ئەویش لەمەودوا بۆمان دەر ئەکەوێت چۆن پاداشتی ئەوڕەحمان پاشای دایەوە، بەڵێ، ئەم دڵپاکی و باوەڕ بەبێگانە و بە هاوڕەگەزیش کە بۆ کورد ماوەتەوە لە باووباپیرەوەیە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە د. علی الوردی لە ل٤٩ -٥٥ ئەڵێت، محەمەد المتوکل علی الله پیاوێک بوو لە پاشماوەی عەباسیەکان، گوایە وازی لە خەلافەت هێناوە، بۆ سوڵتان سەلیم هەموو جێماوەپیرۆزەکانی پێغەمبەری وەک (بەیرەق و بوردە و شیر و کلیلی حەرەمەینی) داوەتێ و لەو کاتەوە سوڵتانی عوسمانی بە (امیر المؤمنین و خلیفەی ڕسول الله) ناو ئەبرێن، ئەمە بوو بە مشتومڕ و چەندووچوون لەناو زانایاندا، تا لە دواییدا ساطع الحصری ئەوەی لە بنەڕەتەوە ڕەت کردەوە کە وا باسە مێژووییەکان هیچیان بە لای ئەو قسەیەدا دا ناچن و ئەمە دروست کراوە چونکە عوسمانییەکان زۆر لەوە سوودمەندبوون لمحات اجتماعیە. بەرگی یەکەم.

۹. مەبەستی لە مەقامی خەلافەتە، کە بەتەواوەتی ساغ نەبۆتەوە ئایا ئەو سوڵتانانە خەلیفە و ئەمیر ئەلمؤمینین بوون یان نا؟ بەڵام ئەوەتا بیرتیژێکی عەرەب (سالح الحصری) ڕەدی ئەکاتەوە.

۱۰. ئەم برگەیە و ئەوەی دوایشی وێنەیەکی ڕاشکاوانەی کاربەدەستان و باوەڕپێکراوانی سوڵتانە لە هەموو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا کە، ئەوڕەحمان پاشای بابان بوێرانە بۆ حالت ئەفەندی یەکاڵا و ڕوون ئەکاتەوە و بە ئاشکرا پێشی ئەڵێت، کە خۆشت یەکێکیت لەو دامودەزگا گەندەڵەی سوڵتان" ئینجا نۆرەی نووسەری ئەم کتێبەیە، "قوربان، پاشای مەزن، بەندە حەددم نییە ڕەخنە لە بەڕێزت بگرم بەڵام لەو بڕوایەدام تۆ پلەوپایەی والیی بەغدادت قبوڵ بفەرموایە، بەو ژیری و ئەزموون و شارەزاییە و تاقیکردنەوانەت کە لە ژیانتدا بەدەستت هێنابوون، لەگەڵ ئەو مەمالیکانەدا کە خۆشیان نەیان ئەزانی کێن؟ فەرقتان زۆر ئەبوو، ئەتانتوانی ئەم گەییانەی خۆتان نەهێڵن و کوردستان لەو هێرشانەی عەلی پاشا و سلێمانی خوشکەزای بپارێزن لە پێگەیەکی بەهێزدا دابمەزرێنن، من ئەم قسەیە ئەکەم نازانم کاروباری ئەو ڕۆژە و زروف چی بووە، کە نەوازشت هێناوەتەوە و عەبدوڵڵا پاشات بەدەستی خۆت دانا، کەچی لە دواییدا ئاوا لێت هەڵگەڕایەوە و بەدوای سەرتا ئەگەڕا "خۆت بۆ بۆرە پیاو بکوژە، ئەڵێت بە دەردی خۆی مرد."

داوای لێبوردن لە خوای گەورە و هەروەها داوای بەهەشتی بەرین بۆ بەڕێزتان و هەموو

بابانە خوالێخۆشبووە ڕاست و دڵسۆزەکان ئەخوازم،
١١. ئەوڕەحمان پاشا عالمی دینی و زانای ئایینی و خوێندەوارێکی پێشکەوتووی ئەو ڕۆژ و زەمانەی خۆی بوو، وەک زانایەک لەو مزگەوتەی کە خۆی دروستی کردبوو مزگەوتی سەی حەسەن، وانەی بە فەقێ و قوتابییان ئەوتەوە، ڕۆژێک پیاوێک لە لادێوە لەگەڵ کوڕەکەیدا هاتبوون ئەچێت بۆ لای پاشا بۆ جێبەجێکردنی کارەکەی، کە دێتە دەرەوە کوڕەکەی لێی ئەپرسێت، ئەڕێ بابە ئەم پاشایەی ئەمڕۆ چووینە لای مەلا کەی دوێنێ نەبوو کە لە مزگەوت وانەی بە فەقێکان ئەوتەوە؟
باوکیشی ئەڵێت، "بەڵێ خۆی بوو!"
ئەوڕەحمان پاشا بێجگە لە مزگەوتی سەی حەسەن مزگەوتی بابا عەلییشی لە گەڕەکی گۆیژە سەرچیمەن لە سلێمانیدا دروست کردووە.
بێگومان نامەی سیاسیی و ئابووری و ئەدەبیی ئاوەها لە خوێندەوارێکی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە نەبێت، کە ئێمە کورتیشمان کردۆتەوە. بە هەموو کەسێکی ئەو زەمانە سالّی ١٨١٣ نە ئەنووسرا.
بێگومان ئەم نامە بەرزە ڕەخنەییە بگاتە دەست گەندەڵ و ساختەچییەکی وەک حالت ئەفەندی کە باوەڕپێکراوی سوڵتان بوو پێی پەست ئەبێت، نەک پێی خۆش بێت و پەند و دەرسی لێ وەر بگرێت.
١٢. گەورەیی ئەوڕەحمان پاشا لەو دەور و زەمانەشدا لەوەدا بووە، کە ئاوڕی لە مافی نەتەوایەتی بە داواکاری ڕاشکاوی، نەک لە دووتوێی قسە و نووسراودا، داوەتەوە و ئەو مەسەلەیەی پشتگوێ نەخستووە.
١٣. هەموو پیاوە ناسراوەکانی عوسمانی ئەو دەردەپیسەیان لەگەڵدا بوو، مەلاشوویان بەخیانەت و غەدر و درۆ و دەلەسە هەڵدرابووەوە، بۆیە کۆلەمەندەکان واتە والییەکان و پیاوە گەورەکانی عوسمانی وەک حالت ئەفەندی، هەموو تێکڕا ماکینەی دەوڵەتیان بەو ئەخلاقە ناهەمواڕە بەڕێوە ئەبرد. حالت ئەفەندی بڕواپێکراو لەلایەن سوڵتانەوە نێردراو و هەموو سەلاحییەتی پێ سپێردرابوو، بۆ جێبەجێکردنی ناکۆکی و پێکهێنانی کاروبار و لابردنی والیی، کەچی هاتووە ئاگرەکە زیاتر خۆش ئەکات. لەباتیی ئەوەی هەموو بڕوا و پرس و ڕایەک بە پیاوێکی ڕاست و پاکی وەک ئەوڕەحمان پاشا کە ئەو هەموو کارە ناڕەوایانەی بۆ ڕاست کردەوە، کەچی هاتووە موئامەرەی لە دژ ئەکات. بۆیە ئەویش فەرمانی دا پەتیان کرد و هێنایانە بەردەستی، ئا لەوێدا ئەگەر پیاو بووایە لە ترسدا نە ئەلەرزی و هەر بۆیەش بە دزییەوە و بە درۆ و دەلەسەڕێکخستن ئەوڕەحمان پاشای ڕازی کرد.
ئەو ئەوڕەحمان پاشایەی لە هەموو کەس زیاتر پابەند بوو بە خەلافەتی عوسمانی ئەو خەلافەتەی بە زۆر سەپێنرا بەسەر موسڵماناندا و لەپێش هەمووانداکورد و بابانی پێ

لەخشتە برا.

١٤. سکالای گازندە دژی سلێمان پاشای وەزیر بە پادەیەکی زۆر گەیشتە بابی عالی. بۆیە لەوێوە حالت محمد سعید- حالت ئەفەندی، سەرۆکی دیوانی هومایونی نێردرایە بەغداد. دەسەلاتی تەواوی درا بۆیە تەنانەت فەرمانی وەزارەتی هێنابوو تەنها جێگەی ناوەکەی بەبۆشی هێڵرابووەوە تاکو خۆی کێی هەڵبژارد بینووسێت.

بە کورتی ئەو هێرشەی ئەو بەیانییە کرایە سەر ئەوڕەحمان پاشا نەک دەستی حالت ئەفەندی تیادابوو. بەڵکو ئەو ڕێکی خستبوو. بەڵام ئەم گەورەپیاوەی کە سوڵتان ناردبووی بۆ عێراق وا دیار بوو هێشتا تەواو لە کەسایەتیی ئەوڕەحمان پاشا شارەزا نەبووبوو. هێشتا نەیناسیبوو.

١٥. بگەڕێینەوە بۆ پێش دانانی عەبدوڵڵای خازن، لەلایەن ئەوڕەحمان پاشاوە بە والی. مامۆستا نەوشیروان مستەفا ئەڵێت، "ئەو کاتەی حالت بۆ یەکێک ئەگەڕا دایێت بە والی، ئەوڕەحمان پاشا، لەناو گەورەپیاوانی عێراقدا، لە هەموویان بەناوبانگتر بوو، سەرچاوە کوردییەکان وەک ڕیچ ئەگێڕنەوە، حالت داوای لە ئەوڕەحمان پاشا کردبوو، کە لە جێی سلێمان پاشا ببێتە والی، کەچی ئەوڕەحمان پاشا، زۆر مەردانە و بەتوندی داواکەی ڕەتکردەوە و وتبووی، "ڕاستە بەوە من پلەی وەزیریم ئەدرێتێ بەڵام قومێک لە ئاوی چیاکانی کوردستان بە هەموو تەختی دەوڵەتی عوسمانی ناگۆڕمەوە، ڕەنگە چوونیشم بۆ بەغداد، گوزەرانیشم زۆر خۆشتر بکات، بەڵام ئەنجامەکە ئەبێتە هۆی لەناوچوونی بنەماڵەی بابان"، لام وایە ئەگەر قاییل بووایە دوور نییە ولایەتی لە دەست مەمالیک هەتا هەتایە دەربهێنایە، دووریش نییە هەر بە دەست بابانەکانەوە بمایەتەوە، یاخود لە دواییدا بکەوتایەتە دەست شێخەکانی عەززەی وەک شاوی و ئال حمود. (ج.ب) گەورەپیاوانی کورد وتیان دەست لە ولاتی خۆت هەڵمەگرە، ئەوەی گومانی تیادا نییە ئەوڕەحمان پاشا هەوڵێکی زۆری داوە کە ڕاستەوخۆ سەر بە بابی عالی بێت و بەرامبەر بەوە باجی سالانە زیاد بکات، بەڵام ئەو هەوڵەی سەری نەگرت. ١٤-١٢٢، ١٥-١٢٣ بەرگی سێیەم. م. نەوشیروان.

١٦. یەنیچەری: یەنی= تازە، واتە سوپای تازە.

١٧. ئەی گوایە پێزانین و چاکەدانەوەی ئەو جۆرە کەسانە کە خۆیان لە هیچەوە پێگەیشتوون، هەموو بە منالی لە ئەرمەنستان و قازاخستان و... ولاتانی ترەوە هێنراونەتە ئەستەمبوڵ و لەوێ لە بازاڕدا فرۆشراون و دایکوباوکی خۆیان لا دیار نییە و هەندێکیشیان هەتیو بوون، ئەمانە هەرگیز پەندیش لەوانەی پێش خۆیان وەر ناگرن و سەیری ڕووداو و بەسەرهات ناکەن،

هەر بەڕێزێک ئەوەندەی ئەم مێژووە بخوێنیتەوە، بۆی دەر ئەکەوێت کە ئەوانە هەموویان تاکوتەرا نەبێت کەسیان لە پلەوپایەکانیان بەئاسایی ڕزگاریان نەبووە، بە کوشتن و

سەربڕین و کەللەناردنیان بۆ ئاستانە بۆ حەزرەتی سوڵتان چاوی بەپیاوەکانی ڕوون بکاتەوە.

١٨. لە وڵاتدا وا دیارە پیاوێکی پیاوانە نەبووە، بەرامبەر بە والیی، یەکێکی وەک ئەوڕەحمان پاشا نەبێت، کە وەلی ئەمری عەبدوڵڵا پاشا بوو. بۆیە ئەویست ئەوەی چاو بەرەوژێری بوو پێش هەموو کەسێکی تر لەناوی بەرێت.

١٩. وەرە خۆت بۆ بۆرەپیاو بکوژە، ئەڵێت بە دەردی خۆی مرد، هەی عەبدوڵڵا پاشای سپڵەی پێنەزان، خۆ هێشتا دووکەڵی ئەو شەڕەی ئەوڕەحمان پاشای بابان لە ڕێی دانانی تۆدا بە والی نەنیشتۆتەوە، تۆ وا زوو لێی هەڵگەڕایتەوە و دوژمنایەتیت کرد، تەواو ڕوونە. ئەمە ئەخلاق و ڕەوشتی هەموو والیی مەمالیکەکانە، وەک لەم کتێبەدا بەڕوونی و بەڕاشکاوی دەر ئەکەوێت.

٢٠. ئەوەی بەئاشکرا بەرچاو ئەکەوێت لە خوێندنەوەی ئەم لاپەڕانەدا دەستخستنە کاروباری کوردستانە لەلایەن ئێرانەوە.

بێ پسانەوە و پاڵ بە میری بابانەوە ئەنێت کە هەمیشە پەنای بۆ بەرێت، بە تایبەتی لەوکاتانەدا کە بارودۆخی بەغداد شلۆق ئەبێت، هەر بۆ ئەوەی دەستدرێژییەکانی لە داگیرکردنی کوردستاندا بچەسپێنێت.

میری بابانیش، ناحەقی نەبووە چونکە، ئەو سیاسەتە نابەجێیەی عوسمانییەکان و والییەکانی بەغداد هەمیشە دژی بابانەکانیان بەکار ئەهێنا، هێجگار دووبەرەکی نانەوە لەبەینیاندا و یەکترکردن بە گڕ یەکدا، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، چونکە میرنشینی بابان بەهێزترین میرایەتی کوردستانی جنوبی بوو لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا ئەم هێزەی ئەو میرایەتییە ئەبوو بە ڕێگر بەرامبەر بە هێزی عوسمانی کە نەتوانێت بە ئارەزووی خۆی دەست بخاتە کاروباری خێڵە کوردییەکان و زۆربەی شوێنەکانی تر. بۆیە هەمیشە تۆوی ناکۆکییان لەناودا ئەچاندن، تأریخ الامارە البابانیە ١٧٨٤-١٨٥١ عبد ڕبە اباهیم الوائلی هەر لە تأریخ الامارە البابانیە دا هاتووە ل ٢١٠-٢١٩، "بابانەکان لە کاتی ئەوڕەحمان پاشادا گەیشتنە ئەوپەڕی شکۆ و بڵندی. چونکە لە هەموو سەرێکەوە توانا و بە کاربوو. هەستی نەتەوایەتی گەیاندیە بیرکردنەوە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دوور لە حکومەتی بەغداد. یەکسەر پەیوەندی بە باب العالییەوە هەبێت، هەر زووش ئەم فکرە ختووکەی ئەدات، بەتایبەتی دوای وەفاتی عوسمان پاشای برای سالی ١٧٨٨ز، دانانی عەبدوڵڵا پاشاشی بە والیی هەر بۆ ئەوە بوو، کە دوای دانانی عەبدوڵڵا بە والی. ئیتر ئەو دەوڵەتی کوردی ڕابگەیەنێت و قەڵاچوالان چۆل بکات و بچێتە لووتکەی شاخی سەرسیری بەرز و خۆڕاگر، بەڵام ڕۆژگار بۆی نەسازان."

٢١. ئەم دووانە بە داخەوە هەمیشە داشی دامە بوون، بە دەست والییەکانی بەغدادەوە دژی پاشا و میری سلیمانی، لەم بابەتەوە، مستەر ڕیچ لە گەشتەکەی ڕۆژی ١١ی ئایاردا

بۆ سلێمانی ئەڵێت، "دەربارەی بنەماڵە گەورەکانی کورد لە مەجلیسێکدا یەکێک وتی، 'ئایا شوورەیی نییە بۆ سەرۆکەکانمان، نەفی بەغداد بکرێن، لەوێ ملکەچی تورکێک بن کە پێش ماوەیەک هەروەک وڵاخ بە چەند سەد قرۆشێک فرۆشراوە، لە هەرکامێکیشمان تووڕە ببن پێمان ئەڵێن کوردی کەر.' یەکێکی تر لەو لاوە هەڵیدایە و وتی، 'ڕقەبەری ناو میرەکانمان خۆیان ئەبنە هۆی لەناوبردنی خۆیان، چونکە نە تورک و نە ئێرانی ناتوانن بەسەرماندا زاڵ بن، ئەگەر دووبەرەکی و ناکۆکی نێوان بنەماڵەی سەرۆکەکانمان نەقۆزنەوە، ئێمە ئەمە باش ئەزانین، بەڵام ئێمەی کورد درەنگ تێ ئەگەین، هەروەها لە باسی دەستپیاهێنانەوەی ئەو خانووە ڕووخاوەی کە منی تیادابووم وتیان بۆ کێ دەستی پیادا بهێنینەوە؟ کە بزانین سبەینێ ئێران یا تورک دێنەوە سەرمان ئەیڕوخێننەوە، یاخود ئەم میر ئەڕوات ئەوی تر دێت، دەستەودایەرەی لەگەڵ خۆی ئەهێنێت و ماڵ بە ئێمە چۆڵ ئەکات، پیاوەکانی خۆی تیادا ئەنێت زەویوزاریش بەم جۆرە..."

۲۲. چونکە عەبدوڵڵا پاشا خۆی لەوەوپێش کوێلە- عەبدێک بوو سلێمان پاشای باوکی سەعید بە پارەی خۆی کڕیبووی و لە دواییدا خستبوویە بەردەستی زانایان بۆ پەروەردەکردن و پێی بخوێنن و لە دواییدا خستییە سەر وەزیفەی حکومەت، ئیتر چۆن هەموو هەقێکی ئاغای خۆی دەداتەوە؟ بە کوشتنی کوڕەکەی نەبێت گەردنی ئازاد نابێت. (حسێن نازم بەگ.)

(لاتَشتَري العبدَ الاّ والعصا معه

أن العبيد لَانجاس مناكِيدُ)

کوێلە مەکرە ئەگەر دارعەسای لەگەڵدا نەبێت. چونکە کوێلە گلاون و ئەبێت هەر بەو دارەی خۆی تەمێی بکەیت.

بە ناچاری و چونکە بەتەواوەتی جێی خۆیەتی بۆیە ئەم دێڕە شیعرەم هێنایەوە (ج.ب).

۲۳. ئەو بەڕێزەی زیاتر سەرنج بدات، بۆی دەر ئەکەوێت کە خالید ناو لەناو بابانەکاندا زۆرن، هەیانە ساغ و پیاو و کوردی نیشتمانپەروەر و هەشیانە خۆفرۆش بە بێگانە وەک ئەم خالیدە. قسەی زۆر باو هەیە. لەناو عەرەبدا، کە گوایە بابانەکان ئەچنەوە سەر خالید کوڕی وەلید و عەرەبن.

من دوای ئەم قسەیە لە سەرچاوەی جۆراوجۆردا کەوتم. لە یانزە سەرچاوەدا دە سەرچاوە هەر بە جارێک دان بەوەدا نانێن کە خالید کوڕی وەلید نەوەی هەبووبێت واتا نەزۆک بووە. تەنها سەرچاوەیەکیان ئەویش بەگومانەوە ئاماژەی نەوە بۆ خالید ئەکات. کە وا بوو ئەو ئاماژانەی سەرچاوە عەرەبییەکان هەمووی مەبەستیان تعریبە و نەک ڕاستی و حەقیقەت دەرخستن. خالید کوڕی وەلید هێما یاخود نیشانەیەکی پیرۆزە بەلای بابانەکانەوە، ئەوەتا عەبد ڕبە ابراهیم الوائلی لە تاریخ الامارە البابانیەدا لاپەڕە (۱۰۳) ئەڵێت، " اشتهر البابان والعشائر المنضوبە تحت لوائهم بالشجاعة والفروسية و باجادتهم في

استخدام السيف والرمح و ويعتبر خالد بن الوليد بالنسبه للبابان رمزاً مقدساً.
کە وا بوو ئازایەتی لە بەکارهێنانی شیر و ڕم لە یەکیان نزیک ئەخاتەوە. نەک شەجەرەی بنەچە و باووباپیر.
٢٤. وا دیارە شتێک لە سنگی مێژوودا لەوەو پێشتر تۆمار کرا بوو، کە لەم دواییەدا دەر کەوت، ئەویش ئەوە بوو، کە وا، چۆن کۆتاییەکانی خەلافەت عوسمانییەکان قۆستییانەوە. هەر بەو جۆرەش ولایەتی بەغداد لە حەسەن پاشاوە قۆرخ کراوە تا گەیشتە داود پاشا، مۆر کرابوو بۆ مەمالیکی کۆلەمەند. بەم ڕووداوانەی پاشایەتی بەغداد. تا ئێستا ولایەت دیومانن و خوێندومانناوە هەموویان ئەوە ئەسەلمێنن هەر بەم جۆرە ڕۆیشتووە تا لە دواییدا و لە سەردەمی ولایەتی داود پاشای خاوەنی پرۆژەی حکومەتی میسوپۆتامیا لەلایەن ڕاسپێردراوی حکومەتی عوسمانییەوە عەلی ڕەزا پاشاوە کۆتاییپێهێنان و بنج و بناوانیان لە ڕەگەوە هەڵکێشرا وەک بۆمان دەر کەوت، زوربەی ئەو والییانە لە ئەنجامی گەندەڵی و نەزانین و خۆبەزلزانین و غرور و پێنەزانینی چاکە و پیاوەتی و هەندێک سیفەتی دوور لە ئەخلاق، بە کوشتن نەبێت ڕزگاریان نەبووە، ئەوەش لە ئەنجامی ئەو شەڕو هەرایانە کە خۆیان ئەیاننایەوە لە دواییدا ئاگرەکە داوێنی خۆیانی ئەگرتەوە و خۆیان تیا نەچوون.
هەرچەندە دوو-سێ پیاوی بەتوانا و عاقڵیان تیادا هەڵکەوت، بەڵام ئەوانیش هەر لە خزمەتی گەلی عێراق و ولاتی عێراقدا هەرگیز دەورێکی دیاریکراویان نەبووە.
نموونەی هەرە بێعەقڵی و بێوەفایی و گەندەڵی، ئەم عەبدوڵڵا پاشایە بوو، کە لە ئەنجامی خراپەکاری و سەرکێشیی خۆیدا بەو دەردە چوو ئەمە بوو عەبدوڵڵای خازن.
٢٥. ئەگەرچی، سەردەمی ئەوڕەحمان پاشا نائارام و شەڕی زۆری تیادا قەوما، لە ماوەی ٢٤ ساڵدا ئەو پیاوە پێنج جار لا براوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر وەکو سەرکردەیەکی مەیدانی بوو لە جەنگدا. هەروەها پێشەنگێکی مەیدانی خوێندەواری و ڕۆشنبیریی بوو. بێمڵامەت نییە ڕەنجووری لە گرتنەکەیەوە شیعرێکی پرستاییشی بۆ ئەنێرێت بۆ زیندانی حیللە، مەولانا خالیدی نەقشبەندی ستاییشی ئازایەتی و دادپەروەری ئەکات و لە شەڕی ئەم والییەی بەغدادا، کە لایەکیان لەشکری خەلیفەی ئیسلام و لایەکەی تری شۆڕشگێڕێکی یاخیی کوردە، پشتیوانی لە شۆڕشگێڕەکە ئەکات و شیوەن بۆ کۆژراوەکانی ئەکات، یاخود بەردەشانی شەڕەکانی بە بەیتی دڕێژ ئەهۆنێتەوە و ئەکەوێتە سەر زمانی شایەر و گۆرانیبێژ کۆڕ و دانیشتنیان پێ گەڕم ئەکرد، هەروەها ئەوڕەحمان پاشا لە بواری هاندانی خوێندەواریدا چەند کاری گرنگی کردووە،
١. دروستکردنی مزگەوت و مەدرەسە.
٢. هێنانی مەلاناوداڕەکان بۆ قەڵەمڕەوەکەی خۆی و دابینکردنی پێویستییەکانی ژیان و خوێندن و دەرسوتنەوەیان.

٣. کڕین و نووسینەوەی سەرچاوەگرنگەکانی خوێندنی مەلایەتی و وەقفکردنی لەسەر مزگەوتەکان و مەلاکان، گرنگیدانی ئەم میرە مەزنە بە خوێندەواری لەوەدا دەر ئەکەوێت، سەرەڕای کەشمەکێشی ئەو ڕۆژگارەی ئەوی تیادا ئەژیا، وەکو ئەگێڕنەوە، خۆشی هەندێک جار، دەرسی بە فەقێ و قوتابی مزگەوتەکان وتۆتەوە نەوشیروان مستەفا ئەمین- مێژووی سیاسی. کتێبی سێیەم.

٢٦. مستەر ڕیچ لەگەشتی ڕۆژی ٢٠ ئایاری ١٨٢٠دا ئەڵێت، "ئەمڕۆ پیاوێکی پیر هاتە لام کە لە حەج گەڕابۆوە وتی، 'لەم سێ ساڵەی دواییدا، نزیکەی دوو هەزار کەس لەناوچەی سلێمانیدا حەجیان کردووە.'

بێگومان مەبەستی ساڵەکانی ١٨١٨-١٨١٩ بووە، کە ئەوسا دانیشتوانی ئەو ساڵانەی ئاماژەی بۆ کردووە زۆر کەم بووە لە چاو ئەمڕۆدا ساڵی ٢٠١٤، کە وا بوو هەر ساڵێکیس (٧٠٠) حەوت سەد کەسی بەر بکەوێت، هێشتا هەر زۆر بووە لە کاتێکدا کە ڕێگای حەج بە ولاخ و حوشتر و کاروان و پاپۆڕ و گەردنئازادی بووە بەوەدا کە ناگەڕێتەوە یاخود ئەگەڕانەوەی هەیە، ئەم ژمارەیە هێزی ئایینی کورد و ئەگەر قسەبەرزە ئایینییەکانی ئەوڕەحمان پاشاشی بخرێتە سەر وەک زەعیمێکی ئایینی و سیاسی ئەوە زیاتر هێزی بڕوای موسڵمانانی کورد پیشان ئەدات."

بە مەزندەی ڕیچ، کۆی خانووەکانی سلێمانی ٢٠٠٠ موسڵمان + ١٣٠ خانووی جولەکە ٩ خانوی کلدانی + ٥ خانووی ئەرمەن کۆی هەمووی ئەکاتە ٢١٤٤ هەر خانوویەکی ئەوسا ئەگەر بە کوڕ و کوڕەزا و برا و برازا و خوشک و خوشکەزا دەکەسی تیا بووبێت ئەکاتە ٢١,٤٤٠ هەموو دێهات و شارۆچکەکانی تری ناوچەکە ئەوەندەی سلێمانی یاخود ئەوەندە و نیوێکی تێدا بووبێت کۆی دانیشتوانی ئەوسای شار و شارۆچکە ئەکاتە ٤٣٦٠٠ کەس، مەبەستم ئەوەیە ڕێگای حەج پەسەندی قسەکەم ئەکات، بێگومان ئەو ژمارانەش مەزنتر ئەکرێن.

٢٧. لەوە ئەکات ئەوڕەحمان پاشای ئایینبەهێز، شوێن ڕێگای تەواوەتی کردەوەی پێغەمبەری ئیسلام حەزرەتی محەمەد سڵاوی خوای لێ بێت کەوتبێت کە ناونووسی خەلیفەی نەکرد دوای خۆی. ئەم کردەوە بەرزەی ئەمیش ئەوە ئەسەلمێنێت کە کەسی دوای خۆی ڕەچاو نەکردووە، کە ئەمەش دیسانەوە بە لێکدانەوەی ئەمڕۆ ڕێگای دیموکراتییە، جگە لەوەی بە بڕوای من ئەوڕەحمان پاشا لە دڵی هەموو ئەندامانی میللەتەکەی خۆیدا، ئەوسا و بگرە ئێستاش شوێنێکی بەرزی داگیر کردووە. بەڵام بە داخەوە ئەوانەی گوێگری وەسیەتەکەی بوون هەندێکیان یان زۆریان پابەندی ئەو وەسیەتە نەبوون، کە ئەوی لەو دنیا پێ شاد بێت.

٢٨. بە ڕاستی ئامۆژگاری و هاندان بەرەو ڕێزگرتنی نیشتمان و خۆشەویستی کوردستان و یەک دڵ و گیانیی نێوان خۆیان بپارێزن و بەرامبەر بە خۆیان کەمتر بچووکتر و

ڕێزگرتن، خۆشەویستی زانایان و پیاوچاکان و گەورە پیاوان، هەروەها دەبێت، هەست و ئامۆژگارییەکی هەرە پیرۆز هەر لە پیاوێکی وا گەورە ئەوەشێتەوە. وەسێتەکەی لوقمان پێغەمبەر لێرەدا بەرجەستە ئەبێت و بەتەواوەتی دێتەدی و جێبەجێ دەبێت. هەروەها نابێت سۆزی شاعیرێکی خۆشمان لەبیر بچێت،

فایەق بێکەس لەو شیعرەدا، کە سەرەتاکەی بە وەفدی کوردستان دەست پێ ئەکات ئەڵێت،

"قەدری میللەتتان بەجارێ شکان- نە حەیاتان ما، نە ناوونیشان
وەفدی کوردستان، میللەت فرۆشان- هەرزە وەکیلی شاری خامۆشان
قەت وا تێنەگەن، چاومان شکاوە- کوشتن و برین دائیم بۆ پیاوە
لەناو دۆشەکا کەی حەق سەنراوە؟"

ئەورەحمان پاشاش گلەیی لەوە بوو، کە لەو هەموو شەڕ و شەڕپێفرۆشتنەدا لە ڕێی بابانداا نەکوژرا و نەمرد، وا ئێستا لە سەرەمەرگدا لەناو لێفە و دۆشەکا ئەمرێت.

٢٩. ئەورەحمان پاشا بە زاراوەی ئەمڕۆ ئەتوانرێت بە ڕۆشنبیری زەمانی خۆی دابنرێت، چونکە زانا و عالمی دینی بوو پێش نوێژ و وتەبێژ و مامۆستای وانەوتنەوەی فەقێ بوو، لە مزگەوتەکانی خۆیدا مزگەوتی سەی حەسەن و مزگەوتی بابا عەلی لەسەر چیمەن کە خۆی دروستی کردبوون، شێوەی دارشتنی وەسێتنامەکەی، هەر لە خوتبەی مزگەوت خوتبەی ئایینی و ئامۆژگاریی کۆمەڵایەتی ئەچێت. ئەو وەسێتنامەیەی ئەم خاڵانەی گرتبووە خۆ،

١. پشتبەستنی تەواو بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و شەریعەت بەو بڕوایەی ئەوانە ڕێی ڕاست و پاک و بێگەردن. گەڕانەوە بۆ خوای کردگار لە هەموو کار و کاتێکدا.

٢. پاراستنی شەرەف و شکۆی شەخسی و بنەماڵەی بابان.

٣. پاراستنی نەتەوایەتی و شانازی پێوەکردنی.

٤. دانان و بڕواهێنان بە دیموکراتییەت. بەوەدا چونکە پیاوێکی ئایینی بوو، لەسەر ڕێ و ڕەوتی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) کە کەسی دوای خۆی وەک جێگیر دانەنا و کارەکەی هێشتەوە بۆ هەڵبژاردن، ئەمیش بەو جۆرەی کرد.

بێجگە لەوانە وەک حسێن نازم بەگ ئەفەرموێت، "ئەگەر ئیبراهیم پاشا ئەو کەسە بێت کە سلێمانی دروست کردووە. ئەوا ئەورەحمان پاشاش ئەو کەسەیە کە ئاوەدانی کردۆتەوە."

هەر لەبارەی ئەورەحمان پاشاوە لە سەفەرێکمدا بۆ ئەستەمبوڵ ساڵی ٢٠١٣ لە عائشە سمیحە بابان هاوسەری یەشار کەمالم بیست کە لە تورکیای ئەمڕۆدا ئەورەحمان پاشا ناسراو و بەناوبانگە.

میژووی وەفاتی عەبدولڕەحمان پاشا لەم لایەنەوە چەند بۆچوون و سەرچاوە هەن،

١. سەرەتای مانگی ژێ القەعیدەی ساڵی ١٢٢٨کۆچ/ ١٨١٣ زایین.
٢. ڕۆژی ١٥ی ئایاری ساڵی ١٨١٣ ربیع الثانی ١٢٣٨.
٣. ڕۆژی هەینی ٢١ی حوزەیران ساڵی ١٨١٣.
٤. مامۆستا نەوشیروان مستەفا لە ل٢٠- ١٢٦ی مێژووی سیاسی کتێبی سێیەمدا شەوی١٧ی ڕەبیعی دووەمی١٢٢٨ک. ٢ی مارتی ١٨١٣ نیشانە ئەکات بۆ وەفاتی عەبدولڕەحمان پاشا.
٣٠. وەک لە سەرچاوە مێژووییەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە. ئەو عاشقە گوایە حەمە ئاغای دەربەند فەقەرەیە. کە شاعیرێکی شەعبی بەناوبانگی کات و سەردەمی خۆی بووە. کە ئەم شیعرەی چڕیوە
ئەم قەسیدەیە ساڵی ١٢١٠ک/ ١٧٩٥ز وتراوە و زۆر زۆریشە

"میرزام تەوارێ- میرزام تەوارێ
شیروانی بازێ - تەڕلان تەوارێ
شەرت بێ دوعا نەکێشم نەفەس- تا سەبەب کاری یار نەبوو بەقەقنەس
میرزام تەوارێ- میرزام تەوارێ
شیروانی بازێ - تەڕلان تەوارێ
چوست تێز پەرواز، شیرین شکارێ
دڵ بێئیختبار موبتەلای باز بێ
عەقڵ و هۆش و فام گشت نەپەرواز بێ
نەصوبح تاوە شام، نەشام تا سەحەر
باز دام چەنی باز وێنەی بازیگەر
وەصەد نەزاکەت تەرتیب باز دام
ئەسبابەش نەجورم ئەعضای وێم سازدام
ئەووەل جە عەینەین عەیان کەردم جاش
مەقام عەینەین کەردم وە ماواش
دەورانش پەی حیفظ وە موژگان تەندم
پەی نشینگەی باز شوخ دڵبەندم
تایێ جە تۆمار هەستی جەستەم سەند
دەستم نە پای باز نە جای پارچەبەند
کڵاوش نە پۆست فەرقم قەرار دام
تا کە فەرقەین فەرق نەبۆ مودام
پارچەی ئیستخوان گەردەن کەردم واز
کەردم وە ئوتراخ باز نا پەرواز

بەند ڕیشەی دڵ کەردم وە جلفووش
ساز دام طوعمە ی جەرگ پەی بانگ قووقووش
وەحش بێ تەوار بێ هیمای نەظەریا
زەنگ میر شکار وە پاش مەزریا
هێمای وەڵەد نەبی وە جەیران
پووچی وەبێ خۆف مەکردش سەیران
بازم شیرین بێ شۆخ شیروانی
نەکەفتەن وەدەس جەمشید ثانی
شادبیم چەنی باز شاهانە دەستوور
نە خوسرەو زانام نە بەهرام گوور
بێخەبەر جە مەکر چەرخ ئەفلاك بیم
لاقەید جە شۆڕش دایرەی خاك بیم
ناگاە شمقارێك شووم بێ ڕام
ثاشووب دەوران زوڵم کەردەی بێ ڕام
هجوم کەرد نە چەرخ وە یەك پڕ تابش
ڕقانا بازم چەنی ئەسبابش
من کە جەو دەمدا سەراسیمەوار
غەلطان بیم بە خاك پەی بانگ هاوار
بەعدەزان خێزام وەزاری و مەلال
کەفتم نەدمای شمقار قەططال
هەرچەند قوو قووم کەرد هیچ نەداشت ئەثەر
عەدەم بی جەعەین باز ناز پەروەر
بازم بەر شییەن وە تەنافەوە
صەیاد کوڵ گرتەن وەکۆی قافەوە
کەفتمە شۆنش وەیاران یارانۆ
یاشا پارچە بەند گیر بخوانەچۆ
کەوتمە شۆنش وە یاری و خەندە
یاشا پارچە بەند گیر بۆ جەو بەندە
ویاراو ویەرد وە یاراو وە یەزد یانەم بی خەراب
گوم بی نەدیدەم چون سەنگ تۆی ثاب
ثاخر بێعیلاج نەجای وێم بێ دەنگ
مات و مەدهۆش بیم چون تەصویر سەنگ

نەخەلقان واتەن بازش ڕەمیدەن
دەروون مەوج هوون دیدەش نەمیدەن
ئەو بازە کە خۆم کەفتەنم نەگیر
نە هیچ قوشخانێك نەکەردەن نەخچیر
بازم تەوارەن سینە پڕ خاڵەن
پێ و شونش نییەن حاڵم بەدحاڵەن
هەرکەس بازەکەم بەدخوو کەردە بۆ
نەسەرد پایز ئازیر مەردەبۆ
خوداوەند بازم بەردپەی وڵاتێ
تا ڕۆی قیامەت دەسم نایگاتێ
هەر یەد قودەرت مالك الاعجاز
بە ئەلطاف وێش باز باوەر بۆ باز
وەرنە طالعی چێش مەیۆ نەدەست
خەستە و خەم نەدۆش ضایف و دەست بەست

هەروەها شاعیری گەورە بەهەشتیی بەڕێز عەبدولرەحیمی مەولەوی شوێن شیعری خۆی کردۆتەوە لەم بەسەرهاتەی حەما ئاغا/ ئەحمەد ئاغای دەربەند فەقەرە بە چەند بەیتێک بە هەورامی کۆی هەموو (٥٨) بەیتە، ئەمە چەند بەیتی سەرەتاکەی و ئەوەندەش کۆتاییەکەیەتی کە لە مامۆستای بەڕێز ع ع. شەونمم وەر گرتووە.

هام دەردان ئێشێ... هام دەردان ئێشێ
پێمەوەن ئێشێ، چ دەردە ئێشێ
ئێشی پێچ چون ئێش، وەماران ڕێشێ
ئێشێ، پڕ ئیشێ، ڕیشەی گیان کێشێ

لە کۆتاییدا بەم چەند بەیتە ئەیبڕێتەوە:

سەردا وەهەمدا تانوپۆی جەرگم
ئمانا مەحشەر غەرغەرەی مەرگم
باز دێم وەی زامەن، وەی ئەندامەوە
بەڵ بەیان وەشۆن باز بێزامەوە

لەسەر تکا و داوای من بۆ بەڕێزم مامۆستا ع ع شەونم ئەو بەیتانەی مەولەوی هەمووی لە شێوەی هەورامییەوە خستە سەر شێوەی سۆرانی بەم جۆرە،

هاودەردان ئیشێ، هاودەردان ئیشێ- ئێشێکم هەیە بەڵام چۆن ئیشێ

ئێشێ، هەروەکو مارانگاز ڕێشێ- ئێشێ، پڕ ئێشێ، ڕیشەی گیان کێشێ
چ ڕێشێ، زامی تیری خەدەنگێ- شەست تیرێ دەرچوو لەشۆخوشەنگێ
ڕەعنا مامزێ- باڵا شمشاڵێ
ساحیب کەماڵێ- گەرۆی دڵ ماڵێ
لەیل ئاسا نازێ- شیرین جەماڵێ
مەجنوون نیازێ- فەرهاد ئەهواڵێ
پەروانە خۆکر- بەگڕ سوتاوێ
گوڵئەندام نازێ- بارام برژاوێ
کار خۆرە تاوێ- نەیلوفەڕ زەوقێ
عەزرا زوڵفانێ – وامیقی شەوقێ[١٦]
پێی دڵ پێکانێ- پەری پەیکەرێ
خەم دەرخەم بەرێ – دڵدەر، دڵبەرێ
کڵاوێ، لەناو سورمەدا غەرقێ- لەسەر ناوچەوان بەزەوق و بەرقێ
سەروپێچ جوانێ- گەردنی پڕ خاڵی
بازنە لەعڵێ – پاوان خڕخاڵی
ناوچەوان مانگێ- ئاسك نیگایی
پەرچەم ڕەشێکی - دڵ مەنزڵگایی
ڕوخسار و زوڵفی ڕۆژ و شەوانێ – چاو پیاڵە، گۆنا بادەی مەستانێ
ئەبرۆ و مژگانێ – تیرو کەوانێ
لەجێی سەد پەری – نیشان پێکانێ
جەماوەر بەزمێ – خرۆشێ دەمێ
پەرچەم لوولێکی - عەنبەر پەرچەمێ
خونچە دەمێکی- شەکر زمانی
مرواری دانێ - لێو لەعلی کانێ
پەنجە خامەیی - دڵان نامەیی
نووسین دەرخەری- عەشق نیشانەیی
ڕەچەڵەك پوختێ – ڕەفتار زەریفی
خیلقەت لەتیغێ – شێوە شەریفێ
مەیل وەك بەهارێ –ڕق پایز دارێ
مژدە دیدارێ – کردە سامدارێ

---

[١٦] عەزراو وامیق دوو دڵداری بەناوبانگی یەکتر بوون.

شاهین کردارێ- تەرلان تەوارێ[17]
کەوان ڕەفتارێ- تووتی گوفتارێ
شابازێ دەگمەن - شاهان مومتازێ
دڵبەری، سۆزی نازی- شەم خوازێ
نهێنی گەنجە - ئاشکرا ڕەنجە
سەد عیشوەو نازی - پڕ لاروولەنجە
ئاشنایە بە بۆن - نەناسی خۆیە
زۆر بەبیانوە بەخانە جۆێیە
ڕێگا نزیکێ - خۆشی و سەفایە
دووری، تاریکی - تاکو تەنیایە
سەروی نەزەرو - گوڵی بولبولێ
ئاسکی خۆتەنی - لە سێبەر سڵێ
شیرینێ، تاڵێ - وشکێ، پڕ ئێ
سەرەتا، کۆتا - سروورێ خەمێ
خۆری سروشتێ - کۆشکی بەهەشتێ
زوڵف زەننارێ - دەیرێ، کەنیشتێ
خەیاڵ پەشێوێ - ئاقڵان چاك بێ
لەگشت شتانێ - شتانێ پاك بێ
هەر ئێشێ لەگەڵ - تیری ئەوا یە
نەشئەی مەینۆشی- هەردوو دنیایە
دای بەسەر یەکدا - تانوپۆی جەرگم
دەر کەوت مەحشەری - غەرغەرەی مەرگم
لێم گەڕێ بەشکوو - خوێنی زامانم
ڕێیان پیشان دا - بۆ ناوونیشانم

تەوار، مێچکەی بازە. منالی خرۆخۆڵ لەل۱۷۲ هەمانەبۆرینە.
ئەم قەسیدەیە سالی ۱۲۱۰ک/ ۱۷۹۵ز وتراوە و زۆر زۆریشە.
مامۆستا ع ع شەونم وەک ئەم ڕووداوەی لە هەڵەبجە لە مەلا ئەحمەدی حاجی حسێن کە لە سالی ۱۹٤۳ وەفاتی کردووە، بیستووە گوایە، "یەکێک لە بەگزادەکان ڕێی ئەکەوێتە گوندی دەربەند فەقەرە بە سواری ولاخەوە، تینووی ئەبێت نزیک کانییەک، کە چەند

[17] تەرلان، مەلێکی ڕاوکەرە لە تیرەی بازو شەهێنە، جوان و چاک دڵرفێنەل۱٤۰.

ئافرەتێک خەریکی ئاوگواستنەوە ئەبن، بەگزادە داوای ئاو ئەکات کێژێک گورج بە دەنگیەوە ئەچێت کاسەیەک ئاوی بۆ ئەبات، بەگ سەیری کێژەکە ئەکات زۆر جوانە، بەدڵی ئەبێت، هەر لە جێدا، کۆیخای دێیەکە بانگ ئەکات، داوای لێ ئەکات خوازبێنی ئەو کچەی بۆ بکات پارەی چی پێویست بێت بۆ جیازی و خەرجی ئەیداتێ و خۆی و سوارەکانی لە گەڵیدا، ئەژنەوە ڕووە و سلێمانی، کە ئەم قسەیە بڵاو ئەبێتەوە، عاشقی ئەو کچە کە ئەمە ئەبیستێتەوە ئیتر دەستبەجێ ئەکەوێتە خۆی و دەستی شیعریشی هەبووە.

گورج ئەو نامەیە کە هەمووی داد و بێداد و سۆزی دەربڕینی عەشقێکی کەلەبیانەی نزیک شێتبوونە، بەگ کە نامەکە ئەخوێنێتەوە، هەر خێرا پیاوی خۆی ئەنێرێت بۆ لای باوکی کچەکە و بۆ لای کۆیخا، کە وازی لەو کچە هێناوە و پێشکەشی عاشقەکەی کردووە بە هەموو جیازی و خشڵ و جلوبەرگ و خەرجی تەرەوە، بەگزادەش ئەوڕەحمان پاشای بابان دەرئەچێت، کە میری دەست ڕۆیشتوی کوردستان بووە و گوایە عاشقی ئاگر تێبەربووش حەمە ئاغا یاخود ئەحمەد ئاغای دەربەند فەقەرە ئەبێت.

٣١. مستەر ڕیچ کۆنسوڵی ئینگلیز لە بەغداد کە ساڵی ١٨٢٠ سەردانی سلێمانی کرد، لە کاتێکدا سەعید والییەکی سەرنەکەوتوو بوو لە بەغداد و بەوجۆرە باسی ئەکات.

٣٢. لە یادنامەی ڕۆژی ٨ی ئایار دا مستەر ڕیچ ئەڵێت، "مەحموود پاشا کەوتە سکاڵادەربڕین سەبارەت بە گوزەرانی میرنشینەکەی، کە کەوتۆتە سەر سنووری دوو دەسەڵاتی دژ بە یەک ئێران بە ناوی داواکردنی باج و سەرانە و تورکەکان کە میرنشینی بابان پابەندی ئەوان بوو، کەچی ئێران باجیان لێ ئەسێنێت و شازادەی کرماشان دەستدرێژی ئەکردە سەر کوردستان. تورکەکان بەرگرییان لێ نەئەکرد، باسی ئەنجامە ناهەمواڕەکانی ئەم سیاسەتەی ئەکرد، کە چەند زیانیان پێ ئەبەخشێت، بەدڵسۆزییەوە پابەندی خۆی بۆ والیی بەغداد دەر ئەبڕێت، کە ئەمەش بە هۆی لایەنی ئایینییەوە بوو، زۆربەی زۆری میرنشینەکەش عوسمانیەکانیان خۆش نەئەویست و بڕوایان پێییان نەبوو، چونکە سیاسەتیان کۆیرانە و لووتبەرزانە بوو، کە کوردەکان زۆر ڕقیان لە شیعەچێتی ئێرانییەکان دەبووەوە، لەمەشەوە عوسمانییە سوننەکان ئەیانتوانی بەئاسانی ڕایان بکێشن بە لای خۆیاندا. بەڵام بەئاشکرا یەکتریان ئەخەڵەتاند، والیی بەغداد ئەیەوێت میری کوردستان بخەڵەتێنێت، لە هەمان کاتدا شازادەی کرماشانیش ئەیەوێت والیی بەغداد بخەڵەتێنێت، بە هەموو لایەکیشیان بە کۆمەڵ و بە تاک ئەیانویست فێڵ لە باب العالی بکەن. هەر لەم بابەتەوە م. نەوشیروان نووسیویەتی ئەڵێت، "پێش وەفاتی ئەوڕەحمان پاشا ساڵی ١٨١٣ هەموو بەگ و ئاغاو شێخ و سەید و عالم و سەرانی عەشایەر و کۆیخای گوندەکان، کۆبوونەوە و مەحمود بەگی کوڕی لە جێگەی باوکی بە میری خۆیان هەڵبژارد.

ئەوڕەحمان پاشا دوای مردنی خۆی سێ برا عەبدوڵڵا بەگ ئەحمەد بەگ عومەر بەگ و چەند کوڕێک لەوانە مەحموود بەگ، عوسمان بەگ، سلێمان بەگ، حەسەن بەگ و عەزیز بەگی جێ هێشت. والیی بەغداد سەعید پاشا خەلعەت و بیورلدی بە پلەی پاشایەتی بۆ مەحموود بەگ ڕەوانە کرد، هەروەها حوکمی هەریر و کۆیەی پێ سپارد.
دوای ماوەیەک مامەکانی عەبدوڵڵا بەگ و ئەحمەد بەگ و عومەر بەگ، بە دەست و پێوەندیانەوە. مەحموودیان جێ هێشت و ڕوویان کردە بەغداد. پێشتریش خالید پاشای کوڕی ئەحمەد پاشا و محەمەد بەگی کوڕی چووبوونە بەغداد. والی بەغداد بۆ دابینکردنی ژیانی خۆیان و دەست و پێوەندیان، هەندێک شوێنی بۆ دابین کردبوون کە پێی بژین. مێژووی سیاسی ١- ١٣١ کتێبی سێیەم.
٣٣. داود زاوای سەعید پاشا لە خۆی ترسا بیکوژن، بۆیە لە بەغداد دەر چوو بەرەو سلێمانی. مەحموود پاشا بەگەرمی پێشوازی لێ کرد. سەعید بەمە شپرزە بوو. بۆیە هەواڵی بۆ حەمود ئال سامر نارد بە خۆی و هێزەکانیەوە بگەنە بەغداد. عەبدوڵڵا پاشای مامی مەحمود بە هێزەکانیەوە لە کەرکووکەوە گەڕایەوە بۆ بەغداد. داود چل ڕۆژ لە سلێمانی مایەوە، لەو ماوەیەدا ئەوانەی هەڵهاتبوون بۆ ئێران هاتنەوە لای داود و مەحموود پاشاش هێزەکانی خۆی ساز دا. داود مەزبەتەی خۆی بە تەتەردا نارد بۆ بابی عالی، لەگەڵ داوای لابردنی سەعید و دانانی خۆی. داود بە پشتیوانی مەحمود پاشا و سلێمان پاشا بەرەو کەرکوک بەڕێ کەوت، خالید پاشا لە کۆیە و عەبدوڵڵا پاشاش گوێیان نەدایە، داود لە گوندێکی نزیک کەرکوک کە لابردنی سەعید و دانانی خۆی بە والی لە باب العالییەوە فەرمانی پێ گەیشت. بەڵام سەعید گوێی نەدایە ئەم فەرمانە، هەرچەند هێزەکانی کەوتنە هەڵهاتن بۆ لای داود، سەعید عەبدوڵڵا پاشای بە هێزێکەوە نارده سەر سلێمانی تاکو ئیش لە مەحمود تێک بدا، بەڵام حەسەن بڕای مەحمود پاشا هێرشەکەی شکاند. داودیش بەهێواشی ئەجوولایەوە تاکو باری بەغداد ئامادە ئەبێت، بۆیە چوو بۆ توزخورماتوو نەوشیروان مستەفا ٣-١٣٢ مێژووی سیاسی. بەرگی سێیەم.
لێرەدا بۆمان هەیە شتێک بدرکێنین بەرامبەر مانەوەی چل شەوە و چل ڕۆژەی داودە فەنی لە سلێمانی، کە لە شوێنێکی تردا هاتووە گوایە لەو ماوەیەدا بە چاوی سیخوریش سەیری هەموشتێکی کردووە. بێگومان چۆتە حەمامیش خۆی بشوات، بێگومانیش بردویانەتە ئەو حەمامەی کە ڕیچ باسی ئەکات، کە ئەوەی دیوە سەری سووڕماوە چۆن لە شارێکی وێرانی وەها دا حەمامی وا هەیە. منیش (ج.ب) بەڵکو هەموو بۆمان هەیە لێرەدا بە ڕازانەوەی ئەم حەمامەدا بچینەوە، حەمامێکی وا کە وەک ڕیچ ئەڵێت، "لە هەموو حەمامەکانی وڵاتی عوسمانی باشتر بگرە لە هەندێک ڕووەوە لە حەمامەکانی شام و ئەستەمبوڵ و قاهیرەش باشتر بوو، ئایا بۆچی و لەبەرچی؟" لێرەدا هەر ئەگەڕێینەوە بۆ قسەکەی ڕیچ خۆی کە ئەڵێت، "لەشکری دوژمنیش بیر لە ڕووخاندنی حەمام ناکەنەوە."

هەر جارێکی تریش بگەڕێینەوە بۆ ئەو خانووە ڕووخاوەی کە بۆ حەوانەوەی ڕێچ و ژنەکەی لە سلێمانی تەرخان کرابوو. هەروەها بگەڕێنەوە بۆ ئەو قسانەی کە ڕێچ لە یەک-دوو پیاوی بیستبوو، کە خانوو چاک ناکەنەوە و زەوی ناچێنن، چونکە دڵنیا نین لە هێرشی ئێران یاخود ڕۆمییەکان بۆ سەر سلێمانی لە پڕێکدا، هەرچی هەیە وێرانی بکەن و تێکی بدەن.

جائەگەر لە لەشکری دوژمن دڵنیا بوونایە، کە هیچ ناڕووخێنن و ناسوتێن و وێرانکاری ناکەن، ئەوسا شارەکەشیان ئەڕازاندەوە، خانووی ڕێکوپێک و جوانیشی تیا ئەکرا و بەرهەمی کشتوکاڵیش لەگەنم و جۆ و سەوزە بە بار ئەهاتە ناو شارەوە، ئەبووایە عەلوە بۆ ساغکردنەوەییان دابنرێت. بە کورتی لە هەموو سەرێکەوە، ئەوەی ئەکرا لە ڕێکوپێکی حەمامەکە کەمتر نە ئەبوو، ئیستا لە وێرانی و دواکەوتنی ئەوسای سلێمانی گەیشتین. کە هەر ڕیچ خۆی لە شوێنێکی یادداشتنامەکەیدا ئەیشوبهێنێت بە دێیەکی گەورە نەک بە شار.

٣٤. عوسمان بەگ کوڕی ئەوڕەحمان پاشا و برای مەحمود پاشا، مستەر ڕیچ لە گەشتەکەی سلێمانی ڕۆژی ١٠ی ئایاری ١٨٢٠دا بەم جۆرە باسی ئەکات، "بەگوێرەی ڕەملی ئەستێرەناسان ئەم ڕۆژە واتە ١٠ی ئایار دیاری کرابوو کە بچمە پایتەختی میرەوە و پێشوازیم لێ بکات. هەموو ئەندامانی ئەنجوومەن بە سواری بە سەرۆکایەتی عوسمان بەگ کە سواری ئەسپێکی عەنزەی گران بووبوو، کۆمەڵێکیش پیادە، عوسمان بەگ بەرگی زۆر جوان و گرانی پۆشیبوو، خۆشی تا بڵێی پیاوێکی قۆز و سوارچاک و لە مەشقدا کەس نەبوو بیگاتێ، تەمەنی ٣٢ سال و پاشا تەمەنی ٣٥ سال، زۆر حەزی ئەکرد بە ئازادی و سەربەستی باسی کاروباری کورد بکات و حەزی لە چارەی تورک نەئەکرد.

٣٥. ئەوڕەحمان پاشا تاکو مابوو، خالید پاشا یەکێک بوو لە ملۆزمە لاسارەکانی، دوای مردنی ئەویش، ئارام دانەنیشت. کوڕەکانی لە کەرکووک نیشتەجێ بوون پیاوەکانیان لە دێهاتەکانی دەوروپشتی هەولێر جەردەیی و ڕێگرییان ئەکرد چەند جارێک محەمەد پاشای کوڕی خالید ئاگادار کرایەوە کەڵکی نەبوو بۆیە محەمەد پاشا خرایە زیندانەوە، بەڵام پیاوەکانی هەڵیان کوتایە سەر زیندانەکە و محەمەدیان ڕزگار کرد، لەباتیی ئەو خالید پاشای باوکی گیرا، دوای ماوەیەک وەزیر لێیان خۆشبوو ئەمانە دوای ماوەیەک واتا ١٨٢٠ز هەڵهاتن بۆ کرماشان نەوشیروان مستەفا میژووی سیاسی ل ٧-١٣٥ بەرگی سێیەم.

٣٦. داود لە بنچینەدا لە بنەماڵەیەکی گورجی لە دیانەکانی تفلیس سالّی ١٧٧٤ هاتوتە جیهانەوە کوڕی پەترۆس سالّی ١٧٨٤ لە شوێنی خۆی هەر بەمندالّی فڕێندراوە و هێنراوەتە بەغداد لە بازاڕی بەغداد فرۆشراوە مستەفا بەگی ئەلڕوبەیعی یەکەم جار

کرێویەتی ئەم پیاوەش فرۆشتوویەتییەوە بە سلێمان پاشای گەورەی والی کە بۆ پێگەیاندن و مەشقپێکردن و خوێندنی ئەو منالانە وەک مەمالیک، کە لە سەردەمی حەسەن پاشاەوە ئەم رێگایەیان پێڕەو کردووە. داود کوڕێکی جوان، زیرەک، حەزی لە خوێندنی کتێبی زانستییانە و ئەدەبیات بە عەرەبی و تورکی و فارسی و شارەزایشی لە کاروباری ڕامیاری بەڕێوەبردندا دیاربووە. کە گەورە بووە سلێمان پاشای گەورە پلەی خەزنەداری پێ سپاردووە و کچێکی خۆشی داوەتێ. بەمەوە سلێمان پاشا نزیکەی پێنج زاوای هەبووە، کە هەر لە ژیانی خۆیدا کە والی و وەزیری بەغداد بوو هەریەکەی لە شوێنێکی شیاو داناون و بەتایبەتی وەسێتی کردووە عەلی پاشا لە دوای خۆی لە شوێنەکەی دانیشێت. کتێبەکانی البخاری و ابن حجر و کتێبی حدیث و تشریع هەموو لەوەش زیاتر لەلایەن داودەوە خوێنراونەتەوە و سوودی لێ وەر گرتوون. خۆشی هەڵگرتبوو بۆ کاتی شیاو، تا کاتی سلێمانی بچووک کە حالت یاخود خالید ئەفەندی نێردرایە بەغداد، داود دوای ئەوە سەری هەڵدا. داود پاشا والیی بەغداد. د. عبدولعەزیز سلێمان نووار ل٤٢-٤٣ دار الکاتب العربی الطباعه والنشر.

د. عەلی الوەردیش لە بابەت داود پاشاوە ئەوەندەی پەیوەندی بە بابانەوە هەبێت ئەڵێت، "سەرەتای ١٨١٨ز. دوای داواکردنی میرەکانی بابان. محەمەد عەلی میرزای شازادەی ئێران. سێ سوپای نارد، لە ڕاستیدا بۆ داگیرکردنی بەغداد. بەڵام داود توانیی بەخۆشی گرێکە کۆتایی پێ بێنێت و مەحمود پاشای بابان بە حاکمی مایەوە. هەروەها داود صالح ئاغای کوردی لە ساڵی ١٨١٩دا نارد بۆ کوژاندنەوەی شۆڕشەکەی عەباس حەداد لە نەجەف بە کوشتنی حەداد) کۆتایی بە شۆڕشەکە هات. هەروەها عەلی وەردی ئەڵێت، "داود پاشا ساڵی ١٨١٩ز مزگەوتی حەیدەر لە بەغداد خانەی دروست کرد بۆ سوپاسی خوای گەورە کە لەو هەموو گیروگرفتەی ڕۆژە ڕەشەکان ڕزگاری کرد."

لە بابەت مستر ڕیچیشەوە ئەڵێت، "ڕیچ یەکەم کەس بوو کە دەسەلاتی ئینگلیزی لە بەغداد و عێراقدا بە خەڵک ناسی و بڵاوی کردەوە و وەک قونسول شانی لە شانی والی ئەدات. داود پاشا ڕقی بەمە زۆر هەڵئەسا. ئەوەندەی نەمابوو بەیەکدا بدەن، لە دواییدا ڕێککەوتن بە جۆرێک ڕیچ لە بەغداد دوور بکەوێتەوە لە هەمان کاتدا ڕیچ بیویستایە ئەیتوانی بەغداد داگیر بکات، چونکە ئینکیشاری و پیاوماقوولانی بەغداد و گشت کەسی لەگەڵدا بوو، دوای گەڕانەوەی لە ١١ی ئایاری ١٨٢١ز لە بەغدادەوە ڕووی کردە بەسرە و لەوێوە بۆ بوشەهر- شیراز لە شیراز تووشی ڕشانەوە بوو کە لەو ناوەدا بڵاو بووبوەوە بەوە مرد. لمحات اجتماعیه بەرگی یەکەم.

٣٧. ئەم سەعیدە بە زمانی عەرەبی (مراهق) و بە کوردی لای خۆمان زیاتر هەتیوبازی پێ ئەڵێن، وا دیارە هیچ توانای ویلایەت بەڕێوەبردنی نەبووە، منداڵێک بووە بە نازداری لەلایەن دایک و باوکییەوە گەورە کراوە و ئەو سلێمان پاشایەی باوکی ئەم سەعیدە

چەندەها لە والییەکانی عێراقی پێ گەیاند بەتایبەتی داود ئەفەندی. سەعید هەر لە سەرەتاوە نە ئەبووایە پلەوپایەی وەزیر و والیی بدرێتێ، ئەمە بوو ماکینەی دەوڵەتی عوسمانی و بەم جۆرە ئەسووڕایەوە بەبێ گوێدانە بەرژەوەندی میللەت.

٣٨.هەمان سەرچاوە.

٣٩. بەڕێز (حسێن نازم بەگ) چونکە خۆی پیاوێکی پیاوانە و ڕۆشنبیر و بەوەفا و بەڕەوشت بوو. بۆیە دژی ملپەڕاندنی سەعید بوو لەلایەن داودەوە کە باوکی سەعید گەورەی کردبوو کردی بەو پیاوە. واتە ئەبووایە داود ئەمانەی لە بەرچاو بووایە. بەڵام پیاوەتی و ڕەوشت و وەفای پیاوی ئەو سەردەمە و ئەو دەور و دوکانەکەی ئایا لەوە زیاتر بڕی کردووە؟ بە خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا خوێندەوار لە ئەخلاقی کاربەدەست و پیاوی ئەو دەوروزەمانە تێ ئەگات.

٤٠. ئەم کەللەسەرانە بە کاروان و ڕێگای دوور لە بەغدادەوە تا ئەستەمبوڵ بێگومان ئەگەر داوودەرمانیش کرا بن هەر بۆگەنیان کردووە و تێکچوون، ئایا مەقامی سوڵتان چ خۆشییەکی بە بینینی کەللە سەری بڕاودا چووە؟ تۆ بڵێی سوڵتانەکان هەموویان خوێنخۆر و بە کەللەپەراندن گەشکەیان کردبێت؟ هەر بەو جۆرە حوکمی زۆربەی عالەمی ئیسلامی و بەشێک لە ئەوروپایان کردووە. تا مستەفا کەمال بە ڕەچەڵەکەیاندا چووە خوارەوە.

٤١. نووسەری کتێبی داود پاشا والیی بەغداد دکتور عەبدالعزیز سلێمان نوار/ دار الکاتب العربی للطباعە والنشر بەم جۆرە بەعەرەبی باسی بنەماڵەی بابان ئەکات، "ئەم بنەماڵەیە ساڵی ١٠٨٠ک/ ١٦٦٩ز ئەستێرەی گەشایەوە، کە یەکێک لە نەوەی فەقێ ئەحمەد لە قەڵاچوالان توانیی بەسەر دراوسێکانیدا سەر بکەوێت بەتایبەتی کە جوغرافیای کوردستان وەک جوغرافیای یۆنان لەبار بوو ئەم بنەماڵەیە بەسەر میرایەتییەکانی دراوسێیدا سۆران و بادینانداً سەر کەوت بە جۆرێک توانیی بەسەر ڕەواندز و کفری و حەریر و قزڵجە و سرۆچک و قەرەداغ و ئەربیل تاکو کەرکوک دا سەر بکەوێت و عەشیرەتی جاف بخاتە ژێر باڵی خۆی. سنووری ڕووبار لە سەرەوە و زەنگاباد و دەربەندی ڕۆژاوا تا سنوری بەینی پاشایەتی بەغداد و سنجەقی بابان بە بەردی ڕیزکراو لەیەکتر جیا ئەکرایەوە، هێزی پاشاکانی کورد بە جۆرێک بوو کە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەدا یەکێک لەو بنەماڵە بتوانێت شاری سلێمانی بوونیاد بنێت، بۆ ئەوەی ببێت بە بنکەی ئەو هەموو شوێنانە تاکو پاشاکانی بابان هاوتەمەنی مەمالیک بن. ئەم بنەماڵەیە گەلێک جار سەنتەری مەمالیکیان لە گرێزەنە دەر هێناوە. تاکو وایان لێ هات داوای پەیوەندی تەواویان بە سوڵتانەوە کرد لەجیاتیی بەغداد، جگە لەوە، مەودای حوکمی بابان لە سەردەمی ئەوڕەحمان پاشای بابانداً گەیشتە هەرەپۆپەی دەسەڵات بە جۆرێک ئەو پیاوە عەبدوڵڵا پاشای مەملوکی بە والی بەغداد دانا. بەڵام بابی عالی هەرگیز

رێگای بە والیبوونی ئەوڕەحمان پاشا، نەئەدا چونکە لەوە ئەترسا، ڕۆژێک لەڕۆژان جیا ببێتەوە. بەڵام هەر لەسەردەمی حوکمی ئەوڕەحمان پاشادا بەتەواوەتی هەوڵ ئەدرا بۆ ڕزگاربوون لە دەستێوەردانی بەغداد و مەمالیک.

سیاسەتی مەمالیک لەگەڵ بابانداو بەتایبەتی لە سەردەمی داود پاشادا بریتی بوو، لە دەستگرتن بەسەر هەندێک شوێنی ستراتیجی وەک کۆیە و ئەربیل و ئاڵتون کۆپری و لەخشتەبردنی میرێکی بابان بەلای خۆیاندا وەک عەبدوڵڵا پاشای برای ئەوڕەحمان پاشا و حەسەن بەگی کوڕی ئەوڕەحمان پاشا.

مەحموود پاشای حاکمی سلێمانی دوای سەرکەوتنی بە یارمەتی ئێران ساڵی ١٨١٨ز بەسەر داود پاشادا، داوای ناردنەوەی حەسەن بەگی برای لە داود پاشا کردەوە کە لەوەوپێش لەخشتەی بردبوو، جگە لە داواکردنی ئەربیل و ئاڵتون کوپری. بۆ ئەم مەبەستە دایکی نارده لای داود بۆ وتوێژ. لە هەمان کاتدا بەگوێرەی پێویستی ڕۆژگار ڕێککەوتن و یاریدەدانی یەکتر پێویستتر بوو لەبەینی مەحمود پاشاو داود پاشادا بەتایبەتی بۆ بەربەستی داواکاری و سنوربەزاندنی ئێران. چونکە شازادەی ئێران هەمیشە لە خوای ئەویست لە کاروباری کوردستاندا قسەی بڕوات.

گفتوگۆی دایکی مەحمود پاشا لەگەڵ داود بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات، مەحمود پاشا ئەیویست هەموو بابانەکان لە کرماشان و بەغداد و شوێنی تر لە سلێمانیدا کۆ بکاتەوە و یەکیان بخات و کەسیان نەبن بە کوتەکی دەستی ئێران و بەغداد. بەڵکو ئێتر کۆتایی بە کنەکردن لە دژی یەکتر بێنن و بۆ ئەوەی کوردستان لە فیتنانەوە لە دژی یەکتر ڕزگاری ببێت لەلایەن ئەو بابانانەی بەغداد، یاخود ئێران پشتگیریانە. نابێت نەخۆشی کولێرای ساڵی ١٨٢١ز مان لەبیر بچێت کە بەشێکی زۆری لە دانیشتوانی کوردستان فەوتاند و حوکمی پاشایشی لاواز کرد.

٤٢. ئەی بۆ پەندت لێ وەر نەگرت. خۆت نەت ئەزانی، عەبدوڵڵای خازن کە ئەوڕەحمان پاشای باوکت چەند شەڕی لەسەر کرد تا کردی بە والی و لە دواییدا یەکەم کەس کە ئەو ئەیویست بیفەوتێنێت دوای بوونی بە والی ئەوڕەحمان پاشای باوکت بوو، پەندێکی عەرەبی هەیە کە ئەڵێت، "ئێمە بە شیر دەممان سوتاوە، فوو لە دۆ ئەکەین[١٨]."

٤٣. مستەر ڕیچ لە گەشتی ڕۆژی ١٣ی ئایاردا لە سەردانێکی عوسمان بەگی برای مەحموود پاشادا ئەڵێت، "تا بڵێی عوسمان بەگ پیاوێکی خۆشمەشرەب بوو، هەروەک چۆن پرسیاری زۆر بەجێی لێ ئەکردم، هەر بەو شێوەیەش وەڵامی پرسیاری ئەدامەوە کە زیرەکی تیادا بەدی ئەکرا، پۆزشی لە زۆری پرسیارکردنم ئەهێنایەوە و وتیشی لەبیرت نەچێت کوردێک چەند بەلایەوە سەیرە کە لەگەڵ ئینگلیزێکدا ئەدوێت، چەندەها ئارەزوو لە سنگیدا ئەجوشێت بۆ زانین و کەڵکوەرگرتن لە وەڵام، منیش حەزم لە پرسیارەکانی

١٨ لا يلدغ المؤمن من الجحر مرتين.

ئەکرد، چونکە زۆر جوان و ڕێکوپێک بوون. دڵنیاشم کرد بەتەواوی وەڵامی ئەدەمەوە. پرسیارەکانی بە زۆری دەربارەی ئینگلتەرا و فەرەنسا و ڕوسیا و ڕژێمەکەی ئیمە و سەرانسەری وڵاتەکەمان و چۆنیەتی ڕێکخستن و بناغەی دروستبوونی سوپاکەمان لەمە زیاتر لەسەری ڕۆیشت، لەوە ئەچوو شتەکەی زیاتر بەلاوە مەبەست بێت و شتیشی لێ بزانیت، زۆر گوێی بە کاروباری تورکەکان نەئەدا.

دەربارەی شەڕەکەی واترلوو دووروودرێژ، دەربارەی پوناپارت کە بە ئیمپراتۆل ناوی ئەبرد، دوایی هاتە سەر باسی چین. ئینجا هندی بەریتانی، هەر مستر ڕیچ لە یاداشتنامەکەیدا، باسی ئەوە ئەکات کە چەند جار داود پاشا فشاری خستۆتە سەر مەحمود پاشا کە قەناعەت بە عوسمانی برای بکات، بیکات بە لێپرسراوی کۆیە و بەو نیازەی لە مەحمودی برای دوور بخاتەوە، چونکە عوسمان ڕاوێژکاری مەحمود پاشا بوو. برابچوکی دڵسۆز و خاوەن موقف بوو. (ج.ب).

٤٤. ئەم حەسەن بەگە، بۆ مەحموود پاشایە و دایکی خوشکی کەیخەسرەو بەگی جافە. لە دواڕۆژدا دەر ئەکەوێت چۆن داود پاشا ئەم حەسەن بەگەی بەزەلیلی تەسلیم بە مەحمود پاشا کردەوە. ئەگەر مەحمود پیاوێکی خراپ بووایە نەیئەهێشت ئەم خیانەتکارییە هەر وا بەئاسانی بەسەریەوە تێپەڕێت.

هەر لە گەشتی ١٥ی ئایاری ١٨٢٠ دا مستەر ڕیچ ئەڵێت، "دوێنێ شەو تەتەرێک لە بەغدادەوە بۆ لای میر هاتبوو، ڕێگاکەی بە ٣ ڕۆژ بڕیبوو، نامەکەی ئەوە بوو، کە والیی بەغداد زۆر بەڕێزەوە پێشوازی لە دایکی میر کردووە و هەر لەسەرەتای بینیندا، ناوچەی قەرەحەسەنی داوەتێ و حەسەن بەگیشی داوەتەوە و بەڵێنی داوەتێ بیکات بە فەرمانداری هەولێر و ئالتون کوپری. گەلێک چیرۆکی سەیریشیان بۆ گێڕامەوە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ڕاکردنی حەسەن بەگەوە هەبوو. هەمووشی بریتی بوون لە باسی تاوانبارکردنی سیاسەتی نادروستی تورکەکان.

ئیمەش ئەڵێین ناردنی دایکی مەحمود پاشا بۆ بەغداد کە ژنێکی ژیر و قسەزان و کارامە بووە و ناوی عادیلە خان بووە و هەر خزمی عەبدوڵڕەحمان پاشا خۆی بووە بۆ گفتوگۆ و جێبەجێکردنی هەندێک کاروباری ناوچەی بابان بە یەکەم کاری دبلۆماسیی ژن لە کوردستاندا دائەنرێت و والی هەموو داواکارییەکانی بۆ جێبەجێی کردووە.

هەر لە گەشتی ڕۆژی ١٨ی ئایاردا مستەر ڕیچ لە باسی مەحموود پاشادا ئەڵێت، "پیاوێکی زۆر ڕەوشتبەرز و بێفیز و سادە، بە پێچەوانەی پیاوە ناسراوەکانی ڕۆژهەڵات کە خۆیان لێئەگۆڕێت، لێم پرسی، 'بۆچی زرێ ناپۆشیت؟' وتی، "توانای هەڵگرتنیم نییە،' ئەم پرسیارەم لە زۆربەی سەرکردەکانی خۆرهەڵات بکردایە، ئەیانووت حەزی لێ ناکەین یان بێزمان نایەت بەتایبەتی تورکەکان، بۆیە ئەڵێم ئەوەێ تورک باش بناسێت، ئەبێت ماوەیەکی زۆر لەناویاندا بێت."

٤٥. بەداخەوە میرانی بابان لە کۆڵەکە پتەوەکە و بنچینەی بەرژەوەندی خۆیان لا ئەدەن ڕوو ئەکەنە بێگانە و هەندێکیشیان ڕوو ئەکەنە خیانەت دەرحەق بە بنەماڵەی خۆیان. بۆیە یەکێکی وەک داود پاشا یاخود محەمەد عەلی میرزا ئاوا تەپڵی تۆپێنیان پێ ئەکردن؟ ئیهانەیان ئەکەن چونکە چاو ئەبڕنە تەماع و دوای منصب. هەر لەم بوارەوە ئەکەونە گێژاوی پەیوەندی تووندوتیژیی بەینی عێراق و ئێران. ئەگەر عاقڵ بوونایە. وەک والی موسڵ هەوڵیان ئەدا، لە عێراق جیابێنەوە و یەکسەر سەر بە بابی عالی بن.

بەڵێ، ئەم هەوڵانەش درا. بەتایبەتی لەلایەن ئەورەحمان پاشاوە، بەڵام قبوڵ نەکرا، لەبەر ئەوەی هەر کە لێیان قەوما، هاوار بۆ ئێران ئەبەن. یاخود ڕوو لە جیابوونەوە و سەربەخۆیی ئەکەن.

ئێرانیش بۆ دەستگیرۆییان هەمیشە ئامادە بوو، بەو نیازەی هەرگیز دەست بخاتە ئیشوکاریانەوە. ئەم بارە ناهەمواڕەش زیاتر شوێنی جوغرافی کوردستان خوڵقاندوویەتی کە کەوتۆتە بەینی دەستاڕی ڕۆم و عەجەمەوە.

٤٦. عەبدوڵڵا پاشا تاکو لە ڕەمەزان و لە کاتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کوشندەشدا، هەر واز ناهێنێت. بۆیە بەداخەوە لەسەر ئەم جوواڵانەوانەی دژی بنەماڵەکەی و دژی نەتەوەکەی. ئەوەتا مستەر ڕیچ لە گەشتی ڕۆژی ٦ تەموز ١٨٢٠دا لە سەردانێکیدا بوو عوسمان پاشای بۆ مەحمود پاشا ئەڵێت، "هەستم بە پەستیی عوسمان بەگ لە پێرێ شەوە کرد. تومەز عەبدوڵڵا پاشای مامی گیراوە هۆی ئەوە بوو، (مەحمود پاشا، بڕیاری دابوو خۆی بداتە پاڵ تورکەکان بەناچاری ج.ب) بۆیە خۆی و عەبدوڵڵا پاشای مامی و عوسمان و سلێمان هەموو چووبوونە لای مەوڵانا خالید هەرسێکیان سوێندیان خواردبوو کە لایەنگری مەحمود پاشا بن. لەبەر ئەوەی چاوەڕوانیش ئەکرا، شازادەی کرماشان هەوڵ بدات یەکێکیان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و لە دژی تورکەکان هانیان بدات، سوێندیان بە شمشێر و قورئان و تەڵاق خواردبوو، ئەگەر هەرکامێکیان، نامەیەکیان لە ئێران یا تورکیاوە پێ بگات، ئەبێت لە مااڵی شێخ خالید، لە بەرچاوی چەند کەسێک بیکاتەوە.

لەم بوارەدا عوسمان بەگ یەکەمین کەس بوو، چونکە دوای ماوەیەک نامەیەکی لە شازادەی کرماشانەوە پێ گەیشت، داوای لێ کردووە سەردانی بکات، پەیمانیشی داوەتێ بیکات بە فەرمانداری سلێمانی، عوسمان دەستبەجێ مەحمود و سلێمان ئاگادار ئەکاتەوە، دوای ئەو عەبدوڵڵا پاشا بە هەمان ناوەڕۆک نامەیەکی پێ ئەگات، کەچی نامەکە ئەشارێتەوە بە پێچەوانەی ڕێککەوتنەکەیانەوە تا والیی بەغداد لە دووڕەوە ئەزانێت خێرا مەحمود پاشا ئاگادار ئەکاتەوە، ئەویش عەبدوڵڵا ئەخاتە ژێر چاودێرییەوە. لە ئەنجامدا خەزنەدارەکەی عەبدوڵڵا پاشا، ئاگاداریی مەحمود پاشا ئەکات. کە وا عەبدوڵڵا خۆی بۆ چوونە کرماشان ئامادە ئەکات، بۆیە ئەیگرن سااڵی پارێش والیی بەغداد،

عەبدوڵڵا پاشای بە دەستەوە دابوو و کەوتبووە ژێر دەستی ئەو برازایەی کە ئەگەر نیازی تۆڵەسەندنەوەی بووایە لەناوی ئەبرد، کەچی مەحمود پاشا زۆر بەچاکی لەگەڵیدا جووڵابووەوە.

لە یادی ڕۆژی ١٠ی تەموز ١٨٢٠یشدا ڕیچ نووسیویەتی، "ئەمشەو میر تاوێک لام مایەوە، بەڵام زۆر دڵتەنگ بوو، بە هۆی کردەوەی مامەکەیەوە کە نیشانەی دڵسۆزی و نیازپاکی بوو. پێم وایە ئەم جۆرە کەسانە هەرگیز لە خۆرهەڵاتدا وێنەیان نییە، ترسی ئەوەشم هەیە. لە وڵاتەپێشکەوتووەکانیشدا وێنەیان نەبێت."

هەر لە بابەت مەولانا خالیدەوە، لە شوێنێکی تردا ئەڵێت، "ئەو سۆفییە گەورەیە شێخ خالید نزیکەی دوانزە هەزار کورد لەگەڵ میر و عوسمان بەگ هەموو موریدی ئەون، زۆربەی سەرکردە کوردەکانیش، چونکە بەڵای کەمەوە لەگەڵ شێخ عەبدولقادری گەیلانی لەیەک پلەدان بە وەلی و هەندێک وەک پێغەمبەریان دائەنا."

٤٧. لەوە ئەکات ئەمە یەکەم جار بێت سەرۆکی جاف لە سەرۆکی گەورەی بابان جیا ببێتەوە بداتە پاڵ بابانییەکی هەڵگەڕاوە لە بنەماڵەکەی خۆی کە عەبدوڵڵا پاشایە.

٤٨. دەوڵەتەکەش وا بێت بە ناوی دەوڵەتی عێراقیی داودی ئەبێت د. عەبدالعزیز سلیمان نوار لە کتێبەکەیدا داود پاشا والیی بەغداد بەڵای ئەو نیازەی داود دا بۆ سەربەخۆیی و پێکهێنانی حکومەتی سەربەخۆی عێراقی داودی دا ناچێت. بۆ یەکگرتنی عێراق و بەهێزکردنی عێراق و پارە و چەک و تۆپ و تۆپخانە و سەرباز و سوپاپێکهێنان و کۆکردنەوەی ئەو شتانە. هەمووی ئەخاتە قاڵبی بەرگری لە عێراق و بەهێزکردنی عێراق. ئینجا ئەڵێت، "ڕیچ هەموو هەوڵێکی لەگەڵ پاشای سلێمانی دا، نەک جیابوونەوە هەر بۆ ئەوە بوو کەبیان خاتە پشتێنەی سیاسەتی خۆیانەوە... تاوەکو ئەگەر کاتێک هات هێزی پاشای سلێمانی و ڕیچ یەکیان گرت ئەوسا کەبتوانن بناغەی (کیان)ی پاشای بەغداد هەڵتەکێنن. ئەوە بۆ بەرژەوەندی ڕیچ ئەبێت، واتە بۆ سوودی استعماری ئینگلیزی ئەبێت. هەروەها نزیککەوتنەوەی ڕیچ لە مەحموود پاشای بابان هەر بەو جۆرە لێک ئەداتەوە. واتە بۆ جێپێی ئینگلیز لە کوردستاندا.

ئەم نوارە لەو کتێبەدا کە ٣٧٠ پەڕەیە، ئەو هەموو باسانەی تێکەڵ و ئاڵۆز کردووە پیاو سەری لێ دەر ناکات و زیاتر بەرگری لە داود ئەکات. گوایە ئەو بەتەنگ بنەماڵەی بابانەوە بووە، کە لەژێر سێبەری مەحموود پاشادا یەک بگرن، کەچی لەژێرەوە حەسەن بەگیی برای مەحمودی هەڵفریوان و بانگی کردە بەغداد و دوای ماوەیەکی کەم بەزەلیلی ناردیەوە بۆ مەحموود، کە دانیشتوانیی سلێمانی ئەمەیان لە والی و پاشای وڵات دی. هەموو تف و نەفرەتیان ئەکرد.

لە باسی دوورخستنەوەی عوسمان بەگی برا بچووکی مەحمود پاشا لەلایەن داودەوە کە بە قایمقامی کۆیەی دابمەزرێنێت و عوسمان بەگ قبووڵی نەئەکرد بۆ ئەوەی لە کاکییەوە

نزیک بێت، ئەیزانی داود مەبەستی لە دوورخستنەوەی هەر تەنها ئەوەیە، بە ئارەزووری خۆی چی بوویت بە مەحمود پاشای بکات، بەڵام ئەم ئەو دەرفەتەی نەئەدا، کە ئاوا بنەماڵەی بابان لەیەک بترازێنێت و دوور بخاتەوە.
ئەی عەبدوڵڵا پاشای مامی مەحمود کە وەک داشی دامە بوو بە دەست ئێران و بە دەست داودەوە، کابرایەکی کوژراوی پاشایەتی سلێمانی بوو، کێ زیاتر بۆ دژایەتی و هەڵگەڕانەوە لە مەحمود هانی ئەدا بۆ لەشکرکێشی؟ ئەمە هەمووی بەرنامەی داود بوو دەیەها نموونەی تر هەیە لەم بابەتە.
بە کورتی ئەسعەد ئەفەنی کە لەلایەن بابی عالییەوە ڕەوانەی بەغداد کرا، بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو شکاتانەی لە داود کرابوو. لە ڕاپۆرتەکەیدا داودی بێگوناھ دەر نەکردبوو. بەڵام لەبارەی خۆ ئامادەکردنەوە بۆ دروستکردنی حکومەتی عێراق و چەک و جموجوولی تر، ئەسعەدە فەنی ئاگادار بوو، بەڵام نەیوێرا بیخاتە ڕاپۆرتەکەیەوە. چونکە داود لە ئاستانە بنکەی هەبوو.
٤٩. لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بە ڕێکەوتنامەی بەینی هەردوو لا بکەم کە ئەم معاهدەیە، معاهدەی ئەرزوڕۆم ئێران و عوسمانی لە شەڕی یەکتر ماندو بووبوون ڕوسیا بووبووە هەڕەشەیەکی دایمی بەسەر هەردووکیانەوە. نوێنەری هەردوو لا لەم ڕێکەوتنی هەوڵ جارەدا، کێشەی بەینیان باس کرا و چارەیان بۆ دانا، بۆ کێشەی سنوور، بازرگانی، حەج و زیارەتی پیرۆزگاکانی عێراق، دیاریکردنی ڕێوشوێنی کۆچەران لە کاتی گەرمیان و کوێستاندا و ڕەفتار لەگەڵ ڕاکردووانی هەردوو لا.
ماددەی یەکەم، دەربارەی بابان، هەردوو دەوڵەت دەست نەدەنە کاروباری ناوخۆی یەکتر، خۆتێهەڵقورتان لەلای بەغداد و کورستانەوە نەشیاوە. لەوانە مەڵبەندەکانی سەر بە سنجاقەکانی کوردستان بە هیچ بەهانەیەکەوە، هەر دەعوایەکی تر، بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی ناخۆشیی نێوان هەردوو دەوڵەت ئەبێت لەلایەن ئەمیر و وەلیعەهدی دەوڵەتی ئێران و وەزیری بەغداد بە لایەکدا بخرێت.
گفتوگۆی هەردوو لا لەناو لایەنگرانی ڕۆم و عەجەم و لەناو بابانداء بەدوو جۆری جیاواز دەنگی داوەتەوە، شێخ مارفی نۆدێ لە نامەیەکدا ڕەنگە بۆ مەحمود پاشای نووسیبێت (ذُکر لنا ان الروم و العجم تصالحوا علی رد هذه البلاد الی الروم، لکن هذا الامر مجهول عندنا. فأن صح هذا القول فَبشّرنا حتی نخبر الناس فَتَطْمئِن القلوب ولك الثواب. وان کان هذا کاذبا فخبرنا کی نتدبر للخروج الی بلاد الاسلام). ئێران چەندین ساڵ بە هۆی بابانەکانەوە نفوزیان لە کوردستاندا جێگیر بووبوو، ئەو بابانانەی سەر بە ئێران بوون.
فەتحەعلی شا لە نامەیەکیدا بۆ عەباس میرزای کوڕی نائب السطلنه ی خۆی کە لەباتیی ئێران لایەن بوو لەم ڕێککەوتنەدا ئەڵێت، "ئەگەری زۆر لە ماددەکانی معاهدەکە بەپێی ویست و داواکانی دەوڵەتی عوسمانی داڕێژرا. لە بنچینەی ڕێککەوتن و ئاشتبوونەوەی

هەردوو لا ئەوپەڕی خۆشی دەر ئەبڕن و لە بابەت هیچ مادەیەکیانەوە قسەی نییە مەگەر لە بابەتی (ئیلی) بابانەوە کە سالە‌های سالە ڕووی تەوەککولیان کردۆتە ئەم دەوڵەتە، هەرکات ئەوان حکومەت و حەتمەن بە وەزیری بەغداد بسپێررێن، شکاتی شەئنە بۆ دەوڵەت و پێچەوانەی غیرەت و سەڵتەنەتە ئەبێت لە بابەت ئیلی بابانەوە، گفتوگۆیەکی مەسڵەحەتئامێز و مەوەدەتئەنگیز تاوەکو چۆن لەو لاوە دەوڵەت غیرەتی سەڵتەنەت ڕەزا(ڕازی) کراوە، بۆ ئەم لایەش ڕەزا بکرێت.

عەباس میرزاش لە نامەیەکدا بۆ محەمەد ڕەئوف پاشا والیی ئەرزرۆم ئەم داوایەی کردووە کە چۆن ئێران دەستی لە داوای گێڕانەوەی ئیلەکانی سپیکی و حەیدەران لو هەڵگرتووە. عوسمانیش دەست لە داوای گێڕانەوەی ئیلی بابان هەڵبگرێت. عوسمانی داوای گێڕانەوەی ئیلی بابانی نەکردبوو، بەڵکو داوای لە ئێران کردبوو دەست هەڵبگرێت لە خۆهەڵتیقورتاندن.

عەباس سالی ١٨٢٦ لە نامەیەکیدا گلەیی لە مەحمود پاشا ئەکات کە وەکو بەڵێنی دابوو، سوارەی بابان لە کاتی خۆیا فریای هاوبەشی نەکەوتوون لە شەڕی ڕووسدا کە ئەمە قانزاجی دین و دنیای تیادایە. ئەبێت سوارەی بابان بەشدار بووبن، چونکە هەر شەوی دوای ڕێککەوتنەکەی پەیمانی تورکمان چای ١٢٤٣ک/ ١٨٢٦ز عەباس میرزا لە نامەیەکدا بۆ مەحمود پاشا ئاگاداری لەو ڕێککەوتنە ئەکات. نەوشیروان مستەفا میژووی سیاسی بەرگی سێیەم ل ١٢-١٤٢ و ١٢-١٤٣ و ١٢-١٤٤.

٥٠. هەر بۆ پەسەندکردنی قسەی بەڕێز حسێن نازم بەگ ئەم بۆچوونەی ماکیا فیللی لە کتێبی الامیر ئەگوێزمەوە کە لە منشورات دار الافاق الجدیدە بیروت ١٩٨١/ ل٢٤٦.دەرم هێناوە ئەڵێت، "دەوڵەتی بەهێز، نایەتە بەرهەم و ناتوانێت بەردەوام بێت، ئەگەر لەسەر بنەمایەکی ئەخلاقی دانەمەزرابێت. لەگەڵ ئەوەشدا باسی خۆویستی مرۆڤ- أنانیە و خۆ خۆشەویستی مەردوم ئەکات. ناشیرینی ڕەفتاری مرۆڤ و هەروەها ماکیافللی، تەبیعەتی بەشەر (مرۆڤ) بە ئەنانی و خۆخۆشەویست دائەنێت لەبەر ئەوەشە کە هەر هاوولاتیەک هەوڵی مسۆگەرکردن و تەئمینی ژیانی خۆی ئەدا و بۆ پاراستنی مولک و مالی تێئەکۆشێت. هەموو ئەوانە لە ڕەفتاری خۆخۆیستییەوە هەڵئەقوڵین. پەیدا بوون و دانانی یاساش بە ڕای ماکیافیللی هەر بۆ پاراستن و ڕێگرتنە لە بەهەدەر لەدەستدەرنەچوونی مولک و مال و پاراستنی هەموو دەستکەوتێک، هەر لەبەر ئەوەشە بوون و دانانی یاسا بەپێویست ئەزانێت لە کۆمەڵدا."

کە وا بوو، هەرتەماع و چاوچنۆکی و چاوبڕینە جێگای یەکتر و ئەم ململانێیە بوو، بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی، لەلایەن هەندێک لە بابانە نەفسنزمەکانەوە ئەدران. لە بابانە چاوچنۆکەکانەوە، کە بەو جۆرە بابانیان ئاوا لاواز کرد و میرایەتییەکەی خۆشیان ئاوا لەناو برد.

٥١. لەم کاتەی سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ ز بگرە لە پار و پێراریشەوە، بەڵام لەم ساڵەی ٢٠١٤ دا زیاتر حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی حیزبی زۆرینەی شیعە و کاربەدەستانی گەلی کورد و عەرەب و مەسیحی و تورکمانەوە، حالی حازر بەداخەوە بەو دەورەدا تێئەپەڕن بە جۆرێک لەگەڵ ئەو هەموو دەریای نەوتە زۆرە کە عێراق هەیەتی بەڵام بە هۆی تەماع و چاو لە منصب و گەندەڵی و ململانێیەکی تەواو لەناو هەموو سیاسیەکان و کۆمەڵەکان و بەتایبەتی هەندێک لە حیزبەکانی ئیستا و لەم ڕۆژانەدا عێراق ڕووە و ڕووخان و تیاچوون بۆتەوە بەتایبەتی کۆمەڵێک کە ناوی داعش یان لە خۆیان ناوە و دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام تێکەڵاون لە هەموو ئایین و مەزهەبی میللەتان. موسڵ و ڕومادی و فلوجە و تکریت و سامڕا یان گرتووە و زۆر شوێنی تر، تائێستاش سیاسییەکانی عێراق و بەتایبەتی کاربەدەستانی حکومەت واتە زۆرینەکان، چارێکی ئەم پاشاگەردانییە یان نەکردووە. بڕواناکەم لەوەو پێشتر عێراق بە ڕۆژگارێک و کاتێکی وا دژوار و سەغڵەت و پاشاگەردانییەدا تێپەڕی بێت. هەروەها لەولاشەوە جوڵانەوەی بێئەنجامی سلێمانی کۆڕی برایم پاشا لەلایەن کورد و بابانەوە.

ئەمە ئەو کاتەیە کە بابەنەکانی پیادا تێپەڕین و لەناو چوون، ئاماژەیە بۆ لەناوچوونی عێراق، ئەگەر بارودۆخ هەر وا، بڕوات و دڵسۆزانی گەل و نیشتمان فریا نەکەون، کۆتاییبە کۆتایی هەموو گەل و وڵات.

٥٢. سلێمان کۆڕی عەبدوڵرەحمان پاشا، لەگەڵ مەحمود پاشا و عوسمان بەگ هەرسێکیان دایکبرا بوون کۆڕی عەبدوڵرەحمان پاشان جگە لە دوو کۆڕی تر لە دایکێکی تر مستەر ڕیچ لە گەشتی ڕۆژی ١٤ی تشرینی یەکەمدا باسی ئەم سلێمانە ئەکات:

لە ڕاستیدا ئەمیش پیاوێکە شایستەی ڕێزگرتنە، سەنگینییەکەی لەگەڵ تەمەنیدا نەئەگونجا زۆریش پابەندی پیاوانی ئایینی و دەرویش بوو، بەڵام زۆر وشک و دەمارگیر نەبوو. شێوەشی ئەوەندەی لە عەبدوڵرەحمان پاشای باوکی ئەچوو، ئەوەندە لە دوو براکەی نەئەچوو، چونکە لە هەردووکیان کەڵەگەتتر و بەخۆوەتر بوو، چاوەشینە جوانەکانیشی، دیمەنی نەزاکەت و دڵنیایی ئەدەن بە ڕوخساری. هەتا زیاترم ئەدیی، زیاترم خۆشدەویست و زیاتریش هۆگری ئەبووم، منیش لە ناخەوە هەرچەند بیر لەوە ئەکەمەوە، کە ئەم خەڵکە دڵسۆزانە بەجێ دێڵم خەم دام ئەگرێت و دێت بە بیرما ئیتر جارێکی تر نایانبینمەوە.

بەو جۆرە لەشکرکێشی دژی براکەی و بە پێچەوانەی وەسێتەکەی باوکیەوە و بە هاندانی ناحەز و بۆ تەماع و منصب بە تێکەڵاوبوونی هەڵپەرستان و گێرەشێوێنەکان لەژوور هەموویانەوە داود پاشای والیی و کۆڵەمەندەمەکانی تر.

ئاوا دژایەتی ئەو برا گەورە بەڕێزەی خۆی بکات بۆ داگیر کردنی سلێمانی. چەندەها جار لەشکری بێگانە بێنێتە سەر شاری باووباپیر بۆ منصب و بە هاندانی دوژمن هەرئەوەندەم لەباردایە بڵێم خوای گەورە لە گوناحی ببورێت و لە کردەوەکانی خۆش

بێت. ئەم کردەوانەی، جوتبرا دژی یەک دیسانەوە ئەڵێم، بە هاندانی ناحەز بۆ بەرژەوەندی خۆیان، مایەی نکۆڵ و نارەزایی کوڕ و کوڕەزایانە، ئومێدەوارم هەموو عیبرەت و دەرس لە ئەنجامی ئەو دووبەرەکییە وەر بگرین و ئەوە بێت بە ئاسۆیەکی پرشنگدار بۆ هەموو کوردێک، بۆ بەرژەوەندی و یەکێتی و سەرکەوتنی کورد و یەکگرتنی هەموو کوردستان لە قەوارەیەکی بەهێز و ڕاست و پاک دژی گەندەڵی و تەماع و منصب، کە لە ناوچەکەدا دەنگ بداتەوە، خوا هەموو سەرکردەیەکی پاک و ڕاست و دڵسۆز سەر بخات و لە بابەت جورج واشنتەن یاخود غاندی یا ماندیلا بۆ ئەم کوردە بەربڵاوەی هەمووکوردستان بڕەخسێنێت، یەکمان بخات و لەناو میللەتانی جیهاندا بناسرێین و بکەوینە خۆمان چونکە بە ڕاستی کورد گەلێکی هەرە وریا و زیرەک و بەتوانایە ئەگەر واز لە تەماع و منصب و لە ڕژدی و... دوور بکەونەوە.

٥٣. ئەمە بەتەواوەتی پەیوەندی بەهێزی عەشرەت و بنەماڵەی بەڕێزی جاف ڕوون ئەکاتەوە، لەگەڵ بابانەکاندا لە خۆشیی و ناخۆشییاندا. بەداخەوە ئەم دوو میرەی جاف لە شەڕی بەینی دوو برای باباندا شەهید بوون.

مستەر ڕیچ لە گەشتی ڕۆژی ٢٧ ی ئایار ١٨٢٠دا ئەڵێت، "خێڵی جاف لە بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستاندا بەشدار نەبوون، تاکو لە سەردەمی ئەوڕەحمان پاشادا بەشدار کران." هەر لە یادی ئەو ڕۆژەدا ئەڵێت، "عومەر ئاغا باسی تەختی سلێمانی نزیک بە شاری سنە، ئینجا باسی دەڵۆ لە بەینی قەرەداخ و برایم خانچی کە بە شاری جنۆکان بەناوبانگە ئاخۆ ئەمە تووتی بابا نییە؟ (ج.ب) ئەم شاخی دەڵۆیە گۆگرد و نەوت و زاخ و خوێ و سەرچاوەیەکی ترش و زەردیشی تیایە" هەر لەوێ سەرۆکعەشرەتێکی جافی لێ بوو، هەندێک پرسیارم لێ کرد، لە شێوەی فەرمانڕەوایی ناوخۆییان. وتی، "کەیخسرەو بەگ سەرۆکی تێکڕای جاف. بکۆژ و ببڕ خۆیەتی، ئەنجومەنی ڕاوێژکاریشی نییە، پرس بە هیچ دەم سپییەک ناکات. ئەگەر میریش داوای هەندێک پارە یا جەنگاوەری لێ بکات، سەرۆک تیرەکان کۆ ئەکاتەوە و داخوازییەکانی میریان بەسەردا دابەش ئەکات. هەر سەرتیپێک ئەوانیش پیاوەکانی خۆیان کۆ ئەکەنەوە، ئەرکەکانیان بەسەردا دابەش ئەکەن. ئەوەی شایانی باسیشە خوشکێکی کەیخسرەو بەگی سەرۆکی جاف خێزانی ئەوڕەحمان پاشا و ئەبێت بە دایکی حەسەن بەگ کە چەند جارێک لەم کتێبەدا ناوی هاتووە. بە کورتی ئەو پەیوەندییە تا ئەمڕۆ بەردەوامە و ئەتوانم بڵێم بەهێزتر بووە.

٥٤. واتا ١٨٣١ز.

٥٥. دەوڵەتی عوسمانی لە سەرەتادا هۆزێکی گەورەی تورکمانی مەغۆلی لەسەر قەراغی ڕۆژهەڵاتی دەریای مەڕمەرە لەخوار پایتەختی دەوڵەتی بیزەنتی قوستەنتەنیەدا ئەژیان. ئەم هۆزە سوودی لە لاوازی دەوڵەتی بیزەنتە بینی، دەستی کرد بە هەڵکوتانە سەری بە ناوی ئیسلامەوە.

ساڵی ١٣٢٦ز سوڵتان ئورخان کە گەیشتە پایەی سەڵتەنەت، سوپای ئینکیشاری لە ڕۆژگاری ئەودا دروستبوو. بناغەی ئەم سوپایە لەو منداڵانە پێک هات کە لە دەوڵەتە مەسیحیەکانی دراوسێ ئەفرێندران، دەخرانە قوتابخانەی تایبەتییەوە بۆ پێگەیاندنیان لەسەر بناغەی ئیسلامی و سوپایی. ئەوانە دیوشرمە- المقطوفین) یان پێئەوتن و پەیوەندییان لەگەڵ دەرەوە ئەبڕرا و هیچیان لەبیردا نەبوو، تەنها دین و دەوڵەت و شەڕکردن نەبێت. سۆفیی بەناوبانگ حاجی محەمەدی بەکتاش دوای دوعای سەرکەوتن بۆیان ناوی نان یەنی چەری- سوپای نوێ ئەم ناوە لەوە دوا و بەعەرەبی گۆڕرا بۆ ئینکیشاری کە ئەم سوپایە لە ڕووی بڕواوە بەسترا بە ڕێبازی بەکتاشییەوە. هەر کەتیبەیەکی سوپا شێخێکی بەکتاشی تیادا دانرا بە ناوی باباوە، بۆ ڕابەری و سەربازەکانیشی لەو بڕوایەدا بوون کە هەموو سەرکەوتنەکانیان لە ڕێی حاجی بەکتاش و پیرۆزی ئەوەوەیە. د. عەلی ئەلوەردی لمحات. منیش (ج.ب) ئەڵێم لەوە ئەکات ئیمامی تابور کە تاکو ئەم ساڵانەی دوایش لەناو سوپای عێراقیدا بەردەوام بوون. بۆ نموونە د. مستەفا زەڵمی و مامۆستا مەلا یەحیای چرۆستانی. لەو ئیمامە بەڕێزە پێشکەوتووانە بوون. وا دیارە ئەم تقلیدە پاشماوەی ئەو ڕۆژگارەی عوسمانی بێت.

جگە لەوانە، ناوی دێهات بەتایبەتی لە سلێمانیدا وەک بابەگێلدی، قوڵدەرەسی، توت ئاغاج هەروەها خواردن وەک تاسکەبابی. گاس کبابی و قەزاتمە. دۆڵمە. ئەم ناوانە پاشماوەی عوسمانین و گەلێک شتی تر لەم بابەتە.

٥٦. دەوڵەتی عوسمانی چونکە بەئاسانی، قوستەنتەنیەی داگیر کرد، لە کۆتایی تەمەنی ڕوومییەکاندا. ئەو باییبوونەی تووشیان هات، تا بە ڕەچەڵەکیاندا نەچووە خوارێ، بەری نەدان، تا فەوتاندنیان زۆر کەم ئاگاداری میللەت و بەڕێوەبردنی وڵات بوون. هەر لە سوڵتانەکانەوە تا کاربەدەستەکان. هەر ئەوغرورە بوو لە دەروونی داودیشدا ڕەنگی دایەوە. سەروو خۆی بە هیچ نەئەزانی نیازی بوونیادنانی میسۆپۆتامیا بوو، تا بە ڕەچەڵەکیدا چووە خوارەوە (ج.ب).

لە وەزیر و صدری ئەعظەم و والی و کەتخودا. تا ئەگاتە موتەسەریف و قایمقام و مدیری ناحیە. زۆر کەم یەکێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەریان تیادا هەڵکەوتبێت، بەتایبەتی لەسەرەتای پێکهێنانی ئیمپراتۆرییەتەکەیاندا هەر زۆر بێبیاک بوون، تاکو لەم دواییاندا، دوای ئەوەی تووشی جۆرەها شکستە و گەندەڵی و شەڕ و ئاژاوە بوون، هەر زیاتریش لەبەر ئەوەی متمانەیان بە ڕۆڵەی نیشتمانپەروەری ئەو وڵاتانە نەبوو، کە داگیریان کردبوو وەک عەرەبەکانی هەموو وڵاتی عەرەب. هەموو کورد و ئەرمەن.

بەڵکو وەک لە عێراقدا زیاتر ڕووی ئەدا بڕوایان بە مەمالیک و کولەمەن بوو کە لەم کتێبەدا ڕوون کراوەتەوە، ئەوانە چۆن هێنران و چۆن گەورە ئەکران.

لە ئەنجامدا چەند پلەی هەرە بەرز بە ئەوان یەک لەدوای یەک ئەبەخشرا و نە عەرەب و

نە کوردیان بە هیچ جۆرێک فکر نە ئەکەوتەوە کە پلەی لێپرسراویان بەرەوڕوو بکەنەوە. ئەو توخم و ڕەگەزانەش کە ئەو پایە بەرزانەیان پێ ئەسپێردران، هەموو دەسەلاتێکیان ئەدرایە بکوژ و ببڕ خۆیان بوون. بێگومان ئەوانەش هەستی ئینتیما و نیشتمانپەروەرییان نەبوو. چونکە ئەو مەمالیکانە، خۆیان نەئەناسی خەڵکی کوێن و لەکوێوە بەمندالّی هێنراون یاخود فڕێنراون و گەورە کراون. خۆزگە ئەو پەیمانگایەیش کەتیایدا گەورە ئەکران ڕووبن ئەکرایەوە، ئایا چ خوێندن و زانین و ڕەوشت و ئاکارێکی تیادا پەیرەو کراوە؟ وا دیارە هیچ بەلای ئەمەک و پیاوەتی و چاکەدا گۆش نەکراون. ئەگینا یەکێکی وەک عەبدوڵڵا پاشا کە بە عەبدوڵڵای خازن ناوی دەر کردبوو، ئەوڕەحمان پاشای بابان لەسەر تەختی پاشایەتی دای نا. کەچی زۆری نەبرد، یەکەم کەس کە بەدوای سەریدا ئەگەڕا کە لە ناوی بەرێت وەلی نیعمەتەکەی بوو، کە ئەوڕەحمان پاشا بوو. هەروەها مەحمود پاشای بابانی کوڕی ئەوڕەحمان پاشا کە داودی دانا بە والی، داود لە پێش هەموو کار و چاکسازییەکدا کە پێی هەستێت، بە دوای سەری مەحمودا ئەگەڕا وەک لەمەوپێش خوێندمانەوە.

٥٧. لە بابەت غرور و خۆبەزلزانینی داود پاشا. شێخ محەمەدی خاڵ خوالێخۆشبوو لە کتێبەکەیدا موفتی زەهاوی کە بە کوردی دەری کردووە ئەڵێت، "جارێک موفتی لای والی ئەبێت، وە لە ناوەندی هەردووکیاندا سەرینێک ئەبێت، لەو حەلەدا کوڕی حەسەن قولی خانی والیی لورستان ئەچێتە لای والی، وا دەر دەکەوێت کە والی لە قسەکانی خۆشنوود نەبووە، لە پاش هەستانی ئەو کوڕە، ئەمە فەرامۆش ئەکات کە موفتی کوردە، ئەڵێت، "توخوا موفتی ئەفەندی، فەرق چییە لەبەینی کورد و کەردا؟"

موفتیش کتوپڕ ئەڵێت، "پاشا فەرقی بەینیان ئەم سەرینەیە، والی کە بیری ئەکەوێتەوە موفتی کوردە، زۆر شەرمەزار ئەبێت، و داوای بەخشین و لێبوردنی لێ ئەکات، هەر لە سەر ئەمە موفتی تەرکی هاتوچۆی والیی ئەکات، ڕۆژێک والی لە ڕووی گلەییەوە ئەم ئایەتەی بۆ ئەنووسێت، " هَل أستَكْبَرتَ ام كُنتَ مِنَ العالِين" موفتیش لە داوێنی کاغەزەکەیەوە بۆی ئەنووسێتەوە، "لاولا" موفتی بەدیمەن وەڵامی ئەداتەوە، بەڵام ئاماژەی بۆ ئەم نیوە شیعرەیە کە ئەڵێت، "لاري القردُ ولا القردُ يراني".

٥٨. بنەماڵەی میر یاخود پاشای ڕەواندز (حەمە پاشا) یاخود (پاشای گەورە)، یەکێکە لە بنەماڵە کۆنەکانی کوردستان، ئینجا هەروەک مستەر ڕیچ لە گەشتی ڕۆژی ١١ی تەمووزی ساڵی ١٨٢٠دا باسی ئەو بنەماڵەی سۆران و بنەماڵە کۆنە ناسراوەکانی تری ناوچەی کوردستانی خواروو ئەکات ئەڵێت، "بنەماڵەی سۆران کە ڕۆژێک لە ڕۆژان نەک هەر تەنیا لە بەهێزترین بنەماڵەکانی کوردستان بوون، بەڵکو هەموو ناوچەی کوردستانیان بەدەستەوە بووە، پایتەختەکەیان حەریر بووە، کە ئێستاش شوێنەواری ئەو بنەماڵەی تیادا دیارە و خانووەکانیان لەسەر شێوەیەک بووە، لە هەموو خانووە

سازییەکانی سەردەمە جیاجیاکانی کوردستان پێشکەوتووتر بووە. ئەم بنەماڵەیە ئێستا پووکاوەتەوە ئەو ئێستایە ساڵی ١٨٢٠ ئەگرێتەوە لەجێی ئەوان بنەماڵەی بابان و چەندین بنەماڵەی تر لە ناوچەکەدا بڵاو بوونەتەوە.

هەروەها مستەر ڕیچ بێجگە لە بنەماڵەی بابان و سۆران باسی بنەماڵەکانی تریش ئەکات وەک،

خۆشناو، ئەو معلوماتەی لە عومەر ئاغام وەر گرت خۆشناوەتی و ڕەواندزی نەزانن، هەرچەندە وا ناسراون کە لە مزگەوتیشدا یەکتر ئەکوژن، بەڵام سەریان بچێت نوێژیان ناچێت، شەڕەکانیشیان بە یەکترکوشتن نەبێت کۆتایی نایەت.

بەڵباس، هەموو پیاوێکی بڵباس پلەوپایەی هەرچییەک بێت، ئەتوانێت بیروڕای خۆی سەبارەت بە هەموو کاروبارێکی گشتی دەربببڕێت، جاری واش ئەبێت سەرۆکێکی بەڵباس لەسەر شتێکی بازرگانی، ڕێککەوتننامەیەک پێک دێنێت، کەچی یەکێک لە پیاوەکانی هۆزەکەی، ناڕەزایی خۆی پیشان ئەدات، ئیتر ئەو قسەیە بەسە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە.

بەڵباس بریتین لەم هۆزانە ڕەمک، مەنزوور. بێڕان ومامش، کابایز، مس و قافا... لەناو بەڵباسدا خوێن بایی ٢٢ گایە.

بەهدینان، پایتەختەکەیان ئامێدی – عەمادیە ئەوانە لە بنەماڵە هەرە خانەدانەکانن چونکە نەوەی خولەفاکانن و لای خەڵکی پیرۆز و بەڕێزن. گەورەکەیان ئیش ناکات. هەر کاتێک بیەوێت پارە کۆ بکاتەوە، سواری هێستریک ئەبێت، بە شەو بەسەر دەستوپێوەندەوە ئەسووڕێنەوە، هەر شەوەی لای سەرۆک خێڵێک دائەبەزێت و ئەویش دەست نانێت بەڕوویەوە، بەیانی کە ویستی بڕوات شتێک پارەی ئەدرێتێ. ئەم میرە وەک خەلیفەکانی عەبباسی ڕەفتار ئەکات، بە گۆشەگیریی کات ئەباتە سەر. لە جلوبەرگ لەبەرکردندا ڕێکوپێکە. فیست لەسەر ئەکات و شاڵێکی کشمیری بە دەوریدا. فەرقی ئەم میرە لەگەڵ بابانەکاندا ئەوەیە بە گەورەیی و شانوشکۆی خۆی لەوەدایە، بەپێی توانا خەڵوەتنشین و گۆشەگیرە. بەڵام میرانی بابان بە پێچەوانەوەن چونکە بە پێویستی ئەزانن تێکەڵاو ببن و بکەونە بەرچاو، تەیاریش هەیە کە هۆزێکی سەربەخۆی کلدانین، موسوڵمانەکان هەموو لێیان ئەترسن.

بنەماڵەی بۆتان، ئەوانیش لەوەوپێش خاوەنی هێزو دەسەڵات بوون و فەرمانڕەوایی گەلێک لە ناوچەکانی کوردستانیان کردووە کە حوکمی ناوچەی بۆتانیان کردووە، ئێستا ناو و دەسەڵاتیان کەم بۆتەوە. پایتەختی ئەم بنەماڵەیە جزیرە بوو، کە ئێستا هەر کەلاوەیە.

بنەماڵەی کویسنجق کە فەرمانداریتی کۆیەیان بەدەستەوە بوو، هەر بەشێک بوون لەم بنەماڵانە و پاشا و دەسەڵاتداریتیی بابان بەڕێوەیان دەبات.

بنەماڵەی زەهاویش زۆر گەورە و خۆشەویست نەبوون و لە ناوچەی خۆیاندا دەسەلاتی گەورە و زەبر و زەنگیان نەبووە.
بەگوێرەی سەرچاوەمێژووییەکان بنەماڵەی زەهاوی لە بنەچەدا بابانن. سەیری کتێبی موفتی زەهاوی نووسینی شێخ محەمەدی خاڵ بکە.
٥٩. مەلا محەمەد لە دێی خەتێنی سەر بە ڕەواندز جێی متمانە و ڕێزی سەرتاسەری کوردستان بوو. چونکە هەموو مانایەکی پیاوچاکی تێدا بوو، پایە زانستیەکەی بەرز بوو حسێن نازم بەگ مێژووی میرایەتی بابان بەڵام ئەوەندەی پەیوەندی بە فەوتانی حەمە پاشای ڕەواندزەوە، خەڵک ئەو فەتوایەی تۆمەتبار ئەکەن لە کاتێکدا کە سوڵتانەکانی عوسمانی خەلیفەی ئیسلام نەبوون بە بۆچوونی ساطع الحصری. بەڵام، لەلایەکی تریەوە زۆربەی میللەتی تورک ئیسلامن، بۆیە لە خاکی تورکیادا سەدەها مزگەوتی ڕازاوە و گەورەی تێدایە. هەر لە ڕوانگەی ئیسلامەوەیە حیزبە ئیسلامییەکان لە تورکیا لەم چەند ساڵەی دواییەدا حوکم و کاری سیاسیی وڵاتیان تاکو ئێستاش کە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦ز لەدەست دایە. جگە لەوە پیاوی ئیسلامی هەرە گەورەی تیادا هەڵکەوتووە بۆ نموونە جەلالەدینی ڕۆمی سۆفی و شاعیری ناسراو.
چەند خۆش ئەبوو، لاپەڕەکانی مێژوو زووتر هەواڵی ژنوژنخوازی لەبەینی میری ڕەواندزی بەڕێز و میری بابان دا پێک بهاتایە، واتە زووتر هەردوو میرنشینی ڕەواندز و بابان یەکیان بگرتایە دژی دوژمنی هەردوو لا، هەردوو لا بنەماڵە و کورد و سوونی مەزهەب و یەک زمان و لە ژوور هەموویانەوە، هەردوو لا ئیسلام ئەوسا کە عوسمانی نەیئەتوانی ئاوا هەردوو لا لە مێژووی کورددا بەئاسانی بسڕێتەوە.
نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو هەر بنەماڵەیەکیان، لەناو خۆیاندا یەک و یەک تەن بوونایە چاویان لە تەماع و کورسی دەسەلات ئەوەندە نەبووایە، گەورەکانیش کە کاریان ئەگرتە دەست، ئەگەر چاویان لە برا و برازا و خزم و دڵسۆزەکانیانەوە بووایە، نەئەگەیشتنە ئەو ڕادەیەی کە دەستاڕی ڕۆم و عەجەم بەو جۆرە بیانهاڕێت. هەرچەندە ئەمە قسەی گوێی ئاگردانە بەرامبەر بە ڕابردوو. بەڵام ئەوی تێبگات، ئەزانێت ئەمڕۆ مەبەست بە کێیە و کەیە؟
عاقڵیی هەردوو میری بابان ئەحمەد پاشاو میری ڕەواندز ڕەسوڵ پاشا کە حوسێن پاشای بابان فاتمە خانی خوشکی ڕەسوڵ پاشا لەلایەن ئەحمەد پاشاوە بۆ خوازرا، وەک مامۆستا حوزنی موکریانی ئەڵێت، "بە دەبدەبەی شاهانە بووک گوێزرایەوە، لەو دوو توخمە پاکە مستەفا زهنی پاشا و حەمدی بەگ. دوو گەوهەری نادیدە پەیدا بوون، حەمدی بەگ لە بەغداد بوو بە مفتشی عەدلیە." ل١٦٥ ئاوڕێکی پاشەوە- حوکمدارانی بابان.
٦٠. چوار کوڕ یا زیاتر. کوڕی چوارەم مستەفا بەگ باوکی عەزمی بەگی باپیری

نووسەری ئەم کتێبە. جگە لە فتح اللە بەگ کە بەگەنجی لە دەرەوەی ولات وەفاتی کردووە.
ئەوەی شایانی باسە لێرەدا، بەهەشتیی شێخ مارفی نۆدێ هەر وەک سلێمان پاشا و دوای ئەو هەر لەو ساڵەدا واتە ١٨٣٩ وەفاتی کردووە و لە پاڵ دیواری گومەزەکەی سلێمان پاشادا شاردراوەتەوە، بەڵام چەندەها ساڵ دوای وەفاتی گومەزێک لەسەر گۆڕەکەی دروست کرا، لەم دواییەشدا، لەلایەن حکومەتی سلێمانییەوە، ئەو گومەزەش نۆژەن کرایەوە.
دوای ئەوە و لەسەر تێکۆشانی نووسەری ئەم کتێبە و بنەماڵەی عەزمی بەگ. گومەزەکەی سەر سلێمان پاشاش ڕووخێنرا لەلایەن ئیدارەی محلییەوە و گومەزێکی نوێی لەسەر گۆڕەکەی دروست کرا. بەڵام ئەوەی جێی داخ و ناڕەزاییە لەم دواییەدا دایک و کوڕێک بەبێ ڕەزامەندی بنەماڵەی عەزمی بەگ براونەتە ناو ئەو گومەزەوە و لەوێ شاردراونەتەوە کە لە دووریشەوە پەیوەندییان بە سلێمان پاشاوە نییە هەر ئەوە نەبێت کە بابانن. لە کاتێکدا عەزمی بەک کە کوڕەزای سلێمان پاشا بوو، دوای وەفاتی نەبرایە ناو گومەزەکەوە.
٦١. ئەحمەد پاشا پیاوێکی هەڵکەوتووی ڕۆشنبیر و شارەزای بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت بوو، لەو ماوە کورتەی حوکمیدا دەستی کردووە بە ئەنجامدانی چەند کارێکی گرنگ لەوانە،
هەوڵی زۆری بۆ ڕێکخستنەوەی هێزی چەکداردا نیزام لەسەر شێوەی سوپا نوێیەکانی جیهان. چوار تیپی هەزار کەسی ڕێک خستووە، پلەی سوپایی بۆ دیاری کردوون. مەشق و جلوبەرگ و موچە و چەکی بۆ دابینکردوون شێخ ڕەزای تاڵەبانی کە لە بیرم دێت سلێمانی ئەڵێت، "لەبەر تابووری عەسکەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا- سەدای تەپڵ و موزیقە هەتا ئەیوانی کەیوان بوو."
مەبەستی لە ڕۆژگاری حوکمی ئەحمەد پادشایە، لەو بەیتە شیعرەشیدا کە ئەڵێت، کە عەبدوڵڵا پاشا لەشکری والیی سنەی شڕ کرد ڕەزا ئەو دەمە عومری پێنج و شەش طفلی دەبستان بوو." مەبەستی لە عەبدوڵڵا پاشای برای بچوکی ئەم ئەحمەد پاشایەیە، لە باوکم بیستووە کەسانێک شانازییان بە سەربازێتی لە سوپای ئەحمەد پاشادا کردووە. تاکو وتویانە فیست و فسکول لەسەر خۆمان، عەسکەری ئەحمەد پاشاین- واتا بەرگی سوپاییەکەش هەمووی لەسەر خۆمان بە مەرجێک سەرباز بین لە سوپای ئەحمەد پاشادا. ئەوەندە شانازی بەو سوپایەوە کراوە (ج.ب).
٦٢. ئەحمەد پاشا جگە لەو ئازایەتییەی باپیری حسێن نازم بەگ گێڕاویەتیەوە. بەگوێرەی چەندەها سەرچاوەی تر کە باسی ئەکەن لەلایەکی ترەوە، بایەخێکی زۆری بە خوێندن و خوێندەواری داوە. مزگەوتی تازەی دروست کردووە ڕێزی لە مەلاکان گرتووە،

پێویستی ژیانی دابین کردوون، گوندی لەسەر وەقف کردوون. کتێبخانەی مزگەوتی گەورەی ئاوەدان کردۆتەوە و ژمارەیەکی زۆر کتێبی بۆ کڕیون. دوای دوورخستنەوەی لە کوردستان، بەردەوام کتێبی بەنرخی بۆ ئەم کتێبخانەیە ناردووە، دوای ئەو هەموو کارەساتانەی بەسەر سلێمانی و کتێبخانەکاندا هاتووە، تا ئێستاش دەیان کتێبی بەنرخ کە ئەحمەد پاشا وەقفی کردوون، هێشتا لە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانیدا ماون، کتێبخانەکە کتێبخانەی بابانەکان بوو. ژمارەیان شەش هەزار بەرگی بەنرخ بوو، زۆربەی برا، یاخود دزرا یاخود سووتا، ناوەکەشی بە ناحەق و بەزۆر لە کتێبخانەی بابانەوە گوێزرا بە کتێبخانەی ئەوقاف. چەندەها جار مراجەعتمان کرد داوای گێڕانەوەی ناوە ئەصڵییەکەیمان کرد، تا ئێستاش وەزیرێکی ئەوقاف ئەو ئازایەتییەی نەنواند ئەم حەقە بگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی (ج.ب) هەر لەم سەردەمەدا شیعر بە لەهجەی بابان گەشەی کرد و قوتابخانەی شیعری بابان لەلایەن سێ کوچکەی هەڵکەوتوو نالی، سالم، کوردییەوە دامەزرێنرا.

هەروەها ئەحمەد پاشا هەوڵێکی زۆری دا بۆ چەسپاندنی ئاساییش و سەروسامانی خەڵکی، سزادانی جەردە و ڕێگرو چەتە، هانی کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی داوە نەوشیروان مستەفا مێژووی سیاسی. بەرگی سێیەم ل٢١- ١٤٧و ٢١-١٤٨.

٦٣. لەم بەینەدا، لە کاتێکدا کە ئەحمەد پاشا لەسەر زەبرگەیاندن بە ناوچەی هەورامان لەئەنجامی چەتەگەری و تێکدانی ئاساییش و شکات بۆ دوورخستنەوەی ئەحمەد پاشا و دەستکێشانەوەی ئەحمەد پاشاو دانانی لە بەغداد دەستبەسەر دەبێت، ئیتر دەوڵەتی عوسمانی سەرقاڵی تەگبیری لەناوبردنی میرایەتیی بابان بوو. بە کورتی ئێران لەشکری ساز کرد بۆ مەحموود پاشا و لە سلێمانییشەوە، عەبدوڵڵای برای ئەحمەد پاشا خۆی ئامادە کرد و ڕێی لەو لەشکرە گەورەیە گرت و شکاندی. ئەم تێکشکانە تێکشکانی مەحموود پاشا و پاشایەتیی بابان بوو، زیاتر پاڵی بە هەردوو دەوڵەتەوە نا، هەوڵی بەلاداخستنی کێشەکانی سنوور و دانانی سنووربێک بۆ ئەم گیروگرفتانە دابنێن. دوای ئەم سەرکەوتنەی والیی ڕێگای بە ئەحمەد پاشا دا. بگەڕێتەوە کوردستان. کۆیە و حەریریش خرایە ژێر دەستی. نەوشیروان مستەفا- مێژووی سیاسی، بەرگی سێیەم ٩و١٢و ٢٤.

لە ئەنجامی گفتوگۆی ئەرزڕۆمدا، لیژنەیەکی چوارقۆڵی ئێرانی، تورکی، ڕوسی و ئینگلیزی، خەریکی دیاریکردنی هێڵی سنووری ئێران و عوسمانی بوون. چونکە هەردوو لا لە ناوچەکانی سنووردا کێشەیان بۆ یەکتر دروست ئەکرد، و زۆریان لە دانیشتوانی سەر سنوورەکانی ئەکرد بۆ ئەوەی خۆیان بە هاوواڵتی ئەو دەوڵەتە ساغ بکەنەوە، فکری میللەت و نیشتمانخوازی لەو شاگردە پێشکەوتووانەوە لە سلێمانی زیندووکرایەوە ئەمڕۆش ئەوانەی لە تورکیا و عێراق و سوریا وظیفەی گەورەیان لەدەستدایە، ئەتوانم بڵێم ئەغڵەبیان(زۆربەیان) ئەو شاگردە کوردانەن. ڕێککەوتنی یەکەمی ئەرزڕۆم سالی

١٨٢٢ ز کۆتایی بە ناکۆکی بەینی ئێران و عوسمانی نەهێنا. بۆیە گفتوگۆ هەر بەردەوام بوو، ئەم جارە بە کەوتنەبەینەوەی ڕوسیا و بەریتانیا لە کۆبوونەوەی دووەم ڕێککەوتنی ساڵی(١٢٦٣ک/ ١٨٤٧ز) ماددەی دووەمی ڕێککەوتنەکە لە بابەت کوردستانەوە بوو ئەڵێت، "دەوڵەتی ئێران بەڵێن ئەدات کە دەست لە هەموو ئەرزەدەشتاییەکانی ولایەتی زەهاو- واتە ئەرزەکانی لای ڕۆژئاوای بۆ دەوڵەتی عوسمانی هەڵبگرێت، عوسمانیش بەڵێن ئەدات، دەست لەلای ڕۆژهەڵاتی ولایەتی زەهاو، واتە هەموو ئەرزە شاخاوییەکانی ئەوێ لەگەڵ دەرەوەی کرند بۆ دەوڵەتی ئێران هەڵبگرێت. ئێران بەڵێن ئەدات واز لە هەموو خواستەکانی خۆی لە شار و ویلایەتی سلێمانیدا بهێنێت هیچ کاتێک دەست وەر نەداتە مافی خاوەنێتی دەوڵەتی عوسمانی کە لە ویلایەتی ناوبراودا هەیەتی. دەوڵەتی عوسمانیش بەڵێن ئەدا کە شار و بەندەری موحەمەرە و جزیرەی ئەلخزر و لەنگەرگا و ئەرزەکانی لێواری خۆرهەڵات، واتا لای چەپی شەتولعەرەب کە بەدەست ئێلە ناسراوەکانی ئێرانەوەیە. بە مولکایەتی لەدەست ئێراندا بێت، مافی ئەوەشی هەبێت کەشتیی ئێرانی بەئازادی بە ئاودا هاتۆچۆ بکات. ئەم ڕێککەوتنە کۆتایی بە حوکمی بنەماڵەخۆجێیەکان لە کوردستانی عوسمانی و ئێراندا هێنا. نەوشیروان مستەفا. مێژووی سیاسی. بەرگی سێیەم ل٢٣-١٤٨و ٢٥-١٥١.

٦٤. مامۆستا حوزنی موکریانی ئەڵێت، "ساڵی ١٢٧٤ک/ ١٨٥٧ز هەرچەند ئەو ساڵە تەواو نییە (ج.ب) نەجیب پاشای والیی بەغداد بە ئەمری سوڵتان عەبدولمەجید خان چووە سەر خاکی بابان کەرکووک و هەولێری گرت و ڕووەو کۆیە ڕۆیشت. فێڵ و دەسکیسەی بەکار برد کە هەمیشە ئەوە کاریان بووە. بەیاننامەی پڕ لە ئایەت و حەدیس و باسی خەلیفە و دین و شەریعەتی تیادا کردووە بەناو کوردەکاندا بڵاوی کردۆتەوە. بۆ مەلا و شێخ و بەناو لەشکردا بڵاوی کردۆتەوە کە شەڕ لەگەڵ ئەمیر ئەلموئمنین کە سوڵتانە جائز نییە. ئەوەڵ کەس بەو ژەهرە گرفتار بوو بینباشی بریندارانی سەرداری سوپای ئەحمەد پاشابوو. عەزیزی مەسرەف ئەحمەد پاشا لە هەڵگەڕانەوەی سوپا ئاگادار دەکاتەوە و ئامۆژگاری ئەکات ئەو خەڵەتاوانە بەخۆشی پەشیمان بکرێنەوە. سوودی نابێت بریندار ئاغا ئەمری تەسلیم بوونیان ئەدات ل١٦٦-١٦٧ ئاوڕێکی پاشەوە- حوکمدارانی بابان. بەڵام مامەیارەی چاوەشی لە تۆپەکانی ئەحمەد پاشا هەر وازی نەهێنا و لە ئاگربارانی تۆپ دەستی هەڵنەگرت تاکو زەخیرەی کۆتایی هات.

٦٥. مامەیارە: ئێستا لە سلێمانیدا شانازی بە خۆی و ناوەکەی و گردەکەیەوە ئەکرێت. ئەو پاڵەوانبازی و کردەوانەی، دۆن کیشۆتی ئیسپانیم بیر ئەخاتەوە بەم بۆنەیەوە، کاتێک کە لە بەغداد بووم چەند ساڵێک لەمەوپێش بیستم کە نووسەرێکی بەڕێز نەمزانی کێیە لە نووسینێکیدا لە ڕۆژنامەدا، برایم پاشای بە دۆن کیشۆت لە بەراوردێکدا چواندووە. من نووسینەکەم نەدیوە. بۆیە ئەڵێم ئەگەر وا بێت، بە ڕاستی زوڵمی لە برایم

پاشا کردووە. چونکە هیچ خاڵێکی لەیەکچوون لە یەکیان نزیک ناخاتەوە. جگە لەوەی گەورەپیاوێکی کورد لەجیاتی ئەوەی بە ئەسکەندەر کە ئەسکەندەرییەی دروست کرد و بە ئەبو جەعفەری مەنسور کە بەغدادی بوونیاد ناو بە ناسر پاشای ئەلسەعدون کە شاری ناسریەی دروست کرد. لەجیاتیی ئەوەی بەو بەڕێزانەی بچوێنێت و دەستی ڕێز و حورمەتی لێ بنێت نەک، بە پیاوێکی گاڵتەجاڕی ئیسپانی بچوێنێت کە لە هەموو سەرێکەوە لەیەک دوورن.

٦٦. ل ١٦٧ ئاوڕێکی پاشەوە – حوکمدارانی بابان.
٦٧.ل ١٧٠ – ١٧٢ حمکدارانی بابان- ئاوڕێکی پاشەوە.

بەشی چوارەم

حەکایەتە خۆجێییەکانی سەردەمی لەناوچوونی میرایەتی بابان

گێڕانەوەی ئەم حەکایەتانە لەم کتێبەدا، سوودێکی هەر هەیە. لەوە ئەکات تیشکێکی ڕاستیان تیادا بەدی بکرێت، چونکە ڕووداوەکان کە لە زمانی حەکایەتخوانەوە: بە مێژووی ڕووداوەکانەوە و بە ناوی پاڵەوانەکانەوە و ناوی شوێنەکانەوە، جگە لە هەندێک ئاماژەی شارەزایانەی تر، ئەمانە هەموویان لە واقعمان نزیک ئەخەنەوە، سا ئەگەر لە سەداسەدیش نەبێت، خۆ نیوەبەنیوەش بێت یا کەمتر هەر باشە.

یەکەم: مامۆستا (ع. بەسۆز، عەبدوڵڵای کەریم ئەفەندی غەفور ئەفەنی.)

دووەم: مامۆستای فۆلکلۆری کوردی خوالێخۆشبوو عومەری عەبدولڕەحیم. (ڕەحیم کۆڵەبی)

هەردووکیان بەوپەڕی دڵسۆزی و کوردایەتییەوە ڕووداوەکانیان لە گێڕانەوەدا خستووەتە قاڵبێکی مێژوویی وەهاوە کە زیاتر نزیک بێت لە ڕاستیەوە.

هەر بەو بڕوایەشەوە لە کاتی خۆیدا من لە بەرگی چوارەمی سلێمانی شارە گەشاوەکەم چاپی یەکەم لەلاپەڕە. (٥٧- ٦٧)و لاپەڕە (٦٨- ٧٤) بڵاو کردوونەتەوە.

ئیتر بفەرموون بەرەو جیهانی حەکایەتی مێژوویی. جەمال بابان

میژووی هێرشی ڕۆمی بۆ سەر سلێمانی و بەرگریی ئافرەت- بەتایبەتی ئافتاو و خونچە کوڕانی

برای بەڕێزم کاک ع. بەسۆز. عەبدوڵلا ی کەریم ئەفەندی غەفور ئەفەندی.

ساڵی ١٩٧٩ نامەیەکی بۆ ناردم، کە وەڵامی نامەیەکی من بوو لەو نامەیەدا گەلێک شتی میژوویینی بۆ نووسیبوم. یەکێک لەوانە تایبەت بوو بە ڕووخاندنی میرنشینی بابانەوە لەبەینی ساڵەکانی ١٨٤٧- ١٨٥١ وا بڵاوی ئەکەینەوە و لەوەوپێش لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٨٧٠ ڕۆژی ١٩٨٦/١٢/١٨دا بڵاوم کردۆتەوە، چونکە پاڵەوانێتی و قارەمانی هەندێک ئافرەتی ئەو سەردەمەی سلێمانی پیشان ئەدات. هەرچەندە لە ناوەکاندا هەندێک هەڵەی تیادایە، ئێمە ڕاستمان کردۆتەوە. وەک ئەوەی کە مامەلی بۆ کاک عەبدوڵلای گێڕاوەتەوە گووایە میری بابان ئەو دەمە محەمەد پاشا بووە و بە جڤەدار ناوبانگی دەر کردووە. ئەمەش وا نییە چونکە ئەو دەمەی ئەم کارەساتەی تیادا ڕووی داوە ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشای کوڕی عەبدولڕەحمان پاشای بابان میر و کاربەدەستی سلێمانی بووە. ئەو ئەحمەد پاشایەیە کە حەزرەتی نالی باسی ئەکات و لە شوێنێکی تر لەم بەرگەدا هەندێک لە شیعرەکە بڵاو کراوەتەوە کە ئەڵێت،

"تا سلێمانان نەگەیشتنە تەختی(صەدری)... ئاخیرەت

ئەحمەدی موختاری ئێمە شاهی تەخت ئارا نەبوو

ئەمە ئەو ئەحمەد پاشایەیە کە ڕۆڵەیەکی تری وەک ئەو لە ئیدارە و ئازایەتی و پیاوەتیدا بەدەگمەن هەڵبکەوێت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە بەختی ڕەشی ئەودا، کاسەی سیاسەتی ناو دەوڵەتان، لەسەری ئەودا شکایەوە و میرنشینی بابان لە کاتی فەرمانڕەوایی ئەودا کۆتایی پێ هات. جا ئەگەر خوێنەری بەڕێز چاوێک بەو باقی کتێبانەی لە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی دان ئەگەر ئەوانیش مابن بگێڕێت، بۆی دەر ئەکەوێت، کە زۆربەی زۆری ئەو کتێبانە کە لە بنچینەدا زیاتر لە شەش هەزار بەرگ کتێبی بەنرخ بوون بەگوێرەی ڕۆژگاری خۆی و بگرە بەگوێرەی

ئێستاش، ئەوە ئەحمەد پاشایە دوای دوورخستنەوەی بۆ ئاستانە و لە دواییدا دامەزراندنی بە والیی یەمەن کە ماوەی چواردەسال بە والییەتی لە یەمەن مایەوە زۆربەی زۆری ئەو کتێبانە لە ئاستانە و یەمەن و شوێنی ترەوە ئەی ناردن بۆ کتێبخانەی بابان لە سلێمانی.

بێینەوە سەرە و کاری کاک عەبدوڵڵای بەڕێز کە لە ساڵەکانی بەینی١٩٣٠- ١٩٤٠دا لەو ساوە کە قوتابیەکی سەرەتایی بووە، خۆشەویستی نەتەوە و نیشتمان وای لێ کردووە کە عەودالی مێژووی وڵاتەکەی بێت.

بە قسەی خۆی مامێکی پیری هەبووە کە ئەوسا تەمەنی هەشتا ساڵ بووە و مێردێکی پووریشی کە ناوی مام ئەولی بووە. کە زۆربەی ئەمەی لەمەودوا ئەینووسین قسەی مام ئەولێ عەلین. گوایە مام ئەولێ ساڵی ١٩٣٥ تەمەنی ١٠٥ ساڵ بووە و لە ساڵی ١٩٣٧دا وەفاتی کردووە.

کاک عەبدوڵڵای بەڕێز ئەڵێت، "کە لە مام ئەولێم پرسی، باسی ڕووداوی سەردەمی عوسمانیەکان و شەڕەکەیان لەگەڵ بابانەکاندا، لە وەڵامدا ئەیووت، 'جا ئەوە دوێنێ بوو، وتوێەتی، من ئەوسا تەمەنم ٢١ بیستوێەک ساڵ ئەبوو بۆ کڕین و فرۆشتن ئەموالمان بە کاروان ئەهێنا بۆ سلێمانی چونکە ئەم مەملەکەتی بابانەمان لا خۆشتر بوو. لەبەر ئەوە هەر جارێک بیست ڕۆژ یا مانگ زیاتر ئەماینەوە، چونکە لەگەڵ باوکمدا چەرچیەتیمان ئەکرد لەم دێهاتانەدا. هەرجارێک لەو جارانە بوو کە لە سلێمانیدا مابووینەوە لەڕ مقۆمقۆیەک بڵاو بووەوە کە گوایە ئوردوی ڕۆمی ئەوسا بە عوسمانییەکانیان ئەوت ڕۆمی بەرەو وڵاتی بابان هێرشیان هێناوە، ئەمەندەش زۆرن مەگەر خوا دەرەقەتیان بێت تۆپ و جبەخانەیەکی هێجگار زۆریشیان پێیە، بە هەر جێگەیەکیشدا تێپەڕن، هەر کوشتن و برین و تاڵانە، باوکم نیازی وا بوو کە ئێمە شار بەجێ بهێڵین و بڕۆین. بەڵام پاشا فەرمانی دەر کرد و جارچی بڵاوی کردەوە، کە نابێت کەس شار بەجێ بهێڵێت، لەمەشدا مەبەستی ئەوە بوو، کە نەوەک بە هۆی مەترسییەوە شارەکە چۆڵ بێت و خەڵک پەراگەندە ببێت، هەروەهاش عەسکەر و هەیتەی ژەندرمەی کورد دەرفەتی یاخیبوونیان دەست بکەوێت، یا جاسوس و جەردە و خراپەکاران بکەونە جموجوڵەوە. باوکیشم ناچار وازی لە گەڕانەوەمان هێنا با بزانین خوا چی ئەکات.'"

بەڵێ، ئەمانبینی پاشا و هەندێک لە میرەکانی بابان لەپاش جەماعەتی نوێڕ و یان لە دەشتەکەی کانیسکان و حەوشەی مزگەوتی گەورە و لەدەشتاییەکەی سەر و ماڵی حاجی شێخ ئەمینەوە و لە گەڕەکی سابوونکەران و شوێنانی تر، خەڵکەکەیان کۆ ئەکردەوە ڕاوێڕ و پرس و مشاورەیان لەگەڵ ئەکردن، نوتقیان بۆ ئەدان. ئەنجامی ئەم کۆبوونەوانەش بە سەڵاواتدان، دوای ئەوە بە ڕمبازی و شیربازی و غارغارێن دوایی ئەهات. لە بیرمە هەر قسەی مام ئەولێیە، کەم کەمەیەک هەبوون ئەیانگووت با شەڕ نەکەین و تەسلیم ببین، یان نابێت شەڕ لەگەڵ خەلافەتی ئیسلامیدا بکرێت، بەڵام زۆربەی خەڵکەکە و پاشا خۆشی و میرەکان، هەموو بڕیاریان لەسەر شەڕ بوو، ئەیان ووت مادام ئەوان دێنە سەرمان و دێن بە گژماندا و یەخەیان

گرتووین، ئەمە بەڵایە، کە وا بوو دفع البلا واجبە و گوناهی ئێمەی تیادا نییە، لەبەر ئەوە چار نییە، پێویستە ئێمەش بە شەڕ بە ڕەنگاریان ببینەوە، لە ئەنجامی ئەم ڕاڕایەتییەدا، دووبەرەکی کەوتە ناوە و خەڵکەکە ئەچوون بەگژ یەکدا.

زۆربەی خەڵک ئەیانووت نەخێر تەسلیم نابین و سەرشۆڕ ناکەین، ئەی ئێمە ئیسلام نین؟ ئەگەر ئەوان گەڕانە دواوە و وازیان لێ هێنابن، ئێمەش دوایان ناکەوین و شەڕ ناکەین ئەگەر وازیشیان لێ نەهێنابن ئەوا ئێمەش دەست لەدەست و هێز لە خوا، یاڵڵا دروود و سڵاوات بەن لە دیاری پێغەمبەر و دوژمن کوشتنە، کافری ڕۆمی کوشتنە و غەزایە، ڕۆژێکە و ئەمڕۆ، سەری پاشا خۆشبێت بەسەریاندا سەر ئەکەوین و هەر ئەم جارەیە، ئینجا کاک عەبدوڵڵا ئەڵێت، "وتم مام ئەولێ، وا دیارە ئەو ڕۆژانەت هاتۆتەوە بەر چاو خەریکی گەڕم ئەبیت، دە باسی پاشا و دەوڵەتێکی معظمەی وەک عوسمانی. ئەمانی خۆشمان لەشکر و ئاڵا و زابت سەرا و دایەرە و تۆپ و جبەخانە و بارگە و دەبۆ و خێوەت و جوقی موسیقە و سەلام و تەپڵبازیان هەبوو، کە پاشا بچووایە بۆ شوێنێک تەپڵی بازی لە پێشەوە ئەچوو، پاشا و زۆربەی میرەکان و خەڵک لەگەڵ بەرەی شەڕکەراندا بوون، لەبەر ئەمە بەگەرمی کەوتبوونە خۆ لەشکرکۆکردنەوە و جبەخانە ئامادەکردن و تۆپدابەستن و لەشکرناردن بۆ بەرەنگاریی لێشاوی هێرشی ڕۆمییەکان لەلای چەمچەماڵەوە بە شەڕێکی خوێنین بەرەنگاری یەک بوون و کوردەکان بەسەر ئەواندا زاڵبوون و ١٦ دیل و بارگەی ٥ ئێستریان چەک و ئەزراق و یەک تۆپیشیان لێ زەوت کردبوون، ناردیانەوە بۆ بەردەمی پاشا و ئیتر لە شاردا بوو بە هەڵپەڕکێ و ڕەمبازی و خەڵکەکە خۆشییان تێکەوت و خوێنیان گەرم بوو، لەولاشەوە ڕۆمییەکان تینیان دابووە خۆیان و هاتنەوە پێش لەشکری پاشا و عەشایەری هەمەوەند و شوان هەڵیان کوتایە سەریان و ڕاویان نانەوە هەتا نزیک کەرکوک، دووبارە پاشاش لەشکرێکی تری بۆ پاڵپشت ناردە چەمچەماڵ و بانی مەقان.

ئینجا کاک عەبدوڵڵا ئەڵێت، "پرسیم پاشا کێ بوو، سەرلەشکری کورد و هیی ڕۆمییەکان کێ بوون؟ وتی پاشای خۆمان محەمەد پاشا بوو پێیان ئەوت جقەدار سەرلەشکری کوردەکان چووزانم لەو قۆڵەدا زۆر بوون لگف الله بک کە بە شێرکۆژ مشهور بوو، عەلی بەگ و برایم بەگ هەبوو کۆژران سەر ئۆردوی ڕۆمییەکانیش نجیب پاشای ناوبوو.

نجیب پاشا لەکەرکوک مایەوە و خەڵک دڵنیا بوو گوایە ئیتر شکاوە و شەڕی تر ناکات، بەڵام وا نەبوو فێڵی کرد، پاش بیست ڕۆژێک بە لەشکرێکی زۆر گەورەی تڕەوە هاتەوە مەیدانی جەنگ و هێرشیان هێنا و بە شەڕی پچڕپچڕ گەیشتنەوە چەمچەماڵ و لەوێوە تا دەربەندی بازیان و لە ناوچەی شیوەسوواردا زۆر بەگەرمی بەرەنگاری کوردەکان ئەبوون و کوردەکان کوشتارێکی زۆریان لەوان کرد، بەسونگی و بە شمشێر بەربوونەیەکتری و دووتۆپ و دوو زابت و ٢٠بیست عەسکەریان لێ بەدیل گرتنەوە، بەڵام هێزو لێشاوی ڕۆمییەکان لەوەدا نەبوو کە بە کوشتار و دیلگرتن کەم ببنەوە، ئەوان هێجگار زۆر بوون و تفاقیان پتر بوو.

ڕۆمییەکان ئەگەنە بەردەمی دەربەندی بازیان بە شەڕ و بە فڕوفێڵ قشڵەکە ئەگرن. سیف

اللە بەگ لەو شەڕەدا ئەکوژرێت، بەڵام پاش دوو ڕۆژ لەشکری پاشا قشلەکە ئەگرنەوە، جارێکی تریش تورکەکان قشلەکە لە کوردەکان ئەستێننەوە، بەڵام ئەم جارە کوردەکان بە فێل قشلەکە چۆڵ ئەکەن و تەسلیمی ئەکەن چونکە دەستەیەک هەر لە کوردەکان خۆیان ئەکەن بە فیداکار لە زێراب و زیندانەکەیدا خۆیان حەشار ئەدەن تا ڕۆمییەکان دێنەوە ناوی و تیادا دائەمەزرێن.

ئەم جار شەو لەشکری پاشا جارێکی تر ئەداتەوە بەسەر قشلە و سەراکەدا، ئەو تاقمەش کە لەناوەوە خۆیان شاردبووەوە، دێنە دەرەوە تورکەکان ئەکوژن و چەک و ئەرزاقەکانیان بۆ ئەمان ئەمێنێتەوە ئەوسا نەجیب پاشا ئەیان داتە بەر تۆپ و سەراکەیان بەسەردا ئەڕوخێنێت و شەڕیش جارێکی تر ڕائەگرێت هەتا یارمەتی تری بۆ دێت. کوردەکان لەم دیو دەربەندەکەوە سەنگەر دائەبەستن ئەنجام ئۆردوی تورک دێتە ئەمدیو دەربەند و کوردەکان لەبەر زۆری و قووەتی تورک خۆیان لەوە زیاتر پێ ڕاناگیرێت لەگەڵ ئەم هەموو غیرەت و ئازایەتیدا، چونکە ئەمان کەم هێز و کەمیش بوونەوە و زۆر لە عەشایەر لە شەڕ ئەتەکێنەوە، دەنگ وا بڵاو بووەوە کە وا لەشکری ڕۆمی ئەیەوێت، لە شاری کۆیەوە بە وڵاتی پشدەردا و دەشتی بتوێندا و بە ئاوی زێ و دۆڵی سووراشەوە هێرش بهێنن و سلێمانی زووتر بگرن، چونکە لایان وا بوو کە کوردەکان بۆ لەمەودوا، لە هەموو وڵاتی بابانـدا دەریان بکەنە دەرەوە، لەبەر ئەوە ویستیان لە چەند لایەکی تریشەوە پەلامار و گەمارۆی هەموو وڵاتی بابان و سلێمانی بدەن و بەم هۆیەشەوە لەشکری کوردەکان پچڕ پچڕ ئەبێت و بێهێز تر ئەبێت، لەبەر ئەمە محەمەد پاشای جقەداریش بە خۆی و جبەخانە و لەشکر و تۆپەوە بە دۆڵی سووراشدا کەوتە ڕێ بۆ بەرەنگاری ڕۆمییەکان. من بەتەواوەتی لە ئەخبار و هەواڵی پاشا و لەشکرەکەی و شەڕی لای کۆیە و ئاوی زێ) تێنەگەیشتم بەڵام ئەوەندە ئەزانم کە کوردەکان دەستە دەستە سواره و پیادە لە شاری سلێمانی و میری ناوچەی سوراش و بازیان و سمایل عوزێری و عەشایەرەوە. هەموو بە نۆرە ئەنێرانە ناوچەی شەڕ، لەبەر ئەوەی کە کەمهێز و کەمتر بوون لە تورک نزیک شار و لە مسکێنان هەڵیان دا. دوای ئەوە مام ئەولێ وتی، "لەبیرم دێت کە نەجیب پاشا پیاوی ئەنارده ناو شار و داوای تەسلیم بوونیان لێ ئەکردن، کەچی دەستەدەستە لە ئەهالی و عەسکەری کورد جانفیدایان ئەکرد و شەووڕۆژ هەڵیانئەکوتایە سەر ئۆردوگای ڕۆمییەکان زیانیان پێ ئەگەیاندن. پاشا و ئەهالی گوێیان نەئەدایە پڕوپاگەندەی نەجیب پاشا مەترسی کوشتار و ڕق و داخی کوردەکان لە شار بڵاو بووەوە لەگەڵ ئەوەشدا هەموو خەڵک حکومەت بە پیاو و ژن و گەنج و پیرەوە زۆر خۆێنگەرم و شەڕئەنگێز بوون، هێشتا لە غارغارێن و ڕمبازی و شیرو تیر وەشاندن و تەقەکردن نەکەوتن و هەر باکیشیان نەبوو، ئەتوت هەر ئەمانەیش نین کە شکاون. نەخێر شەڕ گەیشتە مشیراوا و ناو شار عالەم لە بەرەبەیاندا لە گرمەی تۆپ و قاوقیژ و ترپەترپی سوار خەبەری بۆوە. عەسکەری سواره و پیادەی کورد پیاو و ژن، منداڵ و گەورە کەوتنە جموجووڵ و زرم و کوت. شەڕ و پەلامار و دەرچوون و ڕاکە و گریان و هاوار و هەرا. هەر بە تەواوەتی ببووە ڕۆژی حەشر، کەس کەسی نەئەناسییەوە، گرمە

و نالەی تۆپ و شریخەی تفەنگ و ترپەی پێی ولاخ و هات و برد و بگرە و بکوژە و زریک و هۆڕ و قاوقیژ و بانگ و سەلاو تەپ و تۆز و هەرا کەوتە گەڕەکی کانیسکان و چواربـاخ و وەیس. بە دار و بە بەرد و بە قامیش و بە قۆچەقانی و بە تیروکەوان و بە خەنجەر و چەقۆ و شیر، نێرومێ، گەورە و بچووک شەڕیان ئەکرد... وەلاهی ئەوەی کە ژن کردوویەتی بە لەشکری ڕۆمی بە داستانی ڕۆستەم ناگێڕێتەوە."

کاک عەبدوللا لێرەدا پرسیار لە مام ئەولێ ئەکات، کە ئایا ئەو ژنانە چۆن و چیان کردووە؟. ئەویش لەوەلامدا ئەڵێت، دووخوشک هەبوون شوویان نەکردبوو ناویان ئافتاو و خونچە کوڕانی بوو. بۆیە بەمیان ئەوت خونچە کوڕانی چونکە لە کوڕی هەرزەکاری ئازا ئەچوو، زۆر بەکار بوو، بە سواری ولاخەوە ڕمبازێن و شیربازی ئەکرد و تیری ئەوەشاند. بێزی نەهات شوو بە کەس بکات، میرەکان تفەنگیکیان خەلات کردبوو خۆی ئافرەتێکی بالاگردەلەی چاوسەوزی جوان بوو، هەردوو خوشکەکە لەگەڵ حەوت ئافرەتی تردا کە زۆربەیان کچ بوون. بە شەو هێرش ئەبەنە سەر خێوەتێکی ڕۆمییەکان بە زابت و عەسکەریانەوە ونجڕونجڕیان ئەکەن و چەکەکانیشیان ئەبەن. خونچە بەرگی زابتەکە ئەکاتە بەر و هەر بەو شەوە ئەچێتەوە سەر خێوەتێکی تری دوورتر، لەبەر ئەوەی تورکی نەزانیوە بە ئیشارەت بانگی عەسکەرەکانی ئەکات، کە بە چەکەکانتانەوە هەموو وەرنە دەرەوە بۆ ئەم شیوەی ئەملا لەوانیش وایە کە ئەمە زابتی خۆیانە، بەدەنگیەوە ئەچن و خۆیان لە شیوەکەدا مەلاس ئەدەن. خۆشی لێیان دوور ئەکەوێتەوە دەست ئەکات بە تەقە لێیان کچەکانی تریش فریای ئەکەون هەموویان ئەکوژن، ئەنجام دوای دوو ڕۆژ ئەم خونچە کوڕانییە بەسەر گوێسەوانەیەکەوە ڕائەوەستێت بەرامبەر بە شەڕێک بە دەست و بە هاوار بانگ ئەکات غیرەت ئەنێتە بەر کوردەکان و جۆشیان تیادا گەرم ئەکات و ئەڵێت، "ئەمە شەڕی یەخەگیریە و ناچارییە، بە ناحەق هاتوونە سەرمان، کوڕە ئادەی مەترسن ئینسان هەر جارێک ئەمرێت پشت بەخوا ئەیانشکێنین و سەریان شۆڕ ئەکەین، ئێمە چەند جار عەجەممان شکاند ئەم کافرە سورفلانە چین، لەو کاتەدا لە لایەکەوە گوللەیەکی بۆ ئەچێت ئافتاوی خوشکی کە ئافرەتێکی کەڵەگەتی سوروسپی چاو کاڵ، زۆر لە خونچە جوانتر بوو. بۆ ئەوەی کە بتوانێت تۆڵەی خونچەی خوشکی و کوردەکانی تر بسێنێت، بەفێڵ بۆ سبحەینێ خۆی تەسلیم بە تورکەکان ئەکات و ئەڵێت ئەبێت بمبەنە لای زابتی ئەم لەشکرە ئەمشەو خەونکم دیوە، هەر تەنها بۆ سەرلەشکر خۆی ئەگێڕمەوە، تەرجومان خەوەکەی بۆ تەرجومە ئەکەن ئەڵێت، "من ئەمشەو لە خەوما شووم کردبوو بە لاوێکی جوامێر وەک تۆ کە بە بووکی بردیانم سەیرم کرد زابتێکە و تاجێکی بە ناوچاوانەوەیە، جا خۆ منیش کەسم نەماوە خاوەنداریم بکات لەبەر ئەوە خۆم دا بە دەست ئەوەوە من بەم جوانییە تۆش هەروەها، بە خوا هەر بۆ یەک باشین، با تۆش بەو پایەی تاجداریە بگەیت. ئیتر کەیفی خۆتە. زابتەکەش جوانی کچەکە و مانای خەوەکەشی بەدڵدا ئەچێت و کچە مارە ئەکات و بڕیار ئەدات ئەبێت بۆ سبەی شەو بیگوێزنەوە هەر لەسەر بڕیاری ئافتاویش شوێنی زاوا و بووک ماڵی چۆڵکراوی

ئافتاو خۆیان ئەبێت لە گەڕەکی چواربـاخ. شـەو بـەدەم سـەرخۆشی و مـاچ و مووچـەوە زابتەکە ئەنوێت، دیـارە ئافتاویش هـەر کچ بـووە نـەیهێشتووە لاقـەی بکات. هـەر لەوێدا بـە دەمانچـە زابتکە ئەکوژێت و نۆبەتچی بـەر دەرگاکـەش ئەکوژێت و بـۆی دەرئەچێت و کـەس نـەیزانـی بـۆ کـوێ چـوو. ڕۆمییـەکان بـەم کارە زۆر ڕقیـان هەڵئەسـتێت لـە تۆڵـەی ئـەوەدا چەند کەسـێک ئەکوژنـەوە کچێکی تر کە وا بزانـم کچـە پرنس ئەبێت کە نـاوی شیرین خـان یاخـود شـەرافەت خـان ئەبێت، سـەرپەرشـتی ژنەئاوکێشـەکان ئـەکات لـە مـەیدانـی شـەڕدا وەکـو سـەرکار، بـەڵام دەمانچەیـەک و خەنجەرێکـی ئەبێت، هەریەکـەی لەژێـر گـۆی هەیاسـەکەیدا ئەشـارێتەوە کـە بردیانـە لای زابتەکـە لەنـاکاو گوللەیـەک ئەنێت بەسـەریەوە و ئەیکوژێت، هـەتـا عەسـکەرەکان خەریکی ئـەوە ئەبـن، ئـەم بـە خەنجـەرە بچکۆلەکـەی بـەر ئەبێتـە سـنگی خـۆی و لەپێـش مردنیـدا ئەڵێت، "داخـی ئێـوە، دەک ئـەم خەنجەرەیـە بـە جەرگـم." لێی ئەپرسـن بۆچی هێشـتا ماوتـە؟ ئەڵێت، "بەڵـێ مابـوو هـەی کافرینـە بـەڵام فریـا نـەکـەوتـم چونکـە مـن تـەنهـا یەکێکتانـم کوشـت لەباتیـی مەحمـود بـەگی بـرام کـە بـە خـەلیل بـەگ نـاو ئەبـرا و هـەر تـەنهـا تۆڵـەی ئـەوم پێ سـەنرا لـە کاتێکدا کـە مـن ئەمویسـت تۆڵـەی هەمـوو میـران و کـورد زبـان بکەمـەوە و هەمووتـان بکـوژم، ئەهـا گـوێ بگـرن لـەم هەمـوو زرمـوکـوت و شیوەن و گریانـە بزانـن بـە ناحـەق چیتـان بـەم شـارە بەسـتەزمانە کـرد." سـەیری جۆگەلـەی خوێن بکـەن، ئیتـر لـەم کاتـەدا داوای ئـاو ئـەکات نایدەنـێ و ئەمرێت. دوای ئـەم کچـە دایکەکـەی کـە نـاوی لەعلی خـان ئەبێت، ئەچێتـە مەیدانـی جەنگـەوە هـەر بـۆ ئاوکێشـان خزمـەت ئەڵـێ، "لـە حەسـرەت ئـەو قومـە ئـاوەی کـە ڕۆمییـەکان بـە کچەمیـان ڕەوا نـەبینـی و بەتیووێتـی سـەری مـەرگـی نایـەوە، شـەرت بێت تـا مردنـم، دەبێت بـە ئاوکێشـی بـۆ تینـوان و سـەرپەرشـتی ئاوکێشـەکان و خزمەتگـوزاری نـاو مەیدانـی جەنـگ بـم، جگـە لەمانیـش دەسـتەدەسـتە ژنـان بـە ڕێگـە و هـات و بـردەوە بـوون بـۆ ئـاودان و کەلوپـەل و بـاروو و سـاچمە و پێویسـتی تـر وەک دەرمـان و تیمارکردنـی بریندارانـ و هانـدان و غیرەتنانەبـەر و دڵنەوایـی و دوعـا بـۆ کردنیـان."

دوای ئەمانـە کاک عەبدوڵـلا پرسـیاری ئەنجامـی شـەڕو شکاندن و هەواڵـی پاشـای لـێ ئەپرسـێت، مـام ئەولـێ لـە وەڵامـدا ئەڵێت، "سـەراکەی محەمـەد پاشـا لـە شـوێنی سـەراکەی ئێسـتادا بـوو، کۆشکی ماڵی خۆیـان لەودیـوەوە لـەلای ڕاسـتیدا و بەتەنیشت حەمامـی فاتمەخانـەوە بـوو. لایەکـی ماڵەکـەی سـێ قـات بـوو، لـە شـەڕێکی وەهـادا کـە دوو حکومـەت و ئەهـالی و دوژمنـی بـێ ڕەحمـی وا لـە شـارێکی بچووکـی فەقیرحاڵـدا وەک سـلێمانیی ئەوسـا، دیـارە ئەبێت ببێت بـە ڕۆژی حەشـر و کـەس نـەیپرژێتـە سـەر کـەس، جگـە لـە شـەڕکردن و خۆپاراسـتن و پەلامـاردان و تۆڵەسـەندنەوە دەرفەتـی دۆزینـەوەی دەرچـوون نـەبێت. نـەک هـەر مـن، بەڵکـو کـەس نـەیزانـی پاشـا چـی لێهـات و بـۆ کـوێ یـان بـرد هەریەکـە قسـەیەکیان ئەکـرد ڕۆمیـش دەسـتیان کـرد بـە زەماوەنـد کـە وا شـاری سـلێمانی فەتـح کـراوە. ئێنجـا ناردیـان بـەدوای گشـت کاربەدەسـتانی سـەردەمی پاشـا کـە مابـوون وەک، لوطـف اللـە بـەگ و ئەشـرەف خانـی ژنـی و میـران بـەگ و ئیحسـان بـەگ و سـوبحی خانـی دایکـی و مهتـاب خـان و خەسـرەو بـەگ و ئەورەحمـان بەگـی سـالم. بـەڵام عەزیـز بـەگ کـە لـە

شوێن پاشا بوو نەهات، هەرچەندە تکایان لێ کرد بێسوود بوو، هەر خەریکی دامودەزگای شەڕ و عەسکەری و عەشایەر کۆکردنەوە و دەوامپێدانی شەڕ بوو، خۆی تەسلیم نەکرد و ئەو لەشکرەی کە چووە ژێر فەرماندەیەوە، بردیە دەرەوەی شار و نەیویست پایتەخت بەرێتەوە قەڵاچوالان بەڵام میرەکانی تر زۆری تریشیان نەهاتن و یاخی بوون لەگەڵ هەندێک لە مەئمور و کاربەدەستانی تری زەمانی بابانەکان.

هەندێکیان خۆیان دایە پاڵ عەزیز بەگو بەڵام ئەوانەی کە هاتنە لای نەجیب پاشا، هەندێکیان لە شار و شوێنانی تردا بە مەئمور دامەزران و هەندێک بە دەرکردن و بەدیلگرتن و ڕەوانە کرد یا کوشتن، زۆریشی لێ ڕەوانە کردن بۆ ناو عێراق بۆ شاری ڕومادی و حللە و ناصریە و بەغداد و کەرکوک یا ڕەوانەی ئەستەمبوڵی کردن، ئێستاش وەچەی ئەو کوردانەی سلێمانی لەو شارانەدا ماونەتەوە. حەمامێک لە شاری ناسریەدا ماوە، ئەمڕۆ مەشهورە بە حەمام ئەحمەد بەگ الکوردی.

دوای ئەمانە هەمووی مامۆستا ع.بەسۆز ئەڵێت، "کەشکۆڵێکی دەستنووسی مەلا نەجمەدینم لایە، کە بە ناوی یادی شەوێکی بەکرەجۆوە بۆی نووسیومەتەوە. لە بەرگی یەکەمیدا ئەڵێت، 'کە ڕۆمییەکان سالم بەدیل ئەگرن و ئەینێرنە شاری حللە. لەوێ لەدوای ماوەیەک لەسەر وەزیفەیەکی میری دای ئەمەزرێنن، زۆر شیعری لەوێ بە عەرەبی و کوردی وتووە.'" لەم شیعرە چەند بەیتێکی ئەنووسین کە ناڕەزای خۆی و ئەسپەکەی دەر ئەبڕێت بەرامبەر بە مالی خانەخوێکەی و لەدەست تەقدیر و قسمەت ئەڵێت:

ئاخوداخ دڵ غافڵە نازانێ قسمەت چی ئەکات
ئەمڕۆ وا لێرەم، بەڵام ئاخۆ کوێم ئەبات
(شاتر)ی تەقدیر کە پێش کەوت، ڕات ئەکێشێ و تۆ ئەڕۆی
کاتێك دەیزانی کەوا خستووتیە ناو داوی بەڵا
(حللە) خورمایە، منیش مێشێکی شیرین پەرست
نەفسی سەرکەش ڕووی لە خورمای کوردکوژەی شیرین ئەکا
ڕەهبەری قسمەت جڵەوکێش، بردمیە مااڵێ
کاشکی هەرگیز نەچومایە، بەڵام چیبکەم چارم نەما

هەڵسەنگاندن وردبوونەوە لە قسەکانی مام ئەوڵێ

لە ڕووی مێژووە مام ئەوڵێ کە قسەکانی بۆ کاک عەبدوڵڵا بەسۆز گێڕاوەتەوە، گوایە تەمەنی ١٠٥ ساڵ بووە و لە کاتی هێرشی عوسمانی بۆ سەر سلێمانی لەژێر فەرماندەی نەجیب پاشای گوێز لکلی عەینەک لە چاو تەمەنی ٢١ ساڵ بووە و هێرشەکەی عوسمانی ساڵی ١٨٤٧ – ١٨٥٠ بووە و قسە گێڕانەوەکەی مام ئەوڵێ بۆ کاک عەبدوڵڵا ساڵی ١٩٢٥ بووە و مام ئەوڵێ ساڵی ١٩٢٧ وەفاتی کردووە. ئەمە لە جێیە و حیسابەکەی تەواوە و یەک ئەگرنەوە وا دیارە مام ئەوڵێ و باوکی خۆی لەو دیوەوە واتە لە کوردستانی ئێرانەوە بۆ کاسبی هاتوون بەم دیودا، بەڵام دواجار شەڕ داوێنیان ئەگرێت و لە شاردا ئەمێننەوە.

ئەمە زۆر لەجێیە کە کاتی هێرشی ڕۆمییەکان، پاشا ڕاکردن و شارچۆڵکردن قەدەغە بکات، لە ڕووی ئاساییش و بەرزکردنەوەی هێزی دەروونەوە.

دانیشتووانی شار بەتایبەتی و دەرەوەی شار بە گشتی هەموو غیرەتی نیشتیمانپەروەری و بەرگری لە مافی ژیان هانیان ئەدا هەموو بڕیار بدەن دفع البلا و بەرەنگاری هێرش بکەن و وڵات بپارێزن.

وەک مێژوو باسی ئەکات هێرشی عوسمانی لە کەرکوکەوە دەستی پێ کردووە بەڵام بەرگری کوردەکان لە دەربەندی بازیاندا گێراوياننە دواوە، بۆیە عوسمانییەکان هێرشەکەیان گواستەوە ڕێی کۆیە و لە زێ پەڕیونەتەوە و بە ناوچەی سورداشدا بەرەو سلێمانی هاتوون. واتە شکانی لەشکری بابان لە کۆیەوە دەستی پێ کرد، یەکێک لەتۆپچیەکانی لەشکری کورد مامەیارەی بەناوبانگ بوو کاتێک کە ئەویش گولە تۆپی نەما لەسەر تۆپەکەی هاتەخوارەوە و خۆی بەدەستەوەدا.

ئەو ناوانەی مام عەلی یەکەیەکە ژماردوونی وەک لوطف اللە بەگ و سیف اللە بەگ و عەلی بەگ و برایم بەگ و ئافتاو و خونچەکوڕانی و شیرین یاخود شەرافەت خان و خەلیل

بەگ و لەعلی خان و میران بەگ و ئیحسان بەگ و سوبحی خان و مهتاب خان و خەسرەو بەگ هەموو ناوی نەبیستراو و نوێن، تەنها ناوی ئەوڕەحمان بەگی سالم و عەزیز بەگی بابان ناسراو و بەناوبانگ بوون. لەو بڕوایەشدا نیم مام ئەولێ لە خۆیەوە ئەو ناوانە و ئەو حەکایەتە ڕێکوپێکانە و ئەو پاڵەوانانەی بە خەیال دروست کردبێت. ئەمێنێتەوە سەر ئەوەی ئایا لەتەمەنی ١٠٥ ساڵیدا چۆن لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەدا وتویەتی وا ئەزانم دوێنێیە؟ ئەمەش بۆ زەلامی ئەو سەردەمە کە هەموو تەندروست و بیر و هۆش بەهێز، داهاتی ئەم ڕۆژانە تەمەڵی نەکردبوون و تەندروستیانی تێک نەدابوو، بۆیە بڕوا تا ڕادەیەکی زۆر بە قسەکانی ئەکرێت.

نەختێک دوودڵی بەرامبەر بە سەرگوزشتەکەی ئافتاو و خەوەکەی لەگەڵ زابتە ڕۆمییەکەدا هەیە،

شیعرەکەی عەبدولڕەحمان بەگی سالم لەم بابەتەوە دوورودرێژ لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا بە لێکدانەوەی واتاوە هەمووی نووسراوە، کە وەک شرێتێکی سینەما کارەساتەکە ئەخاتە پێش چاو، هەر سالم شەڕەکەی عەزیز بەگی بابان کە تەسلیم بە ڕۆمییان نەبوو باس ئەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە پیرمەسور بەرامبەر داگیرکەر وەستا و شێرانە جەنگا تاکو گوللە تۆپێک کۆتایی بە ژیانی هێنا.

بە کورتی،

ئەگەر ئەم هەقایەتە هەمووی ڕاست نەبێت، بەڵام بە بیروڕای من لە ٧٠٪ ی ڕاستە چونکە زۆری لەگەڵ سەرچاوەی مێژوویینی تردا یەک ئەگرنەوە، زیاتر نرخەکەی لەوەدایە کە زۆر شتی نوێ باس ئەکات کە لەوەو پێش نەبیستراوە.

بە ڕاستی هونەری ئەم کارە بەنرخە بۆ کاک ع. بەسۆز، عەبدوڵڵای کەریم، ئەفەندی ئەحمەد بەگزادە ئەگەرێتەوە کە ئەویش وەک باوکی بە تەنگ مێژووی شاری سلێمانییەوەیە. لە بابەت بەتەنگەوەبوونی باوکی واتە کەریم ئەفەندی سەیری لاپەڕە٣٣٩-٥٤ لەبەرگی دووەمی سلێمانی کاک ئەکرەمی سالحی ڕەشە بکە.

لە پرسیارەکەی کاک عەبدوڵڵا لە بابەت ئەحمەد پاشاوە، نەک محەمەد پاشا، وەک لاپەڕەکانی گەلێک سەرچاوە پیشانی ئەدەن، ئەحمەد پاشا خۆی و دەستەودایەرەی برانە ئاستانە ئەستەمبوڵ لەوێ زۆر بە قەدروڕێزەوە سەیر کران و ئەحمەد پاشا کرا بە والیی یەمەن لە دواییدا گەڕایەوە ئەستەمبوڵ، وەفاتی دیار نییە لەکوێ بووە، بەڵام وەچەی لە تورکیا زۆرە یەکێک لەوانە خەلیل خالد بەگ بوو، کە کرا بە مامۆستای سوڵتان ڕەشاد و دوای ئەوە کرا بە باڵیۆز.

ئەوەی شایانی باسە، ئەمڕۆ لە تورکیا و بەتایبەتی لە ئەستەمبوڵ و ئەنقەرە، ئەوەندە بابان هەن لەوانەی سلێمانی و کفری و بەغداد ڕەنگ هەیە زیاتر بن هەموو نەوەی ئەو بابانانەن کە وەختی خۆی عوسمانییەکان نەفییان کردن بۆ تورکیا، بەڵام لەوێ هەموویان پێگەیشتن هەر لە وەزیر ئیسماعیل حەقی بابان و جهاد بابان و بازرگان و ملیۆنیر نورالدین بابان و کایە بابان و پرۆفیسۆر شوکری بابان و دەیەها گەورەپیاوانی تر پێگەیشتن بابان فی التاریخ ومشاهیر

البابانیین نووسینی جمال بابان بکە.

ڕوونکردنەوەی هەندێک وشە و شتی تر،

جقە: لە بنچینەدا جوقەیە کە وشەیەکی مەغۆلییە و عوسمانیەکان بۆ ڕوتبە و نیشان بەکاریان هێناوە، گوایە لە بنەڕەتدا وەک ئەستێرە یاخود تاج بووە. لە مووی کلکی ولاخ دروست کراوە. لەم ڕوتبەیەیان داوە بە پاشاکان.

وا دیارە هەر عوسمانییەکانیش لە کاتی خۆیدا داویانە بە ئەحمەد پاشا.

وەک لەم کتێبەدا ڕوون کراوەتەوە، دوای پەیمانی ئەرزڕۆم ساڵی ١٨٤٧ ئێران و عوسمانی ڕێککەوتن هەر ناکۆکییەک لە بەینیاندا بێت بە گفتوگۆ و لەسەر مێزی مفاوضات جێبەجێی بکەنک نەک بە شەڕ و لەشکر لەیەککردن، بۆیە دوای ئەو پەیمانە هەموو میرنشینەکانی تری کورد نەک هەر تەنها میرنشینی بابان یەک لە دوای یەک قڵپ بوونەوە.

ئەوسا بە عوسمانیەکانیان ئەوت ڕۆمی چونکە لەوە،پێش ئاستانە. ئەستەمبوڵ قسطنطینە بە دەست ڕۆمانەکانەوە بوو قوستەنتەنیە بە ناوی قسطنطینی شای ڕۆمانەوە ناو نراوە عوسمانییەکان بە درێ و هاری لێیان زەوت کردن و ڕۆمییەکانیان کردە دەرەوە.

قشڵەکەی دەربەندی بازیان. مەبەست لەو قشڵە بووە کە لە سەردەمی ئەوڕەحمان پاشای بابانا لەوێدا وەک مەخفەرێک دروست کراوە بۆ ئێشکچی و دایەڕەی گومرگ و هەندێک کارەدەستانی تر و لە شوێنی دێرینی دەربەند کە ئێستاش ئاسەواری ماوە.

مشیر ئاوا بە ناوی موشیرێکی عوسمانییەوە ناونراوە، کە بارەگای سەربازییەکەی لەو شوێنەدا دامەزراندووە، کە ئەوسا وەک قاپییەک بووە لە دەرەوەی شار.

حەمامی فاتمەخان: لە تەنیشت سەرای کۆنەوە بوو لە دواییدا استملاک کراو، خرایە سەر سەرا.

کچەپرنس واتە میر کچ کچی یەکێک لە میرەکان بووە.

میژووی دوو سەد ساڵ و چەند ڕۆژێکی لەمەوبەری... شار

مامۆستای خوالێخۆشبوو عومەر عەبدولڕەحیم لە گۆڤاری کاروان ژمارە٢٩ی ساڵی١٩٨٥ واتە دوای دروستکردنی شاری سلێمانی بە دووسەد ساڵ و چەند ڕۆژێک ئەم نووسینە بەنرخەی بەو بۆنەیەوە بڵاو کردۆتەوە کە نووسینێکە هەمووی بە شایەت و بەڵگەوە، کە لە دەم ئەو کەسانەی بیستووە کە ناوی هێناون، ئێمەش لێرەدا بەشانازییەوە بڵاوی ئەکەینەوە، بەرامبەر بەم مامۆستا فۆلکلۆرییە لە خانەی نەمرانی شارەکەدا لەگەڵ ڕۆڵە نەمرەکانی تردا بکرێت و ناوی بهێنرێت.

مامۆستا عومەر ئەڵێت،

خوێنەری بەڕێز، ئەم بەسەرهاتەی بەم بۆنە پیرۆزەوە پێشکەش بە ئێوەی مەزن دەکرێت بەسەرهاتێکی فۆلکلۆرییە کە لە دەموپلی پاراوی ئەم کەسانەم بیستووە،

١.حەبیبەی قالەی حەمەی سەوزە، کە حەمەی سەوزەی باپیری بازەوانی ئیبراهیم پاشا بووە، کاتێک من منداڵ بووم، ئەو تەمەنی لە سەد ساڵ تێپەڕیبوو ئێستاش نەوە و وەچەیان لە سلێمانیدا ماون.

٢. حەبیبەی ئەمین کە ئەمیش باپیری لە قەڵاچوالانەوە هاتووە و ئەوسا کە تەمەنی نەوەد ساڵ دەبوو، ئێستاش نەوە و وەچەی ماون.

٣. دەرونیش حەمە ڕەشی قالە حەیتە. کاتی منداڵی من تەمەنی حەفتا ساڵ دەبوو، بە وەجاخکوێری سەری ناوەتەوە.

٤. قالە شایەری تەوەکەلی، کە خەڵکی تەوەکەلی شارەزوور بووە و هەر لە زەمانی منداڵی منداو سلێمانی جێ هێشتووە و بۆ کاروکاسبی چووە بۆ هەولێر و ئێتر نەمدیوەتەوە.

خوێنەری بەڕێز: هەموو بەسەرهاتێکی فۆلکلۆریش جێگای باوەڕ و متمانە نییە، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەم جۆرە بەسەرهاتانە لە ڕاستی بەدەر نین و لە خۆیانەوە نەهاتوون، بەڵام

دوای پشکنین و لێکۆڵینەوەیەکی زانیارییانە ئەوەی بەڕاست دەر ئەچێت تێکەڵ بە مێژووی نەتەوەکەمانی بکەین و ئەوانەش لە ڕاستی دوورن بیانخەینە زیندانی لەبیر چوونەوەوە.

ئەمسال مەبەستی ساڵی ١٩٨٥ بووە. یادکردنەوەی لەدایکبوونی دوو سەد ساڵەی شارێکە نە زۆر و ستەم، نەخەفەت و خەم، نەباو و بۆران، نەزێڕ و سامان، نەگێژەڵووکە و گەردباوی زەمان نەیانتوانیوە لە ڕێڕەوی خۆی لای بدەن و تۆزی نەنگی و شووڕەیی لە تەوێڵی پاکوبێگەردی بنیشێت.

دوای ئەمانە مامۆستا عومەر عەبدولڕەحیم دێتە سەر ناوەڕۆکی باسەکە و ئەڵێت، دوو سەد ساڵ و چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لەپێش گەردوگوڵی بەیاندا، لەپێش جریوەی مەل و قاسپەی کەوی لاپاڵ و سەرملاندا، دەنگی ئەڵڵاهوئەکبەری مەلای دوانزە عیلم و فەقێی گەلاڵە بوو، لە هەموو مزگەوتەکانی قەڵاچوالانی پایتەختی بابانـدا تێکەڵ بووبوون کە هێشتا گزنگی خۆر نەکەوتبووە سەرەتاتکێ لەگەڵ سەرسیر و لوتکە بەرزەکانی پشتی قوڵەڕەش وخەمزە و قەیوان.

ئەمیناغای تەپڵژەنی برایم پاشا لە بەردەمی ماڵی پاشادا سواری ئەسپەڕەش بووبوو، جووت تەپڵی لەملاولاوی قەڵبوزی زینی ئەسپەڕەش قاییم کردبوو، بە دەستی چەپ لغاوەکەی گرتبوو، بە دەستی ڕاستیش جووت تەپڵی لێ ئەدا، چ لێدانێک؟ ساوای ناو لانکە و پیرەمێردی نەوەد ساڵەی هێنابووە جۆشوخرۆش، بە ئاشکرا چۆلەکەی گوێسوانەکانیش کەوتبوونە هەلەکە سەما و هەڵفڕین و دافڕینیان بوو.

لەم لایەی تریشەوە حەمەی سەوزەی بازەوان، سواری ئەسپەشێ بووبوو دەستکێشی چەرمی لە دەستی ڕاستی هەڵکێشابوو، بازی تەواری بەپەی پێ بەستەوە لەسەر دەستی خۆی ڕاگرتبوو وەیسە مەیتەری پاشاش ئەسپە بۆرەی پاشای بە ڕەخت و ڕەشمەی ئاوریشمینەوە زین کردبوو. چاوەڕوانی هاتنە دەرەوەی پاشای ئەکرد. سوارگەل کۆبوونەوە و کوڕوکاڵ و نیمچە پیاوان سێ-سێ و دوو-دوو تانجییەکانیان ڕست کردبوو، قرووسکە قرووسکی تانجی و حیلەحیلی ئەسپ و پڕمە پڕمی وڵاخی تەراڵ، چەھـ چەھی باز و دەنگی جووت تەپڵی ئەمیناغا برایم پاشایان لە کۆشک و سەرادا کەمەنکێش کرد و هاتە دەرەوە. چی بێتە دەرەوە؟ تا دەست هەڵبڕێت کەلەگەت، برۆڕەیوەست، سمێڵ قەترانی، مەچەک ئەستور سنگ پان و ناوقەدباریک، تاجی پاشایی لەسەر کەللەی سەری چەسپاندبوو، جووت شمشێری لەم لاو لەو لای کەمەری قاییم کردبوو، خەنجەری دەسک ماهی بە ڕێشتێن و تەزبیحی کارەبایی تێکئاڵاوی شایانی نامەخوا بوون. سەلامێکی کرد و ڕۆستەم ئاسا لەناو خانەی زینی سەرپشتی ئەسپەبۆرەدا لێی دانیشت. ئینجا بە دەنگێکی تێر و زوڵاڵەوە وتی، "برایینە ئەمڕۆ ڕاوی چەوتەی سیتەک و چاڵە بەفرەکانی گوێژەمان بە دەستەوەیە، کوڕ ئەوکوڕەیـە نێچیر بـە پاشکۆی ئەسپەکەیەوە هەڵواسرابێت، ئێتر ئاوزەنگی لە وڵاخ درا. خرمەی چوارنااڵەی سەر کەڕەگەڵا و گیزەی بەردی دەرچووی ژێر نااڵی وڵاخ سیمفۆنییەکی نەبیستراویان دروست کردبوو. لە ئـاوی قەڵاچـوالان پەرینـەوە بـۆ بـەری تەگـەران، لێرەدا کەرۆشکێک دەر پـەڕی، کەرۆشکی چـی ؟ سـوور سـوور تیسـکدرێژ، جـوان و

گوێقوت ژێرسک سوور لە چاڵەبەفرەکانەوە دایانشکاندەوە بەرەوخوار. کەرۆشک ڕووی کردە بەرەو ژوور بۆ دۆڵەمیران و سەرکەوتە سەرەوە، بە خیچکەی بەفرفڕۆشەکاندا ڕووە و مەڵکەنی هاتە خوارەوە، بەڵام بێسوود بوو، پاشا و سوارەکانی وەک مێمل و ڕەقیب هەر بەدوایەوە بوون، هەتا کردیان بەناو ماڵەکانی مەڵکەندیدا، کەرۆشک لەوێدا لە پەلوپۆ ئەکەوێت و بەدەم هاژینەوە خپ ئەبێت. بە فەرمانی مەڵکە خانی بێوەژن کە کچی سەرەکتیرەیەکی بێسەرییە و ئەم دێیەی کردووە، بە بنکەیەک بۆ بەخێوکردنی ڕووەک و ئاژەڵ و بەرهەمهێنانی خەڵە و خەرمان. سەبەتەیەک ئەکرێت بەسەر کەرۆشکەکەدا و بەردێک ئەخرێتە سەر سەبەتەکە.

ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو، سوار ئەڕژێنە ناو ئاوایيەوە، مەلکەخان ئەچێ بەپیر پاشاوە. بە دوو چاوی پڕ لە شەرمەوە، بە دەم و گفتێکی شیرین و گەرمەوە خۆش هاتنی پاشا ئەکات و ئەڵێت، 'پاشام خاتر جەم بە، کەرۆشکەکە لەژێر ئەو سەبەتەیەدایە و زرپ و زیندووە، فەرموون دابەزن با لە خزمەتتاندا قاوەڵتی بکەین و وڵاخەکانیشتان لەناو ئەم مێرگانەدا تۆزێک بلەوەڕێن.' بەڵام چاوی مەریی و بەژن و باڵاو سلسلە و پڵپڵەی دەوری مانگی ڕوو، مێخەکبەندی هەژدەگورزەیی سەر باخی سینە و جووت هەناری ژێر دوگمە و دۆڵاب و کەمەرە و هەیاسەی لە قەدئاڵاوی مەڵکە خان پاشای وەک کەوی هەڵۆڵێدراو بەسەر ئەسپەکەوە وڕ کردبوو، هیچ وەڵامی نەبوو، لەم ماوەیەدا یەکێک لە پیاوەکانی ویستوویەتی کەرۆشکەکە لەژێر سەبەتەکە دەر بێنێت و بیکات بە دیاری دەستی خۆی و پیشانی پاشای بدات، کەرۆشکی حەساوەش لەژێر سەبەتەکەدا ڕووە و سەرچاوەی کانیسکان دەر پەڕیوە. سوارەکان نیشتوونەتە سەری بۆیە مەڵکەخان ئەڵێت، 'پاشا کەرۆشکەکە بەربووە ها سوارەکانت لەکوێ تۆز دەکەن' پاشا بە دەموپلێکی بێ هەستانەوە وەڵامی ئەداتەوەو ئەڵێت، 'با ئەو کەرۆشکە بۆ ئەوان بێت، من لێرە کەرۆشکی شۆختترم دیاری کردووە، بەم زوانە ئەبێت لە کۆشک و تەلاری شاییا لەنجەولار بکات.

مەڵکەن خانیش وەک ئافرەتێکی کوردی بێسەریی زمانپاراو و سەربەست دێتە وەڵام ئەڵێت، "پاشام بیم وەسیاقەت، ئەو کەرۆشکەی تۆ بە هیوای هەیت لێرەدا بیگریت کێویە و لەگەڵ خوای خۆیدا مەرجی کردووە بە کوشتن نەوێ ناگیرێت.

لێرەدا پاشا وەک شووڵێک بەسەری لووتیدا بمالێت ڕادەچەنێت و بە دەست خواحافیزی لە مەڵکە خان ئەکات ئاوزەنگی ئاوقای لاقەبرغەی ئەسپە تۆزە ئەکات و باڵی لێ پەیدا ئەبێت و ئەگاتە سوارەکانی. کەرۆشکیش بەسەر بەردەبازەکانی سەرچاوەی کانیسکاندا ئەپەڕێتەوە و ڕووە و چەمی گەورە تێی ئەتەقێنێت، پاشا و سوارەکانیش ئەنیشنە سەری و خۆیان لە ئەرەقدا شڵپەیان دێت و ئەسپەکانیشیان وەک قەترانی ڕەش، ڕەش هەڵگەڕاون، کەرۆشک خۆی ئەگەیەنێتە سەر چەمی گەورە و بە نیوەپڕووکاوی و هاژینەوە وەک پەڕۆ شل ئەبێت و دەم ئەخاتە ناو ئاوەکەوە پاشاش هەر بە سواربیەوە دائەنەوێتەوە بە دەستی ڕاست هەردوو گوێچکەی کەرۆشکەکە ئەگرێت و بەرزی ئەکاتەوە. لەم کاتەدا تانجەکەی سەری بەرئەبێتەوەوە

و ئەکەوێتە ناو ئاوەکەوە و ئاو ڕاپێچی ئەکات. سوارگەل کە چاویان لەمە ئەبێت هەموو هاوار ئەکەن تانج ڕۆ- تانج ڕۆ واتە تاجەکەی پاشاڕۆ. لەم بەسەرهاتەدا ئەڵێن گوایە لەو ڕۆژەوە ئەم چەمە ناونراوە تانجەرۆ ئەگینا لەوەوپێش هەر چەمی گەورە بوو.

دوای ئەوەی کە تانجەکە بۆ پاشا ئەگرنەوە، دائەبەزن ئەسپەکانیان بەڕەڵای ئەو گوێ چەم و ئاوە ئەکەن. خۆشیان دەست ئەکەن بە نانخواردن، پاش پشوودانێکی یەک-دوو سەعاتی. دیسان سوار ئەبنەوە و بە دەستەچەپدا پێچ ئەکەنەوە و بۆ لای گردی سەیوان، گردی سەیوان ئەوسا باخ و ڕەز بووە، بە شێوەیەکی ئەندازیارانە لە کانی شەکراوی لای هۆمەرەکوێرەوە ئاویان بۆ ڕاکێشاوە، وا دیارە ئەم باخەش ئەبێت هەر هیی مەڵکە خان بوو بێت. کابرایەکی ڕەقەکاری ڕیش ماشوبرنجی باخەوانی بووە، باخەوان کە پاشا ئەبینێت، بێڵەکەی سەرشانی لەناو باخەکەدا ئەچەقێنێت و ئەچێت بە پیری پاشاوە. خۆشهاتنێکی گەرمی خۆی و سوارەکانی ئەکات. پاشا لێی ئەپرسێت، "سۆفی ناوت چییە؟"

"قوربان سۆفی بارام"

"تەمەنت چەندە؟"

"قوربان ئەو ساڵەی کە سەلیم پاشای بابان حەسەن عەلی خانی والی سنەی گرت و بە کۆت و زنجیرەوە هێنایان بۆ قەڵاچوالان من تازە خەتم دابوو."

"باشە، سۆفی، من ئەمەوێت قەڵاچوالان بەجێ بێڵم و لەنزیک ئەو دێیەی ئێوەوە شارێک دروست بکەم، تۆ ئەڵێیت چی؟"

"قوربان فەرمایشتەکەت زۆر بەجێیە. ئەم شوێنە کانی و ئاوی زۆرە. خاکەکەی هەتا بفەرموویت بەپێز و پڕ فەڕ و بێرە، بەڵام ئێمە بەم خاک و ئاوە بێژین چاڵی گەندوم و گۆڕی مەردووم. واتا دەغڵودانی باشی تیادا هەڵئەکەوێت بەڵام مرۆڤی تەمەن کورتن، چونکە بایەکی بەیی هەیە کە خۆمان پێی ئێژین ڕەشەبا. ئەم ڕەشەبایە لە هاویندا هیچی کاوکۆتەڵی خەڵە و خەرمانمان ناهێڵێت و گیانمان پڕ ئەکات لە تەپوتۆز. لە زستانیشدا کار لە مۆخمان ئەکات و تووشی ڕەقیتە و کۆڵنج و برک و نەخۆشیمان ئەکات."

ئیتر خواحافیزی لە سۆفی بارام ئەکەن و بە دەم نەرمەغار و قەتار و ئەڵاوەیسیوتنەوە ڕووەو قەڵاچوالان ئەگەڕێنەوە.

دوای ئەم بەسەرهاتە، هەفتە ناخایەنێت، جگە لەو بەنا و خانوو سازانەی لە قەڵەڕەوی پاشادا بوون، پاشا ئەنێرێت لە سنە و سابڵاخ و سەقزەوە چەند بەنناباشییەکی بۆ دێت و دەست ئەکەن بە ڕەنگڕشتنی سەرا و کۆشکی شاهی و حەرەمسەرا و میوانسەرا و مزگەوتی گەورە و حەمامی فاتمەخان، شێخان و کاربەدەستان و گەورەپیاوان و بۆرەپیاوانیش زەوییان بەسەردا دابەش ئەکرێت و دەست ئەکرێت بە خانوو کردن، هەر بۆ ئەم مەبەستەش پاشا فەرمان ئەدات بۆ هەموو دێهاتەکانی دەوروپشتی سلێمانی کە ئەبێت هەموو ماڵێک یەک تەغار دەستەک بهێنن، چونکە پاشا شار دروست ئەکات. ئیتر بە درێژایی ڕۆژ لە هەموولایەکەوە هەر

خرۆهۆرى بارە دەستەک بوو ئەهات. تەنانەت ڕۆژێکیان کە پاشا سەرقاڵی خانوودروستکردن و سەرپەرشتی وەستا و کرێکاری ئەکرد، خوشک و برایەکی زەیۆمەری لای قەرەداغ لەبەردەمیدا قووت دەبنەوە. براکە نۆ دەستەکی تەڕی بە کۆڵەوەیە و خوشکەکەش نۆ دەستەک. قسەکە موبالەغەی تیادا نییە کە پیاوێک و ئافرەتێک تەغارێک دەستەکیان بە کۆڵ لەوێوە بۆ نایەتە شار لەبەر هەژاری گوێدرێژیان نەبووە، لە زەیۆمەرەوە ئەو تەغارە دەستەکەیان هێناوە بۆ سلێمانی، براکە ناوی حەمە ڕەش بووە،خوشکەکەش ناوی گوڵە بووە، پاشاکە چاوی بەم براو خوشکە پاڵەوانە ئەکەوێت، خۆشەویستییان لەدڵیدا جێگیر ئەبێت، فەرمان ئەدات ئەبرێن بۆ حەرەمسەرا و حەمەڕەشیش ئەکات بە پیاوی خۆی.

سااڵی نەخایاند شارۆچکە خنجیلانەکەی سلێمانی تەواو بوو. قەاڵچوالان بە جۆرێک چۆڵ بوو، تەنانەت دەرگای مزگەوتی گەورەی ئەوێیان هێنابوو، بۆ مزگەوتی گەورەی سلێمانی دوو تاک قاپی زۆر گەورە بوون، قوببە قوببەی ئاسنیان پێوە بوو، دوای ئەمەی کە شێخ مارفی نۆدێ ئەهێنرێت بۆ سلێمانی و ئەکرێت بەخەتیب و مودەڕیسی مزگەوتی گەورە، ئەوسا شێخان لە هەموو الیەکەوە بۆی دێن. کوڕە شێخێک کە ناوی شێخ صەمەد بووە حەزی لە گوڵەخانی زەیۆمەری کردووە، کەسوکاری خۆی ڕائەسپێرێت کە خوازبێنی لە پاشا بۆ بکەن. پاشا ڕازی نابێت و ئەڵێت، 'ئەم کچە برای هەیە و بێژنە. با شێخ سەمەد خاتوو حەلیمەی خوشکی بدات بە حەمەڕەش، ئەوسا من ڕازی ئەبم.' نەریتی ئەوسای شێخانیش ئەمە بووە کە بۆیان هەبووە کچە مسکێن بهێنن، بەاڵم نابێت کچە شێخ شوو بە ئۆمی و مسکێن بکات، لەبەر ئەمە کاری خێری شێخ سەمەد ماوەی چەند مانگێک ئەکەوێتە گێژاوەوە، هەتا شێخ سەمەد ئاگری دڵداری زۆری بۆ ئەهێنێت و کەسوکاری خۆی ڕازی ئەکات کە ئەم ژن بە ژنە بکرێت. ئەوسا لە سەر حسابی برایم پاشا مەسرەفی هەردوو بووکەکە ئەکرێت و گوڵەخان لە شێخ صەمەد و خاتوو حەلیمەیش لە حەمەڕەش مارە ئەکرێت. ئەمەش جێگای شانازییە بۆ برایم پاشا کە دوو سەد سال لەمەوبەر ویستویەتی ئەم ڕچەیە بشکێنێت و ئەم جیاوازی چینایەتییە گۆڕبەگۆڕ بکات."

تێبینی:

دیسانەوە ئافەرین بۆ مامۆستا عومەری ڕەحمەتی کە سەروبنی ئەم ڕووداوانەی ئاوا جوان و ڕێکوپێک وەک زنجیرێکی هۆنراوە دەنک دەنک لە یەک داوە. بە ڕاستی کاک عومەری خوالێخۆشبوو بە شێوەیەکی فۆلکلۆری بەرزی خۆمانە، چیرۆکەکە بە جۆرێک ئەگێڕێتەوە، پیاو هەر حەز ئەکات نەک جارێک، بەڵکو جارەهای جار چاوی پیابخشێنێتەوە، بەندەش لێرەدا یەک-دوو سەرنجم هەیە حەز ئەکەم دەریان ببڕم.

یەکەم، ئەو قسەیە زۆر دووپات بۆتەوە کە وا برایم پاشا لەبەر خاتری چاوە جوانەکانی مەڵکە خان وەک کاک عومەر وەسفی کردووە هاتووە قەاڵچوالانی بەجێ هێشتوە و سلێمانی دروست کردووە. ئەم قسەیە لە بەرگەکانی تری ئەم کتێبەدا و لە نووسینی تردا ڕەت دراوەتەوە.

دووەم، ڕای ڕاستتر لە بابەت ناوی تانجەرۆوە کە لەوەوپێش وەک کاک عومەر ئەفەرموێت چەمی گەورە) یان پێ ووتوە، ئەوەیە کە وا زەوی و ئاوەکە-میریی بووە یاخود مولکی سوڵتان بووە کە ئەوسا سوڵتان تاج بوو، ڕوودیش ووشەیەکی فارسییە بەواتای چەم دێت ناوەکە بووە بە تاج- ڕوود واتە چەمی میریی و وردەوردە بووبە تانجەرۆ، بەڵام تاجی پاشا ڕۆ زیاتر لێکدانەوەیەکی ساکارانەی ناوەکەیە. سەیری کتێبی اصول اسما المدن و المواقع العراقیە جمال بابان لاپەڕە ٨١بکە. دووروودرێژ ئەم باسەی گرتۆتە خۆ و هۆنیویەتەوە.

سێیەم، شایانی نامەخوا واتە شایانی ماشەڵڵا بوو.

چوارەم، لە سەردەمی سواری- فروسییەت پیاوی گەورە یاخود لەشکر بە سواری چەند تەپڵ بازێکیان لەگەڵدا لە پێشەوە بوو، هەریەکە دوو تەپڵ بەملاو بەولای قەڵپوزی زینەکەوە قاییم ئەکرا و لەو تەپڵانە ئەدرا بۆ شکۆ و خۆدەرخستن.

پێنجەم، باسی برایم پاشا ئەکات کەڵەگەت برۆپەیوەست، سمێڵ قەترانی، خۆزگە کە هەیکەلەکەیان دروست کرد لە بەردەرگای سەرا، پرس بە دوو کەسی وەک خوالێخۆشبوو کاک عومەر ئەکرا، من خۆم یەکێک بووم کە زۆر بە شوێن ئەو هونەرمەندەدا گەڕام کە هەیکەلەکەی برایم پاشای بۆ یەکەم جار دروست کرد نەمدۆزیەوە، کە هەندێک لە بابەت هەیکەلەکەوە سوودی پێ بگەیەنم، ئێستاش نەمدییەوە، بە ڕای من ئەبووایە هەیکەلەکە بە سواری بووایە، چونکە ئەو سەردەمە، لەسەر کورسی دانیشتن ئەوەندە باو نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەڵێم، سوپاس و دەستخۆشی بۆ هەموولایەک.

شەشەم، تەغارێک دەستەک ئەکاتە ٢٠ دانە و دێی زێومەر- زید عمر لە ناوچەی قەرەداخە.

حەوتەم، لە ڕاوەکەرۆیشکدا، کە سواریک کەرۆیشکێک بەدی ئەکات کە خۆی مات داوە، بە دەنگی بەرز هاوار ئەکات، "خولامی سەری ڕاوکەرانم، بۆیە لەوێدا وتراوە خولامی سەری پاشام، چونکە ئەو کەسە کەرۆیشکی بەدی کردووە.

هەندێک لە کاربەدەستانی نەوسای سلێمانی

لێرەدا ئەوەندەی بتوانین ناوی کارگێڕەکانی سەردەمی بابانەکان پێشکەش ئەکەین، چونکە ئەوەش کارێکی بەسوودە بەتایبەتی لە ڕووی مێژووەوە. لەم بوارەدا یەکەم کەس کە شایانی ناوهێنانە،

مەحمود مەسرەف[19]سەرۆکی وەزیران بووە[20] لە سەردەمی عوسمان پاشا ١٧٨٦- ١٧٨٨ و ئەوڕەحمان پاشا ١٧٨٩-١٨١٣ و مەحمود پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشا. هەر لە کاتی ژیانی خۆیدا، کوڕە گەورەکەی کە عەزیز ئاغا بووە، ئامادەی کردووە. تاکو دوای خۆی شوێنەکەی بگرێتەوە، ئەوەی شایانی باسە، ئەم پیاوە[21]ناوبانگی تاکو لە بەغدادی ئەو دەمەدا هەبووە و ناسراوە. پیاوێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز و ژیر بووە و حەوت کوڕی هەبووە. کوڕە گەورەکەی عەزیز ئاغا بووە. عەزیز ئاغای مەسرەف، کوڕی مەحموود ئاغای مەسرەفە و ئەمیش وەزیری دارایی یاخود وەک باوکی سەرەکوەزیرانی سەردەمی بابانەکان بووە، ئەمە ئەو عەزیز ئاغایەیە کە مزگەوتەکەی ناو بازاڕی بوونیادناوە کە مزگەوتی شێخ محەمەدی ئاڵەکیشی پێ ئەڵێن.

عەزیز ئاغا لە سەردەمی ئەحمەد پاشای بابانداا ١٨٣٨ بەدواوە کاربەدەست بووە.

عومەر ئاغا، ئەوەندەی مستەر ڕیچ [22] باسی ڕەوشتی بەرز و کارامەیی و ژیریی ئەم پیاوە ئەکات، باسی کەسێکی تری لەو بابەتەی ئەوەندە نەکردووە، لە گەشتەکەیدا عومەر ئاغای بۆ دانراوە کە یاوەر واتە هاوشان مرافقی بێت. ئەمیش پیاوێکی گەلێک لەپێش بووە، لای بابانەکان

١٩ سەیری ڕحلە ڕیچ لاپەڕە ٥٠، ٦٣، ٦٤، ٧١، ٧٢، ٨٠، ٨١ بکە. دووروودرێژ باسی ئەم پیاوەی تیدایە

٢٠ باپیرە گەورەی حەماغای ئەوڕەحماناغایە

٢١ مستەر ڕیچ کە بە مەحمود ئاغای مەسرەف ئەڵێت، "سەرۆکی وەزیران" بووە، مەبەستی ئەوەیە یەکەم پیاوی هەڵکەوتووی میرنشینی بابان بووە

٢٢ عومەر ئاغاش وا بزمان دەر ئەکەوێت پلەوپایەی دوای مەحمود ئاغایە، کە وا بوو ئەویش لە پایەی وەزیردا بووە، لاپەڕە (٤٨، ٨٥، ٩٣، ١١٤، ١٤٢، ١٧٠، ١٩١، ٢١٤، ٢١٩).

بەتایبەتی لای مەحمود پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشا، لەوە ئەکات ئەمیش لە پایەی وەزیردا بوو بێت. زۆر گەڕاین بۆ ئەوەی بزانین وەچەی ئەمڕۆی ئەم پیاوە کێیە، بەڵام بە داخەوە نەگەیشتینە ئەنجامێکی ئەوتۆ[٢٣]کورە بچکۆلەکەی عومەراغا ناوی عەبدوڵڵا[٢٤]بووە.

محەمەد ئاغا، ئەمیش پیاوێکی ناودار و لێهاتووی سەردەمی مەحمود پاشای بابان. مستەر ڕیچ بە جۆرێک باسی ئەکات کە ئەمیش یەکێک بووە، لە کاربەدەستە پایە بەرزەکانی دەزگای بابانەکان، جگە لەوە وا دیارە زەوی و دێهاتی زۆریشی هەبووە.

هەمزاغای مەسرەف، پیاوماقوڵێکی دەوری خۆی بووە، لە زەمانی حوکمڕانی پاشای بابانداء، تەنانەت کاروباری سەرەکوەزیران و وەزیری مالییەی بینیوە، بۆیە پێیان وتووە مەسرەف[٢٥]

ئەوەی شایانی باسە، حەمزاغا لە سەردەمی ئەحمەد پاشای دوامیری بابانداء، ئەو پلەوپایەیەی بووە و لام وایە مەسرەفەکە ئەگەڕێتەوە بۆ وەزیری مالییە، دوور نییە هەندێک مێژووناس لەگەڵ مەحمود ئاغای مەسرەف کە سەرەک وەزیران و عەزیز ئاغای کوڕی کە ئەویش هەر وا سەرەکوەزیران بووە، تێکەڵاوی بکەن، لە کاتێکدا کە هەمزاغا پەیوەندی بە مەحمود ئاغای مەسرەفەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەو پەندی پێشینانەوە هەیە کە ئەڵێت، "هەرچی ڕیشی سوور بێت هەمزاغا نییە"، چونکە هەمزاغا، خۆی پیاوێکی موو سوور بووە[٢٦] جگە لەوەی گەلێک لێهاتوو بووە.

٢٣ سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٦. ڕەنگ هەیە باپیرە گەورەی حاجی ڕەشیدی سەعیدی قادر ئاغا و میرزا غەفوور و میرزا عەبدوڵڵا بێت

٢٤ سەرچاوەی پێشوو ل٢٣٦

٢٥ پیرەمێردی نەمر. محەمەد ڕەسوڵ هاوار ل

٢٦ هەمزاغا باپیری شاعیری مەزن و فەیلەسووفی مەزنی کورد حاجی تۆفیقی پیرەمێرد، (تۆفیق) کوڕی مەحمود ئاغایە، ئەویش کوڕی هەمزاغایە. حاجی تۆفیقش باوکی ڕەحمە خانە کە ئەویش دایکی فائق هوشیار و ئەحمەد زرنگ کوڕانی مستەفا ئەفەندین.

حسێن بەگ - حسێن پاشا

کەت خودا-کتخدا[٢٧] ی سەردەمی ئەحمەد پاشای دوامیری بابان بوو. کە عوسمانیەکان ئەحمەد پاشایان دوور خستەوە لە سلێمانی و بردیان بۆ ئاستانە و چرای حوکمی بابان کوژایەوە، حسێن بەگ یەکەم کەس بوو کە لەگەڵیداچوو بۆ تورکیا، ئەو کاتە سەعیدی کوڕی، هەرزەکار بوو، ئەویش دوایان کەوت، هەرچەندە باوکی ویستی بیگێڕێتەوە دواوە، چونکە ڕێگا و شوێنی ئەوان هات و نەهاتبوو، بێسوود بوو. ئەوە بوو لە دواییدا ئەو سەعید پاشای خەندانەی لێ دەر چوو کە بوو بە وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی و سەرۆکی ئەنجومەنی شورای دەوڵەت، واتە مجلسی أعیان سەعید پاشاش باوکی شەریف پاشای نوێنەری کورد بوو لە کۆنگرەی پاریسدا.

سلێمانی یومنی، خەڵکی شارەزوورە، لە سالی ١٢١٧ک ١٨٠٢ز هاتۆتە دنیاوە، فەرمانبەرێکی سەردەمی بابانەکان بووە لە دواییدا لەگەڵ ئەحمەد پاشادا چووە بۆ ستانە و لەوێ ماوەتەوە، تا دواڕۆژی ژیانی، ئەم پیاوە ئەدیب و شاعیرێکی ڕۆشنبیر و بەتوانا بووە.[٢٨]

مەلا عەبدوڵڵای ڕەش، جگە لەوەی کە ئەوڕەحمان پاشای بابان کردی بە مامۆستای مزگەوتەکەی خۆی مزگەوتی سەید حەسەنی ئێستا کردیشی بە موفتی سلێمانی، چونکە پیاوێکی بەتوانا و شارەزا بوو لە زانستی زمان و ئایینی ئیسلامدا.[٢٩]

شێخ مەحمودی گڵەزەردەیی، سالی ١٢٠٠ک ١٧٨٥ز لە سلێمانی هاتۆتە جیهانەوە، لەسەردەستی حاجی شێخ مارفی نۆدێ و هەندێک مامۆستایانی تردا خوێندنی تەواو کردووە. لە سەردەمی

---

٢٧ کتخدا: منصبێکی سەردەمی عوسمانییەکانە، پلەی دوای والییە.

٢٨ سەیری تاریخ السلیمانیە وانحائها بکە. ل٢٥٧

٢٩ سەیری سەرچاوەی پێشوو بکە. ل٢٧١. ڕۆژێک مەلا عەبدوڵڵا لە مزگەوتی سەی حەسەن دەرس بە قوتابیان ئەڵێت، موفتی زەهاوی محەمەد فەیزی باوکی جەمیل صدقی زەهاوی) کە هەر لە سلێمانی لەدایکبووە و گەورە بووە، ئەوسا فەقێ ئەبێت، ئەچێتە مزگەوتی سەی حەسەن گوێ لە مەلا عەبدوڵڵا ئەگرێت، هەڵەیەکی بچووکی بەر گوێ ئەکەوێت، سەرنجی مەلای بۆ ڕائەکێشێت ئەویش لە وەڵامدا ئەڵێت، بۆچی تۆش خوێندەواری؟ لە دواییدا ئەو موفتیە گەورەیەی لێ پەیدا بوو کە بوو بە موفتی بەغداد.

بابانەکاندا کرا بە نەقیبی سلێمانی کە سلێمان پاشا بوو بە میر، شێخ مەحمود چوو بۆ ئاستانە و کە مەحمود پاشا بوو بەفەرمانڕەوا، شێخ مەحمودی نار بۆ تاران. ئەم پیاوە زانایەکی گەورە بووە لە بەرهەمی خۆی دەستخەتی گەلێک هەیە، کە هێشتا چاپ نەکراون سالّی ١٢٧٥ک ١٨٥٨ز فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە.[٣٠]

مەلا ئەوڕەحمانی نۆدشە، لە سەردەمی ئەحمەد پاشای بابانداا موفتیی سلێمانی بووە و لە سالّی ١٢٦٦ک ١٨٤٩ فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە، دوای ئەویش مەلا ئەحمەدی کوڕی بۆتە موفتی سلێمانی.

قازی عبدول سەمەد، لە سالّی ١٢٠١ک ١٧٨٦- ١٧٨٧ز لە سلێمانی قازی بووە.

هەروەها شێخ ئەحمەد فائیزی بەرزنجەییش بە مودەریسی و قازییەتی بەینێک لە سلێمانی ماوەتەوە و پیاوێکی بەناوبانگ و خاوەنی چەند کتێبی بە نرخە و وەچەی لە سلێمانیدا شێخ عەلی و شێخ مەجید شێخ تەیب و کوڕەکانیانن، یەکێک لەوانە شێخ تالّب کوڕی شێخ عەلییە.

ئەو سالّانە، ئەو ماوەیەیە کە برایم پاشای بابان بوونیادنەری شاری سلێمانی و عوسمان پاشا کوڕی مەحموود پاشای بابان میری سلێمانی بوون.

سەید عەلی بەرزنجی، لە سلێمانی لە سالّی ١٢٤٤ک ١٨٢٨ز قازی بووە، لەو کاتەدا کە سلێمان پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشا میری بابان بووە[٣١]

٣٠ تاریخ السلیمانیه ل ٢٨٦، شێخ مەحمود کوڕی شێخ مارف کوڕی شێخ حەسەنی گلەزەردە کوڕی شێخ موحەمەدی نۆدێیە.

٣١ سلێمان پاشایەی لە گومەزەکەی گردی سەیوان نێژراوە. کە یەکەمین گومەزی گردی سەیوانە

حوکمدارانی بابان له شارەزوورد

ئاماژە بە زنجیرەی یەکەمی بنەماڵەی بابان بەگوێرەی شەرەفنامە و باسی میر بوداق کوڕی میر ئەبدال و میر بوداق برازای و کۆتاییی ئەو زنجیرەیە. لێرەدا ڕوونکردنەوەی حوزنی موکریانی لە ئاوڕێکی پاشەوەی حوکمدارانی بابان دەست پێ ئەکات هەر لە بابەت زنجیرەی یەکەمەوە.لاپەڕەی ٣٠- ٤٠ ئەفەرموێت، هەر وەکو لەپێشدا لە بهوردی بابا ئەردەلاندا گوترا، بابا ئەردەلان شارەزووری خستە دەست خۆی یەکێک لە کوڕەکانی نارد کە لەسەر قەلایانی نەوێ، میشیلە، تنورە، نشگا، مەروان، دانیشت و دەست بە ئیمارات بکات، قەلای میشیلەی دا بە ئەمیر ئەبدال کوڕەگەورەی خۆی. ئەمیر ئەبدال لەوێدا بە فەرمانڕەوای ڕای بوارد و لەژێر حوکمی باوکیدا بوو، ئەم ئەمیرە بچوکە کە لە هەموو شەڕوشۆڕ و فیتنەیەک خۆی دەپاراست وە لە خۆبەخێوکردن بوو، هەتا بە مەرگی خۆی مرد کوڕی گەورەی کە پیر بوداق بوو کردییە جێگانشینی خۆی، بە ئەمیر پیر بوداق ناوی دەر کرد.

حوکمدارێتی ئەمیر بوداق کوڕی میر ئەبدال میر بوداق کە بابی مرد لەسەر ئیمارات دانیشت و خاکی بابی خستە دەست خۆی، چونکە بابی لە هەموو شەڕوشۆڕێک دوور بوو ملکومال و دراو و ئالەت و پێویستێکی زۆری خستبووە سەر یەک ئەسپ و مالات و ئەسبابێکی بێژماری پێکەوەنا و ئەوانە بوون بە پشتگرتنی میر بوداق وەدەست فرەیی و شەوکەت زیاد کردنی.

کە میر بوداق کەوتە سەر حوکمداری بە جارێک ناوی و حوکمداری خۆی گۆڕی لە هەموو جێگایەکدا بابان ناوبانگی پەیداکرد و بە ڕاستی بابان لەم زاتە کە ئێمە لەسەر بهوردی دەدوێین انتشاری کرد و دامەزرێنەری ئەو ناوە میر بوداقە، ئەگەرچی لەپاش ئەو تەیمورخان پاشا دەکۆشا کە ناوی بابان لە سەرخاکی یەکێک لە ئەولادەکانی دابنێت و بە بابان ناوبانگیان پێ بکات بەڵام میر و حوکمدارانی بابان لەو ئەمیرە گەورەیەوە دەست بە دامەزراندن دەکات.

لە گۆڕینی ئەم نێوەدا دڵخوازی ئەوە بوو لە مام و خزمەکانی ڕزگار ببێت و نەکەوێتە ژێر حوکمیانەوە، لەبەر ئەوە هەمیشە لەنێو ئومەڕاکانی خۆیدا بە مەجلیس دەی گوت کە بابان ئەردەلانی باپیرە گەورەیان ناوی بابا قباد بووە، مادامە لەوێچەکەین دەبێت بابان یاخود بابا

قبادیمان ناو ببێت باباقباد لە گوتندا درێژە بابان بەتەنها چاکترە بەکار ببرێت.

لەسەر قەراری پیر بوداق بنەماڵەی بابان لەوەوە پەسەند کرا و مێژوونووسەکانیش بنەماڵەی بابان لە پیر بوداقەوە دەست پێ دەکەن، ئەگەرچی تیرەیەکی ئەردەڵانیەکانیش ئەو نیوەیان لەسەر خۆیاندا نابوو هیی وەکو لەپێشدا (گوترا) بێژرا.

ئەمیر بوداق بە سخاوەت و کەرەم و ئازایی و بەخشش ناوبانگی دەر کرد، کەم کەم بۆ بەرزبوون و سەرکەوتن خۆی بزاوت و دەستە و دائرەیەکی قورسی دامەزراند، بە لوتف و داین لە هەر لایەکەوە پیاوێکی ئازا و ناودار هەبوو بردیە لای خۆی و سەربەرزی کرد و هەر عولەما و پیاوچاکێک لە کوردستاندا بوو و کردیە بە جێرەخۆر و هەواداری خۆی دەمبەدەم هێزی پەیدا کرد دەستە و پێوەندی زۆر بوون، لەشکر و سپاهێکی رێککەوتووی سازکرد و جێرەی بۆ برینەوە کە سپاهی گەیشتە ئارەزوو دڵخوازی هەستا بە قوەتێکەوە چووەتە سەر ئومەرایانی زەرزا بە شەڕ و کوشتار محالی لاجانی لە زەرزا ئەستاند و لەولاوە بەسەر کۆنە لاجاندا گەڕاوە لەژێر بنچینەی سۆرانی دەر خست بەوە ناوونیشانێکی پەیدا کرد و هێز و توانای پێ زیاد بوو، لەوێوە چووە سەر سیوی- شێوی- شنو لە سۆرانی ڕزگار کرد و هەر بەو هێزەوە چووە سەر سندوز ئەویشی لە دەست قزڵباش دەر خست و قڵای مارانی ئاوەدان کردەوە و گەڕاوە قڵای میشیلە دەستی بە خۆڕێکخستن کرد.

بە لوتف و کەرەم پیاوەتی عەشیرەتی موکری و بانەشی خستە ژێر فەرمانی خۆیەوە کە لەوانە ئاسوودە بوو لەشکرێکی نارده سەر عەشیرەی کوردی مشیا ئەوانیشی ژێرفەرمان کرد(خستە ژێر فەرمانی خۆیەوە) و لەسەر هەر یەکێک لەوانەی میر سنجاغێک و ئەمیرێکی لە طرف خۆیەوە لەسەر دانان و لەژێر ئیدارەیەکی چاکداری ڕای گرتن، کە لەوەش ئەمین بوو لەشکرێکی قورسی نارده سەر شارباژێڕ لە دەست ئامۆزاکانی دەر خست و خستییە ژێر حوکمی خۆیەوە، لەوەوە حکومەتێکی جوانی ڕێک خست و بۆ هەر میر سنجاغێک تەپلێک و ئالایەکی بابانی بۆ ناردن و داد و عەداڵەتی لەو خاکەدا بەیان کرد و لەشکر و سپاهی خستە ژێر انتظامەوە بۆ هەر میر سنجاغێک مقداڕێک لەشکر و هەر لەشکرەی ئالای خۆی و تەپڵی بەتایبەتی بۆ قەرار دان.

لەپاش ئەوە کە ئەو هەموو ئیشە موهمانەی ڕێک خست دووبارە ناردی قڵای مارانی زۆر چاک قاییم کرد دیوار و کۆنگەرە و برج و باروویتی بڵند و سەختی لە دەوردا دروست کرد و لەشکری هەڵگرت و چۆوە سەر قڵای کرکوک بە زۆری بازووگرتی و کردییە میر سنجاغێکی بابان.

ئەمیر بوداق هەموو بزوتنێکی وەکو پادشایانی دونیاگیر وا بوو لە گەلێک کار و پیشە و جوواڵانەوەیەکدا شتێکی بێوێنەی بە بیرتیژیی خۆی دەکردە دەستوور کە لە هیچ حوکمدارەکانی دیکەدا پەیدا نەدەبوو، بۆ هەر یەک لە مأمورەکانی خۆی دەستورێکی دامەزراندبوو، وە بۆ هەر میر سنجاغێک ڕەوشتێک و قاعیدەیەکی دانابوو کە بە ئوموری مەملەکەتداری خەریک بن، هەر

یەک تیپە لەشکرێکی بۆ ئاساییش و بەخێوکردنی ڕەعییەت دابوونێ، لەشکری پیادە و سواری، ڕۆژی دەبووایە دوجار مەشقی تیرئەندازی و شیروەشێنی و نیزەبازی و ئەسپئاژۆتن و بازدان بکەن، بۆ فێرکردنی ئەوانە پیاوانی زانا و تێگەیشتووی کردبوونە مامۆستای نیشاندانیان.

کە دوو ساڵ لە گرتنی کەرکوک بەسەر چوو میر بوداق لەشکرێکی ئازا و شەڕکەری هەڵگرت و چووە سەر قەڵا و شاری شاە قولی ئاوا – شەقڵاوە ئەمیر سیدی کوڕی میر شاە عەلی سۆران لە وەکیلی برایەوە فەرمانڕەوای شاە قولی ئاوای دەکرد، کە زانی حوکمداری بابان ڕووی لەو کردەوە هێزی شەڕکردن و ئەوانەی بەرامبەری ئەوی نەبوو بە ناچاری دەستی لە شاە قوڵی ئاوا بەردا و کشایەوە چووە حەریر.

میر بوداق بەبێ شەڕ و کێشە گەیشتە شاە قولی ئاوا و گرتی و لەگەڵ ڕێکی و دامەزراندنی ئموری حکومەتی خەریک بوو، دەستەیەکی سوارەی خۆی تێدا بەجێ هێشت وەها ستار کیف کوت چووە سەر شاری حەریر، ئەمیر عیسا کوڕی میر شاە عەلی کە حوکمداری سۆران بوو بە ناچاری پایتەختی ئامارەتی چۆڵ کرد و بەڕی دا و هەڵهات پەنای بۆ کێوەبڵندەکان و لێرەوارانەوە لەپشت میر عیساوە ئەحوالێی دەپشکنی.

ئەمیر عیسا کە تەماشای کرد لە شەڕ و کوشتار و بەرامبەرکردنی زیاتر نەماوە بەتوندی جڵەوی ئەسپی سووڕاندەوە بەو لەشکرەی کە لە گەڵیدا بوو پێشی بە ئەمیر بوداق گرت، دوو حوکمداری کورد بۆ کوشتنی یەکتر شیر و خەنجەریان تیژ کرد و بەرامبەر بەیەکتری ڕاوەستان شەڕ و کوشتار گەرم لە هەردوو لا لاشەی کورد کەوتنە نێو شیو و گەلییەکانەوە سێ شەو و سێ ڕۆژ دەستیان لەیەک بەرنەدا، هەتا لە مەیدانی خوێناویدا میر عیسا کەوتە بەر شیری بررندەی میر بوداقەوە کوژرا، کە لەشکری سۆران خۆیان بێخاوەن و سەردار چاو پێکەوت هەڵهاتن و کەوتنە کێوان لە بەدیل چۆنیان بەچاکتر زانی، هەر کەسێکی خۆش بەز و ئازابوو دامێنی کێوی گرت و لە خوێنڕێژی ڕزگار بوو.

پیر بوداق کە حوکمداری سۆرانی کوشت کەمێک کەوتە دووی شکستەی لەشکر تاڵان و ئەسبابێکی زۆری دەستخست گەلێکی بەزیندویی بەدیل گرتن و بە شاد و کەیف گەڕایەوە حەریر هەموو ئەمور و کاری مەملەکەت و شاری ڕێک خست و ئەمیر سنجاغێکی خۆی لەسەر دانا و هێندەی پێویستی لەشکری لە حەریر بەجێ هێشت و بۆ خۆی سوار بوو ڕویشتە پایتەختی بابان گەڕایەوە دوایی.

ئەمیر بوداق کە ئەو هەموو خاکانەی کردە مەملەکەتی خۆی و دای مەزراندن بە چاکە و داد و کەرەم و ئازای تەدبیر و زرنگی خۆی میللەتی خستە ژێر گەڕان و ئیدارەکی واوە لەو

خاکەدا نەیار نەمان، دڵی هەمووانی بە خۆیەوە بەستبوو، هەریەک بە چەشنە ڕەوشت و کارێک نەوازش و دڵڕەزیرای دەکردن، بە پیاوەتی و زبان خۆشیی بەتوندی و هەڕە شەو ترساندن ئەنجامدان و بەخشش دڵی هەمووانی ڕادەگرت.

ئەمیر شرف خانی بەتلیسی لە شەرەفنامەیدا دەڵێت، "میر بوداقی بابان هێندێک شتی ایجاد کردبوو بەو چەشنە أموراتی ڕێک خست کە نە لەوەوپێش و نەلەوەوپاش هیچ ئەمیرێکی کوردستان بیری لێ نەکردبووەوە وەکو،

ئەگەر تەمای ژنهێنانی بۆ نۆکەرێک یا ئەمیر سنجاغێکی ژێردەستی خۆی کردبا و بیخواستبا کە ژن بۆ مأمورێکی خۆشەویست و کاربینی بێنێت. بۆ خۆی دەچووە خوازبێنیکردنی، بە ناوی خۆیەوە داخوازی کچەکە دەبوو، وەکو بۆی بگوێزێتەوە هەموو پێویست و کەلوپەل و چتمەکی بۆ ڕێک دەخست و شایی و هەڵپەڕین و خەنەبەندان و شیرینیخواردن و دەزگیرانی هەموو بە ناوی خۆیەوە دەکرا، تەماشای شەرەفی خاوەنی کچ و پیاوەکەی ژێر دەستی خۆی دەکرد، بەگوێرەی ئەوە خەرجی دەکرد و جلوبەرگی بۆ دەدا بە دروون، وە دیاری و چت و تەدارەکی بەو جۆرە بۆ دەکرد، کە دەبوو بە شایی و وەختی مارەکردن دەهات لە نۆکەر یا مأمورەکەی کە دڵخواز بوو مارە دەبڕا، بۆی دەگوازتەوە، هەتا ئەو ڕۆژەی مارە دەکرا هەموو کەس و باوکی کچ و کچەکەش هەر وایان دەزانی، بۆ ئەمیر بوداق خۆی دەبێت.

میر ڕۆستەم برای میر بوداق لەگەڵ چەند کەسێکی بێسەروبەر ڕێک کەوتبوو کە هێزێک پەیدا بکەن و میر بوداق بکوژن و لە ناحیەی زرزا برۆزیان ئەستاند و لەخۆکۆکردنەوە خەریک بوون و بە دەسایس و قوەت پەیداکردن دەکۆشان و لەوەدا هاودەنگیی زۆر کەسی کردبوون.

میر بوداق لە بزوتنەوەی میر ڕۆستەم ئاگادار کرا، بە بێدەنگی چەند سوارێکی هەڵگرت بە بەهانەی ڕاوەوە بەرەو ناحیەی زرزا ڕۆیشت میر ڕۆستەم و هەواڵەکانی دەر دەست کرد و یەک بە یەک کوشتنی ئەو تویەی فادیەی بڕیەوە، پیاوێکی زرنگ و ئەمینی لەسەر ناحیەی زەرزا دانا، لەپاش ڕێکخستنەوەی ئەو ناحیەیەی گەڕایەوە پایتەختی خۆی.

میر بوداق کە لەو سەفرە گەڕایەوە بیستییەوە کە میر سیدی ئەمیری سۆران کە لەپێشدا لێی دواین لە شاقولی ئاواوە ڕوو بە لێرەواران و کێوەکانی هەڵهاتبوو، لە بزووتنەوەی میر ڕۆستەم کەلێنی دەست خست و لە خۆکۆکردنەوە و هێز پەیداکردن خەریک بوو دەستوپێوەندێکی زۆر لەسەر خۆی کۆ کردوتەوە، لەنێو لێرەوار و چیاکانی پشت حەریردا دەستی بە تەریدەوری گرتن و دەستدرێژی کردووە.

میر بوداق لەشکرێکی ڕێککەوتووی هەڵگرت و چووە حەریر، کە پێش بە ئەمیری سیدی بگرێت و دەردەستی بکات، چەند ڕۆژێک بە تەدبیرەوە لە حەریردا دانیشت، ڕۆژێک بە هەوای ڕاوکردن سوار بوو ڕووی لە کێوەکان کرد دەستی بە سووڕاندنەوە و پشکنین کرد کە میر سیدی دەست بخات و بیگرێت.

میر سیدی لەوە ئاگادار کرا، کە میر بوداق لە دووی ئەو لە کێواندا دەسووڕێتەوە، خۆی

ساز کرد و چووە جێگایەکی کە بە خروبیان دەناسرا، لە جێگای سەخت و تونددا دامەزرا و ڕێگا باریکەیەکی لەنێوانی دوو کێوی بڵنددا بەنێو دۆڵێکدا دەکشا و زۆر سەخت بوو میر سیدی پیاوانی ئازای لە دەربەند و گەلی لەو ڕێگایەدا دانا، هەردوو لای کێوەکانیان گرت و تێیدا پەنهان بوون بە چاوەنۆری کەلێن و چووینی میر بوداق دانیشتن، میر بوداق بە بێباکی و ترس دەگەڕا کە گەیشتە ئەو دەربەند و تەنگانەیەوە لە نێوەڕاستی دۆڵەکەدا، کە جێگای هەلاتنی نەدەبوو، پیاوەکانی میر سەیدی لە پاش و پێشەوە و لەدامێنی کێوەکەدا لێی بڵندبوون دەستیان بە کوشتاریان کرد، خستیانە نێوانی پەلاماردانی لەو هەموو نۆکەرانەی میر بوداق یەکێک ڕزگار نەبوو.

هەموو کوژران و میر بوداقیش ئێخەی لە دەست دوژمن دەر نەخست کوژرا[٣٢].

کە میر بوداق کوژرا میر سەیدی لەگەڵ گرتنەوەی خاکی سۆران و حوکمداری خۆی و دەرکردن و گرتنی بابان خەریک بوو.

میر بوداق بە ڕاستی پیاوێکی ئازا و ڕەشید و دڵپاک و ڕەعیەتپەروەر و وەتەنخوا و تێگەیشتوو و زرنگ بوو، لە بەخشش و دادخواهی و مللت نوازیدا بێوێنە بوو، لە ئاواکردنی شار و دێهات و پێشکەوتنی عیلم و سەرخستنی کڕین و فرۆشتن و چاندن و جووتدا بە کۆششەوە بوو، لەنێو کوردستاندا بە چاکە و پێداهەڵگوتن ناوبانگی دەر کردبوو، حوکمدارێکی سەربەخۆی ئازاد و مستقل بوو، سکە و خوتبەی بە ناوی خۆی بوو لە خاکی خۆیدا، ئاڵا و نیشانەی حوکمداری بابان لەوەوە دامەزرا و بناغەیەکی چاکی دامەزراند.

شایەر و بوێژانی خۆشهەڵبەستی قسەجوان لە هەموو لایەکەوە داستان و سەربووردی میر بوداقیان هەڵبەستبوو، دەنگبێژ و گوێندەکانی خۆشخوان لە دیواندا بۆ پیاوە گەورەکان بە ئاوازێکی گەلێک جوان پیاندا هەڵدەگوت، تەواوی ژیان و کۆشش بەخشین و ئازایی و ڕەشیدیی پیاوەتیی مەملەکەتگیری میر بوداقیان کردبوو بە داستان دەمبەدەم بۆ یەکتریان دەخوێندەوە و لە شاراندا ئەو داستانانە دەنووسرانەوە و لەبەر دەکرانەوە، داستانی کوشتنی بەتایبەتی هێندە بەدڵسۆزییەوە بەئاخ و داخ و جگەرسووتانەوە ڕێک خرا بوو لە هەر دیوان و جێگەیەکدا بخوێندرابایەتەوە هەرکەسێکی گوێی لێی بووایە هیچ نەدەبوو دڵی نەسووتێت و چاوی پڕ لە فرمێسک نەبێت و نەگری و ئاخی بۆ نەکێشێت. حوکمداری میر بوداقی دووەم کوڕی میر ڕۆستەم مامۆستا موکریانی ئەڵێت،

---

٣٢ بۆ ئەوەی سەر لە خوێنەری بەڕێز تێک نەچێت. میر بوداق و میر عیسی میر شاه عەلی بەگ کەوتنە شەڕەوە هەرچەندە مامۆستا حوزنی سال و مێژووی ئەو شەڕەی نەنووسیوە. لەو شەڕەدا میر عیسا کوژراوە.

بەڵام لەدوای ئەوە میر بوداق کە بەدوای سەری میر سیدی کوڕی میر شاهـ عەلی سۆران دا ئەگەڕا. لە کێوەکانی ناوچەی حەریر. میر بوداق خۆی کەوتە تەڵەی میر سەیدی لە شوێنێکدا کە نەیتوانی خۆی ڕزگار بکات، میر سیدی فرسەتی لێ هێنا کوشتی. دوای ئەوە میر بوداقی برازای کوڕی ڕۆستەم بەگی بەرای جێگای گرتەوە. ئەویش دوای دوو ساڵ حوکمڕانی وەفاتی کرد. هەرچەندە برایەکی بچوکی هەبوو لە ماوەت و چەند کەسێکی بەگ و خزمی دیسان کە هەبوون لەو قابلیەتەدا نەبوون. وەك مامۆستا حوزنی ئەڵێت، "حکومەت کەوتە دەست نۆکەرانی میر بوداق." لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا، من زیاتر لەم قڕتێکەوتنەی ئەم بنەماڵەیە دواوم. بە بەڵگە شتی ترم ڕوون کردۆتەوە. (ج.ب)

"کە میر بوداقی گەورە کوژرا، وەجاخکوێر بوو، منداڵی نێرینەی لەپاش جێ نەما، سەرکردە و کاربەدەستی حکومەت و کیخدا و ڕیشسپی و هاتنە ڕووی میللەت بە کۆمەڵە ڕێک کەوتن میر بوداقی کوڕی میر ڕۆستەمیان کردە حوکمداری بابان، هێندێک لە ئاغایانی خاوەنعەشیرەت و گەورەی ئایلات سەریان بۆ میر بوداقی بچکۆلە دانەنواند، بە گۆشەگیری و خۆتێکەڵ نەکردن بێدەنگ بوون.

میر بوداقی دووەم کە لە جێگای مامی دانیشت و دەستی بە حوکمداری بابان کرد و لەگەڵ دامەزراندنی لەشکر و ڕەعییەت خەریک بوو ئەو کەسانەی لەگەڵی ڕێک نەکەوتبوون و بە حوکمداری بابانیان نەدەناسی ڕۆژبەڕۆژ لەخۆکۆکردنەوە و یەکدگیری دەکۆشان میر بوداق هەرچەند تەقەللای دا نەیتوانی نەوازیشیان بکات و دڵیان بێنێتە دەست، مدەتێ دوو ساڵان لەگەڵیان خەریک بوو ڕای نەگرتن و نەبوونە هەواداری، بە خۆشی و هەڕەشە هەرچەندەی کرد دەرەقەتیان نەهات، ئەوری حوکمداری هەموو دەمێک لە دەست ئەو پیاوانەدا بوو لە بوون و چوونداو و ئەو دەرد و داخە لێی بوو بە نەخۆشی و کۆشتی.

میر بوداقی دووەم لەو تەقەللایەدا بوو، چەند کەسێکی بێگ و خزمی دیسان کە هەبوون لەو قابلییەتەدا نەبوون هەرکەس بە ڕەنگی خاوەندیهات لە دێیەکدا دانیشت و دەستی لەکار کێشایەوە، بەوەش زیاتر میر بوداق لەکار کەوت و بەتەنها مایەوە، ئەوەی لێی بوو بە کەسەر برایەکی گچکەشی لە دێهاتی ماوەتدا پارچە زەویەکی لە دێهات خستە دەست و لەگەڵ چاندن خەریک بوو، لەپاش میر بوداقی دووەم لەو بنەماڵە گەورەیەدا پیاوێکی قابل نەبوو، کە بتوانێت امووری حوکمداری بخاتە دەست خۆی، حکومەت کەوتە دەست نۆکەرانی میر بوداقی گەورەوە، ڕەشتەی فەرمانڕەوایی لەدەست بنەماڵەدا نەما.

بەشی پێنجەم

نووسەران لە بنەماڵە چییان پێشکەشی بابان کرد؟

پێشەکی سوپاس و ڕێز بۆ ئەو گەورەپیاوانەی، کە میژووی گەلی کورد ئینجا میژووی بابانیان نووسیوەتەوە. کە ئاماژە بۆ خۆیان و نووسینەکانیان کراوە لە پێشەکی و کۆتایی ئەم کتێبەدا.

جگە لەو بەڕێزانە و هەر بۆ بایەخدان بە خزمەتی ئەو قەڵەمڕەنگینانە و بۆ هاندانی بەرەی ئێستا و داهاتوومان کە ئەوانیش چییان بۆ ئەکرێت و چیان لە باردایە، کەمتەرخەم نەبن لەسەر میژووی گەلەکەیان و میژووی بنەماڵەکەیان چەندیان بۆ ئەکرێت بنووسن و دڕێخی نەکەن.

ئەو نووسەرانەی بنەماڵە بەگوێرەی سال و میژووی نووسینەکانیان ئەم بەڕێزانە بوون[٣٣].

یەکەم، عەبدولقادر ڕۆستەم بابانی، نووسەری ڕەوشی کوردان- میژووی کوردستان، وەرگێڕانی کەریمی حسامی، چاپی هەوەل، هاوینی ١٩٩١. پێشەکی نوسینی مامۆستا ڕەفیق سابیر کە بریتییە لە دە لاپەڕە ڕۆژی ٧/٢٧/ ١٩٩٠ لە پێشەکییەکی تێر و پڕدا ئەڵێت، "ئەم پیاوە میژوونووسێکی نەناسراوە، سالی ١٢٨٥ک/ بەرامبەر بە ١٨٦٨ز لەکۆتاییی تەمەنیدا لە نووسینی ئەم کتێبە بووبێتەوە و دوورنییە خۆشی سالی ١٢٤٦ک/١٨٢٩- ١٨٣٠ز لەدایک بووبێت" ئینجا ئەڵێت، "نووسەر گەلێک لایەنی شاردراوەی میژووی هەردوو میرنشینی ئەردەڵان و بابانی بۆ دەر خستووین، بەو پێیە وا دیارە خۆی و بنەماڵەکەی لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان بووبن، ئەم کتێبە شاکارێکی هەڵبژاردەی تڕە کە باسی قۆناغێکی گرنگی میژووی نەتەوەکەمان دەکات، کە ئەویش سەردەمی میرنشینی ئەردەڵان و بابانە، هەروەها ئاوڕێکیشی لە میرنشینی سۆران و ناوچەی موکری و یەزیدییەکانیش داوەتەوە."

منیش نووسەری ئەم کتێبە کە لەبەر دەستدایە، لە زۆر شوێن سوودم لێ وەر گرتووە و ئاماژەشم بۆ کردووە، هەرچەندە (بابانی) لە تۆماری سالەکاندا، سەرکەوتووی تەواو نەبووە. باقییەکەی بە گشتیی بەسوودن.

٣٣ بێگومان نووسەری تریش هەن وەک دانەری کشف الظنون یاخود ژیل کشف الظنون کە ئێمە زانیاریی ئەوتۆمان لە لایەنیانەوە دەست نەکەوت. بۆیە بەوەندەی کە توانیمان قەناعەتمان کرد.

دووەم، جەلال بەگی بابان، پێویست ناکات لێرەدا نووسینی ژیانی ئەو گەورەپیاوە دووبارە بکەینەوە چونکە لە لیستی گەورەپیاوانی بابانـدا دووروودرێژ نووسـراوە، ئەو درەخت شـەجەرە یاخود شـەجەرانەی لە بەرگە عەرەبییەکەی نووسـراونەتەوە و کە نرخیان هـەر تـەواو نابێت. لە دەستنووسـەکەی ئەو زاتە بەڕێزەوە وەر گیراوە هـەر بۆیە ئەو بەرگەش پێشکەش بە ڕۆحیانەتی ئەو پایە بـەرزە کـراوە (الاهـدا و : الـي تلـك الـروح النبيلـة التـي مـا دأيـت تجـزل المعونـة للانسـان العراقـي مثلمـا افـردت جناحيهـا لابنـا و الشـعب الكـردي و افـراد الاسـرة البابانيـة حتـي انتقلـت الـي بارئهـا راضيـة مرضيـة. الـي روح المرحـوم جـلال بابـان اسكنه اللـة فسيح جناتـه وغمـره برحمتـه الواسـعة[٣٤]

سـێیەم، أیـاد جـلال بابـان کـوری جـەلال بابانـی ناوبـراوی سـەرەوەیە کـە نووسـەری أسـرە بابان. شـجرتها التأريخيـة وتسلسـل أجيالهـا... تجميـع أيـاد جـلال بابـان. بيـروت ٢٠٠٤. (١٩٠. لاپـەڕەی ئینگلیزییـە) و (١٨١) لاپەڕەشـی بـە عەرەبییـە. لـە الفهرسـدا المقدمـة وشـكر تقديـر ومعلومـات عامـة عـن الامـارة البابانيـة. مصـدر كلمـة بابـان. الهـدف مـن الوثيقـة. بنيـة الوثيقـة - پێشـەکی و سـوپاسـنامە و زانیاریـی گشـتی لـە بابـەت میرنشـینی و سـەرچاوەی وشـەی بابـان و مەبەسـت لـەم وثیقەیـە- قەوڵەیـە.

دوای ئـەوە ئەیـاد بابـان باسـەکەی بـە پێنـج بـەش دابـەش کـردووە القسـم الاول تاكـو القسـم الخامـس هـەر قسـمێک و درەختەکـە و پیاوەبەناوبانگەکانـی ئـەو بەشـەی گرتوتـەوە. بـۆ نموونـە لـە لاپـەڕە ٣٥تـا ٤٦ تسلسـل الاجيـال زنجيرەوەچـە یاخـود نـەوە لـە لاپـەڕەی ٤٨تاکـو ١٥٣ لوحـە واتـە تابلۆ. لەوحـەکان زۆرن بەگوێرەی ژمـارە لـە یەکـەوە بـۆ هەشـت لەوحـە و بـە هەمـوو لقەکانیانـەوە. بـۆ نموونـە اللوحـە ٧. پ. پ. هەمـووی سـەرتاپا درەختـی بابانەکانـە بەنـاو و باسـی هـەر بابانییـەک بـە چرووپـڕی یاخـود بـە کورتـی ئـەکات.

بـە ڕاسـتی ئەمـە کارێکـی ئەوەنـدە گـەورە و بەسـوودە کـە شـایانی ئەوپـەڕی ڕێزلێنـان و دەستخۆشـییە.

منیش نووسـەری ئـەم کتێبـە دەسـاڵ ئەبێت ئـەو قەوڵەیـەم پێشـکەش کـراوە، خـۆم گـرت هیـچ قسـەم نەکـرد و هەڵـم گـرت بـۆ ئـەم دەرفەتـەی ئێسـتا، سـوپاس بـۆ خـوای گـەورە کـە ئەوەنـدە تەمەنـی پـێ بەخشـیم، کـە بتوانـم ئـەم شـاکارەی ئەیـاد بابـان لـەم کتێبەمـدا بـە خوێنەرانـی بەڕێـز ڕابگەیەنـم.

چـوارەم، عمـاد جـلال بابـان، ئەمیش هـەر وەک باوکی کـە جـەلال بابانـە و وەک ئەیـادی بـرای، هەمیشـە هـەر لـە خزمەتـی ڕۆشـنبیریی کـورد و بنەماڵەکەیـدا بـووە و درێغـی نەکـردووە.

وا بزانـم سـاڵی دەوروپشـتی دوو هـەزار ٢٠٠٠ز بـوو ئـەم بەڕێـزە شـانزە هـەزار دۆلاری ناردبـووە سـلێمانی، بـۆ کـێ؟ نازانـم! وەک پێشـەکی بـۆ دروسـتکردنی مەڵبەندێکـی سـێ هۆڵـی ڕۆشـنبیری بـە نـاوی بابانـەوە، نازانـم پارەکـە کەوتـە دەسـت کـێ؟؟

بـەڵام ئـەوەی کـە کـرا و مـن ئـەوە بـە چـاوی خـۆم بینیـم ئـەو پارەیـە لـەو سـاڵانەدا نرخـی

٣٤ بابان فی التأريخ ومشاهير البابانيين. بەرگە عەرەبییەکەی لاپەڕە ٧.

گەلێک زۆرتر بوو لە ئێستای ساڵی ٢٠١٥-٢٠١٦ لە دەستپیاهێنانەوەی سێ ژووری گەورە لە بەرێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی سلێمانی – خانەی نەوجەوانانی کوڕان کە لە ساڵی ١٩٥٢ دا دامەزرا بوو مدیریە الرعایە الاجتماعی فی السلیمانیە بە بۆیەکردنەوەی دیوار و سەقفەکان و هەڵواسینی سێ تەختەی بچوک کە ئەم نووسینانەیان لەسەر نووسرابوون.

هۆڵی مەحمود بابان، هۆڵی لینە بابان، هۆڵی جمال بابان.

کوڕێکی خزممان ڕۆژێک کە ئەوکاتە هاتبوومەوە بۆ سلێمانی وازی نەهێنا لێم تاوەکو منی برد بۆ سەیری هەر واقم ورما، کە پرۆژەیەکی وا گەورە لە کیس شارەکەمان درا. ئەگەر ئەو پارەیە لەو پرۆژەیەدا وەک سەرەتا خەرج بکرایە، لام وایە عیماد بابان بۆ ئەوەی بیکات بە پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی گەورە هەر بە ناوی بابانەوە هەرگیز نەئەوەستا بۆ پێگەیاندنی ئەو پرۆژەیەی کە بڕیاری بۆ دا بوو یاخود نیازی پێکهێنانی هەبوو[٣٥]

لەگەڵ ئەوەشدا من نوسەری ئەم کتێبە دوای ڕووخانی بەعس لە بەغدادەوە هەر لە ساڵی ٢٠٠٣ دا کە هاتمەوە سلێمانی. زۆری نەبرد لە سلێمانی سەنتەری ڕۆشنبیریی بابان واتە مرکز بابان الثقافی-مان پێک هێنا، دوای چەند ساڵێک بەوپەڕی سوپاسەوە ئیدارەی محلی سلێمانی وەک یارمەتیدانی هەموو بنکە ڕۆشنبیرییەکانی تری سلێمانی، یارمەتی پێشکەش کرد بۆ دروستکردنی تەلارێکی ڕازاوە و ڕێکوپێک بۆ سەنتەری بابان.

بۆیە ئەڵێم شەڵا ئەو پارەیەی بەڕێز عیماد بابان ناردبووی بۆ ئەمڕۆ بووایە و بۆ ڕازاندنەوەی ئەو تەلارە جوانە خەرج بکرایە، بۆ پرکردنەوە و پێکهێنانی ئەو کەموکوڕییەی کە تەلاری سەنتەر هەیەتی لە کەلوپەلی گونجاو و کارەبائیات و کەموکوڕی تر[٣٦].

لەگەڵ ئەوەشدا سەری نەوازش و ڕێز بۆ بەهەشتی جەلال بابان و ئەیاد و عیمادی کوڕی دائەنەوێنین، خوا وێنەیان زیاد بکات و هەموو مایەی ڕێز و شانازین، چاوەڕێی پتریان لێ ئەکەین.

پێنجەم: تەها بابان[٣٧] کتێبێکی ١٠٩ لاپەڕەیی لەبارەی کەسایەتی مەحمود[٣٨]پاشای بابان، وەک لە یاداشتەکانی نوێنەری بەریتانیا و شەریکەی هندی ڕۆژهەلات کلودیوس ڕیچدا هاتووە ١٨٢٠. لە بلاوکراوەکانی سەنتەری ڕۆشنبیری بابان. پێشکەشی بە گیانی پاکی مەحموود پاشای بابان و هەموو ئەوانەشی کە مستەر ڕیچ بەجوانی ناوی هێناون لە بیرەوەرییەکانیدا و بەوەش بۆتە مایەی شانازی بۆ نەوەکانی دوای خۆیان.

---

٣٥ ئەو پۆلش و تەختە هەڵواسینەی بەر دەرگاکان بێگومان ذر الرماد فی العیون بۆ چاوشارکێ بوو. پارەکە خورا.

٣٦ ئەوکاتە برای بەڕێز عەلی سالح بابان کە لێپرسراوی فەرمیی مەڵبەندی ڕۆشنبیری بابان بوو. بە هیمەت و هەوڵ و بەدواداچوونی ئەو پیاوە لەگەڵ ئیدارەی مەحلی سلێمانیدا، ئەو پرۆژە گەورەیە تەواو بوو. دیسانەوە سوپاس بۆ هەمووان.

٣٧ تەها بابان، پارێزەر لە دواییدا دادوەر لە دادگای هەرە بەرزی عێراق و کتێبەکەی لەناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٥دا بڵاو کرایەوە و چەندەها کتێبی چاپکراوی کەی هەیە کە هەموو شایانی بەرزپیادارواتین.

٣٨ مەحموود پاشا کوڕە گەورەی ئەورەحمان پاشای بابانە. مێژووی ژیان و حوکمی لەم کتێبەدا ڕوون کراوەتەوە

هەر لەوێدا تەها بابان ئەڵێت، "بۆئەوەی بە چاک لە مەحمود پاشای بابان بگەین ئەبێت لە پێشدا لە مستەر ڕیچ خۆی بگەین، نزیکەی ٤٩ لاپەڕەی بۆ ڕیچ و وەرگێڕەکانی یاداشتنامەکە، دوای ئەوە ناوی مەحموود پاشا لە هەر شوێنێکی یاداشتنامەکەدا هاتبێت، نووسەر ئاماژەی بۆ کردووە تێبینی و ڕوونکردنەوەی پێشان داوە و بە پاشکۆی ٢٥ لاپەڕەیی کۆتایی بە نووسینەکەی هێناوە و دەستەکانی خۆش.

زانستە و پۆلێنبەندی لە ڕۆژگاری بابانەکاندا

یەکەم: زانیاریی گشتی

سەرەتا، بابانەکان لەگەڵ ئەو هەموو ناڕەحەتی و گرژی و شەڕوشۆڕەی ڕۆژبەڕۆژ و لەشکرکێشییەی بۆ سەر وڵاتەکەیان لەلایەن ئێران و بەتایبەتی عوسمانییەکانەوە. کە بەردەوامبوون ئەبووەوە کە عوسمانییەکان ئەبوایە مشووری دابینکردنی ئارامی و دڵنیایی وڵاتی بابانیان بخواردایە و بیانپاراستایە چونکە وڵاتی بابان لەو ڕۆژەدا بەشێک بوو لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، هەر هیچ نەبێت لە ڕووی ئیداریيەوە و بەرگرییان لێ بکردایە و دژی لەشکرکێشیی ئێران بوونایە بۆ سەریان، کەچی بە پێچەوانەوە، عوسمانی خۆی بە تایبەتی والییەکانی بەغداد کە ئەوان لێپرسراوی ناوچەی بابان بوون لە ڕووی ئیداری و ئەمنییەوە عوسمانییەکان و والییەکانیان هەموو ڕۆژێک کێشە و گرفتیان بۆ دروست ئەکردن، بە جۆرێک ئەگەر ماوەیەک وڵاتی بابان ئارام بوایە والییەکان خۆیان بەوە ناڕەحەت ئەبوون، شەڕیان پێ ئەفرۆشتن، بەگوێرەی ئەو بەرنامەیەی کە پەیڕەوی بوون، بەو بڕوابۆگەنەی گوایە ئەگەر ئەمڕۆ وڵاتی بابان ئارام بێت، سبەینێ یاخی ئەبن و لێیان هەڵئەگەڕێنەوە و جیا ئەبنەوە، هەر لەم ڕێگا چەوتەوە کە عەجەمەکانیش گوزەریان پیا ئەکرد، ئەوانیش ئەگەر ڕۆژێک دەستیان نەوەشاندایە و گێچەڵێکیان نەخوڵقاندایە. لێکدانەوەکەیان بەو جۆرە ئاراستە ئەکرد، کە کوردەکان بە هیچیان نازانن، بۆیە ئەبێت هەرچۆنێک بێت هەرایەکیان بۆ دروست بکەن، بۆ ئەوەی شتێکیان لێ بپچڕن، ئەم قسانە هەموو لەم کتێبەدا ئەکەوێتە بەرچاو،

بێگومان بڵاوبوونەوەی زانیاری و ڕۆشنبیریش لە کەشوهەوایەکی سازگار و بێتەمومژ و بێتەپوتۆزدا زیاتر جێگیر ئەبێت و هەڵئەدات و تەشەنە ئەکات ئەوسا چەسپ ئەبێت.

دە لەگەڵ ئەمانەشدا هەمووی، بابانەکان هەر لە سەرەتاوە، دەستیان داوەتە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری لەناو گەلەکەیاندا. دەستپێکردنەکەشیان لە ڕێگای ئایینییەوە زیاتر سەری هەڵدا بە بڕوای خۆیان و بڕوای هاونیشتیمانەکانیش کە ئەمە ڕێگای ڕاستی دین و دنیایە بەڵکو ڕێگایەکی

هەرە ئاسانترە.

بۆیە هەر لەسەر ئەو بنج و بڕوایە، یەکەم هەنگاویان بەرەو دروستکردنی مزگەوت و مەدرەسە و حوجرەی فەقێیان و خزمەتی مەلا و فەقێ و سوختە و خوێندەوارپێگەیاندن بوو.

ئەم قسانەشمان بە نووسینەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانەدا زیاتر دەر ئەکەوێت کە پشتگیرییمان ئەکەن لەوانەی وتومانن، کە وا پێشکەشتان ئەکەین، بفەرموون بۆ ئەو سەرچاوانە:

مامۆستا مەحمود محەمەد لە بەرگی یەکەمی فهرس مخطوطات مكتبة الأوقاف المركزية في السليمانية مكتبة البابانيين مطبعة بغداد ١٩٨٢: ئەفەرموێت، "چۆنییەتی ڕۆشنبیری و خوێندنی ئەو سەردەمە و ژیاننامە و بایۆگرافیی ئەو مرۆڤانەی لەم بارەوە کردووە، لە کولەکەی تەڕیشدا ناویان نەهاتووە، بەڵام شتێکی ئاشکرایە کە میرەکانی بابان وەکو هەموو کوردەکانی دی هەر لە سەرەتای پەیدا بوونیانەوە، لەگەڵ ئەو هەموو شەڕ و ئاژاوەیەی لە قەڵەمڕەوەکەیاندا بووە، زۆر هەوڵیان داوە پێویستییەکانی بڵاوکردنەوەی زانست و ڕۆشنبیری دابین بکەن. هەمیشە ڕێزیان لە زانا و مەلاکانی قەڵەمڕەوی خۆیان گرتووە و فێرگە و مزگەوت و مەدرەسەیان بۆ کردوونەتەوە و مووچە و بەروبوومیان بۆ خۆیان و قوتابیشیان بڕیوەتەوە، پێداویستیی ژیانیان بۆ دابین کردوون، بۆ چەسپاندنی زانست و ڕۆشنبیری لە زۆر لەو فێرگانەیاندا کتێبخانەیان بۆ کردوونەتەوە و وەقفیان کردوون لەسەر ئەو خوێندنگایانە چینبەچین و جیل لە دوای جیل ئەم ڕەوشتە بەرچاو گیراوە و پەیڕەوی کراوە، ڕۆژبەڕۆژیش پەرەی پێ دراوە، بۆیە هەر لە قەڵەمڕەوی بابانداً لە ماوەیەکی کەمدا و ناوچەیەکی تەسک و تروسکدا چەند مەلای زانا و ڕۆشنبیری وەک مەلا حەیدەری موکەبەیی و مەلا موساکانی ماوەت و ئالان و مەلا محەمەدی ئیبن الحاج هەزار مێردی و مەلا عەبدوڵڵای بێتوشی و شێخ حەسەنی گڵە زەردەیی و شێخ مارفی نۆدێ و شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی و موفتی زەهاوی و مەلا خدری نالی و سەدان زانا و ڕۆشنبیر و ئەدەبدۆست و دانەر و بیرتیژ، کە بە ئاسمانی ئەدەبەوە وەکو ئەستێرەی گەلاوێژ دەدرەوشانەوە سەریان هەڵداوە و لە حوجرە شرۆکە و کۆلانەکاندا، لەبەر ڕووناکی قوتیلە و چرای بێشەوق و دووکەڵاویدا خەریکی بیرکردنەوەی فەلسەفی و لێکۆڵینەوەی ئاسمانشوناسی و ڕیازیات و نەحوو سەرف و چەندەها زانستی جۆراوجۆری تر بوون.

هەر بە فەرمووەی مەلا مەحمود بەگوێرەی هەندێک ڕستە و ووتەی مێژوویی کە لە کۆتایی بڕێک کتێبی دەستنووسدا تۆمار کراون جێگای متمانەشن لەگەڵا هێندێک قسەوباسی سەر زمانیش یارمەتی دەرمانن وا دەردەکەوێت کە یەکەم فێرگەیەک میرە بابانییەکان بوونیادنان نابێت فێرگەی شارە بچکۆلەکەی مەرگە بووە. چونکە لە سەردەمی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەدا ئەم مەرگەیە، یەکەم مەڵبەندی میرنشینەکە بووە. لێرەوە دامەزراوە، ئەم فەقێ ئەحمەدە بۆ خۆشی هەر پەروەردەی فێرگە و مەدرەسەی دینی بووە، مرۆڤێکی ڕوناکبیر و تێگەیشتوو بووە، لەبەر ئەوە زۆر گرنگی داوە بە بڵاوبوونەوەی خوێندن و ڕۆشنبیری لە قەڵەمڕەوەکەیدا. کاتێکیش کە فەقێ ئەحمەد لە دەوروبەری ساڵی ١٦٥٩ کۆچی دوایی کردووە، بابا سلێمانی کوڕی

بووەتە جێنشین و کاربەدەست و دەزگای میرنشینەکەی گواستۆتەوە بۆ گوندی دارەشمانە، لێرەدا مامۆستا ئەحمەد محەمەد دەروێش قەندۆلی ئەفەرموێت، "لە ڕاستیدا مەدرەسە و فێرگەی مەرگە، مەدرەسە و فێرگەی میر حەمزەی بابان لە قەڵای مەریوان هەبووە، کە میر حەمزە مزگەوتی سوور و مەدرەسەی تێدا دروست کردووە و مەلا ئیبراهیمی کابلی دەرسی تێدا وتۆتەوە. دوای ئەویش بە عەیامێکی زۆر مەلا ئەبوبەکری مصنف ١٨سال دەرسی تێدا وتۆتەوە. مەدرەسەی بالاتە کە مەدرەسەی بەڵاتە و لە گوندی گەناو بووە و مەدرەسەیەکی مەشهور و بەناوبانگ بووە. شێخولئیسلام زەینەدینی بەڵاتی، مەولانا مەلا غەزایی گەورە، مەلا مەحمودی خوا هەرزاد لە مامۆستاکانی ئەو مەدرەسەیە بوون. لە هەمان کاتیشدا لەبەر چەند هۆیەکی سیاسی و سوپایی و ڕامیاری لقێکی میرنشینەکەی هێنابۆوە ماوەت ئەم فێرگەی مەرگەیە هەر بە ئاوەدانی ماوەتەوە تا ساڵی ١٠٨٩ک/ ١٦٧٨ز ئیبراهیمی کوڕی مەولانا ئەحمەدی ئالانی، کە زانایەکی بەناوبانگی سەردەمی خۆی بووە لەو خوێندنگەیەدا خەریکی خوێندن و زانست و لێکۆڵینەوە بووە لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوتەمەنەکانی چاخی خۆیدا. بەڵکو ئەم مەدرەسەیە هەر بەردەوام بووە.

ئەوەتا لە ساڵی ١١٩٥ی کۆچیدا ١٧٨٠-١٧٨١ز مەلا عومەرێک لەوێ مودەریس بووە، کە عالمێکی بەناوبانگ بووە، تەنانەت مەدرەسەکەش پێی وتراوە مەدرەسەی مەلا عومەر و کۆمەڵێک فەقێی هەبووە، لە دەوروبەری ساڵانی ١٠٧٠-١٠٧٥/ ١٦٥٩-١٦٦٤ز دا کە ماوەت بەیەکجاری بووەتە مەڵبەندی میرنشینی بابان، ئەم شارە خوێندنگایەکی تێدا بووە، دەورێکی گرنگی بینیوە لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و زانستدا، بەگوێرەی بڕێک ڕستە و وشەی مێژوویی کە لە کۆتاییی کتێبە دەستنووسەکاندا بەدی دەکرێت ئەم خوێندنگایە زۆر ئاوەدان بووە، مەلا موسای ماوەتی کە نازناوی علامە الزمان بووە، مودەریسی ئەم مەدرەسەیە بووە هەتا ساڵی ١٠٩٤ک/ ١٦٨٢-١٦٨٣ بەڵام لەوەودوا، ڕووناکییەکی مێژوویی دەربارەی ئەم مەدرەسەیە دەست ناکەوێت. هەر لەو سەردەمەدا لە دێی مەرۆێ لە هەرێمی ئالان و نزیک ماوەت فێرگەیەکی فرە مەزن و ئاوەدانی لێ هەبووە، کۆمەڵێک مودەریسی یەکبەدوایەکدا تێدا بوون، وەک مەلا موسای ئالانی و مەولانا ئەحمەدی ئالانی و مەلا برایمی کوڕی مەولانا ئەحمەد. مەدرەسەی بێتووش و گەناویش لەگەڵ مەدرەسەی بەڵاتا وەکو دەڵێن شوێنی فێربوون و زانستی ئەو ڕۆژگارە بوون. لە هەمان کاتدا خوێندنگاکانی گوندی کەنارو و ڕەشەکانی و شابادین و باڵخ و مۆکەبە و گەڵاڵەی شینکایەتی و سەرگەڵو و قزلەر و زیویە و تەڕەمار و قەرەداغ و تەکیە و خاوێ و بیارە و تەوێڵە و جێشانە و دەیەها گوند و ئاوایی تریش لە بڕەودا بوون، هەر وەکو چۆن مەدرەسەی خورماڵ و بەرزنجەش دوو مەڵبەندی ڕۆشنبیری ئەو ڕۆژگارە بوون، هەمیشە جمەیان هاتووە لە مەلا و فەقێ، دوای ئەوە لە باسی مەدرەسەکانی قەڵاچوالاندا مەلا مەحمود ئەفەرموێت، "قەڵاچوالانیش لە ساڵی ١٠٨٠ک/ ١٦٦٩ز دەسەڵاتی میری بابان زیاتر پەرەی سەند و شێوەی سەربەخۆیی وەر گرت، لە سەردەمی سلێمان بەبەدا باری ڕۆشنبیری و زانست زۆر لە گەشە و

پێشکەوتندا بوو، هەر لە ڕۆژگاری ئەمدا قوتابخانەکانی قەڵاچوالان، سەریان هەڵداوە و گەشەیان کردووە، بۆ هەر یەکێک لە مەدرەسەکانی مەلا و مودەریسی بۆ داناون، کتێبخانەبەنرخەکەشی بەرەو پێشکەوتن چووە و بە کتێبی نایاب و بەقیمەت دەوڵەمەند کراوە. دوای ئەو میرەش تەیمورخانی برای کە پیاوێکی هێندی و لەسەرخۆ بوو لە ماوەی فەرمانڕەواییەکەیدا بەهێمنی ئیشوکاری بردووە بەڕێوە. دوای ئەویش بەکر بەگ واتە بەکرە سوور هات کە ماوەی حوکمی ئەو یەکێکە لە ماوە هەرەخۆشەکانی مێژووی بابان. هەر لەم ڕۆژگارەدا لە قەڵاچوالان چەند مودەریسێکی بەناوبانگ هەبوون لەمانە: مەلا موحەمەدی غەزایی و مەلا جامی چۆڕێ و شێخ محەمەد وەسیمی گەورە کە شێخ حەسەنی گڵەزەردە یەکێکە لە قوتابیانی."

لە سەردەمی خانە پاشای کوڕی تەیمور خانی بابانیشدا هەرچەندە باری وڵات زۆر تەواو نەبوو لەبەر شەڕپێفرۆشتن بەڵام باری ڕۆشنبیری هەر لە برەودا بووە.

هەر بەم جۆرە مامۆستا مەحمود ئەڵێت،

بە ڕاستی چەرخی زێڕین و پێشکەوتوو بۆ ڕۆشنبیریی و زانست سەردەمی سلێمان پاشای گەورە بوو، کە بە سلێمان پاشای مقتول بەناوبانگە کە لە دەوروبەری ساڵی ١١٦٤ک/ ١٧٥٠-١٧٥١ز بۆتە فەرمانڕەوای بابان. لە سەردەمی ئەمدا قەڵەمڕەوی بابان زۆر پەرەی سەندووە، لە ڕێگای زانست و خزمەتی زانایاندا زۆر هەوڵی داوە. مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ دەڵێت لەو وەسیقە وەقفییەی کە لای عەزمی بەگی بابان دیویەتی و مۆری سلێمان پاشای مقتولی پێوە بووە، ساڵی ١١٧٤ک/١٧٦٠ز نووسراو بووەوە، کە تیایدا، بەشێک لەو مولکومال و سامانەی تێدا تۆمار کراوە کە پاشا وەقفی کردبوو بۆ فێرگە و پێداویستی فەقێ و زانایانی ئەو سەردەمە کە تەرجەمەی وەسیقەکە بەم جۆرەیە ئەوا هەموو زەویوزار و باغ و بێستان، ئاسیاو و کاروانسەرا و جۆگا و دوکان، ئەوانە کە کڕیومن یان ئاوەدانم کردوونەوە یان پێکم هێناون لە شارەزوور و دەوروبەری، لە کۆیسنجاق و ئەملاولای، لە هەولێر و قەرەداغ و کەرکوک و هێندێک شوێنی مەریوان و دێهاتی. ئەمانە هەموو وەقف کرد لەسەر خوێندنگاکانی قەڵاچوالان و مامۆستاو قوتابییەکانی، مزگەوت و ئەو هەتیوانەی دەرس دەخوێنن لە قەڵاچوالان، ئەو زانا و ڕۆشنبیرانەی خەریکی وەرگێڕانی علوم و زانستن، هەروەها بەشێکی ئەم وەقفە بۆ خوێندنگای خورمال و مامۆستا و قوتابییانی، بۆ خوێندگای شاری کۆیە و مامۆستا و قوتابییانی، بۆ مەدرەسەی هەولێر و مامۆستایانی، بۆ ئەو دوو مەدرەسەیەی لە کەرکوک دروستم کردوون.

مامۆستای خاڵ ئەفەرموێت، ئەم وەسیقەیە کە بەعەرەبی نووسراوە، مۆر و ئیمزای زۆر لە زانایانی بەناوبانگی قەڵەمڕەوی بابانی ئەو ڕۆژگارەی لەسەرە، وەک شێخ محەمەد وەسیمی گەورە، مەلا ئیسماعیل، مەلا حسێن بیارەیی. مەلا عەبدولقادر و شێخ عەلی و شێخ عەبدول لەتیف کە ئەمانە هەموو مەلا و مامۆستا و مودەریسی فێرگەکانی قەڵاچوالان بوون. هەروەها مەلامحەمەدی ئیبن الحاج و مەلا جەلالی خورمالی و قازی عەبدولکەریمی تەڕەماری و مەلا محەمەدی گلولانی و مەلا حەسەنی قازی سورداش و مەلا محەمەدی مەلا یەعقوب و مەلا

محەمەدی شلێری و مەلا ئەحمەدی مودەریسی هەرمن و شێخ ئەحمەدی عەودالانی و شێخ عەبدولسەلام و شێخ عەبدولسەمیع تەختی و عەبدولکەریمی سەقزی و عەبدولقادری هەولێری و مەلا حوسەینی ڕەشەکانی... کە هەموو مودەریس و زانا و ڕۆشنبیری قەڵەمڕەوی بابان بوون.

ئەم وەسیقەیە چەند لایەنێکی زانست و ئەدەب و سەقافەتی ئەو ڕۆژگارە پڕ شانازییەمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە و پەنجە دەخاتە سەر چەند شوێنێک کە لەو ڕۆژگارەدا مەڵبەندی زانین و خوێندن بوون، هەروەها جامیی چۆڕی و مەلا محەمەدی غەزایی بەڵکو هەر یەکێک لەمانە لە ڕۆژگاری خۆیدا سەرۆکی کۆمەڵێک مودەریس بوون. لە ئاخری و ئۆخری سەدەی دوازدەهەمی کۆچیدا لەگەڵ گواستنەوەی قەڵاچوالاندا گوێزرایەوە بۆ مزگەوتی گەورەی ئێستا لە سلێمانی.

کتێبخانە بەناوبانگەکەی بابانیش هەر لەوێ جێیی بۆ دیاری کرا. یەکەم مامۆستا کە لەم مەدرەسەیەدا لە سلێمانی دەرسی وتۆتەوە زانای بەناوبانگ شێخ مارفی نۆدێ بووە، کە بوو بە سەرۆکی مامۆستاکانیش و ئەمیندارێتی کتێبخانەکەشی پێ سپێردراوە. تا ئەم زاتە بوو، قوتابخانەکە و نامەخانەکە هەردووکیان لە گەشانەوەدا بوون، چونکە میرەکانی بابان بە هەموو هێز و توانایانەوە چاودێری خوێندنگاکە و کتێبخانەکەیان دەکرد، لە هەر شوێنێک بیان بیستایە کتێبێکی نایاب هەیە ئەوان چەرچی و پیاوی خۆیان بۆ ئەنارد، ئەوانە ئەگەیشتنە بەغداد موسڵ و وان و ئەستەمبوڵ و مەککە و مەدینە و قاهیرە و دیاربەکر و یەمەن، سەدەها زەرکەفتی نایاب و بێوێنەیان ڕاگوێز کردووە و خستوویانەتە پاڵ کتێبخانەکەیانەوە، بەتایبەتی ئەوەی مزگەوتی گەورە کە لە نێوانی سالەکانی ١٢٠٠-١٣٣٧ک/١٧٨٥-١٨٢٢ز دا بە جۆرێک پەرەی سەند و گەشەدار بوو، کە ژمارەی قوتابییە پلە بەرزەکانی خوێندن تێدا گەیشتنە ٧٠ حەفتا قوتابی یان زیاتر، ئەوە جگە لە قوتابی سەرەتایی، باشترین بەڵگە بۆ ئەم ڕاستییە نامەکەی شێخ مارفی نۆدێ خۆیەتی کە بۆ والیی بەغدادی نووسیووە[٣٩] بە بۆنەی داگیرکردنی خاکی کوردستان و هەرێمی سلێمانی لەلایەن ئێرانییەکانەوە و وێرانکردنی، کە ئەمە هەندێک ڕستەیەتی، "لەو کاتەوە پاشای عەجەم دەستی گرتووە بەسەر ئەم وڵاتەدا، کاروباری دنیایی و ئایینی تێکچووە هیچ شتێک وەک خۆی نەماوە، دانیشتوانی لادێ دەربەدەر کراون، دێهات هەموو وێران کراون لەجیاتیی فێرگەکان کە لەوەوپێش پڕ بوون لە مەلا و فەقێ ئەمڕۆ هەموویان چۆڵ و وێرانن، لە خوێندنگای ئێمەدا ٧٠ قوتابی زیاتر هەبوو لەوانەی لە پلەی بەرزی خوێندندا بوون بەڵام ئەمڕۆ لە مەدرەسەکەماندا کەمتر لە ١٠ دە قوتابی هەیە." هەروەها مامۆستا مەلا مەحمود بەردەوامە لەسەر قسەکانی و ئەڵێت، "بە هەرحاڵ ئەم خوێندنگایە لە ژیانی شێخ مارفدا هەر هەوڵی گەشەپێدانی و نەشونمای دراوە، بەڵام بەداخەوە دوای وەفاتی شێخ لە ساڵی ١٢٥٤ک/١٨٣٧ز دا لەلایەکەوە و ڕووخاندنی میرنشینەکەی بابان تەفروتوونا بووە زۆر لە کتێب و دەستنووسەکانی پەرتوبڵاو بوونەوە، هەرچەندە کاک ئەحمەدی شێخ توانی دوای ماوەیەک ئەم مەدرەسەیە ڕێکوپێک بکاتەوە و کتێبخانەکەش بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە، بەڵام دوای کۆچی ئەویش لە

٣٩ لە کتێبەکەی شێخ محەمەدی خاڵ الشیخ معروف النودهی البرزنجی وەر گرتووە.

ساڵی ١٣٠٥ک١٨٨٨ز دووبارە ئەم خوێندنگا و کتێبخانەیە وێرانی و چۆڵی ڕووی تێ کردنەوە. ئەم جارەش زۆر لە کتێبە دەستخەتەکانی بران. دوای کاک ئەحمەد مەلا ئەورەحمانی پێنجوێنی بۆتە مودەریسی ئەم قوتابخانەیە، ئەمیش هەوڵی داوە بەرەو پێشی بەرێت، بەڵام دوای ماوەیەک بەجێی هێشتووە و چۆتەوە بۆ پێنجوێن. ئیتر ئەم جارە دەستی ناپاک بۆ کتێبخانەکە درێژ کرایەوە، لەلایەکی تریشەوە نەوە و خزمەکانی کاک ئەحمەدی شێخ ئەم کتێبخانەیان بەسەر خۆیاندا دابەش کرد، هەر کتێبێک بەرگ و دیمەنی جوان بوو بردیانەوە بۆ خۆیان بۆ ئەوەی بیانپارێزن لە دزی و دەستدرێژین لەلایەکی تریشەوە بۆ خۆهەڵنانەوە و ڕازاندنەوەی ماڵەکانیان بەم کتێبخانە. کۆمەڵێکیش لەم کتێبانە هەر لە مزگەوتی گەورە مانەوە. دوای حوکمی شێخ مەحموودی نەمریش کە ئینگلیز هاتنە سلێمانی و شێخ شاری بەجێ هێشت، ئەو کەسانەی کە لەگەڵ شێخدا ڕۆیشتن ماڵەکانیان تاڵان کران و کەلوپەل و کتێبەکانیان کە هەڵیانگرتبوو هێنرانە دەرێ و لەبەر دەرگای مزگەوتی گەورە خڕ کرانەوە ئاگریان تێبەر درا. ئەو کتێبانەی لە مزگەوتی گەورەش مابوونەوە، فڕێ درابوونە حوجرەیەکی وێرانەوە، بێخزمەت مانەوە تا خوا شێخ محەمەدی خاڵی بۆ ڕەخساندن ڕزگاری کردن و لە دواییدا ئیستا گەیشتوونەتە کتێبخانەکەی ئەوقاف[٤٠]" ئینجا مامۆستا مەحموود باسی خوێندنگای مزگەوتەکانی تر ئەکات، ئەفەرموێت،

•خوێندنگای مزگەوتی ئەورەحمان پاشا

خوێندنگای ئەورەحمان پاشا، لە دواییدا پێی گوتراوە مەدرەسەی شێخ ئەبوبەکر دوای ئەویش بە مەدرەسەی مزگەوتی بابا عەلی ناسراوە.

ئەم فێرگەیە لە گەڕەکی گۆیژە ئەورەحمان پاشای بابان دروستی کردووە. بۆ ماوەیەکی زۆر مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری و زانستی پێشکەوتوو بووە. یەکەم مامۆستا دەرسی تیادا گوتۆتەوە، زانای بەناوبانگی چاخی خۆی عەبدولکەریمی بەرزنجەیی بووە. لەم مەدرەسەیەدا چەندەها عالم و ڕۆشنبیر و شاعیر و ئەدەبدۆست پێگەیشتوون وەک مەولانا برایمی بیارەیی کە زانایەکی بەناوبانگی ئەو سەردەمە بووە، هەروەها شێخ عەلی بەرزنجەیی و مەولانا خالیدی نەقشبەندی و چەندەها زانای تریش. دوای یەکەم مامۆستا، مەولانا خالید بۆتە مودەریسی، لە هەموو لایەکەوە فەقێی زیرەک و تێگەیشتووی لێ کۆ بۆتەوە. دوای ئەمیش موفتی زەهاوی محەمەد فەیزی بۆتە مودەریس، دوای ئەویش شێخ ئەورەحمانی کوڕی شێخ ئەبوبەکر کە لەم دواییەدا مزگەوتەکەی بە ناوەوە ناو نرا، دوای ئەم زانایە، مامۆستای پایەبەرز و قسەخۆش شێخ بابە عەلی قەرەداغی بۆتە مودەریسی ئەم خوێندنگایە، هەمیشە کۆمەڵێک فەقێ و زانا و ڕۆشنبیری تێدا بووە، لەمانە:

---

٤٠ لە ڕاستیدا لەم کاتەشدا مامۆستا مەلا مەحموود محەمەد ئەحمەد کە بەڕێوەبەری کتێبخانەی ئەوقاف بوو. کتێبێکی چاپکراوی چەند بەرگەی لەم بابەتەوە داناوە، وەک هەر لەم کتێبەدا ناماژەمان بۆ کردووە.

مامۆستا شێخ ڕەسوولّی بیدن و شێخ عەولکەریمی خانەشۆری و شێخ ڕەسوڵی تەکیە، ئەمانە هەموو قوتابی و لە دەرچووانی ئەم خوێندگایە بوون.

• خوێندنگای خانەقای مەولانا خالیدی نەقشبەندی

ئەم خوێندنگایە مەحمود پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشا لە دەوروبەری ساڵی ١٢٣٣ک/١٨١٧ز بۆ مەولانا خالیدی نەقشبەندی دروست کرد، زۆریشی مولّکومال و دێهاتی لەسەر وەقف کرد تاکو پێداویستیی مامۆستاکان و قوتابییەکانی پێ دابین بکرێت. ئەم فێرگەیە بە جۆرێک فراوان بوو، پەرەی سەند، لەو ڕۆژگارەدا بە یەکێک لە مەڵبەندە گرنگەکانی ڕۆشنبیری و خوداناسیی جیهانیی ئەو سەردەمە دانراوە. لە هەموو لایەکەوە خەڵک ڕووی تێ کردووە، تەنانەت لە مەککە و مەدینە و قودس و شام و حەڵەب و شەمدینان و ماردین و عینتاب و ئورفە و دیاربەکر و وڵاتی ڕۆم و هێندو ئەفغان و داغستان و ماوراء النهر و میسر و عومان و شارەکانی عێراق بە کورد و عەرەبیەوە، لە وڵاتی ڕۆژئاواشەوە خەڵک دەستەدەستە و پۆلپۆل بە مەلا و ڕۆشنبیریەوە بە خوێندەوار و غەیری ئەوانەوە، ڕوویان لەم مالّبەندە کردووە، دوای مەولانا خالید، شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی بۆ ماوەی پێنج ساڵ بووەتە مودەریسی ئەم فێرگەیە. ئیتر ئەم شوێنە هەر وا بە ئاوەدانی ماوەتەوە، ڕۆژبەڕۆژ لەبرەو و نەشونمادا بووە، هەمیشە جموجوولّی فەقێ و خوێندەوارانی تێدا بەدی کراوە، تەنانەت ژووری تایبەتیشی تێدا بووە، بۆ بڕێک زانایانی لێهاتووی وەکو نالی، تا ئەستێرەی گەشی بابان درەوشاوەتەوە، ئەم فێرگەیەش هەر ئاوا و ئاوەدان بووە. ئەوەتا نالی لە نامە بەناوبانگەکەیدا ئەڵێت، "سەیرێکی خۆش لە چیمەنی ناو خانەقا بکە ئایا ڕەبیعی ئاهووە یا چایری ستور؟"

مەبەستی لەوەیە ئایا خانەقا وەکو پێشوو جێگەی مەلا و خوێندەوار و ڕۆشنبیر و خواناسی ڕاستییە؟ یان پڕ بووە لە کەسانی نەفام و تێنەگەیشتوو لە ڕاستی بەدوور؟

• خوێندنگای مزگەوتی سەید حەسەن

ئەم خوێندنگایە و مزگەوتەکەش ئەوڕەحمان پاشای بابان لەبەینی ١٧٨٩- ١٨١٣ دروستی کردووە. ماوەیەکیش هەردووکیان بە ناوی خۆیەوە بوون، یەکەم کەسیش هەر خۆی بووە، کە دەرسی تێدا وتۆتەوە. بۆ دابینکردنی خەرجی و پێداویستی ئەم فێرگەیە، زەویوزاری کانی مسلم و کانی دۆمانی لەسەر وەقف کردووە، هەروەها چل دوکانیشی لە ناوجەرگەی بازاڕی سولەیمانیدا لەسەر تاپۆ کردووە، چوار خانووشی لەپەنا ئەم مەدرەسەیەدا بوونیادناوە بۆ مودەریس و مەلا و مجەور و بانگبێژ، مەدرەسەکەش شەش غورفە بووە، چوار ژووریان بۆ فەقێ و قوتابیەکانی تەرخان کرابوون. دواییش وتنەوەی ئێرە خراوەتە ئەستۆی زانای بەناوبانگ مەلا عەبدوڵڵای ڕەش، کە یەکێک بووە لە زانا و قسەڕۆیشتووەکانی ئەو ڕۆژگارە و میرەکانی بابان گوێڕایەڵی بوون و بێ قسەییان نەکردووە. لە سەردەمی ئەمدا، ئەم فێرگەیە دەیەها

قوتابی تێدا خرێنەوە هەریەکەیان چرایەکی ڕۆشنبیریی گەشەدار بووە.

مەلا خدری نالی یەکێک بووە لە قوتابیەکانی ئەم مەدرەسەیە. شایانی باسە، کاتێک بینای ئەم مەدرەسەیە ڕووخێنرا، لە کون و کەلێنەکانیدا چەند پارچە شیعری نالی دۆزراوەتەوە کە هەموو بە خەتی خۆی بوون. دوای مەلا عەبدوڵڵا، شێخ مستەفای موفتی کوڕی شێخ عەلی بابا ڕەسوڵی بەرزنجەیی بۆتە مودەریس، دوای ئەویش حاجی سەید حەسەن، دوای ئەمیش شێخ ئەحمەدی بەرزنجەیی و ئەم جارە مەلا مستەفای کوردی و دواییش مامۆستا مەلا محەمەدی کوڕی، بۆ ماوەی دوانزە ساڵ دەرسبێژی ئەم فێرگەیە بووە.

• خوێندنگای مزگەوتی موفتی لە سلێمانی

ئەم خوێندنگایە مەڵبەندێکی دیکەی ڕۆشنبیریی سلێمانی ڕۆژگاری بابان بووە، بەڵکو نیمچە زانکۆیەکی گەشەدار و پڕ قوتابی و زانا بووە، هەمیشە لە مەلا و فەقێ و ڕۆشنبیر و شاعیر و ئەدەبدۆست جمەی هاتووە، بەتایبەتی کە خانەوادەیەکی وەکو بنەماڵەی موفتی لە سلێمانی بۆ ماوەی چەند سەدەیەک پشتاوپشت نەیانهێشتووە مەشخەڵی چرای ئەم مەڵبەندە کز ببێت، چونکە هەر لە مەلا محەمەدی پیر حەسەنییەوە کە باپیرە گەورەی ئەم بنەماڵەیە، ئەم چرای زانستییە ڕووناکی بە زۆر شوێنی هەرێمی بابان داوە. دوای ئەویش کوڕەکەی مەلا ئەحمەدی پیر حەسەنی لەمیشەوە بۆ مەلا مەحموودی کوڕی، ئەم جار مەلا ئەحمەدی دووەم، کە بە موفتی چاومار ناسراوە، ئەمانە هەر یەکێکیان لە ڕاستی خۆیانەوە ئەم چرای زانیاریەیان زیاتر خۆش کردووە، بەتایبەتی لە سەردەمی ئەم موفتی چاومارەدا، مەدرەسەکە بەتەواوەتی گەشەی کردووە، دەیەها قوتابی وەکو مەلا ئەورەحمانی پێنجوێنی و مەلا محەمەدی زەهاوی مفتی گەورە کە بەناوبانگە بە محەمەد فەیزی تێدا خڕ بوونەتەوە.

دوای وەفاتی شێخ مارفی نۆدێ ساڵی ١٨٣٨ک/ ١٨٣٩ز، ئەم مەلا ئەحمەدی چاومارە کراوەتە سەرۆکی مودەڕیسەکانی بابان ولێپرسراوی کاروباریان، بەم کارە ئەوەندەی تر ئەم خوێندنگایە بایەخی پێ دراوە.

دوای وەفاتی چاومار ساڵی ١٢٨٨ک/١٨٧١ز، ئەم ئەرکانە خراونەتە ئەستۆی مەلا محەمەد ئەمینی کوڕی کە ئەمیش چی پێویست بووە پێکی هێناوە، تا لە ساڵی ١٣١٥ک/١٨٩٧ز لەدنیا دەر چووە، ئەم جارە مەلا عەبدولعەزیزی موفتی ئەم کارە لەئەستۆ دەگرێت، لەبەر ئەوەی مەلا عەزیز زانایەکی پایەبەرز و ئەدیبێکی پرسۆز و پیاوێکی خۆشەویست بووە، بۆیە لەلایەن حکومەتی عوسمانییەوە چەند پلەوپایەیەکی بڵندی شایانی خۆی دراوەتێ، وەکو وەکیلی دایەرەی مەشیخەتی ئیسلامی و ئەندامی کۆڕی زانیاری دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها سەرۆکی ئەنجومەنی مەعاریف لە سلێمانی. ساڵی ١٩٤٧ مەلا مەحمودی بێخود ئەم کارەی لەئەستۆ گرتووە و بە مردنی بێخود لە ساڵی ١٣٧٥ک/١٩٥٥ز زانا و عالمی قوتابخانەی ئەم بنەماڵەیە کۆتاییان پێ

هاتووە و چرای ئەم خوێندنگایە کوژاوەتەوە[٤١].

ئەم بنەماڵە دێرینە، هەر لە کۆنەوە بە کۆششی بەردەوامی زاناکانیان و بە پاڵپشتی ئەو پلەوپێزەی کە میرەکانی بابان و پیاوماقوولانی کوردستان و لە دواییدا سوڵتانەکانی عوسمانی لێیان ناون، توانیویانە کتێبخانەیەکی قەشەنگ و ڕێکوپێک بۆ ئەم مەدرەسەیە پێکەوە بنێن، کە بۆتە دووەم کتێبخانەی سلێمانی، ڕۆژبەڕۆژ ئەم کتێبخانەیە پێش خراوە و دەوڵەمەند کراوە تا لە کۆتاییدا کتێبە دەستنووسەکانی گەیشتووەتە هەزاران کتێبی بەنرخ و بەها، تا ئینگلیز دەستی بەسەر ئەم وڵاتدا گرت و دانیشتووانی سلێمانی لێی ڕاپەڕین و ئینگلیز دەستی کرد بە بۆمبارانکردنی سلێمانی، یەکێک لە بۆمباکان ئەدات بە کتێبخانەکەدا هەمووی ئەسووتێنێت. بەداخەوە هیچ شتێکی وای ئەو کتێبانە ڕزگاریان نەبوو.

*خوێندنگای مەلکەندی

ئەم مەدرەسەیە زۆر لەپێش دروستکردنی شاری سلێمانییەوە هەبووە، چونکە لەو کاتەدا کە سلێمانی بوونیادنراوە، مەولانا برایم دەرسبێژی بووە، لە سەردەمی ئەحمەد پاشای بابانیشدا ١٨٣٩-١٨٣٧و١٨٥٠ مەلا ئەورەحمانی نۆتشە و دوای ئەویش مەلا ئەحمەدی کوڕی مودەڕیس بوون، ئەم دووانە یەک لە دوای یەک موفتی سولەیمانیش بوون، قوتابخانەکەش هەردەم پڕ بووە لە قوتابی و زانای ڕۆشنبیر و ئەدەبدۆست وەک سەید ئەحمەد فائیزی بەرزنجەیی، شایانی باسە ئەم مزگەوتە، مزگەوتی مەلکەندیی ئێستا نییە.

* خوێندنگای حاجی ئەحان

ئەم حاجی ئەحمەدە یەکێک بووە لە دەوڵەمەندەکانی قەڵاچوالان، هەر لەگەڵ گواستنەوەی شارەکە، ئەویش هاتۆتە سلێمانی و ئەم مزگەوتەی دروست کردووە، خوێندنگایەکیشی لەگەڵدا دروست کردووە، مولکومااڵێکی زۆریشی لەسەر وەقف کردووە، لە مامۆستا و دەرسبێژەکانی تەنها شێخ ڕەسووڵی پڵاوخۆر ناسراوە.

*خوێندنگای حاجی شێخ ئەمینی خاڵ

ئەم خوێندنگایەش لەگەڵ مزگەوتەکەدا هەر بابانەکان دروستیان کردووە، تەنانەت دوو کۆڵەکەی مزگەوتی قەڵاچوالانیشیان بۆ هێناوە.

یەکەم مامۆستا کە دەرسی تێدا گوتۆتەوە، شێخ ئیسماعیل بووە، کە باپیری حاجی شێخ ئەمینی خاڵە، هەر لە وەچەی شێخ ئیسماعیل تا ئەگاتە سەر شێخ محەمەدی خاڵ، ئەمانە هەموو

---

٤١ ئەتوانم بڵێم نەکوژاوەتەوە، کەمێک کزبووە. چونکە وەچە و کوڕ و کوڕەزاکانی موفتی گەورە عەبدولعەزیز لە عەبدولڕەحمان و مستەفا برای موفتی و حەمە کاکەی موفتی و کوڕەکانیان کەمال و خوالێخۆشبوو جەمال و هیوا و هۆگر و حەمەی موفتی و ئەحمەدی کوڕی. شیروان و عەزیز و شەمال کوڕانی ئەورەحمانی موفتی هەموو کەم و زۆر لە خزمەتی زانیاری و ڕۆشنبیری دان. (ج.ب).

یەکەیەکە دەرسیان تیدا وتۆتەوە. جگە لەم خوێندنگایانەی شاری سلێمانی و قەڵاچوالان هەروەها خوێندنگای بەرز و ناودار لە گوندی گەناو لە هەرێمی پشدەر و لە خورمال- گوڵعەنبەر و هەندێک شوێنی تر هەبوون، کە ئەوانیش مامۆستای زانا و بەناوبانگ دەرسیان تیدا گوتۆتەوە.

سەرەتای هەندێک زانیاری لە بابەت کتێبخانەی بابانەکان، بناغەکەی بەتەواوەتی نەزانراوە کێ داینـاوە؟

بەڵام ناوی کتێبەکان و نووسەریان و درێژەی زانیاری لە بابەت هەر کتێبێکەوە لە چەند بەرگێکدا هەیە بەناوی فهرس مخطوطات مکتبه الاوقاف المرکزیه فی السلیمانیه کە مامۆستا مەلا مەحمود ئەحمەد محەمەد کە کاتی خۆی بەڕێوەبەری ئەو کتێبخانەیە بوو لە سلێمانی بەم جۆرە باسیان ئەکات، "ژمارەی کتێبەکان گەیشتبووە شەش هەزار بەرگ لە کاتێکدا کە لە قەڵاچوالانەوە گوێزرایەوە سلێمانی لە مزگەوتی گەورە لە شوێنێکی تایبەتی پارێزراودا بوو. حاجی شێخ مارفی نۆدێ سەرپەرشتی ئەکرد. دوای ئەو حاجی کاک ئەحمەدی کوڕی."

بابانەکان پارەیەک و خەرجییەکی زۆریان ئەخستە قەبەڵی هەر کتێبێک کە بیانزانیایە یان بیانبیستایە کە ئەو کتێبە سوودی زانیاری و ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هەیە لە هەر کوێ و هەر شار و ولاتێک بووایە، پیاویان ئەنارد بۆ کڕینی. ئەگەر ژمارەی زیادەی نەبووایە بۆ فرۆشتن خەتخۆشیان ئەنارد لە بەری بنووسێتەوە چونکە ئەو ڕۆژگارە جهازی استنساخ و کۆمپیوتەر وەک ئێستا نەبوو، خەرجیی ڕۆیشتن و هاتنەوە و مانەوە و مەسرەفی مال و منداڵی ئەو خەتخۆشە لە عۆدەی میرانی بابان بوو.

بەوجۆرە ئەو شەش هەزار بەرگە کۆ کرایەوە، بەتایبەتی ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشا دوامیری بابان لە ساڵی ١٨٥٠ کە میرنشینی بابان نەما و ئەحمەد پاشایان برد بۆ ئاستانە، لەوێوە کرا بە والی یەمەن دوانزە ساڵ لەوێ مایەوە، پەیتاپەیتا لەوێوە دەیەها کتێبی بەنرخی ئەنارد بۆ کتێبخانەی بابان بۆ سلێمانی.

بەداخەوە دوای نەمانی حکومەتی بابان ئەو کتێبخانە بەنرخە و دوای حاجی شێخ مارفی نۆدێ و حاجی کاک ئەحمەد کەوتە دەست ئەو کەسانەی کە نرخیان نەئەزانی، بۆیە تاڵان کرا و زەمانی ئینگلیز زۆری وەک خەرمان لەبەر مزگەوتی گەورەدا کۆمەڵ کرا و سووتێنرا، لەم دواییەدا خوالێخۆشبو شێخ محەمەدی خاڵ فریای ئەو چەند بەرگە کەوت کە مابووەوە، ئێستا تەنها سێ سەد بەرگ لە شەش هەزار لە مەکتەبەی ئەوقاف ماوەتەوە و پارێزراوە.

نووسەری ئەم کتێبە جەمال بابان داوای لە وەزارەتی ئەوقافی کوردستان کرد لە کاتێکدا کە وەزیر بەڕێز مامۆستا شاکەلیی بوو، کە ناوی کتێبخانەکە بگەڕێتەوە بۆ ئەصڵی خۆی کە کتێبخانەی بابانە، هیچ نەکرا و تا ئێستاش هەر هەوڵوتەقەللا بۆ ئەم مەبەستە بەردەوامە و بەداخەوە حکومەتی کوردی و حکومەتی کوردستان هەر خۆی ناکات بە خاوەنی و نایەت بەپیر ئەو دەنگ و داوایەوە، کە هیچ پەیوەندییەک و خاوەنداریی ئەوقاف بەو کتێبخانەیەوە نەبووە و نییە. ئەو ناوگۆڕینەش هەر بۆ کوێرکردنەوەی ناوی بابانەکانە، بەڵام پشت بە خوا و بەحەق و مافی خاوەنحەق هەر واز ناهێنرێت تاکو ئەو ناوەی بۆ ئەگەڕێتەوە.

دووەم: زانست

سەرەتای ئەدەبی نووسراوی کوردی بە لەهجەی گۆران بووە، هەندێک لەوانەی خەریکی نوسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردین پێیان وایە، ئەدەبی کوردی بە لەهجەی گۆران، پێش ئەدەبی کوردی بە لەهجەکانی تر دەستی پێکردووە، لەبەر ئەوەی بابا تاهیر بە کورد و ڕوباعییەکانی بە سەرەتای ئەدەبی کوردی دا ئەنێن جگە لەوەی کەلامەدینیەکانی ئەهلی حەقیش بە لەهجەی گۆران هۆنراونەتەوە[٤٢]

ئەمیر شەرەفخانی بەتلیسی، کوردی بەسەر چوار بەشدا دابەش کردووە، کرمانج، لوڕ، کەلهوڕ و گۆران[٤٣].

لە بابەت لەهجەی گۆرانەوە ئایا زمانی ڕەسمی بووە؟

هەندێک لە نووسەرانی کورد ئەڵێن لەهجەی گۆران زمانی ڕەسمی میرایەتی ئەردەلان بووە. محەمەد ئەمین هەورامی لە کتێبی لەیلیومەجنون هەمان بۆچوون دەرئەبڕێت. هەروەها د. مارف خەزنەدار لە بەرگی سێیەمی مێژووی ئەدەبی کوردیدا نووسیویەتی، بەڵام زمانی ڕەسمی خوێندن و نووسین و شیعروتن بە دیالێکتی گۆران بووە، بەتایبەت لە ئەردەڵاندا[٤٤].

ئینجا هەر لە بابەت زمان و ئەدەب و باری خوێندەواری ئەگەڕینەوە بۆ نووسینەبەنرخەکەی مامۆستای تۆێژەر و لێکۆڵەر کە بەوردی ئەم باسەی تاووتوێ کردووە. بە بەڵگە و متمانەوە مامۆستا کەمال ڕەئوف ئەڵێت[٤٥]، "وەقفنامەکەی سلێمان پاشای بەبە بۆ خۆی بەڵگەیەکی گەشی دڵسۆزی و پەرۆشی و ڕێزی بەبەکانە بۆ ئایین و زانست و خوێندەواری کە هەتا دوای پاکۆبوونی تەخت و دەسەڵاتیان هەر چاویان تێ بڕیبوو. ئەحمەد پاشای کوڕەزای عەبدولڕەحمان پاشای بەبە دوای کارکەنارکردنی و نیشتەجێبوونی لە ئەستەمبوڵ و ئەوجا دامەزرانی بە فەرمانڕەوای وڵاتی یەمەن لە ئەوێڕاوە خێراخێرا بارەدەستنووسی دەگمەن و کتێبی زانستەکانی نەقڵیی و عەقڵیی نایابی بۆ کتێبخانەی بەبە لە سلێمانیدا ناردووە. ئێستەش کۆمەڵێکی بە مۆری خۆیەوە هەڵگیراون."

لەلایەکی دییەوە هەڵکەوتنی گەلێک زانا و شاعیر دیسان بەڵگەی ڕەوانە، زانایان، مەلا مەحمودی غەزایی، ئیبنولحاج، عبدوڵڵای بێتوشی، سیوچێ، مەلا عەبدولڕەحمانی جەلی، شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجەیی، شێخ مارفی نۆدێی، مەلا خالیدی شارەزووری، کە هەردووکیان

٤٢ ل٢٢٨: نەوشیروان مستەفا. کتێبی یەکەم دار العربیه للعلوم

٤٣ ل٢٣٧ سەرچاوەی پێشوو.

٤٤ ل٢٤٠ سەرچاوەی پێشوو

٤٥ ل٤٦ عەقیدەی ئیمان. عەقیدە کوردی. لوببەلعەقیدە- خالید شارەزووری نەقشبەندی. ئاشناکردن و لێکۆڵینەوەی بابی لالۆ کەمال ڕەئووف محەمەد

ڕابەری ڕێبازی قادری و نەقشبەندی بوون، شاعیران، ڕەنجووریی، مستەفا بەگی کوردی، مەلا خدری نالی، سالمی ساحێبقران، مەولەوی و مەحوی و گەلێکی دی هەموو بە خاک و ئاووهەوا و نان و نمەکی ئەم ولاتە هەڵکەوتوون.

* زمان

مامۆستا کەمال ڕەئوف لە بابەت زمانەوە ئەڵێت، "هێندێک لێکۆڵی ژیر بنج و بنەوانی هۆزاییتی میرنشینەکانی موکریی، سۆران، بەبە بە یەکێک دەناسێت، ئەمە ڕاست بێت یان نا لەلای من جێگەی باس و لێوردبوونەوەی چڕ نییە، مەبەستی گەورەی من زمان و ئەدەبی خەڵکەکەیە.

لەمەڕ زمانەکە کە لە سەرەتادا دەڵێم، هەتا ئەوڕۆ، هەر شێوەزار و یادگاریی ئەدەبی گەل و ئەدەبی نووسراوی هەرسێ میرنشینی موکریی، بەبە، سۆران هەیە دڵنیایی زۆر دەبەخشن، ئاخاوتنی شێوە زمانی هەرسێکیان یەکجار بەیەک دەچێت، ئەگەر نەڵێم هەر یەکێک بوون گەڕی چەرخی ڕۆژگار و دەسەلاتی فەرمانڕەوایی جوێ کردۆتەوە، تێکەڵی هۆز و تیرەی دی هێندێک جودایی تێ خستبن. لەلایەکی دییەوە پرباوەڕم(دڵنیام) کە هەردوو شێوە ئاخاوتنی بەبە، سۆران بنجەکەیان شێوەی موکرییە، بەتایبەتی تا نیوەی سەدەی هەژدەش زۆربەی یادگاری ئەدەبی گەل و ئەدەبی نووسراوی چینی هەڵبژاردە پەیوەندی گیانی گیانی بە ئەو شێوەیەوە هەبووە و دوایی شێوە ئاخاوتنی ولاتی بەبە ئەو شێوەیەی گرتووە و چەسپیوەو کە ئەوڕۆ نێوی لێ دەنرێت شێوەی سلێمانی.

ڕاستییەکەی ئەگەر ئەدەبی گەل و ئەدەبی نووسراوی ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی بەبە ورد بکەینەوە بە نەزم و پەخشانەوە ئەوە ئەو پەیوەندییە و کاریگەرییەی شێوەی موکری دەبینین.

درێژایی بۆ قەبارەی کتێبەکە ناشێت و هەر بۆ وێنەی ڕاستی و لەپاڵ هێندێک بەڵگەی پێشوو، ئەم چەند وێنەبەڵگەیەش دەنوێنم.

شێخ سادق ناو، لە ساڵی ١٧٣٤ز. دا، بە هەڵبەست نەزمی نزاوپاڕانەوەکەیەوە موناجات بۆ شیفای خالید پاشای بەبە[٤٦]، یەکەم وێنەی ئەدەبی نووسراوی نیشان داوین و ئەمە چەند ڕێزێکێکیەتی:

یارەب بەشقی حەبیبان بە ئەسراری نەجیبان
لە بۆ بابی غەریبان یارەببی بدەی شیفای
نۆکەر گردبوون تەمامە دوعایان بدەی بەعامە
خزمەت لەمە حەرامە یارەببی بدەی شیفای
نۆکەر گردبوون بەیەکجار بۆ وان ئەفغان و هاوار

٤٦ خالید پاشای کوڕی سلێمان پاشا. بە خالید پاشای یەکەم بەناوبانگە. باوکی سلێمان پاشا و محەمەد پاشا و ئەحمەد پاشا و مەحمود پاشایە

بۆ خالید پاشای نازدار یا ڕەببی بدەی شیفای
پاشای گرفتاری کردیا، لە دیوانی نووریيا
سەڵای بێننە سەرینێ دەست بکا بە یاسینێ
من دەچمە ژێرزەمینێ یا ڕەببی بدەی شیفای
یاالله یا سەبوور یا پادشاهی غەفوور
بێنازنەکەی شارەزوور، یاڕەببی بدەی شیفای
یاالله و یا سوبحان، یا سەخی و یا دەییان
خالید ئیبنی سولەیمان یا ڕەببی بدەی شیفای
خالید پاشای بەحوکمات
ئەنجا، موهلەتی بدات، یارەببی بدەی شیفای
پاشای نەبیێن زەلیل، یاڕەببی بدەی شیفای
یا خالیقی زوڵمینەن، چون ئەز هائیم لە وەتەن
دەستم بڕا لە مەسکەن، یاڕەببی بدەی شیفای
سادق بەندەی کەمتەرین، یا ارحم الراحمین
یاڕەبی بدەی شیفای

مەلا محەممەدی حاجی حەسەن ابن الحاج بابەتێکی بە نێوی مەهدی نامەوە بە شێوەی هەڵبەست هۆنیوەتەوە و هەر بە شێوەزمانی پێشوو دەچێت. دەڵێت،

یا ڕەب تۆیی ساحیب هودا
وەقتێ دەبن فیتنە بدا
حیفزەن بکەی یا ذا الندا
بە ئیسمی تۆ بیدایەتێ
بیدایەتم بە ئیسمی تۆ
لە زیکری فیتنەی خەڵقی تۆ
ویفقی حەدیس نەبیی تۆ
زانیومە بە ئیرسییەتێ.

شایێری گەل عەلیی بەردەشانی لە بەیتی سەرزاریی ئەدەبی گەلدا، بە بۆنەی کۆمەڵێک شەڕ و ئازایەتی عەبدولڕەحمان پاشای بەبەوە ڕێککەوتی ساڵی ١٨٠٥ز قەوماند ئاوەها ئاخاوتووە:

تاق و تەنیا تەن، سوبحانی
تۆفیق دەری موستەعانی،
خالیق و حاکمی هەمووانی
چاك و خراپ خۆت دەیزانی.
ئەزم عەلی بەردەشانی
لەنگم نەکەی دە زبانی،
بەیتی دەڵێم بە ڕەوانیی
فەتحی پاشای کوردستانی
عامیان پاشا، کامیان باشە،
شایەد ڕۆمیین قزڵباشە.
هەرچەند جارێ شیری کێشا
عالەم دەهاتنە تەماشا،
مەردە ئەوڕەحمان پاشا
پاشای بەبان، جیهانگیری،
ڕەنگ ڕۆستەم، زاڵی پیری،
ڕانابوێرم بەفەقیری،
ناکەم خزمەتی وەزیری،
نانی دەستێنم بە شیری،
بە شیر نەبێ قەت پێك نایە
سوێندم خواردووە بەوە اللە یە،
ناچمە سەفەری ئەحسایە
یاغی دەبم لە بەغدادیە،
یاغییی دەبم ئینشاللە،
تەوەککول و تەعال اللە
ئافەرین و بارەکە اللە،
هەی کوڕە بەبینە هاللە... هتد

وەک پێویستی نابینم وێنە بەڵگەی دی پتر بنوێنم هیی دیش هەر دینە پێشەوە پرسیارێکی گرێکوێر بە بەرچاوەوە قوت دەبێتەوە کە دەڵێت، "ئەگەر شێوەزمانی بەبە و موکریی هاوبەش بووبن وێڕای ئەوەی کوردیی زمانی فەرمانڕەوایی و خوێندەواری نەبووە بۆچ و ئایا لەبەر ئەو دوو مەڵامەتە ئەو هەستە و درەنگانێک خۆی گرتووە و بووە بە زمانێکی ئەدەبی نووسراو و پۆشتە بووە، هەر بەم جۆرە مامۆستا کەمال لەسەری ئەڕوات.

بەر لە هەر وەلامێک، دەبێت بزانرێت کە زمان بە زەبری ئایین و دەسەلاتەوە بە خوێندەواری و فەرمانڕەوایی هێز دەگرێت و دەچەسپێت. ئەوجا دەڵێم، "ئەگەر لەلایەکەوە پەیماننامەی ئەماسیە ١٥٥٥ز نێوان ئێرانی و عوسمانی، هەر چوار میرنشینی ئەردەڵان، موکریی، بەبە، سۆرانی لە نەخشەی سیاسی و جوگرافی جوێ کردبێتەوە و دای برِیبن، کە بێگومان زەبرێکی یەکجار ئاستەم و گرانە، ئەوە بەبە لە چاو میرنشینی ئەردەڵان فەرمانڕەوایی شارەزووردا لەپێشدا پایتەختی زەڵم بووە خانەدان و میرنشینێکی تازەهەڵکەوتوو بووە کە لە هێندێک ڕۆژگاردا کوێر بۆتەوە و سەرگەردان بووە. بۆ وێنەی ئەو ڕاستییە، شەرەفخانی بەدلیسی، باسیشی دووبارەیە وێنەی قۆناغێکیانی گرتووە و گێڕاویەتییەوە کە ئاغاکانی ئەو وڵاتە بێفەرمانڕەواییە کوێرەوە بووە، سااڵی باییی چوار خەروار زێڕیان داوە بە میرنشینی ئەردەڵان کە ئەو حەلە خانەدانی (میر بێگە بەگ) فەرمانڕەوای ئەردەڵان بووە.

لە لایەکی دییەوە، وێڕای دێرینی و دەسەلاتی میرنشینی ئەردەڵان، با زمانی خوێشی زمانی فەرمانڕەوایی و خوێندەواریی نەبووبێت، ئەوە شێوەزمانی خۆی، گۆران، بە ڕاستی زمانی ئەدەبی نووسراو) بووە کە بەدرێژایی خۆی و تەمەنی میرنشینی بەبەش و تا سەدەی بیستیش لە وڵاتەکانی بەبە و ئەردەڵاندا، شێوە زمانێکی ئەدەبی باو، قەدرگران و بەپیت و بەرەکەت بووە.

وێڕای ئەم بارە، دەبێنرێت کە بەبە بەرەبەرە دەسەلاتی بەرز هەڵکشا و بەهێز بوو، شارەزووریشی کەوتە بندەست، بەتایبەتی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی سلێمان پاشای گەورە و کوژراوەوە، ئەوجا ئیدی شێوە زمان و ئەدەبی وڵاتی بەبە، هۆز و تیرەی دیش تێکەڵی ژینی بوو ملی داوەتە بەر بەخۆکەوتن تا بەرەبەرە دەستی بەخۆدا هێناوە.

• ئەدەب

ئینجا دوای زمان، مامۆستای بەڕێز کەمال ڕەئوف دێتە سەر باسی ئەدەب،

ئەگەر لە مێژووی ئەدەبی دیاری وڵاتی بەبە ورد ببینەوە بە هەردوو جۆرە ئەدەبەکەوە ئەوە هەتا پێش بوونیادنانی سلێمانی، بەتەنێ لەلایەکەوە بەری درەختی ئەدەبی گەل لە شایێر(شایەر) و بەیتبێژەکانەوە وەر دەگرین. کە وێڕای لاوکی کەیفانی لەمەڕ سوارچاکیی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەیی بنجی خانەدانی بەبە، شەرەفخانی بەدلیسی بە ئاماژە و موناجاتە هەڵبەستەکەی شێخ سادق نێو بۆ خالید پاشا و مەهدی نامە و تەزکیرە تول عەوام بەیتی ئەوەل و ئاخیر نەبێت، چی دی لە ئەدەبی نووسراودا نایەتە بەرچاو و دەستگیر نەبووە.

ئەمە وەک بەڵگەیشە بۆ ونبوونی هونەرەکانی ئەدەبی نووسراو و دەستەپاچەیی بەرامبەر نواندنی کاری زانستیانە، هەرچیی بێت، بەڵام وەک ئاماژەیەک یان وێنەیەک لە ڕابردوودا شتێک خرابێتە ڕوو، ئەوە دەکەونە باریکی دییەوە کە قسەی لێ دەکرێت.

*قۆناغی بەخۆ کەوتن هەر لە زمان مامۆستا کەمال رەئوفەوە، "هەرچەند پرۆسەکێکی ئەوتۆم نواندووە، بەڵام پێویستە گەرمتر ڕوونی بکەمەوە، وڵاتی بەبە، هەتا ڕمانی میرنشینەکەی، بە ڕاستی لە ڕووی سیاسییەوە تا دەگاتە کۆمەڵی(کۆمەڵایەتی)، ئەدەبی، دوو قۆناغی گۆڕین و بەخۆکەوتنی پێشکەوتووانەی بەخۆوە دیتووە، کە وێڕای دەسەڵات و توانا، وریابوونەوەکەی سەربەستیخواز بووە.

قۆناغی یەکەم، ڕێککەوتی فەرمانڕەوایی سلێمان پاشای کۆڕی خالید پاشایە، کە لە پاڵ قەدرگرتنی زانست و زانایان و چاودێریکردنی شاگردان، چاوێشی بڕیوەتە پشتیوان مسۆگەرکردن کە پێشەزانانی باروو دروستکردنی لەخۆی کۆ کردۆتەوە و ڕەنجی بۆ داوە. وێڕای ئەوەش سنووری دەسەڵاتی بەبەی گەیاندۆتە ئازادکردنی باژێڕە گەورەکانی وەک کەرکووک و شارەزوور و تا سنووری مەریوان کشاوە و خولیایەکی بۆ سەربەخۆیی ترسی خستۆتە دڵی عوسمانییەکان و ئێرانییەکانەوە، بۆیە بە جووتە پیلانیان لێ کرد. (لە دژ گێڕا).

بەڵێ، لە سەردەمیدا، باری زمان و ئەدەبی کوردیی وڵاتەکە گۆڕێنێکی دیاری پێوە نییە و دەشێت کوشتنەکەیشی بە دەستی فەقێ ئیبراهیمی نالەبار، کۆسپی لەبەردەم نەشونمای خوێندەواریشدا دانابێت، بەڵام بێگومان بنجی وریابوونەوەیەکی لە خانەدانەکەی و نێو خەڵکی وڵاتەکەدا داکوتی کە پێم وایە دوای خۆڕاگواستنەوەیە پایتەخت لە قەڵاچوالانەوە مایەی ئەوە بووە.

قۆناغی دووەم، ڕێککەوتی بوونیادنانی سلێمانییە لە ١٧٨٤زدا، گرنگی قۆناغەکە لە دوو لاوە دیار و ڕووناکە. لایەکی کاری بوونیادنانی باژێڕێک، کردنیشی بە پایتەختی میرنشین، ئەمە بۆ خۆی وێنەی پێشکەوتنی شارستانێتی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیرییە. بە کورتی بۆ خۆی کردەوەیەکی کاریگەرە بۆ وریابوونەوەی پتر.

لای دووەم، لە ئەو سەرەتایەدا، ئەستێرەی جووتەبرا، عوسمان، عەبدولڕەحمانی کوڕانی مەحمود پاشای بەبە دەرەوشاوەتەوە، بەتایبەتییش لەنێوان ١٧٨٦- ١٨١٣ز.دا.

برا گەورە عوسمان ئەستێرەی بەختی زوو کوژایەوە، لە ١٧٨٧ز.دا تورکەمەمالیکەکانی بەغداد، ژەهرخواردیان کرد، بەڵام عبدولڕەحمانی برا بچکۆلە، جێگەی گرتەوە و ئەگەرچی شەش جار کارکەنار و چەندجار بەندی و دەربەدەری و شەڕی گەورە و هێندێک جار نوشوستی دیتووە، نزیکەی چارەکە سەدەیەک وێنەی پاشایەکی توانا و ئازاو ورە بەرز، پەرۆشی ئاساییش، پێشبکەوتن و لە سەروو هەموویشییەوە سەربەخۆخوازێکی ڕاستەقینە بوو.

لە ڕووی یەکەمەوە لەسەر دەستی مامۆستا زانا بەناوبانگەکاندا پەروەردە و لە زانستەکانی نەقڵی و عەقڵیدا پێگەیشتوو بووە، تەنانەت لە فێرگەی خۆیدا، مزگەوتی عەبدولڕەحمان پاشادا مامۆستایی کردووە و دەرسی بە شاگردان گوتۆتەوە.

بەڵگەنامە و دەستنووسی بەدەستەوە هەن کە فارسی و عەرەبییەکی چڕوپڕ و جوان و ڕەوانی زانیوە و پێی نووسیون. زانایان، شاعیران، نووسەرانی کورد تا عەرەبگەلێکیان دۆست

و نزیکی بوون، لە ڕووی دووەمەوە شەڕ و ئاشتی لەگەڵ تورکە مەمالیکەکانی هەرێمی بەغداد کردووە.

شەڕی گەورەگەورەی کردووە و هێندێک جار خراپ تووشی نوشوستی بووە، هێندێک جار، لە دژی پاشاکانی بەغداد هاریکاریی عەرەبەکانی کردووە و ئەوان ناپاکییان نواندووە، هێندێک جاری دی هاریکاریی لایەک لە ئێرانی و مەمالیکەکانی عوسمانیی دوژمنانی کردووە، کە ئەوان هەمیشە ترسی هێز و گیانی سەربەخۆخوازییان لێ کردووە.

لە ساڵی ١٨١٠ز.دا هەرێمی بەغدادی کەوتە بن دەستەوە، خەڵکانی عەرەب تکایان لێ کرد خۆی سەروەر و والییان بێت، بەڵام نیشتمانی نەگۆڕییەوە بە تاجی درەخشان. وەکو چەند مێژوونووسێک ڕاپۆرتی کاربەدەستانی عوسمانیی دەگێڕنەوە، ئەو ساڵە بە شیری خۆی عەبدوڵڵای خەزنەداری بە والی – پاشای بەغداد داناوە. مێژوونووسی عەرەب هەرچەند ناحەزی بووە یاسین ئەلعومەریی بە جەببار[٤٧]دلاوەری کوردی ناساندووە.

مەبەستی گەورەی عەبدولڕەحمان پاشا وەکو مێژوونووسەکان دەگێڕنەوە سەربەخۆیی و خونەبەستنەوە بووە بە والی بەغدادەوە ئامادە بووە پتر باجی سالانە بدات بە سوڵتانی عوسمانی و هەر بە ئەو بێت، بەڵام سوڵتان و چ مەمالیکی نۆکەرەکانی بەغداد و چ ئێرانییەکان دوژمنی مەبەستی بوون. بە وردی بەرزییەوە. لە ساڵی ١٨١١ز دا گوێی نەدابێت بە والی بەغداد عەبدوڵڵا پاشای کۆنەخەزنەداری نەمکبەحەرام، ئەو و شازادەی ئێران محەممەد عەلی میرزا بە جووتە ڕێککەوتن و پیلانیان (لە دژی کرد). شەست هەزار سوپای عەجەم لە کوێیدا گەمارۆیان دا، بەڵام ئەو بە حەفتا- هەشتا شۆڕەسواری کوردی بەبەوە ئازایەتییەکی بێوێنەی نواند، دوژمنەکانی هیوا بڕاو و ناچاری ڕێککەوتن کرد.

مێژوونووسی عەرەب، شاعیر عوسمان ئیبنوسەند ئەلوائیلی ئەلبەسری بۆ ئازایەتی و بەرگری لە ئەو شەڕەدا، قەسیدەیەکی درێژی پرستاییشی بەعەرەبی بۆ نووسیوە و بە زانا مەلا سەبغەتوالله حەیدەریدا ناردوویەتی. ئەمە هێندێکی قەسیدەکەیە،

اليه تحيات حسان تواترت فأهدت من المدح العريض له اللبا
تحيات صب لم يزلْ ذا حشاشة مقرحة من حب من قطن اللبا
فني من هواه صور الله معصما فصيرً فيه قلب عاشقة قلبا
جفاه فهذا قلبه متوجعا عليه وهذا دمعه يفضح السحبا
وحق هوا و العذب ما ذاق جفنه كراه وإنْ أمسي كمنطقه عذبا
ولم ينس لما ان جفاه ليأليا بهن دعاه للهوي وله لبا
وعاطاه أقداحا لها ملّا الهوي معتقة تدعو لي شربها الصبا
فما برحا والانس يسقيهما معا هوي لو سقا شيخا سلاقته شبا

٤٧ بنوڕە: یاسین أفندی العمری- غرائب الاثر فی حوادث ربع القرن الثالث عشر: نشرە محمد صدیق الجلیلی، موصل ١٩٤٠.

الي ان جني الدهرُ الخوان فاصبحا وكل مناه أنْ يري مرة قرُبا

هەرچەندە ولاتی بەبە و میرنشینی و دەسەلاتی عەبدولڕەحمان پاشا بە هۆی کاری دوژمنانەوە مایەی ئاشووب و گەلێک جار تەنگانەی سەخت بووە، بەڵام وەک مێژوونووسەکان دەگێڕنەوە، یەکێک لە ئامانجەکانی خۆی ئاسودەیی و ئاساییش بووە کە ئەم بارە پتر بە دوای چوار ساڵی فەرمانڕەواییەوە دیارە. بۆ ڕاستیش گەشتیارانی سکۆتلاندی جەیمس بیلی فریزەر J.B.FRASER کە لە سەردەمی سلێمان پاشای بەبەی کوڕی عەبدولڕەحمان پاشادا دیدەنیی سلێمانی کردووە، لە نامەیەکی ١٨٣٤/١١/١ی خۆیدا و لە زمان عەولی خدر ئاغا ناوێکی متمانەپێکراوی پاشاکەوە کە یادی ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی عەبدولڕەحمان پاشا دەکاتەوە، نووسیویەتی، گەورەم چی بڵێم؟ پاشا مەبەستی سلێمان پاشایە لە ولاتەکەی خۆیدا گیروگرفتی زۆرە، هیچ حاکمێکی ئیمە ماوەیەکی ئەوەندە درێژ نامێنێتەوە، تا ئەوەندە بەهێز بێت، بتوانێت پارێزگاریی هێمنیی گشتیی و ئارامی... بکات."

گەلێک سەرچاوە لە وەفاتی عەبدولڕەحمان پاشای بەبە شەوی ١٧ی ڕەبیعی دووەمی ١٢٢٨ک ١٨١٣/٣/٢ز بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە لە زمان خەڵکەوە دەڵێن، لە گیانەلادا بەزۆر دابین کراوە سکالای کردووە، چۆن دەبێت من لەنێو جێگەدا بمرم.

شاعیرێک عینایەت بەگی نێو بووە لە قەسیدەیەکی فارسیدا مێژووی کۆچی و پەسنی نووسیوە،

"چو بود او ظل ڕحمن در حقیقت
از ان شد سال فوتش (ظل ڕحمن: ١٢٢٨هـ)[٤٨].

دواڕۆژی ئەدەب

سەردەمی ئەوڕەحمان پاشای باسکرا و کە هەرە زەبری کاریگەری بنجداکوتانی. ولاتی بەبەی لێ هەڵدەکەوێت کە کەسێکی دی پێش نەکەوتووە.

لەو باسە یەکجار دڵنیام بڵێم، قۆناغی باسکراو، بە ڕاستیی بنجی وریابوونەوەی لە هۆش و بیری خەڵکدا بە جۆرێکی ئەوتۆ پتەو داکوتاوە کە تەنانەت پشتاوپشتی نەوەکانی گرتوتەوە.

منداڵەکانی ڕۆژگاری فەرمانڕەوای عەبدولڕحمان پاشا، شاعیرە هەڵکەوتووەبەرزەکانی دواڕۆژ. نالی، ١٧٩٧-١٨٥٥ز، سالم، ١٨٠٥- ١٨٦٥ز کە دوو ئەستێرەگەشە و دڵداری خاک و خۆڵ و ئاووهەوا و زمان و ئەدەب و ئازادیی گەلی کوردی ولاتی بەبەن، وێنەبەڵگەی زیندووی مێژووی ئەدەبن.

با دوورتر بڕۆم و بابەتەکە بە دواوێنەیەکی دانسقەی زەبری لەرزەی وریابوونەوەی پشتاوپشت مۆر بکەم کە تاوێک پزیشکی لە پزیشکی خۆر ناسکتر، تیژتر و گەرمترە.

---

٤٨ بنۆرە: محمد قزلجی التعریف بمساجد السلیمانیه ومدارسها الدینیه، بغداد، ١٩٣٨، واتە چونکە سێبەری ڕەحمان بوو، سالی کۆچی ئەوێ دەمێ بوو.

بنۆرە، منداڵێک لە پشتی بابیدا بووە و هەرگیز قۆناغی، عەبدولڕەحمان پاشای نەدیتووە، تەنانەت لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی سلێمان پاشای کوڕی عەبدولڕحمان پاشادا منداڵێکی پێنج-شەش ساڵەی بەر حوجرە بووە، ئا ئەم منداڵە گەورە و کامڵ بووە، یادی ڕۆژگاری سلێمان پاشا و دارلمولکی بابانی کردۆتە هۆش و بیری بە جۆرێک گۆش کراوە، هاتووە گرتنەکەی بەغدادی ساڵی ١٨١٠ز باس دەکات و بابی سلێمان پاشاشی بێ ناوهێنانی لە ڕێزەی سلێمان پاشای گەورە داناوە، ئەو منداڵە گەورە و کامڵ بووە، شاعیری گەورە و بیر و زمانتیژی کورد شێخ ڕەزای تاڵەبانییە[٤٩].

که له شیعره ناسراوەکەیدا دەڵێت،

"بەزەربەیی حەملەیە بەغدادی تەسخیر کرد و تێی هەڵدا
سولەیمان زەمان، ڕاستت دەوێ باوکی سلێمان بوو"

سێیەم: زانا ئایینییەکانی ڕۆژگاری بابانەکان

ئەم بەشە بریتییە لەو زانا گەورانەی کە هەر هەموویان لە حوجرەی فەقێی مزگەوتەکانەوە وەک خوێنەر و سوختە و فەقێ و خەلیفە ئینجا مامۆستا لە علومی عەقڵییە و نەقڵییەدا و جۆرەها کتێبی بەسوودی ئەو دەور و زەمانەدا و شیاو بۆ ئەو ڕۆژگارە پێگەیشتوون و توانای زانستییان بەدەست هێناوە، کە هەریەکە لە ئەنجامدا، چەندەها دانان- مؤلفاتی عیلمی و ئەدەبی و فەلسەفی و شیعر و نووسینی ئایینی و کۆمەڵایەتییان هێناوەتە بەرهەم، بە جۆرێک ئەگەر ئەو نووسینانە لەگەڵ نووسینی ئەمڕۆدا بەراورد بکەیت بەڵای کەمەوە ئەگەر ژوور ئەوانە نەکەون، بەڵای منەوە لەوان کەمتر نین، بە مەرجێک ئەو ڕۆژگارە و ئەو ئەرک و عەزیەت و برسیەتی و تینوویەتی و بەپێ ڕۆیشتنی ئەم شارە و ئەو شار یاخود زۆر زۆر بە سواری کەر و وڵاخ بە دوای زانست و فێربووندا، لە هەر شار و شارۆچکە و دێ یاخود کوێرەدێیەکدا و لە میوانی حوجرەی فەقێکاندا، بە ڕاتبەی فەقێ و ئەگەر نانی جۆ و دۆی ترشیان دەست کەوتبێت لەگەڵ شۆربایەکی ساوەر و جەژناوجەژن گۆشتیان خواردبێت، لەوپەڕی شادمانیدا بوون. خوێندنەکەشیان بەتایبەتی بە شەو لەبەر قوتیلە و ڕووناکی ئاگر و دووکەڵی دار و گەڵای وشک. نە دکتۆریان ئەناسی نە دەرمانیان ئەدی ئەو پیاوە گەورانە ئاوەها پێگەیشتن.

فەرموون بابچینە خزمەت ئەوانەی تەرجومەی ژیانیانمان بەدەست هێناوە.

---

٤٩ شێخ ڕەزا لە ساڵی ١٩١٠ز. دا گیانی سپاردووەو لەبەغدا دا نێژراوە.

شێخ مارفی نۆدێ

ناوی محەمەدە و بە مارف – معروف بەناوبانگ بوو. کوڕی سەی مستەفای کوڕی سەی ئەحمەدی کوڕی سەی محەمەدی بەناوبانگ بە کبریتی سوورە، باپیری سیانزەیەمی سەی عیسای بەرزنجەیی کوڕی بابە عەلی هەمەدانییە.

سەی بابە عەلی یەکێک بووە لە زاناکانی سەدەی هەشتی کۆچی دانانی لە کتێبی سۆفیگەری و لێکۆڵینەوە و بەدواداگەڕانی کاروباری پیرۆزی ئایینی سالّی ٨٠٥کۆچ/ ١٤٠٢ز لە هەمەدان وەفاتی کردووە.

بابە عەلی سێ کوڕی هەبووە. سەی محەمەدی نوربەخشی و شێخ موسا و شێخ عیسا. هەر لە کاتی ژیانی باوکیاندا هەرسێکیان سالّی ٧٦٠ک/١٣٥٩ز ڕوویان کردۆتە بەرزنجە.

نوربەخشی ڕووی کردە هەرات لە ئەفغانستان لەوێ جێگیر بوو، وەچەی زۆری لەوێ هەیە.

شێخ موسا لە بەرزنجە مایەوە، هاوسەرگیری لەگەڵ خوشکی حاجی شێخ خالید کرد، کە گەورەی دێیەکە بوو. دوای ئەوە ئەویش بەرەو ئاغجەلەر بۆ ڕابەریی بەڵام لەوێ کۆڕا و تەرمەکەیان گەڕاندەوە بۆ بەرزنجە و هیچ منداڵیشی نەبوو.

شێخ عیسای برای ژنی براکەی مارە کرد، دوانزە کوڕی بوو شێخ مستەفای کوڕی بابەڕەسوڵ لە سالّی ١٢٣٥ک/١٨٢٠ز لە بەرزنجە لەدایک بووە و دوای خوێندنی لە سلێمانیدا بە موفتی دانرا، پیاوێکی شاعیر و ئەدیب بوو. سالّی ١٣٠٢ک/١٨٨٥ز وەفاتی کرد. شێخ مارف کوڕی ئەم زاتەیە لە گوندی نۆدێی شارباژێڕ سالّی ١١٦٦ک/١٧٥٣ز لەدایک بووە. لە خانەوادەی زانیاری و ئایینیدا پێگەیشتووە لەسەر دەستی باوکیدا قورئانی پیرۆز و هەندێک نامەی فارسی و سەرەتای نووسین و خوێندنەوە فێر بوو. باوکی بردی بۆ قەڵاچوالان سەنتەری ڕۆشنبیریی بابان و خستییە مەدرەسەی غەزائیە بۆ فێربوونی سەرەتای زانیاری. بەم جۆرە وەک قوتابییەکی فێرگەی مزگەوتەکان دەستی پێ کرد. لە کتێبی شرح المعنی لە نحودا. هەر لەو کاتەوە نیشانە و هێمای ڕابەری تێدا سەری هەڵدا.

ئەم قوتابییە بچکۆلانەیە لە قەڵاچوالان لە خوێندن و خۆئامادەکردندا غەرق بووبوو، تا

شەوێک لە شەوان شارەکە لە ڕاچڵەکینی کوشتنی میری گەورەی ووڵاتی بابان، سلێمان پاشا لە ماڵەکەی خۆیدا بە دەستی فەقێیەک سالّی ١١٧٨ک/١٧٦٤ز کوژرا. ئەو دەمە تەمەنی نۆدێیی دوانزە سالان بوو، پەردەیەکی ڕەش بەسەر شارەکە و دانیشتوانیدا کێشرا. نیگەرانی هەموو لایەکی گرتەوە بەتایبەتی پیاوی زانین و ئایین و ئەدەب.

یەکێک لەوانە نۆدێی بە جۆرێک حەزی کرد خۆی دوور بگرێت و بشارێتەوە، بۆیە یەکسەر ڕووی کردە مەدرەسەی مەلا محەمەدی ئیبنوالحاج لە دێی هەزار مێردی ڕۆژئاوای سلێمانی. لەوێ هەندێک شتی وەک بەیان و بەدیع و مەنتیق و نحو و عەقائیدی تەفتازانی هەمووی لە حوجرەیەکی کۆنی بێسەروبەر. خواردنیان لە خەڵکی دێیەکەوە بۆ ئەهات، نانی جۆی ڕەق و شەوانی هەیەنی هەندێک شۆربا بە جۆرێک هەریەکێک لە شەو و ڕۆژێکدا تەنها سێ نانی بەر ئەکەوت.

ئەگەر جاروبار خێروومەندی دێیەکە تۆزێک گۆشتیان بۆ ببردنایە ئەیانکوڵاند بە چیلکە و پووشوپەڵاش ئاگریان بۆ ئەکردەوە و بە ڕێز دائەنیشتن بۆ خواردنی بەوپەڕی لەزەت و تاموچێژەوە تەواویان ئەکرد. ئەمە بۆ خواردنی ئەگەر ببوایە تەنها حەفتە یاخود مانگی جارێک یاخود جەژناوجەژن سالّی ١١٨٠ک/ ١٧٦٦ز شێخ عەبدوڵڵای بێتووشی چووە سەردانی ئیبنولحاجی مامۆستای لە هەزارمێرد. لەو ماوەیە لەگەڵ نۆدێیی یەکیان گرت، کە زۆر شت لە بێتووشییەوە فێر بوو. بەتایبەتی شیعر و نەزم.

دیارە زانایان و مامۆستایان هەموو لە زانین و ڕۆشنبیریدا لە یەک پلەدا نەبوون. هەریەکە لە شتێکدا وەستا ئوستاد بوو.

یەکێک لە نحو، سەرف، بەلاغە، ئەوی تر مەنتیق و حیکمە، سێیەم علم الفقە واصولە، ئەوی تر، عەقائد و کەلام، پێنجەم فەلەک و جەبر و حساب و تەبیعییات، بۆیە قوتابیانیش لە فێرگەیەکەوە بۆ فێرگەیەکی تر، هەمیشە بەڕێوە بوون، تاکو خوێندنی تەواو ئەکرد و ئیجازەی وەر ئەگرت[٥٠].

نۆدێیی دوای چوار سال لای ئیبنولحاج سوودێکی زۆری وەر گرت گەڕایەوە بۆ قەڵاچوالان، لەوێش هەر بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە خەریک بوو. تا پایەیەکی زانیاری گەورەی پێک هێنا و لە شیعریشدا و لە پەخشاندا زیاتر پلەی بەرز بووەوە. تاکو بە مامۆستا لە یەکێک لە قوتابخانەکانی قەڵاچوالاندا دانرا، لای میرانی بابان و کاربەدەستانی حکومەت ڕێز لێ گیراو بوو.

کە برایم پاشا سالّی ١١٩٩ک/ ١٧٨٤ز دەستی کرد بەبوونیادنانی شاری سلێمانی و سالّی ١٢٠٠ک/١٧٨٥ز تەواوی کرد و سەنتەری میرنشینی لە قەڵاچوالانەوە گواستەوە بۆ سلێمانی. شێخ مارفی بە مامۆستا مودەریس لە مزگەوتی گەورە دانا و کتێبخانە مەزنە شکۆدارەکەی دایە دەست بەڕێزی مەدرەسەکەی سلێمانی، لە زانین و زانیاری دەگەیشتە لووتکە زانا و ئەدیبی

٥٠ لە سەرەتاوە تەنها ئەم باسە هەمووی لە کتێبە بەنرخەکەی مامۆستای گەورە شێخ محەمەدی خال کتێبی الشیخ معروف النودهی البرزنجی مطبعه التمدن ١٩٦١ وەرگیراوە

گەورەی تێدا پێگەیشت، وەکو موفتی زەهاوی و شێخ حسێنی قازی و شێخ مەحمودی بەرزنجی و شێخ بابا ڕەسوڵی کوڕی محەمەد سەنا ئەدیبی بەرزنجەیی و... کەسانی تر.

قوتابی لە هەموو لایەکی کوردستانەوە ڕوویان تێ ئەکرد بە جۆرێک حەفتا قوتابی لەو مەدرەسەیەدا کۆ بوونەوە.

لە بابەت کتێبخانەکەشەوە مامۆستای خاڵ ئەفەرموێت، "کتێبخانەکە لە مزگەوتی گەورە پشتگوێ خرا و لە ژوورێکی ڕووخاو بێقاپیدا هەرکەسێک بە ئارەزووی خۆی شتێکی لێ دەر ئەهێنا و ئەیبرد، تا شێخ محەمەدی خاڵ فریای کەوت. لەسەر حسابی شێخ مەحمودی حەفید چەند کتێبخانەیەکی بۆ کڕی و لەو ژوورەی مەرقەدی کاک ئەحمەدی تیابوو دای نا و لە دواییدا بەرگی تێ گرتن. بەو جۆرە لە زایەبوون ڕزگاری کردن.

هەروەها شێخی خاڵ لە بابەت شێخ مارفەوە ئەفەرموێت،

شێخ مارف پیاوێکی چوارشانەی کەمێک کورتە بالای سوروسپی چاوگەورە، قژڕەش، ڕیشێکی پڕ، چوارشانە ڕووخۆش، خەتخۆشی. ڕێبازی قادری لە شێخ عەلی دۆڵەموویی کە مامی باوکی بوو. وەر گرتووە، ساڵی ١٢٥٤ک/ ١٨٣٨ز لە سلێمانی وەفاتی کردووە و لە گردی سەیوان لە پاڵ گومەزی سلێمان پاشای بابانـدا نێژراوە[٥١].

دانراوەکانی شێخ مارفی نۆدێ:

١. تنقيح العبارات في توضيح الاستعارات.
٢. شرحه لمنظومته تنقيح العبارات في توضيح الاستعارات طبع سنه ١٩٣٦.
٣. الفرائد في نظم العقائد.
٤. الشامل، للعوامل.
٥. الجوهر النضير في قواعد التجويد.
٦. ترصيف المباني، نظم تصريف الزنجاني.
٧. الأحمدية في ترجمة العربية بالكوردية. طبعت ١٩٣٦ واعيد طبعها.
٨. ێێشدة: منظومة فارسية في مدح النبي (ص).
٩. كفاية الطالب، نظم كافية ابن الحاجب.
١٠. فتح الرؤوف في معاني الحروف.
١١. التعريف بابواب التصريف.
١٢. قطر العارض في علم الفرائض.
١٣. كشف الغامض. طبع مع تعليقات الملا علي القزلجي سنة ١٩٣٩.
١٤. فتح المجيد، في قواعد التجويد.
١٥. نظم اداب البحث: في علم اداب البحث والمناظرة.

٥١ ل ٨٠-٨٧ الشيخ معروف النودهى- نووسينى شێخ محەمەدى خاڵ

١٦. فتح الرحمن، في علمي المعاني والبيان مع شرح السيد احمد فائز ١٨٦٦.
١٧. سلم الوصول، الي علم الاصول.
١٨. عقد الدرر، نظم نخبة الفكر.
١٩.عمل الصياغة في علم البلاغة.
٢٠. غيث الربيع، في علم البديع.
٢١.نظم العروض.
٢٢.الروضة الغنا، في الدعا و باسما و الله الحسني.
٢٣. شرح الصدر، بذكر اهل البدر.
٢٤.تنوير البصائر، في التحذير عن الكبائر.
٢٥.روض الزهر، في مناقب ال سيد البشر.
٢٦. الجوهر الاسني، في الصلاة المشتملة علي اسما و الله الحسني.
٢٧. تنوير الضمير، في الصلوات والتحيات المشتملتة علي اسما و البشير النذير.
٢٨. راحة الارواح في الصلوات والتحيات المشتملين علي خصائص حبيب الملك الفتاح.
٢٩. ازهار الخمائل في الصلوات المشتمله علي الفضائل والشمائل.
٣٠. الفتح الالهي: في الصلاة المشتملة علي المناهي.
٣١. كشف الآسف في الصلاة علي سيد اهل الشرف.
٣٢. عقد الجوهر في الصلاة والسلام علي الشفيع المشفع في يوم الحشر.
٣٣. فتح الرزاق، في اذكار دفع الاملاق وجلب الارزاق.
٣٤. اوثق العري، في الصلاة والسلام علي خير الوري.
٣٥. الاغراب، نظم قواعد الاعراب[52]

ئەوەی ئەیەوێت زیاتر لەم گەورەپیاوە بکۆڵێتەوە لاپەڕەکانی کتێبە بەنرخەکەی شێخ محەمەدی خاڵ الشیخ معروف النودهی البرزنجی هەڵبداتەوە زانیاری تەواوی تێدایە.

دیسانەوە شێخ مارفی نۆدێ، تەواوکردنی دانراوەکانی:

بەڕێز شێخ مەحمودی شێخ کاوەی شێخ لەتیفی حەفید چەند پەڕەیەک کە لە تەسەوف و ڕەوتی نیشتمانی دەر هاتووە بۆ ناردم بە سوپاسەوە. دوای ئەوە خۆشم ئەو کتێبەم دەست کەوت. دەستخۆشی لە نووسەرەکەی ئەکەم.

لە سەرەتادا، هەر بە ناوی حەزرەتی شێخ مارفەوە.

بەعەرەبی کە فەرموویەتی و ئەمە وەرگێڕانییەتی بەکوردی ئەمەیە کتێبی نظم الفرائض کە ناردمە خزمەت شێخەکەمان عەلامەی تۆپزەر و لێکۆڵەر شێخ محەمەد ئیبن ئەلحاج کە سەیری بکات، نووسراوێکیشم ئاوێتە کرد، بەکورتی هەردووکیانی بە بالاترین شێوە هەڵدا- تقریظی

٥٢ سەرچاوەی پێشوو

کردن لە جوانی و ڕێک خستنیاندا بە جۆرێک لە ڕشتەیەکی مرواری هەرەسەنگین و لەوپەڕی ڕێکوپێکیدا، داینـاون، ئیبنالحاجیش دیـار و ناسـراوە چ ڕەخنەگرێک و ڕاستگۆیەکی ئەوتۆیـە هیچ کەس لەمەوپێش نەیگەشتووەتێ.

هەر لەوچەند پەرەیەدا کە ژمارەیان لە ٧٢-٧٥.

تێکڕای بابەتەکانی بەرگی یەکەم بەم جۆرە دەست پێ دەکات،

- سەرەتایەک لە ژیاننامەی شێخ مارف.
- چوار کۆپلەی خەتی تەسبیح.
- چوارده بەیتی تێهەڵکێش.
- کـۆی سـەرجەم قەسـیدەکانی شـەش سەدوهەشتاوهەشـت بەیـت شـیعرن. لـە ل٢٧ تـا ل٣٠ نـاوی سـەرجەم بەرهەمەکانـی شـێخی تۆمـار کـردووە، کـە ٥٣ دانـراون و بـەم شـێوەیە ناویـان هاتـووە،

-الأحمديـه ترجمـه الكلمـات العربيـه بالكورديـه. تاكـو ئەگاتـه ژمـارەی ٥٣- وسـيله الوصـول الـى علـم الاصـول.

مـن وەک لـە سـەرەتادا باسـم کـرد. ٣٥ کتێبـم بـە ناوەکانیانـەوە نووسـیوە کە لە کتێبـە بەنرخەکەی بەهەشتیی شێخ محەمـەدی خاڵم وەر گرتـووە. ئەمـەش پاشماوەی ئـەو کتێبانـەی تـری شـێخ مارفـە کە لـەم چەند پەڕەیـەم وەر گرتـووە، کـە بـەڕێز شـێخ مـەحمود بۆی نـاردوم،

- تخميس قصيدة أنعم عيشا
- تخميس قصيدة بانَتْ سُعاد
- تخميس قصيدة بردة المديح
- تخميس قصيدة لاميةالعجم
-تخميس القصيدةالمضرية
- تخميس قصيدة الهَمزيةَ البويصرية غير كاملة
-تخميس قصيدة يا مَنْ يَري
- زاد المعاد في مسائل الاعتقاد
شرح نظم الاستعارات
قصيدةمطلعها (اي أصل جمله ي كائنات)
قصيدة مطلعها (يا دليل الركب الي نجد قم فقد لاحتْ طيبة الفيحا).
القطوف الداني في حروف المعاني
الفريدة في العقيدة:
فتح الموفق في علم المنطق
السراج الوهاج في مديح صاحب المعراج
كشف البأسا و باذكار الصباح والمسا و

نظم الرسالة العضدية في الوضع
وسيلة الوصول الي علم الاصول
- البرهان الجليي في مناقب الامام علي
- تنوير العقول في أحاديث مولد الرسول
-تنوير القلوب في مديح علام الغيوب
ايضاح المحجة وأقامة الحجةعلي الطاعن في نسب سادات البرزنجه.

شێخ مارف لە زانستە جۆربەجۆرەکانی وەک نەحو، سەرف، مەعانی، بەیان، بەدیع، وەزع، ئاداب، بەحس، مونازەرە، فیقە، حەدیس، ئوسوڵ، عەقاید، عەروز، قافیە، فەرائیددا بە شیعر و پەخشانی عەرەبی فارسی، پتر لە شەست دانراوی هەیە کە لەنێوانیاندا هەر ئەحمەدی بە هەڵبەستی عەرەبی- کوردییەوە داناوە. شاعیریەتی شێخ مارف لە هۆنینەوەی بابەتە زانستیەکاندا دەر کەوتووە، بەڵام وەک شاعیرانی تر توخنی پەخشانی کوردی نەکەوتووە. هەمیشە هاودەنگی دەوڵەتی عوسمانی و والییەکانی بەغداد بووە. ڕابەری تەریقەتی قادری بووە. ئارامگەی لە گردی سەیوانە[٥٢].

لەپاڵ دیواری ئارامگەی سلێمان پاشای بابانداشاردراوەتەوە، تا لەم دواییەدا گومەزی جیاوازی لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە بۆ کرا.

بەڕێز شێخ محەمەدی خاڵ کتێبی الشیخ معروف النودهی البرزنجی به عەرەبی نووسیوەتەوە، کە زانیاری تەواوی لە بابەت شێخ مارف و هەموو دانراوەکانی تێدایە.

فەرهەنگی ئەحمەدی بە ناوی کاک ئەحمەدی کوڕیەوە بە عەرەبی-کوردی داناوە بەگوێرەی سەرچاوەکان جەنابی شێخ مارف لەلایەن میرەکانی بابانەوە ئەوپەڕی ڕێزی لێ گیراوە. (ج.ب).

٥٢ سەرچاوە: عەقیدەی ئیمان- عەقیدەی کوردی. لوبیەلعەقیدە. ئاشناکردن و لێکۆڵینەوە: کەمال ڕەئوف محەمەد. ل١٣٦- ١٣٩

مەولانا خالیدی نەقشبەندی
مەولانا خالیدی شارەزووری نەقشبەندی[٥٤]

خالید- کوڕی ئەحمەد کوڕی حسێنە. دەگوترێت لە باوکەوە چۆتەوە سەر پیاوچاکی ناسراو پیر میکاییلی شەش ئەنگوست، لە دایکەوە گوایا ڕیشەی دەچێتەوە سەر پیاوچاکی ناسراو پیرخدری شاهۆیی.

ساڵی ١١٩٣ک/- مانگی کانوونی دووەمی ١٧٧٩ز لە ئاوایی زەردیاوادای، قەرەداخی سەر بە باژێڕی قەڵاچوالان- سلێمانی مەڵبەندی بەبەدا هاتۆتە دنیاوە.

سەرەتای ژیانی خوێندنی، چوونە بەر فێرگەیەک کە قورئانی خەتم کردووە. هەروەها المحررى ئیمامی ڕافعی لە فیقهی شافیعی و المتن الزنجانی لە بابەتی سەرفدا، هەروەها شتێکی لە ڕێزماندا خوێندووە.

پێش خۆناسین-باڵقبوون- باڵادەست بووە لە دانانی پەخشان و هەڵبەست و شیعری فارسیدا دواتر خولیای گەشت بووە بۆ زانست وەرگرتن و فێربوون. چووە بۆ زەهاو و حەلوان و لە لای زاناکانیاندا، شرح الکمال علی متن الشافیە ئیبنولحاجیبی خوێندووە. ئەوجا گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و لە ئێرەدا و لای زانای گەورە شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجەیی بابەتی "شرح الکمال علی متن الکافیە"ی ئیبنلحاجیبی خوێندووە، هەروەها لە لای زانای گەورە محەممەد ساڵحی تەڕەماری شتێکی لە بابەتی "شرح الجامی" لەمەڕ هەردوو زانستی نەقڵی و عەقڵی خوێندووە. هەروەها لە لای زانایان شێخ ئیبراهیمی بیارەیی فی الادب والوضع من وسائلە و هێندێکی لە زانستی مەنتیق خوێندووە. هەروەها لە لای زانایان شێخ عەبدولڕەحیمی بەرزنجەیی برای شێخ عەبدولکەریم و لە لای شێخ عەبدوڵڵای خەرپانییش خوێندویەتی.

خالیدی فەقێ لە ئەوە بە دواوە جارێکی دی ئاڕەزووی گەشتکردن و زانست و وەرگرتنی بووە. لە سەرەتای ساڵی ١٢١١ک/ ١٧٩٦ز.دا ڕووی کردۆتە کۆیە و هەریر و دەوروبەریان و

٥٤ سەرچاوە بەکورتی (عەقیدەی ئیمان- عەقیدەی کوردی لوبیەلعەقیدە. نووسینی مەولانا خالید و ئاشناکردن و لێکۆڵینەوەی. کەمال ڕەئوف محەمەد – چاپخانەی ئاراس ٢٠٠٤.

لە لای زانا مەلا عەبدولڕەحیمی زیارەتیی ناسراو بە مەلا زادە. کۆتایی ساڵی ١٢٢٦ک/١٨١١ز گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و خەریکی ڕێبازنوێنی و کاری زانستانەی لە زانستەکانی نادیارو دیار- باطین و ظاهردا بووە.

لە ئەم دەمەوە ڕووداوی، ناکۆکیی مەولانا خالید و شێخ مارفی نۆدێی ڕابەری ڕێبازی قادری ڕووی داوە بە ڕادەیەک لە لای فەرمانڕەوای وڵاتی بەبە- عەبدولڕەحمان پاشا. قسەی خراوەتە پاڵ گوایا داوای ویلایەت دەکات، سەرئەنجام لە یەکەم چارەکی ساڵی ١٢٢٨ک/ ١٨١٣ز. دا زوێر بووە و تۆراوە و ڕووی کردۆتەوە بەغداد و لە فێرگەی ئەلئەحسائییەی ناسراو بە تەکیەی خالیدیدا جێگیر بووە و کە ئەوێ دەمێ والی بەغداد سەعید پاشای کوڕی سلێمان کەهیا فەرمانڕەوا بووە و گەلێک ڕێزی گرتووە و لە ئاستی ناکۆکییەکەدا، لایەنگری بووە و لەسەری کردۆتەوە.

ئەو هەر هەتا ساڵی ١٢٣٢ک/ ١٨١٦ز ماوەتەوە و ئەوێ دەمێ مەحمود پاشای کوڕی عەبدولڕەحمان پاشای فەرمانڕەوای بەبە، هاتووە بۆ بەغداد و تکای گەڕانەوەی لێ کردووە بۆ سلێمانی و لە پارەی حەڵاڵی خۆی، مزگەوت و خانەقای بۆ دروست کردووە و خەرجی خۆی و موورید و شاگردانی گرتۆتە ئەستۆی خۆی و گوند و جۆگەی وەقف کردووە، بۆی بڕیوەتەوە ئیدی هاتۆتەوە و دەستی بە ڕێنمایی و فێرکردنی زانست کردووە، بەڵام سەرلەنوێ زوێر بووە و بۆ دووەم جار، لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٨٢٠ز.دا ١٢ی موحەڕڕەمی ١٢٣٦ک ڕووی کردۆتەوە بەغداد و تەکییەی خالیدییە. نامەکانی خۆی بەڵگەن کە لە ئەو ماوەیەدا دیدەنیی کۆشتانەکانی سلێمانی کردووە و موریدانی مەحمود پاشای بەبە و براکانی کۆششیان کردووە و بیگێڕنەوە بۆ سلێمانی، بەڵام نیازەکەیان بێئەنجام بووە.

لە ساڵی ١٢٣٨ک/١٨٢٢ز بەغدادیشی چۆڵ کردووە و شامی هەڵبژاردووە بۆ حەوانەوە. لە ئەوێدا بە دەستووری جارانیەوە ڕەفتاری کردووە، دوای ماوەیەکیش چووە دیدەنی بۆ قودس، ئەوجا سەرلەنوێ چۆتەوە بۆ حەج و هاتۆتەوە بۆ شام. شەوی هەینی ١٤/١٣ی زیلقەعیدەی ١٢٤٢ک/ ١٨٢٧/٦/٧ز، بە پەتای ڕشانەوە مردووە و لە بەرزاییەکانی چیای قاسیێون-تەل ئەلنووردا ئەسپاردەی خاک کراوە.

مەلا- مەولانا خالیدی شارەزووری نەقشبەندی کە گەلێک نێوناسی(نازناو) دی وەک ئەبولبەها زییائوددین زیلجەناحەین- ابو البها و زی النجاحینی بەسەردا بڕاوە، گەلێک لایەنگر و خەلیفەی هەبووە، کە وێنەی زانا نووسەرەگەورەکانی هاودەنگ و ڕێبازی نەقشبەندی. ڕێبازێکی سۆفیگەریی ئیسلامییە لە سەرتاسەری کوردستان کاریگەریی هەبووە و هەرچەندە ئێستا شەپۆلی شارستانی خەریکە کوردستان ئاودێر دەکات، بەڵام ئەم ڕێبازە خواناسییە هێمنە هێشتا هەرچێی خۆی لەناو کەمینە کەسانێکی کورددا پاراستووە. جگە لە تەریقەتی نەقشبەندی، تەریقەتی قادرییش لە کوردستان موریدی خۆی هەیە. جێی ڕێزە کە ئەو دوو ڕێبازە سۆفیزمە بەجووتە توانیویانە سنوورەکانی خێڵەکی ببەزێنن و لەناو چەندین هۆزو تیرە و بنەماڵەی

جیاوازدا ڕەگ دابکوتن.

ئەو دەستور و نەریتەی کە ئێستا لەناو دەروێشەکانی ئەو ڕێبازە سۆفییەدا پەیڕەو دەکرێن، تا سەدەی چواردەیەم لە کوردستاندا نەبوون. هەرچەندە تەریقەتی نەقشبەندی کە لە ناوەڕاستی ئاسیادا دروست بووە، بە ناوی بەهاددین نەقشبەندی بوخاری ١٣١٨-١٣٨٩ کراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو کەسایەتییە دامەزرێنەری تەریقەتەکە نەبووە. بەڵکو تەنیا شێخێکی تەریقەتەکە بووە، کە چاکسازیی زۆری تێدا کردووە. عەبدولخالق غوژدەوەنی کە خەڵکی نێزیکی بوخارا بووە، دەستپێکی ئەم ڕێبازی داهێناوە و لە ١٢٢٠دا مردووە هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە هەندێک لەتەکنیککاریی ویرد و ئەورادی ئاینی بودا لە ڕێبازی نەقشبەندیدا هەیە.

تەریقەتی نەقشبەندی لە هیندستان و ئەنادۆل پەرەتەی کرد و پاشان پەرەی سەند.

مەولانا خالید ١٧٧٨- ١٨٢٦ کە خەڵکی کوردستانی باشوور بووە. لە ١٨٠٨، بۆ خوێندن و ئیجازەوەرگرتن سەفەری هیندستانی کردووە و سەری لە دەهلی داوە و لەوێ ئەو تەریقەتەی وەر گرتووە.

هەروەها کتێبی هەورامان و مەریوان کە چەند لاپەڕەیەکە کە لە کتێبی نور الانواری سید عبدالصمدی تووداری کە لە ١٠٩٩ هیجریدا نوسیویەتی و محمدی مەلا کەریم وەری گێڕاوەتە سەر کوردی لە لاپەڕەی ٦دا ئەڵێت، "تەریقەتی نەقشبەندی لەمێژە لە کوردستاندا هەیە و ئەوە ڕاست نییە کە مەولانا خالیدی نەقشبەندی یەکەمین کەسە گەیاندوویەتیە کوردستان."

سەرچاوە زۆرە لە بابەت مەولانا خالیدەوە، من ئەم نووسینەی مامۆستا نەوشیروان مستەفاشم هەڵبژارد کە نوسینێکی چڕوپڕە[٥٥].

ساڵی ١٢٢٨ک/ ١٨١٣ز، م. خالید سلێمانی جێ هێشت چووە بەغداد، لەوێ کەوتە ئیرشاد و دەرسوتنەوە. لەوێش لە ماوەیەکی کورتدا جێگای خۆی کردەوە، کاتێک کە سەعید پاشای والیی بەغداد کوژرا و داود پاشا بە یارمەتی هێزەکانی مەحمود پاشای بابان شاری بەغدادی گرت و بوو بە والیی بەغداد و شارەزوور و بەسرە. مەحمود پاشا بینی م. خالید پایەیەکی زۆر بەرزی لە بەغداد هەیە، تکای لێ کرد بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی. م. خالید گەڕایەوە، بۆ ڕێزلێنان، مەحمود پاشا مزگەوت و خانەقایەکی بۆ بوونیادنا، تا ئیستاش بە ناوی خانەقای م. خالیدەوە ناسراوە، بوونیادنانی خانەقا کە ساڵی ١٨١٧ ز بوو خوالێخۆشبوو شێخ محەمەدی خاڵ بە هیمەتی خۆی و پیتاکی دانیشتوانی شار نۆژەنی کردەوە و هەر ئەو خانەقایەیە، کە حەزرەتی نالی لە شیعرەکەیدا لە یادکردنەوەی شاری سلێمانی لە هەندەرانەوە ئاماژەی بۆ کردووە. (ج.ب) م. خالید زانایەکی گەورەی ئایینناس و ڕابەری تەریقەتی نەقشبەندی لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوو، هەزاران مورید و مەنسوب و خەلیفەی هەبوو. بە فارسی و عەرەبی و کوردی، بە هەردوو زاراوەی گۆران و بابان شیعری داناوە، دیوانەکەی چەندین جار چاپ کراوە و چەندین کتێب و پەراوێزی لە زانستەکانی دین و ڕێوشوێنی تەریقەتدا نووسیوە.

٥٥ ١٣٥-٧ و ١٣٦-٧ میژووی سیاسی کتێبی سێیەم نەوشیروان مستەفا.

م. خالید ڕەنگە یەکەم کەس بێت، کە بناغەی نووسینی پەخشانی کوردی بە زاراوەی بابان دانابێت. عەقیدەنامەی کوردی، لوببی عەقاییدی بە پەخشان نووسیوە، دوای ئەویش شێخ حوسەینی قازی ١٢٢٥- ١٢٩٢/ ١٨١٠-١٨٧٥ مەولونامەی بە پەخشانی کوردی نووسیوە، بە چاولێکەری ئەم دوو نامیللکە کوردییە، مەلاکانی کورد، چەندین عەقائید و مەولوودنامەی تریان بە زمانی کوردی نووسیوە یەکێک لەوانە شێخ عەبدولسەمیعە (ج.ب).

م. خالید پێش بوونی بە مورشیدی تەریقەت چەندین شیعری لە ستایشی میرەکانی بابان داناوە. بەتایبەتی ستایشی بوونیادنەری شاری سلێمانی برایم پاشا و ستاییشی ئەورەحمان پاشا. هەروەها ناخۆشیی دەربڕینی میرەکوژراوەکانی بابان بەتایبەتی بۆ سەلیم بەگی کوڕی مەحمود پاشا کە لە زرێبار لە شەڕی والیی بەغداددا کوژرا.

م. خالید هەوڵی داوە یەکێتی لەناو میرەکانی بابانداا پێک بێنێت. مەحمود پاشا و عوسمان بەگی برای و عەبدوڵڵا پاشای مامیان ڕێک بخات، پەیمانێکیان پێ ببەستێت. ئەمانە هەرسێکیان لە بەردەمی مەولانا خالیددا بە قورئان و تەلاق و خەنجەر سوێند ئەخۆن کە خیانەت لە یەکتری نەکەن، هەرکاتێک نامە لە والیی بەغداد یا حاکمی کرماشانەوە بۆ یەکێکیان بێت، لە یەکتری نەشارنەوە و لەبەر دەمی م. خالیددا بیکەنەوە. پێناچێت مەولانا خالید باوەڕی بە پەیمانەکەیان بووبێت. وەکو خۆی لە نامەیەکیدا بۆ داود پاشای نووسیوە عەبدوڵڵا پاشای مامیان بەداخەوە پەیمان و سوێند و قورئانی هەموو شکاند، بەوەدا نامەیەکی لە حاکمی کرماشانەوە بۆ هاتبوو، قسەی نەکردبوو، بەڵام هەر لە حاکمی کرماشانەوە کە نامە بۆ عوسمان بەگ هات. یەکەم کەس بوو کە خەبەری دا (ج.ب).

ساڵی ١٢٣٠ک/ ١٨٢٠ م. خالید بە هۆی نائارامی سیاسی و ناکۆکیی ناوخۆی میرەکانی بابانەوە یەکجاری سلێمانی بەجێهێشت ڕوەو بەغداد. دوای ئەوەی مەولانا بوو بە شێخی تەریقەت شیعری ستایشی بۆ هیچکام لەمیرەکانی بابان دا نەناوە، چونکە بەتەمای هیچ دەستکەوتێکی دنیایی نەمابوو. ڕەنگ هەیە هیچ کەسێیان بەشایستەی ستایشی نەزانی بێت. بەپێچەوانەوە، نامەکانی بۆ مەحمود پاشا نووسیون، پڕن لە گلەیی و ئامۆژگاری خۆزگە ناوەڕۆکی ئەو نامانەمان دەست ئەکەوت، وەک چۆن نامەکانی شێخ مارفی نۆدێ بۆ والیی بەغداد لە کتێبی الشیخ مەعروف النودهی البرزنجی خوالێخۆشبوو شێخ محەمەدی خاڵ بڵاوی کردنەوە. (ج.ب) تەنانەت کە مەحمود پاشا داوای گەڕانەوەی کردووە بۆ سلێمانی م. خالید بێپێچوپەنا، داواکەی ڕەت کردۆتەوە، داویەتیە بەر لۆمە و پلار ساڵی ١٨٢٢/١٢٣٨ز لە بەغدادەوە چووە بۆ شام و لەوێ جێگیر بووە.

سەرەئەنجام بە نەخۆشی تاعون لە تەمەنی ٥١ ساڵیدا لە ڕۆژی ٧ ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٢٧ دا وەفاتی کردووە، لە شاخی قاسیون نێژراوە. قسەیەکیش هەبوو، گوایە مەولانا خالید لەژێرەوە هەوڵی گۆڕینی حوکمی بابانی داوە، تاکو خۆی دەسەلاتێکی میلەو دینی بگرێتە دەست، بەڵام سەر نەکەوت و قسەکە بڵاو بووەوە... بۆیە نەک هەر سلێمانی، بەڵکو عێراقتشی بەجێ هێشت.

ئیبنوئادەم[٥٦]

محەممەد- ئیبنوئادەمی باڵەکی- کوڕی عەبدوڵڵا باڵەکییە. لە زانست و زانیندا گەورەترین زانای باڵەکە، ساڵی ١١٦٤ک/١٧٥٠ز لە گوندی ڕۆستی باکووری گەڵاڵەی سەر بە باژێڕی ڕەواندز لەدایک بووە. لە ئەوێشدا پێ گەیشتووە و لەسەر دەستی کۆمەڵێک زانا خوێندوویەتی وەک، زانای گەورە محەممەد کوڕی عەبدوڵڵا بایەزیدی کە ئیجازەنامەی پێ داوە. لە نامەیەکی دەستنووسی خۆیدا – سلسلة الذهب کە ساڵی ١١٩٢ک/١٧٧٨ز دای ناوە، ژینی خۆی دەنوێنێت و دەبێژێت، "لە تەمەنی سی ساڵاندا خوێندنی زانستەکانی ئیسلامی تەواو کردووە و پەراوێزی بۆ هێندێکیش داناوە، ئەوجا خووی داوەتە زانین." مامۆستا محەمەدی خاڵ دەڵێت، "زۆر هۆگری گەشت بووە، بۆ وێنە ساڵی ١١٩٢ک/ ١٧٧٨ز چووە بۆ مەهاباد بۆ فێربوونی فارسی کە لە ئەو هەلانەدا مامۆستا و نووسەر بووە. دواتر، وێ دەچێت تا دوای ١٢٠٥ک/١٧٩٠ز لە گوندی وێڵزێدا ژیا بێت و ئەوجا ڕووی کردبێتە ڕەواندز کە میر محەممەد پاشای کۆر داخوازی بووە، بەڵام دوای چەند ساڵێک دیاری نەکردووە کەی؟ لەگەڵ پاشا تێک چووە و ناچار لە گوندی ڕۆستدا جێگیر بووە. لە ئەم شوێنەشدا زۆربەی دانراوەکانی داناوە. مەلا وەیسی کوڕی مەلا عەبدوڵڵا کە وەچەی خۆیین دەڵێ، لەساڵی ١٢٦٠ک/ ١٨٤٤ز. دا کۆچی کردووە. ئیبنوئادەم دوانزە کوڕی هەبووە، هەندێکیان لە زانست و داناندا باڵادەست بوون. ئیبنوئادەم لە ڕۆژگاری خۆیدا گەلێک زانا و مامۆستا و دۆستی هەبوون، لە ڕیزدا، مەلا یەحیای مزووریی، شێخ مارفی نۆدێی بەرزنجەیی، مەلا عەبدولڕحمانی جەلیی، مەلا عەبدوڵڵای خەرپانیی، مەلا عەبدولڕەحمانی ڕۆژبەیانی، عەبدوڵڵای گەڵاڵی، عەلی دووسانی، مەلا محەممەدی خەتی، کە ئەم سییانەی دوایی وێڕای مەولانا خالید شاگردی بوون. بە قسەی زانا، مەسعود محەممەدیش، حاجی قادری کۆیش هەروەها. ئیبنوئادەم پەیوەندییەکی زانستیانەی بەهێزی لەگەڵ شێخ مارفی نۆدێیدا هەبووە. بۆ بەڵگە لەسەر مەنزوومەکانی نۆدێیی کفایە الطالب نظم کافیە- ابن الحاجب مصباح الخافیە فی شرح الکافیەی نووسیوە. هەروەها ئەم پیاوە پەیوەندی لەگەڵ ئەورەحمان

٥٦ ل٩٦-٩٧ عەقیدەی کوردی لێکۆڵینەوەی کەمال ڕەئوف محەممەد.

ئیبنوئادەم[٥٦]

محەممەد- ئیبنوئادەمی باڵەکی- کوڕی عەبدوڵڵا باڵەکییە. لە زانست و زانیندا گەورەترین زانای باڵەکە، ساڵی ١١٦٤ک/١٧٥٠ز لە گوندی ڕۆستی باکووری گەلاڵەی سەر بە باژێڕی ڕەواندز لەدایک بووە. لە ئەوێشدا پێ گەیشتووە و لەسەر دەستی کۆمەڵێک زانا خوێندوویەتی وەک، زانای گەورە محەممەد کوڕی عەبدوڵڵا بایەزیدی کە ئیجازەنامەی پێ داوە. لە نامەیەکی دەستنووسی خۆیدا – سلسلة الذهب کە ساڵی ١١٩٢ک/١٧٧٨ز دای ناوە، ژینی خۆی دەنوێنێت و دەبێژێت، "لە تەمەنی سی ساڵاندا خوێندنی زانستەکانی ئیسلامی تەواو کردووە و پەراوێزی بۆ هێندێکیش داناوە، ئەوجا خووی داوەتە زانین." مامۆستا محەمەدی خاڵ دەڵێت، "زۆر هۆگری گەشت بووە، بۆ وێنە ساڵی ١١٩٢ک/ ١٧٧٨ز چووە بۆ مەهاباد بۆ فێربوونی فارسی کە لە ئەو هەلانەدا مامۆستا و نووسەر بووە. دواتر، وێ دەچێت تا دوای ١٢٠٥ک/١٧٩٠ز لە گوندی وێڵێدا ژیا بێت و ئەوجا ڕووی کردبێتە ڕەواندز کە میر محەممەد پاشای کۆر داخوازی بووە، بەڵام دوای چەند ساڵێک دیاری نەکردووە کەی؟ لەگەڵ پاشا تێک چووە و ناچار لە گوندی ڕۆستدا جێگیر بووە. لە ئەم شوێنەشدا زۆربەی دانراوەکانی داناوە. مەلا وەیسی کوڕی مەلا عەبدوڵڵا کە وەچەی خۆیین دەڵێ، لەساڵی ١٢٦٠ک/ ١٨٤٤ز. دا کۆچی کردووە. ئیبنوئادەم دوانزە کوڕی هەبووە، هەندێکیان لە زانست و داناندا باڵادەست بوون. ئیبنوئادەم لە ڕۆژگاری خۆیدا گەلێک زانا و مامۆستا و دۆستی هەبوون، لە ڕیزدا، مەلا یەحیای مزووریی، شێخ مارفی نۆدێی بەرزنجەیی، مەلا عەبدولڕحمانی جەلیی، مەلا عەبدوڵڵای خەرپانیی، مەلا عەبدولڕەحمانی ڕۆژبەیانی، عەبدوڵڵای گەلاڵی، عەلی دووسانی، مەلا محەممەدی خەتی، کە ئەم سییانەی دوایی وێڕای مەولانا خالید شاگردی بوون. بە قسەی زانا، مەسعود محەممەدیش، حاجی قادری کۆیش هەروەها. ئیبنوئادەم پەیوەندییەکی زانستیانەی بەهێزی لەگەڵ شێخ مارفی نۆدێیدا هەبووە. بۆ بەڵگە لەسەر مەنزوومەکانی نۆدێیی کفایە الطالب نظم کافیە- ابن الحاجب مصباح الخافیە فی شرح الکافیەی نووسیوە. هەروەها ئەم پیاوە پەیوەندی لەگەڵ ئەورەحمان

٥٦ ل٩٦-٩٧ عەقیدەی کوردی لێکۆڵینەوەی کەمال ڕەئووف محەممەد.

پاشای بابانیشدا هەبووە. ئیبنوئادەم زانایەکی هەڵکەوتوو بووە. لە زانستەکانی کەلام، مەنتیق، سەرف، بەلاغە، حساب، ئەندازە دانراوی بەنرخی هەیە کە تێکڕا هەموو سیوشەش دانراون، هەڵبەستی بە کوردی و عەرەبی داناوە.

ئیبراهیم فەسیح حەیدەری وتوویەتی لەناو ئەو زانایانەی لە منداڵیدا پێیان ڕاگەیشتووم و میوانی ئەسعەد حەیدەری باپیرم بوون. زانای هەڵکەوتووی دنیا، سەرکەوتوو بەسەر هەموو زانا و پیرانی عێراقدا، خاوەنی چەند دانراوی بەنرخ پیری هەمووان لە هەموو شتێکدا مەولانا محەممەد ئیبنوئادەمی کوردە.

شێخ عەبدوڵڵای خەریانی[٥٧]

کوڕی سەید ئیسماعیل کوڕی سەید محەممەد کوڕی سەید عەلی کوڕی سەید خدر، کوڕی سەید ئەویسی، کوڕی سەید نوورەدین، کوڕی سەید مستەفا، کوڕی سەید سەلاح، کوڕی سەید عەوز هەتا دەگاتە ئیمام هەمزەی کوڕی ئیمام مووسای کازم.

ڕیشە و بنجی نیشتەنیی کەسوکاری دەچێتەوە بۆ گوندی تەکیەی سەر بە قەرەداغ. وێ دەچێت خۆی لە گوندی خەرپانی سەر ڕێگەی هەڵەبجە-بیارە و لە دەوروبەری ١١٥٩ک/١٧٤٦ز لەدایک بووبێت.

خوێندنی قورئان و سەرەتاکانی نەحو و سەرفی لە لای بابی خوێندووە. چەند شوێنی دی گەڕاوە، وێنەیان گوندی تەرەمارە. نێوناسی ئیبنوزەبیحی لە بابییەوە هەڵگرتبوو، بەڵام بە خەرپانی نێوبانگی بەرز بووەوە زانایەکی هاوڕۆژگار و دۆستی شێخ عەبدولقادری موهاجیر، شێخ مارفی نۆدێی، شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجەیی، شێخ مستەفای قازی سلێمانی، شێخ عبدولڕحیمی بەرزنجەیی بووە.

شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی لە ١٢١٦ک/ ١٨٠١ز مامۆستای فێرگەی گوڵعەنبەر بووە شەجەرە نامەیەکی مۆری هێندێک زانای باسکراوی بەسەرەوە هەیە، شێخ مارفی نۆدێی بەرزنجەیی- برایانە- ئیجازە نامەیەکی لە هەموو زانستێکدا کە خۆی لە زەینوعابدینەوە وەری گرتووە، بە قەڵەمی خۆی بۆی نووسیوە.

شێخ عەبدوڵڵا لە چەند شوێنێکی وەک، گوڵعەنبەر و لە هەڵەبجەدا مامۆستایەتی کردووە. هەروەها لە ساڵی ١٢٣٦ک/ ١٨٢٠ز.دا کە مەولانا خالید سلێمانی چۆل کرد لە فێرگە و خانەقاکەی مەولانادا جێگیر بووە، ٣-٥ ساڵێکی تێدا ڕابووردووە ئەوجا گەڕاوەتەوە بۆ هەڵەبجە.

شێخ عەبدوڵڵا لای پاشا و میرزادەکانی بەبەوە، ئیبراهیم پاشا، سلێمان پاشای خالید پاشا و ئەحمەد پاشا بڕای، عەبدولڕەحمان پاشا، مەحموود پاشاوە ڕێزلێگیراو بووە. دووەم و سێیەم یادگارییان هەیە کە کتێبیان لەسەر وەقف کردووە، هەروەها ئەوان بەرووبوم ڕووباری (دەلێن)

---

٥٧ ل٩٤-٩٥ عەقیدەی کوردی، لێکۆڵینەوەی کەمال ڕەئوف محەمەد

و مالـوان و گوندەکانـی تەوێلـە و خەرپانـی و کولـەزێ و شـوێنی تریـان لەسـەر فێرگەکـەی و خۆیشی وەقف کردووە، کە هەتا جەنگی یەکەمی گێتی بەدەست نەوەکانییەوە بوو.

سـەرچاوەکانی باسـەکان، محمـد الخـال – محمـد فیضـی الزهـاوی مفتی بغداد، مجلـه المجمـع العلمـی العراقـی- ٥م،س ١٩٥٨، ص١٢٤، هامـش٢. هەروەهـا محمـد علـی قەرەداغـی- الشـیخ عبدالله الخرپانـی مـن خـلال مخطوطـات مکتبتـه- مجلـه المجمـع العلمـی الکـردی، ٢م،ع٢،س١٩٧٤ ص٢٣٩-٢٧٥.

جێگـەی باسـه هـەر بـه ڕۆشـنایی ئـەو سـەرچاوانە گەلێـک شـاگردی هەڵکەوتـووی هەبـووە وەک، مەولانـا خالید، نالیی شـاعیر، زانـا مـەلا عەبدوڕەحمانی نۆدشـەیی، مـەلا ئەحمـەدی موفتیی نۆدشـه، مـەلا سـادقی تەوێلەیی، محەمـەد فەیزی زەهاویی، مـەلا یووسـفی نشـاریی، مـەلا ئەحمـەدی هەڵەبجەیی، مـەلا مەعرووفی دەربەنـد فەقەرەیی ناسـراو بـه ئیبنوتالیـع، مـەلا یاسـینی تەوێلەیی.

شێخ عەبدولڕەحیمی بەرزنجەیی[٥٨]

بـرای شـێخ عەبدولکەریمـی بەرزنجەیی باسـکراوە. ژیـن و بەرهەمـی زۆر دیـار نییـە، دۆسـتی هاوڕۆژگارەکانـی، شـێخ مارفـی نۆدێـی، مـەلا عەبدوڵـلای خەرپانـی بـووە.

خاوەنـی: اصفـی المـوارد- ص٣١، ستاییشـی کـردووە و شـیعری بەسـەردا هەڵـداوە، ئەمـە وێنەیەتـی:

مَنْ لعبد الرحیم في البحث حاذا
ولَکم شَذَّ للنوادر حاذا
وأرانا العلومُ تفترّ ثغرا
مَنْ رأه یقول مالي وهذا
لاتطع فیه عاذلاً باذ واسأل
من الي ما أجراه في الدّرس باذا
فهو فاروق کلّ بحث وانْ کنتُ
اراهُ للهاربین معاذا
ما لقوم قد أنکروا علویا
قد تسامي باحمد لاقباذا

هتد...

خاوەنـدی حلیـه البشـر ج٢،ص٨٤٢-٨٤٤، ستاییشـی کـردووە و سـاڵی مردنـی ١٢١٢ک/١٧٩٧ز داناوە. ئەمـەش هەڵەیـه و دواتـر کۆچـی دوایـی کـردووە و هەتـا سـاڵی ١٢١٦ک/١٨٠١ز هـەر زیندوو بـووە و لـه فێرگـەی گوڵعەنبـەردا مامۆسـتا بـووە، کـه بەڵگـه و مـۆری خـۆی بـه شـەجەرەنامەیەکی مـەلا عەبدوڵـلای خەرپانییـەوە هەیـه.

٥٨ ل٩٣ عەقیدەی کوردی. کەمال ڕەئوف محەمەد

مەلا ئیبراهیمی بیارەیی[٥٩]

خاوەنی، علماؤنا فی خدمەالدین ص٢٤-٢٥، لێی گووتووە، کوڕی مەلا ئیسماعیلی مامۆستای گوندی بیارەی سەر بە ئاوایی گوڵعەنبەر-خورمال بووە. لە ١١٨٥ک/١٧٧١ز لە لاوییدا بۆ زانستفێربوون گەشتی کردووە، لە ئەم هەلەدا بابی مردووە. بۆ جێگەگرتنەوەی بابی پتر خوێندوویەتی و لەلای شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجەیی و لە سلێمانیدا خوێندنی تەواو کردووە. میرانی بەبە-بابان ڕێزیان گرتووە و فێرگەیان بۆ ئاوەدانکردۆتەوە. دەگێڕنەوە لە زانستەکانی بەلاغە، وەزعدا شارەزا بوو بێت لە ئەوانەش لە زانستەکانی نەقلی و عەقڵیدا بالادەست بووە. هاوڕۆژگاری زانایان، شێخ عەبدوڵلای خەرپانی، مەلا جەلالی خورماڵی بووە. دوو کوڕی مەلا حسێن و مەلا تاهیری هەبووە، یەکەمیان مەلا مستەفا و مەلا تەیبی بووە. مەلا مستەفایش مەلا عەزیزی بووە، کە جێگیری قازی گوڵعەنبەر بووە. مەلا ئیبراهیمی بیارەیی لە دەوروبەری ١٢٥٠ک/١٨٣٤ز.دا مردووە، خاوەنی، حلیە البشر- ج١،ص٤٥-٤٦ ستاییشی کردووە و دەڵێت لە ساڵی ١٢٢٠ک/١٨٠٥ز، یا لە ١٢٩٠ک/١٨٧٣ز.دا مردووە کە بێگومان بەرامبەر سەرچاوەی پێشوو، کەوتۆتە هەڵەوە.

خاوەنی، اصفی الموارد- ص٣١، ستاییشی کردووە، کە بە مەلا- مەولانا خالیدی خوێندووە، شیعریشی بەسەردا هەڵداوە، ئەمە وێنەیەتی:

علّم سما للعلم أعلي ذروة شمختْ علي الأعلام والاوطاد
مغني اللبيب يفيد كلّ مطوّل تلخيصه في مجمع الأيراد
مفتاح ايضاح لمعني مزتج مصباح مفتقر الي الامداد
منْ عابه في الدرس قال مقرراً يحيي الدروس بذهنه الوقاد
هو روضه لكن كمائم روضه لمْ يخلها يوماً من الاوراد
ذكر الربيع فقال يا أم اشكري مني ربيعاً للبويظي الهادي

خاوەنی، التعریف بمساجد- ص٣٣ دەگێڕێتەوە، لە ساڵی ١١٩٩ک/١٧٨٤ز کە ئیبراهیم پاشای بەبە سلێمانی ئاوەدان کردەوە، مەلا ئیبراهیمی لە گوندی مەڵکەندیدا بە مامۆستا داناوە.

---

٥٩ ل٩٢ عەقیدەی کوردی. لێکۆڵینەوەی کەمال ڕەئووف محەمەد

شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجەیی[٦٠]

کوڕی ئەبیلقاسم کوڕی حەسەنی بەرزنجییە، کتێبی حلیە البشر- ج٣، ص٧٥٤ لە ناوهێنانی شێخ تەهای کوڕی شێخ عەبدول ڕەسوڵی کوڕی بایەزیدی شافیعی موسەویدا دەڵێت، ئەم زانایە لە لای عەبدولکەریم و عەبدولڕەحیمی کوڕانی ئەبیلقاسم کوڕی حەسەنی بەرزنجەیی خوێندویەتی!

خاوەنی، علماؤنا –ص٣١٢ دەڵێ، "کوڕی شێخ قاسم کوڕی شێخ حسێن کوڕی شێخ بایەزید کوڕی شێخ ئیسماعیل کوڕی شێخ بابا ڕەسووڵی بەرزنجیە." مامۆستا محەممەدی خاڵ مجلە المجمع العلمی العراقی-م٥، س ١٩٥٨، ص٢٧.ە دەڵێت، "لە دەوروبەری ساڵی ١١٤٠ک/ ١٧٢٧ز لە گوندی بەرزنجەی سەر بە سلێمانیدا لەدایکبووە." لە ساڵی ١٧٩٨ز. بە پەتای ڕشانەوەکەی سلێمانی مردووە و لە ئەو گۆڕستانەدا نێژراوە کە ئێستە ناوی هەڵگرتووە. مەولانا خالید بە قەسیدەیەکی فارسیی بۆ کۆچی دوایی لاواندۆتەوە.

قەسیدەکەی مەولانا خالید ساڵی مردنەکەی بەم شێوەیە ڕاگرتووە،

بني تأريخهم ربّ الرحيم

كفاكم خالدا النعيم = ١٢١٣ک واتە ١٧٩٨ز

بنۆڕە، یادی مەردان – ج١، ل٥٩٥.

التعريف بمساجد- ص ٣٨ دەڵێت، "مەلا ئیبراهیمی بیارەی زانا، شاگردی بووە". هەتا ئێستەش هەوالّی بەرهەمی دانراوی ئەم زانایە ئاشکرا نییە، کە دەسەلاتی زانستی بنوێنێت بەلاّم قەدر و حورمەتی بە ئەودا دیارە، فێرگە- مزگەوتی عەبدولڕەحمان پاشای بەبە ئەسپاردەی هەڵداوە. بۆ وێنە دەڵێ:

وشريف نراه علماً عليا ولطيف الذكا قويم القياس
سيروه علماً فألفوه بحراً فائض الدُر طيّبُ الانفاس
فبتحقيقه أبانّ محيا من بحوث تغنيّ عن النبراسِ

٦٠ ل٩٠ عەقیدەی کوردی. مەولانا خالیدی نەقشبەندی لێکۆڵینەوەی کەمال ڕەئووف محەممەد.

أعاذلّ في الآكراد لم يك مثلهُ اذا قيلَ مَنْ للمشكلات يَحلّها
اذا رِوضة الابحاث صوح نبتها سقاها من الافكار جوداً يطلها
يداوي كلوم المعُضلات بفكرة سريعَ الي جُلّ المسائل حلّها
سما كلّ منْ خلفاهُ بَذرَ البلدة وإن كان سعداً بالحظوظ يحلها
أجل اولي التحقيق في حَلبةِ اذا قيلَ هل خربت فهم يدلّها هتد...

شێخ محەمەد قەسیم[٦١]

کوڕی شێخ ئەحمەدی دووەم، کوڕی شێخ مەحمود کوڕی شێخ ئەحمەد، کوڕی شێخ مستەفای تەختی، کوڕی شێخ شەمسەددینی یەکەم، کوڕی شێخ عەبدولغەفار، کوڕی گوشایش، کوڕی شێخ محەممەدی مەردۆخی، لە ساڵی ١١٤٣ک / ١٧٣٠ز، لە باژێڕی سنەدا لەدایکبووە.

لە ساڵی ١٢٤٣ک / ١٨٢٣ز، هەر لەوێدا کۆچی دوایی کردووە. خوێندنی لەنێو خانەدانەکەیەوە دەستی پێ کردووە، ئەوجا لە لای زانایانی وەک، مستەفای سۆرانیی بالیسانی، شێخ محەممەد شێخ ئیبراهیمی عەلیجی داغستانیی و هتد... زنجیرە مامۆستاکانی گەورەیە و جێگەی نابێتەوە. گەلێک زانای دواڕۆژ شاگردی بوون وەک، مەلا عەلی زێباریی بنۆرە، علماؤنا – ص٤٣٥ – ٤٣٨. التعریف بمساجد- ص١٥ دەڵێت، لە ساڵی ١٢٣٦ک / ١٨٢٠ز. دا مردووە، ئەمە بەڕاست نازانرێت، خاوەنی، اصفی الموارد – ٣٩، بە ستاییشەوە شیعری بەسەردا هەڵداوە، وێنەی ئەمەیە:

بوجهِ سنندج أمسي منيرا
كبدرٍ لاحَ في أفقٍ وهلاَ
وسلَّ علي يد الإبداع سيفاً
فعادت بعد ذاك السلُّ شلاَ

هتد...

خاوەنی، التعریف بمساجد – ص٤٨ دەڵێت، لە گەڕاندنەوەکەی مەولانا خالید بە سنەدا بۆ سلێمانی، ئەم زانایەش بووە بە موریدی.

سەرچاوەکان، الحدیقە الندیە- ص٣٢، اصفی الموارد- ص٤٠. التعریف بمساجد، ص٣٧،٣٨ لە ناوهێنانی فێرگە و مزگەوتەکانی ئەو ڕۆژگارەی سلێمانیدا، دوو مزگەوت فێرگەی گەرەکی گوێژەی سلێمانی نیشانداوە،

– مزگەوتی عەبدورڕەحمان پاشا، کە شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجەیی یەکەم مامۆستای

٦١ ل١٠٢ عەقیدەی کوردی. مەولانا خالیدی نەقشبەندی لێکۆڵینەوەی کەمال ڕەئوف محەمەد

بـووە و دوای مردنـی مەولانـا خالیـد جێگـەی گرتوتـەوە.

- مزگەوتـی میـری میـران عبدولڕەحمـان پاشـا، کـە خۆیشـی دەرسـی تێدا گوتوتـەوە. دوایـی ئـەم نێوەی لەسـەر لا بـراوە و بـە مزگەوتـی سـەید حەسـەنی موفتیـی ناوبـراوە(*).

* ئـەم مزگـەوت- فێرگەیـە دەبێت نـاوی عەبدولڕەحمـان پاشـای بەبـەی لێ بنێرێتـەوە، چونکە هـەم دامەزرێنـەر بـووە و مامۆسـتایەتیی تێدا کـردووە. کتێبخانەکـەی ئەوقافیـش کـە ئەسـڵەن بـە یـادگاری بەبەکانـەوە زیندووە، دەبێت نـاوی بگۆڕدرێت بۆ کتێبخانـەی بابـان، تەنانـەت ئـەو باڵەخانەیـەش کـە لـە ئـەم فێرگەیـە دابڕاوە دەبێت هەمـان نـاوی لێ بنرێت. پێشـم وایـە، کاتـی خـۆی بەعسـی دوژمـن بەئەنقەسـت ئـەو باڵەخانەیـەی قـوت کـردەوە کـە هیـوام هەیـە دواڕۆژ بڕمێت و بخرێتـەوە سـەر مزگەوتەکـە و جوانتـر ئـاوەدان بکرێتـەوە، دەبێت بشـزانرێت ڕەسـمەن بەعس دژی هەمـوو ڕەمزێـک بـووە کـورد بنوێنێت و هەروەهـا پەیکەرتاشـینیشـی لـە کوردسـتاندا قەدەغەکردووە (ک.ر).

مەلا مەحموود غەزایی[٦٢]

کوڕی محەممەد غەزایی- محەممەد کوردەی غەزایی، کوڕی دانیال، کوڕی محەممەد غەریب، کوڕی پیر بەکر، کوڕی سوبحان، کوڕی محەممەد مەنسووری بڵباسی، کوڕی سادق کوڕی سادقی باب(*).

کوڕی بیلال کوڕی، ئیبراهیم و شاژن عەنبەرخاتوونی کیژی پاشا بەدری کورده، پاشای خۆرماد- خۆرمال لەپێش ٥٣٠ / ١١٣٦ز، دا بنۆرە، کاروان – ژ٥، حلقە تأریخیە خاوەنی، حلبە البشر- ج٣، ص١٤٨٢ ستاییشی کردووە و بە مەلا مەحمود کوڕی غەزایی کوردی، سلێمانی بە شافیعی ئەشعەری نیشانی داوە و پتر دەڵێ گوایە، لە ساڵی ١٢١٢ک/ ١٧٩٧ز.دا لەدایک بووە، کە ئەمە هەڵەیە، سەرچاوەی دی بەدەستەوە نییە هەموو ژینی و بەرهەمی ڕوون بکاتەوە، اصفی الموارد- ص٣٥ ستاییشی کردووە و شیعری بەسەردا هەڵداوە. ئەمە وێنەیەتی:

يا طالباً تحفَ العلوم عليك ما
يروية محمود من الآثار
كم جوهرٍ ابدي بحلقة درسه
ترويه عنه عواطل الافكار

* ڕەنگبێت یەکێک لەم ئەم دوو سادق ناوە، کوڕ و باب، ئەو شێخ سادقە بێت کە موناجاتەکەی بۆ خالید پاشای میری بابان کۆچکردوو لە باژێڕی ئۆرفە، ١١٥٦ک/ ١٧٤٣ز. دا گوتووە! و هەر ڕەنگبێت سادقی کوڕیشی بێت. بابی ئەم زانایە کە لە لای، حلیە البشر- ج٣، ص١٤٨٢ بە غەزایی کوردی سلێمانی شافیعی ئەشعەریی ناوبراوە، لە گەڵێک سەرچاوەشدا هەر بە محەممەد کوڕی غەزایی ناسراوە. ئەم هەستە پاکەی دەچێتەوە سەر ڕیشەی خانەدانە دێرینەکوردەکەی پاشایانی کوردی خۆرماد- خۆرمال. ئەم شەجەرەیەش، کە وەک باسم کرد لەسەر لاپەڕەکانی قورئانێکی

٦٢ عەقیدەی ئیمان. کەمال ڕەئووف محەمەد ل١٠١

پیرۆز بۆ پشتاوپشت نووسراوە، لە لای نەوشیروان مستەفا ئەمین.

– هەرچەندە پێم گوت من لەگەڵ ڕای نیم، بە دەستکرد و تازەبابەت و بۆ مەبەستێک لە قەڵەم دراوە کە ئەو ڕایەی پەسەند نییە. کۆنەدەستنووسێک لەسەر لاپەڕەکانی قورئانی پیرۆز بەڵگەیەکە بۆ پیرۆزی و قەدەغەبوونی دەستکاری و پاراستنی ڕاستی، کە ڕەنگبێت لەسەر لاپەڕەی قاقەزی تردا بوونایە، لەمێژ بوو کوێر دەبوونەوە، دەفەوتان.

مەلا عەبدولڕەحمانی جەلی[٦٣]

کوڕی مەلا عەبدوڵڵای یەکەم، کوڕی مەلا محەممەدی ناسراو بە مەلا زادە کوڕی ئیبراهیم کوڕی مەلا حەسەن، کوڕی میرزا مەلا ئەبوبەکری دانیشتووی گوندی گڵاس – بێگەلاسی ناوچەی پشدەر. مێژووی لەدایکبوونی تەواو ڕوون نییە و وێدەچێت لە دەوروبەری ١١٤٠ک/ ١٧٢٦ز. دابێت و لەناو خانەدانەکەیدا دەستی بە خوێندن کردووە. ئەوجا بۆ زانست گەڕاوە، بۆ نموونە، لە لای محەممەدی کوڕی خدری حەیدەری- کۆچکردووی ١٧٦٤ز. خوێندوویەتی و ئیجازەی وەر گرتووە، دوایی لە گوندی جەلیی نزیک چیای ئاوەگردی باکووری کۆیەدا جێگیر بووە. لەسەر خواستی عەبدولڕەحمان پاشای بەبە هاتۆتە کۆیە و فێرگەی بۆ ئاوەدان کراوە و ڕێزی لێ گیراوە. مەلا عەبدولڕەحمانی جەلیی کۆمەڵێک دانراوی چاپنەکراوی هەیە، وەک پەراوێزەکانی لەسەر، شرح مولانا الجامی علی کافیه ابن الحاجب، حاشیة الملا الیزدی فی المنطق، شرح العقائد النسفیه للتفتازانی، المختصر والمطول فی علم البلاغه، شرح جمع الجوامع، شرح مختصر المنتهی، شرح منهاج البیضاوی فی اصول الفقه، المنح المکیه فی شرح القصیده الهمزیه- الشیخ احمد بن حجر الهیشمی، فتح المبین- الاربعین النوویه، أشکال التأسیس فی الهندسه، شرح الجغمینی هەروەها لە اثبات الواجبدا نامیلکەیەکی هەیە و ڕوونی کردۆتەوە. هەروەها لەسەر خلاصه الحساب- بها والدین العاملی و پەراوێزی دی لەسەر خلاصه البیضاوی و تحفه المحتاج- ابن الحجر خاوەنی، الیهجه السنیه دەگێڕیتەوە، الحدیقه الندیه چاکترین کتێبە بۆ نواندنی تەریقەتی خالیدی نەقشبەندی، پتر دەڵێت، "جارێکیان مەولانا قەددەسیرەهوو پرسیاری لێ کردم، فەرمووی، 'چیی بۆ موریدەکان دەخوێنێتەوە؟' گوتم، 'کتێبی الحدیقه الندیه.' فەرمووی، 'ئایا عیبارەتەکانی ڕەوانن؟' گوتم، 'لەدنیادا ڕەوانتر نییە؟' فەرمووی، 'هەموو عیباراتی منە تەواو.' نهێنی لە ئەمەدا ئەوەیە، مەولانا خۆی هەموو وشەیەکی بۆ الحدیقه الندیه گێڕاوەتەوە" وەک مامۆستا محەممەدی خاڵ دەڵێت، خاوەنکتێبەکە هەر ڕیزی کردووە و ڕێکی خستووە هەر لە ئەم سەرچاوەیەوە، ڕستەیەکی یەکگرتوو لە بابەت مامۆستا جەلییەوە دەگوترێت،

٦٣ ل٩٧-١٠٠ عەقیدەی کوردی. مەولانا خالیدی نەقشبەندی لێکۆڵینەوەی کەمال ڕەئوف محەمەد.

١- ڕحل الى نواحى كۆيى و حرير ڕووى كرده ئاواييەكانى كۆيە و هەرير.
٢. قرأ شرح الجلال على تهذيب المنطق بحواشيه على ملا عبدالرحيم الزيارى المعروف بملا زاده، ئەو كتێبە و پەراوێزەكانى لە لاى مەلازاده خوێندووە.
٣. وأخذ فى تلك النواحى غير ذلك من غيره/ لە ئەو دەوروبەرانەدا چشتى دى لە كەسانى دى وەر گرتووە و خوێندوويەتى.
٤. فعاد الي قصبة(كوية) للاخذ عن العالم العامل الملا عبدالرحمن الجلي / ئيدى گەڕايەوە بۆ كۆيە و خوێندن لە لاى جەلى.
٥. فصادفه مريضا الذي توفي فيه / ڕێككەوتى كرد نەخۆشەو پێى مرد.
٦. ورجع الى السليمانيه گەڕايەوە و بۆ سلێمانى، ئەمە و اصفى الموارد، ص٣٤-٣٥، هەتا دەگاتە، الانوار القدسيه- ص٢٢٥، هەريەكە بە داڕشتنى خۆيەوە هەمان مەبەستيان داوە بەدەستەوە. ئەم ئاوێنەيە بۆ چەند باسێك و لێ وردبوونەوەيان هانم دەدات، وەك،
ئايا مەلا عەبدولڕەحمان جەلى، لە دەوروبەرى ١٢١١ ك يان لە ١٢١٧ك مردووە؟ بۆ ساڵى ١٢١١ك بەڵگەى تۆمارکراو دیارە کە دەڵێت، "هەتا پاش ڕەمەزانى ١٢١١ك كەسێك مانگى قەمەرى بۆ تەواوبوونى ئەو ساڵە و هاتنى ساڵى ١٢١٢ك ماوە. جەلى زادە هەر زیندوو بووە، چونکە عەبدولڕەحمان پاشاى بابان، بە مۆرى خۆيەوە كتێبى صحيح البخارى لەسەر وەقف كردووە ڕەنگبێت هەر بە بۆنەى جەژنى ڕەمەزانيشەوە بە دیارى- بۆى ناردبێت. ڕوونووسكەرەوەى كتێبەكە محەممەد كوڕى شێخ يوسفى كوڕى شێخ مەولانى كوڕى شێخ عومەرى نەوەى ئەويسى قەرەنى، دەڵێت، لە مانگى ڕەمەزانداً لە نووسينەوەى تەواو بوو بنۆڕە، مەسعوود محەممەد حاجى قادرى كۆيى- ج١، ل ٢٥٧ -٢٦٠ كە وێنەى دەستنووسەكەيشى نواندووە. مايەوە سەر ساڵى ١٢٢٧ك، ئايا ئەم ساڵە لە بەرامبەر گفتارەكەى شاگردى مەولانا والحديقه النديەدا كە دەڵێن، "جەلى زادە بە نەخۆشى ديتووە كە پێى مردووە،" ئەوجا گەڕايەوە بۆ سلێمانى پەسەندە؟ مەولانا خالیدى فەقێ كە لە كۆيەوە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانى لە ئەوێ و دەوروبەريدا لە لاى مەلا مەحموودى غەزايى و هيى دى خوێندوويەتى، ئەوجا چووە بۆ بەغداد و شتێكى خوێندووە، ئەوجا گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانى سەردەمى ئيبراهيم پاشاى بەبە، كە داواى لێ كردووە لە فێرگەكەيدا مامۆستا بێت و ئەويش خۆى پەڕاندۆتەوە و پەسەندى نەكردووە، ئەوجا چووە بۆ سنە و لاى مامۆستاى دى، وەك شێخ قەسيمى سنەيى ئەوجا پاش ڕوودانى پەتاى ڕشانەوەكەى ساڵى ١٢١٣ك/ ١٧٩٨ز لە سلێمانى و مردنى شێخ عەبدولكەريمى بەرزنجەيى هاتۆتەوە بۆ سلێمانى و بووە بە مامۆستا لە فێرگەكەى مامۆستا كۆچكردووەكەيدا، ئينجا مامۆستا كەمال بەپشتى ئەم باسانە دەڵێت،
١. دیارە ساڵى ١٢١٧ك تەواو لە جەلى زادەوە دووەە، بە واتايەكى دى مەولانا لە ئەو هەلەدا شاگرد و لە ١٢١٧ك مامۆستا بووە.
ڕاستييەكەى من وەك، حليه البشر كه دەڵێت، "ولم يمضى عليه حتى اختار" واتە جەلى زادە

الاخره دار السلام/ چەند ڕۆژێکی پێ نەچووە، کە ئاخیرەتی ماڵی ئاسوودەیی هەڵبژاردم، پێ ڕاستە کە ئەم ساڵی ١٢١٢ک نیشانە نەکردووە.

٢. ڕستەی واخذ تلک النواحی غیر ذلک من غیره نهێنییەکەی هەر ئەوەی، درەنگتر ڕووی کردۆتە لای مەلا محەممەد ئیبنوئادەمی باڵەکی کە لە ئەو ڕۆژگارانەدا جەلی زادە و ئیبنوئادەم هەرە بە ناوبانگی ئەو دەوربەرانە بوون. لە ئێرەدا پەنجە دەدەم لە نامەیەکی عەرەبیی مەولانا خالید کە لە سەردەمی خوێندنکاریدا بەبێ ناوهێنان، بۆ مامۆستایەکی نووسیوە و ڕستەی (لترصدی) نقلتکم الی المصایف فی القری سەرنجی چوونتانم بۆ کوێستانەکانی گوندەکاندا ئەوە دەنوێنێت کە وێڕای دیاربوونی وەرزەکە، نامەکەی بۆ مامۆستایەکی کوردستاننشین، نەک بەغدادنشین نووسیوە.

وێڕای ئەمەش لە ئەم نامەعەرەبییەی مەولانا خالیدی خوێندکاردا ڕستەی ئادەم بێهوودە دا نەنراوە، کە دڵنیام مەبەستی ئیبنوئادەم خۆیەتی، بزانە نامەکەی چی دەنوێنێت،

بسم الله الرحمن الرحیم

حمداً لمنْ علمَ (ادم) الاسما و تعلیما وکرّمَ نبیَّهُ علی العالمین تکریما واصطفی منهم مُحمداً وعظمهُ تعظیما وصلیَّ الله علیه وعلی یَلَه وسلمَ تسلیما. وبعد فیا من أحوجنی الله الی نواله مع غایة عنای واکرمنی منّ عمیم أفضاله مع نهایة رجا وي والذي سلك بنا مسلك التعلم والتعلیم وإنه قسم لو تعلمون عظیم. إني لم أردّ حینَ إنتقالي من (وطني) الاّ وصالي الي جنابکم ولَمْ انو زمان إرتحالي من مسکني سوي إکتحالي بتراب ابوابکم وإلاّ فالعلما و في أرضنا اکثر من أنْ تُسقصي مع أنَّ جلا و (الوطن) من فرط القتاد اصعب وقد استهلته وصحاب الاحبة من کلّ عذب أعذَبُ وقد إعتزلته. وأما سبب عَدم توقفي بعد ما بلغت ذلك المقام فهو عدم إطاقتي لغلبة الکثرة والازدحام وإنزوا وي في هذه الورطة مسور الاحجار والثري، لم یکن الاّ لترصدي نقلتکم الي المصایف من القري. فالآن أنْ تأمرو بعودنا فنحنُ ڕاجعون قهقري، والاّ فسبیل مجیئنا يري ورضینا من القلم لما جري والسلام.

بنۆرة، بغیة الواحد- الرقعة الثامنه والاربعون، ص ١٨١ هەروەها، یادی مەردان- ج١، الرقعه ٣٤، ص٣٧٨.

٣. ئارەزوو دەکەم خوێندەوار پتر دڵنیای هاتن و چوونەکەی مەولانای خوێندکار بکەم و بەتایبەتی لە لایەکەوە دڵنیا ببێت کە لە کاتی پەتای ڕشانەوەکەی سلێمانی و ئیبراهیم پاشای بەبەدا لە سلێمانیدا نەبووە و دوای ئەو پەتایە گەڕاوەتەوە و بووە بە مامۆستا. هەروەها زەبری پەتاکەشی بناسێت، غرائب الاثر، ص٥١-٥٤ کە پەتاکەی نێو سلێمانی دەخاتە کاتێکی درەنگی ١٢١٣ک-١٧٩٨ز. هەروەها خۆیشی باسی ڕووداوەکانی موسڵی ١٢١٤ک- ١٢٩٥ک، دواتر دەکات. دەڵێت، لە زەیلقەعیدەی ١٢١٤ک- نیسان ١٧٩٩ز. پەتاکە گەیشتە مووسڵ و لە نیوەی سەفەری ١٢١٥ک- ١٨٠٠ز.دا بڕایەوە. لە باژێڕی سلێمانیدا هەژدە هەزار، تەنانەت، دەوترێت بیستوحەوت

هەزار کەسی مراندووە، سێ لاشە و پتر خراونەتە چاڵێکەوە. وێدەچێت پەرێشانی و شپرزەیی زۆر قەوما بێت بۆیە سەگی هار بەر بوونەتە لاشەی مردوو، تەنانەت هێندە بە وەزەن- موزیر- بوون، چل کەسیان کوشتووە. ئیبراهیم پاشای ئەحمەد پاشای بەبەی فەرمانڕەواش ناچار بووە پیاوەکانی بە گوللە قڕیان تێبخەن بە کورتی مەولانای خوێندکار کە لە سنەوە هاتەوە و پەتاکە بڕابۆوە، لە ساڵی ١٢١٤ک-١٧٩٩ز.دا لە تەمەنی بیستوێەک ساڵاندا بووە بە مامۆستا.

بگەڕێنەوە سەر وەفاتی مامۆستای جەلی. بەو بەڵگەنامانەی مامۆستا ک.ر هێناوینیەتەوە. وەفاتی بەهەشتی جەلی ئەبێت دوای ساڵی ١٧٩٧ بووبێت (ج.ب).

شێخ حوسەینی قازی[٦٤]
(١٨١٠- ١٨٧٥ز) (١٢٢٥- ١٢٩٢ك)

کوڕی سەی مەحمودی نەقیب لە پیاوەناسراوەکانی سلێمانی. دەرسی لەسەر دەستی باپیریدا شێخ مارفی نۆدێ خوێندووە.

زانایەکی شارەزا و لێزان و شاعیرێکی خۆڕسک و بەتوانا لە زمانی خۆسکماکی و فارسی و عەرەبی. لەو زمانانەدا شیعر و دانان بە شێوەی هۆنراوەی تألیفی هەیە. کتێبی سراج السالکین بە فارسی هەروەها چیرۆکی صەنعان و تەرسا بە فارسی و مجنون لەیلا بە عەرەبی و مەولیدی نەبەوی بە کوردی.

شێخ حوسەین سالی ١٢٦٩ک / ١٨٥٣ز لەگەل حاجی کاک ئەحمەدی خاڵیدا چوو بۆ بەغداد و وەک میوان لای سەرۆکی مامۆستایان محەمەد فەیزی زەهاوی دائەبەزن. لەو کاتەدا شاعیر عەبدولباقی ئەلعومەری،لە دواشەوی سەفەرەکەیاندا بە یەک شاد ئەبن، بۆیە ئەم شیعرەی بەو بۆنەیەوە وتووە:

شُرِّفَ بغداد كما شُرِفَ ال عرشُ بِنَعْلَيْ جدك الأعلي
دقمودقست شێخ حوسێن وەڵامي نەدانتەوة:
جسمي بجميعه بحق الباقي في الحب غدا منازل الأشواق
أمّا خَلدي فقد غدا ذا لَهَبٍ مِن فِرقَتكم فكيف حال الباقي؟

ئەوەی شایانی باسە سالی ٢٠١٤ د. ڕەئوف عوسمان حکایه لیلی والمجنونی شێخ حوسەینی قازی لە کتێبێکی ٢١١ لاپەڕەدا دەر کردووە وەک دراسە و تحقیق و مقارنە- خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکچواندن، لە سەرەتای باسەکەدا د. ڕەئوف ئەڵێت، "ئەم حەکایەتەی قازی

٦٤ سەرچاوە ل٨٣ کتێبی الشیخ معروف النودهی البرزنجی. نووسینی شێخ محەمەدی خال

و شیرین و خەسرەوەکەی خانای قوبادی بە هەوڵدانێکی ئەدەبیی کاریگەر ئەژمێردرێن لە دەوڵەمەندکردنی ڕاهاتن لەگەڵ حەکایەتی شیعری شێوە داستانی ڕۆژهەلاتی." کورد لە ڕێی ئەم ڕێکخراوە شیعرییانەوە بەشداری لە حەکایەتە ڕۆژهەلاتییەکان کردووە. جگە نیزامی گەنجەوی و جامی و مەکتەبی و هاتفی، هەریەک لە خانای قوبادی و شێخ حوسەینی قازیش، کە ئەو دوو ڕووبارە بەنرخانەش ئەڕژێنە ڕووباری داستانە ڕۆژهەلاتییەکانەوە زیاتر پەرەی پێ ئەسێنن و شەپۆلەکان زیاتر ئەکەن.

شێخ محەمەدی خاڵ[٦٥]
١٠٤٠- ١٠٣٣ك / ١٦٣٠- ١٦٩١ز

لـه دێـی بەرزنجـه هاتۆتـه دنیـاوه. زانیـاری لـه باوکـی و زانایانـی ئـەو سـەردەمە وەر گرتـووە، نووسـین و مۆلفاتـی زیاتـر لـه شەسـت بـەرگ ئەبێت. بـۆ نموونـه قدح الزند فی رد جهالات أهل سرهند و الاشاعه فی اشراط الساعه. جگه لـه وەرگێرانی کتێبی الجانب الغربي، في حل مشكلات ابن العربي. نووسـینی محەمـەد موزەفـەری بەرزنجـی کـه لـه فارسـییەوە کردوویەتـی بـه عەرەبـی وتـراوە، ئـەم بەڕێـزە نوێکـەرەوەی سـەدەی یانزەیـه

حادي عشر قد كان برزنجيُ- مجدداً وشرطه جَليّ

هەر ئەمە کە فەرموویەتی:

جذعان فخري يشهدان بمجدي- جذع هنا قد كان حَنَّ لجدي
ثان ببرزنج بمسجدها الذي- موسي وعيسي أسساه بجد

شێخ مەدەنی کوڕی شێخ عەبدولڕەسول کوڕی شێخ عەبدولسەیدە.

٦٥ سەرچاوە لاپەڕە (٧٤) الشيخ معروف النودهی البرزنجی نووسینی شێخ محەمەدی خاڵ.

شێخ حەسەنی گڵە زەردە[٦٦]
(١٠٨٨- ١١٧٧ک) (١٦٧٧- ١٧٦٣ز)

کوڕی شێخ محەمەدی نۆدێیە. زانایەکی بەڕێز و ڕابەرێکی ناودار بووە. لایەنگر و سۆفیی زۆری بووە. مافپەرستێکی ڕاست و بێغەلوغەش بووە. لە ڕاستیدا بە کردەوە و وتن لە کەس نەترساوە بەسەرهاتەکەی لەگەڵ نادرشای هەوشاردا کە بە کوردستاندا بە لەشکرە گەورەکەیەوە بەرەو موسڵ و بۆ بەغداد تێپەڕیوە و داوای لەم شێخە بەڕێزە کردووە بچێتە لای ببینێت، وەک ئاماژەمان لەمەوپێش هەر لەم کتێبەدا بۆ کرد. شێخ حەسەن نەچووە بەدەنگییەوە بە پێچەوانەوە وەڵامی داوەتەوە و ئامۆژگاری کردووە بەقسەم بکە ڕزگار ئەبیت، شەڕی موسڵ واز لە وێرانکردنی بهێنێت و نەکەیت ڕزگارت ئەبێت، ئەگەر نا سوپاکەت ئەفەوتێن، هەروەها ئامۆژگاریت ئەکەم، تۆبە بکە و لە خوا بپارێرەوە لێت ببورێت پێش ئەوەی بمریت، هەندێک لە خزمەکانت ویستیان بتکوژن.

والسلام.

شێخی پیرۆز ئەم ڕۆشنبیریە یاخود ئەم پێشبینیەی لە ئەستێرەناسی و عیلمی فەلەکەوە دەست کەوتووە و قسەکانیشی بەرامبەر بە نادرشا هەموو ڕاست دەر چوون، درێژەی ئەم باسە زیاتر لەو سەرچاوەیەدا هەیە، کە ئەم زانیاریەی لێ وەر گیراوە کە لە پەراوێزدا ئاماژەی بۆ کراوە. تاکو ئەو نامەی نادر شا بۆ شێخ حەسەنی ناردووە و دەقی هەردوو نامەکەی تێدایە، مێژووی ئەم ڕووداوە ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١١٥٦/ ١٧٤٣ز.

---

٦٦ سەرچاوە : ل٧٥-٧٦ کتیبی الشیخ معروف النودهی البرزنجی نووسینی شێخ محەمەدی خاڵ. چاپخانەی التمدن. بغداد ١٩٦١.

دیسانەوە مامۆستا ئایینیە یلە بەرزەکانی ڕۆژگاری بابانەکان تەنها ناوەکانیان

کورتەباسێک لە بابەت کتێبخانەی بابانەکانەوە و کتێبخانەکانی تری قوتابخانەکان و مامۆستایان و زانا بەناوبانگەکانی سەردەمی بابان.

میرەکانی بابان بە گشتی، هێجگار خۆیان لەگەڵ قوتابخانە و مزگەوت و مامۆستا و خوێنەوار و زانا و زانیاری، خەریک ئەکرد و زیاتر لە خۆیان نزیک ئەخستنەوە. لە هەر مزگەوتێکی وڵاتەکەیاندا زانایەکی ئایینیان دائەنا بە ئیمام و خەتیب و ئامۆژگار و مامۆستا، جێگا و شوێنی وانەوتنەوەیان بۆ دابین ئەکردن و خەرجییان ئەدانێ کتێبیان بۆ پەیدا ئەکردن بە کڕین و ناردنی خەتخۆشی بۆ نووسینەوەی کتێب لەبەر بە جۆرێک مزگەوتێک یاخود فێرگەیەک نەما کتێبخانەیەکی بەقەدر حاڵی تێدا نەبێت.

میرەکانی بابان زیاتر ڕێزیان لە زانیاری و زانایان و زۆرتر فێرگە و کتێبخانەیان دائەمەزراند.

خوالێخۆشبوو شێخ محەمەدی خاڵ لە کتێبەکەیدا الشیخ معروف النودهی باسی ئەو سەنەدی وەقفە ئەکات، کە ساڵی ١٩٣٦ لای سەرۆکی بنەماڵەی بابان عەزمی بەگ دیویەتی، کە سلێمان پاشای قەڵاچوالان هەرچی ملک و زەوی و دێهات و ڕووباری هەیە بەم جۆرە وەقفی کردوون هەرچی زەویوزارم هەیە لە بێستان و ئاش و خانوو و زەوی و جۆگەو دوکان و تیمار، کە بە کڕین کڕیومن یاخود وێرانە بوون و زیندووم کردوونەتەوە لە شارەزوور و دەوروپشتی و لە کۆیە و ئەملاو ئەولای و لە ئەربیل و پێوەندی و لە کەرکوک، لە مەریوان و دێهاتەکانی هەموویانم لەسەر قوتابخانەکانی قەڵاچوالان و مامۆستاکانی قوتابیەکانی و مزگەوتەکانی و لە شارەزوور... و لەسەر ئەو هەتیوە بێکەسانەی لە فێرگەکانی قەڵاچوالان و لەسەر ئەوانەی لە دە ڕۆژی ئاخری مانگی ڕەمەزاندا و ڕۆژگاری تری دیاریکراودا بە بۆنەی ڕۆژووەوە ئیش ناکەن. لەسەر خانەی زیافەت و ئامۆژگاران و ڕاڤەوان و منصف- پۆلێنکەر. لەسەر قوتابخانەی گوڵەنبەر و مامۆستاکانی و قوتابیەکانی و لەسەر قوتابخانەکان و مامۆستاکانی کۆیە و لەسەر

قوتابخانەی هەولێر و مامۆستاکانی و لەسەر ئەو دوو قوتابخانەیەی خۆم کە لە کەرکوک دروستم کردوون، لەسەر قوتابیان و مامۆستایان، ئەوانەی لە بەڵگەنامەدا بە جیا ناوم هێناون لەسەریانم وقف کرد. هەروەها نووسینی تر زۆرە لە کتێبی مێژوودا کە باسی پەرۆشیی بابانەکان ئەکەن بەرامبەر بە زانست و زانایان و بەرەوپێشبردنی ڕووناکبیری و فراوانکردنی جیهانی زانیاری،

لە لایەکی ترەوە هەوڵ و کۆشش و خزمەتی ئەو میرانەی بابان لە پێگەیاندن و پێشکەوتن و خواستی زانیاریدا، ئەمانەش ناوی باقیی ئەو زانا گەورانەیە کە لە سەردەمی حوکمی بابانەکاندا و لە قوتابخانەکانی ئەو ڕۆژگارەی ئەواندا سەریان هەڵدا و دەر کەوتن و لە قوتابخانە بەرزەکانی سەردەمی ڕووناکیی ئەواندا ناویان بە هەموو لایەکدا بڵاو بووەوە.

مەلا ئیسماعیل و مەلا حسێن بیارەیی و مەلا عەبدولقادر و شێخ عەلی و شێخ عەبدول لەتیف ئەمانە هەموو مامۆستای قوتابخانەکانی قەڵاچوالان بوون. مەلا محەمەد کوڕی حاجی حەسەن- أبن الحاج لە قوتابخانەی هەزارمێرد، مەلا موسای ماوەتی لە دێی ماوەت، مەلا جەلالی گوڵعەنبەری لە خورمال، لە دێی خەرپانی، قازی عەبدولکەریم تەڕەماری، مەلا سالحی تەڕەماڕی، مەلا محەمەد کولانی، مەلا حەسەنی قازی سوورداش، مەلا یەعقوب و مەلا محەمەد لە سووراش، محەمەد ئەحمەد شلێری، مەلا ئەحمەد لە هەرمن، شێخ ئەحمەد عەوالان، شێخ عەبدولسەلام و شێخ عەبدول سەمیع تەختی، عەبدولکەریمی سەقزی، عەبدولقادری ئەربیلی، مەلا حسێن ڕەشەکانی، مەلا مەحمودی بێتوشی، شێخ عەبدوڵڵای بێتوشی و شێخ ئەحمەدی بتوشی، مەلا محەمەدی غەزایی، مەلا سمایلی گەلاڵەیی، مەلا یوسف، مەلا محەمەد، مەلا خالید، مەلا وەلی، مەلا موسای تووەکەلە، شێخ عەبدولقادری موهاجیر، محەمەد فەیزی زەهاوی، شێخ محەمەد کوڕی شێخ ئیسماعیل کە لە سەردەمی عەبدولڕەحمان پاشای بابانداقازی بوو، مەلا عوسمانی باڵخی، لە شاعیرەکان: مەلا خدری نالی، سالم، مەحوی، حاجی قادری کۆیی، شاعیری میللی عەلی بەردەشانی[٦٧]

جگە لەوانە، حاجی کاک ئەحمەدی شێخ، عەبدولڕەحمان پاشای بابان، صبغە اللە الحیدری، مەلا جەرجیسی ئەربیلی، عەلی کوڕی زەکی، ئەبوبەکری موسەنیف، کوڕی سەی هدایە تولڵای حەسەنی شاهۆیی پیر خدری، شێخ محێدینی قولە.

٦٧ تا ئێرە لە فهرس مخطوطات مکتبە الاوقاف المرکزیە فی السلیمانیە- الجزء الاول. مکتبە البابانیین. اعداد محمود احمد محمد ١٩٨٣. وەرگیراوە.

کتێبخانە بەناوبانگەکانی تری نەو ڕۆژگارە زمانی تێیدا و نەدەب و ناکاوتن

سەرەتا لە کتێبخانەی بابانەکانەوە دەست پێ ئەکەین، چونکە ڕادەی پێشکەوتن و پێناسەی هەر میللەتێک زیاتر بە کتێب و کتێبخانە و مەدرەسە و خوێندنگای زۆر و پێشکەوتوودا ئەپێورێت. ئەوەی ڕوون و دیارە، میرەکانی بابان، گەلێک پەرۆشی خوێندن و قوتابخانە و مزگەوت و بایەخدان بە خوێندن و خوێندەواران و زیاتر ڕێزیان لە زانا و مامۆستایان گرتووە.

مزگەوت و خوێندنگا و کتێبخانەیان دروست کردووە. هەر لە سەرەتاوە بە زانیاری و ئەدەب دۆست و ئاشنا بوون. بەڵگەش قەڵاچوالانە کە سەنتەری حوکمیان بوو، ئینجا شارۆچکە و دێهاتەکانی کوردستان چەندەها خوێندنگا و مەدرەسە و کتێبخانەیان تیادا بووە. هەر بۆ زانین بەکورتی ئاماژەیان بۆ ئەکەین،

١. کتێبخانە گەورەکەی بابان لە قەڵاچوالان کە شەش هەزار بەرگ مجلدی ئایینی و عیلمی و ئەدەبی تیادابوو.

٢. کتێبخانەی شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی لە دێی خەرپانی سەر بە ناحیەی خورمال کە لە دواییدا گوێزرایەوە بۆ هەڵەبجە[٦٨].

٣. کتێبخانەی تەوێلە، کە زیاتر لە هەزار (دەستخەت –مخطوطە)ی تیادا بوو[٦٩].

٤. کتێبخانەی بیارە[٧٠]، ئەویش زیاتر لە هەزار دەستخەتی تیادا بوو) کە هەموو کتێبی دەستخەتی نایاب لە بابەت زانیاری و زانینەوە بوون.

٥. کتێبخانەی مەلا غەزایی[٧١]، لە دێی گەناو لە پشدەر، کە زیاتر لە دوو هەزار کتێبی دانسقەی دەستخەتی تیادا بوو.

---

٦٨ ل١٢ فهرس مخطوطات مكتبه الاوقاف المركزيه فى السليمانيه

٦٩ ل١٣ سەرچاوەی پێشوو

٧٠ ل١٢ فهرس مخطوطات مكتبه الاوقاف المركزيه فى السليمانيه

٧١ ل١٢ فهرس مخطوطات مكتبه الاوقاف المركزيه فى السليمانيه.

٦. کتێبخانەی گوڵ عەنبەر – خورمال[٧٣].

بابانەکان گەلێک زەویوزاریان لەسەر وەقف کرد مەلا جەلالی بەناوبانگ مامۆستای بوو، مەولانا خالیدیش تایبدا خوێندووە.

٧. کتێبخانەی سوورداش[٧٤]هەر هیچی تیادا نەماوە و هەموو دەستخەتەکانی براوە.

٨. کتێبخانەی بێتووش[٧٤]کتێبی زۆری جۆراوجۆری تیادابووە.

٩. کتێبخانەی مزگەوتی موفتی...و زۆری تریش.

ئەم کتێبخانانە هەموویان لەلایەن میرەکانی بابانەوە سەرەوکاری و یارمەتی دراون، بەڵام بەداخەوە لەبەر چاوتێبڕینی بێگانە. بابانەکان نەیانتوانی بەتەواوەتی بایەخی خۆیان بۆ ئەو کتێبخانانە تەرخان بکەن[٧٥]

بگەڕێینەوە سەر کتێبخانەی بابان لە قەڵاچوالان.

ئەوەی شایانی باسە. دوای بوونیادنانی شاری سلێمانی ساڵی ١٧٨٤ز، ئەو کتێبخانەیە گوێزرایەوە بۆ مزگەوتی گەورە و بەرەوڕووی شێخ مارفی نۆدێدا کرایەوە. کە هەر خۆی لەلایەن میری بابانەوە لە قەڵاچوالانەوە ڕووی لێ نرا کە سەرەوکاری مزگەوتی گەورە و کتێبخانەکەش بکات. بەوەدا کە زانایەکی بەناوبانگ و لە هەمان کاتدا پێشەوای ڕێبازی قادری بوو[٧٦].

کتێبەکانی کتێبخانەی بابان بە ژمارە گەیشتە شەش هەزار بەرگ مجلد لە جۆرەها بابەتی زانیاری و ئەدەبی و لقوپۆپی زانستەکانی تێدابوو.

میری بابان بیبیستایە لە فلانە شاری ئیسلام وەک، قاهیرە، صنعاء، ئەستەمبول، تاران، بەغداد، موسڵ... کتێبێکی عیلمی بەنرخ هەیە.

ئەو زەمانە چاپخانە دەگمەن و جیهازی ئیستنساخ هەر نەبوو، ناچار پیاوێکی خەتخۆشیان ئەنارد بۆ نووسینەوەی، سالێک یا زیاتری پێ بچووایە خەرجی خۆی و ڕێگای و مال و منداڵی لە ئەستۆی میر بوو. ئەو خەتخۆشە تا نووسینەوەی ئەو کتێبەی تەواو ئەکرد، ئەمایەوە و لەو سەرەوە لەگەڵ خۆی ئەیهێنایەوە و ئەخرایە کتێبخانەکەوە، بەوجۆرە ئەو شەش هەزار بەرگە نایابە لە سەرچاوەکانی عیلم و مەعریفەت پێک هات.

زمان، زمانی فەرمی وەک زمانی عەرەبی کە قورئانە. زمانی کوردی ئەو گەشەیەی بەخۆوە نەدیبوو، بگرە زمانی فەرمی هەر عەرەبی، یاخود فارسی بووە.

زمانی ئاخاوتن، زمانی کوردی بووە، بە شێوەی بابان کە جاف و هەورامی و گەرمیانی،

---

٧٢ ل١٢ فهرس مخطوطات مكتبه الاوقاف المركزيه فى السليمانيه.

٧٣ ل١٢ فهرس مخطوطات مكتبه الاوقاف المركزيه فى السليمانيه

٧٤ ل١٢ فهرس مخطوطات مكتبه الاوقاف المركزيه فى السليمانيه

٧٥ ل١٥ مەحمود ئەحمەد محەمەد. ل١٢ فهرس مخطوطات مكتبه الاوقاف المركزيه فى السليمانيه

٧٦ زانیاری زیاتر لە بابەت ئەم زاتە بەڕێزەوە لە کتێبی الشيخ معروف النودهی البرزنجی کە خوالێخۆشبو شێخ محەمەدی خاڵ نوسیویەتی.

لەولاتریشەوە سۆرانی و کرمانج ئەگریتەوە کە بنە و بناغەیان لەگەڵ شێوەی بابانـدا یەکە.

زمانی نووسین، زیاتر عەرەبی و فارسی بووە. کەمتر بە کوردی و دەگمەن بەتورکی. وەقفنامەکەی سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشا. سلێمان پاشای گەورەی قەڵاچوالان، هەروەها نوسینی زانـاکان و مامۆستا گەورەکان و ئایینییەکان یەکێک لەوانە ئەوڕەحمان پاشای بابان خۆی، کە زانایەکی ئایینی بوو، لە مزگەوتەکەی خۆیدا مزگەوتی سەی حەسەن دەرسی بە قوتابی و فەقێ وتوتەوە.

دیارە، دەرسەکە تێکەڵاو بەعەرەبی و ڕاڤەکردنەکەی بەکوردی واتە دەق هەر بەعەرەبی بووە، دوور نییە هەندێک جار کتێبەکە فارسی بووبێت، بەڵام ڕاڤەکردنەکەی هەر هاتوتەوە سەر کوردی، هەر بەم ڕێگایەدا کتێبی مامۆستا و زانایان بەم جۆرە زیاتر عەرەبی و فارسی و دوایی بە کوردی. بە عەرەبی چونکە باسەکان یاخود دەرسەکان عەقڵی و نەقڵی. نەقڵی وەک، قورئان، حەدیس، تەفسیر، فیقهی.

عەقڵی وەک، زانستەکانی کەلام قسە زمان، نەحو، سەرف.

زمانی شیعر و سکاڵا و نامە، بەزۆری کوردی بووە، هێجگار لەم دواییەدا. شیعرەکەی ئەوڕەحمان بەگی سالم بۆ لەناوچوونی میرنشینی بابان و شەهیدبوونی عەزیز بەگی بابان بەرامبەر هەڵسانەکەی دژی عوسمانییەکان.

زمانی فەرهەنگ عەرەبی بووە، وەک ئەحمەدییەکەی شێخ مارفی نۆدێ.

شیعری شەعبی(میللی)، شیعرەکانی عەلی بەردەشانی، بە کوردییەکی جوانتر و کراوەتر بەتایبەتی شیعرەکەی بۆ ئەوڕەحمان پاشای وتووە. مامۆستا هێمن موکریانی بە جۆرێک لە شیعری بەردەشانی ئەدوێت. ئەڵێت، زۆرجار شیعر لە بەردەشانییەوە فێربوم و ئەو مامۆستامە.

شیعرەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بە هەرسێ زمانەکەیە، عەرەبی، فارسی، کەمێک کوردیش.

سنووری میرنشینی بابان- زمان و ئەدەب لەو سنوورەدا، ئەو سنوورە بەگوێرەی ڕۆژگار و دەستڕۆیشتن و هێزی والیی بەغداد و هەروەها هێز و کەسایەتی میری بابان و لووتژەندنی ئێران و کاروباری ڕۆژگار، لە هەڵکشان و داکشاندا بوو. جاری وا هەبوو لە لای باکوورەوە سنوورەکە ئەگەیشتە لای میرنشینی موکریان و لە لای باشوورەوە گەیشتبووە زەنگاباد و زەهاو و چیای حەمرین و بەدرە و جەسسان و مەندەلی و لای خۆرهەڵاتیشەوە ئەگەیشتە مەریوان و بانە و سەقز و سنە. لای خۆرائاواشەوە ئەگەیشتە کۆیە، پشدەر، هەریر، پردێ و هەولێر.

لە دواڕۆژەکانی میرنشینەکەدا، تەواو تەسک بووەوە، مابووەوە ناوچەی سلێمانی و کۆیە. ئینجا بەم حسابە و نەک لەو چوارچێوەیەدا، بەڵکو لەناو شەپۆلێکی بەرفراوانی و چوونەوەیەک و کشان بە هەموو لایەکدا و گرژبوونی سەراسەر، حسابی عیلم و ئەدەب و باری خوێندەواری و زمان. لە سنوورێکی چڕوپڕدا لەبەر تیشکی هەندک سەرچاوە ڕوون ئەکەینەوە.

لە بابەت- باری خوێندەواریی وڵاتی بابانەوە، مامۆستا کەمال ڕەئوف محەمەد[٧٧]، ئاماژە بۆ وەقفنامەکەی سلێمان پاشای قەڵاچوالان ئەکات و ئەڵێت، "ئەو وەقفنامەیە بۆ خۆی بەڵگەیەکی گەشی دڵسۆزیی و پەرۆشی و ڕێزی بابانەکانە بۆ ئایین و زانست و خوێندەواری کە هەتا دوای پاکۆبوونی تەخت و دەسەڵاتیان هەر چاویان تێ بڕیبوو."

ئەحمەد پاشای کوڕەزای ئەوڕەحمان پاشا دوای کارکەنارکردنی و نیشتەجێبوونی لە ئەستەمبوڵ و ئەوجا دامەزراندنی بە والیی وڵاتی یەمەن لەوێوە، خێراخێرا بە بار دەستنووسی دەگمەن و کتێبی زانستەکانی نەقڵی و عەقڵی نایابی بۆ کتێبخانەی بەبە، لە سلێمانی ئەنارد. ئێستاش کۆمەڵێکی بە مۆری خۆیەوە هەڵگیراون.

لە لایەکی ترەوە هەڵکەوتنی گەلێک زاناو شاعیر دیسان بەڵگەی ڕەوانن، زانایانی وەک، مەلا مەحمودی غەزائی، ئیبنولحاج، عەبدوڵڵای بێتوشی، سێوچی، مەلا عەبدولڕەحمانی جەلی، شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجەیی.

شێخ مارفی نۆدیی، مەلا خالیدی شارەزووری کە ئەو دووانە هەردووکیان ڕابەری ڕێبازی قادری و نەقشبەندی بوون، شاعیران، ڕەنجووری، مستەفا بەگی کوردی، مەلا خدری نالی، سالمی ساحێبقران، مەولەوی، مەحوی و گەلێکی دی. کە هەموو بە ئاو و خاک و هەوا و نان و نمەکی ئەم وڵاتە هەڵکەوتوون.

دوای ئەوە مامۆستا کەمال ڕەئوف لە بابەت زمانەوە ئەڵێت، هەندێک لێکۆڵەری ژیر بنج و بناوانی هۆزایەتی میرنشینەکانی موکری، سۆران، بەبە، بەیەکی دەناسی. ئەمەش ڕاست بێت یان نا، جێگەی باس و لێ وردبوونەوەی چڕە، مەبەستی گەورە، زمان و ئەدەبی خەڵکەکەیە، هەر لەسەری ئەڕوات، "لەمەڕ زمانەکە لە سەرەتادا دەڵێم، هەتا ئەوڕۆ، هەر شێوەزمان و یادگاریی ئەدەبی گەل و ئەدەبی نووسراوی هەرسێ میرنشینی موکری، بەبە، سۆران هەیە دڵنیایی زۆر دەبەخشن، ئاخاوتنی شێوەزمانی هەرسیانیان یەکجار لەیەک ئەچن، ئەگەر نەڵێم هەر یەکێک بوون و گەڕی چەرخی ڕۆژگار و دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی جوێی کردوونەتەوە، تێکەڵی هۆز و تیرەی دی هێندێک جودایی تێ خستبن. لە لایەکی ترەوە بڕیار دەرم کە هەردوو شێوەئاخاوتنی بەبە، سۆران بنجەکەیان شێوەی موکرییە، بەتایبەتی تا نیوەی سەدەی هەژدەش زۆربەی یادگاریی ئەدەبی گەل و ئەدەبی نوسراوی چینی هەڵبژاردە پەیوەندی گیانی بەو شێوەیەوە هەبووە و دوایی شێوە ئاخاوتنی وڵاتی بەبە ئەو شێوەیەی گرتووە و چەسپیوە کە ئەوڕۆ ناوی لێ دەنرێت شێوەی سلێمانی.

ئینجا ئەڵێم، ڕاستیەکەی ئەگەر ئەدەبی گەل و ئەدەبی نوسراوی ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی بەبە ورد بکەینەوە-بە نەزم و پەخشانەوە- ئەوە ئەو پەیوەندییە و کاریگەرییەی شێوەی موکری دەبینین.

---

٧٧ عەقیدەی ئیمان. لوبیەلعەقیدە. لێکۆڵینەوەی مامۆستا کەمال ڕەئوف محەمەد

هـەر بـۆ وێنـەی ڕاسـتی قسـەکانی مامۆسـتا کەمـال ڕەئـوف ئـەم بەڵگانـە ئەخاتـە ڕوو، شـێخ صـادق نـاو لـە سـاڵی ١٧٤٣زدا بـە هەڵبەسـت لـە نەزمـی تـردا پارانەوەکـەی مونـاجاتەکـەی بـۆ شـیفای خالید پاشـای بەبـە، یەکـەم وێنـەی ئەدەبـی نوسـراومان نیشـان ئـەدات. ئەمـەش چەند پریشکێکیەتی.

یا ڕەب بەشقی حەبیبان- بەئەسراری نەجیبان- لە بۆ بابی غەریبان- یارەبی بدەی شیفای.

نۆکـەر گردبـوون تەمامـە، دوعایـان بـدەی بەعامـە- خزمـەت لەمـە حەرامـە - یارەبـی بـدەی شـیفای

لـە کۆتاییـدا ئەڵێت، "خالیـد بنـی سـولیمان یارەبـی بـدەی شـیفای، خالیـد پاشـای بـە حوکمـات پاشـای نەبێتن زەلیل، یارەبی بدەی شیفای- یا خالیقی زولمینەن. چون ئەزهاتیم لەوەتـەن دەستم بـڕا لەمەسکەن- یارەبی بدەی شیفای- (سادق) بەندەی کەمتەرین- (یا ارحم الراحمین) یارەبی بدەی شیفای[٧٨]"

دووەم بەڵگـە، بەیتـی سـەرزاری عەلـی بەردەشـانییە بـە بۆنـەی کۆمەڵێـک شـەڕ و ئازایەتـی ئەوڕەحمـان پاشـای بەبـەوە، ڕێککەوتـی سـاڵی ١٨٠٥ز ئاوەهـا ئاخاوتـووە:

تاق و تەنیا تەن، سوبحانی- تۆفیق دەری موستەعانی
خالیق و حاکمی هەموانی- چاك و خراپ خۆت ئەیزانی
ئەزم عەلی بەردەشانی - لەنگم نەکەی دەزبانی
بەیتی دەڵێم بەڕەوانی، فەتحی پاشای کوردستانی
عامیان پاشا، کامیان باشە. شایەد ڕۆمین قزڵباشە
هەرچەند جارێ شیری کێشا عالەم دەهاتنە تەماشا
مەردە ئەوڕەحمان پاشا.
پاشای بەبان جیهانگیری- ڕەنگ ڕۆستەم زاڵی پیری
رانابوێرم بە فەقیری- ناکەم خزمەتی وەزیری.
نانی دەستێنم بە شیریی- بە شیر نەبێ قەت پێك نایە
سوێندم خواردووە بە وەاللەیە، ناچمە سەفەری لە ئەحسایە
یاغی دەبم لە بەغدادیە- یاغی دەبم ئینشاڵڵا
تەوککول و تەعال اللە- ئافەرین و بارەکە اللە
هەی کوڕە بەبینەها اللە...

لێرەدا مامۆسـتا کەمـال ئـەوە دەڵێت، "دەبێت بزانرێت کـە زمـان بـە زەبـری ئایین و دەسـەلاتەوە بـۆ خوێندەواری و فەرمانڕەوایـی هێـز دەگرێت و دەچەسپێت.

٧٨ خالید پاشا، یەکێک بوو لـە پیـاوە هـەرە گەورەکانی بابـان. باوکی سلیمان پاشـا و ئەحمـەد پاشـا و محەمـەد پاشـا و مەحمـود پاشـا. باپیری ئەوڕەحمـان پاشـا و برایـم پاشـا بـوو.

ئینجا مامۆستا کەمال ڕەئوف لە بابەت ئەدەبەوە ئەڵێت، "ولاتی بەبە، هەتا ڕمانی میرنشینەکەی، لە ڕووی سیاسییەوە تا دەگاتە کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، دوو قۆناغی گۆڕین و بەخۆکەوتنی پێشکەوتووانەی بەخۆوە دیوە، کە وێڕای دەسەڵات و توانا وریابوونەوەکەی سەربەستیخواز بووە. قۆناغی یەکەم ڕێککەوتی فەرمانڕەوایی سلێمان پاشای کۆڕی خالید پاشایە، کە لەپاڵ قەدرگرتنی زانست و زانایان و چاودێریکردنی شاگردان، چاویشی بڕیوەتە پشتیوانمسۆگەرکردن، کە پیشەزان و زانایانی بارووتدروستکردنی لە خۆی کۆ کردۆتەوە و ڕەنجی بۆ داوە. وێڕای ئەوەش سنووری دەسەڵاتی بەبەی گەیاندۆتە ئازادکردنی باژێرە گەورەکانی وەک کەرکوک و شارەزوور و تا سنووری مەریوان کشاوە و خولیایەکی بۆ سەربەخۆیی ترسی خستۆتە دڵی عوسمانییەکان و ئێرانییەکانەوە، بۆیە بە جووتە پیلانیان لە دژی گێڕا. بێگومان بنجی وریابوونەوەیەکی لە خانەدانەکەی و ناو خەڵکی وڵاتەکەدا داکوتا، دوای خۆی ڕاگواستنەوەی پایتەخت لە قەڵاچوالانەوە، مایەی ئەوە. قۆناغی دووەمیش ڕێککەوتی بوونیادکردنی سلێمانی لە ١٧٨٤دا، گرنگی قۆناغە لە دوو لاوە دیار و ڕووناکە، لایەکی کاری بوونیادنانی باژێڕ و کردنیشی بە پایتەختی میرنشینی، ئەمە بۆ خۆی وێنەی پێشکەوتنێکی شارستانی، سیاسی، کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیرییە.

لای دووەم، لە ئەو سەرەتایەدا، ئەستێرەی جووتە برا عوسمان، ئەوڕەحمانی کوڕانی مەحمود پاشای بەبە کوژرا و درەوشاوەتەوە بەتایبەتیش لەنێوان ١٧٨٦ز -١٨١٣زدا.

ئەوڕەحمان پاشا، لە ڕووی خوێندەواری و ڕەفتاری سیاسیشەوە هەڵکەوتوو بوو. لەسەر دەستی مامۆستا و زانا بەناوبانگەکاندا پەروەردە بووبوو، لە زانستەکانی نەقڵی و عەقڵی دا پێگەیشتوو بوو. تەنانەت لە فێرگەی خۆیدا مزگەوتی ئەوڕەحمان پاشادا مامۆستایی کردووە و دەرسی بە شاگردان و وتۆتەوە، زانایان، شاعیران، نوسەرانی کورد تا عەرەب گەلێکیان دۆست و نزیکی بوون.

لە ساڵی ١٨١٠ز دا هەرێمی بەغدادی کەوتە دەست. خەڵکانی عەرەب تکایان لێ کرد کە خۆی سەروەر و والییان بێت. بەڵام نیشتمانی نەگۆڕییەوە بە تاجی درەخشان. وەکو چەند میژوونوسێک ڕاپۆرتی کاربەدەستانی عوسمانی دەگێڕنەوە، ئەو ساڵە بە شیری خۆی عەبدوڵڵای خەزنەداری بە والی- پاشای بەغداد دانا. میژوونووسی عەرەب یاسین ئەلعومەری هەرچەندە ناحەزی بووە بە جەببار- دلاوەری کوردی ناساندووە و ناوی بردووە.

بەم جۆرە مامۆستا کەمال ڕەئوف ئەوەی پەیوەندی بە ئەوڕەحمان پاشاوە هەبێت وردورد سەرچاوە میژوونووسەکان گەڕاوە و هیچیانی نەبواردووە. ئەتوانم بڵێم نەک هەر بەرامبەر ئەوڕەحمان پاشا، بەڵکو لە ڕاستی بابان و میرنشینەکەیان، وەک باحث- لێکۆڵەرێکی ورد و زیرەک لە هەموو شتێک دواوە و کۆڵیوەتەوە. لە ڕاستیشدا میژوونوس و لێکۆڵەری ڕاست و وریا ئەبێت وا بێت.

تاکو ئەڵێت، مەبەستی گەورەی ئەورەحمان پاشا، وەکو مێژونووسەکان ئەگێڕنەوە سەربەخۆیی و خۆنەبەستنەوە بووە بە والیی بەغدادەوە و ئامادە بووە پتر باجی سالانە بدات بە سوڵتانی عوسمانی بە مەرجێک هەر سەر بە ئەو بێت. بەڵام چ سوڵتان و چ مەمالیکە نۆکەرەکانی بەغداد و چ ئێرانییەکان هەموو دوژمنی مەبەستی بوون.

تێبینی: دیسانەوە سەرنجی خوێنەری بەڕێز ڕا ئەکێشم بۆ دووپاتبوونەوەی چەند ڕستەیەک لە بابەت سەنەدی وەقفییەی سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشا و شیعرەکەی شێخ سادق بۆ خالید پاشای بابان و شیعرەکانی عەلی بەردەشانی... تا دوایی.

ئەم تەکرارە پێویستی و ناچاری ئەیسەپێنێت بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بۆچوونەکانم و بۆچوونی ئەو بەڕێزانەی قسەکانیانم گواستۆتەوە. (ج.ب)

بەشی شەشەم

شۆڕشی جیۆگرافی میرنشینی بابان لە دراوسێیەتیی ئێراندا بەتایبەت لە حوکمڕانیی نەم دواییەی قاجارەکاندا

پێشەکی، پێش ئەوەی بێمە سەر باسەکە، جێی خۆیەتی ئاماژە بۆ چەند پەندێکی پێشینان بکەم، کە پەیوەندییان لێرەدا بە باسەکەوە هەیە:

"دەستیان لە دەستە، تۆیان مەبەستە."
"دوژمنایەتی زانا، نەك دۆستایەتی نەزان."
"دراوسێ لە دراوسێ، ئەگرێ سەراسێ." سەراسێ، خوو ڕەوشت.
"دراوسێی باش، نەك خزمی خراپ."

نەگبەتیی کورد، لەوەدایە کە خاکەکەی کەوتۆتە بەینی دوو هێزی گەورەی ناحەز و دوژمن بە یەک، یاخود جاهیلستانی ئەو ڕۆژگارە چونکە ئەو دوو هێزە، هەمیشە بە شەڕەشەق و لەشکرکێشیی ناوخۆوە خەریک بوون. کوردیش هەرچەند ئالای ئاگرە سوورێ- لەخۆم دوورێی هەڵبکردایە، بێسوود و پریشکی ئاگرەکە، هەر داوێنی ئەگرتەوە، بەڵکو سووتماکی ئەو ئاگرە بوو.

زۆر جاری وا هەبوو، ئەو دوو دەوڵەتە زەلامەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو دوو ئیمپراتۆریەتە، لەسەر شتێکی بچوک و کارێکی نامۆ، کە بەبیرکردنەوە و بەژیری، هەنگاوێک بۆ دواوە و دوان بۆ پێشەوە، گرێکە ئەکرایەوە و میانەکە تێکشکانی بەخۆوە نەئەدی. بەڵام، نەخێر ئەگەیشتە ڕادەی لەشکرکێشیی گەورە، چەکبەدەست ئامادە بوون، تاکو بالێوزی ڕووس و ئینگلیز ئەکەوتنە

بەینەوە، لە کاتێکدا کە ڕووس دوژمنی هەردوو لایان بوو. چەندەها جار ڕووس و ئێران، ڕووس و عوسمانی داویانە بەیەکدا. لە لایەکەوە، هەردوو لا کە لێیان ئەقەومـا و بەرەنگاربوونـەوەی ڕووسیان لە توانادا نەبوو، ئێران هانای بۆ عوسمانی ئەبرد، عوسمانیش هانای بۆ ئێران ئەبرد، هەردوو لاش درۆیان لەگەڵ یەک ئەکرد و ئاوڕیان لەیەکتر نەئەداوە هەردوو دەوڵەتی گەورەی ئیسلام. گاڵتەیان بەیەک ئەکرد و حەزیان بە تێکشکان و نەهامەتیی یەکتر ئەکرد و لە ئەنجامدا هەر ڕووسەکە سەرکەوتوو بوو.

ئەی کوردەکە؟ عوسمانی کە زیاتر دەستی لە میرنشینە کوردەکاندا باڵا بوو، چونکە لەژێر ئیدارەی ئەودا بوون. ئەویش نەک هەر لەگەڵ بابانەکان و میرنشینەکانی تریی کورددا، بێوێژدان و سووکڕوانین بوو بەرامبەریان ئەمە ئاکاری سوڵتانەکان خۆیان و بەرەو خواریش، کردەوەی والیی بەغداد لە بابەت عەلی پاشا و داود پاشا و سلێمانی بچوک. ئینجا نەجیب پاشا، ئەو نەجیبەی بەرامبەر بە شیعە، کارێکی بە کەربەلا کرد، تەخت و تاراجی تێک دا و ئەوەندەی نەمابوو، شەڕێکی گەورە بەرپا ببێت تاکو دیسانەوە. ڕووس و ئینگلیز کەوتنەوە بەینیان.

ئێران بەکورتی بەرامبەر بە میرنشینی بابان، هەر لە ڕۆژگاری سەفەوییەکانەوە تا نادر شا و دوای ئەو قاجارەکان و دواتر پەهلەوی ڕەزا شا و کوڕەکەی. هەموو بەو جۆرە بوون کە باسمان کردن، کە وا بوو دراوسێی پیاوی ڕەند و جوامێر و خاوەنقسەی خۆ و گفت و پەیمان، خواستی هەموو لایەک بوو، نەک، دراوسێی نالەبار و خۆپەرست و قەیراندروستکەر و بێئاکار و بێشەرم ئێستاش کە سەدەی بیستویەکە، لووت ژەندنە کاروباری کورد لەلایەن ئێرانەوە، لەوسا زیاتر نەبێت هەرگیز کەمتر نییە. شتەکە تەواو بە بەرچاوەوەیە. منیش کە ئەم کتێبە[٧٩] ئەمڕۆ ئەنووسمەوە گوێم لە ئاژانسی دەستێوەردانی ئەو دراوسێیانە گرتووە، کە سیخوڕەکانیان چی ئەکەن؟

٧٩

وتەیەک لە مێژووی ناو ئێران و قاجار – ئەوەندەی پەیوەندی بە میرنشینی بابانەوە هەبێت

مامۆستا محەمەد حەمە باقی گولبژێرێکی جوانی لە بەڵگەنامەی قاجارییەکاندا ١٧٩٩-١٨٤٧ کردووە. بەتایبەتی ئەو ڕووداوە گرنگانەی بەینی ڕوسیا و دەوڵەتی ئێران و عوسمانی وەک جەنگی (١٨٠٤- ١٨١٣ز، ١٨٠٦-١٨١٢ی نێوان عوسمانی و ڕوسیا.

بەڵام کەمتر لە جەنگی ١٨٠٦، ١٨١٣ و ١٨٢٠-١٨٢٢ی نێوان ئێران و عوسمانی و بەتایبەتی لە دوو جەنگەکەی ١٨٠٦و١٨١٣دا کە ڕووداوەکانی هەردووکیان لە قەڵەمڕەوی بابانداڕوویان داوە، هەرچەندە جەنگی ١٨٠٤-١٨١٣ز نێوان ئێران و ڕوسیا بووە مایەی کەمێک بووژانەوەی هەمەلایەنەی سێ میرنشینەکەی کورد، هەرسێکیان پێکەوە لەیەک کاتدا بەتایبەتی میرنشینی بابان و سۆران کەوتبوونە لەشکرکێشی و فراوانخوازی و گەشانەوەی فەرهەنگی و چەکەرەکردن و سەرەتاتکێی بیری ناسیۆنالیستیی کورد و مەترسیدروستکردن بۆ سەر هەردوو دەوڵەتەکە.

دوای ئەوە ئەڵێت، "هەر لەم بڕگە مێژووییەی پەیوەندییان بەم بەڵگەنامانەوە هەیە، گەورەترین دوو ڕێکەوتنامەی نێوان دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی، بۆ سەرکوتکردنی ئەو مەترسییانەی کورد، ڕوویان داوە، کە بە ڕێککەوتنامەی یەکەم، ١٨٢٣ز و دووەم ١٨٤٧ز ئەرزڕۆم ناسراون." سەرەتا بنچینەکانیان تایبەت بوون بە کێشەی کوردەوە.

لە یەکەم ڕێککەوتنامە، ئەوەندەی پەیوەندی بە کوردەوە هەبێت، دوو بابەتی گرنگ بڕیاریان لەسەر درا،

١. ماددەی یەکەمی ڕێککەوتنامەکە تایبەت بوو بە میرنشینی بابانەوە، کە میرنشینی بابان، بەگوێرەی یاسا، لەناو خاکی عوسمانی و سەر بە دەوڵەتی عوسمانیەوە، داوا لە ئێران دەکات دەست لە کاروباری ناوخۆی ئەو میرنشینە هەڵبگرێت.

٢. ماددەی (دووەم) سەبارەت بە هەردوو ئێلی سیپەکی و حەیدەرانلوی کورد بوون، کە بەر

لە ڕێککەوتنامەکە سەر بە ئێران بوون، بەڵام لەسەر داوای خۆیان و بەگوێرەی ڕێککەوتنامەکە بە دەوڵەتی عوسمانییەوە بەسترانەوە، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی ملی بۆ داخوازییەکانی ئێران نەدا و لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٨٢٣ز بەڕەسمی ئێرانی ئاگادار کردەوە، بە هیچ شێوەیەک ئاڵوگۆڕ لە دووبارەدارشتنەوەی ئەو بەندانە ناکاتەوە.

ئینجا مامۆستا دێتە سەر باسی ئەو جەنگەی تەمووزی ساڵی ١٨٢٧ز کە لەنێوان ڕوسیا و ئێراندا پەیدا بوو ئەڵێت، "هەرچی شتەکانی تر بوو، هەموویان پێچرانەوە و ئێران هانای بۆ دەوڵەتی عوسمانی برد و داوای لێ کرد شان بە شانی ئێران، وەک یەک دەوڵەتی یەکگرتووی ئیسلامی، دژی ڕوسیای کافر بجەنگن. کەچی کە هێزەکانی ڕوسیا تەنگیان بە لەشکری ئێران هەڵچنی و خاکێکی زۆریان لە ئێران داگیر کرد، ئەستەمبوڵ بەهانایانەوە نەهات، سەرئەنجام ئێران لەژێر گوشاری ڕوسیادا، لە شوباتی ١٨٢٨زدا پەیماننامەی تورکمانچای ئیمزا کرد. ڕوسیاش کە لەوە دڵنیا بوو ئێتر ئێران ماندوو بووە و هیچی پێ ناکرێت، ئەوسا لە مایسی ١٨٢٨زدا پەلاماری دەوڵەتی عوسمانیشی دا، ئەم جارە دەوڵەتی عوسمانی بە ناوی پاراستنی ئیسلامەوە هانای بۆ ئێران برد، بەڵام ئێران ئەو توانایەی نەمابوو، تەنها شتێک کە بۆ هەردوو لا بەکەڵک بێت لەم کاتەدا ئەوە بوو، کە گرژییەکانی بەینیان بەلاوە بنێن و لەدوای بڕانەوەی جەنگی نێوان ڕوسیا و عوسمانی کە بە ڕێککەوتنامەی ئەدرنەی ساڵی ١٨٢٩ کۆتایی هات، ئەوسا پەیوەندییەکانی بەینی ئێران و عوسمانی بەرەو زیاتر نزیکبوونەوە دەچوو.

دوای ئەوە مامۆستا محەمەد حەمە باقی دێتە سەر بێزاریی دەربڕینی تەواوەتی ئێران دژ بە والیی بەغداد داود پاشا و بابی عالیش عەلی ڕەزای لە جێی داود پاشا ساڵی ١٨٣١ز دانا، هەرچەندە عەلی ڕەزاش ئەوەندە بەتەنگ خواستەکانی ئێرانەوە نەدەهات، بۆیە پەیوەندییەکانی ئێران و عوسمانی بەردەوام لە گرژبوونەوە و خاوبوونەوەدا بوو، بەتایبەتی لە ١٨٤٢زدا کە مەحمود پاشای بابان لە پاشایەتی لا برا و پەنای بۆ ئێران برد و ئێرانیش داوای دانانەوەی کرد، عوسمانیش ئەمەی نەکرد بەڵام وەک جێبەجێکردنی نیوەیی، عوسمانی عەبدوڵڵا پاشای برابچوکی ئەحمەد پاشای لە جێ دانا و ئەحمەد پاشایان بانگ کردە بەغداد و لەوێ هێشتیانەوە.

دوای ئەوە مامۆستای ناوبراو دێتە سەر باسی نەجیب پاشای والیی بەغدادی دوای عەلی ڕەزا کە لە مانگی کانونی یەکەمی ١٨٤٢ز بە بیانووی سەرکوتکردنی یاخیبوونی خەڵکی کەربەلا هێرشی کردە سەر کەربەلا و قەڵوعامی شیعەی کرد و گوایە ژمارەی کوژراوەکانی ئەم هێرشە بە نۆ تاکو بیست هەزار دادەنێن، کە ئەم کوشتارە، دوای مانگێک دەرباری ئێران خرۆشاند و ئێران بەلەشکرێکی (٢٤) هەزار کەسیەوە لە دوو قۆڵەوە بڕیار بوو هێرش بکاتە سەر بەغداد، بۆیە دەوڵەتی عوسمانیش کەوتە خۆی، تاکو لەنێوانیاندا هەردوو باڵیوزی ڕوسی و ئینگلیزی فریا کەوتن وەک ناوبژیکەر، داوایان لە هەردوو لا کرد خۆئامادەکردن بۆ شەڕ ڕابگرن، لیژنەیەکی چوارقۆڵی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان. پێک بێت و بەم جۆرە لیژنەی ناوبراو لە ١٨٤٧/٥/١٥دا لە ئەرزڕۆم بە چەند قۆناغێکی جیاجیا کۆ بوونەوە، دوای مشتومڕێکی

چەند ساڵە، برگەکانی ڕێککەوتنامەکە گەڵاڵە کرا. لە ١٨٤٧/٥/٢دا بە ئامادەبوونی باڵیۆزی ڕوسیا و ئینگلیستان لە ئەرزڕۆم ئیمزا کرا.

دوای ئەو بۆچوون و ڕاڤە و لێکدانەوانەی بەڵگەنامەکان مامۆستا محەمەد حەمە باقی گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە وا، "بە درێژایی مێژووی فەرمانڕەوایی بابان، ئەوەندەی ئەو ڕۆژگارەی ئەم بەڵگەنامانەیان تێدا نووسراوە، لە لووتکەی گەشەکردنی هەمەلایەنەدا نەبووە. چونکە ئەگەرچی لەم قۆناغەدا ١٧٩٩-١٨٤٧ کە ٤٨ ساڵ ئەکات، شاری سلێمانی، کە پایتەختی دەسەڵاتی میرایەتیی بابان و شارێکی تازەدروستکراو بوو. بەڵام لەبەر زۆر هۆ، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، بووە بە مەڵبەندی ڕووتێکردنی زانایان و ڕوناکبیران و شاعیرانی هەرە گەورەی ئەو ڕۆژگارەی کوردەواری وەک شێخ مارفی نۆدێ، ١٧٥٣-١٨٣٨ز و مەولانا خالیدی نەقشبەندی ١٧٧٩-١٨٢٧ز و نالی و سالم و کوردی و دەیان ڕوناکبیری تری کوردەواری کە لە ماوەیەکی کەمدا شارەکەیان گەشاندەوە و کردیانە ناوەندێکی نوێ و زیندوو و بە هەمووشیان فەرهەنگێکی دەوڵەمەندیان خستە سەر خەرمانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی."

لە کۆتاییدا ئەو مامۆستا بەڕێزە ئەڵێت، "میرنشینی بابان بۆ پاراستنی سەربەخۆیی خۆیان هەندێک جار لە دەلاقەی ناکۆکییەکانی بەینی ئەم دوو دەوڵەتە، بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی خۆیان، یارمەتی یەکێک لەم دوو دەوڵەتەیان لە دژی ئەویتر ئەدا، ئیتر حەزیان بکردایە یان نا، ئەبوون بە پاشکۆی یەکێک لەم دوو هێزە و لە ئاکامیشدا پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە دوو سەرەیە، لەباتیی ئەوەی بتوانن سەربەخۆیی میرنشینەکەی پێ بپارێزن، دەبووە مایەی بێزاری و تووڕەکردنی هەردوو دەوڵەتەکە و بیرکردنەوە بۆ لەناوبردنی، هەر لەبەر ئەمەشە کێشەی میرنشینی بابان گەورەترین کێشەی سنووری نێوان ئەم دوو دەوڵەتە بوو.

هەر ئەمەش وای کرد لە هەردوو ڕێککەوتنامەی یەکەم و دووەمی ئەرزڕۆمدا خاڵی سەرەکی مشتومڕەکانی هەردوو دەوڵەتەکە لە کێشەی بابانـدا بگیرسێتەوە.

بۆیە ئەو دوو دەوڵەتە کاری زیاتریان بۆ لەناوبردنی هەموو میرنشینە خۆجێییەکانی کورد کردۆتەوە، بەڵام بەگوێرەی بەڵگەنامەکان زۆرترین لەشکرکێشی هەردوو دەوڵەت کاریان بۆ دروستکردنی کێشە و گێچەڵ و هەڵتەکاندنی میرنشینی بابان بووە[٨٠].

٨٠ ل٧-١٦ میرنشینی ئەردەڵان، بابان، سۆران لەبەڵگەنامەی قاجاری ١٧٩٩- ١٨٤٧ محەمەد حەمە باقی- چاپەمەنی ئاراس. هەولێر ٢٠٠٢

قاجار[٨١]

ئیلی قاجار لەو حەوت هۆزە تورکمانانەی مەغۆلی بوون، کە لە سەدەی سیانزەی زاینیدا، لە کاتی لەشکرکێشی و هێرشی جەنگیزدا لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بەرەو خۆراوا کۆچیان کردووە و وردەوردە لە سەرتاسەری ئێران و نێوان شام و سنووری ئەرمەنستاندا نیشتەجێ بوون.

لە هێرشی حەوت ساڵەی تەیموری لەنگ ١٣٣٦-١٤٠٥دا هۆزەکانی قاجار لە شامەوە ڕووە و خۆرهەڵات بوونەوە و لە دەوروبەری گەنجە و ئێرەوان جێگیر بوون. هەر هۆزێکی ئەم حەوت هۆزەی قاجاریش بوو کە بووە دەسکەلای شا عەباسی گەورە ١٥٨٧- ١٦٢٩ز و دواتر بە ناوی قزڵباشەوە ناوی دەر کرد. لە سەردەمی شاهەکانی سەفەوییشدا، سەرانی ئیلی قاجار بەردەوام پلەوپایەی سەرۆکایەتی و فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردنی هەرێمە گرنگەکانیان دراوەتێ، شا عەباسی گەورە ئەم ئیلەی بۆ پاراستنی شوێنە گرنگەکانی سنوری ئێران بەکار هێناوە، لەم پێناوەشدا کردبوونی بە سێ بەشەوە.

بەشێکیان لە قەرەباغ، لە بەرامبەر لەزگییەکاندا نیشتەجێ کردبوون، بەشە گرنگوسەرەکییەکەشیان بۆ ڕێگری لە پێشڕەوییەنەکردنی تورکمانەکان، بۆ گورگان و ئێران و نێوان ئەستراباد نارد، بەشی سێیەمیان لە بەرامبەر ئۆزبەگەکاندا لە مەروە نیشتەجێ کردن.

بەڵام قاجارەکانی نیشتەجێی گورگان بووبوون بە دوو دەستە، ئەو دەستەیەیان کە لەبەری لای ڕاستی باکووری کەناری ڕووباری گورگان دەژیان، ناویان، بوخاری باش و ئەو دەستەیەشیان کە لە بەری لای چەپی باشووری کەناری ڕووبارەکە ئەژیان ناویان ئیشاقە باش بوو.

ئەم دوو دەستەیە هەمیشە لەسەر جێهەوار و لەوەڕگە، لە شەڕ و ناکۆکیدابوون. نادر شا ١٧٣٦- ١٧٤٧ز لە ڕقی ئیشاقەباش فەرمانڕەواییی گورگانی بە محەمەد حسێن خان ناوێکی قاجاری لە ئیلی بوخاری باش سپاردبوو، ئەمەش هەر ئەو کەسە بوو کە بە فەرمانی ڕەزا قولی میرزا شاتەهماسپی دووەم و دوو کوڕی منداڵی کوشتن.

---

٨١ ٢١ میرنشینی ئەردەلان، بابان و سۆران. لەبەڵگەنامەی قاجاری دا مامۆستا محەمەد حەمە باقی

لە سەردەمی هێرشی ئەفغانەکاندا بۆ سەر ئێران ١٧٢٢-١٧٣٠ز فەتح عەلی خانی قاجار کە سەر بە ئیلی ئیشاقە باش بوو، بە مەبەستی یارمەتیدانی سوڵتان حسێن ١٦٩٤- ١٧٢٢ز بەرەو ئەسفەهان ڕۆیشت. بەڵام بەو هۆیەوە کە داروبارەکەی ئەوێی شێواو هاتە بەرچاو، بەرەو ئەستراباد گەڕایەوە، دواتریش چووە پاڵ شاتەهماسپی دووەم، بەڵام بە هاندانی نادر لەلایەن یەکێکی قاجاری سەر بە ئیلی بوخاری باش کوژرا. فەتح عەلی خان دوو کوڕی هەبوو. یەکێکیان محەمەد حسێن خان کە هەر بەمندالی مرد. ئەویتریان محەمەد حەسەن خان، کە دەبێتە باوکی ئاغا محەمەد خانی قاجار، دامەزرێنەری سەرئەڵقەی بنەماڵەی فەرمانڕەوایان و پاشایانی قاجار[٨٢].

ئاغا محەمەد خانی قاجار ١٧٤٢-١٧٩٧ز دامەزرێنەری فەرمانڕەوایی قاجارە و کوڕەگەورەی نۆکوڕەکەی محەمەد حەسەن خانی قاجارە، کە فەرمانڕەوای مازندەران بوو، ساڵی ١٧٤٢ز لە گورگان لەدایک بووە.

فەتح علی خانی باپیری لە سەردەمی شا تەهماسپدا بە فەرمانی نادر بە کوشتن چووە، بەم بۆنەیەوە محەمەد حەسەن خان کە لەم کاتەدا تەمەنی دوانزە ساڵ بووە، لە نادر یاخی بووە و بە درێژایی سەردەمی نادر شا لە ناوچەی گورگان لەناو ئێلەکانی تورکماندا خۆی حەشار داوە و لە کاتی دووچاربوونی نادردا بە جەنگی عوسمانییەوە، بە یارمەتی تورکمانەکان ئەسترابادی گرت. نادریش محەمەد حەسەن خان بوخاری باشی لێ ڕاسپارد بیگرێت، بەڵام تا نادر مابوو، نەکەوتە بەر دەست و جارجارەش هێرشی بۆ سەر گورگان و ئەستراباد دەبرد.

کە نادر مرد محەمەد حەسەن خان لە ناوچەی مازندەران بانگی سەربەخۆیی ڕاگەیاند و خوراسان و ئەسفەهانی گرت و ئەوەندەی نەمابوو ئەم هێرش و شارگرتنانە، خاکی ئێران بگرێت، کە ساڵی ١٧٥٨ز لە یەکێک لەم هێرشانەدا بەرامبەر عەلی قولیخانی برازای نادر شا و لەگەڵ دیلەکانی تردا بۆ خۆراسان نێردرا و هەر بە فەرمانی عادل شاش خەساندیان و بەم کارەش هەر لە منداڵییەوە ڕق وکینە و گیانی تۆڵە و خوێن ڕشتنی لە دەرونی ئاغا محەمەد خاندا چەکەرەی کرد و پەنگی خواردەوە[٨٣].

ئاقا محەمەد خان[٨٤] ماوەی شانزە ساڵ لەگەڵ حسێن قولی خانی برایدا لە شیراز لە دەربارێ کەریم خانی زەند وەک بارمتە ئەژیان، لە کاتێکدا کە کەریم خان دڵنەرمی زۆری بەرامبەر نواند و لەوپەڕی خۆشیدا دەژیا. ڕێگەی چوونە دەرەوەی شیراز و ڕاووشکاریشی لێ نەدەگیرا. لە سەرەتای مانگی مارسی ١٧٧٩ز دا لە ڕێگەی پوورێکی خۆیەوە کە هاوسەری کەریم خان بوو، هەواڵی نەخۆشکەوتن و گیانەڵای سەرە مەرگی کەریم خانی زانی و بەر لەوەی هەواڵی مەرگی کەریم خان بڵاوبێتەوە بەناو خەڵکدا، زۆر بەپرتاو لە شیرازەوە بەرەو

---

٨٢ سەرچاوەی پێشو

٨٣ هەر هەمان سەرچاوە

٨٤ سەرچاوەی پێشوو. ل٢١-٢٢

تاران هەڵهات و پەیوەندی بە خزم و هاوکار و نزیکەکانییەوە کرد و هەر لە تارانیش زانی کە هەندێک لە براکانی حەز ناکەن ببێتە سەرۆکی ئێلەکەیان، ئێلی ئیشاقە باش.

بەڵام ئاغا محەمەد خان بە پشتیوانی جەعفەر قولیخانی برای توانیی بەسەر براکانی تریدا سەر بکەوێت، هەر بەپەلەش خۆی گەیاندە مازندەران و دوای ئەوەی کاری خۆی لەگەڵ براکانی تریدا یەکلایی کردەوە، دوای ئەوە کەوتە شەڕی لەناوبردنی میراتگرەکانی بنەماڵەکەی کەریم خانی زەند و سەرئەنجام ئەسفەهان و شیراز و کرمانی گرت، لەنێوان ساڵانی ١٧٧٩- ١٧٩٤ز دا دوا شەڕی لە کرمان ڕووی دا کە لوتف عەلیخانی دوامیراتگر و دواشازادەی بنەماڵەکەی زەند، بە گرتنی شاری کرمان و بەدیلگرتنی لوتف عەلی خان کە هەر بە دەستی خۆی هەردوو چاوی دەر هێنا و دواتریش لە تاران کوشتی. ئەوسا کەوتە ڕەشەکوژیی دڕندانەی خەڵکی شاری کرمان، ئەمریشی دەر کرد بیست هەزار جووتە چاوی هەڵکۆڵراوی بۆ بێنن و بە شادمانی بەدیلگرتنی لوتف عەلیخانیشەوە شەش هەزار دیل سەر ببڕدرێن، دەست لە ژن و منداڵیش نەپارێزن، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک ناوچەی ئێراندا سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند، کوردانی کرماشان خۆیان بە سەربەخۆ دەزانی، والیی ئەردەڵانیش دەستی بەسەر هەموو ناوچەکانی خۆرئاوای ئێراندا گرتبوو. بەشەکانی تری ئێرانیش لە دەریای خەزەرەوە تا کەنداوی فارس، ململانێی گرتنە دەستەڵاتیان بوو.

سەرئەنجام دوای شەڕوشۆڕێکی زۆر و هێرش و پەلاماردان، ئاغا محەمەد خان سەرلەبەری ئێرانی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

بەڵام لە پەلاماردانی قەیسەری گورجستان- هیراکلیوسی دووەمدا، سەر نەکەوت، ساڵی ١٧٩٥ ئابلۆقەی شوشی دا، لەوەشدا سەرکەوتوو نەبوو، دوای ئەوە تفلیسی گرت و لە ١٧٩٥/٩/١٢ قەتڵوعامی خەڵکەکەی کرد و کلیسا و شوێنەوارە میژوویییەکانی هەڵتەکاند، دوای گەڕانەوەشی لە گورجستان تارانی کردە پایتەخت، لە دواجاری ئابلۆقەی شوش، لە شەوی ١٧٩٨/٦/١٨ز سێ پاسەوانی خۆی چوونە چادرەکەیەوە لە خەودا کوشتیان و تاج و پشتوێن و سندوقی زێڕ و گەوهەرەکانی کە لەگەڵ خۆی ئەیگێڕان هەموویان برد[٨٥].

٨٥ ل ٢٢-٢٤ سەرچاوەی پێشوو

فەتح عەلی شا ١٧٩٨-١٨٣٤

دانا بابا خان جهانسوزی برازای ئاغا محەمەد خان لە ١٧٩٨/١/١٨ بوو بە شای ئێران. ئەمیش لەسەر قسەی ئاغا محەمەد خانی مامی هەستا بە دانانی چوارەمین کوڕی خۆی عەببباس میرزا ١٧٩٨-١٨٣٣ز بە جێنشینی خۆی.

ئەوەی شایانی باسە هەر سەردەمی فەتح عەلی شا بوو، کە کاروباری کوردستان بەرەو ڕووی محەمەد عەلی میرزا کرا بووەوە و دواتریش لە ساڵی ١٨٢١ز بە عەباس میرزا سپێردرا.

فەتح عەلی شا بە خاوەنی دریژترین ڕیش و هەزار ژن ناسراوە. خەوی بە بەرفراوانکردنی سنوور و دەسەلاتی ئێرانەوە ئەبینی، خۆی لە ڕیزی پیاوەناودارەکانی ئەو سەردەمە دائەنا، خۆی لە ناپلیۆنی پۆناپارت بە کەمتر نەزانیوە. ئەم خولیایەی ئێرانی توشی جەنگ و داماوی کرد و سەرنج و چاوتێبڕینی دەوڵەتانی وەک ئینگلستان و فەڕەنسا. هەر لە سەردەمی ئەمدا ١٨٠٤-١٨١٣ز شەڕی نێوان ئێران و ڕوسیا ڕووی داوە، بە شکانی سوپای ئێران و داگیرکردنی خاکێکی زۆری ئێران، تاکو بە ڕێککەوتنامەی گوڵستان لە ساڵی ١٨١٣ دوایی پێ هات. بەرامبەر بەمە ئێران پێی وا بوو دەتوانێت قەرەبووی خاکەکەی بەوە بکاتەوە، کە هەندێک خاکی خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆریەتیی عوسمانی بگرێتەوە. لەمەشدا بەشێک لەو خەوانەی ئێران قەڵەمڕەوی میرنشینی بابانی دەگرتەوە، بۆیە لەم سەردەمەدا ئێران زۆر بە بەربڵاوی دەستی لە کاروباری ناوخۆی بابان وەر دەدا و پەیوەندی و دۆستایەتی خۆی لە ڕێگەی محەمەد عەلی میرزاوە لەگەڵ میران و سەرانی بابان زیاتر دەکرد. ئەم دەستێوەردانەی دەربارە قاجاری لە کاروباری ناوخۆی بابادا دەوڵەتی عوسمانی ناچار کرد لە ١٨١١/٥/٢٢ز نوێنەری خۆی بنێرێتە تاران بۆ لای فەتح عەلی شا و داوای لێ بکات دەستبەرداری کاروباری ناوخۆی بابان بێت.

ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە ئەوڕەحمان[٨٦]. پاشای بابانیش لە سەرەتای ١٨٠٠ز خەونی گەورەی بە سەربەخۆیی و فراوانخوازیی قەڵەمڕەوی بابانەوە ئەبینی، کە لەم بەرنامەیەدا، سەرپێچیی دەسەلاتی هەردوو قاجاری و عوسمانی هاتووە... ئەمەش بووە بە هۆی ئەوەی هەردوو لا، برا

٨٦ سەرچاوەی پێشوو لە بەڵگەنامەی قاجارەوە، ئەردەلان، بابان و سۆران. مامۆستا محەمەد حەمە باقی

و برازا و خزم و مامەکانی لە ئەوڕەحمان پاشا ڕاست بکەنەوە و سەرئێشە و گێچەڵی زۆری بۆ دروست بکەن. هەر لە سەردەمی فەتح عەلی شادا جەنگی سالّی ١٨٢٧- ١٨٢٨ز نێوان ئێران و ڕوسیا دووبارە بۆتەوە. دەوڵەتی قاجار میرنشینی بابانیشی تێوە گلاندووە و سوارە و پیادەی کوردیشیان تا سەر سنووڕەکانی ڕوسیا بردووە. دیسانەوە خاکێکی زۆری تری ئێران کەوتە ژێر چنگی ڕوسیا. فەتح عەلی شا لە ١٨٣٤/١٠/٢٤ز دا وەفاتی کرد و ئێران کەوتە ئاژاوە و هەرا و پشێوی، زۆر کەس لە زۆر شوێنی ئێراندا خۆیان بۆ شوێنەکەی ئامادە ئەکرد. بەڵام لەم پشێوییەدا. محەمەد شای کوڕی عەببباس میرزا، کە لە تەورێز ئەژیا کرا بە شای ئێران.

محەمەد شا[٨٧] بە یاوەری باڵیۆزی ڕوسیا و ئینگلستان هێنرایە تاران و لە کانونی دووەمی ١٨٣٥ز کرا بە شای ئێران. ئەم محەمەد شایە شای ئێران بوو، بەگوێرەی ڕێنوێنیی حاجی میرزا ئاقاسی بەڕێوە دەچوو، کە ئەم پیاوەش خۆی کابرایەکی هیچ لەباردا نەبوو بوو.

ئەو ڕووداوانەی سەردەمی ئەم محەمەد پاشایە کە پەیوەندییان بە کوردەوە هەبێت، مەرگی سلێمان پاشای بابان ١٨٣٨ز و لەجێدادانانی ئەحمەد پاشای کوڕی. هەروەها شەڕی سالّی ١٨٤٢ز نێوان عەبدوڵلا پاشای برازای مەحمود پاشا و والیی ئەردەڵان و ڕێککەوتننامەی دوەمی ئەرزڕۆم بووە مایەی خاوکردنەوەی گرژییەکانی نێوان دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی. محەمەد پاشای قاجاریش لە سەرەتای سالّی ١٨٤٨ز دا مرد.

هەر لە پەراوێزی (١٧) ل٢٨ دا مامۆستا محەمەد حەمە باقی ئەڵێت، "لێرەدا قاجارەکان دواییان نەهاتووە، بەڵکو دوای محەمەد پاشا، ناسرەددین شای کوڕی دەبێتە شا ١٨٤٨-١٨٩٦ز دوای ئەویش موزەفەرەددین شا ١٨٩٦-١٩٠٦ز و محەمەد عەلی شا ١٩٠٦-١٩٠٩ز و ئەحمەد شا ١٩٠٩-١٩٢٤ز، کە بە هەموو شاهەکانی قاجار ماوەی ١٣٤ سال و ٤ مانگ حوکمڕانی ئێرانیان کردووە. دوای ئەوانیش شاهێتیی بنەماڵەی پەهلەوی – ڕەزا شا دەست پێ دەکات."

---

٨٧ ل٢٧- ٢٨ لەبەڵگەنامەی قاجاری. میرنشینی ئەردەڵان. بابان و سۆران ١٧٩٩-١٨٤٧ مامۆستا محەمەد حەمە باقی.

مێژووی خانەوادەیەکی بابان لە ئێران[٨٨]

بەناوی خوای خاوەن بەزەیی و میهرەبان

ئەو ماوەیەی لەلایەن عوسمانییەکانەوە میرانی خانەوادەی بابان بە شێوەی دەستبەسەر دوور خرابوونەوە بۆ ئەستەمبوڵ، یەکێک لە گەنجانی ئەم خانەوادەیە کە ناوی سلێمان بوو، ئازایانە و زۆر بەزەحمەت خۆی دەرباز کرد و بەرەو سلێمانی گەڕایەوە، بەڵام لەبەر فشاری زۆری عوسمانییەکان نەیتوانی لە سلێمانی بمێنێتەوە و لەگەڵ چەند پیاوێک و تەنیا خوشکەکەی بەرەو ئێران دەڕوات.

لە ڕێگادا لەگەڵ عوسمانییەکان چەند جار تووشی شەڕو دەرگیری دەبێت. لە یەکێک لەو جەنگانەدا خەدیجە خانی خوشکی ئەکوژرێت، هەرچۆنێک بێت دەگاتە خاکی ئێران و لە چیایەک بە ناوی ئابیدەر، کە دەکەوێتە خواروووی شاری سنە جێگیر دەبێت بە هۆی هەندێک لە کەسایەتیی بابان وەکیلی شاری قاجار لە سنە ئاگادار دەکرێت، وەکیل لەگەڵ خەڵکێکی زۆر لە کەسایەتییە گەورەکانی شار دەچێت و بەڕێزەوە سلێمان ئاغا و هەمڕاهەکانی دەهێننە ناو شار.

بە هۆی وەکیلەوە سلێمان ئاغا دەگاتە دەرباری شای ئێران ناصر الدین شاهی قاجار سوڵتان صاحێبقڕان پادشا زۆر ڕێز لە سلێمان ئاغا دەگرێت و داوای لێ دەکات بێکات بە ڕاوێژکاری خۆی و لای خۆی بمێنێتەوە، بەڵام سلێمان زۆر سوپاسی دەکات و ڕوخسەتی گەڕانەوە بۆ سنەی لێ داوا دەکات، پاشاش فەرمان دەدات کە بەڕێزەوە بەرەو سنە بەڕێ بکرێتەوە.

دوای گەڕانەوەی سلێمان بۆ سنە، سوڵتانی عوسمانی نوێنەرێک بە دیاریی زۆرەوە دەنێرێتە لای و داوای گەڕانەوەی لێ دەکات، بەڵام سلێمان ئەم داوایە قبووڵ ناکات و مانەوە لە سنە هەڵدەبژێرێت، دوای ماوەیەک سوڵتانی عوسمانی فەرمانی بۆ دەر دەکات و دەیکات بە کونسوڵی عوسمانی لە سنە، شای ئێرانیش بەفەرمی ئەو فەرمانە قبووڵ و پەسەند دەکات.

لەو ماوەیەدا سلێمان هاوسەرگیری دەکات لە ئەنجامدا خوا دوو کوڕی پێ دەبەخشێت، بە ناوەکانی عەبدوڵڵا و عەلی، تا دواجار لە ساڵی ١٣٠٧ک / ١٨٨٩ز لە ڕێگای سەفەری بۆ تاران کۆچی

---

٨٨ ئەم نووسینە بەنرخەم لە بەڕێز محەمەد ژیان سیف الدین بابانەوە لە شاری سنەوە بۆ هاتووە. منیش زۆرم پێ خۆش بوو خستمە کتێبەکەمەوە

دوایی دەکات. قسەی ئەوەش کراوە کە ژەهر خوارد کراوە، تەرمی سلێمان ئاغا چەند ڕۆژێک لە تاران دەمێنێتەوە و پاشان بە ڕێوڕەسمی شاهانە بەرەو سنە بەڕێ دەکرێت. هەر لەو کاتەدا سەفیری عوسمانی عەبدوڵڵای کوڕی لە شوێن دانا.

دوای گەیشتنەوەی تەرمی سلێمان ئاغا بەشاری سنەدا ڕاسپاردەی خۆی لە بەرزییەک بە ناوی شرف الملک لە خواروو ڕۆژئاوای سنە لە پارچە زەوییەکی دیاریکراودا بە ئامادەیی گەورەپیاوانی دەوڵەت لە سەروویانەوە فەرمانڕەوای شار میرزا ئیبراهیم خان نظام الدوله و کەسایەتییە دیار و ناودارەکان و جەماوەرێکی زۆر بەخاک سپێردرا.

عەبدوڵڵا ئاغا دوای کۆچی دوایی باوکی توانی بە وشیاری و لێهاتوویی وەک کونسوڵێکی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی سەرنجی هەمووان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و کێشەوگرفتەکانی نێوان دوو دەوڵەت کەم بکاتەوە، بە جۆرێک لەلای هەموولایەک ڕێزدار و خۆشەویست بێت بەتایبەت لەلایەن شای ئێران ناصرالدین سوڵتان صاحێبقران تا ئەوەی شا نازناوی مجرب الدولەی پێبەخشی، بەوە زیاتر ڕێز و نفوز و حورمەتی پەیدا کرد بەتایبەت لە دەربارەی شادا.

پاش چەندین ساڵ لە خزمەت و چاکەکاری عەبدوڵڵا ئاغا لەبەر باری نالەباری تەندروستی دەستی لە کاری کونسوڵی کێشایەوە. پێشنیازی دانانی براکەی عەلی ئاغای لە شوێنی خۆی کرد، لەبەر ڕێز و حورمەتی عەبدوڵڵا ئاغا پێشنیارەکەی وەر گیراو عەلی ئاغا لە شوێنی ئەو دانرا و لێهاتووانە دەستی بە کارەکەی کرد. لەبەر شارەزایی و کارامەیی لە کارەکەیدا شای ئێران نازناوی اعتماد الدوله ی پێ بەخشی.

لە ساڵی ١٣٢٧ک / ١٩٠٩ز عەبدوڵڵا ئاغا مجرب الدوله لە شاری سنە کۆچی دوایی کرد و لە لای ڕاستی باوکییەوە بە خاک سپێردرا، لە ساڵی ١٣٤٩ک / ١٩٣٠زی عەلی ئاغا اعتماد الدوله کۆچی دوایی کرد و لە هەمان شوێن بە خاک سپێردرا.

کوڕە گەورەی عەبدوڵڵا ئاغا کە بە دەستی خۆی گەورەی کردبوو، تەواو شارەزای کاروباری حوکمڕانی و پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عوسمانی بوو. نیشانەی شاییستەیی و سەرکەوتوویی بە سیمایەوە دیار بوو، بۆیە لەلایەن هەردوو دەوڵەتەوە محەمەد ئاغا بە کونسوڵی عوسمانی قبوول و پەسەند کرا و شای ئێران نازناوی مجرب الملکی پێ بەخشی.

محەمەد ئاغا کەسایەتییەکی زانا و ڕۆشنبیر و پێشکەوتوو بوو، چەندین کاری جوانی لە سنەدا ئەنجام دا کە تا ئێستاش شوێنەواریان ماوە لەوانە، دروستکردنی گەرماوێکی ساز و سەردەمیانە، کە تا ئێستاش شوێنەواری ماوە، لەتەنیشت ئاپەرتمانی شارەوانی، هەروەها یەکەمین چاپخانەی لە شەقامی مەردۆخ دامەزراند کە تا ئەمڕۆش کاری پێ دەکرێت.

وەکو باووباپیرانی لە بواری تەسەوف و خواناسیدا لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی بوو، لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا لەگەڵ شێخ عەلی حسام الدین کوڕی شێخ بەهادین چوو بۆ جەنگ و جیهاد لە دژی ڕوسیا.

محەمەد ئاغا لە دواتاوەکانی تەمەنی نەخۆش کەوت و ڕووی کردە تاران بۆ چارەسەری، بەڵام

نەخۆشییەکەی دریژەی کێشا تا ساڵی ١٣٥٦ک/ ١٩٣٧ز کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ سنە و لەخوار باووباپیرانییەوە بەخاک سپێردرا.

محەمەد ئاغا دوو کوڕی هەبوو، یەکەم مەحمود ئاغا کە بەگەنجی کۆچی دوایی کرد، دووەم سیف الدین خان کە لە سەردەمی محەمەد ڕەزا شای پەهلەویدا بوو، گەلێک مولکومالّی هەبوو، خەڵکێکی زۆری بەدەورەوە بوو، چەندین جار بە نوێنەرایەتیی پەرلەمان بۆ کاروباری ڕامیاری سەردانی عێراقی کردووە.

لە ساڵی ١٩٥٨ی زایینی وەک یەکەم بابانی سەردانی عێراقی کرد و بەخزم و کەسەکانی ئاشنا بوو، وەکو ئەحمەد موختار بابان و جەمال بابان و جەلال بابان و محەمەد بابان و زۆری تریش، کە بەشێکیان وەزیر و ئەندام پەرلەمان بوون.

سیف الدین خان لە سەردەمی خۆیدا کارگەلێکی گرنگی ئەنجامدا لەوانە،

توانیی بە هۆی دۆستە نزیکەکانییەوە حکومەت و شای ئێران ڕازی بکات، بۆ پاراستن و هاوکاریی کورد، لەسەر ئەو بنەمایە و بە مۆڵەتی حکومەت و شای ئێران هات بۆ عێراق و شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمودی حەفید و کەسوکار و خانەوادەیانی برد بۆ ئێران و میوانداریەکی شاهانەی لێ کردن، دوایی بە داموەدەزگاکانی ئێرانی ناساندن و کۆمەک و هاوکاریی زۆری لە چەک و پێداویستی تەواو بۆ دابین کردن. لە بەرامبەردا شێخ لەتیف زۆر خۆشحاڵ بوو و دەستی کرد بە جموجووڵ و چالاکییەکانی خۆی و چەند جارێک سەردانی سیف الدین خانی کرد بۆ دەربڕینی سوپاس و پێزانین. بەڵام بە هۆی سەفەری سیف الدین خان بۆ عێراق و چاوپێکەوتنی گەورەپیاوانی بابان و کۆمەک و هاوکاریی شێخان و خەڵکی کوردستان سازمانی ساواک ئەویان بە نەژادی و ڕەگەزپەرست تۆمەتبار کرد و داوایان کرد نوێنەرایەتیی ئەنجوومەنی شورای میللی لێ وەر بگرێتەوە.

دوای ئینقلابی ئێران و ڕۆیشتنی شا، سیف الدین خان لە شوێنی خۆی مایەوە سەرەڕای داواکاریی زۆری سەردار جاف و دۆستەکانی کە بێت بۆ عێراق، بەڵام ئەو پەنابردنە بەر صەدامی بکوژی چەندین هەزار کوردی ڕەت کردەوە و زیندان و زەوتکردنی تەواوی ماڵ و مولک و زەویوزاری پێ باشتر بوو لە پەنابردنە بەر ستەمکارێکی وەک صەدام.

لە ساڵی ١٣٦٨ک / ١٩٤٨زی لە تاران بە نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی گشتیی شاری سنە بە خاک سپێردرا، چونکە ڕێگەی نەدا لە گۆڕستانی تایبەتی بابان بنێژرێت.

دوای خۆی کوڕەکانی هەریەک ڕووی کردە کارێک، دیارترینیان ئەندازیار صلاح الدین بابان بوو، کە بە کاروباری ئاو و سەدسازی خەریک بوو، بەندەش کە بچووکترین کوڕەکانی خوالێخۆشبووم سەرقاڵی کاری ئازادم و لە پەنای ئەوەشدا خەریکی خوێندنەوە و نووسینم، کتێبێکم دەربارەی گەلانی ئاریایی کە کورد یەکێکە لە دیارترینی ئەو گەلانە نووسیوە، چەند ساڵێکیشە سەرگەرمی کۆکردنەوەی پەند و ئەمساڵی پێشینانم.

خانەوادەکانی بابان لە سندا

لەم بارەوە شکرالله خانی بابان لە ٢٦/ ١/ ٢٠٠٢ی زاینی بەرامبەر ١٢/ ١١/ ١٣٨٠ی کۆچی نامەیەکی چەندپەڕەیی نووسیوە و باسی بنەماڵەکانی بابانی تێدا کردووە و خۆشی لەم خانەوادە ناساندووە شکرالله بابان کوڕی حاجی داود خان کوڕی سلێمان بەگ کوڕی ڕۆستەم بەگی خەزنەدار کوڕی ئەحمەد صاحێبقرانە کە پێدەچێت یەکێک لە دوانزە سوارەی مەریوان بووبێت.

باپیری شکرالله بابان، سلێمان بەگ لەگەڵ سلێمان بەگی باوکی عبدالله ئاغا مجرب الدولە هاتووە بۆ ئێران، عبدالله ئاغا هاوسەرگیری لەگەڵ کچی سلێمان بەگی باپیری شکرالله بابان کردووە، دوو کوڕ و کچێکیان دەبێت بە ناوەکانی محەمەد خان مجرب الملک و منصور خان و ماهر خسار خانم. ماهر خساریش شوو بە ناصرخانی کوڕی عەلی اغتضاد الدولە دەکات و دوو کوڕیان بە ناوەکانی هۆشەنگ خان و هومایون خان دەبێت.

حاجی داود خان لەگەڵ خانەوادەی وەکیل هاتوچۆ و تێکەڵاوی زۆری هەبووە و پلەی ڕاوێژکاری پێ دراوە، باڵەخانەیەکی جوانی لەتەنیشت باڵەخانەی بابانی کونسوڵگەری دروست کردووە.

شکرالله بابانیش دوای تەواوکردنی خوێندن کراوە بە سەرۆکی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئورمی. دوای چەند ساڵ بە هەمان پۆست گوازراوەتەوە بۆ ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی کرماشان.

لە کۆتایی حکومەتی محەمەد ڕەزا شادا گوازراوەتەوە بۆ ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی سنە و پێش ئینقلاب خانەنشین بووە.

لە بەرهەمەکانی کتێبی کورد و کوردستان، لغت نامەی فارسی بە کوردی، لغت نامەی بابان، پێش ئەوەش کتێبێکی تری بە ناوی صلاح الدین ایوبی نووسیوە، جگە لە بەرنامە بەهێز و پێز و پرچێژەکانی لە ڕادیۆ کە بە هۆیانەوە تەواو ناسراو و بەناوبانگ بوو.

شکرالله بابان پێنج کوڕی بە ناوەکانی فوئاد، فەرهاد، فەرزاد، بەختیار و بابەک هەیە، دیارترینیان فوئاد بابانە کە کارمەندی تەلەفزیۆنی میللی جمهوری ئیسلامییە و کوڕێکی هەیە بەناوی سانان.

جگە لەو بنەماڵە و خانەوادانە خانەوادەی تریش لە سنە هەبووە، وەک شکرالله بابان باسی میر ئیبراهیمی کردووە و دکتۆر ڕەشاد بابانیش کەسایەتییەکی تری ئەم خانەوادەیە بوو، مخابن بەلاوێتی سەری نایەوە.

محەمەد ژیان سیف الدین بابان

سەرچاوەکان

١. نووسین و دەستخەتەکانی خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵا خان مجرب الدوله.

٢. نووسین و دەستخەتەکانی خوالێخۆشبوو محەمەد خان مجرب الملک.

٣. گفتوگۆ و یادەوەرییەکانی ڕۆژانەی سیف الدین خان.

٤. ڕاوبۆچوونی میژوونووس و شارەزایانی میژووی شاری سنە، وەک مامۆستا محەمەد جبرت سجادی، کوڕی ڕوکن الاسلام، مامۆستا محی الدین حق ناس، خاوەنی کتێبی شارەکەم سنە، مامۆستا محەمەد قازی و مامۆستا شکرالله بابان.

٥. خەڵک و کەسایەتیی بەسالاچووی شاری سنە، کە خاوەنی بیر و هۆشی تەواو دروست و دامەزراون.

٦. پیاوان و نزیکانی سیف الدین خان وەک حاجی عەبدوڵڵا نجف زادە کە تەمەنی ١١٠ سال بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ڕووداو و بەسەرهاتەکانی تەواو لەبیر بوون و جوان دەیگێڕانەوە.

٧. بەردەوام بەدواداچوون و پرسیارکردن بۆ ماوەی دوو ساڵ.

میرنشینەکانی نەو ڕۆژگاری کورد
هاوکات یاخود نزیک بە ڕۆژگاری بابانەکان

دوای شەڕی چالدێران ساڵی ١٥١٤ز بەینی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و فارسی سەفەوی. خاکی کوردستان ساڵی ١٦٢٩ز لە ڕووی تایفەگەرییەوە، بوو بەدوو بەشەوە.

بەشێکیان شیعە نشین کە نزیکەی چواریەکی بەدەست فارسەکانەوە و بەشەکەی تری سوننە نشین، لەژێر دەستی عوسمانییەکاندا بوون کە لە نیوەی زیاتر بوو.

کوردیش بەم جۆرە لە ڕێی میرنشینەکانییەوە، لە خاکی خۆی و باووباپیرییەوە نیشتەجێ بوون.

ئەم میرنشینانە لە کردەوە و نەریت و ئاکار و ئایین و نیشتماندا یەکبوون و لە خاکی کوردستاندا بوون، هەرچەندە لە هێز و خاک و تۆزیکیش لە شێوەی قسەکردن و زماندا، کەمێک فەرق لە ناویاندا هەبوو.

هەر هەموو زیاتر ژێردەستی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و کەمتر لە فارسدا بوون ئەردەڵان نەبێت، خاکەکەی خاکی ئێران بوو.

کردەوەی سیاسی و جۆری حوکم و ئیدارەی ئەو دوو دەوڵەتە لەگەڵ هەموویاندا هەر یەک بوو. چونکە هەر ئەو سوڵتانە و هەر ئەو ئاقای فارسیەو دەست و پەیوەندەکانیان بوون، کە حوکمی هەموو لایەکیان ئەکرد، تەنها فەرقێکیش کە بوو بێت لە ڕووی مەزهەبەوە بوو بەینی عوسمانی سوننە و فارسی شیعە مەزهەبدا. ئەوەی کە لەناو ئەم کۆمەڵگای میرنشینانەدا باوی لە هەموو شتێک زیاتر بووە، پەلاماری یەکتری و شەڕ و کوشتار و خاک و ماڵی یەکتر داگیرکردن، نەک بیرکردنەوە لە دواڕۆژی خۆیان و نیشتمانەکەیان بێگومان عوسمانییە تورکەکان و ئێرانییە عەجەمەکان، ئەم شەڕوهەڵلایەی بەینیان بەپارە ئەکڕی چونکە لە بەرژەوەندی ئەواندا بوو، سوودیان لەو بارە ناهەمواوە وەر ئەگرت، بە ناوی ئەمنوئاسایشەوە تێکەڵاوی بارودۆخەکە ئەبون، کوتەک و لەشکرکێشی و بەرتیل کێشانەوە لە هەردوو لای شەڕکەریان دەست ئەکەوت.

ئەوەی توشی زیان دەبوو لەژێر سمی ولاخی بێگانەدا ئەپلیشایەوە هەر میللەتە هەژارەکە بوو. خوا کارێزمایەکی ئەوتۆی بۆ نەئەنارد کە هەموویان یەک بخات و ببن بە هێزێک، بۆ ئەوەی عوسمانی و عەجەم سڵ لەوان بکەنەوە و حسابێکیان بۆ بکەن، نەک ئاغا بن بەسەریانەوە، دەی باشە، ئەوە ئەو ڕۆژگارانەمان دی، دەی خوایە ئیتر بەسە، بە بەزەیی و ڕەحمەتی خۆت غاندییەکمان بۆ بڕەخسێنێت، بە پاکی و دڵسۆزی و کوردپەروەری و عەقڵ و سۆزەوە یەکمان بخاتەوە لەم پاشاگەردانیەی سەدەها ساڵە ڕزگارمان بکات.

میرنشینەکانی ئەو ڕۆژگارە ئەمانە بوون،

یەکەم، میرنشینی بادینان، لە سەدەی چواردەیەمی زایینیدا، لەژوور ڕووباری زێی گەورەدا پەیدا بوو، کە هەرێمی عەمادیە و دهۆک و زاخۆی گرتە خۆی، گوایە لێپرسراوی ئەم میرنشینە میر بەهادین بە ڕەگەز ئەچێتەوە سەر دواخەلیفەی عەباسی گوایە بە ناوی ئەوەوەیە و لەدوای شەڕی چاڵدێرانەوە سوڵتان حسێنی میری ئەم وڵاتە کەوتە ژێر دەستی عوسمانییەکانەوە.

میری وڵات لە عەمادیە دائەنیشت. قازی یارمەتی ئەدا لە کۆتاییهێنان بە ناڕێکی و داواکاریی خەڵکەکەوە لە یەکتری. هەر یەکێک لە شارەگەورەکان میرێکی ئەو بنەماڵەیە حوکمی ئەکرد.

دانانی میری گەورەش هەر لەلایەن ئاستانەوە بوو، ئەوانیش لە هێرشەکانی عوسمانیدا هاوبەشبون و لە شەڕەکانیدا چەکوەشێن بوون. هەر لە ئەنجامی دەستبەسەراگرتنی ئەم میرنشینەوە لەلایەن والیی بەغدادی سەر بە عوسمانییەوە، ئیتر ململانێ لەناو میرەکانیدا سەری هەڵدا بۆ بەدەستهێنانی میرایەتی و لووتژەننە میرنشینە دراوسێکان لە کاروباریاندا.

هەر لە ڕووی ئەوەوە کە عەباسییەکان بنەماڵەیەکی ئایینی بوون، بۆیە ئەو گروپە عەشایەرییە کردیانن بە گەورەی خۆیان و یەکێک لە خۆیان نەچووە شوێنیان و جێگایان پێ لەق نەکردن، تەنها ئەوە نەبێت، کە میرایەتیی سۆران لە پاڵیدا پێ گەیشت ئەو کەوتە جێپێلێزکردنیان[٨٩].

دووەم، میرنشینی سۆران، لەلایەن کەوڵۆس ناوێکەوە دامەزرا لە سەدەی دوانزەی زایینی. کەوڵوس سێ کوڕی هەبوو. عیسا ئیبراهیم و ئیدریس.

عیسا دوای باوکی شوێنی گرتەوە و توانی وردەوردە وڵاتەکەی پەرە پێ بسێنێت تاکو حەریری کرد بە سەنتەری میرنشینەکەی.

وا دیارە سوڵتان سلێمانی قانونی ١٥٢٠- ١٥٦٦ دڵی لە پەرەسەندنی بنەماڵەی سۆران هەر لە سەرەتاوە کرمێ کرد، بۆیە یەزیدییەکانی کەژی سنجاری لێ ڕاست کردنەوە و میرێکی یەزیدیشی کرد بە گەورەیان، بەڵام سۆرانییەکان ئەمەیان پێ قبوڵ نەکرا، بۆیە دەستبەجێ میرایەتییەکەیان گواستەوە بۆ ناوچەی شەقڵاوە، دوای ئەوە ڕەواندزیان کرد بە سەنتەر دوای ئەوەی کە بابانەکان دەستیان بەسەر حەریردا گرت.

ئەوەی شایانی باسە، میرایەتی سۆران نەیتوانی پەرە بسێنێت و هێز لە ناوچەکەدا پەیدا بکات، تا میرنشینی بابان نەکەوتە بێهێزی چونکە بەهێزترین میرنشینی سەدەی هەژدە و سەرەتای

٨٩ تاریخ الاماره البابانیه. عبد ڕبه ابراهیم.

سەدەی نۆزدە بوو، بەڵام بە هۆی ململانێی ناو خۆیان و شوێنپێی سوپای عوسمانی و فارسییەوە، بەرەو پووکانەوە ئەڕۆیشت، بەڵام میرایەتیی سۆرانیش وەک بابان و میرایەتییەکانی تر. تووشی ململانێی شوێن و منصب بەرەو کزبوون ئەڕۆیشت تا سەرهەڵدانی حەمە پاشا کە دوای مستەفا بەگی باوکی، ئەم شوێنی گرتەوە لە ساڵی ١٨٢٦دا.

حەمە پاشا لە سەرەتاوە، هەرچی چاولەدووی بوو، گشتیانی لەناو برد، دوای ئەوە چاوی بڕییە داگیرکردنەوەی ئەو شوێنانەی کە لەوەوپێش لێیان پچڕی بوون و ئێنجا هەڵمەتی بەرەو فراوانبوونی وڵاتەکەی برد، توانی خێڵەکانی سیروان و برادۆست دەستبەند بکات و بابانەکان لە کۆیە و هەریر دەر بکات. ئینجا ڕانیە و ئالتون کوپری بخاتە ژێردەست و گەمارۆی عەقرەی دا ئیسماعیل پاشای بادینانی دەر کرد و دهۆک و زاخۆی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. سنجار و یەزیدییەکان و هەروەها جزیرەی ئیبن عومەر و دوای ئەوانە نەسیبین و ماردین کەوتنە مەترسییەوە،

بەم جۆرە میرایەتیی سۆران بوو بە بەهێزترین میرنشینی کوردستان، ئیتر هەر ئەوەی لا مایەوە کە پەلاماری بابانەکان بدات، کە بەرەو لاوازی ئەچوونەوە[٩٠]

عوسمانییەکان کە سەیریان کرد حەمە پاشا بەو جۆرە تەنیوەتەوە ترسیان لێ نیشت. بە هێزی سەربازی هەرچەندیان کرد، هیچیان بۆ نەکرا. ناچار کەوتنە فڕوفێڵ و لەخشتەبردن، ڕوویان کردە مەلاکان کە بە هۆی ئەوانەوە زەفەر بە پاشای ڕەواندز بەرن.

مەلای خەتێ) کە مەلایەکی ناسراو و قسەی لەناو خەڵکەموسڵمانەکەدا ئەڕۆیشت، پاشای قایيل کرد، کە ئەوەی دەست لە سەربازی خەلیفەی ئیسلام – سوڵتانی عوسمانی بکاتەوە ژنەکەی لێ حەرام ئەبێت و تەڵاقی ئەکەوێت، ئەم فەتوایە لەناو سەربازە هەژارەکاندا بڵاو بووەوە. هەموو چەکیان فڕێدا و ناچار حەمە پاشا، برا بۆ ئەستەمبوڵ بۆ خزمەت سوڵتان لەو سەرەوە لە گەڕانەوەدا لەناویان برد.

ئەم فتوایانەی مەلا بەڕێزەکانی ئیسلام دوو بەهێزترین و گەورەترین میرایەتیی کوردیان لەناو برد. میرایەتیی بابان ساڵی ١٨٤٧–١٨٥٠ و میرایەتیی سۆران، بەو جۆرەی کە باسمان کرد.

سێیەم: میرنشینی هەکاری: لە کوردستانی ناوەڕاست لەژوور ڕووباری زێی گەورە و خواروویی دەریاچەی وانەوە پێک هات. ئەم میرنشینە، دوای داگیرکردنی دیاربەکر لەلایەن تەیموری لەنگەوە لە سەدەی چواردەی زایینیدا، پەیدا بوو.

هەر تەیموری لەنگ جڵەوی حوکمی دیاربەکری دایە دەست ئەمیر قەرەعوسمان ناوێک کە توانی ڕێبەری سیاسەتێک بێت بەوە دەست بگرێت بەسەر گشت ئەو هەرێمانەی دەوروپشتیدا بەتایبەتی دوای چۆڵکردنیان لەلایەن تەیموری لەنگەوە.

ئەوەی زیاتر یارمەتی میرەکاربەدەستەکانی هەکاری دا، دوای میر قەرەعوسمان کە تەشەنەی

٩٠ تأریخ الاماره البابانیه. عبد ڕبه ابراهیم ل٤٢-٤٤.

زیاتر بە ولاتەکەیان بدەن. لەدوای نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەی زایینی، کە دەوڵەتی عوسمانی، میرنشینەکانی ژووروی میرنشینی هەکاری هەموو لەناو برد و لەبن هەڵتەکاندنی ئەو قەڵایانەی میرەکانی کورد لەو ناوانەدا بوونیادیان نابوو. بەم جۆرە میرەکانی هەکاری توانیان ولاتەکەیان زیاتر پەرە پێ بدەن.

ئەوەی شایانی باسە و ئەو دەسەڵاتی سیاسییەی ئەو ناوچەیەی ئەگرتەوە ئەکەوتە، بەینی دەریاچەی وان و ورمێ، بە شێوەیەکی دیار و ئاشکرا ئەکەوتە ژێر فشاری میرەکانی هەکارییەوە. چونکە لە توانای میری هەکاریدا بوو، لە کاتی پێویستدا هێزێکی چەکداری بریتی لە چل هەزار سوارچاک ئامادە بکات. هەر لەبەر ئەوەش کە میرانی هەکاری ترسیان لەدەوڵەتی عوسمانی نەبوو، بۆیە چەندەها ڕێککەوتننامەیان لەگەڵ عەشایەرەکانی دەوروبەریان پێک هێنا.

حکومەتی فارسیش هەوڵی زیاتری ئەدا بۆ ڕاکێشانی میرەکانی هەکاری بەلای خۆیاندا چ بەخۆشی یاخود بە هەڕەشە و گوڕەشە، لە هەموویان زیاتر میری شازادە عەباس میرزای حاکمی ئازربایجان، تاکو لەم دواییەدا توانی سمایل بەگی میری هەکاری بەلای خۆیدا ڕابکێشێت[٩١]،

لە لاپەڕە ٤٨٢ شەرەفنامەی عەرەبی وەرگێڕانی جەمیل ڕۆژبەیانیدا چاپی دووەم ئەڵێت، "قسەیەک هەیە گوایە عەشیرەتی ڕۆژکی و عەشیرەتی هەکاری، هەکاری دوو لقن لە عەشایەری بابان. گەلی بابانیش میللەتێکی خواپەرست و نوێژکەر و ملکەچی ئایینی ئیسلام و ژمارەیەکی زۆر زانای ئاینیان تیادا هەڵکەوتووە.

چوارەم، میرنشینی بۆتان، ناوەکەی لە ناوی خێڵی بۆتانەوە هاتووە، خێڵێکی ئازای ئەوتۆ کە چەند هۆز و تیرەی تر وەک ڕەشکی و دالان و شیروان خۆیان دایە پاڵی.

جگە لە عەرەب و ئەرمەن. شوێنی ئەم میراتییە دووڕگەی جزیرەی عێراق بوو، کە شوێنێکی دیار و ناسراوی لە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کورددا داگیر کردبوو.

کاتێک بەدرخان پاشا ساڵی ١٨٢١ لە سەر شانۆی سیاسی و سوپایی ئەم عەشیرەتەدا هەڵیدا، زیاتر ولاتەکەی ناساند بە ناوچەکە و ئەو ململانێیەی لەناو میرەکانیدا بڵاو بووبووەوە و بەدرخان پاشا کۆتایی پێ هێنا و توانی لەژێر دەستی عوسمانی ڕزگاری بکات[٩٢].

مایکل گەنتەر، باسێکی پوختی بەدرخان بەگ ئەکات و ئەڵێت،[٩٣] بەدرخان بەگ ١٨٠٢-١٨٤٧ لە دەوروبەری ١٨٢١ میری میرنشینی بۆتان بوو. پایتەختەکەی جزیرە بوو، ئێستا باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیایە.

بەدرخان ناوودەنگی بە ئازایەتی، جوامێری، خواناسی، ئاواتگەورەیی دەر کردبوو. تا ئێستاش زۆر لە کوردان بە یەکەم کوردی نەتەوەپەروەری دائەنێن. لاوازی ئیمپراتۆری عوسمانی. لەو

٩١ ل٤٤- ٤٦ سەرچاوەی پێشوو

٩٢ سەرچاوە ی پێشوو

٩٣ فەرهەنگی میژووی کورد ل٨٤-٨٥ مایکل گەنتەر

سەردەمە بەدرخانی هان دا، بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێک بێنێت. لە سەردەمی ئەو، میرنشینی بۆتان هێندە بەربڵاووبەرین بوو، کە نزیکەی هەموو خاکی باکوری عێراقیشی گرتەوە. حوکمێکی هێندە تۆندی هەبوو کە وڵاتەکەی بە ئارامی و ئاسایش هەڵیدا. ڕۆڵەکانی بەدرخان پاشا بەردەوامبون، ڕۆڵی گرنگیان لە کاروباری عوسمانی و کوردیشدا گێڕاوە، دوو کوڕی نەوەی کە سورەیا بەدرخان ١٨٨٣-١٩٣٦ و جەلادەت بەدرخان ١٨٩١-١٩٥١ هەموو ژیانی خۆیانیان لەپێناوی کێشەی نەتەوەیی کورددا بەسەر بردووە. سورەیا چەند ساڵێکی ژیانی لە زیندان بەسەر برد و ڕۆژنامەیەکی بە ناوی کوردستان لە کوستەنتەنییە لەپاش کودەتاکەی ١٩٠٨ ی تورکی گەنج دەر چووانـد و ئەندامێکی سەرەتاکانی پارتە کوردیە نەتەوە پەرستەکەی خۆیبوون بوو. جەلادەتی براشی بە یەکەم سەرۆکی خۆیبون هەڵبژێردرا. پاشان جەلادەت ژیانی خۆی بۆ کاری وێژەیی تەرخان کرد و یارمەتی پوختەکردنی ئەلفوبێی کوردی دا بۆ ئەوەی بە پێتی لاتینی بنووسرێتەوە(٦). سەرچاوەی پێشوو، ئەمە جگە لە میر کامەران بەدرخان کە گەشاوەترین ئەستێرەی بەدرخانییەکانی سەدەی دواییە. (ج.ب).

پێنجەم: میرنشینی ئەردەڵان، بابا ئەردۆی یەکەم میری بوونیادنەری ئەم میرایەتییەیە کە لە خاکی فارسدا لە سەدەی دوانزەی زاینیدا بەم ئەرکە هەستاوە، دوور نییە ئەم بنەماڵەیە لقێک بن لە بنەماڵە بەڕێزەکانی دیاربەکر و لەوێوە بەرەو فارس هاتبن لە سنە نیشتەجێ بووبن. لە سەدەی چواردەی زاینیدا و بە یارمەتی خێڵی گۆران تواناییان بەرەو شارەزوور ببنەوە و خۆیان بچەسپێنن، لە کاتێکدا کە دەسەڵاتێکی بەهێزی وەها نەبووە کە ململانێیان بکات، هەرچەندە کە خێڵەکان یاخود ئیلاتی جاف و زەنگەنە و هەمەوەند، لەوناوەدا بوون.

بەم جۆرە میرنشینی ئەردەڵان، بە یارمەتی حکومەتی فارسی بەردەوام بوو تاکو سەدەی نۆزدەی زاینی، فارسەکانیش توانیان سوودیان لێ وەر بگرن بەوەدا کە نزیک بە سنوری عێراق بوون، دەست بخەنە کاروباری کوردستانەوە لە کاتێکدا، کە میرایەتی بابان دەسەڵاتداری سلێمانی و ناوچەکە بوو.

هەر بەو بۆنەیەوە شاری سنە بووبوو بە پەناگەی ئەو میرانەی بابان کە لە دەست سوپای مەمالیک و هەڕەشەی عوسمانی ڕایان ئەکرد و پەنایان بۆ ئەوێ ئەبرد. هەرچەندە ئەم میراتییەش لە دەست کوردکوژە و ململانێی ناوخۆ ڕزگاری نەبوو، کە ئەمەش بێگومان هەمیشە قاپیی بۆ دەوڵەتی عوسمانی ئەخستە سەر پشت کە لووت بژەنێتە کاروباریانەوە و جاروباریش سوپاکەی لە خاکی ئەواندا بە هۆی لاوازی هێزی سوپایانەوە تەراتێن بکات.

بە کورتی شوێنی میرنشینە کوردییەکان کە نزیک بە سنووری هەردوو دەوڵەت، عوسمانی و فارسی بوون ئەوەیان بۆ نوسرا بوو، کە ئەبووایە ڕاکردووی پەناهەندە کوردەکان لەتاو زوڵموزۆری ئێران بگرنە خۆ، لە سنەش پەنابەری کوردستانی عێراق دادە بدەن.

مێژووی زنجیرەی بنەماڵەی میران و فەرمانڕەوایانی ئەردەڵان لەچاو مێژووی میرنشینەکانی تری کورددا، مێژوویەکی ئاشکرا و نوسراو و لەیەکنەپساوی هەیە. میرەکانی ئەردەڵان، لە

سەردەمی دەسەلاتداریتیی خۆیانەوە، میژوونووسانیان بە نووسینەوەی میژووی بنەماڵەی ئەردەلان ڕاسپاردووە. بەگوێرەی زۆربەی ئەو میژوونووسانە، بە تایبەتی بەگوێرەی میر شەرەفخانی بەدلیسی، سەرچاوەی ئەم زنجیرەیە دەبەنەوە سەر میرێک بە ناوی بابا ئەردەلانەوە، یان قوباد ئەردەلا و بەرەچەڵەک دەچنەوە سەر بنەماڵەی ئەحمەد مەروانی – نەسرولدەولەی فەرمانڕەوای دیاربەکر، کە دوای لەبەریەکهەڵوەشانی ئەم فەرمانڕەوایەتییە، لە سەدەی پێنجەی کۆچیدا١١٠٠ز یەکێک لە شازادەکانی ئەم میرایەتییە، لە دیاربەکرەوە بەرەو شام و دواتر بەرەو شارەزوور کۆچ دەکات، ماوەیەک دوای ئەوە لێوەشاوەیی دەنوێنێت، فەرمانڕەوایەتی وێلایەتی کوردستانی پێ سپێردراوە و لە قەڵای زەڵم لە شارەزوردا، قەڵای قاییمکاری دامەزراندووە ٥٦٤ کۆچی/ ١١٦٨ز و کردوویەتی بە ناوەندی دەسەلات و فەرمانڕەوایی خۆی و ماوەی ٤٢ ساڵ، ئەم قەڵەمڕەوەی خۆی بەباشی بەڕێوە بردووە. دوای بابا ئەردەلانیش، نەوەکانی خۆی بەردەوام حوکمیان گرتوتە دەست. بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار، لە ماوەی ١٥٠ ساڵدا ناچار بوون چوار جار مەڵبەندی دەسەلات و پایتەختیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، جێگەگۆڕکێ بکەن. بەم جۆرە ناوەندی دەسەلاتیان لە قەڵای زەڵمەوە بۆ قەڵای مەریوان ساڵی ٩٦٩کۆچی /١٥٦١ز گواستۆتەوە دواتریش لە مەریوانەوە بۆ قەڵای پلنگان و دوای ئەوەش دوایەمین جار لە ساڵی ١٦٣٦ دا شاری سنەیان کردۆتە پایتەخت و هەر لەوێدا ماونەتەوە.

لەگەڵ قەڵەمڕەوی باباندا بووە و لە ماوەی حوکمڕانیی میرەکانی ئەردەلان تووشی گەلێک شەڕو کێشە بووە. ئەوەی ئەیەوێت زیاتر زانیاری لەم ڕووەوە بەدەست بهێنێت. بگەڕێتەوە بۆ کتێبی میرنشینی ئەردەلان- بابان- سۆران- لە بەڵگەنامەی قاجاریدا. مامۆستا محەمەد باقی. دەزگای ئاراس. هەولێر ٢٠٠٢.

ئەو گەشتیارەی پەیوەندی سەرەکی بە باسەکەوە هەیە – مستەر ڕیچ و هاوسەرەکەی و چەند گەشتیارێکی تر

کلودیس یاخود وەک هاوسەرەکەی بە کلۆد ناوی ئەبات ڕۆژی ٢٨ی مارت ساڵی ١٧٨٧ لەنزیک دیجونی بورگەندی لە فەڕەنسا لەدایک بووە. هەر بەمندالّی گوێزراوەتەوە بۆ بریستول لە ئینگلتەرا.

سەرەتای منداڵی لە سێبەری دایکوباوکیدا بەسەر بردووە. هەر بەمندالّی نیشانەی بلیمەتییەکی بەرزی پێوە دیار بووە. کاتێک بنچینەی زمانی لاتینی و یونانی پێ ئەوترا، کەڵکەڵەی زانین و فێربوون پاڵی پێوە نا کە ببێت بە مامۆستا، پشت بە هەندێک کتێب ببەستێت، خۆی فێری گەلێک لە زمانەکانی هاوچەرخ بکات. لە تەمەنی ٨-٩ ساڵاندا لە شوێنێکدا لە بریستول دەستنووسێکی عەرەبی ئەدۆزێتەوە خولیایەکی بەتین ئەکەوێتە سەری کە لای ئەم زمانە لەنگەرێک بگرێت و خۆی بۆ ئەو مەبەستە ئامادە کرد کە ئەمیش توێژینەوەی زانستەکانی خۆرهەڵات بوو. کە کاریگەریی گرنگی کردە سەر دواڕۆژی ژیانی چونکە بە هۆی کتێبێکی ڕێزمان و فەرهەنگێک و هەندێک دەستنووسەوە کە لە بریستول دەستی کەوتبوون، توانی خۆی فێری نووسین و خوێندنەوەی ئەم زمانە بکات و بە ئاسانی و زمانێکی پاراوەوە قسەی پێ بکات لە تەمەنی یانزە ساڵیدا پێشکەوتنی زۆر لە زمانی خۆرهەڵاتیدا بەدەست هێنا، وەک زمانی عیبری و کلدانی و فارسی و تورکی و عەرەبی سەرباری لێکۆڵینەوە. جگە لەوە بۆی دەر کەوت کە هیند پاکترین مەیدانی دەرخستنی بلیمەتی داهاتوویەتی.

ساڵی ١٨٠٣ بە هۆی هاوڕێیەکییەوە توانی لە کۆمپانیای هیندی خۆرهەڵات کە وەک قوتابییەکی جەنگ لە مەیدانی سەربازیدا وەر بگیرێت و ئیتر سەری لە لەندەن دا بۆ بەڕێوەبەرێتی کاروباری هیند بۆ تەواوکردنی ئیشوکاری، هەر لەوێدا ڕیچ سەرنجی سیرتشارلس ویلکنس، کە بە شارەزای زمانەکانی خۆرهەڵات ناسرابوو، ڕاکێشا بۆیە خۆی بە ئەندامی ئەنجوومەنی ئەو

دەزگایەی ناساند.

هەر لە وێدا کاتب تحریراتی دەزگای بۆمبای پێ سپێردرا. بەم جۆرە ڕەوتی ژیانی لە خزمەتی سەربازییەوە گۆڕدرا بۆ خزمەتی مەدەنی. بۆ ئەوەی کە زیاتریش زمانی عەرەبی و تورکی فێر ببێت. گوێزرایەوە بۆ سکرتاریەتی باڵیۆزی حکومەتی بەریتانی لە میسر. بەڵام لە ڕێگای چوونیدا بە پاپۆڕ کە سووتا ڕێی کەوتە ئیتاڵیا، دوای مانەوەیەکی زۆر لەوێ فێری زمانی ئیتاڵی و فێری مۆسیقا بوو زۆر ژیانی ئەوێی پێ خۆش بوو، ئیتر لە ڕێی دوورگەکانی یۆنانەوە بەرەو ئەستەمبوڵ ئەچێت. دوای مانەوەی بەینێک لە ئەستەمبوڵ ئەچێتە ئەزمیر لەوێدا ئەچێتە قوتابخانە بۆ فێربوونی زیاتر لە زمانی تورکی و زانستەکانی ئیسلامی. هەر لەم ماوەیەدا، چەندەها سەفەری بۆ ئاسیای بچوک کرد. دوایی کرا بە یاریدەدەری باڵیۆزی گشتی بەریتانیا لە میسر. لەوێش کەڵکی لە فێربوونی زمانی عەرەبی و شێوە جیاوازەکانی وەر گرت لە هەمان کاتدا زیاتر خۆی فێری سواری و بەکارهێنانی شیر و تیر، دوای ئەوە بڕیاریدا بە ڕێی زەویدا بچێت بۆ کەنداوی فارسی، بۆ ئەوەش کە نەیناسن جلوبەرگی ئەمیری لەبەر کردووە. گەشتی بە زۆربەی ناوچەکانی فەلەستین و سووریادا کردووە، لە کاتی سەردانی حاجیاندا بەرەو مەککە ئەمیش چۆتە ناو المسجد الکبیر کە ئەمەش کارێکی زۆر ستەم بووە لەو ڕۆژانەدا ئەگەر پێیان بزانییایە کە دیویانە. ئیتر لە دمشقەوە چۆتە حەلەب لەوێشەوە بەڕێی ماردین- بەغداد چۆتە بەسرە و لەوێوە بۆ بۆمبای کە لە ساڵی ١٨٩٧ دا ئەیگاتێ. زرنگی لە زمانەکانی خۆرهەڵات و توانایەکی وای پەیدا کرد، کە بتوانێت بە جلوبەرگی تورکانەوە لە گورجستان چاوبەست لە خەڵک بکات و لە دیمەشقیش لەناو هەزاران حاجی کە بەرەو مەککە ئەچوون، چەند هەفتەیەک بمێنێتەوە بەبێ ئەوەی سەرگەرمترین و وریاترین موسوڵمان هەستی پێ بکەن.

دوای ئەوە کاتێک مقیمیە- نیشتەجێی بەریتانی لە بەغداد دامەزرا بە ڕای هەموو بڕیار درا میستەر ڕیچ تاقە کەسێکە شاییستەی ئەم شوێنە بێت. خۆشی بۆ ئەمە داوای دامەزراندنی کردبوو، بۆیە پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی ٢٤ ساڵی، بە هۆی لێهاتوویی خۆیەوە، دووجار بەرز کراوەتەوە و چووە بۆ بەغداد. ساڵی ١٨٩٨ کچی پیاوێکی ئینگلیزی هێنا، کە ئەندامی پەرلەمانی ئینگلیز بوو ماڵەکەی ڕیچ بوو بە پەناگەیەک کەس نەی ئەوێرا لەخۆیەوە توخنی بکەوێت. ئەم دادپەروەری و چاکییەی بۆتە هۆی ئەوەی گەلێک جار، خەڵک هیچ بڕوایان بە گفت و قسەی والییەکان نەبووبێت ئەگەر لەلایەن ئەمەوە پشتگیری نەکرایە. نزیکەی شەش ساڵی لە بەغداد بەسەر برد، جگە لە هاوسەرەکەی و برین پێچەکە کە یاریدەدەریشی بوو، هیچ هاوڕێیەکی ئەوروپایی نەبوو، کاتی دەستبەتاڵی بەو لێکۆڵینەوانە بەسەر ئەبرد کە حەزی پێ کردوون. دەستی کردووە بە گردکردنەوەی دەستنووسە خۆرهەڵاتییەکان و درێغی لە پارە نەکردووە و لە چەند ژمارەیەکی کانگەکانی خۆرهەڵات کە لە ڤیینە دەر ئەچوو بڵاو کردۆتەوە. جگە لەوە کۆمەڵێکی مەدالیا، دراو، خشڵ و بەردی هەڵکۆڵراو کە لە بابل و نەینەوا و تەیسەفون و بەغداد دۆزراوەتەوە و لەو کتێبەدا بڵاوی کردوونەتەوە کە ناوی ناوە یادداشت لە کەلاوەکانی بابلەوە

کە بۆ یەکەم جار لە ڤیینە چاپ کراوە و لە دوایشدا لە ئینگلتەرە چاپ کراوەتەوە. ساڵی ١٨١٣ بە هۆی تێکچوونی تەندروستییەوە لەگەڵ مادام ڕیچ چوون بۆ ئەستەمبوڵ میوانی باڵیۆزی بەریتانیا بوون. لەوێوە بۆ بولگاریا و هەنگاریا، ڤیینا، پاریس، کە تازە سوپای هاوپەیمانەکان داگیریان کردبوو، ئیتر هەر لە پاریس مایەوە تا لە گەڕانەوەیدا بە سویسرە و میلان و لەوێوە بۆ بندقیە و ئینجا لە ئیتاڵیاوە بەرەو تریەستە، لەوێشەوە لە ڕێگای کورفو و ئەرخەبیل چووە بۆ ئەستەمبوڵ لەوێوە گەڕاوەتەوە بۆ بەغداد. بەڵام لە ڕێگادا زانیاریی دەربارەی ئەو ڕەگەزە سەیر و نامۆیە کۆ ئەکاتەوە کە یەزیدین.

لە بەغداد دەست ئەکاتەوە بە کۆکردنەوەی دەستنووسی تر کە لە خۆرهەڵاتدا کەسی تر نەیبووە، هەروەها کۆمەڵە دراوی یۆنانی و ساسانی و ئیسلامیەکانی زیاتر کردووە. جگە لە خشڵ و بەردی هەڵکوڵراو بەتایبەتی لوولە بابلییەکان.

ساڵی ١٨٢٠ باری تەندروستی وای پێویست کردووە ئاڵوگۆڕێک لە هەوادا بکات، بۆیە گەشتێکی کوردستانی کردووە کە ڕووداوەکانی ئەو سەردانەی کردووە بە کتێب. دوای خۆی هاوسەرەکەی داویەتی بە چاپ بە ئینگلیزی بڵاو بۆتەوە. متصرفی چلەکانی سلێمانی و لە دواییدا وەزیر و ئینجا باڵیۆز و جەنەڕاڵی سوپا بەهادین نوری وەری گێڕاوە بۆ عەرەبییەکی زۆر ڕێکوپێک بە لێکۆڵینەوە و پەراوێزەوە، بە ناوی ڕحلە ریچ فی العراق سنە ١٨٢٠ دوای ئەو مامۆستا حەمەی حەمە باقی وەری گێڕاوە بۆ کوردی گەشتی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠ز.

لە گەڕانەوەیدا سەردانی گەلێک لە کەنیسەی دیانەکانی کردووە، بەتایبەتی ئەوانەی توانیویەتی گەلێک دەقی کۆنی سریانی و کلدانی بەکەڵکی کتێبی پیرۆز کۆ بکاتەوە، گەلێک لە دەستنووسی دەگمەنی تر. هەر لەو دەمانەدا خۆی ئامادە کرد بۆ سەردانی بۆمبای چونکە حاکمی گشتی ئەوێ بە پلەیەکی گرنگ دای مەزراندووە، بەڵام وا ڕێ کەوتووە بارەگای نیشینگەییەکەی بە فرمانی والیی بەغداد یان بە هاندانی پەلامار بدرێت و مستەر ڕیچ توانی بە چەک بەرەنگاری ئەم هێرشە ببیتەوە و پاشان چووە بۆ بەسرە.

لە کاتی مانەوەیدا لە شیراز نەخۆشیی ڕشانەوە پەیدا بووە، ئەمیش تووش بووە. ڕۆژی ١٨٢١/١٠/٥ز کۆچی دوایی ئەکات لە یەکێک لە باخچەکانی پاشایەتی جیهان نمادا ئەنێژرێت و پەیکەرێکی بۆ ئەکرێت.

دوای خۆی گەلێک دەستنووسی جێ هێشتووە. کۆمەڵە دەستنووسە بەنرخە خۆرهەڵاتییەکەی و دراوشتەکانی تری، پەرلەمانی بەریتانیا بۆ مۆزەخانەی بەریتانیای کڕیوەتەوە کە تا ئێستاش هەر لەوێن.

ئەو کتێبەی وەکو گەشتنامە نووسیویەتی دەربارەی سلێمانی تیشکێکی تازەتر و گەشاوەتر ئەخاتە سەر جوگرافیای کوردستان و نەریتی خەڵکەکەی، چونکە ئەو خاڵە جوگرافیانەی لەم کتێبەدا لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، نەک هەر ڕوونکەرەوەی هەموو لایەکی کوردستانن بەڵکو یارمەتیدەریشە بۆ ڕووناککردنەوەی شوێنە نزیکەکانی ئەم بەشەی ئاسیا... ئەگەر مەرگ

مەودای بدایە، خۆی ئەم گەشتنامەیەی بنووسیایەتەوە و بڵاوی بکردایەوە، بێگومان شتی زیاتر و زانیاری جیاوازتری لەگەڵدا ئەبوو.

مامۆستا محەمەد حەمە باقی وەرگێڕی کتێبەکەی ڕێچ لە عەرەبییەوە بۆ کوردی ئەڵێت، "بە ڕاستی تا ئێستا مێژووی وا بەنرخ لەلایەن کەسێکی وریا و زیرەک و ڕۆشنبیر و لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی شوێنبەشوێن و ڕووبەرووی وەها لەلایەن کەسەوە بەو جۆرە نەنووسراوەتەوە."

بۆیە من نووسەری ئەم کتێبە سێ کەسی ئەم کتێبە بە شاییستە ئەزانم دووانیان پەیکەریان لە دەروازە و حەوشی سەرای سلێمانیدا بۆ دروست بکرێت. ئەوڕەحمان پاشای بابان، ئیبراهیم پاشای بابان و بۆ کلودیوس جەیمس ڕیچیش شەقامێکی ناسراو یا پردێک یا باخچەیەکی ناوشاری بەناوەوە بنرێت.

بۆ زانینی زیاتر، ئەم یادداشتنامەیە لە ساڵی ١٨٣٦ لەلایەن هاوسەرەکەیەوە لە ئینگلستان لەچاپ دراوە بەئینگلیزی. دوای سەد ساڵ لە هەفتەنامەی پێشکەوتن لە سلێمانی بە زنجیرە بەشێکی بڵاو کرایەوە. بەهادین نوری کردوویەتی بە عەرەبی و ساڵی ١٩٥١ لە بەغداد چاپی کردووە.

ڕیچ بەکورتی پیاوێک بوو ڕۆشنبیری ڕۆژگاری خۆی، هەر تەنها بەلێهاتوویی خۆی، بەو جۆرە پێگەیشت و هەڵی دا. ئەگەر وا زوو ڕشانەوە ڕەوانەی ژێر خاکی نەکردایە، بێگومان هەر لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، ئەگەیشتە پلەی باڵیۆز یاخود لە شوێنی ترِدا پلەی بەرزتری بەدەست ئەهێنا.

من لەو بڕوایەدام، هیچ گەشتیار، یاخود کەسێکی تری ئەو ڕۆژگارە بەقەدەر(هێندەی) ڕیچ لە سنووری کات و شوێن و بۆڕەخساندا بەو جۆرەی ئەم خزمەتی سلێمانی و مێژووی کوردی نەکردووە. وەک گەشتیارێک، ڕۆژبەڕۆژ چی دیوە و بیستوە و بەسەریدا تێپەڕیوە، بەوردی لای خۆی لە عادات و ئەخلاق و ئایین، خواردن، جلوبەرگ، مێژوو، ئەستێرەناسی، فەلەکیات، میوەهات و سەوزە، بەروبووم، سیاسەت، چینەکانی زەوی، جێماوی کۆن و بەنرخ... لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون تۆماری کردووە.

ڕۆژێک ئەندازیارێک گوایە هەیکەل –پەیکەری برایم پاشای پێ سپێردرابوو، دروستی بکات، پرسیاری جلوبەرگ و پۆشاکی ئەو کاتەی لێ پرسیم. منیش ڕاست ئەو وێنەیەی ڕیچ، لە کتێبەکەیدا بەدەست کێشاویەتی، خستمە بەردەستی، کە بە بڕوای من وێنەی مەحمود پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشایە، کە لە کاتی گەشتەکەی ڕیچ ساڵی ١٨٢٠ بۆ سلێمانی، میر واتە پاشای میرنشین بووە. کە جلوبەرگی برایم پاشاش هەر ئەو جۆرە پۆشاکە بووە. لە کاتێکدا کە پەیکەری برایم پاشا لەلایەن بەرێز جەنابی مام جەلالەوە بڕیاری تەواوی پێش نەخۆشییەکەی بە ساڵێک لەسەر درا، بەڵام بە داخەوە تا ئێستا ئەوە بوو بە چوار ساڵ هیچ و پشتگوێ خرا و ئەگەر بکرایە لە پێشدا شانازی بوو بۆ بەرێز مام جەلال، ئینجا بۆ شارەکە و دانیشتووان.

ڕیچ ئەوەی بە وێنە پێشکەشی نەکردووە. بە نووسین لێی کۆڵیوەتەوە و ڕوونی کردۆتەوە.

ئەوەتا لە بابەت سلێمان پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشاوە ئەڵێت، "کوڕی بچوکی ئەوڕەحمان پاشایە، بالای لە براکانی بەرزترە. چاوی شینە، ڕەنگی مەیلە و سوورووسپییە، ئاغرە، عەقڵی لە تەمەنی زیاترە، هەروەها وەسفی مەحمود پاشا و عوسمان بەگی برای بەو جۆرە ئەکات.

چەند ساڵێک لەمەوپێش، لە بابەت ژیانی دووروودرێژی ڕێچەوە کتێبێکم دەست کەوت،دوای خوێندنەوەی وێستنساخی بکەم فریا نەکەوتم خاوەنەکەی بردیەوە. ئەوەندەی لە یادم مابێت ١٤ زمانی زانیوە. زمانی کۆنی عیبری، کلدانی، ئاسوری، لاتینی و ڕۆمانی کۆن و فارسیی کۆن باقییەکەیم لەبیر نەماوە. جگە لە ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیتاڵی و تورکی و عەرەبی و فارسی بێگومان بەو سێ-چوار مانگە فێر بووە، بێگومان شتێکیش لە کوردی فێر بوون.

مادام ڕێچ واتە هاوسەرەکەی ڕێچیش لە یاداشتەکەیدا، یاداشتی ڕۆژی ١٦ی نیساندا بە بۆنەی گەشتەکەیەوە بەرەو کوردستان لەگەڵ مێردەکەیدا بۆ ماڵئاوایی خواحافیزی ئەڵێت، "لەپێشدا چووم بۆ لای دەستە خوشکی کوردم ساڵحەخانی ژنی سلێمان پاشا کە زانی ئەچم بۆ سلێمانی، ئەویش باسی تێکشکانێکی خۆیانی بۆ کردم، کە ئەوەندەی گەڕانەوەی دەهەزارەکە ناخۆش بووە، کاتێک لەگەڵ مێردەکەیدا بووە لە کوێسنجاقەوە بۆ کرماشان، گەڕانەوەکەشیان بەسەر کێوەکانی ڕەوەندی ناوچەی بەڵباسی کورددا بووە، کە هارترین خێڵی سەربەخۆن و پاشاکانی بەغداد هانیان داون، پەلاماریان بدەن و مێردەکەی بکوژن. ئیتر ئەڵێت، "تا ماوەی چل ڕۆژی تەواو لە شەڕدا بووین. زۆر جار کە بەسەر ئەسپەکەمەوە ئەبووم، گوللە بە هەرچوار دەورمدا گیزەی ئەکرد، کە لاشم ئەکردەوە، لە کوژراو و بریندار زیاترم نەئەدی. بەڵام بە هۆی ئازایەتی دەستوپێوەند و هەندێک هاوڕێی وەفادارمانەوە ڕزگار بووین، کە لە کاتی خۆیدا بەهانامانەوە هاتبوون، خانم جوان و شیرین بوو. هەرچی جوانی کە ئەبوایە لە ئافرەتدا هەبێت، تیایدا بوو لاوازی و زراڤییەکەی لەگەڵ ئەو مەترسییە دەگمەنەدا نەئەگونجا کە تێی کەوتبوون. ساکارانە و لەسەرخۆ قسەکانی بۆ ئەگێڕامەوە."

تا لە دواییدا مالاواییم لێ کرد.

ڕێچ جگە لەو هەموو زانیارییەی لە گەشتەکەیدا باسی کردووە. هەر بەوە وازی نەهێناوە. لە کۆتاییی کتێبەکەیدا چەند پاشکۆیەکی تری خستۆتە پاڵ.

هاتۆتە سەر باسی جزیرە و ناوچەکانی و ڕێگاکانی و مەودای دووریان بە سەعات و بە پێ. پاشکۆی چوارەم باسی زنجیرەی میرانی بنەماڵەی بابان لە سلێمان بەبەوە تا مەحمود پاشای ئەو کاتەی ئەو میوانی بووە لە سلێمانی و ساڵی حوکمیان. پاشکۆی پێنجەم باسی ئەو ڕێگایانە ئەکات لە ئەحمەد کلوانەوە بۆ شوێنەکانی تر ئەچێت. پاشکۆی شەشەمیش تۆبۆگرافیای کوردستان باس ئەکات.

هەر بە بۆنەی باسی ئەم پیاوەوە، منیش ئەمەی تێهەڵکێش ئەکەم ئەزانم ئێستا ئەو ئاواتەم لەم ڕۆژگارەی ئێستادا نایەتە دی. بەڵام دڵنیام لە دانیشتووانی بەڕێزی شارەکەم. چۆن

تەرمەکەی مەلا نەجمەدینیان دوای وەفاتی بە چەند سال لەسەر وەسیەتی خۆی بە ئاهەنگێکی پڕ ڕێز و سەروەری گواستەوە بۆ لووتکەی ئەزمڕ. ئاوەها ئەم وەسیەتەی منیش دوای مردنم ئەهێننە دی،

ئەوڕەحمان پاشای بابان وەک لەم کتێبەدا، باسی کرا بە شەهادەتی هەمو میژوونووسان، کەسایەتییەکی وەک ئەو نە لە بنەماڵەی بابان و نە لە میژووی دوورونزیکمان هەڵنەکەوتووە، لە دڵسۆزیی و کوردایەتی و سیاسەت چ وەک پێشەوایەکی هەڵکەوتووی جەبهە و ئینجا لە هەموو ڕوویەکی ترەوە.

هەروەها برایم پاشاش، کە شاری سلێمانی وەک دیارییەکی هەرەبەنرخ پێشکەشی کورد کرد، کە ئێستا بە یەکێک لە شارەئاوەدانە گەورەکانی کوردستانی گەورە لە هەموو ڕوویەکەوە دائەنرێت.

مستر ڕیچ یش، بەختی کورد و بنەماڵەی بابان و بەختی سلێمانی بەداخەوە، هەر ئەوەندەی بڕ کرد. لە نیوەی ڕێ خۆی لە ئەهواز وەک مرۆڤایەتی قۆڵی پیاوەتی لێ هەڵکرد بۆ یارمەتی و ڕزگارکردنی دانیشتووانی ئەو وڵاتە لە نەخۆشی ڕشانەوە کە لەو ناوەدا بڵاو بووبووەوە، کە چی بەڵاکە لەپێشدا دامێنی خۆی گرت و دەموودەست کوشتی، هەرچەندە خۆی وەک ڕۆشنبیرێکی لێهاتووی ئەو زەمانە شتێکی لە زانیاریی پزیشکی ئەزانی. ئەو دەرمانانەی دژەڕشانەوە و دژە ئاوڵە و سورێژە کە لە ئەهواز و پێشتر لە سلێمانی و کوردستان بەکاری هێنا بوون، وا دیار بوو مەودایان تێپەڕیبوون و ئێکسپایەر و خراپ بووبوون، نە فریای خۆی و نە فریای منالەکەی پاشای بابان و نە فریای خەڵکەکە نەکەوتن.

ئەبێت خزمەتی میژووی کورد و خزمەتی شاری سلێمانیشیمان هەر لەبیر نەچێت. بۆ پێزانین تکای ئەوەم هەیە، ناوی باخێک، شەقامێک، گردێک هەر شتێکی شیاو بێت بە ناویەوە بنرێت.

من خۆم زۆر هەوڵمدا لەگەڵ حکومەتی سلێمانی، بۆ هێنانەدی ئەم داوایانەم، بەداخەوە قسەکانم بە بادا چوون و بە هەوادا ڕۆیشتن. بەڵام دڵنیام کە ڕۆڵەکانی میللەتەکەم کە ئەوان لە هەڵێکدا و لە حکومەتێکی کوردی گوێڕایەڵدا ئەو ئاواتانەی من ئەهێننە دی.

دکتۆر جەمال نەبەز لە کوردستان و شۆڕشەکەیدا، باسی ڕێبەرێکی عیسایی ئەمەریکایی دەکات کە ناوی Dr. Joseph C.CHran بوو، لەگەڵ ڕژێمی فارسدا، سەرگەرمی تەونکردنی پلانێک بوو لە دژی نەهری، کە پاشان بوو بە هۆی هەرەسهێنانی بزووتنەوەکەی. ئەم ڕاستیەش دیبلۆماسی ئەمەریکایی ئەیگێڕێتەوە کە ناوی Eagelton و بێشەرمانە هەڵوێستی cochran بەم جۆرە هەڵئەسەنگێنێت ئەم دکتۆرە باشە، هەوڵی پاراستنی دیانەکانی ناوچەکەی ئەدا، کە لەبەر مەترسی و تاڵان و کوشتن و بڕینی کوردەدرندەکاندا بوون. لەم فەرماییشتەوە پیاو تێ دەگات. کە ئینگلیزیش سەوداسەرێکی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالستی ئەمریکییە. بەڵام جێگەی داخە سیاسەتمەدارێکی کورد هێندە ساکار و ساویلکە بێت ئیگلتن بە دۆست و لایەنگری بزووتنەوەی

ئازادیخوازانەی کورد تێ بگات.

ژمارەیەکی زۆر کتێب دەبینین لە سەدەی پێشوو و ئەم سەدەیەدا لەلایەن گەڕۆکەکانەوە، دەربارەی کورد نوسراون. زۆربەی ئەم گەڕۆکانە بە گوێبیست کوردیان ناسیوە. ئەم نووسەرانە بە دیان کوژ و جەردە ناوی کوردیان بردووە. هەوڵیان داوە بە بوختان و درۆی بێجێ، ڕاستییەکان لنگاوقووچ بکەنەوە.

زانای ڕووسی خاڵفین دەربارەیان دەڵێت، "بەشێکی زۆر لەو سەرچاوە ڕۆژئاواییانەی کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەربارەی کورد نووسیویانە، کورد بە دزو جەردە ناو ئەبەن. بەڵام ئەم جۆرە ناوونانۆرانە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ڕاستیدا یەکانگیر نابن."

کاتێک ڕژێمی تورکیا لە ١٩١٥و ١٩٢٣دا قەتڵ و عامی نەتەوەی ئەرمەنی برامانیان ئەکرد. ئەم پارێزەری دیان ئانەی ئەوروپا، نەک هەر فریایان نەکەوتن، بەڵکو بەرژەوەندییە ئابوورییە ئیمپریالیزمییەکانیان لەگەڵ تورکیادا بەتینتر کرد. چارەنووسی ئەرمەنییەکانیان دایە دەست ویژدانی تورک. بە پێچەوانەی ئەوانەوە. جوتیارە هەژارەکانی کورد لە کاتی قەتڵ و عامەکەی ١٩١٦دا داڵدەی ئەرمەنییەکانیان دەدا. زانای ئەرمەنی Arshak saprastian لە کتێبەکەیدا کە دەربارەی کورد و کوردستان نووسیویەتی، ئەوەی ئاشکرا کردووە کە خودی ڕژێمی تورکیا هەموو تاوانێکی لێککەوتنی هەردوو گەلی برا کورد و ئەرمەنییەکان لە ئەستۆ دایە نەک لەئەستۆی کوردەکان. لە لایەکی ترەوە ئەو کوردانەی ئەو تاوانانەیان بەرامبەر ئەرمەن کرد بە هیچ شێوەیەک ناشێت لەسەر کورد حسێب بکرێن. چونکە ئەوانە هەندێک خۆفرۆش و بەکرێگیراوی کورد بوون.

لەنێو کوردستاندا بە جل خوارەکان ناسرابوون و دەوڵەتی عوسمانی نێوی سوارەی حەمیدی لێ نابوون. ئەوانە تەنها دژی ئەرمەن نەدەجەنگان، بەڵکو بە هەمان شێوەی جاشەکانی ئەم سەردەمەی خۆمان، بۆ سەرکێکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خودی نەتەوەی کوردیش بەکار دەهێنران.

لە لایەکی ترەوە، گەلی ئاسوری براکان، ئەم ڕاستییانەیان لا ئاشکرایە. لە ماوەی پەنجا ساڵەی دەردەسەری ژێر دەستیی ئینگلیزدا زۆر ڕاستییان بۆ ڕوون بۆتەوە.

لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ی کوردەوە تا ئەمڕۆ برا ئاسوورییەکان لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی میللەتەکەماندا، ڕۆڵێکی درەوشاوە و گەشیان دیتووە. ئەزانن کە هەردوو گەلی برا یەک چارەنووسیان هەیە.

یوسف مەلەک هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد و قبرص تەرخان کرد. گشت کوردێکی ڕاستەقینە بە هەڵوێستی یوسف مەلەک و هەڵوێستی زانا و سیاسەتمەدار و بیشوپ.

پولس برارى و پاڵەوانێکی وەک مارگرێت جۆرج کە ناوی جان دارکی کوردستانی لێ

نرابـوو، سـەربەرزن و شـانازی دەکـەن.

هەروەهـا دکتـۆر نەبـەز خالێکـی گرنگـی تـر ڕوون ئەکاتـەوە و ئەڵێـت، لـەو دەمـەدا کـوردەکان بـۆ یەکـەم جـار بـە ڕاسـتی هەوڵـی خـۆ ڕێکخسـتنیان دا، چەنـد پارتێکیـان دامەزرانـد، و چەنـد ڕۆژنامەیەکیان دەر کرد، ئـەم کۆششـانە زیاتـر خانـەوادەی بەدرخانییـەکان دەستپێشـخەری بـوون، بـەڵام جەماوەریی و سـەراپایی نەبـوون، چونکـە کایـەی چالاکییـان زیاتـر ئەسـتەمبوڵ بـوو. ڕێبـەران و لایەنگرانیـان لـە خانـەوادە دەسترۆیشـتووەکان بـوون. لەگـەڵ ئەوەشـدا باریکـی وەهـا هاتـە پێش ڕێگـە بـۆ شۆڕشـی بەتلیسـی ۱۹۱۳ خـۆش بکات. بـەڵام ئـەم ڕاپەرینـە زۆری نەخایاند. داگیرکەرانـی تـورک بـە نیـوەی غـەزاوە شـالاوی دڕندانەیـان بـۆ هێنـا. شـێخ سـەلیمی سـەرکردەی شۆڕشـەکە ناچـار بـوو هەڵبێت و پەنـا بەرێتـە بـەر بـارەگای کونسـوڵی ڕوسـەوە. لەوێدا تـا سـەرەتای یەکـەم شـەڕی جیهانـی خـۆی حەشـار دا، تورکەکان پەلامـاری کونسـوڵخانەیان دا و شـێخ سـەلیمیان گرت و کوشـتیان. چونکـە ئـەو کاتـە ڕووسـەکان هەڵوێسـتێکی ڕوون و ئاشـکرایان بەرامبـەر بـە کـورد نەبـوو، یارمەتـی کوردیـان نـەدا."

دکتـۆر نەبـەز بـەم جـۆرە لەسـەری ئـەروات، "جەنگی یەکەمـی جیهانـی ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی هەڵتەکانـد، دەوڵەتـە سـەرکەوتووەکان، بەپێـی بەرژەوەنـدی خۆیـان ویسـتیان کەلاکەکـەی بـەش بکـەن، ڕێکخـراوە کوردییـەکان جەنـەڕاڵ شـەریف پاشـای کۆنـە باڵیـوزی عوسـمانی لـە سـتۆکهوڵم کـردە نوێنـەری خۆیـان و ناردیانـە پاریـس، ڕۆژی ۲۲/ ۳/ ۱۹۱۹ بیرخەرەوەیەکـی دا بـە کۆنگرەی ئاشـتی و داوای سـەربەخۆیی کوردسـتانی کـرد، لـە ۱/ ۳/ ۱۹۲۰ لەگـەڵ بۆغـوس نوبـار پاشـای نوێنـەری ئەرمەنی بەیەکەوە بیرخەرەوەیەکیان دا بـە ئەنجومەنـی بـاڵای دەوڵەتـە سـوێندخۆرەکان[۹٤].

ئەویـش خرایـە پشـتگوێ و بـوو بـە قوربانـی بەرژەوەنـدی دەوڵەتـە ئیسـتعمارییەکان. ئـەوەی ئەیەوێـت زیاتـر بزانێـت لـەم بابەتـەوە تکایـە کتێبـە بەنرخەکـەی پرۆفیسـۆر دکتـۆر جەمـال نەبـەز کوردسـتان و شۆڕشـەکەی چاپـی سـێیەم ۲۰۰۷ بخوێنێتـەوە.

---

۹٤ کوردستان و شۆڕشەکەی. د. جەمال نەبەز ل ٦٤- ۷۲.

بابانەکان و هەوڵی سەربەخۆیی و جیابوونەوە و بابانەکانی خانەی نەنگەویستی

ئەو بەڕێزانەی کێن کە پێویستە هەوڵ و تەقەللایان بە قەڵەمی زێڕ لە سنگی میژوودا تۆمار بکرێت؟

ئەو بەڕێزانەی لە کاتێکدا سەیریان کرد، زوڵموزۆر شیرازەی ولاتیان لەبن دەر هێنا. بۆیە هەستی کوردایەتی بە جۆرێک لە دەروونیاندا وروژا و جۆشی سەند خۆیان پێ نەگیرا، بەرامبەر ئەو ئەرکە قورسەی لەسەر شانیاندا بوو، پێویستە پێی هەستن، کەوتنە بزوتنەوە و خۆئامادەکردن، ئینجا هەنگاونان بەرەو پێشەوە، بەناو جامی چل کلیلەدا بەناو ئەشکەوتی تاریکونوتەکی بێبڕانەوەی داگیرکەرانی ڕۆم و عەجەم دا، بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکی سەربەخۆ. هەرچەندە نەخلی مرادیان بێ سەمەر بوو بەڵام خۆ ئەوان نەک هەر تێکۆشان بە شایەتی میژوونوسانی بڕواپێکراو بەڵکو هەر لەو ڕێگایەدا، سەریشیان دانا، بەکورتی زیاتر ئەمانە بون،

یەکەم: میر سلێمان کوڕی فەقێ ئەحمەد، هەر بە دانیشتنی لەسەر تەختی حوکمداری، کەوتە هەوڵی فراوانکردنی قەڵەمڕەوەکەی، دەستی بە ناوچەکانی قزڵجە و سرۆچک دوای ئەوە قەرەداغ و بازیان و شارەزوور دا هێنا چاوی بڕییە سنە کە بە ناوچەی ئەردەڵان ناسرابوو، تاکو ساڵی ١٦٦٩ز ناوەندی حکومەتەکەی لە دارەشمانەوە گواستەوە بۆ قەڵاچوالان، ئەم میر سلێمانە سەرۆکخێڵێک نەبوو. بەڵکو میرێکی سەربەخۆ بوو، حوکمی بەشێکی گرنگی کوردستانی باشووری دەکرد، هەرچەندە دەیویست سەر بە مەقامی ئەو خەلافەتە بێت کە نوێنەرایەتی ئالای یەکگرتووی کۆمەڵی ئیسلامی دەکرد، بەڵام لە هەمان کاتدا سەربەخۆیی حوکم و حکومەتەکەی نەسرپیەوە[٩٥].

---

٩٥ م. حسین ناظم بک (باسی میر سلیمان کوڕی فەقێ ئەحمەد هەر لەم کتێبەدا هاتووە.

شایەنی باسە لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا زیاتر لەم سلێمان پاشایە دواوین.

دووەم، بەکر بەگی بابان بەکرە سوور: بەکر بەگ دوای وەفاتی تەیمور خان بەگی برای لە ساڵی ١٧٠٣دا جڵەوی حوکمی گرتە دەست. هەر ئەوسا توانیی، ڕێگا لە عوسمانییەکان بگرێت و نەیەڵێت توخنی کاروباری میرنشینی بابان بکەون، چونکە بابانەکان کاتێک وڵاتەکەیان خرایە ژێر دەستی پاشای کەرکوکی سەر بە عوسمانی، هەستیان بە قورسی و زوڵمی عوسمانییەکان کرد.

بەکر بەگ هەر سوور بوو لە قاپیداخستن لە عوسمانی و ڕێگرتن لێیان، هەر بەو ڕێگا پاککردنەوەیە توانی بەڕەحەتی خاکی وڵاتەکەی بەرەو فراوان بوون بەرێت، هەر لە چەمی سیروانەوە تاکو زێی بچوک، بە جۆرێک گەیشتە پێگەی ئێلی جاف کە لەو دەمەدا لە جوانڕۆوە گەیشتبوونە ناوچەی شارەزوور و توانی بیانپارێزێت. لەملاشەوە تەنگی بە کەرکوک هەڵچنی. بەم جۆرە خاکی بابانی تەنییەوە و بەرفراوان بوو.

ئینجا بەکر بەگ ڕووی کردە کاروباری ئابووری و کشتوکاڵ، بۆ گەیشتن بە ئامانج، هەڵسا بە هەڵکەندنی جۆگایەکی بەرفراوان لە ڕۆژاوای سلێمانی، تاکو ئاوی ئەو سەرچاوانەی ئەو ناوە بەو هەموو زەویوزارە زۆرەی بگەیەنێت کە ئەوەش جۆگای بەکرەجۆ بوو واتە بەکرەجۆی ئەمڕۆ تاکو خۆشی وەک یەکێک لە پاچوبێڵ بەدەستەکان ئیشی تیادا ئەکرد.

بەم جۆرە وڵاتی بوژاندەوە و لە چنگی عوسمانی دەر هێنا و ئازادی کرد. بەکر بەگ بە پێشکەشکردنی ئەم خزمەتانەی بۆ نیشتمانەکە و لە سەرکەوتنەکانیدا دژی داگیرکەری عوسمانی، ناوی بە جۆرێک بڵاوبووەوە، والیی بەغدادی وریا کردەوە. ساڵی ١٧١٤ حەسەن پاشای والی دەستی کرد بە لەشکرکێشی. بەڵام بەکر بەگ خۆی ڕزگار کرد.

هەرچەندە لە دواییدا کەڵکەڵەی چوونە بەغداد بە خۆگۆڕین و نهێنی کەوتە سەر، کەس نەیزانی لەوە چی بوو، چونکە لای کەس نەی ئەدرکاند تا وای لێ هات خەڵکەکە بە تێکچوونی عەقڵییان ئەزانی بەڵام ئەو هەر وازی نەهێنا و ئەو خولیایەی کەوتبووە سەرییەوە، ئارامی لێ سەندبوو، ئاخریەکەی ملی نا بەرەو بەغداد بە خۆگۆڕین تاکو نەناسرێتەوە زۆری نەبرد لە بەغداد ناسرایەوە و ئەوە بوو بە هۆی کۆتاییهێنان بە ژیانی لەلایەن والیی بەغدادەوە.

بەم جۆرە بەکر بەگی بابانیش بەکرەسوور چووە لیستی ئەو بابانانەی کە توانی بۆ ماوەی چەند ساڵێک سەربەستی و ئازادی میرنشینیەکەی بپارێزێت بەو نیازەی قەوارەیەک بۆ میللەتەکەی و بۆ بنەماڵەکەی پێک بێنێت. بەڵام لە نیوەی ڕێگا دوژمنی چاولەدوو زەفەریان پێ برد.

من بە دووری نازانم، کە چوونەبەغدادەکەی بە خۆگۆڕین و بەدزییەوە پەیوەندی بە لایەنی سەربەستییەوە هەبێت، کەچی هەندێک لە میژوونوسان بە شێتی و تێکچوونی عەقڵی دائەنێن. هەر ئەمەش بوو پاڵی بە سەلیم بەگی کوڕیەوە نا بۆ تۆڵەسەندنەوەی باوکی، هەموو عوسمانییەکان و والییەکانیانی لە بەرچاو بکەوێت و بداتە پاڵ ئێران. هەر ئەوەش بوو کە کۆتایی بە تەمەنی

والیی بەغداد. ئەحمەد پاشای کوڕی حەسەن پاشا هێنا و لە هێرشێکیدا و لە گەڕانەوەی دا بۆ بەغداد لە ڕێگا لە دەلی عەباس مرد. ئەو ڕقوکینەی عادلە خاتون کچی ئەحمەد پاشا و خێزانی سلێمان پاشای والی پاڵ پێوە نا کە مێردەکەی لە تۆڵەی مردنی باوکیدا هان بدات سەلیم پاشا لەناو بەرێت و ئەمیش بچێتە پاڵ باوکە ڕەوانشادەکەی. وەک لەمەودوا لە باسی سەلیمدا دەر ئەکەوێت.

شایانی باسە قەڵای بەکرا ئاوا لای هەلەبجەش دەستێژی بەکر بەگە لە تەعمیر و دەست پیاهێنانەوەیدا. ئەو قسەیەش هەیە کە گوایە بەێنێک بەکراوای کردبوو بە سەنتەری میرنشینی بابان وەک لە نووسینەکانی لەمەوپێشم ئاماژەم بۆ کردووە.

نابێت بەکرەجۆشمان لەبیر بچێت کە ئێستاش شارێکی گەورەی سەر بە سلێمانییە، کە ئەویش بناغەکەی دەستێژ و دروستکراو و ئاوەدانکراوەی بەکر بەگە و ناوەکەی بەئاشکرا هاوار ئەکات.

سێیەم، سەلیم بەگ کوڕی بەکر بەگ: م. حسێن ناظم بەگ هەر لەم کتێبەدا ئەڵێت، سەلیم بەگ لە ئەنجامی خۆبەستنەوە بە خواستی نادر شاوە، ڕژێمی ناوخۆی بابانی تێکدا و هەموو پەیوەندییەکی بە بەغدادوە پچڕان و حکومەتی بابان وای لێ هات ببێتە وڵاتێکی داگیرکراوی ئێران. هەر لەبەر ئەوە ئەحمەد پاشای والیی بەغداد ساڵی ١٧٤٧ز پەلاماری سەلیمی دا، ئەویش کەسی لە دەور نەما داوای لێبوردنی کرد لە ئەحمەد پاشا کە هێشتا نەخۆش بوو، ئەویش لێی خۆش بوو.

دوای ئەوەی کە ئەحمەد پاشا مرد لە کاتێکدا کە بەرەو بەغداد ئەگەڕایەوە، لەم چمکەوە مامۆستا نەوشیروان مستەفا ئەڵێت، "سەلیم پاشا لە ناوچەی بابان هەڵکەنرابوو، جێێەکی بەدەستەوە نەمابوو، بە قسەی خۆش هەڵیان فریواند بچێت بۆ بەغداد عادلە خانم کچی ئەحمەد پاشا کە هاوسەری والی سلێمان پاشا بوو، دەستی بەسەر مێردەکەیدا ئەڕۆیشت. والیی مێردی هاندا بۆ کوشتنی سەلیم. والیی ساڵی ١٧٥٧ سەلیمی کوشت."

لە کۆتاییدا مامۆستا نەوشیروان ئەڵێت، "سەلیم پاشا کە ماوەیەکی درێژ هەوڵیدا هاوسەنگی لەنێوان ڕۆم و عەجەمدا ڕابگرێت و کەڵک لە ناکۆکیی هەردوو لا وەر بگرێت بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ، سەرئەنجام چارەنووسی ئەمیش وەکو هیی باوکی لە زیندانێکی بەغداد بەهەڵواسین تەواو بوو[٩٦]، هەروەها لە شوێنێکی تردا پاڵپشت بە نووسەری دوحە ئەڵێت، "هەڵسوکەوتی سەلیم پاشا لە زەمانی نادر شاوە جێگەی گومان بوو. لە ئێرانییەکان نزیک ئەکەوتەوە، لە وەزیر یاخی ئەبوو، گوێڕایەڵی فەرمانەکانی نەئەبوو. لەوماوەیەی دواییش لەگەڵ حاکمی کۆیە عوسمان پاشا پێک هات جیابوونەوە و سەربەخۆیی ڕاگەیاندبوو، هەردووکیان کەوتبوونە گەڕان و سوڕانەوە بە ناوچە کوردییەکاندا، بەرەبەرە دەستیان بەسەردا ئەگرت. ئیتر وەزیری بەغداد نەیتوانی لێیان بێدەنگ بێت، لەشکری کردە سەریان. والی لە مانگی

٩٦ ل٨٣ مێژووی سیاسی. کتێبی سێیەم

شەعبانی ١١٦٤ک/١٧٥٠ز لەشکری کێشایە سەر سەلیم پاشا. والیی گەیشتە دەلی عەباس، نارین، قەرەتەپە، چیمەن، ئەسکی کفری، توزخورماتوو، کوردەکانی بەرگەیان نەگرت و شکان، سەلیم پاشا بە تێکشکاوی هەڵات بۆ ئێران[٩٧].

چوارەم، سلێمان پاشای بابان کوڕی خالید پاشا: بەڕێز خوالێخۆشبوو حسێن ناظم بەگ لە بابەت سلێمان پاشای والیی بەغدادەوە ئەبی لەیلەوەوە ئەڵێت، "دانایەکی دینی و نیشتمانپەروەر و سیاسەتمەدارێکی مەزن بوو. ئەیویست بنەماڵەی بابان بەهێز بکات و پشتیان پێ ببەستێت، بۆیە ڕێی بە سلێمان پاشای بابان دا پێوستییەکانی جەنگ ئامادە بکات."

بەکورتی شەڕی دوانزەسوارەی مەریوان لە سەردەمی پاشایەتی ئەم پیاوەدا ڕووی دا. لە دواییدا زیاتر ئەمە ڕوون ئەکرێتەوە. ئەم پیاوە بەگوێرەی فەرموودەی حسێن ناظم بەگ پیاوێکی بەدین و ڕەوشتبەرز و ئاغر و سەنگین بوو. مامۆستا نەوشیروان مستەفا ئەڵێت، "هەندێک لە نووسەرانی ئەو سەردەمە ستاییشی زۆری سلێمان پاشایان کردووە." نوسەری دوحە الوزراو نوسیویەتی، "سلێمان پاشا، ئەو پیاوە صالحە بوو کە تەقوای یەزدانی کردبوو بە شیعاری خۆیان و لەو گوێڕایەڵانە بوو کە ئەم ئایەتە کەریمەیان جێبەجێ کردبوو واطیعوا الله والرسول واولي الأمر منكم. حاکمی ئەم ناوچانە بوو، ناوچەکانی بابان و هەولێر و کۆیە و هەریر و کۆپری و قەرەحەسەن و زەنگاباد، بۆ ماوەی دوانزە ساڵا، کاروباری بە جۆرێک بەڕێوە ئەبرد، کە خوا و پێغەمبەر و دەوڵەتی لێ ڕازی بوو. لە سنەوە تا کەرکوکی بەدەستەوە بوو.

ئەم پیاوە ساڵی ١٧٦٤ک فەقێ برایم ناوێک کە لە یەکێک لە قوتابخانەکانی قەڵاچوالان ئەیخوێند کوشتی، ئەو پیاوەی کوشت کە خەڵک و شاخەکانیش لەبەر سام و ترسی ئەلەرزین.

زانیاریی تەواو لە بابەت ئەم پیاوەوە، هەر لەم کێشەی ژێر دەستدا لەجێی خۆیدا هەیە مامۆستا نەوشیروان مستەفا ئەڵێت، "ئەم پیاوە بایەخێکی زۆری دابوو بە مزگەوت و مەدرەسە و کێبخانە. هەروەها بە پیشە و پیشەسازی و خەریکی دروستکردنی بارووت کە کەرەستەیەکی گرنگی شەڕ بوو، لەو ماوەی دواییەدا کەوتە کۆکردنەوەی ڕەسم و باج لەو ناوچانەدا، وا ڕەفتاری ئەکرد، کە وەکو مولکی خۆی بن. بەم جۆرە سامان و دارایەکی زۆری کۆ کردەوە، ئەوسا کەوتە بیری هەڵگەڕانەوە لە دەوڵەت و هەندێک کەسیشی لێ کۆ بووەوە[٩٨].

مێژوونووسەکانی تورک ئەڵێن، کە لە قەڵاچوالان کشاوەتەوە پیشەسازەکانی لەگەڵ خۆی بردووە بۆ ناوچەی سنە کە ماوەیەک مەڵبەندی حوکمڕانی ئەم بووە. مێژوونووسەکانی ئەردەڵانیش ئەڵێن، "کە سنەی جێ هێشتووە هەندێک لە پیشەکار و بازرگانەکانی ئەوێی لەگەڵا خۆی بردووە بۆ شارەزوور.

ئەحمەد پاشای برای بە هێزێکی گەورەی بەغدادەوە بۆ یارمەتیدانی بۆ داگیرکردنەوەی

97 ل18 سەرچاوەی پێشوو

٩٨ ل ٨٧- ٢و٣و٧ مێژووی سیاسی کێبی سێیەم. بەرگی یەکەم.

قەڵاچوالان هات، سلێمان پاشا خۆی پێ ڕانەگیرا و زستانێکی سەخت بوو. قەڵاچوالانی جێ هێشت. بەڵام لەگەڵ خۆی هەموو وەستا و سنعەتکارەکانی برد بۆ سنە.

ئەم پیاوە سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشا ڕۆژی هەینی مانگی زیلحەجەی ساڵی ١١٧٧ک /١٧٦٤ز لە قەڵاچوالان لە ماڵی خۆیدا، شەو لەلایەن فەقێ ئیبراهیم ناوێکەوە بە خەنجەر کوژرا. ئیستاش هۆی کوشتنەکەی بەتەواوەتی ساغ نەبۆتەوە و هەرکەسێک قسەیەک ئەکات. هەرچەندە من لەم دواییەدا گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە کاری کوشتنی ئەو پیاوە گەورەیە ئەبێت دەستی عوسمانی یا ئێرانی تیادابێت. هێجگار بە ناوبردنی ئەو عەبارەشە لەم کارەدا ناوی هاتووە (ج.ب). دوای کوشتنی سلێمان پاشا فەقێ ئیبراهیم ڕای کرد و خۆی گەیاندە قاهیرە، لەوێ گیرا و ناردیانەوە بۆ قەڵاچوالان، کە کەوتە دەست میللەت، ئیتر هەر وەک ئەڵێن، میللەتەکە پارچەپارچەی کرد[٩٩].

پێنجەم، ئەورەحمان پاشای بابان:[١٠٠]

خاڵە گرنگەکانی ژیان و چالاکیی سیاسەتی جیابوونەوەی ئەورەحمان پاشا.

ئەورەحمان پاشا و خولیای سەربەخۆیی[١٠١]

تێکشکانی وەهابیەکان لە بیابانی جەهەنەمی نجددا.

دوو شەڕی بەرگری لە دەربەندی بازیان ١٨٠٥و ١٨٠٨ دژی والیی عەلی پاشا و سلێمانی بچوک.

داواکاری، حالت ئەفەندی- نێردراوی سوڵتان بۆ بەغداد و داوای لە ئەورەحمان پاشا، بۆ قبوڵکردنی پۆستی والیی و وەزیری بەغداد و پۆزشی، ئەورەحمان پاشا.

گرتنی بەغداد لەلایەن، ئەورەحمان پاشاوە و کوشتنی والی سەعید پاشا لەلایەن عەشایەری عەرەبەوە، دانانی عەبدوڵڵای خازن بە والی بەغداد لەلایەن ئەورەحمان پاشاوە.

وەسیەتنامە هەرە بەنرخەکەی ئەورەحمان پاشا.

پێش وەفاتی، نەفرەتکردنی ئەورەحمان پاشا لە مردن لەناو لێفە و دۆشەکدا و خواستەکەی لە کانگای دڵیەوە کە ئارامی تەنها لەناو کفنداید، زانیاریی تەواو لە لاپەڕەکانی تری ئەم کتێبەی لەبەردەستتدایە. هێجگار لە سیرەی ئەورەحمان پاشا خۆی دا هەیە.

شەشەم، ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشا:

دوای وەفاتی سلێمان پاشا ساڵی ١٨٣٨ ئەحمەد پاشای کوڕەگەورەی. هاتە شوێنی و لەم

---

٩٩ ل٩٠- بۆ دوایی. سەرچاوەی پێشو.

١٠٠ بەپێویستمان نەزانی ئەم خاڵانە جارێکی تر لێرەدا بنووسینەوە. بۆیە بە ئاماژەکردن بۆ ناوونیشانی باسەکان وازمان هێنا تکا لە خوێنەری بەڕێز ئەکەین کە سەیری سیرەی ئەورەحمان پاشا بکات زانیاری تەواوی تیادایە، بەتایبەتی ئەورەحمان پاشا و خولیای سەربەخۆیی.

١٠١ مامۆستا نەوشیروان، مێژوی سیاسی. کتێبی سێیەم ل١١١-٧.

کاتەدا میرنشینی لاواز بووبوو. بۆیە ئەحمەد پاشا لەشکرێکی ڕێکوپێکی ڕێک خست و پەرلاخ بە چەکی نوێ و لەشکرگای لە دەرەوەی شار پێک هێنا بۆ لەشکری نوێ لە سەرچنار.

بەڵام ئەوەی کاری لە ئەحمەد پاشا تێک دا، مەحمود پاشای مامی بوو کە ساڵی ١٨٤١ دیسانەوە سەری هەڵدایەوە و بە یارمەتی ئێران هەوڵی دایەوە ئەحمەد پاشا لا بەرێت و خۆی بچێتە شوێنی، هەر لەم کاتەدا یەکێکی تریش سەری هەڵدا ئەویش عەلی کوڕی مەحمود کوڕی ئەوڕەحمان پاشا کە داواکاریی پاشایەتی بابانی ئەکرد. هەرچۆنێک بێت لەم کاتەدا و لە ئەنجامی ئەم ململانێیە مەحمود پاشا ساڵی ١٨٤١-١٨٤٢ بە حوکمی سلێمانی شاد بووەوە بە یارمەتی هێزی ئێران. بەڵام هەر کە ئەو هێزە گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی. ئەحمەد پاشا بەو هێزە سوپاییەیی کە لەوەوپێش ئامادەی کردبوو. توانی مەحمودی مامی لە سلێمانی هەڵکەنێت خۆی ساڵی ١٨٤٢ کاروبار بگرێتەوە دەست، هەر لەم کاتەدا لیژنەی هێلکێشی سنوور لەبەینی هەردوو لا دا عوسمانی و فارسی بۆ جێبەجێ کردن. کە بەجێهێنانی ئەم کارە پێویست بوو، جۆرە ئارامییەک بەدی بێت بۆ ئەوەی لیژنەکە بتوانێت ئیشی خۆی بکات. بەڵام ئەحمەد پاشا بە هۆی چەتەگەری و دەستدرێژی لە ناوچەی هەورامانەدا هێزێکی تۆندڕەوی ئاڕاستەی ئەو ناوچەیە کرد بە جۆرێک پیاوخراپانی سەرکوت کرد، ئەوانیش پەنایان بردە بەر ئێران. ئێرانییەکانیش هەمیشە ئامادەبوون بۆ لووتژەندنە کاروباری بابان. چوونە لای باب العالی شکاتیان کرد. سوڵتانیش فەرمانی دا بە نەجیب پاشای والیی بەغداد ئەویش ساڵی ١٨٤٥ ئەحمەد پاشای بانگ کردە بەغداد تاکو لای بەرێت و قادر بەگی کوڕەزای ئیبراهیم پاشای لە شوێن دابنێت، بەڵام عەبدوڵڵا بەگی برا بچوکی ئەحمەد پاشا کە پێشەوای سوپاکەی ئەحمەد پاشا بوو، توانی ڕێ بە سوپای بەغداد کە بە سەرۆکایەتی قادر بەگ و سوپای ئێران کە جارێکی تر مەحمود پاشای مامی هێنا بووی، سوپاکەی هەردوو لای ڕاگرت و نەیهێشت هەنگاو بەرەو سلێمانی بنێن.

ئەحمەد پاشا دوای قسەکردن لەگەڵ والی و قایلکردنی کە پێویستە لەم کاتەدا لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە و مایەوە.

ئەحمەد پاشا پیاوێکی ژیر و نەترس و ئازا بوو، هەر زوو گەیشتە ئەو بڕوایەی کە سەربەخۆیی بۆ میرنشینی بابان بەدەستهێنان و جێبەجێکردنی پێویستە، والی لە ئەحمەد پاشا دڵنیا نەبوو. بۆیە گەڕایەوە سەر سیاسەتە دووڕوویەکەی جارانی خۆیان، بە ناکۆکینانەوە لەناو براکاندا و سەیرکردن لە دوورەوە. هەستا عەبدوڵڵا بەگی برای ئەحمەد پاشای بەلای خۆیدا ڕاکێشا و وردەوردە لە خشتەی برد و تەماعی دایە بەر و ئەحمەد پاشای لا برد و عەبدوڵڵای خستە شوێنی، بەڵام نەک بەپاشایەتی بەڵکو وەک فەرمانبەر. هەوڵ و کۆششی ئەحمەد پاشا لەبەینی ساڵەکانی ١٨٤٥- ١٨٤٦ بۆ سەندنەوەی سلێمانی سوودێکی نەبەخشی، تاکو ئەو یارمەتییە سوپاییانەش کە لە ئێرانەوە بۆی ئەهات، ناچار ڕووی کردە کۆنسوڵی ئینگلیز لە بەغداد سێر ڕاولنسون کە لەوەوپێش ئەحمەد پاشا وەک دۆستی خۆی سەیر ئەکرد.

بۆیە ئەویش داوای لە حکومەتەکەی خۆی کرد کە لای سوڵتان تێبکۆشن بۆ گێڕانەوەی ئەحمەد پاشا.

راولنسون لەلایەن خۆیەوە، حەزی بە سەربەستی کوردستان و دامەزراوی تەواوەتی بنەماڵەی بابان و دوورخستنەوەیان لەژێردەسەڵاتی عوسمانی و فارسدا ئەکرد.

راولنسون ئەیوت، "هەر کە ئەحمەد پاشا دەسەڵاتی حوکمی سلێمانی بگرێتەوە دەست خۆی، ئەوسا شۆڕشێکی گەورەی وەها بەرپا کرد ئەبێت، کۆتاییی بێت بە سەربەستی کوردستان و ڕزگاربوونی بابانەکان لە دەست عوسمانی جگە لەوەی گەڕانەوەی ئەحمەد پاشا بۆ دەسەڵات، خزمەتێکی گەورەی بەرژەوەندی بەریتانیا لەخۆ دەگرێت[١٠٢] هەر بەو هیواو ئاواتە، حکومەتەکەی خۆی بانگهێشت کرد کە عێراق داگیر بکات، ئەگەر دەوڵەتە گەورەکان لەسەر دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پێک هاتن.

هەر بەم جۆرە ئەوسا میرنشینی بابان بە سەرۆکایەتی ئەحمەد پاشای هاوڕێ و دۆستی کونسوڵ، ئەبێت بە سنووری ژوروی موستەعمەرەی نوێی بەریتانیا[١٠٣]،

بەڵام گرێدانی پەیمانی دووەمی ئەرزڕۆمی ساڵی ١٨٤٧ بەینی حکومەتی عوسمانی و فارسی ئەم خەوەی ڕاولنسونی بەدی نەهێنا[١٠٤]

هەر بەم جۆرەش خەوی ئەحمەد پاشا و ئەوڕەحمان پاشا ی باپیری و میر سلێمانی باپیرە گەورەی و سلێمان پاشای گەورەی قەڵاچوالان و بەکرە سوور و سەلیم بەگی کوڕی و تا حەددێکیش مەحمود پاشای مامی ئەحمەد پاشا، لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵ و تێکۆشانەیاندا ڕۆژگار و زەمان یارمەتی نەدان و ئەتوانین بڵێین لە دژیشیان بوو. هۆکاری ئەم تێکشکان و سەرنەکەوتنەش هەمووی لەم کتێبەدا ڕاگەیاندراوە و ڕوون کراوەتەوە.

بەڵێ، ئەو ڕۆژگارە بۆ کورد ناڵەبار بوو. ئەتوانین بڵێین ڕۆژگاری ئەمڕۆ چارەکی یەکەمی سەدەی بیستویەکی زایین لەبارترە. دەست لەدەست و هێز و هیممەت لە خوا و لە دڵسۆزی و خۆبەخشین و هێزی لە بننەهاتووی گەلی کورد و کاربەدەستە پاکە دڵسۆزەکان دوور لە گەندەڵی و مەنسەب و پارە. کە وا بوو، جێی خۆیەتی فەرموودەی ئەو شاعیرە بەڕێز بنوسینەوە کە ئەڵێت،

"من که نەخلی مرادم بێسەمەر بێ- بەمن چی باخی عالەم جومله لەبەر بێ."

دوور نییە سیاسەتی ئەم ڕۆژگارەی ئێستا دارخورما زڕڕەکەی کورد بکەوێتە ڕەز و خورما و شیرینی پێگەیاندن.

---

١٠٢ تأريخ الاماره البابانيه. عبد ربّه ابراهيم. دار الزمان، لاپەڕە ٢٦٣.

١٠٣ عبدالعزيز. نوار. تأريخ العراق الحديث، ص ١١٨ عن تاريخ الاماره البابانيه.

١٠٤ خالفين. محمود الدره. مس بيل تاريخ الاماره البابانيه. لاپەڕە ٢٦٣.

دەردی خۆخۆریی کورد- نەخۆشییە کوشندەکەی کورد

قسەیەکی بەهەشت شاد ئەورەحمان پاشای بابان ئەگێڕمەوە کەهەمیشە دژی خۆخۆری بووە، چونکە ئەوەندەی لەو بابەتە لە خزمەکانی دیوە، لە ڕوی دەروونییەوە ڕد فعل واتا پەرچەکرداری پەیدا کردووە.

هەر لە کاتی حوکمڕانی ئەودا لە هەموو کاتێکی تری قەڵەمڕەوی بابانداا لە هیچ لایەکی تر ئەوەندە، دژایەتی و سەرهەڵدان و فیتنەگێڕیی ڕووی نەداوە و لەگەڵ ئەوەشدا دەوری حوکمی ئەورەحمان پاشا کە نزیکەی ٢٤ ساڵی پچڕپچڕ دەوامی کرد، بە گەشاوەترین سەردەم دائەنرێت لەلایەن مێژوونوسانەوە.

ئەو پیاوە ساڵی ١٨١٣ نەخۆش کەوت و لە سەرەمەرگدا تووشی جۆرە هیستیریایەک هاتووە خێراخێرا وتوویەتی، "چۆن دوای ئەم هەموو شەڕ و هەرا و پێکدادانە من لەناو لێفە و دۆشەکدا بمرم؟ لە جلوبەرگی پاشایەتی و دەرونیشی، ئاسوودەییم نەدیوە ئەگەر ئاسوودەیی هەبێت،هەر تەنها لە کفندایە."

حەکایەتێکی سەیر لە زمانی شەرەفخانی بەدلیسییەوە ئەویش لە زمانی خواجا سەعەدینی مێژوونووسی تورکەوە ئەگێڕێتەوە[١٠٥].

گوایە لە سەرەتای دەعوەتی ئیسلامیدا تاقمێک کورد ئەچن بۆ لای پێغەمبەر د.خ، تا لەسەر دەستی ئەودا موسڵمان ببن، سەروسەکوت و قەڵافەتیان ئەوەندە دزێو و سامناک ئەبێت، پێغەمبەر سامیان لێ ئەکات، کە ئەڕۆن پێغەمبەر ئەپرسێت، ئەمانە چ قەومێک بوون؟ ئەڵێن کورد. پێغەمبەریش دوعایان لێ ئەکات هەرگیز یەک نەگرن و هەمیشە لەناو خۆیاندا ناکۆک بن، چونکە ئەگەر یەک بگرن هەموو دنیا ئەخەنە زەلالەتەوە.

من ئەم دوعای ئاخرشەپە لە زمان پێغەمبەری ئیسلامەوە بە هەڵبەست و دوور لە

---

١٠٥ شەرەفنامە.

ڕاستییەوە، ئەبینم چونکە. پێغەمبەر ئەوەندە پیاوێکی ساکار نەبووە کە بەتەنها ڕوالەت دوعا لە قەومێک بکات یەک نەگرن. پێغەمبەرێک کە دوای ئەو هەموو خەبات و تێکۆشان و ئازار و دەربەدەرییەی بەدەست دوژمنەکانییەوە چەشت و کێشای، وازی نەهێنا، تا سەر کەوت و ئیستا نزیکەی کەمتر لە نیوەی خەڵکی ئەم سەرزەمینە هاتوونەتە سەر بڕوا و دینی ئیسلام، ئەو دینەی ئەو کە بە ئەمر و پشتگیریی خوای گەورە بڵاوی کردەوە.

ئەم هەڵبەستە هەر لەلایەن ناحەزێکی کوردەوە، هەڵبەستراوە و دوور نییە هەر هەڵبەستی خواجا سەعەدین خۆی بێت.

ئەم حەکایەتە هەڵبەستراوەی خواجا سەعەدین، چمکێک لە خەوەکەی لالە سەرحەدی، ڕوغزاییم وەبیر دێنێتەوە، کە پیرەمێردی نەمر ئەیگێڕێتەوە لە کاتێکدا لە زمانی پیاوێکی ساکاری ڕۆغزایی دەشتی شارەزوورەوە گێڕدراوەتەوە، بەڵام بەڕاستی ئەنتیکە و پارچەیەکی ئەدەبی و ڕێکخراوێکی بەرزە و بە پێچەوانەی حیکایەتەکەی خواجە سەعەدینی تورکەوەیە.

ئەم خەوەی لالە سەرحەد، لای من دوور نییە لەلایەن پیرەمێرد یاخود عەلادین سەجادییەوە سەنگ و سووژن کرا بێت، بەڵام لە بنچینەدا هەر شتێکی هەتا بڵێی بەرز و نایابە، کە لەلایەن ئەو دوو بەڕێزەوە بڵاو کراوەتەوە.

جا، وەک ئەڵێن قسە، قسە دێنێت. ئەم خەوەی لالە سەرحەدیش، گەشتەکەی نووسەری هەرە بەرزی ئیتاڵیا دانتیم بیر دێنێتەوە کە هەر لەم کتێبەدا ئاماژەی بۆ کراوە. بەڵام هەریەکە بۆچوون و سەنگ و تەرازوی خۆی هەیە کە تامولەزەتی لێرەدا جیاوازە.

هەر ئەو باسەو ئەو حەکایەتەی خواجا سەعەدین. ئەمانگێڕێتەوە بۆ نووسراوێک، کە دە ساڵ بەسەریدا تێپەڕیوە.

بەڵام لە ئەرشیفدا هەڵم گرتووە لەژێر ناوی الکرد فی التوراه والانجیل[١٠٦]

لە سەرەوە نووسراوە، کە پێشکەش بە هەموو ئەو کەسانەی ئەکات، کە ژیانی خۆیان لە ڕێی ڕاستیدا ئەبەنە سەر و ئەڵێت، ئەوی کتێبی پیرۆز- الکتاب المقدس بخوێنێتەوە زۆر شت لە بابەت کوردستانەوە تێئەگات، کەخوا جنەعدن، بەهەشتی پیرۆزی لەبەینی ڕووباری دجلە و فوراتدا دروست کردووە کە تاکو ئیستا هەردووکیان بە خاکی کوردستاندا تێ ئەپەڕن. نووسینەکە دوورودرێژ باسی کوردستانیش ئەکات، تا لە کۆتاییدا ئەڵێت، یخبرنا التأریخ بان الکرد الذین سمعوا کلمة الرب ذلك الیوم، قبل ما یقارب ٢٠٠٠سنة. عادو ونشروا هذه الرسالة الرائعة في کل ارجا و کردستان. وفي سنة ٤٠٠ بعد میلاد المسیح، کان کل الکرد تقریباً اتباع المسیح. عن کتاب (الکرد في الانجیل - kurds in the bible تەواو.

ئەحمەدی خانی ١٦٥٠- ١٧٠٧ دانەری مەموزین. ئەویش سکالا لە خۆخۆری ئەکات و ئەڵێت، "ئیمە لەناو خۆماندا ئیتیفاقمان هەبووایە. دین و دەوڵەتمان تەکمیل ئەکرد و عیلم و مەعریفەتمان

١٠٦ نووسینی دوگلاس لابتون. ڕۆژنامەی الاتحاد ژمارە ٩٨٧ ڕۆژی ٢٠٠٥/٤/١٨

تەحصیل ئەکرد و لەباتیی ئەوەی ولاتەکەی ئیمە ببێتە بەرزەخ لەنێوان لەشکرەکانی ڕۆم و عەجەمدا لە گۆمی خوێندا نقوم ببێت، هەموو ئەوانە نۆکەرییان بۆ ئیمە ئەکرد، بەڵام ئەویش سەری لە حیکمەتی خودێ سووڕ ماوە لەناو هەموو گەلانی دنیادا، بۆچی کوردی وەها لێ کردوە؟

حاجی قادری کۆیی ١٨٢٥- ١٨٩٧ لە خانی تێئەڕێنێت و ئەڵێت، "تا گەلی کورد لەگەڵ یەک ڕێک نەکەون، ولاتەکەیان هەروا خەرابەئاباد ئەبێت، هەتا وەک ئاگری بنکا بن لەگەڵ یەک، ئەگەر تۆفانە لەشکریان بە پووشەک و بە هۆی ئەو دەردەی لە ژێریدا بوون بە دۆشەک.

مامۆستا نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە بابەت ئەوڕەحمان پاشاوە لەسەری[١٠٧]، ئەڕوات و ئەڵێت، "ئەگەرچی سەردەمی ئەوڕەحمان پاشا زۆر نائارام بووە، شەڕوشۆڕی زۆری لێ قەوماوە. لە ماوەی ٢٤ساڵدا ئەوڕەحمان پاشا پێنج جار لا براوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوڕەحمان پاشا هەروەکو سەرکردەیەکی هەڵکەوتووی مەیدانی جەنگ بووە. هەروەها پێشەنگێکی مەیدانی خوێندەواری و ڕۆشنبیری بووە. بێمەلامەت نییە ڕەنجووری بە بۆنەی گیرانەکەیەوە، شیعرێکی پڕستاییشی بۆ ئەنێرێت بۆ زیندانی حیللە و مەولانا خالیدی نەقشبەندیش ستاییشی ئازایەتی و دادپەروەری ئەکات و لە شەڕی ئەم والییەی بەغداددا کە لایەکیان لەشکری خەلیفەی ئیسلام و لایەکەی تری شۆڕشگێڕی یاخیی کوردە."

پشتیوانیی لە شۆڕشگێڕەکە ئەکات و شیوەن بۆ کۆڕاوەکانی ئەکات. یان عەلی بەردەشانی شەڕەکانی بە بەیتی درێژ ئەهۆنێتەوە و ئەکەوێتە سەر زمانی شایەر و گۆرانیبێژ و کۆڕ و دانیشتووانی پێ گەرم ئەکەن. ئەوڕەحمان پاشا لە بواری هاندانی خوێندەواریدا چەند کاری گرنگی کردووە،

١. دروستکردنی مزگەوت و مەدرەسەی نوێ[١٠٨].

٢. هێنانی مەلا ناوارەکان بۆ قەڵەمڕەوەکەی خۆی و دابینکردنی پێویستییەکانی ژیان و خوێندن و دەرسوتنەوە[١٠٩]

٣. کڕین و نووسینەوەی سەرچاوە گرنگەکانی مەلایەتی و وەقفکردنی لەسەر مزگەوت و مەلاکان.

گرنگیدانی ئەم میرە مەزنە بە خوێندەواری لەوەدا دەر ئەکەوێت، سەرەڕای کێشمەکێشی ئەو ڕۆژگارەی ئەوی تیا ژیاوە. وەکو ئەگێڕنەوە خۆیشی هەندێک جار دەرسی بە فەقێ و قوتابی مزگەوتەکان وتوتەوە.

دیسانەوە مامۆستای بەڕێز نەوشیروان مستەفا. لە شوێنێکی تری هەر ئەو کتێبەدا باسی

---

١٠٧ ل١٩/١٢٥ بەدەم ڕێگاوە گولچنین. کتێبی سێیەم. بەرگی یەکەم.

١٠٨ لە سلێمانیدا مزگەوتی سەی حەسەن و مزگەوتی شێخ بابا عەلی قەرەداغی.

١٠٩ هەرە بەناوبانگەکانیان حاجی شێخ مارفی نۆدێ باوکی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ. کە سەرەوکاری مزگەوتی گەورە و کتێبخانە شەش هەزار بەرگەکەی بابانی تەسلیم کرا، هەر مەشهورەکەی، ئەوی تر مەولانا خالیدی نەقشبەندییە.

خاڵێکی گرنگتر ئەکات دەرحەق بە ئەوڕەحمان پاشا و ئەڵێت[110]، "ئەو کاتەی حاڵەت ئەفەندی بۆ یەکێک ئەگەڕا دای بنێت بە والی، ئەوڕەحمان پاشا لەناو گەورەپیاوانی عێراقدا. لە هەمویان بەدەسەڵاتتر و بەناوبانگتر. ڕەنگە لێوەشاوتریش بوو بێت. سەرچاوە کوردییەکان. وەکو ڕێچ ئەگێڕێتەوە، حاڵەت، داوای لە ئەوڕەحمان پاشا کردبوو. کە لە جێی سلێمان پاشا ببێتە والیی بەغداد. کەچی ئەوڕەحمان پاشا زۆر مەردانە بە تۆندی داواکەی ڕەت کردبووەوە و وتبووی، ڕاستە بەوە من پلەی یەکەمی وەزیرم ئەدرێتێ، بەڵام قومێک لە ئاوی چیاکانی کوردستان. بەهەموو تەخت و بەختی دەوڵەتی عوسمانی ناگۆڕمەوە. ڕەنگە چوونیشم بۆ بەغداد گوزرانیشم زۆر خۆشتر بکات. بەڵام ئەنجامەکەی ئەبێتە هۆی لەناوچوونی بنەماڵەی بابان، ئینجا نووسەری سیر الاکراد ئەڵێت، "ئەوسا تاقمێک لە سەرانی وڵات، داواکرا و بۆ ڕاوێژکردن لەسەر دانانی وەزیر. بە عەبدولڕەحمان پاشایان وت، 'ئێمە لە حکومەتی تۆ ڕازین جگە لە تۆ کەسی تر بۆ سەرۆکایەتی عێراق دانانێین،'" گەورەکانی بابان وتیان، "پاشا نەریتی کوردی و خێڵایەتی لەدەست مەدە و دەست لە وڵاتی خۆت هەڵمەگرە ژیان لە عێراق- تکلیفی مالایطاقە- ئەم چرایە ئەوەندە ڕۆشن نابێت. بە نان و دۆی، خۆمان هەڵئەکەین و خەریکی شتێک ئەبین."

بەڵام سەرچاوە عوسمانییەکان ئەڵێن، ئەوڕەحمان پاشا زۆری هەوڵی داوە. تەنانەت ئامادەیی دەر بڕیوە، کە باجی سالانەی ولایەتی بەغداد پێنج قات بە زیادەوە پێشکەش بە بابی عالی بکات. بەڵام حالت ڕازی نەبووە. بابی عالی هەرگیز ڕازی نەبووە، گەورە پیاوێکی عەرەب یا کورد بە والیی بەغداد دابنرێت. چونکە ئەترسا عێراق بەرەو جیابوونەوە و سەربەخۆیی ببەن. بەتایبەتی لە گەورەکانی بابان کە پەیوەندییان لەگەڵ ئێران هەبووە.

لە دوای ئەم قسانە. مامۆستا نەوشیروان ئەڵێت، "بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نییە، ئەوڕەحمان هەوڵێکی زۆری داوە، لەباتیی ئەوەی ببەسترێت بە والیی بەغدادەوە. ڕاستەوخۆ سەر بە بابی عالی بێت. بەرامبەر بەوە ئامادە بووە باجی سالانە زیاد بکات[111]."

بەداخەوە دەردی خۆخۆری هەر تەواو نابێت. خۆ وەنەبێت ئەم دەردە پیسەش هەر لەناو بابانەکاندا بووبێت، لەناو میر و میرنشینە کوردەکانی تری ئەو دەور و زەمانەشدا زیاتر بڵاو بووبووەوە.

د. عەلی ئەلوەردی لە لمحاتدا باسی جەنگیزخان و هۆلاکۆ و تەیموری لەنگ بەو جۆرە ئەکات کە وا ئەبێت هەتا بتوانن لە هێرشەکانیاندا دەست بوەشێنن و بکوژن و ببڕن بۆ ئەوەی خەڵک لێیان بترسێت و لە ئەنجامدا سەر کەون، هەموو بڕوا و هێزێکیان دابووە سەر کوشتار، لە ئێرانیش ئیسماعیلی صەفەوی و نادر شا و لە دەوڵەتی عوسمانی چەند کەسێک لە سوڵتانەکان

[110] ئاماژەبۆکراو لە پەراوێزی ژمارە ١ی سەرەوەدا. وەک بەعەرەبی نفس المصدر)ە ل١٢٣/١٥.

[111] جەنابی حالت ئەفەندی بە تەقەللای سلێمانی بهۆکدا نەگەیی یاخود خۆی لێ کەڕ کرد سەرەڕۆ بوو هەوڵێکی جیابوونەوەی دا، بەڵام فریا نەکەوت کوژرا. دوای ئەویش داود پاشا دوایەمین والیی مەمالیک کە نیازی میسوپۆتامیای هەبوو، لە عێراقدا دەستنیشانی کردبوو، بۆ جیابوونەوە، بەڵام لە پۆستی وەزیری و ولایەت دوور خرایەوە فریای ئەو کارە نەکەوت.

بەتایبەتی سوڵتان سەلیم و زۆری تریش لە کاربەدەستانی ئێران و والییەکانی عوسمانی، لە کوشتن و بڕیندا دەستیان گەلێک درێژ بوو، بەو جۆرە و بەو بڕوایە وڵاتیان بەڕێوە ئەبرد.

میرنشینە کوردەکانی سەر بە عوسمانی و سەفەوی ئێران. چونکە هەر کاربەدەستەکانیان هەر لەو کۆمەڵگایانەدا پێگەیشتن و گەورەبوون، بێگومان ئەو ئاکار و ڕەفتارەی دژی ئەوان وەر ئەگرن، بۆیە خۆخۆری و تیژڕەوی و ناگزوری و دوژمنایەتی دژی یەکتریان پەیڕەو ئەکرد بەدڵ یاخود بەناچاری و پاڵ پێوەنان و زۆرلێکردن.

میری سۆران پێش ئەوەی حوکم (بگرێتە دەست)بەدەست بێنێ، هەرچی ناحەز و دوژمنی خۆی هەبوو هەموویانی پاک کردەوە، ئەوسا خۆی بە ئاسوودە زانی بۆ حوکمڕانی. بەدرخان پاشا لەگەڵ یەزدان شێر هەروەها میرایەتیی ئەردەڵان، میرەکانی لەناو خۆیاندا بۆ گەیشتن بە پایە و حوکم بە درێژایی مێژوو هەر دەستیان لە خوێنی یەکتریدا بوو.

هەر لە ڕۆژگاری ئێستا و ئەمڕۆشماندا حەیفم لێ دێت ئاماژە بۆ دوو بەیتی فایق بێکەس نەکەم کە ئەویش هەر لەم ڕووەوە یەکسەر مەبەستەکەی پێکاوە بێکەس ئەڵێت[١١٢]:

ئەگەرچی ئێمە قەومێکی زۆرین- بەڵام داخەکەم چەوت و خۆخۆرین
بۆیە وا لەژێر چەپۆك و زۆرین- کاکە خوا ئیشی نابەجێ ناکا
تا کێو نەبینێ بەفری تێناکا
بۆ کوشتنی یەك گورج و بەکارین- ڕۆژێ دەستمان بێ، بڵح و زۆردارین
لە پێویستیدا وەك ژن هەژارین- کاکە خوا ئیشی نابەجێ ناکا
مونەووەر زۆری هەر لەبەر نانی- وەتەن ئەفرۆشێ بەیەك تارانی
ئەخاتە ژێرپێ دین و ئیمانی - کاکە خوا ئیشی نابەجێ ناکا
ئەشرافمان هەموو بێ ڕۆح و سستن- دەخیلە پشتیان هیچ پێ مەبەستن
هەموو ناکۆك و پارە پەرستن- کاکە خوا ئیشی نابەجێ ناکا
تا کێو نەبینێ بەفری تێناکا.

دیسانەوە بێکەس لە دەردی دەروون دا دەڵێت،
کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد، نۆکەری بێگانەیە
دوودڵن، پیسن لەگەڵ یەك، بۆیە وا بێلانەیە
میللەتێکن بۆ نەمانی یەکتری هەر هەوڵ ئەدەن
داخەکەم ورد و درشتی شێت و شەیدای ئانەیە[١١٣]
سەنعەت و عیلم و مەعاریف زەڕڕەیەك باوی نییە

١١٢ ل٣٤-٣٥و ل٦٦ دیوانی بێکەس. ڕێکخستنی محەمەدی مەلا کەریم. کتێبخانەی کەرکوک بڵاوی کردۆتەوە.
١١٣ ئانە پارەیەکی مەعدەنی زەمانی مەلیک بریتی بوو لە چوار فلس.

پیاوەتی لایان بەتەنها چەفتەو و جامانەیە
بۆ قسەی زل بێ قوسورن، باسی کوردییەت ئەکەن
کوردییەت خورمایە بۆچی؟ یا قسەی شێتانەیە
میللەتی بێ عیلم و ئەخلاق چۆن بە ئیستقلال ئەگا؟
واسیتەی بەرزی تەرەققی هیممەتی مەردانەیە

لەگەڵ ئەمانەشدا هەمووی – من بەو جۆرە ڕەشبین نیم. ئەوەی بێکەس و دەیەهای بەڵکو زۆربەی خەڵک ئەیڵێن، ڕاستە و هەیە، بەتایبەتی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان و بەتایبەتی زیاتر لە کوردستانی خواروو لە هەرێمی سەربەخۆی کوردستاندا، لەناو کاربەدەستان و بەداخەوە لەناو حیزبەکاندا، ئەو هەوڵ و هەڵپەیان کە ئەبوایە بۆ ڕەشە خەڵکەکە و بۆ میللەتی کورد بوایە، کەچی زیاتر بۆ پارە و منصبە. ئەوەی حیزبی نەبێت ئەمڕۆ لە کوردستاندا مەگەر هەر بە پێناسە و قەیدی نفوس بناسرێتەوە، ئەگینا لە هەموو ڕوویەکەوە، دوور خراوەیە و دەفی دەنگ نادات، هەزار هاواری دڵسۆزانە و نیشتمانپەروەرانە بکات بێئەنجامە،

ئەم باری نائومێدییەی ئێستا ئێمە ئەیبینین، تووشی هەموو کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووش بۆتەوە و دامێنی گرتوون. بەڵام لە ئەنجامدا، لەو باری نائومێدییە ڕزگاریان بووە. بڕوام بەوە گەلێک بەهێزە کە ڕەوڕەوەی مێژوو، هەر بەرەو پێشەوە ئەڕوات و هەرگیز بۆ دواوە ناگەڕێتەوە. کوردیش مرۆڤی ڕاست و پاک و نیشتمانپەروەری هەیە، هەرچەند ئێستا شاردراونەتەوە، بەڵام هەر شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی ئاساییشخواز بێگومان لە ڕۆژ و کاتی خۆیدا سەر هەڵئەدا، ئەوسا هەرچی گەندەڵ و دەست لەسەر سنگ و خۆ بەرەو پێشەوەیە هەمووی ڕا ئەدات نیشتمانێکی پاکوبێگەرد و گەلێکی دڵسۆز و ڕاستکار ئەگرێتە دەست، ئەمە خەو و خەیاڵ نییە و واقعە هەر ئەبێت ببێت.

بابانەکانی خانەی نەنگەویستی

لەناو هەر نەتەوە و عەشرەت و کۆمەڵێک و تاکو هەر بنەماڵە و خێزانێکدا، مرۆڤی هەڵکەوتوو و بەڕێز و ژیر و نیشتمانپەروەر و خۆبەخش هەیە و بە پێچەوانەوە مرۆڤی ناپەسەند و چاوڵەدو، خۆپەسەند و ناپاک و دژی میللەتەکەی و بنەماڵەکەی و چاو لە منصب و پارە و گەندەڵ هەیە، بەکورتی چەم بێ چەقەڵ نابێت.

ئەوەندەی لەم کتێبە مێژووییەدا و لە سەرچاوەی گەورەگەورەی بەڕێزدا ئەکەوێتە بەرچاومان، لە هەردوو جۆرەکە. جۆری یەکەم نیشتمانپەروەر، خۆبەخش بەڕێز و بەسوود بۆ نەتەوە و وڵات و نیشتمانەکەی جۆری دووەم بەداخەوە خۆفرۆش و نیشتمانفرۆش و ڕاست ئەو کەسانەی ئەم پەندەیان بە باڵایان ئەبڕێت ئەگەر ئەتەوێت- دایم لەپێش بی- دەست لەسەر سنگ بی هەر خۆفرۆش بی ئەمجارەش بەداخەوە ئەم چەند کەسە کە ئێستا لە جێگای حەقی خۆیانن. کە هەموو لە بنەماڵەیەکی بەڕێز و بەناوبانگ، بەڵام بۆ جێگا و دەستکەوتی تایبەتی و ماددی، خۆیان بە بێگانە فرۆشتووە و دژی نەتەوە و بنەماڵەی خۆیان وەستاون. مۆری ناپاکییان بۆ ناوچەوانی خۆیان هەڵبژاردووە. سوپاس بۆ خوای گەورە، کە بە درێژایی مێژووی بابان و تەمەنی چەندەها سال و سەدە. ژمارەیەکی کەمتر لە پەنجەی دەست، لەو جۆرەی تیادا هەڵکەوتووە. لەگەڵ ئەوەشدا دوعا دەکەین کە خوای گەورە بەبەزەیی و ڕەحمەتی خۆی لێیان ببوورێت. ئەمێنێتەوە سەر بنەماڵەکەیان و میللەتی کورد. ئایا عەفوویان ئەکات؟

عەبدوڵڵا پاشای مەحمود پاشا

برای عوسمان پاشا و عەبدولڕەحمان پاشا و کوڕی مەحمود پاشا.

وەک لە مێژووی باباندا دەر ئەکەوێت. ئەم پیاوە لە کەڵەموستی پێیەوە تا تەوقی سەری هەر چاوبڕینە پلەی پاشایەتی و جێگا بە میری بابان لێڕکردن، کە خۆی بچێتە شوێنی و لەم ڕێگایەوە هیچ کۆسپێک ڕێی لێ نەگرتووە کە لەشکری تورک یا ئێران بێنێتە سەر وڵاتەکەی و سەر برا و برازای و سەر هەرکەسێک؟ لە هەر سەرچاوەیەکی مێژوودا باسی لەشکرکێشی ئەخوێنێتەوە، هەر ئەبێت ناوی ئەم پیاوەت بێتە بەرچاو.

ئەمە شتێکی چەند سەمەرەیە لە سنگی مێژوودا تۆمار کراوە؟ ئەم پیاوە و دووانی تر وەک زیاتر لە بابەتی ئەون. وەک سلێمان پاشای کوڕی برایم پاشا، وەک خالید پاشای کوڕی سلێمان پاشا. ئاخ و داخ کورگەل بۆچی پەڕۆیەکتان لە باوکتان، لە براکانتان دا نەدڕی؟ بۆچی ئاوا خۆتان شەرمەزاری مێژوو، شەرمەزاری کەسوکارتان و خۆتان ئاوا لێ کرد؟ ئاوا بەسووکی ناوتان ببرێت؟ ئای... ئەوەتا ئەمەیە کە وێژدان ڕەشی ئەپۆشێت. دڵ وەک مار گینگەڵە ئەدات، میللەت پرسە دائەنێت. کاتێک ئەخوێنێتەوە و ئەبیستێت چیتان کردووە، بەرامبەر بە وڵاتەکەتان داری بێسێبەر هەر بۆ برینەوە باشەو، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو لە ڕەگوڕیشە دەر بهێنرێت ئاوا ناوی بابانتان سووک کرد.

عەبدوڵڵا پاشا پەڕۆیەکت لە ئەوڕەحمان پاشای برات، لە مەحمود پاشای باوکت، لە سلێمان پاشای باپیرە گەورەت دا بدڕیایە، سلێمان ئەی تۆ بۆ نەچوویتەوە سەر برایم پاشای باوکت، کە شاری سلێمانی دروست کرد؟

خالید پاشا ئەو سلێمان پاشا هەرە گەورەیەی قەڵاچوالان ئەوانەی کە هەموویان لە خانەی تایبەت بە گەورە پیاوانی بابان لەم کتێبەدا جێی شانازی خۆیان بە سەربەرزی و ئەوپەڕی توانا و لێهاتوویی و نیشتمان پەروەرییەوە کردۆتەوە. ئایا ئێوە ئەزانن دوای خۆتان چیتان پێ بڕا و چۆن و بەچی ناوتان ئەبرێت؟ لە سەردەمی دوای ئێوە و زەمانی ئێمەدا و سەدەی نۆزدە بەدواوە سەدەی بیست هەندێک بەگی خۆفرۆش و نیشتمان و میللەتفرۆش پەیدابوون،

ناوێکی سووکیان لێ نابووون، تاکو ناوی ئەو ئازەڵانەشیان بەخۆیانەوە پیس کرد جاشەکەری بەستەزمانەکەی ئەو سوکایەتییەیان بەخۆیان ڕەوا بینیوە؟

بەکورتی و بەکوردی چەم بێ چەقەڵ نابێت. دەسا شەرمێک لە مێژوو بکەن لەگەڵ هەموو کوردێکمە، دوژمن هەر دوژمنە، لە هەر کوێیەک بێت. دوور یا نزیک، گەورە یا بچووک، زۆر یا کەم.

دەسا ئەی برایان، هەرچەندە باخی کورد لەمەوپێش بەشی هەر سووتان و بڕینەوە و هەڵکەندن بووە. بەڵام مرۆڤی کورد و کوردستان بە درێژایی مێژوو لەبن هەڵنەکەنران و چەندەها باخی وایان دروست کردۆتەوە و بەرهەمی زیاتریان وەدەست هێناوە.

مستەر ڕیچ ئەڵێت، "ساڵی ١٨٢٠ کە هاتمە سلێمانی و میوانی مەحمود پاشا بووم بۆم دەر کەوت، کە مەحمود پاشا زیاتر لە ڕێی دین و بڕوای بە خەلیفەی ئیسلام سوڵتان ملکەچی والیی بەغداد وەک أمری واقع ئەو ڕێگایەی گرتبووە بەر، زیاتریش هەر لەبەر ئەوەی ووڵاتی بابان لە عێراقدایە. ئەوە بوو لەگەڵ عەبدوڵڵا پاشای مامی و عوسمان و سلێمان جووتەبرای، چوونە خزمەت مەولانا خالیدی نەقشبەندی. ئەو سیانە لەسەر دەستی مەولانادا سوێندیان بە شیر و قورئانی پیرۆز خوارد، هەر کە یەکێکیان لە ئێرانەوە یا لە والیی بەغدادەوە، نامەیەکیان بۆ هات، لە بەردەمی هەموویاندا و لە ماڵی مەولانادا بیکەنەوە.

عوسمان بەگ یەکەم کەس بوو، کە نامەیەکی دوای بەینێک لە شازادەی کرماشانەوە بۆ هات، بانگی ئەکات بۆ لای خۆی پەیمانی پاشایەتیی سلێمانی پێ ئەدات[١١٤].

ئەویش نامەکە بەو جۆرەی لەسەری ڕێککەوتبوون لەناو خۆیاندا ئەکاتەوە. دوای ئەوە عەبدوڵڵا پاشا بە هەمان شێوە نامەیەکی بۆ دێت کەچی لە برازاکانی ئەشارێتەوە و پێیان ناڵێت بەڵام والیی بەغداد گورج بە یەکێکدا خەبەر بۆ مەحمود پاشا لەم بابەتەوە ئەنێرێت ئەویش بڕوای نەکردووە ڕەنگە بە هەڵبەستی زانیبێت، بۆیە چاودێری خستە سەر مامی و لە ئەنجامدا بۆی دەر کەوت ڕاستە و مامی خۆی ئامادە کردووە بەرەو کرماشان بۆی دەر بچێت. ئەوسا ئەیگرێت و ئەیخاتە بەندیخانەوە کە ڕیچ ئەچێتە لای مەحمود پاشا بۆ سەردانی جاربەجارێ وەک خووی پێوە گرتبوو سەیر ئەکات مەحمود پاشا پەست و غەمگینە لە دواییدا، هۆیەکەی بۆ ڕوون ئەبێتەوە کە خیانەت و سوێندەدرۆکەی مامیەتی و گرتنیەتی.

ئەمە کردەوەی مامی گەورەی بێت. ئیتر مەحمود پاشا چۆن دڵشکست نابێت و چۆن گلەیی و دوعای غەوری بنەماڵەکەی لای مستەر ڕیچ ناکات؟

ئەمە کردەوەی عەبدوڵڵا پاشا بوو کەچی هەر ئەمیشە کە لە سلێمانیدا، دوو مزگەوتی دروست کردووە. مزگەوتی قامیشان و مزگەوتی کانیسکان دەی پاشا لەجیاتیی مزگەوت دروستکردن ڕاستگۆبوویتایە و حەیای خۆت و بنەماڵەکەت نەبردایە.

لەبەر ڕێزی ئەو دوو مزگەوتە ئەم شوێنەت کە لەگەڵ گەورە پیاوانی بابانداد دراوەتێ لەم

١١٤ ئەمەیە بەعەرەبی ئەڵێت، يعطي ما، لا، يملک. لووتزەنینی ئێران و والی بەغدادش بەم جۆرە چاوقایمیە بوو.

کێبەدا بـا ئیمـەت بـەدرۆ نەخسـتایەوە، بـە ڕاسـتی وەک باقیـی گـەورە پیاوەکانـی بابـان حەلاڵـت بکردایـە و ڕێـزت لـە واژۆ ئیمـزا چیـن لەسـەر چینەکانـت بـە بەڵگەنامەکانـەوە بگرتایـە.

پیـاو خـۆی ناگرێـت ئەگـەر ئەمـە نەڵێـت، دوای سـاڵی ١٨٢٢. لـەو ڕۆژگارەدا نەخۆشـیی ڕشـانەوە بـڵاو بووبـووەوە، بـە جۆرێـک خەڵکەکـەی سـلێمانی هەمـوو لەتـاودا دایانـە شـاخ، عەبدوڵـلا پاشـا تـۆ بەفرسـەتت زانـی چوویـت لەشـکری ئێرانـت هێنایـە سـەر سـلێمانییەکەت. مەحمودیـش نەیتوانـی بەرەنگاریـت بـکات. بۆیـە ڕووی کـردە کەرکـووک، بـەڵام دوای ئـەوە سـاڵی ١٨٢٣ مەحمـود توانـی بگەڕێتـەوە شـوێنی خـۆی لـە سـلێمانی و تـۆ دەر بکاتـەوە. دەی خـوا بـە کـردەوەی خۆتـت لەگـەڵ بـکات.

خوێنەری بەڕێز نموونەی گەندەڵی و بە دوای منصبدا ڕاکردن، ئەم پیاوەیە.

مشـتێکیش نموونـەی خەروارێکـە نموونەیـەک بـۆ دووانەکـەی تـر. سـلێمان پاشـای کـوڕی ئیبراهیـم پاشـا، ئـەو کەسـەیە گوایـە سـلێمانی بـە نـاوی ئەوەوەیـە.

سلێمان پاشای گورێ برایم پاشا

دوای دووەم شەڕی دەربەند- عەبدولڕەحمان پاشا ڕووی کردە ئێران ساڵی ١٢٢٣ک/ ١٨٠٨ز. ئەم پیاوە بوو بە میری بابان و کۆیە و حەریر. بەڵام زۆری پێ نەچوو، عەبدولڕەحمان پاشا بە لەشکری ئێرانەوە ڕووە و وڵاتی بەبە گەڕایەوە. ئیتر کە والیی بەغداد ئەم هەواڵەی بیست سلێمانی هێنایە بەغداد و فەرمانی بۆ عەبدولڕەحمان پاشا بە میری بابان دەر کردەوە.

هەروەها ئەم سلێمانە لە سەردەمی مەحمود پاشادا ماوەیەک بوو بە حاکمی کۆیە. دوای ئەوە لا برا، ئەوسا ڕووی کردە ئێران و ساڵی ١٢٢٩ک/ ١٨١٣ز لە کرماشان فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا[١١٥].

ئەوەی شایەنی باسە وەک لەمەوپێش لەم کتێبەدا دەر ئەکەوێت ئەم پیاوە بەداخەوە یەکێک بوو لەوانەی کە هەمیشە دژی بنەماڵەکەی خۆی لەگەڵ والییە کۆڵەمەندەکانی بەغداد هاوکار بووە، بۆ بەرژەوەندی و دەستکەوتی خۆی بەتایبەتی بۆ پاشایەتی و میرایەتیی بابان و دوو جار وەک ڕێپێشاندەر پێش لەشکری عوسمانی، عوسمانیی دوژمن کەوتووە بەرەو سلێمانی. لە سەردەمی ئەوڕەحمان پاشا و سەردەمی مەحمود پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشا. بەکورتی نەچوو بووەوە سەر ئیبراهیم پاشای باوکی لە ڕەفتاردا.

بۆیە بە یەکێک لە میرەنەنگەویستەکانی بابان دائەنرێت، چونکە زیاتر ڕێگاپێشاندەری والییە کۆڵەمەنەکانی بەغداد بوو لە هێرشیان دژی میرایەتیی بابان بەتایبەتی لە جەنگی دەربەندی بازیاندا وەک لە لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا هاتووە.

١١٥ ل٢٠١ مشاهير الكرد و كردستان فى العهد الاسلامى. بغداد ٢٠١١ محمد امين زكى

خالید پاشای کوڕی ئەحمەد پاشا

دوالاپەڕەی جەنگی دەربەندی بازیان کە ئەوڕەحمان پاشا شکستی هێنا و ساڵی ١١٣٠ک/١٧١٧ز، ئەم خالید پاشایە لەگەڵ لەشکری بەغداد بوو، عەلی پاشای والیی بەغداد بە میری بابان دای نا.

ساڵی دوای ئەوە، ئەوڕەحمان پاشا لەشکری ئەردەڵانی هێنا و وڵاتی بابانی لێ سەندەوە. ساڵی ١١٢٣ک/١٧١١ز لەگەڵ لاز سلێمان پاشای والیی بەغداد بە لەشکرێکی گەورەوە بۆ شەڕ لەگەڵ ئەوڕەحمان پاشادا کشا، بۆ دووەم جار دیسانەوە بە سەریدا لە شەڕی دەربەند سەر کەوت، بەڵام ئەم جارە والی، خالیدی لە کەرکوک دانا. ئەویش ڕقی لەوە هەستا و ڕووی کردە ئێران. دوای ٣ ساڵ لەشکری ئێران خۆی بۆ شەڕ دژی ئەوڕەحمان پاشا ئامادە کرد. لە ئەنجامدا ئەوڕەحمان پاشا کە لەگەڵ خالید لەیەک نزیک کەوتبوونەوە، خالیدی لەگەڵ هێزێکدا نارد زەهاو لەوێوە بۆ ئێران.

بەڵام خالید لەگەڵ سوپای عەجەم ڕێک کەوت. بەتایبەتی دوای ڕۆیشتنی ئەوڕەحمان پاشا کرا بە حاکمی وڵاتی بەبە و کوی(کۆیە) و حەریر بەڵام زۆری نەبرد، کۆیە و حەریری لەدەست دەر هێنرا، لە ئەنجامی ڕێککەوتنی عەبدوڵڵا پاشای والیی بەغداد و میر محەمەد عەلی میرزا.

ئەمەش دوای ٣ مانگ. ئەوڕەحمان پاشا لەگەڵ لەشکری ئێران هات مولکی بابانی سەندەوە و لە ئەنجامدا خالید پاشا بەنائومێدی ڕووی کردە بەغداد. جارێکی تر بە میری بەبە دانرایەوە، ساڵی دوایی لا برایەوە و ئەویش ڕووی کردەوە بەغداد و ساڵی مردنیشی دیار نییە[١١٦].

بەداخەوە ئەم پیاوەش کە برای برایم پاشا و کوڕی ئەحمەد پاشای خالید پاشایە، یەکێک بوو لەو میرە چاوەدوانە و هاوکاریی دەوڵەتی عوسمانی و والیی بەغداد دژی بنەماڵەکەی خۆی بنەماڵەی بابان ئەکرد و بە خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا دەر ئەکەوێت، کە ئەم پیاوەش یەکێک بوو لەو ٣ بابانە نەنگەویستانە.

---

١١٦ ل١٦٥ مشاهير الكرد و كردستان فى العهد الاسلامى. بغداد ٢٠١١ محمد أمين زكى

هەندێك زانیاری تر لە بابەت شۆڕشەکانی کوردەوە

لەسەر داوای بـرای دووروڵات. بەڕێـز د. جەمـال نەبـەز مذکـرات علـي کمـال، کـە ئامادەکردنـی منە دانەیەکم لـە ڕێی نیعمـەت خانی خوشکمانەوە پێشکەش کرد. بەڕێز نیعمـەت خانیش سیان لـە کتێبـە هـەرە بەنرخەکانی د. نەبـەزی بـرای پێشکەش کـردم لـە کاتێکدا دەمێک بـوو، بـە دوای هەندێک لـەو زانیارییـە بەنرخانـەدا ئەگـەڕام، کـە بـۆ ئـەم کتێبـەم پێویست و تەواوکـەر بـوو.

ئەمـەی لێرەدا ئەیخوێننـەوە، هەڵبژاردەیـە کە لـەو کتێبەی کاک نەبەز کوردسـتان و شۆڕشـەکەی. ئـەو دەستانەی هـەر خـۆش بێت، لەگـەڵ تەندروستی و سـەرکەوتن بـۆ خزمەتی کورد و کوردستان. بەئاواتـەوەم پێش ئۆغـرم ئەمـلاو ئـەولای و چـاوە پیرۆزەییـە جوانەکانی ژێر چاویلکەکـەی مـاچ بکـەم (ج.ب).

کاتێک ئیسلام لـە سـاڵی ١٨ک/٦٣٩زدا، گەیشتە کوردستان، کوردەکان ماوەیەکی دووروودرێژ دژی ئـەم ئایینـە نوێیـە جەنـگان. پێش ئـەوە ئیمپراتۆریەتـی مـاد کـە کوردسـتانی ئـەو ڕۆژەی دەگرتـەوە، لـە سـاڵی ٥٥٠ پ. ز.دا لەلایـەن هەخامەنشینەکانەوە ڕووخێنرا. دوو سـەد سـاڵ پـاش ئـەوە ئـەم نیۆچەیـە لەلایـەن ئەسـکەندەری گـەورەوە داگیـر کـرا، دوای ئـەوەی بەسـەر کۆرشـی پاشـای فارسدا زاڵ بـوو. کوردستان تـا چارەکی یەکەمی سـەدەی دووەمی زایینی لەژێر دەسـەلاتی یۆنانییەکاندا بـوو. پاشـان ئەرمەنییـەکان سـەرووی کوردستانیان داگیر کرد. لـە چارەکی دووەمی سـەدەی دووەمـی زایینـدا لۆلۆبـوی سـەرکردەی ڕۆمانـی ئیمپراتۆریەتـی ئەرمینیـای داگیـر کـرد، کـە کوردسـتان بەشـێکی بـوو.

لـە سـاڵی ٥٣ دا لەلایـەن پارتییەکانـەوە داگیـر کـرا. پاشـان جەنگێکـی زۆر لەنێـوان پارتـی و ڕۆمانییەکانـدا لـە کوردسـتانی ئەوسـادا ڕووی دا،

سـاڵی ١١٥ز ڕۆمانییـەکان ناوچـەی شـارەزووریان خاپـوور کـرد، کـە خـواروی کوردسـتانی ئێستا دەگرێتـەوە. لـە ١٢٢ز پارتییـەکان و ڕۆمانییـەکان پەیمانێکیان بەست و ناوەڕاستی فوراتیان

بە سنوری نێوان هەردوو لا دانا.

لە ١٦١ز جەنگ لەنێوانیاندا هەڵگیرسایەوە و تا ساڵی ٢٢٤ز بەردەوام بوو. ئەوکات ئەردەشێری بابکان دامەزرێنەری ئیمپراتۆریەتی ساسان دەوڵەتی ئەشکانیی ڕووخاند. کوردستان بووە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی ساسانی. لە ساڵانی ٢٥٨تا ٢٦٦ گەلێک جەنگ و کوشتار لەنێوان ڕۆمانی و ساسانییەکاندا ڕووی دا.

لە ٦٢٢دا کوردستان بووە پێخوستی شەڕی نێوان هەرقلی پاشای بیزەنتییەکان و ساسانییەکان. ٦٢٧ساڵی قەڵاچۆی کوردان بوو. بیزەنتییەکان تا ساڵی ٦٣٩ لە کوردستاندا مانەوە.

ئەوجا موسوڵمانەکان لەژێر ئاڵای اللە اکبردا لە بیابانی عەرەبییەوە هاتن و هەردوو ئیمپراتۆرییەتەکەیان لەناو بردن[١١٧].

ئینجا مامۆستا نەبەز ئەڵێت، "هەر بەو بۆنەیەوە کوردەکان بەشداربیان لە شۆڕشەکانی خوارج ٦٥٧- ٦٩٢. یعقوب الصفار ٨٦٧-٨٧٩. شۆڕشی الزنج لە ساڵانی ٨٦٨- ٨٨٣ کرد." ئەمانە هەندێک نموونە بوون.

میرێکی کورد میر جەعفەر حەسەن داسنی، شۆڕشێکی زۆر بەهێزی لە ساڵی ٨٣٩- ٨٤٠ دا لە چیاکانی داسنی ناوچەی ئێزیدییەکانی نزیک موسڵ دژی خەلیفەی ئیسلام المستعصم باللە ٨٣٣- ٨٤٢ بەرپا کرد. بەهێزترین شۆڕشی ئایدۆلۆژی دژی ئیسلام لەلایەن بابەکی خوڕەمییەوە سەرکردایەتی کرا کە لە ٨١٦ بۆ ٨٣٧ درێژەی کێشا. ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان بەشداربیان تیادا کرد.

بابەک[١١٨] لەپێناوی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسانی دوور لە ژێردەستەیی عەرەبدا خەباتی کرد. بە هۆی خیانەتی هەندێک لە سەرکردەکانیەوە خەلیفەی ئیسلام توانی بەسەریدا زاڵ بێت و لەناوی بەرێت.

هەروەها د. نەبەز لە بابەت باجەوە ئەڵێت، باجی سەر و باجی زەوی، لە سایەی ئیسلامدا هێند گران بوو. کوردەکانی ناچار کرد ببنە موسڵمان، چونکە بەشی زۆری کوردەکان جووتکار بوون و هەرکەسیش ببوایە بە موسوڵمان، باجی لەسەرهەڵدەگیرا و زەویەکەی دەبوویە موڵکی خۆی. لەگەڵ بوونە موسوڵماندا، کوردەکان ناچار بوون زمانی عارەبی بۆ کاروباری ئاینی و ڕەسمی بەکار بهێنن. هەمان کاتیش بوونە بەشێک لەو دەوڵەتە نوێیە عەرەبییە ئیسلامییە. وشەی عەرەب و ئیسلام لەو سەردەمەدا هاوواتای یەک بوون.

د. نەبەز دێتەوە سەر باسی کوردەکان کە لەگەڵ ئیسلامبوونیشیاندا هیچکات تایبەتمەندی خۆیان لەدەست نەداوە، هەرچەند هەوڵی ئەوەشیان نەداوە، کە ڕێچکەیەکی فەلسەفی یا ئایینی

---

١١٧ ل٦٠ دامین کوردستان و شۆڕشەکەی. جەمال نەبەز. وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە بۆ کوردی مامۆستا کوردۆ. چاپی سێیەم ٢٠٠٧

١١٨ هەندێک سەرچاوە ئەڵێن، ئەمانە بڕوایان بە تناسخ الارواح ورجعە بووە وەک زەردەشتییەکان و مانەوی و مەزدەکی و موسلیمی مەبەستی لە موسلیمی خوراسانی یە (ج.ب).

تایبەتی سەربەخۆیان دابتاشن، تا لە عەرەبەکان دابپڕێن و سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن و پاشان ببێتە ڕێخۆشکەرێک بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد. بە پێچەوانەی کوردەکانەوە، فارسەکان پاش کۆچی دوایی پەیامبەر (پێغەمبەر) لە ٨ی حوزەیرانی ٦٣٢ دا توانیان هەلی ڕەخساوی شەڕ و پێکداپژانی سەرۆک هۆزەکانی عەرەب لەسەر خەلافەت و جیگری بقۆزنەوە و وردەوردە ڕێچکەی شیعیەیەتی بگرنە دەست و خۆیان بکەنە بەرۆگری گرتنەبەری ئەم ڕێبازە هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساندن خۆیان لە عەرەب هەڵبوێرن. فارسەکان توانیان بە کۆمەک و یارمەتی کوردەکان خەلافەتی شۆڤێنیستی ئەموی ٦٦١-٧٥٠ بە سەرکردایەتی شۆڕشگێڕێکی کورد ئەبو موسلیمی خوراسانی لە ساڵی ٧٥٠ دا بڕوخێنن و خەلافەتی عەباسی لە شوێنی دابمەزرێنن. هەرچەند کوردەکان سوودیان لە لاوازی ڕژێمی عەباسی ٧٥٠- ١٢٥٨ وەر گرت و توانیان چەند میرنشینێکی سەربەخۆ و بەهێزی وەک میرنشینی حەسنەوی ٩٥٠- ١٠٩٥[١١٩] و میرنشینی شەدادی ٩٥١- ١١٦٤، لە ژووروووی ئازربایجان و خواروووی ڕۆژئاوای قەوقازدا و میرنشینی فەزلەوی ٥٤٣- ٨٢٧ هـ / ١١٤٨- ١٤٢٣ز دابمەزرێنن.

بەڵێ، هەرچەند کوردەکان سوودیان لە لاوازی ڕژێمی عەبباسی ٧٥٠- ١٢٥٨ وەر گرت و توانیان چەند میرنشینێکی سەربەخۆ و بەهێزی وەک میرنشینی حەسنەوی شەدادی و فەزلەوی دابمەزرێنن بەڵام زمانی ڕەسمی ئەم میرنشینانە بە هۆی پاشکۆیی و هاوبەشی ئایینزای سوننییەوە هەر بەعەرەبی مانەوە. دەسەلاتدارانی عەرەب ئایینزای هاوبەشی سوننییان کردە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانج و بەرژەوەندی خۆیان. بەو جۆرە کوردە سوننییەکان هەمیشە لە خزمەتی ئەو وڵاتە عەرەبیانەدا بوون[١٢٠].

د وای ئەوە وردەورده د. نەبەز دێتە سەر باسی میرێکی کورد کە بە سەلاحەددینی ئەیوبیە، کە پاشان بە صەلاحەددینی گەورە ١١٣٧- ١١٩٣ نێوی دەر کرد. توانیی دەوڵەتی عەرەب لە هێرش و پەلاماری خاچپیەکان. بپارێزێت و لە ڕووخاندن قوتاری بکات. جوامێری و سۆز و بەزەیی و هەوڵێستی مەردانەی صەلاحەددین، بەرامبەر دوژمنی کەنەفت و لاواز نموونەیەکی زەقی عەقڵییەتی کوردە[١٢١]،

دوای ئەوە پرۆفیسۆر نەبەز دێتە سەر باسی بوونە ئیسلامی تورکەکان و ئەو سەرکەوتنە سوپاییانەی بە نێوی ئیسلامەوە لە ئاسیای بچوکدا بەدەستیان هێنا، ڕێی بۆ ئەوە خۆش کرد، لە کۆتایی سەدەی دوازدەیەمدا، دەوڵەتێکی تورکی-ئیسلامی، بە ناوی عوسمانلی عوسمانییەوە دابمەزرێنن، کە لە نێوی باپیرانی خانەوادە دەسەلاتدارەکەوە وەر گیرابوو.

لە ڕۆژی ٢٩ی مایسی ١٤٥٣دا، تورکەکان توانییان قوستەنتینیە داگیر بکەن، کۆتایی بە ئیمپراتۆریەتی بیزەنتییەکان بهێنن، ئەم دەوڵەتە تورکییە تازە دامەزراوە پاشان فراوان بوو،

---

١١٩ سەرچاوەی کوردستانو شۆرشەکەی د. جەمال نەبەز

١٢٠ ل٦٢ سەرچاوەی پێشوو. د. جەمال نەبەز.

١٢١ ل٦٣ سەرچاوەی پێشوو

بووە ئەو دەوڵەتەی لەمێژودا بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ناوی دەر کرد[١٢٢].

هەروەها د. نەبەز لە بابەت خەلافەتی ئیسلامییەوە ئەڵێت، "سوڵتانی عوسمانی لە ساڵی ١٥١٧ دا بە فێڵ و تەڵەکە خەلافەتی ئیسلامی لە چنگی عەرەبەکان دەر کێشا و لە دنیا دا بانگی سەرکردەیی سوننی ئیسلامی بۆخۆی هەڵدا[١٢٣].

لە بابەت فارسە شیعەکانیشەوە د. نەبەز ئەڵێت، "بە پێچەوانەی ئەمانەوە، فارسە شیعەکان بەرۆگری ئایینزای شیعە و لە سەردەمی شا ئیسماعیلی صەفەوی ١٥٠٢- ١٥٢٤ دا ئەم ئایینزایە کرایە ئایینی ڕەسمیی وڵات. بەو جۆرە سەرەتای کێشمەکێشێکی خوێناوی بۆ دەسەلاتگرتنە دەست لەنێوان فارس و تورکدا، بە ناوی شیعە، سوننەوە دەستی پێ کرد و بە هەزاران قوربانی لەسەر هەردوو لا کەوت[١٢٤].

ئەو کوردانەی پاش ڕووخاندنی دەوڵەتی ئیسلامی چەندین میرنشینی سەربەخۆی وەکو میرنشینی بەتلیس لە دەوروبەری ١٤١٧دا، میرنشینی ئازیزان لە جزیرەدا دامەزراندبوو، بە هۆی هاومەزهەبییەوە، دایانە پاڵ تورکەکان. بەو جۆرە تورکەکان توانییان شەڕی چارەنووسسازی چالدێران لە ١٥١٤ دا. بە کۆمەکی کوردەکان ببەنەوە و بەسەر فارسەکاندا سەر بکەون. سوڵتان سەلیمی تورک[١٢٥] بە بەرتیل و دەم چەورکردن وای لە زانای کورد ئیدرسی بەتلیسیی کرد، کە بە هۆی پلەوپایەی ئایینییەوە کاریگەریی بەتینوتاوی زۆری لەسەر میرنشینە کوردەکان هەبوو، هەموویان هان بدات لە دەوری ئیمپراتۆریەتی تورکی عوسمانی خڕ ببنەوە و پشتگیری لێ بکەن. سیاسەتی درندانە و شێتگیرانەی صەفەوییەکانیش لە کوردستاندا. یارمەتیدەرێک بوو، بۆ سەرخستنی ئەو پیلانەی بەتلیسی، ئیدریسی بەتلیسی لەلایەن کوردەکانی ئەو ڕۆژەوە. ناوی وەکو خۆفرۆشێک لە مێژووی کورددا تۆمار کراوە[١٢٦].

د. نەبەز ئەنجامی ئەم ڕێککەوتنەی بەینی کوردەکان و سوڵتانی عوسمانی زیاتر ڕوون ئەکاتەوە، هەرچەند پەیمانەکەی ٩ی ئابی ١٥١٥ لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن، کە سەربەخۆیی و ئازادی نێوخۆی میرنشینەکان بپارێزرێت. بەڵام سوڵتانە تورکەکان هیچکات گوێیان بەو ڕێککەوتنامەیە نەداوە. هەمیشە پایەی ئایینیی خۆیان بۆ بەگژیەکداکردنی میرنشینەکان بەکار هێناوە، لە ساڵی ١٦٣٩دا تورک و فارس سەرەڕای ئەو دوژمنایەتییە مەزهەبییەیان، پەیمانی زەهاویان مۆر کرد. بەو پێیەی کوردستانیان لەبەینی خۆیاندا بەش کرد. بەڵام ئەمەش هەر بەناو بوو. چونکە میرنشینە کوردەکان زۆرترین کات پابەندی هیچ لایەکیان نەبوون و سەربەخۆ

---

١٢٢ ل٦٣ سەرچاوە پێشوو

١٢٣ ل٦٣ سەرچاوە پێشوو.

تێبینی: هەر لەم کتێبەدا و پاشتر بە قسەی د. عەلی الوردی ئاماژەمان بۆ ئەم فرۆفێڵی خەلافەت گواستنەوەیە کردووە.

١٢٤ ل٦٣ سەرچاوەی پێشوو

١٢٥ ل٦٤ پەراوێز – گوایە ئەوبەرتیلە لەو نامەیەی سوڵتان سەلیمدا دەر ئەکەوێت کە بۆ بەتلیسی ناردووە. سەرچاوەی تورکی عوسمانی خواجە سعدالدین تاج التواریخ. ج٢ استنبول ل٨٠/١٢٧٩ هـ / ١٨٦٢/ ٦٣ز.

١٢٦ ل٦٤ سەرچاوەی پێشوو

فەرمانڕەوایی خۆیان کردووە. میرێکی وەکو میری کۆرە توانیی وڵاتێکی سەربەخۆ بە ناوی سۆرانەوە دابمەزرێنێت. میر بەدرخانیش نێوچەیەکی بەرفراوانی بە نێوی بۆتانەوە ئازاد و سەربەخۆ فەرمانڕەوایی ئەکرد.

سوڵتانە تورکەکان جارێکی دیش چەکی ئایینیان بەگەڕ خستەوە و گیانی حەسادەت و چاو پێکدا هەڵنەهاتنی میرەکانیان قۆزتەوە و توانیان یەک لەدوای یەک بیان فەوتێنن. ئەوە بوو لە ١٨٣٦ دا سۆران و لە ١٨٣٧ دا بادینان و لە ١٨٤٧ دا بۆتان و لە ١٨٥١ دا بابانیان[١٢٧] کۆتایی پێ هێنا.

بەمەش دوامیرنشینی کوردیان ڕیشەکێش کرد. لە ئەنجامدا و لە شۆڕشی ئەوڕەحمان پاشای بابان لە ١٨٠٦دا شۆڕشی بەڵباس و لە ١٨١٨دا و شۆڕشی بەدرخان و لە ١٨٤٣- ١٨٤٧دا و شۆڕشی یەزدان شێر ١٨٥٣- ١٨٥٥دا و شۆڕشی نەهری ١٨٨٠ و ڕاپەڕینی هەکاری ١٨٩٥دا بە هەمان چەکی ئایینی و چەواشەکردن. دەسەڵاتدارە تورکەکان توانییان ئەو شۆڕشانەش سەرکوت بکەن. پاشاکانی فارس بێپەروا لە هەوڵی ئەوەدا بوون، کە کوردە شیعەکان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن. بەڵام نەیانتوانیوە، هەموو کات میرنشینە سوننییەکان بکەنە دۆست و داردەستی خۆیان[١٢٨].

بۆ نموونە. میرنشینی ئەردەڵان ١٦١٢- ١٨٦٧ کە پایتەختەکەی سنە بوو، نێوچەیەکی زۆر فراوانی سەربەخۆ فەرمانڕەوایی ئەکرد[١٢٩].

ئینجا بەڕێز د. جەمال نەبەز هۆشیارانە و بەئاشکرا، دەردەکوشندەکەمان دەستنیشان دەکات کە سەرانسەر هەموو کورد بەدەستییەوە ئەنااڵێنن و یەکەم هۆکاری دواکەوتنمانە لە کاروانی میللەتانی سەر زەمین و تا ئێستا نەبووبن بە هیچ، دەردی یەکنەگرتن و دژیەک وەستان و حەسوودی لە هەوەل ڕۆژمانەوە تا ئێستا لە هەمووی گرنگتر بێبەرنامەییمان و نەبوونی ئایینزایەک یا قوتابخانەیەکی فەلسەفی یاخود نەبوونی ئایدۆلۆژییەکی تایبەت بەخۆ و ئەڵێت، "ڕەنگە ئەگەر شتێکی لەو بابەتە هەبوایە بێتوانییایە هەموو کورد یەک بخات، وەک چۆن شیعە هەموو فارسەکانی کۆ کردەوە و بەرەو ئامانجێک جماندنی. لە بریتیی ئەوە کوردەکان بوونە پاشکۆ و پابەندی تورک و فارسەکان و قەزاوەگیڕی دەوڵەتەکانیان. بەم هۆیەوە کورد، زمان و کولتوری خۆیان پشتگوێ خست و فەرامۆشیان کرد.

زۆربەی زانا هەڵکەوتووەکانی کورد، سەرمایەی زانستیی خۆیان لەو وڵاتە بێگانانەدا بەهەدەر دا. بەڵام بە هەرحاڵ زانایەکی کەمیش هەبوون کە بەرهەمیان بەکوردی دەنووسی و گازندە و گلەییییان لە میللەتەکەیان دەکرد، کە بەو شێوەیە کەلەپووری خۆیان پشتگوێ خستووە. یەکێک لەوانە شاعیر و زانای بلیمەت ئەحمەدی خانی ١٦٥٠- ١٧٠٦ بوو، نووسەری ڕۆمانە(داستانە)

---

١٢٧ ل٦٥ سەرچاوەی پێشوو

١٢٨ ل٦٥ سەرچاوەی پێشوو

١٢٩ ل٦٥ سەرچاوەی پێشوو

بەناوبانگەکەی مەم و زین. ئەو شاکارەی شان لە شانی شاکارە جیهانییەکان ئەدات[۱۳۰].

ئینجا د. نەبەز ئەڵێت، "بە ڕماندنی میرنشینەکان. ئەوسا کورد بەهۆشدا هاتنەوە و گومانیان لە برایەتیی ئەو برایەتیی ئیسلامە پەیدا کرد. چەند شۆڕش و ڕاپەڕینێکیان بەرپا کرد، بەڵام ئەم شۆڕشانە بۆ نمونە شۆڕشەکەی شێخ عەبەیدوڵڵای نەهری ساڵی ١٨٨٠ شتێک نەبوو لە پەلەقاژێی مەرگ زیاتر. هەموو هەڵچوون و هەژانێکی لەپڕ و ناڕێکخراو بوون. بۆیە سەرپاکیان لەلایەن هێزە دەسەڵاتدارەکانی تورکەوە یا بە زەبری ئاین یاخود لە ڕێی فڕوفێڵەوە خامۆش کران. ئەم شۆڕشانە ئایدۆلۆژییەکی جەماوەری و ڕەگ داکوتاویان نەبوو. پاش مردن و لەناوچوونی سەرکردەکانیان. شۆڕگێڕان بڵاوەیان لێ کرد و لەسەر ژیانی ئاسایی خۆیان بەردەوام بوون[۱۳۱]

ئینجا ئەڵێت، "تا ئێستا هیچ بزووتنەوەیەک نەیتوانیوە بەبێ ئایدۆلۆژییەکی چەسپاو و گونجاو و بەردەوام بێت. بزووتنەوەی سیاسی وەکو گیانلەبەرێک وایە، بەردەوام پێوستی بە خۆراکێکی ڕۆحی هەیە. هیچ شۆڕشێکی چەکدارانە بەبێ دەستەملانی قەڵەم و تفەنگ سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت[۱۳۲].

ئا لێرەدا و دوای سەرنج و تێبینیەکانی د. نەبەز جێی خۆیەتی دوو چوارینەی عومەری خەیام بەڵکو ببنە دەوایەک بۆ دەردەکانمان. (ج.ب)

خەیام وەرگێڕانی شێخ سەلام:

قەومێک خەریکی مەزهەب و دینن- هەندێ داماوی شک و یەقینن
هاکا، ها، جارچی، دەنگی هەڵبڕی- هەموتان کوێرن، ڕێی ڕاست نابینن.
با مولکی تۆ بێ میسر و ڕۆم و چین- لەژێر پێتابێ، سارای سەر زەمین
بەشی من و تۆ، هەروەکو یەکە- دە گەز کفن و دوو-سێ گەز زەمین
(شێخێک بۆ تەمێی ژنێکی بەدخو- قیرە قیڕی بوو، ئەهات و ئەچوو
ژن وتی یا شێخ چی ئەڵێیت من وام- بەڵام تۆ وەهایت، وەک ناوت دەر چوو؟

---

١٣٠ ل٦٥ سەرچاوەی پێشوو
١٣١ ل٦٦ سەرچاوەی پێشوو
١٣٢ ل٦٦ سەرچاوەی پێشوو

فەرهەنگی میژووی کورد- مایکل گەنتەر[133]

بریتییە لە هەندێک زانیاری کە پەیوەندی سەرەکییان بەو باسەوەیە کە ئەم کتێبە گرتوویەتیەخۆی، ئەتوانم بڵێم، ئەو زانیارییانەی مایکل گەنتەر باسیان دەکات، تا ڕادەیەک بەسوودن. هەرچەندە من لەگەڵ هەندێک لە ڕاوبۆچوونەکانیدا نیم.

- پێناسینی میللەتی کورد لە سەرانسەری کوردستاندا. خاک و گەل، جوگرافیا، کەشناسی.
- حکومەت و میرایەتییەکانی کورد بەکورتی، بابان، ئەردەڵان، موکری، زەند.
- وڵاتەکانی کوردستان، جزیرە، جزیرەی بن عومەر.
- ڕێبازەکان، ڕێبازی قادری، ڕێبازی نەقشبەندی، ئەهلی حەق، هەقپەرستان- ڕاستیناسان. ئێزدییەکان. سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا.
- کەسایەتییە بەناوبانگەکانی کورد، شەرەفخانی بەتلیسی ١٥٤٣-١٦٠٣، کەریم خانی زەند ١٧٠٥- ١٧٧٩، بەدرخان پاشا ١٨٠٢- ١٨٤٧.
- شەڕی چاڵدێران ١٥١٤.
- حوجرەی فەقێیان.
- ئەوەی شایانی گوتنی منی نووسەری ئەم کتێبە ئەوەیە، کە توخنی ڕاستکردنەوەی ئەو ناو و ڕستە و ڕاڤەکردنانەی ناو ئەم فەرهەنگە نەکەوتمەوە و هەروەک خۆی هێشتمنەوە چونکە سەرانسەری ئەم کتێبەی من وەڵامە بۆ باسەکانی فەرهەنگی میژووی کورد. بەڵام جێکردنەوەی لێرەدا بە سوودمەندم زانی.

---

١٣٣ وەرگێڕانی : مامکاک. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس شەقامی گوڵان، هەولێر. چاپی یەکەم ٢٠٠٧ هەموو ئەو باسانەی سەرەوە. لەو فەرهەنگە وەر گیراون

پێناسینی میللەتی کورد لە سەرانسەری کوردستاندا.

هەرچەندە لەو ناوچە شاخاوییانەی ڕۆژهەلاتی ناڤین کە تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا پێک دێنن. کورد زۆرینەن، بەلام بە شێوەیەک کەرت کراون کە لەناو قەوارەی هەریەک لەم دەوڵەتانەی ئێستا هەن. بووینە کەمینە. لەوەتەیێ ئەم ڕۆژهەلاتەی ناڤینە هاوچەرخەی ئێستا لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیدا پێک هاتووە، کێشەی کورد دروست بووە و زۆرینەی کوردیش هەمیشە ئارەزووی بووە دەوڵەتێک بۆ خۆی پێک بێنێت یان لانی کەم، مافە کولتووریییەکانی خۆی لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا مسۆگەر بکات، کە تێیاندا دەژی. ئەو ئارەزووەشی زنجیرەشۆڕشێکی مەیلە و نەپساوەی ئەو گەلەی هێناوەتە کایەوە.

ئەو ٢٥-٢٨ ملیۆن کوردە، مەزنترین نەتەوە لەم جیهانەدا کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی نییە، لەدوای پێکهاتنی شەڕی کەنداوی ١٩٩١و دروستبوونی دەوڵەتی دیفاکتۆی کوردستان لە باکووری عێراق، کێشەی کورد بە شێوەیەکی دیار نەک هەر بووەتە گرفتی یەکەمی ڕۆژهەلاتی ناڤین. بەڵکو لە ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتیش سەنگی خۆی کردووە. کۆششی تورکیا بۆ چوونە نێو یەکێتیی ئەورووپا بواری پتری بۆ کێشەی کورد ڕەخساند و باشتر وەبەر چاوانی خست. هەرکاتێک کێشەی عەرەب- ئیسرائیل خاو ببێتەوە، بێگومان کێشەی کورد خۆی لە جێی ئەو دادەنێت و لەو ناوچە جیۆستراتیژەی ڕۆژهەلاتی ناڤیندا. دەبێتە گەورەترین فاکتەری نائارامی. هێشتا لەمەش پتر لە ڕێیە، چونکە کورد لەسەر گەنجینەیەکی هەرە گەورەی نەفتی ڕۆژهەلاتی ناڤین دانیشتوونە و گەورەترین سەرچاوەکانی ئاویان لە بەردەست دایە، لەم سەدە تازەیەدا، کێشەی کورد هێشتا گرینگتر دەبێت.

خاک و گەل
جیۆگرافیا

کوردستان، واتە خاکی کوردان، ئەو ڕووبەرە جیۆگرافیایەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین پێک دێنێت کە تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا بە یەکتری دەگەن و زۆرینەی دانیشتووانەکەی کوردی بە ڕەگەز ڕەسەنن. لە هەندێک شوێنی تری وەک خۆرهەسانی ڕۆژهەڵاتی قەزوین لە ئێران و لە ناوەڕاستی ئەنادۆڵی تورکیاشدا کورد هەن.

ژمارەیەکی زۆری کورد لە هەرسێ شارە گەورەکانی ئەستەمبوڵ و ئانکارا و ئیزمیری تورکیاشدا دەژین. جگە لەمانە، کورد لە ئەرمینیا و ئازەربایجان و بە درێژاییی سنووری خۆراسانی ئێران و تورکمانستان، لە تورکمانستانیشدا دەژین.

بە هۆی گۆڕانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەمیانی چەند سەدەی ڕابردوودا، ڕووبەری کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو هەمیشە هەر لە گۆڕاندا بووە.

هەرچەندە چەند میرنشینێکی کوردی نیمچەسەربەخۆی وەک میرنشینی ئەردەلان، تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم هەبووە، بەڵام دەوڵەتێکی کوردستانی سەربەخۆ لە شێوەی ئەم دەوڵەتە هاوچەرخانەی ئێستا هەرگیز نەبووە. بەر لە شەڕی یەکەمی جیهان، کوردستان لەنێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و فارسیدا بووبووە دوو بەش و ڕووبەرە زۆرەکەی لە بەردەستی عوسمانییەکاندا بوو. لەدوای شەڕی یەکەمی جیهان، کوردستان بەسەر پێنج دەوڵەتی جیاوازدا دابەش کرا. هەرچەندە هەر بە شێوەیەکی نزیکینەیە، بەڵام دەگوترێت تورکیا گەورەترین بەشی کوردستان ٤٣ لە سەد و دوای ئەو ئێران ١٣ لە سەد و عێراق ٨ لە سەد و سووریا ٦ لە سەد و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ئەرمینیا و ئازەربایجانی ئێستا ٢لە سەد یان بەر کەوتووە. کورد زۆربەیان موسڵمانی سوونەن، بە زمانێکی هیندۆئەوروپی دەئاخڤێن.

جیاوازی هەیە، کرمانجی یان بادینی.

چیاکان دیارترین تایبەمەندیی جیۆگرافی خاکی کوردستانن، هەر بۆیە کورد پەندێکیان هەیە

دەڵێت، لە شاخ بترازێت، کەس دۆستی کورد نەبووە، ئەم پەندە ئەوە دەگەیەنێت کە هەرچەندە ئەو چیایانە بوونەتە هۆی لەیەکتریدوورخستنەوەی کورد، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ناسنامەی مێژوویی و کولتووریی کوردیان دروست کردووە و تا ئێستاش پاراستوویانە و نەیانهێشتووە تورک کە لە باکوورەوە و فارسەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە و عەرەبیش لە باشوور و خۆرئاوایانەوە و بەتەواوەتی داگیریان بکەن یان هەر بیانتاوێننەوە. زنجیرەی زاگرۆس گرینگترینی ئەو شاخانەن، کە لە شێوەی برپبڕەی پشتە و لە باکووری ڕۆژئاواوە و بەرەو باشووری ڕۆژهەڵاتی بەناو زۆربەی ئەو خاکەدا، دادەکشێت. بەشێکی زنجیرە چیاکانی تۆرۆس و پۆنتۆس و ئامانۆسیش لەناو خاکی کوردستانەوە هەڵدەستێت.

گەشتیاری

کەشی ئەم کێوانە وا ناسراوە، کە ساڵ دوازدە مانگ سازگارە. چونکە ڕێژەی شاخەکانی باکووری کوردستان لە ناوەڕاست و باشووری بەرزترە. بۆیە بەم پێیە باکووری سارد و تا بەرەو باشوور بچین کەشەکەی گەرمتر دەبێت و هەندێک جاران شێدار دەبێت. پلەی گەرمای کوردستان بەپێی بەرزی و نزمیی خاکەکەی، جیاوازییەکی زۆری تێدا بەدی دەکرێت. هەرچەندە شاخە بەرزەکانی لە هاوین کەشێکی سازگاریان هەیە، بەڵام دامێنەکانیان گەرم و شێدارە. زۆربەی ناوچەکانی بە زستانان سارد و بەفری لێ دەکەوێ (دەبارێت).

جاران هەموو بە دارستان داپۆشرابوو، بەڵام ئێستا لەبەر زۆری بەکارهێنانی بۆ لەوەڕ و سووتەمەنی و ئاوەدانکردنەوە، پتریش لە ئەنجامی شەڕدا، زۆر لەو دارستانانە فەوتاون و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی جیاوازیی نێوان کەشوهەوای ناوچەکانی پتر ببێت. بە پێچەوانەی زۆربەی ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناڤین، کوردستان هەمیشە ڕێژەیەکی چاکی بارانی لێ دەبارێت.

ڕێبازی قادری

قادری، هاوکات لەگەڵ ڕێبازی نەقشبەندی دوو تەریقەتی دەروێشان لە کوردستان پێک دێنن، تەریقەتی قادری ناوی شێخ عەبدولقادری گەیلانی ١٠٧٧-١١٦٦ وەر گرتووە. شێخ عەبدولقادری گەیلانی ناودارترین شێخە لەناو موسڵمانان، گۆڕ و گومەزەکەی لە گەڕەکی بابولشێخ لە بەغدادایە. هەرچەندە تەریقەتەکە بە ناوی ئەوەوە کراوە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت، شێخ عەبدولقادری گەیلانی هیچ پەیوەندییەکی بە دامەزراندی ئەو ڕێبازەوە نییە. پاشتر بۆیە ئەو ناوەی بۆ هەڵبژاردووە تا خەڵکی پەسەندی بکەن و بەدوای بکەون، ئەم دیاردەیە لەناو موسڵماناندا زۆر باو بووە.

دەڵێن سەید مووسا و سەید عیسا، کە دوو برا بوون، لە ١٣٦٠، ئەم تەریقەتەیان لە کوردستانی باشوور داهێناوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم لە هەموو گۆڕەپانی کوردستان تاکە ڕێبازێکی سۆفیگەری بووە، کە موریدی هەبوو بێت. ناودارترین شێخەکانی قادری، لە سەدەی نۆزدەیەم، بەرزنجییەکان و سەیدەکانی نەهری و شێخەکانی تاڵەبان بوون. هەرسێ خانەوادە، لەپەنای شێخایەتییەکەیانەوە دارایەکی زۆریان بۆ خۆیان گڕ داوە. شێخ مەحمود بەرزنجی و جەلال تاڵەبانی دوو کەسایەتی هەرە ناسراون کە لە بنەچەدا شێخی تەریقەتی قادری بوون.

ڕێبازی نەقشبەندی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، مەولانا خالید لە هیندستان گەڕاوە و ڕێبازی نەقشبەندی لەگەڵ خۆی هێنابوو. مەولانا خالید خواپەرستێکی زۆر بەناو و دەنگ بوو، ڕێزی تایبەتی لەناو خەڵکیدا هەبوو، بۆیە هەر زووبەزوو توانیی ڕێبازەتازەکەی خۆی بەناو خەڵکیدا بڵاو بکاتەوە و بەمەش تا ڕادەیەکی زۆر جێی ڕێبازی قادری گرتەوە و لاوازی کرد، ئەمەش چەند هۆیەکی هەبوو، سەیدەکانی نەهری و شێخەکانی بارزان ڕێبازی نەقشبەندییان هەڵبژارد و پەیڕەویان کرد. بەڵام یەک لەو هۆیانەی کە ڕێیان لە شێخ مەحمود گرت و نەیتوانی کورد هەموو یەک بخات، بۆ ئەوەی لە ١٩٢٠کاندا، بە مەلیکی کوردستانی بزانن و پشتیوانیی بکەن، ئەوە بوو کە زۆرینەی دانیشتوانی کەرکووک لایەنی شێخەکانی تاڵەبانیان گرت کە بە

پێچەوانەی شێخ مەحمودی حەفید، ئەمانە بەدوای ڕێبازی قادری کەوتبوون. لەم سەردەمەش کڵۆدیۆس جیمس ڕیچ Richی گەشتقانی ئینگلیز کەدیدەنیی سلێمانی کردووە، لە یادداشتی ڕۆژی ١٨٢٠/٧/٢٤ز. دا ١٢ی ڕەمەزانی ١٢٣٥ک، دەگێڕێتەوە موسڵمانێکی خوداپەرستی گەورە لە سلێمانیدا هەیە و نێوی شێخ خالیدە. کوردان پێیان نەنگە لە حەزرەتی مەولانای کەمتر پێ بڵێن، گفتاریشی دەخەنە ڕێزەی حەدیس- حدیثەوە. لە هەموو شوێنێکی جوداجودای تورکیا و وڵاتانی عەرەبدا دوانزە هەزار لایەنگری هەیە. کوردان هەموو بە وەلی دەزانن و زۆریان قسەکانی لە ڕێزەی فەرمایشتەکانی پێغەمبەریان داناوە.

عوسمان بەگ- کوڕی عەبدولڕەحمان پاشا بۆ ڕیچی گێڕاوەتەوە کە خۆی و مەحمود پاشای برای، هەروەها نزیکەی هەموو سەردارەکانی کورد لایەنگری ئەون.

مامۆستای میژوونووسان عەباسی عەززازی زۆر بە مەولاناوە خەریک بووە و لێی نووسیوە دەڵێت، "لە سنووری ئەو ڕۆژگارانەی دەوڵەتی عوسمانی پانوبەرینداء لایەنگرەکانی مەولانا خالید لە ماوەیەکی کەمدا خۆی دا لە بیست هەزار کەس."

خاوەنی الانوار القدسیە قسەی لە ئەو ڕۆژگارەی مەولانا و پاشتر کردووە و دەڵێت، "خەلیفە و لایەنگرەکانی، خۆیان داوە لە سەد هەزار کەس پتر.

لەمەڕ شێوەیشی نووسراوە، "پیاوێکی باڵابەرز، چوارشانە، سپیکەلە و ڕوومەت ئاڵ، چاو و مووڕەش، برۆ پان، ڕیشدارێکی هێور و جوان، جلوبەرگ پۆشتە و بێداردەست و تەیڵەسان بووە."

دانراوەکانی، عەرەبی، فارسی، کوردی لە هەموو سەردەمەکانی تەمەنیدا بریتین، لە تعلیقات و حاشیە و شرح و ڕسالە و عەقیدەی ئیمان و گەلێک نووسینی هەرە بەنرخی تر و لەژمارە نایەن.

شێخەکانی تاڵەبان هەر قادرین و شێخەکانی بارزانیش تا ئێستا نەقشبەندین.

قادرییەکان لە کاتی زیکر و تەهلیلەکردنیاندا حاڵ دەیانگرێت، واتە دەبوورێنەوە و لە هۆشی خۆیان دەچن. نەقشبەندی ئەمەیان نییە. هەندێک لە دەرویشەکان ئیجازەیان پێ دەدرێت، ئەوانە دەتوانن زەرگ و تیر و شتی تیژ لە جەستەی خۆیان ڕابکەن. نەقشبەندی ئەمەشییان نییە. ناوەناوە یان خەلیفەکە یان شێخ بەخۆی بە دەنگێکی بەرز بانگ شادە دێنێت و دەڵێت، لاإلە إلا الله واتە لە خوا بتارێزێت هیچ خوایەکی دیکە نییە و پاشان تەپڵ لێ دەدرێت و ئیتر حای و حوو و جەستەڕاهەژاندنی تونڊ دەست پێ دەکات و جەمانە و کەشیدە و مشکی لەسەر دەکرێتەوە و دەرویشان قژەدرێژەکانیان دەکەنەوە و بە هەموو هێز و توانای خۆیان لەگەڵ حەی ئەڵڵاکردن سەریان ڕادەهەژێنن. کەسانێکی تر خۆیان وەبەر چەقۆ و شیر و زەرگ دەدەن و هەموو جەستەی خۆیان کون کون دەکەن. هەندێک شووشە دەخۆن و قووتی دەدەن، ژار فڕ دەکەن، وایەری ڕووتی کارەبا بەدەستیانەوە دەگرن، سەیرە... هیچیشیان لێ نایەت.

دەرویشەکان باوەڕیان وایە، کە شێخەکەیان بە کەرامەتی خۆی دەیان پارێزێت و ناهێڵێت

ئازاریان پێ بگات، ئەمەش لە بەرەکەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانییە و بۆ شێخەکەیان هاتووە. ئەو جۆرە زیکرکردن و حاڵگرتن و خۆ وەبەر شمشێر و زەرگ دانە، بەبێ ئەوەی هیچ ئازارێکیان بگاتێ، بۆ ئەوە دەکرێت تا بە دیاری بخەن کە ئیسلام ئایینێکی ڕاستەقینەیە و خوا پشتیوانی ئەوانە دەکات کە دەیپەرستن. لە لایەکی تریشەوە ئەو دەرویشە قادرییەی کە ئەم جۆرە کارانەش ئەنجام دەدات، دەڵێت بۆ ئەوەیە کە بزانن باوەڕی بە خودا هەیە و تەریقەتی قادرییش بە ڕاست دەزانێت و بەم جۆرەش پایەی ڕۆحی خۆی لەناو خەڵکیدا دەسەلمێنێت.

ئێزدییەکان

ئێزدیەکان، گروپێکی کوردن، ئایینێکی داهێنراویان هەیە. بەهەڵە پێیان دەڵێن ئەهریمەن پەرستن. بەڵام لە ڕاستیدا ئایینی ئێزدی، دینێکی ڕەسەنی کوردەواریە و باوەڕی بە ڕێبازی فریشتەکان هەیە.

ئێزدییەکان دوو کتێبی پیرۆزی نووسراویان هەیە و جێی سەر سووڕمانە کە هەردوو کتێبەکەیان بە زمانی عەرەبی نووسراوەتەوە. یەکەمیان مەسحەفی ڕەشە. کتێبی ڕەش، زۆر لە کتێبەکەی دیکەیان درێژترە و بنەماکانی ئایینی ئێزدی تێدایە، دووەمیشیان، کتێبی ڕووناهی کتاب الجلوەیە. ئەمەیان زۆر لە کتێبی ڕەش کورتترە و لە نزا و پاڕانەوە و ستاییشکردنی دامەزرێنەری ئایینەکە، شێخ ئادی، پێک هاتووە.

ئێزدی[١٣٤]

ئاماژە بۆ فریشتەکان دەکات و مەلەک تاوس گەورە فریشتەیە، کە ئێزدییەکان دەیپەرستن. مەلەک تاوس میری تاریکی نییە، بەڵام لە هەموو فریشتە لەپێشەکان بەهێزترە. ئەنزال پەیکەری باڵندەیەکە و لەکن ئێزدییەکان پیرۆزترین متفەڕکی مەلەک تاوسە، ماوەتە و مەلەک تاوس دنیای مەتیریاڵی لە پارچە ڕەسەنەکانی هێلکەیەکی تیشکی ئاسمانی دروست کردووە، کە پێشتر ڕۆح لەناویدا ژیاوە. کە ئادەم لە بەهەشت دەر کرا، هیچ کونێکی لە دامێنیدا نەبوو، بۆیە تووشی زگ ئێشانێکی لە پادەبەدەر هات و حەوانەوەی نەما، تا خودا باڵندەیەکی نارد تا کونێکی لێ بکات. گرینگترین جەژنی ئێزدییان جەژنی جەمە کە لە حەفتەی دووەمی ئۆکتۆبەر، لە دوای حەوت ڕۆژ بە ڕۆژوو بوون دێت. لەم جەژنەدا پەیکەری ئەنزال ئامادە دەکرێت.

خواردنی خەس و ماسی و مامز-ئاسک و گۆشتی پەڕەوەر و کوولەکە کودی لە ئێزدییان حەرام کراوە. ڕەنگی شینی تاریک و بەپێوە میاستن و بەدانیشتنەوە بەرگدەبەرکردن و بەکارهێنانی چەکمەجە و خۆشوشتن لەناو گەرماودا لێیان حەرامە.

چونکە لە چەند قۆناغێکی مێژوویيدا، موسڵمانەکان، جیرانە ئێزدییەکانی خۆیان بە یاخیبوون

١٣٤ سەرچاوە: فەرهەنگی میژووی کورد- مایکل گەنتەر وەرگێڕان مامکاک. ئاراس ٢٠٠٧ ل٧٢-٧٤.

لە ئایین زانییەوە، بۆیە ژمارەیەکی زۆریان چەوساندوونەتەوە و کوشتوویانن. ڕەنگە لە ٢٠٠٧دا، ئێزدییەکان لە پێنج لە سەدی سەرجەم دانیشتوانی کورد کەمتر بن و لە چەند ناوچەیەکی بادینی هەرێمی کوردستاندا کۆبوونەتەوە، لە باشووری ڕۆژئاوای موسڵ و لە لالشی ڕۆژهەڵاتی موسڵ نیشتەجێن. گرینگترین گلکۆی ئێزدییەکان، کە گلکۆی شێخ ئادییە، لە لالشە.

لە ١٨٣٠یەکان، پاشا کۆرەی ڕەواندز زۆر ئازاری ئێزدییەکانی داو ناچاریکردن بە کۆمەڵ، لەم ناوچانە بار بکەن و بچن لەنێوان ماردین و میدیات لە نزیکی باتمانی باکووری کوردستان تازەهەوار بۆ خۆیان ئاوەدان بکەنەوە. پاشتر بۆ ئەوەی چیتر ئازار نەدرێن، زۆربەیان کۆچیان کرد و چوون لە ئەڵمانیا نیشتنەوە. لە سەدەی نۆزدەیەمدا، هەندێک ئێزدی کۆچیان بۆ ناوچەی قەوقازی ڕووسی کرد. لەم دواییانەدا ئێزدییەکانی ئەرمینیاش تووشی ئازاردان هاتن.

ئێزدییەکان بە دیالێکتی کرمانجیی کوردی دەئاخڤێن. لەو سالانەی دواییدا عەرەبەکان هەوڵی زۆریان دا بۆ ئەوەی ناسنامەی کوردی لە ئێزدییەکان وەر بگرنەوە و بۆ ئەم مەبەستەش جارپاندا، کە ئەوانە لە نەوەی عەرەبەکانی بەنی ئومەییەن. ئەم دووبارە مێژوو نووسینەوە، هەوڵێک بوو بۆ ئەوەی بە ساختە ئێزدییەکان وا پێناسە بکەن، کە نەوەی خەلیفەی ئەمەوی یەزیدی کوڕی مەعاوییەن. یەزید لە ٦٨٠ وە تا ٦٨٣ی زایینی خەلیفەی ئەمەوییەکان بووە و لە دیمەشقی شام فەرمانداریی کردووە.

ئەهلی حەق[١٣٥] هەقپەرستان- ڕاستیناسان، ئایینێکی ڕەسەنی کوردییە و تا ئێستاش لە کوردستانی عێراق و ئێراندا ماوە و لە کەمینەکیان بترازێت، ئەوەی دیکەی هەموو بە زاراوەی گۆران بەستراونەتەوە. بە کاکەیی و یارسانیزمی و عەلی ئیلاهی 'ئەوانەی عەلی بەخوا دەزانن' دەناسرێت. لە زۆر لە نەریتە ئایینییەکانیان لەگەڵ عەلەوی و ئێزدییەکان یەک دەگرنەوە. ڕیاکاری dissimulation تقویە- شیعەکان بەکار دێنن مەبەستی تەقوییەی شیعەکانە ئەوە دەکەن، تا سەر لە نەیارەکانیان بشێوێنن و خۆیان بپارێزن و ئەمەشیان زۆر لە ڕێبازی شیعە دەکات. گلکۆی سەرەکیی ئەهلی هەق بابە یادگارە، لەلایەن کورد شیعەکانیشەوە بە پیرۆز دەناسرێت.

ئەولیا چەلەبی ١٦١١-١٦٨٥. گەڕیدە و نووسەرێکی عوسمانی بوو، کتێبی سیاحتنامەی، نووسیوەتەوە، کە بە یەکێک لە باشترین سەرچاوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کولتووری و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە سەدەی حەفدەیەم دەژمێردرێت ١٦٥٥و١٦٥٦ چەلەبی سەردانی گەلێک ناوچەی کوردستانی کردووە بەتایبەتیش بەتلیس و تێبینی چڕوپڕی دەربارەی هەرشتێک نووسیوەتەوە کە چاوی پێی کەوتووە[١٣٦]

شەرەفخانی بەتلیسی و شەرەفنامە ١٥٤٣-١٦٠٣، دانەرە کوردەکەی شەرەفنامەیە.

شەرەفنامە کتێبێکی مێژوویی زۆر تێروتەسەلی بنەماڵە فەرماندارەکانی میرنشینە کوردییەکانە

---

١٣٥ فەرهەنگی مێژووی کورد- مایکل گانتەر ل٥٢.

١٣٦ سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، کورد لەمێژوی دراوسێکانیدا وەرگێڕانی سەعید ناکام چاپکراوی کۆڕی زانیاری کورد بەغدا- ١٩٧٩. نزیکەی ٣٧٥ لاپەڕەیە.

و بەفارسی نووسراوەتەوە و لە ١٥٩٦دا کۆتایی هاتووە. لەکن زۆرێک شەرەفنامە، تا دەگاتە کاتی نووسینەوەی بە گرینگترین سەرچاوەی مێژووی کورد دەزانرێت.

شەرەفنامە، مێژووەنووسراوەکەی دەکاتە چوار بەش، بەشی یەکەمی تایبەتە بەو پێنج ڕەچەڵەکەی کە پلەی سەڵتەنەتیان هەبووە. ئەوانیش مەروانییەکانی دیاربەکر و جزیرە و حەسەن وەحیدییەکانی دینەوەر و شارەزوور و فادلوییەکانی لوڕی گەورە و شازادەی لوڕی بچووک و ئەیوبییەکان بوون. بەشی دووەمی بۆ ئەو خانەوادانە تەرخان کردووە کە سکەی پارەیان هەبووە و لە گوتاری هەینی-خوتبەدا ناویان هاتووە. خوتبە ئەو گوتارەیە کە ڕۆژانی هەینی بۆ نوێژکەران دەخوێندرێتەوە و تیایدا باسی پێغەمبەر و چوار خەلیفەکانی ڕاشدین و فەرمانڕەوای سەردەمی تێدا دەکرێت، بەشی سێیەمیش، باسی ئەو بنەماڵانە دەکات کە بە ڕەچەڵەک فەرمانڕوا بوون.

بەشی چوارەمیش، مێژووی میرەکانی بتلیس دەگێڕێتەوە.

شەرەفخان فەرمانداری پێشووی میرنشینی بتلیس بووە و پاشان کە لە نووسینی کتێبی شەرەفنامە بووەتەوە. ئیتر بۆ کوڕەکەی وازی لە دەسەڵات هێنا. وا پێدەچێت کە زۆربەی ژیانی خۆی بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان تەرخان کردبێت. بۆ ئەوەی مێژووەکەی تەواو بکات.

زەند[١٣٧]

زەند هۆزێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لە ١٧٥١ تا ١٧٩٤ ڕۆژئاوای ئێرانی حوکم کردووە. زەند لە بنەماڵەی لەکن. نادر شا لە ١٧٣٢دا، ئەوانەی لە زێدی باپیرانیان لە دەڤەری چەقی کێوەکانی زاگرۆسەوە بۆ خۆراسان ڕاگوێزانەوە. بەڵام پاشان کە نادر شا لە ١٧٤٧ کوژرا، زەندەکان بە سەرکردایەتی کەریم خانی زەند، بە شەڕ توانییان ڕێی خۆیان پاک بکەنەوە و بۆ زێدی خۆیان بێنەوە.

ناوبانگی بنەماڵەی زەند بە ناوی کەریم خانەوە بەندە. توانیی لەشکرێکی گەورە لە کۆڕانی عەشایری زاگرۆس پێک بێنێت و هاوپەیمانی لەگەڵ بیورۆکرات و گەورە کەسایەتییەکانی شارە گرینگەکانی ڕۆژئاوای وڵاتی فارسدا دابمەزرێنێت. ئەو هاوپەیمانەتییە شارەکانی ئەسفەهان و شیراز و تەورێز و کرمانی دەخۆدا گرتبوو.

بۆ ماوەیەک کەریم خان، ئەفسانەیەکی بووژاندنەوەی سەفەوییەکانی بەکارهێنا و ناتۆرەی وەکیل، واتە بریکاری لەخۆی نا. دووبارە پایتەختەکەی خۆی کە شیراز بوو، دروست کردەوە و سیاسەتێکی ئابووریی زیرەکانەی داڕشت و ڕێبازی شیعە دوازدە ئیمامییەکانی پەسند کرد و نەرمییەکی زۆری لە بواری ئایینیدا پەیڕەو کرد و بەپێی بەندە فۆلکلۆرییەکانیش، بێئەندازە جوامێر بووە. کەریم خانی زەند، بۆ ماوەیەکی کورتیش بەندەری بەسرەی لە عوسمانییەکان گرت و پاشان پاشەکشەی لێ کرد.

زەندەکان لە ئەوپەڕی بەهێزییاندا، تەنیا ڕۆژئاوای وڵاتی فارسیان حوکم کرد و نەچوون قاجارەکانی ئەسترابادی سەر لێواری دەریای خەزەریش بگرن. کەریم خان نەچووە ناوچەی خۆراسانی باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی فارسیش داگیر بکات.

میراتگرەکانی کەریم خان لەناو خۆیاندا بەشەڕ کەوتن و پاش ماوەیەکی کورت تورکمانە قاجارەکانی ئەستراباد، هاتن و وڵاتەکەیان لێ داگیر کردن. لوتف عەلی خانی زەند، دوافەرمانڕەوای زەند بوو. لە شەڕدا بەزی و گیرا. پاشان بە فەرمانی ئاغا محەمەد خانی قاجار لەناو تەلارە قەشەنگەکەی کەریم خانی زەند، تا لەبن دەستیان مرد، هەر ئەشکەنجەیان دا.

---

١٣٧ فەرهەنگی میژووی کورد- مایکل گانتەر

کەریم خانی زەند

کەریم خانی زەند ١٧٠٥- ١٧٧٩ سەرکردەی بنەماڵەی زەند بووە، کە هەر لە ١٧٥١ەوە تا ١٧٩٤، حوکمڕانی زۆربەی ناوچەی فارسی کردووە. زەندەکان لەو لەکانەن، کە پێشتر لە خاکی خۆیان دەر کرابوون و ڕەوانەی خۆراسانی ڕۆژهەلاتی وڵاتی فارس کرابوون، بەڵام پاشان هاتنەوە و خاکەکەی خۆیان وەر گرتەوە.

کەریم خان نەیویست نازناوی شا لەخۆی بنێت، بۆیە ناتۆرەی وەکیلودەولە واتە جێگری سەرۆکی بۆ خۆی هەڵبژارد. زۆربەی سەردەمی حوکمڕانیی ئەو پیاوە، لە وڵاتی فارس زۆر بەئاسوودەیی و لە ئاشتیدا ژیا. شیرازی کردە پایتەخت و چەندین تەلار و باڵاخانەی گەورەی لێ دروست کرد، کە هەندێکیان تا ئێستاش باسی گەورایەتی سەردەمی ئەو گەورە پیاوە دەگێڕنەوە. لە ڕۆژانی کەریم خان بازرگانی و پیشەسازیی دەستکرد و کشتوکاڵ گەشەیان سەند و فرە هانی بازرگانیی دەرەکیشی دا. نموونەی پاشایەتیی کەریم خان لەسەر بنەمای ئەو نەریتە خێڵکییە دامەزرابوو، کە لەناو ڕەوەندە لەک و لوڕەکاندا باو بوو. پاڵەوانێتیی کەریم خان و شارەزایی لە بەکارهێنانی چەک و بایەخدانی بە خۆشگوزەرانی خەڵک، بووەتە بنەمایەک و چەندەها چیرۆکی فۆلکلۆریی جوانی لێ دروست بووە. کەریم خان بە نەخۆشی وەرەم tuber-culosis مردووە.

حوجرەی فەقێیان[۱۳۸]

مەدرەسەی حوجرەی فەقێیان. ئەم مەدرەسە دینییانە نەک هەر لە سەرتاسەری کوردستان هەبووە و لە هەندێک شوێن تا ئێستاش هەر ماوە، بەڵکو لە تورکیا و ئێران و پاکستان و گەلێک وڵاتی ئیسلامیدا هەن. حوجرەی فەقێیانی کوردستان جگە لەوەی کە شەریعەتی ئیسلام و زمانی عەرەبی تێدا گوتراوەتەوە، مەڵبەندی هزری ڕەسەنی کوردایەتی بووە و زۆربەی سیاسەتمەدارە کوردەکانی سەدەی بیستەم لەو حوجرانەدا خوێندوویانە و بیریان لە بارودۆخی گەلەکەیان کردووەتەوە و شۆڕشیان بەرپا کردووە. یەکەم کەس کە هەستی بە مەترسی ئەو حوجرانەی فەقێیانی کوردستان کرد، مستەفا کەمال ئەتاتورک بوو، بۆیە لە ۱۹۲۵، لەدوای سەرکوتکردنی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران، بڕیاری داخستنی هەموو ئەو مەدرەسانەی دا.

هەر گوندێکی گەورە بۆ ناوی خۆی حوجرەیەکی فەقێیانی ئاوەدان دەکردەوە. مەلایەکی دوازدە عیلمی بۆ دەگرت کە بتوانێت دەرس بە فەقێیەکانی بڵێت و خواردنی هەموو فەقێیەکان بەخۆڕایی خەڵکی گوند دابینیان دەکرد. ژنێک خزمەتی فەقێیانی دەکرد، پێیان دەگوت داپیرە یان داپیری فەقێیان.

فەقێ لە سەرەتادا سێ پلەیان هەبووە، سوختە، بەو قوتابییانە دەگوترا کە تازە دەچوونە بەر خوێندن، موتەعەللیق، لە سوختە پتری خوێندبوو، بەڵام نەگەیشتبووە ئەو ڕادەیەی کە بتوانێت مەلایەتی بکات. موستەعید، ئەمە پلەی هەورازی خوێندنی ئیسلامیی مەدرەسەکان بوو، موستەعید هەبوو مەلا بوو، وانەی بە سوختە و مەتەعەللیقەکان دەوتەوە، پاشان موستەعید ئیجازەی وەر دەگرت و دەبووە مەلا و ئەویش ئەگەر زیرەک با، دەیتوانی مەدرەسەی خۆی هەبێت و دەرس بە فەقێیان بڵێت. هەموو مەلایەک بۆی نەبوو ئیجازە بە فەقێیان بدات و تەنیا مەلای شارەزا و دوازدە عیلم دەیتوانی ئەم ئیجازانە بدات. هەندێک گوندنشین تا نەیانزانیبا مەلا لەکن کێ ئیجازەی وەر گرتووە، لە گوندەکەیان جێیان نەدەکردەوە و نوێژیان بەدوادا نەدەکرد. لەم سالانەی درەنگی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، پلەی موتەعەللیق نەما و هەردوو پلەی

۱۳۸ فەرهەنگی میژووی کورد- مایکلا گانتەر

سوختە و موستەعید تا کۆتاییی حەفتاکانی سەدەی بیستەم لە هەندێک گوندی کوردستانی باشوور هەر مابوون. ڕەنگە تا ئێستاش ئەو مەدرەسانە لە کوردستانی ڕۆژهەلات هەر مابن و دەرسیان تێدا بخوێندرێت.

سوختەکان هەر ڕۆژێک سێ جاران بەناو ئاواییدا وەر دەبوون، بۆ ئەوەی ڕاتبە خۆراکی فەقێیان لە مالان کۆ بکەنەوە. سوختە هەبوو ١٦ قاپ خواردنی وێکڕا بە هەردوو باڵ هەڵدەگرت و دەیهێناوە، ئەمانە ناوبانگیان لە ئازایەتیدا دەر دەکرد.

سوختەکە دەچوو بەر دەرگای هەر مالێک، هیچ زەنگێک نەبوو لێی بدات تا پێی بزانن کە ڕاتبە هاتووە. بۆیە بە دەنگێکی بیستراو بانگی دەکرد، ڕاتبە ڕەحمەتتان لێ بێت یان ڕاتبە ڕەحمەتوو لێ بێت و ئێتر خواردنەکەیان بۆ دەهێنان. هەمیشە ئەو لادێیە کوردانە باشترین خۆراکیان بە فەقێیان دەدا.

جەزیرە، جەزیرەی بن عومەریشی پێ دەڵێن، شارێکی سنووری باشووری ڕۆژهەلاتی تورکیایە و لە مەرزی هەردوو وڵاتی سووریا و عێراقەوە نزیکە. هەرچەندە پێشتریش ئاوەدانی لەو شارەدا هەبووە، بەڵام دەڵێن بە ناوی حەسەنی کوڕی عومەرەوە کراوە کە لە ١٤٦٠ز مردووە. ناوی جزیرە، لەوەدا هاتووە کاتێک کە ئەو کەنالەی هەردوو لقی ڕووباری دیجلە بەیەک دەگەیەنێت، لەوێ هەڵکەندراوە. پاشان ڕووبارە سرووشتییەکە وشک کراوە و لە دامێنی شاری جزیرە و لەناو ڕووباری دجلە. پاشماوەی پردێکی قەشەنگ، هێشتا هەر هەیە و یەک کەوانەی ٢٨ مەتری بەشی بە پێوە ماوە و چەند وێنەیەکی بازنەیی ئەستێرەوانی لەسەر تاشراوە.

لە چەرخەکانی ناڤیندا، جزیرە بەندەرێکی گەشەکردووی سەر ڕووبارەکە بووە. بۆ ماوەیەکی دوورودرێژیش، میرە کوردەکان فەرمانڕەوایی ئەو شارەیان کردووە. لە سەدەی بیستویەکدا، جزیرە ناوبانگی بە زانا و نووسەر و ئیمامەکانییەوە دەر کردووە. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا، جزیرە پایەتەختی میر بەدرخان بەگی میری بۆتان، بووە. دوای بەزینی بەدرخان، بە دەستی عوسمانییەکان، ئاستی جزیرە کەوتووەتە لێژییەوە.

شەڕی چاڵدێران[١٣٩] ١٥١٤. لەم شەڕە گرینگەی لە باکووری ڕۆژهەلاتی دەریای وان قەوما، عوسمانییەکان گورزێکی کوشندەیان لە فارسە سەفەوییەکان وەشاند. لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا بوو، کە لە ١٦٣٩ پەیمانی زەهاو مۆرکرا و هێڵی سنووریی نێوان هەردوو وڵات کێشرا و تا ئێستاش ئەو سنوورەی ئەو کاتە هەر وەک خۆی ماوەتەوە. هەر بەپێی ئەو پەیماننامەیە بوو، زۆرینەی کورد کەوتنە ناو سنووری ئیمپراتۆری عوسمانی و کەمینەیەکیش کەوتنە ناو وڵاتی فارس. لەدوای شەڕەکەوە ئێتر کورد ڕەوەندە کۆچەرییەکان پەیوەندییان بە جووتیارە ئەرمەنییەکانەوە کرد و هەندێکیان هاتن شوێنەکانیشیان گرتنەوە و لەو دەشتاییەی ئەوێ نیشتەجێ بوون.

١٣٩ فەرهەنگی میژووی کورد- مایکل گانتەر

بابان

بابان، ئەم میرنشینە کوردییە، لەنزیکی ١٥٥٠وە تا کاتی لەناوچوونی لە ١٨٥٠، ڕۆڵێکی گرینگی لەو هەرێمەی کوردستاندا هەبووە، کە ئێستا بە باکوری عێراق دەناسرێت. بەپێی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەتلیسی یەکەم سەرۆک، کە تیرەی بابانی دروست کردووە و ناوی ئەویشی لێ نراوە، پیر بابۆک بەبە بووە. بەڵام ئەم بەرەبابە هەر زوو لەناو چووە. بەرەبابێکی دیکە دەڵێن نەوەی کەیخانن جێیان گرتنەوە کەیخان، ئەو خانمە فەرەنگە بووە، کە بەدیل گیراوە و پاشان نەوەی لێ بەپاش کەوتووە و نەوەکانی دەسەڵاتی بەبەیان وەر گرتووە. لە ١٦٧٧، بابە سلێمان بەدیار کەوت و لە ماوەی چەند ساڵێکدا، حەڤدە میر و پاشای بەبە سەریان بۆی دانەواند و هاتنەوە ژێر دەسەڵاتییەوە.

هەرچەندە ئەو میرنشینە تەکتیکێکی هەڵپەرستانەی پەیڕە و کردووە. بەڵام بەناو هەر سەر بە ئیمپراتۆری عوسمانی بووە. لە سەرەتای سەدەی حەڤدەیەم، میری بەبە ناتۆرەی پاشای لە سوڵتانی عوسمانییەوە وەر گرتووە. میری بەبە ئەم نازناوەی چەندین سەدەیە بەر لە میرانەکانی تری وەک خۆی وەر گرتووە. تا ١٧٨٥، قەڵاچوالان پایتەختی میرنشینەکە بووە و پاشان پایتەختیان بۆ سلێمانی هێناوە. میرنشینی ئەردەڵان، کە ئێستا کەوتووەتە ناو ئێرانەوە، دوژمنی هەمیشەیی میرنشینی بەبە بووە. دواپاشای بەبە، عەبدوڵڵا پاشا ١٨٥٠ لەسەر تەخت لا دراوە.

ئەردەڵان، میرنشینێکی کۆنی کوردە لە سەدەی چواردەدا پانتاییەکی زۆری خاکی هەردوو بناری ناوەڕاستی شاخەکانی زاگرۆسی حوکم دەکرد. بەپێی شەرەفنامە، بابە ئەردەڵان لە نەوەی بنەماڵەی پایەبەرزی مەروانی کوردییە.

لە مێژوویەکی تازەتردا، ئەردەڵانییەکان هاوکات لەگەڵ بابانە نەیارەکانیان، هەموو خاکی ئەمدیووئەدیوی مەرزی ئێستای نێوان ئێران و عێراقیان لەبن دەستدا بووە. لە سەدەی نۆزدەدا، ئەردەڵان پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ ویلایەتی خۆراسانی ئێستای ئێران هەبووە، والییەکانی

ئەردەلان، کە پایتەختیان لە سنە سنەندەج بووە، بەڕەچەڵەک ناوبانگیان بە فەرمانداریی ئیمپراتۆریەتی فارسی دەر کردووە. ئەو شێوە فەرماندارییە نامەرکەزییەی پێشتر هەیان بوو، لە خۆیانیان کەم کردەوە کەچی لەپاش ئەوان سەفەوی و قاجارەکان پەیڕەویان کرد.

زمانی ئەدەبی ئەردەلانی لە بنەڕەتدا هەورامی بووە و ئەمەش شێوەزارێکی گۆرانە. ئەردەلانەکان مەتنێکی زۆری ئەدەبی کوردییان بە دایالێکتی گۆران نووسیوەتەوە.

موکری، کۆنفیدراسیۆنێکی بەهێزی هۆزەکانی کورد بوو، چەندین سال لە ناوچەکانی باشوور و ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ لەناو ئیمپرتۆریەتیی فارسیدا حوکمی کردووە. لە ١٦٢٣، موکرییەکان پشتیوانیی سەفەوییەکانیان کرد و هاتن وێکڕا بەغدادیان داگیر کرد و لە دەستی عوسمانییەکانیان دەر هێنا. موکرییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر، باشترین سوارچاکیان خستە بەر فەرمانی شای ئێران، کە ئەگەر ئەوان نەبان هەرگیز ئەو سوارچاکانەی بەدەست نەدەکەوت. لە ١٩٠٠، موکری دابەشی سەر دوو هۆز بوو، ئەوانیش دیبوکری و مامەش بوون.

کۆتاییی فەرهەنگی مێژووی کورد

بابان حکومەت بووە یان میرایەتی؟

لە ڕووی فەرهەنگی سیاسییەوە و دوای چاوگێڕان بە هەندێک چەمکی وەک حکومەتی بابان و دەوڵەتی بابان و میرایەتیی بابان و (حوکمی بابان و زاراوەی سیاسی لەم بابەتەوە، کە لەم باسە مێژوییەماندا ئاماژەمان بۆ کردوون، ئایا بە چ زاراوەیەک ناو لەو قەوارەی بابان و لە میرایەتییە کوردییەکانی تری خۆمان بنێین و قەناعەتیش بە خۆمان بکەین؟ بە ڕاستی لە ڕووی لۆژیک و دەوڵەت بە واتای ئەم دەور و دوکانەی ئەمڕۆ، بە هیچ جۆرێک نایانگرێتەوە، چونکە وەک دەوڵەت لە هیچ لایەکەوە بڕوا و دانیان پیادا نەنراوە. خۆ ئەگەر بڵێی زۆربەی وڵاتانی عەرەب کە ئێستا چەندەها حکومەتن، لەو ڕۆژگارەی ئەوسادا، هیچیان ئەو زاراوەی حکومەت یاخود دەوڵەت نەیگرتنەوە، چونکە ئەوانیش هەموو لەژێر حوکمی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون و هەر عوسمانی اعتراف- دانپیانراو لەلایەن دەوڵەتان و عصبە الامەوە بوو.

میری بابان لەژێر فەرمانی والیی بەغداددا بوو، ئەم والییە لەلایەن ئاستانە و حکومەتی عوسمانییەوە، دائەنرا، هەر والی بوو، میری بابانی دائەنا و لای ئەبرد و بە ئارەزووی خۆی، کە چی لەلایەکی ترەوە میری بابان سوپای چەکداری بەبێ حساب و لەچمکەوە والی حسابی لەگەڵ نەئەکرد تەنها لە کاتی پێویستدا ئەبووایە لە ڕووی یارمەتیدان بە سوپاوە ئامادە بێت کە داوای لێ کرا، جگە لەو ساڵیانەیە کە وەک باج ئەبووایە پێشکەشی بابی عالی بکردایە لە ڕێی والییەوە.

ئێنجا ئایا ئەم میرایەتییەی بابان سکە واتا پارەی خۆی یاخود ئالای خۆی هەبوو؟ یاخود دانی پیا نرابوو وەک دەوڵەت؟ وەڵام نەخێر، بەڵام لەو ڕۆژانەی میرنشینی بابان، بە زاراوەی ڕەمەکی یاخود ڕەشۆکی حکومەتی پێ ئەوترا ئەگینا حکومەت نەبوو، بەگوێرەی قانونی دەولی و بەگوێرەی واقعیش. ئەگەر بەگوێرەی قانونی دەولی ئەمڕۆ جێگای بۆ دابنێین، ئەتوانین بڵێین حوکمی زاتی و هەندێک جار حوکمی کۆنفیدڕالی و بە شێوەیەکی گشتی حوکمی فیدرالی. من نامەوێت گەلی کوردم لەخشتەبەرم لە ڕوویی مێژووەوە، بڵێم بابان حکومەتیان هەبووە. بەڵێ، وەک لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا دەر ئەکەوێت، هەوڵی جیابوونەوە لە دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن

زۆربەی بابانەکانەوە دراوە، بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکی سەربەخۆ، بەڵام بەداخەوە سەرنەکەوتن. بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە کورد حکومەتی لە مێژوودا نەبووە بەگوێرەی سەنگ و تەرازوی ئەو رۆژگارانە یاخود بە واتای گشتیی ئەم رۆژگارەی ئێستامان. هەر کە چاوێک بە کتێبی تاریخ الدول والامارات الکردیەی ئەمین زەکی بەگدا بگێڕین، بۆمان ڕوون ئەبێتەوە کە بەڵێ، دەوڵەتی کوردی هەبووە بەگوێرەی حسابی ئەو رۆژگارە،

ئینجا ئەڵێم، حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لەمڕۆدا زیاتر زاراوەی حکومەتی فیدراڵی ئەیگرێتەوە، چونکە لە دەستوری عێراق دا بڕوا پێ کراوە. سەرەک وەزیر و وەزیر و پەرلەمان. کە هەموو هەڵبژێردراون لەلایەن دانیشتوانی هەرێمەوە، خۆ ئەگەر ئەو کونسوڵانەی ئەو دەوڵەتانەی کە لە هەولێری پایتەخت دا هەن حساب بکەین. ئەتوانین ناوی حکومەتی کونفیدراڵیی لێ بێین کە ئەمەش ڕێگاخۆشکەر ئەبێت بۆ حکومەتێک کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە حکومەت بناسرێت و ڕاست بچێتە پاڵ ئەو دووسەد و پێنج حکومەتەی لە هەیئە یاخود کۆمەڵی گەلانی یەکگرتودا هیئە الامم المتحدەدا دانی پێدا بنرێت.

ئەو ڕۆژگارەش بە بۆچوونی من نزیکە و بە عەرەبی قاب قوسین أو أدني.

داواکارم و دوعاگۆم ئەو ڕۆژە بە چاوی خۆم حکومەتێکی کوردیی سەربەخۆی دیموکراسی دوور لە گەندەڵی و منصب و دۆلار ببینم- ئامین یار ڕب العالمین

هۆکارەکانی ڕووخانی میرایەتیی بابان

یەکەم، پەیمانی ئەرزڕۆم، هۆی ڕووخانی میرنشینی بابان و میرنشینە کوردییەکانی تر
پەیمانی دوایی ئەرزڕۆم بوو کە لەبەینی ئێران و دەوڵەتی عوسمانیدا ساڵی ١٨٤٧ بەسترا. ئەمە
کۆتایی هەموو پەیمانەکانی بەینیان بوو، میرایەتی بابان بە هۆی شوێنی جوغرافییەکەیەوە، کە
کەوتووەتە سەر سنووری بەینی عێراقی عوسمانی و ئێرانەوە. عێراق بۆتە مەیدانی لێکدانی
هەردوو لا، بە هۆی شوێنەپێرۆزەکان کە لە عێراقدان، تاکو سوڵتان مورادی چوارەم ساڵی
١٦٣٨ بەغدادی گرت و خستییەوە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، دوای ئەوە هەوڵی ڕێککەوتنی جارەها
درا کە هیچ لایەکیان دەست نەخەنە کاروباری ئەوی تریانەوە،

١. ئەوەبوو ساڵی ١٦٣٩ پەیمانی زەهاو.

٢. ساڵی ١٧٤٦ پەیمانێکی ڕێککەوتن.

٣. پەیمانی ئەرز ڕۆمی ساڵی ١٨٢٣و کۆتاییەکەی.

٤. پەیمانی ئەرزوڕۆمی ساڵی ١٨٤٧ بەسترا، بۆ گفتوگۆی ئاشتییانە لەسەر هەر تێکچوونێک
و کۆتاییپێهێنانی برایانە لەجیاتیی بەکارهێنانی چەک و سوپا و هاندانی میرنشینی بابان، یان
سۆران، یان بادینان دژی یەکتر، بەم جۆرە کۆتایی بە میرایەتیی ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان
پاشا هێنرا، خۆی و گشت بابانەکانی تر هەموو گوێزرانەوە بۆ ئاستانە- ئەستەمبوڵ.

ئەمە هۆی سەرەکی بوو. بەڵام هۆیەلاوەکییەکانی تر ئەمانە بوون،

دووەم، هەڵکەوتنی ناڕەباریی جیۆگرافی کوردستانی عێراق، کە کەوتۆتە نێوان دوو
دەسەڵاتی لە خۆی بەهێزترەوە کە بووبووە مەیدانی ململانێ و ناوچەی لەمپەری ئەو دوو
هێزە ناکۆکە. هەردوو لا چاویان تێ برِیبوو، دەستیان تێ وەر ئەدا، تەراتێنیان تێدا ئەکرد. پیاوە
دەسەڵاتدارەکانیان ئەکرد بە گڕ یەکدا. داهاتی ئابورییان هەڵئەلووشی، لە ئەنجامدا ئاساییشی
تایبەتی سەروسامانی هاووڵات و ئاساییشی گشتی وڵات و سامانی نیشتمانی تێک ئەچوو کە
یەکەمین مەرجی پێویستی گەشەکردنی ئابوری و ئاوەدانکردنەوەی وڵات بوو.

سێیەم، ناکۆکیی ناوخۆ، کاربەدەستانی هەردوو لا دەستیان وەر ئەدایە کاروباری ناوخۆی

ولات. جگە لە هەندێک ئەندامانی بنەماڵەی بابان خۆیان، بۆ تەماعی پارە و دەسەلات دژی یەکتری پاڵیان ئەدا بەو کاربەدەستانەوە، کە ئەیانکردن بەگژ یەکدا لە ئەنجامدا ولاتەکە تالان ئەکرا و وێران ئەبوو. خەڵکەکەی هەژار و نابووت و بنەماڵەی دەسەلاتداریش کز و کەساس ئەبوون.

بێگومان جوغرافیا و پیلانگێڕانی بێگانە کارێکی خراپیان کردە سەر چارەنووسی میرایەتیی بابان، بەڵام ئەگەر لەناو خودی بەگزادە و پاشاکانی بابانداا ئامادەیی نەبووایە بۆ خۆخۆری و پیلانگێڕان لە یەکتری و دەستکێشیی لەشکری بێگانە. شازادەی ئێران لە کرماشان و تەورێز یا والییەکانی عوسمانی لە بەغداد، وا بەئاسانی نەیانئەتوانی خۆیان لە کاروباری کوردستان هەڵبقورتێنن. ئەمە لە شوێنێکی تردا، زیاتر ڕوون کراوەتەوە.

چوارەم، سیاسەتی فرق تسود – فیتنەگێڕی و دەسەلاتداری، ئەو سیاسەتە دووڕوویییەی والییەکانی عوسمانی بەرامبەر میرەکانی بابان بەکاریان ئەهێنا، کە تا بڵێیت لە هەموو مانایەکی ڕاستی و پیاوەتی و مرۆڤایەتی بەدوور بوو. والییەکان خۆیان و دەوروپشت و پیاوەکانیان، هەموو لێنەزانی کاروباری کارگێڕی و بەرتیل خۆر و دەستپیسی، نەک هەر ئەوان بەڵکو تا ئەگەیشتە بابی عالی و سوڵتانەکان. خۆ حاڵت ئەفەنیمان بۆ دەر کەوت کە بڕواپێکراوی سوڵتان و یەکێک بوو لە پایەبەرزەکانی نزیک سوڵتان کە نێردرا بوو بۆ نەهێشتنی گیروگرفتی عێراق، چ ساختەکارییەکی کرد و چۆن لایەنەکانی کرد بەگژ یەکدا و چاوی لە چەند کیسەیەک پارە و دەستی بۆ گرتەوە و ئینجا لە ترسدا بەدزییەوە گەڕایەوە بۆ ئاستانە و هیچی بە هیچ نەکرد. ئەمەش لە شوێنی تردا زیاتر ڕوون کراوەتەوە.

پێنجەم، باری ئابووری، باری سیاسی دانەمەزراو و دەستخستنە کاروباری کوردستان و ولاتی بابان لەلایەن ئێران و عوسمانی لە ڕێی والیی بەغدادەوە و ئاڵوگۆڕی میرەکانی سەر تەختی دەسەلات بە حەق و بە ناحەق لە قەڵاچوالان لەبەینی ساڵی ١٦٦٩ تا ١٧٨٤ و لە سلێمانی لە ١٧٨٤–١٨٥٠ بەڵێ، کوردستان دەوڵەمەندە بە پیت و بەراتی ڕەمەکی خۆی. بەڵام ئابووریی عەشایەری هەروەک خۆی مایەوە و چالاکیی بازرگانی لەگەڵ دەرەوەدا پێش نەکەوت، لەبەر ئەوەی کوردستان لە ڕێگای بازرگانی جیهانییەوە. لە خەتی مواصلات دوور بوو[١٤٠] خۆڕسک و سروشتی شاخاویی ولاتەکەش ڕێگای ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئەوەندە نەئەدا، جگە لە نائەمینی ئەو ڕێگاوبانانەی هەبوون، بەهۆی چەتە و ڕێگرەوە هەروەها گوێپێنەدانی ئێران و عوسمانی بە چاککردن یاخود ڕاگیشانی ڕێگاوبان لەبەر خەریکبوونیان بە شەڕ و شۆڕی ناوخۆیانەوە. جگە لە دەستدرێژیی شای ئێران و دەوروپشتی و هیی سوڵتانی عوسمانی لە هەموو کاروبارێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ولاتی کوردستان لەگەڵ دەرەبەگی ناخۆی ولات و لەژوور هەمووانەوە هەندێک لە میرەکانی بابان خۆیان، ئەمانە هەموو کارێکیان کرد، کە ببن بە هۆی ڕووخانی بنەمای ژووری ئابووری، لە هەمووی زیاتر نائەمینیی باری کۆمەڵایەتی و ئاساییش. ئینجا ئەو ڕەسمە زۆرەی ساڵانە لە میرنشینی بابان ئەسەندرا و بڕوبیانوی حەق و ناحەقی

١٤٠ واتە لە خطوط الموصلات الرئیسیە.

والییەکانی بەغداد یەکێکی وەک عەلی پاشا کە داوای ڕەسم و باجی ئەو چەند ساڵەی لە پاشای بابان ئەکرد، کە والی سلێمان پاشای گەورەی پێش خۆی لە وەرگرتنی خۆش بوو بوو، هەر لەبەر ئەوەی بۆ بەهێزبوونی هێزی چەکداری بابان خەرج بکرێت، کە بتوانن بە شێوەیەکی کارامەتر سنوور بپارێزن دژی ئێران، کە سلێمان پاشای بابان ئەو پارە زۆرەی ئەو چەند ساڵەی پێ نەدرا، والی لەشکری کردە سەر، ناچار ئەویش لەتاودا ڕووی کردە ئێران.

وەنەبێت والی داوای ئەم باجەی بۆ خەزێنەی باب العالی کردبێت. بەڵکو بۆ گیرفانی خۆی بوو. والیش عەلی پاشا بوو، کە لەسەر ئەم جۆرە کردەوانە، دانیشتووانی بەغداد، تەگبیریان لێ کرد و سەرلەبەیانییەک لە نوێڕدا لە مزگەوت کوشتیان.

شەشەم، هەڵسانی ئەحمەد پاشا دوامیری بابان بە پێکهێنانی گەورەترین سوپای تازەی سەردەمی عەسری:

ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشا، میرێکی زیاتر خوێندەوار و ئازا و عاقڵ و پێشکەوتوو بوو. دەستی کرد بە ڕێکخستنی سوپای بابان بە شێوەیەکی نوێ و مەشقپێکردن لە سەربازگەی نوێ و ڕەخساندنی چەکی سەرکەوتووی ئەو زەمانە.

جگە لەوەی پسپۆڕی لە ڕوسیا و فەڕەنساوە هێنا بۆ ڕێکخستنی سوپا و مەشقپێکردن و دامەزراندنی کارخانەی دروستکردنی چەک. بە جۆرێک کە خەڵکێکی زۆری هان ئەدا بچنە ڕیزی سوپاوە.

ئەمە ترس و بیمێکی خستە دڵی والیی بەغداد و ئینجا دڵی سوڵتانی عوسمانییەوە، کە لە ئایندەدا ئەم سوپایە سەریان بخوات. بۆیە ئەمەش بوو بە هۆیەک بۆ ڕووخانی میرنشینی بابان.

مامۆستا نەوشیروان مستەفاش دەرحەق بە ڕووخانی میرنشینی بابان ئەڵێت،[١٤١] لە زمانی گەورە پیاوانی کوردەوە، هۆکاری ڕووخانی میرنشینی بابان ساڵی (١٨٢٩ ڕاستییەکەی ١٨٢٠ ج.ب) کلودیس جەیمس ڕیچ نوێنەری کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەلات لە بەغداد گەشتێکی چەند مانگەی بە کوردستاندا کرد. لە گەشتەکەیدا سەردانی میرایەتیی بابان بۆ کوردستانی قاجاری سەردانی میرایەتیی ئەردەلانی کرد. لەو کاتەدا مەحمود پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشا و ئەمانوڵڵاخان والیی ئەردەلان بوو. داود پاشا والیی بەغداد و شازادە محەمەد عەلی میرزا سنووردارى کرماشان بوو. ڕیچ لەو چەند مانگەدا چەندین جار گفتوگۆی قوولیی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لەگەڵ میر و مەزن و دەسەڵاتدار و گەورە پیاوانی کورد کردووە. سەرنجەکانی خۆی بەوردی تۆمار کردووە. لە زمانی ئەوانەوە هۆکاری لاوازی و ڕووخانی میرایەتیی بابان و لەناوچوونی ئەم بنەماڵەیە و دەسەڵاتیان باس ئەکات،

میر و پیاوە تێگەیشتووەکانی کورد، بەڕاشکاوی و بێترس، بیروبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە خراپی هەلومەرجی ناوچەکەیان، نەبوونی ئارام و ئاساییش، دواکەوتنی کشتوکاڵ، خراپی

١٤١ نەوشیروان مستەفا. مێژووی سیاسی بەرگی سێیەم ل١٦١- ٧ و ١٦٢-١

خانووبەرە و شوینی ژیانیان، خۆخۆری و ناکۆکیی ناوخۆی بنەماڵەی بابان، دەستتێوەردانی بەغداد و کرماشان لە کاروباری ناوخۆی ووڵاتەکە و ژیانی ناوخۆی بنەماڵەیدا دەر ئەبڕن. لێرەدا چەند نموونەیەکی وەک خۆی ئەگێڕێتەوە،

مەحمود پاشا دوای ئەوەی یەکەمین ڕۆژ ئەچێت بۆ بەخێرهاتنی ڕێچ پۆزشی لە بابەت ووڵاتەکەیەوە بۆ ئەهێنێتەوە. ئەکەوێتە سکاڵا سەبارەت بە گوزەرانی میرنشینەکەی و گرفتەکانیان کە وا کەوتۆتە سەر سنووری دوو ووڵاتی دژ بە یەک. ئێران بە ناوی داواکردنی باج و سەرانەوە. دەست لە چەوساندنەوەیان هەڵناگرێت

دووەمیشیان کە دەسەڵاتداریێتی تورکانە و میرنشینەکەی ئەم پابەندیەتی. بەبیانووی ئەوەی کە خزمەتی ئێران ئەکات و باجیان ئەداتێ، زۆر سەر ئەخەنە سەری. کەچی کە شازادەی کرماشان دەستدرێژیی کردە سەری و ئەوەی مەبەستی بوو، بە تۆبزی هێنایە دی. تورکەکان نە بەرگریان پێ کرا و نە مەبەستیشیان بوو، بەرگری بکەن. چونکە ئەنجامی ناهەمواری ئەم بەڕێوەبردنە دووفاقییەی کرد، کە چەند زیان بە سامان و گەشەکردنی میرنشینیەکەی ئەگەیەنێت.

محەمەد ئاغا، کە یەکێک بوو لە ناسیاوەکانی ڕیچ، لە گفتوگۆیەکدا وتوویەتی، هۆی سەرەکی کاولبوونی ئەم ووڵاتە. نەبوونی ئاساییشە لە هەموو ووڵاتەکەماندا، چونکە ئیمەی خێڵەکی، ئەگەر دڵنیا نەبین لەوەی ئەو ناوچانە هیچ خۆمانن، ئەوسا خۆمان تەرخان ناکەین بۆ کشتوکاڵ. ئەوسا ووڵاتەکەش گەشە ناکات. بۆ وێنە، من ئەگەر بزانم سەرۆکەکەم، جڵەوی فەرمانڕەوایی بەدەستەوە نامێنێت، خۆشم تا وەرزی داهاتوو زەویەکەم بەدەستەوە نامێنێت، یەک تەغار تۆو ناکەم، بۆیە زەوییەکەم ئەدەمە لادێییەکان تۆوی بکەن. ئەوسا من بەشی خۆمیان وەک زەکات، دەیەکیان لێ ئەستێنم.

لە کۆڕێکی تردا عوسمان بەگ ئەڵێت، "ووڵاتەکەمان لە باریێکی زۆر ناهەمواردایە. چونکە ئەگەر خزمەتی تورکەکان نەکەیت، بە سووک سەیرت ئەکەن و هەرکاتێک ئارەزوویان کرد لات ئەبەن. ئەگەر خزمەتی ئێرانییەکانیش نەکەیت، هەمیشە بە داواکردنی پارە بێزارت ئەکەن."

میرەکانی بابان لەناو خۆیاندا زۆر ناکۆک بوون. بڕا لەگەڵ بڕا مام لەگەڵ برازا ناڕێک بوون. لە پێناوی دەسەڵات و پارەدا پیلانیان دژی یەکتر ئەگێڕا، هێزی بێگانەیان ئەهێنایە سەر یەکتر. لە کۆتاییدا مامۆستا ئەڵێت، "دور نییە لە سۆنگەی ئەم خۆخۆرییەوە کەس بە شانازی نەزانی بێت مێژووی بابان بنوسێتەوە." کە چی بە پێچەوانەوە کەم کەس یاخود کەس وەک بەڕێز نەوشیروان هەموو کەلوقوژبنی مێژووی بابان نەگەڕاوە و جوانیش نووسیوێتییەوە لام وایە، هۆی سەرەکی ئەوەش ئەوەیە کە دوای گەڕانێکی زۆر و پشکنینێکی ورد گەیشتووتە ئەو ڕاستییەی، کە ئەم بنەماڵە حوکم بەدەستە، پیاوی هەڵکەوتوو گەورە و دڵسۆز و نیشتمانپەروەریان زیاتر بووە، لە خۆخۆر و ئاکاربەد و چاولەدوو کە ئەوانیش بە درێژایی مێژووی حوکمی

میرایەتیی بابان لە پەنجەی دەست تێناپەڕن[١٤٢]کە ئەو مێژووەش ئەکاتە ٣٠٠ تا ٤٠٠ سال زیاتر دەبێت خۆ چەمیش بێ چەقەل نابێت. جا ئەگەر بکەوینە شروڤە و تحلیل دوای ئەوە بکەوینە پاکتاو و تصفیە. لە ئەنجامدا نزیک ئەبینەوە یاخود ڕاست ئەگەینە ئەو ئاماژەمان بۆ کردووە بە مەرجێک ئەو بنەمایانەی بابانەکان یارییان تێدا کردووە و دەوریان گێڕاوە، هەمووی بەڕاشکاوانە بە فاکتەر دابنێین و لەگەل ئەم ڕۆژانەی ئێستا تیایدا ئەژین بەراورد بکەین، ئەگەینە ئەنجامێکی وا، کە قەناعەت بە خۆمان بکەین کە ئێمە ئەو ئەرکەی خستوومانەتە سەر شانی خۆمان شتێکی قێزەون نییە، ئەگەر مایەی شانازی نەبێت، بەلای کەمەوە مایەی دەست خۆشییە.

کێ ئەتوانێت بە حسێن حوزنی موکریانی، ئەمین زەکی بەگ، حسێن ناظم بەگ، نەوشیروان مستەفا. هێجگار ئەم دووانەی دوایی لە نووسەرەکانی خۆماندا نەڵێت دەستتان هەزار جار خۆش، نەک بەرامبەر بە مێژووی بابان بەڵکو بەرامبەر بە مێژووی ئەردەڵان و بادینان و مێژووی کورد بەگشتی.

١٤٢ هەرچەند شوغالێک بەسە بۆ تێکدانی وڵاتێک.

ئەنجام بەکورتی

ئەگەر سەیرێکی مێژووی عێراقمان کرد، لەو ڕۆژەوەی کە عوسمانی دەستی بەسەردا گرت ساڵی ١٥٣٤، بۆمان دەر ئەکەوێت کە کاروباری ئەم ولاتە بەدرێژی ڕۆژگار ڕووی بەرەو نوشوستی بووە، ئاژاوە و پشێویی باڵی بەسەردا کێشاوە و بە داگیرکردنی عوسمانی وەنەبێت بەرەو باشی ڕۆیشتبێت، چونکە دەوڵەتی عوسمانی خۆی بەرەو نەخۆشی ملی ئەنا، بەتایبەتی دوای سوڵتان سلێمانی قانوونی، چونکە ئەو سوڵتانانەی دوای ئەو هاتن، هێزەکانی ئینکیشاری بە جۆرێک بەسەریاندا بازەڵەیان خوێندبوو، هێزیان لێ بڕیبوون، ئەمەجگە لەوەی ئەم دەوڵەتە نزیکەی چوار سەدە و لە ڕۆژی پەیدابوونی دەوڵەتی سەفەوییەوە بە ئێرانەوە خەریک بوو، چونکە سەفەوییەکان زیاتر چاویان لە عێراقەوە بوو، هێجگار لەبەر خاتری شارە پیرۆزەکانی وەک نەجەف و کەربەلا و هەمیشە لە هەوڵی دەستبەسەراگرتنی یان بوون بۆیە عێراق هەمیشە لە حاڵی شەڕەژان و پشێوییدا بوو، بێگومان ئەمانە هەموو، یەکسەر کاریان ئەکردە سەر خەڵکەکە، هێجگار کە بەرامبەر بەوە حکومەتێکی بەتوانای ئەوتۆ لە عێراقدا نەخوڵقابوو، کە بەرەو گەشانەوەی بەرێت.

کاروباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە سەرانسەری دەوڵەتی عوسمانیدا، بە جۆرێک بەرەو نوشوستی و لێکبەربوون ئەڕۆیشت، لەوەدا نەمابوو، بتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت هێجگار لەم ڕۆژانەی دواییەدا، چونکە (پیاوە نەخۆشەکە،) ڕاست بەرەو گۆڕ ملی ئەنا.

کە وا بوو، ئەم بارە بە خۆشی و ناخۆشییەکەیەوە، هەڵگەڕانەوە و پەرچدانەوەی زۆر یا کەم ئەکردە سەر گشت ئەو ولاتانەی لەژێر دەستی عوسمانییەکاندا ڕازی بوون تا ساڵەکانی شەڕی جیهانی یەکەم بەم جۆرە ڕۆیشت، کە ئەمەش ماوەیەکی هێجگار زۆر بوو، چەندیش هەوڵی چاککردن و ڕزگاربوون بدرایە ئەوەندە سەرکەوتوو نەئەبوو، چونکە گەندەڵی و داڕزاندن بە جۆرێک لەناو کاربەدەستان و دەزگای بەڕێوەبردنی تەنیبووەوە، هەر وا بەئاسانی چارەسەر نەئەکرا.

کۆمەڵگای عێراقیش ئەو ڕۆژانە، لە ڕووی قەومیەتەوە بریتی بوون لە عەرەب و کورد

و تورکمـان و فـارس و هیـی تـر. لـە ڕووی ئایینییـەوە موسـڵمان و دیـان و جولەکـە و لـە ڕووی دەسـەڵاتەوە بـۆ کۆمەڵێک کاربەدەستانی وەک والیی کە لـەژوور هەمو,انـەوە و ئینجـا کاربـەدەسـتە گـەورەکان، کەتخـودا، دەفتـەردار، سـەرۆکی ئینکیشـاری، قـازی، پیشـەوای سـوپا. لـە دەرەوەی بەغدادش موتەسـەلیمی موسـڵ و بەسـرە و ئاغـاکان، پاشـاکان، لـە بەسـرەوە مونتەفیک و موسـڵ و سلێمانی، ئینجـا موتەسـەریف و قائمقام و بەڕێوەبـەران لـە سـنجاقەکان. لە ڕووی هێزی کۆمەڵایەتی و ئابوورییـەوە سـێ بـەش بـوون بـدو یاخـود ڕەوەنـد[١٤٣] و لادێی و دانیشـتوانی شـار.

ئـەو فاکتەرانـەش کـە کاریـان ئەکـردە سـەر پێکهێنانـی ئیشـوکار و سـەر بـاری ولات بـە گشـتی ئەمانـە بـوون،

یەکـەم، دووری ئاسـتانە سـەنتەر لـە عێراقـەوە و دەسـتنەکەوتنی هـۆی گواسـتنەوەی خێـرا. ئەوسـا لـە سـلێمانییەوە بـەوڵاخ یـا کـەژاوە یـا بەپـێ بـۆ بەغـداد بەڕەحـەتـی ٣-٧ ڕۆژ، بـۆ ئاسـتانە ئەسـتەمبوڵ سـێ بـۆ چـوار حـەفتـەی ئەبـرد.

دووەم، خەریکبوونـی سـوڵتان و کاربەدەسـتە گـەورەکان و پێشـەواکانی سـوپا و ئەوانـی تـر بـە کاروبـاری ڕابـواردن و کەیفـی خۆیانـەوە و ئاوڕنەدانـەوە بـەلای عێراقـەوە تەنهـا بـۆ داواکـردن و کۆکردنـەوەی بـاج و سـەرانە و یاخـود ئـەو کاتـەی کـە داوای بڕیاریـان لـە کاروبـاری گـەورەدا لـێ ئەکرا، باقیـی هەمـوو شـتێک بـەرەو ڕووی والیی کرابـووەوە، کـە بەتەواوەتـی سـەرفراز کرابـوو، ئەویـش بـە ئـارەزووی خـۆی بکـوژ و ببڕبـوو لێپرسـینەوە نەبـوو. جـاری وا هەبـوو والـی، پەیـام و جـارِی شـەڕی ئـەدا لەگـەڵ دەوڵەتێکـی نزیکـی وەک ئێـران کـە ئەمـە تەنهـا لـە دەسـەڵاتی سـوڵتاندا بـوو بـەس...

ئەگـەر نەزانـی و نەشـارەزایی و غـرور و نەشـارەزایی سیاسـی و دیبلۆماسـی و پرسـنەکردن یاخـود پرسـکردن بـەو کۆمەڵـە نەزانانـەی لـە دەوروپشـتی کۆبوونەتـەوە.

ئینجـا دیـاری و بەرتیـل و دەعـوەت و ئافـرەت... چەندەهـا هەوەسـبزوێنی ترمـان خسـتە پاڵـی، بەتایبەتـی لـە سـەردەمی مەمالیکەکانـدا کـە خۆیـان زیاتـر لـە خانـەی بێئەخلاقـی دا، کاتێکیـان بەسـەر ئەبـرد، بزانـە چ قوڕێـک بـۆ ئـەو میللەتـە گیرابـووەوە. کـە هەرکـەس بـۆ خـۆی و پاشـاگەردانییەکی تـەواو بـوو.

سـێیەم، لووتژەندنـی ئێرانییـەکان بەتەواوەتـی و هەمیشـە بـۆ نـاو کاروبـاری کوردسـتان بەتایبەتـی بـۆ دەسـتکەوتی مـادی و بەهەزارەهـا هـۆی دروستکراو لـە قاڵبـی بیانووپێگرتندا. ئەمـە لـە کاتێکدا کـە کـورد مەیلـی بـەرەو سـوڵتانەکان زیاتـر بـوو، ئەویـش بـە هـۆی گونجانـدی مەزهەبـەوە، بۆیـە شـانازییان بـە عێراقییەتـی خۆیانـەوە ئەکـرد. پەنایـان تەنهـا لـە کاتـی پێویسـتدا بـۆ ئێـران ئەبـرد، کـە کاریـان تـەواو ئەبـوو، ئیتـر پەیوندییـان نەئەمـا.

چـوارەم، وەک لەمەوپێـش وتمـان، میـری بابـان، یاخـود پاشـای سـلێمانی تاکێـک بـوو لەنـاو ولاتێکـی گـەورە و فـراوان ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی، ئەویـش دابونەریـت و هەڵسـان و دانیشـتنی

١٤٣ بـَدوُ: دەشتەکی، ڕەوەند، کۆچەر، ل٦٦ فەرهەنگی ئاسان.

ئەوانـی ڕەچـاو ئەکـرد، خۆشـی بووایـە یـان نـا.

ئەمـە جگـە لـە سـەرگەرمیی ئایینـی و نەتەوایەتـی و تایفەگـەری، لـە کاتێکـدا ڕۆشـنبیرییەکی ئەوەندە بەرفراوانیـان نەبـوو، کـە لـە ژیانـی ڕۆژانەیانـدا یارمەتیـان بـدات، بەتایبەتـی بەرامبـەر بـە هەڵسـوکەوتی نامرۆڤانـەی والییـەکان. ئـەو کارە دەروونییـەی کـە لـە ئەنجامـی ئـەو گیروودەییـەدا ئەیـان کێشـا. ئینجـا خۆویسـیتی زۆربـەی میرەکانـی بابـان و ڕاکـردن بـە دوای جڵـەوی حوکـم و هاندانیـان لەلایـەن ئێرانییەکانـەوە، لـەم ڕووەوە، ئەویـش بۆ دەستکەوتی خۆیـان، نـەک بـۆ سـوودی وڵاتـی بابـان و کوردسـتان.

بەکورتـی و بەکـوردی ئەمانـە هەمـووی بـوون بـە هـۆی وێرانبوونـی کوردسـتان بەتایبەتـی و تێکچوونـی بـاری عێراق بەگشـتی.

جێی خۆیەتـی لێـرەدا بڵێیـن، ئەگـەر بـۆ پیاوێکـی بەشـکۆ و ئـازا و ژیـری وەک ئەوڕەحمـان پاشـای بابـان بڕەخسـایە حوکمـی کوردسـتان بـکات، دوور لـە لووتژەندنـی ئێرانییـەکان و دوورتـر لـە گێچەڵـی یـەک لـەدوای یـەکی ناپەسـەندی والییەکانـی عێراق، بێگومـان ئەوسـا وڵاتەکـە لـە سـایەی ئاسـاییش و سـرەوتن پشـووداننێکی ئەوتۆدا ئەژیـا و لە ڕووی سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتیشـەوە پێش ئەکـەوت و تووشـی ئـەم وێرانـی و پاشـا گەردانییـە نەئەهـات.

لـە کۆتایـی ئـەم باسـەدا، ئەگـەر لەگـەڵ ئـەو هەمـوو گێرمەوکێشـە و بیانـووی سیاسـی گرتـن و دووڕوویـی کاربەدەسـتان و هەمـوو خراپەکارییـان کـە بەرەنـگاری بابانـەکان ئەبـووەوە. لەگـەڵ ئەوانەشـدا ئینجـا توانیـان سێ سـەدە زیاتـر پارێزگاریـی میرایەتییەکەیـان بـە هەمـوو عەیبێکیانـەوە بکـەن. کـە ئەمـە تەمەنێکـی درێـژ بـوو لەچـاو تەمـەنی میرنشـینەکانی تـری کوردەواری ئـەو ڕۆژانـەدا، وەک میرنشـینی سـۆران لـە ڕەواندز و میرنشـینی بادینـان لـە ئامێـدی و میرنشـینی بۆتـان لـە جزیـرەی ئیبن عومـەر و میرنشـینی ئـەردەڵان لـە ئێران. کـە ئەمانـە هەمـوو میرنشـینی بەڕێزی کـورد بـوون، بـەڵام بەداخـەوە، نـە ئـەو هێـز و دەسـەڵاتە و نـە ئـەو یەکیەتیـە و وڵاتـە فراوانەیـان و نـە ئـەو تەمەنـە درێژەیـان وەدەسـت هێنـا، جگـە لـەوەی لـە ئەنجامـدا هەموویـان بـەرەو نەمـان بوونـەوە.

لوتگریـک ئەڵێـت، "ئەگـەر میرەکانـی بابـان بـەو جـۆرە لەنـاو خۆیانـدا تێـک نەچوونایـە و بـە چەکـی عوسـمانییەکان و فارسـەکان ڕۆڵەکانـی کوردیـان لەنـاو نەبردایـە، میرنشـینەکەیان هـەر ئەمـا و پەرەشـی ئەسـەند و بەهێزتریـش ئەبـوو، ئەوسـا تـورک و ئێرانیـش لێیـان ئەسڵەمینەوە. خۆ ئەگـەر بهاتایـە لەگـەڵ ئەردەڵانییـەکان یەکیـان بگرتایـە و میرنشـینەکانی تـری کوردیـان لەگەڵـدا بوونایـە ئەوانـەی کوردسـتانی گـەورە، کـە سـەربەخۆییەکی تەواویـان هەبـوو. لـەم یەکگرتنـە دەوڵەتێکـی کوردییـان پێک ئەهێنـا، کـە نـە بەزەمیـن و نـە بـە ژمـارە لـە ئێران یاخـود عوسـمانییەکان کەمتـر نەئەبـوون، بـەڵام تەمـاع و چاوبرینەجێگا لەنـاو میرەکانـی کورددا و شـەڕی ئایینـی بەینـی سـوننەو شـیعە. ئەمانـە گەورەتریـن هۆبـوون بـۆ سـەرنەگرتن و فەوتانـی سـەربەخۆیی کـورد.

دواڕۆژ لە میرنشینی بابان
چیان دوای خۆیان جێ هێشت؟

دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە، دوای ڕوونکردنەوە و یەکالاکردنەوەی، ئەو بارودۆخەی بابانەکانی تێدابوون بە درێژایی زیاتر لە چوار سەدە، بارودۆخێکی ناهەمواری پڕ لە کێشە و ناتەباییی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، دوای جیاکردنەوەی پاک و پیس، ڕاست و دڵسۆز لە گەندەڵ و خۆفرۆش، دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوە دوورودرێژەی تێدا کاربەدەستی وڵات بوون. ئایا کاتی حسابێکی ورد هاتووە؟ حسابێکی دادوەرانەی بێلایەنیان لەگەڵ بکەین. ئەوەندەی لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە بۆمان ڕوونبۆتەوە، ئەو سەرچاوانەی گەلێک شتیان لەم بارەیەوە خستوتە بەردەستمان. کە وا بوو ئێمەش لەبەر تیشک و ڕوناکی ئەو سەرچاوانە و ئەو بنەمایانە، بۆمان هەیە، وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە بدەینەوە، ئایا بابانەکان دوای خۆیان چییان بۆ جێ هێشتووین؟

بێگومان وەڵامی تەواوەتی زۆری پێ ئەوێت و زۆری پێ ئەچێت. بۆیە لە سەرەتاوە، وردورد خاڵە سەرەکییەکان ئەخەینە پێش چاو، لە دواییشدا دڵمان ئەگەر بەو نماییشە نەبوو ناچار ئەبێت بکەوینە درێژەپێدان، یاخود ئاماژە بۆ ئەو خاڵانەی لەمەوپێش هاتوون کە پەیوەندی بە وەڵامەکەمانەوە هەیە.

پێشەکی

لەشاری سلێمانی یەوە[١٤٤] دەست پێئەکەین، کە دەسکەگوڵی ڕازاوە و هەرە بەنرخی بابانەکانە کە پێشکەشی نەتەوەکەی خۆیان کردووە، بە گەڕەکەکانی زەمانی ئەوانەوە وەک، گۆیژە و

١٤٤ لەمەدوا زیاتری لەسەر نوسراوە و ڕوون کراوەتەوە.

کانیئاسکان و سەرشەقام و دەرگا زێڕین دەرگەزێن و سابوونکەران و چواربانخەوە.

- شارۆچکەی قەڵاچوالان[١٤٥] شارێکی کۆنتری لەوەوپێش، بەڵام لە ڕۆژگاری بابانەکاندا دەستی پیاداهێنراوەتەوە، بۆیە توانییان وەک سەنتەری حوکم پایتەختی بابان سەد و پانزە ساڵ تێدا بمێننەوە.

- جۆگای بەکرەجۆ جۆگەی بەکرەسووری بابان کە بەکر بەگ دروستی کرد و ئێستا شاری بەکرەجۆی لە سایەدا دروست کراوە و ئەو شارە شان بە شانی شاری سلێمانییە،

قەڵا، لەدروستکردنی قەڵادا، وەک نەریتی ئەو ڕۆژگارە بابانەکان:-

- قەڵای سرۆچک بەتایبەتی لەلایەن سەلیم بەگی بابانەوە دروست کراوە.

- هەروەها قەڵای بەکراوا کە لەسەر ئەو گردەی بەکراوەیە، کە لەلایەن بەکر بەگی بابانەوە بەکرە سوور دروست کراوە. یاخود قەڵاکە بنچینەی بووە و قەڵایەکی مێژووین بووە و دەستی پیاداهێنراوەتەوە.

- قەڵای کەرکوک بەشێکی قەڵاکە و دەستپیاهێنانەوەی لەلایەن سلیمان پاشای کوڕی خالید پاشا کە بە سلێمان پاشای گەورەی قەڵاچوالان بەناوبانگە دروست کراوە.

- دانان یاخود دامەزراندنی کتێبخانە، لەپێش هەموویانەوە کتێبخانەی بابان لە قەڵاچوالان[١٤٦] کە لەو ڕۆژگارەدا و بەگوێرەی زۆربەی سەرچاوە و بەڵگەنامەکان گەورەترین و ڕازاوەترین کتێبخانەی ناوچەکە بووە کە شەش هەزار بەرگی هەمەجۆرەی بە زمانی عەرەبی و فارسی و کوردی و زمانەکانی تر لە بابەت ئایین و ئەدەب و شیعر و فەلەک- ئەستێرەناسی و زانستی و کتێبی نەقڵی و عەقڵی تێدابووە.

- هەروەها کتێبخانەکانی تەوێلە، بیارە، گوڵعەنبەر، سووڕداش، ماوەت، هەڵشۆ.

- ئەمەجگە لەو کتێبخانانەی لە شار و شارۆچکەکان و دێهاتەکانی کوردستاندا بوون. هەر شارۆچکە و دێیەکیش بەگوێرەی قەوارەی خۆی.

- دروستکردنی سەرای سلێمانی لەلایەن سلێمان پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشاوە لە زەویی تایبەتی و مولکی خۆیدا پێش وەفاتی لە ساڵی ١٨٣٨دا، بەردی بناغەی دانا بەڵام دوای خۆی ئەحمەد پاشای کوڕی تەواوی کرد بە چاودێری ئەندازیار کە لە دەرەوە هێنابووی زیاتر لە فەرەنساوە. یەکەم دەستکاری سەرا، دوای بابانەکان ساڵی ١٩٢٥ لە ڕۆژگاری مەلیکدا، دوای ئەوەش جارجار هەر دەستی پیادا هێنراوەتەوە، دواجار لەم دواییەدا لە ساڵی ٢٠١٠ بەدواوە حکومەتی کوردستان دەستپیاهێنانەوەیەکی قەشەنگی تێدا ئەنجام داوە.

---

١٤٥ چەند لاپەرەیەک دوای ئێرە. نووسینی زیاتر لەسەر قەڵاچوالان هەیە.

١٤٦ بۆزانینی زیاتر سەیری کتێبی یەکەم و بەرگەکانی دواتری فهرس مخطوطات مكتبة الاوقاف المركزية في السليمانية بکە. محمود أحمد محمد

مزگەوتەکانی بابانەکان لە سلێمانی و دەرەوەی[١٤٧]

١. تەکیەی وسو پاشا[١٤٨]گەڕەکی مەڵکەندی، پێش شاری سلێمانی دروست کراوە. مامۆستاکانی ئەوسای مەلا برایم و مەلا ئەورەحمانی نۆدشە و حاجی مەلا ئەحمەدی کۆڕی.

٢. مزگەوتی بن تەبەق. گەڕەکی مەڵکەندی. سلێمان پاشا دروستی کردووە. هەرمنیشی پێ ئەڵێن. مامۆستاکانی، حاجی مەلا سالحی هەرمنی و مەلا فەتحوڵڵای پاوەیی.

٣. مزگەوتی سەی حەسەن گەڕەکی گۆیژە-سابونکەران ئەورەحمان پاشای بابان دروستی کردووە. مامۆستاکانی، ئەورەحمان پاشا خۆی دەرسی تیاداوتوتەوە. مەلا عەبدوڵڵای ڕەش، شێخ مستەفای موفتی، سەی حەسەنی شێخ عەلی بابا ڕەسوڵ، لەم دواییەدا مزگەوتەکە بە ناوی ئەم بەڕێزەوە ناو براوە.

٤. مزگەوتی ئەورەحمان پاشا یاخود شێخ بابا عەلی قەرەداخی، یاخود شێخ ئەورەحمانی ئەبوبەکر. لە گەڕەکی گۆیژە، ئەورەحمان پاشای بابان دروستی کردووە. مامۆستاکانی، عەبدولکەریمی بەرزنجی، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، موفتی زەهاوی محەمەد فەیزی، شێخ ئەورەحمانی ئەبوبەکر، شێخ بابا عەلی قەرەداخی و شێخ نوریی کۆڕی.

٥. مزگەوتی حاجی شێخ ئەمین، گەڕەکی گۆیژە، سابونکەران.

برایم پاشای بابان دروستی کردووە. مامۆستاکانی، شێخ سمایلی باپیری حاجی شێخەمین، حاجی شێخەمین، شێخ محەمەدی خاڵ، هەر شێخ محەمەدیش دوای باپیری دەستی پیاداهێناوەتەوە. دووان لە کۆڵەکەکانی مزگەوتی قەلاچوالانی تێدایە.

٦. مزگەوتی کانێسکان کانی ئاسکان، عەبدوڵڵا پاشای کۆڕی مەحمود پاشای کۆڕی خالید پاشای بابان دروستی کردووە، لە گەڕەکی کانێسکان، مامۆستاکانی، مەلا گوڕون، شێخ عەزیزی خەلیفە.

٧. مزگەوتی قامیشان، لە گەڕەکی کانێسکان بازاڕە بچکۆلە. عەبدوڵڵا پاشای بابان دروستی کردووە. مامۆستاکانی، شێخ مستەفای گوڵانی، مەلا صالح، شێخ مارف.

٨. مزگەوتی شێخ ئەورەحمانی قەرەداخی[١٤٩]

میری بابان دروستی کردووە، مامۆستاکانی، شێخ مارفی شێخ هۆمەر و شێخ ئەورەحمانی کۆڕی و شێخ مستەفا.

ئەم مزگەوتە قوتابخانەیەک و خانەقایەکی نەقشبەندی تێدا بووە و مزگەوتەکە لە گەڕەکی دەرگەزێن بوو.

---

١٤٧ لە ناملکە بەترخەکەی مامۆستای گەورە مەلا محەمەدی قزڵجییەوە، وەر گیراوە التعریف بمساجد السلیمانیه ومدارسها الدینیه کە سالی ١٩٣٨. دەری کردووە

١٤٨ میری بابانە، ئەبێت سلیمان پاشای کۆڕی ئەورەحمان پاشا بێت.

١٤٩ ئەم میری بابانە، ئەبێت سلیمان پاشای کۆڕی ئەورەحمان پاشا بێت.

٩. مزگەوتی شێخ ئەورەحمانی عازەبانی، یاخود مەلا عەزیز. مەحمود پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشای بابان دروستی کردووە. مامۆستاکانی، شێخ ئەورەحمانی عازەبانی، حاجی مەلا ڕەسوڵ، لە گەڕەکی دەرگەزێن.

١٠. مزگەوتی گەورە، لە گەڕەکی کانیسکان، برایم پاشای بابان لەگەڵ شاری سلێمانیدا دروستی کردووە. مامۆستاکانی، شێخ مارفی نۆدێ، حاجی کاک ئەحمەدی شێخ، مەلا ئەورەحمانی پێنجوێنی، سەید عەبدوڵڵای حاجی حەسەن، حاجی مەلا عەبدوڵڵای بژوێ. گۆڕی ئەورەحمان پاشای بابان و چەند گۆڕێکی بابانەکانی تری تیادایە. هەروەها گۆڕی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ، شێخ مەحمودی حەفید و شێخ لەتیفی کوڕی تیادایە وەختی خۆی بە فەرمانی سوڵتان عەبدولحەمید ساڵی ١٣٠٨ک/ ١٨٩٠ز منارەکەی دروست کراوە. حاجی عەبدوڵڵای درێژ حەرەمەکەی ساڵی ١٩٢٢ گەورە کردووە. کتێبخانە گەورەکەی بابان لە قەلاچوالانەوە گوێزرایەوە ئەم مزگەوتی گەورەیە و لەژێر چاودێریی شێخ مارفدا مایەوە و دوای خۆی لەژێر چاودێریی حاجی کاک ئەحمەدی شێخدا ماوەتەوە.

دوای ئەوە لە سەردەمی حکومەتی عێراقدا چەند جارێک دەست بە مزگەوتی گەورەدا هێنراوەتەوە. بەڵام ئەوەندە لای ئێمە دیارە بەم جۆرەیە:

دواجار، لەلایەن بەرێز مام جەلالەوە لەژێر چاودێری دکتۆر لەتیف جمال ڕەشیددا لە ساڵی ٢٠١٠وە دەست بە تەعمیر و دەستپێاهێناوەی کرا و بەڵکو لەهەندێک شوێندا لە بناغەوە هەڵسێنرایەوە، بەڵام هێشتا وەک ئەڵێن نەگەیشتووەتە ڕیزی مزگەوتە بەناوبانگەکانی دراوسێ و ناوچەکە.

نووسینی تەعمیراتی ساڵی ١٩٦٤ کە دوو دەرگای بۆ کرابوو، لەسەر قاپیی دووەم بە خەتێکی گەورە و بەرچاو نووسرابوو، کە ئەم مزگەوتە لەلایەن میری بابان ئیبراهیم پاشای کوڕی ئەحمەد پاشاوە ساڵی ١١٩٩هـ بەرامبەر ١٧٨٤م دروست کراوە. بەعەرەبی نووسرابوو.

بەداخەوە نووسینی ئەم جاری دواییە، لەسەر لەوحەیەکی زەرد نووسراوە، شوێنەکەی تەواو دیار نییە و هەر کاتێکیش ئەو زەردە لا برا، وا حەقی برایم پاشای بابان ئەفەوتێت کە مزگەوتەکە و شاری سلێمانیشی دروست کردووە. بۆیە پێویستە چاوێک بەو نووسینەدا بخشێنرێتەوە. چونکە نووسینەکەی سەرەوە بە ناوی برایم پاشای بابانەوە لە بەرزیدا، دیار نییە و بەرچاو ناکەوێت.

١١. خانەقای مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە گەڕەکی دەرگەزێن، کە مەحمود پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشای بابان ساڵی ١٨١٧ز بۆ مەولانا خالیدی دروست کرد. مامۆستاکانی، مەولانا خالید، مەلا موسا و شێخ عومەری قەرەداخی، دوای تێپەڕینی چەندەها سال بە هیممەتی خوالێخۆشبوو جەنابی شێخ محەمەدی خال لە ڕێی تبرع-بەخشینی پیاوچاکانەوە، دەستێکی باشی پیاهاتەوە، بە جۆرێک ئێستا نوێژی هەینی تێدا ئەکرێت.

لەبابەت مزگەوتی گەورە و دەستپیاهێنانییەوە

ساڵی ١٧٨٤ ز لەگەڵ شاری سلێمانیدا لەلایەن برایم پاشای بابانەوە ساڵی ١١٩٩ ک. دروست کراوە. گەورەترین مزگەوتی سلێمانییە کە نوێژی هەینی تیادا ئەکرێت.

یەکەم منارە بۆ مزگەوت لەلایەن ئاغا فەتحوڵڵاوە ڕەنگ هەیە ساڵی ١٩٢٢ دروست کرابێت.

یەکەم نۆژەنکردنەوەی مزگەوت لە چوارەدەی تەموزی ساڵی ١٩٦٤ لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە بووە کاتێک، کە حاجی عەبدولڕەزاق مەحمود خەڵکی موصڵ متصرف- پارێزگار- محافظی سلێمانی بوو.

نۆژەنکردنەوەی مرقد ساڵی ١٩٩٤ بەڕێز مام جەلال پێی هەستاوە.

ساڵی ٢٠٠١ کاتێک م. کۆسرەت سەرەک وەزیر بووە پێی هەستاوە.

نۆژەنکردنەوەی ساڵی ٢٠٠٦ لەلایەن د. بەرهەم ئەحمەد صاڵحەوە کە سەرۆکوەزیر بووە.

دوا نۆژەنکردنەوەی کە بەم قەبارەیەی ئێستا دەر ئەکەوێت لەلایەن بەڕێز جەنابی مام جەلالەوە دەستی پێ کرد بەچاودێری د. لەتیف جمال ڕەشید وەزیری پێشووی ڕەی عێراق. لە ٢٠١٠ تا ٢٠١٢ و زیاتریشی کێشا. کە ئەمە بە جوانترین نۆژەنکردنەوە دائەنرێت بەڵام هێشتا وەک مامۆستا نەوشیروان مستەفا ئەڵێت ناگاتە مزگەوتەکانی بەغداد و ئەستەمبوڵ و قاهیرە.

گڵکۆی بابانەکان[١٥٠]
لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی

لە ژوورێک لە ژوورەکانی خوارەوەی قوڕنەی دەستەچەپی مزگەوتی گەورە، پێش یەکەم نۆژەنکردنەوەی بینایەکەی مزگەوتەکە، گڵکۆی چەند بابانییەکی تیادابوو، کاربەدەستانی ئەو ڕۆژانەی سلێمانی، لەوەدا بوون، ئەو گۆڕانە بگوزێزنەوە بۆ دەرەوەی مزگەوت، لە کاتێکدا کە مزگەوت. مزگەوتی بابانە، ئەمەش لە ساڵی شەستەکاندا بوو، کە ئەوقاف لێپرسراوی ئەم کارە بوو. ئێمەش جەنابی ڕەحمەتی هەریەک لە تاهیر بەگی جەمیل بەگی بابان و عەبدوڵڵا بەگی مەجید بەگی بابان و بەندە دژی ئەم بۆچوونە بە هەموو هێزێکمانەوە وەستاین. تاکو وەزیری

---

١٥٠ حسێن ناظم بەگ لە مێژووی میرایەتی بابانـدا ئەڵێت، مەحمود پاشای بابان باوکی ئەورەحمان پاشا لە شەڕدا لە ساحەیەکی ئێراندا گوللەیەکی وێل لەسەری دا و کوشتی. جەنازەکەیان برد بۆ سەقز لە ئێران. لە دواییدا گواستیانەوە بۆ مزگەوتی گەورەی سلێمانی. بەداخەوە تا ئێستا چەندە هەوڵماندا ئەم فەرموودەیەی حسێن ناظم بەگمان بۆ ساغ نەبۆتەوە.

ئەوقافی ئەو سەردەمەمان ناچار کرد بە هێشتنەوەی گۆڕەکان لە صەحەنە کە دا و بە دیواریکی شوشەبەندی لێل لەیەک جیا کرایەوە. ئەو گۆڕانەش هیی ئەم ڕەحمەتییانەیە، وەک لەسەر کێلەکانیان نوسراوە بەگوێرەی مێژووی شاردنەوە ناشتنیان،

١. خەدیجة خانم بنت عەلیجاة میر میران محمود ڤاشا توفیت سنة ١٢٠٨ هجري نەکاتة سالّي ١٧٩٣ز.

٢. ابن أحمد ڤاشا علیجاة میر میران محمود ڤاشا. شهر محرم الحرام سنة ١٢٣١ نەکاتة ١٨١٥ز.

٣. فاطمه خانم بنت عالي شأن أحمد بیك، جمادي الثاني سنه ١٢٣٥ نەکاتة ١٨١٩ز.

٤. المرحومة حبیبة خان بنت علیجاه میر میران محمود ڤاشا شهر محرم الحرام سنة ١٢٣٦ نەکاتة ١٨٢٠ز.

٥. احمد بیك ابن الامیر الکبیر ذي المجد الجدیر عثمان باشا مات في الحجة الحرام الجمعه سنة ١٢٣٥ (نەکاتة ١٨١٩ز).

٦... المرحومة والدة عبدالرحمن باشا سنة ١٢٢٨ نەکاتة ١٨١٣ز.

٧. هذا قبر محمد بیك علیجاه ابن میر میران محمود ڤاشا.

٨. قبر المرحوم علیجاة سلیمان ڤاشا.

٩. صالحة خان بنت علیجاة میر میران محمود ڤاشا سنة ١٢٤٠ نەکاتة ١٨٢٤ز.

١٠. حلیمة خانم بنت أحمد ڤاشا توفیت في لیلة الجمعة من شهر شعبان المعظم سنة ١٢٤٠ز.

١١. قبر المرحوم عبدالرحمن ڤاشا ابن الغفور محمود ڤاشا سنة ١٢٢٩ه نەکاتة ١٨١٣ز.

١٢.ابن عبدالرحمن ڤاشا سنة ١٢٤٥ نەکاتة ١٨٢٩ز.

١٣. سلیم بك سنة ١٢٤١ نەکاتة ١٨٢٥ز.

١٤. عبدالرحمن (رحمت حي یافت جان ڤاك او بة حسابة أبجد نەکاتة ١٢٤١ ه نەکاتة ١٨٢٥ز.

١٥. صفیة خانم بنت عثمان ڤاشا.

١٦. عثمان بك (مرثیه) یەك لەسەر کیلەکة حەوت بەیتي تەواوة نەمة دوابەیتة: سال تاریخش سروش غیب طفت

سال تاریخش سروش غیب طفت ڕحمت حي یافت جان ڤاك أو

١٢٤١- ١٨٢٥زئەم نیوە شیعرەی دوایی سالّی وەفاتیەتی ١٢٤١ ئەکاتە ١٨٢٥ز جگە لە بابانەکان ئەو دوو شێخ زادەیەشی تیادایە، وا دیارە دوای سەردەمی بابانەکان لەوێدا شاردراونەتەوە. بەهەشت باخی هەموویان بێت.

١. فاتمه خان کچی شێخ مارفی نەقیب سنه ١٣٣٠ه ئەکاته ١٩١١ز.

٢. عائشه خان کچی شێخ مستەفا نەقیب کوڕی شێخ محمده بچکۆلەیە کوڕی حەزرەتی شێخ کاک أحمد کوڕی حەزرەتی شێخ مارف خوا لێی ڕازیی بێت سنه ١٣١٨ه ئەکاته ١٩٠٠ز.

چەند لایەڕەیەکی تایبەت بە بوونیادنانی شاری سلێمانی
هۆکاری دروستکردنی و چۆڵکردنی قەڵاچوالان
ناوی سلێمانی

برایم پاشای بابان، کە بوونیادنەر و دروستکەری شاری سلێمانی بوو، سەردەمی منالّی لەبەر چەند هۆیەکی سیاسی هەر لە شاری بەغداد. ڕای بوارد کە ئەوساش بەغداد پایتەختی ولاتی عێراقی سەر بە عوسمانی بووە میرنشینی بابانیش لەڕێی والیی بەغدادوە، هەر سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوو، بۆیە لە شوێنێکی دواکەوتووی وەک قەڵاچوالانی ئەوسای لەچاو بەغدادی ئەو ڕۆژەدا هەڵی نەکرد.

قەڵاچوالان بەجێ بهێڵێت و بێت لەمدیو شاخی گوێژەوە لە دامێنیدا لەنزیک دێی مەڵکەنی ئەوسادا لە ساڵی ١٧٨٤ز بەرامبەر بە ١١٩٩ک شاری سلێمانی دروست بکات.

جا، ئایا چۆن قەڵاچوالانێک ئەو هەموو عەیب و کەموکوڕیەی تیادا بێت، لەگەڵ ئەوەشدا، سەدو پانزە ساڵ مەرکەزی میرنشینی بابان بێت؟

بێگومان ئەوەش هۆی خۆی هەیە، کە بە ڕای ئێمە بەم جۆرەیە،

یەکەم، دوای ئەوەی مەڵبەندی میرنشینی بابان لە چەند شوێنی ترەوە گوێزرایەوە قەڵاچوالان لە مەرگە و دارەشمانەوە ماوەت و بەکراواوە لەوێ بنجی داکوتا، تا جۆرە هەستێکی دەروونی بدات بە میرەکان چونکە لە شوێنەکانی تر لە میرێک یاخود دووان زیاتر نەئەمانەوە، لێرە چەند میرێک یەک لەدوای یەک جێگیر بوون، هەرچەندە دیسانەوە شەپێفرۆشتنی ئێرانییەکان و گێچەڵی والییەعوسمانییەکان لێرەش هەر یەخەیان بەر نەئەدان، بەڵام ئەمانیش پیاوانە بەرامبەریان ئەوەستان و بەرهەڵستییان ئەکردن.

دووەم، قەڵاچوالان لە شوێنێکی چەپەک و لارێدا بوو، شاخ لە هەموو لایەکەوە دەورەی دابوو، هەرچەندە شارەکە خۆی لە نزماییدا لە گوێی چەمی قەڵاچوالان بوو، بەڵام شوێنەکەی هەر قاییم و بە ستراتیجی دائەنرا و هێرش بردنە سەری هەر وا ئاسان نەبوو، بەتایبەتی لەو سەردەمەدا کە سەردەمی عەشایەری بوو.

سێیەم، چەمی قەڵاچوالان کە خۆی یەکێکە لەو ڕووبارانەی ئەڕێتە زێی گەورەوە، جگە لە گەلێک کانی و ئاوی تر، لەو ناوچەیەدا، ئەم هەموو ئاوە بوون بە هۆی ڕەخساندنی ژیانێکی ئاسوودە و بەکارهێنانیشی بۆ کشتوکاڵ.

چوارەم، دووری قەڵاچوالان لە بەغدادەوە، وای کرد، هێرشی یەک لەدوای یەکی والییەکانی بەغداد بۆ سەر بابانەکان هەر وا بەئاسانی تێنەپەڕێت بە ڕاستی جاری وا هەبوو ئەو والییانە بەخۆڕایی یاخود بەئارەزوو، یاخود لە ئەنجامی تێچینی چڵکاوخۆرەکانی بەردەستیاندا گیروگرفتیان بۆ خۆیان دروست ئەکرد و شەڕیان بە بابانەکان ئەفرۆشت لە ناوچەی قەڵاچوالاندا، هەر وەکو شەڕیان بە شێخەکانی عەرەبیش ئەفرۆشت لە خواروی عێراق هێرشیان ئەبردنە سەر. بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە وەک وتمان بابانەکان لە جەنگی ئێرانییەکان ڕزگار بووبن.

پێنجەم، قەڵاچوالان لە شوێنێکی میژوویی کۆنە و شوێنەواری ئەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام، لە کاتی ئیسلامیشدا قعقاع کوڕی عومەر، کە پێشەوایەکی سوپای ئیسلام بووە ویستوویەتی هێرش بەرێتە سەر شای قرەچولان، کە زۆر لە خۆی ڕازی بووە و ناوی جاجور بووە. لەبەر ئەم کۆنییەی شارەکە بێگومان بابانەکان شانازیان پێوە کردوەوە و هەر وا بەئاسانی نەیانویستوە دەستی لێ هەڵبگرن.

ئەم هەموو بەرگرییانەی لە قەڵاچوالان کرا، بەرامبەر بەو عەیب و کەموکوڕییانەی هەیبوو خۆیان نەگرت، بۆچی؟ چونکە وتمان قەڵاچوالان لارێ بوو، جگە لەوە لە شوێنێکی تەسک و تەنگەبەر بوو، نزیک بە دەستدرێژی ئێرانییەکان بوو، دوور بوو لە بەغدادەوە کە ناوچەکە خۆی سەر بە بەغداد بوو، جگە لەوەی ئەو سەردەمە، لە وڵاتی عوسمانی و ئێران و شوێنەکانی تری عێراق دەست کرابوو بە دێهات دروستکردن و شار بوونیادنان، وەک شاری دیوانیە کە لەلایەن سەرۆکی خزاعل- حمود ال حمد ال عباس سالی ١١٦٠ ک ١٧٤٧ز و پێش ئەویش بە چەند سەدەیەک بەغداد کە لەلایەن ابو جعفر المنصورەوە سالی ١٤٥ک= ٧٦٢ز دروست کرا دوای سلێمانیش بە چەند سالێک، ناصر پاشای سەعدون ناصریەی لە سالی ١٨٦٧دا، دروست کرد.

دوور نییە، برایم پاشای بابان، کە خۆی ماوەیەکی زۆری لە تەمەنی بە منداڵی و گەنجییەتی لە بەغدادا بەسەر برد، بیری لە چۆنیەتی دروستکردنی شارێکی وەک بەغداد کردبێتەوە و لە دڵی خۆیدا شتێکی وای بڕیار دابێت.

ئەمە جگە لە بڕوا بەو قسەیەی کە ئەڵێت جوولان بەرەکەتی لەدوایە و لە هەموو نوێیەکدا تام و لەزەتێک هەیە. ئەمانە هەموو بوون بە هۆی گواستنەوەی مەڵبەندی میرنشینی بابان لە قەڵاچوالان و بوونیادنانی شاری سلێمانی.

وا دیارە برایم پاشا بە هەموو جۆر ویستوویەتی قەلاچوالان چۆل بکات و دڵی لێی هەڵکەنرابوو، ئەگەر سلێمانی نەبووایە بە ڕای ئێمە شارەکەی هەر ئەگواستەوە بۆ شوێنێکی تر بەڵام مستەر ڕیچ ئەڵێت، "ئەوڕەحمان پاشای بابان ویستی شاری سلێمانی بگوێزێتەوە بۆ شاخی سەرسیر[١٥١] بەوەدا کە شاخێکی بەرز و چەپەکە و بەئاسانی لە دەستدرێژیی دوژمن ئەپارێزرێت، بەڵام لەبەر کووڕیی ڕێگاکەی و لەبەر کەمیی ئاو نەیتوانی ئەم ئاواتەی بهێنێتە دی.

١٥١ سەرسیر، ئەو چیایەیە کە چوارتا ئەکەوێتە دامێنی. ناوەکە خۆی سارەدسێرە واتا مصیف پێچەوانەکەی گەرمەسیرە واتا مشتی سەیری ڕحلە ڕیچ فی العراق سنە ١٨٢٠ل ١١٤ بکە.

هۆی دروستکردنی سلێمانی

ئەوانەی باسمان کردن هەموو سەرچاوە و خەڵک هەر ئەیڵێن و ئەیڵێنەوە، ڕەنگ هەیە هەندێک لەو خاڵانە ڕۆشنایی ڕاستییان تێدا بێت، بەڵام ئەگەر بە بیر و لێکدانەوەی ئەمڕۆ لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەی کە لە سەرەتاوە تاکو ئێستا دەستمان کەوتوون، ئینجا هەر دوای هەست و خۆشبڕوایی نەکەوین و شتەکە لە ڕووی زانیارییەوە هەندێک تاووتوێ بکەین، لام وایە خوێندەواری بەڕێزیش لەگەڵماندا ئەبن. چوکە بۆچوونەکانمان وەک وتمان هەر وا هەوایی نین، بەڵکو ئەتوانین بڵێین علمین. جا هەر وەک دکتۆر فوئاد حەمە خورشیدیش لەگەڵماندا ئەڵێت[١٥٢]،

هۆیەکانی جێ هێشتنی قەڵاچوالان و ڕووکردنە سلێمانی لەبەر ئەم خاڵانە بوون:

یەکەم، هۆی کارگێڕی و ڕامیاری: هۆی کارگێڕی لە پێداویستییە هەرە لە پێشەکانی بوونیادنانی هەر شارێکە. چونکە پێویست بوو پاشا لە جەمسەرێکەوە (لەشوێنێکەوە) دەسەڵاتەکانی خۆی دەسەڵاتی تشریعی و تنفیذی و قضائی بەکار بهێنێت. ئەمەش لە شاری سلێمانیدا دیاری دا، کە شوێنێکی لەبار بوو بۆ ئەم مەبەستە و لەگەڵیدا ڕۆیشت و پەرەی سەند.

دووەم، شوێنی ستراتیجی: برایم پاشا شوێنێکی لەباری لە ڕووی ئاساییشەوە هەڵبژارد، تاکو توانای هەڵسوڕان و هاتوچۆی ببێت، ئەمەش بێگومان لەم شوێنەی سلێمانیدا زیاتر بەدی ئەکرێت، تاکو قەڵاچوالان. بە پاڵپشتی ئەو ڕێگاوبانەی دێنەوە سەر شوێنەکەی سلێمانی، بەتایبەتی سلێمانی شوێنەکەی لە جێترە لەچاو قەڵاچوالاندا، هێجگار لە دوورکەوتنەوە، لە هێرشی ئێرانییەکان کە لە قەڵاچوالان بوون زیاتر نزیکی چەپۆک و دەستدرێژی ئێرانییەکان بوون.

سێیەم، ئەم شوێنەی سلێمانی ئێستا لەگەڵ دەشتی شارەزوور و دەشتی بازیاندا، لێک ئەدات، کە ئەم دەشتانە بۆ کشتوکاڵ گەلێک لەبارن وەک گەنم و جۆ و نیسک و نۆک چونکە ئاوی زۆریش هەیە بۆ پێگەیاندنی بەروبومی زەوی. جگە لەوەی ئەبێت بە مەنزڵگای

١٥٢ لە گۆڤاری کاروان بەشی عەرەبیەکەی لاپەڕە ١٥٠- ١٥٩ ژمارە ٥٤ ساڵی پێنجەم، نیسانی ١٩٨٧

بەیەکگەیشتنەوەی عەشرەتە کۆچەرییەکان و دانیشتوانی دێهات و شار، هەروەها ئەبێت بە جەمسەرێک بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی و بەروبوومی کشتوکاڵ و ئاژەڵ.

چوارەم، شانازی بۆ بوونیادنەری شارەکە خۆی و بنەماڵەکەی: بەڵی برایم پاشا ماوەیەکی زۆر لە تەمەنی منداڵی و گەنجیەتییەکەی لە بەغداد بەسەر برد، بۆیە نەیئەتوانی لە شوێنێکی چەپەکی دواکەوتووی وەک قەڵاچوالاندا دانیشێت، قەڵاچوالانێک کە لە هەموو ڕێگاوبانێکەوە کە بە دەرەوە یاخود ناوەوەی ببەستێت بە دوور بوو. هەرچەندە قەڵاچوالانیش هەر باووباپیرانی برایم پاشا سەر لەنوێ ئاوەدانیان کردەوە و کردیان بە مەڵبەندی میرنشینی بابان. بەڵام لە ڕاستیدا قەڵاچوالان لەکوێ و سلێمانی لەکوێ؟ ئەوە لەکوێ کە بڵێن برایم پاشای بابان سلێمانی دروست کرد، بەوە ناوی خۆی و بنەماڵەکەی لە مێژوودا بەزەرکەفتی ئاڵتون تۆمار بکات. ناوی خۆی بخاتە ڕیزی ناوی ئەسکەندەر و ئەبو جەعفەری مەنسوورەوە. ئەوەتا مەولانا خالیدی نەقشبەندی بە قەسیدەیەکی فارسی بەرز ستاییشی برایم پاشا ئەکات کە دروستکەری سلێمانییە و پیرەمێردی نەمر ئەو قەسیدەیەی هەر بە شیعر وەرگێڕاوەتە سەر کوردی ئەڵێت[١٥٣]:

أز بس که حمد ملک ذو الجلال بعد درودمة برج کمال

تا ئەڵێت:

کرد خرد ختم سخن أین ضنین أنك فیها لمن الخالدین
کوردیەکەی لەلایەن پیرەمێردەوە بەمجۆرەیە،
حەمد و ثەنا بۆ مەلیکی (ذوالجلال)
نەعت و سەلام بۆ مەهی بورجی کەمال[١٥٤]
دێمە سەر ئەوصافی شەهی دادگەر
با قەڵەم بێ بەدەواتی نەیشەکەر[١٥٥]
شاهێکی دەریا دڵی والا تەبار
داوەری دارا ڕەووشتی جەم ویقار[١٥٦]
کێوی شەرەف کانی سەخاو و کەرەم
هەر کەسێ لای ئەو کەببێتە خەدەم

---

١٥٣ ڕۆحی مەولانا خالید- ئامادەکردن و لێکۆڵینەوەی مەحمود ئەحمەد محەمەد. چاپخانەی الزمان ١٩٨٧ ل ١٥٣-١٥٤.

١٥٤ مەهی بورجی کەمال= مانگی چوارده

١٥٥

١٥٦ پاشایەکی ئەوتۆیە دەستی کەرەمی وەک دەریا فراوانە، باڵا بەرز و سیما جوانە. دەسەڵات و پاشایەتی وەک دارا و ڕەوشت و عەقڵ و دانشمەندی وەکو جەمشیدە.

روتبەی ئەگاتە کەمەری ئاسمان
حاجەتی نامێنێ بەروتبە و نیشان
دوشمنی ترساوە لەشمشێری ئەو
چەرخ سەری شێواوە لەتەدبیری ئەو
پاشا کوڕەکەی ناو نا سلّێمان
هەردو لەڕێی هەردو جیهان دوو چران
ڕەغبەتی وا داوە بەئەربابی شەرع
ئەرچو سەمایەکە بەئەصلّا و بەفەرع
ناوی بەناوێکەوەیە هاونیشان
ئاگری نەمروود بوەتە گولستان[157]
هەرچی کەناوی کەرەمی ئەوە دەبا
ڕۆژێکە تاریکی لەناو دەر ئەبا
چۆلەکە لای بازەوە چینە دەکا
ترسە ئەوە گورگ مەڕ ئەبا بۆ تکا
مەهدی ئەگەر ببیە لەعەدلی خەبەر
(یحسبه سنه خیر البشر)
حافیظی شیرازی بمایە ئەگەر
لای نەدەما هیچ لەموصەللا (ابتر)
بانگ ئەکەنە من هەموو ئەهلی یەقین
(أنك فیها لمن الخالدین)[158]

جگە لەوە میژوونا‌سی مەزنی کورد ئەمین زەکی بەگ لەم بابەتەوە ئەڵێت، "برایم پاشای بابان بە دروستکردنی شاری سلێمانی، جێماوێکی بە نرخی بۆ میللەتی کورد بەجێ هێشت، جگە لەوەی گەلێک خۆیشی بۆ پێشکەوتنی وڵاتەکەی، لە ڕووی ئاوەدانکردنەوە و بڵاوکردنەوەی ئاسایش و دامەزراوی و شەکاندنەوەی ئالای هەق بەناو خەڵکدا ماندوو کرد. لە کاتی فەرمانڕەوایی ئەودا بوو، کە سنووری وڵاتی بابان گەیشتە خانەقین و قەسری شیرین جگە لە زەهاو کە خۆی بەبێ شەڕ هاتە ژێر ئالای بابانەوە، ئیتر خەڵکی بەتەواوەتی کەوتنە ئاسودەییەوە لە هەرچوار لاوەو وڵاتی بابان پەرەی سەند و فراوان بوو، کشتوکاڵ زۆر بوو،

---

۱۵۷ ئەو برایم پاشایە ناوەکەی ئاوتای ناوی حەزرەتی ئیبراهیمە. ئەو حەزرەتی برایمەی ئاگرەکەی نەمرودی بۆ بووە گولستان، بۆیە ئەمیش وڵاتی وا خۆش کرد

۱۵۸ ئەم نیو بەیتەی عارەبییە بە واتە، تۆ لەوێ- لەسلێمانی- دا لە جاویدانەکانی.

بازرگانی بـڵاو بـووەوە، هـەراو هوریـا نەمـا[159]"

هەروەهـا مامۆسـتا نەجمەدیـن مـەلا ئەڵێت،[160] "ئینجـا بێینـە سـەر باسـی شـاهی دادپـەروەر، قارەمانی مـەزن برایـم پاشـای بابان" کە بنچینەی شاری سـولەیمانی دامەزراندووە و ئـەم مێژووە بـە نـاوی پیـرۆزی ئـەوەوە ڕازاوەتـەوە. ناتوانـم بڵێـم برایـم پاشـا لـە ئەسـکەندەری مەقدونـی و ابوجعفـر المنصـور زیاتـرە کـە شـاری ئەسـکەندەریە و بەغدادیـان بنچینـە نـاوە بـەڵام خـۆ لـەوان کـەم تـر نییـە.

ئەمجـا ئەگـەر کورد هەیکـەل بـۆ پیـاوە گەورەکانی بکات یەکـەم کـەس برایـم پاشـایە کەهەیکەلی بـۆ بکرێت.

ئەمجـا قانـع[161] لـە گفتوگۆیەکی لەگـەڵ گردی سـەیواندا قەسیدەیەکی دوورودرێژی هەیـە، ئێمـە لێرەدا هەندێکی لـێ بـڵاو ئەکەینـەوە. ئەوەتـا بـە زمانـی گردەکـەی سـەیوانەوە ئەڵێت:

أبراهیم پاشا له قەڵاچوالان
بۆ گوێزانەوە هیمەتی نوان
ئەوسا پایتەختیان قەڵاچوالان بوو
قەڵاچوالانیش زۆر تەنگەڵان بوو
تأریخ هەزار و یەك سەد و نەوەد
لەل نۆ ڕابوردوو لە هیجرەت ئەحمەد
دەشتی مەڵکەنی دەشتێکی پان بوو
جێی جلیت بازیی سوارەی مەیدان بوو[162]
دەشتی مەڵکەنی بۆ خۆی کرد بەشار
تیایدا دروستکرد قەیسەری و بازاڕ
لەجێگەی سەرا سەرای دامەزران
ڕازانیەوە زۆر شیرین و جوان
پاچیان دا لە خاك بۆ خەندەك سەرا
بەدەم پاچەوە مۆرێك هەڵکەنرا
نواریان مۆری سلێمانی ناوە
ئاخۆ چەند ساڵە لە خاکدا ماوە

---

١٥٩ تأریخ السلیمانیه وانحائها لاپەرە ٩٦.

١٦٠ لـە پێشـەکی ئـەو دەسـتخەتەی نووسـەری ئـەم کتێبـەدا کـە لـە کاتـی خۆیـدا پێشکەشـی کـرا کـە هـەر لـە بابـەت سـلێمانیەوە و تەواوکـەری ئـەم کتێبەیـە. مێژووەکـەی ڕۆژی ١٨ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٥٧.

١٦١ شـێخ محەمـەد کـوڕی شـێخ عەبدولقـادری شـێخ سـەعیدی دۆلاتـی ١٨٩٩- ١٩٦٥ لـە دیوانـی چواریاخـی پێنجوێنـدا، چاپخانـەی مەعاریـف بەغـداد ١٩٥٣ لاپـەرە ٥١-٥٥.

١٦٢ ئەمەیان دەشتی کانی ئاسکانە نەک مەڵکەندی.

ئەو ڕۆژە کەوا مۆر دۆزرایەوە
لە مەجلیس پاشا، کە خوێنرایەوە
حەرەمی پاشا کەوتە منالّ بوون
کوڕێکی هانی وەك شووشەی ئالّتون
پاشا کوڕەکەی ناو نا سلێمان
وتی ئەم مۆرە نگینە بۆمان
چونکە مۆرەکەی بەنگین زانی
شاریشی ناو نا بە سلێمانی
تایەفەی بابان پاشای تەواو بوون
خاوەن تەخت و تاج شۆرەت و ناو بوون
نە بەر حوکمی ڕۆم، نەحوکمی عەجەم
کوردستانیان کرد بە باخی ئیرەم

جگە لەمانە زۆر لە نووسەران و ئەدیبان و شاعیرانی کورد، ئەم کردەوەیەی برایم پاشایان پەسەند کردووە و لەسەریان نووسیوە و وتووە.

پێنجەم، ئەو قەڵایەی مەحمود پاشای مامی برایم پاشا چوار سالّ پێش دروستکردنی شاری سلێمانی بە بەرزاییەکەی لای حەمامی قشلّەوە بنیاتی ناو لە دواییدا بوو بە دەبۆ یاخود قشلّە واتا لەشکرگا، بوو بە هاندەرێک کە پالّ بە برایم پاشاوە بنێت شارە نوێیەکەی لە دەوروپشتی ئەو قەڵایە دروست بکات. چونکە ئەو قشلّە و قەڵایە چەسپ بوو[١٦٣].

دوای تاقیکردنەوەش جێی خۆی گرت و لە تاقیکردنەوەکەدا سەرکەوتوو بوو.

ناوی سلێمانی:

لە بابەت ناونانی شاری سلێمانییەوە زۆر ڕا و بۆچوون هەن یەکەیەکە باسیان ئەکەین و لەپالّیاندا ڕای خۆشمان دەر ئەبڕین.

یەکەم: لە بابانەکانی پێش برایم پاشا کە باپیرانی ئەگرنەوە، سلێمان بەبەی کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە و سلێمان پاشای گەورەی قەڵاچوالان (سلێمان پاشای خالید پاشا) هەبوون، جگە لەوان برایم پاشا خۆی کوڕی هەبووە کە ناوی سلێمان بووە، زیاتر ئەم ناوانەش بە خۆشی و پیرۆزی سلێمان پێغەمبەرەوە بووە تاکو دوای ئەوانیش گەلێک سلێمان[١٦٤] ناویان

---

١٦٣ ئەم قەڵا و قشلّە مێژوویەکە شوێنەواری شاری کۆنی سێلوونا حەوت تا هەشت هەزار سال لەمەوپێش بوو، ئەو شوێنەی هەموو شوێنەوارناسێک شانازییان پێوە ئەکرد. حکومەتی کوردستان لە سلێمانی بە نرخێکی زۆر هەرزان بەلاش فرۆشتی و کرا بە بازاڕی کاسەمۆل.

١٦٤ بۆ نموونە سلیمان پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشا کە لە گومەزەکەی گردی سەیواندایە و هەر لە سلێمانی سلیمان بەگ باوکی شەوکەوت لە بەغداد سلیمان کوڕی صلاح الدین بابان و سلیمان کوڕی بەهجەت بابان و گەلێکی تر بەم ناوەوەن.

بووە و هەتا ئێستاش، جا ئایا بۆچی هەر لەبەر ئەوەی لە سەردەمی برایم پاشادا والی بەغداد (سلێمان پاشای گەورەی کولەمەند) بووە و لەسەر قسەی ئەم وئەو ئیتر ئەبێت برایم پاشا، شارەکەی بەناوی ئەوەوە ناو نابێت، با دۆست و هاوڕێی خۆشەویستی بوو بێت، جا دەردی دکتۆر فوئاد حەمە خورشید ئەڵێت[١٦٥]، "خۆ ئەگەر بەناوی یەکێک لە سوڵتانەکانەوە بووترایە، زیاتر ڕێی تێ ئەچوو."

مامۆستا فوئاد ڕاست ئەفەرموێت، بۆیە ئێمەش ئەڵێین خۆ ئەگەر ناوەکە بدرایەتە پاڵ سوڵتان سلێمانی قانونی، کە یەکێک بووە لە سوڵتانە ناودارە گەورەکانی پێشوی عوسمانی زیاتر ڕێی تێ ئەچوو، بەڵام والییەک کە بەفوویەکی سوڵتان بچێت بە ئاسماندا، بۆچی ئەوەندە گرنگ بێت برایم پاشا ئەم شارە نوێیەی بە ناوەوە بنێت؟ باشە، ئەی ناڵێن برایم پاشا، سلێمانی بۆ ناو دەرکردنی خۆی و بنەماڵەکەی دروست کرد؟ ئەگەر وا بێت بۆچی بە ناوی یەکێک لە باپیرە ناودارەکانییەوە ناوی نەنابێت؟

ئەی باشە بۆچی ناوی نەنا برایم ئاوا یاخود ئیبراهیمیە؟ یاخود مەحمودیە بەناوی مەحمود پاشای مامیەوە کە دەستپێشکەری کرد لە بنیاتی قەڵاکەدا؟ بە ڕای ئێمە بەناوی خۆیەوە ناوی نەنا، هەر لەبەر ناوی باپیرانی سلێمان بەبە یاخود بابا سلێمان و سلێمان پاشای گەورەی قەڵاچوالان. جا ئەگەر بۆ سیاسەت مجاملە لە کاتی خۆیدا شتێکی وای لای سلێمان پاشای کۆلەمەند دەربپیبێت، ئەوە هەرگیز واناگەیەنێت کە شارەکەی بۆ ئەوە دروستکردوە بەناوی ئەوەوە ناوی بنێت.

ئەی باشە سلێمانی کورپشی هەر بەناوی سلێمان پاشای کۆڵەمەندەوە ناونا؟

بۆیە وا دوورودرێژ لەسەر ئەم خاڵە ڕۆیشتین بۆ ئەوەی ئەو بیر و باوەڕانە ڕاستکەینەوە تا ئێستا دوای ئەم لێکدانەوە هەڵەیە کەوتوون. کە یەکێکیان دیسانەوە ئەگەڕێتەوە سەر ئەم ڕایە گوایە،

دووەم: لە کاتی بناغەدانەوەی شارەکەدا، کرێکارەکان ئەموستیلەیەک ئەدۆزنەوە کە مۆر-خەتم واتا ناوی سلێمانی لێ هەڵکەنراوە، گوایە ئەویش بۆ تفاۆل و پیرۆزی بە ناوی سلێمان پێغەمبەرەوە ناوی ئەنێت سلێمانی. ئەمە بنچینەی باسەکەیە چونکە وەک وتمان باپیرەکانی خۆی و کوڕەکەی و هەموو ناوەکانیان لە حەزرەتی سلێمانەوە بۆ ماوەتەوە.

سێیەم: ئەمین زەکی بەگ ئەفەرموێت، سلێمانی لە شوێنی شاری سێلوونای کۆنی مێژووییەن دروست کرا، کە ئەو شارە گوایە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی لوولوو و گووتییەکان کە باپیرانی دانیشتوانی ئێستای ناوچەبوون.

جا ئەگەر وا بێت، ئایا بۆچی هەر ڕاست ناو نەنرا سێلوونا چونکە هەرچەندە لە هەردوو ناوەکەدا چەند پیتێک لەیەک ئەکەن بەڵام هێشتا لەیەک جیاوازن.

چوارهەم: یاسین العمری لە دەست خەتەکەیدا غایە المرام فی بغداد دارالسلامدا ئەڵێت،

١٦٥ لە گۆڤاری کاروانی ژمارە (٥٤) ساڵی ١٩٨٧دا.

مەحمود پاشای مامی برایم پاشا سالی ١٧٨٢ ئەو قەلایەی لە نزیک دێی مەڵکەندی دروستی کرد بە فەرمانی سلێمان پاشای جەلیلی حاکمی موسڵ لەبەینی ١٧٧١-١٧٨٩دا، دوای ئەوە برایم پاشا کە سلێمانی دروست کرد، بەناوی ئەو پیاوەوە ناوی نا.

ئەم ڕایە لاوازە و هیچ سەندێکی تری نییە، جگە لەوەی حاکمی موسڵ و پاشای سلێمانی هەموو سەر بە والی بەغداد بوون کە ئەویش سەر بە ئاستانە بوو.

ئەمە بوو بەهۆی ناونانی ئەم شارە نوێیە لەلایەن برایم پاشای بابانەوە بە شاری سلێمانی. ئینجا گەڕانەوە بۆ میرنشینی بابان چیان دوای خۆیان بەجێ هێشت.

خزمەتی ژنستیی و ژنایان

هەر میرێکی بابان هاتبێت خزمەتی مامۆستا و پیاوی ئایینی و ژنایانی لە پێش هەموو شتێکەوە داناوە. بۆیە و بە هۆی ئەو خزمەت و هاندانەوە ئەو ژنا گەورانە لە ناوچەی سلێمانیدا هەڵیاندا، بۆ وێنە، حاجی شێخ مارفی نۆدێ و موفتی زەهاوی و مەلا خدری نالی و مەلا عەبدوڵڵای خەرپانی و مەولانا خالیدی نەقشبەندی... و دەیەهای تر.

هەروەها ژنەکانیشیان لە خزمەتی ژنا و مەلا و فەقێ و مەدرەسەکان هەرگیز دوانەکەوتوون وەک فاتمەخان کە حەمامێکی دروست کرد[١٦٦]بۆ مەلا و فەقێکان کە خۆیانی تێدا بشۆن هەروەها، دایکی ئەورەحمان پاشا کە لە ساڵی ١٢٢ک/١٨١٣ فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا و صالحە خانی ژنی سلێمان پاشا کە ساڵی ١٢٤٠ک/١٨٢٤ فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا و حەلیمە خانی کچی ئەحمەد پاشا و عادلە خانی ژنی مەحمود پاشا و خەدیجە خان کە ساڵی ١٢٠٨ک/١٧٩٣ز وەفاتی کردووە کچی مەحموود پاشا و صفیە خان کچی عوسمان پاشا وحبیبە خان کچی مەحموود پاشا کە ساڵی ١٢٣٦ک/١٨٢٠ز وەفاتی کردووە، ئەمانە هەمیشە خەریکی خزمەتی مەدرەسەکان و مامۆستا و فەقێکان بوون و هەرگیز کەمتەر خەمیان لە بەرات لێ نەکردوون.

---

١٦٦ ئەو حەمامە تەنشت سەرای ئێستا بوو، لە پەنجاکاندا استملاککراو خرایە سەر سەرا.

دامەزراندنی کتێبخانە و خزمەتی تر

بەتایبەتی کتێبخانەکەی قەلاچوالان کە دوای بنیاتنانی شاری سلێمانی گواستیانەوە بۆ مزگەوتی گەورە. لەسەر ئەم خاڵە زۆر ڕۆیشتوین، پێویست بەدووپاتکردنەوە ناکات، تەنها ئەوەندە نەبێت، کە ئەحمەد پاشای دوا میری بابان برایە ئاستانە و لەوێوە بە والییەتی ناردیان. بۆ یەمەن، ئەم پیاوە لەو وڵاتە دوورەشەوە وازی نەهێنا، پەیتاپەیتا دەستنووس و کتێبی لەوێوە بۆ کتێبخانەکەی مزگەوتی گەورە و کتێبخانەکانی تری مزگەوتەکان ئەنارد. تەنانەت کتێبی مسالک الابصار لە باسی مێژوودا، کە چواردە بەرگ بوو کە لە هیچ شوێنێکی تر دەست نە ئەکەوت هەمووی بەتەواوەتی نارده کتێبخانەی بابان لە سلێمانی.

دەست گیرۆدەیی پیشەساز و هونەرمەندەکان، گەلێک چەخماخساز و پیشەسازی بەناوبانگ لە ناوچەی سلێمانیدا پێگەیشتن، وەک(حسکە[١٦٧])ی بەناوبانگ کە تفەنگی دروست ئەکرد، جگە لە هاندانی سواری و سوارچاکی و بەکارهێنانی چەک و زورخانە و وەرزش...

ڕێزگرتنی شاعیر و ئەدەیب و شاعیری میللی و پزیشکی خۆیشی و گۆرانی بێژ و یاریدەدانیان، وەک مستەفا بەگی کوردی و ئەورەحمان بەگی سالم و شێخ ڕەزای تاڵەبانی[١٦٨] مەلا خدری نالی و حاجی قادری کۆیی و شاعیری میللی (عەلی بەردەشانی) و حەکیم کەرەم بەخش کە پزیشکی تایبەتی سلێمان پاشای گەورە بوو، حەکیم عەزەی حەکیم برایم کە جولەکە بوو. هەروەها ژنەکەی. هەروەها گۆرانی بێژی وەک فەقێ محەمەدی قوولە[١٦٩].

دواخاڵیش ئەوەیە کە وا میرەکانی بابان لەگەڵ ئەو هەموو گێرمە و کێشە و بیانوو پێ گرتنە و سیاسەتە دووڕوویەی کە بەرەنگاریان ئەبوون توانیان پارێزگاری میرنشینەکەیان بە هەموو عەیبێکیانەوە بکەن، کە ئەمە تەمەنێکی درێژ بوو لەچاو تەمەنی میرنشینەکانی تری کوردەواری

---

١٦٧ لەم دواییەدا بۆم دەر کەوت کە حسکە یان حسێن بەگ بابان بووە. مەلا شوکر مستەفای نووسەر و ڕووناکبیری ناسراو لەگەڵ حسکە لە یەک بنەمەڵە بوون.

١٦٨ شیعرەکەی شێخ ڕەزا لەم ڕووەوە شایەتە.

١٦٩ خەڵکی ناوچەی چەمچەماڵ و لە وتنی قەتار و ئەللاوەیسیدا وێنەی نەبوو. ساڵی ١٨٦٠ فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە.

ئەو ڕۆژەدا میرنشینی سۆران لە ڕەواندز و میرنشینی بادینان لە ئامێدی و میرنشینی بۆتان لە جزیرەی ابن العمر و میرنشینی ئەردەڵان لە ئێران کە ئەمانە هیچیان نە ئەو هێز و دەسەڵاتە و نە ئەو وڵاتە فراوانە و نە ئەو تەمەنە درێژەیان بە دەست هێنا.

چەند خاڵێک لە نەریت و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی میرایەتیی بابان

ئەم بنەماڵەیە بێگومان بەشێک بوون و بەشێکن لە کۆمەڵگایەکی گەورە لە نیشتمانێکی گەورەتردا. کە وا بوو ئاکار و ڕەوشت و عاداتی ئەو کۆمەڵە هەموو لەمانیشدا ڕەنگ ئەداتەوە.

جا، ئەوەی لە کتێب و سەرچاوەی مێژووییندا بەردەستمان کەوتووە و زیارتریش سەردانی مەیدانی ئەتوانین ئەم خاڵانە بەرجەستە و دەست نیشان بکەین لە بابانەکاندا لە سەرەتای مێژوویانەوە تاکو ئێستاش:

یەکەم، پابەندبوون بە ئایینی ئیسلامەوە، ئەمەش لەو ئالودەبونەدا دەر ئەکەوێت بەرامبەر بە پیاوە ئایینییەکان کە ئەو پەڕی ڕێزیان لێ گیراوە ئەمەش زیاتر لە دروستکردنی مزگەوت لە زۆربەی شار و دێهاتەکانی کوردستاندا دەر ئەکەوێت. بەتایبەتی دێهاتە گەورە قەڵەبالغەکان و لەهەر مزگەوتێکیشدا ژوورێک بۆ فەقێ، کە ئەو مزگەوت و ژووری فەقێیانە، لە جیاتی قوتابخانەی ئەم ڕۆژگارە بوون بۆ نموونە،

جێی شانازییە بۆ بابانەکان کە گەورەترین مزگەوتیان لە سلێمانیدا دروستکرد کە ئەویش مزگەوتی گەورەیە برایم پاشا ساڵی ١٧٨٤ز لەگەڵ شاری سلێمانیدا دروستی کرد. جگە لە مزگەوتی حاجی شێخ ئەمین و مزگەوتی تەکیە و مزگەوتی سەی حەسەن و مزگەوتی شێخ بابا عەلی قەرەداغی و خانەقای مەولانا خالید کە ساڵی ١٨١٧ مەحمود پاشای بابان بۆ مەولانا خالیدی دروست کرد و مزگەوتی کانیسکان و مزگەوتی قامیشان کە عەبدوڵڵا پاشا دروستی کردن. بە کورتی یانزە مزگەوت لە سلێمانیدا.

دووەم، بابانەکان لە ڕێزگرتنی ژناندا زیاتر لە ئێرانییەکان و تورک و عەرەب بوون و بەتایبەتی هاوسەرەکانیان. کەمتر ژنی تریان بەسەر هێناون. مەگەر لە ڕووی بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خزمایەتی وەک ئەوڕەحمان پاشا کە خوشکی کەیخسرەو بەگی سەرۆکی جافی هێنابوو هەر بۆیە ژنی ناودار واتا شاژن لەناو بابانەکاندا پەیدا بوو کە دەورێکی بەرزیان لە

ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئەگێڕا. بەتایبەتی لە خزمەتی مەلای مزگەوتەکان و فەقێکان کە یەکێک لەوانە فاتمەخان بوو، کە حەمامی فاتمەخانی بۆ ئەو بەڕێزانە بەتایبەتی دروستکرد تا کۆتایی چلەکانی سەدەی پێشوو ئەو حەمامە مابوو.

هەروەها ژنێکی تری ئەوڕەحمان پاشا دایکی مەحمود پاشا کە میستەر ڕیچ و ژنەکەی باسی ئەکەن کە هەڵساوە بە کاروباری دەبلوماسی و چۆتە بەغداد بۆ جێبەجێ کردنی چەند ئیشێکی وڵات، لای داود پاشای والیی و بەسەرکەوتویی گەڕاوەتەوە، جگە لە بەڕێز خەندان کە ئافرەتێکی شازادەی بابان بوو، ئەوەندە کارمەند و لێهاتوو بوو، بنەماڵەی خەندانی بەناوبانگی لە سلێمانیدا بەشانازییەوە بەو ناوەوە نرا کە بریتین لە پیاوی هەرە گەورەی کورد سەعید پاشای خەندان کە گەیشتە پلەی سەرۆکی شورای دەوڵەت و وەزیری دەرەوەی عوسمانی جگە لە شەریف پاشای خەندان کوڕی سەعید پاشای ناوبراو کە نوێنەری کورد بوو لە کۆنگرەی پاریس ساڵی ١٩٢٠و ئامینەخانی شازادەی میسر هاوسەری بوو.

نامەوێت باسی کەیفان هاوسەری فەقێ ئەحمەدی باپیرە هەرە گەورەی بابانەکان بکەم کە ئافرەتێکی فەڕەنگ- کورد بوو بەتەواوی بکەم[١٧٠] یاخود فەرەنتی[١٧١] کە ئافرەتێکی فەڕەنسی و خێزانی ئەحمەد پاشای دوا میری بابان بوو کە وەک خوالێخۆشبوو مەحمود خاوەر جەنەڕاڵی خانەنشین پێی ڕاگەیاندم ناوی تەواوی frantia La بووە. هەر لە سلێمانی وەفاتی کردووە لە گردێک لە سلێمانی شارراوەتەوە و تا ئەم دواییەش هەر بە گردی فەرەنتی بەناوبانگ بوو. لە کۆتاییدا باسی صالحە خانم[١٧٢]ی هاوسەری سلێمان پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشا ئەکەم، کە مادام یاخود هاوسەرەکەی ڕیچ باسی ئەکات.

سێیەم، مەجلیس و دانیشتنی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی : ئەوی تایبەت بێت بە میرەکانی سەرەتای بابانەکانەوە لە دەقی ئەم کتێبەدا ئاماژەی بۆکراوە. بۆیە لێرەدا بە کورتی باسی کۆبوونەوە و مەجلیسەکانی ئەم دواییەیان ئەکەین، کە هەر لەسەر ڕێوڕەسمی باووباپیرانیان ڕۆیشتوون.

هەر کە ئەحمەد پاشای دوا میری بابان دوورخرایەوە[١٧٣] بۆ ئەستەمبوڵ، هەریەک لە شاعیرە گەورەکان مەلا خدری نالی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و حاجی قادری کۆیی بە شیعر باسی دیوەخانی ڕازاوە و پەرلاخی ئەو پیاوەیان کردووە.

شێخ ڕەزا: قبووری پڕ لە نووری ئالی بابان پرر بە ڕەحمەت بێ
که بارانی کەفی ئیحسانیان وەک هەوری نیسان بوو

١٧٠ چونکە لەمەوپێش باسی کراوە.

١٧١ هەروەها فەرەتیش باسکراوە.

١٧٢ هاوسەری سلیمان پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشا کە لە ساڵی ١٨٢٠دا لەگەڵ میردەکەیدا دانیشتووی بەغدابوون و هاوڕێی مادام ڕیچ بووە سەیری ل٣٥٦ گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠ بکە وەرگێڕانی محەمەد حەمە باقی. چاپی یەکەم ١٩٩٢.

١٧٣ ١٨٤٧- ١٨٥٠.

حاجی قادر: حاکم و میرەکانی کوردستان- هەر لەبۆتانەوە هەتا بابان
یەک بە یەک حافیظی شەریعەت بوون- سەیدی قەوم و شێخی میللەت بوون
لە ڕۆما کەوتە بەرچاوم کەسێکی هایم و حەیران
بەهەیئەت تێگەیم کوردە، بەشێوەی ئەهلی کوردستان
چوومە خزمەتی پرسیم، برادەر خەڵکی کام جێگای؟
لەکام لاهاتووی؟ گریا وتی بابان، گوتم بابان؟
هەروەها شێخ ڕەزا لە شیعرێکیدا بەدیوەخانی مەجید پاشای بابان دا هەڵئەدا لە کفری[١٧٤]

مامۆستای گەورە و سەرۆکی باڵا ڕەفیق حلمی لە یادداشتـدا باسی دیوەخانی عەزمی بەگی بابان لـە سلێمانی ئـەکات کـە گـەورە پیاوانـی شـار و بەتایبەتـی پێش شـەڕی بـەردەرگای سـەرا شەشی ئەیلولی ١٩٣٠ لـەوێ کۆ ئەبوونـەوە، چونکـە عەزمی بـەگ خۆی ڕەئیسـی مەجلیسـی شـار بوو[١٧٥]،

شـاعیری گـەورە و لاهوتـی کـورد بێخـود- مـەلا مەحمـودی موفتـی بـەم جـۆرە نیگەرانـی خـۆی بـە فارسـی در تاریـخ وفـات حمـدی پاشـای بابـان[١٧٦] دەرئەبڕێت[١٧٧]:

سزد گەر مەنگردد تا ابد بر اسمان تابان
که شد در پرد- ناگه افتاب نخبه بابان
سزد گر افتاب افتد بظلمت خانه و ماتم
کەخورشید سمای معرفت در خاک شد پنهان
چو دیشب حمدی پاشا تکیه زد در جنت اعلی
زگوبای قدش اراست یکسر ڕوچه و ڕچوان
ندانم چون کنم وصف سنحاو عدل او یارب
کەبودی حاتم نوشیروانش چاکر دربان
سخن کوتاه کن (بیخود) کەهەنگام و داع امد
به یزدان ڕا سپار ان نونهال گلشن غفران
ز گنجود خرد سال و فاتش خواستم فرمود
(بدی باب حیا گنجینه دین محزن عرفان

م. ئیبراهیم ئەلدروبی باسی دیوەخانی بنەماڵەی بابان لە بەغداد ئەکات ئەڵێت:

١٧٤ مستەفا نەریمان گۆڤاری الحکم الذاتی ژمارە ٦١ سالی ١٩٨٩ ل٧٦-٧٩.
١٧٥ یادداشت ل١٠٩-١١٣ بەشی یەک بەرگی دوو جزمی چوار سالی ١٩٥٦ چاپخانەی معارف- بغداد
١٧٦ بحروف ابجد مصادف کلمه و مرثیه و ١٣٦٠= ١٣٦٠ کۆچ هجری= ١٩٤١ زایین میلادی تاریخ وفات.
١٧٧ دیوانی بێخود مەلا مەحمودی مفتی کۆ کردنەوەی محمد مەلا کەریم چاپی دووەم سلێمانی ٢٠١١ لەلایەن برای بەڕێز کاک کەمال مفتییەوە ڕۆژی ٢٠١٤/٤/٢٢ بە سوپاسەوە پێم گەیشتووە

ئـەم بنەماڵەیـە سـەرۆکایەتی گەلێـک لـە عەشـایەری کـوردی ئەکـرد لـە ژووروی عێـراق و حوکمـی ئـەو نـاوەی گرتبـووە دەسـت بـۆ ماوەیەکـی درێژخایەن کـە لەو ماوەیەدا کاری سـوودبەخش و ئاوەدانـی ئەنجـام ئـەدا لـە شـار و شـارۆچکەکانی ژووروو کـە سـەرچاوەی مێـژوو لـە سـەری نووسـیون.

لەم ڕۆژانەدا ئەوانەی ناسیومانن[١٧٨]

١.حەمدی پاشا کوڕی مەحمود بەگ کە ساڵی ١٩٢٥ بەرەحمەتی خوا چووە.

٢. حەمدی بەگ کوڕی محەمەد پاشای خدیو کە ئێستا لە ئینگلتەرە ئەژی.

٣. جەمیل بەگ کوڕی مەجید پاشا باوکی محەمەد بەگ و ئەحمەد بەگ و مەحمود بەگ.

٤. جەمال بەگ کوڕی ڕەشید بەگ بابان کە چەندەها جار بوو بە وەزیر.

٥. جەلال بەگ.

٦. صـلاح الدیـن بـەگ کوڕانـی ڕۆسـتەم بەگـی بابـان. جـەلال بەگیـش چەندەهـا جـار پۆسـتی وەزارەتـی لـە حکومەتـی عێراقـدا وەرگرتـووە و صـلاح الدیـن ئەندامـی پەرلەمانـی عێـراق بـوو.

م. ئەلدروبـی ئەڵێـت، ئـەم بنەماڵەیـە چەندەهـا دیـوان خانـی زانیـاری و وێژەیـی یـان لـە بەغـداد پێـک هێنـاوە، کـە زانایـان و وێژەوانانـی ڕوویـان تـێ ئەکـردن وەک، سـەی مەحمـود شـوکری ئەلۆسـی و هـۆزان وان حاجـی عەلـی ئەفەندی ئەلوسـی و شـێخ عەبدولوەهـاب النائب.

حەمـدی بەگـی محەمـەد پاشـا. چەندەهـا دەسـتنوسـی مخطوطـە لـە کتێبخانەکەیـدا پاراسـتووە. یەکێـک لەوانـە تاریـخ ممالیـک بغـداد نووسـینی سـلیمان بـەگ فائـق و تاریـخ گلشـن خلفـا و حدیقـە الـزوراو نووسـینی شـێخ ئەورەحمانـی سـویدی.

هەروەها ڕونووسی کتێبی غایه المرام فی محاسن دارالسلام نووسینی یاسین خطیب العمری.

١٧٨ مەبەست زیاتر لە ١٩٠٠ز بەدواوەیە.

بەگشتیی
چی حاڵی بوین لە ساڵەهای بەسەرهاتی ڕابردوو

چاوێک بە مێژووی ئەم وڵاتەدا بگێڕین، هەر لە کۆتایی دەوڵەتی عەباسییەوە لە ساڵی ٦٥٦-٦٥٨ک/ ١٢٥٨ز وە بە دەستی مەغول تاکو سەرهەڵدانی عوسمانی لە ساڵی ١٣٥٤-١٩١٧، شتێکمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە کە بریتییە لە ئاژاوە و پشێوی و گۆڕان نەک لە سێبەری حوکمی عوسمانیدا، چونکە دەوڵەتی عوسمانی خۆی پێویستی بە ئۆقرەگرتن و حەوانەوە بوو، هێجگار دوای وەفاتی سوڵتان سلێمانی قانونی، کە دوا بە دوای ئەو ژمارە سوڵتانێک هاتن هێزەکانی ئینکیشاری لێیان هەڵگەڕابونەوە و دەوڵەتیان بە هەراوهوریای خۆیانەوە خەریک کرد بوو جگە لە خەریک بوونی دەوڵەت بە هۆی ناڕێکی و دژایەتی بۆ ماوەی سێ سەدە بە دەست ئێرانەوە، دوای پەیدابوونی دەوڵەتی سەفەوی کە بە هۆی بڕوای ئایینیەوە زیاتر ڕووی لە عێراق و شارە پیرۆزەکانی بوو. لە هەمووی زیاتر بە یەکدادانی سوپایی و سەرکەوتنی سوڵتان سەلیم لە شەڕی چاڵدێران و دەست بەسەراگرتنی تەورێز لە ئێران و ئینجا هاتنی سوڵتان سلێمانی قانونی و دوبارە داگیرکردنی عێراق ساڵی ١٥٣٤، ئەمانە هەموو باریکیان هێنایە پێش کە دانیشتووانی عێراق هەمیشە لە دڵەراوکێدا بن هەست بەخۆشی و ئەمنییەت نەکەن.

ئەگەر لە ڕووی سیاسیشەوە سەیر بکەین، ئەوەندەمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە، کە سوڵتانی عوسمانی دانی ناوە بەو قەوارە کوردیەی لە ژووروی عێراقدا بوو حوکمیان هەر بە دەست ئەو بنەماڵە کوردیەوە هێشتەوە و حوکمی خۆیی پێ بەخشین و لە ڕووی ئیداریەوە بە والیی بەغدادەوەی بەندکردن.

ئەوە بو ئەیالەی شارەزوور کە لە نیوەی دووەمی سەدەی شانزەدا هەبوو کە بەڕاستی بووبووە ساحەیەکی هەڵسوکەوت و تەراتینی سوپایی و لەشکر کێشی ئێران و عوسمانیش.

بابی عالی جۆرێک حوکمی لە عێراقیشدا هەروەک جۆری حوکمی ولایەتەکانی تری

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دارشتبوو. والیی لە ژوور دەزگای بەڕێوەبەرایەتییەوە بوو. بەگوێرەی ئەو فەرمانەی کە بۆ دانانی دەر ئەچوو، هەر لەوێدا مافی دانانی و لابردنی پاشای کوردستانی پێ ئەبەخشرا، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئاستانە تەنها لە کاروباری گرنگدا نەبێت. کەتخودا جێگری والی، دەفتەردار- سەرۆکی مال، قازی- سەرۆکی داد. میللەتیش هەر کاتێک هەستیان بە لادانی والی لە رێگای دادوەری بکردایە شکاتیان لەلای سوڵتان لێ ئەکرد، زۆربەی جاریش ئەو شکاتە بە لابردن و گۆڕانی والیی و دانانی یەکێکی تر لە شوێنی کۆتایی ئەهات[۱۷۹] لە دەرەوەی بەغدادیش، هەر ئەیالە یان سنجەق حاکمێک لە ڕووی سوپایی و ئابوورییەوە بەڕێوەی ئەبرد، کە ئەوانەش وەک لە جۆری قەزا و ناحیە بوون لەبابەت حاکمی کوردستانیشەوە، نازناوی پاشا هەندێک جاریش میر میران- أمیر الامراء پێ ئەبەخشرا.

وەک لەمەوپێش وترا، والیی هەموو جار هێز و دەسەڵاتی بەسەر هێزی کوردستان یاخود بابانداً نەئەشکا، بۆیە پیسترین و ناشیرینترین ڕێگایان لە فەرهەنگی ئیدارەدا هەڵئەبژارد. والییەکان یەکەیەکە و هەمیشە لەسەری ئەڕۆیشتن کە ئەوەش لە فەرهەنگی سیاسەتی بێ دەسەڵاتی و ئاکاری ناشیرین و نامەردانەدا فرق تسودە واتا بە چاندنی تۆوی ناحەزی سەرکەوتن بەدەست هێنان.

کە ئەمەش بووبوو بە بنەمای سیاسەتی والییەکان. نەک هەر ئەوەندە. بەڵکو، بەلای ئەوانەوە، خۆش گوزەرانی و ژیانی ئاسایی و ئاسودەیی لای والییەکان و بگرە لای بابی عالیش زەرەرە بۆ ئەوان و تیاچوونی سەری ئەوانی تیایە. ئەوە بوو ئێرانیەکانیش بە هەمان ڕێگادا ئەڕۆیشتن لە هەڵسوکەوتیاندا لەگەڵ ولاتی باباندا، هەر بۆیەش شەڕ و پێکدادان لەبەینی میرەکانی کورد و فارسەکان و مەمالیک دا کۆژانەوەی نەبوو.

ئەوەندەی لەمەوپێشیش بۆمان دەر کەوت هەندێک لە والییە مەمالیکەکانی بەغداد بە زۆری لە سایەی هێزی بابانەکاندا ئەگەیشتنە سەر تەختی وەزارەت و ولایەت و هەر لە سایەی بابانەوە ئەیانتوانی بەرەنگاری ئێرانیش ببنەوە.

ئەم پێشەکیەمان هێنایەوە، بۆ ڕونکردنەوەی ئەو سیاسەتە دژوارە دوور لە هزر و لۆژیکەوە، کە دژی حوکمی بابان لە کوردستاندا پەیڕەو ئەکرا لەلایەن والییەوە. لە پڕێکدا پاشای بابانی بەبێ هیچ هۆ و بەڵگەیەک لا ئەبرد هەر بۆ شەڕ هەڵگیرسان و ئاساییشی ناوچە تێکدان. برایەکی ئەو پاشایە یا خزمێکی دوور یا نزیکی لە جێگا دائەنا، بەوە پاشای لابراوی والێ ئەکرد کە ڕووبکاتە ئێران، لەشکری ئەوان بێنێت حەقی خۆی بسەنێتەوە.

بێگومان ئێرانیەکانیش ئەمەیان پێ خۆش بوو، بۆ ئەوەی ئەوانیش لوت بژننە کاروباری میرایەتی بابانەوە. ئینجا والیی لەشکری خۆی ئەنارد بۆ دەرکردنی سوپای ئێران. ئەم هەراوهوریایە بەردەوام لە خاکی کوردستاندا دووپات ئەبووەوە، بە هۆی خۆ گیڤکردنەوەی والیی سەرەرای تەماع و بەرتیل و گەندەڵی، لەولاشەوە لوت ژەنینی ئێران لە کاروباری

۱۷۹ ئەمەش بە بنچینە دیموکراتیەتێک هەندێک جار دائەنرا.

کوردستانی بابان و هەولّی ڕاکێشانی بابان بەلای خۆیاندا، ئەو بابانەش کە زۆربەیان پیاوی گەورە و دڵسۆز و نیشتمانپەروەر وەک سلێمان پاشای گەورەی قەلاچوالان و ئیبراهیم پاشا و مەحمود پاشا و ئەوڕەحمان پاشای باوکی و زۆری تر، کە لە شوێنی خۆیاندا ناویان هاتووە ئینجا دەستە و تاقمی چاو لەدوی دوور لە دڵسۆزی و نزیک لە خۆفرۆشیەوە، کە هەمیشە لە خزمەتی دوژمندا دژی پیاوە دڵسوزە نیشتمان پەروەرەکان بوون. سوپاس بۆ خوای گەورە، کە ئەوانە کەم بوون و لە ژمارەی پەنجەی یەک دەست تێ نەئەپەرین، لەژوور هەموویانەوە عەبدوڵڵا پاشای کوڕی مەحمود پاشا و بڕای ئەوڕەحمان پاشا، خالید پاشای ئەحمەد پاشا واتا برای برایم پاشا. ئینجا سلیمان پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشا و دوانی تر، نەرمتر لەو سیانە کە لە شوێنی خۆیاندا ناویان براوە.

بێگومان خوالێخۆشبوو حسێن ناظم بەگ ئەو وتوویژ و دیالۆگەی بەینی نادر شا کە بە ناپلیونی شرق بەناوبانگ بوو وە سەلیم بەگی بابان- یاخود سەلیم پاشا، هەر کە لەشکری نادر شا بە کوردستاندا بەرەو موسڵ و بەغداد تێپەڕی و سەلیم بەگ کە ئەو کاتە کار بەدەستی بابان بوو، ڕێی بە لەشکرەکە گرت و تەقەی لێکردن و ڕێی نەدان. کە ئەمەش لە دەوروپشتی ١٧٥٠-١٧٦٠دا بوو. نادر شای تۆقێنەر و لوت بەرز، ناردی بە شوێن سەلیمدا، ئەویش بەبێ سڵەمینەوە چووە بەردەمی نادر شاە، هەرچەندە چەند کەسێکیشی لە قەرەوڵی لەشکرەشی کوشتبوو بەڵام پیاوانە بەبێ ترس و لەرز ڕاست چووە بەردەمی و زیرەکانە و بەوپەڕی بوێرییەوە وەڵامی لەجێی قسەکانی یەک بە یەک داوەتەوە پێویست ناکات لێرەدا، جارێکی تر، دووپاتیان بکەینەوە چونکە لە شوێنی خۆیدا، دووروودرێژ نووسراوە.

سەلیم بەگ بێ ئەوەی کە بیر لەوە بکاتەوە کە لەگەڵ پیاوێکی هەرەمەکیدا نادوێت. بۆیە لە ئەنجامدا نادر شا توانی بەلای خۆیدا ڕایکێشێت. ئەویش ناچار ئەوەی قبوڵ کرد. فەرموون بۆ نموونە لەوەڵامێکی نادر شا، وەڵامی سەلیم چی بووە؟ وتوێەتی لە پێناوی ئەوەدا کە پەردە لە ڕووی ئەو ڕاستیە ئەزەلییەی وا لە پەندەکەی خوالێخۆشبوو سەعدی شیرازی دایە کە دەڵێت، "وامەزانە هەموو دارستانێک چۆڵە، لەوانەیە دارستان، هەبێت پڵنگی خەوتووی تێدابێت."

منیش تاکو پەردە لەسەر ئەو پەندە بەرزە هەڵمالم و بیخەمە بەر نیگای شاهانەتان ئەو بوێرییەم بە ناچاری نواند.

لێرەدا ئایا سەلیم لەکام دەستەدا؟ لەگەڵ گەورە پیاوانی بابان و دڵسۆزەکانیان دائەنرێت؟ یان خۆفرۆشەکان؟ یاخود لەبەینی هەردوو لادا؟ بیرکردنەوە گەرانییەوە بۆ دانتی ئیتاڵی ١٢٦٥-١٣٢١ کە یەکێک بوو لە پێشەواکانی ڕێنیسانس. بۆ کومیدیا یەزدانییەکەی کە ناوەرۆکەکەی بریتییە لە بیروڕای کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەلسەفی قوول و پڕ مانا.

ئەو کۆمیدیایەی بە شیعر هۆنیوەتەوە و بەخەیاڵ گەیشتۆتە ئەوە دنیا قیامەت، کە دابەشبووە بە سێ شوێن:

١. دۆزەخ.
٢. خاوێنگە. (المطهر).
٣. الفردوس (بەهەشت).

دانتی شاعیری ڕۆمانی کۆن فرجیل ٧٠-٩٠ پ.ز کردۆتە نیشاندەری ڕێگای خۆی و قۆناغ بە قۆناغ بردوویەتی تا لە بەهەشتدا بەدیداری باتریسی خۆشەویستی خۆی شاد ئەکات. بەڵام کومیدیا کە لەناوەڕۆکدا تیژترین ڕەخنەی ئەدەبی دژی کەنیسە و پیاوانی کەنیسە و دڵڕەقی و چاوچنۆکیان گرتووە لە سرودێکی کومیدیاکەدا و لەناو کڵپەی ئاگری دۆزەخدا چاوی بەو قەشە و پاپایانە ئەکەوێت کە وەختی خۆی قەوڵەی خوالێخۆشبوویان فرۆشتوە کە صکوک الغفران بوو.

مایەوە سەر بەشی دووەمی ئەوە دنیاکەی کۆمیدیا کە المطهر – خاوینگە کە فەرمان ڕەواکانی ڕۆمانی کۆنی خستوتە ئەوێوە چونکە ئەوانە هەرچەند بت پەرست بوون بەڵام لە کاتی خۆیاندا بەو پەڕی دڵسۆزییەوە خزمەتی وڵاتیان کردووە، ڕێگای بەدڕەوشتی و بەرتیل خواردن و گەندەڵیان نەداوە، کە وا بوو لە پاپاکان چاکتر و بەرەو ژوورتری داناون.

ئێمەش بگەڕێینەوە سەر سەلیمی کۆڵ. بێگومان پاشاکانی تری بابان هەریەکە لە چاک و دڵسۆز و لە خراپ و دڵڕەق بەرامبەر بە گەل و نیشتمانەکەیان شوێن و جێگایان دیاری لای گەل و ئێمەش ئاماژەمان بۆ هەردوو لا کردووە. سەلیمیش لە وتووێژەکەیدا لەگەڵ شایەکی غەدداری پیاو کوژی چنگ بە خوێنی وەک نادر شا، بەو جۆرە بەو نیشتمانەیەوە نازیوە، کە باوباپیری بۆیان بەجێ هێشتووە و بەو ڕاشکاویەوە وەڵامی نادر شای داوەتەوە. ئەبێت شوێنی ئەو کوێ بێت؟

مامۆستا نەوشیروان ئەڵێت، سەلیم ماوەیەکی درێژ هەوڵیدا، سەنگی نێوان ڕۆم و عەجەم ڕابگرێت و سوود لە ناکۆکی هەردوو لا وەربگرێت بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ بەڵام سەرئەنجام بە هاندانی عادلە خان ژنی والیی پێشوو ملی کرا بە پەتا. ل ١٢-٨٣ مێژووی سیاسی. ئێمەش ئەڵێین،

سەلیم بە هۆی ئەوەوە کە هەر چاوی لە پاشایەتی بابان بوو، لەو ڕێگایەدا تووشی هەڵەی گەورەگەورە بوو، یەکێک لەوانە بە هاندانی ئەو، دووجار کەریم خانی زەند لەشکری نارد سەر قەڵاچوالان و شەڕی دوانزە سوارەی مەریوان قەوما، بەڵام بە شکستی ئێران و سەرکەوتنی بابان و دوانزە سوارە کۆتایی هات. هەروەها وەک م. نەوشیروان ئەڵێت، لەناو میرەکانی بابان تەنیا سەلیم بەگی کوڕی بەکر بەگ خۆی لەگەڵ نادر شا سازاند، ئەویش دوای ئەوەی نائومێد بوو لە توانای بەرهەڵستی ئوردوی نادر شا. ل ٧٧ مێژووی سیاسی.

لە ئەنجامدا، سەلیم پەشیمان بووەوە. دەست بەرداری ئێران بووەوە، چووەوە بەغداد، لەوێ بەیانی پەشیمان بوونەوە و داوای لێبوردنی لە والی کرد ئەویش لێی خۆش بوو، بەڵام عادلەخانی ژنی سلێمان پاشای والیی. چونکە مردنی باوکی بە نەخۆشی لە گەڕانەوەی لەشکرکێشیەکەی

بەرەو بەغداد و وەفاتی لە دەلی عەباس. هەمووی سەلیمی بە هۆکاری ئەو لەشکرکێشیە ئەدایە قەڵەم ڕقی تەواوی لە سەلیم هەڵگرت و تا بەخنکاندنی نەدا وازی نەهێنا.

دەی سەلیمی نەگبەت خۆت بدایە بە دەست بابانەکانی خزمتەوە لەو والییە دڕندە بێگانانە بۆ تۆ شەریف تر نەبوو. تۆ لەشکر کێشیت لە بابانەکانی خزمت کرد، داوای لێبوردنت لەوان بکردایە، بێگومان ڕۆژت بەو ڕۆژە نەئەگەیشت.

منیش شوێنی سەلیم ئەهێڵمەوە بۆ بڕیاری میژوونووسان و دادپەروەران و ڕۆشنبیرانی بەڕێزی گەلەکەم. ئێنجا دێمە سەر شوێنی ئەو والییە دڕندانەی کە چەندجار منارەی کەللە سەریان لە کەللە سەری سوپا و گەلی کورد لە دەربەندی بازیان دروست کردەوە.

ئەو کەسانە خۆیان و لەژوور ئەوانەوە، سوڵتانەکانیان کە خۆیان کردبوو بە خەلیفەی ئیسلام و ئەمیر ئەلمومینین و دەستە و دایەرە هەرە پیسەکانی دیوانی هەمایون وەک حالت ئەفەندی.

ئینجا ئەو مەلایانەی لای خۆمان، کە لە شەڕی بابان لە کۆیە دژی عوسمانی و لە شەڕی حەمە پاشای ڕەواندز دیسانەوە دژی عوسمانی، کە فەتوای تەڵاق کەوتنی ئەو سەربازە هەژارە. تێنەگەیشتوانەیاندا ئەگەر چەک دژی هێزی خەلیفەی پێغەمبەری ئیسلام هەڵبگرن هاوسەرەکانیان لێ حەرامە. بەو جۆرە دوو میرایەتی گەورەی کورد، میرایەتی بابان و میرایەتی سۆران یان بە گورگان خواردودا ئەوانە هەموو جێگایان وەک پاپا قەوالە فرۆشەکان و پیاوە خراپەکانی کەنیسە. جێگایان هەموو جەهەننەم و بئس المصیرە نزای ڕەحمەتیش بۆ سەلیمی پڵنگی دارستانەکانی بابان و بۆ گشت میرە دڵسۆزە نیشتمانپەروەرانی کورد و بابان.

بەسەرکردنەوە و نشێکردنەوەی باری سیاسی. ئابووری و ئایینی ڕۆژگاری میرایەتی بابان

پێشوونیان وتوویانە، ئاڵتون بەمحەک، پیاو بە ئیش تاقی ئەکرێتەوە، بێ لایەنی حیادیش لە لێکۆڵینەوەی دوای خوێندنەوەدا دەرئەکەوێت. ئەوانەی کە ڕووداوی مێژوو ئەخوێننەوە زۆرجار هەر بەشێک یان لایەکی ئەو باسە ئەخوێننەوە. وەک سەیری کۆشکێکی بەرزی چوارگۆشە بکەن، کە بریتیە لەچەند لایەک کەچی تەنها سەیری لایەکی بکەن و لایەنەکانی تری پشت گوێ بخەن.

لە ڕاستیشدا سەیر کردنی، بەشێک لە هەر شتێک نەک سەیرکردن و خوێندنەوەی هەمووی، عادەتێکی سروشتی مرۆییە، کەمتر یا زیاتر لە هەر تاکێکی کۆمەڵ یا زۆربەی ئەو کۆمەڵە، بەگوێرەی کات و شوێن ئەگۆڕێت. ئەوەی ئەمەوێ بیڵێم، کە وا کۆمەڵگا- مجتمع دەستی بەسەر مرۆدا هەر لە منالیەوە زاڵە و ڕای ئەکێشێت لە ڕووی بیروباوەڕ و ئایین و بۆچوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سۆز و بیرکردنەوەوە.

ئیتر خۆشی بێت یان لای خۆش نەبێت، بەمەیش ئەو کەسە وا ئەزانێت کە ئەو حەز و ئارەزووەی، لە خودی خۆیەوە هەڵقوڵاوە و خۆی هەڵیبژاردووە، نازانێت ئەوە لە کاریگەریی ژینگە کەیەوەیەتی. هەر تەنها بۆ نموونە گریمان یەکێک لە بەسرە ئەژی نەک لە سلێمانی تێڕوانین و بیرکردنەوەی جۆرێکی تری. کە وا بوو کاری کۆمەڵگا و ژینگە و دەوروبەر بۆ سەر مرۆ، خاڵێکی دیار و ئاشکرا و کاریگەرە.

عێراقی ئەوساش هەموو کەسێکی بگرە هەموو تاکێکی پابەندی ئەم بنەمایە بوون. ئەو دوو خاڵەی کە لە کۆمەڵگای ئەوسای عێراقدا زیاتر ڕوون و ئاشکرابوون:

یەکەمیان، ململانێی تورک و ئێران و ئەو ناکۆکییە ڕەگەز پەرستیەی کە شیعە و سوننەی بەدوای خۆیاندا ڕایان ئەکێشا.

دووەمیان، هێزی زۆرینەی ڕەوەندەکان البدو کە لە دەشتایی عێراقدا کوردستانی لێ

دەرچێت بـڵاو و بـەکار بـوون.

ئـەم دیمەنـەش ئەوەنـدەی پەیوەنـدی بـە ئێرانـەوە هەبێت، زوربـەی خەڵک وا ئەزانـن کـە شیعەگەری گوایە لـە ئێرانـەوە هاتۆتـە عێراقـەوە و بڵاوبۆتـەوە، کـە چـی لـە ڕاستیدا بـە پێچەوانـەوە لـە عێراقـەوە یەکسـەر چۆتـە ئێرانـەوە و بـڵاوەی کردووە. واتـا ئەوسـا بـەزۆری ئێرانییـەکان سـوونـنە و خەریکـی زانسـت و فێربوونـی عیلـم بـوون تاکـو لـە ئەنجامـدا بارێکـی کۆمەڵایەتـی سـەیر هاتـە کایـەوە، ئـەوەش ئـەوە بـوو زوربـەی شـیعە لـە عێراقـدا پەیـدا بـوون کـە عەرەبـن. بـەڵام زۆری زاناکانیـان و مامۆستاکانیان ئاخونـی ئێرانیـی بـوون.

ئینجـا بێینە باسـی دەوڵەتـی عوسـمانی کە لـە سـەدەی حەوتـی کۆچیدا لـە تورکیـا سـەری هەڵدا. ئەوێش بـەرەو عێراق و باقـی وڵاتـە عەرەبیـەکان ڕووی ئەنـا، تاوەکـو دەوڵەتـی صەفـەوی لـە ئێراندا پەیدابوو.

هـەر لـەو کاتەشـەوە عێـراق بـوو بـە شـوێنی لەشکرکێشـی و زۆرانبـازی بەینـی هـەردوو دەوڵـەت ئێران و عوسـمانی و بۆ ماوەی زیاتر لـە سێ سـەدە بـەردەوام بـوو، هەرچەندە ناکۆکی تایەفەگـەری لـە عێراقـدا پێـش ئـەوەش، هـەر لەسـەر هەڵدانـی ئیسـلامەوە هەبـووە. بەتایبەتـی لـە سـەردەمی عەباسـییەکاندا.

دکتۆر عەلی الـوردی لێرەدا ئەڵێت[180] ئەو کاتـە دانیشـتوانی عێراق شـتێکی وایان لـە سیاسـەت وەک نیشـتمانپەروەری و نەتەوایەتـی و سـەربەخۆیی... نەئەزانـی تەنهـا دەمارگیـری مەزهەبـی نەبێت... هەروەهـا ئەڵێت، عێراقییـەکان لـە سـەردەمی حوکمـی عوسـمانیدا لـە ئـاکاری ڕەوەندایەتیـەوە نزیکتـر بـوون تاکـو ئـاکاری ئیسـلام[181]،

چونکـە فەرقێکـی زۆر لەبەینـی هـەردوو ڕەوشـتەکەدا هەبـوو. لای ڕەوەنـدە بـدو دەمارگیریـی و هێـرش و تۆڵـە و تاڵانـی و دەخالـەت و ژن کوشـتن بڵاوبـوو. بـەڵام ئیسـلام ئەمانـەی هەمـوو نەهێشت ئیتر بەکورتی لـە هیچ ڕۆژگارێکی. لەوەوپێشترا ئـاڵا و ئـاکاری ڕەوەند بدو بـەو جۆرەی وەک سـەردەمی عوسـمانی لـە عێراقـدا بڵاونەبووبـووەوە، ئەوێـش بەهـۆی ئـەوەوە کـە دەوڵەتـی عوسـمانی خۆی بـەرەو گۆڕ ملـی ئەنا، جگـە لـەوەی کـە هەمیشـە سـەرقاڵی ناکۆکییەکـەی بـوو لەگەڵ ئێراندا و ئـەم بەزمـە لـە بەینیاندا هێـور نەبـووەوە تـا نیـوەی سـەدەی نۆزدەیـەم و وا دیـارە هـەر لـەو کاتەشدا هەمـوو دانیشـتوانی عێراق یـەک ملیۆن و چارەکـە ملیۆنێک بـوون و ژمـارەی دانیشـتوانی شـار کەمتـر و عەشـیرەت ژمارەیـان لـەوان گەلێک زیاتـر و سـەرکێشـیان زۆرتـر بـوو.

لەمەوپێش وتمـان کـە دەوڵەتـی عوسـمانی لـە کۆتایـی سـەدەی سـیانزەی میلادی حەوتـی کۆچـی دامـەزرا. بـەڵام دوای دوو سـەد سـاڵ واتـە لـە سـەردەمی حوکمـی سـوڵتان سلێمانی قانونیدا سـاڵی ١٥٣٤ ئینجـا عێراقیـان داگیـر کردوو ڕووداوی سـەیر و سـەمەرەی ئایینـی و نەتەوەیـی و مەزهەبـی تیـادا پەیـدا بـوو، کـە لـە دەوڵەتانـی کۆن و نوێـی ئـەو سـەردەمەی جیـا ئەکاتـەوە. وەک بڵاوبوونەوەی

---

١٨٠ لە ل١٣ بەرگی یەک لمحات اجتماعیە من تاریخ العراق الحدیث.

١٨١ لاپەڕە (١٧) لمحات بەرگی یەک.

بڕوای بەکتاشی و پێکهێنانی سوپای ئینکیشاری و پەیدابوونی مەمالیک و داگیرکردنی زۆر وڵات لەوانەش هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپا و داگیرکردنی قوستەنتەنیە- ئەستەمبول کە ئەوسا لەژێر دەستی ڕۆمانییەکاندا بوو هەر خۆشیان دروستیان کردبوو، لەلایەن محەمەدی فاتیحەوە ڕۆژی ٢٩ئایاری ١٤٥٣ داگیر کرا. هەر لە دەوروبەری ئەم کاتەشدا بوو، کە دەوڵەتی سەفەوی لە ئازەربایجانی ئێران و لە سەرەتای سەدەی شانزەی ز سەدەی دەی کۆچی لەلایەن ئیسماعیلی سەفەوییەوە وەک دەوڵەتێکی بەهێز سەری هەڵدا بە جۆرێک عێراق و ماوراء النهر و بەشێکی زۆری لەقەفقاسی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. هەر ئەم ئیسماعیلە ساڵی ١٥٠٨ز بەغدادی داگیر کرد، دوای داگیرکردنی بەغداد بەچوار سال سوڵتان سەلیمی یاوز- خوێن ڕێژ هاتە سەر تەختی سەڵتەنەتی عوسمانی و ناوی خۆی نا پێشەوا و پارێزەری سوننە و سەرەتا فەرمانی لەناوبردنی شیعەیدا، کە نزیکەی حەفتا هەزار پیاو و ژن و منداڵی لێ کوشتن لە ٢٤ی ئابی ١٥١٦ پەلاماری شام و لە ١٣ی نیسانی ١٥١٧ میسری داگیر کرد، دوای سەلیم کە لە ساڵی ١٥٢٠ وەفاتی کرد و سلێمانی کوڕی شوێنی گرتەوە، کە پیاوێکی دادپەروەر و بەرەحم بوو تەواو بە پێچەوانەی باوکییەوە بوو.

بەڵام ئەویش لە وڵات داگیرکردندا هەر بەردەوام بوو. سەرەتا بەلوغراد و دوای ئەوە ڕێگای بۆ کرایەوە بەرەو ئەوروپای ناوەڕاست لە ١٥٢٦دا لە شەڕی موهاج بودابستی داگیر کرد و ئیتر ترس لە ئەوروپادا پەیدا بوو. ساڵی ١٥٣٤ بەغدادی داگیر کردەوە بەڵام هەرگیز ڕێی بە تاڵان و زۆرە ملێ و کوشتن نەئەدا.

ئەم پێشەکییەمان نووسی، بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز لە سەردەم و ڕۆژگاری دراوسێ و کاربەدەستانی ئەو کات و زەمانە ئاگادار بێت کە میرنشینی بابانی تیادا ئەژیا.

لە ڕووی ئیداری و سیاسییەوە، میرنشینی بابان بە فەرمی و بەگوێرەی خەریتەی ئیداری وەک لیوا، پارێزگای ئێستا سەیر ئەکرا و کۆیە و حەریر بەسنجەق واتە قەزا، ناحیە و...

قەرەداخ جارجار بە ناحیە و جاروباریش بە قەزا و هەندێک جاریش لەوە زیاتر حسابی بۆ ئەکرا، چونکە ئەو ئەمیرەی کە نیاز وا بوو بە میری وڵات دابنرێت، لە سەرەتادا ئەنێررایە قەرەداخ بەینێک لەوێ ئەمایەوە، دوای ئەوە ئەکرا بە میری وڵات یاخود حاکمی وڵاتی بابان.

میر: بە پادشا ناو ئەبرا. میری گەورە وەک ئەورەحمان پاشا پلەوپایەی میری میرانی ئەدرایە واتە شاهنشا.

پاشای بابان وەک وتمان لە ڕووی ئیداریەوە سەر بە والی بەغداد بوو. هەر لەلایەن ئەویشەوە دائەنراو لا ئەبرا. جگە لەوە ئەگەر دەوڵەت، دەوڵەتی عوسمانی پێویستی بە یارمەتی بوایە لە کاتی ڕوبەڕووبوونەوەی جەنگدا. والیی داوای لە پاشای بابان ئەکرد بۆ کۆمەک و پشتگیری، ئەویش خۆی بە لەشکرەوە، یاخود هەر لەشکری ئەنارد، جاری وا هەبوو، ئەگەر خۆی نەچوایە لەگەڵ لەشکرەکەی والیی ئەمەی بە لوت بەرزی دائەنا و دەستی ئەکرد بە بیانووگرتن یاخود بە لەشکر کێشیی بەرامبەری.

سالیانە: ئەبوایە هەر سالێک چەند کیسەیەک پارە بنێررایە بۆ بەغداد و لەوێشەوە پێشکەشی ئاستانە بکرایە. جاری وا هەبوو والیی لە ناردنی سالیانە یاخود بوجە خۆش ئەبوو، بۆ ئەوەی پاشای بابان ئەو پارەیە بۆ پێویستی سوپا لە ڕم و شیر و قالغان و تفەنگ و گوللەو پێویستی تری شەڕ، وەک سلێمان پاشای ئەبو لەیلە. لە ناردنی بوجە بۆ چەندەها سال خۆش بوو تاکو سوپای بابانی پێ بەهیز بکات بەرامبەر بە دوژمن.

لە ڕووی سیاسیشەوە: ئیتر لەو خالانەی سەرەوە بترازێت پاشای بابان بۆ بەڕێوەبردنی ولاتەکەی سەربەست بوو لە هەموو ڕوویەکەوە. لە ڕووی داراییەوە و بۆ بەڕێوەبردنی میرنشینیەکەی، ئەبوایە ئەویش یارمەتی بدرایە، تاکو سالیانەی بنارداید بۆ بابی عالی لە ڕێی والییەوە جگە لەوە، بۆ پاراستنی ولات لە پیاو خراپ و دوژمن و بۆ بەرتیل دان یاخود دیاری پێشکەشکردن بە ئێران کاتێک کە والیی بەغداد لوت بەرزی ئەنواند و شەڕی بە پاشای بابان ئەفرۆشت و بۆ گەلێک پێویستی تر وەک کڕینی تۆپ و گوللە تۆپ و بەکارهێنانی لە شەڕدا.

ئەم یارمەتیەش لە ڕێی سەرۆک عەشرەتەوە پێشکەشی دەزگای پاشای بابان ئەکرا، بۆ نموونە کەیخسرەو بەگی سەرۆکی هۆزی جاف بەم ئەرکە هەڵئەستا. بۆ یارمەتی و بەزۆری ئەو شەڕانەی لە ولاتی بابانداید ئەقەوما هەر بەهۆی لوت بەرزی یاخود بیانوو گرتن یاخود زیادەڕۆیی والییەکانی بەغدادەوە جاروباریش بەهۆی دەستدرێژی ئێرانەوە و بیانوو پێگرتن و لەشکرکێشی دژی ولاتی بابان، زیاتر بۆ لوت ژەنە کاروباری ئەو ولاتەوە کە هاوسنوور بوون کە ئەم تێکەڵی سنوورە ئەو پەڕی تەگەرەی دروست ئەکرد.

بە بۆچوونی من، هەمو کاتێک لەو زەمانەدا ئێران بە دوژمن دانانرێت، چونکە بە دۆستایەتی بوایە یاخود لە ڕێی بەرتیل و دیارییەوە ئێرانییەکان زوو بە هانای بابانەکانەوە ئەچوون کە داوای یارمەتیان لێ بکردنایە دژ بە والییەکانی بەغداد کە ئەوانیش لە ئەنجامی ئەو بێ عەقڵی و نالەبارییەی زۆربەیان، هەر بە کوشتن دوا ڕۆژیان کۆتایی ئەهات.

وەک وتمان شوێن و خەریتەی ولاتی بابان، هەر تەنها ئەو تەنگ و چەڵەمە هەمیشەییە نەبوو بەس بۆ میرنشینی بابان. بەڵکو بە ئاشکرا و ڕاست و یەکسەر کاری سەرەکی ئەکردە سەر، سەربەخۆیی و ئازادی و تەگەرە لە پێکهێنانی حکومەت یاخود قەوارەیەک کە زۆربەی میرە دڵسۆزەکانی بابان هەوڵیان بۆ ئەدا و لیستێک هەر لەم کتێبەدا بەناویانەوە پێشکەش کراوە هەر لەفەقێ ئەحمەد و بەبە سلێمان و بەکر بەگ بەکرە سوور و سەلیم بەگ و سلێمان پاشای کوڕی خالد پاشا و ئەوڕەحمان پاشا و مەحمود پاشا و ئەحمەد پاشای دوا میری بابانەوە، کە ئەمانە هەموو بە بەڵگەنامەوە ئاماژەمان لەمەوپێش بۆ کردوون. هەروەها ئاماژەمان بەلیستێکیش بۆ ئەو بابانانە کردووە، کە دژی میر و میرایەتیەکەی خۆیان بوونەتەوە و دەستیان لەگەڵ دوژمن و بێگانەدا تێکەڵ کردووە لەشکریان هێناوەتە سەر نیشتمان و میرنشینەکەی خۆیان. پەندی پێشینانە چەم بێ چەقەڵ نابێت هەر لەسەر ئەم قەوانە کە دەرزیەکەی کول بووە و ئەو بێ ئاگایانە لە مێژووی بابان و ئەو نەزانانە. با مێژووی کورد و مێژووی بابان بخوێنەوە و ئەوسا

قسەبکەن و پای خۆیان دەر بڕن. با بنەماڵەیەکی هەزار ساڵەی وەک بابان بەبێ بەڵگەنامە بەدنا و نەکەن. بێگومان هەموو ئەو میرنشینانەی کە لەم کتێبەدا ناومان بردون و ئەو حوکمدار و کاربەدەستانەی ئەوسا و ئێستای کوردستانیش هەمویان وەک ئەڵێن فریشتە نەبوون. هەموویان دڵسۆز نەبوون قسە کە گۆشتی پێ نەگرم، گۆشتی پێ کەم بکەم، بۆچی بیکەم؟

بەکورتی، بابان هەوڵیان زۆردا بۆقەواڕە یاخود حکومەت دروستکردن بەڵام سەرنەکەوتن. هەروەها پەندی پێشینان ئەڵێت کوێر تاکو ئەمرێت هەر بە تەمای چاوە. ئێمەش لەو لایەنەوە زۆر گەش بینین.

کورد بە درێژایی مێژوو بە هەوڵ و تەقەللای خۆی و لە سایەی خوا و چیا و پاڵەوانەکانییەوە هەر ماوە و هەر ئەمێنێت و بە ئامانج و ئاواتی خۆی هەر ئەگات، دوور لە گەندەڵی و شەڕ و بەزمی منصب و دۆلار و کۆشک. میللەت نامرێت.

پیرەمێرد،

خوا بیدا و قەدری یەکتر بزانین- دەستی یەک بگرین، ڕوو لە ئاسمانین
هەرچی بۆ بەرزی، وەتەن تێکۆشێ- کاڵای شانازی مێژوو ئەپۆشێ
لە قوبیەی بەرزی سەر وڵاتەوە- کردەی مەردییە، دەنگ ئەداتەوە.

باری ئایینی لە ڕۆژگاری بابانەکاندا

بڕوا ناکەم لە جیهانی ئیسلامیدا میللەتێک هەبێت لە کورد زیاتر پەیوەندی بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە بە هێزتر بووبێت بەڵام هەر کەسە بەگوێرەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و پلەی تێگەیشتن و کارسازی وبۆهەڵسووڕانی خۆی.

مزگەوت لە هەموو شارۆچکە و دێهاتی کوردستاندا کە نەختێک بەخۆوە بووبن هەبووە هەر ئەو مزگەوتانە و ئەو حوجرانەی فەقێکان و ئەو مەدرەسانە، ئەو زانا گەورانەیان پێگەیاند. هەر بۆ نموونە ئەم جاریش ناوی تەنها شێخ مارفی نۆدێ و مەولانا خالیدی نەقشبەندی و موفتی زەهاوی ئەبەین کە لە عالەمی ئیسلامیدا دەنگیان دابووەوە. جگە لەو خزمەتەی میرەکانی بابان و خانمانی بابان پێشکەشی فەقێ و مەلا و زانایانیان ئەکرد. بەکورتی خەوەکەی لالەسەرحەدی ڕوغزایی کە گوایە بەخوای گەورە و پێغەمبەری ئیسلامەوە دیویەتی و لە گەڵێک سەرچاوەدا بڵاوکراوەتەوە[١٨٢] ئایینی بەهێز و خۆشەویستی کوردێکی سەربەهۆزێکی کورد، بۆ هاوڕێیەکی خۆی گێڕاوەتەوە، ئەوە ئەو پەڕی سۆز و دڵسۆزی ئەو پیاوە کوردە ساکارە پیشان ئەدا. بەرامبەر بە خالقی خۆی و بە پەیامبەری ئیسلام.

لە بابەت هەردوو ڕێبازی قادری و نەقشبەندی لە ڕۆژگاری بابانەکاندا و لە ڕێی حەزرەتی شێخ مارفی نۆدێ و حەزرەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بۆ ئەو ڕۆژگارەی کوردستان، وەک پێویستییەکی ئایینی بەناو خەڵکدا خۆیان فەرزکرد، بەڵام بەداخەوە پێشبڕکێ و بەر بەرەکانی ناو مریدە ساکارە نەخوێندەوارەکانیان وەک حیزبایەتی ئەمڕۆی لێهات و لە ئەنجامدا سەرنەکەوتن، هەرچەندە نەقشبەندییەکان زیاتر پەرەیان سەند و ڕێبازەکەیان زیاتر بڵاوبووەوە و لە بابەت قادرییشەوە سەیری الشیخ معروف النودهی نووسینی شێخ محەمەدی خاڵ بکە.

---

١٨٢ وەک ڕشتەی مرواری و کتێبی گاڵتەوگەپی پیرەمێرد، کە کاکەی فەلاح لە چاپی داوە و نووسەری ئەم کتێبە کە لە گاڵتە و گەپ و دانسقەی کوردەواریدا سالی ٢٠١٠ لەلایەن ئینستیوتی کە لەپوری کوردەوە بڵاو کردۆتەوە.

باری کۆمەڵایەتی وڵاتی بابان

سەرەتای کاروباری کۆمەڵایەتی لە میر بوداقی کوڕی ئەبدالّەوە کە ئاماژەم پێ کردووە دەست پێ ئەکەم کە شەرەفخانی بەدلیسی نووسیویەتی و منیش لەمەوپێش هەر لەم کتێبەدا نووسیومە و پێویست بەدووبارەکردنەوە ناکات.

مستەر ڕیچ کە ساڵی ١٨٢٠ هاتۆتە سلێمانی و سێ مانگ زیاتر ماوەتەوە، لە یادداشت نامەکەیدا، دوور و درێژ باسی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە و پلەی ژن لە کوردستاندا ئەکات،

مستەر ڕیچ لە لاپەڕە ٩٨دا باسی ئەندامانی ئەنجومەن ئەکات کە چون بە پیر ڕیچ و ژنەکەیەوە کە بۆ یەکەم جار لە ١٠ی ئایاری ١٨٢٠ داخڵی سلێمانی بوون، هەموو بە سواری وڵاخ و بەسەرکردایەتی عوسمان بەگ برای مەحمود پاشا، کە سواری ئەسپێکی عەنزەی عەرەبی بووە. لە دواییدا ئەڵێت، کە لە کۆشک هاتمە دەرەوە، ئەسپێکی جوان و پۆشتەم بۆ هاتبوو وەک دیاریەک لەلایەن پاشاوە.

بێگومان ئەنجومەن مەبەستی لە پیاوە ناسراوەکانی شار لە گەورە پیاوان و دنیا دیدەکان بووە بە بۆچوونی من ئەنجومەن بە گشتی ئەبێت بریتیی بوو بێت لە بەڕێزان مەحمود مەسرەف و کۆڕەکانی، عومەر ئاغا کە ناوی زۆر دووپات ئەبێتەوە بەتایبەتی ئاکاری بەرز و زیرەکی و زانیاری گشتی، دوای ئەوان خزمانی بابان و سەرۆکی عەشرەتەکان و لەپێش هەموویانەوە کەیخسرەو بەگی جاف.

بە هەرحاڵ ئەسپ و وڵاخی جوان و باش لەو ڕۆژگارەدا لە شوێنی ئۆتۆمبێلی مرسیدس و فۆرد و شۆفرلێتی ئێستا بوون.

نیشان شکاندن بەتفەنگ و دەمانچە، هەروەها شیر وەشاندن بەتایبەتی لە لبادی دوو سێ جار قەد کراو، زۆرانبازی و یاری کردن بە تۆپی ئاسن و هەڵگرتنی، ڕمبازی بە وڵاخی عەنزە و عوبێدی و پێشبڕکێ، ئەمانە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا شانازییان پێوە ئەکرا و جارجار پاڵەوان و پسپۆڕییان لە دەرەوەی وڵاتەوە ئەهێنا بۆ فێرکردن و مەشق پێکردن، وا دیارە عوسمان بەگ

بـرای پاشـا لەمانـەدا تـەواو بـەکار و ئـازا و نیشـان شـکێن بـووە. ئـەم پاڵـەوان بازیانـە کـراوە کـە توانـای بەرگری ڕۆڵەکانی کورد پێ بەهێزتر بکرێت بۆ هەموو کاتێک و زیاتر بۆ ڕۆژی خۆی.

لـە شـوێنێکی تـری گەشـتەکەیدا مسـتەر ڕیـچ باسـی ئـەو شـاییە دەکات کـە بەخۆگۆرینێکی وا چۆتـە شـوێنی شـاییەکە، کـە ئەڵێت، پۆلـێ ئافـرەت کـە ٣٠ کـەس ئەبـوون، هاتنـە حەوشـەکەوە و دەسـتیان گـرت و لەسـەرخۆ، ڕێـک و پێـک هەڵئەپەڕیـن. ئەمانـە بەبـێ ڕووبەنـد و بەگێـز و گوڵنکـە و خشـڵ و کراسـی ئاوریشـمی ئاڵـووالاوە، لەوپـەڕی خـۆ گۆڕیـن دابـوون، لـە ڕاسـتیشـدا دیمەنێکـی زۆر ڕەنگیـن بـوو. بەڵکـو بـەلای منـەوە شـتێکی تـازە بـوو چونکـە هێشـتا لـە خۆرهەڵاتـدا ئافرەتـم نەدیـوە بەتایبەتـی خانمەکانیـان بـەو سـەربەسـتییەوە، بەبـێ ڕووبەنـد، تێکەڵـی پیـاوان ببـن، تەنانـەت ئافرەتـی عەرەبێش ئەوەندەی ئەمـان، لـەم مەیدانـەدا سـەربەسـت نین. چونکـە ئـەوان زۆرتـر خۆیـان ئەپێچنـەوە[١٨٣]

هـەروەهـا ئەڵێت، ئافرەتەکانـی لای کەیخسـرەو بەگیـش ڕووبەنـد پەچەیـان نـە ئەگرتـەوە. تەنانـەت لەپێش چـاوی پیاوەکانی دەستەکەشماندا و ئەڵێت:

کاتێـک هاوسـەرەکەشـم چـو بـووەوە بـۆ سـەردانیان لـە ڕەشمـاڵەکانیاندا، ژمـارەی پیـاوی بەقەدەر ژمـارەی ژنـەکان لەناویانـدا دی بوو[١٨٤]

هـەر لـەو شـوێنەدا باسـی ئازایەتـی ئافرەت ئـەکات ئەڵێت، "فەیزوڵـلا فەنـی هاتـە لام کـە پیاوێکـی زرنگـە و لـە میکانیکـدا دەسـتێکی بـاڵای هەیـە. باسـی ئۆرگۆنێکـی بـۆ کـردم کـە خـۆی دروسـتی کردبـوو. هەندێ ئـاوازی تورکـی و فارسـیش فێر بووبـوو. پێـی لـێ ئـەدا... دوای ئەمانـە و لەکاتـی ڕۆیشـتنمدا وتـی ئەمەوێت شـتێکت نیشـان بـدەم. بانگـی نۆکەرێکـی کـرد و ئەوێـش هـات و لێـی پرسـیم، ئاخـۆ هیـچ شـتێکی نامـۆ لـەم نۆکەرەمـدا بـەدی ئەکەیـت؟ منیـش پێـم وت نەخێـر و سـەرباری ئـەوەش پێـم وت، هـەر کـۆرێکـی چاپـوک ئەبینـم. وتـی ئـەوە کـۆڕ نییـە و ئازایەتیەکەشـی لـە ژوور ئازایەتـی پیاوەوەیـە هێشـتا کچیشـە، جارێـک تورکێـک ویسـتبوی دەسـتی بـۆ درێـژ بـکات ورگـی هەڵدڕیبـوو[١٨٥]"

---

١٨٣ ل٢٨٩ و ٢٩١ گەشتی ڕیچ محەمەدی حەمە باقی.

١٨٤ ل٢٩١و٢٩٢ هەر ئەو سەرچاوەیە

١٨٥ ل٢٩٢- پەراوێزی (٦) سەرچاوەی پێشوو.

بارى ئابورى و بازرگانى

مستەر ڕیچ لە یاداشتنامەکەیدا کە لە بەغدادەوە لەگەڵ هاوسەرەکەی و بەکۆمەڵ هاتوون بەرەو سلێمانی. لە ڕێگا لە توز خورماتو بیری نەوتی دیوە، کە خەڵکەکە لێیان هەڵێنجاوە بۆ قوتیلە و بۆ ئاگرکردنەوە.

لام وا بێت ئەوە سەرەتای پەی بردنە بە بوونی نەوت. ئەوسا کە نەوتی کەرکوک بابا گورگور هێشتا بەتەواوەتی، هەروەها نەوتی کوردستان ناویان بڵاونەبووبووەوە. بەڵام بە هەر حاڵ بە شێوەیەکی گشتیی نەوتی کوردستان لە خەریتەی ڕۆژئاوادا ئاماژەی بۆ کرابوو. بۆیە کە حکومەتی عێراق ساڵی ١٩٢٢ پێک هات، ئەو هەموو هەوڵ و تەقەللایەی شێخ مەحمودی نەمر بۆ پێکهێنانی حکومەتی کوردستان بە ئەنجام نەگەیشت و یەکسەر ئینگلیز لەبەر خاتری نەوت کوردستانی نووسان بەو حکومەتەی عێراقەوە.

بەکورتی نەوتەکەمان نە ئەوسا و نە ئێستا کە بەدەست خۆمانەوەیە میللەت خێری لێ نەدی و ئومێد ئەکەم لە پاشەڕۆژدا و بەرەی داهاتوومان خێری لێ ببینن.

بە هەموو لێکدانەوە و شیکردنەوەیەکی سیاسی و ئابووری، ئەمە داری ئینگلیزە بەگیانمانەوە، کە وەکو گەلانی تری سەر ڕووی زەمین لەم سەدەی بیستویەکەشدا کیان یاخود قەوارە و حکومەتێکمان نییە، ئینجا دوای ئینگلیز خۆشمان بەهۆی یەک نەگرتن و تەماع و پارە و چاولە منصب... و سەرنەکەوتنی حیزبەکانمان و یەکنەگرتنیان، تا ئێستا بەهیچ نەبوین.

مستەر ڕیچ کە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی وردبینە لە باسی بەرهەمی وڵاتی باباندا کە ساڵی ١٨٢٠ هاتۆتە سلێمانی و بەچاوی خۆی موقعی ئەم بەرهەمانەی دیوە لە دانەوێلە، گەنم و جۆ و چەڵتوک (برنج)، نیسک و نۆک، گەنمەشامی و کزن و کونجی و ڕەشکە و شملی و ماش.

لە ئاژەڵ و بەرهەمەکانیان، مەڕو بزن و گا و مانگا، ڕۆن و کەرە و دۆ و ماست و پەنیر، پێستە، خوری، هەنگوین.

بەرهەمی جۆراوجۆری تێکەڵاو، وڵاخی بەرزە، ماین ئەسپ، ئێستر، بارگیر، کەر.

ئینجا دێتە سەر بازرگانی سلێمانی ئەڵێت[١٨٦] بارزگانییەکی ئەوتۆنەبوو، چونکە بە شێوەیەکی گشتی، تایبەت بوو بەنێوانی سلێمانی و شوێنە دراوسێکانی وەک:

تەورێز، مانگی جارێک کاروانێک بەرەو تەورێز ئەچێت، بەڵام بە ڕێکوپێکی نییە. لەو سەرەوە ئاوریشمی خاوو شتی تر دێننەوە. ئاوریشمە خاوەکە ئەنێررێت بۆ بەغداد. ئاوریشمەکەی تر هەر لە کوردستاندا بەکار ئەهێنرێت.

لەم سەریشەوە، خورما، قاوە و ئەو شتانەی تر لە بەغدادەوە دێت ئەهێننەوە ئەوێ.

ئەرز ڕۆم، بەڵای کەمەوە سالانە کاروانێک لە سلێمانیەوە بۆ ئەرز ڕۆم ئەچێت، خورما و قاوە و شتی تر ئەبات. لەوێشەوە، ئاسن، مس و هێستر دێننەوە.

هەمەدان و سنە: لەم دوو شارەوە مانگی کاروانێک دێت و لەگەڵ خۆیاندا، ڕۆن و میوەی وشک و هەنگوین دێنن و لەنزیک دەریای قەزوێنیشەوە پۆڵا ئەهێنن.

کەرکوک: بازرگانیی لەگەڵ کەرکوکدا هەمیشە بەردەوامە، لەوێوە، پێڵاو و هەندێ کوتاڵی لۆکەی ئەستور ئەهێنن، لەسلێمانیەوە، نیسک و نۆک و ماش و پاقلە و ترش و برنج و ڕۆن و هەنگوین و مازومەڕ و مالات ئەبەن.

موسڵ: لەگەڵ موسڵیش بازرگانی بە هەر شێوەیەک بێت بەردەوامە، لەوێوە پێڵاو، غوترە قوماشێکی سپی تەنکە و خام و کوتاڵی هەمەڕەنگ و بەرهەم هێنراوی شام و دیاربەکر و شوێنی تریش ئەهێنن. لەسلێمانیشەوە، مازو و شتی تری بۆ ئەچێت.

بەغداد: بازرگانی لەگەڵیا بەردەوامە، لەوێوە خورما و قاوە و کوتاڵ و بەرهەم هێنراوی هندستان و ئەوروپا دێت. لەسلێمانیشەوە، پاقلە و نیسک و نۆک و ماش و توتن و پەنیر و ترش و کەتیرە و سابونی ئاسایی- سابونی پیو ئەچێت بۆ بەغداد[١٨٧].

بێگومان، ئاڵوگۆڕی شتی تریش لە بەیندا ئەکرا وەک بردن و هێنانی ولاخ ئەسپی عەرەبی لە عەرەبستانەوە ئەهێنرا، ئێستر، بارگیر، مەڕوبزن، خوێ، توتن، کەتیرە، گەزۆ، لباد، بەڕە، پێستە بەزۆری. دار بۆ دارەڕا، باسوق، سجوق، گوێزی هەورامان... (ج. ب)

١٨٦

١٨٧ سابونی بەزی: پێ ئەوترا، لە گەڕەکی سابونکەران دروست ئەکرا.

پیشەسازی

لە سەردەمی بابانەکاندا، کارگە (معمل، مصنع) نەبووە. بەڵام لە سۆران سەردەمی حەمەپاشای ڕەواندز کە وەستا ڕەجەبی بەناوبانگ نێررا بۆ ڕوسیا. لەوێ فێری دروستکردنی تۆپ مدفع بوو هاتەوە. چەند تۆپێکی دروست کرد. من خۆم بە چاوی خۆم یەکێکیانم لە المتحف العسکری لەسەر شەتی دجلە لە ناوچەی الکسرە لە بەغداد دیم، تۆپێکی درێژ بۆییەکی ڕەش کرابوو لێ نووسرابوو کە لە سەردەمی میری ڕەواندز محەمەد پاشادا سالی... لەلایەن وەستا ڕەجەبەوە دروست کراوە بەعەرەبی). بەڕاستی زۆر پێخۆشحال بووم بەدیتنی ئەو تۆپە. دوای ئەوە کەوتمە لێکدانەوە، تۆ بڵێی مامەیارەی خۆشمان کە تۆپچی سەردەمی ئەحمەد پاشای بابان و دوا میر بوو. مامەیارە بۆ ڕاهێنان و مەشق پێکردن لەسەر تۆپ دروستکردن و تۆپ هاویشتن و بەکارهێنانی، نێررابێت بەلایەکدا وەک وەستا ڕەجەب بۆ ڕوسیا یاخود بۆ فەرەنسا چونکە ئەحمەد پاشا ڕێک بوو لەگەڵ فەرەنسیەکان و شەڕەکەی کۆیە لەگەڵ عوسمانیەکاندا کە مامە یارە لێپرسراوی تۆپخانەی بابانەکان بوو لە تۆپ هاویشتن وازی نەهێنا تاکو هەرچی گوللە تۆپی مابوو بەکاری هێنا. تۆ بڵێی مامە یارەش وەک وەستا ڕەجەب ئەگەر میرنشینی بابان سالی ١٨٥٠ کۆتایی پێ نەهاتایە و بمایە، ئایە تۆپێکی دەستکردی مامەیارەمان ئەوسا ئەدی یان نا؟ "ئاش لە خەیاڵێک و ئاشەوان لەخەیاڵێک!"

هەر لەم کتێبەدا باسی سلێمان پاشای کۆڕی خالید پاشا سلێمان پاشای قەڵاچوالانمان کرد، کاتێک لە ئێرانەوە گەڕاوەتەوە بۆ سەر تەختی پاشایی لە قەڵاچوالان، چەند وەستایەکی هونەرمەندی لە ئێرانەوە لەگەڵ خۆیدا هێناوە بۆ قەڵاچوالان، یەکێک لەوانە وەستای دروستکردنی بارووت بووە[١٨٨] ئەوسا ئەو بارووتە بۆ تفەنگی دروستکراو لە کوردستاندا بەکار هاتووە. بیستومە تفەنگ بەشێکی لای خۆمان و بەشەکەی تری لە دەرەوەی وڵات هاتووە و لێرە یەک

١٨٨ سالی ١٩٥٢- ١٩٥٣ مدیری ناحیەی خورمال بووم. دروستکردنی ڕێگا لە ئەحمەدئاواوە بۆ سەرچاوەی زەڵم پێ سپێررا. نیمچە شاخێک ڕێگر بوو. پاڵەپەکی هەورامی بارووتی لە ڕێقنە تەیری ئەشکەوت تێکەڵاو بەگوگرد بۆ دروستکردین و بە کەپسول ئەمان تەقان تا ئەوشاخەمان لەسەر ڕێگاکە تەخت کرد، بەڵام بەداخەوە کوڕەکە چاوێکی لەدەست دا. ئەو ڕێگایە سەردەمی عومەر عەلی کە پارێزگار بوو١٩٥٤ تەواو کرا

گیر کراون وەستا حسێن چەخماخسازی بەناوبانگ بە حسکە لە ڕۆژگاری بابانەکاندا بووە و تفەنگی دروست کردووە.

هەر بۆ کاروباری کشتوکاڵ، لە سەردەمی بابانەکاندا بەو ئاسن و پۆڵاو مسەی لە ئەرز ڕۆم و هەمەدان و شوێنی تری ئێرانەوە ئەیانهێنا. لە ئاسن بێل خاکەناز، تەور، تەوراس، تەوری جەنجەر دروست ئەکرا. لە مس سینی و مەنجەل و لە پۆڵا حەوجۆش دروست ئەکرا. لەو شیشی ئاسنانەی کە لە دەرەوە ئەیان هێنا، بەو شیشە لە تەختە پەنجەرەیان دروست ئەکرد و شوشەیان لە دەرەوە ئەهێنا. ئەم معلوماتەم لە خوێندنەوەی ئەو سەرچاوانە دەست کەوتووە، کە وەختی خۆی بە دەستم گەیشتوون.

کاری عیلمی زانستی، ئەم کارە لە گەشتەکەی ڕیچ ڕۆژی دەی حوزەیرانی ١٨٢٠دا دەر ئەکەوێت، کە ئەڵێت، پاشا مەبەستی مەحمود پاشایە فەرمانی بەئەستێرەناس منجم باشیدا کە لە سەر شێوەی خۆرهەڵاتیانە نەخشەیەکی جیهانیم بۆ دروست بکات خەریتەی عالەم. ئەویش دروستی کرد و دای پێم، لە ڕاستیدا نەخشەیەک بوو باش دروست کرابوو.

لە یادی ١٠ی ئایاردا ئەڵێت، وا دیار بوو ئەم بەیانییە ئەو ڕۆژە بوو، کە ئەستێرە گرەوەکان لایان باشبوو کە داخڵی پایتەختی میربم و لەوێ پێشوازی ڕەسمیم لێ بکات.

بێگومان وا دەر ئەکەوێت کە بەگوێرەی جوڵانەوەی ئەستێرە تا بۆیان کرابێت جوڵاونەتەوە، کە ئەمە عیلمێکە ئەمڕۆ دوای دوو سەدە لەو ڕۆژگارەدا زیاتر بەکار ئەهێنرێت و بڕوای پێ ئەکرێت.

کاری زەڕەنگەری، لە پێنجوێندا هەندێک بنەماڵەی جولەکە هەبوون. بازرگانیی پێستە و مازوو شتی تر ئەکەن. کاری زەڕەنگەریش ئەکەن. بێجگە لەوە جولەکە لە قەڵاچوالان و قەرەداغ و هەڵەبجەش هەبوون.

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و کورد[189]

عوسمانی لە کۆتاییی سەدەی ١٣دا دامەزرا و بە یەکێک لە گەورەترین دەوڵەتە ئیسلامییەکان لە مێژوودا دەژمێردرێت، لە ١٤٥٣ز عوسمانییەکان قوستەنتەنییەی پایتەختی بێزەنتییەکانیان گرت، بەم سەرکەوتنە مێژووییەشیان ئیمپراتۆریەتی بێزەنتییان لەناوبرد. لە سەدەی پاشتر دەوڵەتی عوسمانی گەشەی کرد و بەرفراوانتر بوو تا توانی هەندێ بەشی هەر سێ وڵاتی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا، باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا ڕۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفەریقا بگرێت.

ئیمپراتۆری عوسمانی لەمیانی پەرەسەندنیدا بەرەنگاری کریستیانەکانی ڕۆژئاوا بووەوە و بەناوی بڵاوکردنەوەی ئیسلامەتی دەستی بەسەر وڵاتەکانیاندا گرت. پاشتر کە زانستی لە ئەورووپا گەشەی کرد، ئیتر عوسمانیەکان هێدی هێدی لە بەرامبەریان شکستیان خوارد و تا لە سەدەی ١٩دا ناوی پیاوە نەخۆشەکەی ئەورووپا Sick Man of Europeی لێ نرا. بەڵام هێشتا ئەو پیاوە نەخۆشە توانی تا سەدەی بیستەمیش خۆی ڕابگرێت، ئینجا لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەزی و پارچە پارچە بوو نەما. مستەفا کەمال لە ١٩٢٣، کۆماری تورکیای ئیستای لە شوێنی دامەزراند.

عوسمانییەکان لە سەرەتادا لەگەڵ کورد یەکیان گرت، چونکە کورد لە ١٥١٤، لە شەڕی چاڵدێرانی باکووری ڕۆژهەڵاتی ڤان، یارمەتیی سەرەکیی عوسمانییەکانیان دا و وایان کرد سەفەوییەکان ببەزێنن. لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا بوو، کە سنووری نێوان ئێران و دەوڵەتی عوسمانی کێشراو ئەو سنورە تا سەدەی ٢٠میش، هەر وەک ئەو سەردەمە مابووەوە. زۆرینەی کورد وە ژێر دەستی عوسمانییەکان کەوت و تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆیی هەبوو. بەڵام لە سەدەی ١٩ دەوڵەتی عوسمانی سیاسەتی خۆی بۆ حوکمێکی ناوەندی گۆڕی و هەموو میرنشینە سەربەخۆییەکانی کوردی لەناو برد. ئەو کوردانەی مانەوە فارسەکان کۆنترۆڵیان کردن. چونکە کورد کەوتبووە سەر سنووری ئیمپراتۆریەتی فارسی و عوسمانی، بۆیە هەمیشە ڕۆڵی سەرەکی لە شەڕەکانی نێوان هەردوو ئیمپراتۆرییەکەدا هەبووە و هەمیشە زیانی هەرە

---

١٨٩ فەرهەنگی مێژووی کورد- مایکل گەنتەر

گەورەی ئەو شەڕانەش هەر لە کورد کەوتووە.

لە ئەنجامی بێهێزی و کزیی دەوڵەتی عوسمانی، هەستی کوردایەتی گەشەی کرد، بەڵام سەرکردەکانی کورد نەیانتوانی گەلەکەیان یەک بخەن و سوود لەو هەلە وەربگرن کە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بۆیان ڕەخسابوو، تا ئێستاش هەندێک لە مێژوونووسان مشتومڕی ئەوەیانە ئایا شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران بزووتنەوەیەکی کوردایەتی بوو، یان ڕاپەڕینێک بوو داوای گەڕانەوەی سیستەمی خەلیفایەتیی دەکرد. ئەوەی کە گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە زۆر لەوانەی هەستی کوردایەتیان هەبوو، بۆ ئەوەی نەهێڵن شێخ سەعیدی پیران سیستمی ئیسلامی بگەڕێنێتەوە، نەیان هێشت خێڵەکان پەیوەندی بە شۆڕشەکەیەوە بکەن.

ئەورووپا ئێستا هەوڵی زۆر دەدا بۆ ئەوەی دەست لە کاروباری تورکیا وەر بدات و وا بکات کە حکومەتی ئەنکارا ملکەچی هەندێک لە داخوازییەکانی گەلی کورد بێت و دان بە بوونی ئەو گەلە لەو وڵاتەدا بنێت. هەندێک لە چاودێران وای بۆ دەچن کە ئەو فشارەی ئەورووپا دەیکات بۆ ئەوەیە، هێدی هێدی تورکیا لاواز بکەن و لە کۆتاییدا ڕێگە بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی خۆش بکەن. تورک نکۆڵی لە بوونی گەلی کورد لەو وڵاتەدا دەکات، ئەمەش بە پێی ئەو بنەمایە ئیسلامییەیە کە عوسمانییەکان پەیڕەویان دەکرد و دەیانگوت ئیسلام یەک میللەتە، ئەمەش بە ڕاستی لەگەڵ بنەمای سێکولاریزمی دەوڵەتی کەمالیی تورکیا ناگونجێت. بۆیە تورکیا تەنیا دان بە هەندێ لە مافەکانی کەمینە نا موسڵمانەکانی وڵاتەکەدا دەنێت. ئەمەش بە تەواوەتی لەگەڵ دەقی پەیمانی لۆزان ١٩٢٣ دەگونجێت. ئەو پەیمانە هیچ بەندێکی سەبارەت بە کورد تێدا نییە و هیچ ئاماژەشی بۆ نەکردووە، کە چی پەیمانەکەی سێڤەر ١٩٢٠ ویستی ئۆتۆنۆمی، یان سەربەخۆیی بۆ گەلی کورد مسۆگەر بکات.

دەوڵەتی عوسمانی چۆن بەتوندی هەڵسوکەوتی لەگەڵ گەلی کورد دەکرد، پاشی ئەویش هەردوو دەوڵەتی سوریا و عێراق کە میراتگری دەوڵەتی عوسمانین، بە هەمان شێوەی توند گەلی کورد سەرکوت دەکەن و لە هەمان کاتیشدا ترس و گومانیان لە برا گەورەی مەلا مستەفا بارزانییان هەبوو لە سێدارەیان دا، گومانەکەشیان ئەوە بوو کە ڕەنگبێ شێخ عەبدولسەلامی بارزانی هاریکاری ڕووسییانی کردبێت، ئەوەی ئاشکراشە ئەوەیە، کە هەمیشە دوژمنانی گەلی کورد، تۆمەتی ئاوها بێبەها وە پاڵ سەرکردەکانی کورد دەدەن، بۆ ئەوەی بە دڵی خۆیان چ سزایەکیان گەرەک بێت بەسەریاندا بسەپێنن و بیانکوژن.

عوسمانی و سەفەوی و پەیوەندییان بەم باسەوە[190]

باسەکەی ئێمە کە میرنشینی بابانە لە ڕووی جوغرافیاوە ئەو میرنشینە ئەکەوێتە سەر سنووری بەینی هەردوو وڵاتی عوسمانی و ئێران.

بمانەوێت و نەمانەوێت وەک لێرەدا ئەخوێنینەوە کاری ڕاستەوخۆ و یەکسەرییان، بەتایبەتی عوسمانیی کە میرایەتی بابان لە ڕووی ئیدارییەوە، ڕاستەوخۆ سەر بەوان بوو. لە زۆر سەرەوە ئەگەر نەڵێین لە هەموو ڕوویەکەوە کاریان لەسەرمان بووە.

بۆیە بە پێویستم زانی زانیاریەکی چڕ و پڕ لە بابەت ئەو دوو دەوڵەتەوە پێشکەش بکەم بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز، کە دێتە سەر خوێندنەوەی میرنشینی بابان، هەندێ زانیاری لەبابەت ئەودوو بەرداشەوە هەبێت کە ئەم لاولای سەرانسەر[191] وڵاتی بابانیان تەنیوە.

کتێبەکەی دکتۆر عەلی الوردی بەهەر شەش بەرگەکەیەوە زانیاری باشمان ئەداتێ لەم ڕوەوە و[192] لە زۆر چەمکی تریشەوە.

دکتۆر وەردی ئەڵێت، "ئەو مرۆییەی لە ژینگەیەکی دیاریکراودا گەورە ئەبێت، بیری زیاتر بە بڕوای ئایینی و حەز و خۆشەاتی سیاسی و ڕووکاری پڕ سۆزیی ئەو شوێنە خۆش ئەبێت و ئەگەشێتەوە. ئەو کەسەی لە کۆمەڵگایەکی داخراویشدا بژی، هەموو شتێک بەو تەرازووەی ئەو کۆمەڵ و ژینگەیە ئەکێشێت کەتیادا ژیاوە و گەورە بووە."

کە وا بوو گرنگترین دیاردەی کۆمەڵگای عێراق لە سەرەتای ڕۆژگاری عوسمانییەوە تا ئەگاتە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە، بەو جۆرەی ئاماژەمان پێدا گەورە بوو. هەر بۆیە ئەوەی

---

۱۹۰ عوسمانی تورکیای ئێستا ، کە بە سوڵتان و باب العالی و جاروبار بە خەلیفە و أمیر المؤنین. ناو ئەبرێت جگە لە ڕۆم یاخود ڕۆمییەکان کە بە زۆری لەناو مرۆی ئەم دواییەدا بەکار ئەهات.
سەفەوی، بە صەفەوی ئێران و عەجەم. شا. قاجار... ناو ئەبات.

۱۹۱ وەک مامۆستا نەوشیروان ئەڵێت، میرایەتی بابان لەبەینی بەرداشی ڕۆم و عەجەمدا.

۱۹۲ لمحات أجتماعیه من تأریخ العراق الحدیث. دار و مکتبه المثنی.

زیاتر لەو ماوەیەدا دەر ئەکەوێت لەناو کۆمەڵگای عێراقی دا ئەم دوو خاڵە گرنگەیە:

یەکەم، ململانێی بەینی تورک و ئێران لە سەر عێراق و ئەو هەرا و پێشبڕکێیەی لە ئەنجامی زۆرانبازی و ڕقەبەری بەینی شیعە و سونەدایە.

دووەم، کاریگەری دەستدرێژی و هێرشی عەشرەتگەری لە عێراقدا. دوای ئەم پێشەکییە کورتە، هەر بە پشتیوانیی کتێبەکەی دکتۆر وەردی باسی ئێران و شیعەگەری ئەکەین. لە پێشەوە ئەوە لای هەموان ڕوون و ئاشکرا ئەکەین وەک وەردی ئەڵێت شیعەگەری لە عێراقەوە گوزاراوەتەوە بۆ ئێران نەک لە ئێرانەوە هاتبێتە عێراق و ئەڵێت، ئێرانیەکان بەزۆری سوننی مەزهەب بوون تاکو سەدەی دەی کۆچ شانزەی زایینی، ئەوسا لە سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەفەوییەوە ئێران داخڵی شیعەگەریی بوو.

پێش ئەوە ژمارەیەکی کەم شیعەمەزهەب لە شارەکانی قوم و نیسابوردا هەبوون. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، کۆمەڵگای ئێران ئەوسا بەڵای زانین و زانیاری دا بە جۆشتر بوون و پێخۆشحاڵ تر بوون.

پەیدابوونی دەوڵەتی سەفەوی

د. عەلی وەردی ئەڵێت، لە ناوچەی ئازربایجانەوە جوڵانەوەیەکی سۆفیگەری کە بریتی بوو لە جموجوڵی سەفەوی دوا بە دوای داگیرکردنی قوستەنتەنیە دەستی پێ کرد و ئەڵێت ڕێبازی سەفەوی لە سەرەتاوە هیچ فەرقێکی وەهای لەگەڵ ڕێبازی بەکتاشی دا نەبووە، چونکە ئەمیش ڕێبازێکی تێکەڵاو سۆفیگەری و شیعەگەری دوانزە ئیمامی کە دەرویشەکانی بە قزڵباش ئەناسران، واتا فیست سوورەکان کە فیستەکانیان دوانزە قەدبوون کە ئەمە ئاماژەیە بۆ دوانزە ئیمامەکان.

لە سەرەتای سەدەی شانزەی زایینییەوە، جوڵانەوەی سەفەوی بە سەرۆکایەتی گەنجێکی تەمەن سیانزە سال دەستی پێ کرد کە ناوی ئیسماعیل بوو، کە توانی لە ماوەی چەند ساڵێکدا، دەوڵەتێکی بەهێز لە ئێراندا دروست بکات و سنووری فراوان بکات، عێراق و ماورا والنهری بخاتە پاڵ هەر بۆیە ساڵی ١٥٠٨ز عێراقی داگیرکرد و بڵاویکردەوە، کە پێویستە جنێو بە هەرسێ خەلیفەی ئیسلام لەوانەی سونەن[١٩٣] بدرێت. کەسێکی زۆری کوشت و گۆڕی ئەبوحەنیفەی هەڵتەکان و فەرمانی دا لە بانگدان (حی علی خیر العمل) لە هەموو ئێراندا بووترێت و لە سەر پارەی سکەش ناوی (علی وێلە) هەڵبکەنرێت. دوای ئەوە دەستی کرد بەبوونیادنانی (حرمی کاظمین) و (المسجد الکبیر)و نووسینی ناوی هەر دوانزە ئیمامەکە لەسەر منارەکان.

---

١٩٣ واتا ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان.

ئەفراندن، یاخود هێرشیان ئەبردە سەر وڵاتەکانی ئەورووپا و لەو سەرەوە بە ژمارەیەکی زۆر لەو منداڵە فڕێنراوانەوە ئەگەڕانەوە. ناویان نابوون دیوشرمە- المقطوفین- لێکراو، کۆکراوە ئەم منالانەیان ئەخستە قوتابخانەی تایبەتییەوە کە وەک سەربازی ئیسلامی پێبگەیەنرێن و پەیوەندی لەگەڵ هەموو لایەکدا ببڕن و لەجیهاندا جگە لە دین و دەوڵەت و کوشتن و لە ڕێگادا کەسی تر نەناسن. بۆیە پیاوە گەورەکەی سۆفی بەکتاش ناوی ئەوانەی نا یەنی چەری- سوپای نوێ ئەم ناوە بە (عەرەبی) گۆڕڕا بۆ ئینکیشاری. هەر بەم جۆرە ئەم سوپایە بەسترا بە ڕێبازی بەکتاشیەوە و هەر کەتیبەیەکی سوپا. شێخێکی بەکتاشیان وەک ئیمامی تابور لە گەڵدا دائەنان ناویان نابوون بابا، بۆ ڕێ پیشاندانی سەربازەکان و فێرکردنی داب و نەریت و پێڕەوکردنی ڕێبازی بەکتاشی، چونکە بە بڕوای سەربازەکان هەموو سەرکەوتنێکیان لە شەڕدا بەخێر و بەرەکەتی حاجی بەکتاشەوە بوو. ئینجا با بزانین ئایا بیروباوەڕی بەکتاش لەکوێوە هەڵقوڵاوە؟

د. عەلی وەردی ئەڵێت[١٩٤]، بیروباوەڕی بەکتاش تێکەڵاوە لە سۆفیگەری و شیعەیەتی. بڕوایان بەهەر دوانزە ئیمامەکە هەیە و کۆڵەکەی پەرستنیان عەلی کوڕی ئەبو تالیبە کە حەقیقەتی یەزدانی لەودا بە دەر دەکەوێت. جگە لەوەی بڕوایان بەغەیبونی ئیمامی دوانزە و چاوەڕێی دەرکەوتنی ئەکەن. لە لێقەوماواندا بانگی عەلی ئەکەن.

ئینکیشاری شوێن پێیەکی گەورە و فراوانی هەیە لە هێز و پەرەسەندنی دەوڵەتی عوسمانی و سەرکەوتنی لە ئەورووپادا. بۆیە خەڵک زۆر ڕووی تێ ئەکرد و هەر بەردەوامبوون، تا ئەو کاتەی تەتەر بەسەرکردایەتی تەیموری لەنگ سالی ١٤٠٢ز ڕایماڵین. کە سوڵتان بایەزیدی یەکەم بەرامبەریان وەستا و بەڵام تێکشکا و یەخسیرکراو لە دواییدا مرد.

لە ئەنجامی ئەوەدا، دەوڵەتی عوسمانی پارچە پارچە بوو بە چەند میرنشینی بچوک بچوکەوە. تا سوڵتان محەمەدی فاتح سەری هەڵدا سالی ١٤٥١ز ئەو توانی قوستەنتەنیە داگیر بکات. کە نزیکەی هەزار سال پایتەختی دەوڵەتی بیزەنتی و بە پاریسی سەدەکانی ناوەڕاست ناوی ئەبرا. سوڵتان موحەمەدیش لە ئەنجامی فەتحی قوستەنیەدا بە فاتح ناونرا.

جەنگی چاڵدێران، ئاگری ئەم شەڕە لەبەینی سوپای سەفەوی و لەبەینی سوڵتان سەلیمی عوسمانی دا هەڵگیرسا لە سالی ١٥١٤زدا و چاڵدێران شوێنێکی نزیک تەورێزە لە ئێران. ئەنجامی شەڕەکە بە سەرکەوتنی لەشکری عوسمانی کۆتایی هات.

سالی ١٥١٦ ز چونکە یەکێکی مەملوکی کە ناوی قانصور الغوری بوو، کە حوکمی مصر و شامی ئەکرد و لەوە پێشتریش گرێبەستێکی لەگەڵ شای ئێراندا مۆر کردبوو، لە هەمان کاتدا پەیوەندی لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی بڕیبوو، بۆیە سالی ١٥١٦ سوڵتان لەشکری نارد سەر و سوپای هەردوو لا لە مرج دابق ڕووبەڕووی یەک بوونەوە کە شوێنێکە نزیک حەلەب، بە هۆی بەکارهێنانی تۆپەوە کۆتایی بە سەرکەوتنی عوسمانییەوە سالی ١٥١٧ی زایینی هات و کە هەر لەو ساڵەشدا قاهیرە داگیرکراو سەرۆکی مەماڵێکیش کە حاکمی میسر بوو گیراو لە ئەنجامدا هەڵواسرا.

١٩٤ لمحات. د.علی الوردی.

لەم کاتەدا پیاوێک لە نەوەی عەباسییەکان لە میسر مابووەوە ناوی محمد المتوکل علی الله بوو، گوایە وازی لە حەقی خۆی لە سەڵتەنەت داهێناوە بۆ سوڵتان سەلیم لە خەلافەتی ئیسلامدا. هەر بەو بۆنەیەوە، هەرچی جێماوێکی پیرۆزی پێغەمبەر کە لای مابووەوە وەک بەیرەق و شیر و بورده و کلیلی حەرەمەین هەمووی تەسلیم بە سوڵتان سەلیم کردبوو، بۆیە لەو کاتەوە هەموو سوڵتانێکی عوسمانی نازناوی أمیر المؤمنین و بە خەلیفەی ڕەسوڵڵا ناسران و ناو ئەهێنران و عوسمانییەکان هاتنە سەر ڕێبازی حەنەفی، ئەبو حەنیفەش کاتی خۆی فەتوای بە گواستنەوەی خەلافەت داوە بۆ غەیری قوڕەیش.

ئێمە ئەو گوایەیەی سەرەوەمان تێهەڵکێش کردە ناو نووسینەکانی دکتۆر وەردی، چونکە هەر ئەو بەڕێزە خۆی لەو لاپەڕەیەدا ئەڵێت، {(بالرغم من تکذیب ساطع الحصری قصه انتقال الخلافه الی العثمانیین من الاساس) ومع ژلک فالعثمانیین استفادوا من فکره الخلافه استفاده کبیره}.

واتا ساطع الحصری کە ڕۆشنبیرێکی گەورەی عەرەبی سوریا بوو، مەلیک فەیسەڵی یەکەم کە بوو بە مەلیکی عێراق. ئەم پیاوەی لە سوریاوە لەگەڵ خۆی هێنا و کردی بە ڕاوێژکاری عیلمی و ڕۆشنبیری خۆی ئەو پیاوە ئەم حەکایەتی گواستنەوەی خەلافەتە بۆ عوسمانییەکان بە درۆ ئەخاتەوە و لە یادداشت و نووسینەکانی خۆیدا بە ڕاشکاوی بڵاوی کردۆتەوە وەک لەمەودوا ئەیخوێنینەوە، بۆمان ڕوون ئەبێتەوە، دووان هەر لە میرنشینەکانی کورد. میرنشینی بابان و میرنشینی سۆران. بە هۆی درۆ و دەلەسەی بە خەلیفەبوونی سوڵتانەکانی عوسمانی، کە ئەصڵ و ئەساسی نییە، بە دەستبڕینی سەربازی کورد، گوایە هەر کەسێک چەک لە دژی سەربازی خەلیفەی ئیسلام بەرزکاتەوە. تەلاقی ئەکەوێت ئەو سەربازانەی کورد کە ئەم درۆ و دەلەسانەیان بەگوێ دا ئەدرا. بڕوایان پێکرد و چەکەکانیان فڕێدا و مەیدانی شەڕیان بەجێ هێشت، عوسمانی بەسەر بابان و سۆران دا سەرکەوت.

عێراق لە سەردەمی مەمالیکدا[۱۹۵]

چەرخی مەمالیک لە عێراقدا نزیکەی هەشتا ساڵ سووڕایەوە ۱۷۵۰ز وە تا ۱۸۳۱ز. بنەوبنەچەی ئەم مەمالیکە زیاتر لە جورجیا، ئینجا لە وڵاتی چەر کەس و داغستان و ئەباظة، یەکەم کەس کە بیری لە هێنان و دارشتنی تۆوی ئەوانە کردەوە. والیی هەرە بەناوبانگ حەسەن پاشا بوو[۱۹۶] لە ئەنجامی تێکچوونی ڕێبازی ئینکیشاری.

حەسەن پاشا دایەرەیەکی تایبەتی بۆ دروست کردن. بۆ ئەو منداڵانەی لە مەزاددا ئەفرۆشران دوای ئەوەی لە تەفلیس وڵاتی قەفقاسەوە بە کڕین یاخود فڕاندن ئەهێنران، دوای ئەوەی ئەو منداڵانە فێر ئەکران و دەرسیان دا ئەدرا بەگوێرەی بەرنامەیەکی تایبەتی لە دەزگاکانی دەوڵەتدا دا ئەمەزران، شوێنی بەرزیان وەک والیی و شوێنی کەیان ئەدرایە، ئەوانە زیاتر لە پێست سپییەکان و کوڕە جوانەکان هەڵئەبژێرران، ئەوانەی هەر لە منداڵیەوە لە پەیمانگەی تایبەتی دا گەورە ئەکران، تاکو لە ڕووی جنسیشەوە تێریان لە یەکتری ئەخوارد. بۆیە کە یەکێکیان بگەیشتایە پلەیەکی بەرز تەعنەیان لێ ئەدرا و قسەی سووکیان دەرحەق ئەکرا.

سلێمان پاشای ئەبولەیلە[۱۹۷] یەکێک بوو یەکەم کەس لە مەمالیک کە پلەی پاشایەتی و حوکمداری پێ بەخشراو ماوەی حوکمی سیانزە ساڵ بوو پیاوێکی بەهێز و شان و شەوکەوت، بۆیە ئەبولەیلەی بەسەردا برا. چونکە بە شەو خۆی ئەگۆڕی و بەناو شاردا ئەگەڕا. عەیبێکی هەبوو لە عادیلەخانی هاوسەری ئەترسا و قسەی ڕەت نەئەکردەوە، چونکە کچی ئەو پیاوە گەورەیەی بوو کە کاتی خۆی وەک عەبد کڕیبووی.

ئینجا د. وەردی بەکورتی ئەڵێت، دەست ڕۆیشتنی مەمالیک بە جۆرێک پەرەی سەند لە سەردەمی ئەبولەیلەدا، هەر ئەو مەملوکانە لە شوێنی بەرز و گەورەدا دائەمەزران بە جۆرێک

---

۱۹۵ د. عەلی وەردی لمحات اجتماعیه من تأریخ العراق الحدیث. الجزء الاول

۱۹۶ خۆشی بە ڕەگەز هەر مەمالیک بوو. هەرچەند هەندێ سەرچاوە ئەیبەنەوە سەر ئەمەوییەکان.

۱۹۷ سەرچاوەی پێشوو.

بوون بە هۆی دوورخستنەوەی ڕۆڵەی تورک و بەغدادیەکان لە کاروباری میریدا. بەم جۆرە ماکینەی دەوڵەت سووڕایەوە تا ئەبولەیلە سالّی ١٧٦١ وەفاتی کرد دوای ئەویش، کاروبار هەر بەو جۆرە ئەڕۆیشت. چەند والییەک دامەزران، تا دەورانی فەلەک گەیشتە سلێمانی گەورە.

سلێمانی گەورە سلێمان پاشا

لە ساڵی ١٧٨٠وە فەرمانڕەوا عێراق بوو تا ساڵی ١٨٠٢ واتە بیستودو ساڵ مایەوە. ئەم بوو کە سیرها فورد جونزی بەریتانی لە پیاهەڵدانی ئەم پیاوەدا ئەڵێت، پیاوێکی تا حەز ئەکەی جوان و قۆز. هەر بە مەملوکی لەدایکبووە، هەر کە بەرگی تورکی و بەرگی سەربازی ئەو سەردەمەی ئەپۆشی هێجگار لێی ئەهات. جگە لەوەی لە جموجوڵی سەربازی و وەرزشدا گەلێک ئازا بوو. لە ئیشوکاریدا سەرکەوتوو، لە کاروباری ئایینی دا گەلێک دڵسۆز بوو.

ئا لێرەدا د. وەردی ئەڵێت، جوانی و ناشیرینی ئەندامی مرۆ گەلێک لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا حسابی بۆ ئەکرێت. تاکو ئێسکی سووک بێت، هەلی پێشکەوتنی لەناونواندا زیاترە. قوڕ بەسەر ئێسک قورس و ناشیرین. ئەم سلێمانە لەبەرچاوان بوو بە ئەفسانە و داستان. لە ژیاندا تەواو سەرکەوت. محەمەدی عەجەمی و دارودەستەکەی بڵاوە پێکرد و هەڵسانی خەزاعل و حەمەد و ئەلحەمودی شکست پێهێنا. ساڵی ١٧٨٢ ڕوویکردە کوردستان، مەحمود پاشای بابان ڕوویکردە ئێران و برایم پاشای بابانی لە شوێن دانا[١٩٨]،

هەتا ئێرە ئێتر پێویست بە درێژەپێدان ناکات چونکە باقیەکەی هەموو لە شوێنی خۆیدا ڕوون کراوەتەوە.

ئێمەش کە ئەم چەند پەرە زانیاریەمان پێشکەشکرد، بۆ ناسینی ئەو ئاگرەی کە ئەملا و ئەولای میرایەتی بابانیان وێران ئەکرد و ئەسووتان یاخود ئەو دوو دەستاڕەی ڕۆم و عەجەم، کە کوردستانی ئەهاڕی.

---

١٩٨ ئەم قسەیە لە چەند سەرچاوەیەکدا دووپات ئەبێتەوە. هەرچەند ئەمە (ڕایە) لە چەندەها (ڕا)ی تر کە هەن.

هەندێک زانیاری پێویستتر لەبارەت دەوڵەتی عوسمانییەوە[199]

لە لاپەڕەکانی پێشووی تایبەت بە پەیوەندی میرنشینی بابان بۆ چەند سەدە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی ئەو ڕۆژگارە سوێر و تاڵەمان باسکرد.

لێرەدا بەکورتی چەند خاڵێک لەبابەت ئەو ئیمپراتۆریەتە گەورەیەوە کە خوا وای بۆ ڕەخسان ببێت بەگەورەترین هێزی نەخۆش لە ناوچەکەدا و بەختی کوردیش یاخود بابانیش ئەوەندە ڕەشی هێنا، کە بکەوێتە ژێر دەستی دەوڵەتێکی هەڵوەشاوی و داوەشاوی وەهاوە کە مەمالیک عێراقی بۆ ببات بەڕێوە. ئەوە بوو میرنشینی بابان، نەگەیشتە ساڵی ١٨٦٩، کە کۆتایی بە مەمالیک و حوکمیان هێنرا والیی چاکساز مدحت پاشا دانرا. تاکو ئەو والییەشیان تاقیبکردایەوە. بۆیە ئیمە لێرەدا چەند خاڵێک ڕوون ئەکەینەوە، کە پەیوەندی بە باسەکەمانەوە هەیە. پێش مدحەت پاشا و دوای ئەویش، ئەوەبوو سەردەمی ڕەشی مەمالیک لەلایەن عەلی ڕەزا پاشای لاز کە والیی حەلەب بوو. ساڵی ١٨٣١ کۆتایی بەو حوکمە ڕەشەی لە عێراقدا هێنا کاتێک کە داود پاشا والیی بوو. عەلی ڕەزا دوای ئەوە یانزە ساڵ حوکمی بەغداد- عێراقی کرد لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵئەدا، ئایا مەمالیک کێ هێنانیە بەغداد و گەورەی کردن و پاشایەتی عێراق و حوکمی بەغدادی پێ ئەسپاردن؟ والیی بەناوبانگ حەسەن پاشا[200]. کە خۆشی مەمالیک بوو. دوای خۆی ئەحمەد پاشای کوڕی کە بەراستی ئەم دوانە بە هێز و دەسەلاتترین والیی عێراق بوون.

---

١٩٩ سەرچاوە: لإداره العثمانیه فی ولایه بغداد/ الدکتور جمیل موسی النجار. بغداد ٢٠٠١

٢٠٠ کاتێک کە لە بەغداد نیشتەجێبوم بە شوێنێکدا تێ ئەپەڕیم بە خەتێکی گەورە لێی نووسرابوو جدید حسن پاشا ئەم پرسی کەس وەلامی پێ نەئەدرایەوە چونکە نەیان ئەزانی بەرەکەت دا لەم دواییەدا بۆم ڕوون بووەوە ئەو حەسەن پاشایە کێیە؟

حەسەن پاشای والیی بەناوبانگ

حەسەن پاشا ساڵی ١٧٠٤ بە والیی بەغداد دانرا، تاتوانی مەمالیکی لە تفلیس و قەوقازەوە بەمنالّی زیاتر لە بازاڕی ڕەشدا یاخود لەویوە بە کڕین کێشی ئەکردن و لە قوتابخانەی تایبەتیدا گوشی ئایینی و حەربی ئەکران تا گەورە ئەبون. دوای خۆی ئەحمەد پاشای کوڕی و سلێمان پاشای والیی ئنجا والییەکانی دوای ئەویش مادام هەموو سەریان لەڕێ دابوو بە تورەکە پارەیان بۆ بابی عالی ئەنارد. ئەو پارەیەی بە توپز لە میللەتی هەژاریان ئەسەند بۆیە سولّتانیش قرروقەب دەمی نەئەکردەوە.

بەکورتی ساڵی ١٨٦٩[٢٠١] ساڵێکی جیاواز تر بوو لە ساڵەکانی پێش خۆی. لە کاتێکدا مدحت پاشا، هەنگاوی چاکسازی ئەنا.

ئەو ڕۆژگارەی ئەو ناونرا سەردەمی ڕێکخستن- تنظیمات بەتایبەتی کە مرسومی فەرمانی گولّخانە[٢٠٢]ی ساڵی ١٨٣٩ دەرچوو، دوای ئەوەش تاکو جارێ دەستوری عوسمانی لە کاتی سەلّتەنەتی عەبدولحەمیدی دووەم ساڵی ١٨٧٦ درا.

پێش ئەوەش کاتی سولّتان مستەفای سێیەم. ١٧٥٧ بۆ ١٧٧٤، کە هەوڵی ڕێکخستن و پێشخستنی سوپا و و دارایی درا. سولّتان عەبدولحەمیدیش حەمیدی یەکەم، ١٧٧٤-١٧٨٩ دیسان هەوڵی چاکسازی دا. دوای ئەو سولّتان مستەفای چوارەم ١٨٠٧- ١٨٠٨ ئەویش خراپ نەبوو. بەلام کە سەلیمی سێیەم ویستی نظامی جدید- پێڕەوی نوێ بەکاربهێنێت، کە ئەوە زیانی لە دەستکەوتی مەمالیک دا هەر ئەوان، نەک هەر لایان برد بەڵکو کوشتیشیان.

ساڵی ١٨٥٦ سولّتان عەبدولحەمید مەرسومی فەرمانی سولّتانی ١٨٥٦ بۆ صدری اعظم- سەرەک وەزیران محەمەد ئەمین عالی پاشا دەرکرد.

---

٢٠١ سەردەمی حوکمی مدحت پاشا لە بەغداد لە ٤/٣٠/ ١٨٦٩وە دەست پێدەکات تا ١٣/ ٥ / ١٨٧٢ واتە سێ سال.

٢٠٢ لە سەردەمی سولّتان عەبدولحەمید، لە هۆلی گولّخانە لە کۆشکی گوپ قاپو دەرچوو بۆیە پێی وتراوە مرسوم- فەرمانی گولّخانە.

دەوڵەتی عوسمانی و سەردەمێکی بەرەو چاکسازی

ڕێکخستنی کاروبار و خۆ ئامادەکردن بۆ چاکسازی و بۆ ڕزگارکردنی دەوڵەت لەو نەخۆشی و لاوازییەی کە دامێنی گرتبووە بەهۆی فرۆفێڵی ناوخۆ و دەوڵەتانی ئەوروپا، زیاتر بە هۆی شەڕی بەینی عوسمانی و ڕوسیاوە کە لە ساڵەکانی ١٨٥٣ بۆ ١٨٥٦ کە شەڕی قرم بوو، کە لە ئەنجامی مۆرنەکردنی مەرسوم یاخود فەرمانی پاراستنی دیانە ئەرسۆ سوکسەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدەوە ڕەتکرایەوە، هەرچەند لە دواییدا و بەراوێژی ئینگلیز و فەرەنسا، کارەکەیان لە شێوەی فەرمانی ژمارە ١٨٥٦ی چاکسازی، کە زیاتر ڕێبەندی یەکسازی سەیرکردنی هەر هەموو دانیشتوانی وڵاتی عوسمانی بێ فەرقکردن لە ئایینداً جێبەجێ کرا.

بەکورتی ئەو دوو مەرسوم- فەرمانەی گوڵخانە، کە لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٣٩ و تنظیمات- چاکسازی ساڵی ١٨٥٦ دەرچوو، دەورێکی سەرەکیان بینی لە ڕێکخستن و پێشخستنی دەوڵەتی عوسمانی و ئینگلیز و فەرەنساش حەکیمی دەرمانساز بوون، ئەوەندەی کە بەرژەوەندیان بڕوات بەڕێوە. کە ئەمەش بە فەرمانی خەتی هەمایون ناو ئەبرا.

ئەم فەرمانە هەندێک شتی بەسوودی هێنایە کایەوە، وەک یاسای سزا، یاسای تاپۆ، یاسای بازرگانی و باج و گومرگ و ئەوقاف و کشتوکاڵ و شارەوانییەکان و چاپەمەنی و ڕەگەزنامە و یاسای مدنی- مجلە ئینجا پێڕەوی بەڕێوەبردنی وڵاتان.

هەندێ لە توێژەران، لایان وایە کە ئەو ناکۆکییەی بەینی عوسمانی و محەمەد عەلی پاشای میسر لەبەینی ساڵەکانی ١٨٣٠-١٨٤١ کارێکی زۆری بەخشی لە هێنانەدیی فەرمانی گوڵخانەدا.

ئەو سوڵتانانەی ناویان بەچاکسازی براوە:

سوڵتان ئورخانی یەکەم ١٣٢٦- ١٣٥٩ز هەرچەند لە سەردەمی ئەمدا سوپای ئینکیشاری دامەزرا.

مستەفای سێیەم ١٧٥٧- ١٧٧٤.
عەبدولمەجیدی یەکەم ١٧٧٤- ١٧٨٩.
سەلیمی سێیەم ١٧٨٩- ١٨٠٧ ئەم دووانە ئینکیشاریەکان.
مستەفای چوارەم ١٨٠٧- ١٨٠٨ لایان بردن و لەدواییدا کوشتیانن.
مەحمودی دووەم ١٨٠٨- ١٨٣٩ سەردەمی ڕێکخستن- عهد التنظیمات. چاکسازی و دەست هێنانەوە بە سوپادا.
هەر ئەم بوو ساڵی ١٨٣١ سوپای ئینکیشاری و حوکمی مەمالیکی لەبن دەرهێنا. بۆیە بەگەورەترین چاکسازی دائەنرێت لەتورکیادا.
عەبدولمەجید
عەبدولعەزیز ١٨٦١-١٨٧٦.

والییە کارسازەکانی عێراق:
عەلی ڕەزا پاشای لاز. ساڵی ١٨٣١ مەمالیکی لەبن هەڵکەن لەکاتێکدا کە داود پاشا والیی عێراق بوو. عەلی ڕەزا خۆی بوو بە والیی و تا ساڵی ١٨٤٢ ڕایکێشا. بەڵام والییەکی سەرکەوتوو نەبوو. سەرکەوتنەکەی لە لابردنی مەمالیکدا بە هۆی هێزی سوپایی و یارمەتی باب العالییەوە زیاتر بەدەست هێنا.
محەمەد نامیق پاشا ١٨٥١- ١٨٥٣. ئەم پیاوە دووجار پۆستی ولایەتی بەدەست هێنا. چونکە لە والییە ئیشکەرە چاکسازەکان بوو، جگە لەپۆستی والیی، هەروەها و لە هەمان کاتدا پۆستی سەرکردەی سوپای شەشیشی گرتە دەست کە ئەو سوپایە نیشتەجێی تەنها بەغداد بوو.
محەمەد ڕەشید پاشا گویزلکلی چاویلکەدار ١٨٥٣- ١٨٥٧.
مدحەت پاشا ١٨٦٩- ١٨٧٢. ئەم پیاوە بەگەورەترین و چاکسازترین و بەناوبانگترین والیی عێراق لە هەموو ڕوویەکەوە دائەنرێت.
دوای مدحەت پاشا عەبدولکەریم نادر پاشا ١٨٤٩- ١٨٥٠ و محەمەد وەجیە پاشا ١٨٥٠- ١٨٥١. عومەر پاشای سەرداری ئەکرەم ١٨٥٨- ١٨٥٩. مستەفا نوری پاشا ١٨٦٠-١٨٦١. ئەحمەد تۆفیق پاشا ١٨٦١- ١٨٦٢.

مەبەست و مانای ئەم ناوانەی سەردەمی عوسمانی:
والیی، گەورەترین کاربەدەست کە لەلایەن سوڵتانەوە دائەنرا لە عێراقدا. هەبوو بە پلەی وەزیر تابەیێنک ئەوانە بکوژ و ببڕ هەر خۆیان بوون. بۆ ڕووسوری و خۆ بردنە پێشەوە کەللەسەری کوژراوەکانیان ئەنارد بۆ ئاستانە- ئەستەمبوڵ بۆ ئەوەی سوڵتان ببینێ و ئافەریمیان بکات.
ئەوەی شایانی باسە. والییەکانیش لە سێ پلەدا، دائەنران،

یەکەم، سێ تۆغە. دووەم، دوو تۆغە. سێیەم، یەک تۆغە.

تۆغەش -وەک ئیشارەتێکی پلەی سەر شان بوو- لە زوەوە بەکار ئەهێنرا، لەم دواییەدا باوی نەما.

بەهەرحاڵ، والییەکان لە سێ پلە دەرەجە دا بوون،

یەکەم، کە لە ژووری هەمووپانەوە بوو. دووەم، لە ناوەڕاست دا. سێیەم، لە خواری خوارەوە.

مەکتوبچی، لێپرسراوی ئەو نووسراوە فەرمیانە بوو، کە والیی لەگەڵ هەر لایەکدا ئاڵ و گۆڕی ئەکرد.

هایتە، نزیک بەجاش پۆلیسی سالانی ڕابوردووی لای خۆمان. باشی بۆزخیشیان پێ ئەوتن.

سالنامە، ڕاپۆرتێکی فەرمی سالانەی دەوڵەتی عوسمانی بوو، کە مەکتوبچی ڕێکی ئەخست و لەبابەت ناوی هەموو فەرمانگەکانەوە سوپایی و شارستانی و دادوەری دەوڵەتەوە و کاریان پلەی ئەنجامدانی ئەوکارانە، دامەزراوە فەرمی و شێوە فەرمی و خۆمالّی و ناوی سەرۆکەکان و بەڕێوەبەرەکانیان و پلە و نیشانە و ئافەرین کە وەریان گرتووە، سەرەڕای ناوی گشت فەرمانبەران و کارکەران و ژمارەیان و بوجەی ولایەت و بوجەی هەندێک لە دایەرەکانی حکومەت و گەلێک خالّی بایەخداری تر، واتە گەلێک شتی لە بابەت و ولایەتەوە بڵاوئەکردەوە، کە ئێستاش توێژەران و مێژووناسانیش کە بەدوای زانیاری ئەو ڕۆژگارەی عوسمانی دا عەودال بن بۆ سالنامە ئەگەڕێنەوە و پەنا ئەبەن.

زەفتیە، کە ئەرکی سەرباز و پۆلیسیان ئەبینێت، جەندرمەشیان پێ ئەوتن. مەلا حەمدون لەبابەت شەڕی گەورەی جیهانیەوە ئەڵێت، ئەم ڕۆژە چ ڕۆژێکە کە عالەم شڵەژاوە، هەر کەس بە چەخاری جگەری قیمەکراوە. تاکو ئەڵێت، جەندرمە ئەسوڕێتەوە وەک واشەیی برسی- بۆ لاشەیی میللەت بەفڕوفێڵی غەزاوە.

لەبابەت بەڕێوەبردن ئیدارەوە هەموو دەوڵەتی عوسمانی ٢٧ ولایەت بوو. هەر ولایەتێک دابەش ئەبوو بە سنجەق کە متصرف – پارێزگار بەڕێوەی ئەبرد. سنجەقیش دابەش ئەبوو بە قضا و- قەزا کە قایمقام بەڕێوەی ئەبرد. قەزاش دابەش ئەبوو بە ناحیە کە بەڕێوەبەر – مدیر لێپرسراوی بوو. ناحیەش بریتی بوو لە چەند دێیەک کە هەر دێیەکیش دو موختار کوێخای هەبوو. کوێخای یەکەم و کوێخای دووەم هەر ئەم سیستەمە کۆنەی سەردەمی عوسمانییە، کە ئێستا لە عێراقدا پەیڕەو ئەکرێت، کە تەنها ناوی متصرفیەت کرا بە محافظە- پارێزگا و ناوی متصرف گۆڕرا بە محافظ- پارێزگار.

ئەوی شایانی باسە مەجلیسی ئیدارە- ئەنجومەنی بەڕێوەبردن لەولایەت و سنجەق و قەزا و ناحیە هەبوو بە هەڵبژاردن بوو. بەڵام هەمووی ڕووکەش بوو.

سولّتانەکانی عوسمانی – لە سولّتان مستەفای سێیەمەوە:

ناوی سولّتان ماوەی حوکم تاسالّی...

مستەفای سێیەم ١٧٥٧ -١٧٧٤
عەبدولحەمیدی یەکەم ١٧٧٤- ١٧٨٩
سەلیمی سێیەم ١٧٨٩ - ١٨٠٨
مستەفای چوارەم ١٨٠٧ - ١٨٠٨
مەحمودی دووەم ١٨٠٨- ١٨٣٩
عەبدولمەجید ١٨٣٩- ١٨٦١
عەبدولعەزیز ١٨٦١-١٨٧٦
موڕادی پێنجەم ٣٠ مایس ١٨٧٦- ٣١ ئاب
عەبدولحەمیدی دووەم ١٨٧٦ - ١٩٠٩
محەمەد ڕەشادی پێنجەم ١٩٠٩- ١٩١٨

کەتخودا، یەکەم پلەی فەرمیی دوای والیی. وەک جێگر و یاریدەدەر و لە زۆربەی جاردا ڕێگایەک بوو بۆ وەرگرتنی پۆستی والیی.

لە کتخدای فارسیەوە وەرگیراوە. بە واتای خاوەن مال یاخود کاربەدەستی گەورە، کەهیەشیان پێ ئەوت.

دەفتەر دار، گەورەترین کاربەدەستی دارایی و خوار ئەو محاسب یاخود مدیری مال بوو.

موتەسەلیم، جێگر یاخود نوێنەری پاشا لە ولآت دا. ئەمە احتیات- سپێر، یەدەگ بوو بۆ شوێن پرکردنەوەی کاربەدەست.

سنجەق، پارێزگا، لیوا، موتەسەریفیەتی کۆن.

قەزا، قائمقامیەت، وەک ئێستا بەلام قەزا سێ پلەبوو، پلەی یەک وەک خانەقین، پلەی دوو وەک مەندەلی،

قەزای پلە سێ وەک سامەڕا.

هەروەها ناحیە، ئەویش سێ پلە بوو.

ناحیەی پلەی یەک وەک تکریت.

ناحیەی پلە دوو وەک، فەلوجە.

ناحیەی پلە سێ وەک، کەفەل.

لەدوای مەمالیکەوە والییەکانی بەغداد عێراق تاکۆتایی عوسمانی:

١ عەلی ڕضا پاشا لاظ ١٨٣١/٩/١٦- ١٨٤٢
٢ محەمەد نەجیب پاشا ١٨٤٢ – ١٣/ ٧/ ١٨٤٩.
٣ عەبدولکەریم نادر پاشا حوزەیران ١٨٤٩- کانونی یەکەمی ١٨٥٠.
٤ محەمەد وجیە (وجیهی) پاشاکانونی یەکەمی ١٨٥٠- ١٢/٢٩/ ١٨٥١.
٥ محەمەد نامق پاشا کانونی یەکەمی ١٨٥١- ١٨٥٣/٨/٥.

٦ محەمەد ڕەشید پاشا گوزلکلی ١٨٥٣- ١٨٥٧/٨/١٣.
٧ عومەر پاشا سەرداری ئەکرەم ١٨٥٨/٢/١٨- ١٨٥٩/٩/٢٥.
٨ مستەفا نوری پاشا ١٨٦٠/٣/٥ – شوبات ١٨٦١.
٩ ئەحمەد تۆفیق پاشا ١٨٦١/٣/٥ - ١٨٦٢/١/٢٦.
١٠ محەمەد تۆفیق پاشا دووەم جار ١٨٦٢/٢/٢- ١٨٦٧/٧/١٥.
١١ تقی الدین پاشا ١٨٦٧/٧/١٩- ١٨٦٩/٥/٢.
١٢ مدحەت پاشا ١٨٦٩/٤/٣٠- ١٨٧٢/٥/١٣.
١٣ محەمەد ڕەئوف پاشا ١٨٧٢- ١٨٧٣/٥/٢١.
١٤ ردیف پاشا ١٨٧٣/٧/١٨- ١٨٧٥.
١٥ عەبدولڕەحمان پاشا ١٨٧٥/١٠/١٦- ١٨٧٧/٤/٧.
١٦ عاکف پاشا ١٨٧٧/٥/١٣- ١٩٧٨/٣/١٨.
١٧ قەدری پاشا ١٨٧٨/٤/٤ – ١٨٧٨/١٢/١٢.
١٨ جاوید پاشا ١٩١٤/١/١٦- کۆتایی ١٩١٤.
١٩ دکتۆر ڕەشید بەگ بەوەکالەت - ---
٢٠ سلیمان نظیف ١٩١٥/١/١٥- ١٩١٥/٧/٦.
٢١ نورالدین بەگ ١٩١٥/٥/١٩ -
٢٢ خەلیل پاشا ١٩١٦//١٣- ١٩١٧/٣/١١.

بەشی حەوتەم

گەورە پیاوانی بابان

بەگوێرەی پیتی ئەلف و بێ (ئەبجەدی)

ئەحمەد یاشای بابان (١٨٣٨-١٨٥٠)

کوڕە گەورەی سلێمان پاشای ئەوڕەحمان پاشا بوو. مرۆڤێکی وریا و ئازا و بە توانا بوو، بەڵام توند و تیژ و بەزەبر بوو. ڕقی لە پیاو خراپ هەستایە و دەستی بوەشانایە، زیانی زۆری ئەگەیاند، حەزی لە پێکهێنانی سوپایەکی ڕێکوپێک ئەکرد کە بەنوێترین چەک، چەکداریان بکات، بۆیە لەشکرێکی تەواوی لێ پێک هێنان و لە سەرچنار لەشکرگای بۆ ڕێکخستن، لەسەر شێوەیەکی نوێ مەشقی پێئەکردن و هێزێکی تۆپچیشی لێ ئامادەکردن[٢٠٣]

هەروەها هەندێک سەرچاوەیێ مێژوو باسی چوونی ئەحمەد پاشا ئەکات بۆ فەرەنسا لە کاتێکدا، کە میری بابان بووە.

جگە لەوە ئەحمەد پاشا لەگەڵ ڕەسوڵ پاشای سۆرانی بە ژن و ژنخواستن لەیەک نزیکبوونەوە و نەیهێشت ئەو کۆنە قینەی پێش خۆیان سەر هەڵبداتەوە و چەکەرە بکات، بەو جۆرە بە ژیریی و دووربینی ناحەزیەکەی نەهێشت[٢٠٤]

حسێن ناظم بەگ ئەڵێت، ئەحمەد پاشا پیاوێکی توند و تیژ و[٢٠٥] ڕق ئەستور بوو، خەڵک لێی ئەترسان، بۆیە کەس نەیئەوێرا لە سەردەمی ئەوا خراپە بکات، یاخود کەس مالّی کەس بخوات، تاکو هەندێک پیاو خراپ و چەتە کە لە ترسی ئەو ڕوویان کردبووە هەورامان، ئەحمەد پاشا داوا لە هەورامیەکان ئەکات کەبیان دەن بە دەستەوە، بێ سوود بوو ئەمیش لەشکری ناردە

---

٢٠٣ ئەڵێن لە فەرەنساوە پسپۆڕی هێناوە بۆ ڕێکخستنی سوپاو بۆ دروستکردنی تۆپ و پۆپخانە، هەروەکو حەمە پاشای ڕەواندز کە پسپۆڕی لە ڕوسیای قەیسەریەوە هێنا و لە دواییدا وەستا ڕەجەبی نارد بۆ ڕوسیا لەوێ فێری پیشەکە بوو، هاتەوە دەستی کرد بە تۆپ دروستکردن. ئێستا دووسێ نموونە لەو تۆپانەی وەستا ڕەجەب کە ناوی خۆی لەسەر هەڵکەنراوە لە متحف عسکری لە بەغداد هەیە.

٢٠٤ ئاورێکی پاشەوە- تاریخ حکام بابان ل١٦٥، فاتمە خانی خوشکی ڕەسوڵ پاشا ئەدرێت بە حسێن بەگی ئامۆزای ئەحمەد پاشا.

٢٠٥ بەڵام لەسەر حەق و ناوی بە عادل دەرچوو بوو، چونکە ئەیان ووت لە سەردەمی ئەودا گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو ئەخۆنەوە، کە ئەمە پەندێکی پێشینانە بۆ دادپەروەری بەکار ئەهێنرێت. هەروەها لە سەردەمی ئەم پیاوەدا خەڵک حەزی بەخزمەتی سەربازی ئەکرد، چونکە مووچە و بەراتی ئەدا و لەشکرەکەشی ڕێکوپێک بوو. بۆیە زۆر کەس ووتویەتی (فیست و فسکول لەسەر خۆم- عەسکەری ئەحمەد پاشام)

سەریان باخەکانیان وێرانکردن، لە تاودا هەورامیەکان پەنایان برد بۆ ئێران، حکومەتی ئێران گورج لەشکرێکی نارده سەر سلێمانی، ئەحمەد پاشاش کە بەمەی زانی ئەمیش سوپایەکی بە پێشەوایەتی عەبدوڵڵا بەگی برایا نارد، هەردوو هێزەکە لە مەریوان دایان بەیەکدا، سوپای ئێران شکا و حکومەتی ئێران لە ئاستانە شکاتیان لە ئەحمەد پاشا کرد. ئەوانیش لەوێوە فەرمانیان دا بە والیی بەغداد محەمەد نەجیب پاشای گوێزلکلی[٢٠٦] کە لە رێی هەولێرەوە بەرەو سلێمانی بێتەوە، ئەحمەد پاشا کە بەمەی زانی و بۆ ئەوەی شەڕ لە سلێمانی دوورخاتەوە، سوپاکەی خۆی بەرەو کۆیە برد.

لە تأریخی سلێمانیدا ئەڵێت[٢٠٧] حسین ناظم بەگ بە درێژی ڕووداوی ئەم شەڕەی لە باپیرەی بیستووە، گوایە هێزی لەشکرەکەی ئەحمەد پاشا بریتی بووە لە پێنج فەوج لە ژمارەیەکی باش لە ڕۆڵەی عەشایەر، جا ئەم هێزە هەرچەند لە چاو هێزی والیی بەغداد دا هیچ نەبووە، بەڵام ئەحمەد پاشا دڵنیابوو لە سەرکەوتن، هەرچەند نەجیب پاشا داوای ڕێکەوتنی لێ ئەکرد قبوولی نەئەکرد. بەڵام پێش ئەوەی شەڕ دەست پێبکات پاشا فەرمانی دا مانگانەی سەربازەکان بدرێت، گوایە ئەحمەد بەگی خەزەندار[٢٠٨] بە پاشای ووتووە سەرباز وەک سەگ وانە، تاکو برسیان بێت، باشتر ڕاو ئەکەن، ئێمەش پێویستە بیر لە دوا ڕۆژمان بکەینەوە، جا ئەگەر ئەم جارە شکاین بەم پارەیە ئەتوانین خۆمان هەڵسێنینەوە، کە وا بوو پێویستە دەست بە پارەکەمانەوە بگرین، گوایە ئەم قسەیە بەناو لەشکرەکەدا بڵاوئەبێتەوە، بۆیە ئەوانیش لەناو خۆیاندا بڕیار ئەدەن، کە شەوی بەسەرا هات بۆی دەرچن و نیشانەی بڵاوە لێ کردنیشیان تەقەیەک بێت. ئەو شەوەش، ڕەشەبایەکی توند هەڵ ئەکات، لە پڕ تەقەیەکیش دێت ئیتر سەربازەکان هەموو دەست ئەدەنە چەک، ئەچن لە پێش ڕۆیشتندا خەزنەدار ئەکوژن و ئەڕۆن. کاتێک ئەحمەد پاشا بەمە ئەزانێت کە هەموو شتێک تەواو بووە، ئەویش سواری ولاخەکەی ئەبێت. ڕوو ئەکاتە ئێران و لەوێوە بۆ ئاستانە[٢٠٩]

---

٢٠٦ واتە عەینەک لەچاو.

٢٠٧ تأريخ السليمانيه ل١٥٩.

٢٠٨ لە هەندێک سەرچاوەی تردا ئەڵێن خەزنەدار یاخود پێشەوا برێندار ئاغا بووە. سەیری تأریخ حکام بابان نووسینی حسین حوزنی موکریانی بکە ل١٦٦.

٢٠٩ – تأريخ السليمانيه ل١٥٩– ١٦٠.

هەندێک سەرچاوەی تر ئەڵێن، گوایە ئەو تەقەیە بە قەستی نەبووە، بەڵکو بەهۆی ڕەشاباوە، تفەنگەکە کەوتووە و گوللەکەی تەقیوە لەشکرەکەش وا ئەزانن سوپای نەجیب پاشا چوتە سەریان لە پڕ شەبەیخوونی کردوون، ئەوانیش لەناو خۆیاندا ئەیکەن بە تەقە تا ڕۆژ ئەبێتەوە. هەندێکیش ئەڵێن، سوپای عوسمانی لە شکاندا بوو، پاشا دەستیکرد بە فڕوفێل لە رێی ئایین و مەلاکانەوە، گوایە هەر کەسێک چەک لە ڕووی سوپای سوڵتاندا هەڵبگرێت، ئەو سوڵتانەی کە خەلیفەی موسوڵمانانە تەلاقی ئەکەوێت و ژنەکەی لێ حەرام ئەبێت، گوایە ئەم فەتوایە مەلا کوردەکان داویانە.

شەڕو بەرگریەکەی مامە یارە

ئەم لەشکری ئەحمەد پاشایە لەلای ڕۆژئاوای کۆیە نزیک بەگردی ڕیزەتوو خێوەتی هەڵداوە دوای بڵاوە لێکردنی لەشکر، ئیتر سوپای عوسمانی دێنە پێشەوە، بەڵام کتوپڕ تۆبخانەی ئەحمەد پاشا دەست ئەکات بەتۆپ تەقاندن، کە بەوە ئەپۆشۆکێن سەیر ئەکەن کەس نەماوە هەندێک تۆپچی نەبێت دەورەیان ئەدەن یەکێک لەوانە یارە ئەحمەدە کە سەرۆکیانە بەدیل ئەیانگرن و ئەیان بەنە لای نەجیب پاشای سەر لەشکر گویزللی کە لە مامەیارە ئەپرسێت تۆ بۆچی بەتەنها بەرگریی ئەکەیت و لەشکرەکەتان هەموو بڵاوەیان لێکرد، لەوەڵامدا ئەڵێت، "من فەرمانی شەڕ و تەقەم وەرگرتبوو، دوای ئەوە فەرمانی شەڕ وەستانم وەرنەگرت."

نەجیب پاشا: "بۆ ئەم ئازایەتیەت ئەمەوێت شتێکت پێ ببەخشم چیت ئەوێ داوا بکە."

مامەیارە: "خوا پاشای خۆمم بۆ بهێڵێت هیچی ترم ناوێت."

نەجیب پاشا: "پاشای خۆت نەما و ڕۆیشت."

مامەیارە: "منیش دوای ئەو ژیانم ناوێت تاکو مااڵی دنیام بوێت." گوایە نەجیب پاشا دوای ئەوە بەراتەکەی کە دێی کانی درکەی سەگان بوو لە ناوچەی شاربازێڕ و بابانەکان پێیان بەخشیبوو بۆی تازە ئەکاتەوە[٢١٠].

مامەیارە لە سەردەمی عوسمانیەکاندا لە سلێمانی لە گەڕەکی گۆیژە ئەژیا، ژیانێک لە شێوەی سوارچاکی کۆن- فرساندا بەکورتی پیاوێکی ساویلکە و سەیر بووە، شتی وای لێ ئەگێڕنەوە کە هەموو کردەوەی سوارچاکە کۆنەکانی ڕۆژئاوا ئەکات. بەڵام بە هەموو جۆرێک پیاوێکی ڕاست و پاک و دڵسۆز و بە ئایین بووە، لەسەر ڕاسپاردەی خۆی لە گردی گوالن نێژراو ناوەکەی بوو بە گردی مامەیارە[٢١١].

---

٢١٠ سەیری مامەیارە بکە کۆمەڵە چیرۆکێکی کورت لەگەڵ دوو شانۆگەری یەکێکیان شانۆگەریی مامەیارەیە کە دورودرێژ ئەم بەسەرهاتەی تێدایە، نووسینی جەمال بابان. چاپخانەی دار الجاحظ بەغداد ١٩٧٣ ل ٧٩-١١٨ هەروەها سەیری گۆڤاری ڕۆژی نوێ ژمارە ٩ ١٩٦٠ ل٣٣-٣٦بکە.

٢١١ لە شوێنی تردا لە بەرگەکانی تری ئەم کتێبەدا ناوی ئەم کردە و شوێنی و کێی تری ئێستا پێوەیە، دوور و درێژ هاتووە. مامەیارە خۆشی ناوی یار ئەحمەدە و کوڕی خدر بەگی هۆزەر ئاغایە و خەڵکی دێی وەندەرێنەی ناوچەی

دوای بڵاوەی لە شکر ئەحمەد پاشا لەگەل چەند سەرباز و ئەفسەرێکی دڵسۆز کشانەوە، ئەوە بوو لە پاشدا خۆی و خزم و کەسوکار و دەستە و دایەرەی دوور خرانەوە بۆ ئاستانە.

ئیتر نەجیب پاشای والیی و بە فەرمانی ئاستانە و لە ئەنجامی مۆرکردنی معاهدەی أرضروم لەبەینی ئێران و حکومەتی عوسمانی دا، بە هێجگاری حاکمیەتی بەبەی نەهێشت.

ئەوەبوو عوسمانییەکان دەستیان گرت بەسەر سلێمانیدا و شەڕەکەی عەزیز بەگی بابان دژی داگیرکەران قەوما، باسی شەڕەکەش لە دوو توێی قەسیدە بەرزەکەی ئەوڕەحمان بەگی سالمدا هەر لەم کتێبەدا هەندێکی نووسراوە.

دوای ئەوە عوسمانیەکان عەبدوڵڵا پاشای برای ئەحمەد[٢١٢] پاشایان بە قائمقام لە جێی میری بابان دانا، نەخێر بەوەوە نەوەستان دوای بەینێک ئەویشیان لابرد و پیاوی خۆیان دانا.

ئینجا ئەحمەد پاشا و عەبدوڵڵای برای و هەرچی بابان هەبوو، هەموویان گواستنەوە بۆ تورکیا، نەیان هێشت یەکێکیان لە سلێمانیدا[٢١٣] بمێنێتەوە، نەوەک ڕۆژێک لە ڕۆژان بیر لە پێکهێنانی میرنشینی سەر لە نوێ بکەنەوە و لە ساڵی ١٢٦٧ک ١٨٥٠- ١٨٥١ز ئیسماعیل پاشا ناوی عوسمانی بە قائمقام لە سلێمانی دانرا.

ئەحمەد پاشا لە پێشدا بە پلەی بکربکی لە یەمەن لە ساڵی ١٢٧٢ک ١٨٥٥ز دامەزرا و تا ساڵی ١٢٨٠ک ١٨٦٣ز لەوێ مایەوە، لە ساڵی دواترا کرا بە موتەسەریفی وان، دوای ئەوەش لە ساڵی ١٨٦٥دا کرا بە والیی لە پلەی وەزیردا و نێررایەوە بۆ یەمەن و ساڵی ١٨٦٧ بوو بە والیی أرضروم و ساڵی ١٨٧٥ بوو بە والیی أطنە و هەر لەو ساڵەدا فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا.

هەندێک ئەڵێن هەر لە أطنە نێژراوە، هەندێکیش ئەڵێن لەو ساڵەدا چووە بۆ سەردانی پاریس لەوێ وەفاتی کردووە و هەر لەوێ شاردراوەتەوە. ئێمە ئەمە بەڕاستتر ئەزانین دوای خۆی دوو کوڕی بەجێ هێشتووە، یەکەم خەلیل خالد بەگ کە بوو بە باڵیۆزی عوسمانی لە تاران ئەوی تریان میر لیوا مستەفا عیزەت پاشا.

ئەحمەد پاشا بەینێکی زۆر لە ئەستەمبوڵ مایەوە و دیوەخانی لێ ڕاکێشا بوو، ئەوسا گەلێک لە پیاوە ناودارەکانی کورد کە لەوێ بوون ئاموشۆیان ئەکرد و ستایشی پیاوەتی و یاریدەدانی خەڵک و ڕوو خۆشییان بەشیعر هۆنیوەتەوە، لەوانە مەلا خدری (نالی) کە لە ئەستەمبوڵ لەگەل ئەحمەد پاشادا یەکیان گرتەوە، هەروەها شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە چوونێکیدا بۆ ئەستەمبوڵ

سرۆچکی سەر بە قەزای شارباژێرە.

٢١٢ شوێنی تردا بە دوور و درێژ باسی کراوە.

٢١٣ بۆیە لەم ڕۆژەدا بابان لە ئەستەمبوڵ و ئەنقەرە و هەندێک شوێنی تر لە تورکیا زۆرن. هەندێکیان لەوێ گەیشتنە پلە و پایەی بەرز وەک ئیسماعیل حەقی بابان لە زەمانی سوڵتانەکان و لە سەردەمی اتحاد وترقیدا بوو بە وەزیری معارف. هەروەها جهاد بابان کوڕی حکمەت بەگ کوڕی مستەفا زهنی پاشا لە سەردەمی عەدنان مندرس دا وەزیری اعلام و لەم دواییەدا وەزیری معارف بوو. جگە لە پرۆفیسۆر و بازرگان و پێشەوای سوپایی. هەندێکیان لە بازرگانی دا بوون بە خاوەنی ملیونەها لیرە. عەزمی بەگ باپیری نووسەری ئەم کتێبە لە تورکیا هاتوتە دنیاوە و کە گەورە بووە دوای تەمەنی ٣٠ ساڵی خۆشەویستیی نیشتمان کێشی کردووە و هاتوتەوە سلێمانی.

چۆتە دیوەخانی ئەحمەد پاشا، دەربارەی ئەمە قەصیدەیەکی ڕەنگینی هەیە.

جگە لەوەی هەر لە سایە و سێبەری ئەحمەد پاشادا و بەهۆی ئەوەوە زۆر لە خەڵکی سلێمانی لە تورکیا پێگەیشتن و پلەوپایەی بەرزیان درایە[٢١٤].

ئەحمەد پاشا دوای خانەنشینی چۆتەوە پاریس گوایە لەوە پێشتر، هەر لە سەفەرێکیدا بۆ پاریس، لەوێ ژنێکی هێناوە ناوی لافرنتییە بووە. بەڵام ئەم ژنە چۆن گەیشتە کوردستان؟ بە قسەیەکی تر گوایە ژنەکە خۆی هاتۆتە کوردستان و ئەحمەد پاشا لە سلێمانی دیویەتی و مارەی کردووە. ئەو ئافرەتە هەر لە سلێمانی مردووە و لە گردێک نێژراوە، کە گردی فەرنتی پێ ئەڵێن. واتە بەناوی ئەو ئافرەتەوە ئەم قسانەم لە جەنەرالّی خانەنشین خوالێخۆشبوو مەحمود خاوەر لەیانەی صلاح الدین لە بەغداد بیستووە. قسەیەکیش هەیە گوایە ئەحمەد پاشا لە پاریس وەفاتی کردووە و هەر لەوێ شاردراوەتەوە.

هەر ئەم ئەحمەد پاشایە بەردی بناغەی کتێبخانەی بەناوبانگی بابانی دانا، کە لەسەر تەختی حوکم بوو، لە سلێمانی ژمارەی کتێبەکانی گەیشتە شەش هەزار بەرگ. کە ئێستا ناوی کتێبخانەکە گۆڕراوە بە ناحەق بەکتێبخانەی ئەوقاف و ژمارەی بەرگەکانیش، دوای گواستنەوە و سوتاندن و دزی لێکردن و فرۆشتنی هاتۆتە خوارەوە بۆتە تەنها سێ سەد بەرگ.

گەڕەکی چواربـاخ لە سلێمانی، شوێن دەستی ئەحمەد پاشایە کە ئەو دروستی کرد و بریتی بوو. لە چواربـاخ هەنار، سێو، هەرمێ و تری، کە میرایەتی بابان نەما و ئەحمەد پاشا دەست بەسەر گوێزرایەوە بۆ ئاستانە، لە پیاوە هەرە دۆستەکانی پاشا حسێن بەگی خەندان- لەدواییدا کوڕی حسێن پاشاش دوایان کەوت کە ئەوسا کوڕێکی گەنج بوو.

لە ئەستەمبوڵ، گەلێک ڕێز لە پاشا و هەڤاڵەکانی گیراو کوڕەکانیان خرانە قوتابخانەی شاهانە. سەعید ئەوەبوو لە پاشەڕۆژدا بە جۆرێک هەڵیدا و گەیشتە پلەی سەرۆکی شورای دەوڵەت و وەزیری دەرەوەی ئیمپراتۆریەی عوسمانی.

---

٢١٤ لە شوێنێکی تردا لەم کتێبەدا، باسی ئەوانەشمان کردووە، وەک حسێن بەگی خەندان کە لەگەڵ ئەحمەد پاشادا چوو بۆ تورکیا، سەعید و شەریف پاشای کوڕی سەعید پاشا کە نوێنەری کورد بوو لە کۆنگرەی ئاشتیدا لە پاریس.

ئەحمەد موختار بابان

کوڕی حەسەن بەگ کوڕی فەتاح بەگ کوڕی عەبدولقادر بەگ کوڕی خانە بەگ کوڕەزای خالید پاشای یەکەم. لەحلە ساڵی ١٩٠١ چاوی بە ڕووناکی جیهان هەڵهێناوە.

ساڵی ١٩٢٦ لە کۆلێجی ماف (حقوق) دەرچووە، کە ئەوە یەکەم سووری (حقوق) بوو. لە خانەی دادوەری بەدادوەری (صلح- ڕێککەوتن) لە دەوروبەری ١٩٢٨ دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٣٥ بە (دادیاری گشتی- مدعي العام) ئینجا بە متصرفی کەربەلا. ساڵی ١٩٤٢ لە وەزارەتی نوری سەعیددا بە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی- شؤون الاجتماعية)و وەکیل- جێگر) وەزیری تەموین دانرا.

دوای ئەوە حەوت پۆستی تری وەزارەتی پێ بەخشرا.

تا لە ١٩٥٨/٥/١٩ وەک سەرەک وەزیرانی عێراق وەزارەتی لە سنووری اتحاد الهاشمیدا پێکهێنا و لە شۆڕشی چواردەی تەموزی ١٩٥٨. ئەو وەزارەتە و ڕژێمی مەلیکی هەموو هەڵوەشا. ئەوەی شایانی باسە، نزیکەی دە ساڵ لەوە پێش بڕیار بوو وەزارەت پێک بێنێت و دوجار داوای لێکرا، بەڵام ڕێک نەکەوت، تا لە اتحاد الهاشمیدا هەلی بۆ ڕێکەوت چونکە ئەو ئیتیحادە زیاتر خەمخۆری کورد بوو بەگوێرەی هەل ومەرجی ئەو سەردەمە.

ئەم بەڕێزە پیاوێکی نزیکبوو لە بنەماڵەی مەلیکەوە، عەبدول ئیلاهی (وصی) زۆر بڕوای پێبوو، بەتایبەتی ڕاستی و پاکی و دڵسۆزی بۆ ئەو بنەماڵەیە بوو، بۆیە چەند ساڵێک هەر سەرۆکی دیوانی مەلیک بوو.

لە چواردەی تەموز ١٩٥٨ گیراو لەدواییدا محکمەی الشعب حوکمی خنکاندنی دا، گوایە لەسەر کاروباری سوریا ماوەیەک بەبەندکراوی لە معسکر ڕشید و دوای ئەوە لە نەخۆشخانە مایەوە و عەبدولکەریم ئەوانەی محکمەی شعب- محکمەی مەهداوی حوکمی خنکاندنی دا بوون، کەسیانی ئیعدام نەکرد[٢١٥].

---

٢١٥ لەو کاتەدا کە ئەحمەد موختار بابان لە نەخۆشخانەی سەربازگەی ڕەشید بەند و نەخۆش بوو. من لە بەغداد مدیری مەکتەبی وەزیری برادەرم خوالێخۆشبوو عەونی یوسف بووم کە وەزیری شۆڕش هەڵبژاردەی خوالێخۆشبوو

دوا قسە، وتەی خوالێخۆشبوو مەسعود محەمەد لە لاپەڕە ٢٨٢ (مذكرات أحمد موختار بابان)[٢١٦]

ئەحمەد موختار بابان لە پێشەوەی سیاسییە کەمتا بێژەکانی عێراقە، لە جۆرە قورسەکانی سەردەمی مەلیکە ئەوەش بەهۆی دوو خاڵە کە لای ئەو پیاوە کۆبۆتەوە. یەکەمیان، خۆ دوورگرتن لە سوکایەتی چونکە ئەو بەدوای پلەوپایەدا نە ئەگەڕا، بەڵکو بەرزی و سەرکەوتن بەدوای ئەودا بەزۆری ئەگەڕان. دوامین: شانازی بەڕەسەنی و بنەچەیەوە. چونکە ئەو بنەماڵەی بەناوبانگی بابان بوو، کە بنەماڵەیەکی حوکمڕانی کوردستان بوو بۆ سەدەها سال لە ناوچەیەکی هەرە فراواندا، کە ئەمڕۆ کوردستانی عێراقە. هەر خوالێخۆشبوو بەڕێز مەسعود محەمەد ئەڵێت، بەم بۆنەیەوە ئەڵێم، پاشکۆی سوپای ئوردون کە لە منی بیست ئەو پیاوە لە بنەماڵەی حوکمڕانی بابانە، لە پڕێکدا و وتی، ئێستا لەوە حاڵی بووم[٢١٧] نەهێنی ئەو خۆ بەڕێزگرتنەی ئەوکاتەی کە تەوقەی لەگەڵ خاوەن شکۆ مەلیکی ئوردون ئەکرد لە دەربار لە عەمان.

مەلا مستەفای بەرزانی وەزیری أشغال واسکان بوو.

ڕۆژێک عەسر وەک هەموو جارێک سەرم لێئەدا، نەخۆش و زۆر بێ تاقەت بوو. کە ئەحواڵم پرسی، وتی بڕوا بکە چەند حەبەم خواردووە ئێنجا دە دەقیقە خەوم لێناکەوێت، خۆزگە ئیعدام ئەکرام و ڕزگارم ئەبوو. منیش لەو کاتەدا بەرزانی نەمرم بیرکەوتەوە.

بە ئەحمەد موختارم وت، مامەگیان. هەموو حەفتەیەک مەلا مستەفا تەشریف ئەهێنێت بۆ وەزارەت بۆ سەردانی عەونی یوسف ئەڵێی چی تکا و عەرزی بکەم قسە لەگەڵ زەعیم عەبدولکەریم بکات؟ زۆری پێ خۆش بوو، وتی سڵاوی منی پێشکەش بکە، من کاتی خۆی چەندم پێ کرابێت یارمەتیم داون. ڕەنگە لەبیری بێت. کە بارزانی بۆ ڕۆژی دوایی تەشریفی هێنا، هەموجار ئەهاتە لای من، منیش لە خزمەتیدا ئەمبرد بۆ لای کاک عەونی. لەو هاتنەیدا، سڵاوی بابانم پێگەیاند و نالەباری تەندروستی بەرزانی فەرمووی، بەسەرچاو، ئەوە پاشایە پاشا پیاوەتی بۆ ئێمە هەبوو. ئەم حەفتەیە ئەچم بۆ لای زەعیم و باری تەندروستی پاشای تێئەگەیەنم و حەفتەی داهاتوو وەڵامەکەت بۆ ئەهێنمەوە هەرواش بوو.

جەنابی بەرزانی حەفتەی داهاتوو وەڵامی هێنایەوە، کە زەعیم فەرمویەتی هەموویان دڵنیابن ئیعدام ناکرێن، بەڵام لەبەر ڕیکلام و ڕەئی عام ناتوانم ئەمە ئیعلان بکەم، کە وەڵامەکەم بردەوە بۆ بابان وەک گوڵ گەشایەوە و هەڵسا ئەملاولای ماچ کردم.

ڕۆژگار هات و ڕۆیشت ئەحمەد موختار بابان بەربوو. من بەبۆنەی بەربوونییەوە دەعوەتم کرد و چەن برادەرێک و خزمانم لەگەڵ بانگکرد دوای ئەوە تەزبیحێکی بۆ یادگار دامێ.

ئیتر چوو لە بیروت نیشتەجێ بوو، ئەوسا زاواکەی هانی النائب میردی سرابی کچی دەبلۆماسی بوو لە ئەڵمانیای غەربی چوو بۆ سەردانی ئەوان. لەوێ بەیێک مایەوە، کە لە گرتوخانە تووشی نەخۆشی دل بوو بوو، ئەوە لێی هەڵدایەوە، بەوە ڕۆژی ١٩٧٦/١٠/٢٤ چاوی لێکنا.

دوای بەیێک زانیم کە یاداشتنامەی بەجێ هێشتووە و سەرابی کچی داویەتی بە دکەمال مظهر بۆ لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی بۆ بەچاپگەیاندنی. نازانم بۆچی لەو یاداشتەدا. ئەو هەول و یارمەتییەی جەنابی بەرزانی بۆچی پشت گوێ خراوە و باسی نەکراوە لە کاتێکدا، کە ئەیانزانی و من پێم ڕاگەیاندبوون خوالێخۆش بێت و بەهەشتی بەرین شوێنی حەوانەوەی بێت.

٢١٦ المؤسسه العربية للدراسات والنشر- بيروت

٢١٧ ئەم ڕێزی خۆگرتنە ئەو ملحقی سوپاییەی ئوردون بۆ خوالێخۆشبوو مەسعود محەمەدی گێڕاوەتەوە لەلایەن ئەحمەد موختار بابانەوە. لووت بەرزییەکەی جەنەرال دیگولم بیر ئەخاتەوە، لە یەکێک لە کۆبونەوەکانی سەرۆک ڕوز فلت (امریکا) و چرچل (بەریتانیا) و ستالین (یەکێتی سۆڤیات). کاتی شەڕی جیهانیی دووەم.

ئەحمەد نەعیم

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کەسایەتی گەلێک هەن بەرهەمێکی هێندە مەزنیان خزانندووەتە نێو تەمەنە کورتەکەیانەوە کە نووسینەوەی ژیاننامەیان گەلێک سەختە و لە ڕاستیدا ئازایەتی دەوێت. هۆکارەکەشی ئەوەیە ناتوانرێت تەنیا ئاماژە بەسالّی لە دایکبوون و مردن و چەند قۆناغێکی خوێندنیان بکرێت، بەڵکو ئەوەی ئەوانی کردووە بە ئەوان چەقی ئەو دۆزەیە کە بەدەوریدا خولاونەتەوە. یەکێک لە هەڵگری ئەم تایبەتمەندیانەی هێمام بۆ کردن، پێکرا لە ئەحمەد نەعیم بابانزادەیدا هەیە.

بابانزادە ئەحمەد نەعیم، سالّی ١٨٧٢ز لە شاری سلێمانی چاوی بەدنیا هەڵهێناوە، لەبنەماڵەی بابانە و کوڕی مستەفا زیهنی پاشایە. بە هۆی وەزیفەی باوکییەوە کە لەو سەردەمەدا بەرپرسی نووسینگەی والیی بەغداد مەدحەت پاشا بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەبەغداد تەواو کردووە. پاشان هەر بە هۆی کاری باوکییەوە دەیگوازنەوە بۆ ئیستانبول و لەوێ لە مەکتبی سولّتانیە کە خوێندگای پێشکەوتووی ئەوکاتی ولّاتی عوسمانی بووە و مندالّی پاشا و کاربەدەست و خوا پێداوەکان تێیدا دەیان خوێند، خوێندنی دواناوەندی تەواو کردووە. ئیدی لەوێوە ئاشنای زمانی فەرەنسی و زانستەکانی خۆرئاوا دەبێت.

وەلێ ئەحمەد کوڕێکی هێندە زیرەک و چاوکراوە دەبێت، زانستەکانی خوێندنگە بەبەس نازانێت و دوای وانەکانی دەچێتە مەدرەسە و لەوێش وانەی عەرەبی و دین دەخوێنێت. سالّی ١٨٩١ مەکتەبی سولّتانییە بە پلەی زۆرباش (عالی الاعلا) تەواو دەکات. دواتر دەچێتە مەکتەبی مولکیە و سالّی ١٨٩٤ بڕوانامەی بەشی کارگێڕی بەدەست دەهێنێت. دەستبەجێ دوای دەرچوونی بە هۆی زمانزانیەکەیەوە زمانی دایک کوردی، عەرەبی، تورکی، فارسی، فەرەنسی زۆرباش زانیوە وەزارەتی دەرەوە ئەرکی وەرگێڕانی پێدەدات، پاشان کاربەدەستان چاو دەبڕنە توانا و لێهاتووی ئەحمەد و دەکرێت بەکاربەدەست لە فەرمانگەی زانستی ئەنجومەنی مەعاریف وەزارەتی پەروەردەی ئیستادا. بەشێک لە وەزیفەکانی ئەحمەد نەعیم بابان دواتر ئەمانەبوون، بەڕێوەبەرایەتی مەکتەبی ڕوشدیە فەرمانگەی بەرپرس لە پەروەردە پێش دامەزراندنی وەزارەتی

پەروەردە، وانەبێژی عەرەبی و کلام لە مەکتەبی سولتانییە، مامۆستا لە دارولفنون(زانکۆی ئیستانبول)، سەرۆکی گشتی دارولفنون (زانکۆی ئیستانبولی ئیستا). کاتێک بابانزادە دەبێتە سەرۆکی زانکۆی ئیستانبول ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە بە گرنگییەکی زۆرەوە هەواڵی ئەمە بڵاودەکەنەوە و باسی لێوە دەکەن. بۆ نموونە، (جریدەتول) سوفیە نووسیبوی، (بە هۆی ئاشنایەتی نزیکمانەوە لە پێگەی مەزنی و زانست مەداریەکەیەوە، عەرزی سوپاس دەکەین لە خزمەت وەزیری نوێی مەعاریفدا. جێی خۆیەتی ئەگەر کاربەدەستێنی بابانزادە بۆ سەرۆکایەتی پۆستێکی وەک دارولفنون بە دووبارە ژیانەوەی زانستە ئیسلامیەکان و مایەی خێر بۆ تەواوی جیهانی ئیسلامی ناوزەند بکەین).

لەبەر گرنگی زۆری، پێم باشە لێرەدا زیاتر دارولفنون لە ساڵی ١٩٣٣ لە بەشی ئەدەبیات ئەم وانانەی دەوتەوە، فەلسەفە، لۆژیک، سایکۆلۆجی، ڕەوشت و میتافیزیک.

سەنگی ئەم کەڵەپیاوە هێندە قورسە لەلایی خەڵکی دۆستانی کە تەنیا ئەوان دەتوانن بیبێنون. بۆ نموونە مەهمەد عاکیف ئەرسۆی شاعیری بەناوبانگ و مایەی شانازی تورک کە لە وەسفیدا دەڵێت، من لە دوای هاوەڵانی پێغەمبەر ئەحمەد نەعیمم خۆش دەوێت و شوێنکەوتەی ئەوم.

بابانزادە لە ماوەی ژیانیدا چەندین مەقالە و پەرتوکی نووسیوە و دانەری سێ لە نۆ بەرگی کتێبەکانی وەزارەتی ئەوقافی ئەو سەردەمەیە کە تەواوی فیقهی ئیسلامی لە خۆگرتووە. کتێبە چاپکراوەکانیشی بریتین لەمانە، تەمرینات ١٩٠٠، زانستی دەرونی لە ئامانجەکانی فەلەسەفەدا، پرسی نەتەوەیی لە ئیسلامدا ١٩١٦، وانەکانی حیکمەت (فەلسەفە) ١٩١٩، زانستی لۆژیک (وەرگێڕان) ١٩١٩، وەڵامێک بۆ د. ڕەزا تۆفیق دەربارەی تۆفیق فکرەت ١٩٢٠، بنەماکانی ئەخلاقی ئیسلامی ١٩٢٤، چل فەرمودە (وەرگێڕان) ١٩٢٥، سەحیحی بوخاری بەرگی ١-٢ -١٩٢٨.

وەک تەواوی سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ دەکەن گرنگترین تایبەتمەندی کە وێنەی نەبووە لە سەردەمەکەی خۆیدا فەرموودەناسی و شارەزایی بووە لە زانستی فەرموودەدا.

بەڵگەیەکیش لەسەر ئەمە وتەی پێشەکی کتێبی سەحیحی بوخاریە، کە بریتییە لە ٥٠٠ لاپەڕە. لەم پێشەکییەدا بابانزادە پسپۆڕی خۆیی لە تێگەیشتن و شارەزایی فەرموودە دەرخستووە و هیچ گومانێکی نەهێشتووەتەوە بۆ نێوێنەییەکەی لە بوارەکەدا. ساڵی ١٩٢٨ دەستی کرد بە وەرگێڕانی سەحیحی بوخاری، بەڵام بەداخەوە تەمەن ڕێگەی نەدا تەواوی بکات و تەنیا دوو بەرگی وەرگێڕا[٢١٨].

وەک پێغەمبەری ئیسلام د.خ لە فەرمودەیەکدا دەفەرمێت، (مرۆڤ لە سەر ئەوەی دەژی دەمرێت و لە سەر ئەوەی دەمرێت حەشر دەکرێت). بەرواری ١٣ی ئابی ١٩٣٤ بوو، ئەحمەدی عاشقی فەرموودە گەیشتبووە وەرگێڕانی ئەو بەشەی فەرمودەیەک کە باسی چۆنێتی ئەنجامدانی

٢١٨ دوای ئەحمەد نەعیم بابان، خوالێخۆشبوو مەلا ڕەشید بەگی بابان کە ناوی لەم کتێبەدا و سیرەشی هەیە. ئەو بەنۆ بەرگ حەدیس – صەحیحی موسلیم و بوخاری وەرگێڕایە سەر کوردی و ئەرکەکەی ئەحمەد نەعیمی تەواو کرد.

ڕکاتی دووەمی نوێژی نەخۆشی (صلاه المرضی) دەکات. کاتی نوێژی نیوەڕۆ هات. وەک پیشەی هەمیشەیی دەستبەجێ دەستی هەڵگرت لە نووسین و دەستنوێژی شوشت نوێژی دابەست. ڕۆحی بابانزادەی پاک لە نزیکترین کاتیدا لە خوداوە لە سوجدەی ڕکاتی دووەمی نوێژەکەیدا لەشەقەی باڵیدا بەرەو ئاسمان و گیانی سپارد. تەرمی ئەم پیاوە مەزنە لە گۆڕستانی ئەدرنەکاپی ئیستانبوڵ نێژرا و پاش مردنی مەهمەت عاکیفیش لە تەنیشت ئەمەوە نێژرا.

شاعیر مەهمەت عاکیف ئەرسۆی دەربارەی مردنەکەی دەڵێت، مردنی لە ناکاوی ئەحمەدی بێچارە هێندە هەژاندمی وامزانی خانوەکەم بەسەرمدا ڕوخاوە. دروستبوونی کەڵەپیاوێکی وەک ئەحمەد لەم ڕۆژەهەڵاتە بێچارەیەدا جارێکی تر ئەستەمە ئیلهاڵی حەمدی شعرێکی بۆ مەرگی بابانزادە هۆنیوەتەوە لەدێرکیدا دەڵێت، "لە کڕنوشدا بۆ لای خودا چوو، نەعیم."

بەڵی، هەرچییەک بوترێت و بنوسرێت دەربارەی ئەحمەد نەعیم بابان هێشتا هەر کەمە. ئامانجی من لێرەدا تەنیا ناساندنی گەورە پیاوێکی بابانی ئەم کوردستانەیە بە خوێنەر. تاکو هیچ نەبێت بە ئەندازەی تورکەکان خۆمان بە خاوەنی بزانین و سود لە زانستە فراوانەکانی وەربگرین[٢١٩].

د. ئاوات عەبدوڵڵا
گۆڤاری بابان ژمارە ٢٠ ساڵی ٢٠١٥، سلێمانی.

٢١٩ د. ئاوات عەبدوڵڵا قوتابی کوردی ئەترافی سلێمانییە و لە زانکۆی ئەنکەرە ئەخوێنێت. کوردێکی بابانی زۆر بەتوانا و زیرەکە. هەروەها د. جبار قادر هەر لە بابەت ئەحمەد نەعیم ڕۆژی ٢٠١٦/٣/٢٩ باسێکی زۆر بەنرخ و دوور و درێژی لە ڕۆژنامەی ئاوێنەی سلێمانی دا بڵاوکردەوە. دەستەکانی خۆشبێت.

ئەمیرە پاشا[٢٢٠]

کوڕی شێخ حەیدەر و لە ئومەرای موکرییە، لەژێر حیمایەی شاە تەهـ هماسب موددەتێک وڵاتی موکریی بە سەربەخۆیی ئیدارە کرد، تا زەمانی سوڵتان محەمەد خودابەندە لە حیمایەی ئێراندا بوو. لە ساڵی ٩٩١ی هیجرید، ١٥٨٣ میلادی لەگەڵ هەندێ کوردی تر تابعییەتی عوسمانی قبول کرد، سوڵتان مورادی سێیەم زۆر حورمەتی گرت، عەلاوەی موڵکی ئەجدادی بەشێکی وڵاتی شارەزوور و سنجاغی موصڵیشی درایە، هەولێر و مەراغەش درا بە کوڕەکانی.

لەگەڵ بەگلەربەگی (وان) محەمەد پاشا شکایەوە بە لای بەگتاش قولی بەگی سەرداری ئێران و شکاندی. حکومەتی عوسمانی لە حوسنی ئیدارە و جەسارەتی ئەمیر بەگ مەمنوون بوو و بە واسیطەی سەردار فەرهاد پاشا سنجاغی مەراغەشی درایە، ناحیەی دریاسیش درایە حسێن بەگی ئامۆزای. لە پاشدا ئەمیرە پاشا، حسێن بەگی موحاصەرە کرد و دریاسی لێ سەند.

لە دوای ئەمە کە تەورێز کەوتە دەست حکومەت، جەعفەر پاشای کرد بە موحافیز و لەگەڵ ئەمیرە پاشادا زوو بەینی تێک چوو. لەسەر شکانی جەعفەر پاشا، وڵاتی شارەزوور و موصڵ و هەولێر لە ئەمیرە پاشا سێنرایەوە.

نیهایەت مەراغەشی لە کیسچوو، هەر موڵکی باوباپیری بەدەستەوە ما. شێخ حەیدەری کوڕیشی حاکمی قەڵای صاروکورکان مولحەقی مەراغە بوو. میری میرانی تازەی تەورێز خچر پاشا ویستی ئەم قەڵایە بدا بە عەشیرەتی مەحمودی، شێخ حەیدەر ئیطاعەتی نەکرد و لە طەرەف لەشکری عوسمانییەوە موحاصەرە کرا، بەڵام لە نەتیجەدا قوماندانی لەشکری تورک عەوەض بەگی کوشت. ئەمیرە پاشا نیهایەت تەوەسوگی کرد و بەینی خظر پاشا و شێخ حەیدەری باشکردەوە. داریاس میان دواب، ئیجاری، لەیلان، تاراکاو صاروکورکان. بە دەست خۆی و کوڕەکەیەوە مایەوە، موددەتێکی زۆر ئیدارەیان دەوامی کردەوە.

---

٢٢٠ ل١٣٥ محەمەد ئەمین زەکی بەگ سەرجەمی بەرهەمەکانی- ئامادەکردنی سدیق سالح- بنکەی ژین- سلێمانی ٢٠٠٠.

ئەورەحمان پاشای بابان (١٧٨٩-١٨١٣)[٢٣١]

کوڕی مەحمود پاشا کوڕی خالید پاشایە ئەم پیاوە لە ماوەی ٢٤ ساڵدا گەلێک جار هاتە سەر کار و لابرا لە ڕاستیشدا ئەتوانین بڵێین ئەم میرە بەهێزترین و ئازاترین میری بابان بوو[٢٣٢] مرۆیەکی وریا و دووربین و دوور لە کەللەشەقی و کەف و کوڵ و هەڵچون، تاکو جارێکیان داوای لێکرا کە ببێت بە والیی بەغداد، بەڵام وەڵامەکەی ئەمە بوو: کە هەرچەندە بەوە ئەبم بە وەزیرێکی گەورە، بەڵام دیمەنی شاخە بەفراویەکانی وڵاتەکەم گەلێک لا شیرین تر و بەرزترە لە شوێنی مەلیک[٢٣٣]

باسی ئەم پیاوە گەورەیە و باسی ژمارەی لا بردن و هێنانەوەی و گەڕ پێکردنی ئەکەین بۆ ئەوەی بزانین والییەکانی بەغداد چ جۆرە سیاسەتێکیان ئەگرتە بەرو چیان ئەکرد لەگەڵ میرنشینی بابان دا.

وەک باسمان کرد بۆ یەکەم جار ئەورەحمان بەگ ساڵی ١٧٨٩ پلەی میری میرانی پێبەخشرا، تاکو والیی بانگی کردە بەغداد و چوار ساڵ لەوێ هێشتیەوە، لەوێوە ناردیە حلە دەست بەسەر داینا، تا سلێمان پاشای والیی مرد و عەلی پاشای زاوای هاتە جێی، ئەم عەلی پاشایە لە ساڵی ١٨٠٣دا ئەورەحمان پاشای هێنایەوە و بۆ ساڵی دوایی ١٨٠٤ لەسەر داوای والیی، ئەورەحمان پاشا بە لەشکرەکەیەوە ڕووی کردە بەسرە و زبێر بۆ بەرهەڵستی وەهابییەکان، هەرچەندە زۆر لە لەشکرەکەی لە گەرما و تینوێتی دا خنکان بەڵام بە سەرکەوتوویی یەکسەر بۆ سلێمانی گەڕایەوە بێ ئەوەی لابداتە لای والیی و ئەشیزانی والیی ئەمە ئەگرێتە دڵ. بۆیە ئەویش خۆی بۆ ئامادەکرد لە دەربەندی بازیاندا، هەرواش بوو، چەند ڕۆژێکی نەبرد سوپای علی پاشا هات و خالید بەگی کوڕی ئەحمەد پاشای ئامۆزای ئەورەحمان پاشا لەگەڵیاندا، لەوێدا شەڕێکی گەرم هەڵگیرسا، ئەورەحمان پاشا بۆ ئەوەی زیاتر خەڵک نەدا بە کوشت و وڵات وێران نەبێت

---

٢٣١ مێژووی بەینی دوو کەوانەکە مەبەست لەماوەی حوکمی پچڕ پچڕیەتی.

٢٣٢ بێ ئەوەی لە ڕیزی(ڕێزی) ئەوانی تر کەم بکەینەوە

٢٣٣ تأريخ السليمانية ل١٣٣ لەکتێبەکەی ڕیچەوە

بەرەو سلێمانی گەڕایەوە و لەوێوە بۆ سنە و میرنشینی بابان بەم جۆرە درایە دەست خالد پاشا کە پلەی میری میرانیشی پێبەخشرا، بەڵام ئەم خالید پاشایە سااڵێکی تەواو نەکرد، ئێران بەخواهیشت و بە شەڕ و بەناچارکردنی والیی، ئەوڕەحمان پاشای خستەوە شوێنی خۆی، ئەمەش لە سااڵی ١٨٠٦دا بوو[٢٢٤]، دوای ئەوە بە سااڵێک ئەم عەلی پاشایە لە سااڵی ١٨٠٧دا کوژرا و سلێمان پاشای بچووک هاتە شوێنی، لەو کاتەدا ئەوڕەحمان پاشا نەچوو بۆ بەغداد بۆ پیرۆزبایی ئەم کابرایە، ئەویش ئەمەی گرتە دل، بەتایبەتی کە خالید پاشا لە کەرکوکەوە چوو بۆ پیرۆزبایی و تکای لێکرد کە بینێرێتەوە سلێمانی. والیی لە سااڵی ١٨٠٨دا لەشکرێکی نارد سەر سلێمانی، ئەوسا ئەوڕەحمان پاشا لە دەربەندی بازیان بە لەشکرێکی دەهەزار کەسیەوە بەرەنگاری بوو والیی کە زانی هیچی بۆ ناکرێت، ناچار ئەوڕەحمان پاشای لە سااڵی ١٨٠٨دا خستەوە شوێنی خۆی، دوای ئەوەی دیاریەکی باشیشی بۆ نارد، بەڵام بەهاتنی سوڵتان مەحموودی دووەم ١٨٠٨- ١٨٣٩ و گوناهبارکردنی سلێمانی بچووک بەسەر کێشی، فەرمانی لابردنی دراو حالت ئەفەنی کە کار بە دەستێکی گەورەی ئەو سەردەمەی دەوڵەتی عوسمانی بوو[٢٢٥] نێررا بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی سوڵتان و لابردنی والیی، سلێمانی بچووک گوێی نەدایە و کەوتە شەڕەوە، حالت ئەفەنی داوای لە ئەوڕەحمان پاشا کرد کە فریای کەوێت، ئەویش بە لەشکرەوە هات، دوای شەڕێکی گەرم سلێمانی بچووک کوژرا و ئەوڕەحمان پاشا دەستی گرت بەسەر بەغداد دا، ئەوسا حالت ئەفەنی ناچارکرد کە عەبدوڵڵا ئاغای خەزنەدار کە دۆستی ئەوڕەحمان پاشا بوو دانێت بە والیی.

ئەوڕەحمان پاشا ئەم کابرایەی بەشتێکی ئەوتۆ نەئەزانی، چونکە خۆی داینا بە والیی، بۆیە ئەمیش ئەمەی گرتە دل، لە پێش هەموو شتێکدا سەرۆکی أنکشاری[٢٢٦] یەکان و کەتخودای لابرد کە لەوە پێش لەسەر قسەی ئەوڕەحمان پاشا دانرا بوو ئینجا لەشکرێکی نارد سەر ئەوڕەحمان پاشا و لە سااڵی ١٨١٢ دا لە کفری بەرەنگاری یەک بوون، ناچار ئەوڕەحمان پاشا کشایەوە بۆ کۆیە و جارێکی تر خالید پاشای ئامۆزای لە شوێنی دانرایەوە[٢٢٧]، بەڵام والیی، بۆ ئەوەی شازادە محەمەد عەلی میرزا شای ئێران لوت نەژەنێتە کاروباری وڵاتی بابان و کەرکووک و شوێنەکانی تری عێراقەوە، ئەوڕەحمان پاشا کە ڕووی تێ کردبوون، ئەویش بۆ ئەوەی وڵات نەکەوێتە ژێر پێی لەشکری ئێران و والیی، بۆیە بەخۆشی داوای لە والیی کرد کە بیگێڕێتەوە، ئەویش گورج بە قسەی کردەوە و گێڕایەوە شوێنی خۆی.

بەڵام چونکە ئەوڕەحمان پاشا، ئەو والییەی هەر بە هیچ نەئەزانی و گوێی نە ئەدایە، بۆیە ئەویش جارێکی تریش لە سااڵی ١٨١٣دا لای بردەوە و خالید پاشای ئامۆزای لە شوێن دانایەوە.

---

٢٢٤ تأريخ السليمانيه ل١١٥.

٢٢٥ دوحة الوزراء شيخ رسولى كركوكى ل ٢٢٤ و حكم المالیک فى العراق ل٧٤-٧٦

٢٢٦ حكم الممالیک علاو موسي كاظم نورس ل٨٢- ٨٤ و تأريخ السليمانيەى محەمەد ئەمين زەكى ل١٢٤- ١٢٥ بكە.

٢٢٧ تاريخ السليمانية ل١٢٦-١٣٠.

ئەوڕەحمان پاشا لە ئەنجامی ئەمەدا جارێکی تر سوپای کۆکردەوە لە ساڵی ١٨١٢دا کە بدات بەسەر بەغداد دا و لەگەڵ سوپای والیی لە کفری پەلاماری یەکیان دا، هێزی بابانەکان لە سەرەتاوە پێشکەوت بەڵام لە دواییدا هێزی والیی بەغداد خۆی گرتەوە و شوێنی قایمکرد، بەوە سوپای بابان شکا و ئەوڕەحمان پاشا ڕووی کردەوە ئێران، شازادەش ئەمەی لەخوا ئەویست، هەر بۆ ئەوەی لووت بژەنێتە کاروباری کوردستانەوە بۆیە سوپایەکی بۆ ئامادە کرد، بەڵام دیسانەوە بۆ ئەوەی شەڕ نەبێتەوە، هەردوو لا ڕێک کەوتن و ئەوڕەحمان پاشا دانرایەوە[٢٢٨].

بەم جۆرە ئەوڕەحمان پاشا مایەوە تا لە ساڵی ١٨١٣دا فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا و لە مزگەوتی گەورە نێژرا و ئێستاش گۆڕەکەی کەوتۆتە ناو صحنەکەی مزگەوتی گەورە لەگەڵ گڵکۆی بابانەکانی تردا.

کە وا بوو ئەوڕەحمان پاشا بەم جۆرەی لە خوارەوە نووسیومانە بۆ شەش جار لابراوە و هاتۆتەوە،

ساڵ (ز) ساڵ (ک) ماوە/ ساڵ بۆ ساڵ جاری

١٧٨٩-١٧٩٧ ١٢٠٤-١٢١٢ ٨ یەکەم

١٨٠٣- ١٨٠٥ ١٢١٨-١٢٢٠ ٢ دووەم

١٨٠٦-١٨٠٨ ١٢٢١ -١٢٢٣ ٢ سێیەم

١٨٠٨- ١٨١١ ١٢٢٣-١٢٢٦ ٣ چوارەم

١٨١٢-١٨١٢ ١٢٢٨-١٢٢٨ چەند مانگێک پێنجەم

١٨١٣-١٨١٣ ١٢٢٩-١٢٢٩ ١ شەشەم

واتە ئەو ماوەیەی ئەوڕەحمان پاشا حوکمی کردووە، تەنها شانزە ساڵ بووە. لەو کاتەی حوکمی ئەو خەڵکەکە لەگەڵ ئیشوکاری خۆیاندا و بۆ دابینکردنی ژیانیان بە کشوکاڵەوە خەریک ئەبوون ئەگەر گەڕکردنی والیی عوسمانی و ئێران وازیان لێ بهێنانایە. هەر چۆنێک بێت، تێبینی مان لەم ماوەیەی حوکمی ئەوڕەحمان پاشادا بەم جۆرەیە،

یەکەم، کەم یا زۆر هەوڵی داوە میرایەتی بابان لە دەست نەدا و ناحەز لە خزمەکانی خۆی وەک خالیدی ئامۆزای و سەر بەوالیی بەغداد، والیی بەغداد خۆی و ئێران زەفەری پێ نەبەن و بتوانێت ئاسایشی وڵاتەکەی ڕابگرێت و خەڵکەکە بحەسێنێتەوە.

دووەم، ئەیویست سنوورێک دابنێت بۆ دەسەڵات و فرۆفێڵی والییەکانی بەغداد و میرەکانی ئێران و هەڵگیڕانەوەی بابانەکانی خزمی بەدەسیسە و فیتنەگێڕانی ئەوانە. هەرچەندە هەندێک سەرکەوتووبوو، بەڵام داعشەکانی ئەو ڕۆژگارە لەوانەی ئەمڕۆ کەمتر نەبوون لە زەرەر و زیان دا.

سێیەم، لوت ژەننە کاروباری کوردوستان، لەلایەن ئێرانییەکانەوە و ئەنجامی ئەمەش هەمیشە پێشێل کردنی وڵات و میللەت بوو، جگە لەوەی بە شێوەیەکی لاوەکی کارکردنە سەر کاروباری دەوڵەتی عوسمانیشی ئەگرتەوە.

٢٢٨ تأريخ السليمانية ل١٣١-١٣٢.

چوارەم، ئەیوبست سەربەستی ولاتەکەی بیهێنێتە دی، بەوەی یەک سەر بە ئاستانەوە ببەسرێت و پەیوەندی بە والیی بەغدادەوە نەبێت، هەندێک ئەڵێن چاویشی لە والییەتی بەغدادەوە بووە، هەندێکی کەش وەک ڕیچ کە ئەڵێت کردوویانە بە والیی بەغداد و خۆی قبوڵی نەکردووە.

یەکێکی وەک ئەمین زەکی لە باسی ئەم پیاوەدا ئەوەتا ئەڵێت، ئەم میرە لە هەموو میرەکانی تری بابان ئازاترو تواناتر بووە. گشت مەرجێکی حوکمی تێدا بووە، بەڵام خیانەتی خزمەکانی و فڕوفێڵی والییەکانی بەغداد و پیسی شازادەکانی ئێران و نا گزۆری شوێنی جوغرافیایی وڵات و ئەو شتانەی ڕوویان ئەدا، ئەمانە هەموویان بوون بە کۆسپ نەیان هێشت بەئاواتی خۆی بگات، ئەگینا تا بڵێی ئەم پیاوە مرۆیەکی لە خواترس و زانا و ڕێزی پیاوی ئایینی ئەگرت و زانست و زانایانی خۆش ئەویست، گیانێکی نەتەوایەتی هێجگار بەرزی هەبوو، لە بەسەرهات و شەڕەکانیدا توانایەکی بێ وێنەی بووە، بەڵام بەدبەختی و زۆریی چاو لە شوێنەکەی نەیان هێشت بە ئامانج بگات[٢٢٩].

حسێن ناظم بەگ لە بابەت ڕەوشتی بەرزی ئەم پیاوەوە ئەڵێت، "مەلا محەمەد ئەمین ناوێک لە تاو قەرزاری دەست ئەکات بەقسە پێ وتنی پاشا، بەڵام ئەو وەنەبێت لەمە ڕقی هەستا بێت بەڵکو زوو چووە قەرزەکانی ئەو پیاوەی داوەتەوە"[٢٣٠]

هەروەها ڕیچ بەرامبەر بەم پیاوە ئەڵێت، "سەردەمێک ئەوڕەحمان پاشا ویستی، چ باجێک ئەکەوێتە سەر وڵاتەکەی، یەکسەر بیدا بە ئاستانە و پەیوەندی بە والیی بەغدادەوە نەمێنێت و تەنها فەرمان لە سوڵتان خۆی وەربگرێت، بەڵام بۆی نەچوە سەر[٢٣١]"

هەروەها ڕیچ ئەڵێت، ئەوڕەحمان پاشا ئەوە نەبوو کە زۆر حەز بە سەپاندنی تەنها قسەی خۆی بکات، چونکە لە سەردەمی ئەودا بوو کە عەشرەتی جاف سەرفراز کرا لە کوردستاندا، کە خۆیان کاروباری عەشرەتەکە بەرن بەڕێوە[٢٣٢].

ئەوەش شاعیری گەل عەلی بەردەشانی[٢٣٣] کە لە قەسیدەیەکی دوور و درێژدا ستایشی ئەوڕەحمان پاشا و بڕوای قایمی بە یەزدان و چاکە و ڕەوشتی بەرزی و ملکەچی لە ڕاست ئەوانە لە خوار خۆیەوەن و ئازایەتی بێوێنەی، کە هەموو لەو قەسیدانەدا دەرئەکەون، کە لە شەڕەکەی دەربەندی بازیاندا ووتونی،

پاشای بابان جیهانگیری - ڕەنگ ڕۆستەمی زاڵی پیری

---

٢٢٩ تأريخ السليمانيه- محمد امين زكى.

٢٣٠ ڕحلە ڕیچ ل٦٨.

٢٣١ (١٢,١١)(رحلە ڕیچ) ل٩٦.

(13). خەڵکی بەردەشانی لای بنگرد بووە، شیعرەکانی زۆری خوێن بزوێن شێوەی داستان و هەندێ جار ڕەخنەشی لە پاشا گرتووە.

٢٣٢

٢٣٣

رانابوێرم بەفەقیری- ناکەم خزمەتی وەزیری
نانی دەستێنم بە شیری
بەشیر نەبێ قەت پێک نایە - سوێندم خواردوە بەوەڵڵایە
ناچمە سەفەری ئەحسایە- یاخی دەبم لە بەغدادیە
هەروەها ئەوە دەرئەخات کە پاشای بابان هەڵناخەڵەتێت و سەر بۆ کەس دانانەوێنێت ئەڵێت[٢٣٤]:

دای دەگرت ئەوسالّا زستانێ - سوێندی خواردوە بەقورئانێ
دامەزرێنم خانە دانێ - خەیالّە بچمە تارانێ
سوار چاکی دەدان لە سانێ
دوای ئەوە ڕەخنەش لە پاشا ئەگرێ و پێی ئەڵێت:
باقی کەس نەیبرد - ئەو ئەوڕەحمان پاشای کورد
بەخۆوە بەلەشکری خورد- پاشا بوو سەهووی دەکرد
هەتا بەغدادێی ی نەبرد

جگە لەوانە مامۆستا عەلا و کاظم نورس ئەڵێت، بابانەکان لە سەردەمی ئەوڕەحمان پاشادا گەیشتنە ئەوپەڕی پایە بڵندی...[٢٣٥]

جا ئەگەر لوت ژەننی ئێرانییەکان و داواکاریی ناپەسەندی والییەکانی بەغداد نەبوونایە، بێگومان ئەم پیاوە لە خوا ترسە زانا ژیرە ئازایە ولاتی ئەخستە بارودۆخێکی دامەزراوی و ئاسودەیی و ژیانێکی خۆشەوە.

بەکورتی ئەو سەرچاوانەی لەسەر میرنشینی بابانیان نووسیوە زیاتر لەبابەت ئەوڕەحمان پاشاوە دواون ئەوەتا کابرایەکی عەرەب، کە تأریخ الامارە البابانییەی نووسیوە:

عبد ربه ابراهیم الوائلی ئەڵێت[٢٣٦](من أشهر امراء و البابان، أتصف بالحزم والاقدام والجرأة والنظر الثاقب. فأجتمعت فیه بذلک مزایا الحاکم القوي الناجح). ئەم پیاوە ئەوڕەحمان پاشای داناوە بەناوبانگترین میری بابان ئازا و کارگوزار، نەترس و دووربین. بەم جۆرە هەموو خەسڵەتی سەرکردەیەکی بەهێزی پێشکەوتووی تیاکۆبۆتەوە. ئەم نووسەرە زیاتر ئەم زانیارییانەی لە لونگریک بەدەست هێناوە.

---

٢٣٤ د. عیزەدین مستەفا ڕەسول- گۆڤاری کولیجی ئەدەبیات- زانکۆی بەغداد. ژمارە (١٦) ١٩٧٣ ل٣٨. ئەم بەیتە کە بە بەیتی ئەوڕەحمان پاشای بابان بەناوبانگە زۆرە نەمانتوانی لەو چەند نموونەیە زیاتر لێرەدا بنووسین مەبەست ئەدەن بەدەستەوە.

٢٣٥ لە زانکۆی بەغداد دانەری کتێبی حکم الممالیک فی العراقه ل٢١٥- ٢١٦.

٢٣٦ ل١٧٣ تأریخ الأمارة بابانیة- دار الزمان

سلێمان فائق[٢٣٧](لما كان عبدالرحمن باشا اكثر حذراً ودها و من غريمه، فقد انقض علي غريمه في الفرصة المناسبة فتمكن من قتله و أسر اتباعه - باسی محەمەد پاشای حاکمی کۆیە ئەکات، کە ناحەزی لەگەڵ ئەورەحمان پاشادا هەبوو، ئەڵێت چونکە ئەورەحمان پاشا داناتر و ژیر تر بوو، هەلی بۆ هەڵکەوت زوتر دەستی خۆی وەشان.

مستەر ڕیچ[٢٣٨] کاتی خۆی ئەورەحمان پاشا ئەیویست کارێک بکات ڕاستەوخۆ وڵاتکەی باج بدات بە باب العالی بە مەرجێک سەربەخۆ بێت و سەر بە هیچ والییەکی دەوروپشتی نەبێت. بەرامبەر بەمە سالانە باب العالی داوای چەند بکات بیدات بە مەرجێک دەست نەخرێتە کاروباری. بەڵام ڕەئیس ئەفەندی[٢٣٩] دوای والیی سلێمانی بچووک داوای لە ئەورەحمان پاشا کردبوو لە جێی سلێمان پاشا ببێتە والیی بەغداد، کەچی ئەورەحمان پاشا زۆر مەردانە و بەتوندی داواکەی ڕەت کردبووەوە وتبووی ڕاستە من بەوە پلەی یەکەمی وەزیریم ئەدرێتی، بەڵام قومێک لە ئاوی چیاکانی کوردستان بە هەموو تەخت و بەختی دەوڵەتی عوسمانی ناگۆڕمەوە. ڕەنگە چونیشم بۆ بەغداد گوزەرانیشم خۆشتر بکات. بەڵام ئەنجامەکەی ئەبێتە هۆی لە ناوچوونی بنەماڵەی بابان.

مامۆستا نەوشیروان مستەفا[٢٤٠] ئەگەر چی سەردەمی ئەورەحمان پاشا زۆر نا ئارام بوو. شەڕوشۆڕی زۆری تێدا قەوماوە. لە ماوەی ٢٤ ساڵ دا ئەورەحمان پاشا پێنج جار لابراوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەروەکو سەرکردەیەکی هەڵکەوتووی مەیدانی جەنگ بووە، هەروەها پێشەنگێکی مەیدانی خوێندەواری و ڕۆشنبیری بووە.

ئەورەحمان پاشا لە بواری هاندانی خوێندەواری دا چەند کاری گرنگی کردووە،

١. دروستکردنی مزگەوت و مەدرەسەی نوێ.[٢٤١]

٢. هێنانی مەلا ناوارەکان بۆ قەڵەمڕەوەکەی خۆی و دابینکردنی پێویستیەکانی ژیان و خوێندن و دەرس وتنەوە.

٣. کڕین و نووسینەوەی سەرچاوە گرنگەکانی خوێندنی مەلایەتی و وەقف کردنی لەسەر مزگەوت و مەلاکان.

گرنگی دانی ئەم میرە مەزنە بە خوێندەواری لەوەدا دەرئەکەوێت، سەرەڕای کەشمەکێشی ئەو ڕۆژگارەی ئەوی تێدا ژیاوە. وەکو ئەگێڕنەوە خۆیشی هەندێ جار دەرسی بە فەقێ و

---

٢٣٧ ل٣٧ تاریخ بغداد. ئەم سلیمان فائقە. باوکی حکمەت سلیمان بوو، کە لە کۆدەتاکەی بەکر صدقیدا بوو بە سەرۆک وەزیری عێراق ساڵی ١٩٣٦.

٢٣٨ ل١١٥ گەشتی ڕیچ بۆ کوردوستان ١٨٢٠ وەرگێڕانی محەمەد حەمە باقی. چاپی تەوریز ساڵی ١٩٩٢ نووسینی کلودیوس جیمس ڕیچ.

٢٣٩ مەبەستی حالت ئەفەندیە.

٢٤٠ ل ١٢٥/ ١٩و ١٢٦/ ٢٠ مێژووی سیاسی. کتێبی سێیەم بەرگی یەکەم بە دەم ڕێگاوە گوڵچنین.

٢٤١ دوو مزگەوتی لە سلێمانی دا دروست کردووە. مزگەوتی سەی حەسەن، کە گوایە ئێستا بەناحەق بوو بە مزگەوتی ئەوقاف. هەروەکو دیسانەوە بەناحەق تر کتێبخانەی بابان کرا بە بەکتێبخانەی ئەوقاف. خۆی لەم مزگەوتەدا دەرسی وتوتەوە. مزگەوتی دووەم، مزگەوتی باباعەلی قەرەداغییە لە گەڕەکی گۆیژە- قاوەخانەی سەرچیمەن.

قوتابی مزگەوتەکانی وتوتەوە.

ئەمین زەکی بەگ[٢٤٢] بێگومان ئەم میرە گەورەترین میری بابان بوو. بوێر، ئارام، زیرەک، دووربین، بیرێکی تیژ. بەکورتی هەموو پێویستیەکانی حوکمڕانی تیا کۆببووەوە، بەڵام ناپاکی خزمەکانی و هەردەمەی بەلایەکدا و ئینجا فڕوفێڵی والییەکانی بەغداد و خراپەکاری میرەکانی ئێران و نائارامی باری جوغرافیای وڵاتەکەی و ئەو ڕووداوانەی لەو ناوەدا سەریان هەڵئەدا، ئەمانە گشتیان دژی هێنانە دی ئاواتەکانی ئەو پیاوە بوون. جگە لەوەی پیاوێکی موسڵمانی لەخوا ترس، ڕێزی هەموو کاروبارێکی ئایینی ئەگرت و زانایانی خۆش ئەوێت، لە هەستی نەتەوایەتی دا ئەو پەڕی بوو، دوای ئەوەی بیست و چوار ساڵی پچڕپچڕ میری میرنشینی بابان بوو، توانایەکی بێ وێنەی لە ڕووداوە گەورە و بچوکەکاندا پیشاندا. ئەو کاتەش کە بەخت بە خۆشی بەرەوڕووی چوو، هەوڵیدا پایەی ولایەتی بەغداد بەدەست بهێنێت و تاکو لەم ڕێگایەدا تووشی ناخۆشی و شەڕ بوو. چونکە ئەو حکومەتی سلێمانی لەلای بەگوێرەی توانا و ئەو پەڕی زانینی لە کاروباری بەڕێوەبردن دا شتێکی ئەوتۆ نەبوو، بەڵکو هەر هیچ نەبوو. جا، ئەگەر بەخت بە پیریەوە بچوایە و یارمەتی لەوەدا بدایە بێگومان حکومەتێکی گەورەی پێک ئەهێنا. بەکورتی بەدبەختی لەلایەکەوە و کێبڕکێ و بەربەرەکانی خزمەکانی بوون بەسپەری ڕەش و نەگبەتی لەڕێگای ئاواتەکانیدا.

حسێن ناظم بەگ، لە دەفتەرەکەیدا کە ئاکاری بەرزی ئەوڕەحمان پاشا و ڕەوشتی جوانی ئەگێڕێتەوە، باسمان کرد. هەروەها حسێن ناظم بەگ حەکایەتی کێژێکی دەربەند فەقەرە ئەگێڕێتەوە، کە ئەوڕەحمان پاشا حەزی لێکردووە و مارەی بڕیووە. لەولاوە پیاوێک کە حەماغای ناو بووە ئەویش حەزی لە هەمان کچ کردووە و چەند نامەیەکی هاوار و داد و بێداد بۆ ئەوڕەحمان پاشا ئەنێرێت. ئەو نامانە دڵی میر نەرم ئەکات، واز لە کچەکە ئەهێنێت و بە هەموو جیازی و خشڵیەوە کە بۆی کردبوو پێشکەشی حەماغای ئەکات[٢٤٣].

عەلی بەردەشانی و بەیتی عەبدولڕەحمان پاشای بابان. لە توحفەی موزەفەریەی ئۆسکارمان. ساغکردنەوە هێمن موکریانی لاپەڕە ٩٧و١٠١و ٥١٠و٥١٥ ئەم بەیتە وەک مام هێمن ئەفەرموێت، شاکارێکی کەم وێنە دوڕری سەر خەزێنەی بەیتە جوانەکانی کوردییە.

حاجی قادری کۆیی ئەئاوا باسی بەردەشانی ئەکات،

دوو عەلین، شاعیرن وەکو حەسسان- بەردەشان و حەریرە مەسکەنیان- هەموو شایەرەکانی پاش عەلی. عەلییان بە مامۆستای خۆیان زانیووە. هێمن خۆشی ئەڵێت، من بۆ خۆم عەلی بەردەشانی بە مامۆستای خۆم دەزانم و زۆر شتی لێ فێربوم و دەڵێت، من زۆر ڕێز بۆ گۆران دادەنێم و بە شاعیرێکی زۆر مەزنی دەزانم بەڵام لە شیعردا ئیلهامم لە عەلی بەردەشانی

---

٢٤٢ تاریخ السلیمانیه- وانحائها. گۆڕینی بۆ عەرەبی محەمەد جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی ١٩٥١ طبع شرکه النشر والطباعه الواقعه لاپەڕه ١٣١.

٢٤٣ پیاوەکەش حەماغای دەربەند فەقەرەیە، میرزام تەواری شیروانی بازی، تەرلان تەواری.

وەرگرتووە کە زۆر لە پێش مامۆستا گۆراندا وتوێتی، پاشای بەبان جیهانگیری – وەک ڕۆستەمی زاڵی پیری- تەحابە ڕاووتەگبیری - ڕانەبوێرم بەرەزیلی – ناکەم خزمەتی وەزیری- نانی دەستێنم بەشیری.

هەر مامۆستا هێمن دەفەرموێت، هیچ بیرتان لەو نیوە شیعرەی دوایی کردۆتەوە، لە قسەی ئەو پیاوە سیاسییە گەورەیە دەچێت کە دەڵێت، "هەق لە لوولەی تفەنگ دایە".

ئەزم عەلی بەردەشانی – دەبەندیم نەکەی زبانی- بەیتێ دەڵێم بەدیوانی- مەدحی پاشای کوردستانی- مەدحی پاشا کامیان باشە- شایەد ڕۆم و قزڵباشە- هەرجارێ شیری دەکێشا- هەموو دەهاتنە تەماشا- عالەم ئالایە چاوشە- مەردە عەبدولرەحمان پاشا.

بەیتی عەبدولرەحمان پاشای بەبە- عەلی بەردەشانی:

خالق هەر ئەتووی قادر
ڕەبی هەر ئەتوی قادر
چەند باقی و چەند نادر
تۆی عەرزو عاسمان ڕاگر
هەشتێ هەزار عالەمە، بێ شکەو وەڵڵاهە زیاتر
ئەمنیش یەکم لەوان عالەمان، خۆ دەگرم لەهەمووان کەمتر
سەجدەی شوکرێم لە سەر بوو، نەتخولقانم بەکافر
لااله الا الله، سەد هەزار جار شوکر.
تۆی ئەوەڵا و تۆی ئاخر
تۆی باتین و تۆی زاهیر
چەند باران و چەند بەفر
چەند ڕوبارو چەند بەحر
چەند ئاسمان و چەند هەور
چەند بەهەشت و چەند ئاوور
چەند قووشەن و چەند لەشکر
چی تووپێت ببێ ئەمر
نەشبێتن دەیکەی حازر
حازر دەکەی بەرەوانی
ڕەبی هەر تۆی تەن سوبحانی
خالقی کوللی شەیئانی
مالکی بەحرو بەڕیانی

عالم و خەبیری هەموانی
تەوفیقدەری موستەعانی
(ئەزم عەلی بەردەشانی
دەبەندێم نەکەی زبانی
بەیتی دەڵێم بەدیوانی
مەدحی پاشای کوردستانی
مەدحی پاشای کامیان باشە
شایەد ڕۆم و قزڵباشە
هەرجارێ شیری دەکێشا
هەمووی دەهاتنە تەماشا
عالەم ئاڵایە چاوەشە
مەردە عەبدولڕەحمان پاشا
پاشای بابان جیهانگیری
وەك ڕۆستەمی زاڵی پیریی
تەحا بەراوو تەگبیری
رانابوێرم بەرەزیلی
ناکەم خزمەتی وەزیری
نانی دەستێنم بەشیری
بەشیری نەبێ پێك نایە
دەوڵەت نایەتە ڕەدایە
ناچمە سەفەری ئەحسابە
یاغی دەبم لەبەغدادیە
یاغی دەبم ئینشائەڵڵا
خزمەتی ناکەم وەڵڵاە
ئافەریم بارەکەڵڵا
تەوەکەل تەعالەڵڵا
هەکوڕە بەبەینەهەللاە
بەبەهاتن لێمشت (لێشاو، لافاو)
لەغیرەتییانی بەستە پشت
دەستی لەبەغدادیە شوشت
حەمەد پاشای کۆیەی کوشت
کوشتنی بەچ قەرار بوو؟

پاشای بەبان سەردار بوو
سەد وەك وی خزمەتکار بوو
دەحاڵی خۆیدا شوفا بوو
خزمەتی پاشای پێ عار بوو
بێ تالعی لەملان بار بوو
تالعی پاشای دیار بوو
پاشا کرد بەگفت و گۆیە
لەگەڵ تۆ محەمەد کۆیی
(حەزم کرد هاتی و نەڕۆیی
زۆرم حەزکرد میری سۆران
دوو زمانی وەکو گۆران
بەئەقل هاتویە نۆران
بێ کەسی دوژمنی زۆران
ئەو جا لێی دەن بەساتۆران
ساتۆر دەبان ڕەنگ شمشێری
دەست و باهو حەملەی شێری
وای گوتوە شیعری شایێری
یاللاە پاشا گویم بدێرێ
کەفرسەت هات قەت نەیبوێرێ
مەرد هەر خۆی بەئەللاە ئەسپێرێ
هەر ئەڵڵایەو ساحێب سوڕە
وەدەست کەوت بەبێ قڕە
پشتیان شکان، زکی درا
لەسایەی توو ڕیشی بڕرا
لێك سواربوون کوڕە کوڕە
لە(هەردو ئوردووان بوو بە چڕە
بوو بەچڕەو سەڵاوات
قوو قووە هات هات
هەر خێوەتن بێ قەڵات
هەی دەستی بێ دەسەڵات
کۆیی گیران کی هەلات؟
لەوان کۆیی دەبەدبەخت

خەلاس ناکەن ڕووحی سەخت
کەلەپوورومالّی نەغد
ئەسپ و ئێستر ڕێشمەو ڕەخت
وەرگیرا نەغد بەنەغد
وەرگیرا بەقەتارەوە
بەئالّتونی و دینارەوە
بە ئاغاو خزمەکارەوە
پاشای بەخشین بەبارەوە
چی پێ بەخشین پی بوون غەنی
پاشا سوار بوو بۆ مەوتەنی
مەتالّا لەگۆیی کەرکەدەنی
هات گەییە قەرە حەسەنی
ئەسەح یاغییە پێدەکەنێ
لەپێکەنینی سەرداری
چڕە چڕی کۆچ وباری
هەلّگیرا ڕێیە ڕێبواری
لەجحێل تاکو هەرزەکاری
هەر لەپیرتا ئیختیاری
هەرچی دەستی بگرێ داری
دنیا دەبو شەوی تاری
خوێن لەسامی سۆران باری
خوێن باری لە سامی سور
هەر لەنزیك هەتا دوور
پاشای بەبانی قڕان قڕان
بوو بەسەری سەر ئەسکەران
سوێندی خوارد بەپێغەمبەران
لەبۆشای دەنێرم سەران
سەری ئەوغان و قەجەران
سرکە سرك بوو لەموونەدەران- (هەندەران)
قاسید هاتەوە بەموتلەق
قسەی کردن دەقاو دەق
وەزیر وەك بەردی ڕەق

ئەو خەیانی موستەحەق
رەجایە ناگرم بەحەق
لەسەر زینم نەکەن شەق
بەغدادیەم پێ نەکەن لەق
شای کە ئەو قسەی پێ دەزانی
هەڵدەستا بۆ سەر چۆکانی
هەردوو دەستی دان لەرانی
پاشای دەگەڵا سەلیم خانی
دەنێرمەوە کوردستانی
لە کوردستانی باخێوی
لەبەغدادیە سەر ببزێوێ
ئێران و توران بشێوێ
هەرچی لێو دابنێ لەسەر لێوێ
نەرمی دەکەم وەکو مێوێ
دەری داوێم لەوێ نێوێ
دەری داوێم بەعەجەمان
بەهەوشارو موغەدەمان
پەیدا بوو سەدای زەمزەمان
لەبەر دەنگی زیل و بەمان
شێر هەڵاتن لەگوێ چەمان
نەهەنگ دە بەحراندا نەمان
شاخۆش بێ نەکێشێ غەمان
راهی بێ چ قسە نەمان
راهی بێ دگەڵا ئاڵایە
لێرە بر واتا بەغدادیە

ئەورەحمان بەگی بابان - نفوس.

کوڕی ئەحمەد بەگ کوڕی خالید بەگ تا ئەچێتە سەر سلێمان پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشا.

نازناوی شیعری (بابا) لە سلێمانی ساڵی ١٢٩٨ک/١٨٨٠ز هاتۆتە دنیاوە. لە حوجرە لای مەلا خوێندوویەتی. ئەو کتێب و سەرچاوانەی ئەو ڕۆژگارە بڵاوبوون، پەیدای ئەکردن و ئەی خوێندنەوە گوڵستان و بۆستانی شێخی سەعدی و دیوانی حافزی شیرازی کە هەموویان بە زمانی فارسی بوون. لەدواییدا چۆتە قوتابخانەی ڕوشدییەی عەسکەری کە خوێندن بە زمانی تورکی بوو. لە دواییدا ڕووی کردۆتە قوتابخانە ئایینییەکان هەروەها حوجرەی مزگەوتەکان بۆ خوێندنی قواعدی عەرەبی و ئەو زانیارییانەی کە ئەو ڕۆژگارە باو بوون.

ساڵی ١٩١٨ لە دایەرەی (احصا ونفوس) لە سلێمانی بەسەر کاتب دامەزرا. هەر کە ئەم دایەرەیەش نەما لە سەردەمی داگیرکردنی ئینگلیزەکاندا و شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید ساڵی ١٩١٩ دژی ئینگلیز بەرپابوو. کە ئەمە ئومێدی هەموو دڵسۆزێکی نیشتمانپەروەر بوو. بابا بەو هەستە نەتەوەییەی کەوتە یارمەتی و ڕووی کردە ساوجبلاق- مەهاباد، کە ئەوەش بێگومان بە فەرمانی شێخ مەحمود بوو. لەوێوە بروسکەیەکی پڕ لە سۆزی کوردایەتی نارد بۆ باڵیۆزەکانی ئەمەریکا و فەرەنسا و ئیتاڵیا لە تاران پڕ سکاڵا دژی ئینگلیز، داوای تیا ئەکات کە حکومەتەکانیان ئاوڕێک لە مافی میللەتی کورد بدەنەوە بەگوێرەی ئەو خاڵە سیاسیانەی کە سەرۆکی ئەمەریکا وڵسن تایبەت بە مافی گەلان بڵاوی کردەوە. دوای هەڵسانی بەم ئەرکە پیرۆزە و لە کاتێکدا کە نیازی گەڕانەوەی بۆ سلێمانی هەبوو. لە ڕێگا بیستی کە هێزەکانی شێخ مەحمود لەگەڵ هێزی ئینگلیز لە دەربەندی بازیان لەیەکیان داوە و شێخ بە یەخسیر، گیراوە و بۆ بەغداد براوە تاکو دادگایی بکرێت. ئەمە تووشی شۆک و هەناسە ساردی کرد وای لێکرد لە شاری بانە لابدا و لەوێ بمێنێتەوە، تاکو میجەرسۆنی حاکمی ئینگلیز لە سلێمانی فەرمانی لێخۆشبوونی دەرکرد لە شۆڕشگێڕەکان ئەوسا گەڕایەوە بۆ سلێمانی. بەڵام هەر لەڕێر چاودێری پۆلیسدا دانرا. لە مانگی ئەیلوولی ١٩٢٢ بابا گیرا بە هۆی بیری نەتەوایەتی زۆر مایەوە لە گرتوخانە.

ساڵی ١٩٢٥ ئەوکاتەی لیژنەی کۆکردنەوە دەنگ لەسەر ولایەتی موصڵ بە سەرۆکایەتی

سەرۆکی هەنگاریا-کونت تیلکی- هاتنە کوردستان دیسانەوە تومەتێک دژی بابا ڕێکخراو بوو بە هۆی ئەوەی دوو ساڵ فەرمانی بەندکردنی بەسەردا بدرێت، ساڵی ١٩٢٧ ڕزگاری بوو، ئەوسا گەڕایەوە بۆ سلێمانی. ساڵی ١٩٣٠ گەڕێنرایەوە بۆ کارەکەی پێشووی نفوسی سلێمانی و لەم شوێنەدا مایەوە تا ساڵی ١٩٤٠ ئەوسا خانەنشین کرا.

ئەویش گەڕایەوە سەر زەویەکانی بۆ کشتوکاڵ. بەڵام خۆی تەواو تەرخان کرد بۆ کاروباری وێژەیی و مێژوویی و ڕۆشنبیری.

هاوڕێ و ئەوانەی لە نزیکەوە بابایان ئەناسی هەموو ئەوە دان پیاناێنن کە پلەی ڕۆشنبیریی و زانیاری و شارەزایی لە مێژوو بەتایبەتی مێژووی میللەتەکەی خۆی، ڕێک هاوشانی شارەزاییەکەی بوو لە شیعردا. ئەو شیعرانەی کە هەموو لەوپەڕی کوردایەتی و هەستی نەتەوایەتی و شعوری مرۆڤایەتی و هەمیشە وەستانی دژی زۆرداری بوون.

لە مانگی مایسی ساڵی ١٩٦٧دا گیانی پاک و بەرزی بە خاک سپارد و لەسەر وەسیەتی خۆی لە گردەکەی مامەیارە (گردی گولان) ڕۆژهەلاتی سلێمانی شارڕایەوە. ئەو گردەی کە پیرەمێردی نەمر و جەمیل صائیب و فائق هوشیار و ئەحمەد زرنگی برای... لێی شارڕاوەتەوە. دوای خۆی دوو کوڕ ئەسعەد عەمیدی خانەنشینی سوپا و خوالێخۆشبوو عەبدولقادر و کچەکانی فاتمەخان و سەعدیە خانی بەجێ هێشت لە کوڕەزایەکی کە (سۆزە خان کچی قادر بەگە) توانا و زیرەکی باپیری لە گیانیا شەوق ئەداتەوە.

بابا و شیعر[٢٤٤]

ئەو بەسەرهاتانەی بەسەر کوردستاندا تێپەڕین هێجگار لە گرێی یەکەم و دووەم دە ساڵەی یەکەم و دووەمی سەدەی بیست، لە تورکیا، ئێران و لە عێراق، قوتابخانەی کلاسیکی کۆن ئەو ڕووداوانەی پێ هەزم نەئەکرا شیعر ئاوێنەی ڕۆژگارە، تاکو تیشکی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا لە ڕێی شیعری تورکی و عەرەبیەوە گەیشتە ڕۆژهەلات لە ڕاستیشدا نووسینەکانی کۆمەلەی کازیوەی ئایندە- جمعیة الفجر الآتي گەلێک کاریان کردە سەر ڕۆشنبیرانی کورد و شاعیرەکانی وەک ئەوڕەحمان بەگی بابان، شێخ نوری شێخ صالح، عەبدوللا گۆران، ڕەشید نەجیب، کە شیعری کوردییان بەرەو نوێبوونەوە برد. زیاتر بە کۆششی ئەوڕەحمان بەگ بە شایەتی عەبدوللا گۆران ئەوەتا ئەڵێت، ئەو بابایە لەم بوارەدا پێش شێخ نوری بوو، بەڵام دەری نە ئەخست و بڵاوی نە ئەکردەوە.

بابا لە شیعرەکانیدا کراوە و بە ئاشکرا بڵاوی ئەکردەوە و لە کەس نە ئەترسا ئەوەتا ئەڵێت عێراق لە سەر شانی دوو کەس پێش ئەکەوێت، عەرەبێکی دڵسۆز و کوردێکی دڵسۆز. ئەڵێت:

---

٢٤٤ مامۆستا مەحمود ئەحمەد محەمەد بەشێک لە دیوانی ئەورەحمان بەگی بابان ١٨٧٨-١٩٦٧ ساڵی ١٤٠٩ک/ ١٩٨٩ز دەری کردووە. زۆربەی ئەم زانیارییانە لەو دیوانی شیعرەوە وەرگیراوە.

کاکی عەرەب، تۆ لەگەڵ من، عەهدو پەیمانت هەیە
تۆ بەهەست و هێزی من بڕواو ئیمانت هەیە
وا بەدەستور، قەومی وەك من دۆستی هاوشانت هەیە
بۆ لە کوردستانی من پارێزو پەنهانت هەیە؟
دوو براین لەم خاکەدا، من نیشتمانی خۆم هەیە
من عێراقیم، بەڵام تەرزی ژیانی خۆم هەیە
ئەم قەڵای گەورەی عێراقە، وا لە سەر دوو پایەیە
کوردو عەرەب، هەریەکەی یەك پایەیی پڕ مایەیە.

ئەورەحمان بەگ، شاعیرێکی بە زمانی ئەوسا (تقدمی بگرە چەپلەریش)بوو، بەرامبەر بە زۆرداریەکانی ڕۆژگاری خۆی، ئەوەتا ئەڵێت:

ئاغا مولکی تۆ ئەکێڵم، بەندەو و مسکێنی تۆم
ڕۆژی سەغڵەت، نۆکەری خەنجەر وەشینی تۆم
شیرو ماستی ڕۆژ بەرۆژ گیسك و کاور هێنی تۆم
هەر ڕقت هەستا بەدایك و باوکەوە، پڕ جوێنی تۆم
بێ زمان و کەس نەزان و فێری بارکێشی و کەرم
بارەکەت زۆر قورسە ئاغا چۆن لە ژێری دەربەرم.

لە بابەت گەلیی کوردەوە ئەڵێت،

صەد درێغ، دەوری ئەسیری قەومی کورد، نەبڕایەوە
تاکو ئێستا، ئەم گرێ یە، هەر بەکەس نەکرایەوە
میللەتی گەورەو بچووك، گشتی بەسەر بەرزی ئەژی
میللەتی کورد، هەر لە ژێر بارا، بەدیلی مایەوە
تاکو ئێستا هەر دراوسێ بوون، عەدووی خاکی وەتەن
سەیری نەگبەت کەن، کە ئینگلیز هاتە کۆڕو کایەوە

***

سەر زمانی وەعدەیی شیرین و ئازادی وەتەن
ژێر زمانی بۆ ئەسیریی دام و دانەی نایەوە

***

مایەوە(غرامیات)ی (بابە)ی دڵتەڕو هەست ناسك:

من بەحەفتا ساڵەوە کەوتومە داوی ئاسکێ
چاو غەزاڵێ، وورده خاڵێ بەژن و باڵا ناسکێ
ئەو بەحەڤده ساڵەوە وەك دار گوڵی تازەو تەڕە
دڵ فڕێنە، دڵا ستێنە، دڵا شکێنە، دولبەرە
من وەکو بەرگی خەزان لەرزۆك و پەژمووردەو هەژار
ئەو وەکوتۆپی گوڵی تازەو تەڕی فەسڵی بەهار
زوڵفی چین چینی ڕەشی پەخشە لەسەر صەفحەیی بلور
موعجیزەی شۆخی نەبێ، چۆن جووت ئەبێ زوڵمات و نوور
دوو شەمامەی نازکی خستۆتە سەر سینگ و یەخەی
پێم ئەڵێ هێشتاکو تاڵەو کاڵە، دەستی لێ نەخەی
وەك دوو غونچەی پڕ نەزاکەت، تازە پشکوتوو گەشە
تۆ بەدەستە چرچەکەت، ڕاوەستە جارێ مەی گوشە
بۆ ئەوەی، داوێنی بگرم(بابە) ئەچمە ڕێگەباز
هەر کەدیمی دەست دەکاتە لاتریسکەو وردە ناز

{ئەوەندەی لەگەڵ منیشدا پەیوەندیمان هەبوو زانیاری مێژووییەن لەبابەت بنەماڵەکانی سلێمانییەوە و بابانەوە سوودی پێ ئەگەیاندم (ج.ب)}.

دوکانی قادر ئاغای عەتار لە ڕێگاکەی ئەچوو بۆ سابونکەران. قادر ئاغاش لەم دواییەدا زیاتر کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی ئەفرۆشت. خوێندەوار لە دوکانەکەی دائەنیشتن و زیاتر ڕۆژنامەیان ئەخوێندەوە. یەکێک لە هاتوچۆکەری ڕۆژانە ئەورەحمان بەگ بوو، کە زیاتر دوای هەواڵی ڕۆژ بە ڕۆژ ئەکەوت. کە ئەمەش وا ئەگەیەنێت پیاوێکی ڕۆشن بیر و خاوەن ئەزمون و ڕێبازی خۆی بوو، بۆیە دوای ڕیکلام ئەکەوت.

سەرچاوە:

بەشێک لە- دیوانی ئەورەحمان بەگی بابان ١٨٧٨- ١٩٦٧ز ئامادەکردنی مەحمود ئەحمەد محەمەد. چاپخانەی الزمان بغداد.

ئیسماعیل حەقی بابان

کوڕی مستەفا زهنی پاشا کوڕی حسێن بەگ کوڕی محەمەد پاشا کوڕی خالید پاشایە.

سەرەتا یەکێک بوو لە فاکتەرەکانی حیزبی أتحادو ترقی سالی ١٣٢٤ ڕۆمی ١٩٠٨ز بەلام لەدواییدا کە بۆی دەرکەوت حیزبێکی نەتەوە پەرستی فاشییە لێیان جیابووەوە.

پیاوێکی وتاربێژی بەهێز و مافناسێکی لێزان و مامۆستای زانکۆ بوو. گەیشتە پلەی وەزیری معارفی دەوڵەتی عوسمانی، دوای دوو ساڵ هەر لە کاتی وتار و وانە بێژییدا لە هۆڵی زانکۆ بە وەستانی دڵ ساڵی ١٩١٣ وەفاتی کرد.

هەر لە مزگەوتی بایەزید لە ئاستانە نێژرا.

ئیسماعیل حەقی زانایەکی توانا و نووسەرێکی بە برشت بووە لەگەڵ نووسەری مێژوونوسی تورک عەلی ڕەشاد پێکەوە، دوو کتێبیان داناوە، ژیانی سیاسی بسمارک و بەسەرهاتی درایفوس.

بێجگە لەوانە دوو کتێبی تری نووسیوە، مافی بنەڕەتی واتا دەستور و نامەکانی عێراق. ئەوانەی هەموو بە تورکی نووسیوە. چونکە پەروەردەی تورکیا بوو.

شاعیری بەناوبانگ جەمیل صدقی زەهاوی بە بۆنەی وەفاتی ئیسماعیل حەقی بابانی خزمیەوە، شیعرێکی دڵتەزێنی نووسیوە، ئەمە چەند بەیتێکیەتی، جاءت الصحف حاملات نعيا

اكبرت الاسماع فی بغداد

كان مندو بها وكانت تباهی

برجاحاته جميع البلاد

قَد لَبِسنا ثوب الحِدادُ عليه انا والعلم والحجي وبلادي

ڕۆژنامەکان هەواڵی وەفاتی یەکێکیان بڵاوکردەوە کە هەموو ولات شانازی بە ژیرییەوە ئەکات بۆیە من و زانیاری و ولاتەکەم بەرگی پرسەمان بۆ پۆشی.

ئیسماعیل یاشا بابان

کوڕی محەمەد ئەمین کوڕی میر سەلیم. لە بۆیژە ناوداڕەکانی سەدەی چواردەی زایین و ساڵی ١٣٣٩ک/١٩١٩ز وەفاتی کردووە. میژوونووس بەتایبەتی میژووی بنەماڵەی بابان.

جگە لەوە ئەم کتێبانەی نووسیوە،

ایضاح المکنون، کە بریتییە لە ڕاڤەی کشف الظنون کە هەر خۆی لە ١٢٩٦ک/ ١٨٧٨ز دەستی کردووە بە دانانی و لە ١٣٤٠ک/١٩٠٢ز دوای ٢٤ ساڵ کۆتایی پێ هێناوە و ساڵی ١٣٦٤ک/ ١٩٤٤ز لە ئەستەمبوڵ چاپکراوە.

هدیة العارفین، لەناوی نووسەران بە دوو بەرگ ئەدوێت ئەویش هەر لە ساڵی ١٣٦٤ک/ ١٩٤٤ز چاپکراوە.

اثار المصنفین، بە دوو بەرگ.

وا دیارە پیاوێکی قەڵەمڕەنگین، میژوونووس و نووسەرێکی بەبڕشت و توانا بووە، بەڵام گیروگرفتی ڕۆژگار ڕێگای پێشکەوتن و دەرکەوتنی تەواوی نەداوە.

برایم پاشای بابان ۱۷۸۳- ۱۸۰۰

برایم پاشا کوڕی ئەحمەد پاشای کوڕی خالید پاشای بابانە.

سلێمان ئاغا کە متسلم بصرە یان پێ ئەوت، دوای ئەوەی بوو بە والیی بەغداد، بە ناوی سلێمان پاشای گەورە[٢٤٥] دوای ئەوەی مەحمود پاشای بابان لەبەر هەندێک هۆی ڕامیاری، ولاتی بەجێ هێشت، کە ئەوسا پایتەخت قەڵاچوالان بوو، لە ساڵی ١٧٨٣ (١١٩٨ک) برایم پاشای لە شوێن مامی دانا و پایەی میری میرانی پێبەخشی. جا لەبەر ئەوەی برایم پاشا پیاوێکی لێهاتوو وریا و زیرەک بوو، تەمەنێکی لە بەغداد بردبووە سەر، بەغدادی ئەو ڕۆژەش وەک ئێستا جەمسەری زانیاری و ڕۆشنبیری بوو، ئەویش ئەو دەمە تێکەڵاوی کاربەدەستان و ناو دارەکانی بەغداد و باڵێوزەکانی دەوڵەتان ئەبوو. هەواڵی گەلێک شتی لێ وەرئەگرتن و فێرئەبوو، لەوانە دەنگ وباسی شارە پێشکەوتوەکانی ئەو سەردەمەی لێئەبیستن و خۆشی لە ئەنجامی ژیانیدا بەو جۆرە لە بەغداد حەزی بە پێشکەوتن ئەکرد، بۆیە لەبەر ئەو هۆیانەی لەمەوبەر هۆنیمانناوە، قەڵاچوالانی بەجێ هێشت و هات سلێمانی دروستکرد و هێجگاری گواستییەوە.

وەک لە کاک حەمە بۆر[٢٤٦] مان بیستووە، گوایە دوای ئەوەی ژمارەکاریی و لێکدانەوەی ئەستێرە شوناسەکان بڕیار دراوە کە سەرگرتنی خانووبەرە دروستکراون و تەواوبوون، بەگوێرەی نەریتی ئەو ڕۆژەی ساڵی کۆچی ساڵی ١١٩٩ کە ڕۆژی هەینی بووە بە لێکدانەوەی کاک حەمەبۆر ئەکاتە ڕۆژی چواردەی تشرینی دووەمی ساڵی ١٧٨٤، لەبەر پیرۆزی و ڕووناک بینی تفاؤل لەو ڕۆژەدا بە ئاهەنگێکی گەورە کە لە شوێنێکی تردا بە درێژی باسکراوە

---

٢٤٥ ئەم پیاوە مملوک – بەندەی محەمەد ئەفەندی ناوێک بووە ئەویش متسلم ماردین بوو، وردە وردە سلێمان پێگەیشت تاکو بوو بە والی بەغداد ١٧٨٠-١٨٠٢، لە سەردەمی ئەم والییەدا زۆر شتی گەورە ڕ لە ناوەوە و ڕ لە دەرەوە ڕوویدا ئەمەیە سلێمان پاشای ابی لیلە.

٢٤٦ کە ئەویش لە کوێخا ڕەشان کوێخای دینی سپیارەی بیستووە کە ئەو دەمەی دیویەتی لە چلەکاندا تەمەنی سەد ساڵ زیاتر بووە، ئەویش گوایە لە باپیری خۆی بیستووە. ئەمەش وتارێک بوو لە ئاهەنگی تێپەڕبوونی دوو سەد ساڵ بەسەر دروستکردنی شاری سلێمانیدا خوێندبوویەوە. بەڵام ئەم بۆچوونە بەڵگە و بنەمایەکی باوەڕپێکراوی وای نییە کە پیاو بیسەلمێنێت و دوای کەوێت. ئەم ڕا و بۆچوونەی مامۆستا حەمەبۆر تا ئێستا هەر لەژێر لێکۆڵینەوەدایە.

گواستویانەتەوە ناو سلێمانی.

لەو گواستنەوەیەدا برایم پاشا لەژێر دەواردا لە دەشت نانێکی باشی دەرخواردی خەڵکەکە داوە و خۆی وتەیەکی داوە کە بۆچی قەڵاچوالانی بەجێ هێشت و هاتە سلێمانی، دوای ئەوە ناوی خوایان لێهێناوە خۆیان کردووە بە شاری تازەدا.

ئینجا با بزانین برایم پاشا دوای سلێمانی لەگەڵ والیی بەغداد و لەگەڵ ئێراندا بەینیان چۆن بووە؟

یەکەم، لە ساڵی ١٢٠٢ک/ ١٧٨٦ز حاجی سلێمان بەگی شاوی جارێکی تر دژی والیی بەغداد هەستایەوە والییش داوای یارمەتی بابانەکانی کرد لە سلێمانی، بەڵام بەوەدا کە عوسمان پاشای کوڕی مەحمود پاشا نزیکتر بوو لە بەغدادەوە، ئەو زوو فریای والیی کەوت و برایم پاشا چونکە دوورتر بوو درەنگ هاتە دەست، لەبەر ئەم هۆیە و قسەی پیاو خراپان والیی برایم پاشای لابرد و عوسمان پاشای ئامۆزای خستە جێی[٢٤٧].

دووەم، والیی بەغداد سلێمان پاشا بە ڕەقی و لوت بەرزی دژی مستەفا ئاغای متسلمی بەصرە و شێخ ثوینی شێخی منتفق و دژی شێخ حمود ثامر وەستا بوو عوسمان پاشا و حاجی سلێمان بەگی شاویش چونە کوڕی ئەوانەوە کە دژی، والیی بوون. شاوی زوو پەشیمان بووەوە و لە ساڵی ١٧٨٨دا سەری کرد بە کۆشی والیی داو هەرچی نهێنی گەلەکۆمەکیەکە بوو، هەمووی پێ وت و ئەو نامانەی ئاڵوگۆڕ کرابون لەبەینیاندا، هەموویانی دایەدەست والیی، ئەویش لە سلێمان بەگ خۆی بورد و بە ڕوو پێدان و قسەی خۆش عوسمان پاشای کێش کردە بەغداد و لەژێرەوە ڕای سپارد قاوەی ژەهراوییان بۆ هێنا ئەویش خواردیەوە و مرد و ئێستا لە گۆڕستانی امام اعظم لە بەغداد نێژراوە ئەو دەمە ئەوڕەحمان بەگ- برای عوسمان پاشا جێگری براکەی بوو، بەڵام والیی لە ساڵی ١٧٨٩ دا ئەوڕەحمان بەگی بانگکردە بەغداد هەندێک ناوچەی بۆ تەرخان کرد کە بەرهەمی بێنێت و لەسەری دانیشێت و بۆ جاری دووەم میرنشینی بابانی دایەوە دەست برایم پاشا. ئەمەش ساڵێکی نەبرد دیسانەوە والیی برایم پاشای بەبێ هۆ لا بردەوە بردیە بەغداد لەوێ هەندێ ناوچەی دایە کە بەرهەمەکەی بخوات و لە ساڵی ١٧٨٩دا ئەوڕەحمان بەگی ئامۆزای خستەوە جێگای، دوای ئەوەی ڕوتبەی میر میران[٢٤٨]ی پێ بەخشی.

سێیەم، ئەوڕەحمان پاشا نزیکەی هەشت ساڵ حوکمی کرد تاکو لە ساڵی ١٢١٢ک/ ١٧٩٧ز والیی بانگی کردە بەغداد و برایم پاشای لە شوێن دانایەوە، برایم پاشا هەرمایەوە، تا ئەم والییەش مرد، لەساڵی ١٨٠٠دا عەلی پاشا زاوای هاتە شوێنی کە ئەویش لەگەڵ هاتنیدا دەستی کرد بە لێدانی شێخەکانی عەرەب و یەزیدیەکان، برایم پاشای بە لەشکرێکەوە نارد سەر ناوچەی یەزیدیەکان، لەو سەرەوە کە گەڕایەوە نزیک موسڵ، کوتوپڕ نەخۆش کەوت و

---

٢٤٧ تأريخ السليمانيه ل ٩٧-٩٨ له مختصر مطالع السعودەوە وەرگیراوە. دیسانەوە زانیاری زۆر لە الحديقه النديه و الفيض الوارد ص٢٣٠ و اصفى الموارد ص٣٨ و الانوار القدسيه ص٢٢٥ بابەت برایم پاشاوە هەیە.

٢٤٨ تأريخ السليمانيه ل١٠٢-١٠٣ له (مختصر مطالع السعود)ەوە.

فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا و هەر لەوێ بە تەنشت مەرقەدی یونس پێغەمبەرەوە شاردرایەوە ئەوەی شایانی باسی ئەم ڕۆژگارە ئێستایە. داعش لە هێرشەکەی ڕۆژانی مانگی ئاب و ئەیلولی ساڵی ٢٠١٤ دا بۆ سەر شاری موسڵدا بڵاوە لەگەڵ تەقاندنەوەی مزگەوتی یونس پێغەمبەر. گڵکۆی برایم پاشاشی خاپور کرد.

بەگوێرەی مشاهیر الکرد و کردستان فی العهد الاسلامی ئەمین زەکی ئەفەرموێت،

برایم پاشا کۆتایی ساڵی ١١٩٧ک/١٧٨٢ز دوای مەحمود پاشای مامی بۆ بە میری بابان لە سلێمانی. هەر ئەویش بناغەی شاری سلێمانی ساڵی ١١٩٩ک/١٧٨٤ز دانا. پیاوێکی ئاغر و زیرەک بوو. هەوڵی پێشکەوتنی وڵاتی زۆر دا و زیاتر کاری لە خۆشگوزەرانیی گەلدا ئەکرد. جگە لەوەی سنووری وڵاتەکەی فراوان کرد. زەهاو و قەسری شیرین و خانەقینی دایە پاڵ بابان. ڕێکوپێکی وڵاتەکەی زیاتر بەرەو پێش برد. ساڵی ١٢٠١ک/ ١٧٨٦ دوورخرایەوە بەڵام دوای ساڵێک گەڕایەوە جارێکی تریش لابرایەوە. دوای یانزە ساڵ سەر لە نوێ سلێمان پاشای والیی بەغداد گەڕانییەوە بۆ سەر تەختی میرنشینی، بەم جۆرە مایەوە تاکو دوای وەفاتی والیی سلێمان پاشا ساڵی ١٢١٧ک/ ١٨٠٢ز. دوای ئەوە بەڕێوەبردنی وڵات درایە دەست ئەوڕەحمان پاشا و برایم پاشا لە موسڵ وەفاتی کرد.[٢٤٩]

شەقامێکی گەورە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی سلێمانی ساڵی ١٩٦٨ دروستکرا وەک پێزانینێکی شارەوانی بەچاکە و پیاوەتی برایم پاشا ئەو شەقامە ناونرا شەقامی برایم پاشا[٢٥٠] و هەر بە بۆنەی شەقامەکەوە دەوروبەری شەقامەکەش تا مەودایەکی زۆر ئاواکرایەوە و ئەو گەڕەکەش ناوی برایم پاشای لێنرا.

بەڵام بەداخەوە تا ئێستا پەیکەرێک بۆ برایم پاشا بوونیادنەری شارەکە دروست نەکراوە لەگەڵ ئەوەی کە بەڕێز جەنابی مام جەلال لە پێش نەخۆشییەکەیەوە پەیمانی بە نووسەری ئەم کتێبە داو ڕووبەروی بەڕێز هێرۆخانی کردمەوە تا ئێستا کەوا نزیکەی شەش ساڵ بووەوە و ئیشەکە لای بەڕێز هێرۆخان ماوەتەوە و هیچ دیار نییە و بەداخەوە وا دیارە بەتەواوی پشتگوێ خراوە.

---

٢٤٩ لە سەرچاوەیەکدا هاتووە کە دوای بانگکردنی برایم پاشا لەلایەن والییەوە بۆ بەغداد. کە ئەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی ڕێگای بەغداد موسڵ ئەگەڕێتە بەر، چونکە ڕێگای سلێمانی بەغداد پشێوی تیا بووە. ئەوە بوو لە ڕێگای موسڵ وەفات ئەکات و لە مزگەوتی نەبی یونس ئەشارێتەوە.

٢٥٠ سەرۆکی شارەوانی ئەو کاتە ١٩٦٧-١٩٦٩ نووسەری ئەم کتێبە بوو. کە نەیهێشت ناوی برایم پاشای بوونیادنەری شاری سلێمانی پشتگوێ بخرێت. شەقامێکیش بێت لەجیاتی پەیکەری چاوەڕوان کراو هەر باشە. ئەو شەقامەی لە ڕۆژهەڵاتی سلێمانییە، بە ناوی ئیبراهیم پاشاوە ناو نا، ئەو گەڕەکە گەورەیەی لە دەوروبەری ئەو شەقامە دروست کرا، ئەوەش ناوی ئیبراهیم پاشای بابانی لەخۆ گرت.

برای بابا سلێمان و تەیمور خان بەگە[٢٥١].

سەرچاوەیەکی تر ئەڵێت، کوڕی فەرهاد بەگە ١٥٨٨-١٦٠٨ز فەرهاد بەگ کوڕی بابا سلێمان ١٥٧١- ١٥٨٨ز کوڕی فەقێ ئەحمەدە[٢٥٢].

بەکر دوای فەرهاد بەگی باوکی ساڵی ١٠١٧ک/ ١٦٠٨ز تەختی میرنشینی بابانی گرتەوە. پیاوێکی بەهێز و ڕەوتی باووباپیری لە دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کاروباردا ڕەچاو گرتووە. خاوەنی تەلار و دیواخانەی میرایەتی بوو.

هەر ئەم بوو کە سەنتەری ئەمارەتی بابانی لە دارشمانەوە گواستەوە بۆ ماوەت دوایی بۆ قەڵای بەکرئاوا ئەو قەڵایەی کە خۆی لە ناوچەی شارەزووردا دیسانەوە یاخود دەستی پیاهێنایەوە.

هەروەها ئەم پیاوە کوردستانی ئاوا کردەوە بە بوونیاد و ئیشکردن و کشتوکاڵ، بە جۆرێک دانیشتوان کەوتنە خۆشییەوە و خەڵک لەملاولاوە ڕوویان تێ ئەکرد تاکو وڵات وای لێ هات، جۆرێکی تایبەت پۆشاک و پێڵاو بەکار ئەهێنرا چەکمەزەرد یان پێ ئەوت.

بەکر کەوتە شەڕەوە لەگەڵ بەڵباسدا، نزیکەی حەوت سەد سواری لە سەرۆکەکانی لێ گرتن.

بەکورتی دوانزە ساڵ بەردەوام بوو لە حوکمی وڵاتی باباندا. لە دواییدا نەخۆش کەوت و خەڵەفا گوایە عەقڵی تێکچوو. ئەوە وایلێکرد، بە خۆگۆڕین بە جۆرێک نەناسرێتەوە، ڕووی کردە بەغداد بەناوی گەشت و گوزارەوە. لە بەغداد یەکێک لە ناسیاوەکانی چوو خەبەری لێدا. لەبەر ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ والیی بەغداد تەواو نەبوو، والیی گرتی و دەم و دەست کردی بە پەتدا.

دوای خۆی ساڵی ١٦١٩ز سلێمان یاخود سەلیمی کوڕی لە پاش بە جێما، کە ئەویش خۆی ئامادەکرد بۆ تۆڵە سەندنەوی باوکی، بەڵام والیی بەڕێک کەوتن لەگەڵیدا پێک هات.

---

٢٥١ مشاهير الكرد. ل١٣٨ له گلشن خلفا.

٢٥٢ تاريخ و جغرافية كردستان (سير الاكراد) ل ١١٢- ١١٦.

لێرەدا فەرق لەبەینی سالّەکاندا هەیە. جگە لە ڕوون نەکردنەوەی خالّێکی گرنگی وەک دروستکردنی جۆگەی بەکرەجۆ کە خۆی دروستی کردووە و وەک کرێکار ئیشی تیاکردووە و هەر بە ناوی خۆیەوە ناونراوە.

ئێستا و لەم سالّانەدا ٢٠١٠ و بەدواوە بەکرەجۆ بووە بە شارێکی عەسری جوان و ڕێکوپێک و گەورە. شارەکەش هەر بە ناوی بەکرەجۆ- (بەکربەگ)ـوەیەوە.

مێژوو، ئەم شێتبونەی بەکر بەگ یاخود ئەم تێکچوونەی دووپات ئەکاتەوە، بەلّام بەلای منەوە پیاوێک بەو سەنگینیە و بەو عاقلّییە و بەو هەموو خزمەتەوە دروستکردنەوەی قەلا یاخود گردی بەکرئاوای لای هەلّەبجە و دروستکردنی بەکرەجۆ بەلای منەوە ئەبێت بۆ تاقیکردنەوەی بارودۆخی عوسمانی و والیی و بەغداد لەلایەن تەنها خۆیەوە بێ ئەوەی بڕوا بە کەسێکی تر بکات. دوور نییە نیازی پەلامارێک یا هێرشێکی بووبێت، بەو هیوایەی ولاتەکەی لە دەست داگیرکەران ڕزگار بکات. ئەوێک ئەو کارە گەورانەی کردبێت، بڕوای بەخۆی بووە بۆ کاری گەورە تر واللە اعلم.

ڕێکەوتێکی واقیعیی سەیرە! چۆن گەڕەکی گەوەرەی برایم پاشا لە ژوور سلێمانی ناوی شەقامی برایم پاشای لەخۆ گرت، هەروەها شاری ئێستای بەکرەجۆش ناوی جۆگای ئەو بەکر بەگەی لەخۆ گرت و شاری بەکرەجۆی هێنایە ئارا.

بابا سلێمان

دامەزرێنەری میرنشینی بەبە و کۆڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەیە[٢٥٣] دوای ئەوەی کاروباری ولاتەکەی ڕێک خست، ڕووی کردە کەرکوک، وردە وردە دەوروبەری داگیر کرد.

دلاوەر پاشای موتەسەریفی کەرکوک ڕاپەڕی بۆ بەرهەڵستی بەڵام سەرنەکەوت، کوژرا و هەرچییەکی لە باروبارخانە و چەک پێ بوو، هەموی سالّی ١١٠٢ک/ ١٦٩٠ز کەوتە دەست بابا سلێمان.

سالّی ١١٠٦ک/ ١٦٩٤ز ڕووی کردە ولاتی ئەردەلان، دوای ئەوەی بەشێکی لێ گرت، دوای ئەوە ئێران سوپایەکی زۆری لەگەڵ هێزی سلێمان خانی ئەردەلان یەکخست و بەرامبەر بابا سلێمان وەستا، ئەوێش لەتوانایدا نەبوو بەرەنگاریی بکات بۆیە کشایە دواوە.

سالّی ١١٠٧ک/ ١٦٩٥ز عەلی پاشای والیی بەغداد و دوای ئەوێش ئیسماعیل پاشای جێگری سالّی ١١٠٨ک/ ١٦٩٦ز سوپایەکی گەورەیان نارده سەری، بەڵام شکا. دوای ئەوە حکومەتی عوسمانی هەرێەک لە سوپای بەغداد و دیار بەکر و حەلەبی نارده سەری ئەم جارە بابا سلێمان شکا و ناچار خۆی سالّی ١١١١ک/ ١٦٩٩ز دا بەدەستەوە.

بابا سلێمان دوای ئەمە، ڕووی کردە ئاستانبوڵ، لەوێ لە شەڕی دژی ڕوس دا بە هەموو ئازایەتییەکەوە بەشداری کرد کە شەڕی بابا داغی پێ وترا چونکە بابا سلێمان تەواو تیایدا سەرکەوت. دوای ئەوە گەڕایەوە بۆ لیوای ادرنە و سالّی ١١١٥ک/ ١٧٠٣ز لەو شارە وەفاتی کرد و هەر لەوێش شارڕایەوە.

بەکورتی ناوی ئەم میرە ئازا هەڵکەوتووە لە چەند سەرچاوەیەکدا هاتووە. ئەمین زەکی بەگ و لونگریک[٢٥٤] بەڵام لە هەموویان درێژتر و زیاتر باوەڕ پێکراو بەگوێرەی ئەو سەرچاوانەی لە

---

٢٥٣ لە هەندێ سەرچاوەدا بە کۆڕی ماوەندی کوڕی فەقێ ئەحمەدی دانەنێت. ئەوەی شایانی باسە ئێستا گۆڕی فەقێ ئەحمەد و کەیفان لە گوندی دارەشمانەیە لە پشدەر پەرژینی لە ئاسن بەرێکی بۆ کراوە.

٢٥٤ لونگریک لە (الاربع عصور الاخیرە فی العراق)دا ئەڵێت، میر سلێمان کوڕی (ماوەند) کوڕی فەقێ ئەحمەدە.

پەراوێزەکانی ئاماژە پێکراون. وردکردنەوەکەی مامۆستا نەوشیروانە کە ئەڵێت[٢٥٥]

سلێمان بەبە یان بابا سلێمان لە دوا چارەکی سەدەی ١١یەمی کۆچیدا کەوتە چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی و دەسگرتنەوە بەسەر مولکی بابانداد. ئیتر لەوکاتەوە کوڕ و نەوەکانی میرایەتی بابانیان گرتە دەست.

لەم کاتە ئالۆزەدا میر سلێمان و میر حەسەن بە لەشکری بابانەوە چوونە سەر کەرکوکی ناوەندی ئیالەتی شارەزوور. دەستیان بەسەر کەرکودا گرت ١١٠١ک/ ١٦٨٩ز. دوای ئەوە زیاتر ڕوونی ئەکاتەوە ئەڵێت،

دەسەڵاتی سەربەخۆیی سلیمان بەبە تا ئەهات زیادی ئەکرد، سنووری دەسەڵاتی هێندە فراوان بوو لە کەرکوکەوە تا ئەردەڵانی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە لەبەر زۆری سوپا و لەشکر و فرەیی زێڕ و زیو بایی بوو. لەشکرێکی لە ژمارەی ئەستێرەی زۆرتری سازدا، لە هەموو مەملەکەتی ڕۆم و ئێران دا کەوتە بانگدانی سەربەخۆیی و یاخیبوون بە گوێی دانیشتوانی هەردوو وڵاتدا شا سوڵتان حسێن سالی ١٦٩٣- ١٧٢٢ز بۆ ڕێگاگرتن لە تەقەللا فراوانخوازیەکانی سلێمان پاشا کەوتە ڕێگا گرتنی دیبلۆماسی و هەم ڕێگەی جەنگی. شا سوڵتان حسێن لەشکر کێشی گەورەی قزلباشی نارده سەر کوردستان. ئەوسا سلێمان پاشا پێی ئازایەتی و مەردایەتی بردە پێش و بووبە شەڕ سالی ١٦٩٨ز یەکەم ڕۆژ هیچ لایەکیان کارێکیان بۆ پێشەوە نەبرد. ڕۆژی داهاتوو دەی موحەرەمی ١١١٠. سلێمان پاشا بۆیان دابەزییە مەیدان. مەردانە و دلێرانە ڕووی لە شەڕ کرد ئازایەتی نواند. لەدواییدا لەبەر ئەوەی فەتح و زەفەربەندن بە تەقدیرەوە سلیمان پاشا و لەشکرەکەی ژێرکەوتن و تێکشکان.

دوای ئەوە مامۆستا نەوشیروان، ڕووداتی چیرۆکی دوانزە سوارەی مەریوان ئەخاتە سەردەمی میر سلێمان و ئەڵێت، ئەبێت لە سەردەمی میر سلێمان دا ڕووی دا بێت.[٢٥٦]

گوایە دوای ئەم بەسەرهات و تێک شکاندنە هێمن بوونەوەی باری وڵات سنجەقی ئەدرنەدراوە بە میر سلێمان. سەرچاوەیەکی تر لە نووسینەکەی لاپەڕەی ٥٧ هەر ئەو کتێبەی مامۆستا نەوشیروان دا هاتووە ئەڵێت، حکومەتی حەسەنی پاشای بەغداد بەیارمەتی پاشاکانی حەلەب و دیاربەکر سلێمان پاشا شکێنرا و لەگەڵ حەقدە بەگی کوردا کوژران.

بەڵام ئەمین زەکی بەگ ئەڵێت، ئەم قسەیە جێی متمانە نییە. جگە لەوەی هەر ئەمین زەکی بەگ بەگوێرەی سجل عوسمانی ئەیباتەوە سەر زنجیرەیەکی دوور و درێژ. دوای دەپشت باپیرە گەورەی بە میر چیاوالدین دانەنێت و ئینجا هەر ئەو بەڕێزە خۆی ئەڵێت هیچ بڕوایەکم بەم زنجیرە نییە.

٢٥٥ لاپەڕەی ٥١-٥٨ میژووی سیاسی، نەوشیروان مستەفا ئەمین کتێبی سێیەم بەرگی یەکەم.

٢٥٦ لە سەرچاوەکانی تردا شەڕی دوانزە سوارەی مەریوان ئەگێڕنەوە بۆ سەردەمی سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشا. واتە سلێمان پاشای کوژراو. بە پێچەوانەی بۆچوونی مامۆستا نەوشیروان و پیرەمیردیش کە ئەیباتەوە بۆ کاتی شا غازی ئەحمەد پاشای لە شکرشکێن، کە بۆ سلێمان پاشای کوژرا و باوکی برایم پاشای بوونیادنەری شاری سلێمانییە. من ڕای یەکەم بە ڕاستر ئەزانم.

له دوا قسەی مامۆستا نەوشیروان دا هاتووە!

بەم جۆرە یەکەم هەوڵدانی بەبە سلێمان بۆ یەکخستنی کوردستانی بابان و کوردستانی ئەردەڵان و دامەزراندنی دەسەڵاتی سەربەخۆی کورد لەنێوان بەرداشی ڕۆم و هێزی عەجەم دا وردوخاش بوو. دوای سلێمان پاشا مولکی بابان لەنێوان کوڕەکانی و ئێلەکانی تردا بەتایبەتی زەنگەنەدا دابەش بووە[٢٥٧].

٢٥٧ لاپەڕە ٥٧ هەر ئەو سەرچاوەیە

بوداق خانی موکری- بوداق سوڵتان

به موکری ناوی دەرکرد، که ناوەکە ئەگەڕێتەوە بۆ کوردستانی موکریانی ئێران.

پیاوێکی دادپەروەر، نیشتمان خۆشەویست و ڕۆڵەکانی گەلەکەی لا خۆشەویست تر بوو. هەر لەبەر ئەوەش بوو ناوی بە نەوشیروانی دووەم- نەوشیروانی دادپەروەر بڵاو بووەوە. ساڵی ١١٩٨ک/١٧٨٣ز بە ڕێک کەوتن لەگەڵ میر عەلی مرادخانی زەند توانی میرنشینی موکریان بگێڕێتەوە ژێر دەستی خۆی. هەر لەو ساڵەدا جەعفەر قولی خان برای ئاغا محەمەدی قاجار هێرشی کردە سەر ناوچەی موکریان بەڵام سوڵتان بوداق وەک شێر بەرامبەری وەستا، دوای شەڕێکی کوشندە توانی یەکسەر بیگێڕێتە دواوە و ساڵی ١٢١٠ک/ ١٧٩٥ز، محەمەد خانی قاجاری ولایەتی میرنشینی موکریانی بۆمۆر کرد و ساڵی ١٢١٣ک/١٧٩٨ز فەتالی شاهـ- فەتح عەلی شاهـ خاوەن داری حکومەتەکەی بۆ مۆرکرد.

بوداق سوڵتان، پێشەوایی سوپاکەی دایە دەست مەجید خانی موکری و سەرۆکایەتی گاردیشی بەرەو ڕووی ئیسماعیل ئاغای دێبوکری کردەوە.

بەم جۆرە، دوو هێرشی بەڵباسەکانی بۆ سەر ئێران وەستان.[٢٥٨]

ئەمین زەکی بەگ زانیاری گەلێک زیاتری لایە ئەفەرموێت، بوداق سوڵتان ئەمیرەگەورە و ئەو ئەستێرە گەشەی بنەماڵەی بابا میری بەناوبانگ و ئەو پێشەوایەیە، کە گەلەکەی خۆی لە موکریان لە زانین و زانیاری دا گەیاندە ڕادەیەکی بەرز.

باووباپیری ئەم پیاوە لەو ڕۆژەوەی حکومەتی سەفەوی لە ئێراندا سەری هەڵدا، بەتایبەتی لە سەردەمی شا عەباسی گەورەدا لە شەڕی دوژمنایەتی دەستەویەخەدا بوون و زیانی زۆریان لێکەوتووە چ لە گیان و چ لە مال.

ئەم بارە ئەوەندەی کێشا تا بوداق سوڵتان حوکمی وڵاتی خۆی گرتە دەست، ئەم بەڕێزە

---

٢٥٨ مێژووی ناودارانی کورد لە ساڵەکانی ١٢٠٠ک تاکو ١٣٠٠ک واتە ١٧٨٥- ١٨٨٢ز حسێن حوزنی موکریانی. بڵاوکراوەکانی زاری کرمانجی ساڵی ١٩٣١ ڕەواندز ل ٢٠٧-٢٠٩.

هەروەها، سەرچاوەی ناوبراو ناوی بوداق سوڵتان کوڕی شیر بەگ لەگەڵ لیستی حاکمانی موکری لە ئێران دا فصل سێ بەشی یەکەم لەو کتێبەدا هاتووە. بوداق خان شێخ عەلی هەر لەو فصلە دا ناوی هاتووە.

لایەنی برایەتی و ئاسایشی گرتە بەر، گفتوگۆی لەگەڵ حکومەتدا لەسەر بناغەی ڕێکەوتن کرد کە لە پێش هەموو شتێکدا سەربەخۆیی میرنشینەکەی سەپاند بە مەرجێک ئاسایشی تێک نەدەن و ناچاری شۆڕشی نەکەن، ئەمیش بەرامبەر بەوە هەموو سااڵێک خەرجیەکیان بداتێ. بەم جۆرە کە ئاسایش و سەلامەتی وڵات باڵی کێشا بەسەر هەموواندا، ئەوسا کەوتە ڕێکخستنی کاروباری وڵات و بڵاوکردنەوەی ئاڵای زانین و ئاسانکردنی ڕێگای بازرگانی و دەوڵەمەندکردنی فەلاح و تاکەکانی گەل و یارمەتیدانیان لە کشتوکاڵدا. ئینجا کەوتە خەتکێشان بۆ شاری ساوجبڵاق-سابڵاخ کە ئەو سەردەمە دێیەکی بچووک بوو. ئەوە بوو مزگەوتی سووری تیادا بوونیاد نا لەسەر خەریتەیەکی ئەندازیاریی ڕێکوپێک، هەر لە شوێنی ئەو مەدرەسە کۆنە جێماوەی پێشوو کە دەستی بەویشدا هێنایەوە، کە بەئاشکرا دیارە چ هونەرێکی بەرزی تیادا بەکار هاتووە.

هەروەها لەتەنیشت ئەم مزگەوتە گەورەیەوە، دەستی کرد بە بوونیادنانی تەلار و خانوو بۆ خۆی و دەوروبەری و دانیشتووان لە بازرگان و فرۆشیار و کارساز، بازاڕێکی گەورەی دروست کرد کە لە هەموو لایەکەوە، خەڵک ڕوویان تێ دەکرد. جگە لەو هەموو جۆگە و بیری ئاو و دروستکردنی پردێکی بەهێز دامەزرا و کە تاکو ئەمڕۆش بە پێوە ماوە لەسەر ڕووبارەکەی ژووروی شار. هەروەها پردێکی تریشی لەسەر ڕووباری تەتەهو بەرز کردەوە نزیک بە میان دواو. بەم جۆرە شاری سابلاخ بە جۆرێک گەشەی سەند بوو بە شارێکی بازرگانیی بەناوبانگ لەبەینی عێراق و شام و ئازربایجان و قەفقاس و ڕوسیادا.

قوتابخانەی مزگەوتەکەش بوو بە شوێنی گەشاوەی زانیاریی هەمەجۆری ئیسلام شانبەشانی سەنتەرە بەناوبانگەکانی جیهانی ئیسلام، کە قوتابی لە هەموو لایەکەوە، ڕووی تێ ئەکرد تاکو پێش شەڕی گشتیی جیهان، هەرگیز قوتابییەکانی لە سەد کەمتر نەبوون، جگە لەوەی هەر لەتەنیشتییەوە کتێبخانەیەکی قەشەنگی دروست کرد و پڕی کرد لە کتێبی ئایینی و زانیاری و ناردی بەرگدرووی کتێب و زانیاریی خەت و خەتخۆشی هێنا بۆ بڵاو کردنەوەی کتێب.

بە ڕەحمەتچوو نموونەی ڕاستی و دادپەروەری و کردەوەی بەرز بوو، هەرگیز لە ڕێی ڕاست لای نەداوە، هەمیشە نموونەی چاکسازی و بڵاوکردنەوەی خۆشی و خۆشگوزەرانی میللەتەکەی و بڵاوکردنەوەی ئاڵای عیلم و حەق و پێشخستن بوو.[٢٥٩]

---

٢٥٩ مشاهير الكرد و كردستان في العهد الاسلامي. بغداد ٢٠١١ بە بروای محمد أمين زكی (بابا میری) خۆیان بە بابان دانەنین، منیش ئەڵێم بێگومان بابانیش شانازییان پێوە ئەکەن. بەتایبەتی بە گەورەپیاوێکی مێژووبینی وەک بوداق سوڵتانی مەزن، بۆیە لە خۆم ڕابینی کە لە لیستی بابانداً لە ژوور هەمووانەوە بینوسم. (ج.ب).

پیر بوداق بەگ کوڕی میر عەبدال[٢٦٠]

خوالێخۆشبوو جەنابی ئەمین زەکی بەگ ڕۆژی ١٩٣٥/١/٩ لە بەغداد لە وەلامی پرسیارێکی حاجی تۆفیق پیرەمێرد دا ئەڵێت، "بە ڕاستی ئەم پرسیارە قورس قورسانەی تۆ هێناومییە سەر ئەوە من دوعات لێ بکەم، کە قەت نەبیتە مامۆستای مەکتەب، چونکە قوتابییە بەستەزمانەکان بۆ دۆزینەوەی پاسوخێکی بە ڕێوجێ بۆ ئەم تەرحە پرسیارانەی تۆ زۆر دائەمێنن. بە هەزار گوپچڕ گوپچڕ جوابێکی خۆمانەمان بۆ باسی ڕۆستەم دۆزییەوە. بەڵام ئەم جارەش تووشی باسی فەقێ ئەحمەد و بەبەت کردم. جا خوا ئەیزانێت لەناو مێوژ و کاکڵە گوێزی گیرفانتدا چە تەرحە پرسیاری ترت بۆ حازر کردووم پەنا بە خوا!"

"ئەپرسی بەبە لەکێوە و لەکوێوە پەیا بوون؟"

وەڵام، "شەرەفخان ئەڵێت، 'دانەری حکومەتی بەبە پیر بوداق بەگی کوڕی میر عەبدالڵە و ڕەنگە بنچینەی حکومەتەکەشی موکریان بێت، بەرەبەرە وڵاتانی لارجان و سۆران و سولدووز و بانە و شارباژێڕ و کەرکوکیشی داگیر کردووە. بەینێک بە سەربەخۆیی و بە شەوکەتێکی تەواوەوە ڕای بواردووە. لەپاشدا لە تەرەف ئەمیر سەیدی کوڕی شاهە عەلیی سۆرانەوە لە ڕاووشکاردا کوژراوە.

لە دوای پیربوداق بەگ کە لەقەبی بەبەی بۆ خۆی دانا بوو- بوداق بەگی برازای بووەتە حوکمدار و لە دوای دوو سال ئەویش لەناو چووە، پیرنەظەر ناو پیاو ماقوولێکی پیر بوداق بەگ وڵاتانی بەبەی گرتوتە دەست خۆی و لەپاش ئەویش ئەم مولکە زۆرە کەوتوتە دەست دوو پیاو ماقوولی پیر بوداق بەگ، میر سلێمان، میر ئیبراهیم. لەدوای چەند سالێک میر سلێمان، میر ئیبراهیمی کوشتووە و خانەدانی دووەمی بەبەی دامەزراندووە.

حاجی شێخ بەگی کوڕی میر ئیبراهیم ئەووەڵەن ئەچێتە ئێران و لە دواییدا بە کۆمەکەوە

---

٢٦٠ ڕۆژنامەی ژیان ژ ٤٢٦، سال ١٠،١٢ کانوونی دووەمی ١٩٣٥، ل٣،٤. بەهەشتی، حوزنی موکریانی پیر بوداقی کوڕی میر ئەبدال. بەم شێوەیە باس دەکات، میر ئەبدال کوڕی بابا ئەردەلانە و ئەویش ئەچێتەوە سەر بابا قباد (ج.ب).

دێتەوە ولاتی بەبە. بەڵام لە شەڕ و هەرادا لەناو ئەچێت و بوداق بەگی کوڕی بە فەرمانی قانوونی ئەکرێتە حاکمی بەبە. زۆری پێ ناچێت، ئەم پیر بوداق بەگە لەگەڵ میر حسێنی کوڕی میر سلێمان ئەکەوێتە شەڕەوە، لەپاش کەین و بەینێکی زۆر ئەم میر حسێنە ئەکوژرێت.

خدر بەگی کوڕی میر حسێن، لەدوای کوژرانی بوداق بەگ لە هەرای شازادەی بایەزیددا، ئەبێتە حاکمی ولاتی مەرگە و بەشێکی مولکەکەشی -کە ڕەنگە ناوچەی پشدەر بێت- بەدەس ئەمیرە بەگ ناوێکی موکریانییەوە ئەبێت، ئەم خدر بەگە حکوومەتێکی بە طوولی کردووە و ظاهیر وایە لە ئەووەڵی عەصری یانزەمینی هیجریدا ئەمری خوای بەجێ هێناوە، مولکەکەی خراوەتە ناو خەواصی هومایۆن و عەشرەتەکە سال بە سال ڕەسمی حکوومەتیان بردۆتە کەرکوک تەسلیمیان کردووە.'"

لەبەینی مردنی خدر بەگ و پەیدابوونی فەقێ ئەحمەددا، لام وایە تەنیا شەست-حەفتا سالێک هەیە. وە دوور نییە، کە فەقێ ئەحمەد کوڕەزای خچر بەگ، یان بوداق بەگ بووبێت. هەموو ئەیزانین، کە حیکایەتێکی باوی پشدەری هەیە و لەمەدا ئەڵێن، 'دوو برا میر بەگ و کاکە شێخ- کوڕانی بوداق بەگ- حاکمی پشدەر و مەرگە بوون. لەدوای بەینێک میرە بەگ، کاکە شێخی کوشتووە و خێزانی میری کوژراو لەگەڵ منداڵەکەیدا ڕای کردووەتە دێی خدران لە ڕانیە، ئەم منداڵە کە فەقێ ئەحمەدە، لەوێ گەورە بووە و لەپاشدا هاتووە مامەی کوشتووە و مولکی باوکی سەندۆتەوە و ئاخر بنەماڵەی بەبەی دامەزراندووە.'

جا دێتە عەقڵەوە، کە میرە بەگ و کاکە شێخ، یان کوڕانی بوداق بەگ، یان خدر بەگ بووبن و تەنیا ئاغایەتییان بەوەوە بووبێت و لە کاکە شێخ فەقێ ئەحمەد پەیدا بووبێت. ئەگەر ئەمە قبوڵ بکرێت نەتەوەی بەبە ئەچێتەوە سەر میر ئیبراهیم، یان زیاتر سەر میر سلێمان پیاو ماقوولی پیر بوداق بەگ، چونکە میر سلێمان عینوانی بەبەشی بە خۆیەوە نابوو، ئەبێت ئیرثی بۆ فەقێ ئەحمەد و نەتەوەی بووبێتە مال.

لەگەڵ ئەمەشدا ئەڵێن، عینوانی بەبە لە میر سلێمان کوڕی- یان کوڕەزای – فەقێ ئەحمەدەوە جێ مابێت. ئەمەش تەنیا ئیدیعایەیە و وەثیقەیەکی نییە گلشن خلفا ئەم عینوانەی دەرحەق بە میر سلێمان باس نەکردەوە. لەبەر ئەمە من کەوتوومە شکەوە، چونکە صاحێبی ئەم کتێبە هاوردەی میر سلێمانە و خەڵکی بەغدادە، ئەبێت شارەزای ناو و عینوانی بێت. چوار عەصری دوایی عێراقی ئەم قسەیەی من تەیید ئەکات و ئەڵێت، "ئەبێت عینوانی بەبە بە ئیرث بۆ فەقێ ئەحمەد مابێتەوە.

مەحمود پاشای ئەورەحمان پاشا بە تەرحێکی تر داویەتیە قەڵەم و بە میستەر ڕیچی گووتووە، کە "بنەماڵەی بەبە قۆڵێکی عەشیرەتی کرمانجن و بە بەبە ناوبانگیان هەیە." بەڵام بەش بە حاڵی خۆم بەمە بڕوا ناکەم.

بێینەوە سەر بەبەی حلە.

بەڕاستی لەمە سەرم سوور ماوە، چونکە تەئریخ باسێکی تیادا نییە. تەنیا میر مەئموونی

کوڕی بێگەبێگی ئەردەڵانی کە لە ئەستەموول حەبس بوو، لە دوای یاخیبوونی سورخاب بەگی مامی لە عوسمانی، لە طرەف سوڵتان سلێمانەوە بەرەڵڵا کرا و حاکمێتیی حللەی درایە. ئیسماعیل بەگی براشی کرا بە حاکمی سرۆچک. جا نازانین مەئموون بەگ لە حللە چەند ماوەتەوە و لەوێ قۆڵێکی ئەردەڵانی پەیدا بووە یان نا.

وە ئەمەش ئەزانین کە بەیێنێک محەمەد پاشای بابان کوڕی سلێمان پاشا، کە بە خدێو شۆرەتی دەر کردبوو، قائیممەقام وەیان موتەصەڕیفی حللە بووە و ئەمەش لەدوای لەناوچوونی حکومەتی بەبەیە و تازەیە ئەم ئەمیرە باوکی حەمدی بەگە.[٢٦١]

ئەم وەڵامەی ئەمین زەکی بەگ. یەکەم خانەدانی بەبە و دووەم خانەدانی ڕوون ئەکاتەوە. خانەدانی سێیەم و چوارەم لە شوێنی خۆیدا و بە بۆچوونی خۆم ڕوون کردۆتەوە. خانەدانی پێنجەم ڕوونە کە لە فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەوە، بەگوێرەی هەموو سەرچاوەکان، دەست پێ ئەکات. لە بابەت بابانەکانی حللەوە. ئەوەندەی من لە کاتی خۆیدا لە باپیرم و لە خزمانی بەتەمەنم بیستووە، ئەحمەد موختار بابان، کە دواترین سەرۆکوەزیرانی سەردەمی مەلیک بوو لە عێراقدا. ئەو و فازلی برای، کە ئەویش لەم دواییەدا هەر لە سەردەمی مەلیکدا کرا بە متصرفی حللە. بەگوێرەی ئەو شەجەرەیە، کە جەلال بابان داویەتی بە من و منیش لە کتێبی بابان فی التاریخ ومشاهیر البابانیین لە لاپەڕەکانی دواییدا بڵاوم کردۆتەوە. ئەحمەد موختار و فازلی برای کوڕی حەسەن بەگ کوڕی فەتاح بەگ، کوڕی عەبدولقادر بەگ کوڕی خانە بەگ خانە بەگیش بە دە پشت ئەچێتەوە سەر خالید پاشای یەکەم. ئەحمەد موختار بابان هاوسەری عەفیفە خانی کچی جەمیل بەگی مەجید پاشای بابان و تاکە کچێکیان هەیە، کە ئەویش سەرابە و ئەویش خاوەنی مال و منداڵی خۆیەتی. (ج.ب)[٢٦٢]

---

٢٦١ ل١٨٩- ١٩١ تەئریخ و ئەشخاص محەمەد ئەمین زەکی بەگ سەرجەمی بەرهەمەکانی. ئامادەکردنی سدیق صالح بنکەی ژین. سلێمانی ٢٠٠٥

٢٦٢ جەمال بابان

پەیوەندی بابان و میراودەلی

دوای پشتبەستن بە سەرچاوەی بەڕێز و باوەڕپێکراو، وەک لەم کتێبەدا ڕوونمان کردۆتەوە، بابان وەک بنەماڵە و میرایەتی کۆمەڵە کوردێکی ڕەسەن و دێرین و پێشەنگ بوون. مێژوویان ئەگەڕێتەوە بۆ چەندەها سەدەی لەمەوپێش.

بێگومان بنەماڵەیەکی وا بەتەمەن و دێرین گەلێک و بە سەدەها و هەزارەها کوڕ و کچ و کوڕەزا و کچەزا و نەوەو نەوەزا... زا...زا... زا ئەخەنەوە و تورمە- شجرە دروست ئەکەن یەک لەدوای یەک ئەگەشێنەوە.

ئەمڕۆ لە کوردستانی تورکیا و ئێران و عێراق و لە وڵاتانی تر ئەڵێن گوایە، تاکو لە فلپین بابان هەن، کە شانازی بە ڕەگوڕیشەی خۆیانەوە ئەکەن.

کە وا بوو نەک هەر میراودەلی بەڵکو زۆر بنەماڵە و عەشرەتی تریش هەن، کە ئێمە پێمان نەزانیون، بەو شێوەیەی وەک میراودەلیمان بۆ ساغ نەبۆتەوە. ئەوانمان بۆ بەرجەستە نەکراون.

کە وا بوو ئەم جۆرە ئینتمایانە ئیعتماد ئەکاتە سەر هەوڵ و زرنگیی ڕۆڵەکانی ئەو کۆمەڵە یاخود ئەو عەشرەت و کەسانە خۆیان، کە ئەبێت دوای بنەچەو ڕەگ و ڕیشەی خۆیان بکەون و خۆیان ساغ بکەنەوە.

ئەم قسەیە، یاخود ئامۆژگاریەم بۆ سەرجەم بنەماڵە و کەسانێکە بۆ ئەوەی بنەچە و ڕەگەزنامەی خۆیان ساغ بکەنەوە. کە ئەمڕۆ و لەم ڕۆژانەدا ئەوە بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و بەتایبەتی لە کوردستانی گەورەدا کە دابەش بووە لەبەینی ڕۆمی و عەجەم و عەرەبدا. زۆر پێویستە.

من وەک لەمەوبەر وتوومە، دەمێکە بەدوای ئەم خواستەدا وێڵم. وا بە هۆ و لە ڕێی پیاوی بەهیممەت و کوڕی کارسازەوە توانیم بگەمە کەمێک ئەنجام.

یەکێک لەو ڕۆشنبیرانەی کە یارمەتی دام لەم ڕووەوە، هەر یەکێکە لە بنەماڵەی میراودەلییان، کە ئەویش مامۆستای بەڕێز موەفەق میراودەلییە[٢٦٣]، کە لەم بابەتەوە یەکسەر ئەچێتە سەر

٢٦٣ - ٢/١٥/ ١٩٧٩لە ناوچەی پشدەر لەدایک بووە.

باسەکە و لە کتێبە بەنرخەکەیدا عەشیرەتی میراودەلی. چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠١١ ئەڵێت، "زانیاریی یەکلاکەرەوەمان لەسەر کۆڕەکانی فەقێ ئەحمەد نییە. هەتا هەندێک گومانمان لا دروست ئەکەن، کە سلێمان بەبە کۆڕی فەقێ ئەحمەد بووە، یەڵکو بە کۆڕەزای ناو ئەبەن. لۆنگریک پێی وایە ماوەند کۆڕی فەقێ ئەحمەد و باوکی سلێمان بەبە بووە. لونگریک اربعە قرون بغداد ١٩٨٥.

حوسێن نازم پێی وایە، دوای مردنی فەقێ ئەحمەد کۆڕەکەی بە ناوی خان بداعەوە جێی گرتۆتەوە، ئەویش ماوەیەک فەرمانڕەوایی کردووە، ئینجا سلێمان بەبە کۆڕی خان بوداغ هاتووە تأریخ الامارە البابانیە مؤسسە الموکریانی للطباعە هەولێر ٢٠٠٠. بەڵام سەرچاوەکانی دیکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە سلێمان بەبە ڕاستەوخۆ کۆڕی فەقێ ئەحمەد بووە(گەشتنامەی ڕیچ.)

م. موفق لە ل٢٤ دا ئەڵێت، "یەکەمین کەسێک لەدوای سلێمان بەبەوە ناوی هاتبێت میر بوداغ بووە. یەکەمین کەسێک لەدوای سلێمان بەبەوە ناوی هاتبێت لەلایەن ڕیچەوە ئەویش لە زاری میوانە پشدەرییەکەوە لە سلێمانی ئەوەی وەر گرتووە. فەقێ ئەحمەد دوو کۆڕی هەبووە سلێمان بەبە و میر بوداغ هەر بەگوێرەی بیستنی ڕیچ لەو پیاوە پشدەرییە، میر بوداغ وەجاغ کوێر بووە. زۆر لە میژوونوسەکان و ڕۆژهەڵاتناسەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە فەقێ ئەحمەد جگە لە سلێمان بەبە کۆڕی دیکەی هەبووە، حوسێن حوزنی دەڵێت، سلێمان بەبەی کۆڕە گەورەی لە جێی دانیشت. ئەمین زەکی بەگ پشتبەست بە ئینسکلۆپیدیای ئیسلام دەڵێت، فەقێ ئەحمەد دوو کۆڕی هەبووە، ئەمانیش سلێمان بەبە و بوداغ سوڵتان بوون تاریخی سلێمانی و وڵاتی بەرگی سێیەم ل٣٥.

م. موفق لەسەری ئەڕوات، تێکەڵبوونێکی تەواو لەنێوان کۆڕەکانی فەقێ ئەحمەد و کۆڕەزاکانیدا هەیە. حوسێن نازم پشتبەست بە مشاهیر ئەمین زەکی بەگ ئەڵێت، فەقێ ئەحمەد سێ کۆڕی هەبووە تەیمور خان و میر سلێمان و بابا میر(الامارە البابانیە) یان ئەو شەجەرەیەی، کە حوسێن نازم لە جلال بابانی وەر گرتووە، کە کوڕ و کۆڕەزا و نەوەکانی هەموو تێکەڵ کردوون، بەوە

- دەرچووی زانکۆی سەلاحەدینە ٢٠٠٥-٢٠٠٦.
- لە ساڵی ٢٠٠٣ز وە دەستی کردووە بە نووسین و لێکۆڵینەوە.
- خاوەنی کتێبخانەیەکی گەورەی میژوویین و ڕۆژنامەوانیی کوردییە.
- ئێستا مامۆستای ئامادەیی تێکەڵاوە لە قەلادزێ.
-بەرهەمە چاکراوەکانی،
عەشیرەتی میراودەلی ٢٠١١.
- ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی قەلادزێ ٢٠١٢.
- پشدەر لە هەگبەی میژوودا ٢٠١٢.
- ڕاگواستنی قەزای پشدەر کۆتاییی ئەنفال ١٩٧٧- ١٩٨٨، ٢٠١٣.
- بیلۆگرافیای جینۆسایدی کورد ٢٠١٣.
- بیلۆگرافیای گۆڤاری ئابووری و ئابووری سیاسی ٢٠١٤.
- کۆمەڵێکی تری کە ئامادەی چاپکردنن.

فەقێ ئەحمەد چوار کوڕی هەبووە بابا سلێمان، بەکر بەگ، تەیمور خان و بوداغ بەگ. دیارە هەموو جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە تەیمور خان و بەکر بەگ کوڕی فەقێ ئەحمەد نەبوون و لە کوڕانی بەبە سلێمان بوون.

هەر م. موفق ئاماژە بە ژمارەکانی ٢٣و ٢٤ لە گۆڤاری المجمع العلمی الکوردی نووسینێکی جمال بابان و ئاماژە بە وەرگێڕی کتێبەکەی حوسێن نازم محەمەدی مەلا کەریم و شوکر مستەفا و بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی عەبدوڵڵا ئاغای ئەحمەد ئاغای ڕەسوڵ ئاغا، لەوێدا هەردوو وەرگێڕ خشتەیەکیان داناوە، کە ئەوە ڕوون ئەکەنەوە، فەقێ ئەحمەد دووکوڕی هەبووە سلێمان بەبە و میر بوداغ. دیارە میر بوداغ سێ کوڕی هەبووە میر زەینەدین لە ئەشکەوتی سەقای نزیک هەولێر دانیشتووە و دەکاتە باپیرانی عەشیرەتی گەردی، میراودەل دەکاتە باپیرانی عەشیرەتی میراودەلی، میر شەمسەدین دەکاتە باپیرانی میرانی شەمدینان الامارە البابانیە ص٣٥١.

کە وا بوو، بەگوێرەی بۆچوونی م. موفق میراودەلی و دوای پشتبەستن بەو سەرچاوانە، ئەو پەیوەندییە بەدیار دەخەن، کە عەشیرەتی میراودەلی دەچنەوە سەر فەقێ ئەحمەد لە ڕێگای میر بوداغەوە.

منیش جەمال بابان نووسەری ئەم بەرگەی بابان لە مێژوودا و گەورە پیاوانی بابان بە پشتبەستن بەو بەڵگانەی لەوەوپێش لە بەرگی ئەو کتێبەدا: بابان فی التأریخ ومشاهیر البابانیین بەو شەجەرانەی لەو بەرگەدا بڵاوم کردۆتەوە، کە نووسەر و ڕێکخەریان بەهەشتی، جەلال بابان گەورە مێژووناسی بابانە. هەروەها بەپشتبەستن بەو فەرموودانەی لە باووباپیرم و خزمە بەڕێزەکانی ترمان وەک تاهیر بەگی جەمیل بەگی بابان و سەعید بەگی سالح بەگی بابان، بە پێویست و شانازیم زانیی، کە ئەو چەند پیاوە[٢٦٤] بەڕێز و ناودارانەی لە خزمانی میراودەلی بخەمە لیستی گەورەپیاوانی بابان لەم کتێبەدا، پشتبەستیش بە کتێبە بەنرخەکەی مامۆستای ئاکادیمی موفق میراودەلی کە ئەویش پشتی بەو کتێبە بەنرخانەی مامۆستایانی دیار و بەناوبانگ بەستووە و ئاماژەی بۆ هەر دێڕێک و سەرچاوەکەی (ئەکادیمییانە کردووە. سەرکەوتنی زیاتر و پێشکەوتنی زۆرتری بۆ ئەخوازین.

٢٦٤ ئەو بەڕێزانە هەر یەک لە بابەکر ئاغای سەلیم ئاغا. عەباس ئاغای مەحمود ئاغا. مینا غای گربداخ، ئەحمەدی حەماغا.

فەقێ ئەحمەد چوار کوڕی هەبووە بابا سلێمان، بەکر بەگ، تەیمور خان و بوداغ بەگ. دیارە هەموو جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە تەیمور خان و بەکر بەگ کوڕی فەقێ ئەحمەد نەبوون و لە کوڕانی بەبە سلێمان بوون.

هەر م. موفق ئاماژە بە ژمارەکانی ٢٣و ٢٤ لە گۆڤاری المجمع العلمی الکوردی نووسینێکی جمال بابان و ئاماژە بە وەرگێڕی کتێبەکەی حوسێن نازم محەمەدی مەلا کەریم و شوکر مستەفا و بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی عەبدوڵڵا ئاغای ئەحمەد ئاغای ڕەسوڵ ئاغا، لەوێدا هەردوو وەرگێڕ خشتەیەکیان داناوە، کە ئەوە ڕوون ئەکەنەوە، فەقێ ئەحمەد دووکوڕی هەبووە سلێمان بەبە و میر بوداغ. دیارە میر بوداغ سێ کوڕی هەبووە میر زەینەدین لە ئەشکەوتی سەقای نزیک هەولێر دانیشتووە و دەکاتە باپیرانی عەشیرەتی گەردی، میراودەل دەکاتە باپیرانی عەشیرەتی میراودەلی، میر شەمسەدین دەکاتە باپیرانی میرانی شەمدینان الاماره البابانیه ص٣٥١.

کە وا بوو، بەگوێرەی بۆچوونی م. موفق میراودەلی و دوای پشتبەستن بەو سەرچاوانە، ئەو پەیوەندییە بەدیار دەخەن، کە عەشیرەتی میراودەلی دەچنەوە سەر فەقێ ئەحمەد لە ڕێگای میر بوداغەوە.

منیش جەمال بابان نووسەری ئەم بەرگەی بابان لە مێژوودا و گەورە پیاوانی بابان بە پشتبەستن بەو بەڵگانەی لەوەوپێش لە بەرگی ئەو کتێبەدا: بابان فی التأریخ ومشاهیر البابانیین بەو شەجەرانەی لەو بەرگەدا بڵاوم کردۆتەوە، کە نووسەر و ڕێکخەریان بەهەشتی، جەلال بابان گەورە مێژوونناسی بابانە. هەروەها بەپشتبەستن بەو فەرموودانەی لە باووباپیرم و خزمە بەڕێزەکانی ترمان وەک تاهیر بەگی جەمیل بەگی بابان و سەعید بەگی سالح بەگی بابان، بە پێویست و شانازیم زانیی، کە ئەو چەند پیاوە[٢٦٤] بەڕێز و ناودارانەی لە خزمانی میراودەلی بخەمە لیستی گەورەپیاوانی بابان لەم کتێبەدا، پشتبەستیش بە کتێبە بەنرخەکەی مامۆستای ئاکادیمی موفق میراودەلی کە ئەویش پشتی بەو کتێبە بەنرخانەی مامۆستایانی دیار و بەناوبانگ بەستووە و ئاماژەی بۆ هەر دێڕێک و سەرچاوەکەی (ئەکادیمییانە کردووە. سەرکەوتنی زیاتر و پێشکەوتنی زۆرتری بۆ ئەخوازین.

٢٦٤ ئەو بەڕێزانە هەر یەک لە بابەکر ئاغای سەلیم ئاغا. عەباس ئاغای مەحمود ئاغا، مینا غای گربداخ، ئەحمەدی حەماغا.

ئەحمەد ئاغای حەما ئاغای پێشەوری نووسینی مامۆستا موفق میراودەلی کورتکردنەوەی جەمال بابان

ئەحمەد ئاغا کوڕی حەمە ئاغا کوڕی ئەحمەد ئاغا کوڕی حەمەد ئاغا کوڕی میراودەلە، لە ساڵی ١٩٠٣ لەدایک بووە.

ئەحمەد ئاغا لە سەرەتای تەمەنی منداڵی چۆتە حوجرە، پاشان چۆتە سلێمانی و لە حوجرەی خواجە ئەفەندی درێژەی بە خوێندن داوە، ئینجا لە ڕوشدیەی عەسکەری خوێندویەتی و بۆ تەواوکردنی خوێندن چۆتە کەرکوک و لەوێ ڕوشدیەی تەواو کردووە.

ئەحمەد ئاغا پەیوەندی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی سیاسی کورد و بیانی هەبووە، بۆ نموونە شێخ مەحمودی حەفید، سمایل ئاغای سمکۆ، جەعفەر عەسکەری وەزیری بەرگری عێراق، حازم بەگی شەمدینانی، سەید حوسنی موکریانی، مەلا خەلیلی مەنگور، مێجەرسۆن، مەلا مستەفای بارزانی. شێخ مەحمود لە سییەکانی سەدەی بیست هاتۆتە بێشیر بۆ لای ئەحمەدی حەمە ئاغا، هەروەها مەلا مستەفای بارزانی لە ساڵی ١٩٦٨ بە ٢٠٠ کەسەوە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە بێشیر ماوەتەوە و میوانی ئەحمەد ئاغا بووە.

لە شەوی ٢٩/٢٨ کانوونی یەکەمی ١٩٨٥ کۆچی دوایی کردووە. ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوە و یادداشت و کتێبی مێژوویی و شاعیران باسی ئەحمەدی حەمە ئاغایان کردووە. بیرەوەرییەکانی ئەحمەدی حەماغای پشدەری- تۆمارکردن و ئامادەکردنی عەبدولرەقیب یوسف و سدیق سالح لە ساڵی ٢٠٠١ لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لەچاپ دراوە. قەوارەکەی ٢٠٦ لاپەڕەیە گەلێک زانیاریی مێژوویینی ناوچەی پشدەر بەتایبەتی و ناوچەی سلێمانی و دەوروپشتی لەخۆ گرتووە لەگەڵ ناوی چەند کەسایەتییەک و کۆپی و وێنەی چەند نووسراوێک، کە ئەمانە هەمووی زانیاریی چڕوپڕ ئەبەخشن.

هەروەها لە پەرلەمانی زەمانی مەلیکدا نوێنەری ناوچەی پشدەر بووە.

بابەکر ئاغا سەلیم ئاغا
نووسینی مامۆستا موفق میراودەلی
گورتگردنەوەی جەمال بابان

بابەکر ئاغا کوڕی سەلیم ئاغا کوڕی بابەکر ئاغا کوڕی حەمەد ئاغا کوڕی میراودەلە، بە سەرۆکی پشدەر ناسراوە.

بابەکری سەلیم ئاغا، یەکێکە لە سەرکردەکانی پشدەر، لە (١٨٧٥) لەدایک بووە، میر بەسری لە کتێبی ناودارانی کورد، باس لە بابەکر ئاغا دەکات و دەڵێت، "سەرداری هۆزەکانی پشدەرە لە پارێزگای سلێمانی، جگە لە زمانی کوردی و فارسی، زانیاریی ئایینیش فێر بووە بەتایبەت لەبارەی جۆرەکانی زانستی فقە و شەرعدا."

بابەکر ئاغا یەکێکە لە کەسایەتییە ناودارەکان، کەسایەتییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەهێزی هەبووە، خاوەنی توانا و دەسەڵاتێکی زۆر بووە، لە سنووری مەرگە و پشدەر و سەردەشت، بە شێوەیەک بە نیسبەت تورک- ڕوس- ئینگلیز جێگەی بایەخ و حیساب بۆ کردن بووە.

لە چەندین سەرچاوەی جیاجیادا لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریییەوە، باسی بابەکری سەلیم ئاغا کراوە، لە سەردەمی خۆیدا زۆر جێگەی گرنگی و بایەخپێدان بووە، دەبلیۆئارهای کە دوو سال لە کوردستان بووە و کتێبێکی بەو ناوە هەیە، وەسفی دەرک و تێکەیشتن و ئەمەکناسییەتیی بابەکر ئاغا دەکات و دەڵێت، بابەکر ئاغا لە یادەوەریی منداوەک مەزنترین سەرکردەی کورد دەمێنێتەوە، لەو سەرۆکانەی ڕێکەوت وای کرد بیانبینم لەو دوو ساڵەی کە لە کوردستاندا بەسەرم برد.

دکتۆر کەمال مەزهەر بەم شێوەیە باسی دەکات، "بابەکر ئاغای پشدەری لە سمکۆ کەمتر ناسراوە، بەڵام ئەویش کەم نەبوو، پیاوێکی زیرەک و زۆرزان، دانا و دووربین، بلیمەت و هۆشیار بوو." هەروەها دەڵێت، "١٩٣٥ بەڵگەنامەیەکی دیبلۆماسیی ئینگلیزەکان، بەم جۆرە باسی کردووە پیاوێکی بەتوانست و بەڕێزە، هەر کەسێک لە نزیکەوە ناسیبێتی خۆشی ویستووە و

ڕێزی لێ ناوە."

دکتۆر کەمال مەزهەر گەلێک زانیاریی گرنگ و بایەخداری لەسەر کەسایەتیی بابەکر ئاغای پشدەری بڵاو کردۆتەوە، ئەویش لە ڕێگەی ساغکردنەوە و لێکدانەوە و وەرگێڕانی بەڵگەنامە میژوویییەکان، کە پەیوەندییان بە میژووی کوردەوە هەیە، هەر لەو چوارچێوەیەشدا چەندین لایەنی شاراوە و نەزانراوی دەربارەی میژووی کوردستان بە گشتی و ناوچەی پشدەر بەتایبەتی دەر خستووە.

بابەکر ئاغا لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکە بە کەسێکی پەسەند لە عەقڵدا و ژیر لە سیاسەتدا ناسراوە، کاتێک عوسمانییەکان دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرت، ئەویان بە جێنشینی پشدەر دانا، لەلایەن عوسمانییەکان بە جێنشینی پشدەر لە پاداشتی ئەوە بووە، کە پشدەرییەکان یارمەتی دەوڵەتی عوسمانییان داوە دژی سوپای ڕوس، لەدوای داگیرکردنی ناوچەکەش لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دانرا بە حاکمی سیاسیی پشدەر.

هەروەها سەرچاوەی تریش دەڵێت قەلادزێ و ناوچەکانی ناوەشت ناڕاستەوخۆ لەلایەن بابەکری سەلیم ئاغای سەرۆکی عەشیرەتە مەزنەکەی پشدەر سەرپەرشتی دەکران، کە بە شێوەیەکی ڕەسمی قائمقامی قەلادزێ بوو. بابەکر ئاغا لایەنگری ئینگلیز بووە بیروڕای وا بووە لەو ڕێگەیەوە دەتوانرێت مەسەلەی کورد چارەسەر بکرێت، لە هەمان کاتدا پەیوەندیشی لەگەڵ شێخ مەحمود نەپچڕاوە بۆ نموونە، لەگەڵ ژمارەیەک لە سەرۆک هۆزەکانی وەجاغ، مەنگور، مەندەمەرە سەردانی شێخ مەحمودی کردووە بەڵام یەکێک بوو لەو کەسانەی پشتگیری لە سیاسەتی ئینگلیز دەکرد.

بەدەر لە ئینگلیز پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرکردە کوردییەکانی وەکو شێخ مەحمود، سمایل ئاغای سمکۆ، قازی محەمەد، چەندین گەڕیدە و حاکمی سیاسی و گەڕیدە و کەسی بیانی، باس لە کەسیەتی و سیاسەتمەداری و پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی بابەکر ئاغا دەکەن.

لۆنگریگیش گەلێک بە شانوباهوی بابەکر ئاغایدا هەڵداوە، هەڵسەنگاندنی ئەو پیاوەش بایەخی خۆی هەیە، چونکە کەس بە ڕادەی ئەو شارەزای میژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق بووە، وێڕای ئەوەی لە نزیکەوە کوردیشی ناسیوە.

بابەکر ئاغا لە ١٠ی مارتی ١٩٥٩ کۆچی دوایی کردووە، دەتوانین بڵێین، بابەکر ئاغای پشدەر سەرکردەیەکی دیار و بەرچاوی ئەوکاتی گۆڕەپانی کوردستان بووە، وەکو کەسێکی زیرەک و بەتوانا و لێهاتووی کوردستان و ناوچەکە حیسابی بۆ کراوە.

عەباسی مەحمود ئاغای پێشدەری
١٨٧٥/ ١٨٩٣-١٩٤٥
نووسینی مامۆستا موفەق میراودەلی
کورتکردنەوەی جەمال بابان

عەباس ئاغا کوڕی محەمود ئاغا کوڕی میراودەلە، یەکێکە لە سەرۆک هۆز و ناودارانی پشدەر لە ساڵی (١٨٧٥) لەدایک بووە.

عەباسی مەحمود ئاغا لە سەرەتای لاوێتیدا بەشێکی زانستە ئاینییەکانی وەر گرتووە، ڕۆشنبیرییەکی کۆمەڵایەتیی گشتی پێ بەخشیوە، کە بووەتە دروشمی چاکسازی و چاکە بۆ سەرکردایەتی و گەورەیی، عەباس ئاغا، لە هەمان کاتدا وەکو هەموو تاکەکانی هۆزەکەی و ئاغاکانی میراودەلی دەستی گرتووە بە هەموو ئەو نەریتانەی لە بابوباپیرانییەوە بۆی ماوەتەوە لە ڕووی دابونەریتی هۆزایەتی و بەرگری و پاراستن و دڵسۆزی و نیشتمانپەروەری بۆ خاک و وڵات.

عەباس ئاغا لە ماوەی ژیانیدا ١١ کوڕ و ٦ کچی هەبووە. عەباس ئاغا نموونەی سەرکردەیەکی چاک بووە خزمەتی ڕاست و دڵسۆزانەی بۆ ڕزگارکردنی نیشتمان و گەلەکەی هەبووە، پیاوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی بووە، زۆرجار خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، لە کاتی سەردان و دیدارەکانیان بۆ لای عەباس ئاغا بە خاکیەتی و بێفیزی و کەسایەتی، سەرسامبوون. باشترین نموونەش قسەکانی عەلائەدین سوجادین لە بارەی عەباس ئاغاوە، هەروەها زۆر بەتەنگ خەڵکی هەژار و لێقەوماوەوە بووە، دەستی یارمەتی بۆ درێژ کردوون و لە کاتی نەبوونی و هەر مەترسییەک، کە ڕووبەرووبان بۆتەوە، بەدەر لەوەش یەکێک بووە لەوانەی داکۆکی لە ماف و سەلامەتی جولەکەکانی ئەو کاتەی پشدەر کردووە، تەنانەت چەند جارێک عەباس ئاغا خەڵکی ناوچەکەشی سزا داوە، کاتێک مافی جوولەکەیەکیان پێشێل کردووە.

مامۆستا مەسعود محەمەد لەبارەی عەباسی مەحمود ئاغاوە دەڵێت، سەرۆکایەتیی تایفەی مەحمود ئاغا بەو سپێردراوە، یەکێکە لە دوو سەرۆکە هەرە بەرچاوەکانی پشدەر، کاروباری ئیدارەی تایفەکە و بەشداریکردنی لە هەڵسووراندنی چەرخ و بازاڕی تێکڕای عەشیرەتی میراودەلی و ناوچەی پشدەری لە ئەستۆ گرتبوو، تا بڵێی بەرچاو تێر و بەشەخسییەت و قسەخۆش و ڕووکراوە بوو.

لەبارەی هەلومەرجی سیاسیشەوە، ئاغا لە سەرەتایەکی زۆر زووەوە بەشداری کاری سیاسی و سەربازی کردووە، دەورێکی کاریگەری لە شکاندنی هێرشی داگیرکەری ڕوس هەبووە، لە بەرەی سەردەشت بۆ ماوەی سێ ساڵ هاوشانی خزم و خەڵکی ناوچەی پشدەر بەرگری لە ناوچەکەی کردووە.

عەباس ئاغا پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ زۆربەی سەرۆک هۆز و کەسایەتی و شۆڕشگێڕەکانی باشووری کوردستان هەبووە، بەتایبەتی لەگەڵ بنەماڵەی شێخان و هۆزی مەنگوڕ و ئۆجاخ و دزەیی و جافەکانی ناوچەی مەرگە هەبووە، بەڕاستی زۆر دۆست و لایەنگری شێخ مەحمود بووە، پەیوەندیی دۆستایەتیشی لەگەڵ عەلی حەسەن ئاغای مەنگوڕ و سەلیمی ئاغای بایزی هەبووە، عەلی مەحمودی کاکەخانی دزەیی زۆر هاتۆتە لای، عەباس ئاغا لە ساڵی ١٩١٩ بووەتە لایەنگری جوولانەوەی شێخ مەحمود.

دواتر لە جوولانەوەی ڕەواندزیشدا نەخش و دەوری بەرچاوی هەبووە، بەردەوام ئاگاداری وردی جوولانەوەکە بووە و بەکردەوەش بەشداری کردووە.

عەباس ئاغا و غەفورخان و ژمارەیەک کەسایەتی تری پشدەر و ناوچەکانی تری کوردستان، سەرکردایەتیی شەڕی دەربەندی ڕانیەیان کردووە، لە بەرواری ١٩٢٢/٨/٣١ بە هاوکاریی تورک-ئینگلیز لە ناوچەکە دەشکێت، ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر هێنانەوەی شێخ مەحمود لە هندستان.

ئاشکرایە لە دەرئەنجامی ئەو شەڕە و لایەنگری شێخ، ئینگلیز چەند جارێک بە فڕۆکە بۆردومانی قەڵادزێ دەکات، بەتایبەتی دێیەکانی عەباس ئاغا، کاتێک شێخ مەحمود لە هندستان دەگەڕێتەوە، عەباس ئاغا لەگەڵ ژمارەیەک لە ئاغاکانی پشدەر سەردانی شێخ دەکەن، یەکێک بووە لە دۆستە نزیکەکانی شێخ مەحمود.

عەباس ئاغا لەگەڵ سەرکردە و شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش پەیوەندی هەبووە، بەتایبەتی لەگەڵ سمایل ئاغای سمکۆدا، جوولانەوەکەی خەلیلی مەنگوڕ، بەردەوام نامەگۆڕینەوە لەنێوان مەلا خەلیل و عەباس ئاغادا هەبووە، هەر لەو سۆنگەیەوە ئەحمەدی حەمە ئاغای پشدەری لەسەر پێشنیاری عەباس ئاغاو گەورە پیاوانی پشدەر چۆتە لای مەلا خەلیل، بە مەبەستی دەربڕینی هاوسۆزی و هاوکاریی پشدەرییەکان بۆ جوولانەوەکە.

ساڵی ١٩٣٨ کاتێک تەشکیلات لە پشدەر دەکرێت، گرژی و ئاڵۆزی لەنێوان حکومەتی ئەوکات و میراودەلییەکان دروست دەبێت، لەو کاتەدا عەباس ئاغا وەکو یەکێک لە سەرکردەکانی پشدەر

ڕۆڵی هەبووە، بەشداری ئەو ڕێککەوتنە بووە کە لە نێوان حکومەتی ئەوکاتە و میراودەلییەکان کراوە، بە مەبەستی دامەزراندن و هاتنی دامودەزگاکانی حکومەت لە ناوچەی پشدەر.

وێستگەیەکی تری عەباس ئاغا ئەوەیە، بەردەوام پەناگە و پشتوپەنای کەسانی قاچاخ و لێقەوماو بووە، ئەمە جگە لەوەی هەرکات کوردێک لە ناوچەکانی تری کوردستان پەنای بۆ هێنابێت، عەباس ئاغا پەنای داوە، بۆ نموونە سەرۆک هۆزی کورد، کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند دوای قاچاخبوونی لە حکومەت بە هۆی کوشتنی دوو کەسی ئینگلیز دێتە ناوچەی پشدەر و ماوەیەک لای عەباس ئاغا دەمێنێتەوە.

عەباس ئاغا ڕۆژی ١٩٤٥/١١/٣١ کۆچی دوایی کردووە. شوێنی بەهەشتی بەرین بێت.

مینا ئاغای گربداخ[٢٦٥]
نووسینی مامۆستا موفق میراودەلی
گورتگردنەوەی جەمال بابان

مینا ئاغا کوڕی بابەکر ئاغا کوڕی مەمەند ئاغا کوڕی بابەکر ئاغا کوڕی حەمەد ئاغا کوڕی میراودەلە، لە کوردستان و ناوچەکە بە مینا ئاغای گربداخ ناسراوە لە ساڵی ١٩٠٢ لەدایک بووە.

مینا ئاغا لە حوجرە لە دێی گربداخ خوێندوویەتی و بە پیاوێکی دیندار و خواناس ناسراوە، قورئانی پیرۆزی خوێندۆتەوە، مینا ئاغا لە ماوەی تەمەنیدا پەیوەندییەکی فراوانی دۆستایەتی لەگەڵ چین و تۆژەکانی کۆمەڵگا دروست کردووە، لەوانەش شێخ مەحمودی حەفید، بنەماڵەی بارزانی جگە لە پەیوەندی لەگەڵ مەلیک فەیسەڵ، لە کاتی هاتنی بۆ سلێمانی میوانداریی مینا ئاغا دەکات، وێنەیەکی یادگارییان بەیەکەوە هەیە.

مینا ئاغا بە حوکمی توانا و لێهاتوویی و هەر کەسایەتییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری سەردانی ناوچەی پشدەری کردبێت، پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ مینا ئاغا بوونیاد ناوە، کۆمەڵێک لەو کەسایەتییانە لە بیرەوەری و نووسینەکانیاندا ئاماژەیان پێ کردووە، ئەمە جگە لەوەی لە ڕووی سیاسییەوە دەور و ڕۆڵی لە ناوچەکەدا بینیوە، کەسایەتیە سیاسییەکان دۆست و ناسیاوی بوون، لە بواری سیاسی ڕۆڵی بینیوە و لەو سەردەمەدا دۆستی مەلا مستەفای بارزانی بووە، هەر بۆیە دەبینین ساڵی ١٩٦٤ کۆنگرەی شەشی پارتی لە ماڵی مینا ئاغا ئەنجام درا، هەروەها سەرکردایەتیی شۆڕش ڕۆژی ١٩٦٤/١٢/١٩ کۆبوونەوەیەک لە ماڵی محەمەد ئەمین ئاغا لە گوندی گربداخ ئەنجام دەدەن، هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردەکانی سوپای شۆڕش و هەموو ئەو سەرۆک خێڵانەی تێدا بەشدار بوون کە لەو ناوچەدا بوون، مینا ئاغا لە مانگی ١٠ی ١٩٦٨ کۆچی دوایی کردووە.

٢٦٥ مامۆستا موفق میراودەلی

مینا ئاغا ناوی لە زیاتر لە دە سەرچاوەدا بە سوپاس و پێزەوە هاتووە. بەهەشتی بەرین شوێنی حەسانەوەی بێت. کە وا بوو ئەوەی شایانی باسە میناغای میرواەدلی. بە ڕەگ و بنەچە و ڕەگەز ئەچێتەوە سەر بابانەکان... میراوەدلییەکان لێرەدا کۆتاییان هات.

تاهیر جەمیل بابان

تاهیر جەمیل عەبدوڵڵا ئیسماعیل کوڕی خالید بەگ کوڕی محەمەد پاشای کوڕی خالید پاشای یەکەم.

ساڵی ١٩٠٣ لە سلێمانی هاتۆتە جیهانەوە.

جەمیل بەگی باوکی لە ڕۆژگاری حوکمی عوسمانیدا بە هۆی ئەرک و ئیشوکاری فەرمییەوە گوێزراوەتەوە بۆ کەربەلا. تاهیر لەوێ خراوەتە قوتابخانەی ڕوشدییەی مولکییەوە لە دواییدا گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و هەر لە کاتی عوسمانیەکاندا ئامادەیی دەست پێ کردووە.

ساڵی ١٩٢٧ سەرەتا لە دەزگای میری بە مەئموری مال دەستی پێ کردووە لە ناحیە و قەزاکانی سلێمانیدا تا ساڵی ١٩٣٧ بە مەئموری ئەملاک و ئیستهلاک گوێزراوەتەوە بۆ هەولێر لەوێ ماوەتەوە تا لە ساڵی ١٩٤٢ دا گوێزراوەتەوە بۆ سلێمانی و هەر لەو ساڵەدا کراوە بە مەئموری نفووس و لە دواییدا بە بەڕێوەبەری نفووسی لیوای سلێمانی و تا ساڵی ١٩٥٨ خانەنشین کراوە.

تاهیر بەگ لە ئەرک و پلەوپایەکانیدا هەمیشە سەرکەوتوو و پێشکەوتو بوو. ئەم پیاوە بریتی بوو لە تۆمارگە واتە- سجلی تۆماری ئەندامەکانی بنەماڵەی بابان، جگە لە بنەماڵەکانی تری سلێمانی و سجلی بنەماڵەی هەندێک لە بنەماڵەکانی کوردستان بەتێکڕایی زۆر لەوانەدا شارەزا بوو، ئەم شارەزاییەی لە ڕێی خوێندنەوە و تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی و ئەو پلەوپایانەی کە لە ئەرکی فەرمیدا بەدەستی هێنابوون. جگە لەوەی خۆی یەکێک بوو لە مرۆ هەرە زیرەک و هۆشمەندەکانی بنەماڵەی بابان. پەیوەندی تەواوی لەگەڵ خزمەکانی لە بابەنەکانی سلێمانی و بەغداد و شوێنەکانی تری کوردستان و دەرەوەیدا هەبوو، هەمووشیان ڕێز و پێشوازییان لە خۆی و لە بیروبۆچونیدا ئەکرد، چونکە هەموو ئەو ڕا و بۆچوونانەی لە دەروون و میشکێکی بێگەرد و دڵسۆزەوە هەڵئەقوڵان.

من نووسەری ئەم کتێبە گەلێک زانیاریی بەسوودم لەم بەڕێزەوە بەدەست هێناوە، زانیاریی میژوویی و کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی، هەمیشە پەنام بۆ بردووە و ئەو بەڕێزەش ئەوپەڕی

ئامادەیی پیشانداوە بۆ یارمەتی. هەندێک لەو زانیارییە مێژوییانەی هەر لەم کتێبەدا ئاماژەم بەناو بۆ کردوون

لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کوردایەتیشەوە، ساڵی ١٩٦١ و کاتێک شۆڕشی ئەیلول دەستی پێ کرد، تاهیر بەگ جووتیارەکانی گوندی جێشانە[٢٦٦] ی ڕاسپارد کە نیوەی زیاتر لە زەوییەکانی جێشانە موڵکی خۆی بوون کە هەرچی دەغڵودانێک لە گەنم و جۆ و هەر بەرهەمێکی تر کە بەو ئەبرێت پێشکەشی لەشکری پێشمەرگە بکرێت.

بەڕێز ئەحمەد محێدین ئەمەی خوارەوەی لە ڕۆژی هەینی ١/ ٢/ ٢٠٠٨ دا دەرحەق بەم پیاوە بڵاو کردۆتەوە، کە ئەویش لە کاک جەمالی ئەحمەد بەگی دارەشمانەی وەر گرتووە. کاک ئەحمەد ئەڵێت، "کەسایەتیەکی تریش لەو کەسە خۆشەویستانەی ناو جەماوەر کە نابێت لەبیر بکرێت کە تایەر بەگی ناوە بنەماڵەی بابان بوو، لە سەردەمی مەلیکیدا سەرپەرشتی کاری فەحصی تووتن[٢٦٧]، بوو لە قەڵادزە و دەوروبەریدا واتە لە چلەکان بە دواوە بەرپرسی ئەو کارە کشتوکاڵییە بووە بە سەرکەوتوویی ئیش و کارەکانی خۆی ڕاپەڕاندوە و لە هەڵسوکەوتدا توانیویەتی، عەدالەت لە کارەکانیدا پەیڕەو بکات بەبێ جیاوازی، هاوکاری خەڵکی ناوچەکەی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار لەوسەردەمەدا، کەوتۆتە ژێر هەڕەشەی چەند کەسانێکی خاوەن هێز و دەسەڵات، بەڵام ئەم زۆر گوێی بەو کەسانە نەداوە و هەر لەپێناو کاری یاساییی کارەکانیدا خۆڕاگر بووە و ڕێگای نەداوە، کەس حەقی کەسی تر بخوات و غەدر لە فەحصی تووتندا بکرێت. ئەم کەسایەتییە لەو سەردەمەدا دژی گەندەڵی و بەرتیل خواردن بوو. خەڵک بە گشتی لێی ڕازی بوون، غەدری پێ قبوڵ نەدەکرا و فەحصی تووتنەکەی بە کاری یاساییەوە گواستەوە سلێمانی تاکو دووربێت لە فشار و هەڕەشە و ئەرکەکەی سەرشانی بێگەرد و دڵسۆزانە بمێنێتەوە.

٢٦٦ جێشانە گوندێکی بەپێت و ئاوەدانە نزیک بە سلێمانی و لە ڕۆژئاوای دایە.

٢٦٧ فەحصی تووتن، ئەمە مقال یاخود کتێبێکی ئەوێت بۆ ڕوونکردنەوە. بۆیە زۆر بەکورتی بۆ خوێنەری بەڕێزی ڕوون ئەکەمەوە. لە کوردستاندا تووتن لەلایەن جوتیار و گوندنشینەکانەوە بەرهەم ئەهێنرا و لە پێشدا بازرگان بە نرخێکی هەرزان لێیان ئەکڕین تا لە دواییدا حکومەتی عێراق لەسەر داوای کوردەکان دایەرەی ئنحصاری تووتنی لە سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابوردوودا دامەزران. تووتن یەکێک بوو لە بەرهەمە هەرە بە پیتەکان و سوودمەند بو فەللاح و جوتیار بەتایبەتی تووتنی دێهاتە فێنکە سارەدەکان.

تووتن ساڵە و ساڵ ئەچێنرا و دوای پێگەیشتنی بە ئەرکێکی گران، ئەپێچرایەوە بە شێوەیەکی زانستییانە و ئەهێنرایە سەنتەری فحص لە مەرکەزی شارەکاندا. لێژنەی فحص سێ کەسی سەرۆک و دوو ئەندام لەوانەی شارەزای کشتوکاڵ دائەنران. فحص سێ پلەی هەبوو. یەکەم کە هەرە بەرز و چاکترین تووتن بوو نرخی لە هەمووان زیاتر بۆ ئەنرا، پلەی دوو و پلەی سێ. هەر یەکە نرخی خۆی هەبوو. بێگومان تووتنی شوێنە سارەدەکان کە ئاوی سارد و هەوای ساردبوو، تووتنی زەردی ئاڵتونی و بەرگەگری پێ ئەگەیاند ئەو جۆرە تووتنە بە نرخێکی باش لە دەرەوەی عێراق ئەفرۆشرا. بەکورتی هەڵپە و فشار و واسیتە وهەموو جۆرە ڕێگایەک بەکار ئەهێنرا بۆ پلەی بەرز دانان، پیاو ئەوە بوو بەهێز بێت و خۆی لەبەر ئەو فشارەدا بگرێت.

بە هەرحاڵ تووتن ماوەیەکی باش کوردستانی ژیانەوە بەتایبەتی جوتیاری گوندنشین. تۆتن بەگوێرەی دۆنم کە سەد مەتری چوارگۆشە - متر مربع وەر ئەگیرا. واتە تووتنی سەد مەتری چوارگۆشە کە ئەوەندە() کیلۆیە. کە بەعس هات یەکەم ئیشی الغای انحصاری تووتن بوو. کە یەکەم زەربە بوو لە کشتوکاڵی کوردستان و لە گوندنشینیدا وەنەبێت لە ڕووی تەندروستییەوە بەعس بەم کارە هەستا بێت. بەڵکو بۆ زیانگەیاندن بە کوردستان و بە کورد.

تەیمور خان بەگ[٢٦٨]

کوڕی فەقێ ئەحمەد برای بابا سلێمان دامەزرێنەری میرنشینی بابان. کە ساڵی ١١١١ک/ ١٦٩٩ز بەند کرا چوار ساڵ حوکمی کرد. ساڵی ١١١٥ک/ ١٧٠٣ز جیهانی بەجێ هێشت.

لە تۆرەمە شجرەی ژمارە ٣ بەرگی یەکەم بابان فی التاریخ و مشاهیر البابانیین دا، هاتووە، کە تەیمورخان بەگ کوڕی فەقێ ئەحمەدە، ئەویش کوڕی کاکە شێخی کوڕی بوداق بەگە. بەڵام ئەم ڕیوایەتە لە مێژوودا پەسەند نەکراوە.

تەیمور خان بەگ سێ کوڕی دوای خۆی جێ هێشت، کە هێشتا کامڵ نەبووبوون، خانەبەگ، فەرهاد بەگ و خالید پاشا.

واتە زۆربەی میرەکانی بابانی ئەم کتێبە، ئەچنەوە سەر ئەم تەیمورخانە و کوڕەکانی کە خانە بەگ و فەرهاد بەگ و خالید پاشای باوکی سلێمان پاشای قەڵاچوالان و محەمەد پاشا و ئەحمەد پاشا و مەحموود پاشای باوکی ئەورەحمان پاشای بەناوبانگن.

---

٢٦٨ بابان فی التأریخ ومشاهیر البابانیین/ ئەویش لە مشاهیر الکوردەوە ل١٥٥

جەلال بابان

کۆڕی ڕۆستەم لامع بەگ کۆڕی ئیسماعیل بەگ کۆڕی سلێمان پاشا کۆڕی ئیبراهیم پاشای بوونیادنەری شاری سلێمانی.

ساڵی ١٨٩٣ لە کوت هاتۆتە جیهانەوە کاتێک باوکی لە سەردەمی عوسمانی لەوێ قائمقام بووە.

ساڵی ١٩١٢ کۆلێجی حەربیەی لە ئاستانە تەواو کردووە. وەک ئەفسەر لە شەڕی چەناقەلعەدا بەشداری کردووە. لەگەڵ سوپای عوسمانی دژی هێزی سوێندخۆران. هەر لەو سوپایەدا وردە وردە سەر کەوتووە تا گەیشتۆتە پلەی یوزباشی- نقیب. کە گەڕاوەتەوە بۆ عێراق، وەک ئەندامێک لە کۆمەڵەنیشتمانییەکاندا هاوبەش بووە.

لەگەڵ شاکر مەحمود و محێدین سەهرەوردی و عارف حکمەت و مەحمود ڕامز و ناجی شەوکەت و بەهجەت زینل و عەلی بزرگان و محەمەد صەدر و جەعفەر ابو تمەن و نیشتیمانپەروەرانی تر کۆمەڵەی حرس الاستقلالیان پێک هێنا، ئەو کۆمەڵەیەی کە یەکەم پلێتەی شۆڕشی بیستی هەڵکرد. ئەوە بوو یەکەم کۆبوونەوەی شۆڕشگێڕانی بیست لەگەڵ سەرۆک ئێلەکان و ئەندامانی حرس الاستقلال لە ماڵی حەمدی بەگ بابان ڕێک خرا، دوای ئەوەی چووە کۆڕی کاربەدەستانی میرییەوە بۆ یەکەم جار بە قائمقامی قەزای خانەقین، مەندەلی، ئینجا موتەسەریفی کەربەلا، ناصریە، هەولێر دامەزرا.

بۆ یەکەم جار لە ١٠/٣/ ١٩٣٢ لە وەزارەتی ناجی شەوکتدا بوو بە وەزیری اقتصاد و مواصلات. دوای ئەوە ٩ جار بۆتەوە بە وەزیر. دواجار لە وەزارەتی نوری سەعید لە ڕۆژی ١٩٤٦/١/٦ بوو بە وەزیری اشغال و مواصلات و جێگری وەزیری أعمار. لەوەوپێش وەک پەرلەمانتار لە ڕۆژی ١٩٣٣/٣/٨- ١٩٣٤/٩/٤ نوێنەری هەولێر. دوای ئەوە چەندەها جار دانراوە بە ئەندامی ئەنجومەنی پیران اعیان.

کە ئەنجومەن مجلس اعمار پێک هات، بوو بە ئەندامی جێبەجێکاری أعمار، کە سەرەک وەزیر، سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە بوو.

جەلال بابان، زیاتر لە هەموو بابانەکان دوای مێژووی کورد بە گشتی و مێژووی بنەماڵەکەی خۆی بەتایبەتی ئەکەوت لە مالّی خۆیدا کتێبخانەیەکی پۆشتە و گەورەی هەبوو، کە پڕبوو لە کتێب بە عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی و کوردی، کە هەموو کتێبی دانسقە و بەنرخ بوون، بەڵام دوای ١٤ تەموزی ١٩٥٨ کە عێراقی بەجێ هێشت بۆ لوبنان و لەوێ مایەوە. کتێبەکانیشی هەموو فەوتان.

هەر لە بەیروت جیهانی بەجێ هێشت لە ساڵی ١٩٧٠دا و لە گۆڕستانی ئیسلامەکان و لەسەر ڕاسپاردەی خۆی لەوێ شاردرایەوە. داوا لە خوای گەورە ئەکەین بەهەشتی بەرینی بەنسیب بکات، دوای خۆی لە کوڕ سداد و ئەیاد و عماد، لە کچ الهام، هیامی بەجێ هێشت[٢٦٩] ئەمە لەکوێ بکرێتە پاراوێز(٢)- ئەو زانیارییانەی لە کەسوکارییەوە بەدەستمان گەیشتووە.

ئەوەی شایانی باسە قوتابی ڕجاء زامل کاظم الموسوی لە ڕسالە یەکیدا کە پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی تربیەی ابن ڕشد لە زانکۆی بەغدادی کردووە بۆ وەرگرتنی پلەی ماجستیر لە ئاداب، لە مێژووی نوێدا ساڵی ١٤٢٣ک/٢٠٠٢ز لەسەر جەلال بابان و پێگەی سیاسی لە عێراقدا تاکو ساڵی ١٩٥٨ بە سەرکەوتوویی ئەنجامی داوە و لە لاپەڕەی هەرە دواییی ئەو کتێبەدا ئەوەی تۆمار کردووە، ڕحم الله ڕجلاً سجل اسمه في تاریخ العراق الحدیث المتجدد في منبر الخلود. فجلال بابان لم یکن ڕجلاً في دولة بل کان دولة في ڕجل - خوا لێی خۆش بێت ئەو پیاوەی ناوی خۆی لە مێژووی نوێی عێراقدا لە ڕوانگەی نەمریدا تۆمار کرد. جەلال بابان پیاوێک نەبوو لە دەوڵەتدا. بەڵکو دەوڵەتێک بوو لە پیاوێکدا.

من جەمال بابان ئەڵێم، بڕوا ناکەم لەناو بابانەکانی ئەم دواییەدا یەکێکی وەک جەلال بابان هەبووبێت لە ڕێز و ئاکار و دڵسۆزی و پەیوەندی خزمایەتیدا.

ئەم پیاوە بریتی بوو لە کۆمەڵێک ئەدەب و دڵسۆزی و یارمەتی نەک هەر خزم و کەسوکار. بەڵکو قاپی یاخود دەرگای پڕۆسە و پێگەی هەمیشە کراوە بوو بۆ هەموو کەس. یارمەتی عەرەبی وەک یاریدەی کورد ئەدا.

حەزی لە مێژوو ئەدەب و شیعر بوو. یەکێک لەوانەی کە بە یارمەتی جەلال بابان پێگەیشتن و توانیان کاری گەورەی مێژووییین جێبەجێ بکەن، عبدولرەزاق ئەلحەسەنی نووسەری گەورەی تاریخ الوزارات العراقیه بوو.

لە کوردیشدا دۆستی ڕەوانشاد مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی بوو، نووسینەکانی ئاماژەیان بۆ یارمەتی جەلال بابان بەڵگەی ڕوون و ڕەوانە بۆ ئەم قسانەم.

لە کتێبەکەمدا بابان فی التاریخ ومشاهیر البابانیین. لە کۆتاییەکەیدا چەند دڕەختێکی بابانی

---

٢٦٩ سەرچاوە: (١)- تاریخ الوزارات العراقیه. عبدالرزاق ئەلحەسەنی و زانیاری نووسەر.

تیادایە. هەموو زانیارییەکم لە جەلال بابان وەر گرتووە و یەکەیەکە ئاماژەم پی کردوون، کە نووسیومە شجرە رقم(...) من مخطوطە المرحوم جەلال بابان.

ئەپارێمەوە لە یەزدانی مەزن، جێگای ئەو گەورەپیاوە بەهەشتی بەرین بێت، خوا بە چاکە و چاکخوازی خۆی لەگەڵ بکات.

ئامین یا رب العالمین

جەمال بابان

کوڕی ڕەشید بەگی عەبدوڵڵا بەگی خالد پاشای ئەحمەد پاشایە، ساڵی ١٨٩٣ چاوی بە ڕووناکی جیهان هەڵهێناوە. خوێندنی لە بەغداد تەواو کردووە و ساڵی ١٩١٤ لە کۆلێجی ماف- حقوق دەرچووە. لەگەڵ خزمەتی سەربازی بە پلەی ئەفسەر، بەشداری لە شەڕەکانی سوپای عوسمانیدا لە شام کردووە. دوای شەڕی قدس هێزەکانی ئینگلیز لە فەلەستین بە یەخسیر گرتوویانە و لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا دوور خراوەتەوە بۆ هندستان، دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق لەگەڵ هەڤاڵەکانی نصرت فارسی، محەمەد عەلی مەحمود نێردراوە بۆ جەبهەی خانەقین، بۆ بەرگرتن لە هێرشی کشانی ڕوس.

دوای تەواوکردنی خزمەتی سەربازی، داخلی جیهانی دادوەری بووە. بۆە بە حاکم لە سلێمانی، کۆششێکی تەواوی کردووە بۆ چەسپاندنی ئاڵای داد و بەربەستی تاوان.

هەر لە سلێمانی هاوبەش بووە لە قوتابخانەی بەناوبانگی زانستی و بە جێگری سەرۆک هەڵبژێردراوە، لەو کاتەدا سەرۆک ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ، کە موتەسەریفی لیوا بووە. لەوە پێشتر گۆڤاری بانگی کورد لە بەغداد بە زمانی کوردی و تورکی دەر ئەکرد کە هەر پانزە ڕۆژ جارێک بووە. ژمارەی یەکەمی لە ڕۆژی ٢٦کانونی یەکەمی ساڵی ١٩١٣دا دەر چووە، بەڵام دوای دەرچوونی پێنج ژمارەی ئیتر بە هۆی هەڵگیرسانی ئاگری شەڕی گەورەی یەکەمی جیهانەوە وەستا.

ئەم گۆڤارە لە چاپخانەی الاداب لە بەغداد بە ٢٤)پەڕە بڵاو ئەکرایەوە.

جەمال بابان لە خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بە نوێنەری هەولێر هەڵبژێردرا ساڵی ١٩٣٠ بۆ یەکەم جار لە وەزارەتی نوری سەعید بە وەزیری داد دانرا.

دوای ئەوە شەش جار بە وەزیر هەڵبژێردراوە. زیاتری بە وەزیری داد وەک پەرلەمانتاریش جگە لەو جارەی باسمان کرد. لە حەوت خولی تردا هەڵبژێردراوە. وەک نوێنەری کورد لە موسڵ و هەولێر و سلێمانی... لە کۆتاییدا وەک ئەندامی ئەنجومەنی پیران- أعیان هەڵبژێردراوە.

دوای چواردەی تەموزی ١٩٥٨ عێراقی بەجێ هێشت.

دواساڵەکانی تری ژیانی لە لوبنان بەسەر برد. تاکو لە ساڵی ١٩٦٦دا. دواهەناسەی دا و هەر لەوێ شاردرایەوە و لە پرسەکەیدا، نوێنەری سەرۆک کۆماری لوبنان و پیاوە ناسراوەکانی، هەموو تیایدا بەشدار بوون. دوای خۆی کوڕەکانی، شوان، سەلوان و سامان و تەنها کچێک مەی جێهێشت[٢٧٠]، ئەوەی شایانی باسە ئەم بەڕێزە جیایە لەگەڵ نووسەری ئەم کتێبە جەمال عەبدولقادر عەزمی بابان کە لە دوالاپەڕەی هەر ئەم کتێبەدا ئاماژەی زیاتری بۆ کراوە.

جەمال بابان لە وەزیرە دەست ڕۆیشتووە بەهێزەکان بوو، ئەوەی بیویستایە ئەبووایە جێبەجێ بکرێت، ئەگینا لە حکومەت یاخود لە وەزارەت ئەکشایەوە، وەک ساڵی ١٩٤٨ کە نائب سەرەک وەزیران بوو لە وەزارەتی صالح جبردا و لە ئەنجامی معاهدەی پورتسموث، داوای استقالەی حکومەتی بە جارێک کرد. کە صالح جبر بە قسەی نەکرد، خۆی و وەزیرێکی تر کشانەوە. ئەوە بوو بە هۆی سقوتی وەزارەت هەمووی.

٢٧٠ سەرچاوە: تأریخ الوزارات العراقیە. و چەند زانیارییەک کە لە کەسوکارییەوە وەر گیراوە.

جەمیل بەگی بابان

کوڕی مەجید پاشا کوڕی عەبدولقادر پاشا کوڕی سلێمان پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشای بوونیادنەری شاری سلێمانییە.

ساڵی ١٨٨٤ لە کفری هاتۆتە جیهانەوە. کوڕە گەورەی مەجید پاشای باوکی بوو. کوڕێک بوو وەجاخی باوکی بەلێهاتوویی ئاوەدان کردبووەوە.

ئەمیش دوای باوکی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە وەک باوکی بە قایمقامی کفری دانرا، لە دواییدا وازی هێنا و ڕووی کردە ئەو مولکومالّەی کە باوکی بەجێی هێشت و زیاتریشی خستە سەر.

- بازاڕ و حەمام و خان و گەراجی لە کفری دروست کرد.
- زیاتر لە سەد دوکانی لە ماڵی خۆی دروست کرد.
= زەویەکانی سیدەلان و حاجی لەری دوای خۆی جێ هێشت.

- هەروەها هەندێک دێهاتی ناوچەی خورماتووی خستەسەر مولکەکانی، وەک کۆکز و خاصە درلیە و حلیوە و بەشێک لە ناوچەی زەنگال کەئیلی بەیاتی تیادا دائەنیشت.

- لە بەغداد ساڵی ١٩١٠ کۆشکێکی لە ناوچەی الکسرە بوونیاد ناو تا ساڵی ١٩٣٠ مابوو، تەلارێکی تری لە مەیدان – شەقامی ڕشید تەلاری شەعشوعیان پێ ئەوت دەست کەوت. بە کڕین ئەوە بوو، کە مەلیک فەیسەڵی یەکەم لە سەرەتای ژیانیدا لە بەغداد، تیادا دانیشت و لە دواییدا شارەوانیی بەغداد- امانە العاصمە استملاکی کرد.

جەمیل بەگ پیاوێکی ژیر و دووربین بوو، هێجگار لە سیاسەتدا، هەر کە برایم خانی دەلۆ هەڵسا لە کفری بە شۆڕش. مامۆستای خوالێخۆشبوو مستەفا نەریمان لە کتێبەکەیدا لەژێر ناوی ثورة ابراهیم خان الدلو عام ١٩٢٠ ئەڵێت، "هەر کە جەمیل بابان لەگەڵ هەندێک لە ناسراوانی کفری و حاکمی بەریتانی- سلمنت- ڕوویان کردە بەرزاییەکەی چیای باوەشاسوار، کە شوێنی شۆڕشگێڕان بوو بە سەرۆکایەتی برایم خانی دەلۆ، جەمیل بەگ ڕای خۆی، بۆ برایم خان دەر بڕی و وتی، 'دوور نییە سەرەتا سەرکەوتنێکی کەم خایەن بەدەست بێنن. بەڵام

هـەر کـە ئینگلیـزەکان گەڕانـەوە، ئەوسـا جامـی ئاگـراوی ڕق و تووڕەییـان بەسـەر دانیشـتووانی شـارەکەدا قڵـب ئەکەنـەوە."

هـەر بۆیـە جەمیـل بـەگ پۆزشـی هێنایـەوە بـۆ وەرگرتنـی پۆسـتی سـەرۆکی ئـەو ئەنجومەنـەی، کـە بەدەسـتیەوە بـوو، بـۆ بەڕێوەبـەردنی ناوچەکـە پێـک بهێنرێـت، هـەر کـە برایـم خـان ئـەو داوایـەی لـێ کـرد. هەروەهـا جەمیـل بابـان بـەرەو ڕووی هێزەکانـی ئینگلیـز وەسـتا کـە لـە کەرکووکـەوە هاتبـوون، دوای شـەڕەکەی طـوز. هـەر بۆیـە ئـەو هێـزە دوای کشـانەوەی برایـم خـان لـە کفـری نەچـووە نـاو کفرییـەوە تاکـو خۆیـن بەهـەدەر نەڕژێـت.

بەکورتـی جەمیـل بابـان کەسـایەتییەکی ناسـراوی نـەک تەنهـا کفـری بـوو، بەڵکـو لـە هەمـوو ناوچەکـەدا ناسـراو و بەڕێـز بـوو[٢٧١].

جەمیـل بابـان سـێ جـار بـە نوێنـەری قـەزای کفـری بـۆ پەرلەمانـی عێـراق هەڵبژێـردرا. خولـی چـوارەم و پێنجـەم و هەشـتەم.

جەمیـل بابـان ڕۆژی ١٩٤٦ /٧/٣ لـە کفـری چـاوی لێکنـا و لەسـەر ڕاسـپاردەی خـۆی لـە باخـی پاشـا شـاردرایەوە، خـوا لێـی خـۆش بێـت و شـوێنی بەهەشـتی بەریـن بێـت. دوای خـۆی کوڕەکانـی، مەحمـود و ئەحمـەد و محەمـەد و نەجیـب و فاتـح و فـاروق و ئیسـماعیل و کچەکانـی عفیفـە و لەمیعـە و بەدیعـە و بەلقیسـی جێ هێشـت.

٢٧١ زیاتر ئەم زانیارییانە لە خوالێخۆشبوو نەجیب بابان. لە فاتح بابان و خزمانی تر وەر گیراوە.

جهاد بابان

کوڕی حکمەت بەگ کوڕی مستەفا زهنی پاشا کوڕی حسێن بەگ و برازای ئیسماعیل حەقی بابانە.

حکمەت بەگ نوێنەری سلێمانی بوو، لە ئەنجومەنی مەبعوسانی عوسمانی.

جهاد بابان لە ئەستەمبوڵدا وەک بابانەکانی تر پێگەیشت ئەوە بوو دوای کوژانەوەی چرای حوکمی بابان لە کوردستان حکومەتی عوسمانی، دەستی کرد بە گرتن و دوورخستنەوەی هەر یەکێک لەو بنەماڵەیە، ئەوانە کە بەردەستی نەکەوتن. زۆریان خۆیان شاردەوە، هەندێکشیان بەملاولادا بۆی دەر چوون.

لە بابانەکانی ئەستەمبوڵ گەلێک کەسایەتیی سیاسی و ئابووری و وێژەیی و زانیاری و ڕۆژنامەوانییان تیادا هەڵکەوت. یەکێک لەوانە جهاد بابان کە وەک ڕۆژنامەوان ژیانی دەست پێ کرد. گۆڤاری قەرەگوێز- چاوی ڕەش لە ئەستەمبوڵ دەر ئەکرد. دوای ئەوە بوو بە وەزیری اعلام، لە وەزارەتی عەدنان مندرس، دوای ئەوەش بوو بە وەزیری معارف تا لە ساڵی ١٩٨٧دا ژیانی شیرینی لەدەست دا[٢٧٢]

سەلیم بابان برای جهاد بابان بوو، کە باڵیۆزی تورکیا بوو لە لوبنان. عائشە بابان هاوسەری خوالێخۆشبوو یەشار کەمالی ڕۆمانتوسی بەناوبانگ کچی ئەو سەلیم بابانەیە.

٢٧٢ بابان فی التاریخ ومشاهیر البابانیین. ل ١٤٩- ١٥٠.

حاجی شێخ بەگ

کوڕی بوداق بەگ کوڕی حاجی شێخ بەگ. دوای خنکاندنی باوکی لە کوتاهیە. لەگەڵ میر بایەزید چوو بۆ ئێران، وا دیارە لەوێشەوە بەرەو ئەستەمبوڵ ڕۆیشتووە. لەوێ فەرمانی لێخۆشبوونی بۆ دەر چووە و بە حاکمی ناوچەی بەبە دانراوە.

حسێن بەگ کە حاکمی بەبە بوو، ترساو ڕای کرد بەرەو ئێران.

لە ئێرانیش هەرچەندە شا تەهماسب، سێ جار لەشکری کردە سەری، بەڵام هەرسێ جارەکە حاجی شێخ بەگ لەشکرەکەی شکان و بەسەریاندا سەر کەوت. ئەم پیاوە هاوکاتی نووسەری شەرەفنامە. شەرفخان بوو. بە جۆرێک باوکی شەرەفخان، لەوە ئەکات لە لەشکرکێشییەکەی سێیەم جاردا بەشدار بووبێت[٢٧٣]

وا دیارە کە بەڕێز ئەمین زەکی ئەو زانیارییانەی لە کتێبی شەرەفنامە وەر گرتووە کە ساڵی ١٥٩٦ ز نووسراوە، وەک باسی لە بنەماڵەی بابانی هاوکاتی خوالێخۆشبوو باوکی بووە واتە باوکی شەرفخان. کە وا بوو، مێژووی ئەو ڕووداوانە بەلای کەمەوە، ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شانزەیەم.

میر شەرەفخان و میر شەمسەدینی بدلیسی ڕۆژکی باوکی شەرەفخان لە کاتی سەڵتەنەتی سوڵتان محەمەدی سێیەم کوڕی سوڵتان موارادی سێیەمدا بوون. شەرەفخان ساڵی ١٠٠٥ک/ ١٥٩٦ز شەرەفنامەی نووسیوەتەوە و کۆتایی پێ هێناوە.

---

٢٧٣ مشاهیر الکورد- بەرگی یەک ل١٦٨.

حەمدی بەگ بابان

کوڕی محەمەد پاشای خدیو کوڕی سلێمان پاشا کوڕی عەبدولڕەحمان پاشای بەناوبانگە.

لە ئەستەمبوڵ لە نیوەی دواییی سەدەی نۆزدە لەدایک بووە. خوێندنی لە قوتابخانەی مولکیەی سوڵتانی تەواو کردووە. دوایی ئەوێی جێ هێشتووە و ڕووی کردۆتە عێراق.

لە بەغداد گیرساوەتەوە، بۆ بەڕێوەبردنی ئەو مولکە زۆرانەی کە لە باوکیەوە بۆی جێ ماوە. لە مولکومال و کۆشک و خانوو. گشت زەویوزاری ناوچەی حارثیە و قەسری زهور لە بەغداد.

سەرچاوەکان وا باسی حەمدی بەگ ئەکەن، کە گوایە وەک میرێک جووڵاوەتەوە، ئاکارێکی بەرز و ئەوپەڕی ڕێز. خۆی وا دائەنا، کە کەسایەتیی دووهەمە دوای مەلیک فەیسەڵی یەکەم. بۆیە لە هەر ئاهەنگ و بۆنەیەکدا ئامادە بووبێت، کورسییەکەی کە لە سەری دائەنیشێت، ئەبووایە لەلای ڕاستی مەلیکەوە بووایە، هەر لەو ڕۆژانەدا، ئینگلیزەکان لە بەغداد لەوپەڕی بڕەودا بوون. ئەوانیش لە سەرەتاوە بەوپەڕی ڕێزەوە سەیریان ئەکرد.

هەر ئەم حەمدی بەگە بوو، کە ساڵی ١٩٠٨ یەکەم ئوتومبێلی هێنایە بەغدادەوە و کە لێی خوڕی، خەڵک بەو پەڕی بەدڵچوونەوە سەیریان ئەکرد.

لە بیستەکانی سەدەی بیستدا، کە پەیوەندیی ئینگلیز لەگەڵ شێخ مەحمودی حەفید گرژی و توندی بەخۆوە دی لە سلێمانی، بەتایبەتی دوای شەڕی دەربەندی بازیان کە لەشکری شێخ مەحمود شکستی هێنا و شێخ لەپاڵ بەردە قارەماندا بە بریندارى گیرا و شێخ درا بە دادگای عورفی ئینگلیز لە بەغداد و فەرمانی خنکاندن بەسەریدا درا، بەڵام لە دواییدا، فەرمانەکە گۆڕدرا بە دوورخستنەوەی شێخ بۆ هندستان لە ساڵی ١٩١٩.

ئا لەم کاتەدا ئینگلیز بیری لە یەکێک کردەوە، کە ئەو بۆشاییەی دوای شێخ مەحمود پڕ بکاتەوە. حەمدی بەگ هەڵبژێردرا بەوەدا کە لە بنەماڵەی بابانە، ئەو بنەماڵەیەی کە بەڕێوەبەر و حاکمی ناوچەکە بوون بۆ ماوەیەکی زۆر.

دوای ئەوەی ڕوو لە حەمدی بەگ نرا، بۆ چوونەژێری ئەم کارە. حەمدی بەگ هەستا هاتە

سلێمانی، کە ئەو ڕۆژگارە سلێمانی لەژێر حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیزدا، مێجەرسۆن حوکمی ئەکرد.

حەمدی بەگ لە سلێمانی لە مالّی عەزمی بەگی خزمی بۆ ماوەیەک دابەزی. لەوێوە بە گەڕان بۆ ناوچەکانی هەڵەبجە و پێنجوێن و پشدەر دەستی پێ کرد، کە شەوکەت بەگی عەزمی بەگ و ئەحمەد بەگی حەمە بەگ فەتاح بەگ و یەک-دووانێکی تری لەگەڵ دابوو دیاریی وەک دەمانچە و دووربین و سەعات، کە ئەیبەشییەوە بەناو سەرۆک و ئیلەکاندا. پرسوڕای تەواوی کرد و لەباری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی کۆڵییەوە گەیشتە ئەنجامێک، کە زۆر دوور بوو لەوەی ئەو ئەیوست بۆ کوردی پێک بهێنێت کە زیاتر دوورتر بوو لە داواکاریی ئینگلیز، کە گەڕایەوە بەغداد و چاوی بە ئینگلیزەکان کەوت، تێی گەیاندن کە ئەو بەو مەرجانەی ئەوان هەرگیز ناچێتە ژێر ئەو ئەرکە و بارە بەڵکو ئەو ئەیەوێت سەربەست بێت و شتێک یاخود خزمەتێکی میللەتەکەی خۆی بکات، بۆیە پۆزشی هێنایەوە. ئەوە بوو بە هۆی دوورکەوتنەوە و پەیوەندی بڕین لە ئینگلیز تاکو لەگەڵ مەلیک فیصلیش بە هاندانی ئینگلیز... نەک هەر ئەوەندە بەڵکو ئینگلیز مەلیکی هان دا، کە مولّکەکانی دەست بەسەردا بگیرێت واتا مصادرە بکرێت بە بیانووی لاواز و پڕوپووچ، واتە ناوچەی حارثیە ئەوە بوو دوای ئەوە کۆشکەکانی مەلیک کۆشکی الزهور و کۆشکی الرحاب لەسەر خاکی (حارپیە) بوونیادنران.

حەمدی بەگ پارێزەری هەرە بەناوبانگی لە لەندنەوە هێنا بۆ پشتگیری و سەندنەوەی مولّکەکانی، بێسوود بوو نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو کە سەیری کرد ئەوە هیچ سوودێک نابەخشێت بەڵکو ئیشەکە تا بێت خراپتر ئەبێت، ئەوسا لە ئازارگەیاندنی بە گیانی خۆشی ترسا. بۆیە هێجگاری عێراقی بەجێ هێشت و چوو لە لەندەن دانیشت و ئەوە بوو شەڕی جیهانی دووەمی لەوێ بەسەردا هات.

خوالێخۆشبوو تۆفیق وەهبی بەگ لە سەردانێکمدا بۆ لەندەن. دووروودرێژ ژیانی کولەمەرگی و موحتاجی، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو نەفسە بەرزە و ئەو ڕێزەی خۆی لەدەست نەدا و یارمەتی لە کەسوکاری خۆشی قبوڵ نەکرد. تاکو ساڵی ١٩٦٠ گیانی پاک و بەرزی بە خاک سپارد. هەر لەوێ شاردرایەوە. خوا لە گوناهی خۆش ببێت و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات.

ئەمەش چەند بڕگەیەکە لە یادداشتەکەی مامۆستای گەورە ڕەفیق حیلمی، کە زۆر لە حەمدی بەگەوە نزیک بوو لە باسی حەمدی بەگدا ئەڵێت، "تەمەنی ئەوسا هەر پەنجا ساڵ ئەبوو، بالاناوەندی تێکسمڕاو، ڕەنگی مەیلەوسوور، ڕووخۆش، ئاکاری جوان، پەروەردەیەکی بەرز، تا بڵێی بەتەربیەت و قسەخۆش و ڕاستگۆ و میوانپەرست بوو. بەڵام پایەبەندی تەقالید و ژیانی ارستوقرات بوو، خۆی لەم پەیوەندانە بۆ ڕزگار نەئەکرا. جگە لەمە دڵی ناسک بوو کەمێکیش تونەد تەبیعەت بوو. لە هەستان و دانیشتن و وێنەی ژیاندا لاسایی ئەمیرێکی ئەکردەوە، لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئەشیا بکرێت بە (نموونە)میسال. شارەزای زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی بوو.

لەگەڵ من و هاوڕێکانی تردا بە تورکی قسەی ئەکرد. داخەکەم کوردی نەئەزانی و کەمێک تێئەگەیشت. چونکە لە ئەستەمبوڵ هاتبووە دنیاوە و زۆری تەمەنی لەوێ ڕابورد بوو. جاروبار ئەچووە لای ئینگلیزەکان و بۆ لای مەندووبی سامی، جارجاریش ئەوان ئەهاتنە لای.

دۆستایەتی، منی بەدڵ بوو، بەتەواوی متمانەی پێ ئەکردم، بە هیوای ئەوە بوو، کە زۆری پێنەچێت لەگەڵ ئینگلیز ڕێک بکەوێت، بۆ کوردستان چەشنە ئیدارەیەکیان پێ دابمەزرێنێت. بە باسی چەک و سیلاح و تۆپ و تفەنگ و باسی تەشکیلاتی عسکەری، وا دەر کەوت، کە دامەزراندنی ئیدارەیەکی سەربەخۆ بۆ کورد پێویست بوو، بە هێزێکی شەڕکەر و بزووتنەوەیەکی دەستوبرد، بۆیە حەمدی بەگ ئەیویست لە نیشتمانپەروەرەکانی کورد، نزیک ببێتەوە، بیانناسێت و بیناسن، تاوەکو یارمەتی بدەن و بە پشتیوانیی ئەوان بچێتە ژێر ئەم بارەوە، حەمدی بەگ لەگەڵ ئەوەشدا کە لە خانەوادەیەکی میژوویی وەکو بابان و خوێندەوارێکی بەرزی شارستانی بوو بەڵام بەکەڵکی کوردستانی ئەو ڕۆژە نەئەهات. لەپێش هەموو شتێکدا زمانی میللی نەئەزانی. شارەزای وڵاتی باووباپیری خۆی نەبوو. جگە لەمانە پیاوی سواری و شەڕ و لەشکرگیری نەبوو، لەگەڵ لادێییەکی کورد یا سەرەک عەشیرەتێکدا تەرجومانی پێویست بوو، ئەگەر کوردستانێک هەبووایە. حەمدی بەگ بە یارمەتی ئینگلیز پێی هەڵئەسووڕا، بەڵام ئەو کوردستانە بە حەمدی بەگ دروست نەئەکرا[٢٧٤]

زۆری پێ نەچوو حەمدی بەگ هاتە سلێمانی، وەکو هیوامان لێ ئەکرد، وا دەر نەچوو تەنانەت وەڵامی ئەو نامەیەی لە مالّی عەزمی بەگ بۆمان نووسی. نەدایەوە[٢٧٥] وا دیار بوو. ئینگلیزەکان بەرنامەیان بۆ دانابوو، ماوەیان نەئەدا بە دڵی خۆی بچێت بەڕێوە، لەبەر ئەوە کە هاتە سلێمانی، نەچووە مالّی عەزمی بەگی خزمی بە تەگبیری مێجەرسۆنی حاکمی سیاسی، کرا بە میوانی ئەوڕەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا[٢٧٦] مەبەستیش ئەوە بوو، خرابووە ژێر چاودێریی ڕەزا بەگ زاوای عەبدول ڕەحمان ئاغای کە لەو ڕۆژەدا حاکمی شاری سلێمانی بوو. نزیکترین متمانەپێکراوی سۆن بوو. لەبەر ئەوە ئەوانەی لای حەمدی بەگ تەنیا خۆشی و چۆنی زیاتر قسەیان لەگەڵ نەئەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا من بەناچاری لەگەڵ یەک-دوو کەسی تردا چوومە لای، چاوەڕێ بووم هەرچۆنێک بێت شتێک دەر بخات بەداخەوە تێگەیشتم، کە مێجەرسۆن دەستی خۆی زووتر وەشاندووە و کاری بە مەرامی خۆی ڕێک خستووە و لە ئیمتحاندا دەر نەچوو[٢٧٧]

لە کۆتاییدا ئاماژە بە شیعرێکی فارسی مامۆستای گەورە مەلا مەحمودی بێخود ئەکەین کە

---

٢٧٤ یادداشت بەرگی دووەم. بەشی -١- بەغداد- ١٩٥٦ مطبعەی مەعاریف. ل٨٨-١٠٤.

٢٧٥ لە باسی عەزمی بەگدا هەر لەم کتێبەدا نووسراوە>

٢٧٦ ئەوڕەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا بۆ هاوسەری عەزمی بەگ و ڕەزا بەگی ئیسماعیل بەگ بوو. ڕەزا بەگ پیاوێکی عەسکەریی کۆن و سەر بە ئینگلیزەکان و لەگەڵ عەزمی بەگ ئاوەڵزاوا بوون و هەردووکیان زاوای عەبدول ڕەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا بوون.

٢٧٧ دربژەی ئەم باسە زیاتر لە بەرگی دووەم- بەشی یەک جزمی چوارەمی یادداشت لە لاپەڕەی ١١٣وە تا ١٢٠ مامۆستا ڕەفیق حلمی بە شێوەیەکی ئەدەبیی جوان هۆنیوەتەوە.

بـە بۆنـەی وەفاتی حەمـدی بەگـەوە (فەرموویەتی، حەمـدی پاشـای بابـان ئـەم مرثیەیـەی بـۆ وەفاتی ئەورێک خسـتووە[٢٧٨]:

سزد گر مه نگردد تا ابد بر ێسمان تابان
که شد در پرده ناگه ێفتاب به نخبه˙ بابان

لەکوتایی پانزە جووت بەیتا ئەفەرموێت:

"ز گنجور خرد سال و فاتش خواستم فرمود
(بدی باب حیا کنجینه˙ دین مخزن عرفان)"

بەحساب و حەرفی ئەبجەد مرثیە و ئەکاتە ١٣٦٠ کۆچی واتە ١٩٤١- ١٩٤٢ زایینی.

٢٧٨ دیوانی بێخـود مـەلا مەحمـودی مفتـی. کۆکردنـەوە و رێکخسـتنی محەمـەدی مـەلا کەریـم. لەلایـەن بەرێـز کەمـال موفتییـەوە پێـم گەیشـتووە.

حەسەن پاشای بابان

کوڕی ئەورەحمان پاشایە، مەحمود پاشای برای، ویستی بینێرێت بۆ کرماشان، بەڵام کە ئەم حەسەنە زانیی والیی بەغداد لە کاکی ڕازی نییە. ئەم ڕووی کردە بەغداد. دوای بەینێک بە حاکمی کۆیە و حەریر لەلایەن داود پاشای والییەوە بە پلەی میری میران دامەزرا[٢٧٩]

مستەر ڕیچ کە ساڵی ١٨٢٠ لە سلێمانی بوو. باسی داود پاشای والیی بەغداد ئەکات، کە چۆن لەژێرەوە حەسەن بەگ لەخشتە ئەبات دژی براکەی و ڕای ئەکێشێتە بەغداد هەر بۆ ئەوەی مەحمود پاشا بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و چی بوێت بە قسەی بکات. کاتێک کە ئەوەی ویستی بۆی نەچووە سەر. ڕاست حەسەن بەگی ناردەوە بۆ سلێمانی.

ئینجا ڕیچ ئەڵێت، "ئەگەر مەحمود پاشا پیاوێکی پیاوانە و بەسۆز نەبووایە،حەسەنی لەسەر ئەو کردەوە ناپیاوانەی ئەکوشت[٢٨٠]"

هەر ڕیچ باسی حەسەن بەگ ئەکات کە هێنرایەوە، یاخود نێردرایەوە بۆ سلێمانی بەوپەڕی زەلیلییەوە و خەڵکەکەش توانجیان تێ ئەگرت و لۆمەیان ئەکرد.

---

٢٧٩ مشاهير الكورد وكردستان فى العهد الاسلامى بغداد ٢٠١١ل ٢٧/١٥١.

ئەوەندەی من بزانم حەسەن نەگەیشتە پلەی پاشا. بەداخەوە ئەم پیاوە کە لە دایکەوە لە جافە دڵسۆزەکان بوو. دایکی کچی کیخسەرو بەگ سەرۆکی ئیلی جاف و دۆستی هەرە نزیکی مەحمود پاشا بوو. والییەکانی بەغداد چەند جارێک لە میری کاربەدەستی بابانیان هەڵگێڕاوەتەوە.

٢٨٠ بەینی بابان و جاف هەر لە زووەوە و تاکو ئێستاش بە خزمایەتی لە ڕێی ژنوژنخواستنەوە هەر بەهێز بووە و هەردوو لا شانازی بەو خزمایەتییەوە ئەکەن

فاصیلەی ئیمارات[٢٨١]

لەدوای وەفاتی بەکر بەگ، ولاتی بەبە کەوتە دەست حکومەتی عوسمانی و لە طەرەف متسلمێکەوە ئیدارە کرا و خرایە سەر شەهرەزوور. کوڕانی بەکر بەگ شێر بەگ و سەلیم بەگ و کوڕانی تەیمور خان بەگ: خانە محەمەد بەگ فەرهاد بەگ و خالید بەگ لە مولکی باووباپیریان بێبەش مان و موددەتی چەند سالێک لە مالی خۆیاندا ڕایان بوارد.

لەم دەورەدا، ئەحمەدخانی زەنگەنە هاتە ناوەوەو دەمی ژەنییە مولکی بێصاحێبی بەبە، قەرەداغ و سەنگاوی زەوت کرد و چاویشی بڕییە بازیان تا شارەزوور و هەتا بەینێک تا چەمی تانجەڕۆش هات.

خانە پاشا:

بەرامبەر بەم حالە خانە محەمەد بەگ، خۆی ڕانەگرت. هەرچەندە هێشتا شانزە سالە بوو، بەلام دیسان هەر چۆنێک بوو لەشکرێکی بچووکی پێکەوە ناو، بەرەنگاری زەنگەنە بوو، ڕێگەی لێ بەستن و لەدوای چەند وردە شەڕێک لە شکری ئەحمەد خانی شکاند و بەرەبەرە لە مولکی بەبەی کردە دەرەوە و ئیمارەتی بەبەی ئیحیا(زیندوو) کردەوە ١٧٢١م، بەگوێرەی حسێن نازم بەگ ١١٣٤هیجری.

لە عەینی سالدا بوو، کە والیی بەغداد حەسەن پاشا بە لەشکرێکەوە چووە سەر ئێران و خانە محەمەد بەگیش بۆ یارمەتیی لەشکری بەبەی هەلگرت و لەگەل عەبدولڕەحمان پاشای موتەصەریفی کەرکوکدا ئیلتیحاقی کردە لەشکری بەغداد و لەدوای گرتنی کرماشان ١٧٢٣م، خانە بەگ کرا بە میری میران و حاکمی ولاتی ئەردەلان، و خالید بەگی براشی بوو بە حاکمی بەبە خانە پاشا بە لەشکری بەبەوە ڕووی کردە سنە.

ڕەزا قلیخانی والیی ئەردەلان لەگەل سبحان وێردی برای و ڕەئیسی عەشیرەتی مامۆیی، دەروێش بەگ دەخالەتیان کرد گلشن خلفا جلد٢، لاپەڕە ١٢٠٣.

لەم بەینەدا حەسەن پاشای والیی ئەمری خوای بەجێ هێنا و ئەحمەد پاشا هات جێگەی

٢٨١ لە تأریخی سلێمانییەوە ولاتی ل٤٥ و خانە پاشاش لە لاپەڕە ٤٦ تا ٥٠ محەمەد ئەمین زەکی.

والـی و سـەرداری تـازە لـە سـاڵی ١١٣٦هیجـری ١٧٢٤م دا ڕووی کـردە هەمـەدان.

خانە محەمەد پاشای کورد و ئیبراهیم پاشای والیی دیاربەکر پێشڕەوی لەشکری عوسمانی بوون. موددەتێک لەگەڵ لەشکری عوسمانی، موحاصەرەی شاری هەمەدانیان کرد، لە دواییدا بۆ دەفعکردنی لەشکری شازادە لەتیف میرزا مەئموور کران و سێ قۆناغ لەڕوور هەمەدانەوە تووشی بوون و بە پێنج سەد سوارێکەوە هەڵیان کوتایە سەر لەشکری شازادە[٢٨٢]، وە زۆر خراپ شکاندیان و خۆی و بەعضێ ئومەرایان بەدیل گرت و لەسەر ئەمە هەمەدان تەسلیم بوو[٢٨٣]

لـەم بەینـەدا ئەحمـەد پاشـا، بـە هـۆی عوصیانـی عەشـیرەتی (بـن جەمیـل) و (تەعروضیـان) بـۆ سـەر بەغداد، گەڕایـەوە عێراق و خانـە پاشـای کرد بـە والیـی هەمـەدان و موحافەظـەی وڵاتەکـەی حەوالـەی ئـەو کرد٢٠ی جەمـادی ئەلئاخیر ١١٣٧هـ -١٧٢٤م.

لـەم دەورەدا ئێران بـە دەست ئومـەرای ئەفغانـەوە بـوو. غاصبـی تەختـی ئێران ئەشـرەفخان نـاو، سـەردارێکی ئەفغانی بـوو. کـە دی لەشـکری عوسـمانی وڵاتـی هەمـەدانی زەوت کردووە و ئەیەوێت بێتـە سـەر ئەسـفەهانیش، بـە لەشـکرێکی موناسـیبەوە ڕووی کـردە لەشـکری عوسـمانی. ئەحمـەد پاشـا، کـە ئەمـەی بیسـت ئەویـش ڕووی کـردە ئەصفەهـان، کـە لـەو وەقتـەدا پایتەخـت بـوو. کـورد ئیبراهیـم پاشـای بـۆ موحافیـزی نەهاوەنـد و ئەطرافـی مەئمـوور کـردوو، لـە مەوقیعـی ئەنضـەدان تووشـی لەشـکری ئەفغـان بـوو ئەووەڵـی ڕەبیعـی ئـەوەل.

ئەشـرەفخان، زۆری و شـەرکەریی لەشـکری عوسـمانی بیسـتبوو، کەوتبـووە ترسـەوە و ئەیزانـی تەنیـا بـە قووەتـی خـۆی شکاندنی لەشـکری ئەحمـەد پاشـا زۆر زەحمەتـە، لەبـەر ئەمـە لـە ئەصفەهانـەوە دەسـتی کـرد بـە تەفـرەدان و چەنـد کەسـێکی نـاردوو، لەنـاو لەشـکری عوسـمانی دەسـتیان کـرد بـە هەڵخەڵەتاندنـی ئومـەرا و ئەیانگـوت زۆر حەیفـە دوو حکومەتـی سـوننی خوێـن لەبەینیانـدا بڕێـژن. بـەم نەوعـە پڕوپاگەندەی تەئثیرێکـی زۆری بـوو وە لـە هەمـووی زیاتـر ئومـەرای کـورد تەفرەیـان خـوارد. لـە ئـەوەل ڕۆژی شـەڕدا لەشـکری ئەفغـان زۆر پەشـۆکا و لەشـکاندندا بـوو، واقیعـەن ڕۆژی دوایـی، کـە شـەڕ دەسـتی پـێ کـرد، قۆماندانـی دەستەڕاسـتی لەشـکری عوسـمانی خانـە محەمـەد پاشـا بـە خـۆی و لەشـکریەوە گەڕایـەوە دواوە و باقـی ئومـەرای کوردیـش بـەم تەرحـە خۆیـان کێشـایەوە و لـە نەتیجـەدا لەشـکری ئەحمـەد پاشـا زۆر خـراپ شـکا و دوانـزە هـەزار کەسـێکی لـێ کـوژرا. ئەحمـەد پاشـا، هەمـوو بنـە و بارگەکانـی و تۆپخانـەی بەجـێ هێشـت و لـە کرماشانیشـدا خـۆی نەگرتـەوە تـا بەغـداد ڕای کـرد.

ئەگـەر ئـەم حەرەکەتـی خانـە پاشـا، بەعضـێ ئومـەرا و تیـرەی کـورد و تـورک وەکـو محەمـەد پاشـا و دوو پاشـای کوپریلـی حەقیقـە واقیـع بووبێت، چ خانـە پاشـا و چ ئومەرایانـی تـر لـە نەظـەری

٢٨٢ حسێن نـازم بـەگ، لـە دەفتەرەکـەی خۆیـدا ئەڵێـت ئـەم شـازادەیە، تەهماسـپی کـوڕی شـاهـ سـوڵتان حسـێن بـووە. ئـەم ئیدیعایـە خیلافـی تواریـخ و مەصادیـری تـرە

٢٨٣ حسێن نـازم بـەگ، ئەڵێت لـەدوای ئـەم خدمەتـە گەورەیـە بـوو، کـە خانـە پاشـا کـرا بـە میـری میـران و خەلاتـی درایـە ئـەم ئیدیعایـە واقیعـەن مەعقولـە. بـەڵام ئیدیعـای کـۆڕانـی خانـە پاشـا لـەدوای فەتحـی هەمـەدان لـە عەقـڵ دوورە و ڕاسـت نییـە، چونکـە بوونـی خانـە پاشـا لـە شـەڕی تانچەداندا و خۆشـکاندنی موحەقەقـە.

تەئریخ و ئەخلاقدا بەراستی لایەقی لۆمەن. هیچ بەدوور نییە کە خانە پاشا، ئەم ئیشەی لەبەر نائەمینی لە حکومەتی عوسمانی و حەقسەندنی خوێنی بەکر بەگی مامیی کردبێت. وەعد و وەعیدی ئەشرەفخانیش بەطەبیعەت بێتەئثیر نەبووە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەو تەشویقانەی کە لە طەرەف مەئمورانی ئەشرفخانەوە لەژێر پەردەی دیندا کرا، تەئثیرێکی زۆری کردە سەر لەشکری عوسمانی و کورد و تورک موتەئثیر بوون. وەکو ڕوایەت ئەکرێت نصایح و موجامەلەی عولەمای ئەفغان، کە بەتایبەتی نێردرابوو بۆ لەشکری عوسمانی مێشکی ئەفرادی موتەعصیبی پڕ کردبوو، وە هەموو بەبێ لزومی شەڕ قانیع بوو بوون. حەتا ئیشتراکی پاشایان و ئومەرای تورک لەم حەرەکەتەدا بەراستی دەلیلێکی بەقووەتی ئەم قەناعەتەیە.

وا دەرئەکەوێت کە خانە پاشا و باقی ئومەرای کورد، سالّی دوایی پەشیمان بوونەوە و دەخالەتیان کردووە بە حکومەتی عوسمانی و خانە پاشا والییەتی ئەردەلاّنی محافەظە کردووە. وە لە عەینی سالّدا لەگەڵ کورد ئیبراهیم پاشا بۆ تەمکینی عوصیانی دەوری تەبرێز (تەورێز) مەئموور کراوە. خانە محەمەد پاشا کە نزیک تەورێز ئەبێتەوە، ئەبینێت کە دونبلی عەلی سولّتان و جەعفەر خان، لەگەڵ مقدارێک قزلّباش، لەنزیک گەرمود و مراغە کۆ بوونەوە، دەست بەجێ ئەچێتە سەریان، عەلی سولّتان ئەگرێت و دوو سەرکردەی ڕەفیقشیی ئەکوژێت و ئەبدال بەگیش لەگەڵ ئەشقیای ئەفشاردا لەناو ئەبات.

لەدوای ئەمە لەگەڵ ئیبراهیم پاشا، ئەچێتە سەر سەرخاب خان و ئەشقیا تاغستان، کە لەگەڵ قووەتێکی ڕوسدا یەکدگیر بووبوو. خانە پاشا، لە موودەتێکی کەمدا لەقەراغ زێنی کۆرێ ئەم ئەشقیانەش ئەشکێنێت و لە بەینی ئاراس و کۆرێدا خێوەت هەڵ ئەدات و لەوێ ۳۰۰۰ مالّێک لە عەشائیری ئەفشار و ئەیاڵلو، دەخالەتیان پێ کردووە. لەدوای ئەم موەفەقییەتانە لەگەڵ ئیبراهیم پاشادا ئەگەڕێتەوە تەورێز و لەوێ خەلاتی بۆ دێت.

ئەحوالّی دوایی خانە پاشا، مەعلووم نییە، بەگوێرەی گلشن مەعاریف ئەبێت کوژرابێت و ئەگەر ئەمە ڕاست بێت ئەبێت لەدوای گەڕانەوەی بۆ تەورێز و خەلاتکرانی بەدزییەوە لە طەرەف ئەحمەد پاشای والیی بەغدادەوە، بە ئینتقامی ئیهانەتی لەناو برابێت.

چوار عەصری دوایی عێراق، ئەلّێت، خانە پاشا، ئیدارەی ولاتی ئەردەلانی گرتبووە دەست خۆی. خالید پاشای براشی حاکمی ولاتی بەبە بوو. خانە پاشا، چوار سالّێک لە ئەردەلاندا حاکمیی کرد و لەدوای وەفاتی، کوڕەکانی محەمەد بەگ، عەلی بەگ، هاتنە جێگەی و هەردووکیان بە حوسنی ئیدارە و عەدالەت لە ئەردەلاندا شۆرەتیان سەند. لە سالّی ۱۷۳۰ دا نادر قولی نادر شا بەسەر ئێراندا زاڵ بوو. ئیدارەی (بەبە)ش لە ئەردەلاندا نەما.

گەڕانەوە بۆ سەر گەورەپیاوانی بابان بە پیتی ئەبجەدی

خەلیل خالید بەگ

کوڕە گەورەی ئەحمەد پاشای سلێمان پاشای دوامیری بنەماڵەی بابانە ساڵی ١٨٤٠ لە سلێمانی لەدایک بووە. کە ئەحمەد پاشای باوکی لە سلێمانی دوور خرایەوە بۆ ئەستەمبوڵ. خەلیل بەگ لەوێ خرایە (حربیە) ساڵی ١٨٦٠ بە ئەفسەر و مامۆستای جوغرافیا و کوزموغرافیا و مێژوو لە ئامادەیی سوپایی دانرا. دوای ئەوە بە مامۆستای بیرکاری دانرا. لە دواییدا کە بەرز کرایەوە بۆ پلەی یوزباشی کرا بە ئەندام لە لیژنەی تحکیم- ڕێککەوتنی قەڵای ئەرزرۆم.

ساڵی ١٨٦٨ گەڕایەوە بۆ ئەستەمبوڵ و لە بەشی وەرگێڕانی بابی عالی لە پلەی سێیەمدا. لە هەمان کاتدا وانەی جوغرافیای لە دارالفنون ئەوتەوە. ساڵی ١٨٦٩ی ڕۆمی / ١٨٧٠ز بە نووسەری دووەم لە باڵیوزخانەی عوسمانی لە لەندەن دانرا.

دوای دوو ساڵ بە پلەی سەرۆکی نووسەران لە پاریس دانرا، دوای ساڵ و نیوێک لە گۆڕینی باڵیوزخانەوە بۆ ماوەی چوار ساڵ بێکار دانیشت.

لە ئەستەمبوڵ وانەی بە ڕەشاد- لە دواییدا سوڵتان ڕەشاد ئەوتەوە. ساڵی ١٨٨٠ز نێردرا بۆ مناستر وەک قۆمسیر واتە پشکنەری گشتی، هەر لەو ساڵەدا کرا بە باڵیوز لە چتینە پایتەختی جبل الاسود، دوای ئەوە نێردرا بۆ بلغراد هەر بە پلەی باڵیوز. ساڵی ١٣٠٢ک/ ١٨٨٤ز وەک باڵیۆزی فوق العادە نێردرایە تاران. ساڵی ١٣٠٣ک/١٨٨٥ز پلەی یەکەم لە صنفی یەکەم لەگەڵ نیشانەی مەجیدی لە پلەی دووەمدا پێ بەخشرا. چوار ساڵ لەم ئەرکەدا تاکو ساڵی ١٨٨٨ مایەوە.

دوای ئەوە بە والیی أطنە دانرا، بەڵام نەچوو. واتە وازی هێنا. بەڵام حکومەت نەیهێشت بگەڕێتەوە ئەستەمبوڵ، بە والیی بیروت دانرا، دوو ساڵ لەوێ مایەوە.

ساڵی ١٣٠٨ک/١٨٩٠ز، بۆ قسطمونی گوێزرایەوە، بەزۆر نێردرا. لە دواییدا وازی لە کاری حکومەت هێنا بەڵام بێسوود بوو. کۆتاییەکەی دوور خرایەوە ساڵی ١٣١١ک/١٨٩٣ز بۆ قیصری ساڵی ١٣١٧ک/١٨٩٩ز بە وەستانی دل وەفاتی کرد و هەر لە قیصری شاردرایەوە.

وا دیارە ئەم هەموو جێگاگۆڕکێیەی، کە پێیان ئەکرد و لە کۆتاییدا لە دوورخستنەوەی بۆ

قیصری هەر لەبەر ئەوە بوو کە کورد بووە. ئەمە لە نامەیەکی سالانەی وەزارەتی دەرەوەی عوسمانی سالی ١٣٠٦/١٨٨٨ز دەر ئەکەوێت، کە ئەم ئەمیرە هەرچەند ئەو پلە بەرزانەی لە دەولەتدا بەدەست هێناوە، بەڵام هەمیشە دڵی لای نیشتمانەکەی بووە. حاجی قادری کۆیی لە شیعرەکەیدا: (کەوتە بەرچاوم لە ڕۆما کەسێکی والە و حەیران...) ئاماژەیە بۆ ئەم پیاوە. جگە لەوەی ئەم بەڕێزە ئالۆگۆڕی نامەی لەگەڵ بەڕێز مفتی گەورە محمد فەیزی زەهاویدا هەبووە، چونکە مفتی گەلێک خەلیل بەگی لا خۆشەویست بووە بە هۆی ژیری و کەسایەتییە بەرزەکەیەوە.

هەر بەگوێرەی نامەی سالانە. خەلیل خالید بەگ گەیشتۆتە پلەی وەزیر، یاخود بالا جگە لە ئافەرینی حکومەتی عوسمانی. لەولاوە حکومەتی ئێرانیش ئافەرینی شیر و خورشید- شێر و ڕۆژ) بە پلەی یەکەمی پێ بەخشیوە، جگە لە ئافەرینی مرصع تمثالی شاهی هەر لەلایەن ئێرانەوە.

وێنەی خەلیل خالید بەگ لە سەر بەرگی یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری دیاری کوردستان بڵاو کرابووەوە، ئەو گۆڤارەی خوالێخۆشبوو لە سالەکانی ١٩٢٥ جەنابی بەڕێز صالح زەکی بەگی ساحێبقران دەری ئەکرد. لە لاپەرە ٥ تاکو ٧ ئاماژەی بۆ خەلیل خالید بەگ، لەگەڵ شیعرەکەی شێخ ڕەزای تالەبانی کردووە کە ئەڵێت:

"سائل بەغنا نائل ئەکا بەخشیشی کەمتان
ئالی بابان، یاخوا نەرزی دەستی کەرەمتان"

تاکو لەکۆتاییدا ئەڵێت:

"ئینکاری حقوقیان لەسەر ئەم میللەتە ناکرێ
ئابای فرید و فرو جەمشیدی حیشمەتتان"

باقیی هەموو بەیتەکانی شیعرەکە، هەڵدانە بە دەستکراوەیی و خزمەتی بنەماڵەی بابان.

شایانی باسە دیاری کوردستان سالی ١٩٢٥ بە چوار زمان، کوردی و عەرەبی، و تورکی و فارسی دەر ئەچوو[٢٨٤].

---

٢٨٤ سەرچاوە، بابان فی التاریخ ومشاهیر البابانیین. جمال بابان مطبعە الحوادث ١٩٩٣ بغداد، کە ئەویش وەختی خۆی لەم سەرچاوانەی وەر گرتووە.
یەکەم، تاریخ و جغرافیە کردستان سیر الاکراد بە فارسی لاپەرە ١٢٢.
دووەم، مشاهیر الکرد. بەرگی یەک لاپەرە ٢٠٥-٢٠٦ محمد ئەمین زەکی.
سێیەم، گۆڤاری دیاری کوردستان. صالح زەکی ساحێبقرانی وەر گرتووە.

سالحە (صالحە)[285] خانم هاوسەری سلێمان پاشای نەورەحمان پاشا

هاوسەری ڕیچ (مەدام ڕیچ) لە سەفەرەکەیدا بۆ کوردستان ساڵی ١٨٢٠ لە بەغدادەوە لەگەڵ میردەکەیدا بەم بۆنەیەوە چوو بۆ ماڵاوایی لە ژنە هاوڕێکانی. یەکێک لەوانە صالحەخان بووە. کە ڕۆژی ١٦ی نیسان ١٨٢٠ چۆتە لای. ئەمە ئەگێڕێتەوە، "لە دواییدا، پاش ئەوەی ئەوانەی هاتبوونە دیدەنیم، تا سەعات دوانزە دوایان خستم، ماڵاواییم لە خانووی نشینگەیی خواست و چووم بۆ لای هەندێک بۆ ماڵاوئایی لێ کردنیان. لەپێشدا چووم بۆ لای دەستە خوشکی کوردم سالحە خانمی ژنی سلێمان پاشا، کە ئەم گەشتەمی بۆ کێوەکانی نیشتمانەکەیان. لا شیرین نەکردم، بەڵکو باسی تێشکانێکی خۆیانی بۆ کردم، کە ئەوەندەی گەڕانەوەی دەهەزارەکە ناخۆش بووە، کاتێک لەگەڵ میردەکەیدا بووە و لە کۆیسنجاقەوە بۆ کرمنشاە- کرماشان)، گەڕانەوەکەشیان بەسەر کێوەکانی ڕەوەند- REVENDی ناوچەی خێڵی بڵباسی کورددا بووە، کە هارترین خێڵی سەربەخۆیە و پاشاکانی بەغداد هانی داون پەلاماریان بدەن و میردەکەی بکوژن. ئیتر تا ماوەی چل ڕۆژی بەردەوام لە شەڕدا بوون.

وا لێرەدا هەندێک لە قسەکانی ئەگێڕمەوە، کە ئەیوت: زۆر جار کە بەسەر ئەسپەکەمەوە ئەبووم، گوللە بە هەرچوار دەورمدا گیزەی ئەکرد، کە لاشم ئەکردەوە، لە کوژراو و بریندار زیاترم نەئەدی، کە لەسەر زەوی کەوتبون، بەڵام دەرباز ببون و هەستیان بە شادیی سەرکەوتنەکە ئەکرد، کە بە هۆی ئازایەتی دەست و پێوەند و هەندێک هاوڕێی وەفاداریانەوە ڕزگاریان ببوو، کە لە کاتی خۆیدا بەهانایانەوە هاتبوون. خانم، جوان و شیرین بوو، هەرچی جوانیی کە ئەبوایە لە ئافرەتدا هەبێت، تیایدا بوو. لاوازیی و زراڤییەکەی، لەگەڵ ئەو مەترسییە دەگمەنەدا نەئەگونجا، کە تێی کەوتبوو. ساکارانە و لەسەرخۆ قسەکانی بۆ ئەگێڕامەوە، ماڵئاواییم لێ کرد.

---

٢٨٥ گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠ لاپەڕە ٣٥٦.

تێبینی:
ئەم ساڵحە خانەو سلێمان پاشای هاوسەری ئەبن، بە نەنک و باپیری عەزمی بەگی باپیرم سلێمان پاشا لە یەکەم گومەزی گردی سەیوان لە سلێمانی دا و ساڵحە خانیش لە گلکۆی بابانەکان و لەناو سەحەنەکەی مزگەوتی گەورەدا شاردراونەتەوە(ج.ب)

خەندان خانی بابان

دەمێک بوو بەدوای ئەم زانیارییەدا دەگەڕام تا لە ڕێی بەڕێز ئەکرەم بەگی مەجید بەگەوە، لە گۆڤاری پەیڤین، ژ. ٢ ، ئۆکتۆبەری ١٩٩٧دا بە ناوی: بنەماڵەی خەندان، لا. ٩٤-٩٥ەوە دەستم کەوتز... جا لەبەر ئەوەی مێژووەکەی کۆنەو ناوی باوک و باپیری ئەم بەڕێزەم دەست نەکەوت، نووسینی بەڕێز جەنابی عەبدولعەزیز یامولکی و ڕێکخستنی مامۆستا سدیق سالحە.

لە کاتی حوکمڕانیی بابانەکاندا یەکێک لە ئاغاکانی سەرحەد، جعفر ئاغا و عەلی ئاغای کوڕی. ئەم جەعفەر ئاغایە کچێکی لە پاشازادەکانی بابان هێناوە، ناوی خەندان خان بووە... ئەم خانمە لە کاتێکدا باوکی یاخود مێردەکەی لە ماڵ نەبووایە خۆی ئەبوو بە سەرکردە و کاروباری وڵاتەکەی بەڕێوە دەبرد. لە هەندێ شەڕ کە لەگەڵ ئێرانییەکەندا کراوە، ئازایەتی و لێهاتوویی خۆی پیشان داوە. بەم جۆرە ئەم شاژنە ناوی دەر کرد و ئەم خێزانە بە ناوی خێزانی خەندان ناسرا. پیاوانی پیر و ماقوڵی ئەو سەردەمە دەیگێڕنەوە: لە بنەماڵەی خێزانی بابان لە دارەشمانە فەقێ ئەحمەد لەگەڵ تورکەکەندا لە شەڕی صەلیبییەکاندا لە زۆرانبازی و پاڵەوانییەتیدا گرەوی بردووەتەوە و کچێکی پرنسی ئینگلیزی بە دیل گرتووە، کە ناوی کەیغان بووە، کردویەتی بە هاوبەشی ژیانی خۆی . لە عەلی ئەغا و خەندان خان منداڵ زۆر کەوتوەتەوە، زۆربەیان لە شەڕدا کوژراون، تەنیا حەسەن ئەغا ماوە کە لە گەورەترین سەرەکی عەشیرەتی جوانڕۆ (محەمەد خان) (خانزاد خان)ی خواستوە، لەم ژن و مێردە ئەحمەد ئاغای داروغا بووە.

خەندان خان: ناونانی ئەن بنەماڵەیە بە ناوی ئەم ئافرەتەوە نیشانەی ئەوەیە کە مەزنترین ئافرەتی سەردەمی خۆی بووە، خەندان خان شازادەی بابان لەو سەرگەورانە بووە کە دەستەوتاقمی پیاوانی بردوە بەڕێوە و چووە بۆ ڕاوشکار و لە شەڕووشۆڕدا ئازایەتییەکی سەرسووڕهێنەری پیشان داوە.[٢٨٦]

٢٨٦ بنەماڵەی خەندان بنەماڵەیەکی ناودار و ناسراو و بەڕێزی سلێمانین، چەندەها پیاوی سیاسی و نیشتمانپەروەر و کۆمەڵایەتییان تیا هەڵکەوتووە و مایەی شانازین، بۆ نموونە: حسێن پاشا، دۆست و دڵسۆزی ئەحمەد پاشای دوامیری بابان و سەعید پاشای کوڕی سەرۆکی ئەنجومەنی ئەعیان و وەزیری خارجییەی عوسمانی و شەریف پاشای کوڕی نوێنەری کورد لە کۆنگرەی پاریسدا، لە سلێمانیش ئەحمەد بەگی تەوفیق بەگ و حەمە بەگی قادر پاشا و نەوەیان.

سلێمان پاشا (١٨٢٩- ١٨٣٨)[٢٨٧]

سلێمان پاشا کوڕی ئەوڕەحمان پاشا و برای مەحمود پاشایە گەلێک جار لە حوکمی مەحمود پاشادا، ناوی هاتووە. ئاخۆ ئەم چی کردووە و ڕۆژگارەکەی چۆن بووە؟

ساڵی ١٨٢٩ کە مەحمودی برای خەریکی بەرگری بوو دژی حەمە پاشای ڕەواندز، سلێمان بەگی برای ئەمەی بە هەل زانی، بە یارمەتی هەندێک لەشکرەکەی کاکی سلێمانی داگیر کرد و چووە شوێن برا گەورەکەی. بەڵام مەحمود وازی نەهێنا، بە یارمەتی لەشکری ئێران، سلێمانی لا برد و خۆی هاتەوە سلێمانی.

جارێکی تر سلێمان هەلی بۆ هەڵکەوتەوە و هاتەوە سلێمانی داگیر کردەوە، بەڵام ئەوەندەی نەبرد مەحمود پێی چۆڵ کردەوە، ئەمیش سەری خۆی هەڵگرت چوو بۆ زەهاو، لەوێوە بە یارمەتی داود پاشای والیی هاتەوە، ئەوە بوو شەڕەکەی قەرەگۆل[٢٨٨] هەڵگیرسا، مەحمود سلێمانی بەجێ هێشتەوە و چوو عەشایەری ئاکۆ و مەرگە و پشدەری هێنا و لە گردە گڕوێی دامێن شاخی گوێژە بوو بە شەڕ، مەحمود پاشا دیسانەوە شکا و ڕۆیشت بەڵام هەر لەم شەڕەدا عەبدوڵڵا بەگی کەیخوسرەو بەگی جاف و مستەفا بەگی یونس بەگ، کە یاریدەدەری سلێمان بوون کوژران، ئەم جارە مەحمود لەشکری عەبباس میرزای بە سەرکردەی قارەمان میرزا هێنا و لە ساڵی ١٨٣١دا سلێمانی داگیر کردەوە و سلێمان بەرەو زەنگاباد ڕۆیشت.

هەر لەو گۆڤارەدا وەلامی ئەو هەلانە دراوەتەوە لەبارەی فاقێ ئەحمەدی دارەشمانە و کەیفانەوە. (ج.ب)

٢٨٧ مستەر ڕیچ لە یادداشتی ڕۆژی یەکی حوزەیرانی ١٨٢٠ دا باسی ئەم پیاوە ئەکات ئەمڕۆ سلێمان بەگ برای بچوکی پاشام دی لە ساڵی سی بوو لە تەمەنیدا. بەڵام گەورەتر دیار بوو، لە براکانی کەلەگەتتر بوو ڕوویەکی جوان و بەهادار و ئاغر و سەرخۆی پێوە بوو. لە یادداشتی ١٤ی تشرینی یەکەم دا ئەڵێت چوومە لای سلێمان بەگ سەیرم کرد زۆر سەغلەتە بەڵام کەمتر پێوەی دیارە. لە ڕاستیشدا پیاوێک گەلێک لەسەرخۆ و بەریزێکی ئەوتۆ لەگەل تەمەنیدا ڕێک نەئەکەوت. ئەو زیاتر پابەندی پیاوە ئایینیەکان و دەرویشەکان بوو. بەڵام بەبێ زیادەڕۆیی، لەم ڕووانەوە زیاتر لە ئەوڕەحمان پاشای باوکی ئەکرد، تاکو دوو براکەی لەوان کەلەگەتتر و قەلەوتر بوو چاوەشینە جوانەکانی زیاتر جوانی و شکۆمەندی بە ڕواڵەتی بەخشیبوو هەرچەند ئەمدی، زیاتر خۆشەویست ئەبوو لەڵام و زۆرتر پابەند ئەبووم پێوەی. سەغلەتییەکەی بە هۆی مردنی یەکێک لە برازا منداڵەکانییەوە بوو.

٢٨٨ ئەو مەسەلەی کە هەیە دەعوا گەیشتە قەرەگۆل لەم شەڕەوە پەیدا بووە.

سلێمان جارێکی تر سوپای داود پاشای والیی بەغدادی هێنایەوە دایەوە بەسەر سلێمانیدا لە کاتێکدا کە سلێمانی چۆڵ بوو بوو، مەحمود بەرەو ئێران ڕۆیشت، عەببباس میرزا جارێکی تر سوپای خستە تەک و لە ناڵپارێز لەگەڵ سوپای سلێمانی برایدا لەیەکیان دا، سوپای سلێمان شکا و مەحمود گەڕایەوە.

ئەم جارە سلێمان بەرەو کفری- سەلاحیە بووەوە لەوێوە یارمەتی داودی والیی گەیشتێ و لە ساڵی ١٢٤٧ک کۆتایی ١٨٣١دا شارەکەی بە مەحمود چۆڵ کردەوە ئەوێش ڕووەو ئاستانە سەری خۆی هەڵگرت و ساڵی ١٨٣٥ گەیشتە ئەوێ. لەم کاتەدا داود لا برا لە بەغداد کۆتایی بە حوکمی مەمالیک هات. عەلی ڕەزا پاشا بوو بە والیی بەغداد و ئنجا حەمە پاشای ڕەواندز پەلاماری سلێمان پاشای دا، بەڵام ئەوێش بە یارمەتی هێزی والیی بەغداد توانیی بەرەنگاری بێت و لە قەمچوغە گەڕاندیەوە دواوە و بە جۆرێک پێک هاتن کە ئەمبەری هێڵی ڕانیە- بیتوین- خەلەکان- چناران تاکو زێی بچووک بۆ پاشای بابان بێت و ئەوبەرێش بۆ پاشای ڕەواندز هەر لایەش بۆیان هەبێت قەڵا و قوڵغ لە سنووری خۆیاندا دروست بکەن. سلێمان پاشا دواساڵەکانی حوکمی بەئاسودەیی بردە سەر، کەس نەبوو بەرامبەری بوەستێت، تاکو لە ساڵی ١٢٥٤ک/١٨٣٨ز فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا و لە گردی سەیوان لەناو گومەزێکدا شاردرایەوە. نابێت ئێمە لەشکرکێشی ئەم جووت برایە دژی یەکترمان لەبیر بچێت. بە بۆچوونی من ئەگەر ستاییشتەکانی مستەر ڕیچ بەلاوە بخەین، مەحمود پاشا پیاوێکی بەڕەحم و سۆز بوو، بۆ ئەو جێگایە و لەو ڕۆژانەدا دەستی نەئەدا. بەڵکو یەکێکی بەکار و بەهێز و دەستوەشێنی وەک ئەورەحمان پاشای باوکی ئەویش. سلێمان ڕێگاکەی باوکی گرت و تیادا سەر کەوت لە بەرامبەر حەمە پاشای ڕەواندز وەستا و شەریف هەمەوەندی لەناو برد و بەئاسودەیی حوکمی خۆی کرد.

وا بزانم هەر لەبەر ئەوەش بوو ئەورەحمان پاشا مەحمودی لە وەسێتەکەیدا دەستنیشان نەکرد و هێشتییەوە بۆ هەڵبژاردن.

ڕەخنە لە سلێمان پاشا

ڕەخنە لەم پیاوە، هەر ئەو ڕەخنەیەیە کە لە کاکی و لە خزمەکانی ئەگیرێت. بۆچی چووە لەشکری بێگانەی هێناوەتە سەر براکەی و سەر وڵاتەکەی لەبەر کورسی پاشایەتی؟ لە کاتێکدا کە ئێمە نازانین چ دافعێکی تر پاڵی بەمانەوە ناوە، ئەم کردەوانە بکەن.

ئەوەتا مستە ڕیچ بەم جۆرە باسی سلێمان پاشا لە یادداشتەکەی، ڕۆژی ١م حوزەیران/ ١٨٢٠ ئەکات و ئەڵێت،

"ئەمڕۆ لە مەیدان سلێمان بەگ بچووکترین برای پاشام دی، تەمەنی سی ساڵ بوو، بەڵام

لەوە گەورەتر دیار بوو، لە هەردوو براکەی درێژتر بوو، بەڕێز، ڕوویەکی جوان و خۆش و ساکاری هەبوو."

بە بۆنەی کۆچکردنی سلێمان پاشاوە، مەلا خدری نالییش کە لەو ڕۆژانەدا لە سلێمانی ئەژیا ئەم قەسیدە بەرزەی وتووە:

تا فەلەك دەوەری نەدا، صەد کەوکەبی ئاوا نەبوو
کەوکەبەی میهری موبارەك، طەلّعەتێ پەیدا نەبوو[٢٨٩]
تا نەگریا ئاسمان و تەم وڵاتی دانەگرت
گوڵ چەمەن ئارا نەبوو، هەم لێوی خونچە وا نەبوو[٢٩٠]
تا چەمەن پیرا لەسەر، ئەصڵی درەختی لا نەدا
فەرعی تازە خوڕڕەم و بەرز و بوڵەند باڵا نەبوو[٢٩١]
(ئەحمەدی موختار)ی ئێمە شاهی تەخت ئارا نەبوو[٢٩٢]
قیصصە بێ پەردە و کنایەت خۆشە، شاهی من کەوا
عادیلێ بوو قەت عەدیلی ئەو لە دنیادا نەبوو[٢٩٣]
شاهی جەم جا نالیا تأریخ جم تأریخیە
دانەڵێن لەم عەصرەدا ئەسکەندەری جەم جا نەبوو[٢٩٤]

---

٢٨٩ واتاکەی، تا ئاسمان خولی خۆی تەواو نەکرد مانگی سلێمان پاشا ئاوا نەبوو، هەرچەند ئەستێرەکانی دەوروپشتیشی هەر مانەوە و ئاوا نەبوون مەبەست لە پاشا زادەکانی تری بابانە شان و شکۆی خۆری هەڵاتن – پیرۆزی ئاسمان، کە ئەحمەد پاشای کوڕیەتی دەر نەکەوت.

٢٩٠ تا ئاسمان لە خەفەتی مردنی سلێمان پاشا نەگریا و فرمێسکی خۆی بەسەر زەویدا نەڕشت، تەمی هەناسەساردی ولاتی بەبەی دا نەگرت، چیمەنی سولەیمانی و دەوروپشتی بە کوڵی ئەحمەد پاشا نەڕازایەوە و خونچەی لێوی پادشاهی نوێ نەپشکوت.

٢٩١ تا باخەوانی قەدەر ساقی درەختی، لای سەرەوەی نەبڕیەوە، کە سلێمان پاشایە، لقی تازەکە ئەحمەد پاشایە تێراو نەبوو، باڵای بەرز نەبوو، هەڵنەچوو.

٢٩٢ سولەیمانییەکان مەبەستی حەزرەتی سولەیمان پێغەمبەر و سلێمان پاشای بابانە. ئەحمەدی موختاریش مەبەستی لە پێغەمبەر (د.خ) و ئەحمەد پاشای بابانیشە. واتە تا سولەیمانەکان لەودنیا نەبوون بە سەرۆکوەزیرانی تەختی پادشاهی، ئەحمەدی موختاری ئێمەش نەبوو، بە شاهی تەختراژینەرەوە.

٢٩٣ با ئیتر قسەکردن بە کنایەت و پێچ و پەنا بەس بێت، قسە بەئاشکرا خۆشە و مەسەلە مەسەلەی کۆچی دوایی سلێمان پاشا و لەسەر تەخت دانیشتنی ئەحمەد پاشایە. سلێمان پاشای من، کە دادپەروەرێک بوو هاوتای لە جیهاندا نەبوو، کۆچی دوایی کرد.

٢٩٤ جەم جا= جێنشینی جەمشید...

واتە: سلێمان پاشا کە پاشایەک بوو جێگەی جەمشیدی گرتبووەوە، میژووی مردنی بە حەرفی ئەبجەد ئەبێت بە ڕستەی تأریخ جم کە ئەکاتە ١٢٥٤ک/ ١٨٣٨ز بۆیە ئەم ڕستەیەش بوو بە تأریخی کۆچکردنی تا کەس نەڵێت لەم چەرخەدا پادشایەکی تری وەک ئەسکەندەر نەبووە، جێگەی جەمشید بگرێتەوە، ئەگەر سلێمان پاشا جێنشینی جەمشید نەبوایە تأریخی مردنی نەئەبوو بە تأریخی جم. مەبەستی ئەوەیە، کە سلێمان پاشا تەنانەت سالّی مردنەکەشی، هەروا ئەگەیەنێت کە سەردەمی ئەو، سەردەمی جەمشید بووە دیوانی نالی- چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد. ١٩٧٦ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدول کەریمی مودەرس و فاتحی کۆڕی.

سلێمان پاشای گەورەی قەلاچوالان - سلێمان پاشای خالید پاشا

یەکەم کوڕی خالید پاشایە. خالید پاشا، بەم سلێمان پاشایەوە چوار کوڕی بووە، دووەمیان ئەحمەد پاشا باوکی برایم پاشای بوونیادنەری شاری سلێمانی، سێیەم مەحمود پاشای باوکی ئەورەحمان پاشای بەناوبانگ. چوارەم محەمەد پاشا.

سلێمان پاشا لە میرە هەرە بەناوبانگەکانی بابانە و هەر بە سلێمان پاشای گەورەی قەلاچوالان ناوی دەر کردووە.

لەمەوپێش ناوی هاتووە، لێرەدا باسی ئەو خاڵانەی تری ئەکەین، پیاوێکی ئازا و ژیر و نەترس بوو. جگە لە میرنشینی بابان کۆیە و حەریر و زەنگابادیش لە پشتێنەی حوکمیدا بوون.

والیی بەغداد سلێمان ئەبو لەیلە هەرچەندە ڕێک بوو لەگەڵیدا، بەڵام لە هەمان کاتدا سڵیشی لێ ئەکردەوە و گەلێک حسابی بۆ ئەکرد.[٢٩٥]

زیاتر بەقسەی ئەمین زەکی بەگ کە جەنگەکەی دوانزە سوارەی مەریوان لەبەینی ئێران و سوارەی باباندا، لە کاتی میرنشینی ئەم سلێمان پاشایەدا ڕووی داوە.[٢٩٦]

دوای وەفاتی سلێمان پاشای والیی سالّی ١٧٦٠- ١٧٦١م کە عەلی پاشا لە شوێنی بە والیی دانرا، پەیوەندیی پاشای قەلاچوالانی ناوبراو لەگەڵ والیی نوێ تێک چوو، چونکە ئەم والییە، بیانووی باجی ئەو چەند ساڵەی پێ ئەگرت کە پێش ئەو، عەفو کرابوو لەدانی(پێدانی) بۆ ئەوەی بۆ ئەو هێز و چەک و پێویستییانەی خەرج بکات، کە سنووری کوردستانی تەنشت ئێرانیان ئەپاراست. کابرا زیاتر مرخی خۆی لێ خۆش کردبوو، نەک بیخاتە خەزێنەی دەوڵەتەوە. بۆیە وازی نەهێنا، تاکو ئەنجام گەیشتە لەشکرکێشی، سلێمان پاشا نەیویست خەڵک بەکوشت بدات، بۆیە ڕووی کردە ئێران لای کەریم خانی زەند، کە ئەویش بە حاکمی ئەردەڵانی دانا.

دوای کوشتنی والیی عەلی پاشا و دانانی عومەر پاشا بە والیی بەغداد و والیی نوێ ناسیاو

٢٩٥ چوار سەدەی دوایی لە عێراق- لونگریک.

٢٩٦ ئەفەرموێت لە کاتی شا غازی ئەحمەدی لەشکرشکێن واتە ئەحمەد پاشای برای سلێمان پاشادا ڕووی داوە.

و ڕێزگری سلێمان پاشا بوو. هەر بۆیە وڵاتی بابان، جگە لە کۆیە و حەریر و ئالتون کۆپری و زەنگاباد و قەرەحەسەن و بەدرە و جەسانی هەموو بەرەوڕوو کردەوە. لەگەڵ ئافەرین. بەم جۆرە و بەبێ ڕێگرتن، سلێمان پاشا بەوپەڕی ویژدان و دادەوە کەوتەوە حوکمی هەموو وڵات، تاکو شەوێک لەناکاو، وەک لەمەوپێش باس کرا فەقێ برایم ناوێک، سالی ١١٧٩ک/ ١٧٦٥ز لە مالی خۆیدا و لە کاتی خەوتندا کوشتی و هەر لە قەڵاچوالان شاردرایەوە.[٢٩٧]

من نووسەری ئەم کتێبە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لەگەڵ نەجمەدین مەلای خوالێخۆشبوو، کە خۆشەویستم بوو، بۆ شارەزایی، لەگەڵ خۆم بردم چووین بۆ قەڵاچوالان، مەلا نەجمەدین زوو گۆڕەکەی دۆزییەوە، چونکە دوو کێلی گەورەی لەسەر بوو کە لێیان نووسرابوو، ئەویشم لەمەوبەر نووسیوە. وەکو بیستوومە، ئەو کێلانەش بە دەستی داگیرکەرانی بەعس هەڵکەنراون و ورد کراون.

سەرچاوەیەکی تر ئەڵێت، سلێمان پاشای کوژراو ئەحمەد پاشای برای دوای خۆی سالی ١٠٧٧ک/ ١٦٦٦ز لە جێگای دانیشت. ئەحمەد بە ڕوالەت مرۆیەکی بێزیان و لەژێرەوە پڵنگێک بوو، هیچ باکی نەبوو ئەگەر زۆرانی لەگەڵ شێردا بگرتایە، لە سەربازگەکەیدا هەمیشە بیست هەزار سواری پڕ چەکی هەبوو، سالەکانی حوکمی لەبەینی ١٠٧٧- ١٠٩٨ک/١٦٦٦-١٦٨٦ز کە ئەکاتە بیست سال. بیرلێکردنەوە و گواستنەوە و دروستکردنی شارێکی تر لەجیاتیی قەڵاچوالان، لەم پیاوەوە سەری هەڵدا بەڵام ئەجەل ماوەی نەدا کە ئەو پرۆژەیە بێنێتە دی.[٢٩٨]

سلێمان پاشای کوژراو یەکێک بوو، لەو میرە دڵسۆزانەی بابان کە هەوڵی جیابوونەوەی لە عوسمانی و پێکهێنانی قەوارەیەکی سەربەخۆی بابانی دا، بەڵام بە کوشتنی ئەو خولیایەی بۆ نەچووە سەر.

باسی زیاتر دەرحەق بەم پیاوە بەڕێزە لەم کتێبەدا ئەخوێنێتەوە.

---

٢٩٧ لە شوێنێکی تر ئەمە ڕوون کراوەتەوە.

٢٩٨ تاریخ و جغرافیە کردستان سیر الاکراد عەبدولقادر ڕۆستەم بابانی لاپەڕە ١٢١. هەرچەندە سالەکانی ع.ر. بابانی لەگەڵ ئەوانەی پێش خۆی فەرقیان هەیە. بەڵام لەبەر ئەو زانیارییانەی زیاتر کە باسیان ئەکات. نەمانتوانی ئەو قسانەی پشتگوێ بخەین.

سەیفەدین خانی بابان - یەکێکە لە گەورەپیاوانی بابان لە ئێران

لە بابانەکانی ئێران، بەتایبەتی سنە ساڵی ١٩٢٠ هەر لە سنە- سنندج هاتوتە جیهانەوە. کوڕی میر محەمەد خان مجرب الملک کوڕی عەبدوڵڵا خان مجرب الدولة کوڕی سلێمان خان کوڕی ئەلیاس ئاغای کوڕی یەعقوب ئاغای حاکمی بەسرەیە.

ئەندامەکانی ئەم بابانانەی سنە، بەتایبەتی لە سەردەمی عەبدوڵڵا خانی مجرب الدولە و عەلی خان اعتضاد الدولە و لە کاتی محەمەد خان باوکی سەیفەدین ئەمانە هەموو خاوەنی موڵک و مال و کەسایەتی بوون، ناسرەدین شای قاجار خۆشی ئەویستن. پێش خستنەکاری یاسای چاککردنی کشتوکاڵ، سەردەمی شای هەرە دوایی، خاوەنی دێهات و ئەرزی زۆری کشتوکاڵ بوون. بەڵام لە دواییدا چاککردنی کشتوکاڵ کە بەسەریاندا سەپا، ئەو هەموو موڵک و زەوییانەی قارس کرد و هێنانیەوە یەک لە کۆتاییدا، هەر ئەوانەیان بەدەستەوە ما، کە تایبەتبوون بەخۆیانەوە. لەوانەشدا لە گێرەوکێشەی هەمیشەییدا بوون لەگەڵ ئەردەڵانییەکان تا لە دواییدا یەکلایان کردەوە لەگەڵیان.

سەیفوڵاخان لە پەرلەمانی ئێران دا و لە سەردەمی دواییدا شاهدا لە دوو خولدا پۆستی پەرلەمانی پێ برا.

ساڵی ١٩٥٨ چووە بەغداد و لەگەڵ تاهیر بەگی جەمیل بەگی بابانداً زیارەتی هەریەک لە جەلال بابان و جەمال بابان و ئەحمەد موختار بابانیان کرد و زۆر رێزی لەلایەن خزمەکانییەوە لێ گیرا.

سەیفەدین ئەیوت، کاتی خۆی جمال بابان و حەمدی بەگ بابان لەگەڵ حاجی عارف بەگ سەرکردەی جەندرمەی عوسمانی هەموو لە کاتی شەڕی جیهانی یەکەمدا هاتوونەتە سنە و عەلی بەگ اعتضاد الدولە میوانداری کردوون و پێکەوە چوونەتە لای میر محەمەدی باوکی سەیفەدین و پێکەوە هاوکاریی شەڕیان دژی ڕوسەکان کردووە لە ڕەزائیە.

نووسەری ئەم کتێبە جەمال عەبدولقادر بابان لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا ئاڵوگۆڕی نامە و وێنەمان پێش وەفاتی سەیفەدین خان هەبوو. ئێستا کۆڕەکانی لە سنە ژیان و نادر و صلاح و براکانیان کۆڕانی سەیفەدین بەگ هامشۆمان ئەکەن و دۆستایەتیمان خۆشە.[٢٩٩] جگە لەوەی لە بەڕێز ژیانەوە کورتەیەک لە مێژووی بنەماڵەکەیان و بنەماڵەی ڕەوان شاد شوکروڵڵای بابانم پێ گەیشت، منیش هەر لەم کتێبەدا بڵاوم کردەوە.

٢٩٩ لە ڕێی ئاڵوگۆڕی نامەوە، کە سەیفەدین بەگ لە ژیاندا بوو توانیم ئەم زانیارییانەی لێ وەر گرم.

شێخ حەیدەر بەگ

کوڕی ئەمیرە پاشای حاکمی موکرییە. لە قەڵای صاروکورکان خۆی قایم کرد، بەرگرییەکی ئازایانە و پاڵەوانانەی بەرامبەر جەعفەر پاشای والیی تەبرێز نواند، تا ئەو جەعفەر پاشایەی ناچار کرد بە هەناسەی سارەوە بگەڕێتەوە.

ئەم شێخ حەیدەر بەگە و ئەمیرە پاشای باوکی هاوکاتی شەرەفخانی بەدلیسی بوون. لە شەرەفنامەدا ناویان هاتووە. ئەڵێت، گوایە حکومەتێکی سەربەخۆیان بە ناوەوە بووە.[٣٠٠]

ئەوەی شایانی باسە میر شەرەفخان کوڕی میر شەمسەدینی بەدلیسی ڕۆژکی ئەمیری ئەیالەتی بەدلیس لە کاتی سەڵتەنەتی سوڵتان محەمەد خانی سێیەم کوڕی سوڵتان مورادی سێیەم. لە ساڵی ١٠٠٥ک/ ١٥٩٦ز. شەرەفنامەی بە زمانی فارسی نووسیوە[٣٠١].

لە سەرچاوەیەکی تردا بە ناوی شێخ حەیدەری موکری باسی کراوە. کە وا بوو، شێخ حەیدەر و ئەمیرە پاشای باوکیشی لە دەوروپشتی هەزاری کۆچ/ ١٦٠٠ ز تاکو هەزار و سەد کۆچ/ ١٧٠٠ ز دا ژیاون.

---

٣٠٠ ل١٦٢ مشاهير الكرد و كردستان فى العهد الاسلامى بغداد ٢٠١١ محمد أمين زكى.

٣٠١ ل٦٢ شرفنامه تأليف الامير شرف خان البدليسى. ترجمه محمد جميل الملا احمد الروژبيانى. الطبعه الثانيه

عادیله خانی کچی عوسمان بەگی بابان

خێزانی مەحمود پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشا. ئەبێت بە خوشکی حاجی بەگ[٣٠٢]

بە قسەی مادام ڕیچ لە یادداشتی ڕۆژی ٦ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٢٠دا ئەڵێت[٣٠٣] عادیلە خان ئەبێتە خزمی میردەکەی. لە ڕاستیدا، هەموو ئەندامەکانی ئەم بنەماڵەیە زۆرن. لەناو خۆیاندا ژنوژنخوازی ئەکەن و لەگەڵ بیانیدا نایکەن. تەمەنی هەر ٢٧-٢٨ ساڵێک ئەبێت. لە ئافرەتانی تری بنەماڵەکە، گەڵەگەتترە. گەنم ڕەنگێکی قژڕەشە، دوو چاوی نەرمی پێوەیە، شێوەی شیرینە و تەمومژاوی نییە ناسکۆڵەیە و ڕوخساری سەرنجڕاکێشە.

لە سیمایدا دیار بوو کاتی خۆی خەمی زۆر خواردبێت. لە هەڵسوکەوتیدا سەلاری و ئاغرییەکی بەرزم بەدی کرد، کە زۆر کاری تێ کردم. تاقەژنی میرە و پەیوەندیشیان زۆر پتەوە. هەردووکیان بە هۆی ئەو خەمە زۆرەوە کە بۆ جگەرگۆشەکانیان خواردبوو کە بە ئاوڵە مردبوون، زۆر هۆگری یەک بوون. ئێستا هەر تەنها منداڵێکیان هەیە کە چی لە پەراوێزدا ئەڵێت، لەوەدا بەهەڵەدا چووم چونکە دوو کوڕی هەبوو، گەورەکەیان لە کرماشان بارمتە بوو ئەم زۆری خۆش ئەوێت.

بەڵام بە شێوەیەک باسی ئەو منداڵە ئەکات، وەک خۆی و میردەکەی چاوەڕوان ئەکەن لەدەستیان بچێت، چونکە کە سەیری ئەکرد، چاوەکانی پڕ ئەبوون لە فرمێسک.

وتیشی، هیی من نیە هیی خوایە، دەستیش لە کاری خوا نادرێت، تێم گەیاند پێویستە دژی ئاوڵە بکوترێت، ئەویش زۆر بەوردی گوێی بۆ قسەکانم و کەڵکی کوتاندن ڕاگرتبوو، بەڵام هەر نائومێدی پێوە دیاربوو، کە چاوەڕوانی نەئەکرد هیچ شتێک بەکەڵکی بێت. کە پێم وت دەرمانی کوتانت بۆ ئەهێنم، دڵی نەشکاندم و هانی دام و قسەکانی بەوە کۆتایی پێ هێنا، کە وتی، هەر ئەبێت لەبەر خاتری خوادا خۆمان ڕابگرین، چونکە خۆی ئەزانێت چی ئەکات، لەبەر ئەوە ئەبێت بڕوای پێ بکەین.

---

٣٠٢ بەقسەی عەبدولقادر ڕوستم بابانی- سیر الاکراد.

٣٠٣ ل٣٥٥ گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠ محەمەد حەمە باقی ١٩٩٢.

دەستبەجێ بە تەتەرێکی خێرادا بۆم نووسی تا دەرمانی کوتانی بۆ بنێرێت. منیش زۆرم پێ خۆش ئەبێت، ئەگەر بتوانم ئەم منداڵە جوان و بچکۆلەیە، لەو نەخۆشیە ڕزگار بکەم، کە لە کوردستاندا بە هەزاران کەس ئەبنە خۆراکی ئەم نەخۆشییە و ڕەنگە ئەگەر خەڵکەکەش بزانن، میر کوڕەکەی خۆی کوتاوە. ئەوانیش بهێڵن منداڵەکانیان بکوترێن، ئیتر ئەوسا گەشتەکەمان بۆ کوردستان بێکەڵک نابێت. ئەگەر نەشتوانین بۆ هێجگاری، ئەم نەخۆشییە لەناو بەرین، ئەتوانین کەمێک ئەو ئاوڵە کوشندەیە کەم بکەینەوە.

خانەخوێیەکەم عادلە خانم سالانێکی زۆر سەردەمی منداڵی لە بەغداد بەسەر بردبوو[٣٠٤] فێری تورکییش بووبوو، ئەوپەڕی توانای خۆی خستە کار بۆ ئەوەی لەگەڵماندا بدوێت. بەڕاستی ڕۆژێکی خۆشم لەگەڵ خۆی و ئەو ئافرەتە زۆرانەدا بەسەر برد کە لە گەڵیدا بوون.

هەر لە کتێبی ناوبراودا لە دوو شوێنی تردا، مستەر ڕیچ دیسانەوە باسی خۆشەویستیی منداڵەکانیان کە بە ئاوڵە ئەڕۆیشتن و بۆیان نەئەمان، کە ئەوە بووبوو بە گرێیەکی دەروونیی گەورە لە جەستەیاندا، بەتایبەتی مەحمود پاشا خۆی، کە پیاوێکی خواپەرستێکی تەواو بوو، کە ئەم ئایینە بەهێزەی، جگە لە هەست و سۆز و بەزەییەکەی، بەداخەوە ڕەشبینییەکەی لە ژیاندا تووشی گەلێک بەرزی و نزمی کردبوو، کە ئەمانەش هەموو لە هەست و سۆزی عادلەخانی هاوسەریدا ڕەنگی ئەدایەوە و قسەکانی مادام و ڕیچیش ئەم بۆچوونە ئەسەلمێنێت.

---

٣٠٤ ئەمە بوو ڕەفتاری تورکەکان و بەتایبەتی والییە مەمالیکەکان بەرامبەر بە خانەدانی بابان و میرایەتییە کوردەکانی تر، هەر بۆ ئازاردان و دژایەتی. یەکێکی وەک ئەورەحمان پاشایان بۆ حلە و برایم پاشاش تەمەنی مێرد منداڵی لە بەغداد وەک دووروخراوە بەسەر بردووە.

عەزیز بەگی بابان[٣٠٥]

کوڕی ئەورەحمان پاشا و مامی ئاخر ئەمیر ئەحمەد پاشایە. سەرگوزشتەی حەیات و وەلادەتی زۆر دیار نییە. بەڵام داستانی قەهرەمانی و فیداکاری ئەم زاتە و مەحمود بەگی صاحیبقرآن ئیستاکەش لە فکر نەچۆتەوە و زۆرتر لەبەینی خەڵکدا دەگێڕێتەوە و ئەخوێنرێتەوە. ظاهر وایە لەدوای ڕۆیشتنی ئەحمەد پاشا و تەعیینکرانی عەبدوڵڵا پاشا بە قائممقامی بەبە، طەرەفداری عوسمانی غەلەبەی سەندووە و بەعزێکیش بەشیددەت طەرەفداری ئیدارەی بابان بوون، عەزیز بەگ و مەحمود بەگی صاحیقرآن سەرئامەدانی ئەم بەرەیە بوون. وا دیارە، کە عەبدوڵڵا پاشا ڕقی لێیان بووە و حورمەتی نەگرتوون. لەبەر ئەم حاڵە ئەوەلەن مەحمود بەگ بەماڵەوە سلێمانی بەجێ هێشتووە و عەبدوڵڵا پاشا قووەتێکی بە شوێنیدا ناردووە تا بیگرن و مەحمود بەگ ئەم قووەتەی شکاندووە و لە دواییدا عەزیز بەگیش ڕۆیشتووە و لەگەڵ مەحمود بەگ یەکدگیر بوون و لەگەڵ هەمەوەند و بەعزێ عەشائیری ئەو ناوە ئیتفاقیان کردووە و لەگەڵ لەشکری عوسمانی کەوتوونە شەڕەوە، لەنزیک کرپچنە و لە دەربەندی بازیان دوو شەڕی قورسیان کردووە و نەیان هێشتووە لەشکری والیی بەغداد بگاتە سلێمانی.

نیهایەت لەدوای کوژرانی مەحمود بەگ لە کەرکوک بە حیلە، تەفرەدانی هەمەوەند لە طەرەف حکومەتی عوسمانییەوە، ئاخر دەفعە لە بانی مەقان ڕێگە بە لەشکری تورک ئەگیرێت و لەدوای شەڕێکی زۆر عەزیز بەگ ئەکوژرێت و لەشکری بەغداد بەزەحمەت ئەگاتە سلێمانی. شاعیری مەشهوور سالم، داستانی قارەمانی عەزیز بەگی لە قەصیدەیەکی نایابدا تەصویر کردووە، کە دوو بەیتی دوایی ئەمەیە:

"عەزیزە وا لەناو چاها، خوداوەند نەجاتی دە
لە چێهرەی ئەو بکا یەعقوبی دڵ ڕەمزی صەفا پەیدا

---

٣٠٥ ل١٩٩ تاریخی سلێمانیـوە ولاتی محەمەد ئەمین زەکی بەگ- ئامادەکردنی ڕەفیق سالح

خودایە مولکی بابان بێرەواج و قەڵبە سا لوطفێ
بە ئەکسیری وجودی ئەو بکا وەك میسك بەها پەیدا"

ساڵی ١٨٥٠ لە ئەنجامی تێکشکانی سوپای بابان بەرامبەر بە سوپای نجیب پاشا گویزلکلی والیی بەغداد. بە هۆی ئەو ڕووداوە سەیرەی لەناو سوپاکەدا ڕووی دا وەک لەم کتێبەدا باس کراوە، دوای ئەوەی سوپای عوسمانی ڕووی کردە سلێمانی و چووە ناو شارەوە. یەکێک لەو ڕۆڵە دڵسۆزانەی کە بەرامبەر بەو سوپایە وەستا عەزیز بەگ بوو، لەگەڵ تاقمە دڵسۆزەکەیدا لە ڕۆڵە دڵسۆزەکانی بابان.

هەر لەناو شاردا و بەتایبەتی لە گەڕەکی پیرمەسوور[٣٠٦] ئازایەتییەکی وایان نواند، مێژوو هەروەها قەڵەم دەستەوستانە لە گێڕانەوەی، مەگەر هەر شاعیری گەورەی بنەماڵەی ساحێبقران ئەوڕەحمان بەگی سالم توانیبێتی بە پارچەیەک شیعری سەدبەیتی ستاییشی ئەو پاڵەوانانە بکات و مۆری حەیاچوونیش بنێت بەو کەسانەوە کە یاریدەدەر و ڕێخۆشکەر بوون بۆ داگیرکەرانی عوسمانی.

عەزیز بەگ لەوە دابوو، کە سوپای عوسمانی دەر بکاتە دەرەوەو تێکی بشکێنێ، ئەگەر ئەو گوللە توپەی عوسمانی نەبوایە لە دوورەوە داوێنی گرتەوە و کوشتی. بە لەناوچوونی عەزیز بەگ[٣٠٧] بەرهەڵستی ڕووخا و عوسمانییەکان، دەستیان گرت بەسەر شارەکەدا. ئیتر هێجگاری میرنشینی بابان کۆتایی پێ هات.

ئەمین زەکی بەگ ئەفەرموێت، عەزیز بەگ کوڕی ئەوڕەحمان پاشای بابانە، وێستی میرنشینی بابان زیندووبکاتەوە و لەو ڕێگەیەدا هەوڵێکی هێجگار زۆری دا و هێزی ئێڵی هەمەوەندیش یارمەتیان دا و بەرامبەر هێزی عوسمانی، ئەوانەی لەبەغدادەوە هاتبوون، لە دەربەندی بازیان و لە کربچنە وەستان، بەڵام نەگەیشتنە ئەنجام.

سەرچاوەیەکی تر ئەڵێت، عەزیز بەگ کە مامی ئەحمەد پاشا بوو گوێی نەدایە عوسمانییەکان. لەگەڵ حسێن بەگی برای و حەمە ئەمین بەگی کوڕی عوسمان بەگ، کە بە هەموو پێنج صەد سوارەی هەمەوەندیان لەتەکدا بوو جگە لە عەشایەری تر، هەموو شەریان بەرامبەر عوسمانی کرد و وێستیان ئەو موتەسەریفەی عوسمانی دانابوو ئیسماعیل پاشا لا بەرن و دەوری شاریان دا، بەڵام هێزی تری عوسمانی گەیشت و فریاکەوت و دەستیان کرد بە تۆپباران. حەمە ئەمین بریندار بوو،خۆی کێشایەوە دواوە. هەر یەک لە قادر بەگ و حەسەن بەگی برای ئەحمەد پاشا و سلێمان بەگی هەڵەبجە هەموو بە یەخسیر گیران.

---

٣٠٦ پیرمەسوو، پیر منصور گەڕەکێکی بچکۆلەی ئەو سای ژوور شاری سلێمانی. بە ناوی پیرێکی سۆفی ئاکار لە باطنیهکان، کە هەر لەوێ نێژراوە

٣٠٧ بە قسەی هەندێک لە شارەزایان. حەمە صالح بەگی قایمقامی هەڵەبجە. کە باخی میری لە هەڵەبجە بەناوەوەیە و ئەو دروستی کردووە، یەکێکە لە نەوەی عەزیز بەگ، بەڵام سلمان بەگی هەڵەبجەم بۆ ساغ نەبوویەوە، تۆ بڵێیت ئەم پیاوە باپیرە هەرە گەورەی عبدوللا گۆرانی شاعیر بێت؟

عەزمی بابان

کوڕی مستەفا بەگ کوڕی سلێمان پاشا کوڕی ئەورەحمان پاشایە. لە تورکیا هاتۆتە جیهانەوە. چونکە باوکی لەگەڵ ئەحمەد پاشای بڕای دوامیری بابان و هەموو بابانەکانی تردا، دوور خرانەوە بۆ ئەستەمبوڵ دوای نەمانی میرنشینی بابان، بەڵام دوای گەورەبوونی لە تورکیا، ساڵی ١٩٠٩ گەڕایەوە بۆ زێدی باووباپیری بۆ سلێمانی بۆ گێڕانەوەی موڵکەکانی سلێمان پاشای باپیری.

هەرچەندە زۆر کەس دژی وەستان و تەگەرەیان ئەخستە ئیشوکاری، بۆ ئەوەی خۆیان ئەو موڵکانە بخۆن بەڵام بەسەر هەمویاندا سەر کەوت و لە ماوەیەکی کەمدا شوێنێکی کۆمەڵایەتی بۆ خۆی دروست کرد و دیوەخانێکی پێک هێنا کە هەمیشە خزمان و ناسراوانی شار ڕوویان تێ ئەکرد.

عەزمی بەگ یەکێک بوو لە کۆمەڵە ڕاپەڕیوەکەی ڕۆژی شەشی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ شەڕی بەردرگای سەرا کە داوای مافی کوردی تیادا کراو داوای هەڵبژاردنی بێدەستکاری ئەندامانی پەرلەمانی عێراقیان تیادا کرد، بەڵام حکومەتی ئەو ڕۆژە بە ئاگر و گوللە وەڵامی خۆپیشاندەرانیان دایەوە کە نزیکەی بیست کەسی تیادا کوژرا و زیاتریش گیران. بەتایبەتی سەرۆکەکانی ڕاپەڕینەکە، کە یەکێک لەوانە عەزمی بەگ بوو. کە خۆی و شەوکەتی کوڕی دوای گرتنیان، دوور خرانەوە بۆ کەرکوک، لەوێ لەگەڵ گەورەپیاوانی سلێمانی مانەوە دوای نزیکەی سەد ڕۆژ بەر بوون و هاتنەوە بۆ سلێمانی[٣٠٨]

لەم باسەدا، نووسینەکەی مامۆستای گەورە ڕەفیق حیلمی چەند کۆپلەیەکی لێ ئەگوێزێتەوە کە تایبەتە بە عەزمی بابانەوە.

ڕۆژی دوایی، نانی نیوەڕۆمان لە ماڵی عەزمی بەگی بابانـدا بۆ کرابوو. عەزمی بەگ، هەرچەند یەکێک بوو لە ئەندامە بەڕێزەکانی کۆمەڵە و زۆر خاوەن عەزم و جێمتمانە بوو،

٣٠٨ هەر لەگەڵ ڕزگاربوونیان و گەڕانەوەیان لەگەڵ شەوکەتی کوڕی هەر لەو ڕۆژەدا هاوسەری شەوکەت خوا کوڕێکی پێدا، ناو نرا نەجات بە بۆنەی نەجاتبوونیان لە گرتووخانە.

دیسانەوە و لەسەر تکای خۆی، نەخرابووە ناو دەستەی ئەو ئەندامانەوە، کە کۆمەڵەیان ئەبرد بەڕێوە. بەڵام لە هەموو کاتێکدا پرسی پێ ئەکراو لە بیروباوەڕ و تەگبیر و ڕای. کەڵکمان وەر ئەگرت، ئەویش لەم لایەنەوە دریغی نەئەکرد و بە گیان و بە دڵ لە یارمەتی دوا نەئەکەوت. هەر ئەو ڕۆژە لە مالّی عەزمی بەگ بڕیارماندا، کە لە حەمدی بەگ[٣٠٩] نزیک بکەوینەوە، بە ناوی کۆمەڵەوە، نامەیەکی بۆ بنووسین. لەم نامەیەدا ئەمانوت کۆمەڵەی سەربەخۆیی استقلال لەبەر ئەوەی کە جەنابتان بە ئەمیرێکی کورد ئەزانێت و لەم ڕۆژەدا یەکێکی لەئێوە باشتری بە بیردا نایەت کە خۆی لێ نزیک بکاتەوە و جێگەی سەرۆکی فەخری پێ ببەخشێت، بڕیار درا کە تکاتان لێ بکات ئەم سەرۆکییە قبوڵ بفەرموون، لە حاڵێکدا هاتوو قبووڵتان فەرموو، داواتان لێ دەکات کە لە بارەی حقوقی کوردەوە بکەونە کارەوە و بەتایبەتی بیری نوێنەری بەریتانیا لە بەغداد بخەنەوە، کە سەرکەوتنی سیاسەتیی بەریتانیا لە عێراقداو بەتایبەتی لە کوردستاندا بۆ ئیمڕۆ بەستراوە بە ئاوڕدانەوەیان لە کورد و بە دامەزراندنی حکومەتی کوردستانەوە.

بەرامبەر بەمە کە حەمدی بەگ ئەم ئەرکە سیاسییە بگرێتە سەرشانی و لە ڕێی خزمەتی کورددا ئەم هەنگاوە بهاوێژێت، دەستەی بەڕێوەبەر هیئەتی ئیدارەی کۆمەڵە ئەچووە ژێر. پەیمانی ڕێککەوتن لەگەڵ حەمدی بەگدا و بەڵێنی ئەداتێ کە پەیوەندیی تەواوی لەگەڵدا پەیدا بکات بۆ دانانی بەرنامەیەک کە ڕەوشتی سیاسی کۆمەڵە و حەمدی بەگ یەک بخات، بە جۆرێک کە ئەو ئەیەوێت و لەو جێگایەکدا کە خۆی بە باشی بزانێت ئامادەیە بە ناوی، کۆمەڵەوە نوێنەری بنێرێت و گفتوگۆی لەگەڵ بکات.

جگە لەمە، هەر لە نامەکەشدا ئەمەی بۆ نووسرا، ئەگەر بێت و حکومەتی ئینگلیز، لەمە زیاتر گوێ لە هاواری قەومی کورد باخنێت و چاوی لە هەوالّی کوردستان بنوقێنێت، دوور نییە کە بە هۆی پڕوپاگەندەی ئوزدەمیر[٣١٠] و تورکەکانی ڕەواندزەوە ناڕەزاییی بەشی زۆربەی خەڵق لە ئیدارەی ئینگلیز شۆڕشی دووەمی کورد دەست پێ بکات و جێی شک نییە، کوردەکانی عێراق کە کەوتوونە بەینی دوو شۆڕشەوە- شۆڕشی مستەفا کەمال و شۆڕشی عێراق- بە هۆی پڕوپاگەندەی هێزی ئوزدەمیر و ناحەزەکانی ئینگلیز لەناو کورد و عەرەبدا، لەوانەن کە زۆر بەئاسانی و بەبێ ئەرک هەڵسنە سەر پێ و بەزۆری چەک حەقی شەرعی قەومیی خۆیان دەستبخەن.[٣١١]

ئیتر وەک لە لاپەڕەکانی کەسایەتیی حەمدی بەگی بابانداا نووسراوە، هەروا و بەرژەوەندی ئینگلیز بە جۆرێکی تر پاپۆڕی لا دا و لە خواستی کورد و کوردستانی دوورخستەوە و حەمدی بەگیش لە فرۆفێڵی ئینگلیز گەیشت. ئیتر مالّئاوایی کرد و گەڕایەوە بۆ بەغداد و دوای ئەوە عێراقیشی بەجێ هێشت.

٣٠٩ حەمدی بەگی بابان کە لەمەوپێش لێی دواوین. خزمی زۆر نزیکی عەزمی بەگە. واتا ئامۆزازایەتی.

٣١٠ ئوزدەمیر عەلی شەفیق ئەفسەرێکی تورک، زیرەک و دبلۆماسی نێردرابووە ناوچەی ڕەواندز، بۆ ئەوەی دژی ئینگلیز و کورد بە لای مستەفا کەمال دا ڕابکێشێت. یادداشت دوورودرێژ لێی دواوە.

٣١١ درێژەی ئەم باسە مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە یادداشتدا بەرگی دووەم بەشی ١ جزمی چوارەم دوورودرێژ نووسیویەتی.

عەبدوڵڵا بەگی مصباح الدیوان- ئەدەب

خوالێخۆشبوو گیوی موکریانی ئەڵێت[٣١٢]،

کوڕی ئەحمەد بەگ کوڕی ڕۆستەم بەگ کوڕی بابا عومەر کوڕی سیف الدین نەوەی بنەماڵەی یەکەمی بابان لە میرەکانی موکریانە.

ساڵی ١٨٦٢ لە هەرێمی موکریان لە دێی ئەرمەنی بلاخ پێی ناوەتە ناو کۆڕی ژیانەوە. لاوێکی جوان و شۆخوشەنگ و سوروسپی و باڵابەرز خوێندەوارێکی زانا و پێشکەوتوو بووە.

ئەدەب هەمیشە بە ڕاووشکار و لە کۆڕی گۆرانی و ساز و سەمتور و بەزم و ڕەزم و کەیف و ئاهەنگی ڕابواردووە. نزیکەی پەنجا ساڵ ژیاوە و لە ساڵی ١٩١٢ هەر لە دێیەکەی خۆی، کۆچی دوایی کردووە. ئەڵێن کوڕێکی لەپاش بەجێ ماوە ناوی ئەحمەد بەگە ئەویش وەک باوکی بوێژ و هۆنەر بووە.

ئەدەب نەوەکو تەنها کوردی و فارسی و عەرەبی، بەڵکو بەبێ دیتنی قوتابخانە و بێ ئەوەی بچێتە ئەوروپا، هەر لە دێیەکەی خۆیدا، بەهۆی زرنگی و تێکۆشانی خۆیەوە و لە ڕێی چەند کتێبێکی بێگانەوە فێری زمانی ڕوسی و ئەڵمانی و فەڕەنسی بووە.

هەروەها لە زانستی ئەژمار و ئەندازیاریەوە بەدەسەڵات بووە. ئینجا خۆشنووسی و نیگارسازی و پزیشکی و وێنەکێشی و نەخشکاری و نۆتەی مۆسیقا و تار و کەمانچەلێداندا، بەدەسەڵات بووە. دەڵێن دەنگیشی زۆر خۆش بووە.

یەکێک بووە کە لەو زەمانەدا، هەر ئەو ماکینەی وێنەگرتنی هەبووە و توانیویەتی، هەزاران وێنەی خۆی و نوسرەت خانمی ژنی پێوە بگرێت، بە قەڵەمیش، لە دروستکردنی وێنەی جواندا شارەزا و بەدەسەڵات بووە، بەڵام بەداخەوە وێنەیەک لە وێنەکانی نەماون.

ئەدەب هەر هەڵبەستێکی دانابێت، ئاوازێکیشی ئاوێتەکردووە بۆیە تا ئەو دواییەش، دەنگخۆشان شیعرەکانی بەو ئاوازە ڕێکخراوەی خۆیەوە لە موکریان ئەچڕی.

هەڵبەستەکانی ئەدەب وەک مامۆستا گیو ئەڵێت، دڵگیر و ئاودار و ناسک و تامداربوون، هیچ

٣١٢ لە دیوانی ئەدەب.

بوێژێک لەبابەت شیعری دڵداریيەوە نایگاتێ. خۆشی لەم بابەتەوە ئەڵێت،

"ئەی ئەدەب هەرچەندە شیعرت کوردییە ئەمما

شیعری تۆ سەبکی کلامی شێخی شیرازی هەیە"

عەبدوڵڵا بەگ بە تیری عەشقی نوسرەت خانمی کچی عیزەتوڵڵا خانی میر پەنجی کە لە خانەوادەی سەرداری موکرییە ئەنگێورا بوو.

دەڵێن لە ڕووی ئەوەوە کە باوکی ناوداربووە، والیی تەورێز نوسرەت خوازبێنیی ئەکات بۆ کابرایەکی بێگانە، کە فەرمانڕەوای شاری سابڵاخ بووە، دەگێڕنەوە کە ڕۆژێک لە سابڵاخ حەمام بۆ نوسرەت خانم قۆرخ ئەکرێت، ئەدەب بەهەر هەوڵ و تەقەللایەک بێت خۆی ئەگەیەنێتە حەمامەکە و خۆی تیادا حەشار ئەدات. هەر لەو حەمامەدا ئەدەب و نوسرەت بەیەک شاد ئەبن، کە ئەو ڕووداوە دەنگ ئەداتەوە، ئیتر مێردەکەی نوسرەت دەستی لێ هەڵئەگرێت و سابڵاخ بەجێ دێڵێ.

یەکسەر نوسرەت خانم شوو بە ئەدەب ئەکات،

ئەو دوو دڵدارە ئەوەندە یەکتریان خۆشویستووە لەڕادەبەدەر. تاکو ئەڵێن نوسرەتیش بوێژێکی بااڵدەستبووە، بەاڵم بە هۆی بیروباوەڕی کۆنەپەرستانی ئەو ڕۆژگارەوە نەیوێراوە شیعرەکانی بااڵو بکاتەوە.

"خەمێکە ئەدەب هێندە مەکە بێ ئەدەبی دی
تا حەملی نەکا واعیز ئەم شیعرە بەچی دی
ئەمما بەخودا غەیری تصور نییە چی دی
مەقبولە ئەمیش خاصە لەلای پیاوی سوخەنوەر
گوتم مەنعم دەکا زوڵفت، لە پابەندی لەبی شەهدت
گوتی شەهدی دەهانی من بەبێ نیشی مەگەز چاکە
دەفتەری فاضل و هونەر باوی نەما لەم عەسرەدا
فاچل ئەو نادانەیە، ئەمڕۆ کە دیناری هەیە
بانەکات قیمەت ئەدەب لەم عەهدەدا کاڵای هونەر
هەر چۆنێك بێت مەتاعی تۆ، خەریداری هەیە
نیگارانی دیاری مەشەکەر لەب، گولعوزارانن
هەموو تورکی کەماندارن، هەموو عەنقاشکارانن
دزی دڵ، ئافەتی جانن، شکستی دین و ئیمانن
نە بەستەی، عەهد و پەیمانن، نەخەستەجان سپارانن
ئەدەب چبکا لە یارانی، لە جەرگەی نازدارانی
دەمێ خونخواری بێباك، دەمێ غەمخواری جارانن.

من ئەم پیاوە ئەشوبهێنم بە پەرجوو- موعجیزەی هەرە بەناوبانگی ئیتاڵیا لیۆناردو- دافنشی کە خاوەنی چەندەها بەهرەی بەرز و نەبیستراو بوو.

ئەدەب ئەوەتا نەچۆتە قوتابخانە، زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزی و فەرەنسی، جگە لە فارسی و عەرەبی و زمانی زگماکی خۆی.

ئەندازیاری، خۆشنووسی، نیگارسازی، وێنەکێشی، نەخشکاری، مۆسیقا، پزیشکی، کەمانچە و عودسازی، بەکارهێنانی ماکینەی وێنەگرتن. جگە لە شیعر و ئەدەب و ئەو خۆشەویستییەی لەگەڵ نوسرەت خانمدا کە لە هەموو لایەک دەنگی دابووەوە. ئەو پیاگوتنەی کە بە هەموو ئازای نوسرەتدا هەڵیداوە، هەر لە کە لە موستی پێیەوە تا ئەگاتە تەوقی سەری بە شیعر وردورد هۆنیوەتەوە، تا ئەگاتە دروستبوونی لەگەڵیدا کە ئەمە هەرچەندە شیعرەکەی زۆر وەستایانە ڕێک خستووە، بەڵام لەسەرێکی ترەوە، ئەدەبێکی تەواو مەکشوفە.

ئەوانەی وصفی دافنشی یان کردووە،ئەوانە عەبدوڵڵا بەگیان بەهەموو تواناکانیەوە بناسیایەوە، لە دافنشی زیاتر بەمیاندا هەڵئەدا. بەڵام سااڵەها لەیەک دوور بوون.

هەرچەندە کە هەڵدەگرێت خەیاڵاتی چتی دی. ئەمما بەخودا غەیری تەصەور نییە چی دی.

عوسمان بەگ کوڕی ئەورەحمان پاشا

لە تەمەندا لەدوای مەحمود پاشا دێت. مستەر ڕیچ لە گەشتەکەی ساڵی ١٨٢٠ دا بۆ سلێمانی گەلێک ستاییشی لە ڕاستی و دڵسۆزیدا بەرامبەر بە مەحمود پاشای بڕای و هەمیشە لە بن دەستی مەحمود پاشای برایدا بووە و لە کاروباری بەڕێوەبردندا زیاتر ئاگاداری کردۆتەوە لە کاتێکدا کە مەحمود پاشا وەک مستەر ڕیچ باسی ئەکات و هەروەک لەمەوپێش هەڵسوکەوتمان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بۆ دەر کەوت، کە پیاوێکی ساغ و پاک و ڕاست و بێ غەلوغەش بووە. عوسمان بەگ لە پاڵیدا، لە فرۆفێڵ و تەڵەکەنانەوەی والیی بەغداد بەئاگای ئەهێنا و نەیئەهێشت ئەو دەستە بە زاخاوکردنەوەی والیی بەغدادی بەسەردا تێبپەڕێت. لە دەروونیشیدا عوسمان بەگ. هەرگیز حەزی لە کۆڵەمەندەکان و لە تورکە عوسمانییەکان بە سوڵتانەوە حەزی لە کەسیان نەئەکرد. چونکە تەواو بۆی ساغبوو بووەوە چەند ساختەچی و فرۆفێڵاوین، والیی بەغداد بەتایبەتی داود پاشا کە بە هیممەتی مەحمود پاشا و گەلەکۆمەکی ئەو و مەزبەتەناردن بۆ بابی عالی بۆ دانانی بە والیی عێراق و کە داود خۆی گەیاندە سلێمانی و بەبێک لەوێ مایەوە تا فەرمانی دانانی بە والیی لە ئاستانەوە بۆ هاتەوە.

داود پاشا مەحمودی پاک و زیاتر دڵسۆز بۆ سوڵتان، کە گوایە خەلیفەی ئیسلامە و ئەم بڕوایە زیاتر لە ئایینی بەهێزی مەحمود بە ئیسلام هەڵئەقوڵا و ئەمەش زیاتر بیروبڕوای ئەورەحمان پاشای باوکی بوو بە ئایینی ئیسلام.

بەکورتی داود ئەیزانی عوسمان بەگ ڕێگا لە مەحمودی کاکی ئەگرێت کە هەموشتێک بە قسەی داود بکات. بۆیە چەندەهاجار زۆری لە مەحمود ئەکرد کە فەرمان دەر کات بۆ دانانی عوسمان بەگ بە قایمقامی کۆیە، هەر بۆ ئەوەی لە مەحمودی بڕای دوور بخاتەوە و ئیشی خۆی پێ جێبەجێ بکات.

هەموو جارێکیش عوسمان ڕەدی ئەدایەوە و ئەو پلەوپایەی قبول نەئەکرد، چونکە ئەیزانی، ئەگەر لە بن دەستی کاکیەوە نەبێت، داود بەتەواوی سواری سەری ئەبێت.

وەک مستەر ڕیچ ئەیگێڕێتەوە، پەیوەندیی بەینی مەحمود پاشا و عوسمان بەگ گەیشتە

پلەیەکی ئەوەندە ناخۆش مەحمود عوسمان بەگی لە هەموو مولکومالّی دوور خستەوە و دەستی بەسەردا گرت، هەر بە هاندانی داود پاشا، عوسمان بەگ سوور ئەیزانی لە کاکی دوور بکەوێتەوە، زیان و زووخانی ولاتی بابان و بنەمالّەکەی تیادایە.

ئاوا ماکینەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەڕێوە ئەچوو، جا وەک ڕێچ باسی عوسمان بەگ ئەکات و لە هەر سەردانێکیدا زیاتر کردەوە و ئاکاری بەدلّدا چووە. لە شیروەشاندن و لە سواری ولاخدا کەس نەیئەگەیشتێ، جگە لەوەی کە پیاوێکی قەلّەمڕێک بە پۆشاکی کشمیرەوە و بە ئەسپی عوبەیدی جوان و ڕەشیقەوە و بە دەمانچەی گوللەوەشێنی بەنرخەوە، کە هەموویانی بەوپەڕی تواناوە بەکار ئەهێنا، و زۆر بەڕێزو خۆبەخشییەوە لەگەل بەرامبەرەکەی ئەدوا.

ئەڵێی چی لەگەل ئەو مەحمود پاشایەی کە مستەر ڕیچ بەوپەڕی دڵسافی و ڕاستی و پاکییەوە باسی ئەکات و ئەڵێت،

لە ڕۆژهەلاتدا پیاوی بەم جۆرە گەورە و بەرز و ئەخلاق جوان و بەدیانەتم نەدیوە، بڕوا ناکەم لە ولاتە پێشکەوتووەکانیشدا ببینم، ئەوەتا. ئەم پیاوە گەورەیە کەوتۆتە ولاتێکی ئاواوە کە سولّتان و داود ئەفەندی و حالت ئەفەندی و والییەکانی تر کە باسمان کردن حوکمی ئەکەن. ئەمەش شانس و بەختی کورد، کە تاکو ئەمڕۆش کە سەدەی بیستویەک بەدەستی تورک و ئێرانەوە ئەنالّێنن.

عوسمان بەگ دوای خۆی کورێکی جێ هێشت کە ناوی حەمە ئەمین بوو، ئەویش لە هەلّسانەکەی عەزیز بەگی بابان لە شەڕی پیرمەسووردا، دژی عوسمانییەکان. ئەویش بریندارە ئینجا شەهید بوو.

عوسمان پاشای بابان

کوڕی مەحمود پاشای یەکەم. براگەورەی عەبدولڕەحمان پاشایە[٣١٣] ساڵی ١٢٠١ک/ ١٧٨٦ز دانرا بە حاکمی ناوچەی بابان، ئەم پیاوە بە قوج عوسمان بەناوبانگ بوو. ئەم بوو کە لەگەڵ مستەفاغای کوردی موتەسەلیمی بەسرە[٣١٤]و حاجی سلێمان بەگی شاوی دژی والیی سلێمان پاشا ڕێککەوتن، چونکە کابرایەکی لووت بەرز و توڕە و ڕێزی بەرامبەرەکەی نەئەگرت. لەپاشادا شاوی بۆ ئەوەی سەری خۆی ڕزگار بکات، چوو ئەو نامە و قسانەی لەبەینیاندا بوو، هەمووی بۆ والیی گێڕایەوە و نامەکەی عوسمان بەگی دایە دەستی. والییش ناردی بەشوێن عوسمان بەگدا و لە ماڵی خۆیاندا پێشوازی لێ کرد و فەرمانی دا کە قاوەیەکی ژەهراوییان بۆ هێنا. هەر کە خواردیەوە کوشتیی، لە مزگەوتی اعظمیە شاردرایەوە.

ئەم سلێمان شاوییە، دۆستی لەپێشی بابانەکان بوو، ئا بەوجۆرەش دۆستایەتیی خۆی نواند. چەندەها جاریش هاتوتە قەڵاچوالان، بۆ تکا یاخود وەک ڕوولێنەر، هەمو کاتێک ڕێزی گیراوە و بەدیاریەوە ڕەوانە کراوەتەوە. ئەوەیە وەفای سەرۆک عەشیرەتێکی بەناوبانگ، خۆی ڕزگار بکات و هاوڕێکەی پێوە بکات.[٣١٥]

---

٣١٣ ئەم پیاوە بەڕێزە، بە باپیرە هەرە گەورەی، حاجی حەمە بەگ و ئەحمەد بەگ و سەعید بەگ کوڕانی حەمە صالح بەگ واتە باپیرە گەورەی تەها بابان و ئەوانە.

٣١٤ موتەسەلیم زاراوەیەکی ئیداری عوسمانی کۆنە وەک محافظ موقت.

٣١٥ بابان فی التاریخ و مشاهیر البابانیین، لە مشاهیر الکردوەوە بەرگی دووەم بەلام بەداخەوە حاوی مردنەکەی بە نەخۆشی لەپڕ ئەداتە قەڵەم و بە مەرامی سلێمان پاشای والی- ئەبو لەیلە. بەم جۆرە ساختەکارییانە لەگەڵ مێژوودا ئەڕوات.

عەبدوڵڵا موصیب پاشا

عەبدوڵڵا مصیب پێنجەمین بابانیی تەرەفداری عوسمانی. برابچوکی ئەحمەد پاشا ئاخر ئەمیری بابان و کوڕی بچوکی سلێمان پاشایە.

لە لاپەڕەی سیرەی عەزیز بەگ بابان تفصیلاتی دژ وەستانی ئەم پیاوەی تیادایە بەرامبەر بە مەحمود بەگی ساحێبقران کە لە ڕێی بابانەکاندا کوژرا و دراسەیەکی باشی پێویستە سەرلەنوێ.

لەدوای ئەمە کە نەجیب پاشای والی بە معاونەتی ئەم برابچوکەی ئەحمەد پاشا ئەم عەبدوڵڵایە بە مەجبووری چوو بۆ ئەستەمبوڵ، لە مەقامی زیارەتی موکافاتدا بە ڕوتبەی میری میران کرا، بە قائممقامی سلێمانی. چوار ساڵێک لەم وەظیفەیەدا ما. لە ١٢٦٨ی هیجریدا ١٨٥١ز عەزل کرا و نێردرایە ئەستەمبوڵ. بە وەظیفەی قائممقامی و موتەصەریفی موددەتێک لە چلدر، وان، مەرعش، بنغازی، خەرپوط دا خزمەتی کرد و لە ڕەمەزانی ١٢٩٤ -١٨٧٧ز دا لە بەیروت وەفاتی کرد. سجلی عوسمانی.

مستەر ڕیچ لە گەشتەکەیدا چەند جار باسی عومەر ئاغا و زیرەکی و پایەی بەرزی ئاکاری و دڵسۆزی بۆ میرنشینی بابان ئەکات.

منیش ئەو زانیارییانەی ڕیچم لێرەدا کۆ کردۆتەوە. ئەم لاپەڕە زێڕینانەی ئەو پیاوە گەورەیەی لێ دەر چووە.

ڕیچ لە یادنامەی ڕۆژی نۆی تشرینی یەکەمی ١٨٢٠دا ئەڵێت،[٣١٦]

"ئەم ئێوارەیە عومەر ئاغا دڵخۆشی کردم کە بە لوولەکاغەزێکی درێژی پێچراوەوە خۆی کرد بەلامدا، کاغەزەکان وەک ئەو دوعایانە وا بوون کە ئەکرێنە مل، یان هەمیشە لەگیرفاندا هەڵئەگیرێن، ئەویش ئاوا لە دەفتەرێکی چەرمیندا بوو. لوولەکە بریتی بوو لە زنجیرە ناوی میرانی بنەماڵەی بابان، هەر لە ڕۆژگاری میر سلێمانەوە تا ئەمڕۆمان. زۆریش بەڕاستی سۆراخی کردبوو، تا لای کوردێک دۆزیبوویەوە. کە باپیرانی کردبوویان بە خوو، هەموو بەسەرهات و ڕووداوەکانیش لەو لوولەیەدا تۆمار بکەن. ئەمیش هەر چاوی لەوان کردبوو.

کاغەزەکان بە خەتی فارسی نووسرابوونەوە و ئەم کاغەزانە نرخێکی ئەوەندە گرانیان هەیە، نازانرێت چەندە، چونکە ئەوەندە زانیاری تێدایە، ئەگەر بەختم یار بێت و بەشەکانی تری ئەو مێژووە بەکەڵکەم چنگ بکەوێت، ئەبێتە ئەلقەیەکی تەواوکەر، بۆ مێژووی کورد. دەموودەست دەستم کرد بە وەرگێڕانی ئەمەی لەم لوولە موشەممایەدایە.[٣١٧]

لەجێگایەکی تردا مستەر ڕیچ نووسیویەتی ئەڵێت، لە سلێمانی سەرم لە دەستگاکانی دەوڵەت

٣١٦ گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان ساڵی ١٨٢٠ ل ٣٠٦ و ٣٠٧ و ٤٢٧ تاکو ٤٣٣. وەرگێڕانی بۆ کوردی. مامۆستا محەمەد حەمە باقی.

٣١٧ بە ڕاستی من گەلێک لە ڕیچی خوالێخۆشبوو شادمانتر بووم بەو لوولە مشەمایەی عومەر ئاغای پایەبەرز و مەزن و بەو کوڕە کوردە ساکارەی ئەو تۆمارگەیەی بابوباپیرانی گەورە و پایەبەرزانی بۆمانیان بەجێ هێشتووە و عومەر ئاغای موعجیزە گەیاندوویە دەست مستەر ڕیچ و ئەویش دەست ئێمەی خست. من لەلایەن خۆمەوە سەری ڕێز و نەوازش بۆ هەموویان دائەنەوێنم. ئەو لیستی زنجیرە بەنرخەکە لە کۆتایی ئەم کتێبەدا تۆمار کراوە. بە ڕاستی ئامۆژگاریەکیشە بۆ ئێمە و بەرەی داهاتوومان کە مێژووی خۆمان و باوباپیرانمان و کورد وون نەکەین و بەو شێوە جوانە بیپارێزین. (ج.ب).

دا، بۆ ئەوەی ئەو چەند گوندە بدەنەوە، کە بە شێوەیەکی ناشیرین لە عومەر ئاغایان زەوت کردبوو. ئەوانیش لەبەر خاتری من بەڵێنیاندا بیدەنەوە.

لەبەر ئەمە عومەر ئاغا بۆ وەرگرتنەوەی گوندەکانی، لە سلێمانی مایەوە. بەڵام زۆربەی پیاوەکانی لەگەڵ من نارد، نزیکەی دوو سەد کەسێکی ئەبێت و هەمووشیان ژیانیان لەسەر ئەوە. لە کوردستاندا بنەماڵەیەکی ئاوەها هەبێت ئێستا بێت و دواتر بێت، هەر ئەبێت ببێتە خێڵێک. دوان لەوانەی لای ئەو، فەقێ قادر و ئەورەحمان، عەبدولڕەحمان زۆر هۆگری من بوون. ئێتر هەر کوێ بچوومایە شوێنم ئەکەوتن، هەرچیم بکردایە ئەیان کردەوە، سەیری شتێکم بکردایە. گوێیان ئەگرت. پێشەکی سەیری دەموچاومیان ئەکرد، پاشان سەیری ئەو شوێنەیان ئەکرد، بەکورتی لە سێبەر نزیکتر بەدوامەوە بوون.[٣١٨]

ئەمشەو عەبدوڵڵای کوڕی بچوکی عومەر ئاغا گەیشتە چادرەکەمان حەوت سالان بوو، منداڵێکیشی لەگەڵدا بوو، زۆر لە خۆی گەورەتر نەبوو، مۆڵەتی لە باوکی خواستبووو بۆ ئەوەی لەگڵمدابێت، هەر لەدوای مۆڵەت وەرگرتنەکەش، لەسەر نان خواردن، خۆی لە باوکی دزیبوەوە و کەلوپەلەکەمانی کۆ کردبووەوە و کردبووی بە زینی ئەسپەکەیەوە و بەپەلە هاتبوو، تا بە یەک قۆناغ، ئەو ماوەیەی بڕیبوو، کە ئێمە بە دوو قۆناغ نەبووایە، بۆمان نەئەبڕرا[٣١٩].

دوای ئەوە لە لاپەڕە ٣٤٢- پەراوێزی شەشدا هاتووە: ئێتر لێرەبەدواوە ناوی ئەم کەسە شەریفەمان بەرچاو ناکەوێت. لە هەولێر لەگەڵ مستەر ڕیچدا لە یەکتر جیابوونەتەوە و پیاهەڵدانیش لە وەسفیدا، جێی خەمگینییە، بێدەنگی یادداشتەکانی مستەر ڕیچ یش نیشانەی دڵتەنگییە.

لە زۆر شوێنی تری یادداشتنامەکەیدا ڕیچ ناوی عومەر ئاغای بەڕێزەوە هێناوە و بەرچاو ئەکەوێت. بەڕاستی ئەم پیاوە لە پیاوە هەرە گەورەکانی ڕۆژگاری بابان بووە. منیش، نووسەری ئەم کتێبە، ئێستاش دوای هەوڵدانێکی زۆر بەداخەوە بنەماڵەکەمان بۆ ساغ نەبووەوە. لە خوای گەورە ئەپاڕێمەوە بەهەشتی بەرین شوێنی حەسانەوەی بێت.

---

٣١٨ گومانی تیادا نییە هەمووی بەگوێرەی ئامۆژگارییەکانی عومەر ئاغا بووە.

٣١٩ ل ٣٣١- ٣٣٢ سەرچاوەی پێشوو.

عەبدولقادر پاشای بابان

کوڕی سلێمان پاشای کوڕی برایم پاشایە. نەجیب پاشای والیی بە حاکمی بابانی دانا، دوای ئەوەی ئەحمەد پاشا دوور خرایەوە بۆ ئەستەمبوڵ. بەڵام عەبدوڵڵا بەگی برا بچوکی ئەحمەد پاشا قبوڵی نەکرد، ئەویش ساڵی ١٢٦٠ک/١٨٤٤ز ڕاستەوخۆ گەڕایەوە بۆ بەغداد.[٣٢٠]

ئەوەندەی من بۆم دەر کەوتووە. قادر پاشا عەبدولقادر پاشا ئەو پۆزشی هێناوەتەوە، لە شوێنی ئەحمەد پاشا بە قایمقام یا بە موتەسەریف دابنرێت و نەک بە میری وڵات.

هەروەها مێژوو لەگەڵ ئەم ڕووداوەدا یەک ناگرنەوە. چونکە ساڵی ١٢٦٠ک/١٨٤٤ز ئەگرێتەوە، ئەوسا ئەحمەد پاشا هێشتا حاکمی سلێمانی بوو. کۆتاییی حوکمی بابان لە ساڵی ١٨٤٧ وە دەست پێ ئەکات و ساڵی ١٨٥٠ بەتەواوی کۆتایی دێت.

ئەم قادر پاشایە باوکی مەجید پاشا و باپیری جەمیل بەگ و باقی بابانەکانی کفرییە.

دواتر، ئەمین زەکی بەگ ئەڵێت[٣٢١] لە گەورەپیاوەکانی بنەماڵەی بابانە. کرا بە موتەسەریفی درنە و باجەلان دوای عەبدولفەتاح پاشای بابان. دوای ئەوە پۆستی کۆیە و حەریری درایە و لەوەدوا وەفاتی کرد.

---

٣٢٠ مشاهير الكورد. بەرگی دوو. ل ١١١.

٣٢١ ل ٤٨/٢٥٦ مشاهير الكرد و كردستان فی العهد الاسلامی بغداد ٢٠١١.

عەلی غالب پاشا

کوڕی سلێمان پاشای ئەورەحمان پاشایە.

لە قوتابخانەی سەربازی عوسمانی- لقی مدفعیە لە ئاستانە خوێندوویەتی و لە سوپادا مایەوە و هەنگاو بە هەنگاو سەر کەوت تا گەیشتە پلەی میر لیوا سالّی ۱۳۰۷ک/ ۱۸۸۹ز فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا. تەمەنی لە شەست سالّ زیاتر بوو.[۳۲۲]

خوالێخۆشبوو تاهر بەگی جەمیل بەگی بابان سالّی ۱۹۵۲ بۆی گێڕامەوە،

عەلی پاشا ژنێکی گورجی هێنابوو بەلّام منالّی نەئەبوو، واتە نەزۆک بوو. لە عەزمی بەگی بیستبوو، کە عەلی غالب پیاوێکی هێجگار بەڕێز و ژنەکەشی زۆر خۆشویستووە. هەر بەم بۆنەیەوە یەحیا نەزهەت و ڕەجائی نەزهەت کوڕی ئەم عەلی پاشایە نین، چونکە ژنەکەی وەک وتمان منداڵی نەئەبوو، هەر ئەو ژنەیشی هێناوە."

۳۲۲ مشاهیر الکردو کردستان فی العهد الاسلامی. محمد امین زکی ل۱۵۲/۲۸۸.

عەزیز خانی موکری- عزیز خانی سەردار

دائرە المعارف الاسلامیە لە باسی ساوجبلاق- سابلاخدا ئەڵێت، "عەزیز خانی موکری کوڕی بوداق سوڵتان[٣٢٣]ی کوڕی فەقێ ئەحمەدە[٣٢٤].

حسێن حوزنی موکریانیش ئەفەرموێت، عەزیز خان لە بنەماڵەی بابا میری موکریانە[٣٢٥] لە گوندی دەستان لەدایک بووە. دەستان سەر بە سەردەشتی ئێلی گەورکە. لە سەردەمی بوداق سوڵتان بوداق خانی موکری، لەگەڵ قاجاریيەکاندا چووەتە تەورێزەوە. سوارچاکێکی ئازا و بەهەڵمەت بووە. بۆیە میرزا نەزەر عەلی حەکیم باشی بەدڵیدا چووە و خستیيە سوپای نیزامیی قاجارەوە، بە هۆی لێوەشاوەیی و ئەوپەڕی تواناوە وردەوردە سەر کەوت، تاکو گەیشتە پلەی پێشەوای سوپا.

کاتێک شەڕ لەبەینی قاجاریيەکان و ئەفغانەکاندا سااڵی ١٢٥٣ک/ ١٨٣٧ز نزیک هرات بەرپا بوو، هەر کە یار محەمەد خانی حاکمی ئەفغان داوای لە یەکێک لە پیاوە توانستەکانی کرد، حکومەتی قاجار عەزیز خانی هەڵبژارد کە توانیی لە ماوەیەکی کورتدا، هەردوو لا ڕێک بخات و گرژی لەبەینیاندا نەهێڵێت.

کاتێک سااڵی ١٢٦٣ک/ ١٨٤٦- ١٨٤٧ز عەزیز خان لەژێر فەرماندەی حسێن خانی ئاجودان کوردی گەڕوس بەرەو داپڵۆسینی جوواڵنەوەی شیراز دڕی حسێن خان خۆی چوو، لە کاتێکدا کە ژمارەی شۆڕگێڕان نزیکەی بیست هەزار ئەبوون. بەاڵم عەزیز خان بە تەنها ئەو پەنجا کەسەی کە لە گەڵیدا بوو، توانیی ئاساییش و بێدەنگی بەسەر شارەکەدا بسەپێنێوە.

دوای مردنی محەمەد پاشای قاجار و کە ناصرالدین شاە شوێنی گرتەوە و میرزا تەقی خان بە میری نیزام میری ئاساییش یاخود وەزیری ناوەوە دانرا. ئەم میرزا تەقییە برادەرێکی نزیکی عەزیز خان بوو. بۆیە بانگی کردە تاران و لەوێ دەست بەسەراگرتنی ئاساییشی پێ سپارد و

---

٣٢٣ ڕۆلەی بەناوبانگی بابان بوداق سوڵتان ناوی لە سەرەتای ئەم کتێبەدا هاتووە.

٣٢٤ مەبەستی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەیە

٣٢٥ میژوی ناودارانی کورد ل٢١٠- ٢١٦.

لای شاش هەوڵی بۆ دا، کە پلەی ئاجودان باشی- سەرۆکی یاوەرانی پێ بسپێرێت.

ئەو کاتیش کە جێگری ڕوسیا میر ئەلکساندەر سەردانی لیرەوانی کرد، ناصرەدین شاە عەزیز خانی نارد پێشوازی ئەمیر و پێشکەشکردنی دیاری بۆ بەڕێزی، هەر بەو ڕێگایەدا ئەو گرژی و توندوتیژییەی هەبوو لە زنکان ئەوەشی دامرکاندەوە و گەڕایەوە بۆ تاران.

ساڵی ١٢٦٧ک/ ١٨٥٠ز کە ناصرەدین شا ڕووی کردە ئەسفەهان. عەزیز خانی بە لێپرسراوی ئاساییشی پایتەخت دانا لە تاران. ئەویش زۆرباش توانیی لە سایەی ئەو هێزەکوردەی لەگەڵیدا بوو ئاسایش بپارێزێت، بۆیە کە شا گەڕایەوە تاران، ئافەرینی ئەڵماسی پێشکەش کرد و هەر لەو پلەوپایەدا هێشتیەوە، تا ساڵی ١٢٧٤ک/١٨٥٧ز. ئیتر دوای ئەو ساڵە.

کاتێک، کە پۆستی سەرەک وەزیران بە میرزا ئاغا خان- اعتماد الدولە سپێردرا و ئەم کابرایە حەزی لە عەزیز خان نەبوو بە کۆسپی دائەنا لە ڕێی پێشکەوتنی خۆیدا، بۆیە چاڵی بۆ هەڵئەکەند و لە دژی فیتنەیی بەرپا ئەکرد. بەوە گوناهباری کرد، لەگەڵ ئەمیری ڕوسدا گرێبەستێکی تایبەتی بۆ بەرژەوەندی کورد ڕێک خستووە، هەروەها لەلایەکی تریشەوە بە ڕێککەوتنێکی نهێنی گوناهباری کرد، کە گوایە لەگەڵ وەزیری ئینگلیزدا پێک هاتوون بۆ یەکگرتنی هەردوو ناوچە کوردییەکەی ئازربایجان و لوڕستان و ڕزگارکردنیان لەژێر دەستی قاجارەکان هەمووشی لە درۆ و دەلەسە و هەڵبەست زیاتر هیچی تر نەبوون، چونکە لە ڕاستیشدا ئاقا خان هەر هیچ نەبوو بەرامبەر بە کەسایەتی و پلەی عەزیزخان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەموو هەوڵ و تەقەللا ناچیزانەیەی ئەو کردنی، لە دژی.

بەکورتی ئەو دوژمنە ناحەزەی وەک ماری داچڵەکا و گینگڵی ئەدا بۆ پێوەدان، ئای لەدڵ کە بوو بە بەرد و ئای لە چاویش کە کەسی نەدی و پەردەی بەسەردا هات ئەوسا بەری ئاسمان هەمووی بە پەڵەهەوری چڵکن و تاریک ئەتەنرێت، تیشکی ڕۆژ بە جارێک ئەشارێتەوە، پرشنگی مانگ و ئەستێرەکان، هەر یەکە بەلایەکدا تەرە ئەبن. ئیتر دڵ چەند نەرم بێت هەر ئەبێت بە سەنگ، لە ئەنجامدا ئەو هەوڵ و تەقەللایەی اعتماد الدولە بەئەنجام گەیشت و بوون بە هۆی دوورخستنەوەی عەزیز خان.

عەزیز خان دوای خۆی جێماوی پڕ سوود و بەنرخی بەجێ هێشت، چارڕاهی عەزیز خان لە تاران گەورەترین بەڵگەی ئەم قسەیەی ئێمەیە[٣٢٦]،

منیش ئەڵێم، ئەم عەزیز خانە بەوەدا کە وەک سەرچاوەکان باسی ئەکەن، کوڕی بوداق سوڵتانی بەناوبانگ بووە، کوڕی ئەو شێرە ئەبێت هەروا بێت.

بەڵام ئەمین زەکی بەگ بە شێوەیەکی تر باسی عەزیز خان سەرداری گەل ئەکات ئەڵێت،[٣٢٧]

"ئەم پیاوە خزمەتکارێکی میرەکانی موکری بوو. لەگەڵ ئاغاکەیدا چۆتە تاران. لەوێ هەندێک لە میرە کاربەدەستەکان دیویانە و بۆیان دەر کەوتووە پیاوێکی ئازا و زیرەکە کە داوای

٣٢٦ میژووی ناودارانی کورد حسێن حوزنی موکریانی ل٢١٠- ٢١٦).

٣٢٧ ل٢٨٤- ١٣٣ مشاهیر الکورد کردستان فی العهد الاسلامی

خواستنی لە ئاغاکەیان کردووە. بۆیە لەوێ ماوەتەوە و دەنگۆی ئازایەتی و زیرەکی گەیشتۆتە ناصرالدین شاە بۆیە لە خۆی نزیک خستۆتەوە، فێری نووسین و خوێندنەوە بووە. ئیتر شاە گەیاندویەتیە پلەی وەزیر. هەر کە شۆڕشی بابیەکان لە زنجان دەستی پێ کرد و پیاوەکانی ئێران بەرامبەریان هیچیان پێ نەکراوە. شاە داوای لەم کردووە بچێت بۆ کوژانەوەی، شۆڕشەکە ئەویش چووە، بەتەواوەتی ئەو شۆڕشەی کوژاندۆتەوە. بۆیە شاە کردوویە بە والی ناوچەی ئازربایجان هەر بەم جۆرە ڕۆیشتووە تا مردن. کوڕێکی هەبوو عەلی خان لە ژیانی باوکیدا مرد، ئەویش کوڕێکی دوای خۆی بەجێ هێشت ناوی سیف الدین بوو نازناوی سەرداری موکری بوو. ئەویش زۆر زیرەک و ئاگاداری کاروبار و پسپۆڕ لە مێژوودا بوو. لە شەڕی جیهانیدا حاکمێکی کاربەدەستی سەرسنووری عێراق و ئێران بوو. تورکەکان ڕقیان لێ هەڵگرت لە شاری مەراغا ساڵی ١٣٣٤ک/ ١٩١٥ز بە گوللە کوشتیان.

محمود پاشای خالید پاشا

کوڕی خالید پاشا و برای سلێمان پاشای گەورەی قەلاچوالان و محەمەد پاشا و ئەحمەد پاشا. باوکی ئەوڕەحمان پاشایە...

ساڵی ١١٩٢ک/ ١٧٧٨ز، دوای ئەحمەد پاشای برای بوو بە پاشا و میری قەلاچوالان، دوای چەند ڕۆژێک بە لەشکرەوە لەسەر داوای والیی ڕووی کردە بەغداد بۆ کوژاندەوەی ئەو هەرایەی لە دەوروپشتی بەغداد پەیدا بوو. توانی بڵاوە بە ئاژاوەچییەکان بکات و دوای ئەوە گەڕایەوە کوردستان.

زۆری پێنەچوو، والیی نوێ سلێمان پاشا، دیسانەوە داوای لێ کردەوە فریای بکەوێت بۆ کوژانەوەی شۆڕشی دەوری بەغداد، مەحمود پاشا خۆی ئەم جارە نەچوو، بەڵکو عوسمان بەگی کوڕە گەورەی نارد، ئەمەش لە ساڵی ١١٩٣ک/١٧٧٩ز دا بوو. والیی بەمە ڕازی نەبوو کە وا مەحمود پاشا خۆی نەچووە بە دەنگییەوە و کوڕەکەی ناردووە هەر لەسەر ئەوە، والیی هێرشی بردە سەر ولاتی بابان.

مەحمود پاشا پیاوێکی ژیرو دنیادیدە بوو، نەیویست بە هۆی باییبوونی کابرایەکی واوە خوێن بڕژێت و وڵات و هاووڵات تووشی ماڵوێرانی و عەزیەت ببن، کشایە دواوە و ڕاست بەرەو ئێران بووەوە بۆ لای عەلی مورادخانی زەند کە هاودەمی بوو، ئەویش یەکسەر دای نا بە حاکمی سابڵاخ سەنتەری میرنشینی موکری. بەڵام میری پێشووی سابڵاخ بوداق خان ئەوەی لا خۆش نەبوو، بۆیە لەگەڵ مەحمود پاشا دا کەوتنە شەڕەوە، ساڵی ١١٩٨ک/ ١٧٨٢ز. گوللەیەکی وێڵ ڕاست ناوچاوانی مەحمود پاشای پێکا و یەکسەر کوشتی.

ئەم پیاوە زۆر هێمن و دووربین و ژیر بوو، وەک لەمەوپێش خوێندمانەوە، هەر وەک نەیویست خوێن لەگەڵ والیی بەغداد بڕژێت و بیکات بە شەڕ، شەڵلا لە ئێرانیش لەگەڵ بوداق خان تووشی ئەو شەڕە نەبووایە بەڵام وا دیارە، ئەو پیاوە گەورەیە، لە ئەنجامدا ئاوڕی بەلای ئەو بەیتە شیعرە عەرەبییەدا، داوەتەوە، کە ئەڵێت،

لیس نیل المرام بالتمني – لکن تؤخذ الدنیا غلابا بە خۆزگە ناگەیتە ئارەزوو بەڵکو بەهێز و

دەستوەشاندن ئەگەیتە مەرام.

بەم بارەشدا، ئەوەتا سەرت تیا ئەچێت. لەگەل ئەوەشدا ئێمە دوای ٢٣٢ سال مافی ئەم زیادەڕۆییەمان نییە چونکە لە چۆنیەتیی کاروباری ئەو ڕۆژگارە بێئاگا و دوورین و نابێت لە خۆمانەوە تەگبیری دوو سەدە و نیو لەمەوبەر بکەین.

بەڵام ئەوە ئەڵێین کە ناوی مەحمود پاشا لە گەلێک سەرچاوەدا بە گەورە و ژیر هاتووە.

وەک لەمەوپێش لەم کتێبەکەدا وتراوە، ئەم مەحمود پاشایەی مامی برایم پاشا، ساڵی ١٧٨١ واتە ٣-٤ ساڵ پێش دروستکردنی سلێمانی لەسەر گردێک کە مولکی خۆی بوو، لە ناوەڕاستی ئەو گردەدا قشڵە-ئوردوگا- معسکرێکی بۆ سوپاکەی خۆی دروست کرد هەر بە گردی قشڵە ناوی دەر کرد. حکومەتی کوردستان ساڵی ٢٠٠٢ ئەو گردە میژووییەی کە نیوەکەی تری بریتی بوو لە گردی سیلۆنا میژووین کە جێماوی ٧-٨ هەزار ساڵ پێش ئێستا بوو، بەبەلاش فرۆشتی بە کابرایەک کە گومان لە فرۆشتنەکەی بەو جۆرە ئەکرێت و بوو بە کاسۆمۆڵی ئەمڕۆ. بەڵام ئەو پاروووە چەورە هەرگیز وا بەئاسانی قووت ناچێت. خاوەنی خۆی کە بابانەکان و دانیشتوانی گەلی کوردی بەڕێزی سلێمانین لەسەر گێڕانەوەی حەق بۆ خاوەنەکەی بەردەوامن و واز ناهێنن.

محمود پاشای بابان کوڕی ئەورەحمان
پاشا ١٨١٣- ١٨٣٤[٣٢٨]

مەحمود پاشا کوڕە گەورەی ئەورەحمان پاشایە[٣٢٩] دوای باوکی و لە سەردەمی سەعید پاشا کوڕی سلێمان پاشا[٣٣٠]ی والییدا بوو بە حاکمی ولاتی بابان، بەڵام دوای ئەوەی سەعید پاشا لە والییەتی خرا و دوای ئەوەش کوژرا، داود پاشای بەناوبانگ ١٨١٦- ١٨٣١ هاتە شوێنی ئەویش بە یارمەتی مەحمود پاشا چونکە داود پێش ئەوە هاتە سلێمانی و هاوین لای مەحمود پاشا مایەوە، هەتا هەموو شتێکی بۆ ڕێک خست، بەڵام ئەو کابرایە ئەمانەی لە بەرچاو نەبوو. جا با بزانین مەحموود پاشا چەند جار لا برا.

لە سەردەمی والیی سەعید پاشادا و لەسەر قسە و تێچینی کابرایەکی وەک حمادی أبن عقلین لا برا و عەبدوڵڵا پاشای مامی خرایە شوێنی، بەڵام کە داود پاشا هات، مەحموودی گەڕاندەوە شوێنی خۆی.

لەبەر ئەوەی مەحمود لە والیی پشتئەستوور نەبوو، نەیئەوێرا، بەتەواوەتی پەیوەندیی لەگەڵ ئێران ببڕێت تاکو لە گێچەڵ و شەڕفرۆشتنیشیان بەدوور بێت، لەسەر ئەوە داود پاشا، لای برد و حەسەن بەگی برای خستە شوێنی، بەڵام مەحمود هێزی شازادە محەمەد عەلی میرزای لە ئێرانەوە هێنا و هێزی والیی بەغدادش بە یارمەتی عەبدوڵڵا پاشای بابان هات، لە کەرکوک بەرامبەر یەک وەستان لە ئەنجامدا، داود ناچار بوو مەحمودی دانایەوە.

محەمەد علی میرزا قسەی(بەڵێنی) بە عەبدوڵڵا پاشای بابان دابوو، کە لەسەر تەختی سلێمانی دای بنێت، بۆیە هێزێکی دایە، هێنای و لەولایشەوە داود هێزێکی ناردە دەربەند لە ئەیلولی ١٨٢١ دا و سوپای عەبدوڵڵا پاشاش لە شارەزوورەوە بە یارمەتی کەیخوسرەو بەگی جاف هاتن، لە

---

٣٢٨ دیسانەوە ئەم ماوەیە حوکمی ئەمیش بە شێوەیەکی پچڕپچڕ بوو.

٣٢٩ وەک لە شوێنی خۆیدا باسمان کرد

٣٣٠ ئەم والیە، شێت و شەیدای مملوکیک بوو، کە حمادی أبی عقلینیان پێ ئەوت، هەرچی ئیشوکاری دەوڵەت هەیە تەسلیمی ئەم کابرایەی کردبوو. بۆیە لە ئەنجامدا خۆشی بەکوشت چوو.

قەرەگۆل سوپای هەردوو لا دایان بەیەکدا، دوای ئەوەی سوپای بابان و کەتخودا نەخۆشییان تێ کەوت، بۆیە ئەمان شکان و مەحموود لا براو عەبدوڵڵای پاشای مامی لە شوێنی دانرا، بەڵام ئەم جارە مەحمود بە یارمەتی داود پاشا و والیی دیاربەکر هات لە کەلی سەگرمە لەگەڵ سوپای عەبدوڵڵا پاشا لە یەکیان دا و ساڵی ١٨٢٢ مەحمود گەڕایەوە سەر تەختی پاشایی.

ئەم ڕۆژگارە زۆری نەبرد چونکە نەخۆشی ڕشانەوە بڵاو بووەوە، بە جۆرێک زۆری خەڵکەکەی لەناو برد و ئەوانی تر سەری خۆیان دەر کرد، ڕایان کردە چیاکان، ئا لەم کاتە پڕ سەغڵەتی و ناهەمواردا عەبدوڵڵا پاشای مامی بە فرسەتی زانی، سوپای ئێرانی هێنایە سەر سلێمانی، مەحموودیش نەیئەتوانی بەرەنگاربیان بکات، لەبەر ئەوە بەناچاری ڕووی کردە کەرکوک و لەسەر تکای شازادە داود پاشای والیی، عەبدوڵڵا پاشای لە سلێمانی دانا، بەڵام مەحمود، عوسمانی برای نارد لای عەببباس میرزای میر زادە- ولی عهد کە لە تەورێز بوو، ئەویش سوپای دایە و هاتن عەبدوڵڵا پاشایان دەر پەڕاندەوە و مەحمودیان لە ساڵی ١٨٢٣ لە جێی دانایەوە.

بێگومان ئەم هاتنەوەیەی مەحمود بە یارمەتی ئێران، شتێکی قورسە بەلای والییەوە و بۆی قووت ناچێت، بۆیە ئەم جارە داود پاشا بە تێچاندنی حەمە پاشای ڕەواندز کە ئەویش سوپای گەیاندە قەمچوغە لای سوورداش و مەحمودیش بە یارمەتی ئێران سوپای ڕەواندزی گێڕایەوە دواوە. لەم ساڵەدا، کە١٨٢٤ بوو، سلێمان پاشای کوڕی برایم پاشا کە لە کرماشان مرد و هەروەها خالید پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشا، مەحموود لاشەی براکەی کە خالید بوو لە مزگەوتی گەورە شاردەوە، بەڵام داود هەر وازی نەهێنا، ئەم جارە محەمەد پاشای کوڕی خالید پاشای برازای بە هێزێکەوە نارد سەری.

مەحموود توانای بەرگری و شەڕی نەمابوو، ولاتەکەی وێران بوو بوو. ناچار ڕووی کردە قزڵجەی لای پێنجوێن و لەوێوە عوسمانی برای نارد‌ەوە بۆ ئێران بۆ داوای یارمەتی، ئەوانیش زوو بەدەنگییەوە هاتن، ناچار محەمەدی کوڕی خالید پاشا سلێمانی بەجێ هێشت و لە ساڵی ١٨٢٥دا ڕووی کردە کەرکوک.

لە کاتێکدا کە مەحموود خەریکی دەرپەراندنی سوپای حەمە پاشای ڕەواندز بوو لە ناوچەی سووراشدا، ئەم جارە سلێمان بەگی برای مەحموود پاشا، دەستی خۆی وەشاند و هەندێک لە سوپای کاکی هەڵگێڕایەوە و هات لەسەر کورسییەکەی براکەی دانیشت. کاکیشی ئەم جارەش پشتی بە ئێران بەستەوە و هێزێکی لە ئەردەڵانەوە هێنا و سلێمانی سەندەوە و سلێمانی برای کشایەوە بۆ گلەزەردە ئەویش وازی لێ هێنا و دوای نەکەوت.

سلێمان بەگ هەر وازی نەهێنا دیسانەوە لەژێرەوە کنەی لە سوپای کاکی دا، تا ئەم جارە، بە هۆی ئەو هێزەوە مەحموودی دەر پەڕاندەوە، مەحمودیش چۆوە بۆ ئێران، سوپای لەوێوە هێنا، سلێمانی لێ دەر پەڕاندەوە. سلێمان چوو بۆ زەهاو لەوێوە داوای لە داود پاشای والیی بەغداد کرد، کە یارمەتی بدات، داود زوو پلەی میری میرانی پێ بەخشی و یارمەتی دا.

سوپای مەحمود و سوپای والیی بەغداد لە قەرەگۆل خوار عەربەت لەسەر چەمی تانجەرۆ لەیەکیان دا، مەحمود شکا و ڕووی کردەوە ئێران. لەوێوە سوپای عەباس میرزای جێنشینی هێنا و لە ساڵی ١٨٣٠دا دەستی گرتەوە بەسەر سلێمانیدا و سلێمان پاشاش ڕووی کردە زەنگاباد و لەوێوە سەری کردەوە بە کۆشی والیی داود پاشادا.

سوپای والیی هات مەحمودی دەر پەڕاندەوە ئەویش ڕووی کردەوە ئێران و سوپای عەبباس میرزای هێنا و لە نالێپارێز لەگەڵ سوپای سلێمان پاشادا لەیەکیان دا و مەحمود بەپاشایی لە ساڵی ١٨٣١دا گەڕایەوە سلێمانی.

سلێمان پاشا چوو بۆ کفری لەوێوە سوپای والیی هێنا، مەحمودی دەر پەڕاندەوە، ئەم جارە مەحمود هیچی بۆ نەکرا، بۆیە ڕووی کردە ئاستانە، بەم جۆرە ڕۆژگاریش خۆی دا لە ١٨٣٤.

بەو باسانەدا کە لەمەوبەر خستمانن پێش چاو[٣٣١] ئەم شتانەمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە،

یەکەم، زیادکردنی دەستدرێژی و لوت ژەندنی ئێرانییەکان لە کاروباری وڵاتی بابانداا.

دووەم، سەوزبوونی تۆوی براکوژی ناو بابانەکان بە جۆرێک کە وێنەی نەبووبێت، ئەویش بە هۆی بێدەسەڵاتی مەحمودەوە، یاخود ڕاستتر بە هۆی لێبوردن و هەست و بەزەییەوە بەرامبەر بە برا و خزم و کەسوکاری، کە ئەمەش لە سیاسەتدا هەندێک جار ئەنجامی پێچەوانە ئەدات بەدەستەوە، دەسا هەرواش بوو کە دیمان.

سێیەم، ڕقهەستانی والیی بەغداد بەرامبەر بە دەست درێژییەکانی ئێران بۆ ناو کوردستان.

چوارەم، سەرهەڵدانی هێزی حەمە پاشا لە ڕەواندز، کە کاری ئەکردە سەر ڕووداوی ناوچەکە، دوای ئەویش کاری هێزی پێگەیشتووی عەشیرەتی جاف لە هەندێک ڕووداودا.

بۆ ڕوونکردنەوە و تێگەیشتنی بارودۆخی ئەوسای سلێمانی و ڕەوشتی مەحمود پاشا، بێگومان سەرچاوەمان لە کتێبەکەی ڕیچ[٣٣٢] بەهێزتر دەست ناکەوێت، کە لە ساڵی ١٨٢٠دا لە سەردەمی پاشایەتیی مەحمودا چۆتە سلێمانی و نزیکەی سێ مانگ لەوێ ماوەتەوە، هەرچیەکی بینیوە بەوردی نووسیویەتی، چونکە ئەو تێبینییانەی ئەو سەرخاڵ- ڕوؤس النقاط بوون، فریای ئەوە نەکەوتووە لە نووسینەوەیدا جارێکی تر، کە بیکات بە کتێب دەستکاری و لایەنگیری تێدا بکات. ئەڵێت،

---

٣٣١ کە سەرچاوەکانی محەمەد ئەمین زەکی تأریخ السلیمانیه وانحائها و عبدالعزیز نوار لە تأریخ العراق و شێخ محەمەدی خاڵ لە الشیخ معروف النودهی البرزنجی بوون.

٣٣٢ کلودیوس جیمس ڕیچ باڵیۆز یاخود مقیم ی ئینگلیز بوو لە بەغداد، لەو ساڵانەدا، کە چۆتە سلێمانی بە میوانی، هەرچیەکی دیوە وەک خاڵی گەورە لای خۆی نووسیونی بۆ ئەوەی لە بیری نەچنەوە، لە دواییدا بیانکات بە بەرگێک یاخود چەند بەرگێک، بەڵام ئەو پیاوە مرۆیەکی خاوەنهەست بوو، کە لە شیراز نەخۆشی ڕشانەوە بڵاو بووەوە، خۆی چونکە دەستی پزیشکی هەبوو، چوو بۆ یارمەتی، کەچی خۆیشی تووش بوو مرد. ژنەکەی نەیهێشت ئەو یادداشتە بفەوتێت چاپی کرد.

یادداشتی ڕۆژی ٨/ نیسان/١٨٢٠

پاشا پیاوێکی بچوکی کورتەبالا بوو، مەبەستی مەحمود پاشایە. لەبارەی ولاتەکەیەوە قسەی بۆ ئەکردم و ئەو ژیانە کولەمەرگییەی دەر ئەخست کە بە هۆی کەوتنە سەر سنووری دوو هێزی ناحەز بەیەکتر، تێدا ئەژین، لایەکیان داوای باج و سەرانەت لێ ئەکات، ئەوی تر کە ئاغامانن زۆرمان لێ ئەکەن، کە ئاوڕیان لێ نەدەینەوە، بەبێ ئەوەی خۆشیان بتوانن بمانپارێزن لە دەست دڕێژییان، بەڵام وای بۆ دەر کەوت کە لەبەر هەندێک هۆی ئایینی پاشا مەیلی زیاتر بەلای عوسمانییەکاندا بوو، لە کاتێکدا کە زۆربەی دانیشتووانی ئەم ولاتە حەزیان لە عوسمانییەکان نەئەکرد و بڕوایان پێیان نەبوو، چونکە سیاسەتێکی کوێرانەی پڕ فڕوفێڵ و کەللەشەقانەیان هەبوو، ئەیانتوانی بە ڕوویەکی خۆش و ڕێزگرتنی کوردەکان، کە حەزیان لە ئێرانییەکان نەبوو، پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ئەم میللەتە ئازایەدا بەهێز بکەن و بیهێننە پاڵ خۆیان بە هەموو جۆرێک هەر لایە فێڵی لەوی تر ئەکرد و بە هەمووشییان فێڵیان لە ئاستانە ئەکرد.

ڕۆژی ١٠/ مایس/١٨٢٠

چوومە لای پاشا، ژووری دیوەخانەکەیم لا جوان و خۆشبوو، بۆیە وتی خوالێخۆشبوو باوکم دروستی کردووە و هێشتا پێویستی بە دەست پیاهێنانەوە هەیە، بەڵام ئایا کێ دێت ئەمە بکات؟ لە کاتێکدا کە دڵنیا نییە لەوەی ئایا تیایدا دائەنیشێت یاخود دوای چەند ڕۆژێک ئێرانییەکان یاخود عوسمانییەکان دێن و ئەدەن بەسەریدا.

ڕۆژی ١/حوەزیران/ ١٨٢٠

ڕۆستەمە فەنی هات بۆ سلێمانی، حەسەن بەگی پێ بوو، ئەو حەسەن بەگەی، کە والیی لەخشتەی بردبوو لە کاکی هەڵگێڕابووەوە، لە دواییدا بەبێ مەرج دایەوە دەستی، بەڵام حەسەن بەختی یار بوو، کە براکەی نە ئێرانی و نە عوسمانی بوو، شاری سلێمانیش هەموو ئەوپەڕی ڕقیان بەرامبەر والیی پیشان ئەدا، کە بەو جۆرە ئەو پیاوەی ناردەوە، ئەم حەسەن بەگە دایکی جافە و خوشکی کەیخوسرەو بەگە، بەڵام مەحموود پاشا و عوسمان بەگ و سلێمان بەگ دایکیان یەکە و بابانە.

ڕۆژی ٢/ حوزەیران ١٨٢٠

داود پاشای والیی لای پیاوێکی کورد سوێندی خواردبوو بەم جۆرە سوێند بە خوا و بەسەری یوسفی کوڕم، کە وا مەحمود پاشا وەک یوسف سەیر ئەکەم، باوک چەند ڕۆڵەی خۆی خۆش ئەوێت، منیش ئەوەندە ئەوم خۆش ئەوێت و هەرچییەکی بوێت بە هەموو دڵێکەوە بۆی جێبەجێ ئەکەم ئەمە لە کاتێکدا کە لەژێرەوە خەریکی هەڵگەڕاندنەوەی حەسەن بەگی برای بوو لێی، ئەم ڕەوشتە هیی گشت پیاوە گەورەکانی عوسمانی بوو.

ڕۆژی ١/ تەممووز / ١٨٢٠

کە مەحمود پاشا بڕیاری دا، ئیتر هەر لەگەڵ عوسمانییەکاندا بێت، خۆی و عەبدوڵڵا پاشای مامی و عوسمان و سلێمانی بۆ هەموو لەسەر دەستی شێخ خالید[٣٣٣] سوێندی دڵسۆزییان بۆ مەحمود پاشا خوارد، هەمووش سوێندیان بە شیر و بە قورئان خوارد، هەرکامێکیان، نامەیەکی لە ئێران یاخود والیی عوسمانییەوە بۆ هات، لە مالّی شێخ خالید و لە بەرچاوی هەمووان بکرێتەوە. ئەوەندەی نەبرد عوسمان بەگ نامەیەکی لە شازادەی ئێرانەوە بۆ هات. کە وا پاشایەتیی سلێمانی ئەداتێ، گورج براکانی ئاگادار کرد، عەبدوڵڵا پاشاش نامەیەکی هەر لەو بابەتە بۆ هات، بەڵام شاردیەوە، والیی بەغداد بەو نامەیەی زانیبوو. بەهەڵەداوان لە بەغدادەوە یەکێکی نارد و پاشای ئاگادار کرد، ئەویش لە ئەنجامی ئەوەدا، مامی بەند کرد و فرێی دایە بەندیخانەوە[٣٣٤]

ڕۆژی ١٠/ تەممووز / ١٨٢٠

لەگەڵ پاشادا قسەمان ئەکرد، خیانەتی مامی زۆر کاری تێ کردبوو، بەو جۆرە هەست و دڵسۆزی و پاکییەک ئەو کردەوەیەی مامی ئەگێڕایەوە، بڕوا ناکەم هەرگیز ئەو جۆرە هەستەم لە ڕۆژهەڵاتدا دی بێت، ئەترسم لە ولاتە پێشکەوتووەکانیشدا نەیبینم.

---

٣٣٣ مەبەستی مەولانا خالیدی نەقشبەندییە.

٣٣٤ عەبدوڵڵا پاشا وەک لەمەوپێش باسمان کرد بەداخەوە ئەوپەڕی گەندەڵ و ڕووڕەش بوو، بەڵام ئەوەش هەمووی بە هۆی بەڕەحمی و بێ زەبروزەنگی مەحمود پاشا خۆی بوو، تووشی ئەم هەموو کۆسپانە ئەبوو.

ڕۆژی ١٤/ تشرینی یەکەم/ ١٨٢٠

چوومە لای پاشا بۆ سەرەخۆشی و پرسە بە بۆنەی مردنی ئەحمەدی کوڕیەوە بە ئاولە. ڕوانیم دڵی لەوەدا بوو شەق بەرێت لەتاو کوڕەکەی، بەڵام خۆشی ئەخواردەوە بەئارام و غەمهەڵگر بوو بە جۆرێک ئەم دیمەنە کاری تێ کردم، وام ئەزانی کوڕی منە و مردووە. لە هیچ وڵاتێکدا پیاوێکی ئەوەندە بەڕێز و خاوەن هەستی ناسکم نەدیوە، پیاوێکم نەدیوە ئەوەندە ژن و منداڵی خۆی خۆش بوێت.

ڕۆژی ٢٥/ تشرینی یەکەم/ ١٨٢٠

پاشا هەموو پەیوەندییەکی لەگەڵ عوسمان بەگی برایدا بڕی و هەموو دەسەڵات و موڵکەکانیشی لێ سەندەوە، ئەمەش هەمووی بە هۆی فڕوفێڵ و لەخشتە بردنی عوسمانییەکانەوە بوو[٣٣٥]

ئا بەم جۆرە ئەم بنەماڵە نەگبەتە بە قسەی ئەم و ئەو کەڵەک و ساختەی دراوسێکانییەوە، مااڵی خۆیان وێران ئەکەن، ئەگەر ئەمانە یەک بن، کەس نییە بتوانێت بەزۆر لووت بژەنێتە کاروباری کوردستانەوە. مەحموود پاشا لە ڕاستیدا پیاوێکی خۆشەویست بوو، من هەمیشە لەیادم ئەبێت، ڕووی پاکی ئاوێنەیە بۆ دڵسۆزی و ساویلکەیی و بێگەردیی دڵی. بڕوام نەئەکرد لە ڕۆژهەاڵتدا پیاوێکی وەها ببینم، هەروەها ئەترسم پیاو مرۆیەکی تری وەهای دەست نەکەوێت مرۆیەکی جوانپاک و دڵڕاکێشەری بەم جۆرە.

ئەم پیاوە هەموو گیانی هەستێکی پاکە، وا بزانم یەکێکی تر، کە ڕەوشتی وەک ئەو بەرز نەبووایە، گەلێک بۆ حوکمی کوردستان لەبارتر ئەبوو، چونکە مەحمود پاشا ئەو پێشەوایە نییە، کە لە وڵاتێکی وەهادا دەر بەرێت. ئەو ڕەوشتەی ئەو هەر بۆ ئەوە باشە دانیشێت ژیانێکی تایبەتی بۆ خۆی بەسەر بەرێت، بڕوای ئەوەندەی بە خەڵکە، ئەوەندە بە خۆی نییە، یاخود خۆی زۆر بەکەم دائەنێت، هەرچەندە لە مەیدانی شەڕدا ئازایە، بەڵام هێشتا جورئەتی کەم بوو، ئایین وای لێ کردبوو کە گوێ نەداتە خەتەر، هەرچەندە خۆی نموونەی ڕاستی شەرافەت بوو، بەڵام پێچوپەنا و فڕوفێڵی نەئەزانی، خۆشبڕوایەکی تەواو بوو، زوو خراپەکردنیشی لە دژی خۆی لەبیر ئەچوەوە.

لە کۆتای گەشتەکەیدا ڕێچ ئەڵێت،[٣٣٦]

---

٣٣٥ خۆشبڕوایی ئەم پیاوەی تووشی زۆر شتی تری کرد

٣٣٦ لاپەڕە ٢٣١ ڕحلە ڕیچ.

ئا بەم جۆرە و بەداخێکی قوڵەوە کوردستان بەجێ ئەهێڵم، هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووم پیاوی ئاوا باش ببینم کە لە هەموو ڕۆژهەڵاتدا وێنەیان نییە، هاوڕێم تێدا پەیدا کرد، بە هەموو دڵسۆزییەکەوە و بەوپەڕی ڕووخۆشی و دڵفراوانییەوە لەگەڵمدا جووڵانەوە، ئەترسم ئەم ڕەوشتە لە شوێنێکی تر لەم گەشتە سەختەما نەبینمەوە، بۆیە ئەم ڕۆژگارەی لێرە ڕام بوارد نەخشەکەی هەتا بمێنم لە دڵمدا ئەمێنێت[٣٣٧]

ئەنجام: مەحمود پاشا، کە دوای باوکی بە میری بابان هەڵبژێردرا. ئەیویست هەموو بابانەکانی بەغداد و سلێمانی و کرماشان و شوێنەکانی تر لە سلێمانی کۆ بکاتەوە و یەکیان بخات تاکو کەسیان نەبن بە کوتەکی دەستی ئێران و عوسمانی دژی کوردستان و دژی بابان.

مەحموودێک ئەمەندە ڕەوشتی بەرز بێت و ئەمەندە دڵسۆزی مال و منداڵ و کەسوکاری خۆی و ڕۆڵەکانی میللەتەکەی و وڵاتەکەی بێت، چۆن ئەوەندە لەشکری بێگانە ئەهێنێتە سەر وڵاتەکەی، بۆ سەر برا و مام و ئامۆزای؟

بۆچی ئەمە ئەکات و چی پاڵی پێوە ئەنێت؟ تۆ بڵێی ئەوەندە حەزی لە کورسی کرد بێت، کە ئەمەی بۆ بکات؟.

ئێمە هەرگیز لەو بڕوایەدا نین، بۆیە ئەڵێین، هەرچییەکی کردبێت لە ڕێی وڵاتدا کردوویەتی و بۆ حەسانەوەی میللەتەکەیە، ڕەنگ هەیە ئەوانەی ئێمەش وتمان، لە سەرچاوەکانییەوە زیادڕۆیشتن (مبالغە)یان تێدا بێت و هێجگار بەو جۆرەش نەبووبێت کە ئەڵێن، یاخود بە کێش و سەنگ و تەرازووی ئەو ڕۆژە، ئەوانەی کردوونی لەجێ بوون بە حەق و ڕاست و تەواوی زانیون، بەرامبەر بەو ئاگرەی کە ئەو پیاوە و میللەتەکەی لە ناوەڕاستیاندا لە ئەشکەنجە و ئازاردا بوون.

دواقسە، ئەو بەڕێزەی ئەیەوێت لەم پیاوە و لەوکاتەی کە جڵەوی حوکمی بەدەست بووە و لە ئاکار و هەموو جووڵانەوەیەکی لەگەڵ براکانی و مامی و لەگەڵ میللەت و بەرامبەر بە والیی بەغداد داود پاشا و لەگەڵ ئێراندا و لە گەڵێک زانیاریی تر تێ بگات. تکایە کتێبەکەی مستر ڕیچ کونسوڵ یاخود باڵیوزی ئینگلیز لە بەغداد بخوێنێتەوە، لەژێر ناوی رحلة ريض في العراق سنة ١٨٢٠ وەرگێڕانی پایەبەرز بهاالدین نوری موتەسەریفی هەرە پێشووی سلێمانی و لە دواییدا وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی و دوای ئەوە باڵیوزی عێراق لە وەزارەتی دەرەوە، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە بۆ عەرەبی، وەرگێڕانێکی جوان و ڕەوان چونکە خۆشی کورد بوو، زیاتر خۆی لەگەڵدا ماندوو کردووە بۆیە بەو شێوە بەرزە دەر چووە.

دوای ئەو مامۆستای مێژووناس و قەڵەم ڕەنگین حەمەی حەمە باقی لە عەرەبیەوە، وەری

---

٣٣٧ تۆ بڵێی وەک هەندێک ئەڵێن، ئەم پیاوە استعماری بوو بێت، کە ئەم قسانە ئەکات یاخود ئیشی بە کورد بووبێت! چونکە ئەمڕۆ ئەگەر بێگانەیەک ستاییشی یەکێک بکات، ئەڵێن ئەوە ئیشی پێیەتی و ئەیەوێت بیکات بە کلکی خۆی. نووسەری کتێبی داود پاشا والی بغداد- دکتور عبدالعزیز ابو نوار شەکرێکی لەم بابەتە شکاندووە.

گێڕاوە بۆ کوردی وەرگێڕانێکی پوخت و پاراو. دەستیان خۆش بێت و هەزار چەپکەگوڵی ڕازاوە و بۆنخۆش بۆ گڵکۆی مستەر ڕیچ، کە ئەو هەموو زانیارییە بەنرخەی لە بابەت کوردستان و بابانەوە لەو گەشتەیدا پێشکەش بە ئێمە کردووە و هەزار ئافەرین بۆ مادام ڕیچیش، کە دوای مردنی لەبریی مێردەکەی بە نەخۆشیی ڕشانەوە لە احوازی ئێران نەیهێشت ئەو ڕەشنووسە هەرە بەنرخەی مێردەکەی بفەوتێت و بەچاپی گەیاند. هەروەها سەیری نامیلکەی کەسایەتیی مەحمود پاشای بابان بکات نووسین و وەرگێڕانی تەها بابان. ساڵی ٢٠١٥ لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری ڕۆشنبیری بابان و سەیری مەحمود پاشای بابان ١٨١٣- ١٨٤١ نووسینی مامۆستا عومەر ئیسماعیل مارف چاپی یەکەم ٢٠١٥ بکات کە لەسەر ئەرکی سەنتەری ڕۆشنبیریی بابان بەچاپ گەیەندراوە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ دەورودوکانی ئەو ڕۆژگارانە بکرێت کە بە پەیڕەوکردنی ڕەوتێکی عەشایەریدا غەرق بووبوون بەبێ ئەوەی هیچ بایەخ و ڕێز بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی تر دابنرێت، بۆیە لە هەموو جموجووڵێکیاندا پەیڕەوی لەشکرکێشییان زیاتر بەبیردا نەئەهات و فرسەتیان لەدەست خۆیان نەئەدا، بۆ مانەوەی خۆیان ئینجا بۆ پاراستنی ئاساییش و سنووری وڵاتەکەیان.

د. عەلی ئەلوەردی لە لمحاتدا، سەرکەوتن و مانەوەی هەرە بەهێزەکانی مێژوو وەک جەنگیز خان و هۆلاکۆ تەیموری لەنگ بۆ بەکارهێنانی هێز و فرسەت لەدەست نەدان ئەگێڕێتەوە، کە ئەو نووسەرە گەورەیە تا ڕادەیەکی تەواو ڕاست ئەکات و ڕووداوەکانی ئەم کتێبە ئەوە ئەسەلمێنێت.

مەحمود بابان

کوڕی جەمیل بابان کوڕی مەجید پاشا کوڕی عەبدولقادر پاشا کوڕی سلێمان پاشا کوڕی ئیبراهیم پاشای بوونیادنەری شاری سلێمانییە. سالّی ١٩٢٠ لە کفری چاوی بۆ ژیان هەڵهێناوە.

لە کفری سەرەتایی و ناوەندی و لە بەغداد دواناوەندی و کۆلێجی حقوقی تەواو کردووە. دوای تەواوکردنی کۆلێجی ماف بە لێکۆڵێرەوەی داد، دوای ئەوە نائب حاکم و لەم پلەیەدا لە ١٩٤٧ وە تاکو ١٩٥١ مایەوە.

لە خولی سیانزەیەمی پەرلەمانی عێراقیدا لە ٤ی کانونی دووەمی ١٩٥٣ تا ٢٨نیسانی ١٩٥٤ بە نوێنەری ناوچەی کفری. جارێکی تر لە خولی پانزەیەمی عەینی پەرلەماندا ٦ ئەیلول ١٩٥٤ تا ٢٧ ئازار ١٩٥٨ و لە خولی شانزەیەم واتە دواییین خول ١٠ ئایار ١٩٥٨ کە پەرلەمان لەو خولەدا تەنها ئەوە لە ١٠ ئایار ١٩٥٨ کە لە ٩ حوزەیرانی ١٩٥٨ دا کۆ بووەوە. دوای ئەوە لەدوای شۆڕشی ١٩٥٨ ئیتر پەرلەمان نەما لەو خولانەدا هەمووی نوێنەری کفری سەر بە لیوای کەرکوک بوو.

مەحمود بابان بۆ یەکەم جار و لە ماوەی نوێنەرایەتییەکەیدا، لە پەرلەمانی عێراقیدا، لە وەزارەتی عەبدولوەهاب مەرجاندا کە لە ١٩٥٧/١٢/١٥ پێک هات، بە وەزیری تەندروستی هەڵبژێردرا. دوای ئەوە لە وەزارەتی نوری سەعید لە ١٩٥٨/٣/٣دا بە وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران و وەکیلی وەزیری ئەوقاف دانرا.

لە کۆتایدا، لە وەزارەتی ئەحمەد موختار بابان، کە کۆتایی وەزارەتەکانی سەردەمی مەلیک بوو لە عێراقدا، بە وەزیری دەوڵەت لە ١٩٥٨/٥/١٩دا دانرا[٣٣٨].

بەگوێرەی کتێبی احداث عاصرتهای بەرێز جەنابی موحسین دزەیی پەیوەندیی مەحمود بابان بە شۆڕشی کوردەوە و بە جەنابی بەرێز مەسعود بارزانییەوە و بە ڕەوانشاد مەلیک حسین شای ئوردونەوە ئەخوێنێتەوە.

مەحمود بابان، هەڵوێستی نەتەوایەتی، یاخود کوردایەتی دیار و ئاشکرای هەبوو، وەک بەرێز

٣٣٨ تاریخ الوزارات العراقیه- عبدالرزاق الحسنی.

محسن دزەیی لە یادداشتنامەکەیدا احداث عاصرتها ئەیگێڕێتەوە،

پەیوەندی بەینی شۆڕشی ئەیلول و سەرۆک بارزانی و مەملەکەی ئوردونی هاشمی و مەلیکی ئوردون حسێن کوڕی طلال لە ڕێگای خوالێخۆشبوو مەحمود بابانی هاوەڵ و فرەدۆستی بارزانی نەمر و سەرۆک مەسعود، هەرچەند سەرۆک مەسعود بچووایەتە لەندەن، مەحمود بابانی ئەبینی. هەر بەڕێز محسن دزەیش بەڕاستی شایەتی حاڵی ئەو ڕووداوانەیە کە لەو بەرگی سێیەمەی احداث عاصرتها ئەیگێڕێتەوە، کە بریتین لە تۆماری شۆڕشەکانی بەرزانیی گەورە و دوای خۆی بەشداربوونی بەهەشتی ئیدرس و دوای ئەویش بەڕێز سەرۆک مەسعود. ئەم بەرگە سجلێکی بەنرخە بەڵام دوو بەرگەکەی ترم نەدیوە[٣٣٩]،

مەحمود بابان لە حوزەیرانی ١٩٩٧دا فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا و هەر لە ئوردون شاردرایەوە. پێش وەفاتی، مەلیک حسێن و شاژنە نور پێکەوە سەریان لە مەحمود بابان دا لە ماڵەکەی خۆیدا.

بە ڕحمەتچوو نەجیب بابانی برای مەحمود بابان و هاوڕێ و خزمی دڵسۆز و خۆشەویستم، یارمەتیی مەحمود بابان و (لەمیسی) کچی بۆ بەڕێز سەرۆک مەسعود لەو کاتانەدا پێش هەرێمی کوردستان، کە ئەچوونە ئوردون و لەندەن بۆ یارمەتی شۆڕش پێشکەشیان ئەکرد، وەک هەڵسانێک بە ئەرکی کوردایەتی، بۆی باس ئەکردم و منیش ئەوەم لە جەنابی مەحمود بابان بەدوور نەزانیوە، چونکە خۆی و باووباپیری و هەموو ئەو بنەماڵەیە لە ڕێی کوردایەتیدا هەمیشە سەریان لەڕێدا بووە.

٣٣٩ احداث عاصرتها. بەرگی سێیەم محسن دزەیی.

محەمەد ڕەشید پاشای بابان

کوڕی سلێمان پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشا و برای ئەحمەد پاشای بەناوبانگ دوامیری میرایەتیی بابان و باوکی حەمدی بەگی بابان کە دوای شێخ مەحمود هێنرایە سلێمانی بۆ ئەوەی شوێنەکەی پڕ بکاتەوە.

ساڵی ١٢٣٧ک/ ١٨٢١ز لەدایک بووە. سەرەتا بە ئەرکی بەرزی حکومەت دەستی بە ئیشکردن کردووە. دوای ئەوە بە موتەسەریفی حلە، مونتەفیک، تەعز و دێرزور دانراوە. دوای ئەوە کراوە بە والیی بتلیس لە ساڵی ١٢٩٩ک/ ١٨٨١ز بەڵام ساڵی ١٣٠٣ک/ ١٨٨٥ز خانەنشین کرا و لە مانگی ڕەجەبی ساڵی ١٣١٣ک/ ١٨٩٥ز فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە.[٢٤٠]

وەک ئەگێڕنەوە، ئەم پیاوە زۆر شانازی بە خۆی و بنەماڵەکەیەوە کردووە، بە جۆرێک کە موتەسەریفی حلە ئەبێت. شای ئێران سەردانی حلە و جێماوی کۆن ئەکات. ئەمیش وەک لێپرسراو لەگەڵیدا ئەگەڕێت و شانبەشانی شاهە ئەڕوات، چونکە خۆی لەو بەکەمتر نازانێت. کە ئەبوایە ئەتەکیتی بەکار بهێنایە.

ڕەشید پاشا کە وەفات ئەکات دوای خۆی زەویوزارێکی زۆر لە بەغداد کە وەختی خۆی کڕیونی بەجێ دێڵێت، هێجگار شوێنی قصر الزهور و دەوروبەری و گەڕەکی حارثیە زەویوزارەکانی ئەو گەڕەکە هەموو مولکی ئەم بوون و دوای خۆی بۆ حەمدی بەگی کوڕی بەجێ مان. ئەو حەمدی بەگەی کە لە شوێنی خۆیدا دووروودرێژ لێی دواوین تایبەت بە هێنانی بۆ سلێمانی کە جێگای شێخ مەحمودی حەفیدی پێ پڕبکەنەوە.

حەمەڕەشید پاشا زیاتر ناوی بە محەمەد پاشای خدێو ئەبرا چونکە لە هەڵسان و دانیشتنیدا خۆی لە خدیوەکانی میسر بە کەمتر نەئەزانی. ئەمەش بە قسەی خوالێخۆشبوو تاهیر بەگی جەمیل بەگی بابان.

حەمە پاشای خدێو واتە محەمەد ڕەشید پاشای بابان جگە لە حەمدی بەگی کوڕی. دوو

٢٤٠ مشاهير الكردو كردستان فى العهد الاسلامى. بغداد ٢٠١١ محمد امين زكى

کچیشی هەبوو. یەکێکیان درا بە سەلیم بەگی کوڕی حسێن بەگ، کە ئەندامی دادگای ئیستیئناف بوو دەرچووی مافیش نەبوو. کچی دووەم بە فەرمانی سوڵتانی عوسمانی درا بە عیزەت بەگی خەندان. کە سەیفوڵڵا خەندانی باڵێۆزی عێراق لە وەزارەتی دەرەوە ئەبێت بە کوڕی ئەو عیزەت بەگە.

مفتی زهاوی

مفتی ناوی محەمەد تخلصی فیظییە بە پێی نووسینی خۆی لە پشتی یەکێک لە کتێبەکانی، کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی حەسەن بەگ کوڕی ڕۆستەم بەگ کوڕی کەیخەسرەو بەگ کوڕی ئەمیر بابا سلێمانە.

ئەم ئەمیر بابا سلێمانە وەک ئەمین زەکی بەگ لە مشاهیر الکورد دا نووسیویەتی، کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەیە. بەم پێیە مفتی لە خانەوادەی بابانە.

بەپێی نووسینی ئەمین زەکی بەگ، مفتی لە ساڵی ١٢٠٨ک/ ١٧٩٣ز لە شاری سلێمانی لەدایک بووە. ساڵی ١٣٠٨ک/ ١٨٩٠ز لە بەغداد کۆچی دوایی کردووە. لە مەدرەسەکەی خۆی کە پێی ئەڵێن مدرسەی سلێمانی نێژراوە.[٣٤١]

مفتی دایکی زەهاوی بووە، خۆی لە سلێمانی بووە. بەڵام بە هۆی زویربوونی مەلا ئەحمەدی باوکی لە حاکمی بابان. چەن ساڵێک سلێمانییان بە خاووخێزانەوە بەجێ هێشتووە چون بۆ زەهاو بۆ لای خاڵوانی موفتی بەم بۆنەیەوە ئەم نازناوەی پێ بڕاوە. خوێندن لای باوکی و عەرەبی لای شێخ مارفی نۆدێ، لە هەڵەبجە لە مزگەوتی گەورە لای شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی، منطق و فقە و أصول الفقهی خوێندووە. لە سنە لای شێخ سەعیدی تەختی، لەپاشا لای

---

٣٤١ سەرچاوە، مفتی زەهاوی. محەمەدی خال-١٣٧٣ه/ ١٩٥٣م چاپخانەی مەعاریف. بەغداد. زۆری ئەم زانیارییانە لەو کتێبە وەر گیراون

بە بۆنەی وەفاتییەوە سید ئەحمەدی ڕاوی واعظ (ابو حلق الذهب) بەشیعر فەرموویەتی، دفنوک یاکهف الوري تحت الثري- ویلي علیک وویل کل موحد أبکیت کتب الدین دمعابل دما- و بکَتّکَ کتُب السعد بل والسید اسفي علي علاّمة الدنیا الذي- کانت بە کل العوالم تهتدي وعلي الحقیقة قد أتي تاریخه-(للدین ثلما عاد موت محمد – ١٣٠٨ه/١٨٩٠م.

هەر بەم بۆنەیەوە عرفان أفندیش لە سلێمانی ئەم شیعرانەی بۆ فەرموە،

سألتُ من الایام یوماً جماعةً- وهمْ ساکبون الدمَع بلْ ساکبو الدم
فقلتُ لهم ماذا جري من مصائب؟ فمن ذا الذي یبکیکم و بالتألُمِ
فقالوا أما أخبرْتَ یا غافل الذُني- وفاة الزهاوي الشهیر باعلَم
جمیع رجال المسلمین بأسرهمْ- اما کان موت العالم موت عالم؟
سألت عجوز الدهر تاریخ موته- فقالتْ وتبکي (غاب نجم المعالم ١٣٠٨ه/١٨٩٠م.

مامۆستای گەورە شێخ محەمەد قەسیمی مەردۆخی کە مامۆستای مەولانا خالیدی نەقشبەندی بووە، چەند سال عیلمی حکمەت وکلام ئەخوێنێت.

لە سابڵاخ، لای پێشەوای بەناوبانگ مەلا محەمەدی مەشهور بە ابن الرسول ڕیاضیاتی خوێندووە و ئیجازەی لە لای ئەو زاتە وەر گرتووە. لەپاشا هاتۆتەوە بۆ سلێمانی و دەستی کردووە بە دەرسوتنەوە و خوێندەوار پێگەیاندن[٣٤٢]،

دوای کۆچی موفتی بۆ زەهاو، یەکێک لێی ئەپرسێت، بۆچی سلێمانییت بەجێ هێشت؟ لەوەڵامدا ئەڵێت، چونکە لەناو زانایانی سلێمانیدا لە هیچەوە دیار نەبووم.

لە بابەت پایە زانینی مفتییەوە شێخی خاڵ ئەفەرموێت، "مفتی تا بڵێیت زانا و دانا و پایەی زانینی بڵند بووە. لە علمی نحو، صرف، معانی، بیان و بدیع و وچع و عروچ، کلام، منطق، اداب، حکمت، فقە، اصول الفقە، حدیث علوم الحدیث، تفسیر، حساب، هندسە، تشریح الافلاک، پایەیەکی هێجگار بەرزی هەبووە."

لە حاجی مەلا عەبدوڵڵای کۆیەیان پرسیووە، ئەندازەی مەلایەتیی تۆ لەگەڵ مفتیدا چەندە؟ وتوویەتی، هەردووکمان مەلاین. بەڵام زانینی من تابیعی کتێبە، بەڵام کتێب تابعی زانینی موفتییە. شێخ ڕەزای تاڵەبانی وتوویەتی:

"ئەی مادەری گێتی تۆ هەتا ئێستا نەزاوی
زاتێکی وەکو موفتی ئەفەنی زەهاوی
مومکین نییە ئیدراکی حەقائق بەتەواوی
مومکین نییە ئیدراکی نەکا عەقڵی زەهاوی."

مفتی وەک قەلایەکی ئاسنین وا بووە لەبەر سێڵاوی ئاخوون و مجتهدەکانی ئێراندا کە هەمیشە هاتوون بۆ عێراق، هەمیشە مفتی سوارچاکی مەیدان بووە بەرامبەریان هەر زاڵیش بووە بەسەریانداً. بە ئەندازەیەک، هەندێک دڵسۆز لە حەیاتی موفتی ترساون، زەفەری پێ بەرن. ئەویش وتوویەتی:

أنا نقول الحق بالحافل - ونبطل الباطل بالدلائل
ولانخاف لومة من لائم - ولانهاب صولة من صائل

---

٣٤٢ دوور نییە، خوێندەواری ئازیز، ناوبردنی ئەو مەلا هەرە بەناوبانگانە بە زیادەڕۆیی بزانێت. من ئەوە پاڵی پێوە نام کە بۆ هەمووانی ڕوون بکەمەوە، خوێندەواری ئەوسا بەتایبەتی یەکێکی وەک موفتی زەهاوی چۆنی خوێندووە، ئەم شارە و ئەوشار و لای کێ خوێندوویەتی هیچ بە تەجاوزی نازانم ئەگەر بڵێم ئەو مامۆستایانە و قوتابیەکەشیان کە موفتی زەهاوییە، هەریەکە خاوەنی زیاتر لە شەهادەتی دکتۆرای ئەمڕۆ بوون.

ئەگێڕنەوە، کە والیی بەغداد سلێمان نظیف وتوویەتی، هەموو خاکی دەوڵەتی عوسمانی و بەتەواوەتی قەڵەم ڕەوەکەشی، شانازی بە مفتی زەهاوییەوە ئەکات.

مفتی- باڵای بەرز و سوور و سپی و چوارشانە تووکنی داڕێژراوی بەخۆوە بووە. چاوڕەش و بەرچاو تێر و کاڵای جوانی لەبەر کردووە، خواردنی خۆشی کردووە. پیاوێکی مەرد و بەوەفا بووە.

شێخ محەمەدی خاڵ ئەفەرموێت، لە خەڵقی سلێمانی صالح ناو چاوەشی فەرمانبەری مشیری بەغداد هدایت پاشا بووە. شەوێک مفتی لە ماڵی مشیر داوای ئاو ئەکات. کاک صالح ئاوی بۆ ئەبات، مفتی بۆ ئەوەی کوردێکی هاوشاریی خۆی بە بەهرە بگەیەنێت، ئاوەکەی لێ وەر ناگرێت و بەمشیر ئەڵێت، ئەمە یەکێکە لە خانەوادەکانی سلێمانی و من حەقی باوکی ئەمم زۆر بەسەرەوەیە. ئیتر مشیر، هەر بە ئاغا کاک صالح بانگ ئەکات و ئەشیکات بە مدیری داخلیی ماڵی خۆی، مانگی بە دوانزە لیرە. هەرچی هەست و نەستیشی هەیە ئەیداتە دەستی. ئینجا صالح هەموو جارێک گێڕاویەتەوە و وتوویەتی، ئەم ئاغایەتییەم لەو شەوەوە دەست کەوت. باوەڕیش ناکەم موفتی نانێکی باوکی منی کەل کردبێت.

خێزان و منداڵانی مفتی، دوو هاوسەر و دوو کەنیزەکی بووە، خێزانەکان. گوڵناز و پیرۆز کەنیزەکانی، ڕیحان و ڕەندێ.

لە گوڵناز، عبدوڵڵا، عبدالحکیم، ڕەشید، عەبدول لەتیف، سەعید، حەلیمە.

لە پیرۆز، صاڵح، عبدالغنی، جمیل صدقی، عبدالجلیل، عاصمە.

لە ڕیحان، سەلیم.

لە ڕەندێ، عەلی، مەحمود، عبدالحمید، ئامینەی هەبووە.

شیعری مفتی، بە عەرەبی، بە فارسی، بە کوردی، بە تورکی.

عەرەبی، ألا أنما الدنیا سجیتها الغدرُ - فلیس لمغرور بزخرفها، عذرُ

بان لي في المریَة شیَخ کبیر - عاش حتي یعرف الاحوالاً

قلت کم عشتَ؟ قال تسعین عاما - قلتُ ماذا فعلت فیها فقالا

أکلاتُ دفعُتها فضلات - وشروباً أرقتها، ابوالا

وثیابُ لبسُتها فاخراتْ - جدداً ونزعُتها اسمالا

فارسي، هزاران مدعي هستند عالم در قضا لکن - زبان حال هةرطز / لکرد ثبات دعوایي.

کوردي، هةم دلَي خستمة تةشویش دةکةميَ، مةمنوعة.

تورکي: ڕاشي و مرتشي واردر لغت - نة او لور حالي عجب صاحبي بواوض علت.

غیرەتی کوردایەتی مفتی، مفتی کوردێکی مەرد و خوێنگەرم بووە. هەمیشە ئاگاداری کوردەکانی کردووە. ئەوانەی ناچار هاتوونەتە بەغداد. مفتی دەستی گرتوون. لە کاتی ئەودا مەدرەسە گەورەکان و مزگەوتە نایابەکانی بەغداد بە دەست زانایانی کوردەوە بوون. لەناو ماڵ و منداڵی خۆیدا قسەو گفتوگۆی هەر بەکوردی بووە.

قسەی نەستەق و بەتوێکڵی، داود پاشای والیی جارێک بە گاڵتەوە لە مفتی پرسیوە بۆچی لە مزگەوت و مەدرەسەکانی ئێوەدا هەمیشە ضرب زبد عمرا بە مثال ئەهێنێتەوە؟ ئاخر عومەر چیی کردووە، ئەوەندە تێهەڵدان بخوات؟ مفتی ئەڵێت، پاشا چونکە دزە. نابینی و یکی لە ئێوە دزیوە. داود. ئەبێت بە دوو، واو بێت) عمر واوێت کەچی هەمیشە و ئەبێ بە کلکی عمرو. لە ڕاستیدا بۆچوونێکی زیرەکانەیە.

هەر ئەو داود پاشایە میوانی مفتی ئەبێت لەتەنیشتی موفتییەوە لەسەر سەکۆ دانیشتوون. والیی ئەزاینت مفتی کوردە یان نا؟ ڕقی لە کوردێک هەستاوە، لە مفتی ئەپرسێت، فەرقی بەینی کورد و کەر چییە؟ مفتی دەستبەجێ لە وەڵامدا ئەڵێت، ئەم سەرینەیە لەبەینماندا. ئەوسا والیی تێ ئەگات و گورج پۆزش بۆ مفتی ئەهێنێتەوە.

أمجد زەهاوی بەمنالّی چۆتە بەردەمی باپیری، ئەویش لێی پرسیووە، أمجد اتحب اباک أم جد؟ باوکت خۆش ئەوێ یا باپیرت؟

کوردی: هەم دڵی خستمە تەشویش و خەیاڵ و خەتەرە
کە بە دیقەت نەزەریشی دەکەمێ، مەمنوعە[٣٤٣]

٣٤٣ شایانی باسە: زۆربەی قسە خۆشەکانی موفتی زەهاوی و وەڵامە ئامادەییەکان و مێژووی ژیانی، هەموری لە کتێبە بەنرخەکەی (موفتی زەهاوی) بە کورینووسینی شێخ محەمەدی خاڵ وەر گیراوە.

میر سلێمان

بە قسەی ئەمین زەکی بەگ ئەم میر سلێمانە، خاوەن یاخود نزیکی پیر بوداق بەبە بوو. دوای پیر نەزەر، بەشێکی لە مولکی بەبە داگیر کرد و بەشەکەی تری بە دەستی میر برایمەوە هێشتەوە. دوای بەینێک خۆی لە میر برایمیش رزگار کرد و بناغەی بنەماڵەکەی دووەمی بابانی دانایەوە. خدر بەگی حاکمی مەرگە ئەبێت بە کوڕی برای ئەم میر سلێمانە، کە باوکی هاوکاتی شەرەفخانی بەدلیسی بووە[٣٤٤]

٣٤٤ مشاهير الكورد و كردستان فى عهد الاسلامى. الطبعه الثالثه. بغداد ٢٠١١ لاپەرە ٢٠٥.

میر سەیفەدین

دامەزرێنەری میرنشینی موکرییە. پیاوێکی ژیر و ئازا لە دواڕۆژەکانی حکومەتەکانی تورکوماندا، هەوڵی دا سوود لە کات وەر بگرێت، خێڵەکانی کوردی کۆ کردەوە، سەرەتا ناحیەی دەرباس، دوای ئەوە أختاجی و أیلتیمور و سلدوزی داگیر کرد. ئینجا وردەوردە بەرەو شارەزوور کشا و ئینجا ئەردەڵان و ئەوانەشی داگیر کرد. بەم جۆرە توانیی میرایەتییەکی بەهێز لەژێر ناوی میرنشینی موکریدا پێک بهێنێت. بە کردەوەی ژیرانەی خۆی تاکو دواڕۆژی ژیانی بە خۆشی و ئاسوودەیی بردە سەر.[٣٤٥]

ئەبێت هەر لە ڕێی ئەم میرە بەڕێزەوە تایەفەی موکری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خۆیان لە بنەماڵەی باباندا دابنێن. لە هەمان کاتدا، ئەم بۆچوونە زیاتر لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ئەوێت، هێجگار مێژووی لەدایکبوون و وەفاتی میر سەیفەدین و ڕەچەڵەکی باووباپیری ئەم میرە بەڕێزە کە شایانی ئەوپەڕی شانازین. خۆی و بنەماڵە مەزنەکەی.

٣٤٥ ل ٢٠٦ مشاهير الكرد و كردستان فى العهد الاسلامى. بغداد ٢٠١١ محمد امين زكى.

مەلا ڕەشید بەگی بابان

کوڕی فەتاح بەگ کوڕی محەمەد بەگ کوڕی خالد بەگ کوڕی محەمەد پاشا کوڕی خالید پاشای یەکەمە.

لە سلێمانی هاتۆتە دنیاوە ساڵی ١٣٠٠ک/ ١٨٨٢ز. خوێندنی مەلایانەی دەست پێ کردووە بەوپەڕی توانا و زیرەکییەوە وردەوردە سەرکەوتووە لە خوێندنی عقڵی و نەقڵی و هاوڕێی مامۆستای ناودار مەلا ئەورەحمانی پێنجوێنی بووە لە مزگەوتی نەقیب لە سلێمانی. کە مەلا ئەورەحمان گەڕایەوە بۆ پێنجوێن ئەم و مەلا حسێنی پیسکەندی لەگەڵیدا ڕۆیشتن و لە پێنجوێن لە خزمەتیدامانەوە، تاکو خوێندنیان تەواو کرد. و مەلا ڕەشید بەگ کچی مامۆستای خۆی ڕەزیەخانی خواست و لەگەڵ خۆی هێنایەوە بۆ سلێمانی. لە سلێمانی مەلا ڕەشید بە مامۆستای مزگەوتی شێخ سەلام دانرا و ساڵەهای تیادا بردە سەر. لە هەمان کاتدا لە قوتابخانەی ڕوشدیە[٣٤٦]ی ئەو سەردەمە وانەی ئەوتەوە.

دوای شەڕی یەکەمی جیهان، کە داوای زانیارێکی دادوەری شەرعی لە ئەستەمبوڵ بڵاو کرایەوە. مەلا ڕەشید هەستا چوو لەوێ لە تاقیکردنەوەدا سەر کەوت و هەر لەوێ بە قازی دامەزرا و هەرچەند مال و منداڵیشی بەجێ هێشتبوو[٣٤٧] بەڵام نەگەڕایەوە و لەوێ ژنی تری هێنایەوە و تاکو کۆتاییی ژیانی لە تورکیا مایەوە. تاکو لەوێ وەفاتی کرد و هەر لەوێش شاردرایەوە.

مەلا ڕەشید بەگ. لە تورکیا قۆڵی نووسینی لێ هەڵکرد و کاتی خۆی بە نووسین و

---

٣٤٦ ڕوشدیەی عەسکەری، یەکێک بوو لەو سێ قوتابخانە سوپاییە مەدەنییەی، کە دەوڵەتی عوسمانی لە ئیمپراتۆریەتەکەی خۆیدا لە سێ جێگادا دای مەزراند. یەکێک بوو لە قوتابخانە بەرزەکانی ئەو سەردەمە. ئەم قوتابخانەیە بە هیممەتی سەعید پاشای خەندان لە سلێمانیدا کرایەوە. چەند پیاوێکی ناوداری کورد لەو قوتابخانەیەدا خوێندوویانە لە پێش هەموویانەوە میژوونووسی گەورەی کورد ئەمین زەکی بەگ.

٣٤٧ هاوسەری ڕەزیە خان لەگەڵ دوو کچ ڕووناک خان و حەپسە خان، ڕووناک خان هاوسەری نوری بەگ حەمە بەگ ئامۆزای خۆی و حەپسە خان هاوسەری کەریم بەگی حەمە بەگی قادر پاشا. دایکی جمال فوئاد و کەمال فوئادو ئیحسان فوئاد و سێ کچ بوو.

بەرهەمی بەنرخ بەسەر برد، وەک، ڕاڤە و لێکدانەوەی ئەلفییەی سیوطی لە نحو و صرف و خەت دا کە بە الفریدە بەناوبانگە کە دانەیەکی لە کتێبخانەکەی حاجی شێخ محەمەدی خاڵدا هەبوو.

جگە لە ڕاڤەکردنی حەدیسی صحیح لەوانەی مسلم و بوخاری کۆیان کردبووەوە. ڕاڤەی کوردی و ناوی نابوو اقتران النیّرین فی مجمع البحرین. ئەم کتێبەی لە ئەستەمبوڵ نووسییەوە و هەر مەلزمەیەکی کاتی خۆی لەوێوە ئەنارەوە بۆ هاوڕێی دڵسۆزی مەلا حسێنی پیسکەندی لای خۆی ئاگاداری بکات، تاکو هەمووی تەواو ئەبێت و ئەوسا دەست بکرێت بە چاپکردنی. ئەوەی باش بوو، پێش وەفاتی هەمووی تەواو کرد.

بەرگی یەکەمی لەسەر یارمەتی حاجی قادر جبار چاپ کرا.

مەلا ڕەشید بەگ سالی ١٣٦٢ک/ ١٩٤٣ز لە تورکیا فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا[٢٤٨]

من نووسەری ئەم کتێبە، هەر نۆ بەرگەکەی ئەو کتێبەم هەبوو، بەڵام بەخشیم بە کتێبخانەی سەنتەری ڕۆشنبیریی بابان. چاپی ئەو بەرگانە بە کۆششی مەلا عەلی قەرەداغی و لەژێر چاودێری مەلا عەبدولکەریمی مودەریسدا پێک هات.

بەرگی یەکەم سالی ١٩٧٣ لە بەغداد چاپ کرا و هەر نۆ بەرگەکەی بەوجۆرە یەک لەدوای یەک، تاکو بەرگی نۆیەم سالی ١٩٩٠ هەر لە بەغداد چاپ کرا.

بەڕاستی جێی شانازی و بەرزڕوانینە، زاتێکی وا، دوای دوورکەوتنەوەی چەندەها سال لە خاکی نیشتمان و لە کەسوکار و لە زمانی نووسین و قسەپێکردن، بەو کوردییە ئاسانە ڕەوانە و بەو داڕشتنە هونەرییە بەرزە، خزمەتی ئایین و گەل و کتێبخانەی کوردی بکات. ئینشائەڵڵا بەهەشتی بەرین شوێنی پیرۆزیەتی. وەک وتمان لە تورکیا ژنی هێنایەوە کوڕێکی لەوێ دوای خۆی بەجێ هێشت کە پزیشکە ناوی د. نەوزادە.

---

٢٤٨ سەرچاوە، بابان فی التاریخ ومشاهیر البابانیین. جمال بابان. هەروەها علماؤنا فی خدمه العلم والدین. عبدالکریم محمد المدرس

مستەفا زهنی (مصطفی زهنی) پاشا

کوڕی حسێن بەگ کوڕی محەمەد پاشا کوڕی خالد پاشایە، ساڵی ١٨٥٠ لە سلێمانی هاتۆتە دنیاوە و لەسەر دەستی مەلا ناوداڕەکانی ئەو دەمە خوێندوویەتی. لە سەردەمی والیی مدحەت پاشادا لە بەغداد داخلی سلکی، حکومەتی بووە.

هەر بە زیرەکی و توانای خۆی سەرنجی والیی ڕاکێشاوە. هەنگاو بە هەنگاویش پێش کەوتووە، تاکو لەلایەن بابی عالییەوە بە والیی أطنە، دوای ئەو یانیە، ئینجا والیی حیجاز دانراوە. لە کۆتاییدا، وازی لە ئەرکی حکومەت هێناوە و خەریکی نووسینی کتێب بووە بە زمانی تورکی، تاکو لە ساڵی ١٩٢٦ دا فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوە.

ئەم پیاوە باوکی ئیسماعیل حەقی بابان و حیکمت بابان و ئەحمەد نەعیم و پرۆفیسۆر شوکری بابان و باپیری جهاد بابان و سەلیم بابانە و باپیرەی گەورەی عائشە سەمیحە بابانە.

دانراوەکانی نووسینە چاپکراوەکانی،

١. توسع مأزونیت- پەرەپێدانی دەسەلات، ٧٢ پەڕەیە بە تورکیی کۆن بە پیتی عەرەبی نوسراوە، لە چاپخانەی مەحمود بەگ ساڵی ١٣٢٤ ڕۆمی/ ١٩٠٩ ز لە ئەستەمبول چاپ کراوە. دوای لابردنی سوڵتان عەبدولحەمید و لە کاتی حوکمی اتحاد وترقیدا چاپ کراوە، لە کاتێکدا کە نووسەرەکەی والیی- موتەسەریف بووە لە قسطمونی، بوردور، أنطاکیە و لەم کتێبەدا ڕەخنە لە ڕێڕەوی چۆنیەتی و پێگەی حوکمی لامەرکەزیی دەوڵەتی عوسمانی ئەگرێت. داوای پێدان و فراوانکردنی دەسەلاتی بەڕێوەبەران و دادوەران ئەکات. بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئەستەمبول. هەروەها داوای ڕاوەدانکردنەوە و گرنگیپێدانی ئەو شوێنانەی کە غەیرەتورکی تیادایە وەک ئەرناووت، عەرەب، کورد ئەکات.

٢. بورهان حیجاز، داوای بەدەستهێنانی زیاتری داد و دادوەری ئەکات، لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا.[٣٤٩]

---

٣٤٩ ل٣٧٤ / ١٢٩ مشاهیر الکورد و کوردستان فی العهد الاسلامی بغداد ٢٠١١ محمد أمین زەکی.

مەجید پاشای بابان[٣٥٠]

کوڕی عەبدولقادر پاشای سلێمان پاشای برایم پاشای بوونیادنەری شاری سلێمانییە.

دوای کۆتاییی میرنشینی بابان ١٨٤٧- ١٨٥٠. حکومەتی عوسمانی، بابانەکانی هەموو لە سلێمانی دوور خستەوە، هەندێکیان بۆ ئاستانە، هەندێکیان بۆ خواروووی عێراق، هەندێکیان بۆ شاری کفری و شوێنی تر. ئەوانەشی کە مانەوە هەریەکە بە لایەکدا بۆی دەر چوون بەرەو ابوغریب نزیک بەغداد بەرەو حللەو ڕووە و ئێران و وڵاتانی تر.

عەبدولقادر پاشا و هەردوو براکەی ئیسماعیل بەگ و خورشید بەگ بۆ ناوچەی کفری. لەوێ بۆ قەرەبووی ئەو زەوییانەی لە سلێمانی لێیان داگیر کرا. لە ناوچەی کفری لە ساری گول و سەرقەڵا و سەی جەژنی و زەنگاباد و لە زەوییەکانی ئەو ناوانە حەقیان بۆ کردنەوە.

تا ئێستاش گەڕەکی ئیسماعیل بەگ لە کفری هەر بە ناوی ئەو ئیسماعیل بەگەوە ماوە، کە یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی شارەکە.

عەبدولقادر پاشا لە کاتی خۆیدا کۆشکێکی گەورەی بوونیاد نا. ناو نرا حەوشی پاشا، دوای خۆی مەجید پاشای کوڕی زیاتر فراوانی کرد و دەستی پیادا هێنا.

عەبدولقادر پاشا بەگوێرەی، ئەو درەختەی خوالێخۆشبوو جەلال بابان ڕێکی خستووە ئەم کوڕانەی هەبووە. مەجید پاشا و محەمەد بەگ و ئەحمەد بەگ.

مەجید پاشا پیاوێکی بەتوانا و کەسایەتییەکی دیار و ناسراو بووە. توانی لە ماوەیەکی کورتدا جێی خۆی قایم کات و بنەماڵە ناسراوەکانی ئەو ناوە و عەشیرەتەکان بەلای خۆیدا ڕایکێشێت و زەوی و مووڵکەکانی پەرە پێ بسێنێت، لە ڕێی التزام لە دەوڵەت و کڕینەوە.

مەجید پاشا لە سەردەمی عوسمانیدا لەبەینی ساڵەکانی ١٣١٢ک- ١٣١٤ک/ ١٨٩٤- ١٨٩٦ز قائمقام بووە لە قەزاکانی ڕەواندز و کۆیە و شامییە.

ئەو کارانەی، کە پێی هەستاوە لە ناوچەی کفری و شوێنەکانی تر ئەمانەن،

---

٣٥٠ سەرچاوە، گۆڤاری حوکمی زاتی- ئۆتۆنۆمی. ژمارە ٦١ ساڵی ١٩٨٩نووسینی مامۆستای خوالێخۆشبوو مستەفا نەریمان ل٧٦-٧٩. ئەو زانیارییانەی تری لە فاتح بابان وەر گیراون.

کۆشکێکی دووقاتی لە کفری دروست کرد، وەستا و هونەرمەندی لە دەرەوە بۆ هێنا. بە کاشی زەوییەکەی ڕازاندەوە. چەند ژوورێکی گەورەی لە خوارەوە دروست کرد و فەرشەکانی بە مەڕمەڕ شاردەوە و لەناوەڕاستی چەند ژوورێکدا حەوز و فوارەی دروست کرد ئەمە بە کۆشکی پاشا بەناوبانگ بوو، بەڵام چونکە نەیتوانی بەرهەڵستیی زۆری ڕۆژگار بکات پێش سەد ساڵ ڕووخا.

لەژووروی شار باخێکی بە ڕووبەری پەنجا دۆنم دروست کرد جۆرەها داری بەرداری تیادا ڕواند ئەمیش ناوی باخی پاشابوو. ئەمیش بە هۆی کەمئاوی و پشتگوێخستنەوە، ڕووی لە فەوتانە.

خانێکی لە ڕێگای کفری- سلێمانی دروست کرد بۆ حەسانەوە. نزیکەی ٣٠ ژووری تیادابوو، ئەویش لەم دواییەدا بەتایبەتی لە حەفتاکاندا بەرەو وێرانی ڕۆیشت.

مزگەوتی خانەقای لە کفری دروست کرد. حاجی کاک ئەحمەدی شێخ کە بۆ حەج ئەچوو. لە ڕێ و لەسەر بانگهێشتنی مەجید پاشا لای داوە و نوێژی لە مزگەوتەکەشدا کردووە.

لە هەمووی زیاتر، کۆکردنەوەی پارە بۆ ڕاکێشانی ڕێگای شام بەرەو مەدینە و مەککە، ڕێگای حەج کە لە ئەنجامدا لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە ئەم سوپاسنامەیەی پێبەخشرا، کە ئەمە گۆڕینەکەیەتی بۆ عەرەبی، لتقديرو تذكير كافة العاملين الذين قدموا خدماتهم المشكورة واعاناتهم المالية في طرق الشرق لتسهيل ذهاب وعودة الحجاج العازمين علي زيارة الحجاز من الشام الشريف والمدينة المنورة والمكة المكرمة ولهذه الأسباب والمقتضيات، اصدرت أمري وفرماني السلطاني باحداث مدالية بدرجات مختلفة لابراز عبدالمجيد باشا يَل بابان فخرالدين الكرام من اشراف بغداد دام اقباله. ففد استحق كسب قطعة من المدالية المذكورة والمعمولة من النيكل بموجب نظام خاص بهذه المدالية منح وصدر أعطا و واحسانا من مقامنا العالي. حرر في يوم السادس عشر من شهر ذي القعدة الشريفة لسنة اربع وعشرين وثلاثمائة والف.

مجيد باشا كان يملك مكتبة كبيرة مزدانة بكتب دينية وعلمية وتأريخية باللغات التركية والعربية والفارسية والكردية.

ويضيف الاستاذ نريمان: بالاضافة الي انه كان نديم للادبا و والشعرا و يستقبلهم في ديوانه ويستضيفهم ويغدق عليهم الاموال والهدايا.

وها هو الشيخ رضا الطالباني الذي يمدحه بهذه القصيدة باللغة التركية قائلاً:

شخص كامل اطر بولنسة بوطون- مةرحمتلو(مةجيد ثاشا) در

دودمان ملوك بابانن- قالمة برشمسي عالم نارادر

اي (ان بقي في هذا العهد أحد المشاهير... فهو مجيد باشا الذي ينتمي الي الاسرة البابانية المالكه. وهو كالشمس التي تنير الدنيا).

مەجید پاشا ڕۆژی ١٩٠٥/١/٢٠ فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا لە گۆڕستانی ئیمام ئەبو حەنیفە لە اعظمیە- لە بەغداد شاردرایەوە.

دوای خۆی پێنج کوڕ جەمیل بەگ و عەبدولڕەحمان، بەهجەت، نوری و ئەنوەر.
سێ کچ، سەلمەخان، بەهیجەخان، بەهیەخان.
بەهیجەخان خێزانی فخری جەمیل و دایکی محەمەد فەخری جەمیل وەزیری پێشووی سەردەمی مەلیک.
سەلمەخان دایکی تۆفیق بابان پارێزەر.

محەمەد حەمدی پاشا بابان[351]

کوڕی حسێن بەگ و برای مستەفا زهنی پاشایە، لەناوچوونی ئیمارەتی بەبەی بە چاوی خۆی دیوە. لە تەئریخی ١٨٤٦م دا هاتۆتە دنیاوە. لە سلێمانی فێری خوێندن بووە و بەرەبەرە لە علومدا تەرەقیی(گەشە)ی کردووە لەدوای ئینقراضی ئیمارەت چۆتە بەغداد و داخلی قەڵەمی ولایەت بووە لە قەوانیندا زۆر شارەزا بوو، لەبەر ئەوە خۆی نەقڵی مەسلەکی عەدلی کرد و بە مەعاونی مدعی عامی موصڵ، لە زەمانی ویلایەتی جەودەت پاشا موئەریخی مەشهوردا بوو بە موددەعی عومیی ولایەتی بەیروت و لەدوای چەند سالێک کرا بە موفەتیشی عەدلیی ویلایاتی ثلاثە بەغداد، موصل، بەصرە و ڕوتبەی ڕۆم ئیلی بەگلەر بەگیشی درایە. لەدوای ظهوری بەعزێ ئیغتشاشات لە یەمەندا، کرا بە موتەصریفی حدیدە و ئەو لیوایەی تەسکین و ئیصلاح کرد و لەپاش بەینێک لەسەر بەعزێ ئەسبابی صحی نەقڵ کرا بۆ لیوای عمارە و موتعاقیبەن بۆ مونتەفیک و لەدوای موددەتێک تەرکی وەظیفەی کرد و لە بەغداد دانیشت. لە وەقتی تەشکیلی حکومەتی عێراقیەدا تەکلیف کرا بۆ وەزارەتی عەدلیە، بەڵام قبوڵی نەکرد. زاتێکی نەجیب و عالیم و فاضیل و صاحێب تەدبیر و مەحبوب بوو لە تەئریخی ١٩٢٢دا لە ئەعظەمیە بەرەحمەت چووە و لەوێ دفن کرا.

---

٣٥١ ل٢٠٣ تاریخی سلێمانی و ولاتی- محەمەد ئەمین زەکی بەگ.

محەمەد پاشای کوڕی خالید پاشای یەکەم

دوای کوشتنی سلێمان پاشای بڕای لە قەلاچوالان ساڵی ١٠٧٨ک/١٦٦٧ز جێگاکەی گرتەوە. ساڵی دووەم حکومەتی عوسمانی داوای لێ کرد بەشدار بێت لە کۆژاندەوەی شۆڕشی ئەل خەزاعل ئەمیش بە سەرکردایەتی دوو هەزار سوارچاک چوو بۆ تەمێکردنی ئەوانە و گەڕایەوە بۆ قەلاچوالان.

داوای لە والیی بەغداد عومەر پاشا کرد، ئەحمەد پاشای بڕای بگێڕیتەوە شوێنی خۆی. والیی بە قسەی کرد و ئەحمەدی بە حاکمی کۆیە و قەرەداغ دانا. هەردوو برا هەشت ساڵ بە ڕێکی و برایەتی هەڵیان کرد. بەڵام ئەحمەد پاشا لە هەڵێک ئەگەڕا بگاتە تەختی حوکمداری کاتێک نەخۆشیی چاوەقوولە بەزۆری بڵاو بووەوە. محەمەد پاشا چووە کۆیە، کە چارەیەک بدۆزێتەوە. ئەحمەد پاشا فرسەتی هێنا سوپایەکی ڕێک خست چووە سەر حوکم. لەم کاتەدا بارانێکی زۆر باری و لافاوی زێی بچوک هەستا، ئیتر محەمەد پاشا، کە لە ئیشەکە بەتەواوەتی گەیشت لەشکرێکی بچوکی کۆ کردەوە، هەردوو برا بە لەشکرەوە لەمبەرەوبەری زێ بەرامبەر یەکتری وەستان. تاکو زانایان و پیاوچاکان کەوتنە بەینەوە و ڕێکیان خستن.

بەڵام محەمەد پاشا هەر لە ئەحمەد دڵنیا نەبوو. بۆیە بە بیانوویەکی ئیداری بانگی کردە لای خۆی، ئیتر گرتی و لە قەڵای سرۆچک بەندی کرد. مەحمود بەگی برایان کە بەمەی زانی ڕاست ڕووی کردە بەغداد داوای یارمەتی لە والیی بکات. کە محەمەد پاشا بەمەی زانی لەگەڵ کەریم خانی زەند. شای ئێران ڕێکەوت بۆ پشتگیری.

کە والیی بەغداد بەمەی زانی. محەمەدی لە پاشایەتیی قەلاچوالان لا برد و مەحمود بەگی خستە جێگای. کە محەمەد بەمەی زانی چوو بۆ سنە و کەریم خان بە لەشکرێک یارمەتی دا. بەڵام لەشکری بابان ئەو لەشکرەی ئێرانی شکاند. جارێکی تر ئێران لەشکرێکی تری بە سەرۆکایەتی شەفیعی خان نارد، ئەم جارە سەر کەوت و محەمەد پاشا گەڕایەوە شوێنی خۆی. دوای بەینێک، ناخۆشی کەوتە بەینی عوسمانی و ئێران. لێرەدا محەمەد پاشا ناچار بوو یارمەتیی حکومەتی بەغداد بدات. دیسان شەڕ لەبەینی محەمەد و ئەردەڵانییەکان بە سەرۆکایەتی خەسرەو

خان هەڵگیرسایەوە. خەسرەو خان شکا. لەم کاتەدا ئەحمەد پاشای بەرای لەگەڵ ئێراندا ڕێک کەوت یارمەتیەکی زۆری دا و بەسەر محەمەددا سەر کەوت.

ئینجا محەمەد ڕووی کردە کۆیە و هێزێکی هێنا، بەڵام لەم شەڕەدا محەمەد پاشا شکا و بەند کرا و لە ئەنجامدا ئەوە بوو ئەحمەد پاشای بەرای ئەمری کرد بە چاوهەڵکۆڵینی محەمەد پاشای بەرای[٣٥٢]

دوای ئەوە. وەک لەم کتێبەدا هاتووە. ئەحمەد پاشا لە پەشیمانی و ئازاری گیانەوە لە سەفەرەکەیدا بۆ بەغداد لە ڕێگای قەرەداغ. ئازاری نەفسی ئەوەندە توند و کوشندە دەبێت ئەوەندەی پێ ناچێت ئەیکوژێت و ئەمرێت.

٣٥٢ تا ئێرە. سەرچاوە ل٣٤٢-٣٤٣ مشاهير الكرد و كردستان فى العهد الاسلامى. محمد ئەمین زەکی.

فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە[٣٥٣]- بە قسەی ئەمین زەکی بەگ و خوێندنی موکریانی و هەندێک سەرچاوەی تر

باپیرە گەورەی بابانەکانی زنجیرەی پێنجەمە. کوڕی کاکە شێخ کوڕی میر بوداخ بەگ. بەگوێرەی قسەکانی مستەر ڕیچ برایەکی بووە بە ناوی خدر بەگەوە. ئەم جووتبرایە لەتاو دەستدرێژیی بەڵباسەکان وڵاتیان بەجێ هێشتووە. فەقێ ئەحمەد ڕووی کردۆتە ئەستەمبوڵ لەوێ داخڵی سوپای عوسمانی بووە. لە شەڕێکی بەینی عوسمانییەکان و فەرەنگەکاندا بەشداری کردووە. بەتایبەتی لەگەڵ پاڵەوانێکی فەرەنگەکاندا، کە لە شەڕی دەستوپەخەدا ئەو پاڵەوانە ئەدا بە زەویدا و شیری لێ دەر ئەهێنێت بیکوژێت، سەیر ئەکات ئەو پاڵەوانە کچە و ناوی کەیفانە. بۆیە وازی لێ ئەهێنێت و ئافرەتەکە شووی پێ ئەکات. لە ئەنجامی ئەم پاڵەوانبازییەی فەقێ ئەحمەددا. سوڵتانی عوسمانی، دێی دارەشمانە و دەوروپشتی پێشکەش ئەکات بۆ خۆی. ئیتر ئەویش ڕاست ئەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی پشدەر. بەسەر خێڵی بڵباسدا و دوای ئەوان دەست بەسەر هەموو ناوچەی پشدەردا ئەگرێت.

لە کەیفان، کوڕێکی ئەبێت خان بوداغ شوێنی باوکی لە میرنشینیەکەدا پڕ ئەکاتەوە و زیاتری ئەخاتە سەر. دەست بەسەر ناوچەی ماوەت و سەردەشت و هەندێک دێهاتی سەر بە ناوچەی بانەدا، کە مواڵکی بنەماڵەی ئیختیارەدین ئەگرێت. ساڵی ١٠٧٥ک/١٦٦٤ز جیهان جێ دەهێڵێت لەدێی ماوەت. ئەم خان بوداخەیە کە باوکی بابا سلێمان[٣٥٤]ی بەناوبانگە، کە

---

٣٥٣ لە لاپەڕە ل ٣١١- ٣١٢ مشاهير الكرد و كردستان فى العهد الاسلامى. محەمەد ئەمین زەکی. ئەمە پوختەی ژیانی فەقێ ئەحمەدە. دریژەپێدانی جۆراوجۆری هەر لەم کتێبەدا هەیە. ئەوەی شایانی باسیشە. بەگوێرەی سەرچاوە. فەقێ ئەحمەدیش یەکێکە لەو بابانانەی، کە هەوڵی جیابوونەوە و دامەزراندن و پێکهێنانی قەوارەیەکی کوردیی سەربەخۆی داوە.

٣٥٤ هەر ل١١٥-١١٦ سەرچاوەی پێشوو. ئەمین زەکی بەگ ئەڵێت، بابا سلێمان کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەیە و لە زمان لونگریکەوە چوار سەدەی دوایی گوایە بابا سلێمان کوڕی ماوەندی کوڕی فەقێ ئەحمەدە.

دامەزرێنەری بنەماڵەی بەناوبانگی بابانە. لە شوێنی تردا هەر لەم کتێبەدا، زۆر لەسەر فەقێ ئەحمەد و میر سلێمانی کوڕی نووسراوە. یەکێک لەوانە نووسینەکەی مامۆستای گەورە حسێن حوزنی موکریانییە کە لە بەندی پێنجەمی حوکمدارانی بابان ل٨٤-٨٥ ئەڵێت،

"ساڵی ١٠٥٥ک/ ١٦٤٥ز یەکێک لەو بنەماڵە گەورە نەجیبە کەوتە نێو مەدرەسە و مزگەوتەوە بە خوێندنەوە خەریک بوو، لەپاش عومری سی ساڵی بوو بە فەقێ لە مەدرەسە دەر کەوت، هەوای حوکمداری و ئاغایەتی و ڕەعیەتپەروەری کەوتە سەریەوە، بە بەخشش و پیاوەتی اشتهاری کرد، چەند نۆکەرێکی ڕاگرت. چونکە لە دارەشمانە پێگەیشت بە فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە ناوبانگی دەر کرد و هێزی پەیدا کرد و دەست و پێوەندی زیاد کرد و چەند ئاوەدانییەکی خستە ژێر دەستەوە و بانگی زیندووبوونەوەی بنەماڵەی بابانی بە کوردستاندا بڵاو کردەوە.

لەو ساڵەدا ئەحمەد خانی حوکمداری حەسەن ئاوا کە فەرمانڕەوای شارەزوور بوو، چووە سەر فەقێ ئەحمەد لە ماوەت بە گژیدا چوو، بەڵام ئەحمەد خان شکا و فەقێ ئەحمەد ماوەتی خستە دەست خۆی.(ئەم قسەیەش ڕای تری لەسەرە)

دوای ئەو شەڕە، فەقێ ئەحمەد ساڵی ١٠٥٦ک/ ١٦٤٦ز عەشیرەتی پشدەر و شاری مەرگە و قەزای شارباژێڕی لە ئەحمەد خان سەند و خستنیە ژێر دەستی خۆیەوە. لە هەموو لایەکەوە میللەتی لێ کۆ بووەوە، چوو قەڵاچوالانی کردە پایتەختی خۆی. ساڵی ١٠٦٠ک/ ١٦٥٠ز تەواو خاکی شارەزوور و ئەترافی گرت. لەشکر و ئالا و تەپڵی حوکمداری سەربەخۆی ڕێک خست و لەسەر مینبەر خوتبەی بە ناوی خۆیەوە خوێندەوە، حکومەتێکی کوردی زۆر چاکی دامەزراند، هەتا ساڵی ١٦٦٣ز/١٠٧٤ک بە ئیدارە و ڕەعیەتپەروەری و نفوز زیادکردنەوە ڕای بوارد و لەپاشاندا مرد و لە قەڵاچوالان نێژرا.

جگە لەو زانیارییانەی لە سەرەتای ئەم کتێبەدا لە بابەت فەقێ ئەحمەدەوە پێشکەش کرا. ئەم سیرەیەی بەگوێرەی حەرفی ف- فەقێ ئەحمەد لێرەدا نووسرا.[٣٥٥] چونکە فەقیایاکای لە ئەحمەدەکە زیاتر ناو دەبرا و لە پێشترەوە بوو.

٣٥٥ وەک لەمەوپێش ئاماژەمان بۆ کردووە. فەقێ ئەحمەد و هاوسەرەکەی لە دارشمانە- پشدەر شاردراونەتەوە و قەفەسی ئاسن لە دەوری گۆڕەکەیان کراوە.

فەرهاد بەگی بابان

عەبدولقادر ڕۆستەم بابانی ئەڵێت[٣٥٦] کوڕی سلێمان بەگ کوڕی فەقێ ئەحمەدە لەو کاتەدا کە دێی دارەشمانە سەنتەری میرنشینی بابان بوو.

فەرهاد بەگ دوای باوکی ساڵی ٩٩٧ک/١٥٨٨ز هاتە جێی. پیاوێکی دادوەر، کوردستان لە ڕۆژگاری ئەودا زیاتر گەشایەوە و خۆشی بەخۆوە دی. هەمیشە دوو هەزار سواری چەکبەشان لە خزمەتیدا بووە، ئەم پیاوە نزیکەی بیست ساڵ حوکمی کرد و دوای کۆچی بەکر بەگی کوڕی ساڵی ١٠١٧ک/ ١٦٠٨ز شوێنی گرتەوە.

بەڵام خوالێخۆشبوو ئەمین زەکی بەگ، فەرهاد بەگ بە برای خانە پاشای بەناوبانگ دا ئەنێت و ئەڵێت، ئەم پیاوە لە جێگای ئەو برایەی میرنشینی بابانی بەڕێوە ئەبرد،

هەندێک سەرچاوەی تر ئەڵێن، فەرهاد بەگ کوڕی تەیمورخان بەگە. و ئەمین زەکی بەگیش لە مشاهیر الکرددا بە کوڕی بابا سلێمانی دائەنێت. واتە لێرەدا لەگەڵ قسەی عەبدولقادر ڕۆستەم بابانیدا، یەک ئەگرنەوە.

هەرچۆنێک لێک بدرێتەوە. فەرهاد بەگ ئەبێت بە کوڕەزای فەقێ ئەحمەد.

---

٣٥٦ لە تاریخ و جغرافیەی کردستان سیر الاکراد بە فارسی. چاپخانەی ارژنک ساڵی ١٣٤٤ک/ ١٩٢٥ز.

بەشی هەشتەم و کۆتایی

زنجیرەی میرانی بنەماڵەی بابان لە سلێمان بەگ- سلێمان بەبەوە[٣٥٧] تا یاشای ئێستای سلێمانی[٣٥٨].

١- سلێمان بەگ غازی واتە بابا سلێمانی کوڕی میر سلێمان. ١٠٨٨ ١٦٧٧ -
٢- تەمیر تەیمورخان بەگ ١١١٠ ١٦٩٨ -
٣- بەکر بەگ ١١١٥ ١٧٠٣ -
٤- متسلم، لێرەدا ماوەیەک تێدەپەڕێت تورکە متسلمەکان حوکمی کوردستانیان گرتۆتە دەست.

دوای چوار سال خانە پاشا ماوەی سێ سال حوکمی کوردستانی کرد، پاشان، کە سنەی گرت حەوت سال حوکمی کرد، مزگەوتێکی تیادا دروست کرد، لەم یەک-دوو ساڵەی دواییدا ئەمانوڵڵا خان تێکی دا. کوژرانی خانەپاشا ١١٢٨ ١٧١٥ ٤-
١١٣٢ ١١٤٤ - ١٧١٩ ١٧٣١ -
٥- جێگری خالید پاشا، کوڕی بەکر بەگ ١٣٣٥ ١٧٢٢ - ٤
٦- فەرهاد پاشا هەمدیسان ١٣٣٩ ١٧٢٦ - ٢
٧- خالید پاشا ١١٤١ ١٧٢٨ - ١٥
٨- جێگری سەلیم پاشا ١١٥٦ ١٧٤٣ - ٤
٩- جێگری سلێمان پاشا ١١٦٠ ١٧٤٧ - ٣
١٠- سەلیم پاشا هەمدیسان ١١٦٣ ١٧٤٩ - ١٤
١١- سلێمان پاشا هەمدیسان. سەلیم پاشای بەغدادش بە فێڵی ئەم لەسێدارە درا. سلێمان پاشا مزگەوت و گەرماوی لە زەنگاباد دروست کرد. لە سەردەمی ئەمدا زەنگاباد و مەندەلی و

---

٣٥٧ ل٤٢٧ گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠ وەرگێڕانی محەمەد حەمە باقی ١٩٩٢.
٣٥٨ تا مەحمود پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشا.

بەدرە و جەسان بەشێک بوون لە کوردستان هەر لەسەردەمی ئەمیشدا تاعوونی گەورە بڵاو بووەوە. ١١٦٤

١٢- مەحمود پاشای کوڕی خانە پاشا لە شەڕدا کوژرا، کە لەگەڵ سلێمان پاشادا کردی. ١١٧٤ ٥١٧٦٠-

١٣- سلێمان پاشا هەمدیسان	١١٧٥	١٧٦١	-	-	
١٤- ئەحمەد پاشای کوڕی خالید پاشا	١١٧٦	١٧٦٢	-	١	
١٥- سلێمان پاشا دووبارە	١١٧٧	١٧٦٣	٢	-	
١٦- ئەحمەد پاشا هەمدیسان	١١٧٧	١٧٦٣	٥	-	
١٧ سلێمان پاشا (هەمدیسان) فەقێ ئەحمەد کوشتی	١١٧٧	١٧٦٣	-	-	
ز ناوی پاشا	کۆچی	زایین	مانگ	سال	
١٨- محەمەد پاشای کوڕی خالید پاشا باوکی خالید بەگ	١١٧٨	١٧٦٤	-	٨	

١٩- ئەحمەد پاشا هەمدیسان. باوکی برایم پاشایە و براگەورەی مەحمود پاشایە. ١١٨٦ ١٢١٧٧٢

٢٠- مەحمود پاشا لە ئەحمەد کلوان ئەحمەد پاشای ئێستا[٣٥٩] و برا گەورەی مەحمود پاشای بەدیل گرت. ١١٨٧ ١٧٧٣ ز

٢٢- دووبارە مەحمود پاشا بە یارمەتی شەفیع خاندین لە ئێران گەڕایەوە بەڵام بەشکاوی گەڕایەوە ١١٩٠ ٩١٧٧٦-

٢٣- دووبارە لەگەڵ مەحمود عەلیسەردارا گەڕایەوە لە ئێران محەمەد پاشا و خەسرەو خانی سنەدا لەنزیک سەری باردا شەڕ ڕووی دا کە ئەمی دواییان زۆر خراپ تێک شکا. ١١٩١ ١١٧٧٧

٢٤- کەلب عەلی خان سەرکردەی زەندی بۆ یارمەتیدانی ئەحمەد پاشا هات و دووبارە لەسەر تەخت دای نایەوە محەمەد پاشاش هەڵهات بۆ کۆیسنجق. ١١٩١ ١٧٧٧ -

٢٥- محەمەد پاشا لەگەڵ تەیمور پاشا، پاشای کویسنجقدا گەڕایەوە و لە گلەزەردە لەگەڵ ئەحمەد پاشادا کردیان بە شەڕێکی دەستەویەخە، بە شمشێر و خەنجەر کە سەعاتێکی خایان و زیانێکی زۆری تیادا کەوت، تەیمور پاشا کوژرا، محەمەد پاشاش دەستبەجێ لەلایەن ئەحمەد پاشاوە برایەوە و هەردوو چاوی هەڵکۆڵرا. ١١٩٢ ١٧٧٨ --

٢٦- جێگیربوونی مەحمود پاشای باوکی ئەوڕەحمان پاشا، کە لە شەڕی یەلا تیماری نێوان سەقز و صاووق بۆلاقدا لەلایەن بوداق خانیی میری صاووق بۆلاق کوژرا، کە لەگەڵی بەشەڕ

---

٣٥٩ ئەحمەد پاشا محەمەد پاشای برای بەدیل گرتبووی، بە یارمەتی هێزەکانی توانی هەڵبێت و جلەوی فەرمانڕەوایی گرتەوە دەست و ماوەی شەش مانگ حوکمی کرد.
محەمەد پاشاش ڕای کرد بۆ ئێران و دووبارە لەگەڵ مرادخان دا گەڕایەوە بەڵام هەردووکیان لە سەرسیر تێک شکان.

هاتبوو. ۱۴۸
۱۷۸۳ ۱۱۹۳
۱۷۷۹- ٥

۲۷- جێگیربوونی ئیبراهیم پاشا دامەزرێنەری سلێمانی، کە حەسەن خان بەگ و حسێن بەگی گرت، کە دوو میری سەر بە بنەماڵەکەی خۆی بوون و بەدیلی ناردنی بۆ بەغداد و سەرەتا ئاوارەی حلەکران پاشان لەسێدارە دران کوژرانی نادر شاهـ.. ۱۲۰۰
۱۷۸٥ ۱۱۸٥
۱۷٤٥-

۲۸- عوسمان پاشای برا گەورەی ئەورەحمان پاشا ۱۲۰۳ ۱۷۸۸ مردنی ۲
۲۹- ئیبراهیم پاشا دووبارە ۱۲۰۳ ۱۷۸۷ - ۱
۳۰- جێگیربوونەوەی ئەورەحمان پاشا ۱۲۰٤ ۱۷۸۹ ۸
ناوی پاشا کۆچی زایین مانگ ساڵ

۳۱- ئیبراهیم پاشا هەمدیسان لە سەردەمی ئەمدا تاعوونە بچووکەکە بڵاو بووەوە.
۱۲۱۲ ۱۷۹۷ ٥-

۳۲- ئەورەحمان پاشا هەمدیسان

ئیبراهیم پاشا لە کاتی هێرشی عەلی پاشای والیی بەغداد بۆ سەرنجار مرد. عەلی پاشا چووە جێی ئەورەحمان پاشا لە عەلی پاشا هەڵگەڕایەوە و یاخی بووەوە. دوای ئەوەش لە کویسنجق بەسەر خالید پاشادا سەر کەوت- یەکسەر دوای گەڕانەوەی محەمەد پاشا، پاشای سلێمانی، لە بەغداد بە دەستی خۆی کوشتی. دوای ئەم ڕووداوانە و پاشای بەغدادش خۆی هات و خالید پاشای لە سلێمانی دانا. ئەورەحمان پاشاش هەڵهات بۆ ئێران. ۲ ٦ ۱ ۱

۳۳- خالید پاشا ۱۲۱۹ ۱۸۰٤ - -

۳٤- ئەورەحمان پاشا لە ئێران گەڕایەوە و لە زەری بار بەسەر سەربازە یەدەگە تورکەکان و کوردەکاندا سەر کەوت و سلێمان کەهیای بەغدادی بەدیل گرت ۱۲۲۱ ۱۸۰٤-

۳٥- ئەورەحمان پاشا ناچار کرا لە سلێمانی هەڵبێت. تورکەکانیش کە لەژێر فەرماندەیی سلێمان کەهیەدا بوون، کە ئێستا پاشای بەغدادە، سلێمان پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشایان دانا. ئەمەش لە ساڵی ۱۸۰۸دا بوو.

۳٦- جارێکی تر ئەورەحمان پاشا خۆی کردەوە بە سەرداری کوردستان. شازادەی کرمنشا لە دژی ئەم لەگەڵ تورکەکاندا ڕێک کەوت و ناچاری کرد بکشێتەوە کویسنجق کە ئێرانییەکان ئابلۆقەیان دابوو، دوای مانگێک و چوار ڕۆژ ئابلۆقەکەیان شکاند. ئەمەش ساڵی ۱۲۲٤ ک بوو.

ئەورەحمان پاشاش گەڕایەوە بۆ سلێمانی

۳۷- وەفاتی ئەورەحمان پاشا و دانیشتنی مەحمود پاشای کوڕە گەورەی لە شوێنی
۱۲۲٦ ۱۸۱۳ --

تێبینی:
دەستەواژەیەک زانیاریی باش لەو لوولە کاغەزانەدا بووە کە بەدەست مستەر ڕیچ گەیشتووە و ئەویش گەیاندوویەتیە دەست ئیمە و منیش لەم کتێبەمدا بڵاوم کردەوە. بەڵام بەداخەوە نەمتوانی بەتەواوەتی لێی بکۆڵمەوە و ئەوسا بڵاوی بکەمەوە، بەو بڕوایەی زۆربەی ئەو زانیارییانە لە دووتوێی ئەم کتێبەدا هەن.

قەلاچوالان و سلێمانی. پیاداچوونەوەی کۆتایی[٣٦٠]

ئەو قەلاچوالانەی دوو چەرخ زیاتر لەمەوبەر و پێش سلێمانی، ئەوێ شوێنی شانازی و ڕێزی کوردان و قەلای قاییم و سەختی میرنشینی بابان بوو، سەرچاوەی ڕوونی زانیاری و چەشمەی گەوهەر و مرواری خوێندەواری بوو، شوێنێکی مێژووییین و بەناوبانگی میللەتی کورد بوو.

وەک گەورە کچێکی کەڵەگەت و جوان لە تافی گەنجیەتیدا، ڕازابووەوە، لە دوور و نزیکەوە خەڵک ئەهاتن بۆ سەیری. بۆ فێربوونی زانیاری و بینینی دەبدەبە و شکۆی کورد، بۆیە قەلای شۆخ و شەنگ لەوپەڕی خۆشی و شادمانیدا بوو. کەچی ئەوەتا ئێستاش نە سەرچاوە و چەشمەکانی وەک ئەوسا ڕوون و پاراون. نە قەلا خۆی وەک جاران پایەبڵند و لەپێشە، بەڵکو پیر بووە و پەکی کەوتووە و هیچی بۆ نەماوەتەوە، ئەوە نەبێت کە هەمیشە بیر لە ڕابوردووی خۆی بکاتەوە، خەو بە تافی شۆخییەتی و جاری جارانیەوە ببینێت، ئەو شایی و زەماوەند و تێچڕانەی پێشووی دەوری خۆی، دوای ئەو هەموو ئاوڕدانەوەیە هیچی بۆ بەسەر نەکرایەوە. کەسی لەدەور نەما، هەموو جێیان هێشتووە، چونکە نەوەیەکی خۆی دڵی لێی هەڵکەنرا و بە ئەرکی سەرشانی خۆی و پەیامێکی نەتەوایەتی هەرە پیرۆزی زانیی، کە پایتەختی کوردستان و میرنشینی بابان، لەو شوێنە چەپەکە تەسکە بگوێزێتەوە بۆ شوێنێکی دیار و بەرچاو، تاکو لە دۆست و ناحەز و خۆ و بێگانەی بگەیەنێت، کە کوردیش وەک گشت میللەتانی سەر زەوین، توانای ژیانی کامەرانانە و چاوەڕوانی پاشەڕۆژێکی پرشنگدار و گەشاوە و تیشکی زێڕینی زانیاری و ئەدەب و شارستانییەت و ژیاریە. هەر لەسەر بناغەی ئەم بیروبۆچوونە بوو، برایم پاشای ڕۆلەی سوارچاکی خۆی و دووربینی پێی نا بە جەرگی خۆیدا، قەلاچوالانی نازدار و خۆشەویستی چۆل کرد. بۆیە قەلاچوالان سوێی بووە، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو ئاهە و خەم و خەفەتەی، گوێی نەدایە خۆی. نەخێر، وەک دایکێکی دڵسۆز و هەستیار و بەبەزەیی،

٣٦٠ ڕەنگدانەوەی شاری سلێمانییە کە لە لاپەڕە ٨- ١٥ی چیرۆکی پەلەهەورێکی چڵکندا، هاتووە کە ئەویش نووسینی جەمال بابان – چاپخانەی مەعارف- بەغدا سالی ١٩٥٨.

هەمیشە چاوی بڕیوەتە کچە تازەپێگەیشتووەکەی سلێمانی خۆشەویستی، بە دڵێکی هەزارەها ئاوات و ئامانجەوە، سەیری ئەکات و چاوەڕوان و دوعاگۆی دواڕۆژێکی زێڕین و پرشنگدارە بۆی، ئومێدی زۆرە، وەک جگەرگۆشەیەکی هەڵکەوتوو، بۆی پێبگات و وەک چرایەکی پڕهێزی بەشەوق، ڕووناکی بە هەموو لایەکدا بڵاو بکاتەوە، بەڵکو ئەو دایکە دڵسۆزەی لە سێبەر و پەنایدا بحسێتەوە. بۆیە هەمیشە دەم بە سروود لە کانگای دڵیەوە داخوازی و دوعا ئەکات، کە خوا تەمەنی ئەم کچەشۆخەی درێژ بکات و بۆی پێبگات. بێگومان ئاواتی هەموو دایک و باوکێکی دڵسۆز ئەوەیە، کە ڕۆڵەکانیان لە خۆیان زیاتر بن نەک کەمتر و بەڕێزتر بن. دەسا وا قەڵای دایک، سلێمانیی کچی جوان و خۆشەویستی، پێشەکی دایە دەست یەزدانی مەزن، ئینجا شاخی گوێژەی دۆستی هەرە دێرین، کە وەک سەنگەر قەزاوەگیڕی ببێت و گشت وەی و نشوستیيەکی لێ دوور بخاتەوە، وەک دایەنێکی میهرەبان و دڵنەرم ئاگاداریی بکات و سپەری بێت، چونکە ئەم دایکەپیرە خۆی پشتی کۆماوەتەوە و توانای چاودێری نەماوە. دەسا ئەڵێی چی، ئەمەیە ئایینی سروشت، ئەبێت تیرەیەک بێت، شەپۆل بدات، ڕەوەیەکی تر پێبگەیەنێت و خۆی بکشێتە دواوە. سلێمانی لەو خۆشییەدا ڕووخۆش، دەمبەپێکەنین، پاڵیدا بە چیای گوێژە، دایەنی دڵسۆز و سپەری قایم و سەختی کوردستان، کە بەڕاستی و مەردانە ئەویش هاتە پێشەوە، هەردەم قەڵغانێکی پۆڵایینی سلێمانی و دانیشتووانی بووە، هەمیشە ئاگاداری سپاردەکەی بووە، لە سەرما و سۆڵەی زستان و بەفر و بارانی چلە و لافاوی تۆقێنەری ئەگرتە ئەستۆی خۆی و بە لێژییەکانی ئەمدیوە و ئەودیوی خۆیدا ڕایی ئەکرد و جارجاریش هەر خۆی هەڵی ئەلووشی تاکو لەو سەرەوە ئەیکرد بە سەرچاوەی کانیاو. لە گەرمای هاوینیشدا، هەر کە گلەیی لە ئاوی گەرم و گەرمای چلە ببوایە، ئەو بەفرەی زستان کە هەر بۆ پاراستنی ڕۆڵەکانی ئەیگرتە ئەستۆی خۆی، بە بار لە چاڵەکانی مەڵکەندییەوە. بۆی ئەنارده خوارەوە خۆی پێ فێنک بکاتەوە، هەر ڕەشەبا سەرچڵە سەرکێشە شێتەکە بوو. کە وەک منداڵێکی ئاڵۆز، جارجار ئازاری ئەدا و ئەمیش دەسەڵاتی نەبوو، ئەوە نەبێت کە یەک لەسەر یەک هاواری بۆ ڕۆڵەکانی ئەبرد.

کوڕەکانم وەرن تا ئەتوانن ناوسکم هەڵبدرن، دار و درەختی تیادا بڕوێنن با گەورەببن و ڕەشەبای نالەبار لە کچە نازدارەکەم دوورببخەنەوە.

شاخی گوێژە بەڕاستی دایەنێکی شیرپاک بوو. کچەکەی دڵسۆزانە و مەردانە گەورە کرد، تا لە خەم ڕەخساندنی و ئینجا ئەمڵاولای ماچ کرد و پێی وت،

کچە ئازیزەکەم، سوپاس بۆ خوای گەورە، کە توانیم تۆ وەک کچێکی نازداری خۆم پێ بگەیەنم، تا لەخەم ڕەخسای. بۆ لەمەودواش ئەبێت خۆت ئاگاداری خۆت بیت، وا سەد سوپاس بۆ خوا بووی بە دایکی چەندەها ڕۆڵەی بەهێز و بازووی کارمەند و خاوەن هێز و توانا، بگرە بووی بە خاتوونی شاران.

بەڵێ، وا سلێمانی، تەواو پێگەیشت، لە کۆسپ و گێژەڵووکەی زەمان و بەسەرهاتی یەک لەدوای یەک و ناخۆش قاڵ بوو، وای لێ هات هەرگیز نوقڵانەی چاکسازی بۆ خۆی لێ بدات،

هێجگار بە گەورەبوون و پێگەیشتنی جگەرگۆشەکانی کە سەیری ئەکردن گەزگەز بالای ئەکرد، چونکە نەیان ئەهێشت هێزی ڕووخێنەری وەک لافاو و گرانی و نان و مووچەبڕین و داعش زەفەری پێ بەرن و بەسەریدا زاڵ ببن.

دەسا هەرگیز میللەتان بە شتی وا، لەناو ناچن و نافەوتێن. چونکە مرۆ هەموو دەم، بەنرخە خۆ ئەگەر بێت بە هەر هەڕەشەیەک بتۆقێت و بە هەموو گوڕەشەیک ورە بەر بدات، ئەبووایە تۆزی نەمایە و ناوی لە تۆماری مێژوودا ڕەش بکرایەتەوە.

کەچی بە پێچەوانەوە، ئەو دار المولکی بابانە لەچاو شارانی دەستەخوشک و هاوتەمەنیدا، لە گەلێکیان ڕازاوەتر و ئاوەدانتر و شەنگ و شۆخترە. قەڵاچوالانیش چونکە گوڵی گەشاوەی ڕۆژگارێکی مێژوویینی کوردە. ئەویش دەستی بەخۆیدا هێناوەتەوە سەری بەرز و ڕووی لە جاری جاران گەشترە و بە دیمەنیش ئاوەدانترە.

ئیتر، هەتا ئەزمڕی زێڕین و هەتا پیرەمەگرووڵی دۆستی سەرکەش بە مێزەرە سپیپە هەمیشەییەکەیەوە و هەتا بەرانانی ڕاگر و هەتا زنجیرە چیای قەرەداغ لەوبەرییەوە لە سەرەتاتکێدا بێت بۆی و هەتا دەربەندی بابیت کە لە سەردەمی ئاشووریەکانەوە ئەو ناوەی لێ نراوە و هەزارەها تەرمی ئەو ڕۆلانەی گرتۆتە خۆی کە لە بەرگریی کوردستاندا گیانیان لەدەست داوە، تاکو ئەمانە بەسەرکەشی و لووتبەرزی لە پەنای پیری سەرسەختی مەگروونداڵ بەردەوام بن. سلێمانیش لە ئاسن قورستر و لە پۆڵا بەهێزتر و لە کوردستاندا گەشاوەتر ئەبێت و ئەمێنێت.

محمود بەگی صاحێبقرانی و بابانەکان-

کوڕی ئەحمەد بەگ و لە خانەدانی صاحێبقرانە. لە زەمانی خۆیدا سواریکی بێوێنە و قارەمانێکی بەناوبانگ بوو. حەیاتی لە خزمەتی ئیماراتی بەبەدا ڕابواردووە. زۆر مناقیبی قەهرەمانی ئەگێڕنەوە، عاشقی مەردی و شەرەف، شەیدای حوڕییەت و ئیستقلالی ئیماراتەکە بوو. ئەڵێن لەدوای ئەمە، کە بە تەئثیری عەبدوڵڵا پاشا، تەرەفدارانی ئیلتیحاقی ئیماراتەکە بە حکومەتی عوسمانی زۆر بوو، مەحمود بەگ و عەزیز بەگ کە بەدڵ لایەنی ئەحمەد پاشایان گرتبوو، طەرفدارانی ئیستقلالی ئیماراتەکە بوون، سلێمانییان بەجێ هێشت و چوونە ناوچەی هەمەوەند و لەبەینی سلێمانی و کەرکوکدا قووەتێکی مناسبیان کۆ کردەوە و ئیرتباطی بەینی سلێمانی و کەرکوکیان بڕی. زەنگەنە، داودە، شێخ بەزەینی و هەمەوەند هەموو لە دەوری عەزیز بەگ و مەحمود بەگ کۆ بوونەوە حوکم و نفوزیان تا نزیک کەرکوک و قەشقە ئەچوو. لە ئەترافی کرپچنە و دەربەند چەند شەڕێکیان کرد و لەشکری عوسمانی ظەفەری پێ نەبردن. نیهایەت بۆ مزاکەرەی شروطی صڵح لە کەرکوکەوە مەحمود بەگیان ویست و ئەمەش حیلە بوو. ئەم کەڵەسوارە نەترسا و چووە کەرکوک و لەوێ لە قشڵە میوانداری کرا و لە وەقتێکدا کە نوێژی ئەکرد هەڵیان کوتایە سەری و گرتیان و کوشتیان، لەبەینی ١٨٤٧ز/ ١٨٥٠ ز[٣٦١].

٣٦١ تەئریخی سلێمانی وە وڵاتی. ل ٢٠٧ – ٢٠٨ محەمەد ئەمین زەکی بەگ- ئامادەکردنی ڕەفیق سالح.

شێخ ڕەزای تاڵەبانی و ئالی بابان

لەبیرم دێ سولەیمانی کە دارئەمولکی بابان بوو
نە مەحکومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو
لە بەرقاپی سەرا صەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهید
مەطافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت، گردی سەیوان بوو
لەبەر طابوری عەسکەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا
صەدای موزیقە و نەقارە تا ئەیوانی کەیوان بوو
دریغ بۆ ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو عومرە، ئەو ڕۆژە
کە مەیدانی جلیت بازی، لە دەشتی کانی ئاسکان بوو
بە ضەربی حەملەیە، بەغدادی تەسخیر کرد و تێی هەڵدا
سولەیمانی زەمان، ڕاستت ئەوێ باوکی سلێمان بوو
عەرەب ئینکاری فەضلی ئێوە ناکەم ئەفضەلن ئەمما
صەلاحەدین کە دنیای گرت، لە زومرەیی کوردی بابان بوو
قبوری پڕ لە نوری ئالی بابان پڕ لە ڕەحمەت بێ
کە بارانی کەفی ئیحسانیان، وەك هەوری نیسان بوو
کە عەبدوڵڵا پاشا لە شکری والیی سنەی شڕ کرد
ڕەزا ئەو وەختە عومری پێنج و شەش طفلی دەبستان بوو

پیاچوونەوەیەک بە سەرانسەری ئەم شیعرەدا

وا دیارە ئەم شیعرە لە کۆتاییی سەردەمی حوکمی بابانەکاندا وتراوە. لە ١٨٣٨ بەدواوە کاتی حوکمڕانی ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشای کوڕی عەبدولڕەحمان پاشا و عەبدوڵڵا پاشای برایدا وتراوە.

سەرای سلێمانی زووتر بوونیاد نرا بوو سەردەمی سلێمان پاشای کوڕی ئەورەحمان پاشا بناغەی دایەوە بەڵام فریا نەکەوت تەواوی بکات، ساڵی ١٨٣٨ بە ڕەحمەتی خوا چوو، دوای

خۆی ئەحمەد پاشای کوڕی تەواوی کرد.

تابووری عەسکەر کە شێخ ڕەزا بە منداڵی و تەمەنی ٥-٦ ساڵیدا دیویەتی. لە سەردەمی ئەحمەد پاشا تێناپەڕێت. چونکە ئەو پسپۆڕی لە فەرەنساوە هێنا بۆ دامەزراندن و ڕێکخستنی سوپاکەی مۆسیقا و نەقارە، کە تەرزی عوسمانی بووون.

جلیت بازی، یارییەکە بە سواری وڵاخەوە بە دارشەقێک لە گۆیەکیان ئەدا. ئەم یارییە لە پۆلۆی ڕۆژئاوایی ئەکات.

دەشتی کانێسکان ئەو سەردەمە خانوو بوونیادی نەبوو، لە کانییەکی ڕووبی پڕ ئاو زیاتر.

ئەوڕەحمان پاشای بابان، کە شێخ ڕەزا بە حەزرەتی سولەیمان پێغەمبەری لە توانا و کردەوەدا ئەشوبهێنێت. باوکی سلێمانیش بوو، واتە سلێمان پاشا کوڕی دووەمی بوو، کە ئێستا لە گردی سەیواندایە، کە یەکەم گومەزی ئەو گردە بۆ ئەو کراوە. بەڵگەش بۆ ئەوە، دوای ئەو شێخ مارفی نۆدێ کە بەرەحمەت چوو لەپاڵ ئەو گومەزەی سلێمان پاشادا شاردرایەوە تا لەم دواییەدا ئەوقاف گومەزی تایبەتی بۆ دروست کرد هەر بەتەنیشت گومەزەکەی سلێمان پاشاوە، کە ئەویش هەر لەلایەن ئیدارەی محلییەوە گومەزەکەی نۆژەن کرایەوە.

بەو حملەیە ئەوڕەحمان پاشای بابان بەغدادی داگیر کرد و تەسخیر کرد و تێی هەڵدا. والیی تازەی بۆ دانا کە ئەویش عەبدوڵڵای خازن کۆنە مەملوکی سلێمان پاشای والیی و وەزیری بەغداد بوو.

ئەو فەرمووەی شێخ ڕەزام بۆ ساغ نەبۆتەوە، کە سوڵتان سەلاحەددینی ئەیوبی لە زومرەیی کوردی بابان بێت، کە ئەوە ئەوپەڕی شەرەف و سەربەرزییە بۆ بابان و بۆ کورد مەگەر مەبەستی لە زومرەکە لێکچواندن بێت ئەوە شتێکی ترە.

کەفی ئیحسانی ئالیی بابان وەک هەوری نیسان بوو

وام بیستووە، کە ئەحمەد پاشای دوامیری بابان برا لە ئەستەمبوڵ (ئاستانە) سەردەمێک دانرا بەوپەڕی ڕێزەوە و دوایی کرا بە والیی حیجاز و دواتر والیی یەمەن دوایی والیی وان دواتر بە پلەی وەزیر خانەنشین کرا و ئینجا هات لە ئەستەمبوڵ دانیشت. وەکو باس ئەکرێت لەوێ دیوەخانی گەرم بووە و لەو بەینەدا هاتوچۆکەرانی شاعیر و ئەدەبدۆست و پیاوە کوردە ناسراوەکانی تر هەموو سەریان لێ داوە.

وەک شێخ ڕەزای تاڵەبانی و نالی و گوایە حاجی قادر کۆیی، ئەحمەد پاشا ئەوپەڕی ڕێزی لێ گرتوون و بێگومان ئەگەر پێویستییەکیان بووبێت دیارە لەو غەریبایەتییە موحتاج بوون یارمەتی داون.

عەبدوڵڵا پاشا برابچوکی ئەحمەد پاشا و کوڕی سلێمان پاشا بوو. ئەو بوو لەشکری والیی سنەی شڕ کرد و دوامیری بابان بوو. سەر بە عوسمانی و دژی ئێران بوو.

بەرهەمەکانی جەمال بابان- کوردی و عەرەبی

چیرۆک

١. خانزاد: ساڵی ١٩٥٧ لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی گەلاوێژ لە سلێمانی چیرۆکێکە دەرد و ئەندێشەی لادێنیشنەکانمان پیشان ئەدات.

٢. پەڵەهەورێکی چڵکن: چاپخانەی ئەلمەعارف. بەغداد ١٩٥٨. چیرۆکی لافاوەکەی ڕۆژی ١٠/١٨/ ١٩٥٧ی سلێمانی.

٣.سەی کەڵەک: ئەم چیرۆکانەی لەخۆ گرتووە: سەی کەڵەک، دوو ئاوانەکەی شوێن ماڵە گەورەکە، جومعە جامع، بو بووم بەدرکی مەم و زین، زاوا ڕێوی، ئێوارە وەختە جرپن بەجەختە، گەرمیان و کوێستان، فس فس پاڵەوان، مەیکوتە جەوتە، ئای کە نەنکێکی دڵسۆز بوو.

٤. مامەیارە: چاپخانەی دار الجاحظ. بەغداد ١٩٧٣. ئەم چیرۆکانەی لەخۆ گرتووە: خوای شارەوانی. شارە زەردەواڵە، ئەوسا کەتوتنمان ئەقەسران، سەری نەتاشراو، گۆشتی شیرین، های جگەرە، لەو شوێنەی زەوی هەیە ئاو نییە، ئێتر تۆببە، مامەیارە، چیرۆک بۆ شانۆ.

٥. نەوشەفەق: ئەو گۆڤارەیە، کە بیست چیرۆکی جەمال بابانی لەخۆ گرتووە کۆواری ئەدەب و ڕۆشنبیرییە. چاپخانەی ئاراس. هەولێر ٢٠١٣. هەندێک لەو چیرۆکانە: ئاهی ئێمە بەکۆتەرە بێت، زەویە ئاوێنە، لەبەر خەتی ترافیکدا، شەڕە بۆکسەکەی کارنیک و سمایل، کوپە ترشیاتەکەی باجی حەلاو، یا عەبابەیلێ بەرەو ڕووت هاتم، ئاهەنگەکانی تەمەن.

٦. خەڕەکە شکاوەکە: چاپخانەی الحوادث. بەغداد ١٩٨٩.

بریتییە لەم چەند چیرۆکە: خەڕەکە شکاوەکەی ڕەشەلۆری، خەڕەکە شکاوەکە و تەنەکەچی، خەڕەکە شکاوەکە و فیتەر، خەڕەکە شکاوەکە و بۆیە، گەڕان بەدوای سپێردا، مۆری موختار، ئاغا ڕۆیە، کاکە...ڕیزەکەمان لێ تێک مەدە، عەیبە عەیبە ماڵی خەڵک وێران ئەکات، ڕەخنۆکە گرێک و نووسورێک، دیلان خان، ئاخ دیسانەوە قبوولە، کەڵەک بازەکەی لای خۆمان، لە عیادەی نۆشدارێکدا.

٧. هەندێک دادەوەری بەناوبانگ (محاکمات)ی مەزن لە مێژوودا –چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق بەغداد ١٩٨١.

ئەم دادوەرییانەی لەخۆ گرتووە،

موحاکەمەی سوقرات، موحاکەمەی شارل شای ئینگلتەرە، موحاکەمەی ئان بۆلین قەڕالیچەی ئینگلتەرە، موحاکەمەی لویسی شانزەیەم شای فەرەنسا، موحاکەمەی ماری شارلوت کردای و کوشتنی مارا، موحاکەمەی کارۆلینای قەڕالیچەی ئینگلتەرە، موحاکەمەی دریفوس، موحاکەمەی یوسۆبۆف کە ڕاسپۆتینی کوشت، موحاکەمەی شێخ مەحمودی حەفید. موحاکەمەی هەڵگیرسەرانی هەراکەی مایسی ١٩٤١ لە عێراقدا، موحاکەمەی گوناهبارانی شەڕی گەورەی دووەم- نازییەکان، موحاکەمەی دکتۆر مصدق لەگەڵ فەرهەنگۆکێکی بچوکی قانونی. کوردی. عەرەبی.

میژوویی

٨. سلێمانی شارە گەشاوەکەم- بەرگی یەکەم. دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی. بەغداد ١٩٩٢ چاپخانەی دار الحریە.

٩. سلێمانی شارە گەشاوەکەم – بەرگی دووەم. چاپخانەی دار الحریە. بەغداد ١٩٩٨. چاپی دووەم، بەرگی یەکەم و دووەم پێکەوە. دەزگای ئاراس. هەولێر ٢٠١٢.

١٠. سلێمانی شارە گەشاوەکەم- بەرگی سێیەم. چاپ و ئۆفسێتی سەردەم سلێمانی ٢٠٠٠.
چاپی دووەم، بەرگی سێیەم – دەزگای ئاراس. هەولێر ٢٠١٢.

١١. سلێمانی شارە گەشاوەکەم- بەرگی چوارەم- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم سلێمانی ٢٠٠٢.

١٢. چاپی دووەم، بەرگی چوارەم. دەزگای ئاراس. هەولێر ٢٠١٢.

١٣. السلیمانیه من نوحیها المختلفه مستل من مجله المجمع العلمی الکردی مجلد مطبعه المجمع العلمی الکردی. بغداد ١٩٨١.

١٤. بابان فی التأریخ مشاهیر البابانیین- الجزء الاول مطبعه الحوادث بغداد ١٩٩٣.

١٥. سلێمانی و هەندێک لە بەسەرهاتەکانی لە هۆنراوەی شاعیرەکانماندا بە بۆنەی تێپەڕبوونی دوو سەد ساڵ بەسەر بوونیادنانی شاری سلێمانیدا لە بەرگی سیازدەیەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد وەر گیراوە. چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق بەغداد ١٩٨٥.

١٦. نەخشەی شاری سلێمانی لە سەردەمی بابانەکاندا. لەگەڵ ناوی حاکم و موتەسەریفەکان لە بەرگی شانزەیەم و حەڤدەیەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق دەستەی کورد وەر گیراوە. بەغداد ١٩٨٧.

١٧. مەلا حەمدون لە بێچاوێکی هەژارەوە بۆ بلیمەتێکی بەهرەداری مێژوو لە بەرگی یازدەیەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد وەر گیراوە چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق بغداد ١٩٨٤.

١٨. بادینان، سۆران، بابان- لەجیاتیی دهۆک. ئەربیل، سلێمانی جگە لەسەر دێری سەرەوە ئەم وتارانەشی لەخۆ گرتووە: خانزاد و نامەیەکی بەنرخی مامۆستا ڕەفیق حیلمی. ئاوڕێک لە مێژووی دزەیی. مێژووی لەبیرنەچووی شەڕەکەی ڕەشیدعالی، فرمێسک بۆ مۆنت کارلۆی کوردستان، دیمەنی ڕۆژانەی ڕووداوەکان – پێنج دیمەن، نامەیەکی کراوە بۆ کاربەدەستان، سکالای پەیکەری بابانەکان، تێشکێک بۆ سەر ململانێی ئەمرۆی کوردستان و گەندەڵی.
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. هەولێر ٢٠١٢.

ناسراوان - أعلام

١٩. اعلام كورد العراق. مطبوعات المديريه العامه للطباعه و النشر فی وزارةالثقافه. السليمانيه ٢٠٠٦.
بەرگی یەکەم، هەزار لاپەڕەیە ٣٥٢ کەسایەتیی بەناوبانگی کوردی لەخۆ گرتووە بە وێنەوە.
چاپی بەرگی یەکەم دووەم جار، دار اراس اربیل ٢٠١٢.
٢٠. اعلام الكورد- الجزء الثانی: مديريه الطبع والنشر- السليمانيه ٢٠٠٩. المطبعه ڕوون.
بەرگی دووەم ٦١٢ لاپەڕەیە ٢٨٢ کەسایەتی بەناوبانگی کوردی لەخۆ گرتووە بە وێنەوە.
چاپی بەرگی دووەم. دووەم جار.دار اراس اربیل ٢٠١٢.
* یادداشت نامە
٢١. یادداشت نامەی ژیانم. چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری سلێمانی سالی ٢٠٠٧.
٢٢. گەشتێک بە ناخی تەمەندا- چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم سالی ٢٠٠٧.

ئەم گەشتە ئەم بابەتانەی لەخۆ گرتووە بێجگە لەسەر ناوی کتێبەکە. بەرزنجەی جوان و پیرۆز، وێنەیەک لە ژیانی بەرزنجە، عەربەت و ناوچەی تانجەرۆ- شارەزوور، لە چلەکاندا وەرزش و دیدەوانی قوتابخانەکان، مێژووی پیرەکانی سلێمانی و دەوروپشتی، ئاوڕێک لە مێژووی دزەیی، لافاو و سلێمانی – بابان و بابانی، مەلای مەزبۆرەکێیە و کەی ژیاوە، هەڵوێستی شێخی نەمر لە دژی ئینگلیز. لە کۆڕێکی حسێن جەمیلدا، برایم پاشای بابان بوونیادنەری شاری سلێمانی، فەلسەفەی جەمال عیرفان-حقائق، خەوبینین و خەوەکەی لالەسەرحەد، پاشکۆکەی

بەسن وێنەی لاوانی کورد لە بەغداد لە ساڵەکانی ١٩٢٣و ١٩٢٥و ١٩٢٦ لەگەڵ چەند وێنەیەکی تردا.

سالنامە

٢٣. سالنامەی بابان ٢٠١١ چاپخانەی بابان سلێمانی ٢٠١٠.
٢٤. سالنامەی بابان ٢٠١٢ چاپخانەی بابان سلێمانی ٢٠١١.
٢٥. سالنامەی بابان ٢٠١٣ چاپخانەی بابان سلێمانی ٢٠١٢.

أصول أسماء المدن والمواقع العراقية

٢٦. الجزء الاول (الطبعة الاولي) : اصول اسماء المدن والقري والمواقع الكائنةفي المحافظات الخمس الشماليةبالاضافةالي محافظة ديالي وبغداد و صلاح الدين مع بعض المعلومات الجغرافية والآثارية. مطبعةالمجمع العلمي الكردي بغداد ١٩٧٦.
الطبعةالثانية: مطابع دار الثقافة والنشر الكردية. بغداد ٢٠١٣.
٢٧. الجزء الثاني (الطبعة الاولي) : الخاص ببغداد ومحلاتها. مطبعةالشهيد ازاد هورامي ٢٠٠٦.
الطبعة الثانيه: مطابع دار الثقافة والنشر الكردية. بغداد ٢٠١٣.
٢٨. الجزء الثالث (خاص) ببقية المدن والمواقع العراقيةمع ملحق بأصول اسماء بعض المدن والمواقع العربية والعالمية. مطابع الوقف الحديثه بغداد ٢٠١٣.
٢٩. واقع كركوك (دراسات تاريخيه، قانونية، أحصائية. دار اراس ٢٠١٢.

تیکەڵو

٣٠. وردە پرسیار و وەڵامی فەلسەفی و چەند بابەتێکی تر: ئەستێرەی ئازادی، پارکی ئازادی، چراکەی خدۆک، خاڵە سەعەو کاکە لاس، ڕۆشنبیر کێیە؟، سینەمای جارانی شارو سینەماکەی ڕەمزی قەزاز، مۆزەخانەی مێو یاخود هونەری هەرە بەرز.
٣١. گاڵتە و گەپ و دانسقەی کوردەواری- ئینستتیوتی کە لەپووری کوردی چاپخانەی شڤان. سلێمانی ٢٠١٠. لەگەڵ وێنەی هەندێک لە قسە خۆشان.
٣٢. هەندێک لەو زاراوانەی واتایەک زیاتر ئەبەخشن بەشی یەکەم لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری

کورد (مستل) وەر گیراوە.
٣٣. هەندێک لەو زاراوانەی واتایەک زیاتر ئەبەخشن- بەشی دووەم لە بەشی یەکەمی بەرگی سێیەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد وەر گیراوە- چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٥.
٣٤. نظرە الی تاریخ عشیرتی پشدەر و باجەلان. لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ژمارە ٢٣ و ٢٤ وەر گیراوە. چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق. بەغداد ١٩٩٢.
رێکخستن و لێکۆڵینەوە و پێشکەشکردنی ئەم کتێبانە- تنظیم وتحقیق الکتب
٣٥. ترش و شیرینەکەی خاڵەرەجەب- چاپی یەکەم چاپخانەی کامەرانی سلێمانی ١٩٦٩.
چاپی دووەم- ٢٠٠٤ لە چاپکراوەکانی شارەوانی سلێمانی.
٣٦. لەخەوما- نووسینی جەمیل صائب- چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد چاپی یەکەم بەغداد ١٩٧٥.
چاپی سێیەم- دەزگای ئاراس هەولێر ٢٠١٠.
٣٧. قسەی نەستەقی پێشینان. کۆکردنەوەی کاکینەومستەفا صائب لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی، جەمال بابان. پیاداچوونەوەی محەمەد عەلی قەرەداخی.
٣٨. مزکرات علی کمال عبدالرحمن ١٩٠٠- ١٩٩٨ مطبعه شرکه الخنسا و بغداد ٢٠٠١ تقدیم وتحقیق جمال بابان.
٣٩. پەند و ئامۆژگاری و هەندێک بابەتی تر- نووسینی عەبدولقادر قەزاز پێشەکی و ڕێکخستن و پیاداچوونەوەی جەمال بابان). لەچاپ دانی شرکه الخنسا بغداد ٢٠٠٢.
٤٠. دامەزراندن و دەر کردنی گۆڤاری سلێمانی، گۆڤاری شارەوانی سلێمانی ساڵی ١٩٦٨ کە سەرۆکی شارەوانی بوو لەگەڵ براکانی خوالێخۆشبووان محرەم محەمەد ئەمین، مەلا محەمەد مستەفا کوردی، نوری وەشتی، جەمال شاڵی دەریان ئەکرد. گۆڤارێکی مانگانە بوو. ئەو گۆڤاری سلێمانیـیەی کە تاکو ئێستاش ٢٠١٦ دەر ئەچێت، درێژەپێدانی ئەو گۆڤارەیە کە جەمال بابان و هاوڕێکانی دەریان ئەکرد. بەگوێرەی دانپێدانانی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی لە لاپەڕە ١٣٨ لە کتێبی سەرۆکشارەوانییەکانی سلێمانی- کۆکردنەوە و ئامادەکردنی مامۆستا عەبدولخالد صابر، کە ئەڵێت لە سەردەمی مامۆستا جەمال بابانداً. شارەوانی سلێمانی گۆڤاری سلێمانی بەچاپ دەگەیاند. کە لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە کارێکی شیاو بوو، هەر بۆیە بینیمان پاش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٠دا توانرا لەسەر هەمان شێوازی بیرۆکەکە گۆڤاری سلێمانی بەچاپ بگەیەنرێتەوە و تا ئەمڕۆش بەردەوامە.
٤١. دامەزرێنەر و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری بابان کە لە ڕۆژی ٨/١/ ٢٠٠٦ دا یەکەم ژمارەی لە سلێمانی دەر چوو. گۆڤارێکی ئەدەبی ڕۆشنبیریە وەرزییە. تا ئێستا ژمارەی بیستویەکی دەرچووە. لەژێر چاودێری و بە هیمەتی برادەرانی سەنتەری ڕۆشنبیری بابان دەر ئەچێت و بەردەوامە.
٤٢. بابان لە مێژوودا و گەورە پیاوانی بابان ئەم دیارییە یە کە لەژێر چاپدایە. دیاری تەمەن و پیری ساڵی ٢٠١٦-٢٠١٧. تەمەنی نەوەدساڵەی نووسەر.

جەمال عەبدولقادر عەزمی بابان بە پێنج پشت ئەچێتەوە سەر ئەورەحمان پاشای کوڕی مەحموود پاشای خالید پاشای بابان

- ساڵی ١٩٢٧ لە سلێمانی چاوی بە ژیان هەڵهێناوە.
- هەموو قۆناغەکانی خوێندنی لەسلێمانی تەواو کردووە.
-ساڵی ١٩٤٧ چۆتە کۆلیجی ماف- حقوق لەبەغداد و ١٩٥٠ تەواوی کردوە.
- لە بەڕێوەبەری ناحیەوە دەستی پێ کردووە، معاونی بەڕێوەبەری گشتی، سەرۆکی شارەوانی، ئەمینی گشتی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغداد.

دوا ئەرکی فەرمی، بەڕێوەبەری دەزگای گشتی ڕۆشنبیریی و ساڵی ١٩٧٦ لەسەر داوای خۆی خانەنشین کرا و لەو ساڵەوە دەستی داوەتە پیشەی پیرۆزی پارێزەرایەتی تاکو ٢٠١٥.

تێبینی:

- جەمال بابان یەکەم سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد بوو. بەهەڵبژاردن ساڵی ١٩٧٠ لە بەغداد. د.أحسان فوئاد جێگری سەرۆک. کاکە مەم بۆتانی سکرتێر.

د. مارف خەزنەدار. د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ. د. نەسرین فەخری. حسێن عارف. خالید دلێر و محەمەد مەلا کەریم ئەندامی یەکێتی بوون.

- هەروەها سەرنووسەری گۆڤاری بەیان بووە و لە ژمارە ١٤ی بەیانەوە تا ژمارە ٣٥ی ساڵی ١٩٧٦ لەبەر ئەوەی کە لەو کاتەدا بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی بوو لە بەغداد. خوالێخۆشبوو مامۆستا مستەفا نەریمان لەم ڕووەوە وتوێەتی، ئەو ماوەیەی جەمال بابان سەرنووسەری گۆڤاری بەیان بوو بە العصر الذهبی دائەنرێت بۆ ئەو گۆڤارە.

چالاکیی کۆمەڵایەتی،

- دامەزرێنەری سەنتەری ڕۆشنبیریی بابان ساڵی ٢٠٠٥ لە سلێمانی و کردنەوەی سەنتەر لەلایەن بەڕێز فەتاح زاخۆیی وەزیری ڕۆشنبیرییەوە.

- دامەزرێنەری یانەی سەلاحەدین لەبەغداد لەگەڵ هاوڕێکانی خوالێخۆشبوان فائق هوشیار و ڕەئوف ئەحمەد قادر ساڵی ١٩٧٢.

سەرچاوەکان
ڕوونکردنەوە

لە دووتوێی ئەم بەرگەدا، هەر دێڕێک و لاپەڕەیەک و هەر پەڕەیەک یا زیاتر لە هەر سەرچاوەیەک وەر گیرابێت هەر لە شوێنی خۆیدا و لە پەراوێزی ئەو پەڕەیەدا یاخود لە کۆتایی هەر بەشێکدا و وەک پەراوێز، جگە لە ڕوونکردنەوە، ئاماژە بۆ ئەو سەرچاوەیە کراوە، کە ئەو زانیارییانەی لێ وەر گیراوە. بۆیە بەپێویست نەزانرا، جارێکی تر بەژمارە سەرچاوەکان بهۆنینەوە و باسیان بکەینەوە لەگەڵ ڕێزدا.

ئەورەحمان پاشای بابان


ئەیاد بەگی جەلال بەگی بابان


ئەحمەد ئاغای حەمە ئاغای پشدەر


ئەکرەم رەئوف بابان



ئەحمەد بەگی محەمەد بەگی بابان



ئەحمەد موختار بابان

نەجیب جەمیل بابان

ئیسماعیل حەقی بابان

مەنسور بەگی بابان - سنە

نورەدین بەگی حەمدی بەگی بابان

مەحمود بەگی جەمیل بەگی بابان



عەلی سەلیم نووری قادر بابان



مستەفا بەگی سلێمان پاشای بابان



محەمەد جەمیل بابان

ئەحمەد حەسعەد
عەبدولڕەحمان بابان



محەمەد نادر سەیفوللا بابان



فەیزوڵڵا بەگی بەناوبانگ



کەمال عەزمی بابان



عەلی بەگی قادر بەگی بابان

فوئاد عیزەت مستەفا بابان



عەفیفە جەمیل بەگی بابان



عەبدوڵلا مەجید بابان

عەزمی بەگی مستەفا بەگی
سلێمان پاشای بابان



محەمەد ژیان کوڕی
سەیفەدین بابان



عەبدولقادر عەزمی بابان

عەبدولقادر بەگی بەهجەت بەگی بابان

عەباس ئاغای مەحمود ئاغای پشدەر



عیماد بەگی جەلال بەگی بابان

عاسم بەگی مستەفا زیهنی پاشای بابان

عائیشە بابانی
خیزانی یەشار کەمال



سەلاحەدین ڕۆستەم لامیع بابان



شەوکەت بەگی عەزمی بەگی بابان

سەلیم بەگی بابان



سەلیم بەگی بابان

ڕۆستەم لامیع بابان



زاهیر بەگی عەزمی بەگی بابان

داود بەگی حسێن بەگی بابان



خەلیل خالید بەگی بابان



حەمدی بەگی مستەفا بەگی
سلێمان پاشای بابان

حیکمەت بەگی مستەفا زیهنی پاشای بابان



سەلیم نووری قادر بابان

حەمدی بەگی بابان



جەمیل بەگی مەجید پاشای بابان

جەمیل سدقی زەهاوی بابان

جەمال بەگی ڕەشید بەگی بابان



جەمال سالّح عەلی عەبدوللّا
بەگی بابان

جەمال عەبدولقادر عەزمی بابان
نووسەری کتێبی بابان لە
میژوودا و گەورە پیاوانی بابان

مەلا ڕەشید بەگی بابان

جیهاد بەگی حیکمەت بەگی بابان

جەلال بەگی ڕۆستەم لامیع
بەگی بابان



تایەر بەگی جەمیل بەگی
عەبدوڵڵا بەگی بابان



توفیق بەگی بابان

بەهادین بەگی حەمدی بەگی بابان



بەهێ جەمیل بەگی بابان

بابەکر ئاغای سەلیم ئاغای پشدەر

(ناوەڕاست) سەیفوللا بەگی بابان لەگەل ئامۆزاکانی - سنە

نوری بەگ قادر بەگ بابان



ڕۆژگار تاهر یەحیا بابان



سالّح بەگ ئەحمەد بەگ بابان



عەبدولڕەحمان ئەحمەد بەگ بابان

عەبدولڕەحمان پاشای بابان



عەبدوللا خان لە بابانەکانی شاری سنە

نزیهه خانم هاوسه‌ری زیائه‌دین به‌گ کوری حه‌مدی به‌گ له‌گه‌ل گوران جه‌مال باباندا



مه‌قبه‌ره‌ی بوداق سولّتان بابان

مزگەوتی گەورەی سلێمانی
یەکەم نوژەنکردنەوە



گڵکۆی بابانەکان لە مزگەوتی
گەورەی شاری سلێمانی


کێڵی گڵکۆی بابانەکان

کێڵی گڵکۆی بابانەکان


کێڵی گڵکۆی بابانەکان

سەرای سلێمانی - سەرای کۆن



قاپیی مزگەوتی گەورە دوای نوژەنکردنەوەی دووەم



بەشێک لە مزگەوتی گەورەی شاری
سلێمانی کە برایم پاشای بابان لەگەڵ
سلێمانیدا دروستی کرد

بەڵگەنامەی وەقفنامەی سلێمان
پاشای گەورەی قەڵاچوالان

کورِانی فەیزوڵڵا بەگی گەورە - ئێران

برایم پاشای ئەحمەد پاشای بابان

برایم پاشای ئەحمەد پاشای بابان

جەمال بابان
نووسەری کتێبی بابان لە میژوودا و
گەورە پیاوانی بابان